# پێشەکی چاپی دووەم

سوپاس وستایش بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیــان دروودوســەلامیش لەســەر ســەرداری پێغەمبــەران و یارویــاوەران. . قورئــان دەفــەرموێت: ﴿ قُلْ بِفَضْلِ ٱللَّهِ وَبِرَحْمَتِهِۦ فَبِذَٰلِكَ فَلْيَفْرَحُوا۟ هُوَ خَيْرٌ مِّمَّا يَجْمَعُونَ ﴿٥٨﴾ ﴾ یونس

واتە:بەفەزڵ و رەحمەتی خوا دڵخۆش بکــەن کــە ئــەوە خێرتــرە لەهــەموو ئەوانــەی کــۆی دەکەنەوە.

سوپاس بۆ خوا کە بەفەزڵ وکەرەمی خۆی هاوکاری کردم و ئــەم کتێبــەش چــاوی بــەدنیا هەڵهانی و خەڵکانێکی زۆر سوودیان لێبینی.

کە بەرگی یەکەمی ئەم زنجیرەیەم نووسی بەناوی نوێبوونەوە وتم پشت بــەخوا هــەزارو یــەك بابەتی ئیمانی دەنووسم سوپاس بۆ خوا پاش چــەند ســاڵێك وا هاتــەدی و بڕیــارم دا کــە کــۆی بکەمەوە لە ژێر ئەو ناوەدا.

ئەم بەرهەمەو ئەوانی تریش شــەونخوونی وهــەوڵی زۆری ویســتووە بەدرێــژایی چــل ســاڵ ، تەنانەت لەهەقی نەفسی خۆم و ماڵ ومناڵیشم خواردووە، لەخوادەپاڕێمــەوە کــەلێمان وەرگــرێ وپاداشتی خێری هاوسەفەرو هاوســەری خۆشەویســتم بداتــەوە کەئەگــەر هاوکــاری و بــوار بــۆ رەخسانی ئەو نەبوایە رەنگە نەمتوانیایە ئەم بەرهەمانە بەو شێوەیە پێشکەش بکەم.

لە خوێنەری بەڕێزیش داواکارم کە دوعای خێرمان بۆ بکات وپەڕاوەکانی تریش بخوێنێتــەوە کە هەموویان تەواوکاری یەکترین.

# ناوەرۆکی بەرگەکان


| | |
|---|---|
| – نوێبـوونـەوە . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . | ٥ |
| – سـیـنە. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . | ٧٩ |
| – ئەزمـوون. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . | ١٧٥ |
| – پەیـامێـکی ئاسـمانی. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . | ٢٤٩ |
| – بەڵێـنەکانی قـورئـان. . . . . . . . . . . . . . . . . . . | ٣٢٣ |
| – قـورئان پارێزراوە . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . | ٤٠٥ |
| – بـەرەو بـەهەشـت . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . | ٤٧٩ |
| – ڕووسـپییەکـان . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . | ٥٥٥ |
| – بـالأنـس . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . | ٦٤١ |
| – دەسـتی گـەل . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . | ٧٢٥ |

# بەرگی یەکەم

# نوێبوونەوە

# پیشەکی:

سوپاس و ستایش بۆ خوای پەروەردگار و درود و سلاویش لەسەر گیانی سەرداری پێغەمبەران و یار و یاوەران و شوێن کەوتوان.

لەسەردەمی عەولەمە و بەرەوپێشچوونی هۆیەکانی ڕاگەیاندن و بچووك بوونەوەی دنیا بۆ لادێ یەکی بچووك، بڕوادار لەبەرامبەر ئەو هەموو هۆکارانەی کە کار لەسەر لاوازبونی ئیمانی دەکەن، لەهەموو کات زیاتر پێویستی بە هۆشیاری و نوێکردنەوەی ئیمانی هەیە. . . ئەویش وەسیەتی حەزرەتە ﷺ بۆ گشت بڕواداران، کە ئیمان و بڕوا لە دڵ دا لاواز دەبێت ، ئیمانتان بە (لا إله إلا الله) نویێ بکەنەوە.

"إن الإيمان لَيَخلَق في جَوف أحدكم كمايَخلَق الثوب،فاسألواالله أن يجددالإيمان في قلوبكم"

"جددوا إيمانكم قيل: يا رسول الله وكيف نجدد إيماننا؟ قال: أكثروا من قول لا إله إلا الله"

ئێمەش لەم گەشتە نوێیەدا وەك تەواو کاری یەك بۆ گەشتەکانی پێشوو لەپەڕاوەکانی ( ژیانەوەو بەرەو ئیسلام و. . . . هتد) پێمان خۆشە چەند ساتێك لەگەڵ دۆستان و هۆگرانی بەرنامە پیرۆزەکەی ئیسلام بین بۆ ئاودانی دڵە تینووەکان، بۆ شاد بوون و گەشانەوەی بڕواداران.

من لەلای خۆمەوە نیەتی هەزار و یەك بابەتی ئیمانیم هێناوە لەخزمەتتاندا، لەمن هەوڵ و لەئێوەش دوعای خێر، چەندم بۆکرا دەیکەم، وەگەر نا بەنیەتەکەم پاداشتی خۆمم بۆ نوسراوە.

ئێستاش فەرموون لەگەڵ بەرگی یەکەمی ئەو گەشتەدا بەو هیوایەی کە جێی سوود و ڕەزامەندی خوا و دۆستانی خوا بێت.

# سـوێنـد به نـەفسـی ئادەمـی

خوای پەروەردگار دەفەرموێت لەبارەی نەفسی ئادەمی یەوە:

- وَٱلشَّمۡسِ وَضُحَىٰهَا ﴿١﴾ سوێند بەخۆر لەچێشت هەنگاودا.
- وَٱلۡقَمَرِ إِذَا تَلَىٰهَا ﴿٢﴾ سوێند بەمانگ، کاتێك بەشوێنیدا دێت.
- وَٱلنَّهَارِ إِذَا جَلَّىٰهَا ﴿٣﴾ سوێند بەڕۆژ کاتێك کە خۆر دەردەخات.
- وَٱلَّيۡلِ إِذَا يَغۡشَىٰهَا ﴿٤﴾ سوێند بەشەو کە خۆر دادەپۆشێت.
- وَٱلسَّمَآءِ وَمَا بَنَىٰهَا ﴿٥﴾ سوێند بەئاسمان و بەو زاتە بەدەسەڵاتەی دروستی کردووە.
- وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا طَحَىٰهَا ﴿٦﴾ سوێند بەزەوی وبەو زاتەی بەشێوەی هێلکەیی بەدی هێناوە.
- وَنَفۡسٖ وَمَا سَوَّىٰهَا ﴿٧﴾ سوێند بەدەروون و ئەو زاتەی کەبەڕێك و پێکی بەدیهێناوە.
- فَأَلۡهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقۡوَىٰهَا ﴿٨﴾ جائەو نەفسە توانای خراپەو چاکەی تیادا دابین کراوە.
- قَدۡ أَفۡلَحَ مَن زَكَّىٰهَا ﴿٩﴾ وَقَدۡ خَابَ مَن دَسَّىٰهَا ﴿١٠﴾ **سورة الشمس**

سوێند بەوانە هەمووی بەڕاستی ئەو کەسە سەر فرازە کەنەفسی پاك و پوختە کـردووە و ئیمان و ترسی خوای هەیە، بێگومانیش بەدبەخت و نائومێدە ئەوکەسـەی کەنەفسـی ئـالودەی گوناە و تاوان کرد.

لەو ڕۆژەوە کە مرۆڤ پێی ناوەتە سەر ئەم زەوییـە، ئـەم ڕاسـتییە بـەر قـەرارەو، ئەمـە یاساوباوی خوایە بەرامبەر ئەوکەسانەی کە چاکن یان خراپن. . مێـژووش شـایەتە، ئـا لێـرەدا قورئان تەنها یـەك نمونـەی گـەلێك بـاس دەکـات، کـە ئـەویش گـەلی(**ثمـود**)ەو لەبارەیانـەوە دەفەرموێت:

- كَذَّبَتۡ ثَمُودُ بِطَغۡوَىٰهَآ ﴿١١﴾ **الشمس** ، گەلی سەمود بەهۆی سەرکەشی و یاخی بوونیانـەوە بڕوایان بەپێغەمبەرەکەیان نەهێنا.
- إِذِ ٱنۢبَعَثَ أَشۡقَىٰهَا ﴿١٢﴾ الشمس ، کاتێك نەگبەتترین و خراپترین کەسـیان خـۆی ڕاپسـکاندو چوو بۆ سەربڕینی ئەو حوشترەی کە موعجیزە بوو بۆیان.

- ﴿فَقَالَ لَهُمْ رَسُولُ ٱللَّهِ نَاقَةَ ٱللَّهِ وَسُقْيَـٰهَا ﴿١٣﴾ فَكَذَّبُوهُ فَعَقَرُوهَا فَدَمْدَمَ عَلَيْهِمْ رَبُّهُم بِذَنۢبِهِمْ فَسَوَّىٰهَا ﴿١٤﴾ وَلَا يَخَافُ عُقْبَـٰهَا ﴿١٥﴾

- جا پێغەمبەری خوا صالّح پێی فەرموون: وازبهێنن لەم حوشترە کە موعجیزەی خوایە، مۆڵەتی بدەن لەنۆرە ئاوەکەی خۆی بخواتەوەوە.

- کەچی بڕوایان پێ نەکرد و بەقسەیان نەکرد و، حوشترەکەشیان سەربڕی، ئەوسا پەروەردگاریان وڵاتی کاول کردن و لەگەڵ زەوی داتەختی کردنو کەسیان ڕزگاریان نەبوو، بەهۆی گوناه و تاوانیانەوە.

– دیارە پەروەردگار باڵادەستە و لە سەرەنجامی ئەو کارەشی ناترسێو یاساو باوی خۆی لە جیهاندا جێبەجێ دەکات و کەس ناتوانێ ببێتە بەربەست و ڕێگر و کەس ناتوانێت هیچ بڵێ ﴿...وَٱللَّهُ يَحْكُمُ لَا مُعَقِّبَ لِحُكْمِهِۦ وَهُوَ سَرِيعُ ٱلْحِسَابِ ﴿٤١﴾﴾ الرعد .

- ئادەمی هەرئەوەندەی شتێکی بەخۆیەوە شك برد لەماڵ و سامانی دونیا، یان دەسەڵات و توانا، شەیتان فوو ئەکا بەلووتیا ، زوو لەتایم دەردەچێ و سنوورەکان دەبەزێنێت ، قورئان دەفەرموێت ﴿كَلَّآ إِنَّ ٱلْإِنسَـٰنَ لَيَطْغَىٰٓ ﴿٦﴾ أَن رَّءَاهُ ٱسْتَغْنَىٰٓ ﴿٧﴾﴾ العلق ،بەڵام خۆ گەڕانەوە بۆلای خوایە و مرۆڤ بەرپرسیارە لە ورد و درشتی کردەوەکانی )

﴿إِنَّ إِلَىٰ رَبِّكَ ٱلرُّجْعَىٰٓ ﴿٨﴾﴾ العلق/ بەڕاستی گەڕانەوە هەر بۆلای پەروەردگارتە. .

## بۆ لای خــوا دەگــەڕێــنەوە :

ئەو ئادەمیە سەرکەشــە قــەبرو قیامــەت و حیســاب و کیتــابی قیامــەت نــەبێت چــی دەیگێڕێتەوە، چی وای لێدەکات کە لە سنورەکانی خوا دەرنەچێت؟!

دیارە هەر ئەوەیە کەتاقە چارەسەرە بۆ ئەو ئادەمییە کە ئەسیری عــومرێکی (یســیر) ە، عومرێکی کورتی کەم، کورد واتەنی پێچی مێزەرێك. . .

قورئان لە پەروەردەکەیــدا کــار لەســەرئەوە دەکــات کــە هــەردەم ئــەو گەڕانەوەیــەمان لەبیربێت: ﴿وَاتَّقُوا يَوْمًا تُرْجَعُونَ فِيهِ إِلَى اللَّهِ ثُمَّ تُوَفَّى كُلُّ نَفْسٍ مَا كَسَبَتْ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴿٢٨١﴾﴾ البقره .

ئەمە دوا ئایەتە کە نازڵ بووەتە سەر ڕەسولی نازدار، بترسن لەو ڕۆژەی تیایا دەگەڕێنەوە بەر بارەگای پەروەرگار. . ﴿إِنَّ إِلَى رَبِّكَ الرُّجْعَى ﴿٨﴾﴾ العلق

﴿فَأَمَّا مَنْ طَغَى ﴿٣٧﴾ وَآثَرَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا ﴿٣٨﴾ فَإِنَّ الْجَحِيمَ هِيَ الْمَأْوَى ﴿٣٩﴾ وَأَمَّا مَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِ وَنَهَى النَّفْسَ عَنِ الْهَوَى ﴿٤٠﴾ فَإِنَّ الْجَنَّةَ هِيَ الْمَأْوَى ﴿٤١﴾﴾ النازعــات ، جــا ئــەوەی خــوا نــەناس و یــاخی و لەسنووردەرچووبێتو ژیانی دنیای لا مەبەستتر بێتلە قیامــەت، ئــەوە بێگومــان ئــەو دۆزەخــە جێگەی مانەوەو حەوانەوەیەتی.

ئەوەی لە پایەو شکۆداریی پــەروەردگاری بترســێ و خــەمی ئــەو ڕۆژەی بێــت لەبــەر بارەگــای پەروەردگاریدا دەوەستێنرێت و جڵەوی نەفسی خۆی گرتبێتەوە لــە هــەموو هــەواو هەوەســێکی ناشەرعی، ئەوە بەڕاستی بەهەشتە جێ وڕێ ی حەسانەوە و مانەوەی هەتا هەتایی.

لە هــەموو ســەفەرێکدا دەبێــت بــیری ســەفەری قیامــەت و گەڕانــەوەمان بێــت بــۆلای پەروەردگار، هەر لەبەرئەوەشە کە پەروەردگار فێرمان دەکات ئــەم دوعایە بکەین لــە ســەفەردا ﴿لِتَسْتَوُوا عَلَى ظُهُورِهِ ثُمَّ تَذْكُرُوا نِعْمَةَ رَبِّكُمْ إِذَا اسْتَوَيْتُمْ عَلَيْهِ وَتَقُولُوا سُبْحَانَ الَّذِي سَخَّرَ لَنَا هَذَا وَمَا كُنَّا لَهُ مُقْرِنِينَ ﴿١٣﴾﴾ الزخرف. .

وا تۆ لەسەر سەفەریت سوپاسی پەروەردگار بکە لەسەر ئەو هۆکــارەی بــۆی موســەخەر کردویت کە سەفەری پێ بکەیت کە دیارە ئەوە فەزڵی خوایە، ئەو هۆکارانەی ڕامکردووە هەر لە

ولاّخ و حوشترەوە تا كەشتی لە دەریا و فڕۆكە بە ئاسمانـەوە،بڵێ: ئێمـە بـۆلای پـەروەردگارمان دەگەڕێینەوە. . .

دیارە خۆشەویستیشﷺ ئەمەی كرد بە ویردو لە سەفەردا دەیفەرموو، موسـوڵمانانیش هەروا لە سەفەردا ویردی سەرزمانیانە، لە گەڕانەوەشـدا خۆشەویسـتﷺ بێجگـە لـە دوعـای سەفەر ئەمەیشی بۆ زیاد دەكـرد كـە سـێ جـار دەیفـەرموو: (آیبـون تـائبون لربنـا حامـدون) گەڕانەوەی سەفەری ئەبەستەوە بە گەڕانەوە لە گوناە و سوپاسگوزاری بۆ پەروەردگارمان.

بیركردنەوە لە گەڕانـەوە و مـردن، باشـترین مامۆسـتایە، هەربۆیـە خۆشـەویسـتمانﷺ داوامان لێ دەكات كە زۆر یادی مردن بكەین و حەزرەتی عومەریش دەفەرمویێت: (كفی بالموت واعظا) و ئەمەشی لەسەر مۆرەكەی هەڵكەندبوو ،بەڕاستی عومەر مـوژدە پێـدراوی بەهەشـت بوو، شەیتان نەیدەوێرا توخنی بكەوێ، لەسـەر مۆرەكـەی ئـەوەی هەڵكەنـدبێ، ئـەبێ ئێمـەی داماوی هیچ لە بارانەبوو، ئێمەی گیرۆدەی هەوا و ئارەزوو، ئەو دەستەواژەیە لەڕووپەڕەی دڵمانا هەڵ بكەنین، ئیتر سا بەڵكو تۆزێك جڵەوی نەفسمان بگرین. . .

ئیمامی شافیعی لە هۆنراوەیەكدا كە مامۆستا (ئالانی) وەریگێڕاوە دەڵێت:

دەسـت لـەكرداری بـەد بـەردە، بـەس ئـەوەنـدە
بـەدوای گـوناهو تـاوانـا دەروون هـەڵـدە
لـەبەندی ئارەزوو دەرچۆ وەرزی ئازادی یە واهـات
بـازرگانیت پڕ لەخێرە، قازانجێك چاوەڕێت دەكـات
هـەڵمەشـاخێ و بـەفـیزەوە مـەكـەوە ڕێ
كـەخاكیت و تـۆزێ خـاكیشت پێ ئـەبـڕێ
كێ یە تامەزرۆی دونیایە؟ من لیێم چەشت و بڕایـەوە
شیرینایی ڕۆیی، ئـەرك و تـاڵییەكەی مـایـەوە
بۆم دەركەوت كەئەم دونیـایە وەك كـاو بـایـە
تراویلكەی بـیابـانە، لەدوورەوە وەك ئـاو وایـە
یـاكـەلاكێكی مـردارە كـە سـەگەل بـەكێشی دەكەن

وەلاکەوە، ئەگەر ڕووی تێ کەی تەواو هەراسـانت دەکەن
سەد خۆزگەم بەو دەروونەبێ کەدەرگاکەی داخـــــــراوە
پـــەنجەرەکانی تــۆکمەیەو، پـــــــەردەکانی دادراوە

هەروەها دەڵێت:

ستەمکارانی دڵ ڕەق و سەرکەشی وەهامان بینــــــی
بــە ئــەستێرانی ئاسـمانیش ئــازادی ڕە وانــەبینــــی
پێچی مێزەرێکە ئەویش، دەورێکە زووتێپەڕ ئەبـــێ
مەرگ چۆکی پێ دائـــەدا و لەناکاوێکا خـــپ ئەبـێ
ئەوسا کە بەخۆی ئەزانێ، کەهەرچی بوی ماڵ و پایــە
بێ هودەیەو نامەی کردارەکانیشی تەنها خراپەی تیایە
کارو ڕەفـــتاری نـــابـــاری یەکە یەکە دێنـە ئـەژمـار
لووتی بەرزی بۆ دەشکێنێ شوڵکی سزای پەروەردگـــار

بەڕاستی مردن مامۆستایە، پیاوێك هات بۆلای فضیل کوڕی عیاض وتـی: ئامۆژگـاریم بکە، پیێ وت: دایك و باوکت مردوون؟ وتی: بەڵێ.
وتی: هەستە بڕۆ، ئەوەی دایك و باوکی بمرێ و پەند وەرنەگرێ، ئامۆژگـاری تـر سـودی بۆی نابێ .
چەند جوانە ئەدیبی ئیسلام (مصطفى صادق الرافعي) دەڵێت:
"من هرب من شيء تركه خلفه إلا القبر فما يهرب منه أحد إلا وجده أمامه، وهو أبـدا ينتظر غير متململ، وأنت أبدا متقدم إليه غير متراجع. وأينما يـذهب الإنسـان تلقفتـه أسـئلة كثيرة، ما إسمك؟ ما صناعتك؟ كم عمرك؟ كيف حالك؟ مامذهبك؟ مارأيك؟ ثم يبطل هذا كله عند القبر، وهناك يتحرك اللسان الأذلي بسؤال واحد للأنسان: ماعملك؟! "

واتە: مرۆڤ لە هەرشتێك ڕاكات لە دواى خۆى بەجىَى دێڵێت، تەنها گـۆڕ نـەبێت چـەند لێى ڕاكا وا لەبەردەميا، قەبر هەميشە چاوەڕێيەو بێزارنابێت، هەميشـە بـەرەو ئـەو دەڕۆى و ناگەڕێيتەوە.

جا مرۆڤ بۆ هەركوىَ بچێت چەند پرسيارێك يەخەى دەگرێت، ناوت چى يە؟ ئيشـت چـى يە؟ تەمەنت چەندە؟ حاڵت چۆنە؟ ڕێبازت چى يە؟ ڕات چۆنە؟ ئنجا لـە قـەبرا ئەمانـە هـەموو نامێنن، تەنها يەك پرسيار نەبێت كە لە مرۆڤ دەكرێت: كاروكردەوەت چۆن بوو؟[1]

## ئافـرەتێـكى بانـگخـواز :

دايكى سەعيد خەڵكى وڵاتى مەغريبە و ئـافرەتێكى چسـت و چـالاك بـوو، ئەوەنـدەى نـەمابوو بگاتـە پشـتێنى ڕەش لـە كاراتيـدا، لـە خوێندنەوەشـدا توانايـەكى باشـى هـەبوو، كتێبخانەيەكى گەورەى هەبوو لە ماڵەوەو بەردەوام گۆڤارى (العربي)  كوەيتى دەخوێندەوە.

دوو كـوڕى هــەبوو بــەناوى محمـد و سـعيد، كاتێــك محمـد تەوبـە دەكـات و دەبێتــە موسوڵمانێكى ڕاستەقينە، كاردەكاتە سەر دايكيشى و ئەميش تەوبە دەكات و دەبێتە باڵاپۆش و قورئانێكى باش لەبەردەكات، تەنانەت لەيەك ڕكاتى شـەونوێژدا هـەموو سـورەتى بەقـەرەى لەبەر خوێندووە.

دايكى سەعيد كەوتە بانگەواز كردن بۆدينى خوا و دەرسى هەفتانەى بۆ ئافرەتان دانا لە ماڵەوە و بە دەيان ئافرەت بوونە باڵاپۆش و، هەميشـە بـەرگى زيـادەى باڵاپۆشـى لـە ماڵـەوە دانابوو، تا ئەو ئافرەتەى دەچـوو بـۆ دەرس و قەناعــەتى لا دروسـت دەبـوو، يەكسـەر بـەجلى سەرتاپا و سەرپۆشەوە لە ماڵيان دەهاتە دەرەوەو جلێكى گونجاوى پێشكەش دەكرد.

ئەم ئافرەتە هەميشە دڵى لاى سەعيدى كوڕى بوو، كە سەرقاڵى هونەر و دوور لە خوايى بوو، زۆر دەگرياو لەخوا دەپاڕايەوە كە هيدايەتى بدات و ببێتە بانگخوازێك بۆ ڕێ ى خوا ، بـە تايبەتى كاتىَ چوو بۆ حەج لە كێوى عەرەفە دوعاى هيدايەتى زۆرى بۆ كرد. . .

---

[1]- هبـي ياريح الإيمان (ل/١٨٧) د.خالد أبو شادي.

خوای گەورە دوعاکەی گیرا کرد، کە گەڕایەوە لە حەج سەعید گۆڕدرا و کەوتە دیراسەی ئیسلام و بووە بانگخوازێکی دیار و بە توانا.

خوای گەورە بە شێرپەنجە تاقیکردەوەو سنگیان بۆ هەڵگرت سەعید بە پزیشکەکەی دایکی وت: حاڵی دایکم چۆنە؟؟ وتی: درەنگ هاتووە بەدەم نەخۆشی یەکەیەوە و بە لەشیا بڵاوبۆتەوە، تۆ ئیمانت بە قەزاو قەدەرە و ئەمەلی ژیانی لەسەدا دووە، بەڵام دیارە ژیان و مردنیش بەدەست خوایە.

دایکی سەعید داوای کرد کە بیبەن بۆ مەککە، بۆئەوەی لەوێ ئاوی زەمزەم بخواتەوەو داوای شیفا بکات لەخوا لەسەر فەرمودەکەی خۆشەویستﷺ کە دەفەرموێت (زمزم لِما شُرِبَ لە) . . .

سەعیدیش دایکی و هاوسەرەکەی و منداڵەکانی برد بۆ مەککە کە کۆتایی مانگی شەعبان بوو، هەموو مانگی ڕەمەزان لەوێ بوون، بە عەرەبانەی کەم ئەندامەکان هاتوچۆ و تەوافی بەدایکی دەکرد، دایکیشی بە کوڵ دەگریا و دوعای دەکرد خوا شیفای بدات، دوای ڕەمەزان تەندروستی بە جۆرێك باش بوو بەپێی خۆی دەڕۆیشت و نەخۆشی یەکەی لەسەر هەڵگیرا.

دایکی سەعید کە خوا وەڵامی دوعاکەی دایەوە و سەعیدی بۆ هیدایەت دا و، وەڵامی دوعاکەی دایەوە و شیفای بۆ نارد، هەموو ژیانی تەرخان کرد بۆ بانگەواز و هەمیشە دوعای دەکرد: (اللهم إني أسألك شهادة في سبيلك و ميتة في بلد رسولك) کە ئەمەش کاتی خۆی دوعای حەزرەتی عومەر بوو ، دیارە عومەر کاتی خۆی هاوەڵان پێیان دەوت باشە چۆن دەتەوێ شەهیدبیت و لە مەدینەش بیت ،ئەوەبوو ئاواتەکەی هاتەدی و لە مەدینە شەهید بوو. . .

دایکی سەعیدیش خوای گەورە نزیکەی یانزە ساڵێکی تر تەمەنی پێ بەخشی، لە هاوینی (٢٠٠١) دا مەغریب زۆر گەرم بوو، سەعید کە چوو بوو بۆ سەردانی پێی وت:

هاوینی داهاتوو پشت بەخوا ئێرکۆندیشنت بۆ دائەنێم. . . دایکیشی وتی: هاوینی داهاتوو؟! بۆ من دەژیم تا هاوینی داهاتوو؟ نا، نا. . . کوڕم من واهەست دەکەم کە ئەجەلم نزیکە، داواکارم لەخوا کە لە مەککە وەفات بکەم و ئاخر خێر بم، ئنجا دەستی کرد بە گریان.

ئەمەی وت لە کاتێکدا مەغریب هەزار کیلۆمەتر لە مەککەوە دوورە، بەڵام خوا بەدەسەڵاتە بەسەر هەموو شتێکدا و هەروەك لە فەرمودەی قودسی دا هاتووە خوای گەورە دەفەرمویێت: (أنا عند ظن عبدي بي) . . .

پاش چەند مانگێك هەواڵیان دا بە سەعید کە لە قطر دائەنیشت، کە دایکی لە خەستەخانە کەوتووە ، جا لەگەڵ ئەوەشدا کە نەخۆش بوو چەندەها نەخۆش و چەندەها پەرستیار تەوبەیان کرد لەسەر دەستیا و بەرگی ئیسلامیان پۆشی.

کاتێك لە خەستەخانە بوو گۆرانیبێژی مەغریبی (عبدالهادي بلخياط) سەردانی کرد کە لەسەر دەستی سەعیدی کوڕی دا تەوبەی کرد بوو، گەڕابۆوە سەر گۆرانی لەگەڵ ئەوەدا کە نوێژەکانیشی دەکرد، دایکی سەعید پێی وت: ئەمشەو لە خەومدا پێم وتی:

﴿أَلَمْ يَأْنِ لِلَّذِينَ آمَنُوا أَن تَخْشَعَ قُلُوبُهُمْ لِذِكْرِ اللَّهِ وَمَا نَزَلَ مِنَ الْحَقِّ وَلَا يَكُونُوا كَالَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ مِن قَبْلُ فَطَالَ عَلَيْهِمُ الْأَمَدُ فَقَسَتْ قُلُوبُهُمْ ۖ وَكَثِيرٌ مِّنْهُمْ فَاسِقُونَ ﴿١٦﴾﴾ الحديد .

چۆن دەگەڕێیتەوە سەر گۆرانی لە کاتێکدا لەززەتی ئیمان و موناجاتی خوات چەشتووە. خۆی گریا و عبدالهادیش گریا.

ئنجا بە سەعیدی وت: کوڕم من واهەست دەکەم ئەجەلم نزیك بۆتەوە، بمبە بۆ مەککە تا لەوێ بمرم ، سەعید وتی: دایە گیان مەککە هەر مردنی لێ نیە، بەڵکو زەمزەم و شیفا و وەڵام دانەوەی دوعایشی لێ یە.

دایکی وتی: ڕاست دەکەی وەڵام دانەوەی دوعای لێ یە، منیش دوعام کردووە لەوێ بمرم و لەوێش بنێژرێم ، بمبە بۆ مەککە. لە مانگی ذي القعدة دایکی برد بۆ مەککە و مانەوە تا کاتی حەج، وتی: دەمەوێت حەج بکەم، سەعید وتی: دایکە تۆ ناساغی و ڕەنگە نەتوانی لەبەر قەرەباڵغی حەج بکەی و، خوا بە نیەتەکەت پاداشتت ئەداتەوە و ئنجا خۆ چەند حەجێکیشت کردووە.

دایکی حەزی کرد بە حەج کردن کۆتایی بە ژیانی بهێنێ و خوایش لەسەری ئاسان کردو تەنها تەوافی ئیفاضە ی مابوو بە کوڕەکەی وت: تەوافی ویداعم لەسەر نیە چونکە لە مەککە ناچمە دەرەوەو خوا حەزکات لێرە دەمرم.

باری تەندروستی تەواو نەبوو لەهۆش خۆی چوو نەیتوانی تەوافی ئیفاضە کەی بکـات تـا مانگێك دوای حەج، سێ ڕۆژ پێش ئەوەی وەفات بکات، تۆزێ حاڵی باشتر بوو کچەکەی شتی و عەبایەکی تازەی لەبەرکرد، کوڕەکەی پێ ی وت: دایکە فرسەتە تەوافی ئیفاضـە کـەت بکـە بـا حەجەکەت تەواو بێ، لەسەر عەرەبانە تەوافەکەی تەواوکرد و دوو ڕکـات نوێـژی کـرد لەپشـت مەقامی ئیبراهیم و لەهۆش خۆی چووەوە، ویستیان بیبەنەوە بۆ ئوتێل لەنێوان بەردەڕەشـەکە و ڕوکنی یەمانیدا هاتەوە هۆش خۆی و وتی: ڕامگرن، ڕووی کردە کەعبە و دەستی بەرزکردەوە و کەوتە دوعاکردن و وتی: الحمد لله الذي بنعمته تتم الصـالحات، داوام لەخوا کرد لە مەککە بمرم، دوعاکەی قبوڵ کردم، ئای مردنێکی چەند خۆشە!

بۆ شەوی سێهەم کەوتە گیانەڵا و سەعید یاسینی لەسەر خوێند و خۆشـی بـە هێواشـی لەژێر لێوەوە دەیوت:

( لا إله الا الله اللهم هون علي سكرات الموت . . . اللهم هون علي سكرات الموت ) .

دوو کوڕەکەی و کچەکەی بەدیاریەوە بوون، بانگی بەیانی دا و دایکیان بە دەم وتنی (لا إلـه الا الله) وە ئەندامەك.....٣انی لەشی یەك یەك سارد ئەبونەوە، بیریان کەوتەوە کە داکیان دوعای کردبوو کە (خوایە مەککە گیانم بکێشە لە کاتێکدا کوڕەکانم لە حەرەمدا لە سوجدەدا بن) ! خێرا چوون بۆ نوێژی بەیانی لە کەعبە و خوشکەکەیان بەدیار دایکیانەوە بەجێ هێشت.

سەعیدو براکەی چوونە حەرەم بۆ نوێژی بەیانی، ئیمامی حـەرەم (سـعود الشـريم) ئـەم ئایەتەی خوێند: ﴿كَلَّآ إِذَا بَلَغَتِ ٱلتَّرَاقِيَ ﴿٢٦﴾ وَقِيلَ مَنۡۜ رَاقٖ ﴿٢٧﴾ وَظَنَّ أَنَّهُ ٱلۡفِرَاقُ ﴿٢٨﴾ وَٱلۡتَفَّتِ ٱلسَّاقُ بِٱلسَّاقِ ﴿٢٩﴾ إِلَىٰ رَبِّكَ يَوۡمَئِذٍ ٱلۡمَسَاقُ ﴿٣٠﴾﴾ القيامـة/ سەعید بە بیستنی ئەو ئایەتانە زۆر گریا٠ دوای ئەوە ئیمام لە سوجدەی دووەم هەستایەوە، دایکی سەعید لە ژوورەکەی خۆی لە ئوتێـل بـە دەنگـی بـەرز وتی: (لا إله الا الله) و گیانی دەرچوو. . .

کاتی خۆی لە پێش هەموو وتارێکی هـەینی دا سـەعید تەلـەفۆنی بـۆ دایکـی دەکـرد دوعای خێری بۆ بکات، کە خوا یارمەتی بدات و قسەکانی کاریگەری هەبێت. .

مزگەوتی (المغفرة) لە شارقە دەکرایەوە، ئەمیش یەکەم جار بوو بۆ نوێژی هەینی بچێتە سەر مینبەر بۆ وتاردان دوای مردنی دایکی، لە نیسانی ٢٠٠٢ دا، پێش ئـەوەی بچـێتە سـەر

مینبەر بیری لەوە کردەوە یەکەم وتارێتی دوای مردنی دایکی، لە دڵی خۆیدا وتی: ئـەوەی کـە دوعای بۆ دەکردم مرد، فرمێسك بە چاوانیا هاتە خوارێ، ئنجا قسەکەی ئەبوبەکری بیرکەوتەوە کە ئەگەر (محمد) یشﷺ وەفات بکات خوای محمدﷺ (حي قیـوم) ە و مـاوە، پاشـان دوعـای کردو وتی: (اللهم إني أتوسل إليك ببري لوالدتى أن تفتح علي ما يُرضيك عني) . . .

چووە سەر مینبەر و بە گریانەوە وتارەکەی داو ئامادەبوانی مزگەوتیشی هێنایە گریان، بە تایبەت حاکمی شارقە (دکتور سلطان القاسمي) کە لەوێ بوو.

## مـردنی شێـخ سـەعید زەیـانی

شێخ سەعید لە شاری (رباط) ی وڵاتی مەغریب لـە دایـك بـووە، پـاش تەوبـەکردنی و شارەزابوونی تەواوی لە ئیسلامدا لە ساڵی ١٩٩٣ دا لە قەتەر جنسـیەی وەرگـرت و خـەریکی وتاردان و پێش نوێژی بوو ، بیست و پێنج ساڵ بانگەوای کرد بەشێوازێکی مـۆدێرن و ئاسـان و لە زۆر لە کەناڵە ئاسمانیەکانەوە بەرنامەی چاکی پێشکەش کرد.

شێخ سـەعید زەیـانی باسـی خـۆی دەکـات و دەڵێـت: منـیش وەکوخـەڵکی عـەودالی بەختەوەری بووم و وامدەزانی کە بەختەوەری وا لە ماڵ و سـامان و پلـەو پایـەدا، لەمناڵیـەوە بەشداریم کرد لە بەرنامەی مناڵاندا لە تەلەفیزیۆندا و کە گەورەش بووم ئەکتەروگۆرانیبێـژێکی بەناوبانگم لێدەرچوو، زۆر لە کاربەدەستان بوونە هاوەڵم وەك سەرۆك وەزیرانی مەغریب کـەزوو زوو سەردانم دەکردو، زۆر لە هونەرمەندانیش بوونە هاوەڵم وەك (عبـدالحليم حـافظ) ، بـەخۆمم دەوت: باشە ئەگەر بشگەمە (عبدالحليم) خۆ ئەوەتا خۆی دەڵێ بەختەوەر نیە، پاشـان مردنـی ناوبراو زۆر کاری تێکردم و، هەردەم بیرم لای گەیشتنبوو بە ئاسوودەیی و بەختەوەری.

جارێکیان لە ساڵی ١٩٧٤دا ڕۆژنامەنووسێك پرسیاری لێکردم و وتی: تۆ ناوت (سـعید) ە ئایا گەیشتوویتە سەعادەت و بەختەوەری؟؟ منیش وتم: ناوەکەم لە چـوار پیـت پێکهـاتووەو سێ پیتی (سعی) یەو هەوڵە بەدوای دۆزینەوەی پیتی (د) دا تا بەتەواوی بگەمـە بەختـەوەری، پەیمان بێت کە گەیشتم هەواڵت بدەمێ.

بەڵێ پارەوسامانم زۆربوو، ناووشۆرەتم زیـادبوو، سـەردانی ڕۆژئـاوام کـرد، کەچـی هـەر بەختەوەرنەبووم. شەیتانیش وەسوەسەی پێدەکردم و هانی دەدەم کەمادام ناگەمە بەختەوەری و ناشادم خۆم بکوژم.

لەو ماوەیەدا پـەڕاوێکی نووسـەرێکی فەڕەنسـیم دەسـتکەوت کەباسـی خۆکوشـتنی دەکـردو ئاماری زۆری تیابوو، لام سەیربوو کە ڕێژەی خۆکوشتن لە سوید زۆر زۆر بـوو، لـە کاتێکـدا زۆر ژیـان ئارام و خۆشە لەو وڵاتەدا،تەنانەت پردێکیان هەیە پێی دەوترێت پـردی خۆکوشـتن، ئەوەنـدە خـەڵکی لەژیان بێزار خۆیانی لێ فڕێ دەدەنە خوارەوە. . هەر لەو ماوەیەدا پەڕاوێکی تـرم خوێنـدەوە لـەبارەی ئەو کەسە ناودارانەی لە ڕۆژئاوا موسڵمانبوون، وەك گۆرانی بێژی بـەریتانی کـات سـتیڤنس، کـەناوی خۆی کرد بە یوسف ئیسلام، ئەوانە بە بەرنامەی خوا گەیشتنە لوتکەی بەختەوەری. .

براکەشم بە هۆی کۆمەڵێ برادەری بانگخوازەوە لە هۆڵەندا بوو بە پیـاوێکی خوانـاس و بەتەواوی ژیانی گۆڕدرا، زۆر هەوڵیشیان لەگەڵ مـن دا، بۆیـە منـیش بڕیـارم دا تەوبەبکـەم و پەیڕەوی بەرنامەی خوا بکەم، بەمەش گەیشتمە ئەو بەختەوەری و ئاسوودەییەی کـە بـە دوایـا وێڵ بووم، کە ئەوەش ئاواتی دایکم بوو، کەهەمیشە دەست بەدوعابوو خوا هیدایـەتم بـدات. .

ئنجا نامەم نووسی بۆئەو ڕۆژنامەنووسەی کە کاتی خـۆی پرسـیارەکەی لێکـردم، وتم: وا پـاش دوانزە ساڵ لە پرسیارەکەت لە سایەی خواوە پیتی چوارەمی ناوەکـەمم دۆزیـەوە و لـە سـایەی بەرنامەکەی خواوە بەختەوەربووم.

شێخ سەعید ئەچێ بۆ سعودیە بۆ بەڕێکردنی جەنازەی (ابن باز) کە دەگەڕێتەوە بۆ قەتـەر لـە ڕێی مەککە بۆ طائف ژنەکەی زوو زوو تەلەفۆنی بۆ دەکات و دەڵێ پەلە مەکە و ئاگات لەخۆت بێت، پاش ماوەیەك ڕۆیشـتن تایەیـەکی سـەیارەکەی ئەتـەقێ و بەهـەر حاڵێـك دەبێـت خـۆی دەگرێتەوە و سەلامەت دەبێت ئنجا پەیوەندی بـە ژنەکەیـەوە دەکـات و هەواڵـەکـەی ئـەدەتێ، ئەویش دەڵێ: منیش لەوە دەترسام، ئەمشەو خەوم پێوە دیوی سەیارەکەت وەرگەڕا و خوێن لـە سەرت هات ، سوپاس بۆ خوا کە بەوە کۆتایی هات.

پاش گۆڕینی تایەکە دەکەوێتەوە ڕۆیشتن و لە دڵی خۆیدا دەڵێت: عەمرەم کـردووە و ئامـادەی ناشتنی زانای گەورە (ابن باز) بووم و ئەم هات و چوونەشم تەنها لەبەر خوا بووە، ئەگەر بـەم حاڵـەوە

بگەڕێمەوە بۆلای خوا، خوا بە ڕەحمە. . . ئنجا دەڵێ: ئەوەندەم زانی گوێم لە دەنگێکی گەورە بوو سەیارەکەشم وەرگەڕا و تەقلەیەکی لێدا منیش بە دەنگی بەرز (لا إلـه الا الله) م وت سەیارەکەم تەواو تێك شکا هەرچی بیبینیایە دەیوت کەسی تیا دەرنەچووە، سەیارەی تر کە لەدوامەوە بوون و ئەوانیش لەو مەراسیمە گەڕابوونەوە لە ئەهلی (ریاض) ، لە سەیارەکە دەریان هێنام و گوێم لێبوو دەیان وت ڕوبکەنە قیبلە، شایەتمانی پێ بڵێن، منیش بە دەنگێکی نزم دەم وت: کێ دوا قسەی (لا إله الا الله) بێت دەچێتە بەهەشتەوە، بە شایەت بن وا من دوا قسەم (لا إله الا الله) یە.

دوایی بردمیانە خەستەخانەیەکی (طائف) و پاش چوار ڕۆژ هێنامیانە خەستەخانەی نور لە مەککە، دوو پزیشك چارەسەری شکاوییەکانیان بۆ دەکردم یەکێکیان سووری و ئەوی تریان میسری بوو، منیش قسەی خێری زۆرم بۆ کردن، پێش ئەوەی دەرچم لە خەستەخانە هاتنەلام و وتیان ئێمە لە خوا دووربوین و عیلمانی بووین لە سایەی خواوە تۆبەمان کرد و ئێستا هەردووکمان نوێژ دەکەین.

سبحان الله ئەوجارە خوا دایەوە و نەمرد، خوای گەورە هێشتیەوە بۆ کۆتایی ساڵی ٢٠٠٩ کە ئەمجارەشیان بە ڕووداوی سەیارە و وەرگەڕان لەکاتی گەڕانەوەیدا لە وڵاتی سعودیە لە (أبو ظبي) کۆچی دوایی کرد. (كل نفس ذائقة الموت) .



وێنەی شیخ سعید الزیانی

## تابـلۆكـانی مـەرگ

ئاشكرایە كە بڕوابوون بە خوا و بە ڕۆژی دوایـی لـە ئیسـلامدا زۆر گرنگـی پێـدراوە و هەمیشە یادی بڕوادار دەخرێتەوە و جەختیان دەكرێتە سەر.

یـادی خـوا و ڕۆژی دوایـی، ئامـادەبوون بـۆ بـەربارەگای خـوا، ئایەتـەكانی قورئـان و فەرموودەكانی حەزرەتﷺ هەردەم ئەیداتەوە بە گوێی مەردوم دا تـا فرسـەتی ژیـان لەدەسـت نەدەن و ئامادەبن بۆ سەفەری هەتا هەتایی ناوەختی قیامەت، كە كەس نیە بزانێ لە چ كات و ساتێك دا دێت و، لە چ جێگایەكدا كۆتایی ژیان دێت.

خواناسێكی بۆ خوا سوڵحاوی خزمم بە ڕەحمەت بێت زۆر جـار دەیـوت خۆزگـەم بـەوەی ڕووی دێت بمرێت. . . ئەمە لە كاتێكدا كە هەموو شەوێك شەونوێژی دەكـرد و كاسـپییەكەی حەلاڵ بوو، هەمیشەش زەردەخەنە لەسەر لێوی بوو، هەرگیز ئـازاری كەسـی نـەدابوو، لـە دوا ڕۆژەكانی تەمەنیا كە لە خەستەخانەی سلێمانی كەوتبوو، بە كچە گەورەكەی وت: حاجی فاتمـە خانێكی خزممان هەیە بەڵكو بۆم بدۆزنەوە و بۆم بانگ بكەن.

بەڵێ بە هەر حاڵێك بوو حاجی فاتمە خانیان بۆ بانگ كرد، كە فاتمە خان هات بۆلای پێی وت: لەبەر خوا گەردنم ئازاد بكە لەهەموو تەمەنمدا تەنها لە تۆ تووڕە بووم، ئەویش وتی: كـاك حاجی بەخوا هەر بیریشم نەماوە، هەزارجار گەردنت ئازادبێت. ناوبراو ئەولیایەكی خوا بوو، بەو هەموو پارێزكاری یەوە، خۆزگەی بەوە دەخواست كە ڕووی دێت بمرێت. . .

ژیـان و بەسـەر هـات و مردنـی هەركەسـێك بـۆ خـۆی تابلۆیەكـە، بـە ڕاسـتی هەقـە لەبەردەمیاندا هەڵوێستە بكەین٠

## مـەرگی منالێـك

دكتۆر عەلی ئیحسان لە هەشتاكانەوە لە وڵاتـی سـعودیە دەژی و ژمارەیـەكی زۆر لـە كەس وكاری ئەنفال كراون، كە لە كۆتایی ساڵی نەوەدەكاندا هاتـەوە كوردسـتان بـۆ سـەردانی باوكی و كەس وكاری لە چەمچەماڵ و من لە خزمەتیا بووم، بۆی گێڕامەوە، كـە كچـۆلەیەكی بچكۆلەی برازای چەند ئەیدوان نەئەچوو بۆلای، زۆرهەوڵی دا تـا هـۆگری بـوو، دكتـۆر دەڵـێ:

سەرنجم دا ئەو کچۆڵە خوێن شیرینە بەو مناڵیە دەپاڕایەوە و دەیوت: خوایە بمکە بە چۆلەکەیەك لە چۆلەکەکانی بەهەشت.

دوعایەکی سەیر بوو، پرسیم ئەمە کێ فێری کردووە، وتیان: کەس فێری نەکردووە و لە خۆیەوە دەیڵێت. (سبحان الله) زۆری نەخایاند ڕۆژێکیان تووشی حاڵەتێك بوو تـا گەیاندمانـە خەستەخانەی چەمچەماڵ گیانی دەرچوو، گەڕایەوە بۆ ژیانی هـەتا هـەتایی وکۆمـەڵێ خـەم و خەفەت و یادەوەری تاڵی بۆ ئێمە بەجێ هێشت.

## مـەرگی مـام سـلێـمان

مامۆستا مەلا ڕێبوار کە ئێستا لـە سـلێمانی لـە مزگـەوتی بۆسـکانی ئیمامـە بـۆی گێڕامەوە کە مامۆستا مەلا ئەحمەدی باوکی لە ساڵی ١٩٥٩دا لـە دێـی پێـنج ئەنگوسـت لـە نزیك چەمچەماڵ ئیمام بووە و بۆی گێڕاوەتەوە کە: مام سلێمان کە پیاوێکی جوتیاری هـەژاری سادەو خواناس بوو، ڕۆژێکیان لە ژێرسێبەری درەختێکی مزگەوت دا خەوی لێکەوتبوو، بـانگی عەسر درا و خەبەری نەبۆوە ئێمەش وتمان دیارە ماندووە و کە هەستا دوایی نوێژەکەی دەکـات، دوای ئەوەی نوێژەکەمان کرد خەریك بوو بڕۆم، مام سلێمان خەبەری بووەوە و وتـی: مامۆسـتا بـانگی دا؟ وتم: بەڵێ! وتی: نوێژیشتان کرد؟ وتم: بەڵێ. . وتی: ئەی چۆن بە ئاگا نەهاتم، بـەخوا دیـارە ئـەوە خەوی مەرگە، بەخوا مامۆستا نابێ بڕۆی تا دەست نوێژ تازە دەکەمەوە، هەرچەند وتم ئیشـم هەیـە و دەمەوێ بگەڕێمەوە ماڵەوە، نەیهێشت و زۆر تکا و ڕجای کرد کە بمێنمەوە، ناچار وەسـتام تـا دەسـت نوێژی گرت، ئنجا هاتە بەردەمم و وتی: مامۆستا کەسێ پەلەی بێت و لەسەر مـردن بێـت، سـوننەت بکات لە پێشا یان فەرز، منیش وتم: دیارە فەرزەکەی بکات باشترە.

پاش ئەوەی نوێژەکەی کرد، ڕووە و قیبلە پاڵ کەوت و وتـی: مامۆستا بەخوا ناڕۆیت تـا یاسینم لەسەر دەخوێنی.

ناچار یاسینیشم بەسەردا خوێنـد، خـوا ئاگـادارە کـە گەیشـتمە ﴿فَسُبۡحَٰنَ ٱلَّذِي بِيَدِهِۦ مَلَكُوتُ كُلِّ شَيۡءٖ وَإِلَيۡهِ تُرۡجَعُونَ ٨٣﴾ یس ، لـە کۆتـایی سـوورەتەکەدا مـام سـلێمان دەمـی لەیەکنا و گیانی دەرچوو، دنیا و هەرچی تیایە بەجێی هێشت بـەرەو قـەبرو قیامـەت و ژیـانی

هەتا هەتایی. ئای لەو ئامادەبوون و بێباکیەی لەمردن ، خۆزگە ئێمە مانانیش ئاوا ئامادەو بێباك بووینایە.

## شەهید بوونی ڕەنتیسی

لاوێك دەچێ بۆ حەج و عومرەیەك بۆ دکتۆر عبدالعزیز رەنتیسی دەکات، کە دەگەڕێتەوە و هەواڵی ئەداتێ، دکتۆر عبدالعزیز رەنتیسی گەورە سەرکردەی حەماس کە عاشقی دینی خواو شەهیدی بوو پێی وت: پەیمان بێت ئەگەر خوا شەهیدی بکات بە نسیبم، لەو حەفتا کەسەی شەفاعەتیان بۆ دەکەم یەکێکیان تۆ بیت ، بەڵێ دکتۆر شەهید کراو دیارە شەفاعەتیشی بۆ دەکات.

﴿ كُلُّ نَفْسٍ ذَآئِقَةُ ٱلْمَوْتِ ۗ وَإِنَّمَا تُوَفَّوْنَ أُجُورَكُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ ۖ فَمَن زُحْزِحَ عَنِ ٱلنَّارِ وَأُدْخِلَ ٱلْجَنَّةَ فَقَدْ فَازَ ۗ وَمَا ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَآ إِلَّا مَتَـٰعُ ٱلْغُرُورِ ﴿١٨٥﴾ ﴾ آل عمران



وینەی د.عبد العزیز الرنتیسی

# كۆچـی محـمد فایـەق

لەدایكبووی هەشتاكانە، كۆلێژی ئەندازیاری شارستانی لە بەغدا چەند سالێك لەمەوبەر تەواودەكات و لە كەناڵی جەزیرە دەبێتە پەیامنێر، كەسێكی خواناس و بۆ خـوا سـوڵحاو بـوو هەمیشە شەونوێژ و ڕۆژوی سوننەتی هەبوو. . . ناوبراو لەبەر سەرقاڵی و كاری پەیامنێری كە كـەناڵی جـەزیرە لەكوردسـتان ئیعتیمادیـان لەسـەری بـوو، نـەیتوانی بچـێتە پرۆسـەی هاوسەرگیرییەوە.

ناوبراو خێرخواز بوو لە دێ یەكی سەر بە پارێزگاری كەركوك مزگەوتێكی دروسـت كـرد بەبێ ئەوەی كەس وكاری پێ بزانن، چەند منالێكی بێ باوكیشی كەفالەت كردبوو.

پیاو باشێك لە كەركوك بە كاك بەختیاری برای دەڵێت: خوا بەخێری بگێڕێت، لە خەوما تۆ و محمدی برات بە ڕێگایەكدا دەڕۆیشتن تۆ دەرچوویت و **محمد** دەرنەچوو.

خەوەكە هاتەدی، كاتێك **محمد** و بەختیار دێن بۆ تەعزیەیەكی خزمێكیان لە كـەلار لـە كاتی گەڕانەوەدا لە سەر پردێكی ڕێـی كـەلار سـەیارەكەیان وەردەگـەڕێ و **محمـد** بـە زمـانی بەڕۆژووەوە ماڵ ئاوایی لەم دنیا فانییە دەكات.

**محمد** لە شەوی مەولود دا لەدایك بوو بۆیە ناویان نا (**محمد**) ، ناوبراو بەڕاستی هـەڵگری ناوی پیرۆزی **محمد** بوو ﷺ، هەر لەشەوی مەولودیشدا ٢٠١٠/٢/٢٥وەفاتی كرد. .

بەڕاستی ئەمە پەند و عیبرەتێكی گەورەیە كە مردن بە گەورە و بچـووكی نیـە و ئـەبێ هەمیشە ئامادەبین بۆی، خۆ ئەمەش ئامۆژگاری پەروەردگارە كە دەفەرمویت:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢﴾ آل عمـــــــران .

هەمیشە حازربن، بە چاكی پارێزكار بن، نەمرن مەگەر بە موسوڵمانێتی نەبێت.

# مـەرگــی ژن و پیــاوێــك

ژن و پیاوێکی میسری کە هەردووکیان پزیشك بوون، بـۆ کـارکردن ڕوو دەکەنـە وڵاتـی سعودیە، کچێکی تەمەن (دە) ساڵیان دەبێت بەناوی (بەرائەت) ، کە زۆر بلیمەت و لێ هاتوو بوو، هەموو قورئانی لەبەربوو، بەدەنگێکی زۆر خۆش و بە تەجویدی تەواوە دەیخوێند، هەمیشە مامۆستاکەی پێی دەوت: بەرائەت تۆ هەق بوو لە ناوەندی بوویتایە نەك لە سەرەتایی.

دایکی تووشی شێرپەنجە بـوو، نـەی ئـەزانی چـۆن کچـە جگەرگۆشـە تاقانەکـەی لـەو مەسەلەیە تێ بگەیەنێ، ڕۆژێ پێی وت: کچی شیرینم ئەگەر من پێش تۆ چـووم بـۆ بەهەشـت، ئاگاداری ئەو قورئانە بە کە لەبەرت کردووە بۆ ئەوەی تۆش بێیـت بـۆ لام. . . دایکـە حـاڵی خراپ دەبێ و لە خەستەخانە دەکەوێت، ڕۆژێك تەلەفۆن بۆ مێردەکەی دەکەن کە حاڵی خراپـە و بەڵکو زوو سەری بدات، ئەویش کە بەسەیارەکەی دێت بۆ سەردانی بۆ ئەوەی بەرائەت ئەو حاڵە خراپەی دایکی نەبینێ لە سەیارەکەدا جێـی دێڵێـت، کاتێـك سـەر لـە هاوسـەرەکەی دەدات و دەگەڕێتەوە لە شپرزی و ناڕەحەتی دا سەیارەیەك لێ ی ئـەدات وگیـان دەسـپێرێت، ژنەکەشـی دوای پێنج ڕۆژ وەفات دەکات، ئەم کارەساتە دەنگ ئەداتـەوەو پیـاوێکی سـعودی دەوڵەمەنـد کەفالەتی بەرائەت دەکات.

(سبحان اللە) دوای ماوەیەك ئازارێك لـە قاچـی (بەرائـەت) دا پەیـدا دەبێـت و دوای دکتۆر و دەرمانی زۆر دەردەکەوێت کە شێرپەنجەیە، قاچی دەبڕنەوە.

شێرپەنجەکە بە گیانی دا بڵاودەبێتەوە، بۆ عیلاج دەیبەن بۆ بـەریتانیا، لـە بـەریتانیاوە کەناڵی (الحافظ) بە تەلەفۆن پەیوەندی پێوە دەکـەن، (بەرائـەت) قورئانێـك دەخوێنێـت، تـا تەواودەبێت پێشکەشکاری بەرنامەکە دەگری.

کە تەواودەبێت، پێشکەشکاری بەرنامەکە دەڵێت: (بەرائەت) سوێند بەخوا تـا ئێسـتا ئاوا بەدڵ نەگریاوم ،ئنجا دوعای خێری زۆری بۆ دەکات.

(بەرائەت) ئەو قورئان خوێندنەی لـە ئینتـەرنێت لـە (یوتیـوب) دا هەیـە، یـەك دوو سرودیشی هەیە لەسەر دایکی کـە یـەکێکیان بـەناوی (فرمێسـکە هـەتیوەکانم) ەوەیـە، کـە

بەڕاستی بەرد ئەکات بە ئاو. کە بە (بەرائەت) یان وت: تووشـی ئـەو نەخۆشـییە بـووی وتـی: سوپاس بۆ خوا ئەچمەوە بۆلای دایك و باوکم.



بەرائەت صالح

****

## پــاش موسـڵمانــبوون یەکســەر مرد

ڕۆژێك حەزرەت ﷺ و چەند هاوەڵێکی لە دەرەوەی شاری مەدینە بوون، سوارێك لە دوورەوە دەرکەوت، حەزرەتﷺ فەرمووی: لەوە ئەچێ ئەو سوارە ئێمەی مەبەست بێت، پاش ماوەیەك کابرا گەیشتە لایان و حەزرەت ﷺ فەرمووی: لە کوێ وە دێیت؟ کابرا بەدەم ماندوویەتی و بە هەناسە بڕکێوە وتی: لە لای کەس وکار و ماڵ ومناڵ و عەشرەتمەوە دێم.

حەزرەت ﷺ فەرمووی: بۆ کوێ دەچیت؟

وتی: دەچم بۆلای رسول الله ﷺ.

حەزرەت ﷺ فەرمووی: وا پێی گەیشتی.

کابرا ڕەنگ و ڕووی گەشایەوە و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا فێرم بکە ئیمان چیە؟

حەزرەت ﷺ فەرمووی: (تشهد أن لا إله إلا الله وأن محمدا رسول الله و تقيم الصلاة، و تـؤتي الزكاة، و تصوم رمضان، و تحج البيت) . هەرئەوەنـدەی شـایەتمانی هێنـا حوشـترەکەی هەسـتاو پـاش ماوەیەکی کەم ڕۆیشتن پێی لە چاڵێك هەڵنوتا و کابرا بەسەرا کەوتە خوارەوەو مرد٠

حەزرەت ﷺ فەرمووی: بگەنە ئەو پیاوە بۆم بهێنن، عەممار و حوزەیفە بە پەلە چوون، سەیریان کرد مردووە، حەزرەت ﷺ کە سەیری کرد ڕووی کردە حوزەیفەو عەمارو فەرمووی: (بینیم دوو مەلائیکەت بەروبومی بەهەشتیان دەکرد بە دەمیا، زانیم کە بە برسێتی مردووە) [٢].

## مەرگی کاکە موراد:

هاوەڵ و برای خۆشەویستم کاك حاجی فەرید بەڕێوەبەری دەزگای فریاکەوتنی ئیسلامی لقی هەولێر بوو، بەندەش بە حوکمی ئەوەی کە بەڕێوەبەری لقی سلێمانی ئەو دەزگایە بووم تێکەڵاوی و دۆستایەتیەکی زۆرمان هەیە.

کاك حاجی فەرید کوڕێکی هەبووبە ناوی (موراد) عەقڵی لەپێش تەمەنی یەوە بوو، لە کۆلێژی عیشق دەرچوو بوو، تورکی و ئینگلیزییەکی باشی دەزانی، لە تورکیا سەردانی لایەنە ئیسلامی یەکانی دەکرد بۆ هەندێ کاروباری عەلاقاتی یەکگرتوو، کاتێ هاتە سەر دیاریکردنی هاوسەرێك، ئافرەتێکی باڵاپۆشیان بۆ هێنا، کە هێشتا قوتابی زانکۆ بوو، ئەو کاتەی زاکۆی تەواو کردو بەنیازبوون بە عادەتی هەولێر لە مزگەوت ئاهەنگێکی بۆ سازکەن، دوو ڕۆژێك پێش وادەی ئاهەنگەکە (موراد) لەگەڵ خاڵیدا چوو بۆ سەردانی خاڵوانی لە کەرکوك لەڕێی هەولێر کەرکوك وەرگەڕا و کۆچی دوایی کرد، ئەو ڕۆژەی کە دانرابوو لە مزگەوتا ئاهەنگی گواستنەوەی تیا بگێڕن، مەراسیمی تەعزیەی تیا گێڕدرا، بەڕاستی کارەساتێکی دڵ تەزێن بوو، بەڕاستی تەوقیتێکی سەیر بوو، کاك حاجی فەرید زۆر ئارامگر بوو، لەسەر ئەو موسیبەتە گەورەیە کە (إن شاء الله) خوای گەورە بە بەهەشت پاداشتی ئەداتەوە.

لەم ڕووداو و دەنگ و باسانە زۆرن و هەرکەس لەئێمە نموونەیەك یان چەند نموونەیەکی لایە، یان هی خۆی یان دەوروبەری.

مرۆڤ لەبەردەم ئەم تابلۆیانەدا دۆش دائەمێنێ، سەری دەسوڕمێ، ڕەنگە بپرسێ، ئاخر باشە بۆ وابوو؟ ئەوانە وەڵامیان نیە، تەنها تەسلیم بوون نەبێ بە قەزاو قەدەری خوا، کە ئیمانمان پێیەتی.

---

[٢] - أحمد، فەرموودەیەکی(حسن)ە.

ئێمە سوونەتە هەموو هەینیەك سوورەتی كەهف بخوێنین، ئەو وانەیەی كە لێ ی وەردەگرین لەم مەسەلەیەدا ئەوەیە كە ئێمە حیكمەتی پشت ئەو ڕووداوانە نازانین، دیارە خوای گەورەش چی بێنێتە ڕێمان: ﴿ لَا يُسْـَٔلُ عَمَّا يَفْعَلُ وَهُمْ يُسْـَٔلُونَ ﴿٢٣﴾ ﴾ الأنبياء.

حەرزەتی موسا دەبێتە هاوەڵی (خضر) بە فەرمان و ڕێنمایی پەروەردگار، (خضر) مەرجی لەسەر دائەنێ كە نابێ هەرچی بینی پرسیار بكات تا خۆی بۆی ڕوون دەكاتەوە، حەزرەتی موسا قایل بوو كە پرسیار نەكات و ئارام بگرێ، كەچی كە (خضر) كەشتی هەژارەكانی كون كرد، حەزرەتی موسا خۆی پێ ڕانەگیرا و داوای ڕوونكردنەوەی لێكرد، چونكە بەلای موساوە ئەوە كارێكی خراپ و نەشیاو بوو ، دوایش كە (خضر) منداڵەكەی كوشت حەزرەتی موسا داوای ڕوونكردنەوەی كرد و خۆی پێ ڕانەگیرا، دیارە بەڕووكەش نەشیاو و تاوانێكی گەورەیە.

لە مەسەلەی چاككردنەوەی دیواری دوو منداڵە هەتیوەكەشدا كە ئەهلی ئەو ناوچەیە میواندارییان نەكردن حەزرەتی موسا ناڕەزایی دەربڕی و بەلایەوە كارێكی باش نەبوو.

كەچی كاتێك (خضر) هەرسێ ڕووداوەكەی بۆ شی كردەوە و قەدەر و ئیرادە و مەبەستی خوای تێگەیاند حەزرەتی موسا قەناعەتی كرد كە دیارە ئەم شتانە خوا باشتر دەزانێ بۆچی ڕووئەدەن و حیكمەتەكانی چی یە. .

## تاقیكردنەوە

خوای گەورە مردن و ژیانی بەدیهێناوە بۆئەوەی مرۆڤ تاقی بكاتەوە كە كێ باشترین كاردەكات: ﴿ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْمَوْتَ وَٱلْحَيَوٰةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا ۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْغَفُورُ ﴿٢﴾ ﴾ الملك.

﴿ كُلُّ نَفْسٍ ذَآئِقَةُ ٱلْمَوْتِ ۗ وَنَبْلُوكُم بِٱلشَّرِّ وَٱلْخَيْرِ فِتْنَةً ۖ وَإِلَيْنَا تُرْجَعُونَ ﴿٣٥﴾ ﴾ الأنبياء .

واتە: (تاقیتان دەكەینەوە بە ناخۆشی و خۆشی تا بزانین ئارامگرن یان نا) . بەو بەڵاو موسیبەت و تاقیكردنەوانەش پاداشتی گەورە بەدەست دێت، هەروەك قورئان دەفەرموێت:

﴿... إِنَّمَا يُوَفَّى ٱلصَّٰبِرُونَ أَجْرَهُم بِغَيْرِ حِسَابٍ ﴿١٠﴾ ﴾ الزمر .

ئیمام ئەحمەدیش دەفەرمویّت: (لولا المصائب لقدمنا القیامة مفالیس) ، واتــە : ئەگــەر بەلاّو موسیبەت نەبوایە کە پاداشتی زۆرمان لێی دەست دەکــەویّت ، ئــەوا بــە دەســتی بــەتاڵ دەگەڕاینەوە بۆ قەبرو قیامەت. ئاشکرایە ژیان هەمووی هەوڵ و ڕەنج و تێکۆشــانە، بــەکورتی مرۆڤ ڕەنجدەرە: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡإِنسَٰنُ إِنَّكَ كَادِحٌ إِلَىٰ رَبِّكَ كَدۡحٗا فَمُلَٰقِيهِ ٦ ﴾ الإنشقاق .

دکتۆر محمد راتب النابلسی بانگخوازی سوری لە بەرنامەی (أفــلا تبصــرون) دا دەڵێــت: دکتۆرێکی برادەرم وتی: پیاوێکی هەژار منداڵەکەی پێویستی بە نەشتەرگەری هەبوو کە نزیکەی دەفتەرێ دۆلاری تێدەچوو، هەوڵم دا لای دەوڵەمەندێك کە پارەی نەشتەرگەریەکەی بــۆ بــدات، کە بە تەلەفۆن پێم وت: خەمی پارەی نەشتەرگەریەکەت نەبێ و پیاوێکی دەوڵەمەندی خێرخواز بۆی داوی. وتی: ماڵی ئاوابێ بیدەن بە کەسێك کــە پێویســتی پێیــەتی و هیچــی نیــە، مــن وەرشەیەکم هەیە بایی ئەو پارەیەیە دەیفرۆشم و نەشتەرگەریەکەی پێدەکەم.

دکتۆرەکەی برادەرم وتی: بەخوا بە هەموو تەمەنم لەبەردەم کەسدا ئــاوا هەســتم بــە بچــووکی خۆم نەکردووە، وەك ئەوەی کە لەبەرامبەر هیممەتی ئەو پیاوە هەژارەدا هەستم پێکرد.

بە ڕاستی ئەم پیاوە لە تاقیکردنەوەی هەژارییەکەیدا بەقەناعەت و هیممەتەوە سەرکەوت.

هەروەها دکتۆر نابلسی دەڵێت: لە دیمەشق لەم ساڵانەی ڕابردوودا دەوڵەمەندێك ویســتی زەوییەك بکڕێت بۆ مزگەوت، زۆر گــەڕان زەوییــەکیان دۆزییــەوە کــە زۆر لــە بــاربوو بــۆ ئــەو مەسەلەیە، مامەڵەیان لەگەڵ خاوەنەکەیدا کرد، پــاش ئەمســەر و ئەوســەرێکی زۆر بــە (٣٥) ملیۆن لیرە لێیان کڕی.

دەوڵەمەندەکە هات سەیرێکی زەوی یەکەی کــرد و چــەکێکی دوو ملیــۆنی نووســی بــۆ خاوەن زەوی یەکە، خاوەن زەوی یەکەش وتی: ئەی باقیەکەی، وتی: کە مامەڵەکەی تەواوبوو لە تاپۆ و لە ئەوقاف باقیەکەی تریشت ئەدەمێ، وتی: بۆ دەیکەن بە مزگەوت؟؟ وتی: بــەڵێ. . . وتی: دەمن هیچ وەرناگرم و پێشکەشی دەکەم بە مزگەوت.

بەڵێ. . . ئەم پیاوە فەرمانبەر بوو بەموچەیەکی کەمی مەمرە و مەژی، خێزاندار بوو، بەڵام لەخۆی بوردو لەبەرخوا دەستی لەو بڕە پارە زۆرە هەڵگرت، دیارە ئەمەش ســەرکەوتنێکی مەزن بوو لەگەڵ ئەوەشدا کە هەژاربوو.

برادەرێك حەزی بە بانگەواز بوو بەڵام توانا و لێهاتوویی نەبوو قسە بـۆ خـەڵك بكـات، بۆیە سەد كاسێتی نایابی ئیسلامی كڕی و ئەیدا بـە خزمـەكانی تـا گـوێی لـێ بگـرن، خـوا ئاگادارە پاش دوو سێ مانگ سی كەس لە خزمەكانی هاتنە مزگـەوت و ڕوویـان كـردە خـوای پەروەردگار. . .

دیارە ئەم برادەرەش لە تاقیكردنەوەكەدا دەرچوو بەوەی كە هەرچەند زانیاری زۆری نیە، توانای قسەكردن و قەناعەت پێكردنی نیە، لەڕێ یـەكی تـرەوە تـوانی سـەركەوێ بەسـەر ئـەو بەربەستەداو خزمەت بەدینی خوا بكات.

لەژیاندا بەربەستەكان زۆرن هی وا هەیە هەوڵ نادات سەركەوێ بەسەریاندا و لە ئاستیاندا دەست لە ئەژنۆ دادەنیشێ. . . قورئان ئاماژە بۆ ئەم ڕاستیە دەكات و دەفەرموێت:

﴿ فَلَا اقْتَحَمَ الْعَقَبَةَ (١١) وَمَا أَدْرَاكَ مَا الْعَقَبَةُ (١٢) فَكُّ رَقَبَةٍ (١٣) أَوْ إِطْعَامٌ فِي يَوْمٍ ذِي مَسْغَبَةٍ (١٤) يَتِيمًا ذَا مَقْرَبَةٍ (١٥) أَوْ مِسْكِينًا ذَا مَتْرَبَةٍ (١٦) ثُمَّ كَانَ مِنَ الَّذِينَ آمَنُوا وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ وَتَوَاصَوْا بِالْمَرْحَمَةِ (١٧) أُولَئِكَ أَصْحَابُ الْمَيْمَنَةِ (١٨) ﴾ البلد .

واتە: نەیتوانی بەسەر كۆسپ و لەمپەرەكاندا زاڵ بێت و ڕێگای سەرفرازی بگرێتەبەر، جا تۆ چوزانی ئەو كۆسپ و لەمپەرانە كامەن؟! ئازادكردنی بەندە و كۆیلە، یا خۆراك بەخشـین لـە ڕۆژێكی گرانی و برسێتی دا، بەتایبەتی بەو هەتیوەی كە خزمایەتی هەیە لەگەڵیا.

یان بە هەژارێك كە لە هەژاریدا لەسەر خاك دانیشتبێت، یان پەككەوتە و كەفتەكاربێت، سەرەڕای ئەوانەش ئەو كەسە دەبێت لەوانەبێ كە باوەڕیان هێناوە و ئامۆژگاری یەكتریان كردووە لەسەر خۆڕاگری و ئامۆژگاری یەكتریان كردووە لەسەر ڕەحم و بـەزەیی و میهرەبـانی، ئەوانـەی بەو سیفەتانە خۆیان دەڕازێننەوە ئەوانە دەستەی ڕاست و بەختەوەرانن.

(ابن عطاء) دەڵێت: (ربما أعطاك فمنعك، و ربما منعك فأعطاك، متى فـتح لـك بـاب الفهـم في المنع عاد المنع هو عين العطاء، متى أعطاك أشهدك بره، و متى منعك أشهدك قهره، فهـو في كـل ذلك مُتعَرف إليك، و مقبل بوجود لطفه عليك، إنما يؤلمك المنع لعدم فهمك عن الله فيه) .

واتە: ڕەنگە خوا شتێكت بداتێ و لە راستیدا نەدان بێت، ڕەنگە نەتداتێ و لـە راسـتیدا پێدان بێت، كاتێك لە حیكمەتی پێنەدان تێگەیشتی ئەوا ئەو پێنەدانە بەلاتەوە ئەبێت بەپێدانی

راستەقینە. خوا کەی شتێکی دایتێ ئەوا چاکەی خۆیت پیشان ئەدات،وەکاتێ ناتداتێ قەهرو دەسەڵاتی خۆیت پیشان ئەدات، لە هەردوو حاڵەکەداخۆیت پێدەناسێنێ و لوتفی هەیە بۆت، بەڕاستی ئەوەی ئازارت ئەدات لە پێنەداندا ئەوەیە کەلە حیکمەتەکەی تێناگەیت.

رۆژێك سوفیانی (ثوري) بێتاقەت دەبێت لەتاو باروزروفی ژیانی ،هاوەڵێکی پێی دەڵێت: (یا سفیان إن منعَ الله کله عطاء لانه لایمنع عن بخل إنما بلاء واختبارا) . واته: ( ئەی سوفیان نەبەخشینی خوا بەخشینە، چونکە لە بەخیلیەوە نیە کە نایدات بەڵکو بۆ تاقیکردنەوەیە) .

## لەخوا ترسان

یەکێك لەو حەوت دەستەیەی کە لەژێر سێبەری عەرش دەبن کەسێکە کە ئافرەتێکی جوانی خاوەن پلەوپایە داوای خراپەی لێ بکات ئەو کەسەش بلێ: (إنی أخاف الله) من لەخوا دەترسم. [3]

(إنی أخاف الله) بەچی بیگەینێ، چۆن لەژیانمانا و لەهەڵسوکەوتماندا ڕەنگ بداتەوە؟!

خۆشەویستﷺ کەخوا لەگوناهی بەرودوای خۆشبووە، کە ئیمامی موتەقینە، دەفەرموێت: (إني لأعلمكم بالله وأشدكم له خشية) واته: من لەهەمووتان زیاتر خوا دەناسم و لەهەمووشتان زیاتر لێی دەترسم. . هەروەها دەپاڕایەوە کە ترسان لەخۆی پێببەخشێت لە ئاشکراو نهێنی دا: (اللهم بعلمك الغيب وقدرتك على الخلق، وأسألك خشيتك في الغيب والشهادة) [4]بەڵێ. . ئەوانەی زانا بن، زیاتر خوا بناسن، لەهەموو کەس زیاتر لەخوا دەترسن:

﴿...إِنَّمَا يَخْشَى ٱللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ ٱلْعُلَمَٰٓؤُاْ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ غَفُورٌ ﴿٢٨﴾﴾ فاطر

ئەوانەی لەخوا دەترسن زیاتر پەند و عیبرەت وەردەگرن / ﴿طه ﴿١﴾ مَآ أَنزَلْنَا عَلَيْكَ ٱلْقُرْءَانَ لِتَشْقَىٰٓ ﴿٢﴾ إِلَّا تَذْكِرَةً لِّمَن يَخْشَىٰ ﴿٣﴾﴾ طه

---

[3]- (بخاري و مسلم).

[4]- رواه النسائي.

ئەوانەی لەخوادەترسن زیاتر یادەوەری وەردەگرن لەقورئان:

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُم بِٱلْغَيْبِ لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ كَبِيرٌ ١٢﴾ الملك

ئەوانەی لەخوا دەترسن سەرفرازن حەزرەتﷺ دەفەرمویّت: (ثلاث مُنجيات، خشية الله في السر و العلانية، و العدل في الرضا و الغضب، و القصد في الفقر و الغني) [5] لیّخۆشبوون وپاداشتی گەورەوبەهەشتی هەتا هەتایی بۆ ئەوانەیە کە لەخوا دەترسن:

کەواتە ڕێی سەرفرازی، ڕێی ڕەزامەندی پەروەردگار لە خواترسانە، لەخوا ترسانیش، پێویستی بە ناسینی پەروەردگارە، ئێمەش لەم گەشتەدا زیاتر هەوڵ ئەدەین تیشك بخەینە سەر خواناسینی ڕاستەقینەو، دەسەڵاتی بێ پایانی پەروەردگارو، موعجیزاتی قورئان و فەرموودەو، ژیانی خواناسان و بۆ خوا سوڵحاوان.

هەروەها تیشك دەخەینە سەر بانگەواز و بانگخوازی کە هۆکارێکی گرنگن بۆ ساڵح بوون و (ڕەببانی) بوون ﴿...وَلَٰكِن كُونُواْ رَبَّٰنِيِّـۧنَ بِمَا كُنتُمْ تُعَلِّمُونَ ٱلْكِتَٰبَ وَبِمَا كُنتُمْ تَدْرُسُونَ ٧٩﴾ آل عمران / واتە: ببنە ڕەبانی و خواناس بەوەی کە فێری خەڵکی دەکەن و بانگەوازی بۆ دەکەن و، بەوەی کە بۆ خۆتان دیراسەی دەکەن و فێری دەبن.

## ئەو زەمانە بەسەرچوو

حەزرەت ﷺ دەفەرمویّت: (إن الله يبعث لهذه الأمة على رأس كل مئة سنة من يجددلها دينها) واتە: خوای گەورە هەموو سەری سەد ساڵێك کەسێك دەنێرێت بۆ ئەم ئومەتە کە جارێکی تر پەیامی ئیسلامی لە بەرگێکی نوێ دا بە زمانی سەردەم باتەوە بە گوێ یاندا.

ئاشکرایە لە سەدەی بیستدا نەك یەك (مجدد) بەڵکو چەند (مجدد) ێك خوای گەورە ناردی بۆ موسوڵمانان، کە لە شەوی تاریکی ئەموستەچاوی نا بەڵەدی و دوور لە خوایی دا، لە سەردەمی بەزین و دەستە لە ئەژنۆی دا، جارێکی تر فوویان کردەوە بە کوانوی ئیمان و ئیسلامەتی داو ڕابوونکێیان بەدی هێنا کە پشت بەخوا سەرتاسەری جیهان دەگرێتەوە.

[5] - صحيح جامع الصغير.

لە پەنجاکاندا تەنها یەك بالاپۆش لە زانکۆی قاهیرەدا هەبوو کە ئەویش خوشکی سەید قوتب بوو، هاوەڵێکیشی بوو بووە بالاپۆش، ئەم هاوەڵەی کەس و کارەکەی دژایەتیان دەکرد لەڕۆژێکی تاقیکردنەوەکاندا جلی حیجابەکەیان بەدزیەوەبۆ شتبوو بۆئەوەی بەو جلانەوە نەچێتە دەرەوە، بەڵام ئێستا بالاّ پۆشی زۆربەی زۆری قوتابیانی زانکۆی میسری گرتۆتەوە.

لە حەفتاکاندا تەنها یەك بالاپۆش لە زانکۆی کوەیت دا هەبوو، بەڵام ئێستا زیاتر لە سەدا نەوەدی ئافرەتانی زانکۆی ئەو وڵاتە بالاپۆشن.

لە سەرەتای دامەزراندنی زانکۆی سلێمانی دا چەند لاوێکی ئەفەندی لە دهۆکەوە هاتنە سلێمانی کە چوو بوونە مزگەوت بۆ نوێژی جەماعەت، نوێژ خوێنان سلاّواتیان دا کە لاو و تازە پێگەیشتووی ئەفەندی ڕووی کردۆتە مزگەوت، خۆ دیارە بالاّ پۆشیش لە سلێمانی یەك دوو کەس بوون، بەڵام ئێستا لە سایەی خواوە دنیایەکی ترە، ساڵانەش بە سەدان و بە هەزاران ئافرەت دێنە کاروانی ئیمان و ئیسلامەتی یەوە و سەرپۆشی بۆ خوا ژیان ئەدەن بە سەریاندا، جاران خەڵکی بەشەوارە کەوتبوون بە بریق و باقی شارستانیەتی غەربی و کاس بوو بوون بە دەهۆڵی دەهۆڵ ژەنانی ڕۆژئاوا پەرستی و، گوێیان ئاودرابوو بە مارکسیەت و بەند و بالۆرەی کۆمۆنیستی.

زۆری نەخایاند ڕاستیەکان بۆ خەڵکی ئاشکرابوون و دەرکەوت کە بەرنامە و ڕێبازی دەستکردی بەشەری نەگبەتی و سەرگەردانی نەبێ هیچی تری پێ نیە بۆ بەشەرییەت.

لە ڕاپرسییەکی دەزگایەکی ئەمریکی دا هاتووە، کە لەسەدا نەوەدی میسرییەکان داوای گەڕانەوە دەکەن بۆ دەستووری ئیسلامی و لەسەدا حەفتا و چواری تورکەکان داوای گەڕانەوە دەکەن بۆ بەرنامەی خوا، لە کاتێکدا کە بەدەیان ساڵ کاریان لەسەر کرا کە بەرنامەی خوایان لەبیر ببەنەوە، تەنانەت ئەو مصطفى کەمال ئەتاتورکەی کە ئینقیلابی کرد بەسەر خەلافەت دا لەکۆتایی ژیانی دا لە وەسیەتێکی تایبەت دا، داوای گەڕانەوە دەکات بۆخەلافەتی ئیسلام (کە دواتر باسی دەکەین) .

جاران دەیان وت ئەگەر بانقەکان بە نیزامی ڕۆژئاوا کارنەکەن و (سوو) وەرنەگرن ئابوری پێش ناکەوێ، ژیان دەوەستێ، کەچی کە بە هەوڵی چەند ئابوری ناسێکی خواناسی وەك (د٠

عیسی عبده) و (د. قرضاوی) و کەسانی تر یەکەم ئەزموونی بانقی ئیسلامی کەوتە سەرپێی خۆی لە دوبەی، ئێستا لە ڕۆژهەلآت و ڕۆژئاوا زیاتر لە دووسەد و پەنجا بانقی ئیسلامی هەیە، کە لە لە سەدا سی بازرگانی جیهانی دا ڕۆڵ دەبینێ و زیاتر لە دووسەد ملیار دۆلاری بەگەڕخستووە و، توانی خۆی بگرێت بەرامبەر ئەو گێژەڵووکە و هەرەسە گەورەیەی بەسەر بانقەکانی جیهاندا هات.

دکتۆرطارق سوەیدان دەڵێ: لە شاری ئۆکلاهۆما لە ئەمریکا دەمخوێند، هاوەڵێك باسی نەگونجاوی حوکمی ئیسلامی کرد لە دزی کردن دا، کە گوایە چۆن دەبێ دەستی دز ببڕدرێ، زۆر هەولم دا لەگەڵی قەناعەتی نەکرد، تا خوا کردی حاکمی ویلایەتی ئۆکلاهۆما ڕایگەیاند کە لەبەرئەوەی دوومليۆن کەس لە بەندیخانەکاندان و ناشتوانین بەندیخانەی تازە دروست بکەین و، هەر بەندکراوێکیش برێکی زۆر مەسرەفی هەیە لەسەر حوکمەت بۆیە ناچارین ئەوانەی کە حوکمەکانیان کەمە ئازادیان بکەین.

منیش بە هاوەڵەکەمم وت: باشە ئەم حاڵەی ئێوە باشترە یان ئەوەی کە ئیسلام دایناوە، کە ئەگەر کەسێك دزی کرد لەسەر تێری بەو مەرجانەی کە شەرع دایناوە، دەستی ببڕدرێ، کە ئەوەش بوە هۆی ئەمن و ئومان و لە چوارسەد ساڵدا تەنها شەش کەس دەستی بڕدرا﴿...**قُلْ ءَأَنتُمْ أَعْلَمُ أَمِ ٱللَّهُ**...﴿١٤٠﴾﴾البقرة/ شایانی باسە من لە ئۆکلاهۆما شەش قفڵم بۆ دەرگاکەم کردبوو لە ترسی دز و جەردە؟!

## وەسیەتەکەی ئەتاتورك

لە ساڵی ٢٠٠٧ دا ڕۆژنامەی (حوڕییەت) ی تورکی کە لە ئەستەنبوڵ دەردەچێت هەواڵێکی بڵاوکردەوە کە وەك بۆمبێك وابوو لە تورکیادا تەقیەوە، ئەو هەواڵەش پەیوەندی هەیە بە وەسیەتەکەی (ئەتاتورك) ەوە کە ماوەیەك پێش مردنی نووسیویەتی و تائێستاش بە نهێنی پارێزراوە.

هەواڵەکە دەڵێت: ئەتاتورك لە ٦ی سێبتەمبەری ١٩٣٨دا واتە پێش دوومانگ لە مردنی، (ئیسماعیل کۆنتەر) ی بانگ کرد بۆ کۆشکی (دولمە باغجە) کە ئەوکاتە کاتب عەدلی شەش بوو لە شەقامی (بك ئوغلو) . . .

ئـەتاتورك نـەخۆش بـوو، (ڕەزا صـویاك) و پرۆفیسـۆر (نەشـئەت عومـەر ئیردلـب) ئامادەبوون ، ئەتاتورك وەسیەتەکەی خۆی - کە لەزەرفێکدا لۆك کرابوو و بە مۆری سوور لـە سێ لاوە مۆرکرابوو - دایە دەست (ئیسماعیل کۆنتەر) و پێی وت: لـەم زەرفـە مـۆرکراوەدا وەسیەتەکەم هەیە، کە کاتی خۆی هات ئەوەی پێویستە بیکەن.

لە ٢٨ی نۆڤەمبەری ١٩٣٩ دادگای سولّحی سێ لە ئەنقەرە زەرفێکی گـەورەی کـردەوە لەبەردەم دەستەیەکی فەرمی دا.

لەناو ئەو زەرفە گەورەیەدا زەرفێکی تر هەبوو کە سەرۆکی دادگای سێ (عثمان سلجوق) لە ٥ی سیبتەمبەری ١٩٣٩ لەبەردەم دەستەیەکی فەرمیدا لـە سـندوقێکی نهـێنی دا دای بـە مەرکەزی سەرەکی بانقی کشتوکالّی حکومی.

هاوڵاتیەکی تورکی بەناوی (مریج توملو آر) چەند ساڵێکە گرنگی ئەدات بەو وەسـیەتە و هەولّی ئاشکراکردنی ئـەدات و سایتێکیشـی بـۆ ئـەو مەبەسـتە دانـاوە بـەناوی (وەسـیەتە نهێنیەکەی ئەتاتورك) .

هاوڵاتیەکـە دەڵێـت: سـەردانی بەرپرسـە حکومیـەکانی کـردووە و هیچـیان نـەداوە بەدەستەوەو نکۆڵی لێ دەکەن، لە کاتێکـدا ئـەو زەرفـە کـە پـەنجا سـاڵی بـۆ دانـراوەو لـەناو سندوقێکدا کە لەحیم کراوە و هەڵگیراوە دەبوایە لە هەشتاکاندا ئاشکرا بکرایە، کەچی سـەرۆك کۆماری ئەوکاتە (کنعان ئورن) هیچی نەدرکاند و گەلی لێ ئاگادار نەکرد.

لە ساڵی ٢٠٠٥ دا ئەم هاوڵاتیە لە دادگای سولّحی دوانـزە لـە ئەنقـەرە داوای یاسـایی تۆمار کرد کە وەك مافی هاوڵاتیان دەبێت ئەو وەسیەتە ئاشکرا بکرێت، کە چەند شـایەت هـەن شایەتی دەدەن کە ئەو وەسیەتە هەیە، وەك سەرۆك کۆماری پێشوو (کنعان ئورن) کە لە ژیاندا ماوە و، (أمین شیرین) ئەندام پەرلەمانی پێشوو لـە ئەسـتەنبوڵ، نوسـەرو لێکۆڵـەری تـورکی ناودار (ئاتیۆج ئاڵتون دال) . . . کاتێك مەحکەمە هیچی نەکردو نەچوو بەدەم مەسـەلەکەوە، ئەو هاوڵاتیە لە ١٩ی ئیبریلـی ٢٠٠٧ دا لـە دادگـای مـافی مرۆڤـی ئـەوروپی داوای یاسـایی تۆمارکرد و عەریزەیەکی چل لاپەڕەیی پێشکەش کرد کە بەدرێژی مەسەلەکەی باس کردبوو، لە

٣١ ی مایۆی ٢٠٠٧ دا وەڵامی مەحکەمە هاتەوە کە داواکەی وەرگیراوەو دواتر لە بڕیاری دادگا ئاگاداری دەکەن.

نوسەر و لێکۆڵەری تورکی (ئاتیۆج ئاڵتون دال) دەڵێ:

سەرۆك کۆمار (کنعان ئورن) و سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتە (تورکۆت ئۆزال) کە دوایی بووە سەرۆك کۆمار وەسیەتەکەیان خوێندۆتەوەو بە بیانووی ئەوەی کە بار و زروفەکە لەبارنیە بۆ ئاشکراکردنی، لەساڵی ١٩٨٨دا بۆ (دە) ساڵی تر ئاشکراکردنەکەی دواخرا.

لەم وەسیەتەدا ئەتاتورك پێی باشە بگەڕێنەوە بۆ خەلافەتی ئیسلامی، بەڵام نەك بەشێوەی تاکەکەسی و پشتاوپشت، بەڵکو هەموو جیهانی ئیسلامی بەشداربن لە دەزگای خەلافەت دا و (منصب) ەکە بەشێوەی هەڵبژاردن و بەشێوەی دەوری بێت، لە ساڵی ١٩٥٨دا سەرۆك وەزیران (عەدنان مەندەریس) ئەو وەسیەتەی خوێندەوەو ئەمەش وای لێکرد کە جارێك بە ئەندامانی پەرلەمان بڵێت: (ئەگەر بتانەوێ دەتوانن هەموو شتێك بکەن، تەنانەت گێڕانەوەی خەلافەتیش) .

لەمەوبەر کەس نەی وێراوە خۆی بدات لە قەرەی ئەو وەسیەتە، بۆئەوەی تۆمەتبار نەکرێت بە ڕەجعیەت و گێڕانەوەی خەلافەت.

بەڵام ئێستا دیارە دنیاکە گۆڕاوەو ئەگەر قەراری مەحکەمەش دەرچێت لە ساڵحی مەسەلەکە، ئەوا حکومەتی تورکی ناچاردەبێت ئەو وەسیەتە ئاشکرابکات، بەڕاستی وەسیقەیەکی مێژویی گرنگە کە ئەتاتورکی تاوانبار بە ڕووخاندنی خەلافەت پاش ئەزمونێکی زۆر لە کۆتایی تەمەنی دا گەیشتتۆتە ئەو ڕاستیەی کە بگەڕێنەوە سەر خەلافەتی ئیسلامی.

## ئەمڕۆی تورکیا

لە ساڵی ٢٠٠٢دا زیاتر لە دەمیلۆن کەس دەنگی دا بەحیزبی دادوگەشەپێدان لە تورکیا کە بەوەش سەرکەوتنێکی گەورەیان بەدەست هێنا کە ٣٥٪ ی دەنگەکان بوو، لەم هەڵبژاردنەی دواییش دا (٤٧٪) ی دەنگەکانیان بەدەست هێنا کە زیاتر لە ١٦ ملیۆن کەس دەنگی پێدان لە کۆی (٤٢) ملیۆن کەس.

هەشتا ساڵ زیاترە کە دەوڵەتی کۆماری تورکیا دامەزراوە، کۆمەڵێ دەسەڵاتی بەهێز بەدەست عیلمانیەکانەوەیە کە دژی نەیارانیان بەکاریان هێناوە، وەك هۆکارەکانی ڕاگەیاندن، مەحکەمەی دەستووری، ئەمە بێجگە لە سوپا کەلەساڵی ١٩٦٠ ەوە چەند ئینقیلابێکی ئەنجام داوە، تەنانەت (عەدنان مەندەریس) کە دەیویست بگەڕێتەوە بەرەو ئیسلام لەسێدارەیان دا.

لە تورکیا دەزگای خوێندنی باڵا سەرپەرشتی نزیکەی سەد زانکۆ دەکات و هەر مامۆستایەك تەوەجوهی ئیسلامی بێت دووری دەخەنەوە، ئەمە بێجگە لەوەی دەزگای سەربازی نهێنی (گلادیۆ) کە پەیمانی ناتۆ لە پشتیەوەیەتی دەسەڵاتێکی گەورەی هەبوو، هەرکاتێ بیویستایە پشێوییەکی دەنایەوەو موسوڵمانانیشی پێ تاوان بار دەکرد، بۆ نموونە نوسەرێکی شیوعیان تیرۆردەکردو دەیانکرد بەهەڵا کە خەتەری ئیسلامی بەرێوەیە و دەبێ بەربەستی بۆ دابنرێت.

ئالەم بارودۆخەدا دادوگەشەپێدان توانی دەسەڵات بگرێتە دەست و کۆمەڵێ کاری مەزن ئەنجام بدات و نموونەیەکی جوان پێشکەش بە کۆمەڵگا بکات وەك:

١ - کەمکردنەوەی ڕێژەی هەڵئاوسان لە ٣٧٪ ەوە بۆ ٩٪.

٢ - کەمکردنەوەی ڕێژەی سوو لە ٦٥٪ ەوە بۆ ١٥٪ کە حکومەتەکانی پێشو قەرزیان لە بانکەکان و دەوڵەمەندەکان دەکردو ئەو ڕێژە زۆرەیان لە سوو ئەدانێ کە بەمەش پارەی میللەت ئەچووە گیرفانی بانقەکان و دەوڵەمەندەکانەوە.

٣ - لیرەی تورکی بەهای تەواو دابەزیبوو، ئەمان توانیان شەش سفر لە لیرەی تورکی بکەنەوە و ئێستا لیرەونیوێکی تورکی بەرامبەر بە دۆلارێکی ئەمریکی یە.

٤ - توانی دەفتەرو کتێب و قرطاسیە بەسەر هەموو قوتابخانەکانی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندیدا دابەش بکات کە نزیکەی دەملیۆن قوتابی لێی سوود مەند بوون.

٥ - زۆر لە سیاسەت مەداران و بازرگانان هەریەکەو بە پیلانێك نزیکەی (٤٦) ملیار دۆلاریان لە بانقەکانی حکومەت دزیبوو، ئەردۆغان دەستی گرت بەسەر ماڵ و موڵکی زۆر لەوانەدا و دانی بە دادگا کەبەمەش پارەیەکی باش بۆ وولات گەڕایەوە (نوخشەبێ لە کوردوستانیش ئاوا حکومەتێك بێت و بەرپرسە تاڵان چیەکان بدات بە دادگاو هەقی میللەتیان لێبسێننەوە، کە بە ملیارەها دۆلارە).

٦ - توانی ساڵانە ملیۆن و نیوێك تەن خەڵوز بدات بە هەژاران، بە تایبەت ناوچە ساردەکان کە ئەمەش چوارملیۆن کەس لێی سوودمەند بوون.

٧ - دووسەدوهەشتا هەزار شوققەی بە قیستی ئاسان دروست کرد بۆ هەژار و کەم دەرامەتەکان، وا بەنیازیشە کە ئەم ژمارەیە بگەیەنێتە (٥٠٠) هەزار شوققە (کتومت وەك لای خۆمان ئەو شوققانەی کە حکومەت دروستی کردن لە چەند قەزایەك چەند ساڵە کەس نەچۆتە ناویان لەبەرگرانی و بێکەڵکی، حکومەت هەروا ئەبێ! نزیکەی بیست ساڵە میللەت ئەخەڵەتێنن کە حکومەتەکەمان ساوایە، بەساوایی ئەمەبکات جا وەرە گەورە ببێت!!. . . )

٨ - توانی (٦٥٠٠) کم جادەوبان دروست بکات، لە کاتێکدا کە هەموو حکومەتەکانی پێشوو لە زەمانی ئەتاتورکەوە تەنها (٤٥٠٠) کم جادەیان دروست کردبوو.

٩ - لە ٦٥٪ ی ڕێگای ئیستراتیجی سەر دەریای ڕەشی جێ بەجێ کرد لە کاتێکدا کە لە دوانزە ساڵدا حکومەتەکانی پێشوو تەنها ٣٥٪ یان بۆ جێبەجێ کرا.

١٠ - دەستکەوتی تاکی تورکی کە ئەمان دەستەڵاتیان گرتەدەست (٢٥٠٠) دۆلاربوو ساڵانە، ئەمان توانیان دەستکەوتی تاکێك بگەیەننە (٥٥٠٠) دۆلار واتە دووئەوەندە زیاتر.

١١ - هەناردەی دەرەوەی تورکیا لە ٣٦ ملیار دۆلارەوە بوو بە ٩٦ ملیار.

١٢ - کە هاتنە سەر حوکم (٢٣) ملیار دۆلار قەرزاری سندوقی نەقدی دەولی بوون، توانیان قەرزەکان بدەنەوەو کەم بێتەوە بۆ (٩) ملیار دۆلار، تائێستا کار گەیشتۆتە ئەوەی سەرۆکی بانقی مەرکەزی تورکی ڕایگەیاند کە تورکیا پێویستی نەماوە بە سندوقی نەقدی دەولی.

١٣ - دەرگای هەموو خەستەخانەکانیان خستە سەرپشت بۆ هاوڵاتیان تەنانەت خەستەخانە ئەهلیەکانیش بڕێکی پارەکەی هاوڵاتی دەیدا و باقیەکەشی حکومەت ئەیدا.

١٤ - توانیان (٣٩) زانکۆی تازە بکەنەوە.

١٥ - کۆمەڵێ یاسایان دانا کە ماف و کەرامەت و ئازادی بۆ هاوڵاتیان گێڕایەوە و، ئازاردانیان یاساغ کرد لە بەندیخانە و مەخفەری پۆلیس و سزای هەموو ئەوانەیان دا کە پابەندنەبوون پێوەی، هەروەها مافی دا بە کەمایەتیەکان کە بەزمانی خۆیان بخوێنن و تەلەفزیۆنی خۆیان هەبێت.

١٦ - توانیان دەسەڵاتی ڕەهای سوپا کەم بکەنەوە و کۆمەڵگا لە چنگیان دەربێنن.

١٧ - توانیان پەیوەندییان باش بکەن لەگەڵ وڵاتە عەرەبی و ئیسلامی یەکاندا و ڕۆڵی تورکیا زیادبکەن لە سیاسەتی ناوچەکەدا.

بەڕاستی ئەزمونی دادوگەشەپێدان تا ڕادەیەکی زۆر لەتورکیادا سەرکەوتوبووە تا ئێستا، کە ئەمەش بەڵگەیکی ڕوونە لەسەرئەوەی کە دەکرێت حیزبێکی ئیسلامی سەردەمیانە کۆمەڵگا بەرێت بەرەو خێروخۆشی و سنوورێك دابنرێت بۆ مافیاکانی دەسەڵات کە چیتر یاری بە قووتی خەڵکی نەکەن.

## هاتن بەرەو ئیسلام

پێشکەشکردنی نموونەی جوان لەهەر شوێنێکی ئەم دنیایە، ئەبێتە هۆی بڵاوبونەوەی ئیسلام و دڵگەرمی بۆ پەیڕەویی کردنی پەیامی خوایی.

لە تورکیادا دادگەشەپێدان نموونەیەکی جوانی تائێستا پێشکەش کردووە، نەك تورکیا بەڵکو لەسەرتاسەری دنیادا دەنگی داوەتەوە و بوونەتە سەرمەشق بۆ خەڵکانی تریش.

لەهەر شوێنێك بانگخوازێکی چاك بانگەوازی کردبێت، بە هەزاران بگرە بە ملیۆنەها کەس هاوسۆزییان بۆ دەبڕیوەو پاڵپشتیان کردووە، باشترین نمونەیش عەمر خالیدە کە بە ملیۆنەها گەنج و پیر سەرسامن بە وتارەکانی و ئیسلامیەتی لە ژیان و هەڵس و کەوتیاندا ڕەنگی داوەتەوە.

هاوزەمان لەگەڵ وریابونەوەی موسوڵمانانندا لە وڵاتە ئیسلامیەکاندا بە هەزاران کەسی تر لە وڵاتە بیانیەکاندا دێن بەرەو ئیسلام، لە دیراسەیەکی وەزارەتی ناوخۆی فەڕەنسادا هاتووە کە ئیسلام بە خێرایی لە وڵاتدا بڵاودەبێتەوە و دووەم ئاینە لە دوای مەسیحیەت و ساڵانە زیاتر لە (٣٦٠٠) کەس موسوڵمان دەبن، ئەوانەش کە شوێنی دەکەون پەیڕەوی یاسا دەکەن و لە تاوان و پشێوی دوور دەکەونەوە.

موسوڵمانان لەفەڕەنسا بە چاکی پابەندن بە ئاینەکەیانەوەو لە ٥٥٪ یان ئاواتە خوازن بەزوویی لە ساڵانی داهاتوودا حەجی ماڵی خوا بکەن، گەنجەکانیشیان بە تایبەت زۆرچالاکن کە ئەمەش وای کردووە ئیسلام بەخێرایی بڵاوببێتەوە[٦].

[٦]- (گۆڤاری المجتمع، ژ ١٧٩٨ لە ١٩/ ٤/ ٢٠٠٨).

له وتارێكدا دكتۆر محمد العريفي لـه جەمعیـەی ئیصـلاحی كـوەیتی لـە ٢٦ی ئیبریـل ٢٠٠٨ دا: لـە ژێـر ناونیشـانی (سـەرت بـەرز بكـەرەوە ئایینەكـەت هەقـە) وتـی: ئامـارە فەرمیەكانی ساڵی ٢٠٠٦ لـە ئـەڵمانیا دەڵـێن: شـەش هـەزار كەسـی ئـەڵمانی لـەو سـاڵەدا موسوڵمان بوون، دیارە ژمارەیەكی زۆریش هەیە موسوڵمان بوون و ئیعلانی ناكەن، كە ئەمەش بەڵگەی بڵاوبوونەوەی ئیسلامە بە ئەوروپا دا. هەروەها دەڵێـت: لەسـاڵی دووهـەزار و پـەنجادا ئیسلام ئەبێ بەیەكەم ئایین لە بەلجیكا و ئێستاش زۆرترین ناوێـك كـە لـە منـاڵ دەنرێـت لـەو وڵاتەدا ناوی (محمد) ە.

## موسـوڵمان بـوونی كـچی قەشـەیەك

كورد واتەنی مرۆڤ دوژمـنی ئەوەیـە كـە نایزانێـت، زانـین و شـارەزابوون زۆر لـە گـرێ كوێرەكان دەكاتەوە، زۆرجار كەسانێك كە بۆ هەر كارێك بێت ڕوودەكەنە وڵاتە ئیسلامیەكان یان هەڵس وكەوت لەگەڵ موسوڵماناندا دەكەن، بە قەناعەتەوە موسوڵمان دەبن.

بۆ نموونە: فیفیان لوم ولونی تەمەن (٣٢) ساڵ كە كچی گەورە قەشەیەكی فلیپـینی یـە لە ساڵی ٢٠٠٦ دا موسوڵمان بوو، بەهۆی ئەوەی كە ماوەیەك لـە كوەیـت و ماوەیـەكیش لـە سعودیە كاری كرد، ڕۆژنامەی (الوطن) ی سعودی چـاوپێكەوتنی لەگـەڵ كـردو نـاوبراو وتـی: ئەوەی كە زۆر كاری تێكردووم و سەرنجی ڕاكێشاوم ئەو وشـە ڕاسـتانەیە كـە لـە شـەهادەت دا هەن. هەروەها دەڵێت كە گەڕامەوە فلیپین باوكم زۆر هەوڵی دا پاشـگەزببمەوە بـەڵام سـوودی نەبوو، كاتێكیش گەڕامەوە سعودیە شووم كرد بە فلیپینییەك كەپێش من بە ١٥ ساڵ موسوڵمان بوو بوو.

## گـراهام فـولـەر هـەقی وت

ناوبراوجێگری پێشووی سەرۆكی مەجلیسی ئـەمنی قـەومی بـوو لەسـی ئـای ئـەی و، ئێستاش مامۆستای مێژووە لە زانكۆیەكی كەنەدی و چـەند پـەڕاوێكی هەیـە وەك (مستقبل الاسلام السياسي) ، لە دژایەتی كردنی ئیسلامەوە گۆڕا بۆ پارێزەری ئیسـلام، بـە موسـوڵمان

بونی کچەکەی ڕاوبۆچونی گۆڕدرا و لە وتارێکدا کە گۆڤـاری سیاسـەتی دەرەوە ( foreign policy) بڵاوی کردۆتەوە  هەموو ئەو تاوانانەی دەدرێنە پاڵ ئیسلام وەڵامـی داونەتـەوە و دەڵێت: ڕۆژئاواییەکان دەڵێن: ئیسلام هۆکاری پشێوی و دوژمنایەتی ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئاوایـە و هۆی چارەسەر نەبونی کێشەی فەلەستینیەو هـۆی ئـەو دیکتاتۆریەتانەیـە کـە لـە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاست دایە و هۆکاری ئیرهاب و تۆقاندنە، ئەمانە هەمووی ناڕاست و بێ بنەمان.

ئنجا داوا لە خوێنەر دەکات کە ئەگەر وا دانێین ئیسلام نیە، خۆ لەم وڵاتانەدا عەرەب و کورد و تورك و فارس هەیە، باشە ئەگەر موسـوڵمان نـەبن و گـاوربن ئایـا پەیوەنـدییان بـاش دەبێت لەگەڵ ڕۆژئاوادا، دیارە نەخێر، لەبەرئەوەی ڕۆژئاوا تەماعی (جیـۆ سیاسـی و ئـابوری) هەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا و دەست بەرداری نابێت ئەگەر هەموو خەڵکەکەش مەسـیحی بن، دیارە مەسیحیەکانی ڕۆژهەڵاتیش هەرگیز قایل نابن مەسـیحیەکانی ڕۆژئـاوا وڵاتـەکانیان داگیربکەن و خێروخێراتیان ببەن، دیارە هەڵوێستیان هەروەك هەڵوێستی موسـوڵمانانی ئێسـتا دەبێت.

ئنجا بۆ مەسەلەی دیموکراتیەتیش، ئایا ئیسلام نەبێ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دیموکراتی تر دەبێت؟! باشە ئەوروپا کە موسوڵمانیش نەبوو کەم دیکتاتۆریەتی تیابوو، ئیسپانیا و پورتوغال تا ساڵانی حەفتاکان لە دیکتاتۆریەت ڕزگاریان نەبوو، یۆنانیش بە هەمان شێوە، ڕوسـیاش تـا ئێستا بە دەست دیکتاتۆریەتەوە دەناڵێنێ، ئەمریکای لاتینیش بـە پاڵپشـتی ئـەمریکا و بـە بەشداری کەنیسەی کاسۆلیکی دەردی چەشت بەدەست تاکڕەوی و دیکتاتۆریەتەوە، خـۆ وڵاتـە ئەفریقیە مەسیحیەکانیش حاڵیان خراپتر بوو بەدەست دیکتاتۆریەتەوە.

لە ڕاستیدا ئەگەر ئیسلام گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی یەك نەختایە و بەها باڵاکانی جێـی شـانازییان نەبوایـە، ئـەوا دیـارە ئیسـتیعماری ڕۆژئـاوا ئاسـانتر ئـەم وڵاتانـەی داگیردەکرد،ئەمەش هۆکاری سەرەکی یە کە ئـەمریکا داخ لەدڵـە لـە ئیسـلام و ئـەو هـەموو دژایەتیەی دەکات.

بۆ مەسەلەی ئیرهابیش، نازانم بۆ ڕۆژئاوا ئەوەندە کورت بینن، بیریان چۆتەوە یـان بـیری خۆیانی دەبەنەوە کە چی ئیرهاب لای خۆیان هەیە، ئەوە جوولەکە چ ئیرهابێك بـەکاردێنێ دژی

فەلەستینی یەکان، ئەوە تامیل لە ڕێ ی ئیرهابەوە سەرۆك وەزیرانی هیندی راجیف غاندیان تیرۆر کرد، ئیرهابیە یۆنانیەکان نەبوون کە فەرمانبەرە ئەمریکیەکانیان کوشت لە ئەسینا، ئەی ئیرهابیە سیخەکان نەبوون ئەندێرا غاندییان کوشت، ئەی سوپای ئێرلەندی جەمهوری چەندەها ساڵە بە ئیرهاب بەربەرەکانێ ی سەربازە بەریتانیەکان ناکات؟

کەواتە مەرج نیە هەرچی ئیرهابی بوو موسوڵمان بێت، ئامارەکان دەڵێن: لە یەکێتی ئەوروپادا لە ساڵی ٢٠٠٦ دا (٤٩٨) ڕوداوی ئیرهابی ڕویداوە، کە تەنها یەکێکیان پەیوەندی بە موسوڵمانانەوە بووە.

بەڕاستی موسوڵمانان کە ڕقیان لە ڕۆژئاوایە، بەهۆی سیاسەتی چەوت و ناعادیلانەی ڕۆژئاوایە بەرامبەر موسوڵمانان خۆئەگەر کارەساتی١١ی سێبتەمبەریش ڕووی نەدایە شتێکی تر هەر ڕووی ئەدا.

ئەبێ ڕۆژئاوا لە بیری بێت ئەو هەموو کارەساتەی لە سەدەی بیستەمدا هاتە کایەوە، لە ڕێ ی نیزامە عیلمانیەکانەوە بووە وەك: لیبۆلدی دووەم لە کۆنغۆ، هیتلر، مۆسۆلۆنی، ستالین، ئەلبوت بوت، ئەمە بێجگە لەوەی کە ئەوروپی یەکان دوو جەنگی جیهانی گەورەی ماڵوێرانکەریان تووشی جیهان کرد کە بە ملیۆنەها کەس بوونە قوربانی.

سبحان الله. . . و شهد شاهد من أهلها. . . بەڕاستی ئەمەش سەرکەوتنێکی ترە بۆ ئیسلام کە کەسایەتیەکی ناوداری سیاسەتمەداری ئاوا شارەزا بەبێ ئەوەی موسوڵمانیش بێت، دان ئەنێ بە ڕاستیەکاندا وبە ویژدانەوە، وەڵامی ناحەزان ئەداتەوە.

کاتێك کەسێکی ئاوا یان ئەمیر چارلزی بەریتانیا مەدح و سەنای ئیسلام دەکات، بەڕاستی دوژمنان سەری دنیایان لێ دێتەوەیەك، چونکە قسەی ئەوان وەك قسەی کەسانی ترنیە ئەوانە عالەمێك گوێیان بۆ دەگرن و سەنگی خۆیان هەیە لە دنیای ئەمڕۆدا.

## موسوڵمان بووم بۆ ئەوەی بخەوم

لەم ساڵانەی دوایدا پەڕاوێك دەرچوو لە ئەمریکا بەناوی (کەوتن و هەستانەوەی دەوڵەتی ئیسلامی) کە مامۆستای یاسای زانکۆی هارفارد پرۆفیسۆر (نوا فیلدمان) نوسیویەتی،

ناوبراو دەڵێت: باوەشکردنی جەماوەر بە ئیسلامدا لەم سەردەمەدا پاش ئەوەی کە لە پێشتردا وازیان لێ هێنابوو ڕەنگە ببێتە هۆی هاتنەوە کایەی خەلافەتێکی ئیسلامیی سەرکەوتوو، کە دادپەروەری یاسایی و قەزایی دابین بکات بۆ موسوڵمانان، کە ئەمەش بەوە دەبێت دەزگای تازە دامەزرێنن هاوسەنگی دەستوری بپارێزێ لە نێوان هێزەکانی ناو کۆمەڵگا و دەسەڵات دا[٧].

باوەشکردنی جەماوەر بە ئیسلامدا لەگەڵ ئەو هەموو چەواشەکاری یەی کە لە ئارادایە، وەهاتنی بیانیەکان بەرەو ئیسلام لەگەڵ ئەوەدا کەزۆربەی زۆری هۆکارەکانی ڕاگەیاندن دژایەتی ئیسلام دەکات، بەڵگەیە لەسەر داهاتووی گەشی ئیسلام.



وینەی بروفیسور نوا فیلدمان

دەنگوباسی سەیرو سەمەرە هەیە لەم بوارەدا، بانگخوازی میسری شێخ محمد حەسان دەڵێت: پیاوێکی بەریتانی لە شوقەکەیەوە کەسێك دەبینێ کەلەسەر کورسیەك لە هایدپارك خەوتووە، دێ بۆ لای لە نزیکەوە دەبینێ لە خەوێکی قوڵدایەو پرخەی دێت. خەبەری دەکاتەوەو دەڵێ: بێ زەحمەت پێم نالێ ی تۆ چۆن ئاواخەوت لێکەتووە، من چی حەب و دەرمانیش دەخۆم ئاوا ناتوانم بخەوم.

---

٧- ژمارە ١٧٩٨ی گۆڤاری المجتمع: ١٩/ ٤/ ٢٠٠٨.

کابرا وتی: برام من موسڵمانم ودڵ و دەرونم ئارامەو کۆڵم بەدنیاوە هەڵنەگرتووە، پاش ئەوەی باسی ئیسلامی بۆ دەکات دەچن لە مەرکەزێکی ئیسلامی لە بەریتانیا موسڵمان دەبێت، کەلێی دەپرسن بۆچی موسڵمان بووی؟ دەڵێ: موسوڵمان بووم بۆ ئەوەی بخەوم !!.

## خەوبینین بە مەککەوە

بانگخوازی کوەیتی شێخ **نبیل العوضی** دەڵێت: لە لیژنەی ناساندنی ئیسلام لە کوەیت بۆ ئیش وکار تا ئێوارەیەکی درەنگ لەگەڵ هاوکارانمدا ماینەوە، پیاوێکی ئەمریکی سووروسپی خۆی کرد بە ژووردا و پرسیاری کرد لەبارەی ئیسلامەوەوپاش ئەوەی کە وەڵامی پرسیارەکانیمان دایەوە، موسڵمان بوو، کە لێمان پرسی چۆنە ئاوا بەدوای ئیسلامدا دەگەڕێیت وتی: لە منالێمەوە خەوم بە شوێنێکەوە ئەدی ئەیان وت ئەوە مەککەیە، منیش لە نەنکم پرسی مەککە لەکوێ یە ؟وتی: شارێکی پیرۆزی موسڵمانانە.

بەم جۆرە مامەوە تاتەمەنم بوو بە سی ساڵ، لەگەڵ ئەوەدا کە هات وچۆی کەنیسەم دەکرد زۆر پرسیارم لادروست بوو بوو کە بێ وەڵام بوون وهەمیشە بەدڵ عەوداڵی هەق و راستی بووم، ڕۆژێك بەکوڵ ودڵ لە خوا پاڕامەوە کە ڕێگەیەکم پیشان بدات لە ئیسلام نزیك ببمەوە، خوا ئاگادارە زۆری نەخایاند زەنگی تەلەفونەکەم لێی داو پێیان وتم: ناوت دەرچووە بۆ خزمەتی سەربازی لە وڵاتی کوەیت.   زانیم کەخوا دوعاکەی قبوڵ کردووم، زۆر سوپاسی خوام کرد، هەرئەوەندەش گەیشتمە سەربازگەی باشووری کوەیت پرسیارم کرد لەبارەی ئیسلام و موسڵمانبوونەوە، ناونیشانی ئێوەیان بۆ هەڵدام و لە عەسرەوە ئەگەڕێم ئێستا گەیشتمە لاتان. بەڕاستی تەنها خوا ئاگاداری دڵی بەندەکانێتی و هەرئەوە کە (هادی) یە.

## موسوڵمانبوونی ئەمریکییەك

دکتۆر یەحیا یەحیا کەزانایەکی سعودیە لە بەرنامەی (الاسرة الواحدة)  لە کەناڵی المجد دەڵێت: بانگخوازێك لە کەناڵێکی ئاسمانیەوە حەرەم پیشانی ئەمریکی یەك ئەدات، کە ئەو

هەمووکەسە رووداوەکەنە حەرەم بۆ نوێژکردن وپێی دەڵێ: بەلای تۆوە چەندی ئەوێت تا ئەوانە هەمووی ڕێك دەخرێن و ڕیزدەبن.

وتی: سێ سەعات . پێی وت: حەرەم چوار قاتە، وتی کەواتە دوانزە سەعاتی دەوێت. لەم قسانەدا بوون ئیمامی حەرەم (سودەیس) وتی: (إستَووا) . هەر هەموو خەڵکەکە لەماوەیەکی زۆر کەمدا بەڕێکوپێکی بەڕیز وەستان! ئەمریکیەکە کە ئەمەی دی موسڵمان بوو.[٨]

## چیرۆکی سەرکەوتن

بەدرێژایی مێژوو لە سەرتاسەری دنیادا کەسانێك هەبوون کە بە هەوڵ و کۆشش و خەبات و ماندووبوونیان، سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە، کە بەهۆیەوە خۆیان و خەڵکیش سوودمەند بوون و هەردەم باسیش دەکرێن وەك مامۆستا و سەرمەشق، تا کەسانی تریش لە ژیاندا ئیجابی بن و تواناکانیان بخەنە کارو چاویان لێ بکەن، بۆ نموونە: گەنجێك لە یابان بەناوی (تاکیۆ ئۆساهیرا) شۆڕشێکی پێشکەوتن وشارستانێتی لە یابان دا بەرپاکرد.

یابان پاش جەنگی جیهانی تەواو شکست و ماندوو بوو، لە زۆر بواری ژیاندا داڕووخاو بوو، کۆمەڵێ لاوی نارد بۆ ئەڵمانیا بۆ فێربوون، دیار بوو ئەهل نەبوون بۆ ئەو کارە مەزنە، بۆیە کاتیان بەفیڕۆ ئەدا و سەرگەرمی شتی خراپ بوون، حکومەتی یابانیش چاودێریی بۆ دانابوون، بۆیە سزای دان و کردنی بە پەند بۆ کەسانی تریش کە وەك ئەوان بکەن.

پاشان چەند کەسێکی تریان نارد بۆ ئەڵمانیا تا بڕوانامەی باڵا بەدەست بهێنن و پاشان بگەڕێنەوە لە یاباندا خزمەت بکەن، یەکێ لەوانە (تاکیۆ ئۆساهیرا) بوو، کاتێك ئەم لاوە گەیشتە ئەڵمانیا، خەوێکی هەبوو دەیویست بیهێنێتەدی، ئامانجێکی هەبوو دەیویست پێی بگات، کە ئەوەش دروستکردنی ماتۆڕێکی کارەبایی یابانی بوو، کەوتە خوێندن و مامۆستاکانی هانیان ئەدا کە ئاواتەکەی بەوە دێتەدی کە دکتۆرا بهێنێ لە ئەندازەی میکانیك

---

[٨]- (المجتمع ١٨٩٩- ٢٤-٥-٢٠١٠).

دا، بەڵام ئەم ڕاوبۆچونێکی تری هەبوو، دەیزانی بە شەهادە و بڕوانامەی باڵا نیە، هەرچەند ئەم لە بواری خوێندنەکەشیدا سەرکەوتو بوو بەڵام چی سەیری ماتۆڕی دەکرد لوغزێك بوو بەلایەوە بۆی شیکار نەدەکرا.

ئۆساهیرا کۆڵی نەدا، چوو لە پێشانگایەکی فرۆشتنی ماتۆڕی ئیتاڵی، بەو پارانەی پێی بوو ماتۆڕێکی کڕی، بردیەوە لە ژوورەکەی خۆیدا هەڵی وەشاند، ئینجا کەوتە ڕەسم کردنی هەریەکە لە پارچەکانی و بیری لێ دەکردەوە کە بۆچی ئەو پارچەیە لەو جێگایەدا دانراوە و چ دەورێکی هەیە، ئینجا پارچەکانی بەستەوە بەیەکەوە، ئەم ئیشەی سێ ڕۆژی خایاند، شەو و ڕۆژی سێ سەعات دەخەوت، لە سێیەم ڕۆژدا توانی بە تەواوی بیبەستێتەوە و بیخاتەوە ئیش، زۆر دڵخۆش بوو، وتی: سەرکەوتم، مامۆستاکەی پێ ی وت: جارێ ماوتە، سەرکەوتنی تەواو ئەوەیە بتوانی ئەم ماتۆڕە شکاوە چاك بکەیتەوە، ماتۆڕەکەی وەرگرت و گرتی بەسەر سنگیەوە، ئەو ماتۆڕە ئاوات و ئامانجەکەیەتی و لە باوەشی گرتووە، ئەگەر لەمەدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێ و بیخاتەوە ئیش ئەوە کارێکی مەزنی کردووە.

ماتۆڕەکەی کردەوە و پارچە پەرچەی کرد، خەلەلەکەی دۆزییەوە، بەڵام پێویستی بە دروستکردنی پارچەیەکی بچوك بوو بۆی، بۆیە بیری کردەوە کە ئەبێ لەبواری توانەوەی کانزاکان و دروستکردنی قاڵبی ئەو پارچانەدا شارەزابێ، ئەو ماتۆڕەی بە دە ڕۆژ چاکردەوە، چووە لای سەرۆکی بیعثە کەی کە لەگەڵیا بوو لە ئەڵمانیا، پێی وت: من لەمەودوا بەدلەی کار لەبەردەکەم و وەك کرێکارێکی ئاسایی کار لە کارگەکانی توانەوەی کانزاکاندا دەکەم تا بتوانم پارچەکانی ماتۆڕ درست بکەم.

بەم عەزیمەتەوە گەڕایەوە یابان، یەکسەر نامەیەکی ئیمبراتۆری یابانی بۆ هات، کە داوای چاوپێکەوتنی لێ دەکرد تا سوپاسی بکات لەسەر هەوڵەکانی، ئەویش وەلامی دایەوە، جارێ زۆرم ماوە، من ئێستا شایانی ئەو هەموو ڕێزو پێزانینە نیم.

کەوتە هەوڵ و کارکردن، نۆ ساڵی تر هەوڵی دا، پاش ئەوەی نۆ ساڵیش لە ئەڵمانیا بوو، بەم هەژدە ساڵە ڕەنج و ماندوو بوونەکەی هاتەبەر و دە ماتۆڕی یابانی دروست کرد و بردی بۆ کۆشکی ئیمبراتۆری یابانی و وتی: ئێستا سەرکەوتووم، ماتۆڕەکانی خستە ئیش، کە ئیمبراتۆر

گوێی لە دەنگی ئیش کردنی ماتۆڕەکان بوو زۆر دڵخۆش بوو وتی: ئەمە خۆشترین سەمفۆنیایە لە ژیانمدا گوێم لێ بووبێت.

ئەم لاوە ئامانجێکی هەبوو، بەرچاوی ڕوون بوو، دەیویست بگاتە مەبەستێك، سەرەنجام بەدەستی هێنا و شیعارێکیشی هێنایە کایەوە کە لەسەر دەمی هەموو کرێکارێکی یابانی بوو، (ئەگەر خەڵکی لە ڕۆژێکدا هەشت سەعات کار بکەن، من نۆ سەعات کاردەکەم، هەشت سەعاتی بۆ خۆم و ماڵ و منداڵەکەم، سەعاتە زیادەکەشی بۆ یابان) بەم مەعنەویاتە بەرزەوە ئەوەندە پێش کەوتن کە دەڵێن ئێستا لە جیاتی دوو ڕۆژ پشووی هەفتانە سێ ڕۆژ پشوویان بۆ دانراوە.

## لاوێکی کۆڵنەدەر

لە شاری بەیروتی پایتەختی لوبنان، لاوێك دایك و باوکی دەمرێت و دەکەوێتە لای مامی، مامیشی پیاوێکی دڵڕەقی ناحاڵی، ڕۆژێك دەری دەکات و ئەمیش بێ کەس و بێ دەر لەسەر جادە دەخەوێت لای عەمودێکەوە کە گڵۆپێکی زەردی پێوە بوو، لە ناچاریش دا لەو پاشماوەی خواردنانەی دەخوارد کە خەڵکی فڕێیان دەدایە حاویەکەوە لەو نزیکانە.

زۆرجار پاشماوەی ئەو لەفانەی دەخوارد کە لە پارچە ڕۆژنامەیەکەوە پێچرابوون، پاش ئەوەی پارچە لەفەکەی دەخوارد، لە پارچە ڕۆژنامەکە ورد ئەبۆوە و دەیخوێندەوە، پاش ماوەیەك ئەوەی لا دروست بوو کەببێتە نوسەر و ڕۆژنامەنوس، زۆرگەڕا بەدوای دەزگایەکی ڕۆژنامەگەریدا خەریك بوو بێ هیوا ببێ، تا دەزگایەکی دۆزییەوە، ڕازی بوون کە وەك کرێکارێك دای بنێن ئێواران بۆ پاككردنەوەی مێز و کورسی و ئامێرەکانی چاپکردنی دەزگاکە، بەمەش بواری بۆ ڕەخسا کەڕۆژانە ڕۆژنامە بخوێنێتەوە، بەیانیانیش دەیخوێند، وردە وردە شارەزایی زیاتری پەیداکرد لە بواری نوسیندا و کەوتە یاداشت کردنی یادەوەریەکانی ڕۆژانە لە دەفتەرێکدا.

ڕۆژێك دەفتەرەکەی بەدەستەوە بوو، بەپەلە دەڕۆیشت لەناو ڕاڕەوی دەزگاکەدا خۆی دا بە پیاوێکی بەتەمەندا و دەفتەرەکە لەدەستی پەڕی، پیاوەکە زۆر بەڕێز بوو، داوای لێبوردنی

لێکرد ودەفتەرەکەی بۆ هەڵگرتەوە و وتی: ئایا لەم دەزگایەدا ئیش دەکەیت، وتی: بەڵێ چەند مانگێکە، وتی: ماشاء الله، من سەرنوسەری ئەم ڕۆژنامەیەم، ئەی ئەم دەفتەرە چیە بە دەستەوە، وتی: ئەوە یادەوەری ژیانمە بۆخۆم یاداشتیان دەکەم، حەزدەکەی سەیرێکی بکە بۆم.

چوونە نوسینگەی سەرنوسەر و سەیری هەندێ لە نوسراوەکەی کرد، بۆی دەرکەوت توانای نوسینی هەیە و لە ئەزمون و موعاناتێکی ڕاستەقینەوە قسە دەکات، کەوتە هاوکاری کردنی بۆ زیاتر بەرەوپێش چوون، یەکەم وتاری لەو ڕۆژنامەیەدا بۆبڵاوکردەوە، کە ئەمەش بووە سەرەتایەکی باش بۆی و دەرگای خێری لێکرایەوە.

سەرەنجام پاش چەند ساڵێك هەوڵ وماندوو بوون ئەو لاوە بووە سەرنوسەری ئەو ڕۆژنامەیە و پاشان بووە خاوەنی ڕۆژنامەکە و پاشان بووە خاوەنی گەورەترین دەزگای ڕۆژنامەگەری لە لوبنان دا.

بەڕاستی یەك جار دەژین، بۆیە باهەوڵ بدەین باش بژین، با تواناکانمان هەمووی بخەینە کار و چاوببڕینە ئاسۆی گەشی ئاینده و کۆڵ نەدەین، دیارە بەخششەکانی خوا زۆرن و لەکەس یاساغ نەکراون ) ﴿ كُلًّا نُّمِدُّ هَٰٓؤُلَآءِ وَهَٰٓؤُلَآءِ مِنۡ عَطَآءِ رَبِّكَۚ وَمَا كَانَ عَطَآءُ رَبِّكَ مَحۡظُورًا ﴿٢٠﴾ ﴾الأسراء ، واتە: بەڕاستی بەخششی پەروەردگارت سنووردراو و قەدەغەکراو نیە لە دنیادا. . . [٩]

## گەورەترین دەزگای بڵاوکردنەوە

(مەلا عبدالقيوم) زانایەکی هیندی یە لە (حيدر آباد الدكن) لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا ژیاوە، ڕۆژێك میوانی دێت، کوڕەکەی دەنێرێ هەندێ شیرینی بکڕێت، کە دێتەوە شیرینی یەکە لە پاکەتێکدا تەغلیف کراوە بە لاپەڕەیەك، کە سەیری دەکات دەستنوسێکی کۆنە.

ئەم زانایە زۆر بێتاقەت بوو بە فەوتانی دەستنوسە ئیسلامیەکان، ڕۆیشت بۆ ئیمارەی ئاصفیە لە حيدر آباد الدكن ، لەگەڵ بەرپرسانی فێرکردن و زانست دا قسەی کرد کە کارێك

---

[٩]- پێگەی: أشرعة.

بکرێ بۆ پاراستنی دەستنوسە ئیسلامیەکان، ئەوانیش پێشوازیەکەی گەورەیان لە فیکرەکە کرد و لیژنەیەك دروست کرا لە چەند زانایەك.

حاکمی ئەو کاتە (نظام الملك آصفجاه) فەرمانێکی دەرکرد بە دروستکردنی (دائیرەی معاریفی نظامیە) و دواتر لە ١٩٥٦ دا بوو بە (دائیرەی معاریفی عوسمانیە) بەناوی (نیزام میر عثمان) کە ساڵانە بەدەیان هەزار دۆلار هاوکاری دەکردن.

ئەم کارە پیرۆزە بوو بەهۆی پاراستنی کەلەپور و دەستخەتی ئیسلامی کە لە سەدان موجەلەدا بڵاوکراوەتەوە ، ئنجا کارەکە فراوانتر بوو بەوەی کە بە کۆپی کردن و وێنەگرتن لە کتێبخانەکانی جیهانەوە دەست خەت و پەڕاوی کۆنیان پەیدا دەکرد.

(محمد رشید رضا) دەڵێت: (جیهانی ئیسلامی سوپاسی هەوڵی هیند دەکات لە بڵاوکردنەوەی پەڕاوە گرنگەکانی سیرە وفەرموودە) [١٠].

## موسوڵمانانی کالیفۆرنیا

موسوڵمانان لە کالیفۆرنیا نزیکەی (٦٠٠) شەش سەد هەزار کەس دەبن، لەڕێ ی ڕێکخراوی (ئەسنا) لقی ساکرامینتۆ لە کالیفۆرنیا ساڵانە لە جەناحێکدا بەناوی (بۆچی ئیسلام؟) چەندەها نوسخەی قورئان و پەڕاوی ئیسلامی و شتی تر پیشان دەدرێت، کە ساڵانە نزیکەی (٩٠٠) نۆسەد هەزار کەس سەردانی ئەو پێشانگایە دەکات. ئەو کەسانەی کە سەردانی ئەو جەناحەش دەکەن چ پرسیارێکیان هەبێت لەبارەی ئیسلامەوە دەیکەن و کەسانی موسوڵمانی خۆبەخش کە ئەم بەشەی پێشانگاکە بەڕێوە دەبەن وەڵامی پرسیارەکانیان ئەدەنەوە.

ئەرشەد خان کە بەرپرسێکە لە ڕێکخراوی ئەسنا دەڵێت: ئەمانەوێت ڕوونی بکەینەوە کە ئێمە بەشێکین لەم کۆمەڵگایە، ئەوەی زۆر گرنگە لەم پێشانگایەدا ئەوەیە کە شوێنکەوتوانی هەموو ئاینەکان سەردانی دەکەن و لە نزیکەوە ڕاستیەکان دەبینن .

---

[١٠]- (ینابیع. نیت)

ئال فینك (خانەنشینێکی جولەکەیە) دەڵێت: (ئەم جەناحە هۆکارێکی گرنگە بۆ سڕینەوەی ئەو وێنە ناجۆرەی کە لە بیروهۆشی دا دروست بووە لەبارەی ئیسلامەوە، بەڕاستی تێنەگەیشتن و نەزانی شتانێکی ترسناکن) .

لە ئامارەکانەوە دەردەکەوێت کە ئەو (٣٠٠) ملیۆنەی دانیشتووی ئەمریکان ژمارەیەکی کەمیان لە بارەی ئسلامەوە شارەزان و موسوڵمانانیش ژمارەیان تەنها حەوت ملیۆن کەسە.

(ڕۆژنامەی ساکرامینتۆ بی دەیلی) لە (١٨ - ٨ - ٢٠٠٨) دا دەڵێت: ئافرەتێکی ئەمریکی بەناوی (کیندی کاسدی) کە سەردانی پێشانگاکەی کرد لە ئافرەتێکی بالآپۆشی جەناحەکەی پرسی (ببورە، تۆ بۆچی لەچکت کردووە و قژی خۆت داپۆشیوە، من هیچی وا نازانم لە بارەی ئیسلامەوە و پرسیارم زۆرە) .

ئافرەتە بالآپۆشەکە کە تەمەنی (٢٥) ساڵێك دەبوو بە زەردەخەنەوە وەڵامی دایەوە (خۆداپۆشین، گوێ ڕایەڵیە بۆ خوای بالآدەست، کە فەرمانی پێداوین خۆمان داپۆشین، هەروەها خۆداپۆشین هەنگاوێکە بەرەو ئازادی، چونکە هەرکەسە و قەناعەتی بەچی بێت ئەوە لەبەردەکات) [١١]

## ناساندنی ئیسلام لە نیویۆرك دا

لە مانگی ڕەمەزانی ساڵی ٢٠٠٩ دا هەڵمەتی ناساندنی ئیسلام و پێغەمبەرﷺ دەستی پێکرد لە میترۆی شاری نیویۆرك دا، لە ژێر ناوی (هەقتانە بزانن) . . ئەم هەڵمەتە ڕێکخراوی ئەسنا لە ئەمریکای باکور پێی هەستا لە یادی ١١ ی سێبتەمبەر دا، بۆ ڕەواندنەوەو بەرپەرچدانەوەی ئەو گومانانەی بۆ ئیسلام و پێغەمبەرﷺ دروست کراون.

هەڵمەتەکە بریتی بوو لە هەڵواسینی سێ ئیعلان بە هەزار فارغۆنی شەمەندەفەری خێرای میترۆکەوە، کە ڕۆژانە نزیکەی (٥) ملیۆن کەس لەو شارەدا بەو میترۆیە هاتوچۆ دەکەن٠ دیارە هەموو ئەوانەش هەقیانە لە ئیسلام شارەزابن.

---

١١- (ئیسلام ئۆن لاین).

ئیعلانەکان بە سپی دەنوسرێن لەسەر تەختێکی ڕەش تا بەجوانی و بە ئاسانی بخوێنرێنەوە، هەروەها لەژێر ئیعلانەکانەوە دەنووسرێ ئەگەر مەبەستتە شارەزابیت لە ئیسلام سەردانی پێگەی (whyislam. org) بکە تا وەڵامی هەموو پرسیارەکانت دەست بکەوێت.

هەڵمەتی ناساندنی ئیسلام لە ئەمریکا سیناتۆری جەمهوری (بیتر کینگ) ی تووڕەکردو، ناوبراو داوای لە بەرپرسانی گواستنەوە کرد کە ڕێ نەدەن بەو ئیعلاناتانە.

(عەزام خان) وتەبێژی ڕێکخراوی ئەسنا بە شەبەکەی (سی ئێن ئێن) ی ئیخباریی ئەمریکی وت: (وا ئەزانم هێرشی سیناتۆر (بیتر) زیاتر دەری دەخات کە پێویستی زۆرمان بەو هەڵمەتی ناساندنە هەیە) .

## موسوڵمان بوونی ( جیفرسون بندر )

مامۆستای زانکۆی میرلاندی ئەمریکی پاش موسوڵمانبونی بە چەند چرکەیەك ئاوا هەستی خۆشی خۆی دەربڕی (وا ئەزانم ئێستا من سەرلەنوێ لەدایك بومەتەوە) .

پاش نوێژی هەینی لە بنکەی ئیسلامی لە واشنتۆن، وتاربێژی مزگەوتەکە لەڕێی بلندگۆکانەوە موسوڵمانبونی (جیفرسون) ی ڕاگەیاند و ناوبراویش مایکەکەی لێ وەرگرت و وتی: (أشهد أن لا إله إلا الله و أشهد ان محمد رسول الله) بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

پاش موسوڵمان بونی بەدەم (الله أکبر) ی جیفرسون و ئامادەبوانەوە نوێژخوێنان کەوتنە باوەش پیاکردن و پیرۆزبایی کردن لەم برا موسوڵمانە تازەیە.

(جیفرسون) باسی گەشتی ئیمانی خۆی دەکات کە لە (سەنغال) ەوە دەست پێدەکات، کاتێ لەوێ لەگەڵ موسوڵمانانندا کاری کردووە، هەر لەوێوە بڕیاری داوە کە بەدوای ئیسلام دا بگەڕێت.

جیفرسۆن کە بەها باڵاکانی ئیسلامی بینیوە لەو کەسانەی کە ناسیونی، زۆر سەرسام بووە بە مەزنی ئیسلام و دەڵێت (من هونەرمەندم، لە بوارەکەی خۆم دا کارم لەگەڵ موسوڵمانانندا کردووە و منیان لە ناخەوە هەژاندووە، بینیم چۆن ژیان بەسەر دەبەن)

ناوبراو دەڵێت: (موسوڵمان بونم قۆناغێکی نوێ یە لە ژیانم دا، وا ئەزانم فرسەتێکی باشە کە جارێکی تر خۆم بدۆزمەوە، من چەندەها ساڵ سەرگەردان بووم، بەڕاستی مرۆڤ چەند لە ئاین دووربێت ئەوەندە سەرگەردانە! ئەمڕۆش کە موسوڵمان بووم فێری شێوازێکی نوێ بووم لە سەیرکردنی ژیان دا، ئەمەش وام لێ دەکات زیاتر بەختەوەربم، هەرچەند من هێشتا سەرەتامە، من هەر ئەوەندەیە خۆم هەڵداوەتە ئۆقیانوسی ئیسلامەوە و تازەش خەریکە فێری مەلە دەبم.

من حەزدەکەم بە چاکی پابەندبم بە ئیسلامەوە و لـە ڕێ ی مامۆسـتاکانەوە زوو فێـری نوێژ و تەعالیمی ئیسلام ببم.

جیفرسۆنی تازە موسوڵمان لـە بـارەی کۆمـەڵگا نوێکەیـەوە دەڵێـت: (هەست کردنـی ڕاستەقینەت بە بوونت لە کۆمەڵگادا تەنها بە نوێژکردن کۆتایی نایەت، بەڵکو زۆر لەوە زیاترە، ئەو کۆمەڵگایەی کە بیری لێ دەکەیتەوەو دەتەوێت بەشێك بیت تیایدا، جا من واش ئەزانم کـە موسوڵمان بوونم کاریگەری سلبی نەبێت لەسەر دایـك و بـاوکم کـە مەسـیحین چـونکە خـاڵی هاوبەشی زۆر هەیە لەنێوان ئاییینەکاندا کەوا دەکەن پەیوەندییەکانمان باش بن و نەبچڕێن) .



ماموستای زانکوی میرلاند جیفرسون

## موسـوڵمـانبـونی زانـایەکـی فـەڕەنسـی

پاش ئەوەی کە زانای فەڕەنسی مامۆستای زانکۆی پاریس دیکارت پرۆفیسۆر (ڕۆلانـد دار دینیز) بەشداری کرد لە کۆنفرانسی جیهانی سێ یەم بۆ کەم ئەندامی و ڕاهێنان لـە شـاری ریاض لە وڵاتی سعودیە، ناوبراو زۆر سەرنجی ئارامی و هێمنی نوێژ خوێنـانی دا پـاش نوێـژ و سەرەنجام بە قەناعەتەوە موسوڵمان بوو ناوی خۆشی لە (ڕۆلاند دار دینیز) ەوە کرد بە (شـریف داردینیز) ئەمەش لەبەرئەو شەرەفە گەورەیەی کە خوا پێ ی بەخشی بە موسوڵمانبوونی.

(الله أکبر ئازیزم تۆ هەست بەو شەرەفە گەورەیە دەکەیت کەموسـولمانیت؟؟) شـایانی باسە ناوبراو پسپۆڕە لە بواری نەخۆشی یە دروونیەکاندا، پاش موسوڵمانبونی عـومرەی کـرد و

سەرپەرشتیاری کۆنفرانسەکە ئەمیر سلطان بن سلمان پێشوازیەکی گەرمی لێکرد، دواتریش پاشای سعودیە لە (ریاض) ی پایتەخت پێشوازی لێکردو پیرۆزبایی موسڵمانبوونی لێکرد.

پرۆفیسۆر رۆلاند دەڵێت: قوتابیەکی باڵاپۆشی سعودی کەمن موشریفی بووم بۆ دکتۆرا لە زانکۆی پاریس دیکارت زۆر سەرنجی ڕاکێشام بەرەو ئیسلام و کەوتمە پرسیارکردن و گەڕان بەدوای ئیسلامدا، کاتێکیش چووم بۆعومرە لە بەردەم کەعبەدا هەستم بەگەورەیی خوادەکردکە ئەوخالقەو هەستم بەبچوکی خۆم دەکرد وەك مخلوقێك وبەندەیەکی خوا.

بەڕاستی وەستانی ئەو هەموو خەڵکە بەبێ جیاوازی بۆ نوێژ لە دوای یەك ئیمامەوە،زۆر کاری تێکردم کە ئیسلام بە عەمەلی جیاوازی لە نێوان مرۆڤەکاندا نەهێشتووە مەگەر بە تەقوا٠

## موسوڵمان بوونی چوارده قەشەی ئەسیوبی

چوارده قەشەی ئەسیوبی موسوڵمان بوون، پاش حەج کردن ساڵی پار (٢٠٠٨) سەردانی بنکەی نەدوەی جیهانی لاوانی ئیسلامییان کرد لە شاری (جدە) ، هەموو باسیان لەوەکرد کە بەدوای هەق و ڕاستی دا وێڵ بوون و تەنها لە ئیسلامدا دۆزیویانەتەوە.

یەکێ لەوانە ناوی (ئەلما یوکبدا) یە کە قەشەیەکی زۆر چالاك بوو ئینگلیزی یەکی باشی دەزانی، ناوبراو زۆر بلیمەت بوو لە گفت وگۆو دانوستان دا و توانیبووی ژمارەیەکی زۆر بت پەرست و موسوڵمانی ناوچەکە بکا بە مەسیحی تا نازناوی (بانگخوازی بێ سنوور) یان دایە، دوانزە ساڵ دیراسەی تەورات و ئینجیلی کرد و ناتەواوی و تەحریفاتی زۆری بینی وسەرەنجام هات بەرەو ئیسلام.

ناوبراو دەڵێت: (بەڕاستی سێ خوایی بیروباوەڕێکی هەڵەیە و، یەك خواناسی ئیسلام زۆر کای تێکردوم) بە موسوڵمانبوونی هاوسەرەکەی وازی لێهێنا و، هەموو پلە و پایە و مووچە و ئیمتیازاتی کەنیسەی لەدەست چوو.

چوار برای موسوڵمان بوون و ئێستاش لە هەوڵ دایە کە دایك و باوکیشی موسڵمان بن و دوانزە لاوی تریش موسوڵمان بوون لەسەر دەستیا.

ناوبراو دەڵێت: هەموو ئەوانەی کە دەمناسن و کاریگەرم هەبووە لەسەریان کە بیستیان موسوڵمان بووم هاتن بەرەو ئیسلام.

## موسوڵمان بوونی جارمنت

لە ئالودەیی بە مەی و تلیاکەوە، لە دزی کردن و بەندکردنەوە، گۆڕدرا بەرەو کەسێکی مولتەزیم و ئیجابی، کە هەموو ئەوانەی دەوروبەری ڕێزی دەگرن.

ئەو کەسەش (جارمنت) بوو کەناوی خۆی کرد بە (مصطفى جارمنت) ، کە لە شاری نیویۆرك دەژیا، ناوبراو سی و شەش ساڵ لەمەوبەر موسوڵمان بوو ئێستا لە (دادگای برۆکلین) کاردەکات.

ناوبراو بە بنەچە ئەفریقی یەو،ژیانی منالّی پڕ بوو لە ناسۆر و ناخۆشی و برسێتی، لە سیانزە ساڵی یەوە ئالودەی مەی و مادده سڕکەرەکان بوو، سی جار بەندکرا بەهۆی بازرگانی بە مادده سڕکەرەکان و دزی کردنەوە.

لە ساڵی ١٩٧٢ دا لە تەمەنی (٢٧) ساڵیدا موسوڵمان بوو، ئافرەتێکی موسوڵمانیش بووە هاوسەری، سەرەتا موسوڵمانەتیەکەی ڕووکەش بوو، بۆیە ژنەکەی لێ ی جیابووەوە، لە ساڵی ١٩٩٨ دا لە تەمەنی (٥٣) ساڵیدا، بە تەواوی پابەندبوو بە ئیسلامەوە و داوای لە دەزگای (ذا بریدج) کردکە هاوکاری بکەن بۆ چارەسەری ئالودەبوونەکەی.

جارمنت پزیشکێکی پسپۆڕی دەروونی ناسی بەناوی ئەمین، کە لەگەڵ چارەسەرکردنیدا زۆر هانی دا لەسەر پابەندبوونی تەواو بە ئیسلامەوە، ئەو پزیشکە هانی ئەدا بەرەو نزیك بوونەوەی زیاتر لە پەروەردگار و جێ بەجێ کردنی نوێژەکانی لەکاتی خۆیدا.

لوسی جاکسون، بەڕێوەبەری دەزگای (ذا بریدج) کە چارەسەری ئالودەبوان دەکات، زۆر سەرسامە بە (جارمنت) کە بەڕاستی (١٨٠) پلە ژیانی خۆی گۆڕی.

کاتێ لوسی بووە بەڕێوەبەری پرۆژەی دەزگای برۆکلین بۆ تەندروستی عەقڵی، حەزی دەکرد کەجارمنت دابمەزرێنێ لای خۆی و کاری لەگەڵ بکات، بەڵام لەبەرئەوەی ڕابردووی جارمنت خراپ بوو، ناچاربوو کە پاش ئەو گۆڕانە مەزنەی کە بەسەری هاتبوو، داوای بۆ بکات

له دادگای باڵای نیویۆرك كه ڕێ بدەن به دامەزراندنی، ئەوانیش ڕێ یان پێ داو، ئێستا زۆر به دڵسۆزی كاردەكات بۆ ڕزگاركردنی ئەوانەی كه ئالودەی مەی و مادده سڕكەرەكانن.

ئەمڕۆ جارمنت هاوسەرێكی تری هێناوه و بووه به باپیرەش و تەمەنیشی (٥٤) ساڵێك دەبێت و هەوڵ دەدات بەچاكی فێری زمانی عەرەبی ببێت بۆ زیاتر شارەزا بوون له ئیسلام.

ناوبراو دەڵێت: جاران كه منداڵ بووم، هەموو شتێكمان دەكرد به خەتای سپی پێستەكان، بەڵام ئەمڕۆ وەك موسوڵمانێك هەرچیمان تووش بێت بـه قـەزا و قـەدەری خـوای دەزانم و زۆر ئاسووده و دڵنیام.

## موسـوڵمـان بـوونی ڕۆژهـەڵاتـناسـێكی بولـغاری

ڕۆژهەڵات ناسی بولغاری دكتۆر (توفیـان تیوفـا نوفـا) مامۆسـتای زانكـۆی صـوفیا و ئەندامی كۆمەڵەی ڕۆژهەڵاتناسه ئەمریكیەكان و ئەندامی كۆمەڵـەی ڕۆژهەڵاتناسـه ئـەوروپی یەكان به قەناعەتی تەواوەوه موسوڵمان بـوو ، چـونكه ئیسـلام یەكسـانی و دادپـەروەری یـەو ئاشتی پێ یه بۆ ئادەمیزاد له سەرتاسەری جیهان دا.

دكتـۆر توفیـان قورئـانی وەرگێـڕا بـۆ سـەر زمـانی بولغـاری بـه دوانـزه سـاڵ، هـەر كـه وەرگێڕانەكەشی تەواوكرد موسوڵمانبوونی خۆی ڕاگەیاند و پاشان له ساڵی ١٩٩٩ حەجی ماڵی خـوای كرد. ناوبراو تەنها خۆی له خانەوادەكەیدا موسوڵمانه و ئێستاش ژنەكەی و كچەكەی مەسیحین.

شـایانی باسـه ژمارەیـەكی زۆر ڕۆژهـەڵاتناس كـه هـەق و ڕاسـتییان بـۆ دەركـەوتووه موسوڵمان بوون وەك (ڕۆجیه گارودی) و (هۆفمانی ئەڵمانی) و. . . هتد.

ڕۆژهەڵاتناسی تریش هەن كه هەرچەند موسوڵمان نەبوون، ئیتر لەبەرهـەر هۆیـەك بێـت بـەڵام زۆر به جوانی دیفاع له ئیسلام دەكەن و بەرپەرچی پڕوپاگەنده و دژایەتی ناحـەزانی ئیسـلام ئەدەنـەوه وەك ڕۆژهەڵاتناسی مەرجەڕی (ڕۆبرت سیمون) و ڕۆژهەڵاتناسی ئیسپانی (سیمون هایك) .

لێیان پرسی چی وای كرد موسوڵمان ببیت؟

وتی: من ماوەیەكی زۆر دیراسەی ئیسلام و زمانی عـەرەبیم كـرد، لـه زانكـۆی بەغـدا بەشی زمانی عەرەبی بەكالۆریۆسم هێناو پاشان له زانكۆی قاهیره خوێندم و دكتۆراشم هێنا له

پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسیاو، مامۆستای دیراساتی ئیسلامیم لە زانکۆی صوفیا لە بولغاریا و مامۆستای پەیمانگای ئیسلامیشم هەر لەوێ و چەند پەڕاوێکیشم نووسیوە لە بواری شارستانیەتی ئیسلامدا.

ناوبراو دەڵێت: سەرنجم داوە هەندێ لە ڕۆژهەڵاتناسان هێرش دەکەنە سەر ئیسلام و دژایەتی قورئان دەکەن، کە بەڕاستی من و هەموو ڕۆژهەڵاتناسێکی تری بەویژدان دەزانین کە ئەوە بوختانە و لەگەڵ ڕێبازی زانستی ڕۆژهەڵاتناسی ڕاستەقینە دا ناگونجێ.

ڕۆژهەڵاتناسی هەمووی خراپ نیە، ڕاستە هەندێ هەڵەکراوە لە وەرگێڕانی قورئاندا بەڵام هەندێکی بە مەبەست نەبووە و لە ئەنجامی نەشارەزابوونی تەواوەوە بووە لە زمانی عەرەبیدا.

هەندێ لە ڕۆژهەڵاتناسان ئیسلام بە مەترسی دائەنێن بەڵام لە ڕاستیدا وانیە و ئێمە واین لەبەردەم کۆمەڵێ ڕاستی دا کەناتوانین نکوڵی لێ بکەین، ئاشکرایە کە ئەوروپا لە زۆرلایەنەوە سوودمەند بووە لە شارستانیەتی ئیسلامی بە تایبەت لە بواری پزیشکی و دەرمانسازی و ماتماتیك دا و، بەڕاستی شارستانیەتی ڕۆژئاوا لەسەر پایەکانی شارستانیەتی ئیسلامی دامەزراوەو بناغەی شارستانی ڕۆژئاوا شارستانێتی ئیسلامە. هەروەها دکتۆر لەبارەی ئەو هێرشانەی دەکرێتە سەر ئیسلام دەڵێت: هەندێ لە ڕۆژهەڵاتناسان تۆمەتی ئەوە ئەدەنە پاڵ ئیسلام کە مافی ئافرەتی نەدابێت و ڕێ ی بە فرەژنی دابێت و گەلێ شتی تر، منیش لە پەڕاوەکانمدا تیشکم خشتۆتە سەر ئەوانە و زۆر هەقیقەتی ئیسلامم ڕوونکردۆتەوە، بۆ نموونە جەختم کردۆتە سەر ئازادی بیروباوەڕ کە ئیسلام گرنگی زۆری پێداوە﴿... **فَمَن شَآءَ فَلْيُؤْمِن وَمَن شَآءَ فَلْيَكْفُرْ** ... ﴿٢٩﴾﴾ الكهف ،چونکە بەڕاستی عەقیدە و باوەڕ لەدڵ و دەروون دایە و بەزۆر بەسەر کەسدا فەرزناکرێت.

ئافرەت لە ئیسلامدا حەق و حقوقی خۆی هەیە و خۆی خاوەنی بڕیارە کە شوو بەکێ دەکات و شوو بەکێ ناکات، کەس بۆی نیە زۆری لێ بکات.

بەڕاستی بەرنامەی ئەو ڕۆژهەڵاتناسانەی کە دژایەتی ئیسلامیان دەکرد درێژکراوەی هەوڵەکانی ئیستعمار و مژدەدەران بوو، کە هەموو ئامانجیان ناشرین کردنی ئیسلام بوو.

دکتۆر لە بارەی موسوڵمانانی بولغاریاوە وتی: دانیشتوانی بولغاریا لـە هەشـت ملیـۆن کـەس زیاترە و ڕێژەی موسوڵمانانیش ١٢٪ زیاترە کە کاتی خۆی بەهۆی دەوڵەتی عوسمانی یەوە ئیسـلامیان پێگەیشتووە. موسوڵمانانی بولغاریا تووشی زوڵم و ستەمی نیزامی شیوعی بوون وبـە ئـاگر و ئاسـن ناچاریان دەکردن واز لە ئاینەکەیان بهێنن یان کۆچ بکەن و وڵاتەکەیان بەجێ بهێڵن.

## ئافـرەتـە لاتیـنیـەکان و ئیسـلام

پێگەی (الاسلام الیوم) لە ٣١- ٥ - ٢٠٠٨ دا لە ژێر ناونیشانی (لاتینیـات في رحـاب الاسلام) دا دەڵێت: لەم ساڵانەی دواییدا ژمارەی ئەو ئافرەتە لاتینیانە زیـادی کـردووە کـە ڕوو دەکەنە ئیسلام.

یەکێك لەو ئافرەتانە ناوی (بیتریز کیدی) یە کە لەشاری سان پاولۆی بـەرازیلی گـەورە بـووە، ناڕەحەت بوو بەوەی کە پێوەری جوانی ئافرەت تەنها لاشە و ڕوخسار و بـەرگی دەرەوە بێـت، هەسـتی دەکرد ئەمە لەگەڵ بەها باڵاکاندا یەك ناگرێتەوە. دە ساڵە کیدی چۆتە نیویۆرك، لەوێ خـۆی دۆزیـەوە و موسوڵمان بوو، ڕۆژنامەی پاکستان دەیلی چاوپێکەوتنی لەگەڵـدا کـرد و نـاوبراو دەڵێـت (کاتێـك بوومە باڵاپۆش، هەستم بەڕێزی زیاتر کرد و خەڵکیش بەڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکردم) .

کیدی تەمـەنی (٢٩) سـاڵێك دەبێـت و شـەش سـاڵە موسـوڵمان بـووەو ئەنـدازیاری تەلارسازی یەو لە ترسی پەرچەکرداری کەس وکاری دوای ماوەیـەکی زۆر ئنجـا کـەس وکـاری ئاگادارکرد لە موسوڵمانبوونی.

لە ئەنجامی ئەوەی کە لە ٦٠٪ ئەوانەی کە لە ئەمریکا موسـوڵمان دەبـن ئـافرەتن، بۆیـە لـە مزگەوتەکاندا وانەی ئایینی دانراوە بۆ ئافرەتان تا زیاتر شارەزابن و دامەزراوبن لەسەر ئیسلامەتی.

ئافرەتێکی تر بەناوی (تشیرنر سـعد) لـە مەرکـەزی ئیسـلامی ڕۆژهـەڵاتی هـارلم کـە مزگەوتی گەورەی (نیویۆرك) ە دەڵێت: (هەندێ لەوانەی موسوڵمان دەبن، لـە گومانیانـەوە لـە عەقیدەی سێ خوایی هاتوون بەرەو ئیسلام) .

هەروەها (مایلین توربیدیس) کە قوتابییەکی بیست ویەك ساڵە، جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە لە کەش و هەوایەکی مەسیحی دا گەورە بووە و لە ئەنجامی نا دڵنیایی و نەبوونی ئارامی دەروونی یەوە هاتووە بەرەو ئیسلام پاش ئەوەی کە باسی ئیسلامی بۆ کراوە.

تۆربیدیس کە ئێستا ناوی خۆی کردووە بە (لیلی) دەڵێ سەدان جار مەیم خواردۆتەوە و لە جیاتی ئارامی بەدبەختی بۆهێنام، بەلام کە موسوڵمان بووم دڵ ودەروونم ئارام بوو.

هەروەها (یوری لارا) ش کە لە نیویۆرك دەژی و تەمەنی (٢٥) ساڵێك دەبێت، موسوڵمان بووە و شانازی دەکات بەو پلەوپایە و ڕێزەی ئیسلام داویەتی بە ئافرەتان کە مافی هەڵبژاردن و ئیختیاری تەواویان هەیە٠ لارا دەڵێت جاران هەر بیرم لەخۆم دەکردەوە و ئەنانی بووم، ئێستا لە سایەی خواوە بیر لە دەوروبەر و کەس وکارم دەکەمەوە و ژیانم گۆڕاوە٠

## موسوڵمان بوونی لۆن

گۆرانیبێژی بەناوبانگی هیب هۆپی ئەمریکی (لۆن) پاش بەدەست هێنانی ناو و شۆرەتێکی گەورە لەو بوارەدا، موسوڵمان بوو. ناوبراو (٥٢) گۆرانی داناوە و کاتێ گۆرانی لەگەڵ گۆرانیبێژی جیهانی (باف داودی) دا وت ئەوەندەی تر بەناوبانگ بوو، سێ دی یەکی گۆرانیەکانی حەوت ملیۆنی لێ فرۆشرا.

لۆن دەڵێت: لەگەڵ ئەو هەموو سامان و ناوبانگەدا هەستم بە بەختەوەری نەدەکرد، بوومە یەکێ لە گۆرانیبێژە بەناوبانگەکانی ئەمریکا بەلام دڵ و دەرونم ئارام نەبوو، تا حەوت مانگ لەمەوبەر سەردانی (ئەبو ظبی) م کرد، لەوێ بانگ دان و دیمەنی نوێژکردن زۆر کاری تێکردم، ئەمە وای لێکردم کە بەدوای حەقیقەتی ئەم ئایینەدا بگەڕێم، دەمویست بزانم کە تەنها دینی عەرەبە یان بۆ هەموو بەشەرییەتە بەبێ جیاوازی، کە ڕاستیەکانم بۆ ڕوون بووەوە گەڕامەوە ئەمریکا و موسوڵمان بووم وبۆ یەکەم جار لە شوێنی مانەوەم لە (هارلم) لە نیویۆرك نوێژم کرد و وازم لەو کەش و هەوایەی گۆرانی وتن هێنا کە (١٧) ساڵ تیایا ژیام، ئێستا هەست بە ئارامی دەکەم و بەدوای من دا لە سایەی خواوە ژنەکەم و کوڕەکەشم موسوڵمان بوون.

زۆر حەزم دەکرد زیاتر شارەزابم لە ئیسلام و بانگەوازی بۆ بکەم، بۆیە چوومە ناو کۆمەڵی بانگەوازی کەنەدی بەشی پەیوەندی کردن بە ناودارانەوە.

من پرۆژەیەکی بانگخوازیم بە دەستەوەیەو بە تەمام پەیوەندی بکەم بە ناودارانی گۆرانی و هونەر و ئیسلامیان پێ بناسێنم. (لۆن) ناوی خۆی کرد بە ئەمیر و هاتە مەککە و مەدینە بۆ ئەدای عومرە و دەڵێت: کە بۆ یەکەم جار وەستام لەبەردەمی کەعبەدا قاچم هەڵی نەئەگرتم و زۆر گریام، سوپاسی خوام کرد کە هیدایەتی دام و عومرەی بە نسیب کردم.

لە مەدینەش پەیوەندیم کرد بە ئیمامی حەرەمی مەدینەوە، (شێخ علی حوزەیفی و شێخ صلاح البدیر) و ئەوانیش ئامۆژگاری خێریان کردم.



لەم گەشتەشدا ناوبراو یاوەری (لیزلی بریدجن) بوو کە هاوەڵی بوو لە بواری گۆرانیداو پێشتر لە ساڵی ١٩٩٦ دا موسوڵمان بوو بوو، ناوی خۆی کردبوو بە باسم، کە ئەمیش (٢١) ساڵ لە بواری گۆرانیدا کاری کردبوو، ئەمیش لە هەوڵی ئەوەدایە ناودارانی ئەمریکا بهێنێ بەرەو ئیسلام.

# موسـولمـان بـوونی مـارك شـیفر

له كۆتایی ٢٠٠٩ دا ملیۆنەری ئەمریكی بۆ گەشتیاری دێتە سعودیە بۆ مـاوەی دە ڕۆژ و موسولمان دەبێت، ناوبراو محامییەكی ناسراو و كەسایەتی یەكی دیارە لە لـوس ئـەنجلوس لـە ئەمریكا، كارەكەی تایبەتە بەو كێشانەی كە قەرەبووی تیا داوا دەكرێت.

(ضاوی كوڕی ناصر شەریف) كە ڕێنمایكارێكی سـیاحی سـعودیە و لەگـەڵ نـاوبراودا بووە، لە بارەی موسولمانبوونی (مارك) ەوە دەڵێت: لەوكاتەوە هاتە سعودیەو لەگـەڵ مـن بـوو پرسیاری دەربارەی ئیسلام و نوێژكردن دەكرد، سەردانی ریـاض و نـەجران و ئـەبها و عولامـان كرد، لە گەڕانماندا لە (العلا) كە سێ لاو یاوەرمان بوون، دیمەنی ئەو سیانە زۆر كاریـان تێكـرد كە لەسەر لمەكە لەكاتی نوێژەكاندا نوێژیان دەكرد.

(مارك) داوای كتێبی لێكردم لەبارەی ئیسلامەوە، منـیش نامیلكـەی بچـوكی ئیسـلامیم بۆهێنا و پاش خوێندنەوەی بەیانییەك وتی: فێری نوێژم بكە، منیش فێرم كرد و، پاشـان ڕۆژی هـەینی وتم: دەبێ من بچم بۆ نوێژ، ئەویش هات لەگەڵما و دیمەنی موسولمانانی دی لە نوێژی هـەینی دا، كـە زۆر سەرسام بوو بە ڕووگەشی موسولمانان و سەلام لەیەكتر كردنیان.

گەڕاینەوە ئوتێل وتی: دەمەوێ موسولمان بـبم، وتم: زۆرچـاكە بـڕۆ خـۆت بشـۆ، پـاش ئەوەی خۆی شت شایەتمانی هێنا (أشهد أن لا إله إلا الله و أشهد ان محمدا رسـول الله) و پاشـان بۆ یەكەم جار لە هەموو تەمەنیا ڕوو بە كەعبەی ماڵی خوا دوو ڕكات نوێژی كرد.



پاشان داوای کرد بردمان بۆ زیارەتی کەعبەی پیرۆز، کە گەیشتینە ئەوێ تەوافمان کرد و نوێژی کرد، دڵ و دەروونی بە جۆرێك گەشایەوە کە وەسف ناکرێ و حەزی نەدەکرد کەعبە بەجێ بهێڵێ.

(مارك) دەڵێت: ناتوانم وەسفی هەست و سۆزی خۆم بکەم، ئەوەندە نەبێ کەمن تازە لەدایك بوومەتەوە، من زۆر دڵخۆش بووم و لە لوتکەی بەختەوەریدا بووم کە زیارەتی کەعبەم کرد.

لێیان پرسی: هەنگاوی دوای ئەمەت چی دەبێ؟وتی: ئەمساڵ دێمەوە بۆ حەج.

وتیان: چی پاڵی پێوەنایت موسوڵمان ببیت؟

وتی: من شتێکی کەمم دەزانی لەبارەی ئیسلامەوە، بەڵام کە هاتمە سعودیە و موسوڵمانانم بینی و دیمەنی نوێژخوێنانم بینی، حەزم کرد زیاتر لە ئیسلام شارەزا ببم،کە زیاتر شارەزا بووم و زانیم ئیسلام هەقە موسوڵمان بووم. [١٢]

## موسوڵمان بوونی عەقیدێکی بەریتانی

ریچارد فیرلی سەرۆکی کۆمەڵەی ئەفسەری پۆلیسی موسوڵمانی بەریتانی کە سەردانی وڵاتی سعودیەی کرد لەگەڵ وەفدێکی ئەفسەری موسوڵمان دا، باسی موسوڵمانبوونی خۆی دەکات و دەڵێت: هەرچەندە لە بنەماڵەیەکی تاسەر ئێسقان مەسیحیم و هاوسەرەکەشم مەسیحی یەو تا ئێستاش شانزە ساڵە موسوڵمان نەبووە، حەزم دەکرد شارەزاببم لە ئیسلام، قورئانێکی ڕاڤەکراو بەزمانی ئینگلیزیم دەست دەکەوت و ئایەتی ﴿وَٱلْجِبَالَ أَوْتَادًا ﴿٧﴾﴾ النبأ ، سەرنجی ڕاکێشام، لەبەرئەوەی من پسپۆڕیشم لەبواری جیۆلۆجیادا گەیشتمە ئەو ڕاستیەی کە هیچ پەڕاوێك پێش هەزار و چوارسەد ساڵ ناتوانێ بگاتە ڕاستی لەو جۆرە، ئەمە بێگومان دەسەڵاتی پەروەردگاری لەدواوەیە.

ریچارد هەموو شەوێك دیراسەی جزئێك لە قورئانی دەکرد و بەمەش گەیشتە کۆمەڵێ ڕاستیی کە ڕێگای بۆ ڕووناك کردەوە، کەوتە بانگەوازکردن و خزمەت کردنی ئیسلام، لەم

---

[١٢]- (www. ٥٥ a. net)

پێناوەشدا کۆمەڵەی ئەفسەری پۆلیسی موسڵمانی لە بەریتانیا دامەزراند لـە سـاڵی ٢٠٠٠ دا کە نزیکەی دووهەزار ئەفسەری موسڵمان دەبن لە ٣٤ مقاطعەی بەریتانیادا، ئەمەش بۆئـەوەی بتوانێت دەنگی ئەو ئەفسەرانە بگەیەنێتە دەسەڵاتدارانی وڵات، توانی لە ساڵانی ڕابردوودا وا لە حکومەت بکات ڕێی سەرپۆش و حیجاب بدات بۆ ئەفسەرە ئافرەتە موسوڵمانەکان و هـەروەها ڕەزامەندی وەرگرت کە لەکاتی ڕۆژوشـکاندا ڕێبـدرێت ئەفسـەرە موسـوڵمانەکان نـان بخـۆن و هەروەها جەژنەکانیش ببێ بە ئیجازەی ڕەسمی و ڕێبدرێ نوێژی جەژن بکەن.

دوو ئایەتی تریش کاریگەری زۆریان هەبوو لەسەر ناوبراو وتەواو ژیانیان گۆڕی ﴿ وَٱلسَّمَآءَ بَنَيْنَٰهَا بِأَيْيْدٖ وَإِنَّا لَمُوسِعُونَ ﴿٤٧﴾ ﴾ الذاريات: ﴿ أَوَلَمْ يَرَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَنَّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ كَانَتَا رَتْقٗا فَفَتَقْنَٰهُمَاۖ وَجَعَلْنَا مِنَ ٱلْمَآءِ كُلَّ شَيْءٍ حَيٍّۚ أَفَلَا يُؤْمِنُونَ ﴿٣٠﴾ ﴾ الأنبياء شایانی باسە ناوبراو (گەورە موفەتیشی فیرقەی موکافەحەی ئیرهاب) ە.

## بەڵـگـە و نیشـانەکـان

قورئانی پیرۆز دەفەرموێت: ﴿ وَفِي ٱلْأَرْضِ ءَايَٰتٞ لِّلْمُوقِنِينَ ﴿٢٠﴾ ﴾ الذاريات ، واتە: بێگومان بەڵگەونیشانەی زۆر هەیە لەسەر دەسەڵات و زانیـاری خـوا بـۆ کەسـانێك بـەدوای دڵنیـای دا بگەڕێن. هەروەها لە خودی خۆشتانا بەڵگەی زۆر هەیە بـۆ نـاییبینن ﴿ وَفِيٓ أَنفُسِكُمْۚ أَفَلَا تُبْصِرُونَ ﴿٢١﴾ ﴾الذاريات سەرچاوەی رزق و ڕۆزیتان لە ئاسمانەوەیە و ئەوانـەش کـە بـەڵێنتان پێـدراوە٠ سوێند بە پەروەردگاری ئاسمان و زەوی، ئەو بەڵێنانە حەقیقـەت و ڕاسـتەقینەن، هـەروەك چـۆن ئێـوە قسـە دەکـەن. ﴿ فَوَرَبِّ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ إِنَّهُۥ لَحَقّٞ مِّثْلَ مَآ أَنَّكُمْ تَنطِقُونَ ﴿٢٣﴾ ﴾الـذاريات . لـە زەویدا بەڵگەی دەسەڵات و گەورەیی خوا دەبیـنن لـە دروسـتکراوەکانیدا، لـە جەستەونەفسـی مرۆڤیشدا بەهەمان شێوە٠

# سەرنجدان لە مرۆڤ

کۆرپەلە لە سکی دایك دا سییەکانی نەکەوتۆتە کار بۆیە دەورەی خوێن بە تەواوی کارناکات و دڵ لە نێوان هەردوولای دا کونێك هەیە کە بەوێدا دەورەکەی تەواودەکات، کاتێك منداڵەکە لەدایك دەبێت و سی یەکان دەکەونە کار، بە قەدەری خودا بە جەڵتەیەك ئەو کونەی نێوان دوو بەشەکەی دڵ دەگیرێت و خوێن دەورەکەی خۆی بە تەواوی دەکات و دەچێ بۆ سی یەکان ، ئەگەر بە قەدەری خودا منداڵێك لە دایك بێت و ئەو کونەی دڵی نەگیرێت، ئەوا کون لە دڵیدا دەبێت و ژیانی دەکەوێتە مەترسی و تیاچوونەوە.

خوای گەورە دووچاوی داوە بە مرۆڤ، بۆ ئەوەی هەموو شتێك بەسێ دووری (X, Y, Z) ببینێت ئەگەر وا نەبوایە تەنها بە ڕووتەخت (X, Y) دەیبینێت٠ خوای گەورە دوو گوێی داوە بە مرۆڤ بۆ ئەوەی لە ماوەیەکی زۆر کەمدا سەرچاوەی دەنگەکە بزانێت لە کوێوەیە.

خوێن بەرەکان لە ناوەوەن و خوێن هێنەرەکان لە دەرەوەن ئەگەر وا نەبوایە مرۆڤ، ژیانی لە مەترسی دا دەبوو.

لە لوت دا نیزامێك دانراوە کە ئەگەر لەکاتی سەرمادا مرۆڤ هەوای سارد هەڵمژێ بەهۆی پێکهاتەی ناو لووتەوە خوێن زۆرتر دێتە ناو لووت و سووردەبێتەوە کە پلەی گەرمی خوێنیش (٣٧) پلەیە، بەمەش ئەو هەوایە تا دەگاتە قوڕگ و سی یەکان گەرمی یەکەی دەبێت بە (٣٧) پلە.

کۆرپەلە لەناو سکی دایك دا ڕیخۆڵەکانی بەچینێك چەوری لەناوەوە ناوپۆش کراوە بۆ ئەوەی نەلکێن بەیەکدا کە لەدایك دەبێت ئەو چینە چەوری یە بەشێوەی پاشەڕۆیەکی ڕەش دێتە دەرەوە.

هەموو خانەکانی لەشی مرۆڤ، تازە دەبنەوە، هەیانە لە٤٨ سەعات داو هەیانە لە هەفتەیەکداو هەشیانە بەماوەی زۆر درێژتر، زانایان دەڵێن لە پێنج ساڵدا هەموو خانەکانی لەشی مرۆڤ، تازە دەبنەوەو دەگۆڕێن، تەنها خانەکانی مێشك نەبێت لەگەڵ خانەکانی دڵدا.

ئەمەش لەبەرئەوەی خانەکانی مێشك زانیاری تیا خەزن دەبێت و دڵیش بەهەمان شێوە خانەی عصبی دەوری داوە کە پێنج سەد ئەوەندەی خانەکانی مێشك توانایان هەیە و ڕێنمایی مێشك لە دڵەوە دەکرێت.

ئەمەش ڕەحمی خودایە ئەگەر ئەو خانانە تازە بوونایەتەوە کارەسات ڕووی دەدا، چونکە ئێستا زانایان بۆیان سەلماوە کە دڵ تەنها کاری پاڵ پێوەنانی خوێن نیە، بەڵکو بەهۆی خانە (عصبی) یە هەستیارەکانیەوە کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر مێشك.

لە جیهاندا نزیکەی (٧٣) نەشتەرگەری چاندنی دڵ کراوە پاش چاندنی دڵ حاڵی کەسەکە تەواو گۆڕدراوەو بووە بەکەسێکی تر، کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر کردووە ئەو سیفات و هەڵس و کەوت و حەزو ئارەزووە تازەیەی دەیبێت هی ئەو کەسەیە کە مردووە و دڵەکەی لێ وەرگیراوە.

ڕۆژنامەی دەیلی سەیل لە ٩ - ٤ - ٢٠٠٨ دا وتارێکی گرنگی بڵاوکردەوە، لە بارەی چاندنی دڵەوە، ڕۆژنامەکە دەڵێ (کلیر) ئافرەتێکی تەمەن (٤٧) ساڵە و لەبەرئەوەی کە دڵی ناساغ بوو، دڵ وسی کوڕێکی هەژدە ساڵیان بۆ زەرع کرد کە بە ڕووداوێك کۆچی دوایی کردبوو. هەر دوای چاك بوونەوە و هەستانەوەی کلیر وتی: هەست دەکەم ئەوەی لە سنگمدایە دڵێکی ترەو کۆمەڵێ گۆڕانکاری بەسەر حەزو ئارەزووەکانمدا هاتووە.

بۆ نموونە، حەزی لە مریشك نەبوو، کەچی دواتر حەزی پێ دەکرد، ئەمە بێجگە لەوەی کە کوڕانە هەڵس و کەوتی دەکرد و مەیلی بەلای ئافرەتاندا زیاتر بوو تا ئەوەی وەك ئافرەتێك مەیلی بەلای پیاواندا هەبێت.

(پڕۆفیسۆر گاری سچورات) جەخت دەکاتە سەر ئەوەی کە ئەو چل هەزار دەمارە خانەیەی کە لە دڵدایە ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە لەسەر هەڵس و کەوت و کار و کردەوەی ئینسان و ڕێنمایی مێشك دەکەن لە کارەکانیدا.

ئەمەش تەسدیقی قورئان و فەرموودەکەی حەزرەتەﷺ کە دەفەرمووێت: (ألا إن في الجسد مضغة إذا صلحت صَلُحَ الجسدكله)، ﴿...فَعَلِمَ مَا فِي قُلُوبِهِمْ ...﴿١٨﴾﴾ فتح

## پیــری چــارەســەری نیــە

حەزرەتﷺ دەفەرمویّت (تداووا يا عباد الله، فإن الله لم يضع داء إلا وضع له دواء، الا داء واحداً الهـرم) [13]، ئیسـلام گرنگـی زۆر ئـەدات بـە تەندروسـتی مـرۆڤ و داوای چارەسـەری نەخۆشییەكانی لێدەكات تەنها یەك نەخۆشی نەبێت كە ئەویش پیرییەو چارەسەری نی یە.

یانی چی پیری چارەسەری نی یە؟!

زانایان لێكۆڵینەوەی زۆریان كرد لەسەر دۆزینـەوەی چارەسـەرێك بـۆ پـیری، ملیۆنـەها دۆلاریان سەرف كرد سەرەنجام گەیشتنە ئەوڕاستیەی كە زۆربەی نەخۆشـی یـەكان چارەسـەریان هەیەو یان بەرێوەیە لە داهاتوودا چارەسەربكرێن تەنها پیری نەبێت. (صدقت يا رسول الله) .

لە زەمانی پێش حەزرەتەوە تا ئەمڕۆ كەس توانیویەتی ئاماژەیەكی ئاوا زانستی بدات و پاشان ئاوا لە سەداسەد ڕاست دەرچێت؟!

## ببــنە بــەردو ئاســنیــش زیــندوتــان دەكــەینــەوە

خوای پەروەردگار لـە سـورەتی ئیسـرادا دەفـەرمویّت: ﴿وَقَالُوٓاْ أَءِذَا كُنَّا عِظَٰمٗا وَرُفَٰتًا أَءِنَّا لَمَبۡعُوثُونَ خَلۡقٗا جَدِيدٗا ۝٤٩ ۞قُلۡ كُونُواْ حِجَارَةً أَوۡ حَدِيدًا ۝٥٠ أَوۡ خَلۡقٗا مِّمَّا يَكۡبُرُ فِي صُدُورِكُمۡۚ فَسَيَقُولُونَ مَن يُعِيدُنَاۖ قُلِ ٱلَّذِي فَطَرَكُمۡ أَوَّلَ مَرَّةٖۚ فَسَيُنۡغِضُونَ إِلَيۡكَ رُءُوسَهُمۡ وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هُوَۖ قُلۡ عَسَىٰٓ أَن يَكُونَ قَرِيبٗا ۝٥١﴾ الأسراء

واتە: دەڵێن: ئەگەر بووینە ئێسك و پروسكی ڕزیو، چۆن سـەرلەنوێ زینـدوو دەبینـەوە؟ ئەی محمدﷺ پێیان بڵێ: ببنە بەرد یان ئاسن، یان هەر شـتێك و هـەر دروسـتكراوێك كـە زۆر سەخت و گرنگ و گەورەیە لەبیرو هۆشتاندا، ئەوسا بەسەرسـامییەوە دەڵـێن: دەی باشـە كـێ زیندومان دەكاتەوە؟ بڵێ: ئەو زاتەی كە یەكەم جار بـەدیهێناون، ئەوسا سـەریان دادەخـەن و دەڵێن: ئەوە كەی دەبێت؟(كەی قیامەت دێت) ؟

---

[13] - رواه أحمد.

پێیان بڵێ: دوورنیە و لەوانەیە بەم نزیکانە بێت.

ئەم ئایەتە ئاماژەیەکی زانستی زۆرگرنگی تیایە کە تا ئەم سەدانەی دوایی کەس گرنگی پێنەداوە و باسی نەکردووە، ئەوەش مەسەلەی بە بەرد بوونە، قورئان دەفەرموێت بە کافران، نەك ببن بە ئێسك و پروسکی ڕزیو، بەڵکو ببن بە بەرد و بەئاسن، یان هەر شتێکی تر کە بەلاتانەوە سەیربێت ئێمە زیندووتان دەکەینەوە. پاشماوەی ئێسك وپروسکی مرۆڤ و گیانلەبەران و لق و قەدی ڕووەکەکان بەهۆی بار و زروفی تایبەتی ژێر خاکەوە لە ماوەی دە هەزار تا چوار ملیار ساڵ دەبێت بە بەردبوو (متحجرات) یان دەبێتە مادەیەکی ئاسنین، کە ئەمەش زانستێکی گەورە و بەرفراوانە ، ئەگەر قورئان وەحی نەبێت لە خواوە، ئیشی چیە بەم باسە؟!.

## ئیعجازی مێژوویی

قورئان ئیعجازی مێژوویی تیایە، باسی کەسێك دەکات کە چەند هەزار ساڵ لەمەوبەر ژیاوە، لە کاتێکدا لەسەرچاوەی تری مێژوویی یان پەڕاوە ئایینی یەکانی تردا کە تەحریف کراون ناویان نەهاتووە یان هاتبێتیش شێوێندراوە.

شوێنی لەنگەرگرتنی کەشتی نوح لەسەر شاخی جودی لە تورکیا، کە قورئان ناوی شاخەکە دەبات ﴿...وَٱسْتَوَتْ عَلَى ٱلْجُودِيِّ ...﴿٤٤﴾﴾ هود، لە کاتێکدا لە کتێبی پیرۆزیاندا ناوی شاخی (آرارات) دەبات، زانایانیش لەم سەدەیەدا پاشماوەی کەشتیەکەیان بەهۆی شوانێکی کوردەوە لەسەر شاخی جوودی دۆزیەوە (لە بەرەو ئیسلام) دا بەدرێژی باسمان کردووە. یان قورئان باسی کەسایەتیەك دەکات بەناوی (هامان) کە لە زەمانی فیرعەونی حەزرەتی موسادا ژیاوە و بەرپرسی بەرد هەڵکەندن و بیناکردن بووە، لە کاتێکدا لە تەورات و ئینجیلدا ناوی کەسێکی ئاوەها هەر نیە.

دکتۆر مۆریس بۆکای لەگەڵ کۆمەڵێ زانای گەورەی جیهان دا باسی ئیسلام دەکات، زانایەکی جولەکە پێ ی دەڵێت ئەو کەسایەتیەی کە ناوی (هامان) ە و لە قورئاندا باسکراوە ئایا لەهیچ سەرچاوەیەکی تردا ناوی هاتووە؟

دکتۆر مۆریس بۆکای ئەمە دەبێتە خولیای سەری و دەگەڕێت، تا لە ڕێ ی ئەوانەوە کە شارەزان لە کەلەپوری میسری یە کۆنەکاندا ڕێنمایی دەکەن کە لەسەر (مەسەللە) یەکی میسرییە کۆنەکان کە بەردێکی گەورەی چوارلایە و لە سەرەوەی باریك دەبێتەوە و چەند مەترێك بەرزە، ناوی (هامان) هاتووە کە بە زمانی میسری (هیرۆگلیفی) یەو لە ڤیەننا لە ساحەیەکدا دانراوە. . . ( کاتی خۆی لە میسرەوە براوە بۆ ڤیەننا) دکتۆریش کە ئەچێت و ئەو ڕاستی یە بەچاوی خۆی دەبینێت کە ناوی (هامان) لەسەر ئەو بەردە هەڵکەنراوە، ئینجا بە تەواوی لەبەردەم ئەو مەسەللەیەدا موسوڵمانبوونی خۆی ئاشکرا دەکات، دیارە لەوەو پێش موسوڵمان بوو بوو بەڵام حەزەری دەکردو زۆر ئاشکرای نەدەکرد لە بەر ئەوەی کێشەی بۆ دروست نەبێت.

## قورئان و باسی (ئیسحاق) پێغەمبەر

قورئانی پیرۆز باسی ئیبراهیم پێغەمبەرمان بۆ دەکات سەلامی خوی لێ بێت کە تا نزیکەی نەوەد ساڵێك لە تەمەنی موبارەکی منالّی نەبووە و هاوسەرەکەشی نەزۆك بووە، بەڵام بەردەوام دوعا دەکات کە خوا نەوەیەکی سالّحی پێ ببەخشێت (رب هب لی من الصالحین) خوای گەورەش مژدەی دایە بە کوڕێکی بە ئارام و خۆڕاگر ( فبشرناه بغلام حلیم ) صافات: ١٠١

کە ئەویش ئیسماعیل بوو کە لە هاجەرە خاتوون بوو، پاشان بە ئەمری خوا هاجەرە خاتوون و کوڕەکەی برد بۆ مەککە بۆ ئەو شوێنەی کە ئێستا کەعبەی لێ یە ،پاشان خوا تاقی کردەوە کە ئیسماعیلی کوڕی سەربڕێت و ئەویش و کوڕەکەشی لەو تاقیکردنەوە سەختەدا دەرچوون، پاشان لەدوای چواردە ساڵێك لە لەدایك بوونی ئیسماعیل خوای گەورە مژدەی کوڕێکی تری دایە لە (سارە) خاتوونی هاوسەری.

لە قورئاندا لە حەڤدە جێ دا ناوی ئیسحاق هاتووە بەبێ ئەوەی بچێتە سەرباسی لایەنەکانی ژیانی و بانگەوازەکەی کە ئەویش پێغەمبەرێکی خوا بووە، چونکە قورئان مەبەستی ئەوە بووە کە پەند لەوەی وەرگیرێت کە پیاوێکی پیری بەساڵاچووی تەمەن زیاتر لە سەدساڵێك و ژنێکی نەزۆك کاتێ خوا ویستی، بە فەرمانی خوا منالّی دەبێت. هەروەها قورئان دەفەرموێت:

﴿ وَتَرَكْنَا عَلَيْهِ فِي الْآخِرِينَ (١٠٨) سَلَامٌ عَلَىٰ إِبْرَاهِيمَ (١٠٩) كَذَٰلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ (١١٠) إِنَّهُ مِنْ عِبَادِنَا الْمُؤْمِنِينَ (١١١) وَبَشَّرْنَاهُ بِإِسْحَاقَ نَبِيًّا مِنَ الصَّالِحِينَ (١١٢) وَبَارَكْنَا عَلَيْهِ وَعَلَىٰ إِسْحَاقَ ۚ وَمِنْ ذُرِّيَّتِهِمَا مُحْسِنٌ وَظَالِمٌ لِنَفْسِهِ مُبِينٌ (١١٣) ﴾ صافات ئیسحاق له هەزارەی دووەمی پێش زاین دا ژیاوه و قورئان ئاوا باسی دەکات له کاتێکدا له تەورات و ئینجیلدا ناحەزان دەستکاری باسی (ئیسحاق) یان کردووه گوایه ئەوه که لەلایەن باوکیەوه خەریك بووه سەربڕدرێت.

کەواته قورئان له تەورات و ئینجیلەوه هەرگیزا و هەرگیز هیچی وەرنەگرتووه وەك دوژمنانی خوا گومان دروست دەکەن، چونکه ئەوەتا باسی پێغەمبەرێکی ئاوا شێوێنراوه، جا قورئان بەڕاست و دروستی بەشی پێویست باسی ئەو پێغەمبەره پایه بەرزه دەکات[١٤].

## ئـافـرەته شـەهیدەکـه

دایکی وەرەقەی کچی عبدالله کچی نەوفەل هاتەلای حەزرەتﷺ و فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا تۆ بانگی جیهادت داوه، ڕێم بده بێم لەگەڵتا، خزمەتی نەخۆشەکانتان دەکەم، بەڵکو خوا شەهادەتم پێ ببەخشێت. . . حەزرەتیشﷺ فەرموی: (لەماڵی خۆت دانیشه، بەڕاستی خوا شەهادەتت پێ دەبەخشێت) [١٥]

لەو ڕۆژەوه بەم ئافرەتەیان دەوت (الشهیدة) ، ئەم ئافرەته ئیجازەی له حەزرەت وەرگرتﷺ که ماڵەکەی مزگەوتی بێت و تیایا بانگ بدات و نوێژ بکات.

ناوبەناو حەزرەتﷺ به هاوەڵانی دەفەرموو: وەرن بابڕۆین سەردانی (الشهیدة) بکەین. حەزرەتﷺ وەفاتی کرد و له زەمانی ئەبوبەکریش و عومەریش دا به یادی حەزرەتەوه سەردانیان دەکرد، ئەم ئافرەته خزمەتکارێکی پیاو و ئافرەتی هەبوو، بڕیاری دابوو که لەدوای مردنی خۆی ئازاد بن، ئەوانیش بۆئەوەی زوو ڕزگاریان ببێت به پیلانێك به ناهەق شەهیدیان کرد.

---

[١٤]- پێگەی دکتۆر زەغلول النجار.

[١٥]- مسند أبی داود.

بەیانیەك حەزرەتی عومەر فەرمووی: دوێنێ گوێم لە قورئان خوێندنی دایكی وەرەقە نەبوو،چووە ماڵیان هیچی نەبینی دوایی سەیری كرد لە تەنیشتێكی ماڵەكەیەوە لە قوماشێكەوە پێچراوە و شەهید بووە، عومەر فەرمووی: حەزرەتﷺ ڕاستی كرد كە دەیفەرموو: (انطلقوا بنا نزور الشهيدة) [16].

كوشتنی ئومەیە :پاش ئەوەی حەزرەتﷺ كۆچی كرد بۆ مەدینە، سەعدی كوڕی معاذ هات بۆ مەككە بۆ عومرە كردن، لەلای ئومەیەی كوڕی خەڵەف دابەزی كە هاوەڵ و دۆستی بوو، هەرچەند ئومەیەش لە ڕێی بازرگانی دا لە مەدینە لای بدایە لە ماڵی سەعد دادەبەزی و ئیسراحەتی دەكرد.

سەعد بە ئومەیەی وت: فرسەتێكم بۆ بدۆزەرەوە كە دەوری كەعبە چۆڵ بێت، بچم تەواف بكەم، ئومەیەش لە قرچەی گەرمای نیوەڕۆدا سەعدی برد بۆ دەوری كەعبە، لەڕێ ئەبوجەهل بینی، وتی: ئەبو صفوان ئەمە كێیە لەگەڵتا؟ ئەویش وتی: ئەوە سەعدی كوڕی موعازی (یە ثربی) یە، ئەبو جەهل وتی: ئەوانەی كە داڵدەی محمد و هەڵگەڕاوەكانیان داوە؟ سەعد بێ دەنگ بوو، ئەبو جەهل وتی: وا دەزانن دەتوانن سەری بخەن و یارمەتی بدەن، بەو خوایە ئەگەر لەگەڵ (ئەبی صفوان) دا نەبویتایە بەسەلامەتی نەدەگەڕایتەوە ناو كەس وكارت.

سەعد ئەم ئیهانەیەی پێ قبوڵ نەكرا و بە توڕەیی وتی: ئەگەر لێرە ڕێم لێ بگری، ڕێی شامت لێ دەگرم و بوو بە دەنگە دەنگیان، ئومەیە وتی: سەعد، دەنگ بەرز مەكەرەوە بەسەر (ئەبو الحكم) دا ئەو گەورە و سەیدی ئەم ناوەیە.

سەعد وتی: تۆ وازبێنە، بەخوا من گوێم لە پێغەمبەری خواﷺ بووە كە دەیفەرموو: ئەتكوژێ. ئومەیە شپرزە بوو، وتی: لە مەككە دەمكوژێ یا لە شوێنێكی تر؟ سەعد وتی: نازانم.

ئومەیە زۆر بەم قسەیە تێك چوو، كە چووە ماڵەوە بە ژنەكەی وت: دەزانی سەعد چی پێ وتم، ژنەكەی وتی: چی پێ وتی؟

ئومەیە وتی: ئەڵێ محمد دەمكوژێ،منیش لێم پرسی لە مەككە یان لە دەرەوەی مەككە وتی: نازانم. بەخوا محمد هەرگیز درۆناكات، شەرت بێ لە مەككە دەرنەچم.

---

[16]- شێخی ئەلبانی لە سلسیلەی صحیح دا هێناویەتی.

کاتیَ موسولَمانان ڕێ یان لە قافلَەکەی قورەیش گرت و قورەیشیش سـوپای کـۆکردەوە، ئومەیە نیازی نەبوو لەگەلَیان بچێ و مەککە بەجێ بهێلَێ، ئەبوجـەهل هـات بـۆلای و تکـا و ڕجای زۆری لێکرد کە بچێت بۆ جەنگ لەگەلَیانا، چونکە ئەگەر ئەو نەچێ دەبێتە سەر مەشـق بۆ خەلَکی تر و دلَساردییان تێ دەکەوێت. ئەم قسانەی ئەبوجەهل نەچوو بە گوێ ی ئومەیـەدا، چونکە سوور بوو لەسەر ئەوەی کە لە مەککە دەرنەچێ، نەبادا (محمد) بیکوژێ!

ئەبوجەهلیش کە فیرعەونی ئەم ئومەتە بوو، هات بوغردانێکی هێنا و خەلَوز و بغوردی تێکرد و هات بۆلای کەعبە کە ئومەیە لەناو خزمەکانیدا دانیشتبوو، پێ ی وت: فـەرموو وەك ئافرەتان خۆت بۆن خۆش بکە، مادام نایەی لەگەلَماندا.

ئومەیە زۆر ئیستیفزاز بوو، وتی: شەرت بێ باشترین حوشتر بکڕم و بێم لەگەلَتان.

ئنجا چووە مالَەوە و بە ژنەکەی وت: دایکی صفوان کەلوپەلی سەفەرم بـۆ ئامادەبکـە، وتی: ئەی قسەی (یثربی) یەکەت بیرچۆوە؟!

وتی: بیرم نەچووە، ماوەیەك دەڕۆم لەگەلَیانا و کە فرسەتم بـۆ هەلَکـەوت دەگەڕێمـەوە. ئەبوجەهلیش لەو فێلَبازتر بوو، فرسەتی نەدا بگەڕێتەوە تا لە جەنگی بەدردا هەردوکیان کوژران و بە جەهەنەم شادکران. [17]

## ڕۆژ هـەلاتـن و ڕۆژ ئـاوابـوون

پڕۆفیسۆر زەغلول النجار دەلَێت: لەگەلَ زانایەکی فەلەکی بیانیدا گفت وگۆم دەکرد، ئەم فەرموودەیەی حەزرەتمﷺ بۆ باسکرد کە دەفەرموێت: (سئل رسـول اللهﷺ: هـذه المغـارب أيـن تغرب، و هذه المطالع أين تطلع؟ فقال هي على رسلها لاتبرح ولا تزول، تغرب عـن قـوم و تطلع على قوم، و تغرب عن قوم و تطلع، فقوم يقولون غربت، و قوم يقولون طلعت) [18] .

---

[17]- (الرقائق للعريفي) ل: ٤٧٨ / چاپی یەکەم، ٢٠٠٩

[18]- مسند همداني.

واته: پرسیار کرا له حەزرەتﷺ کە ئەم ڕۆژئاوا بوونە بۆ کوێ ئاوا دەبێ،ئەم خۆرهەڵاتنە لە کوێ وە هەڵدێ؟ حەزرەتﷺ فەرمووی: ئەوە بەرێ و شوێنی خۆی، لە گەلێك ئاوا دەبێ و لای گەلێکیش هەڵدێ، کۆمەڵێك دەڵێن ئاوا بوو، کۆمەڵێکیش دەڵێن هەڵهات.

زانا فەلەکیەکە وتی ئەگەر محمدﷺ تەنها ئەمەی فەرمووبێ بەڵگەیە کە نێرراوی خوایەو خوا فێری کردووە. بەڕاستی لە سەردەمێکدا کە مرۆڤایەی لە تاریکیدا دەژیا ، خەڵکی بت و داروبەرد، یا خۆرومانگ و ئەسێرەکانیان دەپەرست، زۆر گرنگە ئاوا باس لە خۆرهەڵاتن و ئاوا بوون بکات و بەشێوەیەکیش وەڵام بداتەوە کە تێی بگەن.

## مێروولـەش ئـوممەتـە

قورئان دەفەرموێت: ﴿وَمَا مِن دَآبَّةٍ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا طَٰٓئِرٖ يَطِيرُ بِجَنَاحَيۡهِ إِلَّآ أُمَمٌ أَمۡثَالُكُمۚ مَّا فَرَّطۡنَا فِي ٱلۡكِتَٰبِ مِن شَيۡءٖۚ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِمۡ يُحۡشَرُونَ ٣٨﴾ الانعام

مێروولە هەروەك ئادەمیزاد ئوممەتن و نزیکەی دوانزە هەزار جۆر مێروولە هەیە، ژمارەی مێروولە لەسەر زەوی چەند قاتی ژمارەی مرۆڤە. دکتۆر ڕۆبرت هیکینگ چەندەها ساڵ دیراسەی لەسەر هەڵس و کەوتی مێروولە کرد و سەرەنجام توانی دەنگی مێروولە تۆماربکات، کە ئەمەش یەکەمجار بوو مرۆڤ گوێ ی لەدەنگی ڕاستەقینەی مێروولە بێت لەرێ ی تۆماری تایبەتەوە، دیارە قورئان لە ١٤٣٤ ساڵ لەمەوبەرەوە باس لەو ڕاستیە دەکات کە مێروولەیەکی مێ کە مەبەستی (شاژنە) فەرمانی دا بە مێروولەکانی تر بچنە ژوورەوە تا نەبن بە ژێر پێی سەربازەکانی سولەیمانەوە.

﴿حَتَّىٰٓ إِذَآ أَتَوۡاْ عَلَىٰ وَادِ ٱلنَّمۡلِ قَالَتۡ نَمۡلَةٞ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّمۡلُ ٱدۡخُلُواْ مَسَٰكِنَكُمۡ لَا يَحۡطِمَنَّكُمۡ سُلَيۡمَٰنُ وَجُنُودُهُۥ وَهُمۡ لَا يَشۡعُرُونَ ١٨﴾ النمل (لەپێگەی: 55 a. net) دا ئەو دەنگانە بڵاوکراونەتەوە، کە مێروولە کاتێك هێرش دەکاتە سەر کرمۆکەیەك دەنگێکی ترسێنەری بۆ دەردەکات، یان کاتێك کە یەکتری ئاگادار دەکەنەوە، کە مرۆڤ لە ئاست ئەمەدا هیچی بۆ نامێنێتەوە مەگەر بڵێ: (سبحان الخلاق العليم) [١٩].

---

[١٩] - (www.٥٥a.net).

زانایەکی تر کە چەندەها ساڵ دیراسەی مێروولەی کرد، پارچەیەکی بچووك ئەلەمنیۆمی هێنا و شەکری پێوەکرد، مێروولەیەك هات و بە قاچی فەحسی کرد و چووەوە (٨) مێروولەی تری هێنا و بە خۆیەوە بوون بە نۆ و بردیان، ئینجا پارچەیەکی بچوك ئاسنی دانا کە شەکری پێوەکردبوو، مێروولەکە قاچێکی لێدا و چوو (٢٦) مێروولەی هێناو بەخۆیەوە بوون بە (٢٧) و بردیان، ئەوەی سەیرە و جێی سەرسورمانە ئەو پارچە بچووکە ئاسنە سێ ئەوەندەی پارچە بچوکە ئەلەمنیۆمەکە قورس بوو، باشە چۆن زانی ئەلەمنیۆمەکە بە نۆمێروولە ئەگوێزرێتەوە و ئاسنەکە کە سێ ئەوەندە قورسە بە (٢٧) مێروولە دەگوێزرێتەوە، ئەم هەستە چی یە خوا داوێتی بە مێروولە وچۆن توانی تەقدیری ئەو قورسایی یە بکات (سبحان الخلاق العليم) [٢٠].

هەروەها زانایان سەرنجی جۆرێ مێروولەیان دا کە ئەو مێروولانەی دەمرن دەیان بەن دەیان نێژن لە شوێنێکی تایبەت کە لای ڕۆژئاوای شارە مێروولەکەوە دەبێت٠ ئەو مێروولەیەی دەمرێت بۆنێك دەردەکات بەو بۆنە دەزانن کە مردووە و دەیبەن دەینێژن، جاری وا هەیە ئەو مێروولانەی مردووەکان ئەگوێزنەوە ئەگەر ژمارەی مردووەکان زۆربێ ئەمانیش ئەم بۆنە دەگرن، ئەوسا ئەمانیش داماوانە پەلاماریان دەدرێ و دەیان نێژن !! کەچی سبحان الله شاژن کە ئەو بۆنەش دەردەکات و زیندووە، پەلاماری نادەن و ناینێژن.

## گەشتێك بۆ ماڵی خوا

بانگخوازێك دەڵێت: سەردانی (حاجی عوسمان دابو) م کرد لە کۆماری گامبیا لە ڕۆژئاوای ئەفریقیا، کە تەمەنی لە هەشتا ساڵ زیاتر بوو، ماڵێکی خنجیلانەی هەبوو لە دێکەیاندا کە نزیکی (بانجول) ی پایتەخت بوو، باسی گەشتەکەی بۆ کردم، کە لە ساڵی پەنجاکاندا لەگەڵ چوار هاوەڵێدا لە (بانجول) ەوە بەپێ کەوتبونە ڕێ بۆ حەجی ماڵی خوا لە مەککە، گەشتێك لە ڕۆژئاوای ئەفریقیاوە بۆ ڕۆژهەڵاتی، تا گەیشتنە لێواری دەریای سوور و پاشان بە کەشتی چوون بۆ شاری جەددە.

---

[٢٠]- (د٠ صبری مرداش لە بەرنامەیەکدا باسی دەکات).

گەشتەکەیان گەشتێکی پڕ سەیر و سەمەرەیە کە ئەگەر بنوسرێتەوە لە دوو تویّ ی پەڕاوێکدا دەبێتە یەکێك لە گەشتە سەیرەکانی دونیا. گەشتەکەیان زیاتر لە دوو ساڵی خایاند، هەندیّ جار لەو شارانەی دەهاتە ڕێیان دەمانەوە بۆ کارکردن و پارە پەیداکردن.

لێم پرسی: حەجی ماڵی خوا بۆ کەسێکە توانای هەبێت، ئێوەش لەوکاتەدا نەدارابوون و تواناتان نەبوو، چی وای لێکردن ئەو گەشتە بکەن؟

حاجی عوسمان وتی: بەڵیّ وایە، بەڵام ئێمە یادی حەزرەتی ئیبراهیممان کردەوە سەلامی خوای لێبێت کە چۆن هاوسەرەکەی و منالەکەی برد بۆ مەککە بۆ لای کەعبەی ئێستا، کە شوێنێکی وشك و برنگ و بیّ ئاو و سەوزایی بوو، یەکێکمان وتی: ئێستا ئێمە لاوین و لەشمان ساغە، بەهانەمان چی دەبێت لای خوا ئەگەر نەچین بۆ حەج، چاوەڕیّ ی چی بکەین، خۆ ڕۆژ لەدوای ڕۆژ تەمەنمان بەسەردەچیّ. بەم قسانە هەموو گەرم بووین و بڕیارماندا بچین حەج.

پێنج کەس بووین لە ماڵ دەرچووین، خواردنی تەنها یەك هەفتەمان پێبوو لەگەڵ بڕێکی زۆرکەم پارە، لەڕیّ دا تووشی ناخۆشی و ناڕەحەتییەك بووین، مەگەر هەر خوا پاداشتمان بداتەوە لەسەری، چەندەها شەو بە برسێتی سەرمان ناوەتەوە و خەریك بووە لە برسا بمرین، چەندەها شەو لە ترسی دڕندەی دەشت و کێو و شاخەکان خەو لە چاومان نەکەوتوە و لەترسا هەڵ لەرزیوین، چەندەها شەویش لە ترسی دز و جەردە جێمان بە خۆمان نەگرتووە.

شەوێکیان دوو پشکێك پێوەی دام، ئازارێکم چەشت ئەو دنیای پیشان دام، ڕۆژێك هاوەڵانم چوو بوون بۆ کارکردن و نان پەیداکردن، منیش لە ژێر درەختێکدا بووم چاوەڕێیان بووم تا ئێوارە گەڕانەوە، شەیتان وەسوەسەی دنیای پێکردم، بە خۆمم دەووت: من چیم دابوو لەم دەردەسەری و غەریبی یە، باشتر نەبوو لە ماڵ و حاڵی خۆما بوومایە، مەگەر حەج بۆ کەسێك نیە توانای هەبێت؟! خەریك بوو لاوازی و پەشیمانی ڕووم تێبکات.

کە هاوەڵەکانم هاتنەوە یەکێکیان سەیری ڕەنگ و ڕووی کردم، ڕووم کرد بەولاوە و فرمێسکەکانم سڕی، هەستی بە حاڵم کرد بۆیە پێی وتم: هەستە دەست نوێژێك بگرە و نوێژێك بکە، پشت بەخوا خێر دێتە ڕێمان٠ هەستام دەستنوێژم گرت و نوێژم کرد، سوپاس بۆ خوا دڵم گەش بوەوە و سنگم فراوان بوو ﴿وَٱسۡتَعِينُواْ بِٱلصَّبۡرِ وَٱلصَّلَوٰةِۚ وَإِنَّهَا

﴿لَكَبِيرَةٌ إِلَّا عَلَى ٱلْخَٰشِعِينَ ۝٤٥ ٱلَّذِينَ يَظُنُّونَ أَنَّهُم مُّلَٰقُواْ رَبِّهِمْ وَأَنَّهُمْ إِلَيْهِ رَٰجِعُونَ ۝٤٦﴾ البقرة.

شەوق و عەشقی گەیشتن بە ماڵی خواو، شادبوون بە دیداری کەعبەی پیرۆز خەم و خەفەت و نارەحەتیەکانی لەسەر سووك کردین، لەم ڕێگا دوور و درێژەدا دوانمان مردن و ئاواتی حەج کردنیان بردە گڵەوە، گەیشتینە لێوارەکانی دەریای سوور، بە هەرحاڵێك بوو کەشتیەکمان دەست کەوت سا بەڵکو بگەینە بەندەری جەددە، بەداخەوە یەکێکی تریشمان کەوتە گیانەڵاو وەسیەتی کرد و وتی: ئەگەر گەیشتنە ماڵی خواو بە کەعبەی پیرۆز شادبوون، دوعام بۆ بکەن خوا من و دایکم بخاتە بەهەشتەوە و لەگەڵ پێغەمبەردا بینﷺ، کە هاوەڵی سێ یەمان لە کەشتیەکەدا گیانی سپارد، زۆر خەمبار بووم، ئەو لە هەمووومان بەهێزتر و ئارامگرتر بوو، زۆر ئەترسام نەگەمە ئاواتم، ئەتوت لەسەر ئاگرم، دەقە و سەعاتم ئەژمارد. لە جەددە نەخۆشییەکی قورسم گرت وەختەبوو بمرم، وەسیەتم بۆ هاوەڵەکەم کرد، ئەگەر مردم با ئیحرامەکەم کفنەکەم بێت، هەرچەندیش توانیت جەنازەکەم لە مەککە نزیك بکەرەوە، بەڵکو زیاترم بۆ بنوسرێ.

قەدەری خوا وابوو باری لەشم سووك بوو، چووین بەرەو مەککە، چەند نزیکبوینایەتەوە زیاتر ڕووم ئەگەشایەوە و دڵم زیاتر پەلەپەلی دەکرد، تا گەیشتینە کەعبەی پیرۆز.

حاجی عوسمان کەمێك بێ دەنگ بوو، فرمێسکەکانی سڕین، سوێندی خوارد بەخوای گەورە کە هیچ لەززەتێکی نەدیوە خۆشتر لە لەززەتی بینینی کەعبە.

ئنجا وتی: هەر کەعبەم بینی سوجدەی شوکرم برد بۆ خوا، لە بەردەم گەورەیی و هەیبەتی کەعبەدا بە کوڵ وەك مناڵ گریام، ئای چەند بەرز و بەڕێز و بە هەیبەتە ماڵی خوا. ئنجا دوعام بۆ ئەو سێ هاوەڵەم کرد کە نەگەیشتنە کەعبە و دوعام کرد کە خوا لە بەهەشتی خۆیدا کۆمان بکاتەوە .

پاش ئەم باس و خواسە لەماڵی حاجی عوسمان هاتمە دەرەوە و ئەم ئایەتەم لەبەر خۆمەوە دەوتەوە ﴿وَسَارِعُوٓاْ إِلَىٰ مَغْفِرَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ وَجَنَّةٍ عَرْضُهَا ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلْأَرْضُ أُعِدَّتْ لِلْمُتَّقِينَ ۝١٣٣﴾ آل عمران: ، بەڕاستی وانەیەکی گەورە فێربووم لە جددیەت و گوێڕایەڵی دا، جددیەتێك کەهیچ کۆسپ وتەگەرەیەك خۆی بۆ ناگیرێ لەبەردەمیا.

خوای گەورە کە بانگی خەڵکی کردووە بۆ حەجی ماڵەکەی / ﴿ وَأَذِّن فِي النَّاسِ بِالْحَجِّ يَأْتُوكَ رِجَالًا وَعَلَىٰ كُلِّ ضَامِرٍ يَأْتِينَ مِن كُلِّ فَجٍّ عَمِيقٍ ﴿٢٧﴾ ﴾ الحج. کەسانێك هەن ئاوا دەچن بەدەم بانگی خواوە، لەم لاشەوە کەسانی وا هەن تواناشیان هەیە و دەستی دەستی بەخۆیان دەکەن ، باشە ئەوانە نازانن کە حەزرەتﷺ دەفەرموێت: زوو بچن بەدەم حەجەوە،لەبەر ئەوەی نەك تووشی نەخۆشی و پێشهاتی خراپ بىن (من أراد الحج فليتعجل، فإنه قد يمرض المريض، وتضلّ الضالة، و تعرض الحاجة) [٢١]

## یەك بە هەزار

ئادەمیزادەکان لە توانا و لێهاتن و هیممەتدا جیاوازن، هەیە کوژاوەتەوە و سفرە، هەشە هەریەکە و نابێ بە دوو، هەر ئەڵێی ئاو لایداوە! هەر بۆ خۆی دەژی و هیچی لەم دنیایەدا بۆ زیاد ناکرێ، لەبەرئەوە خۆشی زیادەیە، هەروەك مصطفى صدق الرافعي دەڵێت: ئەگەر لەم دنیایەدا جێدەستێکت نەبێ و شتێ زیادنەکەیت ئەوا تۆ زیادەیت.

پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت سەرمەشقی مرۆڤایەتین و هەموویان بە پێی بارو زروف و حاڵی گەلەکانیان ڕۆڵی خۆیان بینیوە، دەڵێن سەدوبیست هەزار یان زیاترن، لەو بەڕێزانە پێنجیان (أولوا العزم) ن.

حەزرەتی ئیبراهیم سەلامی خوای لێبێت باوکی پێغەمبەرانە و لە هیممەت و عەزیمەتیا بەرامبەر ﴿ إِنَّ إِبْرَاهِيمَ كَانَ أُمَّةً قَانِتًا لِّلَّهِ حَنِيفًا وَلَمْ يَكُ مِنَ الْمُشْرِكِينَ ﴿١٢٠﴾ ﴾ النحل: ، پێغەمبەریشﷺ پێش نوێژی بۆ پێغەمبەران کرد لە ئیسراء و میعراجدا و ئەمیش بۆ خۆی ئوممەتێکە و بگرە زیاتریش، مەگەر فەزڵ و گەورەیی ئەو زاتە هەر قورئان بتوانێت تۆماری بکات ﴿ وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ ﴿٤﴾ ﴾ القلم، مەگەر خوای گەورە سوێند ناخوات بە تەمەنی موبارەکی پڕخێری، کە دەفەرموێت: ﴿ لَعَمْرُكَ إِنَّهُمْ لَفِي سَكْرَتِهِمْ يَعْمَهُونَ ﴿٧٢﴾ ﴾ الحجر /جا بۆئەوەی

---

[٢١]- رواه أحمد.

ئێمەش لە گەورەیی ئەو زاتە تێبگەین و بەوەفابین بۆی خـوای گـەورە فـەرمانمان پێـدەدات کـە هەرکـــەس سەڵاوات بدات لـــەسەر ئەو زاتە خوا دەجار ڕەحمەت و بەرەکەت دەڕژێنێ بەسەریا:

﴿ إِنَّ ٱللَّهَ وَمَلَـٰٓئِكَتَهُۥ يُصَلُّونَ عَلَى ٱلنَّبِىِّ ۚ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ صَلُّوا۟ عَلَيْهِ وَسَلِّمُوا۟ تَسْلِيمًا ﴿٥٦﴾ ﴾ الأحزاب .

(اللهم صل على سيدنا و قائدنا محمد صلاة و سلاماً دائمين أبدين الى يوم الدين) .

تێگەیشتن لە مـەقامی بـەرزی حـەزرەتﷺ ئەوەنـدە پێویسـتە ئـەوەتا خـوای گـەورە دەفەرموێت هەروەك چۆن یەکتری بانگ دەکەن ئاوا بانگی ئەو زاتە موبارەکە مەکەن .

﴿ لَّا تَجْعَلُوا۟ دُعَآءَ ٱلرَّسُولِ بَيْنَكُمْ كَدُعَآءِ بَعْضِكُم بَعْضًا ۚ ...﴿٦٣﴾ ﴾ النور: .

هەر بۆ ئەم مەقام زانینەیە کە پێغەمبەرﷺ ڕۆژێك بە (أبو ذر) دەفـەرموێت: (یـا أبـا ذر! أتاني ملكان و انا ببعض بطحاء مكة، فوقع أحدهما على الأرض، وكان الآخر بين السماء و الأرض، فقال أحدهما لصاحبه: أهو هو؟ قال: نعم: قال: فزنه برجل، فوزنت به، فوزنته، ثم قال: فزنه بعشرة، فوزنت بهم، فرجحتهم، ثم قال: زنه بألف ، فوزنت بهم ، فرجحتهم ، كأني أنظر إليهم ينتشرون علي من خفة الميزان٠ قال: فقال: أحدهما لصاحبه: لو وزنته بأمة لرجحها) .[٢٢]

لە سەرەتای پێغەمبەرایەتی و پێشتریش دا حـەزرەتﷺ ئامـادە دەکـرا بـۆ ئـەم کـارە مەزنە، جا بۆئەوەی خۆی بناسێ و دڵ دامەزراوبێ خۆی دەفەرموێ کـە دار و بـەرد سـەلامیان لێکردووەو وتویانە سەلامت لێ بێ ئەی پێغەمبەری خوا، یان بە ئاسمانەوە هـەور سـێبەری بـۆ کردووە، هەروەك مەیسەرە بینی و بۆ خەدیجەی گێڕایەوە لەکاتی ڕۆیشتنیدا بۆ بازرگانی.

ئەمەش هەر وانەیەکی تر بووە لـەو ڕوانگەیـەوە، خـوای گـەورە دوو مەلائیکـەتی بـۆ ناردووە تا پیشانی بدەن کە ئەو نووری چاوە، کە ئەو خۆشەویستەی خوا، سەنگینی و مەزنی و عەزم و حەزم و هیممەتی بەرامبەر ئوممەتێکە!.

---

[٢٢]- فەرموودەیەکی (حسن)ەو لە (صحيح الألباني دا: ٢٥٢٩).

# خوشكان و برايانى محمد ﷺ

ئازيزەكەم، تۆ شوێنكەوتەى ئەو زاتە پايە بەرزەى، ئەو لـە گـەورەيى و فـەزڵى خۆيـەوە دەستى ڕێزت لىٚ دەنىٚ، پياوانمان بە برا و خوشكانيشمان بـە خوشـكى خـۆى دادەنـىٚ، مەگـەر نافەرموىٚ: خۆزگەم بەو ڕۆژەى بە براكـانم شـاد دەبم، هـاوەڵان وتيـان: ئـەى ئێمـە بـرات نـين، فەرمووى: ئێوە هاوەڵى منن و فەزڵى صوحبەتتان وەرگرتوە، بەڵام ئەوان دواى من دێن و تەنها بە قورئان ئيمان دێنن.

برام. . . لەچى دايت لە برايەتيەكەت دا؟

خوشكم لە چـى دايـت لـە خوشـكايەتيەكەت دا؟ ئافرەتـە باڵاپۆشـە ئەڵمانيـەكان لـەم سەردەمەدا چەند جوان لەمە تێگەيشتن كە هەشت هەزارێك دەبن، لە ڕێكخراوێكدا ناوى خۆيان نا (خوشكانى محمد) .

نەك هەرئەوەندە ئێوە دەزانن كە ئەو سەردارى پێغەمبەرانـە و بـاوكى مەعنەويشـمانە، باشە كە بە دەقى ئايەتى قورئانى پيرۆز، هاوسەرە بەڕێزەكانى دايكـى ئيمانـداران بـن و لەبـەر مەقامى دايكايەتى كەس بۆى نـەبىٚ بيـانخوازىٚ و ببێتـە هاوسـەريان، كەواتـە خـۆى مـەقاى باوكايـەتى هەيـە و بـاوكى مەعنەويمانـە، ﴿ ٱلنَّبِيُّ أَوۡلَىٰ بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ مِنۡ أَنفُسِهِمۡۖ وَأَزۡوَٰجُهُۥٓ أُمَّهَٰتُهُمۡۗ ....﴿٦﴾ ﴾ الأحزاب .

ئەم ئەممەتە چاكترين ئەممەتە هاتۆتە سەر شانۆى ژيان بـۆ ڕێنمـايى بەشـەرييەت، پـاش ئيمان بە فەرمان دان بە چاكە و جڵەوگيرى لە خراپە بوونە باشترين ئوممەت.

﴿ ....كُنتُمۡ خَيۡرَ أُمَّةٍ أُخۡرِجَتۡ لِلنَّاسِ تَأۡمُرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَتَنۡهَوۡنَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ وَتُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِۗ ....﴿١١٠﴾ ﴾ آل عمران: .

بڕوادار داواى لێكراوە كە ئوممەتەكـەى باشـترين ئوممەتـە خۆشـى باشـترين مـرۆڤ بێـت (خيرالبرية) ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ أُوْلَٰٓئِكَ هُمۡ خَيۡرُ ٱلۡبَرِيَّةِ ﴿٧﴾ ﴾ البينة.

هەروەها داواى لێكراوە كە هيممەت بەرز بىٚ و لە بەرامبەر دوژمناندا ئارامگربىٚ، لەسەرەتادا داواكرا يەك بە دەبن، دواتر بەڕەحمى خۆى لەسەريانى سووك كرد، كە يەك بە دووش

بن هەرباشە: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ حَرِّضِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ عَلَى ٱلۡقِتَالِۚ إِن يَكُن مِّنكُمۡ عِشۡرُونَ صَٰبِرُونَ يَغۡلِبُواْ
مِاْئَتَيۡنِۚ وَإِن يَكُن مِّنكُم مِّاْئَةٞ يَغۡلِبُوٓاْ أَلۡفٗا مِّنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِأَنَّهُمۡ قَوۡمٞ لَّا يَفۡقَهُونَ ٦٥ ٱلۡـَٰٔنَ
خَفَّفَ ٱللَّهُ عَنكُمۡ وَعَلِمَ أَنَّ فِيكُمۡ ضَعۡفٗاۚ فَإِن يَكُن مِّنكُم مِّاْئَةٞ صَابِرَةٞ يَغۡلِبُواْ مِاْئَتَيۡنِۚ وَإِن يَكُن مِّنكُمۡ
أَلۡفٞ يَغۡلِبُوٓاْ أَلۡفَيۡنِ بِإِذۡنِ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ ٦٦ ﴾ الانفال.

لەم ئوممەتەدا کەسانێك نەك یەك بە دوو بگرە یەك بە هەزاریش وەستانەوە، عومەری کوڕی خەتتاب لە میسرەوە داوای چەند هەزار جەنگاوەریان لێکرد ئەویش چوار کەسی بۆناردن و فەرمووی هەریەکەیان بەرامبەر هەزار کەسە. ئەبوبەکر (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: دەنگی قەعقاع لە سوپایەکدا چاکترە لە هەزار جەنگاوەر و ئەو سوپایەی قەعقاعی تیابێت ناشکێت، بۆیە لە ١١ی کۆچی دا خەلیفە ئەبوبەکر قەعقاعی نارد بۆ یارمەتی خالید لە جەنگی فارسەکاندا. [٢٣]

## گەرم و گوڕی زیاتر پێویستە

لەکاتێکدا لەسەرتاسەری دنیادا دەبینین کە کۆمەڵە کەسانێك بە شەو و ڕۆژ خەریکن بۆ گومڕاکردنی خەڵك و بڵاوکردنەوەی خراپە و خراپەکاری، بە ملیارەها دۆلاریش لەو پێناوەدا خەرج دەکەن، موسوڵمانانیش کە خاوەنی پەیامێکی خوایین و لە خواوە فەرمانیان پێدراوە کە بیگەیەنن، هەقە گەرم وگوڕترو بە پەرۆشتربن بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی سەرشانیان و خزمەت کردنی مرۆڤایەتی و ڕێنمایی کردنیان بەرەو هەق و ڕاستی.

ئاشکرایە کە تەورات و ئینجیل تەحریف کراون و خواش فەرمانی نەداوە بە گەیاندنی کەچی بە ملیۆنەها مژدەدەر ئامادەکراون بۆ کاری مژدەدان و هەموو هۆکارێکی سەردەمیش خراوەتە بەردەستیان. مژدەدەران دەڵێن ( لە هەرکوێیەك مرۆڤ هەبێت، دەرد و نەخۆشی و ئازاریش هەیە، کە پێویستیان بە پزیشکە، لە هەر کوێیەکیش پێویستیان بە پزیشك بوو فرسەت دەرەخسێ بۆ بەگاورکردن ) .

[٢٣]- بۆ درێژەی ئەم باسە سەیری: (بەهاری دڵان، ل: ١٥٤) بکە.

ڕێکخراوێکی مەسیحی بەناوی (عملية البركة الدولية) کە سەر بە ڕێکخراوی (شبكة الإذاعة المسيحية) یە کە مژدەدەرێکی ئەمریکی سەرۆکایەتی دەکات بەناوی (بارت روبرتسۆن) و کە لەساڵی **١٩٧٧** خۆی پاڵاوتبوو بۆ هەڵبژاردنێکی ئەمریکی.

ئەو ڕێکخراوە فڕۆکەیەکی لۆکهیدی کردووە بە خەستەخانەی گەڕۆك کە بڕی (٢٥) ملیۆن دۆلاری تێچووە و هەموو کەلوپەلێکی پێویستی تیایە بۆ نەشتەرگەری و چارەسەرکردنی خێرا. ئەم فڕۆکەیە بەهەفتەو بە دە ڕۆژ لەهەندێ ناوچە دەمێنێتەوە بۆ چارەسەر کردنی خەڵکیی بە خۆڕایی و لەژێر ئەو پەردەیەشدا کاری مژدەدان دەکەن. [٢٤]

## پاڕانەوە

خودایە ئەی پەروەردگاری هەموو جیهان، لەتاو سستی و بێ دەربەستیمان، لەتاو هەڵە و کەم و کورتیمان، ئێمەش وەك یەحیای کوڕی موعاذ دەڵێین:

(إلهنا أبداننا أسرى لدى الدنيا، و قلوبنا أسرى لدى الهوى، ونحن بين ذلك مأخوذون بالأمر و الزواجر، نتمنى الصفاء ساعة من الدهر، أو نَفِرُّ إلى بابك بالإخلاص لحظة من عمرنا، فنكتب بالدموع قصة الخشوع، و نمد يد العبودية الى عز الربوبية، لكننا لانقدر، فها نحن اليوم واقفون موقف الإعتذار، والإقتراف، و الأقتراب ﴿إِن تُعَذِّبْهُمْ فَإِنَّهُمْ عِبَادُكَ وَإِن تَغْفِرْ لَهُمْ فَإِنَّكَ أَنتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ ﴿١١٨﴾﴾ المائدة . پەروەردگارا جەستەمان ئەسیری دەستی دونیایە و دڵمان ئەسیری دەستی هەوا و ئارەزووە، ئێمەش لەم نێوەندەدا فەرمانمان پێدراوە و جڵەوگیریمان لێکراوە و بەرپرسیارین، ئاواتە خوازی سەعاتێ سافی و بێگەردین لە دەهرێك دا. ئاواتەخوازی ڕاکردنین بۆ بەردەرگای تۆ بە ئیخلاصی ساتە چرکەیەك لە تەمەنمان، بە فرمێسك داستانی خشوعمان دەنوسین و، دەستی بەندایەتیمان درێژدەکەین بۆ (عز) ی ڕبوبیەتی تۆ، بەڵام ناتوانین و نایگەینێ ،وا ئەمڕۆ ئێمە وەستاوین وەستانێکی پڕ پەشیمانی،ئەگەر سزامان بدەی هەر بەندەی تۆین ئەگەر لێشمان خۆش بیت هەر تۆ بەڕاستی بە دەسەڵات و کاربەجێیت) [٢٥]

---

[٢٤] – (من روائع العريفي، ل:٣٥٢/ ضاثي يةكةم، ٢٠٠٩).

[٢٥] – هبي يا ريح الايمان، ل: ١١٧.

# بەرگی دووەم

# سینە

# پـێـشــەکـی:

سوپاس و ستایش بۆ خـوای پـەروەردگار و درود و سـڵاویش لەسـەر گیـانی سـەرداری پێغەمبەران و یار و یاوەران و شوێن کەوتوان.

لەسەردەمی عەولەمە و بەرەوپێشچوونی هۆیەکانی ڕاگەیاندن و بچووك بوونەوەی دنیـا بۆ لادێ یەکی بچووك، بڕوادار لەبەرامبەر ئەو هەموو هۆکارانـەی کـە کـار لەسـەر لاوازبـونی ئیمانی دەکەن، لەهەموو کات زیاتر پێویستی بە هۆشیاری و نوێکردنەوەی ئیمانی هەیە.

ئێمەش لەم گەشتە نوێییەدا وەك تەواو کاری یەك بۆ گەشـتەکانی پێشـوو لەپـەڕاوەکانی (ژیانەوەو بەرەو ئیسلام و نوێبوونەوە. . . هتد) پێمان خۆشـە دۆسـتان و هـۆگرانی بەرنامـە پیرۆزەکەی ئیسلام چەند ساتێك لەگەڵیان بـین بـۆ ئـاودانی دڵـە تینووەکـان، بـۆ شـاد بـوون و گەشانەوەی بڕواداران.

من لەلای خۆمەوە نیەتی هەزار و یەك بابەتی ئیمانیم هێناوە لەخزمەتتانـدا، لـەمن هـەوڵ و لەئێوەش دوعای خێر، چەندم بۆکرا دەیکەم، وەگەر نا بەنیەتەکەم پاداشتی خۆمم بۆ نوسراوە.

پاش ئەوەی لە نوێبوونەوەدا پەنجا بابەتی ئیمانیمان پێشکەش کردن ئێستاش فـەرموون لەگەڵ بەرگی دووەمی ئەو گەشتەداکە زیاتر لە پەنجا بابەتی تری ئیمانیە بەو هیوایەی کە جێ ی ڕەزامەندی خوا و دۆستانی خوا بێت.

## دڵ و ســـینــە

لەئایینی ئیسلامدا گرنگی زۆر دراوە بەدڵ و بەسینەی مرۆڤ، خوا ئاگـادارە بـەوەی کـە لەدڵ و سینەدا حەشارئەدرێت: ﴿ يَعۡلَمُ خَآئِنَةَ ٱلۡأَعۡيُنِ وَمَا تُخۡفِي ٱلصُّدُورُ ١٩ ﴾ غافر

لەقیامەتدا هیچ کاروکردەوەیەك وەرناگیرێت ئەگەر خاوەنەکەی دڵی بـێ غـەل و غـەش نەبێت و سینەی ساف نەبێت: ﴿ إِلَّا مَنۡ أَتَى ٱللَّهَ بِقَلۡبٖ سَلِيمٖ ٨٩ ﴾ الشعراء

لەحەزرەتیان (ﷺ) پرسی : ( من خير الناس ؟ فقال : كل مـؤمن مخمـوم القلـب ،فقيـل وما مخمومالقلب ؟ فقال : هو التقي النقي الذي لا غش فيه ولا بغي ولا غدر ولا غل ولا حسد) . کێ چاکترین کەسە؟ فەرمووی : ئەوەی دڵی پاك و سینەی ساف و بێ غەل و غەشە.

ڕۆژێك حەزرەتﷺبۆئەوەی هاوەڵانی پەروەردە بکات لەسەر سینە سافی پێی فەرموون: ئێستا کەسێك دێتە ناو مزگەوتەوە کـە ئـەهلی بەهەشـتە، پـاش کـەمێك پیاوێـك کـە ئـاوی دەستنوێژی لێدەتکا خۆی کرد بەمزگەوتا. بۆ ڕۆژی دووەمیش حەزرەتﷺهەمان شتی فەرموو هەمان کەس هاتە ناو مزگەوتەوەو سێیەم ڕۆژیش بەهەمان شێوە.

عەبدوڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص، سێ شەو بـووە میـوانی ئـەوپیاوە تـا بزانێـت چ کارێك دەکات ئاوابووە بەئەهلی بەهەشت، پاش سێ شەوەکە کە بۆی دەرکـەوت موسـڵمانێکی ئاساییە وەکو هەموو هاوەڵان نوێژو ڕۆژوو فەرزەکانی تر جێ بەجێ دەکات مەسەلەکەی پێووت: کە حەزرەتﷺسێ جار ئاوای فەرمووە.

ئەویش وتی منیش هەروەك ئەوەی بینیت فەرزەکانی سەرشانم بـەجێ دەگەیـەنم و، دڵ و سینەم بێ غەل و غەشەو هیچی تیانیە بەرامبەر موسڵمانان.

## تــوانــا و لێــهاتنــە جــیاوازەکــان

زانایان دەڵێن لەدنیادا دوو مرۆڤ نیە لەهەموو شتێکدا لەیـەك بچـن، جیـاوازی زمـان، ڕەنگ، باڵا، سیفەتەکانی تر ،بەڵگـەن لەسـەر گـەورەیی و دەسـەڵاتی خـوا﴿ وَمِنۡ ءَايَٰتِهِۦ خَلۡقُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَٱخۡتِلَٰفُ أَلۡسِنَتِكُمۡ وَأَلۡوَٰنِكُمۡۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّلۡعَٰلِمِينَ ٢٢ ﴾الروم

هەروەك چۆن کانزاکان جۆراوجـۆرو جیـاوازن و هەریەکـەیان سـودێك بـەمرۆڤ و بـەژیان دەگەیەنن، مرۆڤەکانیش بەهەمان شێوە توانا و لێهاتنەکانیان جیاوازەو هەرکـەس جـێ و ڕێ و شوێن کاری خۆی هەیە لەم دنیا جەنجاڵەدا.

حەزرەت ﷺدەفەرموێت: (الناس معادن كمعادن الفضة والـذهب. خيـارهم في الجاهليـة خيارهم في الإسلام إذا فقهوا. والأرواح جنود مجندة. فما تعارف منها ائتلف. وما تناكر منها اختلف) . مسلم. واتە : خەڵکی وەکو کانزاکانی زیوو ئاڵتوون وان ، چاکترینیان لە نەفامیـدا ، چاکترینە لە ئیسلامەتیدا ئەگەر لە راستیەکان تێبگەن و شارەزای ئیسلام بن، رۆحەکانیش وەك سەربازی مەشقدراون ، هەیانە بەیەکتر ئامۆن و هەشیانە بەیەکتر نامۆن و بەیەك ناخۆن.

دیارە خوای گەورەش ڕەچاوی ئەم مەسەلەیەی کردووە لەتواناکانی ئادەمیزادااو هەرکەسە و ئەوەندەی لێداواکراوە کە لەتوانایدایە.

﴿ لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفۡسًا إِلَّا وُسۡعَهَاۚ لَهَا مَا كَسَبَتۡ وَعَلَيۡهَا مَا ٱكۡتَسَبَتۡ ...﴿٢٨٦﴾ ﴾ البقرة: ئايينى پيرۆزى ئيسلاميش لەفەرزەكانيدا ڕەچاوى ئەم دياردەيەى كردووە، بەوەى كە (حەددێكى ئەدنا) هەيە كە هەموان لەهەموو كات و شوێنێكدا دەبێ پێى هەستن وەك (پێنج فەرزەى نوێژو ڕۆژو و حەج و زەكات) ، هەرچەند ئاسان كاريش كراوە بۆكاتى سەفەرو كاتى نەخۆشى و پيرى و. . . هتد. .

(فضيل كوڕى عياض) زانايەكى خواناس بوو كە بە (عابدالحرمين) بەناوبانگ بوو، (ئيمام ماليك) يش خەريكى(فِقْـة) و وانەوتنەوە و فەتوادان بوو، (عبدالله كوڕى موبارەك) يش خەريكى جيهاد بوو لەسنورى خەلافەتى ئيسلاميدا، (فضيل) نامە بۆ ئەو دووپايەبەرزە دەنێرێ و داوايان لێ دەكات كە ئەوانيش بێن خەريكى خواپەرستى بن لەلاى كەعبەو خۆيان سەرقاڵى شتى تر نەكەن.

ئەوانيش وەڵامى ئەدەنەوەو (عبدالله كوڕى موبارەك) چەند دێڕ هۆنراوەيەكى بۆدەنێرێ (هەروەك لە پەڕاوى **المنطلق**) دا هاتوولاپەڕە (٨٦) كە تيايدا باسى گەورەيى جيهاد و فەزڵى تۆزو خۆڵى خەبات دەكات كە ڕێگرە لەچوونە ناو دۆزەخ و دەڵێت:

يا عابد الحرمين لو ابصرتنا     لعلمت انك في العبادة تلعب
من كان يخضب جيده بدموعة     فنحورنا بدمائنا تتخضب
او كان يتعب خيله في باطل     فخيولنا يوم الكريهة تتعب
ريح العبير لكم ونحن عبيرنا     رهج السنابك والغبار الاطيب
و لقد اتانا عن مقام نبينا     قول صحيح صادق لا يكذب
لا يستوى غبار خيل الله في     انف امريء و دخان نار تلهب
هذا كتاب الله ينطق بيننا     ليس الشهيد بميت لا يكذب

هەروەها (ئيمام ماليك) يش نامەيەكى بۆدەنوسێ لەوەڵاميدا و پێى دەڵێت: ئەى ئيمام خوا تەوفيقت بدات، بەڕاستى خواى پەروەردگار خۆى ڕزق و ڕۆزى دابەش كردووە، ڕزق و ڕۆزيش تەنها پارەو سامان نيە، كەسى وا هەيە بەخشينى لا خۆشەويست كراوە و دەبەخشێت، كەسى وا هەيە جيهادى لا خۆشەويست كراوەو جيهاد دەكات، كەسى واش هەيە عيبادەتى لا

خۆشەویست کراوە و عیبادەتی زیاتر دەکات، کەسی تریش هەیە فێرکردن و تەدریسی لا خۆشەویست کراوەو حەزی بەوکارەیە، جا (وكُلٌّ مُيَسَّرٍ لِما خُلِقَ له) .

بەڕاستی هەروایە، لەولایەنەدا کە تۆ بەهێزی و بۆت ئاسان کراوە سەیری لاوازی کەسانی تر مەکە لەولایەنەدا.

کەسێك خوا توانای عیبادەتی زۆرو سوننەت کردنی زۆری داوەتیٚ و بەردەوام بێجگە لەفەرزەکان نوێژو ڕۆژووی سوننەت دەکات، هەق نیە بەچاوێکی کەمتر سەیری برایەك بکات کە خوا توانای لەبواری نوسین و دەعوەکردندا داوەتیٚ و کەمتەرخەمیش نیە لەکردنی فەرزەکان و هەندیٚ سوننەتیش دا.

گرنگ ئەوەیە هەرکارێك دەکەین، بەپێی شەرع بێت و (خالصاً مخلصاً) بۆ خوا بێت، ئیتر کارەکە کەمیش بێت پاداشتی گەورەی هەیە بەتایبەت کە کارەکە بەپێی توانا بێت حەزرەت دەفەرموێت: ( سبقدرهم مائة ألف ، قالوا : يا رسول الله : وكيف ؟ قال : رجل له درهمان فأخذ أحدهما فتصدق به ، و رجل له مال كثير ، فأخذ من عرض ماله مائة ألف فتصدق بها) (حديث صحيح) .

کەواتە درهەمەکەی کابرا بەکەم مەزانە کە بۆ ئەو نیوەی سەروەتەکەی بەخشیوە، بەزۆرو کەمی نیە ئەوەندەی پێکراوەو کردویەتی.

# لــه موعــجیزەکــانی قــورئــان و ســوننــەت

## یەکــەم: گە نجـینــەکــانی میســرییــە کــۆنەکــان

قورئانی پیرۆز باسی سەردەمی حەزرەتی یوسف (سەلامی خوای لێبێت) دەکات پـاش هاتنەدەرەوەی لە بەندیخانە،کە بەپاشای میسـر دەفـەرمویێت:﴿ قَالَ ٱجۡعَلۡنِي عَلَىٰ خَزَآئِنِ ٱلۡأَرۡضِۖ إِنِّي حَفِيظٌ عَلِيمٞ ﴿٥٥﴾ ﴾ یوسف

لەلێکدانەوەی خەوەکەش دا دەفەرمویێت (تزرعون) کشتوکاڵ دەکەن، کەواتە کۆمەڵگەی میسری کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی بووە و ڕوباری نیل وای کردووە کە گرنگی بدەن بەکشتوکاڵ، لەلایەکی ترەوە دەردەکەوێت کە شارستانیەتی پێشـکەوتویان هـەبووە لەچاو ئەوزەمانـەدا و، لەوسەردەمانەدا کۆگا (مخزن) ی زۆریان بنیات ناوە بۆعەمبارکردنی گەنم و جـۆو بەرهەمـەکانی تر تا لەکاتی پێویستدا بەکاری بهێنن و دابەشی بکەن.

جا باس لەوەی کە کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی بوون و (خزائن) کۆگـای گـەورەی زۆریـان هــەبووە غــەیب و نهێنیــەکی مێژووییــە وخــوای گــەورە خــۆی بــەوەحی ئەمــەی بــۆ حەزرەتﷺناردووە، ئەگینا نەك حـەزرەتﷺکـیٚ مێـژووی چـوارهەزار سـاڵ پـێش زایینـی فیرعەونی و میسری یەکانی زانیوە لەو زەمانەدا.

پاش دۆزینەوەی پاشماوە دێرینەکانی میسری یـە کۆنـەکان لـەم سـەدانەی دواییـدا ئـەم ڕاستی یە دەرکەوت، کە لەپەرستگای ئەبوسومبول کە پاشا ڕەمسیسی دووەم بینـای کـردووە، لەدیوارەکانیا ئەم عیبارەتە هەڵکەندراوە بەزمانی میسری یە کۆنەکان:

(من خوا بتاح ئەبەخشم بەڕەمسیسی دووەم بەروبومی بەردەوام، تـا بـەردەوام خـواردن بدات بەخەڵکی و ئەو بەروبوومە کۆبکاتەوە کە هەروەك لمی گویٚ دەریایـە لـەکۆگاکانیان کـە لەئاسمان نزیك دەبێتەوە لەبەرزی داو، بەروبوومەکەشی بەهێندەی شاخ بەرزبۆتەوە) .

لەکۆمەڵێ وێنەشدا کە دیسان لەسەر دیوارەکـان هەڵکەنـدراوە دەردەکـەوێت کـە چـۆن بەروبومی گەنم و جۆو ترێیان کێشاوەو پشکنینیان بۆکردووەو پاشان خەزنیشیان کردووە.

کۆمەڵێکی تری شوێنەوارناس بەسەرۆکایەتی نادین مولر، کـە مامۆسـتایەکی ئافرەتـە لەزانکۆی شیکاگۆ، ئاشکرایان کرد لەساڵی ٢٠٠٨دا لەناوچەی (تل أدفـوا) لەشـاری ئەسـوان

لەخواروی میسر حەوت کۆگای گەورەیان دۆزیوەتەوە، کە بینای ئیدارەی گەورەشی لەگەڵدایە بۆ تۆمارکردنی ئەوبەروبوومانەی کە دێت و پاشان خەزن دەکرێت.

ئەوکۆگایانە لەخشت دروستکراون و تیرەکەیان نزیکەی شەش مەتر دەبێت. هەروەها سجلی تایبەتیان دۆزیەوە کە ئەوشتانەی تیا تۆمارکراوە کە خەزن کراون.

بەڕاستی قورئان ئەستەمە کەس بتوانێت هەڵی بەستێت هەروەك خۆی دەفەرموێت:

﴿ لَقَدْ كَانَ فِي قَصَصِهِمْ عِبْرَةٌ لِّأُولِي الْأَلْبَابِ ۗ مَا كَانَ حَدِيثًا يُفْتَرَىٰ وَلَٰكِن تَصْدِيقَ الَّذِي بَيْنَ يَدَيْهِ وَتَفْصِيلَ كُلِّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿١١١﴾ ﴾ یوسف .

## دووەم: کەمبوونەوە و نەمانی ئاوی فورات

پێغەمبەرﷺدەفەرموێت: (لاتقوم الساعة حتى يُحْسَر الفرات عن جبل من ذهب يقتتل الناس عليه، فيقتل من كل مائة تسعة و تسعون، فيقول كل رجل منهم: لعلي أكون أنا أنجو) . ئەبوداود

(يوشك الفرات أن يُحْسر عن كنز من ذهب فمن حضره فلا يأخذ منه شيئا) ترمذی

(يوشك الفرات أن ينحسر عن جبل من ذهب، فإذا سمع به الناس ساروا إليه، فيقول من عنده: لئن تركنا الناس يأخذون منه ليذهبن به كله، قال: فيقتتلون عليه، فيقتل من كل مائة تسعة و تسعون) مسلم.

ئەگەر لەم فەرموودەیە وردبینەوە بەڕاستی موعجیزەیەکی گەورەیە و هەواڵدانە بەڕووداوێکی داهاتوو کە ئێستا وردەوردە سەرەداوەکانی دەردەکەوێت. .

ئاو بووە بەکێشەی سەرەکی ئەم سەردەمە، ئاشکرایە کە دیجلەو فورات لەشاخەکانی تورکیاوە هەڵدەقوڵێن، تورکیاش بۆ سوود وەرگرتن لەئاوی ئەم دوو ڕووبارە پرۆژەی (گاپ) ی خستە بورای جێبەجێکردنەوە، کە ساڵی دوومليار دۆلار بودجەکەیەتی.

سلێمان دیمیرل سەرۆکی پێشووی تورکیا لەکاتی کردنەوەی بەنداوی ئەتاتورك دا وتی: (ئاوی دیجلەو فورات سەرچاوەیەکی تورکین و هی تورکیان، هەروەك چۆن عێراق و سوریا بیرە نەوتەکانیان هی خۆیانەو، ئێمە پێیان ناڵێین بمان کەن بەشەریك، بەهەمان شێوەش عێراق و سوریاش هەقیان نیە شەریکمان بن لەو سەرچاوە ئاویەدا و چیمان بوێ ئاوای لێدەکەین) .

هەر لەکۆنیشەوە هرتزل دامەزرێنەری بزووتنەوەی جولەکە دەرکی بەم ڕاستی یە کردووەو وتویەتی: (دامەزرێنەری ڕاستەقینە بۆ زەوی تازەی کۆن، ئەندازیارانی ئاون،کە هەموو شتێك لەسەر ئەوان وەستاوە) .

پڕۆژەی گاپ لە (٢٢) بەنداو پێك دێت کە (١٩) وێستگەی کارەبای لەسەرە، ئەمە بێجگە لەچەندەها پڕۆژەی پیشەسازی و کشتوکاڵی و ئاودان و گەیاندن. (گاپ) لەڕووبەردا گەورەترین پرۆژەیە لەجیهانداو هەشت شاری تورکیا دەگرێتەوە، کە تەواوبوو دەتوانێ ٨. ٥ملیۆن هێکتار ئاوبدات، هەروەها ئەم پرۆژەیە (١٠٦) ملیۆن فرسەتی کاری تازە دێنێتە کایەوە کە بێکاری ناهێڵێ.

لەساڵی ١٩٩٢دا دەست کرا بەپرۆژەی بەنداوی ئەتاتورك، کە قەبارەی بنکەکەی٨٤. ٥ مەتر سێ جاو بەرزیەکەی ١٩٠مەترە، ئەوئاوەی کە خەزنی دەکات (٤٨. ٧) ملیۆن مەتر سێ جایە. نیاز وایە کە ساڵی ٢٠١٤پرۆژەکە تەواو ببێ کە بە تەواوی ئابوری تورکیا دەبوژێنێتەوە.

چەند وڵاتێك هاوکاریان بۆئەوپرۆژەیە پێشکەش کرد وەك ئەمریکاو ئیسرائیل و فەرەنسا، ئیسرائیل قەرزی داوە بەتورکیا بۆ ئەوپرۆژەیە و بەشداری سەرەکی بووە لەتەصمیمی پرۆژەکەداو لەساڵی ١٩٩٥ەوە ٦٧ کۆمپانیای ئیسرائیلی لەوپرۆژەیەدا کاردەکەن.

هەروەها یەکێکی تر لە بەنداوەکان بەنداوی ئورفەیە کە ئەمەش بەیارمەتی ئیسرائیل دروست دەکرێت، کە ئەگەر تەواوبیێت بۆماوەی (٦٠٠) رۆژ ناهێڵێ ئاو بە دیجلەو فوراتدا بڕوات بۆعێراق و سوریا.

ئەمە بێجگە لەوەی کە لەسەر فورات بەنداوی (بیرەجل) و (قرقامیش) بینادەکرێت کە بەتەواوی دەست دەگرن بەسەر دیجلەو فورات دا. لێکۆڵەران دەڵێن جەنگی داهاتووی جیهان لەسەر ئاودەبێت، بەڕاستی ئەمانە سەرەتان بۆهاتنەدی فەرموودەکەی حەزرەتﷺ کە ئاو لەفوراتدا نامێنێ و شاخێکی ئاڵتون دەردەکەوێت کە لەسەدکەس نەوەدونۆی دەکوژرێت. بەڕاستی ئەگەر سەیری حاڵی خەڵکی عێراق و سوریا بکەین دەبینین ناوچەیەکی پڕ لەئاژاوەیەو هەر لەکۆنەوە کوشتن و بڕینی زۆرە، کەم وڵات هەیە ئاوای بەسەر هاتبێ، هەر لەزەمانی

حەجاجەوە سەیرکە تازەمانی هاتنی تەتەرو مەغۆلەکان و، پاشان شەڕی کوردو عەرەب لە زەمانی بەعسەوەو، دواتر شەڕی براکوژی کەبەبلۆك سەری یەکتریان پان دەکردەوە لەسەر گومرگ و دەسەلاَت کە چەند سالَیك درێژەی کێشا بەناهەق، پاشان شەڕی بێ مانای سوننەو شیعە کە شەڕی ولاَتانی دراوسێ یەو تەسفیەی حسابیان لەعێراقدا دەکەن، میللەتێك دەستیان چۆتە خوێنی یەکترەوەو لەسەر مەزهەب یەکتر دەکوژن و بەدرێژ لەلایەن مخابراتی ولاَتانی دراوسێوە سەری یەکتر کون دەکەن؟!

بەڕاستی کە لەنزیك قیامەتدا کوشتن و بڕین زۆردەبێ و کەس نازانێ لەسەرچی یەکتری دەکوژێ؟! ئاخۆ شاخێکی ئالَتون دەربکەوێ ئەبێ چی بکەن، دیارە قەتلَ و عام دەست پێدەکات و ئەگەر حیزبەکان بێنن کوشتار ئاسانە و پیشەیانە، ئەگەر نەشمان ئەو خەلَکە کە تەماع وخوێن ڕشتن لەخوێنیانایە قەتلَ و عامی یەکتری دەکەن بۆچیایەك لەئالَتون.

## سێیەم: بارانێك زەوی سەوز ناكات

حەزرەتﷺلەفەرمودەیەکدا کە ئەنەس ریوایەتی کردووەو دەفەرموێت: (لاتقوم الساعة حتى تُمطِر السماء مطرا عاما ولاتنبت الأرض شيئا) الهيثمي (رجاله ثقات) .

ئەمە یەکێکە لەو فەرموودانەی کە باسی گۆڕان و تێکچوونی کەش و هەواو ڕووبارو و باران و زەوی دەکات لەنزیك قیامەتدا، ئەم فەرموودەیە باس لەوەدەکات کە قیامەت نایەت هەتا باران لەئاسمانەوە دەبارێت بەلاَم هیچ ناڕوێنێت؟.

لەفەرموودەیەکی تریشدا دەفەرموێت: ( ليس السنَّة بأن لا تُمْطِروا ولكن السنَّة أن تمطروا وتمطروا ولاتنبت الأرض شيئا ) مسلم، واتە: وشکەسالّی و قات و قڕی ئەوکاتە نییە کە بارانتان بۆ نابارێت بەلّکو وشکەسالّی و قات و قڕی ئەو کاتە دەبێت کە دەبارێت بەلاَم زەوی شین ناکات و هیچ ناڕوێت.

قورئانیش لەم بارەیەوە دەفەرموێت: ﴿ ظَهَرَ ٱلْفَسَادُ فِى ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِى ٱلنَّاسِ لِيُذِيقَهُم بَعْضَ ٱلَّذِى عَمِلُوا۟ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴿٤١﴾ ﴾ الروم ، واتە: فەساد لەوشکانی و دەریادا دەرکەوتووە بەهۆی پیس بوونی ژینگەو خراپی هەلّسوکەوتی مرۆڤەوە لەگەلّ دەوروبەرو ژینگەدا، تا بەوفەسادەو دەرئەنجامەکانی سزایان بدەین بەلّکو چاك بن و بگەڕێنەوە.

زانایانی بواری ژینگە دەڵێن: بەهۆی پیس بوونی زەوی یەوە، بەهۆی کارگەکان و پاشماوە پیسەکانەوە ئاو و هەواو زەوی و دەریاکان پیس بوون و، ئەمەش کاردەکاتە سەر تەندروستی مرۆڤ و ڕووەك و گیانلەبەران، ڕێژەی شێرپەنجەو نەخۆشی یە قورسەکان ڕوو لەزیادبوونەو بەملیارەها دۆلار ساڵانە بۆعیلاج خەرج دەکرێ.

سەدەیە لەمەوبەر باران پاك بوو، زەوی پاك بوو، بەڵام ئێستا بەهۆی گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و گازی دووەم ئۆکسیدی کبریت کە چەند زیاد بکات لەهەوادا دەبێتە هۆی پیس بوونی باران و ڕووەك و درەختەکانیش زیانیان لێ دەکەوێت. هەروەها بەهۆی ترشی کبریتەوە بارانی ترشەڵۆکی دەبارێت کە زیانێکی زۆرئەدات و زەوی ئەوهاوسەنگیەی هەیەتی نایێنێ، ئاشکرایە هاوسەنگیەکی گرنگ هەیە لەبونەوەردا، مرۆڤ و گیانلەبەران بەڕۆژ دووەم ئۆکسیدی کاربۆن ئەدەنەوە و ئۆکسجین هەڵدەمژن ،خوای گەورە بۆهاوسەنگی درەختەکانی داناوە کە بەرۆژ بەپێچەوانەوە دووەم ئۆکسیدی کاربۆن هەڵدەمژن و ئۆکسیجن ئەدەنەوە.

زانایان دەڵێن: ئەگەر حاڵ بەم جۆرە بڕوات و کەش وهەوا پیس ببێت بەهۆی ئاسەواری جەنگەکان و ئەوملیۆنەها تەن پیسیانەی کە فڕێ دەدرێتە سەرزەوی و دەریاکان، وەك پاشماوەی نەوەوی ئەوا سوڕی ئاو لەسەر زەوی تێك دەچێ و ئەوئاوەی کە دەبێ بەهەڵم لەدەریاکان و ڕووبارەکان وە ئەبێ بەهەورو بەهۆی ئەو هەواپیسەی کە پیا دێتەخوارێ کبریت و قورقوشم و گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆنی تێکەڵ دەبێ و ئەبێتە بارانێکی (حامض) ی کەزیانی زۆربەژینگەی ڕووباڕو زەوی ودەریاکان ودرەختەکان دەگەیەنێت ،ئەوکاتە ڕاستەباران باریوە بەڵام هیچ سەوزنابێ وهیچ ناڕوێت (لاتقوم الساعة حتى تمطرالسماء مطرا عاما ولاتنبت الارض شيئا) هەروەها لەئەنجامی دوکەڵی زۆری کارگەکان، هەوری چڕی دوکەڵاوی دروست دەبێت (الضباب الدخاني) کە ترشەڵۆکی تیایە و چەند ڕۆژێ بەئاسمانەوە دەمێنێتەوە، ئەو گازە پیسانەی بەهۆی هۆکارەکانی گواستنەوە دەچێتە ئاسمان، بەهۆی تیشکی سەروبنەوشەویی خۆرەوە، کارلێکی کیمیایی ڕوودەدات و ئەوهەورە دوکەڵاویە دروست دەکات و پلەکانی گەرما دەگۆڕێ و زیانی گەورە ئەدات لەتەندروستی مرۆڤ هەروەك لەساڵی ١٩٥٢دا لەشاری لەندەن ڕووی دا کە ئەوهەورە بۆماوەی سێ ڕۆژ بەری ئاسمانی گرت و چوارهەزار کەس بەهۆیەوە مردن، کە ئەم ڕووداوەش لەئەنقەرەو ئەسیناش ڕووی داوە.

# چـوارەم: ورد بوونـەوە لـە حـوشــتر

قورئانی پیرۆزدەفەرمویت (افلا ینظرون الی الابل کیف خلقت) بۆسـەیری حوشـترناکەن چۆن دروستکراوە،ئەمەسەرنج ڕاکێشانێکی گرنگە کەسێکی (١٤٤٠) ساڵ لەمەوبەر دەتـوانێ سەیری بکاو لێ ی وردبێتەوەو پەندی لێوەرگرێـت، هـەروەها کەسـێکی زانـای ئـەم سـەردەمە دەتوانێت دیراسەی لەسەربکات وبگاتەئەنجامی سەرسوڕهێنەر. چەندکەسێك هاتنـە مەدینـە سـکیان ئاوسـابوو نـەخۆش بـوون، حـەزرەت (ﷺ) فـەرمووی بـڕۆن لای (حوشـتری صدقە) کەبەخێودەکرا بمێننەوەو لەشیرومیزەکەی بخۆنەوە چاك دەبن،ئەوانیش وایان کردوچـاك بوونـەوە، پاشان تەماع گرتنی شوانەکەیان کوشـت و ویسـتیان حوشـتر بـدزن، حـەزرەت (ﷺ) گرتنـی وکوشتنی.

کەسانێك هەبوون وتائێستاش بەردەوام هـەن (طعـن) لـەم باسـە ئـەدەن گوایـە ئیسـلام کـە گرنگی زۆری بە پاك وتەمیزی وبەخۆپاکردنەوە داوە تەنانەت کەنابێت پڕیشکی میـزیش بـەرئادەمیزاد بکەوێ ئەی باشەچۆن میزی حوشترلەگەڵ شیرەکەیدا بەکاردەهێنرێ بۆ نەخۆشی ؟؟.

ئەمڕۆ زانست ئەوەی سەلماندووە کەحەزرەت (ﷺ) لەخۆیەوە قسـەناکات﴿ وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَىٰ ﴿٣﴾ إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَىٰ ﴿٤﴾ ﴾ الـنجم . لـەم دوایـیـەدا لەبرۆکسـل پایتـەختی بـەلجیکا زانایەك توانی (تەنی نونی) (الاجسام النونیە) بدۆزێتەوە لەشیرو لەمیزو لەخوێن ولەشلەی ناو (الیاف) ی (ماسولکەی) حوشتردا ،کەلەهیچ گیانـدارێکی تـردا نیـە وتـەنها لەحوشـتردا خـوا بەحیکمـەتی خـۆی دایـنـاوە. کەئـەوەش تـەنی زۆرزۆر بچـوکن وسـەلماوە کـەدژی ڤـایرۆس وبلاوبوونەوەی شێرپەنجەن ودژی بەکتریا و (فطریات وطفیلیاتن) . . بۆیە لـە ئـەوروپا بنکـەی لێکۆڵینەوەی تایبەتی بۆ دامـەزرا بەبودجـەی زۆرگـەورەوە بۆدیراسـەتی ئەوحاڵەتـە و بـەهیوان کەچارەسەری نەخۆشی یە قورسەکانی وەك (شێرپەنجەی خوێن وئیلتهابی بەکتیری ترسناکی) پێ بکەن. (گۆڤاری المجتمع١٩٠٨ (٢٦/٦/٢٠١٠) .

## پێنجەم : گرنگی حیجامە

پێغەمبەر (ﷺ) باسی گرنگی حیجامەدەکات ودەفەرموێت: (ان امثل ماتداویتم بە الحجامةوالقسط البحرى) (بخاري) .

هەرچەند بەتاقیکردنەوەو بەکارهێنان لەکۆنەوە سەلماوە کەحیجامە سوودی هەیە بۆ سەریەشەو کۆمەڵێ حالاتی تر، بەلام زانای ئەمریکی (روبرت فورشغوت) کەجائیزەی نۆبڵی لە (طب) دالەساڵی١٩٩٨وەرگرت سەلماندی کەلەش لەکاتی ڕووشان وبرینداربوون دا ماددەیەکی زۆرگرنگ دەرئەدات کە (ئۆکسیدی نیتریك) ە، کەئەمە ماددەیەکی موعجیزەیە وکاریگەری بەهێزی هەیە لەسەر فراوانکردنی بۆری یەتەسکەکانی خوێن ودابەزاندنی فشاری بەرزی خوێن و کەمکردنەوەی ئازارو بەهێزکردنی خانەکانی (T) کەدژی ڤایرۆسن،ئەم پیاوە لە تەمەنی٩٣ ساڵیدا دنیای بەجێهێشت،لێکۆڵینەوەی نایاب وگرنگی هەیەودەکرێ ئەوانەی خەریکی (طب نبوی) ن سوودی لێوەرگرن.

## شەشەم: تووڕە مەبە

بەڕاستی پێغەمبەر (ﷺ) لەڕێنمایەکانیدا ئەگەر مرۆڤ بەگوێی بکات چارەسەرو ڕێگری لەزۆرحالاتی نەخۆشی داناوە، بۆنمونە لەم دواییەدا دکتۆرێکی تورکی کەناوی (بهجت) ە نەخۆشی یەکی مناعی دۆزیەوە بەناوی (**تصلب اللويحى**) یان (**التصلب المتناثر**) ، جابەڕاستی تێکچون ولاوازبوونی جیهازی مناعە دەگەڕێتەوە بۆهەڵچوونی نەفسی زۆر، وەك خەم وخەفەت ودڵەڕاوکێی زۆر،یان تورەبوونی زۆر، یان نیزامی خواردنی ناتەواوهەڵە، کەئەمانە هەمووی لەئیسلامدا ڕێگیری لێکراوە.

قورئان دەفەرموێت:﴿ لِّكَيْلَا تَأْسَوْا عَلَىٰ مَا فَاتَكُمْ وَلَا تَفْرَحُوا بِمَا آتَاكُمْ ۗ وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ ﴿٢٣﴾ ﴾ الحديد واتە: نە لەدەستچوونی ماڵ وسامان خەفەتبارتان کات و نەبەدەستکەوتنیشی لەخۆتانبایی بن ودڵخۆش بکەن. .

یان کاتێك هاوەڵێك هاتە لای حەزرەت (ﷺ) وداوای ئامۆژگاری لێکرد فەرمووی (**لاتغضب**) سێ جارئەمەی بۆدوبارە کردەوە چونکە توڕەبوون یەکەم قۆناغی شێوانی جیهازی

مەناعەیـە، هۆرمـۆنی (ئـەدرینالین) لەخوێنـدا زیـاد دەكـات ودەبێتـەهۆی زیـاتر لێـدانی دڵ وزیادبوون فشاری خوێن.

خواردنیش دیارەئیسلام رێنمایی تایبەتی هەیەبۆی كەئیسرافی تیانەكرێت:

﴿يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ خُذُواْ زِينَتَكُمۡ عِندَ كُلِّ مَسۡجِدٖ وَكُلُواْ وَٱشۡرَبُواْ وَلَا تُسۡرِفُوٓاْۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُسۡرِفِينَ ٣١﴾ **الاعـراف**. یـان رێگـرى كـردووە لەعـەرەق ومـاددە هۆشـبەرەكان كەئەمانـەش مایـەى دەردوبەڵاونەخۆشین. (هەمان سەرچاوەی پێشوو) .

## حـەوتـەم: تـرسـی جولـەكە

قورئانی پیرۆز باسی جولەكەدەكات كەزۆرلەموسڵمانان دەترسن و دەفەرموێت: ﴿لَأَنتُمۡ أَشَدُّ رَهۡبَةٗ فِي صُدُورِهِم مِّنَ ٱللَّهِۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ قَوۡمٞ لَّا يَفۡقَهُونَ ١٣ لَا يُقَٰتِلُونَكُمۡ جَمِيعًا إِلَّا فِي قُرٗى مُّحَصَّنَةٍ أَوۡ مِن وَرَآءِ جُدُرِۭۚ بَأۡسُهُم بَيۡنَهُمۡ شَدِيدٞۚ تَحۡسَبُهُمۡ جَمِيعٗا وَقُلُوبُهُمۡ شَتَّىٰۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ قَوۡمٞ لَّا يَعۡقِلُونَ ١٤﴾ الحشر - واتە: بەڕاسـتی ئێـوەی ئیمانـدار ترسـتان زیـاترە لـەدڵ ودەرونـی جوولەكەكاندا تاخوای گەورە، چونكە بێگومان ئەوانـە كەسـانێكی ناحـاڵی و تێنەگەیشـتوون، جوولەكەهەرگیز بەیەك پارچەیی ناوێرن دژی ئێوە بجەنگن، مەگەرلەشوێنی قایم وقەڵای سـەخت دا یان لەپشت دیواری بەرزو قایمەوە، چونكەئەوجووانە نێوانیان زۆرناخۆشـەو چـارەی یـەكتریان ناوێـت، هەرچـەندە وا دەزانیـت یەكپارچـەن، بـەڵام لەڕاسـتیدادڵەكانیان دوورن لەیەكـەوە، چونكەئەوانە ژیرو هۆشمەندنین.

لەزەمانی حەزرەتدا (ﷺ) قەڵایان زۆربـوو لەپشـت قەڵاكانیانـەوە دەجـەنگان وبڕوایـان نەدەكرد لەبەر قایمی وبەرزی قەڵاكان تێك بشـكێن، بـەڵام خواترسـی خسـتەدڵیان وتێكشـكان وقەڵاسەختەكانیان فریایان نەكەوت.

﴿هُوَ ٱلَّذِيٓ أَخۡرَجَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ مِن دِيَٰرِهِمۡ لِأَوَّلِ ٱلۡحَشۡرِۚ مَا ظَنَنتُمۡ أَن يَخۡرُجُواْۖ وَظَنُّوٓاْ أَنَّهُم مَّانِعَتُهُمۡ حُصُونُهُم مِّنَ ٱللَّهِ فَأَتَىٰهُمُ ٱللَّهُ مِنۡ حَيۡثُ لَمۡ يَحۡتَسِبُواْۖ وَقَذَفَ فِي قُلُوبِهِمُ ٱلرُّعۡبَۚ يُخۡرِبُونَ بُيُوتَهُم بِأَيۡدِيهِمۡ وَأَيۡدِي ٱلۡمُؤۡمِنِينَ فَٱعۡتَبِرُواْ يَٰٓأُوْلِي ٱلۡأَبۡصَٰرِ ٢﴾ الحشر ، واتە: خوا ئەو زاتەیە، ئەوانـەی

بێباوەڕبوون لەخاوەنانی کتێب، هەڵیکەندن لەشوێنەواریان وناچاری کۆچی کردن لەیەکەم دەست پێکردنی کۆکردنەوە و دەرکردنیاندا، ئێوە بەتەما نەبوون وگومانتان نەدەبرد ئاوا بەئاسانی بڕۆن، ئەوانیش گومانیان وابوو کە بەڕاستی قەڵاکانیان بەرگریان لێ دەکات لەویست وفەرمانی خوا، ئەوسا ئیتر لەلایەکەوە خوا بەڵای بەسەرهێنان کەبەخەیاڵیاندا نەهاتبوو، وە حسابیان بۆنەکردبوو، ئەوسا خوا ترسیکی خستە دڵیانەوە، بەناچاری دەستیان کرد بەکاولکردنی خانووبەرەوماڵەکانیان بەدەستی خۆیان ودەستی ئیمانداران، کەواتە ئەی خاوەن بیروهۆش ودوور بینەکان دەرس وپەندوئامۆژگاری وەرگرن.

ئەوە خۆیان و قەڵاکانیان لەوسەردەمەدا، لەسەردەمی ئەمڕۆشماندا ئەوەبوو لەساڵی **١٩٦٧**دا کە سەرکەوتن بەسەر میسرو عەرەبەکاندا بەهۆی خیانەتی سەرکردە عەرەبەکانەوە، کەوتنە دروستکردنی خەتی بارلیف کە سینا جیادەکاتەوە لەمیسر، کاتی خۆی کەقەناتی سوێس هەڵکەندرا گڵ ولم و پاشماوەکەیان دەکردە بەری ڕۆژهەڵات چونکەبەری ڕۆژئاوا بۆکشت وکاڵ بەکاردەهات، بەمەش دیوارێکی بەربەستی خۆڵی بەرز دروست بوو کەلەهەندێ شوێندا بیست مەتربوو، گۆشەی لاری یەکەشی نزیکەی (٨٠) پلەبوو ئیسرائیل سوودی لەمە وەرگرت و (تحصیناتی) باشی عەسکەری تیادانا وهەروەك زەمانی زووکەس بڕوای نەدەکرد ئەو خەتەی بارلیف بشکێنرێ، تەنانەت دەیانووت مەگەر بۆمبی ئەتۆمی بتوانێ دەرەقەتی بێت وکونی بکات وبیڕوخێنێ.

لەساڵی **١٩٧٣**دا کە میسر بڕیاری دا سینا لە ئیسرائیل بسێنێتەوە، ئەفسەرێکی قیبتی میسری پێشنیاری کردکە بە (**مضخه**) ی گەورە دەتوانرێت ئەوخۆڵ وگڵ و لمە هەرەس پێبهێنرێت، کە پێشنیارەکە دیراسەکرا و قبوڵ کرا، داوایان لەوڵاتێك کردکە (**مضخه**) ی گەورەیان بۆدروست بکات گوایا لە کشتوکاڵ وئاودێری دا بەکاری دەهێنن، بەو (**مضخانه**) توانیان بەهێزی ئاوهەرەس بەو دیوار و بەربەستە بهێنن وئیسرائیل بشکێنن.

ئێستاش مێژوو خۆی دووبارەدەکاتەوە هەموو لە هەواڵەکانا دەبینن کەجوولەکە دیوارێك دروست دەکات بەکۆنکریت بەدرێژایی چەندەها کیلۆمەتر بۆجیابوونەوەی لەناوچە فەلەستینیەکان. کەئەمەش ڕاستی قورئان دەسەلمێنێت کە دەفەرموێت نەفسیەتی جوولەکە

ڕووخاوە و هەمیشەدەترسن ولەپشت نەك دیوار (جدار) ەوە ،نەك (جـدران) کـە کۆیـە بـەڵکو لەپشت (جدر) کە دیواری زۆر زۆرە دەجەنگن وخۆیان قایم دەکـەن (**لايقاتلونكم جميعا الا في قرى محصنة او من وراءجدر**) ( **لايقاتلونكم**) کە (**مضـارع**) ەوبۆداهاتووە تـەنها خوا دەتوانێ هەواڵی وا بدات وپاش هەزار و چوارسەد ساڵ زیاتر بێتـە دی و بەچـاوی خۆمـان ببینین.



**وینەی دیواری إسرائیل**

ئەمەبێجگە لەوەی کەجۆرێك چەکیان داهێناوە کەسەربازی ئیسـرائیلی ڕووبـەڕوو شـەڕ ناکات بەڵکو بەگۆشەی (٩٠) پلەخۆی قایم دەکات وکلاشـینکۆفەکە بـەلێزەر ئـیش دەکـات و (هدف) ەکەدیاری دەکات، ئەمەش ودیوارەکەش داییان نادات چونکە خوا نەفرەتی لێکـردون و زوڵم وستەم تاسەرنابێت.

## مامۆستا و سەرمەشق

خوای پەروەردگار بەحەزرەتی نازدارﷺدەفەرموێت:﴿ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَى ٱللَّهُۖ فَبِهُدَىٰهُمُ ٱقۡتَدِهۡۗ ...﴿٩٠﴾ ﴾ الأنعام ، واتە: ئەو پێغەمبەرانەی پێش خۆت کە خوا هیدایەتی دابوون و لەسەر ڕێباز و بەرنامەی خوایی بوون، بیان کە بەمامۆستاو سەرمەشق بۆخۆت.

جا حەزرەتﷺلە هەمووکەس زیاتر سوودی بینیوە لەپێغەمبەرانی پێش خۆی و زۆرجار یادی دەکردن، بۆنموونە دەیفەرموو: (خوا ڕەحم بەموسا بکات ئەو لەمن زیاترئازار دراوە) .

پەندوەرگرتن لەداستانی پێغەمبەران و پیاوچاکان پێویستە ،بۆیە یەك لەسەرسێی قورئانی پیرۆز تەرخانکراوە بۆچیرۆك و داستانی پێغەمبەران و گەلەکانیان، هەروەها ئەزموونی کەسانی تریش بەنموونە باس دەکات تا لەهیممەت بەرزیدا چاویان لێ بکرێ وەك ژنەکەی فیرعەون، ئەمە بێجگە لەوەی کە باسی ئەزموونی خراپی (ژنی لوطو ژنی نوح) دەکات تا مرۆڤ خۆی لێ بپارێزێ.

نەفسی مرۆڤ بەجۆرێك بەدیهێنراوە کە ڕووداو و بەسەرهاتی بینراو و بیستراو کاری زۆری تێدەکات، بۆیە بەردەوام ئێمەش لەوباس و خواسانە تۆمار دەکەین، تا زیاتر لەخۆمان حاڵی بین و بەرچاوڕوون بین و، هەوڵی بەردەوام بدەین لەژیانداو ڕووەو ئاخیرەت بەهیممەتەوە هەنگاو هەڵگرین، خوای گەورە لۆمەی مرۆڤ دەکات لەسەر دەستەوسانی و هەوڵنەدان، هەروەك پێغەمبەرﷺ دەفەرموێت: (إن الله تعالى يلوم على العجز ولكن عليك بالكيس، فإذا غلبك أمر فَقُلْ حسبي الله ونعم الوكيل) ، واتە: (بەڕاستی خوای پەروەردگار لەسەر دەستەوسانی و هەوڵنەدان لۆمەدەکات، بۆیە هەوڵ بدە و کۆشش بکە، ئەگەر کارێکێش قورس بوو بۆت نەکرا بڵێ: حسبى الله ونعم الوكيل) .

## خزمەتێکی گەورە بە قورئان

(نور محمد سياد) لە وڵاتی سۆماڵ بە مامۆستای بە ناوبانگی قورئان ناسراوە و لەکۆتایی ٢٠٠٩دا ماڵ ئاوایی لەدنیای فانی کردو ڕێی قیامەتی گرتەبەر.

ناوبراو لەساڵی١٩٢٢ لە سۆماڵ لەدایك بووەو باوكی هەر زوو كۆچی دوایی دەكات و براگەورەكەی بەخێوی دەكات و دەیخاتە حوجرە بۆفێربوونی قورئان، لەوكاتەدا عادەت وابوو مناڵێ قورئانی تەواو بكردایە لەسەر دەستی مامۆستاكەیدا حوشترێكیان ئەدا بەمامۆستاكەی بەدیاری، كەچی ئەم كە هەموو قورئانی لەبەركرد، براكەی لەخۆشی دا حەوت حوشتری گرانبەهای دا بە مامۆستاكەی بەدیاری، مامۆستاكەشی وتی: (ئەگەر ئەم كوڕە لەداهاتوودا نەبووە ناودارو پەنجەی بۆدرێژنەكرا من مامۆستای موخلیسی فێركردنی قورئان نەبم!) .

نور سیاد چووە پایتەختی سۆماڵ و لەخزمەت (شیخ بیمالو) شێخی ڕێبازی قادری دا دەساڵ مایەوە، لەحوجرەش دا قوتابی فێری قورئان دەكرد.

شێخ بیمالو لەكۆتایی ژیانیدا تاقەكچەكەی خۆی دایەو كردی بەسەردەستەی ڕێبازی قادری لەدوای خۆی، ئەویش لەو ڕێیەوە خزمەتێكی گەورەی بەئسیلام كرد، توانی هەزارو حەفتا بنكەو حوجرە بكاتەوە بۆفێركردنی قورئان و، هەروەها سی وسێ مزگەوتیش لەژێر ئیشرافی ئەودا دروستكران و، بەدەیان هەزاركەس فێری قورئان بوون.

گرنگ ئەوەیە خزمەت بەقورئان و بەئیسلام بكرێت، ئیتر هەركەس بیكاو لەهەركوێ بیكاو بەهەرجۆرێك بكرێت، جێی دەست خۆشیی و دوعای خێرە. ئەم پیاوە باشە هەمیشە بەرگی سپی دەپۆشی و لەگەڵ سپێتی دەرەوەی دا دڵ ودروون و سینەشی سپی و پاك و بێ گەردبوو بەرامبەر موسڵمانان و، هەموو تەمەنی خۆی كە نزیكەی (٨٧) ساڵێك دەبوو بەچاكەكردن بەسەری برد.

## خاتوو نور سەعادە

خاتوو نور سەعادە كە پێشتر ناوی (شیری فام وایك) بوو لەچاوپێكەوتنێكدا تیشكی خستە سەر موسڵمانبوونی و شێوازی بانگەوازكردنی بۆدینی خوا.

پ: كەی موسڵمان بوویت؟

- لەساڵی ١٩٨٩دا موسڵمان بووم و پێشتر گۆرانیبێژێكی كلاسیكی بووم لە نیویۆرك، بەهۆی كارەكەشمەوە زۆر هاتوچۆو سەفەرم دەكرد. هیچم لەبارەی ئیسلامەوە

نەدەزانی، بەڵام وەك هونەرمەندێك بەدوای هەق و راستیدا دەگەڕام، لەبارەی ئاینەکانــەوە زۆرم خوێندەوەو، سەردانی زۆر کەنیسەم کرد، تابەڵکو بەختەوەری ڕاستەقینە بدۆزمەوە.

ڕۆژێکیان چوومە قاوەخانەیەکی عەرەبی کە خاوەنەکەی میسری بوو، لێم پرسی:

(تۆ موسڵمانیت؟) وتی: بەڵێ. ئینجا وتم: (من شەرمەندەم، پرسـیارێك دەکـەم، پـێم بڵێی ئیسلام چی یە؟ چونکە هیچی لەبارەوە نازانم) . .

ئەویش وتی: ئێمە بڕوامان بەخوایەکی تاك و تەنها هەیە.

بەراستی لام سەیر بوو ئوممەتێك ئایینێکی تری هــەبێ غــەیری مەسـیحیەت و، ئیمـانی هەبێ بەهەموو پێغەمبەران وەك موساوعیسـاو ئیـبراهیم (سـەلامی خوایـان لێ بـێ) ، ئەمـە زۆرکاری تێکردم و هەست و هۆشی بردم. کەوتمە خوێندنەوە و هەسـتم کـرد نـورێکی گـەورەم دەست کەوتووە، بۆیە پاش شەش مانگ لەهەوڵ و کۆشش موسڵمان بووم.

پ: ئایا قورس بوو بەلاتەوە موسـڵمان ببیـت وەك گۆرانیبێـژێکی جیهـانی؟ چـۆن ئـەو قۆناغەت گوزەراند؟

- خاڵی سەرەکی (هەڵبژاردن) ە: ئیسلام یان گۆرانی، ئەمەش زۆرقورس نەبوو چونکە من قەناعەتی تەواوم بەئیسلام هەبوو و نوێژم دەکردو قورئانم دەخوێند. بــەڵام حیجـاب کـردنم تۆزێك دواکەوت و هاوەڵانم زۆر هەوڵیان لەگەڵدام کە نەبم بە باڵاپۆش، بەڵام دواتـر حیجابیشـم کرد چونکە خۆداپۆشین شتێکی زۆرگرنگە لەئیسلامدا.

من کچێکی جوانی سەرنجڕاکێش بووم، بە هەرلایەکـدا بڕۆیشـتمایە و هەرچـیم لەبـەردا بوایە، لاوانێکی ناحاڵی تەعلیقیان لێ ئـەدام وەك زۆر لـەئافرەتانی دیکـە، بـەڵام کـە بوومـە باڵاپۆش دەروونم ئاسوودەبوو ، سەرفراز بووم لەو قسەوباسانەو خۆمم دۆزیـەوەو کەسـایەتیەکی ترم بۆ دروست بوو. .



وینەی خاتوو نور سعادە

پ: ئێستا خەریکی چیت؟

- من بەرپرسی بەرهەمی کۆمپانیایەکی بچوکم لەگەڵ مێردەکەمدا بەناوی (نورئارت) (www. noorart. com) .

کاتێ موسڵمان بووم و وازم لەگۆرانی و مۆسیقا هێنا مامۆستابووم لەقوتابخانەیەکدا، ئەو قوتابیە موسڵمانە ئەمریکیانەی کە عەرەبیان نەدەزانی لەڕێی گۆرانی یەوە فێری شایەتمان و عەقیدەم دەکردن و بەئاسانی بۆیان لەبەردەکرا، ئەمەش بەلای کەسوکاریانەوە جێی سوپاس و پێزانین بوو، داوایان لێکردم کە ئەو گۆرانیانە تۆماربکەم بۆئەوەی سوودی زیاتری لێ ببینرێ، ئێمەش لەساڵی ١٩٩٧دا لەڕێی کۆمپانیاکەمانەوە بەو کارە هەستاین.

مێردەکەم بەبنەچە فەلەستینیەو لەکارەکەمدا زۆر هاوکارمە، ئێستا کارەکەمان لەزۆربەی ویلایەتەکانی ئەمریکادا بڵاوبۆتەوە.

پ: ئامانجت لەژیاندا چی یە؟

- ئامانجم لەژیاندا عیبادەتی خوایەو شارەزابوونی زیاترە لەپەیامەکەی و، هەوڵیش ئەدەم بۆگەیاندنی پەیامەکەم لەڕێی ئەوبەرگەی دەیپۆشم و ئەو هەڵس و کەوتەی کە دەیکەم لەگەڵ کۆمەڵگادا.

پ: تائێستا بەرهەمتان چی یە؟

- منالان دڵیان لاپەڕەیەکی پاك و بێگەردەو چاویان لەدەستی ئێمەیە چی تێدا تۆماربکەین. بۆیە گۆرانی و مۆسیقاو چیرۆك و فیلمی کارتۆنمان بەرهەم هێناوە بۆناساندنی ئیسلام بەمنالان.

پ: ئێستا لەکوێ دەژیت؟

- سێ ساڵە لەگەڵ مێردەکەمدا لەئەردەن دەژین. لەڕاستیدا ئیسلامێکی زۆر هەیە لەئەمەریکا و موسڵمان کەمە، لەئەردەنیش موسڵمانێکی زۆر هەیە و ئیسلامێکی کەم هەیە، کە بەداخەوە باش پەیڕەوی لەئاینەکەیان ناکەن و لەژیان و هەڵس و کەوتیاندا ڕەنگی نەداوەتەوە.

پ: هاندەرت چی یە لەم کارەتدا؟

- من ئەم کارانە وەك عیبادەتێك ئەنجام ئەدەم، چونکە هەموو کاروکردەوەیەکی خێر کە نیەتت بەڕاستی بۆخوابێت عیبادەتە.

من هەست بەبەرپرسیارێتیەکی گەورە دەکەم و بەئەرکی سەرشانمی دەزانم کە لە سەرتاسەری دنیادا بانگەواز بکەم بۆئیسلام و خەڵکی شارەزابکەم و ئاشنایان بکەم بەپەیامەکەی خوا، جا هەرچەند من ئافرەتیشم بەڵام دیارە شەخسیەتی خۆم هەیە و دەتوانم کاری چاك ئەنجام بدەم.

پ: ئەو کێشە و ئاستەنگانە چین کە دێنە ڕێت لەکارەکانتدا؟

خوای پەروەردگار مرۆڤ تاقیدەکاتەوە لەژیانی ڕۆژانەدا، هەر کەسەو کێشەیەکی خۆی هەیە، کێشەکان لەئەمریکا جیاوازن لەکێشەکانی ولاتە ئیسلامیەکان، هەموو دەزانین کە ئیسلام مافی ئافرەتی داوە، کەچی ئافرەتان لەولاتە ئیسلامیەکان مافەکانیان وەك پێویست نادرێتێ، بەهۆی عادات و تەقالیدی ئەولاتانەوە، کە دوورە لەئیسلامەوە.

هەروەها مافی بەرهەمهێنەر نەپارێزراوە لەم ولاتانەدا و زۆرکەس کۆپی بەرهەمێکی تۆ دەکات، خەڵکی گوێ بەنوسخەی ئەسڵی نادات. ژنانیش بەداخەوە لەولاتە عەرەبیەکاندا بەتایبەتی زۆرکاتەکانیان بەفیڕۆ دەدەن لە سەیرکردنی تەلەفزیۆن و شتانێکدا کە بۆدین و دنیاشیان سودێکی ئەوتۆی نیە، لەکاتێکدا کە ئەرکی ئافرەتان قورسەو بەرپرسیارن لەپەروەردەکردنی منالەکانیان کە وەك پەرداخێکی بەتاڵ وان و چاوەڕێن بەشتێکی بەسوود پڕبکرێنەوە.

# موسڵمانبوونی سەربازە ئەمریکیەکان

سوپای ئەمەریکی کە جەنگی ڤییەتنام و عێراق و ئەفغانستانی کرد بەهەموو تفاقێکی پێشکەوتووی جەنگەوە، سەربازەکانی تووشی دڵەڕاوکێ و نەخۆشی دەروونی دەبن و ساڵ بەساڵ ڕێژەی خۆکوشتن زیاد دەکات تیایاندا.

لەمانگی حوزەیرانی ئەمساڵدا (٣٢) سەرباز خۆیان کوشتووە، ئەمەش وای لەپسپۆڕان و لێکۆڵەران کردووە کە بەوردی دیراسەی ئەو حاڵەتە بکەن، کە هۆکارەکەی دەبێت چی بێت؟

لەوە دەچێت ئەمەریکیەکان خۆکوشتن بەکورترین ڕێگا بزانن بۆدەربازبوون و ڕزگاربوون لەزۆر کێشە، (دەستەی یەکگرتووی ئەمەریکی بۆتەندروستی عەقڵی) دەڵێن: لەسەرەتای ئەمساڵدا لێکۆڵینەوەیەك دەری خست کە هەشت ملیۆن ئەمەریکی حەزیان بە خۆکوشتنە.

سەربازێك بەناوی مایکڵ کە چوارساڵ لەعێراق جەنگاوە، هاوسەرەکەی کە ناوی (جین) بوو نامەیەکی بۆدەنوسێ و لەسەرەتای نامەکەدا نارەزایی لەدووری دەردەبڕێت و، گوایە ئەگەر وابڕوات داوای تەڵاق دەکات، مایکل بەمە زۆر تێك دەچێ و فیشەکێ دەنێ بەسەری خۆیەوەو خۆی دەکوژێت. ئەوەندە ئارام ناگرێت کە باقی نامەکە بخوێنێتەوە کە لەکۆتاییەکەیدا ژنەکەی دەڵێت: خۆشەویستەکەم سوعبەتم کرد لەگەڵتا، من هەرگیز دەستەبەرداری تۆ نابم و چاوەڕێتم ئەگەر چەند ساڵی تریش چاوەڕوانی بکێشم؟!

پرۆفیسۆر زەغلول نەجار کە بانگخوازێکی بەناوبانگی جیهانیە دەڵێت: لەساڵی١٩٩٠دا کە مامۆستا بووم لە زانکۆی مەلیك فەهد بۆ بترۆڵ و معادن لە (ظهران) . پێنج سەد هەزار سەربازی ئەمەریکی هاتنە سعودیە بۆجەنگی کوەیت، گەنجەکان هاتنە لام زۆر نارەحەت بوون بە بار و زروفەکە، بەتایبەت کە هەندێ لە سەرکردە عەسکەریەکان دەیانوت: ئەم وڵاتە کە ڕێ بە کەنیسە و مژدەدان نادات و ڕێ بەئافرەت نادەن چی دەکەن بیکەن، ئەوا هاتووین بۆیان و بەزۆر چیمان بوێت پێیان دەکەین.

گەنجەکان دەیانویست هەرچۆنێ بێت شتێك لەدژیان بکرێت، منیش ئامۆژگاریم دەکردن و پێم دەوتن: ئەوان بەموافەقەتی حکومەت هاتوون و، هەرکارێك دژیان بکرێت سەرەنجامی باش نابێ و دەچێتە خانەی تێکدانەوە.

وتیان: ئەی هەروا دەستەوسان بین و دەست لەئەژنۆ دانیشین، وتم: نا هەروا دانانیشین بانگیان دەکەین بۆئیسلام. ئەمەیان بەلاوە سەیر بوو، ئەوان گوایە لووت بەرزن و لە عالەمێکی تایبەتی خۆیاندان، چی وایان لێ دەکات گوێ بگرن، ئەوان لەکوێ و ئیسلام لەکوێ.

پێم وتن: ئەفسەرێکی سعودیم بۆبدۆزنەوە بینینمان بۆرێکبخات لەگەڵیاندا، دەچین قسەیان بۆدەکەین.

مەوعید دانراو لەگەڵ چەند بانگخوازێکی کارامەدا چەند جار سەردانمان کردن، خوا ئاگادارە لەماوەی سێ مانگدا زیاتر لەبیست هەزار سەرباز و ئەفسەری ئافرەت و پیاوی ڕەش و سپی موسڵمان بوون.

ناو و شوێن و ژمارەی تەلەفۆنیانمان وەرگرت، زۆربەیان کە موسڵمان دەبوون دەیانوت: باشە گوناهی دایك و باوکمان چی یە بە کافری بمرن و ئەم هەقە نەبیستن، بەهۆی تەمبەڵی و کەمتەرخەمی ئێوەوەیە تا نەیەینە سەرتان و داگیرتان نەکەین نایەن ئیسلامان پێ بگەیەنن؟!

پاشان سەفەرم کرد بۆ ئەمەریکا بۆئەوەی تەنسیقیان بۆ دروست بکەین لەگەڵ مەراکیزە ئیسلامیەکاندا، تا هاوکاریان بکەن و باشتر پابەندبن بەئیسلامەوە.

چووم بۆمزگەوتی (دارالهجرة) لەواشتنۆن دی سی، لیوایەکی دەریایم بینی لەنوێژی هەینی دا، لێم پرسی ڕەنگە لەکەنداو بوو بیت و لەوێوە موسڵمان بووبیت؟؟ وتی: نەخێر کوڕەکەم لەوێ بووە و موسڵمان بووە و ئیسلامی بۆئێمەش هێناوە.

جا ئەو سەربازانە زۆربەیان بڕێك لەموچەی مانگانەیان ئەدا بەقورئان و پەڕاوی ئیسلامی بۆ دۆست و ناسیاویان تاموسڵمان بن، بەوەش توانیان زۆر دۆست و ناسیاویان بێنن بەرەو ئیسلام.

بانگخوازێك دەڵێت: لەقاعیدەی (شا عبدالعزیزی ئاسمانی) ئەمەریکیەکم بینی کە سەری سفر کردبوو و سەلامی لێکردم، نیازم بوو لێی بپرسم بۆچی ئاوا سەری سفر کردووە، ئەوپێشکەوت و بەشانازیەوە وتی: تازە وا لەمەککە هاتوومەتەوە و عەمرەم کردووە! وتم: ئەی باشە خۆ دەکرا تەنها قژت کورت بکەیتەوە؟ وتی: هەموو تەمەنم بۆئافرەتان گرنگیم بەقژم ئەداو خۆم جوان دەکرد، کاتی ئەوە هاتووە کە خۆم بۆخوا جوان بکەم. . . بەڕاستی زۆر بەچاکی

پابەندی ئیسلام دەبن، بەوشێوەیەی کـە خواوەنـد داوای کـردووە. ﴿يَٰيَحۡيَىٰ خُذِ ٱلۡكِتَٰبَ بِقُوَّةٖۖ وَءَاتَيۡنَٰهُ ٱلۡحُكۡمَ صَبِيّٗا ١٢﴾ مريم .

ئەمەریکیەك ڕۆژێکی ڕەمەزان لە نیوەڕۆدا موسڵمان بوو، یەکسەر نیەتی هێناو بەڕۆژوو بوو.

ئەفسەرێکی ئافرەتی ئەمەریکیش بە پلەی رائید کە موسڵمان بوو کتێبی ئیسلامی نارد بۆ مێردەکەی لە ئەمەریکا و بە تەلەفون وازی لێ نەهێنا تا ئەویش موسڵمان بوو.

ئەفسەرێکی ئەمەریکی لای جەنرال شـوارزکۆف بـوو موسـڵمان بـوو، وتـارێکی دا بـۆ کۆمەڵێك پزیشکی ئافرەتی سعودی –کە هەموو خۆیان ڕازاندبۆوە - وتی: (سوپاس بۆخوا کـە ئیسلامم ناسی پێش ئەوەی ئێوە ببینم) . .

بەراستی ژیان لەنەفامی و جاهیلیەتدا و شارەزابوونی زیاتر لێی، وادەکات مرۆڤ قـەدری ئیسلام بزانێت، هەر لەبەرئەوەشە کە عومەری کوڕی خـەتاب دەفـەرموێت: (انما یـنقض عُـری الاسلام عروة عروة مَن نشأ في الاسلام ولم يعرف الجاهيلة) . قوڵفـەکانی خێمـەی ئیسـلامەتی کەسێك یەك یەك دەپچڕێت ، ئەگەر لە ئیسلامدا پێبگات و نەزانێت نەفامی چی یە.

جـا ئێسـتاش لای خۆشمـان لەهەنـدێ ناوچـە خەریکـە دیـاردەی خۆکوشـتنی لاوان پەیدادەبێت، لەئەنجامی بێهیوایی لەژیان و لە داهاتوو، کە دەسەڵات بەداخـەوە بەرنامـەی نیـە تەنها دەوڵەمەندکردنی خۆیان و ئەوانە نەبێت کە سەر بە خۆیانن. ئەوا بیست ساڵە حوکمی ئەم وڵاتە دەکەن وحیزبایەتی و گەندەڵی ئاڵاوەتە گەردنی میللەتی کلـۆڵی خێرنـەدیوی چـەند جـار ئەنفال کراو.

تەنها بیروباوەڕو تێڕوانینی ئیسلامە بۆژیان کە چارەسەر بێت بۆ ئەوحاڵەتە، کە ئەمەش بەڕاستی ئەرکی سەرشانی بانگخوازانە. ئیسلام مرۆڤ پەروەردە دەکات لەسەرگەشبینی و ئارام گرتن، دیارە ئارامگرتنیش پاداشتی زۆرە﴿...إِنَّمَا يُوَفَّى ٱلصَّٰبِرُونَ أَجۡرَهُم بِغَيۡرِ حِسَابٖ ١٠﴾ الزمر

## موسـولْمان بـوونی تیـنا دارعیـاد

ناوبراو ئاوا باسی موسڵمانبوونی دەکات:

پرسیارم لەنەنکم و لەدایکم دەکرد کە بـۆ لەڕێگـەی حـەزرەتی مەسـیحەوە داوا لـەخوا بکەم، بۆچی یەکسەر داوا لەخوا نەکەم؟؟ ئەوانیش وەڵامێکی وایان پێ نەبوو دڵـم ئاوبخواتـەوەو ئەیانوت: لەئینجیلدا وا هاتووەو ئێمەش پەیڕەویمان لەسەرە.

کەوتمە هەوڵ و گەڕان بەدوای هەق و ڕاستیدا، سێ جار هەوڵمدا قورئان بخـوێنم تووشـی سەریەشەیەکی قورس بووم و چاوم هەڵنەئەهات بۆیە وازم لێهێنا.

دواتر ئیسلامم لەڕێی مێردەکەمەوە ناسی کە مـارکێتێکی هـەبوو لەشـاری شـیکاگۆ، باسی ئاینەکەی بۆکردم کە ڕاستەوخۆ خـوا دەپەرسـتن و ئیمانیشـیان بەهـەموو پێغەمبـەران و حەزرەتی عیسا هەیە وەك پەیامبەرێك و بەندەی خوا. وتم: کەواتە ئەتوانم ڕاستەوخۆ عیبادەت بۆ خوا بکەم و، ئیمانیشم بەهەموو پێغەمبەران و حەزرەتی عیساش هەبێ. هەربۆیە شایەتمانم هێناو موسولْمان بووم.



حیجاب بۆئافرەت ستەمێك نیە لـەئافرەت کرابێـت، بـەڵکو هەولێکـە بـۆخێرو خۆشـی کۆمەڵگەو پاراستنی ئافرەت و کۆمەڵگە لەلادان و نقوم بوون لەشەهەوات دا.

بەڕاستی ئیسلام ئایینی ئاشتی یەو دژی شەڕو ئاژاوەو دەستدرێژیە، خێروخۆشی بۆبەشەرییەت دەوێت و بەرنامەی ژیانە، ئێمە ڕۆژانە ئیسلام لەهەڵس و کەوتماندا ڕەنگ ئەداتەوە، لەخواردن و خواردنەوەو لەمامەڵەکردن و جل و بەرگ لەبەرکردن و لە هەموو کردارو گوفتارێکماندا پەیڕەوی ئیسلام دەکەین. بەڕاستی من بەختەوەرم کە ئیسلامم دۆزییەوە.

## موسوڵمان بوونی پرۆفیسۆر ارثر أليسون

ناوبراو یەکێکە لە ناودارترین زاناکانی ئەندازەی کارەبایی و ئەلیکترۆنی و خەڵکی بەریتانیایە، کۆمەڵەیەکی دەروونناسی داوایان لێکرد کە دیراساتیان بۆبکات لەسەرئەوەی کە ئایا مرۆڤ هەر ماددە یە یان ڕۆحیشی هەیە، ئایا ڕۆح چی یە و جیاوازی ژیان و مردن چی یە ، ئەویش کە چەندەها داهێنانی هەیەو زانایەکی بەتوانایە، لەڕۆژنامەکاندا داوای خۆبەخشی کرد بۆئەوەی لێکۆڵینەوەیان لەسەربکات و بڕی وزەی لەشیان بپێوێ لە کاتە جیاجیاکاندا، بەتایبەت لەکاتی ژیان و لەکاتی مردندا.

ناوبراو چەند ساڵ دیراسەی کرد، گەنجێکی میسری کە دکتۆرای دەخوێند لەلای پێی وت: تۆخۆت و خەڵکی ماندوو دەکەیت لەکاتێکدا کارەکە زۆر بەئاسانتر دەکرێت. وتی چۆن؟

وتی: وزەی کەسێك بپێوە لەکاتی بەخەبەری و لەکاتی خەوتن دا، چونکە لەقورئاندا جیاوازی کردووە لەنێوان ئەو دوو حاڵەتەدا و نوستنی بە جۆرێك لە مردن داناوە و دەفەرموێت: ﴿ ٱللَّهُ يَتَوَفَّى ٱلۡأَنفُسَ حِينَ مَوۡتِهَا وَٱلَّتِي لَمۡ تَمُتۡ فِي مَنَامِهَاۖ فَيُمۡسِكُ ٱلَّتِي قَضَىٰ عَلَيۡهَا ٱلۡمَوۡتَ وَيُرۡسِلُ ٱلۡأُخۡرَىٰٓ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمًّى ...﴿٤٢﴾ ﴾ الزمر وتی: جا ئەوە لە قورئاندایە؟ وتی: بەڵێ، قورئانێکی هێناو پیشانی دا.

(پرۆفیسۆر آرثر أليسۆن) کەوتە لێکۆڵینەوە و پێوانی وزەی لەشی کەسێك لە کاتی نوستن و لە کاتی بەخەبەری دا، هەروەها لە کاتی گیانەڵا و مردندا، بۆی دەرکەوت کە نوستنیش بەڕاستی جۆرێکە لە مردن، بۆیە لەکۆنگرەی ئیعجازی عیلمی لەقاهیرە لەساڵی ١٩٨٥دا ئامادەبوو. لەبەرچاوی ئامادەبووان وتی: ئەوەی کە من چەند ساڵ دیراسەم لەسەر کرد، ئەوەی کە من بە دوایدا گەڕام لەبارەی ژیان و مردن و ڕۆحەوە قورئان چواردە سەدە

لەمەوبەر لەم ئایەتەدا ئامـاژەی بـۆکردووە: ﴿ اللَّهُ يَتَوَفَّى الْأَنفُسَ حِينَ مَوْتِهَا وَالَّتِي لَمْ تَمُتْ فِي مَنَامِهَا فَيُمْسِكُ الَّتِي قَضَىٰ عَلَيْهَا الْمَوْتَ وَيُرْسِلُ الْأُخْرَىٰ إِلَىٰ أَجَلٍ مُسَمًّى ...﴿٤٢﴾﴾ الزمر . بۆیە وا من شایەتمان دێنم و موسڵمان دەبم. . . دواتر ناوی خۆی کرد بـە (عبـدالله ئەلیسـۆن) و، ناوبراو سەرۆکی بەشی ئەندازەی کارەبا و ئەلیکترۆنی جامیعەی لەندەن بوو.

پرۆفیسۆر دەڵێ: (شەش ساڵ سەرۆکی کۆمەڵەی دیراساتی نەفس بووم لە بەریتانیا، کـە ئەمەش فرسەتێکی باش بوو بۆم تا دیراسەی زۆر لە فەلسەفەو ئاینـەکان بکـەم، دیراسەکەشـم لەسەر پەیوەندی نێوان نوستن و مردن بوو، کە پشـتم بەهەنـدێ ئایـەتی قورئـان بەسـت، بـەوە گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە نوستنیش وەك مردنە، لە هەردوو حاڵەتەکەدا (نەفس) یان ڕۆح لە لەش دێتە دەرەوە، بـەڵام لەنوسـتندا دەگەڕێتـەوەو لەمردنـدا ناگەڕێتـەوە، ئەمـەش لـەبواری پاراسایکۆلۆجیدا زیاتر بۆمان سەلماوە.

هەموو گیانلەبەرێك (هالەیـەکی کهرومۆگناتیسـی) بـە دەوریـا هەیـە، کـە ئەمـەش وێنەگرێکی ڕووسی دۆزیەوە بـەناوی (کلیریـان) بۆیـە نـاونرا (هالـەی کلیریـان) ، کـە تـوانی بەکامێرای تایبەت وێنەی ئەو هالە ڕووناکیەی دەوری لەش بگرێت کە لـە کاتـە جیاوازەکانـدا زیادو کەم دەکات، بینی کاتێك هاوسەرەکەی (فالنتینا) تووشی ئەنفلونزا بوو ئەو ڕووناکیـەی دەوری لەشی کەم بۆوە، بەڵام کە چاك بۆوە زیادبوو، بەمەش بۆی دەرکەوت کە کاتی نەخۆشی و ساغی ئەو ڕووناکیەی لەلەشەوە دەردەچێت جیاوازە.

هەروەها دوای کلیریان برۆفیسۆر ألسیۆن لەزانکۆی لەندەن سەلماندی کە کەسی وا هەیـە بـەڕەنگ و ڕوویـدا سـاغ و سـەلامەتە کەچـی هالەکـەی دەوری تـۆزێ لاوازە، ئـەوە بەڵگەیـە لەسەرئەوەی کە تووشی نەخۆشی دەبێت پاش ماوەیەکی کەم.



زانای بریطانی ارثر الیسون

****                    ****                    ****

## پڕۆفیســـۆر لــۆرانــس براون

ناوبراو پاش بیست ساڵ خزمەتی پزیشکی لە هێزی ئاسمانی ئەمەریکی دا، بە پلەی مەیجەر خانەنشین کراوە، ئێستاش یەکێکە لە گەورە جەڕاحەکانی چاوی جیهان و، بەڕێوەبەری سەنتەرێکی گەورەی چاوە.

نزیکەی پانزە ساڵە موسڵمان بووە و لەم بارەیەوە دەڵێت: پێش نۆزدە ساڵ کچێکمان بوو نەخۆشی دڵی لەگەڵ بوو، لەشی شین دەبۆوەو ئۆکسجینی پێویست نەدەگەیشتە ئەندامەکانی لەشی، لەخەستەخانە دکتۆرەکان لێی کۆبوونەوەو لێی بێ هیوابوون، من هەرکێشەیەکی ماددیم هاتبێتە ڕێ یان بەخۆم یان بەهاوکاری کەسانی تر چارەم کردووە، بەڵام لەبەردەم نەخۆشی کچەکەمدا دەستەوسان بووم، بۆ یەکەمجار هەستم بەبێ دەسەڵاتی خۆم کرد، دکتۆرەکان و کچەکەم بەجێهێشت لەژووری ئینعاش و هاتمە دەرەوەو لەژوورێکی چۆڵدا کەوتمە دوعاکردن، وەك مولحیدەکان وتم: خوایە ئەگەر هەیت وەرە بەهانامەوەو لەم حاڵە ڕزگارم بکەو کچەکەم بۆچاك بکەرەوە، پەیمان بێت ڕێی ڕاستی تۆ بگرمەبەر، خوایە ڕێگای ڕاستی خۆتم پیشان بدە.

پانزه خولەکێك بەکوڵ و دڵ پاڕامەوە، کە هاتمەوە هۆڵی ئینعاشەکە بینم دکتۆرەکان لەدەوری کچەکەم نەماون و، کە چوومەلایان وتیان: کچەکەت وەزعی باش بووەو نەپێویستی بەعەمەلیاتەو نەچارەسەریشی دەوێت، کەوتنە شەرح کردنی حاڵەتەکەی، بەڵام من کە تا دواپلە سەرم سوڕمابوو و تاسابووم، زانیم کە خوا هاتووە بەهانامەوە و هەر ئەوە کە بەو کتوپڕی یە بۆی چاکردومەتەوە، ئنجا لەسەر پەیمانەکەی خۆم کەوتمە دیراسەکردنی مەسیحیەت خەڵکی وایان دەزانی من مەسیحی بووم، نەخێر من کەوتمە دیراسەتی هەموو(طوائف)ەکانی مەسیحیەت لەکاسۆلیك و پڕوتستانت و مۆرمەن و. . . هتد، زۆر پرسیارم لا دروست دەبوو، بەڵام کە پرسیارم لەقەشەکان دەکرد ئەوانیش هەروەك منیان لێ دەزانی و وەڵامیان لا نەبوو. .

مەسەلەی کوڕو باوك بەعەقڵمدا نەئەچوو، هەشتاو هەشت جار مەسیح سەلامی

خوای لێ بێت ناوی خۆی بردووە وەك مرۆڤێك، تەنها یەك جار نەیفەرمووە کە خوایە یان کوڕی خوایە.

سەرەنجام گەیشتمە ئەوڕاستیەی کە تەورات و ئینجیل قورسن بۆتێگەیشتن و ناڕوونی زۆری تیایە، هەرچەندە هەندێ شتی سادەو ئاسانیشی تیایە. .

کە لەمەسیحیەت بێ هیوابووم دیراسەی ئیسلامم کردو وەڵامی هەموو پرسیارەکانم لەئیسلامدا دەست کەوت. . کاتێك براکەم پێش من موسڵمان بوو، لۆمەی زۆرم کرد کە چۆن دوای ئاینێك دەکەوێت کە ئاوا بەخراپ باسی دەکرێت، کەچی کە خواهیدایەتی دام و موسڵمان بووم بۆدەرکەوت براکەم لەسەر ڕێبازی هەق و ڕاستیەو، لەوەوە زۆر سوودم وەرگرت و فێری ئیسلام بووم،ئنجا ئامۆژگاری کردم بچم بۆحەج و زۆر (إستغفار) بکەم تا ناڕەحەتیەکانم بڕەوێنەوە.

کاتێ موسڵمان بووم ژنەکەم لێم جیابۆوەو بەقەراری مەحکەمە نەیدەهێشت مناڵەکانیشم ببینم، لەکارەکەشم دوورخرامەوە، ناچار لەژورێکی بچکۆلەدا ژیانم بەسەر دەبرد، بەڵام ئەوەی بۆخوا واز لەهەرچیەك بهێنێ خوا بەچاکتر لەوە هەقی بۆدەکاتەوە، لەسایەی خواوە مناڵەکانم بۆگەڕایەوە و، تەنها کچەکەم ماوە موسڵمان بێت و ئێستاش بوومەتە یەکێك لەگەورە جەڕاحەکانی جیهان لەنەشتەرگەری چاودا.

ئەوکاتەی موسڵمان بووم پەڕاو و نوسراو کەم بوون بەزمانی ئینگلیزی لەبارەی ئیسلامەوە، بۆیە چەند پەڕاوێکم لەبارەی ئیسلامەوە نوسی. هیوادارم کە خوا بەفەزڵی خۆی وەری گرتبێ و سوودیش بەخوێنەرانی بگەیەنێ. وێنەی پڕۆفیسۆر لۆرەنس براون



**** **** ****

## پیرێژنێکی فەڕەنسی

پیرێژنێکی فەڕەنسی کە تەمەنی لە پەنجاساڵ تێپەڕیبوو، هەموو شەوێك دەچوو بۆ یانەکەی بۆ بەسەرکردنەوەی کاروکاسپیەکەی، هەموو شەوێك لاوێکی گەنجی موسڵمانی عەرەبی غافڵ کە لەو وڵاتە دەژیا —کە فول سەرخۆش دەبوو - دەهاتە لای پیرێژنەکەو پێی دەوت: تۆموسڵمانیت.

پیرێژنەکەش دەی وت: نەخێر. .

ئنجا دەنکە شقارتەیەکی دادەگیرسان و پێی دەوت پەنجە بخەرە سەری.

پیرێژنەکەش دەی وت: لای بە دووری خەرەوە!

کوڕەکە بەدەم سەرخۆشیەوە پێدەکەنی و دەیوت: بەرگەی ئاگری دەنکە شقارتەیەك ناگری چۆن بەرگەی ئاگری دۆزەخ دەگریت؟!

ئەم گفتوگۆیە کە چەندجار دووبارە بۆوە، پیرێژنەکە بڕیاری دا بەدوای ئیسلامدا بگەڕێت، چوو بۆ بنکەیەکی ئیسلامی و کۆمەڵێ نامیلکەو پەڕاوی وەرگرت و مانگێك دیراسەی کرد، تا بەتەواوی قەناعەتی کردو موسڵمان بوو. .

ئەم ئافرەتە کەوتە بانگەوازکردن بۆدینی خوا، لەڕۆژی جیهانی ئافرەتاندا لەفەڕەنسا بانگیان کرد تا دەربارەی ئیسلام قسە بکات، نزیکەی دەهەزار ئافرەت ئامادەبوو بوون، لەدوای وتاری ناوبراو نزیکەی ١٢٠کەسیان موسڵمان بوون.

## موسوڵمانبوونی قەشە جەمال ئەرمینیوس

لەخێزانێکی مەسیحی لەخوارووی میسرلە (منیا) لەدایك بووم، منالێکی چست و چالاك و وریابووم، لەهەشت ساڵیەوە (شەماس) بووم لەکەنیسەو سی ساڵ خزمەتم کرد. . لەقوتابخانەی سەرەتایدا لەوانەی ئاییندا بەلامەوە سەیربوو لەهاوەڵە موسڵمانەکانم جیایان دەکردینەوە.

هەمیشە وێنەی هاوەڵە موسڵمانەکانم لەبەرچاوە کە ڕۆژانی هەینی دزداشەی سپیان لەبەردەکردن و باوکیان دەستیان دەگرتن و دەچوون بۆ نوێژی هەینی لە مزگەوت.

زۆر پرسیارم لادروست دەبوو نەمئەتوانی بیدرکێنم، ڕۆژێك وەك لاوێك هەڵچووم لە بەردەم وێنەی حەزرەتی عیسادا کە لە خاچ دراوە و بە هەردولایدا خوێن دێتەخوارێ، بە باوکم وت: ئایا ئەوە بەڕاستی حەزرەتی مەسیحە؟ ئایا ئەو خوایە وەك دەڵێن؟ لەکوێ بوو کاتێ لە خاچیاندا؟ چۆن بوونەوەر هەڵدەسوڕێنێ و لەخاچدراوە؟ باوکم وەڵامی لانەبوو.

دوایی (ئینجیلی لوقا) و (ئینجیلی مەتی) م خوێندەوە و وەڵامم دەست نەکەوت، کە گەورەتریش بووم ئەم پرسیارە و پرسیاری تریشم لە قەشەکان کردو وەڵامێکم دەست نەکەوت دڵم ئاو بخواتەوە.

بە ڕاستی کەنیسە هۆکاری سەرەکی موسڵمانبوونم بوو، من لەسەرەتاوە (شماس) و دواتر یاریدەدەری قەشەبووم، من ئەندام بووم لە لیژنەی قورئاندا و بەرپرسی پرسیارەکانی ناو کەنیسە بووم، ئەمەش هەمووی بواری بۆ ڕەخساندم کە بە چاکی لە کیتابی موقەدەس بکۆڵمەوە، نزیکەی پێنج هەزار هەڵەو دژبەیەکیم تیا دۆزیەوە و زۆر بە وردی تۆمارم کردن.

گفتوگۆی زۆرم دەکرد لەگەڵ قەشەکاندا، ئەمەش سێ ساڵی خایاند، تا بۆیان دەرکەوت کە خەڵکێکی زۆر موسڵمان دەبن، لەهەر کەنیسەیەکی میسر شەماسێکیان هەڵبژارد و قورئانێکیان پێدایین تا هەندێ ئایەتی دژبەیەك و کەم وکورتی بدۆزینەوە، تا دژ بەموسڵمانان بەکاریان بهێنین.

کاتێ قورئانەکەم وەرگرت، بەتەمابووم هەڵەو نەگونجاوی زۆری تیا بدۆزمەوە، کەچی لەیەکەم سەیرکردندا ئەم ئایەتەم بەرچاوکەوت لەسورەتی ئەنعام دا: ﴿فَمَن يُرِدِ ٱللَّهُ أَن يَهْدِيَهُۥ يَشْرَحْ صَدْرَهُۥ لِلْإِسْلَٰمِ ۖ وَمَن يُرِدْ أَن يُضِلَّهُۥ يَجْعَلْ صَدْرَهُۥ ضَيِّقًا حَرَجًا كَأَنَّمَا يَصَّعَّدُ فِى ٱلسَّمَآءِ ۚ كَذَٰلِكَ يَجْعَلُ ٱللَّهُ ٱلرِّجْسَ عَلَى ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿١٢٥﴾﴾الأنعام: پێنج جار لەسەریەك قورئانەکەم کردەوە، هەرهەمان لاپەڕە و هەمان ئایەت بوو، موچڕکە هات بە گیانمدا.

زۆر لە خزمەت ئەم ئایەتەدا دەبووم و زۆر بیرم لێدەکردەوە. کە ئەمەش سەرەتای گۆڕانی ژیانم بوو. پاش گەڕانی تەواوی مانگێك بەقورئاندا کە سێ جار خەتم کرد، قەشەی سەرۆکی لاوەکان هاتەلام تابزانێت گەیشتومەتە چی لەکارەکەمدا، منیش کاغەزو پێنوسم هێناو نووسیم (لەقورئاندا هیچ دژبەیەکیم نەدۆزیەوە) .

ژنەکەمیان کردبوو بەچاودێر بەسەرمەوە، نامەکەم دایە قەشەی سەرۆکی لاوەکان، خستیە گیرفانی و پاش بڵاوەکردنی ئامادەبوان دەستی خستە سەرشانم و وتی: بیر لەهیچ مەکەرەوە و چاوەڕێی موفاجەئەی مانگی داهاتوو بکە.

لەکۆبوونەوەی مانگی داهاتوودا: بڕیاریان دا ببمە قەشە! پاش چوار مانگ خوێندن لە کەنیسەی ئینجیلیەی قاهیرە.

منیش مایکرۆفۆنم گرت بەدەستمەوەو وتم: من شایانی ئەوشەرەفە نیم سوپاستان دەکەم. ئالێرەوە دڵنیابوون کە من بە ئاڕاستەیەکی پێچەوانە دەڕۆم. پاشان لە ڕێی ژنەکەمەوە زانیان کە پەڕاوی ئیسلامی دەخوێنمەوە بەتایبەت (إحياء علوم الدين) ی غەزالی.

ساڵانێکی زۆر بەدوای هەق و ڕاستیدا گەڕام و ئەوەی لەپەڕاوی مەسیحیەکاندا دەمخوێندەوە زیاتر تووشی گومان و دودڵیان دەکردم، ئەمەش کاری کردە سەر تەندروستیم و هەژدە کیلۆ کێشم دابەزی. پاشان خوای گەورە هیدایەتی دام کە پەیوەندی بکەم بە هەندێ زانای موسڵمانەوە و کەوتمە خوێندنەوەی هەندێ پەڕاوی ئیسلامی، ئەمەش وەکو تەحەددایەکی

گەورەبوو لەگەڵ نەفسی خۆم دا دەمکردو، بەردەوام بووم لەسەر خوێندنەوە و پەڕاو پەیداکردن تا کتێبخانەیەکم لەماڵەوە پێکەوەنا کە (١٥٠٠) هەزارو پێنج سەد پەڕاوی ئیسلامی تێدابوو، ئنجا پاش هەموو ئەوانە هەستم بەگەورەیی ئیسلام کرد.



وێنەی جمال ارمانیوس

****

## ڕۆژی موسوڵمان بوونم

لەدەزگایەکی ڕۆژنامەنووسی ئیشم دەکرد، ڕۆژێك لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی ڕۆژنامەنوسدا لەلای مزگەوتێکەوە بووین کە خێر و یارمەتی دابەش دەکرد بە سەر هەژاراندا، ژنێك هات بۆلام و حەزی دەکرد باسی خۆیم بۆ بکاو وتی: من لە هەموو ئەوانی تر موستەحەق ترم. ویستم ڕەوانەی لای یەکێ لە ڕۆژنامەنوسانی بکەم کە بەدەمیەوە بچێت. ئەو وەستاو قسەی خۆی کردو وتی: من لە خێزانێکی مەسیحی دەوڵەمەند بووم، موسڵمان بووم و هەرچیم هەبوو بەجێم هێشت. شووم کرد بە موسوڵمانێکی هەژار، کە بەداخەوە ئەویش مردو سێ منداڵیشی بۆ بەجێ هێشتووم و هیچ سەرچاوەیەکی بژێویشمان نی یە، ئەمە نامەیەك بوو خوای گەورە ویستی وابوو بەو ژنەدا بۆم بنێرێت تا زیاتر دەستی دەستی بە خۆم نەکەم لە موسڵمانبووندا.

لەموسڵمانبون دەترسام کە وەزعەکەم لێ بشێوێ، چونکە مـن لـە خـوارووی میسـر لـە خانوویەکی ماڵی خەزورمدا دەژیام، ئەم نامەیە زۆرکاری تێکردم، باشە ئەو ئافرەتێکـە و ئـاوا قوربانی ئەدات بەخۆی و هەرچی هەیە لە پێناوی ئیسلام دا، ئەی مـن چـیمە و لەچـی بترسـم. هەر ئەوساتە لەدڵی خۆمدا بڕیاری موسڵمانبوونم داو ئەو عەسرەش چووم لە مزگەوت بانگم دا، لای ناسیاوەکانم سەیر بوو داوایان لێکردم ئیمامەتیشم بۆکردن، وتیان: چۆن دەتوانی و لە کـوێ فێربووی؟ وتم: چەند ساڵە خەریکم.

بۆبەیانیش هەرزوو چووم بۆ (دارالإفتاء) و موسڵمانبوونی خۆم ڕاگەیاند، پاشـان چـووم بۆ سەر کارەکەم و لە بەردەم هاوەڵانمدا ئیسلام بوونی خۆمم ڕاگەیاند.

## توشـبوونی نـاخۆشـی و نـارەحـەتی

ئەوەی کە تووشم بووە دەزانم تاقیکردنەوەی خوایە بـۆم، ژن و مـاڵ و سـێ منداڵەکـەم و ئۆتۆمبێل و چیم هەبوو لە دەستم چوو، ئێستا لە حاڵێکی خراپدا دەژیـم و بوومەتـە شـوفێر ، بەڵام پەشیمان نیم و سوپاسی خوا ئەکەم لەسەر هەموو پێشهاتەکان.

من باجی موسڵمانبوونی خۆمم دا، هەرچی ئیمتیازات هـەبوو لێیـان سـەندمەوە، بـڕێ پارەی زۆریان نایەدەمم تا واز لە ئیسلام بهێنم، بەڵام مـن ئـاوڕم لێ نەدانـەوە، هـەموو مـاڵی دنیام بەنێ نایگۆڕمـەوە بـە ئیسـلامەتیەکەم﴿ مَا عِندَكُمْ يَنفَدُ وَمَا عِندَ ٱللَّهِ بَاقٍ وَلَنَجْزِيَنَّ ٱلَّذِينَ صَبَرُوٓا۟ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٩٦﴾ ﴾النحل .

## چی وای لێکردم بێم بەرە و ئیسلام ؟؟؟

ئیسلام ئاینێکی فراوانی گشتگیرە و هیچی کەم نیە، چارەسەری هەموو کێشەکانی ژیانە و جیاوازی لەبەینی کەسدا ناکات مەگەر پارێزکاری و کاری چاکە، هەروەها ئیسلام دان ئەنێ بەهەموو ئاینە ئاسمانیەکاندا. .

پەیامی ئیسلامی ئاشکراو دیارە و گۆڕانی بەسەردا نایە و هەرچی بۆ مرۆڤ بێتە پێشەوە دەبێت بچێتەوە سەر دووسەرچاوەکە: قورئان و سوننەت.

هەرکەسیش پابەند نەبێ پێیەوە، هیچ بەرنامەیەکی تر دادی نادات﴿ وَمَن يَبۡتَغِ غَيۡرَ ٱلۡإِسۡلَٰمِ دِينٗا فَلَن يُقۡبَلَ مِنۡهُ وَهُوَ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ﴿٨٥﴾ ﴾آل عمران

کە موسڵمان بووم هەستم دەکرد تازە لەدایك بووم، لەئیسلامدا وەڵامی هەموو پرسیارەکانم دەستکەوت، ئیسلام وادەکات کە بەردەوام خواپەرستی بکرێت نەك تەنها یەك شەممان. لەئیسلامدا خێری دنیاو قیامەتم دەست کەوت وهەست بەئارامی دەکەم و داواکارم لەخوا کە نیعمەتەکان و فەزڵ و بەرەکەتی زیادبێت لەسەرمان.

من لەسایەی خواوە پەڕاوی (لماذا اخترت الإسلام ) م نووسی و وەریشم گێڕاوە بۆئینگلیزی، هەروەها پەڕاوێکی تریش: (وماقَتَلُوهُ يقيناً) ، ئێستاش خەریکی پەڕاوێکم بەناوی (محمد نبي الرحمة في رسالات السماء) .

لەم پەڕاوانەدا بەڵگەی دەمکوتکەری زۆرم هێناوە لەتەورات و ئینجیلەوەو زۆر لە نەگونجانی و ناتەواوی ودژبەیەکی تەورات و ئینجیلم خستۆتە ڕوو، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە شارەزاییەکی باشم هەیە لەو بوارەدا، کە سوپاس بۆ خوا زۆر مەسیحی خوێندویانەتەوەو موسڵمان بوون، من پەڕاوەکە دابەش دەکەم بەسەر جالیەی بیانی ناو میسر کە ئەمەش خزمەتێکی بچووکە بۆ ئیسلام.

کە موسڵمان بووم کەنیسە لەسەرەتاوە ویستیان بەماڵ و سامان ئیغرام بکەن، کە ئەوەیان بۆ نەچووەسەر ئنجا بەمناڵەکانم هەڕەشەیان لێکردم، هەرچیان بۆکرا دژی من کردیان، بەڵام لەسایەی خواوە ملم بۆنەدان و سوێندم خوارد کە سووربم لەسەر بانگەوازکردنی مەسیحیەکان بەرەو ئیسلام و تائێستاش بێجگە لەدایکم پانزە کەسم موسڵمان کردووە، کە

یەکێکیان تەمەنی هەشتا ساڵەو کارگەیەکی بەدەستەوەبوو لێیان سەندەوەو دەریان کرد، ناچار چوو بۆئەردەن و بەهاوکاری خێرخوازان ئێستا حاڵی زۆرباشە.

## موسوڵمانبوونی دایکم:

هەڵویستی دایکم سەیربوو، من لەتەمەنی هەشت ساڵیەوە دەمبینی کە دایکم لەبەیانیاندا گوێ ی لەڕادیۆ دەگرت بەتایبەت قورئان خوێندنی (عبدالباسط وطبلاوي) و ئەوانی تر، منیش پێم ناخۆش بوو و پێم دەوت: ئەو ڕادیۆیە بکوژێنەوە، ئەوە حەرامەو نابێت.

پێی دەوتم: نا کوڕی خۆم ئەوە کەلامی پەروەردگارە.

کاتێ موسڵمانبووم و چوم بۆلای لە (منیا) و پێم وت: ئەمڕۆ موسڵمانبووم و هاتووم ئەوهەواڵەت پێ ڕابگەیەنم. . وتی: ئاخ موسوڵمانبوونەکەت زۆر دواکەوت، لام سەیربوو وتم: بۆ؟ وتی: چونکە من دڵنیابووم کە چەند لەمەسیحیەتدا قوڵ ببیتەوە لەموسڵمانبوون نزیك دەبیتەوە، زۆر زۆری پێخۆش بوو و دوعای خێری بۆکردم و وتی: کە ئەو زووتر موسڵمانبووە، ئەمەش وای کرد زیاتر پابەندبم و سووربم لەسەر ئیسلامەکەم.

من و دایکم زۆردڵمان وابەستەی یەك بوو، هەرچەند ئەولە (منیا) بوو کە ٢٤٠کم لەمن دووربوو، نەخۆش بوایە یەکسەر دڵم خەبەری ئەداو پەیوەندیم پێوە دەکرد، منیش نەخۆش بوومایە بەهەمان شێوە؟

جارێك لەخەستەخانە کەوتبووم و نەخۆش بووم، بەبێ ئەوەی کەس هەواڵی بداتێ بەتەلەفون بەژنەکەمی وت: جەمال لەچ خەستەخانەیەکە.

کە چووم بۆعومرە پێی وتم بەیانی جومعە عومرەیەکم بۆبکە، کە گەڕامەوە لەڕێ زانیم کە وەفاتی کردووە، کە چووم بۆسەر قەبرەکەی کە مەسیحیەکان ناشتبویان، خوا ئاگادارە قەبرەکەیم هەڵدایەوە، ئەوەی سەیربوو بینیم ڕووی کراوەتە قیبلە.

## خـۆشـترین سـاتەوەخـتم:

خۆشترین ساتەوەختی ژیانم ئەوەبوو کە لەبەردەم (شێخعطیة صقر) دا شـایەتمانم هێنـا و هەندێ قسەمان کرد، من وتم: نابێ و ناگونجێ مەخلوق خالق بێـت. . هەرئەوەنـدەم وت شـێخ (عطیة) وتی: یەکسەر شەهادەی موسڵمانبوونەکەی بۆدەربێنن. . ویستم ناوی خۆم بڵێم، وتی: چی بنوسم، لەخۆشیا ئاگام لەخۆم نەبوو، وتم بنوسە: جەمال زەکەریا ئیبراهیم.

چوومە لای شێخ شـەعراوی، ئامۆژگـاری کـردم و پێـی وتم: کـوڕم ئارامگربـە تووشـی ناڕەحەتی زۆر دەبێ. . ڕاستی فەرموو، تووشی زۆر ناخۆشی و نەهامەتی هاتم.

## موسـوڵمان بوونی مـاندۆلیـنا

پاش موسڵمانبوونی بە ماوەیەکی کەم و بڵاوکردنەوەی هەواڵەکەی خۆی لە پێگەکەیدا (الحیاة الأبدیـة) کە یەکێ بوو لەومەسـیحیانەی کـە زۆر بەجـدی دیفـاعی لـە بیروباوەڕەکـەی دەکرد. . پێگەی (المرصد الإسلامی لمقاومة التنصیر) ئەم گفتوگۆیەی لەگەڵ سازدا. .

المرصد: سوپاست دەکەین کە بـوارت بـۆ ڕەخسـاندین تـا ئـەم گفتوگۆیـە سـازدەین لەگـەڵتاو نەترسایت بڵاوی بکەینەوە.

ماندۆلینا: لە چی بترسم، من پێشتر شانازیم دەکرد بەئیمانەکەمەوە کە هەڵە بـوو وە مایـەی غـەزەبی خوابوو، ئێستا چۆن شانازی ناکەم بەئیسلامەوە کە خوا هیدایەتی داوم و دەستی گرتووم.

المرصد: چەند ساڵە ئێمە لەڕێی پێگەکەت و ئەنتەرنێتەوە دانوستانت لەگەڵ دەکەین، سـەرنجمان داوە کە زۆرعینادو کەللەڕەق بوویت، ئێستاش سەرسام بووین بەموسڵمان بوونت.

ماندۆلینا: بڕوام پێبکەن عینادی نەبوو، بەڵام ئیمان و بڕوا کراسێك نیە ئاسان بێت بیگۆڕیـت، ئیمان و بڕوا پەیوەندی نێوان ئێمەو خوایە، بۆیە دەبێت لەسەدا ملیار مرۆڤ خۆی دڵنیـا بکـات لەبیروباوەڕەکەی کە ڕاست بێت و مایەی ڕەزامەندی خوا بێت.

المرصد: لەڕاستیدا کەهەواڵەکەم بیست وتم دیارە شتێکی گەورەو گرنگ ڕوویداوە.

ماندۆلینا: نا بەپێچەوانەوە، هیچی وا ڕووی نەداوە بەڵام من عـەقڵی خۆم کـردووە بەحەکـەم و، ساڵ و نیوێکە کەوتوومەتە خوێندنەوەی پەڕاوی ئیسلامی و بەدوای هەقدا دەگەڕێم.

المرصد: چ پەڕاوێکت خوێندۆتەوە؟
ماندۆلینا: ڕەنگە بەلاتەوە سەیربێت، بەپەڕاوەکانی (ئیبنو تەیمیە) دەستم پێکردو زۆربەیانم خوێندەوە، پاشان پەڕاوی (العقيدة الطحاوية) و من دڵنیابووم کە ئیسلام شتی زۆرجوانی تیایە.
من سێ ڕێگرم هەبوو:
یەکەم: هەستم دەکرد ئەگەر موسڵمان ببم خیانەتم لەمەسیح کردووە.
دووەم: وام دەزانی پەرستشەکان لەئیسلامدا پەیوەندی تایبەتی نێوان خواو بەندە نیە، کە بەمەش ڕۆحانیەتی تیا نابێت.
سێ یەم: وام دەزانی ئیسلام ڕێ دەگرێ لە ئازادی بیروڕا دەربڕین.
بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا هەستم دەکرد بیروباوەڕێکی ڕوونی چەسپاو هەیە لەئیسلامدا. کە هیچ گومانێکی تیا نیە، بەپێچەوانەی مەسیحیەتەوە.
المرصد: چۆن خۆت یەکلا کردەوە؟
ماندۆلینا: نزیکەی شەش مانگ دەبێت موناقەشەی کەس ناکەم لەمەسەلەی ئاییندا، بڕیارمدا کە بیروهۆشی خۆم ساف بکەم تا بتوانم بڕیاربدەم، پاشان گەیشتمە ئەوەی کە حەزرەتی مەسیح سەلامی خوای لێ بێت مرۆڤێکی گەورەو مەزنەو هەموو مەزنایەتیەکەشی لەوەدایە کە مرۆڤە.
المرصد: ئا لەوکاتەدا قەناعەتت کردبوو بەئیسلام؟
ماندۆلینا: نا من دەمویست خوا بپەرستم و ئیمانم بەئادەمێتی عیسا بێت.
المرصد: ئەی چۆن ئیسلامت هەڵبژارد؟
ماندۆلینا: بابەتێکم ئامادەکرد کە لەپێگەکەمدا گفتوگۆی لەبارەوە بکرێت، ئەویش بابەتی (مأساة العقل في الاسلام) کە گوایە ئیسلام ڕێ بەئازادی بیروبۆچوون و ئیجتهاد نادات، نموونە و شتی زۆرم ئامادەکردبوو، پاش موناقەشەی زۆر لەپێگەکەمدا هەستم کرد من کەوتومەتە ژێر کاریگەری ئەو پڕوپاگەندانەی کە بۆئیسلام هەڵبەستراوە.
ئەوەش کە زۆرکاری تێکردم، پێش جەژنی قوربانی (٢٠٠٩) نامەیەکم بۆهات لەئافرەتێکی موسڵمانەوە لە (پالّتۆك) دا کە دەڵێ: (وەبیرتان دێنمەوە ڕۆژووی ڕۆژی عەرەفە) ، منیش یەکسەر وەڵامم دایەوە کە: (ناونیشانەکەت هەڵەیە) . بەڵام نەمتوانی نامەکە لەبیربکەم، من

که جاران بەڕۆژوو دەبووم لەڕۆژێکدا تەنها نانم نەدەخوارد، بریارمدا ئەو ڕۆژی عەرەفەیە بەڕۆژووبم و نان و ئاو نەخۆم.

دووڕۆژ لەسەر ئینتەرنێت مامەوە بەشێوەیەك کە بەسەر کیبۆردەوە خەوم لێدەکەوت، پاشان کە تەواو شەکەت و ماندوو بووم چووم بخەوم، سەعاتێ ئەمدیو و ئەودیووم کرد خەوم لێنەکەوت.

کە بانگی بەیانی دا هەستام و کۆمپیوتەرەکەم داگیرساندو لەپێگەکەی خۆم(الحیاة الابدیة)دا شایەتمانم نووسی و داوام لەخوا کرد کە لەوەی ڕابوورد لێم خۆش ببێ و نامەکەم بۆکەسانێکی زۆرنارد لە (پالتۆك) دا. لە تەنیشت شایەتمانەکەشەوە ناوی خۆم نووسی. مەسیحیەکان لەسەرەتادا وایان دەزانی کە بەناوی منەوە ئەوە کراوە، دوایی بۆیان دەرکەوت کە بەڕاستی موسڵمان بووم. .

موسڵمانانیش زۆرخۆشحاڵی خۆیان دەبڕی و یەکێکیان بۆی نووسیم: ماندۆلینا موسڵمانبووی؟ نەمتوانی بەمایك وەڵامی بدەمەوە تەنها بۆم نووسیەوە (بەڵێ موسڵمان بووم سوپاس بۆخوا) .

ئەوبرایە ئامۆژگاری کردم کە خۆم بشۆم و پشووبدەم، چووم خۆم شت و نوێژی بەیانیم کردو نووستم، ئەمە یەکەم نوێژم بوو. هەستم کرد کە کات وەستاوە، لەنوێژەکەمدا زۆرگریام، دواتر کە زۆرماندوو شەکەت بووم نوستم، هەستم دەکرد لەئاسمانم نەك لەسەر زەوی، هەستم دەکرد جەستەم بەدەست مەلائیکەتەوەیەو دەمگێڕن.

بەڕاستی من ئارەزوومەندی نوێژی بەیانیم، هەفتەی ڕابردوو کە لەخەو هەڵدەستام ئاواتەخوازبووم کە ڕۆژو شەو زوو بڕواو نوێژی بەیانی بێت.

المرصد: کەسوکارت دەزانن موسڵمان بوویت؟

ماندۆلینا: جارێ نەیان زانیوە، زەحمەتە بەئاسانی ئەم کارە وەربگرن، بەتایبەتی کە ئەوەندەش نابێت داواکراوم و دەزگیرانم هەیە.

المرصد: جا باشە خۆئەوە کێشەیەکی گەورەیە چی دەکەیت؟

ماندۆلینا: مەسیحی بووم متمانەیەکی گەورەم بەخوا هەبوو، ئێستا کە موسڵمان بووم چۆن متمانەم پێی نەبێت! ئەستەمە خوای گەورە دەستم لێ بەردات و هاوکاریم نەکات.

## موسـولمان بوونی ئیـمام زەید شـاكر

ریكی میتشیل لەشاری بیركلی لەویلایەتی كالیفۆرنیای ئەمەریكا لەدایك بـووە، لەسـاڵی ١٩٧٧دا كە لەهێزی هەوایی ئەمریكی دا خزمەتی سەربازی دەكرد موسڵمان بوو، ناوی خۆی كرد بە (زەیـد شـاكر) . زەید بەكالۆریۆسی لەپەیوەندی نێودەوڵەتیدا هێناوە لـەزانكۆی واشـنتۆن، پاشـان ماجیسـتێری لەزانستی سیاسیدا هێناوە لەزانكۆی ڕۆتجەرز.

خـوای گـەورە دڵـی هیدایـەت دا بۆئیسـلام پـاش ماوەیـەكی زۆر لـە سـەرگەردانی و بیركردنەوەی لەژیان و مردن، بەتایبەت كە مردنی زۆری ئەدی و لەلێواری مردن نزیك دەبۆوە.

زەید زانستی ئیسلامی لەسوریاو مەغریب خوێنـدو، پاشـان بـوو بـەئیمام لەمزگـەوتی كونیكتیكت لەساڵی ١٩٨٨ەوە تاساڵی ١٩٩٤.

زەید كەوتـە بانگـەوازكردن و بـوونی خـۆی سـەلماند لـەوبوارەدا و ئێسـتا مامۆسـتایە لەپەیمانگای زەیتونە لەشاری هایوارد لەكالیفۆرنیا. بـەردەوام دەورات دەكاتـەوە بۆشـەریعەتی ئیسلام و مێژووی ئیسلام. زەید دەستێكی باڵای هەیە لەنوسیندا، لەتەفسیرو زانستی قورئـان و ڕووبەڕووبونەوەی عەولەمەدا. هەروەها پسپۆڕە لە وەڵامدانەوەی ئەو گومانانەی كە دروست دەكرێن و ئەو پڕوپاگەندانەی كە دژی ئیسلام بڵاودەكرێنەوە، بەتایبەت ئـەوەی ئیسـلام گوایـە هەقی ئافرەتی نەداوە و هەروەها ڕێدان بەفرەژنی، ئیمام زەید دەڵێـت: (هیـوادارم ڕۆژێـك بێـت وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا ببێتە وڵاتێكی ئیسلامی و حوكم بەشـەرعی خوابكـات، دیـارە ئەمـەش ڕەنگە بێتەدی بەڵام بە حیوارو گفتوگۆ نەك بەزۆرو زۆرداری) .



بانگخواز زید شاكر

## موسـولْمان بـوونی ئافـرەتێكی ئەفسـەری مۆسـاد

له ساڵی ١٩٤٣ له دایك بووه له تەلئەبیب له دایك و باوكێكی جوولەكـەی پۆڵەنـدی. خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی له ئیسرائیل بووه و دواتر مۆساد دەینێرێ بۆیەكێتی سۆڤیەت بۆخوێندنی ئەندازەی فڕۆكەوانی. ناوبراو شانازی دەكـرد بەجوانیەكـەی و بەوڵاتەكەیـەوە، كـێ دەیزانی موسڵمان دەبێ و ناوی خۆی دەكات به (فاطمه) . ناوبراو چالاك بوو لـەو كـارەی كـه پێیان سپاردبوو ، بەردەوام ڕاپۆرتی چاكی دەنارد بۆ سەروو خۆی.

كه جەنگی ١٩٦٧ڕوویداو سـەركردە عەرەبـە خیانـەتكارەكان تێـك شـكان، ئیسـرائیل شانازی بەسەركەوتنەكەیەوە دەكردو، عەرەبیش تاڵاوی تێكشكانی دەنۆشی.

(یائیرانا شائیل) به پێچەوانەی جوولەكەكانی تـرەوە، كـه ئـەو زڵـم و زۆرو سـتەمەی ئەدی، كه ئەوكوشتن و بڕینەی دەبینی، هەستی دەكرد كه ئیسرائیل تاوانكارە و زەوی و مـاڵ و موڵكێكی داگیركردووە كه هەقی شەرعی فەلەستینیەكانە.

(یائیرانا) كوشتن و بڕین و ماڵ و ێران كردنی بەسەربەرزی نەدەزانی بۆیە زۆر ناڕەحـەت بوو بەو بارو زروفەی ئەوكاتە،هەرچەند له كلتوری جولەكـەدا و لەجەژنیانـدا پـەنا دەبەنـە بـەر كوشتنی كەسێك و لەخوێنەكەی دەكەنە خواردنیانەوەو ئەمەش بەپیرۆزی و كاری چاك دەزانن و بەناوی (الذبائح التلمودية) ناوی دەبەن.

له ساڵی ١٨٤٠ (تۆما ئەلكابوش) ی راهیبیان سەربڕی —كە ڕاهیبێكی ئیتـاڵی بـوو - هەروەها چوار جوولەكه كچێكی شەش ساڵیان كوشت بـەناوی (سـارە) لەڕووسـیا. ئەمانـەو دەیەهاو سەدەهای تر كه لەپەڕاوی تایبەتی دا به دۆكیۆمێنتەوە بڵاوكراونەتەوە.

(یائیرانـا) هەسـتی بـه ئـازاری ویـژدان دەكـرد، تـا مۆسـاد ناردیانـە میسـر وەك گەشتیارێكی ئینگلیز به پاسپۆرتی ئینگلیزیەوە.

له میسر له نزیك ئەزهەر نیشتەجێ بوو. له بانگی بەیانیدا سەرنجی بـەردەم مزگـەوتی ئەزهەری داو گوێی ڕادیرا بۆبانگەكە: (الله أكبر) (الله أكبر) لەناخەوە هەژاندی، جـا كـه ئـەم عەرەبی و عیبری و ڕووسی بەچاكی دەزانی باش لەبانگەكەو ماناكانی تێدەگەیشـت. لـه دڵـی خۆیدا دەیوت: باشه بانگبێژ بۆچی ئاوا بەكوڵ و دڵ بانگ ئەدات و هەموو توانای بەكاردێنێ تا

بانگێکی خۆش و بەسۆزبدات. دواتر بۆی دەرکەوت کە بانگبێژ بەو بانگدانەی پایەبەرز دەبێت و پلەی تایبەتی دەبێت لەبەهەشتا.

یائیرانا خۆی بیرچووبۆوە، سەرنجی ئەدا ئاخۆ کەس هەبێ بەم بەرەبەیانە و بەم سەرمایە، جێگای گەرم ونەرمی خۆی جێ بهێڵێ و خەو لەچاوی خۆی بتۆرێنێ ؟؟. . زۆری نەخایاند وردە وردە نوێژخوێنان بەرەو مزگەوت هاتن. . . هاتە دەوروبەری مزگەوتەکە، ئیمامی مزگەوتەکە سورەتی ئیسرای خوێند:﴿ سُبْحَٰنَ ٱلَّذِىٓ أَسْرَىٰ بِعَبْدِهِۦ لَيْلًا مِّنَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ إِلَى ٱلْمَسْجِدِ ٱلْأَقْصَا ٱلَّذِى بَٰرَكْنَا حَوْلَهُۥ لِنُرِيَهُۥ مِنْ ءَايَٰتِنَآ ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ ﴿١﴾ ﴾ الإسراء

ئیمامی مزگەوتە وەك خوا نابێتە دڵیەوە، ئەم ئایەتانەی خوێند، ئەو چووزانێ عەمیلێکی مۆساد لەدەرەوەی مزگەوتەکە گوێی لێ گرتووەو بەم ئایەتانە ژیانی سەدو هەشتا پلە دەگۆڕدرێ.

دوای نوێژەکە کە مامۆستاکە هاتەدەرەوە لێی پرسی: ئەم ئایەتانە مانای چی یە، بۆچی ئەو مزگەوتە بە (الأقصى) ناونراوە، ئەویش بۆی ڕوونکردەوەو پێی وت (الأقصى) مەبەست دووری ئەو مزگەوتەیە لەمزگەوتی حەرامەوە.

ئنجا باسی پلەی بەرزی حەزرەتی بۆکرد ﷺ کە چۆتە ئاسمانەکان و خوای گەورە گەیاندویەتیە شوێنێك کە گوێی لەدەنگی خشەی نوسینی قەڵەمی مەلائیکەتەکان بووە. . حەزرەت ﷺ بەو پایەبەرزیەوە هەر عەبدی خوابوو، ئەم گەشتەشی لەبەشێکی کەمی شەودا کرد کە موعجیزەیەکی گەورەبوو.

(یائیرانا) لە یادەوەری یەکانیدا نووسیویەتی کە: نوێژی بەیانی ئەزهەرم بینی زانیم کە سەرناکەوین و ڕۆژێ دێت کە موسوڵمانان سەردەکەونەوە، چونکە کەسانێك ئاوابچن بۆنوێژی بەیانی - کەجیهادێکە بۆخۆی - سەرەنجامیان هەر سەرکەوتنە، ئەوگەنجانەم بینی کە دەچوونە مزگەوتەوەو بەڕوویەکی گەش و ئارامەوە دەهاتنە دەرەوە.

دیمەنێکی تر کاری تێکرد، لەسەر کۆرنیشی نیل وەستابوو، پیاوێکی پیری بینی لەبەلەمێکدا، بەبێ ئەوەی گوێ بدات بەهیچ، زۆر بەدڵنیایی و ئارامی ڕووەو قیبلە لەبەلەمەکەیدا نوێژی دەکرد.

نـــاوبراو لــــەقاهیرە مایـــەوەو قورئـــانی دەخوێنـــدو ژیاننامـــەی هاوســـەرەکانی پێغەمبەرﷺ دەخوێنـدەوە، گەیشـتە ئەوقەناعەتـەی کـە ئەوبەرێزانـە نموونـەی بـەرزو سەرمەشـقن، دوژمنانیش بەئەنقەست ژیاننامەیان دەشێوێنن و وێنەیان لەبەرچاو ناشرین دەکەن. ئـاخر ئـافرەتێکی دەوڵەمەندی خانەدانی وەك خەدیجە شوێن هاوسەرە خۆشەویستەکەی دەکەوێ بۆناو دۆڵی ئـەبی تالیـب و برسێتی و هەژاری و نەبوونی دەچێژێ، ڕۆژوو دووڕۆژ نا، سێ سـاڵی تـەواو، کـە ئەمـەش بەڕاسـتی بەڵگەی مەزنی ئەوشاژنەیە کە بەڕاستی (وەزیرەی صدق) ی حەزرەت بووﷺ.

کاتێك وەفاتی کرد حـەزرەتﷺدابەزیـە قەبرەکەیـەوەو فـەرمووی: (بەڕاسـتی بـڕوای پێهێنام لەکاتێکدا کەس بڕوای پێنەدەکردم، بەپارەو ماڵی هاوکاری کردم لەکاتێکدا کەس نەبوو یارمەتیم بدات) .

ناوبراو دیراسەی فیقهـی ئیسـلامی کـرد بـۆی دەرکـەوت کـە چـۆن گرنگـی بەهـەموو لایەنێکی ژیان دراوەو ئیسلام بەرنامەی تایبەتی خۆی هەیـە، سـەرنجی دا زانـا و فەقیهیـەکان دەڵێن: ئەگەر پشیلەیەکی کوێر ڕووبکاتە ماڵێك نەفەقەو بژێوی واجب دەبێت لەسەر ئەوماڵـە. کە بەڕاستی ئەمەش گەورەیی و بەزەیی ئیسلامە بە تایبەت بەرامبەر گیانلەبەران.

سەرکەوتن سەرەنجام بۆ حەق و ڕاستییە، ئەوەتا زانکۆی بارئیلان لێکۆڵینەوەی کـردووە لەسـەر دیاردەی خۆکوشتن لەسوپای ئیسرائیلی دا کە لەساڵی ١٩٩٨دا (١٦٧) حاڵەت ڕوویداوە.

هەروەها وازهێنان لەسوپاو هەڵهاتن لەبەرباری تەندروستی کـە سـاڵانە نزیکـەی شـەش هەزار سەرباز وازدێنن.

(موشی دایان) لەیادەوەریەکانیدا (چیرۆکی ژیانم) دان ئەنێ بەو ترس و دڵەڕاوکێ یەی هەیانە، سـەرکەوتنی ئـەوان لـەلاوازی موسـڵمانانەوەیە، ڕاسـتتر بڵـێین لەخیانـەتی سـەرکردە عەرەبەکانەوەیە، ئەگینا ئوممەتێکی ملیارونیوی ئەوەندە گیانفیـدای تیایـە کـە بـە ماوەیـەکی زۆرکەم قودس ڕزگاربکات.

ئیسرائیل گیری خواردووە بەدەست موسڵمانەکانی غـەززەوە، ئسـرائیل بەهـەموو توانـا سەربازی یەکانیەوە، بەهەموو هاوکاریەکانی ئەمریکاو ئـەوروپاوە دەستەوسـان نیـە بەرامبـەر کۆمەڵێکی گەمارۆدراوی بێ کەسەوە کە خوا نەبێ کەس شك نابەن لایان لێ بکاتەوە، تـا لـەم

دواییەدا کەشتی هاوکاری بەو هەموو نارەحەتیە گەیشتە لایان سا بەڵکو ئابلۆقەی سەریان بشکێنرێت و ئێستا سوپاس بۆ خوا کە شۆڕشی میسر سەرکەوت وەزعیان باشترە.

بەڵێ. . . یائیرانا موسڵمان بوو ناوی خۆی گۆڕی بۆ (فاطمە) لەسەر ناوی کچی حەزرەت ﷺو، خوای گەورە حەجی کرد بەنسیبی و پاشان شووی کرد بەموسڵمانێك وپەڕاوێکی نووسی کە بۆچی موسڵمان بووە ،پاشان جێی خۆی ون کرد لەترسی ئەوەی کە دەستی مۆسادی نەگاتێ ونەیکوژن. .

## حەمزە یوسف

مارك هانسن لەساڵی ١٩٦٠دا لەدایك بووە لەواشنتۆن لەخێزانێکی ڕۆشنبیردا، باوکی مامۆستای زانکۆ بووە لەزانکۆی هارفارد، دایکی دەرچووی زانکۆی بیرکلی بوو، نەنکی عومدەی یەکێ لەشارەکانی کالیفۆرنیا بووەو مارکیش لەکالفۆرنیا گەورە بووە.

لەکالیفۆرنیای باکور لەخێزانێکی یۆنانی ئەرسەزۆکسی پێی نایە ژیانەوەو، کاتێ لەبەشی فەلسەفەبوو لەزانکۆ هەندێ زانیاری دەستکەوت لەبارەی ڕۆژهەڵات و بیروبۆچوونی ئیسلامی، ئنجا هەندێ موسڵمانی ڕەش پێستی بینی کە کاریگەریان هەبوو لەسەری، بڕیاری دا بەدوای ئیسلامدا بگەڕێ، لەساڵی ١٩٧٧دا لەتەمەنی ١٧ساڵی دا موسڵمان بوو.

هۆکاری موسڵمانبوونیشی دەگەڕێتەوە بۆ ڕزگاربوونی لە مردن لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا، کە مردنی مسۆگەر بوو. کەوتە گەڕان بەدوای حەقیقەتی ژیان و مردنداو زۆر بەپەرۆشەوە قورئانی دەخوێندو، لەکۆتایی ئەم گەشتەی دا ئیمانی هێناو ناوی خۆی کرد بە (حەمزە یوسف)

کە موسڵمان بوو وازی لەزانکۆکەی هێنا کە زۆری نەمابوو تەواوی بکات و، کەوتە گەڕان بەوڵاتە عەرەبیەکاندا ،بۆماوەی ١٠ساڵ لەئیمارات (فِقْە) فێربوو و، لەمەدینە قورئانی لەبەرکرد، لە مەغریب و جەزائیر دیراسەی زمان و شیعری عەرەبی کرد، لەمۆریتانیاش دیراسەی (تصوف) ی کرد، ئەمە بێجگە لەوەی لەم دەساڵەدا توانی بکالۆریۆس بێنێت لە (تمریض) دا .

لەساڵی ١٩٩٠دا کەوتە وانەوتنەوە بەهەندێ کۆمەڵەی ئیسلامی لەسان فراسیسکۆ، لەساڵی ١٩٩٦دا پەیمانگای زەیتونەی دامەزراند بۆزانستی ئیسلامی لەکالیفۆرنیا و وانەی تیادەوتەوە. پەیمانگای زەیتونە پەڕاو و کاسێت دەردەکات کە باسی ئەوشتانە دەکات کە لەم سەردەمەدا دێنە ڕێی ئەمریکیەکان. ناوبراو چەند پەڕاوێکی هەیە وەك: ( قانون الجهاد، تعليم الأطفال في العصر الحديث، جدول أعمال لتغيير ظروفنا) .

ناوبراو کە باسی ئیسلام و حەزرەتﷺدەکات بەوپەڕی جدیەت چاوەکانی پڕ دەبێ لەفرمێسك لەزۆری خۆشەویستی دا بۆحەزرەتﷺ و بۆ ئیسلام.

پرسیاریان لێکرد بۆ پەیمانگاکەی ناونا (زەیتونە) ؟ وتی : چونکە درەختی زەیتون درەختێکی سەیرە، هەرچەند دیمەنی و سێبەری زۆرسەرنج ڕاکێش نین و پیری پێوە دیارە، بەڵام ڕەگی بەزەویدا زیاترلەبیست پێ ئەچێتە خوارەوە و کاتێ درەختەکانی تر دەمرن ئەم بۆسەدان ساڵ بەروبوومی زەیتون ئەدات، کە بەرهەمێکی پڕخێرو بەرەکەتە بۆ مرۆڤ.

ئەوپەیمانگایە هەزار قوتابی هەیەو لقی هەیە لەشەش شاری ئەمریکی. شێخ حمزە بە (٢٤) کاتژمێر باسی ژیاننامەی حەزرەتی کردووەﷺو بەهەزاران نوسخەی لێ بڵاوکردۆتەوە، ئەمە بێجگە لەوەی کە دەگەڕێ بەشارەکانی ئەمریکای باکورو ئەوروپادا و وتاری بەهێز ئەدات لەبارەی ئیسلامەوە. بەرنامەی (یەڵلاّ شباب) لەکەناڵی (إم بی سی) فیکرەی ئەم بوو تا لاوان وا لێبکات باشتر بێن بەرەو ئیسلام و شارەزابن.

ماوەیەك ڕاوێژکاربوو لەکۆشکی سپی ئەمەریکیداو، لەبارەی ئەمریکاو بۆشەوە دەڵێت: (خەڵکی وا دەزانن کە ئێمە لەدیموکراتیەتدا دەژین،ئەوانە هەمووی درۆن، کێ بۆشی بردە سەرکورسی دەسەڵات، ئایا کۆمپانیا زەبەلاحە ئیحتیکاری یەکان نەبوون؟

لەبارەی موسڵمانانیشەوە دەڵێت: ڕێگری سەرەکی لەبەردەم بانگەوازی ئیسلامیدا موسوڵمانان خۆیانن کە هەڵسوکەوت و مامەڵەیان بەتەواوی ئیسلامی نیە. ئەوانەشی کە کۆچیان کردووە بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا بەداخەوە کێشەکانی وڵاتەکانی خۆیانیان لەگەڵ خۆیاندا هێناوە) .

شێخ حەمزە دەڵێت: هەروەك چۆن ناچیتە لای دکتۆرێك کە تەنها لەکتێبەوە فێری دکتۆری بووبێ، بەڵکو دەچیتە لای یەکێك کە لەپەڕاو و لەدکتۆری شارەزاوە فێربووبێ،

بەهەمان شێوەش ئیسلامەتی لەکتێبەوە بەتەنها وەرناگیرێ بەڵکو لەدەمی مامۆستا ئنجا لەکتێبەوە وەردەگیرێ.

هی وا هەیە عەرەبی باش نازانێ و ئیدیعای ئەوە دەکات کە لەقورئان و سوننەتەوە یەکسەر شت وەردەگرێ، ئەمەنابێ، بەڵکو باشتر وایە پەیڕەوی یەکێ لەچوار مەزهەبەکە بکات و ئەمەش بۆدینەکەی باشترو سەلامەتترە، مەگەر خوا نافەرموێ:

﴿...فَسْـَٔلُوٓاْ أَهْلَ ٱلذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴿٧﴾﴾ الأنبياء

لەئەمریکا کەسانی باش هەن، ڕاستە کەسانێکی زۆر دژایەتی ئیسلام دەکەن بەڵام کەسانی بەویژدان و هەق بێژیش هەیە، مەگەر قورئان نافەرموێ:﴿...وَمِنْهُم مَّنْ إِن تَأْمَنْهُ بِدِينَارٍ لَّا يُؤَدِّهِۦٓ إِلَيْكَ إِلَّا مَا دُمْتَ عَلَيْهِ قَآئِمًا...﴿٧٥﴾﴾ آل عمران

من زۆرسەرسام بووم بەکەسێکی جولەکە کە لەگوانتنامۆ سێ ساڵە دیفاعی لەموسڵمانان کردووەو، بەهۆیەوە چەندەها گیراویان ڕزگاریان بوو. ئێمە با لۆمەی کەس نەکەین و با گلەیی و گازندە وازلێبێنین. ئەوان ئیش دەکەن دژی ئاینەکەمان با ئێمەش ئیش بکەین بۆ ئاینەکەمان. بەڕاستی لاوازی موسڵمانان: تەفرەقەو دووبەرەکی یە قورئان دەفەرموێت:

﴿...وَلَا تَنَٰزَعُواْ فَتَفْشَلُواْ وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ...﴿٤٦﴾﴾ الأنفال



**شێخ حمزە یوسف**

# سـيلـما ئيـهـرام

له سـيدنی لـه ئوسـتراليا لـه‌دايك بـووه له‌سـاڵی ١٩٥٤دا، به‌كالۆريۆسـی هێنـاوه لـه (بيۆلۆجيـای ده‌ريـايی) لـه‌زانكۆی (جـيمس كـوك) ، به‌شـداری كـردووه لـه مـژده‌دان دا و له‌ساڵی١٩٧٦دا موسڵمان بووه له‌كاتێكدا كه لـه گه‌شـتێكدابوو لـه ئه‌ندۆنيسـيا. كاتێـك لـه ئه‌ندۆنيسـيا بـوو لـه نزيكـه‌وه له‌گـه‌ڵ موسـڵماناندا هه‌ڵسـوكه‌وتی كـرد و مامه‌ڵـه‌ی جـوانی موسڵمانانی بينی، كه به‌بێ هيچ به‌رژه‌وه‌ندیه‌ك ئاماده‌بوون هاوكاری و خزمه‌تی بكه‌ن.

هه‌روه‌ها ميوان دۆستی و داوێن پاكی موسڵمانان سه‌رسامی كرد، كـه ئه‌مانـه‌ی بينـی پڕوپاگه‌نده و درۆكانی ڕاگه‌ياندنی ڕۆژئاوای بۆ ده‌ركه‌وت كه دژ به‌ئيسلام بڵاوی ده‌كه‌نه‌وه،ڕوونی و ئاسانی عه‌قيده‌ی ئيسلاميش زياتر وای لێكرد به‌ره‌و ئيسلام بێت.

له‌ساڵی ١٩٧٩دا بنكه‌يه‌كی ئيسلامی ئافره‌تانی كرده‌وه، هه‌روه‌ها دووپه‌ڕاوی نوسيوه و به‌رده‌وام وتار ئه‌دات و بانگه‌واز ده‌كات. له‌ساڵی ٢٠٠٧دا يه‌كه‌م ئافره‌تی موسـڵمان بـوو كـه نوێنه‌ری حيزبێكی سياسيی بوو، هه‌ڵبژێردرا بـۆ ه‌رلـه‌مان. ئێسـتا نـاوبراو جێگـری سـه‌رۆكی مه‌جليسی ئيسلامی يه له ئوستراليا، شاره‌زای ڕاوێژكاريشـه لـه بـواری فێركردنـدا، هـه‌روه‌ها ئه‌ميندار‌ی گشتی (مه‌جليسی ئوستوڕالی) يه بۆ په‌روه‌رده‌ی ئيسلامی له‌قوتابخانه‌كاندا. شـه‌ش منالی هه‌يه و له‌هه‌وڵدايه كه به چاكی و به پێـی پـه‌روه‌رده‌ی ئيسـلامی پـه‌روه‌رده‌يان بكـات، ئێستاش باسێكی ئامادكردووه بۆ به‌ده‌ستهێنانی ماجستێر له زانكۆی ڕۆژئاوای سيدنی دا.



## ئیمامی مزگەوتی (التقوی) لە نیویورك

جیفری کیرس لە نیویۆرك لەدایك بووە و هەر لەوێش پێگەیشتووە، لە زانکۆی نیویۆرکیش ماتماتیکی تەواوکردووە، ناوبراو موسڵمان بوو ناوی خۆی کردبە (سیراج وەهاج) لە ساڵی ۱۹٦۹دا.

لە سەرەتاوە پەیوەندی کرد بە کۆمەڵی (أُمَّةالإسلام) کە بزوتنەوەی ئیسلامی ڕەش پێستەکان بوو، بەڵام لە بەرئەوەی هەندێ شتیان لەگەڵ ئیسلام دا یەکی نەدەگرتەوە، وازی لێ هێنان و چوو بۆ وڵاتی سعودیە و لەزانکۆی (أم القری) ساڵی ۱۹۷۸دەستی کرد بە خوێندنی زانستە ئیسلامیەکان.

پاشان لەساڵی ۱۹۸۱دا دەستی کرد بە بانگەوازکردن، سەرەتا لە مزگەوتێکی بچکۆلەدا لە شوققەیەك لە برۆکلین لە نیویۆرك ئیمامەت و بانگەوازی دەکرد، ئەوانەی دەچوونە ئەو مزگەوتە بچوکە تەنها سی کەسێك دەبوون، دواتر خوای گەورە بەرەکەتی خستە کارەکەیەوە و ئێستا لە مزگەوتی (التقوی) لە نیویۆرك ئیمامە و یەکێکە لە بانگخوازە دیارەکانی ئەمریکای باکور.

لە ساڵی ۱۹۸۸دا لەگەڵ قوتابییەکانیدا کەوتنە هەڵمەتی نەهێشتنی ئالودەبوون بە تلیاکەوە، کە سەرکەوتنی باشیان بەدەستهێنا، جێی دەست خۆشی حکومەت و خەڵکی بوو.

## موسوڵمان بوونی ئینجیلا کۆلینز و صفیەالقصبی

کەناڵی (الجزیرة) : لەبەرنامەیەکدا بەناونیشانی (ئەمریکیەکان و موسڵمانبوون پاش ڕووداوی ۱۱ی سێبتەمبەر ) دەڵێت:

ئایا موسڵمانبوون دوای ڕووداوی ۱۱ی سێبتێمبەر وەستاوە؟ دیارە نەخێر، ئەوەتا گۆڤاری بیبۆلی ئەمریکی ئەڵێت: نزیکەی بیست هەزار ئەمریکی کە زۆربەیان ئافرەتن ساڵانە دوای ۱۱ی سێبتێمبەر دێن بەرەو ئیسلام. بەڵگەش بۆ ئەمە ئەو ئافرەت و پیاوە ئەمریکیانەن کە بەردەوام لەهۆکارەکانی ڕاگەیاندنەوە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ سازدەدرێت.

(صفیە القصبی) پێشتر ناوی (ئیلیزابێس تیرۆس) بوو، کە هەشت کەس لە خزمەکانی لە باڵەخانەی بازرگانی جیهانی لە۱۱ی سێبتەمبەردا تیاچوون وەك (مامی و ئامۆزاکانی). لەگەڵ ئەوەشدا صفیە دوای ماوەیەك لەو ڕووداوە موسڵمان بوو. هەروەها لە لۆس ئەنجلۆسیشەوە (ئینجیلا) م لەگەڵدایە کە ئەمیش دوای ۱۱ی سێبتێمبەر موسڵمان بووەوناوەکەی ناوەکەی وەك خۆی هێشتۆتەوە، هەریەکەیان باسی موسڵمانبوونی خۆیان دەکەن:

صفیه القصبـی: من کاتێك وەك گەشتیارێك پێش چەند ساڵێك لە وڵاتی مەغریب بووم، گوێم لە دەنگێك بوو ئارام بەخش، پڕسۆز و خۆشەویستی،کە ئەویش بـانگی ( الله أكـبر) بـوو. ئەو بانگە لە ناخەوە کاری تێکردم، بۆیە موسڵمان بووم و ناوی خۆم گۆڕی و پاشان شـووم کـرد بەموسڵمانێکی میسری.

سوپاس بۆ خوا کە موسڵمان بووم، ئەمەوێ بە دنیا ڕابگەیەنم کە ئەوەی لە سێبتەمبەردا ڕووی دا پەیوەندی بەهیچ ئاینێکەوە نییە، ئەمەوێ بە موسڵمانانیش بڵێم با بیروباوەڕی خۆمان پتەو بکەین و بە ڕاستی موسوڵمانی خۆڕاگربین، هەر چەند مـن ئـەگریم و خەفـەت دام ئـەگرێ لەبەر بارودۆخەکە کە ناهەموارە، بەڵام کاتێ نوێژدەکەم و زیاتر لـە خـودا نزیـك دەبمـەوە، دڵـم زیاتر دائەمەزرێ  بە براو خوشکانم دەڵێم: مەترسن.

ئینجیلا کۆلێنز:١١ی سێبتێمبەر هاندەرێك بوو بۆ موسڵمانبوونم، هەرچەند من لە ساڵی ١٩٩٧تا٢٠٠١ گوێم لە بانگ دەبوو، کەوتمە گەڕان و پرسیارکردن لە موسڵمانان، من قەناعەتم بەم ئایینە پەیداکرد، پێش ئەوەی موسڵمان ببم ١١ی سـێبتەمبەر ڕوویـدا، بـەڵام ئاسـان بـوو بەلامەوە کە جیاوازی بکەم لەنێوان ڕێنماییەکانی قورئان و سوننەت و ئەو جۆرە کارەساتانە کە موخالەفەی ڕێنماییـەکانی ئیسـلامە. دوای ئـەوەی قورئـان، بەتایبـەت سـورەتی (الرحمـان) م خوێندەوە دڵنیابووم کەقورئان کەلامی خوایە.

لەبەرئەوەش کە ئیسلام ئاینێکی جیهانیە ناوم نەگۆڕی، تا خـەڵکی بـزانن کـە ئیسـلام گەیشـتۆتە ڕۆژئاواو موسوڵمان هەیە ناوەکەی ڕۆژئاواییە، دیارە ناوگۆڕینیش بەزۆر نیە، هەنـدێ کـەس لەخۆشەویسـتی و ڕێزەوە بۆئیسلام ناویان دەگۆڕن.  من ئێستا قوتابخانەیـەکی ئیسـلامیی بـەڕێوە دەبـەم و، نزیکـەی سـەد کیلۆمەتر هاتم تا گەیشتمە ستۆدیۆکەتان لە لۆس نەنجلۆس، چـونکە زۆر لـە سـتۆدیۆکانی ناوچـەکە پێیـان ناخۆشە من لە کەناڵی (الجزیرە) وە دەربکەوم و باسی ئیسلام بکەم.





وێنەی انجیلا کولینز

وێنەی صفیە قصبی

# دکـتـۆره ئیـنگـرێد مـاتسـۆن

دکتۆر ئینگرێد مامۆستای ئاینەکانە لە کۆلیژی هارت فۆرد لە (ویلایەتی کۆتێکنت) ی ئەمریکی، لە شاری ئونتاریۆی کەنەدی لەدایك بووە و لەوێش پێگەیشتووە، فەلسەفە و هونەری جوانی لە زانکۆی (وترلو) تەواوکردووە. ناوبراو لە دوا ساڵی خوێـندنی زانکـۆی دا موسـڵمان بووە، پاشان چوو بۆ پاکستان لە ساڵی ١٩٨٧دا و ساڵێك لەگەڵ پەنابەرەکاندا کاری کردووە، لە دیراساتی ئیسلامیشدا دکتۆرای هێنا لەزانکۆی شیکاگۆ لەساڵی ١٩٩٩دا.

ئینگرێـد مەسـیحی یـەکی ئاسـایی بـوو، سـەرەتای بیرکردنەوەشـی لەئیسـلام لـەڕێی عاشقبوونیەوە بوو بۆ هونەر، دکتۆرە سەردانی مۆزەخانە گەورەکانی دەکرد لەتۆرنتۆ، مۆنتریال، شیکاگۆ، پاشان سەردانی مۆزەخانەی لۆڤەری کـرد لـەپاریس و، زۆر سەرسـام بـوو بەهونـەری وێنەکێشان لەقۆناغە جیاجیاکانی مێژووی مرۆڤایەتیـدا. دواتـر کۆمـەڵێ موسـڵمانی بینـی و پرسیاری لێکردن بۆچی موسڵمانان گرنگی نادەن بە پەیکـەر و تـابلۆی هەسـتیی بۆخواکـەیان، ئەوانیش پێیان ڕاگەیاند کە ئیسلام جڵەوگیری توندی کردووەو هێڵـی سـوورە لەبـەر مەسـەلەی بتپەرستی و پەرستنی مرۆڤ، پاشان لەئیسلامیشدا ناسینی خـوا ئاسـانە لـەڕێی بیرکردنـەوەوە لەدورستکراوەکانی خوا. ﴿أَوَلَمۡ يَرَوۡاْ إِلَى ٱلطَّيۡرِ فَوۡقَهُمۡ صَٰٓفَّٰتٖ وَيَقۡبِضۡنَۚ مَا يُمۡسِكُهُنَّ إِلَّا ٱلرَّحۡمَٰنُۚ إِنَّهُۥ بِكُلِّ شَيۡءِۭ بَصِيرٌ ١٩﴾ الملك، ئالێرەوە ئینگرید گەشتی ناسینی ئیسلامی دەست پێکـرد، تـا تـەواو شارەزابوو، لەساڵی ١٩٨٠دا موسڵمان بوو کەوتە بانگەوازکردن.

یەکەم بەرنامەی ئایینی ئیسلامی لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئـەمریکا ئینگرێـد دای نـا، لەساڵی ٢٠٠١دا بوو بەجێگری سەرۆکی کۆمەڵەی ئیسلامی لەئـەمریکای بـاکور (إسـنا) و، لەساڵی٢٠٠٦دا بوو بەسەرۆك کە ئـەو کۆمەڵەیـە نزیکـەی سـەد هـەزار ئەنـدامی ئیشـکەری چالاکی هەیە لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو کەنەدا، هەروەها سێ سەدو پـەنجا مزگـەوت و بنکەی ئیسلامیش سەر بەوانەو، ناوبراو یەکەم ئافرەتە بگاتە ئەوپلەیە.



بەهەوڵی ئەم بانگخوازە بۆخواسوڵحاوانە، ئێستا بۆتە عادەت کە ساڵانە خوانی ڕۆژووشکاندن لەمانگی ڕەمەزاندا لەکۆشکی سپی ئەمریکیدا سازدەکرێت.

## سیاسەتمەداری سویسری دانییل ستریتش

ناوبراو سەرۆکایەتی ئەو هەڵمەتەی دەکرد کە دژی ئیسلام دەکرا، بە تایبەت دژی دروستکردن و بەرزکردنەوەی منارەی مزگەوتەکان لە سویسرا و شیعارێکی بەرزکردبۆوە کە ئەویش بریتی بوو لە (وەستان لەدژی موسڵمانبوونی سویسرا) .

ئێستا دانییل لە دوژمنی سەرسەختی ئیسلامەوە گۆڕاوە بۆ دانییلی موسڵمان کە دیفاع لە ئیسلام دەکات لە سویسراداو موسڵمانبوونی خۆی ئاشکراکرد و هۆکارەکانی ڕاگەیاندنیش باسیان لێوەکرد. ناوبراو سیاسەتمەدارێکی ناسراوەو ئەندامی حیزبی گەلی سویسری یە و ناوبانگی دەرکرد بەهۆی ئەوهەوڵەی کە دای بۆ ڕێگرتن لەمزگەوت و منارە و موسڵمانبوون.

دانییل ئیستقالەی کرد لە حیزبەکەی و پاش موسڵمانبوونی کەمتر تیشکی دەخرێتە سەر، ئێستاش لەهەوڵدایە لەگەڵ کۆمەڵێکی تردا بۆدامەزراندنی (حیزبی دیموکراتی شارستانی محافظ) لەکانتۆن فریبورگ. ناوبراو دەڵێت: ئیسلام وەڵامی پرسیارەکانی دامەوە کەلەمەسیحیەتدا دەستم نەدەکەوت. . زیاتر لەسی ساڵ سەرقاڵی کاری سیاسی بووم، بەڕاستی سویسرا مزگەوتی زیاتری پێویستە.

# میلیسا کوکینیس

مژدەدەری ئەمریکی میلیسیا زۆربەی لاوێتی لە مژدەداندا بەخت کردو دواتر لەساڵی ٢٠٠٢دا موسوڵمان بوو، بەرگی سەرتاپای پۆشیوە، خانەی بڵاوکردنەوە و راگەیاندنێکی دامەزراند لەمۆنتریال کە گرنگی ئەدات بە ڕوونکردنەوەی هەقیقەتی ئیسلام. . (جەزیرە نێت) چاوپێکەوتنی لەگەڵ سازدا.

* میلیسیا تۆ کێیت؟

- ملیسیا: ناوم میلیسیایەو لەمۆنتریال لەدایك و باوکێکی مەسیحی کەنەدی لەدایك بووم، بەکالۆریۆسم لەپەرستاری (تمریض) دالە ساڵی (٢٠٠١) تەواو کردووە. لەخەستەخانەی سان جۆستینی منالآن کارم کردووە، زمانی فەڕەنسی و ئینگلیزی و یۆنانی و عەرەبی دەزانم.

مەشقم کردووە لەسەر دەرهێنانی تەلەفزیۆنی و سینەمایی وەسائیقی لەسەر دەستی چەند مامۆستایەکدا، وەك هیوایەتێك چەند فلیمێکی وەسائیقی کورتم بەرهەم هێناوە لەساڵانی ڕابردوودا. پەڕاوێکم نووسیوە بەناوی (ڕێگەیەك لەئورشەلیمەوە بۆمەککە) کە دەمەوێ بەئینگلیزی بلآوی بکەمەوە، هەروەها ئێستا خەریکی وێنەگرتنی فلیمێکی وەسائیقی درێژم لەلوبنان بەناوی (سانتای ئیسرائیلی) کە باسی ئەودیاریانە دەکات کە ئیسرائیل پێشکەشی لوبنانی و فەلەستینیەکانی دەکات، کە صاروخ و بۆمبایە.

* جەزیرە: چی تۆی هێنا بەرەو ئیسلام؟

- میلیسیا: پرسیاری زۆرم ئەکرد لەو دژبەیەکیەی لەپەڕاوی پیرۆزدا هەیە، هەمیشە وەڵامێك دەدرامەوەو دەیانوت: (خوشکم نوێژەکانت بکە، خوا پرسیارکردنی پێ خۆش نیە) .

من پەڕاوێکم دا بەکەنیسە، بۆئەوەی موسڵمانان لەخشتەبەرین، قورئانم خوێندەوە تاشارەزایی پەیدابکەم لەدوورخستنەوەی موسڵمانان لەئاینەکەیان، ئەمە بردمی بەرەو ئەوەی ئایا موسڵمانانیش شتیان نوسیوە لەسەر تەورات و ئینجیل و مەسیحیەت، گەڕام بەئینتەرنێتدا ڕێم کەوت لەزۆر کتێب و باس و خواس کە تەورات و ئینجیل و مەسیحیەتیان هەڵوەشاندبوو ، وەڵامی زۆر لەپرسیارەکانم دەست کەوت. ئەو وەڵامانە وایان لێکردم بڕیارێك بدەم کە ژیانمی گۆڕی. بڕیارم دا کە دیراسەی ئیسلام بکەم لەسەرچاوە ئیسلامیەکانەوە، دوای ئەوە کەوتمە

خوێندنەوەی مێژووی نووسینەوەی ئینجیلیەکان و بۆم دەرکەوت کە پەڕاوی موقەدەس کـەلامی خوای تیایە، قسەی خەڵکی تیایە، قسەی پێغەمبەرانی تیایە، قسەی پاشا فاسـقەکانی تیایـە، نوسەرەوەکانیش بەکەیفی خۆیان دەستکاریان کردوە.

قەناعەتم لا دروست بووکە (مجمع نيقيه) بەفەرمانی ئیمپراتۆری بتپەرسـت(قسـطنطين) بڕیاریان دا لەسەرئەوەی کە شوێن ئەوبیروباوەڕە هەڵەیە بکەون کە مەسیحی بەکوڕی خوا دانـا لەساڵی (٣٢٥) زاینی دا. .

لەوەش ترسناکتر ئەوەیە کە زیادکردن و کـەمکردنی تـازەم بینـی لەئینجیلـدا، هەنـدێ لەئینجیلە فەرەنسیەکان جیاوازن لەیۆنانیەکان، ئەوانیش جیاوازن لەئینجیلە ئینگلیزی یـەکان. هەرچی وەرگێڕان دەکات ناچێتەوە سـەر سەرچـاوە یۆنـانی و لاتینیـەکان، خـۆ هەرچـەند ئـەو سەرچاوانەش تەحریف کراون.

لەلێکۆڵینەوەکاندا کە سالێکی خایاند زۆرشتم بۆدەرکەوت، بەتایبەت چیرۆکی پۆلص کـە حـەزرەتی مەسیحی نـەبینیوە و هـاوڕێ یـەتی نـەکردووە، لەسـەدا نـەوەدی مەسـیحیەتیش ڕێنمـایی و تـەعلیقاتی (پۆلصە) ، باشە ئەگەر مەسیح دوانزە حـەواری هـەبووە، بۆچـی تـەنها پـۆلص - کـە دژایـەتی حەواری یەکانیشی دەکردو گومانی زۆری لەسەرە - لەسەدا نەوەدی مەسیحیەتی لێوەرگیرێ؟!

ئەوپرسیارانەی لام دروست بوون لەکەنیسـەم کـرد، کەوتنـە چـاودێری کـردنم و ئـەوەی بەدڵسۆزم دەزانی سیخوڕی دەکرد بەسـەرمەوە، بـۆم دەرکـەوت کەنیسـەکەمان چـەند کەسـێك دەیبات بەڕێوە، کەسێکیان بەدڵ نەبێ و بزانن بە عـەقڵی خۆی بیردەکاتەوە بەهـەموو شـێوازێك تەنگی پێهەڵدەچنن، بەشێوەیەك ئەگەر کەسێك لاوازبێت ڕەنگە خۆی بکوژێت.

لەکەنیسەکەی ئێمە ئەگەر یەکێ بیویستایە شووبکات یان ژن بێنێت ئەبوایە ڕەزامەندی ئەوانی وەربگرتایە، ئەبوایە هاوەڵی هەرکەسێکت ئەکرد لەتایەفەکەی خۆمـان بوایـە، دەبوایـە تەنها سەیری ئەوکەنالانەمان بکردایە کە (ئینجیلی) بوون.

جل و بەرگمان دەبوایە بەوشێوازە بوایە کە ئەوان بۆمانیان دائەنا، کەنیسە تازەکان ڕقی دنیایان لەکەنیسە کۆنەکانە، ئەوەندەی ڕقیـان لەوانـە ئەوەنـدە ڕقیـان لەموسـڵمانان نیـە، زۆر کتێبی ئیسلامیم خوێندەوە بەتایبەت پەڕاوی ئەومەسیحیانەی کە موسڵمان بوون، من تەمـەنم (٢٤) ساڵ بوو، بەقەناعەتی تەواو پاش دیراسەی تەواو موسڵمان بووم، کەس نەیخەڵەتاندووم و چاووڕاوم لێنەکراوە.

## بەکــارهێــنانی مــژدەدان بۆ مەبەســتی سیاســی

نزیکەی سێ سەد هــەزار مــژدەدەر هەیــە کــە شــەوو ڕۆژ خــەریکن و ئیمکانیــاتی زۆر لەبەردەستیاندایە، بڕوایان بەوەیە کە ڕووداوو (نبوءات) تێك هەیە وەك (هرمجـدون) کـە ئـەبێ کاری بۆبکەن و بیهێننەدی، تا - بەڕای ئەوان - حەزرەتی مەسیح جارێکی تـر دابەزێتـەوە سەر زەوی، ئەمانە نەك لەسەر موسڵمانان بەڵکو لەسەر گاورەکانی کەنیســەکانی ڕۆژهــەڵاتیش کاردەکەن بۆ هێنانەدی مەرامی سیاسی خۆیان لەژێر پەردەی کاری خێرخوازی و فریاگوزاری دا.

بۆ نموونە سەرپەرشتیاری کەنیسەی (شۆڕشی جیهانی) لــە فلۆریــدا (بلایــك لــورنزو) و هاوسەرەکەی لە ڕێی ئینتەرنێتەوە خەڵکی چەواشە دەکەن. لەم دواییەدا مەســەلەیەك دەنگـی دایەوە کە کچێکی موسڵمانی (١٣) ساڵ کەوتە داویانەوە لــە (فــەیس بــوك) دا و، مێشــکیان داشۆرد و چەندساڵ وەستان لەسەری، ئنجا کە گەیشتە هەژدەساڵ بــە حــوکمی مەحکەمــە لــە ماڵی باوکی دەریان هێنا لە ئەمریکا، کە ئەمەش بەڕاستی تاوانێکی گەورەیە منــاڵێکی ئــاوا چەواشە بکرێت.

ئەوانە تائێستاش درۆ و بوختان هەڵدەبەستن بۆنموونە دەڵێن موسڵمانان تا ئێستا (هُبَـل) کە خوای مانگــە دەپەرســتن و ناویــان نــاوە (الله) ، کــە ئەمــەش بــە ڕاســتی چەواشــەکاری و خەڵەتاندنێکەو ئەوان چییان بوێ دەیڵێن ئەگەر سووریش بشزانن درۆو دەلەسەیە.

ئەم مەسیحیە تازانە شیعاریان خاچ نیە، بەڵکو شیعاریان (ماســی) یەکــە و بەهــەموو توانایانەوە کاردەکەن و پشتگیری جوولەکە دەکەن، ڕق و قین لــەدڵی شــوێنکەوتوانیان دروســت دەکەن، بەپێچەوانەی مەسیحیەکانی ترەوە کە ئەو ڕق و قینەیان نیە.

ئەمانە لە ماوەی سەدو بیست و پێــنج ســاڵدا نزیکــەی پــەنجاملیۆن بــەرازیلیان بــەلای خۆیاندا ڕاکێشاوە لەچین و هیندو ئەفریقیاو تەنانەت لەکوردستانیش وەك من بیستومەو خۆیــان باسیان کردووە کاردەکــەن. لەســەرئینتەرنێت نزیکــەی دەهــەزار پێگــەیان هەیــە بۆمــژدەدان، بەزۆربەی زمانەکانی جیهان.

❊ ئەی کاری ئێستات چی یە؟.

- ئەوراقی قانونیم پێشکەش کــردووە تــا لەناوەڕاســتی مۆنتریــال دا (کــۆفی) یــەك بکەمەوە کە کتێبخانەو فیلمی ئیسلامی تیابێت، تا بەخۆڕایی هەرکەس بیەوێ بێت فێربێــت و

هەق و ڕاستی تیابدۆزێتەوە، بەڕاستی پێویستە لەسەر موسڵمانان کە هەریەکەیان خۆیان بەباڵوێزی ئیسلام بزانن و بەجدی کاربکەن بۆئیسلام و ئیشێك بکەن، ئەگەر ئیخلاسی تیابێ بێگومان سەردەکەون.



میلیسا کوکینیس

**** **** ****

## دکتۆر عەبدە ئیبراهیم

عەبدە ئیبراهیم گەنجێکی مەسیحی بوو. لەساڵی ١٨٨٣لەقاهیرەلەدایك وباوکێکی مەسیحی لەدایك بووە، لەساڵی ١٨٦٩تاساڵی ١٩٠٠لەقوتابخانەی سانەوی بوو، دووهاوڕێ ی موسڵمانی هەبوو کەبەیەکەوە سەعیان دەکرد، عەبدە ئەیبینی کەلەکاتی نوێژەکاندا دەستنوێژ دەشۆن و نوێژدەکەن، عەبدە بیری ئەکردەوە ئاخۆ هەق و ڕاستی لەکوێ بێت، پرسیاری دەکردلێیان لەبارەی حیکمەتی دەستنوێژ و نوێژکردن، ئەڵبەتە ئەو دوولاوە وەڵامێکی وایان لانەبوو، بۆیەعەبدە وتی ئێمەهەمومان ئەمەی وەرمانگرتووە لەمەسیحیەت وئیسلامەتی چاولێکەری یە، واچاکە دیراسەی دینەکان بکەین تابەرچاوڕوون بین و بەبەڵگەوە خوابپەرستین، عەبدەو یەکێکیان کەوتنە هەوڵدان وگەڕان وساڵێك لەخوێندن دواکەوتن ودەرنەچوون، ئەم دوانە

دەچوونە لای شێخ محمدرشید ڕەزا ودەچـوونە وتـار وکۆڕوکۆبوونـەوەی ئیسـلامی یـەوە تابـاش شارەزابوون.

لەساڵی داهاتوودا هەوڵی باشیان داو چوونە کۆلیـژی پزیشـکی. لەوانـەی توێکـاری دا مردووی دەبینـی کەدەرسـیان لەسـەر دەخوێنـد بەمـەش زیـاتر ترسـی خـوا لـەدڵیا چەسـپا، بەبرادەرەکەی وت: دەمـەوێت موسـڵمان بـبم، ئـەویش ئامۆژگـاری کردکـەخۆی وادەرنـەخات کەموسـڵمان بـووە تـا کۆلێـژ تـەواودەکات، بەقسـەی کـردن بـەڵام خـۆ ئیسـلامەتی تاسـەر ناشاردرێتەوە، بۆیە کە بووە پزیشك وکۆلیژی تـەواوکرد، لەڕەمەزانـدا بەتایبـەت یـەك شـەممان کەخێزانەکەیان کۆدەبوونەوە بۆخواردن عەبدە ئامادە نەدەبوو لەبەر ڕۆژووی ڕەمەزان، سـەرەنجام پێیان زانی وقیامەت هەستا؟!

باوکی وەعدی خانوو ژنی دایە، عەبدە ملی بۆ نەدان، بۆیە باوکی لە ماڵ کردیە دەرەوە بەبێ ئەوەی هیچ بەرێ لەگەڵ خۆیدا، ئالێرەدا هاوەڵەکانی هاوکاری باشیان کرد.

پاشان بانگیان کرد لەگەڵ قەشەکاندا دانیشێ سابەڵکو بگەڕێتـەوە ئـەویش چـووە لای شێخ محمد رشید ڕەزا، زۆر شتی فێرکرد کـە لـە گفتوگـۆدا بیـدا بـە ڕووی قەشـەکاندا، بـەڵێ: دانیشتن ودکتۆر عەبدە توانی دەمکوتیان بکات.

جارێکی تر دانیشتنەوە لەگـەڵ کۆمـەڵێکی تـری پلـە بـەرز تـردا لـە مەسـیحیەت دا ئەوانیشی دەمکوت کرد، بۆیە ئەوانەی ئامادەبووبوون لە دانیشـتنەکەدا هـەموو گومانیـان لا دروست بوو لە سەر مەسیحیەت.

عەبدە بووە پزیشکی بەندیخانەیەك و خانوویەکی بچوکی وەرگرت لە نزیك بەندیخانەکـە و تیـا ئـەژیا ئەمـەش بـۆ ئـەوەی لـە هەمووشـتێك دووربێـت. برادەرەکـەی هاوسـەری هـەبوو ،ئافرەتێکیان بۆ دۆزیەوە کە بیخوازێ ،کە عەبـدە بینـی بـەدڵی نـەبوو گەڕایـە دواوە، مـاڵی کچەکە کەوتنە پڕوپاگەندەی نابەجێ بۆی.

دواتر پیاوێکی ناوداری ناوچەکە کە بەمەسەلەی عەبدەی زانی و چـەند جـار گفتوگـۆی لەگەڵ کرد تاقە کچەکەی خۆی دایە ،هەرچەند دایکی کچە و کەسوکاریان کـەس قایـل نـەبوون شووی پێبکات ، پاش ساڵێك کوڕێکیان بوو ناوی نا (عیسی) ،ژنەکەی تۆراو بوو بە هەرا گوایا

دڵی هەر بە مەسیحیەتەوەیە ئەگینا بۆ نـاوی دەنـێ عیسـا بۆنـاوی نانێـت (محمـد) ، ئـەویش بەخەزووری وت: (من پەیمانێکم بەخوا داوە کەتەنها خۆی دەزانێ، کە مـن لەسـەر بەرنامـەی ئیسلام دامەزراوبم و لانەدەم، وەمن کەناوەکەی خۆم نەگۆڕی وهێشتمەوە، ئاواتـەخوازبوم نـەمرم و ژن بێنم وکوڕێکم ببێ نـاوی بنـێم (عیسـا) و لەسـەر پـەروەردەی ئیسـلامی گـەورەی بکـەم و ببێتـە کەسێکی ناودار و بۆ خەڵکی بسەلمێنم وهەمیشە یادیان بخەمەوە کە (عیسا) عەبـدی خوایـە وکـوڕی خوا نیە، وەئەمیش کە هەمیشە ناوی بەو شێوەیە ببرێ کە عیسا عەبـدی خوایـە، شـایەتی منـە لـە بەردەم بارەگای خوادا کە عیسا عەبدە و پشت بە خوا تەمەنێکی باش بەسەر دەبات) . .

دواتر کوڕێکی تری بوو ناوی نا (محمد) خوا ئاواتەکەی هێنایە دی، ڕۆژێـك بـاوکی هـات بـۆ ماڵەوە بۆلای و باسی قەرزاری خۆی بۆ کرد، گوایە خانووەکەیان لە دەست دەچـێ و خـاوەن قـەرزەکان بە نرخێکی کەم بە هەشت سەد جونەیە هەڵی دەگرنەوە و بەمەش خۆی ومناڵەکانی سـەرگەردان دەبـن و خوشکەکەشی کە لەسەر شووکردنە ڕەنگە دەستگیرانەکەی پەشیمان بێتەوە لێی.

ئنجا باوکی گریا و زۆر تکای لێکرد کە ئەو بڕە پارەیە بدات و خانووەکە بخاتە سەرخۆی و مانگانە کرێی بدەنێ ،دکتۆر عەبـدەش پارەکـەی دایـە و ووتیشـی خانووەکـە بـۆ خۆتـان ، ئەمەشی بۆ خوا کرد کە دایك و باوك هەقیان هەیە لە ئیسلامدا.

هەرئەوەندەی ژنەکەی بەمەی زانی هەرچی خراب بوو پێـی وت و تـۆراو چـووەوە مـاڵی باوکی ، پاش یەك دوو ڕۆژ خەزووری ژنەکەی بۆ هێنایەوە و زۆر لە کچەکەی تووڕە بوو. عەبدە هەمیشە دەیووت من زۆر ناژیم ، هەروەك دڵی خەبەری دابێت ، لە تەمەنی سی و پێنج ساڵیدا تووشی نەخۆشی تایفۆید بوو مرد، ئەم دنیا فانیە پڕ چەرمەسەرێ یەی بەجێهێشت.

(عیسی عبدە) گەورە بوو ،دکتۆرای هێنـا و بـوو بـە مامۆسـتای ئـابوری ئیسـلامی لەکۆلیژی شـەریعەو یاسـا لەئەزهـەر، هـەروەها مامۆسـتای شارسـتانی لـە کۆلیـژی ئـابوری وبازرگانی لیبیا پاشان لە چەندزانکۆی ترداکاری کرد، ئنجا ناوبراو کاری کرد بـۆ دامەزرانـدنی یەکەم بانکی ئیسلامی لەدوبەی و دوایش بانکی فەیسەڵ دامەزرا، کەئەمەش ئـاواتی گـەورەی خۆی و موسڵمانان بووکە لەم تەنگژە و ئەزمەیەی کە ئابوری جیهان و بانقە گەورە جیهانیەکانی تێکەوتووە بانقەئیسلامیەکان سەلامەت بوون وئێستا بەدەیان بانقی ئیسـلامی لـە ڕۆژهـەڵات

ورۆژئـــاوادا دامـــەزراون کەلـــە ٣٠٪ بازرگـــانی جیهـــانی بەڕێوەدەبـــەن، ناوبراولەســـاڵی ١٩٨٠/١/٩وەفاتی کردلەشاری ریاز و لەسەر وەسیەتی خـۆی هێنایانـە مەدینـەی منـەوەرەی خۆشەویست ولەبەقیع لەگەڵ یارویاوەرانی پێغەمبەردا بەخاکیان سپارد.

ناوبروا زیاتر لە سی پـەڕاوی ئیسـلامی لـەبارەی ئـابوری ئیسـلامی یـەوە هەیـە وەك **(العقودالشرعية الحاكمة للمعاملات الاسلامية)** **(دراسات في الاقتصادالاسلامى)** **(التأمين بين الحل والتحريم)** **(بنوك بلافوائد)** **(بترول المسلمين)** ئەمەبێجەگـە لـە دەیان وتار کەلەگۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بلاوی کردونەتەوەودەیان محازەرە کەخەڵکێکی زۆرسـودیان لێبینیون،خوا بە بەهەشتی بەرین خۆی وباوکی شادبکات.



**د. عیسی عبدە**

دکتۆرعیسا عەبدە پێشەوای شەهید ئیمام بەننای ناسی و لەگەڵیا چەند جەولەیەکی کرد بە لادێکاندا،لە سییەکاندا ئامادەی کردنەوەی چـەندەها شـوعبەی ئیخـوان بـوو، لـە هـەموو ژیانیدا دۆستایەتی وخۆشەویستی بۆ برایان هەبوو، مناڵەکانیشی دوای خۆی هـەروان وشـانازی بەعەقدی زەواجی (لیلی عیسـی عبـدە) دەکـەن کـەئیمامی شـەهید شـایەتە لەسـەر عەقـدی زەواجەکەی وئیمزای لەسەرکردووە.

## نوسەر و ڕۆژنامەنووسێکی هیندی

لەخێزانێکی دەوڵەمەندی هیندی لەدایك بووە و لە ناز ونیعمەت دا ژیاوە، هەمیشە هەستی بە نائارامی دەکرد تا ئەوکاتەی موسڵمان بوو، کە ناوی خۆی کرد بە خالید لەتیف جابا.

لە بارەی موسڵمانبوونیەوە دەڵێت: پێش پانزەساڵ کە لە میسر بووم، سادەیی کۆمەڵگەی ئیسلامی و شارستانی و ڕۆشنبیری ئیسلامی کاری زۆریان تێکردم، من کە بەلای مزگەوتێکدا ئەڕۆیشتم و بانگی ئەدا، وام هەست دەکرد کە لەگەڵ منێتی بۆیە زۆرجار دەچووم لە ڕیزی موسڵمانانداندا لە نوێژدا دەوەستام و وەك ئەوانم دەکرد بە بێ ئەوەی موسڵمانێتی خۆشم ڕاگەیاندبێ .

ئیسلام لە سەر دووبنەمای ئاسان دامەزراوە کە هەمووکەس ئەتوانێ دەرکی پێ بکات و بیلێت کە ئەویش تاك و تەنهایی خوا و پێغەمبەرێتی (محمد) ەدروود و سلاوی خوای لەسەربێت.

یەکسانی و وەستانی خەڵکی دەوڵەمەندوهەژار، گەورەوبچوك لەڕیزی نوێژدا بێ جیاوازی زۆر کاریگەربوو لەسەرم.

ژیاننامەی پیاوەگەورەکانی ئیسلامیش سەرسامیان کردم وەك عومەری کوڕی خەتاب کەبەهاوڕێیەتی خزمەتکارەکەی چوون بۆوەرگرتنی کلیلی قودس. بەڕاستی ئیسلام ئاینێکی مەزن وگەورەیە،ئەتوانێ وەلامی هەموو داواکانی مرۆڤایەتی بداتەوە لەگشت کات وسەردەمێکدا (علماء و مشاهیر اسلموا/نایف منیر فارس) .

## پارێزەری گەورە ك. ل. جاوبا

ناوبراودەڵێت: سوپاس بۆخوا کە لە ناو ملیۆنەها کەسی هیندا خوای گەورە یارمەتی دام کە موسڵمانبوونم ڕابگەیەنم و ببمە نموونە و سەر مەشق و ببمە وانە و پەند بۆئەوەی کەسانی تریش بێن بەرە و ڕێگای ڕاست وخێری دنیاو ئاخیرەت.

منداڵ لە سەرەتاوە لەدایك دەبێت هیچ نازانێ و لەسەر فیترەتی پاکی خۆیەتی و وردە وردە چاووگوێ ی لەگەڵ دەوروبەردا دەکرێتەوە و هەست بە ژیان دەکات.

جا هەروەك چۆن قۆناغی منداڵی هەیە بۆ لاشە و عەقڵ بە هەمان شێوەش لایەنی ڕۆحی مرۆڤیش لە سەرەتاوە بە قۆناغی منداڵی دا دەڕوات و دواتر گەشەدەکات.

بە ڕاستی من هەرچەند پارێزەرێکی گەورەبووم لە دادگای باڵای هیندا بەڵام هەستم دەکرد کەلایەنی ڕۆحیم منداڵە وهێشتا پێ ی نەگرتووەوگاگۆڵکێ دەکات، بۆیەپێویست بوو بەلامەوەکە بەدوای ئایینێکی تازەدابگەڕێم.

کە ئیسلامیشم هەڵبژاردلەبەرئەوەبوو کە ئایینێکی تەواو ڕوون وئاسانە، عەقیدەی ئیسلامی لەسەرئەوە دامەزراوە کەخوا تاك وتەنهایەومحمدیش (ﷺ) پەیامبەری خوایە.

یەکسانی ئیسلام کاری تێکردم بەتایبەت کەلای ئێمە چەند چینێکی جیاوازی کۆمەڵایەتی هەیە، بۆنموونە چینێك هەن لای ئێمە پێیان دەڵێن (ئەوانەی کەقەدەغەیە دەست بەریان بکەوێ) ئەمانەنابێ بێنە ناوپەرستگاکانی هیندۆکانەوە، جاکۆمەڵێك هەن لە هیندۆسەکاندا گوایە ئەوان دەتوانن ئەمانە لەوحاڵەتە ڕزگاربکەن، گوایەمرۆڤ دەتوانێ مرۆڤ پاك بکاتەوە بەپێچەوانەی ئیسلامەوە بەخواناسی ولەنێوان خۆت وخوادا دەتوانی پاك بیتەوە لەهەرچی گوناه وتاوان هەیە.

جا بەم موناسەبەتەوە من داوا لەهەمووکەسانە دەکەم کە لەو چینەن بێنە ئیسلامەوە کە ئاینی دادپەروەری ویەکسانی یە لە مافدا و کەس لە کەسی پێشترنیە.

بە ڕاستی هەر ئیسلامە بتوانێ خۆی بگونجێنێ و بۆ هەمووکات و شوێنێك دەست بدات، ئەمەش دیارە لەبەر ئەوەیە کە لە خواوەیە (هەمان سەرچاوەی پێشوو) .

## نوسەر و شاعیری ئینگلیزی ئیفلین کۆبلد

ناوبراو ئافرەتێکی نوسەر و شاعیر بوو، خاوەنی پەڕاوی (**البحث عن الله**) و (**الاخلاق**) ەو دەڵێت:

(گرانە بەلامەوە ئەو کاتە دیاری بکەم کە ئیسلام لەبەر چاومدا گەشایەوە و وەك ئاینێك وەرم گرت، من وادەزانم هەر لە سەرەتای پێگەیشتنەوە موسڵمانبم، چونکە ئیسلام

ئایینی فیترەت وسروشتی مرۆڤەو ئەگەر وازی لیّ بهیّنریّ و بە ئازادی خۆی بیربکاتەوە هەر ئەو هەڵدەبژیّریّ.

کاتیّ چوومەمزگەوتی پیّغەمبەر (ﷺ) موچڕکەهات بەگیانما، نەعلەکانم داکەنداوچوومە پەنایەکەوە نویّژی بەیانیم کرد، من نقومی جیهانیّك بووم ئەتووت خەوە. . خوایە ڕەحم وبەزەیی تۆیە، ئەمەچ مرۆڤیّکە ئوممەتیّکت پیّ ژیاندۆتەوە و ئەو هەموخیّرەت لەسەردەستیا ناردووە؟!

ئیّمە بە گوناهباری لەدایك نەبووین وپیّویستمان بەحەزرەتی عیسانیە سەلامی خوای لیّ بیّ وەك مەسیحیەکان دەڵیّن کەبەلەخاچدانی ئەوئیّمە پاك ببینەوە، ئیّمە پیّویستمان بەکەس نیەلەنیّوان ئیّمەوخوادا بیّت، هەرکاتیّك بمانەویّ دەتوانین ڕاستەوخۆ خوا بپەرستین وداوای جیّ بەجیّ کردنی کارەکانمانی لیّ بکەین.

قورئانی پیرۆز باسی زەوجیەت دەکات لەهەمووشتیّکداو زانستی سەردەمیش بەڕاستی ئەوەدەسەلمیّنیّ.

بەڕاستی کاریگەری قورئان دیارەلەسەرشارستانیەتی ئیسلامی ،قورئانە کەعەرەبەکانی هان دا کەجیهان فەتح بکەن وئیمپراتۆریەتی ئیسلامی دامەزریّنن.

جوانی قورئان و بەرزی دارشتنەکەی هیچ قەڵەمیّك ناتوانیّت وەسفی بکات، وەرگیّڕانیش بەڕاستی ناتوانیّ هەقی خۆی بداتیّ لەلایەنی مۆسیقای وشەکانی یەوە، کەلەهیچ پەڕاویّکی تردا بەدی ناکەیت. کاتیّك ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنسی دکتۆر (ماردیل) ، حکومەتی فەڕەنسا داوای لیّکردکە چەند سورەتیّك وەربگیّڕیّت بۆسەرزمانی فەڕەنسی وتی: بەڕاستی شیّوازی قورئان دیارە کە لە خواوەیە، بەڕاستیش زۆرلەونوسەرانەی کەگومانیان هەبوو بەرامبەری سەرەنجام ملیان دا بۆ سیحر وجوانی سورەتەکانی قورئان، ئەوسوڵتانەی کەهەیەتی بەسەرملیۆنەها موسڵمانەوە لە سەرتاسەری دنیادا، کەوای کردووە بەشایەتی زۆریّك لەمژدەدەرە بیانیەکان کەزەحمەتە موسڵمان لەئاینەکەی وەرگەڕیّ. . ) هەمان سەرچاوەی پیّشوو.

# موسـولْمان بــوونی ( لەیــلا ریفی )

لەیلا ئەندازیاری ڕاگەیاندنی فەڕەنسی، ئافرەتێکی بەناوبانگ وناسراوە و خوا هیدایەتی داو لەبارەی موسڵمانبوونیەوە دەڵێت:

دیراسەی یەهودیەت ومەسیحیەت و ئیسلامم کرد، سەرسام بــووم بــەو هــەموو هەقــەی کەئیسلام داوێتی بە ئافرەت، سەرەتا لەمەسەلەی میرات و هەنــدێ شــتی تــر تێنەدەگەیشــتم، دواترکە زیاتر شارەزابووم قەناعەتی تەواوم بە فەرمانەکانی ئیسلام لادروســت بــوو، زانــیم کــە شتی نامەعقول لەئیسلامدا نیە. چوومە لای ئیمــامی مزگــەوتێك هەرچــیم دەپرســی وەڵامــی دامەوەو دوایی ناردمیە لای هاوسەرەکەی تاهەندێ پرسیاری ترم وەڵام بداتەوە.

هەستم کردکە ئەم ئایینە بەلای خۆیدا کەمەندکشێم دەکات، لە هەفتەیەکدا بە تــەواوی فێری نوێژ و پێداویستیەکانی بووم بەچاکی. خێزانەکەم ڕووبەڕووم بونەوە، باوکم ڕۆشــنبیریەکەی کەمە، ئاسایی یە کەدژایەتی شتێك بکات کــەنایزانێ، لەفەڕەنساشــدا موســڵمانبوون جیهــادی ڕۆژانەی دەوێت، زانیم کارم دەست ناکەوێ بەهۆی باڵاپۆشیەکەمەوە.

ڕاستە هەندێ موسڵمان ڕەفتاریان وەك ئەوە نیەکەئیسلام داوای کردووە، ئــەوە هەڵەکــە لەخۆیانەوەیەو پەیوەندی بەئیسلامەوە نیە، هەقە هۆکارەکانی ڕاگەیاندنیش ئیسلام لــە هەنــدێ ڕەفتاری خراپی موسڵمانان جیابکاتەوە،ئەمەش بەلای منەوە ئاسان بوو چونکە ئیسلامم ناســی لەڕێ ی ئەنتەرنێتەوە پێش ئەوەی موسڵمانان بناسم.

لە سایەی خواوەکە چووم بۆحەج زۆردوعــام بــۆ نــەنکم کــرد کــە خواهیدایــەتی بــدات، چونکەزۆرم خۆش دەویست وئــەو بــەخێوی کردبووم،کەگەڕامــەوە خــوای گــەورە هیدایــەتی داو موسڵمان بوو. (هەمان سەرچاوەی پێشوو)

# کریســـتۆفـەر شـامۆنـت

ناوبراو بە ناوبانگترین ئابووری ناسی جیهانە، ناوی خۆی گۆڕی بۆ ئەحمەد بەرەکەتی ناوەکەی حەزرەت (ﷺ) کە لەسەر زمانی حەزرەتی عیسا هاتووە سەلامی خوای لێبێت کەدەفەرموێت﴿ وَإِذْ قَالَ عِيسَى ٱبْنُ مَرْيَمَ يَٰبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ إِنِّى رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُم مُّصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَىَّ مِنَ ٱلتَّوْرَىٰةِ وَمُبَشِّرًۢا بِرَسُولٍ يَأْتِى مِنۢ بَعْدِى ٱسْمُهُۥٓ أَحْمَدُ ۖ فَلَمَّا جَآءَهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ قَالُوا۟ هَٰذَا سِحْرٌ مُّبِينٌ ﴿٦﴾ ﴾ الصف، ناوبراو لە گەشتەکەیدا بەرە و هەق و ڕاستی مەسەلەی سێ خوایی لە مەسیحیەت دا بە عەقڵیا نە ئەچوو، تەنها وەڵامی ڕاستەقینەشی لە ئیسلامدا دەست کەوت و زانی کە مەسیح سەلامی خوای لێبێت بەندە و پێغەمبەری خوایە و یەك خوا هەیە کە شەریك و هاوەڵی نیە و تەنها ئەو شایانی پەرستنە. بوونی ناوبرا و لە وڵاتی سعودیە گەشتەکەی بۆ ئاسان کرد، تێکەڵاوی لەگەڵ موسڵماناندا یارمەتی دا باشتر لەئیسلام شارەزابێت. .

لە بارەی قورئانەوە دەڵێت: لە قورئاندا ڕاستەوخۆ پەروەردگار قسەت لەگەڵ دەکات و ڕێنمایت دەکات بە پێچەوانەی تەورات و ئینجیلەوە کە قسەکان گێڕانەوەیە و لە زمانی پێغەمبەران وکەسانی ترەوەیە، سەرەتا شەش سورەتم خوێندەوە، کەیەکەمیان سورەتی (البقرە) بوو، چەند جار دووبارەم کردنەوە تا باشتر تێیان بگەم.

هەرجارە و هەستم بە دەنگدانەوەی گەورەیی خوا دەکرد لە دەروونم دا،کە ئەو زاتە لێبوردەی میهرەبانە و لە گوناە و تاوان وکەم وکورتی بەندەکانی دەبورێت. .

هەموووبەدیهێنراوێکی ئەم بوونەوەرە بەڵگەیە لەسەر دەسەڵاتی بێپایانی پەروەردگار، بۆیەپاراستنی ئەو بەدیهێنراوانە لەڕووەك وگیانلەبەران وتەنانەت بێگیانەکانیش ئەرکی موسڵمانە چونکەئیسلام فەرمان ئەدات بڕوادارنابێ زیان بەهیچ شتێك بگەیەنێت وهەمووهۆکارێکی پێش کەوتن وشارستانی تیایە. بەڕاستی ئیسلام گەورەومەزنە،ئەگەرموسڵمانان دەستی پێوەبگرن وەك باوباپیرانیان پێش دەکەون.

پرۆفیسۆر احمد شامونت لە کۆتاییدا دەڵێت:

(بەڕاستی ئیسلام لەگەڵ عەقڵ دا ئەدوێت ،دەستی دەگرێ دەیخاتە سەر ڕێگای بەختیاری دنیا و قیامەت، ئەمە هەقیقەت و ڕاستیە، لە ئیسلامدا ئەوەی بە دوایدا دەگەڕام دەستم کەوت و،هەر کێشەیەکیش ڕووبەڕووی مرۆڤ ببێتەوە چارەسەرەکەی لە قورئانداهەیە) . هەمان سەرچاوەی پێشوو.

## یادەوەریەکانی ناپلیۆن

نوسەری فەڕەنسی کریستیان شێرفیس لە پەڕاوەکەیدا (بۆنابرت و ئیسلام) کە لە ساڵی ١٩١٤بڵاوکرایەوە جەخت دەکاتە سەر ئەوەی کە ناپلیۆن بۆنابرت لە کۆتایی ژیانیدا لەدوورگەی (سانت هیلانە) بەموسڵمانی مردووە و ئاماژە بۆ یادەوەری یەکەی دەکات کەدەڵێت (من موسڵمانێکی یەکتاپەرستم وئیمانم بەنێراوی خوا محمد هەیە و ئاواتە خوازم کەکات درەنگ نەبێ بۆ ئەوەی بتوانم کەسانی حەکیمی شارەزای وڵاتەکەم کۆ بکەمەوە ونیزامێك دامەزرێنم بەپێی ڕێنماییەکانی قورئان کەتەنها ئەوە دەتوانێت مرۆڤ بەختەوەربکات و، بەڕاستی پوختەی ئیسلام بریتی یە لەشەهادەی لااله الاالله محمد رسول الله) . . هەمان سەرچاوەی پێشوو.

## پاشایەکی ئینگلیز۔ موسوڵمان دەبێت

لە مۆزەخانەی لەندەن پارەی ئاڵتون هەیە کە سەرنجی لێکۆڵەر (یوسف میسر لیوغلو) ی ڕاکێشا، کەلەدیوێکیدا (لااله الاالله وحده لاشريك له) بەزمانی عەرەبی ولەدیوەکەی تریشی بەلاتینی ناوی پاشا (ئەوفا) هەڵکەندراوە) .

ئەو لێکۆڵەرە دەڵێت (ئەمەدیاردەیەکی سەیرە لە مێژووی بەریتانیادا،بگرە لە مێژووی هەموودنیادا، کەیەکەم جارە پارەی ئاڵتونی بەزمانی عەرەبی لەسەری نوسرابێ و لەوڵاتێکی غەیرە ئیسلامی دا هەبێت) .

ئەوروپا لەو زەمانەدا پارەی ئاڵتونی نەبووە تەنها (بیزەنتە) نەبێت، لەبەرئەوە بوونی ئەوپارە ئاڵتونیە لەوزەمانەداو لەبەریتانیادا کەبەعەرەبی ئەوەی لەسەرهەڵکەندراوە بەڵگەیەکە کەئەوپاشایە موسڵمان بووە. ئەمەش ڕای چەندلێکۆڵەرێکی تری بەریتانیەو، هۆی کەمی

سەرچاوەو زانیاریش لەم بارەیەوە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کەکەنیسە زۆربەی ئەوشتانەی پەیوەندی بەو مەسەلەیەوە هەبێت لەناویان بردووە. (هەمان سەرچاوە)



وینەی دراوە ئالتونیەکە و پادشا ئەوفا

❊❊❊❊

## ئەندام پەرلەمانێکی یابانی

بەریز جسوانا غالی، ئەندامی پەرلەمانی یابانی، کە یەکێکە لە ئەندامە دیارەکانی حیزبی دەسەڵات موسڵمان بوو، لە مزگەوتی (سنموکو) لەبەردەم کۆمەڵێکی زۆرموسڵمان دا شایەتمانی هێناو، ناوی خۆی کرد بە (عبدالعزیز) و ئەمە حەوتەم پەرلەمانتارە کە لەم دواییەدا موسڵمان بوون.

شایانی باسە لە یابان لیژنەیەك هەیە بەناوی (المؤتمرالاسلامی الیابانی) کەخەریکی بانگەوازەو ئەندامانیشیان کەبانگخوازن دەگاتە شەست هەزار کەس. (هەمان سەرچاوە)

# موسـوڵمـانبـوونی کـوڕی غاندی

هیرالال مهاتما غاندی لەسەردەستی مامۆستای تایبەتدا پەروەردەکرا لەسەر ئاینی هیندۆس وهیچ گویّ ی بەو دژبەیکی وناتەواوی یەی ئاینی هیندۆسی نەئەدا تاوەك باوکی بوو بەپارێزەرو ژنی هێنا . .

هیرالال بەهۆی پارێزەری یەوە زیاتر شارەزا بوو لە حالەتی کۆمەلایەتی کۆمەڵگەی هیندی و زۆر دڵگران بوو بە جیاوازی چینایەتی ، لە لایەکی ترەوە سەرنجی دا کە هەندێ لە پەڕاوە کۆنەکانی هیندۆسەکان ئاماژە بەهاتنی پێغەمبەرێك دەکەن کە ناوی (ئەحمەد) ە، هەروەك لەبڕگەی شەش وهەشتی بەشی دووەمی پەڕاوی (السامافیدا) داهاتووە کە دەڵێ: (ئەحمەدشەریعەت لەپەروەردگاری یەوە وەردەگرێت، کە پڕە لەحیکەمەت و، نورێکی لێوەوەردەگرێت،هەروەك چۆن لەخۆرەوە ڕووناکی وەردەگیرێت) لە پەڕاوی (بهوشیابران) یش داهاتووە کە کەسێك لە خەودا بە پاشا (یهوج) پاشای (سند) دەڵێت (لەسەرتە پەیوەندی بکەی بەپیاوێکەوە لەبیابان دەرکەوتووە، خەتەنەکراوەو قسەیەکی هەیەگویّ ی لێدەگیرێت، خوا ناردویەتی وگۆشتی حەلاڵ وپاك دەخواو موعجیزەی زۆرلەسەردەستی ڕوودەدات ولەدوژمنانی پارێزراوەو ناوی (محامد) ە و زۆرسوپاسگوزارە) .

هیرالال زانی کەهەقێك لەبەرچاویا ئەدرەوشێتەوەو زانی لەسەر رێی حەقیقەت وڕاستیە، ویستی موسڵمان بێت چونکە ﴿ وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ ٱلْإِسْلَٰمِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِى ٱلْءَاخِرَةِ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٨٥﴾ ﴾ ال عمران

ناوبراو سەردانی زانا (زکریا منیار) و (نەزیر ئەحمەد خەجەندی) کردکەئەوانیش پێیان ڕاگەیاند ئەوەی کەڕۆحی ئەو بەدوایدا دەگەڕیّ وا لە ئیسلام دا.

لە ڕۆژی هەینی دا (هیرالال) بەرگی سپی پۆشی وعەمامەیەکی سپی بەست بەسەریەوەو، چوو بۆمزگەوتی گەورەی شاری بۆمبای و لە بەردەم بیست هەزارنوێژخوێندا موسڵمانبوونی خۆی ڕاگەیاندو ناوی خۆی کردبە (عبدالله هیرالال غاندی) .

ناوبراو چووە سەرمینبەرو وتی: (هەمووەزانن کەمن هیرالال کوڕی سەرکردەی بتپەرستی گەورە (غاندی) م، من لەبەرچاوی هەموان ولەم کۆمەڵە گەورەیەی موسڵمانان دا ڕایدەگەیەنم،کەمن عاشقی ئیسلام بووم وقورئانم خۆش ویست و،ئیمانم بەتاك وتەنهایی خواوپێغەمبەرایەتی گەورەمان (محمد) ﷺهێنا، کەئەو دوا پێغەمبەرەو دوای ئەوهیچ پێغەمبەرێك نایەت، ئەوەش کەقورئان هێناویەتی هەقەو زیندووبوونەوەو گەڕانەوە بۆلای خوا هەقە،مەلائیکەت وقەزاوقەدەر هەقن ،ئەو پەڕاوانەی کەنێردراونەتە خوارەوە لە لایەن خواوە هەقن، پێغەمبەران ونێراوانی خوا هەقن، جامن بۆ ئیسلام و بۆ قورئان دەژیم ودەمرم، بەردەوام دیفاعی لێدەکەم و بۆی تێدەکۆشم،وەمن دەبمە پایەیەکی گەورە بۆی وئەبم بە مژدەدەر بۆی و بانگەوازی بۆدەکەم لە ناوگەل وعەشرەتەکەم دا، بەڕاستی ئەم ئایینە ئایینی زانست وڕۆشنبیری ودادپەروەری وئەمانەت وبەزەیی ویەکسانی یە) .

دوای ئەم وتارە (الله اکبر) ی موسڵمانان دەنگی ئەدایەوەوجۆش وخرۆشی دەخستە دڵانەوە.

دواتر شێخ زەکەریا داوای لەموسڵمانان کرد کەتەوقەی لەگەڵ بکەن وپیرۆزبایی لەم برا تازەیەیان بکەن، پاش پیرۆزبایی بەرزیان کردەوەوبەسەرشانیان بردیان بۆ ناو ئۆتۆمبیلەکەی بەهوتافی (لااله الاالله واللەاکبر) .

هەر ئەوەندە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان هەواڵی موسڵمانبوونی هیرالال یان بڵاوکردەوە، غاندی دووڕۆژی تەواو مانی گرت لەخواردن وسەرکردە هیندۆسی یەکان تەواو توڕەبوون، زۆربەی بازاڕو دوکانەکانی هیندۆسەکان کە لە ناو گەڕەکە موسڵمانەکاندا بوون بۆ ماوەیەك وەك نارەزاییەك داخران و،هێرشێکی ناڕەوایان کردە سەر هیرالال وهەڕەشەی قورسیان لێکرد بەڵام ناوبراوگوێی پێ نەدان وتەحەددای هەموویانی کرد.

دوای چەند هەفتەیەك بانگیان کرد بۆکۆبوونەوەیەکی ئیسلامی لەشاری (سورت) و وتارێکی داو باسی ئەوفشارانەی کردکراونەتە سەری وپاشان وتی: من پەشیمان نیم لەموسڵمانبوونم وەك پڕوپاگەندەم بۆدەکرێت، خوا شایەتە کەمن ئەوەی کردومە هەر ئەوەندەیە کە وەڵامی بانگی هەق و ویژدانم داوەتەوە. ئەوەی لێم ونبووبوو لە پەڕاوی خوا کە (لاياتيه الباطل بين يديه ولامن خلفه) ، وە لە ژیاننامەی حەزرەت دا (ﷺ) دۆزیمەوە.

باشتر وایە ئەوانەی کەدژایەتی من دەکەن، بەبێ دەمارگیری دیراسەی برایەتی ئیسلامی بکەن، ئنجا با بە وژیدانەوە بڕیار بدەن) . . (هەمان سەرچاوە) .

## موسـولْمان بـوونی سـاندرامـوتی

ناوبراو لە دایك و باوکێکی هەژار لەدایك بووە لە سیریلانکا و لە تایەفەی (تامیـل) ە، کە ئایینەکەیان بوزی یە. کە ساندرا گەورە بوو دایك وباوك و خەڵکانێکی دەبینی لە بەردەم بت دا کڕنوش دەبەن، لە دڵی خۆی دا دەیووت: رەنگە بوزا پیاوێکی زاهید وکەسێکی پاك بـووبێ، بەڵام دیارە ناگاتە پلەی خوایەتی،کە تەمەنیشی بوو بە بیست وسێ ساڵ زۆر پـەڕاوی فیکـری خوێندەوە یەکێ لەو پەڕاوانەش ژیاننامەی پێغەمبەر (ﷺ) بوو.

ساندرا زیاتر حەزی بە پەڕاوی ئیسلامی دەکرد و چـەند زیـاتر شـارەزا بوایـە جیـاوازی ئیسلامی بۆ دەردەکەوت لە هەموو یاسا و بەرنامەکانی تر. ئیسلام سـنوری حـەڵاڵ وحـەرامی دیاری کردووە، پەیوەنـدی نێـوان خـوا و بەنـدەی بـاس کردووە،پەیوەنـدی نێـوان مرۆڤـەکانی ڕێکخستووە بە شەریعەتێك کە بۆ هـەمووکات و شـوێنێکە. هەرچـەندماوەیەکیش ڕاهیبێکـی بوزی بوو،بـەڵام تـەنها ڕۆحـی بەئیسـلام شـادو ژیـانی بەئیسـلام بەختـەوەربوو، بۆیـە لەسـی وچوارساڵی دا موسڵمان بوو ناوی خۆی کردبە (ساندرا موتی محمد ئەبوبەکر)

کەوتە بانگەوازکردن و توانی دایك و باوك و ژمارەیەکی باش لە خوشك و براو خزمـانی موسڵمان بکات، لە بواری ڕامیاریش دا توانی ببێتە ئەندام پەرلەمان و دەنگێکی باش بەدەست بهێنێ تالەو ڕێگایەوە خزمەت بە موسوڵمانی ستەمدیدەی سیریلانکا بکات. نـاوبراو دەڵێـت: ناوی (ساندراموتی) واتە (سەرکردەی جوانی) ئەم ناوەشم بۆیە هێشتەوە کە ناوێکی بوزی یە و تەنها (محمد ئەبوبەکر) م بۆ زیاد کرد تا ناوەکەشم بانگـەوازبێت، کەئـەوەتا کەسـێك ناوەکـەی ناوێکی (بوزی) یەو موسڵمان بووە. . (علماء ومشاهیر اسلموا) .

## موسـوڵمـان بـوونی قەشـــە دکـتۆر جۆهـانز لیـهمان

ناوبراو بیست ساڵی تەمەنی بەخت کرد لە پێناو خزمەتی مەسیحیەتدا، بەوەی کـە لـە کەنیسەی کاسۆلیکی لە کوالالمبور لە مالیزیا خزمەتی دەکـرد، جۆهـانز دیراسـەی ئاینـەکانی دەکرد تا لە ساڵی ١٩٥٧ دابەقەناعەت گەیشتە ئەوەی کە دوا پەیام ئیسلامە و موسڵمان بوو.
ناوی خۆی کردبە (یحیی عبدالرحمن) ودەڵێ: (من بەختم باش بوو، کـەپاش چـەند سـاڵێك لەدیراسـەی ئایینەکان دڵنیابووم کەبەڕاستی ئیسلام ڕۆحانیەتێکی بەرزی تیایەو مرۆڤ دەبـات بـەرەو برایـەتی وڕێ ی بەرەوخوای پیشان دەدات، من دڵنیابووم کەخواتاك وتەنهایە) . هەمان سەرچاوە.

## موسـوڵمان بـوونی دیپـلۆماتی فـەڕەنسـی ئەلـیکـس

دیبلۆماتی فەڕەنسی ئەلیکس کە پسپۆڕە لـە بـورای فەلسـەفەی ئیسـلامیدا لـە (٢٠١٠) دا موسڵمانبوو لە نوسینگەی بانگەواز و ئیرشاد لە باکوری شاری ڕیاز و ناوی خۆی گۆڕی بۆ یوسف.
کاتێك ناوبراو زانکۆی تەواوکرد گومانی زۆری لا دروست بوو لە بـارەی ئـاینی مەسـیحیەتەوە وپرسیاری زۆری هەبوو کە بێ وەڵام بوون، ئەلیکس گەڕا بە کتێبخانەکانی پاریس داو نـەیتوانی بگاتە ئەنجام، بۆیە بڕیاری دا بچێ بۆ شوێنی لەدایك بوونی عیسا سەلامی خوای لێ بێ ولـەوێ پرسیار لە گەورە قەشەکان بکات، پاش گەشتێکی دوور و درێژ بۆ فەلەستین وقودس بە دەسـتی بەتاڵ گەڕایەوە، سەرەنجام بڕیاری دا کە بەوردی دیراسەی ئیسلام بکات، پاش گـەڕانێکی زۆر و دیراسەکردنێکی قووڵ بڕیاریدا موسڵمان ببێت. پاش موسڵمانبوونی ئەلیکس وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا (بیرنارفالیرۆ) وتـی: بـیروڕاو شـوێنکەوتنی ئـایین بۆکارمەنـدانی وەزارەتـی دەرەوەی فەرەنسا ئازادی تاکەکەسی یە وەك هەمووکارمەندێکی تری دەوڵەت.

## تەوبـەکـردنی ئـافرەتێـك

دکتۆر عبدالمحسن الاحمد بانگخوازێکی سعودی یە وخەڵکی شاری (ریاز) ە لەگەڵ ئەوەدا کە پزیشکە هەوڵێکی باش ئەدات لە بانگەوازکردندا لـە سـعودیە و زۆر ولاتـی تـری بیـانی و عەرەبی دا.

ناوبراوده‌ڵێت: ( له‌فڕۆكه‌دا بووم ده‌مویست بچم بۆ (قه‌ته‌ر) بۆ وتاردان، ئافره‌تێكی (مضیفة) كه‌ جلێكی زۆركورتی له‌به‌ردابوو خواردنی بۆهێنایین، منیش كه‌ هه‌میشه‌ شریتی خۆم پێ یه‌، شریتێكی خۆمم دایه‌، وتم: ئه‌و شریته‌ بۆ تۆ گوێی لێ بگره‌، شریته‌كه‌ی وه‌رگرت و زۆر به‌لایه‌وه‌ سه‌یربوو،كه‌ ڕۆیشت براده‌ره‌كه‌م هه‌ركردمی به‌ كێودا، وتی: كه‌ست نه‌دۆزیوه‌ته‌وه‌ ئه‌مه‌ نه‌بێت شریتی بده‌یتێ، بتدایه‌ به‌كه‌سێك سوودی لێ وه‌رگرتایه‌، منیش وتم: ئه‌وه‌ی له‌سه‌ر ئێمه‌یه‌ كردمان و شریتێكمان دایه‌، ئه‌وه‌ی ماوه‌ته‌وه‌ وه‌ره‌ با دوعای بۆبكه‌ین. هه‌ردوكمان ده‌ستمان به‌رزكرده‌وه‌ و كه‌وتینه‌ دوعاكردن، ئافره‌ته‌كه‌ هاته‌وه‌ و ئه‌مجاره‌ ئاوی بۆ هێناین و بینی دوعاده‌كه‌ین، پرسیاری كرد: ئه‌وه‌ دوعا بۆچی ده‌كه‌ن؟

وتم: ئه‌وه‌ دوعا بۆ تۆ ده‌كه‌ین خوا هیدایه‌تت بدات، زۆری پێ سه‌یربوو، چونكه‌ كه‌س گرنگیان پێ نادات، ئێمه‌ به‌و شێوه‌یه‌مان له‌گه‌ڵ كرد زۆر سه‌رسام بوو، دوایی كه‌ دابه‌زین پێم وت: له‌ قه‌ته‌ر وتارێكم له‌ فلاَن شوێن هه‌یه‌ ئه‌گه‌ر توانیت حه‌زده‌كه‌م بێیت، كاتێك وتاره‌كه‌م دا،یه‌كێك پێ ی وتم: ئافره‌تێك ئه‌ڵێ من (مضیفة) كه‌م له‌ده‌ره‌وه‌ چاوه‌ڕێته‌، كاتێ چووم بۆ لای بینم (حیجابی) كردووه‌و وتی: خواپاداشتت بداته‌وه‌ بڕیارم داوه‌ژیانی خۆم بگۆڕم.

## موسـوڵمان بوونی تۆمـاس ئه‌بیر كرومبی

وێنه‌گر و ڕۆژنامه‌نووسی به‌ ناوبانگ تۆماس ئه‌بیر كرومبی له‌ ساڵی ١٩٣٠دا له‌دایك بووه‌ له‌شاری ستیل ووتر له‌ویلایه‌تی مینیسوتای ئه‌مریكی، له‌ساڵی ١٩٦٥له‌كاتی سه‌ردانی سعودیه‌دا موسڵمان بوو، ناوی خۆی كردبه‌ (عمر) وچوارجاریش حه‌جی كرد.

له‌كۆتای ته‌مه‌نیا جوگرافیای ده‌وته‌وه‌ له‌زانكۆی واشنتۆن، له‌ساڵی ٢٠٠٦دابه‌هۆی نه‌شته‌رگه‌ری دڵه‌وه‌كۆچی دوایی كرد. ناوبراو پێنج زمانی ده‌زانی وسه‌ردانی زیاتر له‌هه‌شتا ولاَتی كرد، یه‌كه‌م ڕۆژنامه‌نوس بووكه‌سه‌ردانی به‌سته‌ڵه‌كی باشووری كرد.

تۆماس ڕۆشنبیر وشاره‌زابوو، كه‌هاته‌ ڕۆژهه‌لاَتی ناوڕاست و، كه‌گوێی له‌قورئان بوو بۆ یه‌كه‌م جار به‌زمانی عه‌ره‌بی ،دڵی چوو به‌ ئیسلام داو موسڵمان بوو، له‌باره‌ی ڕۆژهه‌لاَتیشه‌وه‌ تۆماس ده‌ڵێت : به‌ڕاستی ڕۆژهه‌لاَتی ناوڕاست شوێنێكی زۆرخۆشه‌ له‌به‌ركۆمه‌ڵی هۆ، یه‌كێ

لەوانە ئەوەیە کەئایینەکان لەڕۆژهەڵاتەوەسەریان هەڵداوە) . هەروەها بۆی دەرکەوت کەئـەوەی ڕۆژئاوا لەبارەی ئیسلامەوە دەیڵێت ڕاست نیە. (شبكة تداول الاقتصادية) .



وینەی روژنامەنوس و وینەگری بەناوبامگ توماس ابیر

****

## ســـارە یوســـفی بـەریتـانی

ئەم ئافرەتە تەمەنی شانزە ساڵ بوو کە وازی لـە مەسـیحیەت هێنـا و موسـڵمان بـوو، یەکێکە لەو ئافرەتە موسڵمانانەی کە جێ پەنجەی دیارە لـە کۆمـەڵگای بـەریتانی دا، هـەموو گیانی جوولە و هەوڵە، بەیانیان ڕەنگە تـۆنی بلێـر لـە نوسـینگەکەی ببینـێ، پاشـان دێتـەوە ڕۆژهەڵاتی لەندەن و سەردانی کارمەنـدانی گۆڤـاری (ئیمێـڵ) دەکـات کـە ئـەم سـەرۆکایەتی دەکات، ئنجا دێتەوە بۆماڵەوە بۆ لای سێ مناڵەکەی.

ناوبراو هۆی موسڵمانبوونەکەی دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بڕوای بە پـیرۆزی پاپـا نـەبوو، بڕوای نەبوو کە مەسیح لە خاچدراوە تا خەڵکی لە گوناهەکانیان پاك بکاتەوە. سـارە دەڵێـت: ئیسلام وەڵامی هەموو پرسیارەکانی دامەوە و گرنگترین شت تیایدا یەك خواناسـی یـە ،مـن موسڵمان بووم چونکە ئیسلام لەدەرگای دڵ وعـەقڵی دام و،ئیسـلام بـەلای منـەوە ئاسـانترین

ڕێگایە بۆگەیشتن بەڕەزامەندی خوا ، ئیسلام تەنها نوێژ و سیاسەت نیە بەڵکو گشت لایـەکانی ژیان دەگرێتەوە.

سارە ئێستا تەمەنی سی وشەش ساڵ زیـاترە و بـانگخوازێکی چـالاکەو بـەدڵ وبـەگیان لەخزمەتی ئیسلامدایە وخۆڕاگربوو بەرامبەر بەتف لێ کردنـی سەرخۆشـەکان کـەپاش یـانزەی سێبتێمبەر هێرشی نارەوادەکرایە سەرموسڵمانان، ناوبراو دەڵێـت: ڕۆژئـاوای عیلمـانی هێـرش دەکاتــە ســەر ئاییــنەکان بەگشــتی، ئایــا هــەروا دانیشــین وکەشــتیەکەمان بــەجێ بــێڵین ولەسەردوورگەیەك دوورلەخەڵکی بژین، پیغەمبەر (ﷺ) بێ هیوانەبوو، هـەوڵی دا و جـەنگا لەبەرامبەر ئەوهەمووهێرشەی دەکرایەسەر ئیسلام، ئێمەش بەهەمان شێوە نابێت کۆڵ بدەین) . هەمان سەرچاوە.

## بانگخــوازی ئەڵـمانی پیێی فـۆگڵ

ناوبراو باسی مسوڵمانبوونی خۆی دەکات ودەڵێت: مـن مەسـیحیەکی پرۆتسـتانتی بـووم لـە مناڵیمەوە هاوڕێ ی موسڵمانم هەبوو، من دەسـاڵ بـووم کەباسـی دۆزەخیـان دەکـرد دەترسـام، بۆیـە بۆخۆم نوێژم دەکرد نوێژی مەسیحیەکان، من وامدەزانی ئیسلام هەرمەسیحیەتەو بۆعەرەبە.

کاتێ تەمەنم چواردەساڵان بوو ئەچووم بۆ وانەی تایبەتی کەنیسەو پرسیارم لەقەشەدەکرد لەبارەی هەندێ نەگونجاوی ودژبەیەکی کەلە (عەهدی جدید) ا هەسـتم پێکردبـوو، ئـەویش لـە وەلاَما وتی: ڕاستەلەپەڕاوی پیرۆزدا تەحریفات هەیە، بۆیەمنیش بڕیارم دا واز لەو ئاییـنە بهێنم چونکە چۆن شوێن ئاینێك بکەوم کەئەوەتا قەشە بۆخۆی دەڵێت تەحریفاتی تیایە.

لە تەورات وئینجیلدا دژایەتی و ناتەواوی زۆر هەیە، بۆ نمونـە ئینجیلـی مـەتی دەڵـێ: یەهوزا کە خیانەتی لە مەسیح کردخۆی کوشت، لە هەمان ئینجیلدا لە شـوێنێکی تردادەڵێـت: خۆی نەکوشتووە بەڵکو کەوتووە و مردووە. من چووم بەرە وگومان و بێ بـاوەڕی و، هەمیشـە بە دوای ئەوەدا وێڵ بووم کە لەکوێوە هاتووین، لەبەرچی هاتووین، بۆکوێ دەچـین؟ دیارەئەگـەر خوایەك دروستی کردبین دەبێت پەیوەنـدی بکـات بـە دروسـتکراوەکانیەوە و ئـەو وەلاَمانـەیان بداتەوە.

ماوەیەك خەریكی یاری بۆكسێن بــووم ولــە هەڵبــژاردەی وڵاتەكەمــدا یــاریم دەكــرد و پارەیەكی باشم دەستكەوت، جاكاتێ لە دواناوەندی دەرچووم كەلای ئێمەدەبێت ساڵێك بچی بــۆ سەربازی یان بۆ بواری خزمەتی كۆمەڵایەتی پاشان دەچیتە زانكۆ، من چوومە بواری خزمەتی كۆمەڵایەتی وخواردنمان دابەش دەكرد بەسەر پیر و پەكەوتەكاندا و مــاڵ بــە مــاڵ ســەرمان لێ ئەدان، جا لەبەرئەوەی تەمەنیان زۆربوو، زوو زوو دەمبیست فلاَن كەسیان مــرد، فــلاَن پــیرەژن مرد، ئەمە زۆركاری تێدەكردم دەمووت : باشە من لەجێ ی ئەوان بم چی بكەم؟ ئەوانە منالێیان نیە، یان هەیانەو لایان لێ ناكەنەوە. بۆیە حەزم دەكرد ژنم هەبێ ومناڵم زۆر بێ تابێكەس و بێ دەر ژیان بەسەر نەبەم، هەرلەوماوەیەدا پیاوێكم بینی لەحیزبێكی مەسیحی توند ڕەودابوو، لێم پرسی ئامانجتان چی یە؟

وتی: ئامانجمان ئەوەیە ئیسلام لەناوبەرین لــە ئــەوروپادا، چــونكە دژی شارســتانیەتی ڕۆژئاوایە. منیش كەوتمە دیفاع كردن لە ئیسلام، چونكە هاوەڵی موسڵمانم هــەبوون، شــتێكی زۆر كەمیش فێربووبووم لە بڵاوكراوەیەكی یەك لاپەڕەییەوە كە لە كابرایەكی تــوركم وەرگرتبــوو لە بارەی ئیسلامەوە ، لە پێش یەك هەفتەدا.

جا لەبەرئەوە بەڕاستی بڵاوكراوەیەكی یەك لاپەڕەیی بەكەم مەزانن ،تۆهــەقت چــی یــە؟ تەنها بڵاوی بكەرەوە خوابۆخۆی دەزانێت چەندكەس وەك من سوودی لێ وەردەگرێت. . ڕۆژێك پیاوێكی چل و سێ ساڵم بینی موسڵمان بوو بوو لێم پرسی بەچی موسڵمان بوویت؟

وتی: ڕۆژێك لەسندوقی بەریدەكەمدا وەرەقەیەكم بینی لەبارەی ئیســلامەوە و،عینــوانی پێگەی ئینتەرنێتی تیابوو، چوومە ناوپێگەكەی ئینتەرنێتەوە موحــازەراتی ئیســلامی تیــابوو، گوێم لێگرت وپاشان موسڵمان بووم، دواتر زانیم كەئافرەتێكی توركی ئەو وەرەقەیــەی خســتۆتە سندوقی بەریدەكەمەوە.

بەڕاستی ئێمە ئەبێ دەرس وەربگرین لە قورئانــەوە لەبانگــەوازكردن دا،ئــەوەتا عــاد ســەلامی خوای لێ بێت بەگەلەكــەی دەفــەرموێت ﴿وَٱذۡكُرۡ أَخَا عَادٍ إِذۡ أَنذَرَ قَوۡمَهُۥ بِٱلۡأَحۡقَافِ وَقَدۡ خَلَتِ ٱلنُّذُرُ مِنۢ بَيۡنِ يَدَيۡهِ وَمِنۡ خَلۡفِهِۦٓ أَلَّا تَعۡبُدُوٓاْ إِلَّا ٱللَّهَ إِنِّيٓ أَخَافُ عَلَيۡكُمۡ عَذَابَ يَوۡمٍ عَظِيمٖ ٢١﴾ الاحقــاف ، ئــەبێ تێیــان بگەیەنین كەئێمە بەرژەوەندی ئەوانمان دەوێت وحەزناكەین دووچاری سزاوئازاری دۆزەخ ببن.

# چۆن موسڵمان بووم:

کاتێك موناقەشەم لەگەڵ کابرای مەسیحی توندڕەودا کرد بڕیارم دا لەدڵی خۆمدا کە تەرجومەی قورئان بخوێنمەوە، سبحان الله هەر کە هاتمەوە ماڵەوە سەیرم کرد خوشکەکەم تەرجومەیەکی ئەڵمانی قورئانی لایە ئیتر پێویستی نەکرد بچمە کتێبخانە و بیکڕم.

کەوتمە خوێندنەوەی لە سەرەتاوە تا کۆتایی، هەرچەند تەرجومەکەش باش نەبوو هی ڕۆژهەلاتناسێك بوو، بەلاَم قورئان بەرەولای خۆی ڕایکێشام، تێگەیشتم کە لە کوێوە هاتووین و لەبەرچی هاتووین و بۆکوێ دەچین. تێگەیشتم کە ئێمە ئامانجی دروست کردنمان عیبادەتە ﴿ وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾ ﴾ الذاريات، تێگەیشتم کەژیان هەمووی تاقیکردنەوەیە ﴿ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْمَوْتَ وَٱلْحَيَوٰةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا ۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْغَفُورُ ﴿٢﴾ ﴾ الملك ،پاش دیراسەی قورئان بۆم دەرکەوت کەتاقە پەڕاوە کەبەتەواوی وبەچاکی باسی خوابکات، لەکاتێکدا لەتەورات وئینجیلی دەستکاری کراودا،شتی سەیرو سەمەرەی تیایە لەبارەی خواوە کە کوفرە، بۆ نموونە کەدەڵێت خوامرۆڤی دروستکردو پاشان پەشیمان بووەوە لەدروستکردنی.

من یەکسەرموسڵمان نەبووم ، شەیتان سەری کردبووە سەرم و وەسوەسەی پێدەکردم چۆن موسڵمانبم و دوایی وازی لێ بێنم، کێ دەڵێ قورئان وەك تەورات و ئینجیل ناتەواوی تیانیە؟، کەوتمەوە دیراسەی تەورات وئینجیل و پاشان قورئان و پاشان صەحیحی بوخاری. لە ژیاننامەی پێغەمبەرەوە بۆم دەرکەوت کە ڕاستگۆ بووە و هیچ بەرژەوەندیەکی دنیایی نەبووە لە بانگەوازەکەیدا، هەرکەسێکی تر بوایە لەجێ ی ئەو ئەو ڕوداوی ڕۆژگیرانەی رۆژی مردنی کوڕەکەی بۆخۆی ئەقۆستەوە،کەچی ئەو فەرمووی: (ان الشمس والقمر آيتان من ايات الله لاينخسفان لموت احد ولا لحياته) .

کەوتمەنوێژکردن هەرپێنج نوێژەکەم دەکرد، هێشتاموسڵمانیش نەبووبووم.

لەساڵی ٢٠٠١دا ڕۆژێك یاریزانێکی پاڵەوانی بۆکسێنی جیهانی ئەمریکی کەناوی (خالید جۆنسۆن) بوو هات بۆلای یاریزانی بۆکسێنی ئەڵمانی برادەرم (جند سکوتش) کەئەمیش موسوڵمانێکی تورك بوو، خالید دەیویست بچێ بۆنوێژی هەینی و (جند) یش ئیشێکی هەبوو

داوای لەمن کردلەگەڵی بچم بۆنوێژی هەینی، منیش چووم لەگەڵیاو نوێژی (تحیه المسجدم) کرد وکەوتمە تەسبیحات، پیاوێکی مەغریبی هاتەلامەوە و وتی: تەنها تۆ لە خێزانەکەتدا موسڵمان بوویت؟ منیش وتم: بەڵێ من بە تەنها لەخێزانەکەمدا موسڵمانبووم (اشهدان لااله الا الله واشهد ان محمدا رسول الله) .

دوای ئەوەی کە موسڵمان بووم سەردانی مەغریب و میسرم کرد، لەنوێژەکەیاندا وتنی (ئامین) بەیەکەوە وبەدەنگی بەرز زۆر کاری تێکردم ، دوای ساڵ و نیوێك لە موسڵمان بوونم وازم لەیاری بۆکسێن هێناو لەساڵی (٢٠٠٤) دا چووم بۆ حەج، ئەوخەڵکەم ئەدی بەئیحرامەوە ئەتووت ڕۆژی حەشرە. کە وازم لە بۆکسێن هێنا سەرچاوەی بژێویم نەبوو بەڵام دیارە هەرکەس واز لە شتێ بێنێ لەبەر خوا، خواهەقی بۆدەکاتەوە، هەروەك حەزرەت (ﷺ) دەفەرموێت :

(من ترك شیئا لله عوضه الله خیرا منه) ، خوای گەورە لە شوێنێکەوەدەرگای لێکردمەوە کە هەرگیز بە خەیاڵمدا نەدەهات دواتر چوومە سعودیە و لەزانکۆی (ام القری) زانستی ئیسلامیم خوێند و فێری زمانی عەرەبی بووم. بەڕاستی مەسەلەی هیدایەت سەیرە، ئەوەی تۆ بەبیرت دا نایەت موسڵمان ببێت، زۆرئاسایی یە کەموسڵمان ببێت، بۆیە بەڕاستی ئەبێت هەموومان بەهەرچی لەتوانامانداییە بانگەوازبکەین، کەبانگەوازکردن سیفەتی ئەم ئوممەتەیە ﴿ كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ ۗ وَلَوْ آمَنَ أَهْلُ الْكِتَابِ لَكَانَ خَيْرًا لَّهُم ۚ مِّنْهُمُ الْمُؤْمِنُونَ وَأَكْثَرُهُمُ الْفَاسِقُونَ ﴿١١٠﴾ ﴾ال عمران ، وەحەزرەتیش (ﷺ) داوا لەهەموان دەکات کەئەگەر ئایەتێکیش داەزانن بیگەیەنن ( بلغوا عنی ولو ایة) . .

جابەڕاستی منیش و ئێوەش ئەبێ لەم ئایەتە بترسین ئەگەر کەمتەرخەمیمان کردلەبانگەوازکردن دا ﴿ إِنَّ الَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَا أَنزَلْنَا مِنَ الْبَيِّنَاتِ وَالْهُدَىٰ مِن بَعْدِ مَا بَيَّنَّاهُ لِلنَّاسِ فِي الْكِتَابِ ۙ أُولَٰئِكَ يَلْعَنُهُمُ اللَّهُ وَيَلْعَنُهُمُ اللَّاعِنُونَ ﴿١٥٩﴾ ﴾ البقره . بەڕاستی نابێت لەکەس بێ هیوابین، من بۆخۆم کابرایەکی مەسیحی سەر بەحیزبێکی توندڕەو بووە هۆی هیدایەتم. نموونەیەکی سەیری ترتان بۆبگێڕمەوە لەم بوارەدا، ڕۆژێك وتارم ئەدا مەغریبییەك پێی وتم: ئافرەتێك دەیەوێت موسڵمان بێت بەڵام پرسیاری هەیە دواترئافرەتەکە هات وموسڵمان بوو، لێم پرسی چۆن موسڵمان بوویت؟؟

وتی: ئێوارەیەك چووم بۆدیسکۆ، هەندێ سەرخۆش بووبووم نەمدەتوانی بگەڕێمەوە کوڕێکی مەغریبی لێ بوو، داوام لێکرد یارمەتیم بدات بۆگەڕانەوەو بم گەیەنێتە لای ماڵەوە ،ئەویش گەیاندمی ولە ڕێ باسی ئەوەی بۆکردم کە ئەوموسڵمانەو بڕوای وایە هەر جوولەکەوگاورێك بڕوا نەهێنێ بەئیسلام دەچێتە دۆزەخەوە، منیش وتم: نا،من نامەوێت بچمە دۆزەخەوە ،وتی دەباشە ئەمشەودوعابکە خواهەق و راستیت پیشان بدات. ئەوشەوە بیرم لەئیسلام دەکردەوەو نەمدەتوانی بخەوم، بۆ بەیانی بەهەمان شێوە ئەوکورەم دۆزیەوەو لەگەڵ خوشکەکانیا لەئینتەرنێت دا بەدوای مەوقیعی ئیسلامی ئەڵمانیدا گەڕاین وسەرەنجام موسڵمان بووم. خۆهەرچەند ئەولاوە دیندارێکی تەواونەبوو بەلاّم خواکردی ببێتە مایەی هیدایەتی ئەو ئافرەتە.

ئیسلام زۆر بە خێرایی بلاّودەبێتەوە ڕۆژنامەیەکی ئەڵمانی لەساڵی ٢٠٠٧ دا دیراسەیەکی بلاّوکردەوەکەدەڵێت: لەساڵی (٢٠٠٤) دا هەزار ئەڵمانی موسڵمان بوون، لەساڵی (٢٠٠٥) دا چوارهەزارئەڵمانی موسڵمانبوون، لەساڵی (٢٠٠٦) داچواردەهەزار ئەڵمانی موسڵمانبوون.

خەڵکی ماندوون لەجاهیلیەت دا، بێزاربوون لەهەمووشتێك بۆیە پەنا دەبەنە بەرخۆکوشتن، بەتایبەت لەئەڵمانیا کەلە٤٨خولەکدا یەکێك خۆی دەکوژێت.

شایانی باسە پییر فۆگڵ ناوی خۆی گۆڕی بۆصلاح الدین وبەگەرمی بانگەوازدەکات وزیاتر لەسێ هەزار کەس لەسەردەستیا موسڵمان بوون ودەڵێت: کاتێ حەزرەت (ﷺ) دەفەرموێت:

(لایبقی علی ظهر الارض بیت مدر ولا وبر الا ادخل الله علیه الاسلام اما بعز عزیز او بذل ذلیل ،اما یعزهم فیجعلهم الله من اهل الاسلام فیعزوا به، و اما یذلهم فیدینون له) . (حسن)

جا بۆ ئەوەی ئیسلام بگاتە هەموو ماڵێکی ئەم دنیایە، ئەبێ هەوڵی بۆ بدەین وشەو وڕۆژ بانگەوازی بۆبکەین.



فەیلەسوفی بەناوبانگی ئەم سەردەمە (برتراند رسل) دەڵێت: (تەورات وئینجیل کەش و هەوایەکی گونجاو دروست ناکەن بۆپەیدابوونی عەقڵیەتێکی زانستی) .

لە بەرئەوەی لە تەورات داهاتووەگوایە پێغەمبەرێك ویستویەتی سەرژمێری یەك بکات، خوای گەورەلەئاسمانەوە سزای بۆناردون، واتە سەرژمێری کردن وەك ئەوەیەگوناهوتاوان بێت، ئەمەلەکاتێکدا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی بەهاوەڵانی کە سەرژمێری بۆ بکەن ، ئەوانیش بۆیان کردو جارێك پێنج سەد کەس بوون و جارێکیش هەزارو پێنج سەد کەس بوون ( احصوا لي کم یلفظ بالاسلام ) یان لەبخاری ( اکتبوا لی من یلفظ بالاسلام من الناس) قال حذیفة: ( فکتبنا لە ألفا وخمسمائة رجل ) . دواتر عمر (دواوین) ی دانابۆسەربازو بیت المال. ل١١٠ العلوم الهندسیة والریاضیة في القران والسنة (د. خالد العبیدی) .

## ئافرەتی ئەمریکی سەنا بان

ناوبراو لە چاوپێکەوتنێکی دا لەگەڵ کەناڵی (الشارقە) بەرنامەی(ثم اهتدیت)دا باسی موسڵمانبوونی خۆی دەکات و دەڵێت: من لە منداڵیمەوە مەسیحی بووم و تاقە کچیماڵەکەمان بووم، هەر لە منداڵیمەوە سروشت و فیترەتم پاك و ڕەوشت بەرز بووم، بیرم دێ پێنج شەشساڵێك دەبووم، براکەم چەقۆیەکی بەدەستەوە بوو قەدی درەختەکانی دەڕوشاند منیش پێم وت ئەوە درەختی خوایە، وامەکە ئەگینا خوا لێت زویردەبێت.

هەرچەند کەنیسە کراوە بوایە هەموومان دەچوین بۆ ئەوێ، ئێمە لەسەر ئاینی مەسیحیەت پەروەردەکرا بووین، کە گەورەش بووم بەردەوام هەستم بە بوونی خوادەکرد و دەمزانی ڕۆژێك دێت دەگەڕێینەوە بەردەمی بارەگای خوا.

موسڵمانانم بینیوە بەڵام گوێم پێنەداون، تا جارێك لە زانکۆ بووم کاتی ماجستەرەکەم، گوێم لە یەکێ بوو لەدەرەوە شتێك دەڵێ، بەو سەرمایە قوڵی لێ هەڵکرد بوو، وتم: باشە چۆن سەرمای نابێ بەتایبەت ئۆکلاهۆما ساردبوو، تومەز بانگیدا بۆ نوێژ و چەند کەسێ لە دوایەوە وەستان ونوێژیان کرد، لە دڵی خۆم دا وتم دیارە بە ڕاستی خودا دەپەرستن، دانیشتم لەسەر کورسیەکەم و سەیری ڕکوع وسوجدە وخشوعیانم کرد لە نوێژەکەیاندا، دواتر یەکێ لەو پیاوانە هات بۆ پۆلەکەمان، وتم ئەوە چیتان کرد؟ وتی: نوێژمان کرد بۆ خوا، وتم: خوا کی یە؟

وتی: بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوی.

ئیتر بێ دەنگیم لێکرد ولێرەدا قسەکانمان بڕیەوە.

کە وانەکەمان تەواو بوو پەڕاوێکم لە بارەی ئیسلامەوە لە کتێبخانەی زانکۆ وەرگرت و ئەوشەوە خوێندمەوە، بۆ بەیانی کە چومە دەوام کتێبەکەم لەسەر مێزەکەم بوولە تاقیگە، پیاوەکە هات وتی: ئەوکتێبە بۆ دەخوێنیتەوە؟؟

وتم: بۆ؟ وتی: ئەگەر لەبارەی ئیسلامەوە دەخوێنیتەوە، کتێبێك بخوێنەرەوەکە موسڵمان نوسیبێتی ودڵنیابیت کە زانستی ڕاست و دروستت ئەداتێ ، بۆ ڕۆژی دوایی هەندێ پەڕاوی دامێ لە بارەی ئیسلامەوە کە بیخوێنمەوە ،من نەمدەویست موسڵمان بم، بەلاّم هەرلە بابی (فضولە) وە وەرمگرت. ئەو هانیدام کەبخوێنمەوە وبزانم ئیسلام چی یە، منیش بەردەوام بووم، ئنجا ئافرەتێکم ناسی لە زانکۆ کە بەدزی یەوە موسڵمان بوو بوو مێردەکەی مەسیحی بوو، نەیدەهێشت کەنوێژەکانی بکات و، ئازاری ئەدا لەسەر نوێژکردن. جا کاتێ زانی کە لەبارەی ئیسلامەوە دەخوێنمەوە پەڕاوی چاکی دامێ، ناوی کارۆل بوو، بووە هاوڕێ ی گیانی بە گیانیم. دوایی زانیم کە ماڵیان نزیك ماڵی ئێمەیە، ڕۆژانە دوای زانکۆ بە پێ دەگەڕاینەوە و باسی ئیسلامان دەکرد. چەندم زیاتر بخوێندایەتەوە لە بارەی ئیسلامەوە هەستم دەکرد من هەر لە مناڵیمەوە بە فیترەت موسڵمانم.

سەرەتا وام دەزانی تەنها ئیمانم هەبێ بەسە، بەلاّم دواتر تێگەیشتم کە من بەرپرسیارم لە کارەکانم ،دەبێ هەندێ شت هەیە لە (شعائر) ی ئیسلامی جێ بەجێ ی بکەم. هاوڕێ یەکی کاسۆلیکیم هەبوو چل ڕۆژ و چل شەو بەرۆژوو دەبوون بەلاّم ڕۆژوەکەیان ئەوەبوو کەشتێك حەزی لێدەکەن نەیخۆن، بۆ نموونە کەسێك ڕۆژێك نەستەلە ناخوا، یان جگەرەناکێشێ، یان جۆرێ خواردن وازلێ دێنێ ، وتم لەگەڵ تۆ بەرۆژوو دەبم و چۆرەك ناخۆم. لەوماوەیەدا ئەگەڕام بەدوای ڕەگ و ڕیشەی ئیسلام دا،شەوێکیان کتێبی زۆرم لەبەردەستا بوو کە سەعی بکەم بۆ بەیانی بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی، چیم خوێندەوە هیچ حاڵی نەبووم، دڵ وهۆشم لای ئیسلام بوو، ویستم بنووم خەوم لێنەدەکەوت، سەعات یەکی شەو دوعام کرد خوایە داوات لێ دەکەم دڵ ئارام و دڵنیام بکە، چونکە توانام نیە ، ئینجا لەسەر ئەژنۆ دانیشتم و دوعام کرد،

خوایە ڕێ ی بەهەشتم  پیشان بدە، من ئەمەوێ بچم بەرەو بەهەشت، خوایە ئەگەر ڕێ ی بەهەشتم پیشان بدەی مەسیحیەت بێت دەبمە مەسیحیەکی تەواو، ئەگەر ئیسلامە پەیمان بێ ئەبمە موسڵمان و بەگوێت دەکەم، ئیتر سبحان الله دڵم ئارام بوو خەوم لێکەوت.

بەیانی چووم بۆ زانکۆ بۆ تاقیکردنەوە ، کارۆلم  بینی لە نوسینگەکەی خۆیەوە بانگی کردم ، وتم: پەلەمە دەچم بۆتاقیکردنەوە، وتی: وەرە کارم پێتە، کەچووم وتی: ئەوە ئیمامی مزگەوتەکەیە لەوەوە زۆرشت فێربوووم لە بارەی ئیسلامەوە، ئەم بەیانیە هاتووەوە بۆ زانکۆ ،یەکسەر زانیم خوا وەلاَمی دوعاکەی منی داوەتەوە، کەئەم ئیمامەی بۆناردوم.

وتم: ئەمەوێ موسڵمان ببم؟ وتی: هەر ئێستا شایەتمان بێنە، تازووە، کێ دەڵێت تەمەن موڵەتت ئەدا تا لەم دەرگایە دەچیتەدەرەوە.

وتم: بڵێم چی؟ وتی: بڵێ (اشهد ان لااله الا الله واشهد ان محمدا رسول اللـه)  منیش وتمەوە لەدوایەوە، کە موسڵمانبووم وشایەتمانم هێنا هەستێکی سەیرم لا دروست بوو ئەتووت هەمووگیانم بەستوویەتی و لەسەرەوە بۆخوارەوە ئاوی گەرمم پیادەکەن. هەستم بەگەرم بوونەوە کردو تێگەیشتم لەو لەحزەیەوە کەهەدەفم چی یە لە ژیاندا. . .

کەموسڵمانبووم وام دەزانی کە ئاسایی یە حیجاب نەکەم بەلاَم دوای سێ مانگ کە زیاتر شارەزابووم وکاتی ئەوەهات خێزانەکەم بێن بۆ ئاهەنگی دەرچوونی زانکۆم، بڕیارم دا بۆئاهەنگەکە حیجاب بکەم تا تەسلیمی ئەمری واقیع ببن چونکە بکەوتایەتە دوایی لەوانەبوو ڕێگریم لێ بکەن.  ئەوەش ئیحراجی بۆدروست کردن لای دەرودراوسێ، بەدایکم وت ئەگەر رازی دەبن باشە وەئەگەرنا بەجێتان دێڵم، من ئیسلام فەرمانی پێداوم کە خزمەتت بکەم وگوێڕایەڵت بم، ئەمەش واجیبمە وەك موسڵمانێك  سوپاس بۆ خوا دوای دوو هەفتە کارێکم دەست کەوت لە کالیفۆرنیا وچووم بۆئەوێ.

لە کالیفۆرنیا کۆمەڵگایەکی موسڵمانی باش هەیە لە موسڵمانانی ولاَتان کە هاتونەتە ئەمریکا و هەروەها لە موسوڵمانە ئەمریکیەکان، لەگەڵ کۆمەڵێ خوشکی موسڵمان دا فێری عەرەبی وهەندێ سورەتی قورئان بووم.

دوای ساڵ و نیوێك شووم کرد بەموسڵمانێك وئێستا پێنج منالم هەیە ،ئەوەی زۆرخۆشە لەژیانمدا ئەوەیە کەساڵی پار دایکم ئیمانی هێنا، گەڕامەوە ئەمریکا و شەش مانگ لە لای

مامەوە ، کاتێ موسڵمان بـووم، داوام لێـدەکرد موسـڵمان بێـت و دوعـام بـۆ دەکـرد، دایکـم ئافرەتێکی مەزنە و، ڕەنجی زۆری لەگەڵ داوین و هەقی خۆیەتی کـە موسـڵمان بێـت. کاتێـك سەردانی دەکردین و سەردانم دەکرد زۆر خەمبار دەبووم کە هێشتا موسڵمان نەبوو بوو، سـبحان الله کە پار چوومەوە بۆ ئـەمریکا بـۆ لای، دوو سـاڵ بـووو تووشـی نەخۆشـیەکی شـێرپەنجەی دەگمەنبوو بوو لە خەستەخانە دووساڵ مایەوە، ویستیان لە ئازار ڕزگاری بکەن ودەرزی یەکی کیمـایی لێ بدەن وبمرێت، بەڵام خواکردی تووشی جەڵتەبوو دەرزی یەکەیان دواخست، وردە وردە زیـاتر شـارەزا بوو لە ئیسلام وموسڵمان بوو، برایەکی بچوکیشم هەیە١٥ساڵ لەمەوبەر موسڵمان بووە.

٢٥ساڵ لەمەوبەر لەم ناوچەیەدا موسڵمان نەبوو کەچی ئێستا لەسایەی خواوە موسڵمانی باشی لێ یە، زانکۆیەکی بچوکی لێ یە ومزگەوتیان هەیە زۆر دڵخۆش بووم، سەرەتاکەموسڵمان بـووم ڕۆژوو بەلامەوە قورس بوو دواتر راهاتم و بۆم دەرکەوت تەنانەت پزیشکەکانیش کەموسڵمان نین باسی سوودەکانی ڕۆژوو دەکەن لەچارەسەری نەخۆشی یەکاندا. جابێمەوە سەرموسـڵمانبوونی دایکم، من ومناڵەکانم هەمیشە دوعامان بۆ دایکم دەکرد، دایکم دووساڵ لە خەستەخانە لەژێر عیلاج دابوو، لە یـادی لـەدایك بوونیـدا تەلـەفۆنم بـۆکردو وتم: چ دیاریـەکت بـۆبێنم، کەچـی ئەوحەزی کرد لەگەڵی بچینە دەرێ بۆ چێشتخانەیەك، چووین لەگەڵیـدا بۆئـەو چێشـتخانەیەی کەئەوحەزی پێدەکرد، ئێوارە هات وکاتی نوێژبوو.

وتم: حەز دەکەی دەتبەینەوە، تا دواتر نوێژەکەمان بکەین و نوێژەکـەمان نەچـێت، یـان وەرە لەگەڵمان دەچین لە مزگەوتێکی نزیك نوێژدەکەین، کاتەکە بـەفر و سـارد و سـەرما بـوو، هات لەگەڵمان ئەو لە ژووری ئیمامەکە چاوەڕێمان بوو، تا ئێمە نوێژمان کـرد لەگـەڵ ئیمـامی مزگەوتەکەدا کەوتبووە گفت وگۆو موسڵمان بوو شایەتمانی هێنـا کـە بەڕاسـتی ئـەوە بـەلای منەوە لەملیۆنێ دۆلار گرنگترە.

ڕووداوێکی تر هەیە بەڕاسـتی کـاری تێکـردم و زانـیم کەلەسـەر ڕێ ی راسـتم، کاتێـك لەساڵی ١٩٩٥دا تووشی شێرپەنجەی سی بووم ، ماوەیەکی زۆر بەدکتۆر و عیادەکاندا گەڕام تا نەخۆشیەکەم بۆ بدۆزنەوە؟ دوای سێ مانگ دکتۆرە یەك حاڵەتەکەمی دەست نیشان کرد و پـێ ی وتم تووشی ئەو جۆرە شێرپەنجەیە بووم، منیش چەند مانگێ بوو منـاڵم بـوو بـوو زۆرخـەمم

بووکە جێیان بێڵم. یەك ڕۆژی تەواو نوێژم کرد و دوعام کرد کە خـوا کـارم بـۆ ئاسـان بکـات، سبحان الله ئەوشەوە لە خەوما پیاوێکم بینی لەبەردەما دەهەنگاوێك لـێم دووربـوو، خورمـای دەخـواردو دەنکەکـەی دەخسـتە دەسـتیەوە، لام سـەیربوو بـۆ مـن دانیشـتووم و ئـەم پیـاوە لەبەردەممایە، هەستم کرد پیاوێکیش لە پشتمەوەیە وەستاوە کەئەویش زانیم پێغەمبەری خوایـە (ﷺ) ، بەلاچاو دەمبینی، پیێ ی فەرمووم: سەنا ئەزانی ئەو پیاوەکێ یە؟ وتم: نەخێر، کێ یـە ئەو پیاوە؟ فەرمووی: ئەوە ئەبوبـەکری صـدیقە، زۆرخـۆش بـوو و بەلامـەوە ئەبوبـەکر لەبـەر دەمابێت وحەزرەت درودی خوای لەسەر بێ قسەم لەگەڵ بکات.

وتم: ئەی پەروەردگارا ئەوە ئەبوبەکر و پێغەمبەری خوایە، اللـەاکبر، اللـە اکـبر. ئنجـا حەزرەت (ﷺ) دووبارەی دەکردەوە و دەیفەرموو: ئەو بەردەوام شتی ئەدا بەخەڵك وهاوکـاری خەڵکی دەکرد، لەم قسانەدا بـووین وکچـەکەم خەبـەری کردمـەوە بـۆ نوێـژی بـەیانی، بـیرم لەخەوەکـە دەکـردەوە، پەیوەنـدیم کـرد بەمامۆسـتایەکەوە، تاخەوەکـەم بـۆ لێـك بداتـەوە، مامۆستاکە وتی: دڵنیایت کەئەبوبەکر خورمـای دەخـوارد، وتم: بـەڵێ، وتـی: زەیتـون نـەبوو، چونکەئەویش ناوکی هەیە، وتم: نەخێرخورمای دەخوارد، وتی: دە ئەوە هاتووەوە مژدەت بـداتێ کە دەژیت ونامریت.

دکتۆرەکان نەخۆشیەکەمیان بەلاوە قورس بوو، شێرپەنجەکە لەقورگمەوە هاتبووو بۆسـی یەکانم، کە نموونەیان لێ وەرگرت و ناردیان بۆ ئەمریکا دڵنیابوون لەنەخۆشی یەکە وچارەسـەرم زەحمەت بوو، بەڵام کە گەڕامەوە ئەمریکاو نەشتەرگەریان بۆکردم وتیان ئیتر چاك دەبیت و بۆت ناگەڕێتەوە. کە ئەمەش بەڕاستی ڕەحمی خوابوو چونکە دووجار پێشتر جەختیان کـردو پێیـان وتم کە ناژیم کەچی خواویستی وابووکە چاك ببمەوە.

لە ئەمریکا سوپاس بۆ خوا بوار هەیە بۆ بانگەوازکردن، بەڵام دەبـێ لێـزان بـین کاتێـك قسە لەگەڵ مەسیحیەك دەکەین بەتایبەتی لە (دینفر) وخوارووی ئەمیرکا ،ئامۆژگاریم ئەوەیە، ئەبێ لەچەندخولەکێکدا وابکەیت گوێت لێ بگرێـت، ئـەبێ هـەر زوو تـێ ی بگەیـەنیت کـەتۆ ئیمانت هەیە بەحەزرەتی مەسیح سەلامی خوای لێ بێـت، ئـەبێ پـێ ی ڕابگەیـەنی کەعیسـا سەلامی خوای لێبێت دەچێتەبەهشتەوە وموعجیزاتی زۆری هەبووە ،کەمەسیحی ئەمەی بیست

بەلایەوە سەیردەبێت چۆن موسڵمان ئاوا بڕوای بەمەسیحە. هەروەها ئامۆژگاریم بۆئەوەش کەدەیەوێ بێت بەرەوئیسلام ئەوەیەکە عەقڵ وهۆش بکاتەوەو داوا لەخوا بکات ڕێ ی بەهەشتی پیشان بدات کەئەمەش بە راستی ئامانجمانە، چونکە ئێمە یەکجار دەژین لەم دنیایەدا وهیوادارم کە لەبەر بارەگای خوادا وەستاین بەهەشتمان بەنسیب بێت.

## موسوڵمان بوونی هۆڵد بروکس

ناوبراولاوێکی ئەمریکی (٢٥) ساڵەودایك وباوکی مودمینی ماددەی بێ هۆشکەرن وخۆشی وەکو زۆر لە هاوتەمەنەکانی سەرگەرمی مەی خواردنەوە و خاڵ کوتان وگوارەلەگوێ کردن بوو، تا لەساڵی ٢٠٠٢داپەیوەندی کرد بەسوپاوە و ناردیان بۆگوانتنامۆ.

حەزی کرد بەندیخانە و بەندکراوەکان ببینێ، بەڵام ئەم بەندیخانەیە جیاواز بوو، مامەڵەی تایبەت وتوندوتیژ دەکرا لەگەڵ گیراوەکاندا و بە مەترسی دار و ئیرهابی ناویان دەبردن. شەوانە سەربازەکانی ئەو سەربازگەیە خەریکی قومار و یاری و سەیرکردنی شتی نابەجێ بوون، بەڵام ئەم گوێ ی دەگرت لە قسەوباسی نێوان بەندکراوەکان و وردە وردە بە ئیسلام ئاشنا بوو، بە تایبەت گفتوگۆی دەکرد لەگەڵ کەسێکدا کە بەبنەچە مەغریبی بوو، ناوی ئەحمەد رەشید بوو، هۆڵد کەوتە پەیداکردنی پەڕاوی ئیسلامی وخوێندنەوەی لە (٢٠٠٤) دا ئێوارەیەکیان گەیشتە ئەو قەناعەتەی کەموسڵمان بێت، لەمدیو تەلبەنگەکەوە داوای لە ئەحمەد کرد کەشایەتمانی بە ئینگلیزی وعەرەبی بۆ بنوسێ پاشان شایەتمانی وتەوە بەدوای ئەحمەد داو بەم شێوەیە موسڵمان بووو ناوی خۆی کردبە (مستەفا عبداللە) .

هەر ئەوەندە ئەفسەرەکان زانیان موسڵمان بووە بە خراپ مامەڵەیان کرد و نارەحەتیان کرد بۆیە پێش تەواوبوونی عەقدەکەی بە دووو ساڵ وازی هێنا و گەڕایەوە ئەمریکا، ئێستا بەردەوام پێنج فەرزە لە بنکەی ئیسلامی تەمب ئامادە دەبێت بۆ نوێژکردن، ئێستا ناوبراو دەیەوێت بە هاوکاری چەند کەسێك ئەزموونی خۆی بنوسێتەوە و واز لە کارەکەی بهێنێت لە زانکۆی فینیکس ولە هەوڵ دابێت بۆ کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ خێزانی گیراوەکانی گوانتانامۆ.




وینەی پاسەوان هولد بروکس

ئەحمەدیش هەژدە ساڵ لە بەریتانیا چێشت لێنەر بوو، لە بەرپەیداکردنی پارە بۆ نەشتەرگەری کوڕەکەی بەکارێکی بازرگانی دەچێ بۆپاکستان لەساڵی ۲۰۰۱دا، پاشان لەسنووری ئەفغانستان هێزەکانی (تحالف) ی باکور دەیگرن وبەپێنج هەزار دۆلار دەیفرۆشن بە ئەمریکیەکان ئەوانیش بەتۆمەتی (قاعیدە) دەیهێنن بۆگوانتامۆ وئەبێ بەبەندکراوی ژمارە (٥٩٠) ، پێنج ساڵ بەناهەق لەو بەندیخانە شووومەدا ئەزیەت و وئازاری ئەدەن ولێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکەن، پاشان کە هیچی لەسەر ئیسپات نابێت ئازادیان کرد لەساڵی (۲۰۰۷) دا. بەراستی هیممەتێکی بەرزەکەسێك بەناهەق بەندکرابێ لەو زیندانە زەحمەت و پڕ مەینەتیەداو ئنجا لەخەمی موسڵمان کردنی کەسێکی سەربازی ئەمریکی دابێت. .

## دکتۆر یاسین بانیز

ناوبراو پزیشکێکی بەلجیکی یەلەبارەی ئیسلامەوە دەڵێت: ( من پێش ئیسلام ئەمووت دەبێت ئاینێك هەبێت، کە ئەو ئاینەش ئەبێ گشت گیر بێت بۆهەمووهەڵس وکەوتێکی مرۆڤ لەژیاندا، چونکە نابێ ئاینێکی ڕاست تەنها بۆ چەند سەعاتێکی کەمی ژیانی مرۆڤ بێت، وەمن ئەمزانی بێگومان خوا ئەو نیزامەگشتگیرە ئەدات بەمرۆڤ، جائەوەشم لە ئیسلامدا دۆزیەوە، بەڕاستی ئیسلام هەموولایەنەکانی پێداویستی دڵ ونەفس وعەقڵی مرۆڤ دەگرێتەوە، هەرچەند من لەسەرەتاوە بەلایەنی فیکری موسڵمان بووم) .

## موسـولْمـان بوونی جـولەکـەکان

رۆژنامەی مەعاریفی ئیسرائیلی دەڵێت: ساڵانە سەدان جوولەکە داوا لەوەزارەتی عـەدل دەکەن کە ناسنامەیان لەجوولەکەوە بگۆڕن بۆموسڵمان. بەتایبەت لەم پێنج سـاڵەی ڕابـردوودا ،لەساڵی ٢٠٠٨دا (١٤٢) جوولەکە داوای گۆڕینی ئاینەکەیان کرد، وە تەنها لەسەرەتای ٢٠٠٩ شـدا ٣٢ کەس ئەوداوایەیان پێشکەش کرد، کەبەڕاستی ئـەم ژمارانـەش تووشـی نائـارامی ودڵـەڕاوکێمان دەکات، هەرچەندە زۆرکەسیش موسڵمان دەبێ ولەبەر هـەر هۆیـەك بێـت ئاشـکرای ناکـات، جاهـەر جولەکەیەك ئاینەکەی بگۆڕێ بەڕاستی خەسارەتێکی گەورەی پڕلەئازارە بۆگەلی جولەکە.

## موســـولْمان بوونی ئیـڤـۆن ریـدلی

ئەم ئافرەتە رۆژنامەنووس وسیاسەتمەدارێکی ناوداری بەریتانی یـە، لـە (ئیندبنـدنت) و (ئۆبزێرڤەر) و (صندای تایمز) و ( صندای ئیکسبرێس) داکـاری کـردووە، لـە سـاڵی ١٩٥٩دا لەدایك بووە، یەکێکە لە چالاکترین رۆژنامەنووسی بـەریتانی کـە بەدواداچـوونی بـۆ دۆسـیەی نێودەوڵەتی کردبێ لە نزیکەوە، موسڵمان بوو پاش دژایەتیەکی زۆری ئیسلام. .

ناوبراو باسی موسڵمانبوونی خۆی دەکات ودەڵێت:

من ئیشم بۆ رۆژنامەی ( صـندای ئیکسـبرێس) دەکـرد لـە ئەفغانسـتان، پـێش ١١ی سێبتەمبەر، بەڵام دوای ئەم ڕووداوە لە٢٨ی سێبتێمبەری ٢٠٠١لە لایەن حکومەتی تاڵیبانەوە گیرام بەهۆی ئەوەی بە نایاسایی چووبوومە ئەو ولاتـەوە، دە رۆژ گـیرام کـە دەترسـام لـە هـەر ساتێکدا بمکوژن. لە رۆژی شەشەمدا یەکێ لە بەرپرسانی تالێبان هـات بـۆلام وداوای لێکـردم موسڵمان بم کە گەڕامەوە لەندەن، وتم: ئەستەمە موسڵمان بم. بەڵام پـەیمان بێـت ئەگـەر بـەرم بدەن دیراسەی ئیسلام ئەکەم، ئەمەشم بۆیە وت سا بەڵکو ڕزگارم بێت لە دەستیان، مەلاعومەر فەرمانی ئازادکردنی خۆم و ئەوانەی لەگەڵمدا بوو دەرکرد، کە ئازادیان کـردم پەیمانەکـەی خـۆم بردە سەر و دیراسەی ئیسلامم کرد هیچ نەبێ لەبەرئەوەی کەمن گـرنگیم ئـەدا بـە ڕۆژهـەلاتی ناوڕاست، هەق بوو شت لە بارەی ئیسلامەوە بزانم.

دوو ساڵ ونیو دیراسەی قورئان و ئیسلامم کرد دیراسەیەکی ئەکادیمی، دواتر موسڵمان بووم، سەرسام بووم کە ئیسلام هەقی ئافرەتی داوە و هاوشانی پیاو مافی داوەتێ.

بەڕاستی ئەو نیعمەتەی کە خوا داوێتی بە ئافرەت لە منالبوون وپەروەردەکردنی ، مەسەلەیەکە موسڵمانان بە زۆری بە پلەیەکی بەرز سەیری دەکەن، ئافرەتانیش شانازی بەوە وەدەکەن و ئافرەت کۆڵەکەی ماڵە و بەهەشت لە ژێر پێ ی دایە. گەورەیی ولە پێشەوە بوون لە ئیسلام دا بەتەقواداری یە، نەك بەجوانی وپارە وشتی تر، لەئیسلامدا فەرزنەکراوە لەسەر ئافرەت جل شتن وچێشت لێنان بۆپیاوان و ئافرەت خزمەتکار نیە.

دووخوشکم هەیە، یەکێکیان بیست ساڵە دراوسێ ی موسڵمانە و بەلایەوە ئاسان بوو موسڵمانبووم، ئەوی تریان گاڵتەی پێدەکردم ودەیووت: وا ئەزانم بەمزوانە خۆت دەتەقێنیتەوە.

دوای موسڵمانبوونی ئێستا لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی رۆژئاواو جەزیرەوە کار بۆ ئیسلام دەکات وبە ئاشکرا ڕای دەگەیەنێت کە سەر بەمەدرەسەی ئیخوان موسلیمینە لە ناحیەی فیکریەوە کەمەنهەجی میانڕەویان هەڵبژاردووە.

ئیڤۆن پێش لێدانی ئەفغانستان لەلایەن ئەمریکاوە دزەی کردە ناو ئەفغانستانەوە لەگەڵ ماڵێکی هەژاری دێیەکی سنووری دا دەژیا سەرسام بوو بەورەی بەرزی ئەفغانیەکان، کە ویستی بگەڕێتەوە پاکستان سنوور داخرا بوو لەگەڵ پاکستان دا، بۆیە دەبوایە بەدزیەوە بەبەرگی ئافرەتێکی ئەفغانیەوە گوایە لاڵە و ناتوانێ قسەبکات لەگەڵ مێردەکەیدا دەچێت بۆسەردانی دایکی لە جەلال ئاباد کەنەخۆشە، بەقەدەری خوا لە گوێدرێژەکەی دەکەوێتە خوارەوە و بەئینگلیزی هاواردەکات وکامێرەو شتەکانی لێ دەکەوێتەخوارەوە، سەربازێکی تالیبان گوێ ی لێ دەبێ ودەیگرێ وهەموو دەڵێن سیخوڕێکی ئەمریکیمان گرتووە.



وینەی رۆژنامە نوس و سیاسەتمەدار ئیڤان ریدلی

لە ژوورێکی ڕێك وپێکدا بەندیان کرد وکەوتنە لێکۆڵینەوە لەگەڵیا بەبێ ئەوەی ئـازاری بـدەن، چـەندجارێك مـانی گـرت لـەخوارادن پێیـان وت: شـتی وامەکـە باشـترە، تالیبـان زۆرمامەڵەیەکی چاکی لەگەڵ ناوبراودا کـردو دوایـش ئـازادی کـرد، بەمـەرجێك موخابـەراتی رۆژئاوا بەهەموو جۆرێك هەوڵیان دەدا کەتالیبان وەك سیخوڕێك مامەڵەی بکـات و بیکـوژێ، تابێ بە دیعایەیەکی باش بەدەست ئەمریکاوە لەسەرخراپی تالیبان. کاتێك بـەربوو موسـڵمان بوو ، پەڕاوێکی لەبارەی ئەوگەشتە سەیرەوە نووسی وئێـستا زۆربەگـەرمی بـەرگری لەئیـسلام دەکات لەلەندەن دا.

## نیکـۆل دەبـێتـە مـەلیـکـە

نیکۆل کە ئێستا تەمەنی لە حەفتاوشەش ساڵ زیاترە و لە نیکۆل ەوە ناوی خۆی کردووە بە (مەلیکە ضیف) لەبارەی موسڵمانبوونیەوە دەڵێت: لە کاتی لاویمەوە سێ خـوایی پرسـیاری بۆدروست کردوم وکەس نەبوو وەڵامم بداتەوە تائەوکاتەی کـە بـەلای کتێبخانەیەکـدا ڕۆیشـتم وکتێبێکی تەلارسازی ئیسـلامیم کـڕی کـە خوێندمـەوە سەرسـام بـووم پـێ ی ،بـەهۆی ئـەو نووسینانەی کە خۆشنووسەکان لەسەر تەلارە ئیسلامیە کۆنەکان نووسیویانە تێگەیشتم مانـای

(اشهد ان لااله الا الله واشهد ان محمدا رسول الله) چی یە، کەمن پێشتر گوێم لێ دەبوو کەس نەبوو بۆم ڕاڤە بکات ئەمەش وەلاّم بوو بۆم کە تەنها یەك خوا هەیە شایانی پەرستن بێت.

تەمەنم سی ساڵێك دەبوو حەزم کرد زیاتر شارەزابم لە ئیسلام، بۆیە شووم کرد بەپیاوێکی موسڵمانی جەزائیری کە هاتبووە فەڕەنسا بۆئیش کردن، ، کەچی بەداخەوە دوایی بۆم دەرکەوت کەئەویش هیچی وا لە بارەی ئیسلامەوە نازانێت چونکە جەزائیر ١٣٠ساڵ لە ژێر دەستی فەڕەنسادا بوو، بە هەموو شێوەیەك زمانی عەرەبی و دینی لە بیربردنەوە. بۆیە بڕیارماندا هەردووکمان پێکەوە فێری ئیسلام ببین، بەهۆی ئەوەی کە بینیم لە بێئاگایی ونەشارەزایی موسڵمانان بڕیارم دا کە هەوڵ بدەم و لێکۆڵینەوە بکەم و بنوسم و بانگەوازبکەم، کەس نەبوو پێم بڵێ بانگەواز فەرزە لەسەر هەموو موسوڵمانێ، بەلاّم خۆم هەستم بەو بەرپرسیارێتیە گەورەیە کرد وزانیم بانگەواز کردن ئەرکی سەرشانمە.

لەساڵی ١٩٧٢ دا موسڵمان بووم، زۆر دڵخۆش بووم بە موسڵمانەتیەکەم، بەهەرچی دەگەیشتم هەواڵم ئەدایە کە موسڵمان بووم، یەکێ لەوانە بەڕێوەبەری کارەکەم بوو، کە پێم وت موسڵمانبووم، زۆر توڕەبوو، کاتێ خاوبووەوە کەوتمە گفتوگۆ لەگەڵیا و بەتەحەدداوە پێم وت: تۆ قەناعەتت وایە ئەو خوایەی دەیپەرستی، هەرئەوخوایەیە کە لە قیامەتدا دوای مردنت لەبەردەمیا دەوەستیت (مەبەستم سێ خوایی بوو، واتە تۆ کە عیسا ودایکی بەخوا دەزانی بەتەمای لەبەردەم ئەواندا محاسەبە بکرێ ی) ئەویش وتی: تۆ موزعیجی هەرچەندە لەسەر هەقیشیت. منیش وەلاّمم نەدایەوە و بەوەکۆتایی هات.

مەلیکە دەڵێت: خوامناڵی نەدامێ، من دڵنیام کەحیکمەتی تیایە، (خوای گەورە ویستی وابوو کەمن دەست بەتاڵ بم بۆفێربوون و بانگەوازکردن) . دوای موسڵمانبوونی خەڵکی سەرسام بوون بە ڕەوشت وخووی بەرزی و پێیان دەووت تۆ جیاوازی لە موسڵمانانی تر، تۆ زۆر تێگەیشتوو ڕۆشنبیریت. ئەویش بۆی شەرح دەکردن کە ئیسلام لە هەموو شوێنێك هەر ئیسلامە و ڕاگەیاندنەکانە کە ئەیانەوێت وێنەکەی ناشرین بکەن، ڕەنگە هەندێ موسڵمانی ناحاڵیش کە هاتونەتە ئەوروپا ڕۆڵیان هەبێ لە ناشرینکردنی ئیسلامدا.

له سالانی هەشتاکاندا له کۆنفرانسی جەزائیردا بەشداری کرد و فرسەتێکی باش بوو دکتۆر قەرەزاوی ومحمد غەزالی ومحمد سعید رەمەزان ( بوطی) بینی. مەلیکە بۆدەساڵ علومی شەرعی دەوتەوە بە ئافرەتان لە پاریس و فەڕەنسا. قوتابیەکانی سەرسام دەبوون بەو هەق ومافەی کە ئیسلام بۆئافرەتانی دەستەبەرکردووە و زۆرجار مێردەکانیشیان دەهێنا تا لەو مافانەی ئافرەتان تێبگەن.

ئەمڕۆش کە ناوبراو پیر بووە، دڵی گەنجە وهیممەتی بەرزە وچالاکە لەبانگەوازکردن داو شارەکانی فەڕەنسا دەگەڕێت بۆ وتاردان، ناوبەناویش سەرلەدایکی ئەدات کەلەلادێ یەکی فەڕەنسادا دەژی، هەرچەند زۆر دژی ئیسلامە بەلاّم شانازی بەکچەکەیەوە دەکات. مەلیکە چەند پەڕاوێکی داناوەوهەمیشە بۆدایکیشی دەنێرێت، دایکیشی فەخر بەسەردەرودارو سێ وکەس و کاریا دەکات کە کچەکەی ئاوا نوسەرێکی دیارە لە فەڕەنسادا.
زۆرجاریش لەکچەکەی دەپرسێ: تاکەی ئاواهەوڵی فێربوون ئەدەی؟ ئەویش پێ ی دەڵێت: (موسڵمان تادوا هەناسەی هەوڵی فێربوون ئەدات، وەگەرنا تەمەنی خۆی بەفیڕۆ ئەدات) .
لەپەڕاوەکانی (ان تكون مسلما اليوم) و (زوجات النبی (ﷺ) ) کەتیایا باسی ئافرەت دەکات لەئیسلام وپێش ئیسلامدا، کەلەپێش ئیسلامدا کڕین وفرۆشتنی پێوەکراوەو مافی پێشێل کراوەو هەرکەس چەند ژنی ویستبێ هێناویەتی، کەئیسلام هات هەموومافەکانی دیاری کردو سنووری بۆهەمووکەس دانا کەتەنها چوارژن بێنێ ئەویش بەمەرجی ئەوەی کەبتوانێ دادپەروەربێت لەگەڵیاندا.



بانگخواز مەلیکە

## سـولـّتـانە عوسـمانيـەكان و خۆشـەويسـتى پێغەمبەر (ﷺ)

دەوڵەتی عوسمانی هەر لەرسەرەتای دروست بوونیـەوە لەسـەدەی سـیانزەی زاییـنـی دا لەهەوڵی سەرخستن وبلاْوکردنەوەی ئیسـلام دابـوون وسـوڵتانەکانی سـەرکردایەتی سـوپاکانیان دەکردو بەسەروماڵەوەبەشداری جەنگەکانیان دەکردو ئەگەرنەیانتوانیایە لەبەر هەر هۆیەك بێت بەشداری بکەن، لە داخی لە کیس چوونی ئەو پاداشتە گەورەیەی جیهاد ئـەگریان. سـوڵتانەکان لەسەرخۆشەویستی خواوپێغەمبەر (ﷺ) پەروەردە دەکران. بۆنموونە:

١ - سولْتان مورادکەپیاوانی کۆشکی خەلافـەت لـەدەوری بـوون ولەسـەرەمەرگدابوو، چاوی کردەوەو بەدەنگێکی نـزم بەوەزیرەکـەی وت: ئیسـحاق وەسـیەتنامەکەمان بخوێنـەرەوە، ئیسحاقیش بەدەنگی بەرزخوێندیەوە:

(بەناوی خوای بەخشـندەی میهرەبان،سـوپاس وسـتایش بـۆ پـەروەردگاری جیهانیـان، درودوسلاْویش لەسەرگیانی گـەورەمان محمـدو یـارو یـاوەرو شـوێنکەوتوانی بەگشـتی. پشـتم بەخوابەستووە، هەمموونەفسێك دەبێت مردن بچێژێت، دنیا تووشی غرورتان نەکات (ولایغـرنکم بالله الغرور) . لەدوایدادەڵێم: وەسیەت دەکـەم کەیـەك لەسەرسـێ ی موڵکـەکانم لەویلایـەتی (صاروهان) دابەش بکەن و بیکەن بەخێر،

(٣٥٠٠) لیرە بۆهەژارەکانی مەککەی پیرۆز.

(٣٥٠٠) لیرە بۆهەژارەکانی مەدینەی مونەوەرە.

(٥٠٠) لیرەش بۆئەوانەی کە قورئـان زۆردەخـوێنن لەمزگـەوتی حـەرام ویـەکی (٧٠) هەزار جار وشەی (لااله الاالله) بڵێن وخێرەکەی پێشکەش بکەن بەوەی وەسیەتەکەی کـردووە، هەروەها وەسیەتیان بۆدەکەم کە ٢٥٠٠لیرە لەوموڵکانـەم بـدەن بەوکەسـانەی کـە قورئـان زۆر دەخوێنن لە مزگەوتی ئەقصا لە (قوبەتو الصـخرە) وکـە (٧٠) هـەزار جـاریش یـەکی وشـەی (لاالەالاالله) بڵێن و خێرەکەیم بە دیاری بۆبنێرن. لەم وەسیەتەوە دەردەکەوێ کەهەرچەند ئـەو کاتە مەککەومەدینە لەژێر دەسەلاْتی دەوڵەتی عوسمانیدا نەبوون، سولْتان موردای دووەم خەمی ئەوجێگاپیرۆزانەی بووە، کەئەمەش خۆشەویستیان دەردەخات بۆخواوپێغەمبەری خوا (ﷺ) .

٢ - كە سوڵتان محمد فاتح خەریکی فەتحی ئەستەمبوڵ بوو، ڕۆژێك بە (ئاق شمس الدین) ی مامۆستای وت: قەبری ئەبو ئەیوبی ئەنساری لە کوێدایە کە کاتی خۆی بۆجیهاد لەگەڵ سوپای ئومەوی یەکاندا هاتبوو بۆ فەتحی مەککە و لەوێدا گیانی سپاردوناشتیان. . ئەویش لەدوورەوە پیشانی دا کە لەبەردەم دیواری قەڵاکەدایە سوڵتانیش فەرمانی دا کەدوای فەتح مزگەوتێکی لە لاوە دروست بکرێت.

ڕۆمەکان لەلایەن سەیربوو کە ئەو گرنگی یە ئەدەن بە قەبری ئەبوئەیوب، کە کاتی خۆی میوانداری حەزرەتی کرد (ﷺ) لەماڵەکەیدا لە کاتی هیجرەت داو وتیان: کەی بمانەوێ دەستکاری قەبرەکەی دەکەین. سوڵتانیش هەواڵی دانێ کە هەرچی کەنیسە ومەعبەدیان هەیە لە دەوڵەتی ئیسلامیدا هەر هەمووی دەڕووخێنم، ناچار لەترساخۆیان پاسەوانیان بۆدانا.

٣ - ئەم خۆشەویستیەی پێغەمبەر (ﷺ) ویارانی، لەسوڵتان بایەزیدی دووەمی کوڕی سوڵتان محمدفاتح دا ڕەنگی دایەوە، کاتێ (بابا یوسف) ی هاوەڵی سوڵتان بایەزیدی دووەم ویستی بچێ بۆحەج ، ناوبراو لیرەی زۆری دایەو پێ ی وت: ئەمەماڵی حەلاڵی خۆمەو خواپێ ی بەخشیوم وبەڕەنج وماندووبوون پەیدام کردووەو پاشەکەوتم کردووە بۆ چراکانی مزگەوتی مەدینەی پیرۆز، جاکەلەبەردەم قەبری پێغەمبەردا (ﷺ) وەستای بڵێ (ئەی پێغەمبەری خوا،خزمەتکاری هەژارت (بایەزید) سەلامت لێ دەکات ودەڵێت: ئەم لیرانەی ناردووە بۆ زەیتی چراکانی (ڕەوزەی شەریف) تکایەلێ ی قبوڵ بکەن).

٤ - کاتێ خاکی پیرۆزی مەککە ومەدینە کەوتە ژێردەسەڵاتی عوسمانیەکانەوە لە سەردەمی سوڵتان سەلیم دا، وتاربێژەکانی بەناوی (حاکمی حەرەمەین) دوعایان بۆدەکرد، دیارە سوڵتانیش ئەمەی پێ خۆش نەبوو، کاتێ لە مزگەوتێکی حەڵەب نوێژی هەینی دەکرد و خەتیبەکەی دەڵێت (حاکمی حەرەمەین) ئەم بۆی ڕاستکردەوە و وتی: (من حاکمی حەرەمەین) نیم بەڵکو خزمەتکاری حەرەمەینم. خەتیبەکەش بە فەرمانی سوڵتان قسەکەی ڕاست کردەوە ،پاش نوێژ سوڵتان دیاریەکیشی پێشکەش کرد.

٥ - سوڵتان سلێمانی قانونی لە خەویدا حەزرەت (ﷺ) پێی فەرموو: (ئەگەرقەڵاکانی بەلگراد و ڕۆدوس و بەغدات فەتح کرد، دەست بکە بە ئاوەدانکردنەوەی حەرەمەین ،سوڵتان

وەسیەتی کرد لەماڵ و سامانی تایبەتی خۆی وەقفێکی خەیری بکەن کە ئاو بۆحاجیانی ماڵی خوا دابین بکات.

لەدوای مردنی سوڵتان کچەکەی (مهرماه سولتان) وەسیەتەکەی جێ بەجێ کرد و فەرمانی دا ئاوی کانی ( زبیده) لەعەرەفاتەوە بۆ مەککە بهێنن.

٦ - لە سەردەمی سوڵتان ئەحمەدی یەکەم دا ئاژاوەو پشێوی ڕووی کردبووە دەوڵەتی عوسمانی ، شەوێك سوڵتان بەدزی یەوە ئەچێتە جەناحی ئەماناتی پیرۆز لەکۆشکی (تۆب قاپی) و نەعلەکەی پێغەمبەر (ﷺ) کەلەوێ پارێزراوە دەیخاتەسەرسنگی ودەڵێت: خۆزگە نەعلە پیرۆزەکەت وەك تاج لەسەرسەرم بوایە.

جارێکی تریش ناوبراودەڵێت: ئیتردڵ بەرگەی دووریت ناگرێ،ئیتر زمان بەبێ تۆ نایەتە گۆ، خۆشەویستیەکەم بووەبەعیشق وگریانمی منی هەژار، هەتا بڕا فرمێسکی دڵم، هەروەك یەعقوب یەك فرمێسکم نەما.

٧ - سوڵتان عبدالعزیزیش لە عاشقانی حەزرەت بوو (ﷺ) ، ڕۆژێك زۆر نەخۆش بوو نامەیەکی بۆ هات لە مەدینەوە، پیاوانی کۆشك دوو دڵ بوون ئالەم کاتەدا کە سوڵتان نەخۆشە ئەم نامەیە بخەنە بەر دەستی یان نا، دواتر لەبەرئەوەی لێیان زویر نەبێت وەزیر هەواڵی دایە کە نامەیەك لەمەدینەوە هاتووە، سوڵتان چاوی گەش بووەوە و پێ ی وت: جارێ بوەستە مەیخوێنەرەوە تاپێت دەڵێم. . ئنجا فەرمانی دا کە هەڵی سێنن و وتی: ناگونجێ من پاڵبکەوم ونامەیەکی خاکی پیرۆزم بۆ بخوێننەوە، بەو نەخۆشیەوە هەستایە سەر پێ تانامەکەیان بۆ خوێندەوە.

ئەمە بێجگە لەوەی کەهەرچی لەمەدینەوە بۆ بهاتایە دەستنوێژی تازەدەکردوە ئنجا دەستی ئەدایەو، دەیووت: ئەم نامانە تۆزو غوباری خاکی پیرۆزی پێغەمبەری پێوەیەﷺ، ئەینایە سەرچاوی وماچی دەکردوبۆنی دەکرد ئنجا دەیکردەوەو دەیخوێندەوە.

٨ - لە زەمانی سوڵتان عبدالحمیدیش دا کە هەر چەند پشێوی کەوتبووە وڵاتەوە هەوڵی زۆری دا بۆ ڕاکێشانی خەتی شەمەندەفەر لە ئەستەنبوڵەوە بۆمەککە ومەدینە، ئەمەش بۆ ئەوەی بە ئاسانی بتوانێ بەرگری لەو خاکە پیرۆزە بکات و حاجیانیش بە ئاسانی بتوانن بچن بۆ حەج.

جاكاتیَ شەمەندەفەرەكە دەگەیشتە ناو مەدینە خێرایی كەم دەكردەوە و سەرنشینەكانی بەئەدەبەوە پێیان دەنایە ئەم خاكەوە، ئەمەش هەمووی لەبەرخاتری گەورەیی و پیرۆزی حەزرەت (ﷺ) وهاوەڵانی بوو كە لەو خاكەدا نێژراون. (پێگەی التاریخ) .

## ئاخر خێری

ئیمام عزالدین تەمەنی سی ساڵ و ئیمامی مزگەوتی عائیشە بوو لە (الاغوار الشمالیە) لە ئەردەن، پیاوێكی خواناس و بۆ خواسوڵحاوبوو، هەڵگری بڕوانامەی ماجستێر بوو لە شەریعەتی ئیسلام دا، لەڕۆژی هەینی ٢٠٠٦/١٢/٢٢بانگی ئێوارە دراو ڕۆژەكە یەكیَ بوو لە دە ڕۆژە پیرۆزەكەی (نۆمینەی حاجیان) ، ناوبراو دەستنوێژی گرتبوو، بەڕوویەكی نورانی گەشاوەی پڕ لەئیمانەوە بەلەسەرخۆیی هاتە میحرابەوە و بەنوێژ خوێنانی وت: ڕێك ڕاوەستن، ڕیزەكانتان پڕ بكەنەوە، بزانن كە لەبەردەم خوایەكدا وەستاون كە هەر ئەو خوایە و شایانی پەرستنە و هەر ئەو زیندووە و نامرێت، نوێژێك بكەن كە نوێژی كەسێك بێت كە دەستی لە دنیا شتبیَ ودوانوێژی بیَ و خواحافیزی لەدنیاكردبێت. . ئینجا (اللهاكبر) ی كرد و دەستی كردبە خوێندنی فاتیحە بە دەنگێكی زوڵاڵی خۆشی پڕ لە ئیمان، كە گەیشتە كۆتایی فاتیحە، ئا لەوكاتەدا ئەجەلی تەواوبوو،گیانی دەرچوو بەرەو قەبر و قیامەت، دنیا و هەرچی تیابوو بەجیَ ی هێشت وكەوت و وەفاتی كرد. .

ئای لەومردنە كە ئاواتی پیَ دەخوازرێت، بە دەستی بەدەست نوێژەوە لە ڕۆژێكی پیرۆزی نۆمینەی حاجیان دا، لە نوێژدا، لە ماڵی خوادا، لەكاتی قورئان خوێندن دا،لە كاتی پێشنوێژی وئیمامەت دا ،دیارە ئاوەهاش زیندوو دەكرێتەوە.

(فراس نەمر) كەهاوەڵی (عزالدین) بوولەمزگەوت ئامادەبوو دەڵێت: بەڕاستی خۆشەویسترین هاوڕێم بوو، مردنەكەی مەشهەدێكە كە هەرگیز لەبیر ناچێتەوە، هەمیشە خوای یاد دەخستینەوە، ڕەنگ و ڕوو شكڵ وشێوەی لەوانە بووكە بتبینیایە یادی خوات دەكرد، بە تەواوی ساڵح وبۆخواسوڵحابوو، خوابەمیهرەبانی خۆی بەبەهەشتی بەرین وفیردەوس شادی بكاو،ئێمەش لەفیتنەی دنیا بپارێزێت. (منتدیات صوت القران) .

# یەکێ لە دۆستانی خوا

حامید ئاقصر ئیلی لەشاری (قیصری) لەتورکیا لەدایك بووە و بۆ زانست و زانیاری چووە بۆشام و تەبریز و ئەردەبیل (کەلەباکوری ئێرانەو بەناوبانگە بەکتێبخانە گەورەکەی) . لەوێ زانای گەورە (عەلائەدین ئەردەبیلی) دەناسێ و لەخزمەتیا چەند ساڵێك دەمێنێتەوە. پاشان گەڕایەوە شاری (بورصە) کە ئەو کاتە پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی بوو لە سەردەمی سوڵتان بایەزیدی یەکەم (١٣٦٠ - ١٤٠٣) زاینی. ناوبراو لەماڵەوە نانی دروست دەکرد و بە بازاڕ و کوچە و کۆڵانەکاندا ئەیگێڕاو منداڵ وگەورە وبچوك لێیان دەکڕی و، لەبەر ڕووخۆشی و ڕەوشت بەرزی یەکەی هەمووان خۆشیان دەویست، هەرئەوەندەی دەردەکەوت منداڵانی گەڕەك هاواریان دەکرد (صمونجی بابا) هات.

کاتێك سوڵتان بایەزید مزگەوتی گەورەی دروست کرد کە ناوی (الو جامع) بوو، کەنموونەیەکی جوانی بیناسازی ودەست ڕەنگینی یە، لە ڕۆژێکی هەینی داکەسوڵتان وگەورەپیاوانی دەوڵەت وخەڵکانێکی زۆرئامادەبووبوون بۆمەراسیمی کردنەوەی مزگەوتەکە، سوڵتان ڕووی کردە زانای گەورە (ئەمیر سوڵتان) کە وتاریان بۆ بدات، ئەویش چاوی گێڕا لە ناو ئامادەبوان (صمونجی بابا) ی بینی و بانگی کرد کە وتار بدات، ناچار (صمونجی بابا) هات و چرپانی بەگوێ ی زانا (ئەمیر سوڵتان) داو لۆمەی کردکە بۆچی ئاوا لەبەرچاوی خەڵك کەشفی دەکات ،ئەویش وتی: قوربان ئەومینبەرە شایانی تۆیە وتاری لەسەر بدەیت. ئەم وەلی یەی خوا کەخۆی دەرنەدەخست ،پاش حەمد و سەنای خوا و درووود بۆگیانی سەرداری پێغەمبەران،کەوتە تەفسیری سورەتی فاتیحە و بەحەوت جۆر تەفسیری کرد. زانای گەورە (مەلافەناری) کە لەوێ ئامادەبوو، زۆرسەرسام بوو بە وتارەکەی و وتی : بەڕاستی ئەوە پیاوێکی مەزنە، زانایەکی گەورەیە، تەفسیری یەکەمی هەمووان تێ ی گەیشت، تەفسیری دووەمی هەندێکی تێ ی گەیشت، تەفسیری سێ یەمی کەمینەیەك تێ ی گەیشت،تەفسیری چوارەم وپێنجەم وشەشەم وحەوتەمی لە مستەوای ئێمەش دانەبوو.

دوای نوێژی هەینی دەنگ وباسەکە بە شاری بۆرصەدا بڵاوبۆوە، هەموو لە پلەوپایەی (صمونجی بابا) تێگەیشتن، زانیان کە زانایەکی پایەبەرزە و یەکێکە لە ئەولیاکانی

خوا، دیارە ئەمیش حەزی بەوە نەدەکرد، حەزی نەدەکرد خۆی ئاشکرا بکا، چوو بۆشـاری (ئـاق صرای) تا کەس نەیناسێ وپاشان هەر لەوێش سەری یەکجارەکی نایەوە.  خوا لێ ی خۆش بێت. .پێگەی (التاریخ) محمدیوسف الشریف.



مزگەوتی گەورەی بورصە

****

## سیـنــان پـاشــا و سـولـّتان محمد الفـاتـح

پاش ئەوەی فەتحی ئەستەنبول کرا، سوڵتان محمد الفاتح فـەرمانی دەرکردکـە لـە دوای ئێوارەوە هەموو دەرگاکانی شورای ئەستەنبوڵ دابخرێ تا نوێژی بەیانی، ئنجا مەفرەزەی تایبەتی دانا بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم فەرمانە و پاراستنی ئەمن و ئاسایشی شار.

یەکێ لەو مەفرەزانە (سینان پاشا) سەرکردەی بوو، ئێوارەیەکیان سـوڵتان و یـاوەرانی کە لەدەرەوەی شوراکە دەبن ئەکەونە دوای بانگی ئێوارە وکاتێك دەگەنە لای دەرگـای شـوراکە دەبینن داخراوە، یەکێ هاوار دەکات سینان پاشا دەرگاکە بکەرەوە.

سـینان پاشـا لەسـەر شـوراکەوە سـەیری کـرد لەبـەر تـاریکی نەیناسـینەوە،هاواری لێکردن،ئێوەکێن؟

سولّتان محمد فاتیح: دەرگامان لێبکەرەوە (سینان) ،سینان وتی: ئێوەکێن و بۆ دواکەتون تائێستا؟دیاربوو سینان دەنگی محمدفاتحی نەدەناسیەوە. سولّتان وتی: مەپرسە ئێمە کێین ، دەرگاکە بکەرەوە.

سینان توڕەبوو وتی: چۆن نەپرسم؟ نەتانبیستووە کە سولّتان فەرمانی داوە دەرگا نەکرێتەوە تابەیانی، چاوەڕێ کەن بەیانی وەرنە ژوورەوە، من فەرمانی سولّتان ناشکێنم و نامەوێ سەرزەنشتم بکا لەسە رئێوە.

سولّتان پێکەنی و وتی: سەرزەنشتت ناکات، ئەوە لەسەر من.

سینان وتی: بۆ تۆ کێیت تائەوەبکەیت؟ ناشێ خۆت بەسولّتان بزانی.

سولّتان وتی: بەڵێ من ئەوم نامناسی؟

ئنجا سینان ناسیەوە و بە داوای لێبوردنەوە دەرگاکەی بۆکردنەوە، سولّتان کە هاتە ژوورەوە لە ئەسپەکەی دابەزی ودەستی خستە سەر شانی سینان و وتی : تۆ سەربازێکی باشی، زۆر دلّشادبووم بە پابەندبوونت بە فەرمانەکەمەوە، چیت دەوێت بۆت بکەم ؟؟. .

سینان دەیتوانی داوای مالّ و سامان و پلە و پایە بکات و سولّتان بۆی جێ بەجێ دەکرد، بەلاّم دیار بوو سینان لە عالەمێکی تردا بوو، کەسێکی بۆ خودا سولّحاو بوو، بۆیە وتی: قوربان هیچم ناوێ تەنها ئەوەنەبێ ئەگەر مزگەوتێکت دروستکرد ناوی منی لێ بنێ!

سولّتانیش فەرمانی دا بە دروستکردنی مزگەوتێك لە ئەستەنبولّ و ناوی نا مزگەوتی سینان باشا، ئەگەرچویتە ئەستەمبۆلّ وسەردانی ئەو مزگەوتەت کرد دوعای خێر بۆ سینان و سولّتان بکە کەمایەی دروستکردنی ئەومزگەوتە بوون. (پێگەی التاریخ)



مزگەوتی سینان لە ١٥٧٤ز و دوای چاکردنەوەی

# بەرگی سێیەم

# ئەزموون

# پـێشـەکی

سوپاس و ستایش بۆ خـوای پـەروەردگارو درود و سـەلامیش لەسـەر گیـانی سـەرداری پێغەمبەران و یارو یاوەران و شوێنکەوتوانی.

بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی دەتوانین بلێین خـودی مـرۆڤ و مـرۆڤ بـوون یەکێکـە لـە چەمکە هەرە دیارو زۆر پێناسەکراوو ئالۆزەکان، هـەمووان قسـەیان لـەبارەوە کـردووە، مـرۆڤ چییە؟ ئەرکی چییە؟

سەردەمی نـوێ سـەردەمی بێئاگـاکردن و بێئاگـابوونی مرۆڤـە بەرامبـەر بـە ناسـینی جەوهەرو حەقیقەتی بوونی خۆی، دکتۆر عەلی شەریعەتی دەڵێت: (لە هیچ سەردەمێکدا مـرۆڤ هێندەی ئەم سەردەمە خـاوەن زانیـاری نـەبووە بەرامبـەر بـە دەرەوەی خـۆی و هێنـدەی ئـەم سەردەمەش بەرامبەر بە ناسینی خۆی بێئاگا نەبووە) .

مرۆڤ گیرۆدەی عەقڵی بێ ئیمانە، عەقڵێك کـە وەك پـەرداخێکی بەتاڵـەو هۆکارەکـانی ڕاگەیاندن بەشتی بێبایەخ دەیانەوێ بۆی پڕبکەنەوە، سەعدی شـیرازی دەمێکـە دەرکـی بەمـە کردووە کەدەڵێت: (عیشق وەرە، ئەگەر نەیەیت عەقڵ دەمخوات) .

فەیلەسوفێکی گەورەی جیهانیش دەڵێت: (دەبینین بەهەزاران لەمرۆڤەکان لەدەوری شـتە بچووکەکاندا کۆدەبنەوە، وەك یارییەکان و سەرگەرمیەکانی دی) [٢٦].

قورئان ئەم ڕاستییەی چواردە سـەدە لەمەوبـەر خسـتۆتەڕوو: ﴿اقْتَرَبَ لِلنَّاسِ حِسَابُهُمْ وَهُمْ فِي غَفْلَةٍ مُّعْرِضُونَ ﴿١﴾ مَا يَأْتِيهِم مِّن ذِكْرٍ مِّن رَّبِّهِم مُّحْدَثٍ إِلَّا اسْتَمَعُوهُ وَهُمْ يَلْعَبُونَ ﴿٢﴾ لَاهِيَةً قُلُوبُهُمْ ۗ وَأَسَرُّوا النَّجْوَى الَّذِينَ ظَلَمُوا هَلْ هَٰذَا إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ ۖ أَفَتَأْتُونَ السِّحْرَ وَأَنتُمْ تُبْصِرُونَ ﴿٣﴾ قَالَ رَبِّي يَعْلَمُ الْقَوْلَ فِي السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ ۖ وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ ﴿٤﴾﴾ الانبیـــــــاء.

(فضیل کوڕی عیاض) بەپیاوێکی وت: تەمەنت چەندە؟ وتی: شەست سـاڵ، وتـی: سـبحان الله شەست ساڵە بەرێوەی بەرەو لای خوا، رەنگە ئەوەندەت نەمابێ بگەیتەلای؟ کابرا وەك لەخـەوی غەفڵەت راچڵەکێ وتی: لاحول ولا قوە الا بالله.

---

[٢٦] – وتاری مرۆڤ خۆی ون کردووە/ کەنعان قادر.٢٦

جا بۆئەوەی خۆمان بناسین و لەدەردی غەفڵەت دووربین، گەشتەکەمان بەردەوامە لەگەڵ هۆگرانی پەیامی خوادا، بۆ تەواوکردنی ئەو هەزارو یەك بابەتە ئیمانیەی پەیمانمان داوە بیخەینە خزمەتتان لەئێمە هەوڵ و لەئێوەش دوعای خێر داوایە.

## ئەزموون و سەرگوزەشتەی بانگخوازان

خوای پەروەردگار ئیرادە و ویست و هەڵبژاردنی داوە بە مرۆڤ و جن ، هەر کاتێ مرۆڤ یان جین بیانەوێ و مەبەستیان بێت ڕێی خوا بگرنە بەر، ئیمان بێنن، ئیتر لێرەوە هیدایەت دەست پێدەکات، هەروەك دەفەرموێت:﴿ وَهَدَيْنَٰهُ ٱلنَّجْدَيْنِ ﴿١٠﴾ ﴾البلد.﴿ وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّىٰهَا ﴿٧﴾ فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَىٰهَا ﴿٨﴾ ﴾ الشمس. ﴿ ...وَمَن يُؤْمِنۢ بِٱللَّهِ يَهْدِ قَلْبَهُۥ... ﴿١١﴾ ﴾التغابن

کەواتە بۆ ئەوەی عەدالەتی خوایی بێتەدی، ئەبێ مرۆڤ بە ویست و هەڵبژاردنی خۆی ئیمان بهێنێ، ئیتر خوای گەورەش هاوکاری دەکات، تەنانەت پێش ئەم قۆناغەش کە ئیمانی نیە، بار و زروفێك بۆ هەرکەسێك ڕێك دەخات، ئایەتەکانی خۆی پیشان ئەدات، نامەی بۆ دەنێرێ سابەڵکو ئیمان بهێنێ. بە ڕاستی زۆر جار ئەو پرسیارە دەکرێت، ئەگەر خوا ﴿ ...يُضِلُّ مَن يَشَآءُ وَيَهْدِى مَن يَشَآءُ... ﴿٩٣﴾ ﴾ النحل ، خۆی هیدایەت بدات و خۆی خەڵکی سەرگەردان بکات، ئەگەر نەیەوێ هیدایەتمان بدات و گومڕایی لەسەر نوسیبین خەتای ئێمە چییە؟ لەڕاستیدا ئەمە وانیە خوا ئەوە هیدایەت نادات کە ئیمان ناهێنێ و ستەمکارە﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ لَا يَهْدِيهِمُ ٱللَّهُ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿١٠٤﴾ ﴾ النحل. ﴿وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٢٥٨﴾ ﴾ البقرة. گەورەترین نیعمەت و بەخشش هیدایەتە خوای گەورە نایدات بە کەسێك کە نایەوێ، واتە بەزۆر ئیمانی ناداتێ، بە زۆر هیدایەتی نادات، هەرچەند دەشیتوانی ئیرادەو هەڵبژاردن نەدا بەمرۆڤ و جین، هەروەك مەلائیکەت. ﴿ وَلَوْ شِئْنَا لَءَاتَيْنَا كُلَّ نَفْسٍ هُدَىٰهَا وَلَٰكِنْ حَقَّ ٱلْقَوْلُ مِنِّى لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنَ ٱلْجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ أَجْمَعِينَ ﴿١٣﴾ ﴾. السجدة

خوای گەورە حەزناکات و رازی نابێت بەندەکانی کافربن،﴿ إِن تَكْفُرُوا۟ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَنِىٌّ عَنكُمْ وَلَا يَرْضَىٰ لِعِبَادِهِ ٱلْكُفْرَ وَإِن تَشْكُرُوا۟ يَرْضَهُ لَكُمْ وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُم مَّرْجِعُكُمْ

﴿ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ إِنَّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ ﴿٧﴾ ﴾ الزمر. هەروەها لەفەرمودەدا هاتووە، هەرکەسێك بستێك بێت بۆلای خوا، خوای گەورە باڵێك دێت بەرەو پیری، کەسێ بەپێ بێت بۆلای خوا، خوای گەورە بەڕاکردن دەچێت بۆلای. بەڕاستی مرۆڤ ئاواناکات بۆ مرۆڤ، جا وەرە خوایەکی باڵادەستی بەدەسەڵاتی لەوێنە نەبوو، خاوەنی هەموو بوونەوەر، تۆ هەر ئەوەندە بتەوێو بێیت بۆلای ئەو راکات بەرەو لات.

## دکتۆر خالید جوبەیر

پزیشکی نەشتەرگەری دڵە و خەڵکی سعودیەیە و بانگخوازێکی ناودارە، لە وتارێکیدا لەگەڵ د. محمد العوضی لە کوەیت وتی:

سەعد غەننامی هاوەڵم پیاوێکی رووگەشی نورانی بینی لە بەریتانیا، کە زانی موسوڵمانە لێی پرسی بەچی موسوڵمان بووی؟ ئەویش وتی: من بازرگانم و جوانترین جل نمایشکەری ئافرەتم لەگەڵ بوو، غیرەم لێدەکرد کە لە شوێنێك لەگەڵمدا بێت و کەسێك سەیری بکات، رۆژێك بەیەکەوە دەڕۆیشتین، گەنجێکی بە ئەسڵ پاکستانی رایگرتین و بڵاوکراوەیەکی پێبوو، وتی: ئەتوانم یەك خولەك لە کاتت بگرم؟ وتم: فەرموو، وتی: ئەم بڵاوکراوەیەت پێشکەش بکەم دەیخوێنیتەوە؟ ئەگەر نایخوێنیتەوە دەیدەم بە کەسێکی تر، وتم: باسی چییە؟ وتی: باسی ئیسلامە.

وتم: دەیخوێنمەوە، بەڵام پرسیارێکم هەیە، تۆ چۆن سەیری ئەم ئافرەتەت نەکرد لەگەڵمدا؟

وتی: لەبەر دوو هۆ، یەکەم: هی تۆیە، دووەم: دینەکەم داوای لێکردوم چاوم بگرم و سەیری نامەحرەم نەکەم. دوو ژمارەی تەلەفۆنیشی دامێ، بەڕاستی ئەم رەوشت و خووە جوانەی و ئەو پێناسەیەی کە لە بڵاوکراوەکەدا کرابوو بۆ ئیسلام وای لێکردم موسڵمان بم، ئێستاش خەریکی بانگەوازکردنم و هەفتەی دوو سێ کەس موسڵمان دەکەم.

## دکـتۆر خالیـد لـە بەلجیـکا

ناوبراو دەڵێت: چووم بۆ بەلجیکا، یەکێکم دەویست ئینگلیزی بزانێ و قسەی لەگەڵ بکەم، لەوناوە لێی نەبوو، دواتر ئۆتۆمبیلێکم بینی کە لەسەری نوسرابوو بە ئینگلیزی و بەلجیکی و عەرەبی ئەگەر دەتەوێت موسڵمان بیت دەستم لێ راگرە.

منیش دەستم لێراگرت و وتم: مەرکەزی ئیسلامی لەکوێیە؟

وتی: سەرکەوە با بتگەیەنم. لەرێگا باسی خۆی کرد و وتی: چەند ساڵێك لەمەوبەر لەگەڵ باوکما رووماان کردە بەلجیکا، هەرچەند موسڵمان بووین بەڵام بێئاگا بووین لە ئاینەکەمان، من سەرگەرمی مەی خواردنەوەو هاوەڵی ئافرەت و ئەو شتانەبووم.

رۆژێك گوێم لە بێژەرێکی کەناڵێکی بەلجیکا بوو لە کاتی شەڕی بۆسنەدا وتی: حەوت سەدو پەنجا ئافرەتی موسوڵمانی بۆسنە پاش ئەوەی صربەکان دەست درێژیان کردۆتە سەریان، کوشتویانن و لاشەکانیشیان شێواندون، ئەمە وەك هەورە بروسکە لێیدام و غیرەت گرتمی و بڕیارم دا کە تەوبە بکەم، ئێستاش سێ وەرشەی چاککردنی سەیارەم هەیەو وەزعم باشە و هەفتەی چەند رۆژێك بە سەیارەکەم دەگەڕێم بۆ ناساندنی ئیسلام بەو کەسانەی کە دەستم لێراگرن و بیانەوێت. هەروەها دکتۆر خالید دەڵێت: لە ماوەی سی ساڵدا کە پزیشك بووم سێ حاڵەتم بینیوە کە خەڵك لەسەرەمەرگدا بەئاشکرا دیاربوو مەلائیکەتی رەحمەت دەبینن، یەك حاڵەتیشم بینی کەبەئاشکرا دیاربوو مەلائیکەتی عەزاب دەبینێ.

## دکـتۆر خالیـد و ئیسـتیغـفار

ناوبراو لەوتارێکیدا لە وڵاتی کوەیت وتی: بۆ چارەسەری هەموو کێشە و ناڕەحەتیەکان، بۆ گەیشتن بە ئەمن و ئەمان، بۆ سڕینەوەی گوناهەکان تەنها ئیستیغفار رێگە چارەیە. قورئان دەفەرموێت:

- ﴿ وَأَنِ ٱسْتَغْفِرُوا۟ رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُوٓا۟ إِلَيْهِ يُمَتِّعْكُم مَّتَٰعًا حَسَنًا إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى وَيُؤْتِ كُلَّ ذِى فَضْلٍ فَضْلَهُۥ ۖ وَإِن تَوَلَّوْا۟ فَإِنِّىٓ أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ كَبِيرٍ ﴿٣﴾ ﴾ هود

- هود سەلامی خوای لێبێت بەگەلەکەی وت: ﴿ وَيَٰقَوۡمِ ٱسۡتَغۡفِرُواْ رَبَّكُمۡ ثُمَّ تُوبُوٓاْ إِلَيۡهِ يُرۡسِلِ ٱلسَّمَآءَ عَلَيۡكُم مِّدۡرَارٗا وَيَزِدۡكُمۡ قُوَّةً إِلَىٰ قُوَّتِكُمۡ وَلَا تَتَوَلَّوۡاْ مُجۡرِمِينَ ﴿٥٢﴾ ﴾ هود

- نوح سەلامی خوای لێبێت بەگەلەکەی وت: ﴿ فَقُلۡتُ ٱسۡتَغۡفِرُواْ رَبَّكُمۡ إِنَّهُۥ كَانَ غَفَّارٗا ﴿١٠﴾ يُرۡسِلِ ٱلسَّمَآءَ عَلَيۡكُم مِّدۡرَارٗا ﴿١١﴾ وَيُمۡدِدۡكُم بِأَمۡوَٰلٖ وَبَنِينَ وَيَجۡعَل لَّكُمۡ جَنَّٰتٖ وَيَجۡعَل لَّكُمۡ أَنۡهَٰرٗا ﴿١٢﴾ ﴾ نوح.

- قورئـــان دەفـــەرموێت: ﴿ وَمَن يَعۡمَلۡ سُوٓءًا أَوۡ يَظۡلِمۡ نَفۡسَهُۥ ثُمَّ يَسۡتَغۡفِرِ ٱللَّهَ يَجِدِ ٱللَّهَ غَفُورٗا رَّحِيمٗا ﴿١١٠﴾ ﴾ النساء

- ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوۡاْ إِذَا مَسَّهُمۡ طَٰٓئِفٞ مِّنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ تَذَكَّرُواْ فَإِذَا هُم مُّبۡصِرُونَ ﴿٢٠١﴾ ﴾ الاعراف

. بڕواداران ئەگەر شەیتانیش زەفەریان پێبەرێت کاتێك یادی خوادەکەن و داوای لێخۆش بوون دەکەن بەرچاویان روون دەبێتەوە.

حەزرەتﷺدەفەرموێت: (انه ليغان على قلبى، وانـي لأستغفر الله وأتـوب اليـه في يـوم مائة مرة) موسلیم - ئەغەر کوری یەساری موزنی ریوایەتی کردووە٤٩٧٦.

دکتۆر خالید دەڵێت:

أ - لە کاتی عەمەلیاتدا جاری واهەیە حسابی شتێکم باش نەکردووە، یـان شـوێنێك بە هەڵە شتێك لێدەکەین و لە دەستمان دەرئەچێ، پەنجەکانم دەخەمــە سـەر شـوێنەکەو دەڵـێم: (أستغفروا الله الذى لا اله الا هو الحي القيوم وأتوب اليه) (سـێجار) ، خـوا ئاگـادارە بـە بـێ ئەوەی هاوکارانم لە عەمەلیاتەکەدا هەستی پێبکەن، خوای گەورە رێنمایم دەکاو بەرچـاوم روون دەبێتەوە کەچی بکەم.

ب - لەڕێگایەکی خێرادا (١٢٠کم) دەڕۆیشتم، هاوسـەرەکەم لـە تەنیشـتمەوە بـوو، سەیارەیەك هاتە بەردەمم، بەهەموو حسابێك هی تیاچوون بوو، ژنەکەم نیوە ڕۆح بـوو تـا نیـو سەعاتیش قسەی نە کردو تاسابوو، جامن هەر ئەوەندەم پێکرا سـێجار (أستغفروا الله الـذى لا اله الا هو الحي القيوم وأتوب اليـه) م وت، خوای گەورە ئاسانی کـردو لێـی دەرچـووم، دوایـی ژنەکەم وتی: تۆش دڵت داچڵەکی و تاسایت؟ نەمویست بڵێم نەخێر و منی لێ ببێ بەچـی، وتم: بەڵێ منیش تاسام، (کە لە ڕاستیدا نەتاسابووم بەفەزڵی ئیستیغفارەکە) .

ج - خوێندنی ویردەکان: دکتۆر خالید دەڵێت: دوای عەسرێك لەعەمەلیات بوومــەوە، برادەرێك هاتبوو بۆلام و لەگەڵیا دانیشتم، دوای ماوەیەك وتم: با ویردەکـانی ئێـوارە بەیەکـەوە

بخوێنین، من خوێندم و ئەو وتیەوە، پاش زیاتر لە دوانزە ساڵ بینیمەوە وتی: ئـەزانی ئـەو ویـرد خوێندنەی ئەو ئێوارەیە بوو بەدەرس بۆم و لەوساوە هەموو رۆژێك بەیانیان و ئێواران دەیخوێنم.



وینەی د.خالد جبیر

****

## شـێخ سـەعید زەیـانی (بەڕەحـمەت بێـت)

ناوبراو دەڵێت: هەر جارێك دەچووم بـۆ تەلـەفزیۆنی دوبـەی تەلـەفۆن و تەلـەفۆن کـاری دەستی پێدەکرد کەی دەگەم و کاتەکە زۆری نەماوە و بەو جۆرە، چونکە ئۆتۆمبێل راگـرتن لـە لای کەناڵی دوبەی زۆر نارەحەت بوو، منیش بێباك بووم هەموو جارێك دوعایـەکم دەخوێنـد و ئیتر خوای گەورە بۆی ئاسان دەکردم و جێیەکی چۆڵم دەست دەکەوت، یان ئیللا یەکێك جێیەکی بەجێدەهێشت و چۆڵ دەبوو بۆم، دوعاکەم ناوناوە دوعای ئۆتۆمبێل راگرتن، (اللـهم انـي أسـألك بـأني أشهد أنك أنت الله لا اله الا أنت الأحد الصمد لم يَلد ولم يُلد ولم يكـن لـه كفـوا أحـد) . حـەزرەتﷺ گوێی لەپیاوێك بوو ئەم دوعایەی کرد، پێی فەرموو: بەو خوایەی گیانی منـی بەدەسـتە داوای لـەخوا کردووە بە (اسم الأعظم) کە هەرکاتێك بەوە داوای لێبکرێت وەڵام ئەداتەوە[٢٧].

---

[٤٣]– ابن حبان لە بورەیدەوە ریوایەتی کردووە.٨٩١

جا وەك ئەزموونێكی تریش دەڵێت: سەردانی چەند بەند كراوێكم كرد لە بەلجیكا و ئەم دوعایەم فێركردن، زۆری نەخایاند بەربوون و رزگاریان بوو.

## ئەوەی بۆ خوا وازی لێدێنی

هاوەڵێكم دەڵێت: ساڵی نەوەدەكان ئیش و كار كەم بوو، منیش دەستم كورت بوو، فەرەنسیشم دەزانی، دەزگایەكی هەواڵیش هەبوو پێویستیان بە وەرگێڕێك هەبوو بۆ زمانی فەرەنسی، كە چووم وەزعەكەم بینی دوور لە خوایی تیابوو، هەرچەند موچەیەكی باشی هەبوو، كە پێیان وتم ها دەڵێی چی؟ وتم: با بیری لێبكەمەوە؟ دواتر ئەو برادەرەی كارەكەی بۆ دۆزیمەوە، وتی: بڕیاری چیتدا؟ وتم: دایكم ناهێڵێ، وتی: دایكی چی؟ وتم: بەخوا ئیتر وایە! دیارە كەسێك لە بەر خوا واز لە شتێك بهێنێ خوا بۆی قەرەبوو دەكاتەوە بە باشترین شێوە، ئێستا كتێبخانەی هەیە لە هەولێر و لە سایەی خواوە وەزعی باشە.

## دكتۆر محمد العریفی

دەڵێت: رۆژێك وتارێكم بۆ كۆمەڵێك قوتابی دا لە قوتابخانەیەك لە بارەی گرنگی نوێژەوە، پرسیارم لێكردن لە بارەی فەرمودەیەكەوە كە باسی گرنگی نوێژ بكات، یەكێكیان وتی: (قال رسول اللهﷺ بین الرجل وبین الشرك و الكفر ترك الصلاة) ، (موسلیم ریوایەتی كردووە لە جابری كوڕی عبداللە وە) وەڵامەكەیم زۆر نرخاند، بۆ هاندان كاتژمێرەكەی دەستم دایە بە دیاری! ئەم هەڵوێست و دیارییە بووە هاندەرێكی باش بۆی و قورئانی لەبەركرد و پاش چەند ساڵێ كۆلێژی شەریعەتی تەواوكرد و لەیەكێ لە دادگاكاندا ئیشی دەكرد، رۆژێك لە مزگەوتێك ئیمامەتی بۆ كردین و ئەو منی ناسیەوە و قسەی لەگەڵ كردم و باسی ئەو دیارییەی كرد كەبووە مایەی خێرو بەرەكەت بۆی.

بەڕاستی منداڵ بە قسەی شیرین، بە هەڵوێستی جوان ئەتوانرێ كاری تێبكرێت، رۆژێك برادەرێكم وتی: لە قوتابخانە لە قوتابیەكانیان پرسیبوو دەتانەوێ ببن بەچی؟ یەكێكیان وتبووی:

ئەمەویٚ ببم بە پزیشك، یەكێكی تریان وتبووی: ئەمەویٚ ببم بە ئەندازیار، منداڵەكەی منیش وتبوی: ئەمەویٚ ببم بە دكتۆر محمد العریفی.

پێغەمبەرﷺ زۆر گرنگی بە منالٚ ئەدا، ئەنەسی كوڕی مالیك برایەكی بچووكی هەبوو، كە باڵندەیەكی بچووكی هەبوو یاری پێدەكرد، كە حەزرەتﷺدەیبینی ئەحواڵی باڵندەكەی لێدەپرسی و دەیفەرموو: یا أبا عمیر. . مافعل النُغیر؟ (**بوخاری لە ئەنەسەوە_ذ٥٧٨٣** )

ئوم سەلەمە كچێكی بچكۆلەی هەبوو بەناوی زەینەب، حەزرەتﷺیاری لەگەڵ دەكرد و بە (زە ینەب) بانگی دەكرد. هەروەها كە بەلای منالاٚندا دەڕۆی یاریان دەكرد سەلامی لێدەكردن.

كاتێك لە غەزا بهاتایەتەوە، منالاٚن دەچوون بەرەو پیریان دەیفەرموو منالٚەكان بكەنە باوەشتان و لەگەڵ خۆتان هەلێانگرن، مەگەر ئەوانە پیاوی دوارۆژ نین؟؟

ڕۆژێك منالێك هات تەمەنی پێنج ساڵێك دەبوو ناوی محمود كوڕی ربیع بوو، حەزرەتﷺدەستنوێژی دەشت، حەزرەتﷺ سوعبەتی لەگەڵ كردو ئاوی پرژاند بەدەم وچاویا[28].

بەڕاستی ئیسلام بریتییە لە هەڵسوكەوت و رەفتار و مامەڵەی جوان لەگەڵ گەورە و بچوك دا تەنانەت لەگەڵ گیانلەبەرانیشدا.

گەنجێكی موسڵمان دەچیٚ بۆ ئەڵمانیا بۆ خوێندن، لە شوقەیەكدا نیشتەجیٚ دەبیٚ و ئەڵمانیەكیش دراوسێی دەبێت، هیچ پەیوەندیەك نابێت لە نێوانیاندا. ئەڵمانیەكە سەفەر دەكات، هەموو رۆژێك رۆژنامەیان بۆ دەهێنایە بەر دەرگاكەی، رۆژنامە لە بەردەرگاكەیدا زۆربوو، كە ئەم برادەرە زانی دراوسێكەی سەفەری كردووە هەمووی بۆ كۆكردەوە و كە هاتەوە دوای دوو مانگ بۆی بردو وتی: ترسام كارت بە رۆژنامەكان هەبوویٚ و موتابەعەی وتار و شت بكەیت، بۆیە بۆم كۆكردویتەوە.

ئەڵمانیەكە زۆر بەم رەفتارە كەبیٚ بەرامبەر بۆی كردووە سەرسام بوو، ئنجا دۆستایەتی دروست بوو، ئەو برادەرە پاش ماوەیەك بەرِەفتاری جوان وایلێكرد موسڵمان ببێت[29].

---

[29]– ل٣٩/استمتع بحیاتك.٢٨

[30]– ل٥٣/ استمتع بحیاتك.٢٩

## میهرەبانی بەرامبەر گیانلەبەران

جارێك پێغەمبەرﷺ لە سەفەریك بوو لەگەڵ هاوەڵانیدا باڵندەیەكی بینی بەسەر هاوەڵانەوە دەهات و دەچوو، فەرمووی: ئەوە كێ بێچووی ئەمەی گرتووە؟ هاوەڵێ وتی: من، فەرمووی: بۆی بەرەڵا بكەن.

یان رۆژێك شارە مێرووڵەیەكی دی سوتێنرابوو، فەرمووی: ئەوە كێ سوتاندویەتی؟ هاوەڵێك وتی: من، فەرمووی: كەس نابێ بەئاگر كەس سزا بدات، تەنها ئەو خوایە خۆی نەبێت كەئاگری دروست كردووە.

جارێك دەستنوێژی دەشت، پشیلەیەك هات، دەمی جامەكەی بۆ خواركردەوە كە لێی بخواتەوە، ئەویش لێی خواردەوە، ئنجا حەزرەتﷺ دەستنوێژەكەی پێشت.

جارێك پیاوێكی بینی مەڕێكی دابوو بە زەویدا و قاچی خستبووە سەر ملی سەری بڕێ ، چەقۆكەشی لەو كاتەدا تیژ دەكرد، فەرمووی: دەتەوێ دووجار بیمرێنی، بۆ پێشتر چەقۆكەت تیژ نەكرد پێش ئەوەی بیدەی بەزەویدا؟

رۆژێك دوو كەسی بینی لەسەر دوو حوشتر دانیشتبوون و گفتوگۆیان دەكرد، فەرمووی: ئەو گیانلەبەرانە كورسی نین لەسەریان دانیشن، ئەو گیانلەبەرانە بۆكاتی پێویستی و گواستنەوەن، كەئیشتان پێیان نەما دابەزن لەسەریان تا پشوو بدەن[٣٠].

## هەركەس بەزمانی خۆی قسەی لەگەڵ بكە

ژنێك چەند منداڵی هەبوو لە كوڕێكیان زیاتر رازی بوو، لێیان پرسی: ئەوە بۆچی دایكت تۆی لە هەموویان زیاتر بەدڵە و لێت رازییە؟

وتی: من ئەزانم دایكم حەزی بە چییە، ئەو حەزی لەوەیە ئەحواڵی خزمانی لێ بپرسم، كێ شووی كردووە؟ كێ ژنی هێناوە؟ كێ منداڵی بووە، كی نەیبووە؟ كێ ماوەو كێ مردووە،

---

[٣١]– ل٥٤/ استمتع بحياتك.

لەم جۆرە دەنگوباسانە کە ڕەنگە بەلای منیشەوە زۆر گرنگ نەبێت، بەڵام عالەمی ئەو ئەوەیە و ئەبێ لەو بوارەدا قسەی لەگەڵ بکرێ، جا من کە ئەچمە خزمەتی لەو قسانەی لەگەڵ دەکەم و زیاتر بە من دڵی ئەکرێتەوە[31].

پێغەمبەری سەردارو پێشەوامانﷺ لەم بوارەدا سەرمەشقەو هەرکەس بەپێی خۆی مامەڵەو هەڵسوکەوتی لەگەڵ کردووە، بۆ نموونە عائیشە کیژێکی تازە پێگەیشتوو بووە، چەند جارێك پێشبڕکێی لەگەڵ کردووە، لەکاتێکدا کەخەدیجە لەخۆی گەورەتر بوو بەجۆرێکی تر هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرد.

لە فەتحی مەککەدا ئەبوبەکر دەستی باوکی گرت و هێنای بۆ لای پێغەمبەرﷺ کە پیربوو چاوی کوێر بوو، حەزرەتﷺفەرمووی: بۆ عەزیەتی ئەوتان داوە و هێناوتانە من دەچووم بۆ لای، ئنجا دەستی موبارەکی هێنا بە سنگیاو فەرمووی: موسڵمان بە، موسڵمان بوو.

## لەخۆتەوە حوکم مەدە

مەعازی کوڕی جەبەل پێشنوێژی بۆ کۆمەڵێك کرد، سورەتی زۆری خوێند، گەنجێك کەهات بۆ نوێژکردن و زانی مەعاز زۆر نوێژەکەی درێژ کردەوە، نوێژەکەی خۆی تەواوکرد و سەلامی دایەوە و ڕۆی، دوای نوێژەکە بۆ مەعازیان گێڕایەوە ئەویش وتی: ئەو دووڕووە ئەگینا چۆن دەبێ نوێژەکەی ببڕێ و جەماعەتەکە بەجێبهێڵێ، چوو لای پێغەمبەرﷺ شکاتی لێکرد، پێغەمبەرﷺ گەنجەکەی بانگ کرد و لێی پرسی بۆ وات کردووە، وتی: ئەی پێغەمبەری خواﷺ مەعاز لەلای تۆ زۆر دوائەکەوێ تا نوێژ دەکات، دوایش دەگەڕێتەوە بۆلای ئێمە و لە مزگەوتەکەی ئێمە ئیمامەتمان بۆ دەکات و نوێژەکە زۆر درێژ دەکاتەوە بەمەش زۆر دوا دەکەوین.

حەزرەتﷺفەرمووی: تۆ ئەتەوێ خەڵك تووشی فیتنە و ناڕەحەتی بکەیت ئەی مەعاز، لە جیاتی سورەتی درێژ سورەتی کورتیان بۆ بخوێنە وەك: ﴿وَٱلسَّمَآءِ وَٱلطَّارِقِ ۝١﴾ الطارق، ﴿وَٱلسَّمَآءِ ذَاتِ ٱلۡبُرُوجِ ۝١﴾ البروج. ئنجا حەزرەتﷺفەرمووی بە گەنجەکە: ئەی تۆ چۆن نوێژ دەکەی؟

---

[32]– ل٦٥/ استمتع.

وتی: فاتیحە دەخوێنم و داوای بەهەشت دەکەم لە خوا و پەنای پێدەگرم لە دۆزەخ، ئنجا هەرچەندە من تۆ و مەعاز دەبینم زۆرشت دەڵێن من نـاتوانم بیڵـێم (وانـی لاأدری مـا دنـدنتك ودندنة معاذ) ،حەزرەتﷺفەرمووی: (انی ومعاذ حول هاتین ندندن) ، مـن و مـەعازیش هـەر ئەوە دەڵێین کە تۆ دەیڵێی لەداواکردنی بەهەشت و پەناگرتن لە دۆزەخ.

ئیتر لاوەکە رۆیشت و زۆر پێی ناخۆش بوو کە مەعاز پێی وتبوو دوو ڕووە، وتی: ئـەبێ بۆی بسەلمێنم کەوانیە، لە پاش ماوەیەك جەنگێك روویدا و ئەو لاوە شەهید بوو.

حەزرەتﷺ ناردی بەشوێن مەعازدا و پێی راگەیاند لاوەکە شەهید بووە، مەعاز وتـی: ئەی پێغەمبەری خواﷺبەخوا ئەو راستی کرد لەگەڵ خوادا و من بە نەزانی ئەوم تاوانبارکرد[٣٢].

تاوانبارکرد[٣٢].

## نـاوهـێنـان

ئەگەر سەرنجی قورئان بدەین دەبینین پێغەمبەران (سەلامی خوایـان لێبێـت) بـە نـاوی خۆیانەوە بانگ کراون، کە ئەمەش کاریگەری نەفسی خۆی هەیە خوایەکی گـەورەی باڵادەسـت ناوت بهێنێت:

﴿ يَٰٓإِبۡرَٰهِيمُ أَعۡرِضۡ عَنۡ هَٰذَآۖ ...﴿٧٦﴾ ﴾ هود.﴿قَالَ يَٰنُوحُ إِنَّهُۥ لَيۡسَ مِنۡ أَهۡلِكَ...﴿٤٦﴾ ﴾ هود.

﴿ يَٰدَاوُۥدُ إِنَّا جَعَلۡنَٰكَ خَلِيفَةٗ فِي ٱلۡأَرۡضِ ...﴿٢٦﴾ ﴾ ص. پێغەمبەرﷺ داوامان لێدەکات کە هەرکەسێ بە چی حەزدەکات بەوە بانگی بکەین، مەسەلەی ناوهێنان و نازناوی جوان گرنگە لە دۆستایەتی و کاریگـەری هەیـە لەسـەر نەفسـی بەشـەری، دیـارە تواناکـان جیـاوازن لـە نـاو لەبەرکردندا، ئیمام بەننا کە پێناسی برایـانی چۆتە بەردەسـت و سـەیری وێنەکـەی کـردووە و ئیمزای لەسەرکردووە، ئیتر ئەوکەسەی بیر نەچۆتەوە تەنها بەناو و بە وێنەکەی، ئیتر پاش چـەند بینیبێتیەوە وتوویەتی تۆ فلان کەس نیت؟!د. العریفی دەڵێت: لە بنکەیـەکی سـەربازی وتـارم ئەدا، دوایی قـەرەباڵغی دروسـت بـوو، دەهـاتن سـەلامیان لێـدەکردم، سـەرنجم دا یـەکێکیان

---

[٣٣]– ل٧٥/ استمتع. ٣٢

ئەیویست بێت، بەڵام نەیدەویست پاڵەپەستۆ دروست بكات، منیش،لەو پارچە پلێتەی لەسەر سنگی بوو ناوەكەیم وەرگرت، لەدوورەوە دەستم درێژكرد بۆی و وتم:مەرحەبا فلان! بەلایەوە سەیر بوو، پێكەنی و وتی: چۆن ناوت زانیم؟ وتم: برام ئەوانەی خۆشەویستن ئەبێ ناویان بزانین[33].

## موسوڵمان بوونی خالید

به وردبوونەوە لە شێوازی بانگەوازی حەزرەتﷺ زۆر پەندو وانە فێردەبین، بۆ نموونە: لەگەڵ هۆزێكدا كە ناوی (بەنو عبداللە) بوو قسەی كرد كەبێن بەرەو ئیسلام، فەرمووی: ئەی بەنی عبداللە، خوای گەورە بەڕاستی ناوی باوكتانی باش هێناوە، ئێوە بەنی عبدالعزی یان بەنی عبداللات نین، ئێوە بەنی عبداللە، لە ناوی هۆزەكەتاندا هاوەڵ پەیداكردنی تیانیە هەقە بەڕاستی ئەوە بهێننەدی و موسڵمان بن.

هەروەها حەزرەتﷺنامەی ناڕاستەوخۆیدەنارد كە ئەمەش كاریگەری چاكی دەبوو لەسەر دڵ و دەروونی بەرامبەرو موسڵمان دەبوو، كاتێ پێغەمبەرﷺهات بۆ عومرە لەگەڵ هاوەڵانیدا چوار ڕۆژ خالید ئەو ناوەی بەجێهێشت و چاوی بەرایی نەدەهات موسڵمانان ببینێت، پێغەمبەریشﷺكە بەنووری خوا سەیری ڕووداوو پێشهات و كەسەكان دەكات، خالیدی لە بیرنەچوو، پڕبەدڵ حەزی دەكرد خالید موسوڵمان بێت، بۆیە بە (وەلیدی كوڕی وەلیدی) برای فەرمووی: (كوا خالید؟) ئەویش وتی: خوا دەیهێنێ ئەی پێغەمبەری خواﷺ.

فەرمووی: (كەسی وەك خالید هی ئەوەیە نەشارەزا بێت لەئیسلام؟؟ ئەگەر هێزو تواناكەی یەكبخات لەگەڵ موسڵماناندا چاكترە بۆی، وەئەگەر بێت ڕێزی دەگرین و پێش خەڵكی تری دەخەین) .

وەلید زۆر دڵخۆش بوو بەم فەرمایشتانەی حەزرەتﷺ گەڕا بە دوایا لە مەككەدا نەیدۆزیەوە، كە دوای چوار ڕۆژی عومرەكە گەڕانەوە بۆ مەدینە نامەیەكی نارد بۆ خالید (بسم الله الرحمن الرحيم، أما بعد. . فانی لم أر أعجب من ذهاب رأيك عن الأسلام، وعقلك وعقلك!

---

[34]– ل٧٥/ استمتع.

ومثل الأسلام يجهله أحد؟ وقد سألني رسول الله عنك وقال، أين خالد؟ فقلت: يأتي الله به، فقال: مثله جهل الأسلام! لوكان جعل نكايته وحدة مع المسلمين كان خيرا له، ولو جاءنا لأكرمناه. . وقدمناه على غيره، فاستدرك ياأخي ماقد فاتك من مواطن صالحة) .

کاتێك نامەکە گەیشتە خالید، زۆر دڵی خۆش بوو، زیاتر حەزی بە موسوڵمانبوون کرد، بە تایبەت بەهۆی ئەوەی کەحەزرەتﷺ ئەحواڵی پرسی بوو، هەروەها خەوێکیشی دیبوو کە لە شوێنێکی تەنگ و تەسك و بێ پیت و وشکەوە چوو بوو بەرە و شوێنێکی بەرفراوانی سەوزایی و ئاودار، کە ئەم خەوەی بینی وتی: بەخوا ئەم خەوە هەقەو پاشان چوو بۆلای حەزرەتﷺ موسڵمان بوو. خالید هاتە خزمەتی پێغەمبەرﷺلەمەدینەو سەلامی لێکردو وتی: (انی أشهد أن لا اله الا الله وأنك رسول الله) .

حەزرەتیشﷺفەرمووی: سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە هیدایەتیدایت، من ژیریم تیا بەدی دەکردیت و هیوام وابوو کەهەر بەرەو خێرت بەرێت[٣٤].

## دکتۆر محمد راتب النابلسی

پزیشکێکی بانگخوازی سورییە، لە وتارێکیدا دەڵێت: زۆر گرنگە دوعا بکەین و بڵێین: (اللهم أرنا الحق حقا و ارزقنا اتباعه و أرنا الباطل باطلا و أرزقنا اجتنابه) . ئەوەی کە هەق بە هەق ببینێ و شوێنی بکەوێت، ئەوە سەرفرازە و سەرگەردان نابێت لە دونیا و قیامەتدا، بە پێچەوانەشەوە ئەوەی ناهەق بەهەق ببینێ ئەوە سەرگەردان و تیاچووی دونیاو قیامەتە.

پێنج کەس چوونە سەر ئاڵتونچییەکی ناوچەیەکی دەوری دیمەشق لە سوریا، کابرایان کوشت و ئاڵتونەکەیان برد، ئالەوێدا ناهەقیان بەهەق بینی، وایان دەزانی دەوڵەمەند دەبن، بەلام بە قەدەری خوا هەر پێنجیان لەپاش ماوەیەك لەهەمان شوێندا لەتۆڵەی ئەودا کوژرانەوە و هەڵواسران.

ئەگەر ئەوکاتە ئەو سزایەیان لەبەر چاو بوایە، یان سزای قیامەتیان لە دڵدا بوایە شتی وایان دەکرد؟ دیارە نەخێر،﴿...خَسِرَ ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةَۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡخُسۡرَانُ ٱلۡمُبِينُ ١١﴾ الحج . هەروەها دەڵێت: گرنگ نیە حیکمەتی فەرمانەکانی خوا بزانین، تۆ جێبەجێی بکە سوودی خۆتی

---

[٣٥]– ل١٦٦/ استمتع.

لێدەبینی، ئاشکرایە بۆ ئەو سـوود وەرگـرتن و بەهرەوەربوونـە زانـین مـەرج نیـە، بـۆ نموونـە: کەسێکی نەخوێندەوار کەهیچ نازانێت، سپلێتێك دەکڕێو دەیخاتە ئـیش، سـوود لەفێنکیەکـەی دەبینێ، کەسێکیش کە دکتۆرای هەیە لەزانستی سپلێتدا کەئەیخاتـە ئـیش هـەمان فێنکـی و ساردی دەست دەکەوێت ( بەڵام دیارە زانینیش بۆخۆی سوودی هەیە) .



**د. محمد راتب النابلسی**

****

## جـوتیـارێکی سـکوتـلەندی هـەژار

پیاوەکە پێی وت: من کوڕەکەت وەك کوڕەکەی خـۆم دەخەمـە بـەر خوێنـدن و هـەموو مەسرەفێکی لەسەر من. بەڵێ. . . ئەم کوڕە لەسەر حسابی ئەو پیاوە دەوڵەمەندە خوێنـدی و لە باشترین زانکۆی لەندەن (کۆلێژی پزیشکی) تەواوکردو زۆر بلیمەت بوو، تـوانی دەرمـانی پەنسلین بدۆزێتەوە، کوڕی پیـاوە دەوڵەمەندەکـە توشـی (هـەوکردنی سـییەکان) بـوو، کـوڕی جوتیارەکە بەو دەرمانە چارەسەری کرد، نەك تەنها ئەو بەڵکو بە ملیۆنەها کەس سـوودی لـەو دەرمانە وەرگرت.

دەزانن ئەو پیاوە دەوڵەمەندە کێ بـوو؟ (چەرچـڵ) سـەرۆك وەزیرانـی بـەریتانیا بـوو، کەتوانی بەریتانیا لەتیاچوون رزگاربکات لەجـەنگی جیهانیـدا. کوڕەکەشـی نـاوی (ولینسـۆن) بوو، پزیشکەش کەکوڕی جوتیارەکەیە ناوی (ئەلکسەندەر فلیمنج) ە[35].

---

[36]– پەڕاوی (هكذا اليأس/ سلوى العضيدان).





وێنەی د.الکسندر          وێنەی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا چرچل

❊❊❊❊

## خەوی بــاوكیــك

رەمەزانی ساڵی ٢٠١٠ لە مزگەوتی زەهاوی لە بەکرەجۆ، لە شـەوێکی (لیلـە القـدر) دا وتارم دا، کە هاتمە دەرەوە، گەنجێك هاتـە دەرەوە و خـۆی پێناسـاندم و وتـی: حەزدەکـەم ئـەم بەسەرهاتەی خۆمت بۆ بگێڕمەوە، وتم: فەرموو، وتی: باوکم دەیووت کوڕم خەوم دیوە کە مردم تۆ نایەیتە ژێر دارە مەیتەکەمەوە.
چەند ساڵێك چوومە دەرەوەی وڵات ، لەبەر باوکم هاتمەوە نەخۆشی دڵی هەبوو ،نەشـتەرگەریمان لە ئێران بۆ کرد ، پاشان چووم بۆ هەولێر مامەڵەی سەفەری بـۆ بکـەم کـە بیبـەم بـۆ ئـەردەن ،هەموو دووری ڕێگاکە سلێمانی تا هەولێر سێ سەعاتە ،سبحان الله باوکم وەفـاتی کـرد و تـا هاتمەوە ناشتبوویان !!

## بـانـگخـواز ( مشـاری الـخراز )

لە وتارێکیدا (کیف تتعامل مع الله) دەڵێت: چی دەکەیت ئەگەر خوا سەڵاواتت لەسەر بدات.
دەڵێ: **یەکەم:** شەرم دەکەم، من چیم فاطری ئاسمانەکان وزەوی باسم بکات ومەدحم بکات، من دڵم بەمەدحێکی دونیایی خۆشە، چەند خۆشە خوای باڵادەست بەچاك باسم بکات.
**دووەم:** بەرامبەر بەو فەزڵ و چاکەیەی خوا سوپاسی بکە و بڵێ: (اللهم انا لانحصی ثناء علیك، أنت کما أثنیت علی نفسك) ، لەناو خەڵکدا باسی خوا بکە، خوا بە عەبدەکانی بناسێنەو باسی رەحمەتی ئەو بکە.

خەڵك فێركە كەسەڵەوات بدەن لەسەر حەزرەتﷺ، سەڵاواتێكی تەواو بەدڵ و بەزمان[٣٦].

جارێك عبدالرحمن كوڕی عەوف هات بینی حەزرەتﷺسوجدەیەكی درێژی برد، كەلێی پرسی ئەو سوجدەیەت بۆ برد؟؟ فەرمووی: جوبرەئیل هەواڵی دامێ كەهەركەس سەڵاواتت لەسەر بدات خوای گەورە دە جار سەڵەواتی لەسەر ئەدات.

## شێخ عائض القرنی

لە چاوپێكەوتنێكدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (الشبیبة) لە١/٦/٢٠٠٩دا دەڵێت: لەسەردەمی لاوێتیدا ئەزموونم كەم بوو، توند بووم، لەسەر شیعرێك دە مانگ بەندكرام، كتێبی (دع القلق وأبدأ بالحیاة) ی نوسەری ئەمریكیم خوێندەوە، بڕیارم دا لە ڕوانگەی ئیسلامەوە شتێك لەو بارەیەوە بنووسم، كتێبی (لاتحزن) م نوسی، سێ ملیۆنی لێ چاپكراوەو بۆ نۆ زمان وەرگێڕدراوە.

ئێمە بانگخوازین و قازی نین حوكم بدەین بەسەر خەڵكدا، ئێمە ئەبێ بانگەوازی خەڵكی بكەین، ﴿...بِٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ...﴾ الانعام، ﴿...ٱدْفَعْ بِٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ فَإِذَا ٱلَّذِى بَيْنَكَ وَبَيْنَهُۥ عَدَٰوَةٌ كَأَنَّهُۥ وَلِىٌّ حَمِيمٌ ﴿٣٤﴾﴾ فصلت، ﴿فَقُولَا لَهُۥ قَوْلًا لَّيِّنًا لَّعَلَّهُۥ يَتَذَكَّرُ أَوْ يَخْشَىٰ ﴿٤٤﴾﴾ طه، ﴿فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ ٱللَّهِ لِنتَ لَهُمْ...﴿١٥٩﴾﴾ آل عمران.

خۆزگە هەر هیچ نەبێ لەگەڵ دۆستەكانمانا وەك مامەڵەی حەزرەتﷺ بكەین لەگەڵ دوژمنەكانیا، خۆزگە لەگەڵ بڕواداراندا هەر هیچ نەبێ وەكو مامەڵەی حەزرەتﷺ بكەین لەگەڵ دووڕووەكاندا؟! واتە: ئێمە ئەوەندە خراپ مامەڵە دەكەین لەگەڵ دۆستەكانمانا حەزرەتﷺ لەگەڵ دوژمنەكانیشیا ئاوای نەكردووە، ئەوەندەش لەگەڵ بڕواداراندا خراپ مامەڵە دەكەین، حەزرەتﷺ لەگەڵ مونافیقەكانیشدا ئاوا نەبووە!

---

[٣٧] –www.m-al karraz.com.

ناوبراو له باسی وتنی هەق دا دەڵێت: به ڕاستی هەقمان کەم وتـووه لـەو شـوێنەی کـه پێویسته هەقی تیا بوترێت، که ئەوەش کەم و کورتی و (تقصير) یکه ئەبێ تەوبه بکەین لێی.

خوای گەوره پەیمانی لێوەرگرتوین وەك بڕوادار که حەق بڵێین و نەیشارینەوه ئەگەر لەسەر نەفسی خۆشمان بێت ، ﴿..لَتُبَيِّنُنَّهُۥ لِلنَّاسِ وَلَا تَكْتُمُونَهُۥ..﴾(١٨٧) آل عمران ، ئنجا خوا نموونەمان به خراپترین گەل بۆ دێنێتەوه که لەسەر هەق نەوتن له عنەتیان لێکرا لەسەر زمانی داودو عیسا (سەلامی خوایان لێبێت) ، وه لەسەر زمانی حەزرەت و موسڵمانان که له قورئاندا بەردەوام دەخوێنرێتەوه ﴿لُعِنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنۢ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ عَلَىٰ لِسَانِ دَاوُۥدَ وَعِيسَى ٱبْنِ مَرْيَمَ ۚ ذَٰلِكَ بِمَا عَصَوا۟ وَّكَانُوا۟ يَعْتَدُونَ (٧٨) كَانُوا۟ لَا يَتَنَاهَوْنَ عَن مُّنكَرٍ فَعَلُوهُ ۚ لَبِئْسَ مَا كَانُوا۟ يَفْعَلُونَ (٧٩)﴾ المائدة.

هەروەها خوای گەوره وەسفی باشترین ئوممەت دەکات به هەق وتن و فەرمان دان بەچاکەو جڵەوگیری له خراپه ﴿كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ ...(١١٠)﴾آل عمران.

هـــەروەها دەفـــەرموێت:﴿ ٱلَّذِينَ يُبَلِّغُونَ رِسَٰلَٰتِ ٱللَّهِ وَيَخْشَوْنَهُۥ وَلَا يَخْشَوْنَ أَحَدًا إِلَّا ٱللَّهَ ۗ ..(٣٩)﴾ الاحزاب .

حەزرەتیشﷺ دەفەرموێت: (ألا يمنعن أحدكم رهبة الناس أن يقول بحق اذا رآه أو شهده، فانه لا يقرب من أجل ولا يباعد من رزق أن يقول بحق، أو يذكر بعظيم) . (ابن حجر العسقلانیلەئەبو سەعیدەوه ریوایەتی کردووه _٤٥٨٠)

هەروەها دەفەرموێت: **" لا يحقرن أحدكم نفسه أن يرى أمر الله فيه مقال فلا يقوم فيه فيقال له : ما منعك أن تقول في كذا وكذا ؟ قال : مخافة الناس ، قال : فإياي كنت أحق أن تخاف " مسند عبد بن حميد له أبي سعيد الخدري**ەوه ٩٧٣

* عباده کوڕی صامت دەڵێت: (بايعنا رسول الله على السمع والطاعة فى العسرواليسر والمنشط والمكره،وعلى أثرة علينا،وعلى ألا ننازع الامر أهله الا أن تروا كفرا بواحا عندكم من الله - تعالى - فيه برهان، وعلى أن نقول بالحق أينما كنا ولا نخاف فى الله لومة لائم) [37].

* (من راى منكم منكرا فليغيره بيده، فان لم يستطع فبلسانه فان لم يستطع فبقلبه، وذلك أضعف الأيمان) . **ابن حبان له سەعدی کوری مالیکەوە ٣١٧**

## شێخ متولی شەعراوی

کورتەیەك لە ژیانی:

١ - لە ١٥ی ئیبریلی ١٩١١ی زاینی لەدێی (دقادوس) ی سەر بەشاری (دقهلية) لەدایك بووە.

٢ - لە پێنج ساڵیدا باوکی خستویەتیە حوجرە.

٣ - لە تەمەنی ١٠ ساڵیدا قورئانی لەبەرکردووە.

٤ - لە ساڵی ١٩٣٠دا سەرەتایی ئەزهەری تەواو کردووە.

٥ - لەساڵی ١٩٣٦دا چۆتە پەیمانگای سانەوی ئەزهەر.

٦ - لەساڵی ١٩٤١ لەکۆلێژی زمانی عەرەبی دەرچوو.

٧ - هەشت ساڵ مودەریس بوو.

٨ - لەساڵی ١٩٥٠دا لە پەیمانگای ئەنجال لە سعودیە بووە بەمامۆستا.

٩ - لەساڵی ١٩٥١دا چووە کۆلێژی شەریعەی زانکۆی مەلیك عبدالعزیز لەمەککە.

١٠ - لەساڵی ١٩٦٠ گەڕایەوە میسرو لەپەیمانگای **طنطا** کاری دەکرد.

١١ - لە ساڵی ١٩٦١بووە بەڕێوەبەری بانگەواز لەوەزارەتی ئەوقاف.

١٢ - لەساڵی ١٩٧٢ لە سعودیە بوو بەسەرۆکی بەشی خوێندنی باڵا لەزانکۆی مەلیك عبدالعزیز.

---

[38]- بخاری.لە عبادەی کوری صامتەوە ژمارە ٦٦٦٥

١٣ - لەساڵی ١٩٧٦ تا کۆتایی ساڵی ١٩٧٨ لەمیسر بوو بەوەزیری ئەوقاف.

١٤ - لەساڵی ١٩٨٠دا بوو بەئەندامی مەجلیسی شورا.

١٥ - لەساڵی ١٩٨٠هەڵبژێردرا بە ئەندامی (مجمع البحوث الاسلامية بالأزهر) و هەڵبژێردرا بەئەندامی (مجمع اللغة العربية) .

١٦ - هەڵبژێردرا بە ئەندامی دامەزرێنەری (رابطە ی جیهانی ئیسلامی لەمەککە) .

ئەو جائیزانەی وەری گرتوون:

أ - ویسامی ئیستیحقاقی دەرەجەیەك ساڵی ١٩٧٦.

ب - جائیزەی مەلیك فەیسەڵ ١٩٧٨.

ج - جائیزەی دەوڵەتی تەقدیری ساڵی ١٩٨٨.

د - دکتۆرای فەخری لەئادابدا لەزانکۆی مەنصورەو مەنوفیە.

ه - هەڵبژێردرا بەکەسایەتی ساڵی ١٤١٩ی کۆچی.

و - ویسامی دەرەجەیەکی شێخ زایدی درایە.

ی - جائیزەی حکومەتی دوبەی درایە لەبانگەوازی ئیسلامیدا.

## لە دایکبوونی شەعراوی

شێخ صابر لە مزگەوتی دێکەیان لە (دوقادوس) لە نوێژی بەیانیدا (متولی) خوشکەزای نەدی، دڵی ترسا کە ئاخۆ بۆ دواکەوتبێ، زۆری نەخایاند بەپەلە (متولی) پەیدا بوو فریای نوێژی بە کۆمەڵ کەوت.

شێخ صابر لێی پرسی: بۆچی دواکەوتیت؟

متولی وتی: خاڵە گیان هاوسەرەکەم لە ژان و ژوور و منداڵ بوون دایە.

شێخ صابر وتی: خەوێکم پێتانەوە دی، لە خەوما جوجەڵەیەکم دی لەسەر مینبەر، پرسیارم کرد: ئەمە کێیە؟ وتیان: ئەوە کوڕی متولی شەعراوییە.

بۆیە زانیم کە ژنەکەت کوڕی دەبێت و، ئەشبێتە زانا.

متولی زۆر دڵی بەم خەوە خۆش بوو (بەتایبەت کە خاڵی پیاوێکی زۆر ساڵح و بۆخوا سولّحاو بوو) .

که گەڕایەوە ماڵەوە مژدە یان دایە کە کوڕی بووە، لە خۆشیا هاواری کرد، خەوەکە هاتــە دی، خەوەکە هاتەدی.
وتیان ناوی دەنێی چی؟ وتی ناوی دەنێم ئەمین.
براژنەکەی منداڵێکی هەبوو زۆری خۆشدەویست ناوی (محمد) بوو، (ئەمین) ی هەڵگرت و بردی ناوی تۆمار بکات، کە پرسیاریان لێکرد ناوی چییە؟ وتی: ناوی (محمد) ە، بــەم شــێوەیە نــاوی (محمد) ی بەنسیب بوو. تا ماوەیــەکی زۆر لەدێکەیانــدا بــە (ئــەمین) بانگیــان دەکــرد و لــە تەسکەرەشدا ناوی (محمد) بوو.

## فــرۆفــێڵی منــداڵــی

شێخ محمد متولی شعراوی دەڵێت: لە منداڵیمدا حەزم نەدەکرد لە فەلاحەت و زەراعــەت دوورکەومەوە، باوکیشم بە پێچەوانەوە حەزی دەکرد ڕێی خوێندن بگرمەبەر.
جارێکیان باوکم بردمی لەسەرەتایی ئەزهەر وەرگیرێم چاوی خۆمم بــە ســابون و کــەف و دۆشاوی تەماتە سور سور کردەوە بۆ ئەوەی وەرم نەگرن کەچی دواتر زانیم کــوێریش وەردەگــرن، ئەوەی کردم سودی نەبوو. پاشان پرسیاریان لێکــردین چــی دەزانــین و چــیمان لەبــەرە، واخــۆم پیشاندا کە هیچی وام لەبەرنیە و هیچ نازانم، ئەوەش دایی نەدام و لەئەزهەر وەرگیرام.
لە پۆلی سێی ئەزهەر بووم لە (زەقازیق) باوکم ژووری بۆ گرتبووم، باوکم هات پــەڕاوی پۆلی سێیەمم بۆ بکڕێت، مــنیش کتێبێکی زۆر زۆرم پێکڕی بۆ ئەوەی باوکم بێزارکەم و نەتوانێ مەسرەفم بکاو وازبهێنم.
کتێبێکی زۆرم پێکڕی و هێنامانەوە ژوورەکەم و ئەوشەوە بەرگمان تێگرتن، بەیانی هاتم خواحافیزی لە باوکم بکەم ئەو لە فارغۆنی شەمەندەفەرەکەدا بوو، مــنیش لــە ســەر شۆســتەکە وەستا بووم پێی وتم:
کوڕم ئەمین گوێت لێبێت، وتم: بەڵێ فەرموو!
وتی: پەڕاوی پۆلی سێ بایی سی قرشێك دەبێت.
وەئەمەشت بۆیە پێدەڵێم تا بزانیت باوکت گێل نیە.

ئنجا شەمەندەفەرەکە کەوتە جولّە و دوا قسەی وتی: بەوەی تیایەتی خوا سودت پێبگەیەنێت.
ئیتر لەو ساتەوەختەوە ژیانم گۆڕدرا، بە ڕاستی بوومە قوتابی و هەولّی فێربوونم دا، وازم لە فڕوفێلّ و ئیشی منالاّنە هێنا.

## شەعراوی و شێخی ئەزهەر

سادات زۆر هەولّیدا بیکا بەشێخی ئەزهەر ئەمیش شەرت و شروتی زۆری دانا تارِازی نەبن و وازی لێبێنن، دیارە ئەم حەزی پێنەدەکرد، کەچی دوو زمانیان کردبوو لای شێخی ئەزهەری ئەوکاتە (شێخ بیصار) گوایە شێخ شەعراوی دەیەوێ ببێتە شێخی ئەزهەر، کەلەڕاستیشدا وانەبوو، ئەمەش وای لێکرد کەهەرچەند شەعراوی دەرچووی ئەزهەر بوو، جلی ئەزهەری داناو تەنها گەلەبیەیەکی لەبەردەکردو کلاّوێکی لەسەر دەکرد ، بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کەبەتەمای شێخایەتی ئەزهەر نیە.

## تەفسیرەکەی شێخ شەعراوی

شێخ هەفتانە چوار جار لەتەلەفزیۆنی میسردا تەفسیرەکەی لێ ئەدرا، ئەمەش ئیسرائیلی بێتاقەت کرد، بۆیە (مناحیم بێگن) کەسەرۆك وەزیرانی ئەوکاتە بوو وتی: تەفسیرکردنی ئەو ئایەتانەی لەبارەی جولەکەوەیە لەلایەن شەعراوییەوە پرۆسەی ئاشتی تێك ئەدات.
ڕۆژنامەو گۆڤارە ئەمریکیەکانیش بەئاشکرا داوایان دەکرد کەئەم پیاوە بێدەنگ بکەن.
ئیتر لەژێر فشاری زۆردا هەفتەی یەکجار بەرنامەی تەفسیرەکەی لەتەلەفزیۆندا دائەبەزی.

## شێخ شەعراوی و مەلیك حسین

شێخ شەعراوی دەلّێت: لەسعودیە مامۆستای کۆلێژی شەریعە بووم، داوەتنامەیەکم لەئەردەنەوە بۆهات کەسەردانی ئەردەن بکەم و هەندێ وتار بدەم، کە چوومە ئەردەن، سێ سەعات چاوم بەمەلیك حسێن کەوت و، وێنەیەکیان پێشکەش کردم کەبەخەتی خۆی یادگارییەکی بۆ نوسیبوم ئەوەی سەیر بوو نوسیبوی: (أمین محمد متولی شعراوی)

بەیاوەرەکەمم وت: کەموخابەرات بـوو، چـۆن دەزانـن نـاوم ئەمینـە، چـونکە تـەنها خـەڵکی لادێکەمان لەمنداڵیدا بەئەمین بانگیان دەکردم، کابرا پێکەنیو وتی: پێش ئەوەی بانگت بکەین هەموو زانیاریەکمان لەدێکەتان لەسەرت کۆکردۆتـەوە، تەنانـەت نـاوی دایکیشـت، وتم: باشـە دایکم ناوی چییە؟ موخابەراتەکە وتی: ناوی حەبیبەیە وانیە؟ وتم: راست دەکەی وایە.

## نوێــژی بــارانبــارین

لە جەزائیر سەرۆکی ئەوکاتە (هـواری بۆمـدین) ، بەنـداوی (غـرین) ی کـردەوە و، لـە وتارەکەیدا وتی:

سوپاس بۆ خوا، بەنداوی (غرین) مان دروستکرد، ئەم بەنداوە ئەوەندە مەتر سێجا ئاو دەگرێت، دەتوانن زەرعاتی لەبەردابکەن باران ببارێت یان نا، عیبارەتەکەیم لا جوان نـەبوو، بـە وەزیـری دەرەوەیانم وت: بە سەرۆك بڵێ: قسەکەی هەڵەیە، لە ناحیەی شەرعیش و زانستیشـەوە، ئەگـەر باران نەبارێت بەنداوەکەش ئاوی تیا نابێت. خوا کردی پاش چەند هەفتەیەك بێبـارانی دەسـتی پێکرد، بۆیە ناچار بوون، نوێژی باران بارین بکەن، هی واهەبوو گاڵتەی بـە وەزعەکـە دەهـات، نوێژی چی و بارانی چی!

لە مزگەوتی گەورە لەگەڵ وەزیری ئەوقاف دا چاوەڕێی سەرۆکمان دەکرد بێت و نوێژەکـە بکەین، پاش ماوەیەك سەرۆك بۆمدین هات و پێش ئەوەی دانیشێت، بە وەزیـری ئـەوقافم وت: بە سەرۆك بڵێ دوو رکات نوێژی تەحیەتول مەسجید بکات، خۆت دەزانی ئێمە هاتوین، دەسـت لە خوا پان دەکەینەوە و سواڵی لێدەکەین. وەزیری ئەوقاف چوو پێی وت و دوو رکات نوێژەکەی کرد، دوایی نوێژی بارانبارینەکەشمان کردو، بێدەنگ دانیشتین، زۆری پێچوو، بە یەکێك لەوانەی تەنیشتم وت: تاکەی وادانیشین، بابڕۆینەوە ماڵەوە؟ وتی: بێدەنگ بە، بێدەنگ بە!

وتم: بۆ چی بووە؟!

وتی: ئەی نازانی لەدەرەوە باران دەبارێت.

وتم: بەڕاستە، وتی: بەڵێ. چوون چەتر بێنن بۆ سەرۆك تا تەڕنەبێت.

وتم: سوپاس بۆ خوا، سوپاس بۆ خوا، شەرت بێ لەم مزگەوتە تا دوای نوێژی ئێوارە دەرناچم،

وەك شوكرێك بۆخوا کەستری کردین و دوژمنانمان پێخۆش نەبوو، بە دوعای موسڵمانان بارانەکە باری[٣٨]!

## شـۆڕشـگێڕی راسـتەقیـنە!

شێخ شەعراوی دەڵێت: فەریق عبدالرحمان سوار الذهب بۆ ئەوەی خوێن نەڕژێت، لەسۆدان کەبارودۆخەکە شێوا، شۆڕشی کرد بەسەر نومەیریداو حوکمی گرتە دەست، دواتر چەند جارێك سەردانی کردم، منیش ئامۆژگاریم کرد، کەوەك ئەو گەورەییەو سەروەریەی بۆ خۆی تۆمارکرد، دەست لەکار بکێشێتەوە بەئاشتیانە بۆ ئەوەی ئەوەندەی تر گەورەبێت و گەل بڕیاری خۆیان بدەن، ئەویش بەقسەی کردم و ئەوەندەی تر لەبەرچاوی گەلەکەیو خەڵکانی تر گەورەبوو.

بە ڕاستی شۆڕشگێڕ کە شۆڕش دەکات بەسەر فەساد و خراپەدا، ئەبێ هێوربێتەوە دوای شۆڕشەکە تابتوانێ سەروەری تر تۆمار بکات و بینا بکات، بەڵام هەر بەو شێوازەی پێشوو بەردەوام بێ ئەگەر ئەو پەیژەیەی پیایا سەردەکەوێ بۆ دەسەڵات، پێی دانەبەزێت، ئەوا ناتوانێت بینا بکات.

(بەڕاستی هەروایە، لای خۆشمان شۆڕش کراو ئەو هەموو قوربانی یە درا ، کەچی کە دەسەڵات کەوتە دەستیان ئەوا بیست ساڵە وڵاتیان بەو دەردە برد کە هەموو کەس دەیبینێت، ئەگەر گەندەڵیەکانیان کۆبکرێنەوە ئەبێتە یەکێ لە شتە سەرسوڕهێنەکانی جیهان. ئەوەندە گلەیی کرا، سەرکردەیەکی گەورە وتی: خۆ ئێمە کۆمەڵێك چەتە نین دزیمان کردبێ و لە نێوان خۆماندا بەشی بکەین!! کورد بدوێنە شەرعی خۆی دەکات، بەڕاستی چاکی پێکاوە، دوو کۆمپانیای زەبەلاح چی هەبوو هەڵیانلوشی، ملیارەها دۆلاری نەوت و ملیارەهای گومرگ و. . هتد!!

تازە لە سەرەتای ٢٠١١دا رۆژنامەکان باسی پرۆژەی وەهمی دەکەن کە ملیۆنەها دۆلار بەهۆیانەوە دەبەن بۆ خۆیان، ئەمە بێجگە لەوەی کە خەڵکانێکی زۆری خۆیان مووچەی فەرمانبەری وەردەگرن و دەنگیان هەیەو رەنگیان نیە، ئنجا خەڵکێکی زۆری خۆیان بە پلەی وەزیرو راوێژکار خانەنشین کرد کە ساڵانە ملیارەها دینار بەناهەق بە فیڕۆ دەچێت) .

---

[٣٩]– ل٤٨ الشيخ الشعراوی وحديثی الذكريات) (محمد المنشاوی).



شێخ شعراوی

❊❊❊❊

## ئەحمەد شـــەوقی شـاعیر

شێخ شەعراوی دەڵێت: هەر لەکاتی لاویمەوە زۆر سەرسام بووم بە شاعیری گەورە ئەحمەد شەوقی، تا جارێك ئەم دێڕە شیعرەی وت دوای رەمەزان:

رمضان ولى هاتها ياساقى        مشتاقة تسعى الى مشتاق

ئەم دێڕەم زۆر پێناخۆش بوو، تا جارێك لە قاهیرە بینیم و گلەیم لێکرد، ئەویش پێکەنی و وتی: ئـەو ئایەتـەتان نەخوێندۆتـەوە کەدەفـەرمویێت:﴿ أَلَمْ تَرَ أَنَّهُمْ فِي كُلِّ وَادٍ يَهِيمُونَ ﴿٢٢٥﴾ وَأَنَّهُمْ يَقُولُونَ مَا لَا يَفْعَلُونَ ﴿٢٢٦﴾ ﴾ الشعراء .

بەڕاستی وەڵامەکەی لەجێی خۆیدا بوو، دوای شەش مانگ لەم چاوپێکەوتنە کۆچی دوایی کرد[٣٩] .

جا کاتێك (طه حسين) پەڕاوی (الشعر الجاهلى) نووسی ئەحمەد شەوقی بۆی نوسی (يـا متـابع الملاحدة، ومشايع العصبة الجاحدة، ما للأعمى و المرآة، وما للمقعد والمرقاة، ومالك والبحث عن الله) .

---

[٤٠]– ل٥٢/ الشيخ الشعراوى وحديثى الذكريات) (محمد المنشاوى).

شایانی باسە لە کۆتایی ژیانیدا طـە حسین تەنها گوێی لەقورئان دەگرت و لە زۆر لـەو شـتانەی وتبوی دیاربوو پەشیمان بوو[٤٠].

## شـەعراوی و شـکاندنی نەفـس

جارێك لەکۆنفرانسێکی گەورەدا بەشداری کرد، ئەوەندە ئامادەبوان پێی سەرسـام بـوون، بەئوتۆمبێلەکەیەوە بەرزیان کردەوە، ئەویش لەترسی نەفس و شەیتان، لەترسی لەخۆبایی بوون، بۆ بەیانی دوای نوێژ چوو بەدزیەوە ئاودەستەکانی مزگەوتی پاك کردەوە[٤١]!

## بەخشـندەیی شـێخ شـەعراوی

ئەوانەی لەگەڵ ناوبراودا بوون شایەتی بۆ ئەدەن کە زۆر دەستی کراوە بووە بـۆ هـەژار و لێقەومان، ئەمە بێجگە لەوەی کە بوو بە وەزیری ئەوقاف، وەزارەت پارەیەکی ئـەوتۆی نـەبوو، ناچار لەو پارەیەی کە بەڕەنجی شان لە سعودیە بە مامۆستایی کۆی کردبووەوە سەرفی دەکرد بۆ ئەو میوانانەی کە ڕوویان دەکردە وەزارەت، تا هاواری برد بۆ حکومەت کـە زوو دەسـتبەرداری بن، بۆ ئەوەی چی پاشەکەوت کردووە تیانەچێت.

هەروەها جارێك وەزیرێکی پێشووی ئەوقاف ملیۆن و نیوێك جونەیهی لێ قـەرزدەکات و چەکێکی بێ ڕەصیدی ئەداتێ کە ئەگەر لەکاتی خۆیدا نەیگێڕایەوە بیداتە مەحکەمـەو بەنـدی بکات، ماوەیەکی زۆری پێچوو، داوای کردەوە لێی دەسـتی دەسـتی پێـدەکرد، ناچـار لـەداخا چەکەکەشی دڕی و وتی: حەواڵە بـەخوای دەکـەم! هـەروەها وتـی: ئەگـەر وەزیرێکـی ئـەوقاف لەوەزیرێکی ئەوقاف دزی بکات، ئەبێ لەوەزارەتەکـەی چـەندی دزیبـێ،﴿...حَسْبُنَا ٱللَّهُ وَنِعْمَ ٱلْوَكِيلُ ﴿١٧٣﴾﴾ آل عمران.

بەڵێ ئەمە حاڵی زۆر لە وەزیر و کاربەدەستی ئەم وڵاتانەیە، بەڕاسـت و چـەپ ئـەدزن و هەر ئەوەندەی دەچنە ئەو پۆستانەوە، وەکو گیرفانی دڕاویان لێدێت بە هیچ پڕنابنەوە.

---

[٤١]– ل٥٦/ الشيخ الشعراوى وحديث الذكريات) (محمد المنشاوى).

[٤٢]– ل٧٨/ الشيخ الشعراوى وحديث الذكريات) (محمد المنشاوى).

## ئامۆژگـاری شـێخ شـەعراوی بۆ گەنجان

لاوان پێوستە سوود لە ئەزموونی لە خۆیان گەورەتر وەرگرن، کە بەوەش تەمـەنیان پـان دەبێت، چونکە تەمەن کەس ناتوانیٚ کورت و درێژی بکات، بەلاّم دەکرێت پان ببێت.

من باوکم زۆر شادمان دەبوو کە هاوەڵی کەسانی لەخۆم گـەورەترم دەکـردو سـوودم لیٚ دەبینین، من شەرمم لیٚ دەکردن و گەورانە ڕەفتارم دەکـرد، تەنانـەت سـەردەمی هـەرزەکاریم ڕۆیشت و هەستم پێنەکرد[٤٢].

## بیناکردنی کۆمـەڵگایەکی ئاینی زانسـتی تەندروسـتی

شێخ شەعراوی کۆمەڵگایەکی ئاینی زانستی تەندروستی لـە دێکـەیان دروسـتکرد کـە شانزە ملیۆن جونەیهی تێچوو، کە دێکەیان و دێکانی دەوروبـەری سـوودی زۆریـان لێـدەبینی، هەروەها یارمەتی دووسەدو پەنجا خێزانی هەژاری ئەدا و مانگانە موچەی بۆ بڕیبوونەوە.

جارێك چواردە هەزار جونەیهی دا بۆ ژنێکی دراوسێیان سووتابوو، وە پارەی چارەسەرکردنی نەبوو.

ڕەمەزان لەپێنج شوێن بۆ بەربانگ و پارشێو نانی ئەدا بەهەژاران و خواردن ئامادە دەکرا.

هەموو جومعەیەك پەنجا داوانامەی دەنارد بۆ نەخۆشخانەکان کەکیٚ پارەی چارەسەری نیە تابۆی بدات.

ئەو جائیزەیەی لە ئیمارات وەریگرت کە پارەیەکی زۆربوو، بەخشی و کردی بە وەقـف بـۆ ئـەو قوتابیانەی کە لە مالیزیا و ئەندۆنیسیاوە دێن بۆ خوێندن و هەژارن[٤٣].

## تەفسـیری قـورئان

شـێخ شـەعراوی تـوانی بـەهۆی تەفسـیرەکەیەوە لـە تەلەفزیۆنـدا، قورئـان بگەیەنێتـە خەڵکانێکی زۆری خوێندەوار و نەخوێندەوار، ڕۆژێك کابرایەك بە یەکێك دەڵێت: (تعال مـع مـا

---

[٤٣]– ل٨٢.

[٤٤]– ل٣٨/ (محمد متولی شعراوی جولة في فكرة الموسوعی الفسیح)د.محمد رجب البیومی.

معك لنفطر جميعا فى الرمضان) ، كابرایەكی نەخوێندەوار بۆی راستكردەوەو وتی: ئەبێ (مـن) بەكاربهێنی لە جیاتی (ما) چونكە (ما) بۆ (غـير عاقـل) ەو (مـن) بـۆ (عاقـل) ە، شـێخ شەعراوی زۆر ئەمەی دووبارە كردۆتـەوە، كـابرا پێكـەنی و وتـی: بەڕاسـتی شـێخ شـەعراوی جوتیارەكانیشی كردووە بەزانا[٤٤].

من قوتابی لەویـش كەمترم: لەڕۆژنامەی (صـوت شـربين) دا، كـە يانـەی شـەربينی وەرزشـی لەمەدینە دەری دەكرد، زانایەك كەسەرۆكی **بیعثـە ی** ئەزهـەر بـوو لەمەككـە وتبـووی: شـێخ شەعراوی لەمەككـە لای مـن قوتـابی بـووەو تەجویـدم فێركـردووە. كـە قسـەكە گەیشـتەوە بەشەعراوی وتی: جا بۆ نەیوتووە كە (نحو، صرف، بلاغة، أصول فقـه) یشم لاخوێندووە، خۆ من بەدرۆی ناخەمەوە، من خۆم بەقوتابی ئەو و لەو كەمتریش دەزانم. [٤٥]

## شـێخ سـالم فـلاحات

یەكێكە لە سەركردەكانی برایانی ئەردەن و دەڵێت: زۆرجار لێرە و لەوێ بەنیەتی چـاك و بەنیەتی خراپ دەوترێت، تازە موسڵمانان تەواو، تازە حەرەكەی ئیسـلامی هیچـی پێناكرێـت، دیارە نموونەی نەشیاو هەیە كە مرۆڤ تووشی بێهیوایی دەكات، بەڵام فەرمایشتی حەزرەتەﷺكە هەركەس بڵێ موسڵمانان تیاچوون، تەنها خۆی تیاچووە (من قال: هلك المسلمون فهو أهلكهم) . موسلیم لە ئەبو هورەیرەوە – ٤٨٦١ –

رەمەزان زۆر گەرم بوو، خواخوام بوو ئێوارە بێت و رۆژووەكەم بشكێنم و بەپەرداخێك ئاو فێنكی بێت بەگیانما، ئنجا لەرەمەزاندا زۆر ئیلتیزامات و كارم هەیە، برایەكی خۆشەویستم لـە (زەرقا) بانگهێشتی كردم بۆ رۆژوو شكاندن لە ماڵیان، بەڕاستی حـەزم نـەدەكرد بچـم، بـەڵام سووربوو لەسەر چوونم، ناچار چـووم و چـەند كەسـێكی تـری سـەركردایەتی برایانیشـی بـانگ كردبوو، پێش بانگ هۆی داوەتەكەی بۆ باسكردین، كەبرایەك بەناوی (ناصـر فـؤاد عبـدالجليل)

[٤٥]– ل٤٠/ (محمد متولی شعراوی جولة في فكرة الموسوعی الفسیح)د.محمد رجب البیومی

[٤٦]– ل٤١/ (محمد متولی شعراوی جولة في فكرة الموسوعی الفسیح)د.محمد رجب البیومی

هەرچەند برایەکی زۆر دیار نیە، کەدەبینێ برایەکی موسڵمانی بەناوی (عبدالمجید الجیوسی) گیری خواردووە بەدەست گورچیلەکانیەوەو هەفتانە گورچیلەکانی بۆ دەشۆن و ژیـانی لەمەترسـیدایەو بەزەرعی گورچیلەیەك رزگاری دەبێت، بە کەسوکاری عبدالمجیدی وت: من ئامـادەم (للە فی اللە) گورچیلەیەکی خۆمی بدەمێ، ئەگەر بۆی ببێت. ئەوانیش بەسوپاسەوە چـوون پشـکنینیان بـۆ کرد، گورچیلەکەی بۆ دەبوو، بۆیە چوون نەشتەرگەریان بۆ کردو بەڕەزامەندی تەواوی خۆی، بـێ هیچ بەرامبەرێك گورچیلەیەکی خۆی دایەو ژیانی ئەو برایەی رزگارکرد.

بەڕاسـتی کەئـەو دوو برایـەم بینـی لـەو ماڵـەو ئـەو ئایەتـەم بیرکەوتـەوە﴿...وَمَنۡ أَحۡيَاهَا فَكَأَنَّمَآ أَحۡيَا ٱلنَّاسَ جَمِيعٗاۚ ...﴿٣٢﴾﴾ المائدة .

بەڕاستی لوتکەی لەخۆبوردن و بۆخوا ژیان و برایەتییە کەسێك گورچیلەکی خـۆی ببەخشـێت و ژیانی کەسێك رزگار بکات، بەڕاستی ئەم هەڵوێسـتە مەردانەیـە مەگـەر لـە دەسـت هـاوەڵان هاتبێت[٤٦].

بەڕاستی بەم مەوقیفە تینویەتیم بیرچووەوە و زۆر سوپاسی خوام کرد کـە هێشـتا ئـەهلی خێـر ماون و کەسانێك هەن بەڕاستی بۆ خوا دەژین و راست دەکەن لەگەڵ خوا و عەبدەکانی خوادا.



شیخ سالم فلاحات

[٤٧]– (الجتمع/ ١٩٢٠/ ٢٠١٠/٩/٢٥).

## دكتۆر جاسـم موتەوەع

لە بەرنامەی (**بیوت عـامرة**) لە کەناڵی (اقرأ) دا دەڵێت: لە کوەیت کۆمەڵێك لەوانـەی کە لە نەخۆشی شـێرپەنجە چـاك بوونەتـەوە، تیمێکیـان دروسـتکردووە بـە نـاوی (فریـق دعـم **الایجابی**) ، ئەمانە سەردانی نەخۆشی شێرپەنجە دەکەن، ژنـان بـۆ لای ژنـان و پیـاوان بـۆ لای پیاوان، ئەوانە بە خۆبەخشی کاردەکەن و هیـوا دەگێڕنـەوە بـۆ ئـەو کەسـانەی کەتووشـی ئـەو نەخۆشییە دەبن و بۆ کەسوکاریان، وەپێیان دەڵـێن: ئـەوەتا ئێمـەش ئـەو نەخۆشـیەمان بـووەو چاکیش بووینەتەوە.

بەڕاستی وڵاتی کوەیت کاری چاکی لەو جۆرەیان زۆرە، لیژنەیەکی تریـان هەیـە بـۆ چارەسـەری ئەوانەی ئالودەبوون بەمادە هۆشبەرەکانەوە. کـە بەڕاسـتی بـەو کۆمەڵـە و لیژنانـە خزمـەتی باشیان بەکۆمەڵگەکەی خۆیان کردووە.

وڵاتی کوەیت سەروەرییەکی تری بۆ خۆی تۆمارکرد ، ئـەویش بـەوەی کـە یـەکێك لـە بنەماڵەی ئەمیرەکان بازرگانی دەکرد بە مادە هۆشبەرەکانەوەو دەستگیرکرا ،تکاو ڕجای دنیای بۆ کرا سوودی نەبوو لەسێدارەیاندا کەبەمەش سەلماندیان یاسا سەروەرەو بەسەر هەمواندا بـەبێ جیاوازی جێ بەجێ دەکرێت.

## خەوات کـوڕی جوبـەیری ئەنسـاری

ئیبن حەجەر لە پەڕاوی (الإصـابة) دا ئەم بەسەرهاتەی هێناوە، کـە خـەوات شـاعیرێکی جاهیلی بوو لە مەدینە، هـۆنراوەی دەوت بەسـەر ئافرەتانـدا و نوکتـە و دەنگوباسـی لـە نـاو عەرەبدا بڵاوبوو.

خۆی بۆمان دەگێڕێتەوە و دەڵێت: تازە موسڵمان بوو بووم لەگەڵ حەزرەتداﷺ دەرچووین لە دۆڵێکی مەککە بەناوی (**ظهران**) خێمەمان هەڵدابوو، شەوێك کە مانگـە شـەو بـوو هاتمـە دەرەوە چەند ئافرەتێکی ناوچـەکەم بینـی دانیشـتبوون و قسـەیان دەکـرد، منـیش گەڕامـەوە خێمەکەم خۆم گۆڕی و هاتمە لایان قسەیان لەگەڵ بکەم و هۆنراوەیان بـۆ بخوێنمـەوە، لەوکاتـەدا حەزرەتﷺهاتە دەرەوە بۆ ئیشی خۆی و منی بینی لەگەڵ ئافرەتەکانـدا و فـەرمووی: بـاوکی

عبدالله چی دەکەی بەم شەوە؟! زۆر تەریق بوومەوە و بۆ پینەی حالّی خۆم وتم: حوشترەکەم بەرەڵابووە.

دوای ئەوە حەزرەتﷺ لەمەدینە بینیمیەوە فەرمووی: مەسەلەی حوشترەکەت بوو بەچی؟

منیش لە شەرم و تەریقیدا نە ئەچووم بۆ مزگەوت تا حەزرەتﷺ نەبینم، تا رۆژێک هەستم کرد کە حەزرەتﷺلە مزگەوتا نییە، چووم نوێژ بکەم، هەستم کرد حەزرەتﷺلەماڵی خۆیان هاتە دەرەوە و دوو ڕکات نوێژی کرد و دانیشت، منیش نوێژەکەم درێژکردەوە بەڵکو هەستێ و بڕوات، ئەویش فەرمووی: وامن دانیشتووم چەند نوێژەکەت درێژدەکەیتەوە بیکە!!

ناچار نوێژەکەم تەواو کردو چوومە خزمەتی و وتم: ئەی پێغەمبەری خوا لەو کاتەدا لاوازبووم و گوناهێکی وام کرد، ئەویش بەزەردەخەنەوە فەرمووی: خوا رەحمت پێبکات، خوا رەحمت پێبکات. .

خۆزگەمان بەخۆتان کە بەڕووی گەشی نوورینی حەزرەتﷺشاد دەبوون، خۆزگەمان بەخۆتان کەدوعای خێری بۆ دەکردن، خۆزگەمان بەخۆتان ئەی ئەو خوا پێداوانەی کەپەروەردەی دەستی حەزرەت ﷺبوون. . (مەحوی) شاعیر دەڵێت:

کەسێ جێ هەڵتروشکانێکی لەوبەر قاپیە دەستکەوت
بەعاری دێ بڵێت ئەم جێگە وەك تەختی سولەیمانە
خواپێداوەکانی فائیزی ئیکسیری صوحبەت بوون
چ من، چی تۆ، مەلائیك، ئەنبیا خۆزگەی بەخۆیانە
بەنووری عەکسی پێغەمبەر ئەوەندە مونعەکیس بووبوون
غەریبی تازە هاتوو دەیوت ئەم پێغەمبەرستانە[47]

[48]– ل٤٤٠ دیوانی مەحوی.

# پاشماوەی جاهیلیەت

کاتێك کەسێك تەوبە دەکات، نەفسی بۆ هەوا دەشنێ وەکو منداڵ، دڵی هێشتا پاشماوەی جاهیلیەت و نەفامی تیایە و هێشتا بە تەواوی پاك نەبۆتەوە، ئەمەش ئەوەیە کە حەزرەتﷺ ئاماژەی بۆ کردووە کاتێك ئەبو زەری غیفاری بە بیلالی وت: کوڕی ژنە ڕەشەکە و تانەی لێدا، حەزرەتﷺفەرمووی: جیاوازی نیە لەنێوان ڕەش و سپی دا و تۆ هێشتا نەفامیت تێداماوە (إنك أمروء فيك الجاهلية) . .

حەزرەتﷺ کە مامۆستای مامۆستاکانە هەوڵی ئەدا هاوەڵانی لە پاشماوەی نەفامی پاك بکاتەوە، فێری موجاهەدەی نەفسی دەکردن، لە هەڵە و کەموکوڕیەکانیان بێدەنگ نەدەبوو، کاتێك (ماعیز) زینای کرد و هاتە خزمەت پێغەمبەرﷺ تاپاکی بکاتەوە و ئەویش حوکمی خوای بەسەردا جێبەجێ کرد و ڕەجم کرا، لە گەڕانەوەدا هاوەڵێك بە هاوەڵێکی تری وت: خوا ستری کردبوو، چۆن خۆی نەگرت و وەکو سەگ ڕەجم کرا، حەزرەتﷺ کەگوێی لەمە بوو، دەنگی نەکرد، تا لەکەلاوەیەکدا لاکی گوێدرێژێکی بینی، فەرمووی: کوا فلان وفلان، کە هاتن پێی فەرموون: بڕۆن لە گۆشتی ئەوە بخۆن، وتیان ئەی پێغەمبەری خواﷺ، خوا ڕەحمت پێبکات گۆشتی ئەوە چۆن دەخورێت؟! فەرمووی: ئەوەی بە براکەتان وت لە خواردنی گۆشتی ئەو مردارەوە بووە خراپترە، (أيحب أحدكم أن يأكل لحم أخيه ميتا فكرهتموه!)

ئێمە نابینە مەلائیکەت و شەیتان بەردەوام وەسوەسەمان پێدەکات تابمانبات بەرەو هەواو ئارەزوو، بۆیەئەبێ هەوڵ بدەین لەجیاتی ئەوە بیبەین بەرەو خۆشەویستی خوا، لەخۆشەویستی خواشەوە دەچین بەرەو خۆشیو لەززەت وەرگرتن لەعیبادەتی خوا. .

حەزرەتﷺ دوعای دەکرد و دەیفەرموو: (اللهم انی أسألك ايمانا كاملا و يقينا صادقا) جا ئەگەر ئەو وای فەرمووبێت کە لە هەمووان زیاتر ئیمانی کامڵ و دامەزراوترە و یەقینیشی لە هەمووان ڕاسترە ئەبێت ئێمە بڵێین چی؟ هەروەها دەیفەرموو: (اللهم انی أسألك لذة النظر الى وجهك والشوق الى لقائك) . . با لە خۆمان بپرسین، ئاخۆ هەست بە لەززەتی عیبادەت دەکەین، ئاخۆ داوای لەززەت و چێژی بینینی خوا دەکەین، ئاخۆ شەوق و حەزێکمان هەیە بۆ گەیشتنەوە بەخوا، یان ڕوومان نیە بمرین؟! حەزرەتﷺباسی مەسەلەی لەززەتی عیبادەت و

شیرینی ئیمانمان بۆ دەکات و دەفەرموێت: (سێ شت لە هەرکەسێکدا هەبێت شیرینی ئیمان دەچێژێت، یەکەم: خواو پێغەمبەری لە هەموو کەسێك خۆشتر بوێت،

دووەم: کەسێکی خۆش ویست لەبەر خوا خۆشی بوێت،

سێیەم:چەندی پێناخۆشە بخرێتە ئاگرەوە ئەوەندەشی پێناخۆش بێت بگەڕێتەوە سەر کوفر و بێباوەڕی) . بوخاری لە ئەنەسی کوری مالیکەوە ١٦

یان دەفەرموویت: (تامی ئیمان دەچێژێ کەسێك خوا بەپەروەردگاری خۆی بزانێ و بە ئیسلام ڕازی بێ کە ئاینی بێ و بە موحەمەدیش کە پێشەوا و پێغەمبەری بێت) . موسلیم ٧٤ - لە عباس ەوە

بۆیە سوننەتە لە ویردەکانی بەیانیان و ئێواران دا بلێین (رضيت بالله ربا وبالاسلام دينا و بمحمد نبيا ورسولا) . بەڵێ. . ئاخۆ دڵمان خۆشە بە یادو زیکری خوا، بە بەرنامەی خوا کە هەق وایە تەنها دڵ بەوە خۆش بکەین چونکە مایەی سەرفرازی دنیا و قیامەتە، حەزرەتﷺ دەفەرموویت: (إذا مررتم برياض الجنة فارتعوا) ترمذی لە ئەبو هورەیرەوە ٣٥٦١واتە: ئەگەر بەلای باخەکانی بەهەشتدا ڕۆیشتن، کە کۆڕی یادی خوا و زیکری خوایە کە کۆڕی فێربوون و فێرکردنی شەرعی خوایە، ئەوا لابدەن و لەززەتی لێوەرگرن و پێی دڵخۆش بن. مالیکی کوڕی دینار دەڵێت: (ماتلذذ المتلذذون بمثل ذكر الله) .

هەروەها قورئان لەمبارەیەوە دەفەرموێت:﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ قَدۡ جَآءَتۡكُم مَّوۡعِظَةٞ مِّن رَّبِّكُمۡ وَشِفَآءٞ لِّمَا فِي ٱلصُّدُورِ وَهُدٗى وَرَحۡمَةٞ لِّلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿٥٧﴾ قُلۡ بِفَضۡلِ ٱللَّهِ وَبِرَحۡمَتِهِۦ فَبِذَٰلِكَ فَلۡيَفۡرَحُواْ هُوَ خَيۡرٞ مِّمَّا يَجۡمَعُونَ ﴿٥٨﴾﴾ یونس.

## شێخ محمد حسین یعقوب بانگخوازێکی میسرییە

ناوبراودەڵێت: دەوڵەمەندێکی ملیۆنەر کە تەمەنی شەست و هەشتساڵێك دەبێت هات بۆلام و وتی: لەرسەردەمی لاویمدا لە **ئامادە**ی ئەزهەر بووم هەموو قورئانم لەبەربوو، باوکم حەزی دەکرد ئەو ڕێگایە بگرم، منیش بە پێچەوانەوە، ئەو قورئانەی لەبەرم بوو ئەتووت بارێکی قورسە بەسەر شانمەوە، شەوێکیان لەخەومدا قورئانێکم گرتبوو بەسنگمەوە پیاوێك

هات و لێی سەندم، بۆ بەیانی یەك وشەم لـەقورئان لەبیرنـەما، چـوومە دواناوەنـدی و وازم لـە ئەزهەر هێنا و تیجارەم تەواو کرد، کەوتمە بازرگانی و دەوڵەمەند بووم، ئـەوا دە سـاڵە هـەموو شەوێك بە گریانەوە دەخەوم بۆ ئەو قورئانەی کەلێم سەندرایەوە، ئێستا چی هەوڵدەدەم یەك وشە قورئانم بۆ لەبەرناکرێ!

بـــەڕاستی دنیا سەراب و تراویلکـەیەو سەرەنجامی پەشیمانییەو تینـوێتی ناشـکێنێ: ﴿ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَعۡمَٰلُهُمۡ كَسَرَابِۭ بِقِيعَةٖ يَحۡسَبُهُ ٱلظَّمۡـَٔانُ مَآءً حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَهُۥ لَمۡ يَجِدۡهُ شَيۡـٔٗا وَوَجَدَ ٱللَّهَ عِندَهُۥ فَوَفَّىٰهُ حِسَابَهُۥۗ وَٱللَّهُ سَرِيعُ ٱلۡحِسَابِ ٣٩ ﴾ النور .

حەزرەتﷺ دەفەرموێت: (الدنیا ملعونة، وملعون مافیها، الا ذکر الله وما والاه، وعالما ومتعلما) . ئیبن ماجە لە ئەبو هورەیرە ٤١٠٩

خەڵکی موونافەسەو پێشبڕکێو کێبەرکێ دەکەن لەسـەر دونیـا، هـەروەك بـیلال دەڵـێ: وازیان لێ بێنە با موونافەسەی خۆیان بکەن، تۆ موونافەسەی ئاخیرەتیان بکـە، تـا زیـاتر لـەخوا نزیك ببیتەوەو لەززەتی ئیمان و عیبادەت بچێژی.

لەبیلالیان پرسی چۆن بەرگەی ئەو هـەموو سـزایەت گـرت لـە قرچـەی گـەرما و لمـی سوورەبووی مەککەدا وتی: (مزجت مرارة العذاب بحلاوة الایمان، فطغت حلاوة الایمـان) . واتـە :تاڵاوی سزاکەم تێکەڵ بە شیرینی ئیمان کرد ، شیرینیەکە زاڵ بوو.

ئەبێ هەوڵ بدەین لەگەڵ نەفسی خۆمانداو رامـی بکـەین لەسـەر خواپەرستی، پیـاو باشـێك دەڵێت: ساڵێك عەزابم خوارد بەدەست نوێژەوە تانەفسی خـۆمم لەسـەر ڕاهـانی، پاشـان بیسـت سـاڵ لەززەتم لێبینی، مەگەر گەورەترین خۆشی حەزرەت لەنوێژدا نەبوو (وجعلت قرة عینی فی الصلاة) .

ئیبن قەیم دەڵێت: ئەگەر عیبادەت و چاکەت کردو لەززەتت لێوەرنەگرت بزانە، کارەکانت ناتەواوە، چونکە خوای گەورە (شکور) ە و سوپاسـت دەکـات لەسـەر کردەوەکانـت و پاداشـتت ئەداتەوە لەسەری، لەپاداشتەکانیشی ئەو خۆشیو لەززەتەیە کەپێت دەبەخشێت.

نورەدین زنکی و ژنەکەی لەخواترس بوون و بەڕاسـتی عیبادەتیـان دەکـرد، شـەوێکیان ژنەکەی بۆ شەونوێژ خەبەری نابێتەوەو شیوەنێکی زۆر دەکات، بۆیـە نـورەدین فـەرمان دەدات پاسەوانەکان هەموو شەوێك پێش نوێژی بەیانی تەپڵ لێبدەن (وەك رەمەزان) تا هاوسـەرەکەی هەستێ بۆ شەونوێژ.

## گەیشتن بە لەززەتی عیبادەت

بۆئەوەی تامی پەرستشەکان بکەین دەبێت :

١ - **جیهادی نەفسمان بکەین:** حەزرەتﷺ دەفەرمویێت: والكيس من دان نفسه وعمل لما بعد الموت، والعاجز من اتبع نفسه هواها وتمنى على الله) [48].

(المجاهد من جاهد نفسه لله - عزوجل - ) [49].

حەسەنی بەصری دەڵێت: (أفضل الجهاد مخالفة الهوى) .

یەکێك بەحەسەنی بەصری وت: نازانم چیمە، لەشم ساغەو حەزدەکەم هەستم بۆ شەونوێژ، کەچی ناتوانم هەستم، وتی: گوناهەکانت کەلەبچەیان کردویت.

هەندێ لەپیاوچاکان دەڵێن: (سقت نفسی الى الله وهی تبكی، فما زلت أسقوها حتى انساقت اليه وهی تضحك)﴿ وَٱلَّذِينَ جَٰهَدُواْ فِينَا لَنَهۡدِيَنَّهُمۡ سُبُلَنَاۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَمَعَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ٦٩ ﴾ العنكبوت .

٢ - **سوننەتکردنی زۆر** : لەفەرموودەی قودسیدا هاتووە: (وما يزال عبدي يتقرب الى بالنوافل حتى أحبه فاذا أحببته: كنت سمعه الذی يسمع به، وبصره الذی يبصر به، ويده التی يبطش بها، ورجله التی يمشی بها، وان سألنی لأعطينه، ولئن استعاذنی لأعيذنه) . **بخاری ٦١٤٦** لە ئەبوهورەیرەوە

٣ - **هاوەڵی پیاوچاکان بکەین** : ئیبن مبارك دەڵێت: کەسەیری رەنگ و روخساری (فضیل کوری عیاض ) م دەکرد خۆم لەبەرچاو دەکەوت.

٤ - **دوورکەوینەوە لەو شتانەی کەسەرقاڵمان دەکات:** (حەزرەت ﷺ قوماشێکی وێنەدار لەماڵیاندا بوو فەرمووی: لایبەن سەرقاڵم دەکات!) .

٥ - **یادی خوابکەین و هەست بکەینلەگەڵماندایە** :بەپیاوباشێکیان وت: هەست بە تەنهایی ناکەی؟ وتی: یەکێ لەگەڵ خوادا بێ چۆن هەست بە تەنهایی دەکات.

---

[48]– ئەحمەد لە شیداد کوری ئەوس ١٦٧٩٥.

[49]– ئیبن موبارەك لە فضالة بن عبيدەوە ژمارە١٧٥١.

یەکێکی تریش لەوەڵامی هەمان پرسیاردا وتی: چۆن هەست بە تەنهایی دەکەم لە کاتێکدا هەروەك لە فەرموودەدا هاتووە خوا دەفەرموێت: (وأنا معه اذا ذكرني) .

رابیعەی عەدەوی دەڵێت:

فليتك تحلو والحياة مريرة　　وليتك ترضى والأنام غضاب

وليت الذى بيني وبينك عامر　　وبيني وبين العالمين خراب

اذا صح منك الود فالكل هين　　وكل الذى فوق التراب تراب

٦ - **وازهێنان لەگوناهو سەرپێچی:** سزای گوناهو سەرپێچی نەمانی لەززەتی عیبادەت و موناجاتە، بۆیە وازهێنان لە گوناهو سەرپێچی و خواردنی حەڵاڵ مرۆڤ بەرزدەکاتەوە بە پلەکانی ئیمان و ئیسلامەتیدا.

٧ - **دوعاکردن بۆ دەستکەوتنی لەززەتی عیبادەت:** بەڕاستی تەلەفزیۆن و موسەلسەلات و هۆکارەکانی تری راگەیاندن بە جۆرێك سەرقاڵیان دروستکردووە، تەنانەت رەمەزان بووە بەمانگی موسەلسەلاتی تازەو پێشبڕکێ ، کەناڵەکان لە هەوڵدان زۆرترین بینەریان هەبێت ، کەبەمەش لەززەت و بەرزبوونەوەی رۆح لە رەمەزاندا کەم دەبێتەوە.

## موسڵمانبوونی وەزیرێکی ئیتاڵی

وەزیری پەرلەمانی نێودەوڵەتی بۆ کاروباری ئاسایش و ئاشتی بۆ کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەلفریدۆ مایۆلیز باسی موسڵمانبوونی خۆی دەکات لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ د. **محمد عوضی** لەبەرنامەی (بيني وبينكم) دا.

دکتۆر **عوضی**: کەگەیشتیتە لامان یەکسەر بەتەلەفۆن هەواڵی دایك و باوکت پرسی ، هۆکەی چییە؟

دکتۆر ئەلفریدۆ: ئیسلامی پیرۆز هانمان دەدات لەسەر رێزگرتن و چاکەکردن لەگەڵ دایك و باوکدا، مەگەر بەهەشت لەژێر پێی دایکاندا نیە، مەگەر حەزرەتﷺ سێجار نەیفەرمووە: دایکت دوایی باوکت؟!

دکتۆر عوضی: ئێمە وەك وەزیرێـك بیتاقـەی دەرەجەیـەکی (بـزنس) مـان بـۆ بڕیـت، بۆچـی بەدەرەجە دوو هاتی؟! لەکاتێکدا ئێمە کەسی وامـان هەیـە بـەناو بـانگخوازو زانایـە، بلیتـی دەرەجەیەکی بۆ نەبڕن رازی نابێت وناچێ بۆ کۆنفرانسێك، ئەگەر بۆ سەرخسـتنی رسـول الله ش بێتﷺ؟!

د. ئەلفریدۆ: من کە هاتووم بۆ ئێرە وەك بانگخوازێك هاتووم نەك وەزیر، ئنجـا مـن پاداشـتم لای خوایە و بانگخواز ئەبێت (**متواضـع**) بێـت، مـن زۆرم خوێندۆتـەوە لـە سـەر هـاوەڵان و **تواضـعیان** مەگەر نابێـت چـاویان لێبکـەین؟؟ ئێمـە چـاوەڕێی پاداشـتی خـوای گـەورەین، ئـەوەی دەگەڕێتەوە و زیاد دەبێت لەو بلیتە لە دەرەجە یەکەوە بۆ دەرەجە دوو لە ڕێی خوادا بەختی بکەن.

دکتۆر عوضی: باشە باسی موسڵمانبوونی خۆتمان بۆ بکە.

دکتۆر ئەلفرۆید: ساڵی **١٩٨٣** کە تەمـەنم **١٧**سـاڵێك دەبـوو چـووم بـۆ ئینگلتـەرا بـۆ خوێندنی ئینگلیزی، یەکەم جار بوو موسڵمان ببینم، بە ڕاستی من سوپاسی خوا دەکەم لەسـەر ئەو دیاریەی پێی بەخشیم و ئەو بەخششە زۆرەی پێیدام کە ناسـینی ئـەمیر عبـدالله ی کـوڕی فەیسەڵ الرشید بوو کە هاوتەمەنم بوو خەڵکی سعودیە بوو، ئەویش هـاتبوو زمـانی ئینگلیـزی دەخوێند و لە قوتابخانە یەکترمان ناسی، بە رەوشت و مامەڵەی جوانی ئیسلامی پێناساندم، بە ڕاستی ئەو گەوهەر بوو، من لەبەر خوا خۆشم دەوێت، هیوادارم خوا پاداشتی بداتەوە.

من گاور بووم یەکشەممان دەچووم بۆ کەنیسە، بەڵام لە١٤ساڵیەوە پرسیارم دەکـرد باشـە کە یەك خوا هەبێت بۆچی چەند ئاینێکی جیاواز هەیە؟

هاوەڵە ئیتاڵیەکانم دەیانویست بمبەن بەرەو مەی خواردنەوە و جگەرە و تلیـاك کێشـان، عبدالله پێی وتم: ئەوانە خراپن، حەرامن، هەرچـەند هاوتەمـەنم بـوو بـەڵام ئامۆژگـاری چـاکی دەکردم کە سوود بەخش بوو بۆ تەندروستی و بۆ ئیمانیشم. ئـەو هـەموو شـتێکی لەبەردەسـتا بوو، بەڵام خۆی دەگرتەوە لە بێ فەرمانی خوا، بە ڕاستی ئێوەی موسڵمان شتی چاکتان دا بـە ئێمە، کەچی بەداخەوە لەجیاتی زانست شتە خراپەکانتان لێوەرگرتین.

لەگەڵ عبدالله دا زۆر وڵات گەڕاین، بۆ نموونە لە میسر مۆڵەتی لێ دەخواستم و دەچـوو نوێژی دەکرد، نوێژکردنەکەی زۆر کاری تێکردم، ئەو بە ناڕاستەوخۆ بانگی دەکردم بـۆ ئیسـلام،

من زۆر نارەحەتیم چەشت لەڕێی ئیسلامدا، بۆیە نامەوێ بڕواکەم لـە دەسـت بـدەم و حـەزیش ناکەم کەس بڕواکەی لە دەست بدات.

پاشان لە تەمەنی ٢٦ساڵیدا چووم بۆ سەردانی عبداللە لە (ریـاض) ، خـوای گـەورە دوو ڕێگای بۆ کردمەوە ڕێگایەکی ئاسۆیی بەهۆی (ئەمیر عبـداللە) ەوە، وە ڕێگایـەکی عـەمودی لەگەڵ خوا خۆیدا و پەیوەندی کردن بە خوداوە.

خوای گەورە هەقت پیشان ئەدات ئەگەر داوای لێ بکەی، من دوعام کرد وتم: خوایە تـۆ پەروەردگاری منی وەڵامم بدەرەوەو یارمەتیم بدە موسڵمان بم.

هەروەها دوعام کرد کەموسڵمانان چەندەها جۆرن کامیان راستە و شوێن کامیان بکەوم؟!

هەروەها لەژن هێنانیشم دا دوعاو ئیستیخارەم کردو لەهەموویاندا خوای گەورە هات بەهانامەوە.

لەریاض خەوێکم دی، لەخـەوما دەنگێـك پێـی دەوتم: بـۆ موسـڵمان نـابی، پارچـەیەك نانیشی هەڵدایە سەرسەرم.

ئەمە وای لێکردم زیاتر بیربکەمەوە، کە گەڕامەوە لە ئیتاڵیـا ئینجیـل و قورئـانم خوێنـدەوە و پاش هەفتەیەك چوومە قوتابخانەیـەکی عـەرەبی و فێـری (لا الـه الا اللە ومحمـد رسـول اللە) و سورەتی فاتیحە بووم، شەوێکیان سەعات سێ لە خەو هەستام و ئاوم لە دەمم وەردا و سوجدەم برد و وتم (لا الـه الا اللە) ، ئنجا بە خۆم وت: باشە بۆ من ئەمە دەڵـێم کـە هێشـتا موسـڵمان نەبووم ؟

لە ریاض لە دیوانیە و مەجلیسێکیان دانیشتبووین، پیاوێك کە باوکی سعودی و دایکی ئیتاڵی بوو نامیلکەیەکی ئیتاڵی لە بارەی ئیسلامەوە دامێ، لە سێ ڕۆژدا خوێندمەوە. سەیرم کرد باسی ئیبراهیم و عیسا و موسای تیایەو هەموویان پێغەمبەرن و ئەو سەدوبیسـت و چـوار هەزار پێغەمبەرەی هاتوون (محمدﷺ) دواهەمینیانە.

من زۆر بیرم کردەوە بۆم دەرکەوت ئیسلام ئـاینێکی هەقـە، عبـداللە وتـی: بابچـین بـۆ مزگەوت، ببینە چۆن نوێژ دەکەین، لە ڕێگا دوعام کرد خوایە من دڵم بۆ تۆ کردۆتەوە چی هەق و راستییە ئەوە بخە دڵمەوە، نوێژێکم لەگەڵ کردن، هـەر بـە لاسـایی کردنـەوە، پـاش نوێژەکـە سبحان اللە فلیپپینیەکەم بینی لە مزگەوت قسەی لەگەڵ کردم و وتی: منـیش ئـەهلی کیتـابم و موسڵمانبووم و ناویشم ئەلفریدۆیە، سبحان اللە تێگەیشتم ئەمە نامەیەکە و خوا بۆ منی نارد!

سبحان الله لەخۆشی و بەختەوەریدا بۆ یەکەمجار گریام، چوین بۆ بنکەیەکی موسڵمانبوون لە ریاض و شایەتمانم هێنا.

پاش سێ رۆژ گەڕامەوە ئیتالْیا، نوێژی عەسرم کرد لە ژوورەکەی خۆمداو لە سوجدەدا بووم، دایکم هات بەسەردا و وتی کوڕم بەدوای چیدا دەگەڕێیت، نوێژەکەم نەبڕی و وەڵامم نەدایەوە. . دواتر چووم و باسی (ریاض) م بۆ کرد، بەڵام دایکم بە ئاسانی تێمنەگەیشت، پاش ماوەیەك رەمەزان هات و بە ڕۆژوو بووم، داوایان دەکرد لێم نان بخۆم منیش وتم: تا دوای بانگی ئێوارە نان ناخۆم، دایکم زۆری پێناخۆش بوو، وتی: دە منیش تا نان نەخۆی نان ناخۆم، هەموویان دژم بوون، دایك و باوك و برام، دایك و باوکم دەگریان بۆم، چووم بۆ لای ئامۆژنم تا یارمەتیم بدات، کەچی تەلەفۆنیان بۆکرد کە زۆرم لێبکات نان بخۆم، دە ساڵ نارەحەتیم چەشت بە دەستیانەوە، هەمیشە دوعام دەکرد خوا هاریکاریم بکا و ئەوانیشم بۆ هیدایەت بدات.

لە ئیتالْیا بانگەواز دەکەم، حەز دەکەم هەموو خەڵکی موسڵمان بن. لەگەڵ ئەهلی کیتابدا قسە دەکەم و بانگیان دەکەم بۆ ئیسلام، بەڵام ئەوەی رێگرە ئەوەیە هەندێ لە موسڵمانان دەبینن وەك پێویست نین و پابەندنین بە ئیسلامەوە و وێنەیەکی ناشرین و سەرمەشقێکی خراپن لەبەر چاویان، بە ناو موسڵمانن و دەخۆنەوە و دزی دەکەن. بۆیە گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کە موسڵمانان بانگ بکەمەوە بۆ ئیسلام.

زۆر ئایەتم بینیوە لە ژیانما، لە ریاض‌لەماڵەوە بووم، بەرماڵم لا نەبوو، حەزم دەکرد لەسەر بەرماڵ نوێژ بکەم، لە دەرگا درا خەریك بوو نەیکەمەوە، وەك یەکێ پێم بڵێ بیکەرەوە، کە دەرگاکەم کردەوە، برادەرێکی مەغریبی بوو کە بەرماڵ دەفرۆشن، خۆی و بەرماڵێك هاتە ژوورەوە، زۆر سەرسام بووم، وتم: بەڕاستی تۆ خوا ناردتی ئەگەر دەستنوێژت هەیە بانوێژەکەمان بکەین بەیەکەوە!

لەبەرخوا وازم لەکارەکەم هێنا لەبانق دا کە گومانی تیابوو، چوومە بەریتانیا لە سوپەرمارکێتێکدا ئیشم دەکرد، زۆر ماندوو دەبووم، دواتر ئیشێکم دەستکەوت لە نوسینگەیەکدا کەبەرپرسی (١٥) پارێزەر بووم لە لەندەن و لەفیتنەو تاقیکردنەوەکەدا دەرچووم و شەش مانگ مامەوە. دوایی گەڕامەوە ئیتالْیا بۆ ئەوەی بانگەواز بکەم، بە ڕاستی هەر بە پێنج فەرزەکە کارەکە تەواو نابێت، ئەبێ بانگەواز بکەین و ئیسلام پیشانی خەڵکی بدەین، هەرکەس لە شوێنی خۆیەوە بەرپرسە کە ئەم ئاینە بگەیەنێ بەهەرجۆرێك بۆی دەکرێت.

له ساڵی (٢٠٠٠) دا ژنم هێنا که ئەمەش بەسەرهاتێکی خۆی هەیە. دایك و باوکم دەیانویست یەکێکی ئەهلی کیتاب بێنم منیش دەمویست ئافرەتێکی داپۆشراوی موسڵمانی عەرەب بهێنم بۆ ئەوەی منداڵەکانم فێری عەرەبی بن و له قورئان و فەرمووده تێبگەن.

بۆ ئەمەش نوێژی ئیستیخارەم کرد، دیاره ئیتاڵیا زۆر چەشنی لێیه، پیاوێك پەیوەندی پێوەکردم وتی: من سوریم و ئەندازیارێکی سوری دەناسم که دینداره و کچێکی دامەزراوی هەیه دەیەوێ شوو بکات به ئیتاڵیەکی موسڵمان، چەندەها کەسی تریش لەم لاو ئەولاوه باسی ئەو کچەیان بۆ کردم، ئەمەش ئاسانکاری بوو له خواوه بۆم.

هەر که بینیمی دڵی خەبەری دابوو که دەبێ بەنسیبم، دایك و باوکم برد و یەکتریان ناسی، دایکم ناڕازی بوو لەبەرئەوەی کچەکه داپۆشراو بوو، سبحان الله ئەو هەموو رووت و قوته له ئیتاڵیا کێشه نیه به لایانەوه، داپۆشراوێك کێشەیه بەلایانەوه. رەمەزان لەگەڵ برادەرێکی ئیتاڵیدا چووم بۆ عمره و لەوێش ئیستیخارەم کرد، لەخەوما بینیم کەمن و ئەو ئافرەته خێزان پێك دێنین و دەبێت بەنسیبم.

پیاوێکی ئیتاڵیمان لەگەڵ بوو پێی وتم: لەوه دەچێ شتێکت دیبێ لەخەوتا، وتم: بەڵێ، ئافرەتێك بەتەمای بووم خەوم دی دەبێ بەنسیبم، ئەمانه هەمووی ئایەت و بەڵگەبوون بۆم تازیاتر ئیمانم دابمەزرێت.

قورئانم کردەوه ئایەتێکم بینی هاندان بوو لەسەر ژنهێنان، له پەنا کەعبەوه پەیوەندیم به باوکی کچەکەوه کرد که پشت بەخوا دەچمه داخوازی کچەکەی.

ئنجا کێشەی ئەوەمان بۆ دروست بوو تەقالید و کەلتوری ئێمه و ئەوان جیاوازه، هەرچۆنێ بوو ئەوەشمان چارەسەرکردو گواستمەوه. ئێستاش کوڕێکم هەیه حەوت ساڵه به ناوی ئەمیر و کچێکم هەیه سێ ساڵه بەناوی لەیلا.

لەئیتاڵیا دەمویست خزمەتێك به ئیسلام بکەم، دوعام کرد که خوا پله و پایەیەکم بداتێ بتوانم لەو رێگەیەوه کارێکی مەزن بکەم بۆ ئاینەکەم، ئێمه پەیامدارین نابێ هەروا دانیشین، له کۆنفرانسێکی پەرلەمانی نێودەوڵەتی بۆ ئاسایش و ئاشتی قسەم کرد و زۆر کەسی تریش قسەیان کرد، دوایی وەزیری پەرلەمان بانگی کردم و وتی: لەناو هەموویاندا تۆ چووی بەدڵما،

ئەمەش خوا کردی چونکە چـوونە پەرلەمانــەوە زۆر زەحمەتــە. ئــەوا دوو ســاڵە ئــەو پۆســتەم وەرگرتــووەو وەزیــری پەرلــەمانی نێودەوڵــەتی ئاســایش و ئاشــتیم بــۆ کاروبــاری ڕۆژهــەڵاتی ناوەڕاست.

کە پاپا تەصریحی دا ئیسلام بەشمشێر بڵاوبۆتەوە، قسەکانی خـراپ وەرگێـڕدرا و خـراپ کەوتەوە، پەیوەندیم بە نووسینگەکەیەوە کردو وتم: ئەگـەر کەسـێکی ئاسـایی قسـەی وابکـات ئاساییە بەڵام یەکێکی وەك قەداسەتی پاپا کە کەسایەتیەکی جیهانییــە و نوێنــەری مەســیحی جیهانە قسەی وابکات ئاسەواری خراپی دەبێت.

بەڕاستی سەردانی مەلیك عبداللە ی شای سعودیە بۆ فاتیکان کە شمشێرێکی بەقیمــەتی پێشکەش بەپاپا کرد، گرنگترین ڕووداوە دوای ڕووداوی ڕووخانی دیواری بەرلین، لەبەرئەوەی شا عبداللە وەك نوێنەری موسڵمانان و خــادمی حەرەمــەین ســەردانی پاپــا بکــات کــە ڕەمزێکــی گەورەی مەسیحیەکانە مەسەلەیەکی گرنگە بۆ لێك تێگەیشتن و لێك نزیکبوونەوە.

لە وڵاتێکی ئــەفریقیش قەشــەیەك گیرابــوو، ڕێکخراوێــك پەیوەنــدیان پێــوە کــردم کــە هەوڵێکی بۆ بدەم، منیش جێگری سەرۆك کۆمار و ڕاوێژکارێکیم دەناسی و پەیوەندیم پێوەکردن و تکام بۆ کرد کە ئازادی بکەن، دوای بیست ڕۆژێــك پەیوەنــدیان پێــوەکردم و ڕۆژنامــەکانیش قسەیان لەسەرکرد کە نەك ئەو قەشەیە بەڵکو چەندەها کەسی تریشیان لەگەڵ ئازادکرد بوو.

کە یەکەم جار گوێم لەبانگ بوو زۆر کاری تێکردم کەهێشتا موسڵمانیش نەبووبووم، بــە ڕاستی (حي علی الصلاة، حي علی الفلاح) زۆر کاریگەرە، کەڕێی سەرفرازی بــەرەو بەهەشــت بیری مرۆڤ دەخاتەوە، ئاواتە خوازم کەهەموو بچین بەرەو بەهەشت.

لە زەمانی نەفامیدا زۆربەی دونیا گەڕاوم، بەڵام ئێستا جیــاوازە بــۆ هــەرکوێ بچــم بــۆ بانگەوازکردن دەچم، سەردانی مەغریب و میسرو پاکستان و ئیمارات و بــەحرەینم کــردووە، دە جار عەمرەو دووجاریش حەجم کردووە.

لەکۆتایــدا هیــوادارم موســڵمانان وێنەیــەکی جــوانی ئیســلام بخەنــە بەرچــاوی دنیــاو هەریەکەمان سەفیرێك بین بۆ ئیسلام، تاپشت بەخوا ئیسلام بەسەرتاسەری دنیادا بڵاوبێتەوە.



وەزیری ئیتالی الفریدو مایولنز

گرنگی دوعا کردن :قورئانی پیرۆز دەفەرموێت: ﴿ وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدْعُونِىٓ أَسْتَجِبْ لَكُمْ ۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِى سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ ﴿٦٠﴾ ﴾ غافر، ﴿ وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِى عَنِّى فَإِنِّى قَرِيبٌ ۖ أُجِيبُ دَعْوَةَ ٱلدَّاعِ إِذَا دَعَانِ ۖ فَلْيَسْتَجِيبُوا۟ لِى وَلْيُؤْمِنُوا۟ بِى لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ ﴿١٨٦﴾ ﴾ البقرة

ئەبو هورەیرە چی هەوڵ ئەدا لەگەڵ دایکیدا سوودی نەبوو، ئەچوو بە ئاسمانا و بە قسەی ناشیرین وەڵامی ئەدایەوە، تا هات بۆلای حەزرەتﷺو داوای دوعای خێری لێکرد، ئەویش دوعای بۆ کرد و فەرمووی: خوایە هیدایەتی دایکی ئەبو هورەیرە بدە، کە ئەبو هورەیرە گەڕایەوە هەر لە دەرگاکەوە دایکی هەواڵیدایە موسڵمان بووە، بە گریانەوە گەڕایەوە لای حەزرەت و وتی: ئەی پێغەمبەری خواﷺ دوعاکەت وەرگیرا و دایکم موسڵمان بوو، بەڵکو دوعاشمان بۆ بکەی، کە موسڵمانان و هەرکەس ناومان دەبیستێت من و دایکمیان خۆش بوێت و ئێمەش موسڵمانانمان خۆش بوێت، حەزرەتیشﷺدوعای بۆ کرد.

حەزرەتی نوح دوعای کرد ﴿ فَدَعَا رَبَّهُۥٓ أَنِّى مَغْلُوبٌ فَٱنتَصِرْ ﴿١٠﴾ ﴾ القمر، ئاوی ئەرزو ئاسمان دای لەیەك بۆیو کافرانی لەناوبردو سەری خست.

حەزرەتی ئیبراهیم دوعای کرد مەککەیەکی بێ سەوزایی و وشك و برنگ، ببێ بەئاوەدانی و رزقی دانیشتوانی بدات ﴿ ... رَبِّ ٱجْعَلْ هَٰذَا بَلَدًا ءَامِنًا وَٱرْزُقْ أَهْلَهُۥ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ ... ﴿١٢٦﴾ ﴾

**البقرة**. ئەمڕۆ لە هەموو کات زیاتر هەست بە گەورەیی ئەو دوعایەو قبوڵبوونی دەکەین، ئەوە مەککە ساڵانە بە ملیۆنەها کەس بۆ حەج و عومرە رووی تێدەکەن.

حەزرەتی (یونس) یش (سەلامی خوای لێبێ) کەدوعای کرد ﴿...لَّآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنتَ سُبۡحَٰنَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ٨٧﴾ الانبیاء ، خوای گەورە رزگاری کرد، ﴿... وَنَجَّيۡنَٰهُ مِنَ ٱلۡغَمِّۚ ...٨٨﴾ الانبیاء ، وە هەرکەسێکیش ئاوا دوعا بکات خوا وەڵامی ئەداتەوەو رزگاری دەکات ﴿...وَكَذَٰلِكَ نُـۨجِي ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ٨٨﴾ الانبیاء.

دکتۆر زەغلول النجار لەبارەی حەزرەتی یونسەوە دەڵێت: ئەو حوتەی کەحەزرەتی یونسی (سەلامی خوای لێبێت) بەند کرد، (حوتی ئەزرەق) ی پێدەڵێن کەلەدەمیا پەنجا کەس دەتوانن بەپێوە بوەستن، گیاندارێکی زۆر زۆر گەورەیەو دانی نیەو لەسەر شتی بچوکی ناو ئاو دەژی چونکە گەرووی بچوکە.

ئنجا کەخوای گەورە کولەکە (**يقطين**) ی بۆ رواند لەبەرئەوە بوو کەزۆر بەسوود بوو بۆ حەزرەتی یونس بۆ خواردن و بۆ چارەسەر کەمادەی (ئەنتی بایۆتیکی تیایە خۆیو رەگ و قەدو لق و گەڵاکانی) ، کەحەزرەتی یونس سەلامی خوای لێبێت سوودی لێوەرگرت تاخەڵکی هاتن بەلایەوەو گەڕایەوە موسڵ.

## لە مەرجەکانی دوعا قبوڵ بوون

١ - دڵنیابوون لەوەی کەخوا وەڵامت ئەداتەوە: (ادعوا الله وأنتم موقنون بالأجابة) . تەنانەت نابێت بڵێیت (اللهم اغفر لي ان شئت) بەڵکو دەبێت ئیلحاح بکەیت.

٢ – خشوع لەدوعا کردندا.

٣ – حەڵاڵ خواردن و دوورکەوتنەوە لە حەرام.

٤ - پەلەنەکردن، بەوەی کەئەگەر ماوەیەك وەڵام دواکەوت کۆڵ بدەیت و ساردبیتەوە، چونکە خوای گەورە بەرنامەو یاساو حیکمەتی خۆی هەیەو هەمووشمان لەتاقیکردنەوەداین، هیچ چارێکمان نیە تەسلیم بوون نەبێت.

## دوعــاکانی عەمــر خالــید

**یەکەم:** خوشکێکم هەیە زۆر دوعای هیدایەتم بۆ دەکرد، وەڵام نـەبوو، ناچـار دوعاکـەم گۆڕی کە خوا مێردێکی خواناسی باشی بۆ بنێرێ تا بە چاکی ئیلتیزام بکات، خـوا مێردێکـی بۆ نارد و شووی کرد بەڵام زۆر ئەوە نەبوو، جارێك پێم وتن: بۆ نایەن بۆ عــەمرە، خـۆی و مێردەکـەی هاتن، بە هۆی عومرەکەوە کە گەڕانەوە ئێستا لە سایەی خـواوە زۆر باشـن، مـن لـە پـەنا کەعبـەدا دوعام بۆ کردن، خوای گەورە ویستی وابوو کە ئەوانیش بێن لە پاڵ کەعبەدا صالح بن.

**دووەم:** برادەرێکی زۆر خۆشەویستم هەبوو زۆر دوعای هیدایەتم بۆ دەکرد کەچی نەرم نە ئەبوو، تا جارێك بڕیارم دا بە تایبەت عومرەیەك بکەم و دوعای تایبەتی بکەم بـۆ هیدایــەتی، خوا ئاگادارە کە لە عومرەکە گەڕامەوە داوای کرد بچم بۆلای، سەدو هەشتا پلە گۆڕابوو.

**سێیەم:** من بۆ هەر کارێکی خۆم داوا لەدایکم دەکەم یان دەچم بـۆلای و دەڵـێم دوعـام بۆبکە بۆ فلانەکار، ئەڵێ: من بەردەوام دوعات بۆ دەکەم، دەڵێم: حەزدەکەم خۆم گـوێم لێبێـت، ئەویش تێر دوعام بۆدەکاو خوای گەورەش دوعای دایك و باوك بۆ منداڵەکانیان ڕەت ناکاتــەوە! بەتایبەت کە لەلەندەن بووم بەتەلەفۆن قسەم لەگەڵدا دەکرد، داوام لێدەکرد هەر لەتەلەفۆنەکەدا دوعاکانم بۆ بکات.

**چوارەم:** من بۆ خۆم دە ساڵ منداڵم نەبوو، چەند جار حــەج و عــومرەم کـرد و دوعـام دەکرد بەڵام لەیەکێ لە حەجەکانمدا بڕیارم دا کە لە عەرەفەدا تەنها دوعا بۆ منداڵ بکەم و داوام لە هاوەڵانیشم کرد کە بەدڵ دوعام بۆ بکەن، بە کوڵ و دڵ لەخوا پاڕامەوە لە عەرەفەدا، کە چـووم بـۆ مینا تەلەفۆنم بۆ ژنەکەم کرد، مژدەی دامێ کەچووە فەحسی کـردووەو دوو گیانـە، هەرچـەند سـەیری عەلی کوڕم دەکەم وەڵامی دوعاکانم دێتەوە یاد کە خوای گەورە (سميع مجيب) ە.

**پێنجەم:** هاوەڵێکم کوڕێکی چوار ساڵانەی هەبوو، زەرد و زەعیف و داماو بوو، هیچـی نەدەخوارد، پزیشکەکان پشکنینیان بۆکرد دەرکەوت تووشی نەخۆشی شـێرپەنجە بـووەو گوایـە پاش چەند مانگێکی تر دەمرێت، هاوەڵەکەم خوا دەیخاتە دڵیــەوە ڕۆژێکـی هـەینی سەرتاســەر بەکوڵ و دڵ دوعای بۆ دەکات، ئێوارەش کە لە مزگەوت دەردەچێ پیرێژنێك دەبینێ کە لـە نـاو

حاویەدا خواردن و شتی فڕێدراو کۆدەکاتەوە، لێی دەپرسێت بۆ وادەکەیت، دەڵێت: سێ هەتیوم هەیەو لە نەبوونیدا ناچارین بە حاویەدا بگەڕێین و شتێك پەیدا بکەین بیخۆین، هاوەڵەکەم یارمەتیەکی باشی بەردەوامی ئەدات وەك سەدەقەیەك بۆ چاکبوونی منالەکەی.

پاش سێ ڕۆژ مندالەکەی دەکەوێتەوە خواردن و حالی باش دەبێت، کە دەیباتەوە بۆلای دکتۆر خوای گەورە شیفای داوەو دەڵێن: ئەمە ئەو منداڵە نیە کە پێشتر هێناوتە و پشکنینمان بۆ کردووە. ﴿ أَمَّن يُجِيبُ الْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ السُّوءَ وَيَجْعَلُكُمْ خُلَفَاءَ الْأَرْضِ ۗ أَإِلَٰهٌ مَّعَ اللَّهِ ۚ قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ ﴿٦٢﴾ ﴾ النمل.

دیارە ئەوەی کردویەتی هەمووی لە فەرموودەدا هاتووە، لە هەینیدا سەعاتێك هەیە کە هەرکەس تیا دوعا بکات وەڵام ئەدرێتەوە، هەروەها لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە (داوو مرضاکم بالصدقة) .بەیهەقی لە عبداللەی کوری مەسعود ریوایەتی کردووە _ژ٦٢٠٤

## دکتۆر محمد راتب نابلسی

ناو براو دەڵێت : دەوڵەمەندێکم دی لە شام کە زۆر دەوڵەمەند بوو، دەیووت: کەی ئەمە ژیانەو لێرە ژیانی تیانە ماوە و کار و کاسپی وەك پێویست نیە، لەگەڵ ئەوەدا کە ملیۆنەر بوو، چاوی بە هیچ پڕ نەدەبووەوە، هەستی بە نیعمەتی زۆری خوا نەدەکرد لەسەری، کاتێ نەخۆش کەوت سەردانم کرد، وتی: یا شێخ بەخوا مرۆڤ، نانی شەوی نەبێ و بەس لەش ساغ بێ، یاشێخ بەڕاستی پیاو ئەوەندەی هەبێ موحتاجی دەستی خەڵك نەبێت بەسیەتی، وتم: سبحان الله ئێستا تێی ئەگات.

## دکتۆر محمد العریفی

ناوبراو دەڵێت : برادەرێکی موسڵمان چوو بۆ بەریتانیا بۆ عیلاج، دکتۆرەکە وتی: موسڵمانیت؟ وتی: بەڵێ، وتی: باشە پرسیارێکت لێدەکەم، لە زۆر کەسی تریشم کردووە نە گەیشتومەتە وەڵامێکی تەواو.

وتی: فەرموو. وتی: من وەك دەبینی دکتۆرێکی ناودارم و هەموو توانایەکی ماددی و مەعنەویم هەیەو هەرچی گەڕان و خۆشی هەیە دەیکەم و دەیبینم و کەچی دڵم خۆش نیە و بەختەوەر نیم، وتی: باشە تۆ ئەگەر بتەوێ چاوت روونبێتەوە چی دەکەیت؟

وتی: سەیری گوڵ و شتی جوان دەکەم.

وتی: ئەی ئەگەر بتەوێ گوێت ئاسوودەبێت چی دەکەی؟

وتی: گوێ لەشتی خۆش دەگرم.

وتی: ئەی ئەگەر بتەوێ لوتت ئاسوودە بکەی؟

وتی: بۆنی شتی خۆش دەکەم.

وتی: دەی باشە ئەگەر ویستت چاوت ئاسودە بکەی دەکرێ بۆن بکەیت؟

وتی: نەخێر،

وتی: ئەی ئەگەر ویستت گوێت ئاسوودە بکەیت، کێك بخۆیت ئاسوودە دەبێت،

وتی: نەخێر، ئەوە بۆ دەم و ناوگەدە و تێرییە.

وتی: دەی تۆش پێویستیت بە ئاسوودەیی دڵتەو ئەچی گوێ و چاو و لوتت ئاسوودە دەکەیت، ئەگەر دەتەوێت بەڕاستی دڵت ئاسوودەبێت تەنها بە یادی خوا ئەوەت دەست دەکەوێت: ﴿...أَلَا بِذِكْرِ ٱللَّهِ تَطْمَئِنُّ ٱلْقُلُوبُ ۝٢٨﴾ الرعد ، پاش دیراسە و خوێندنەوەی چەند پەڕاوێك دکتۆرەکە موسڵمان بوو.

## ئەنەس سیلوود

ناوبراو موسڵمانێکی بەریتانییە و باسی ئەزموونی خۆی دەکات لە کەناڵی (إقرأ) داو دەڵێت: من قەناعەتم بە تەورات و ئینجیل نەبوو، چونکە سەنەدی نەبوو کێ لە دەمی حەزرەتی عیسای بیستووە و گێڕاویەتیەوە، چونکە ئینجیل دوای نزیکەی سەد ساڵ نوسراوەتەوە بە زمانی یۆنانی، لە کاتێکدا کە زمانی مەسیح ئارامی بووە، ئیتر لەوساوە تەحریفات دەستی پێکرد، دیراسەی ئیسلامم کرد و سەیرم کرد قورئان دەماودەم وەرگیراوە و هەر لەبەردەمی پێغەمبەردا ﷺ کاتی خۆی نوسراوەتەوە، زۆر هەوڵم دا تا گەیشتمە ئەوەی کە قورئان دانراوی (محمد ﷺ) نیە، چونکە ئەستەمە کەسێکی نەخوێندەوار لەو زەمانەدا بتوانێت پەیامێکی لەوجۆرە بهێنێت.

قورئـان بـڕوای بەئاینـەکانی تـرەو راسـتیان دەکاتـەوەو، هـەروەها زانـیم کـەقورئان لەلوتکەدایەو مەرجەعە بۆ زمانی عەرەبی، بەبرادەرێکم وت: موسڵمان دەبم، زۆر ترساندمی کە ئەبێ وابکەیت و نابێ وابکەیت.

وامامەوە تا رۆژێك دوای مانگێك برادەرێکم بینی وتی کەی موسـڵمان دەبیـت؟ خـوای گەورەش رەغبەتی زیادکردم و چوینە مەکتەب بەیەکەوەو هەر لەوێدا شـایەتمانی هـەقم هێنـاو موسڵمان بووم.

## شـێخ مەحـمودی میسـری

بانگخوازێکی میسرییەو ئاوا باسی خۆیو دایکی دەکات: دایکم کاتی خۆی کەلەسـکی دایکیا بووە باوکی وەفات دەکات و پاشان هەر لەمنداڵیشدا دایکی دەمرێت و ئەبێتە هـەتیوی دایك و باوك.

بۆیە زۆر دڵی بەمن خۆش بوو ئەیووت: هەرچەند خوا دایك و باوکی زوو لێسەندومەتەوە بەڵام تۆ لەجێی دایك و باوکمی.

ئەوەندەی پێغەمبەرﷺخۆش دەویست هەر ناوی بهێنرایە سەڵاواتی لەسەر ئەداو چـاوی پڕدەبوو لەئاو، بەڕاستی دایکم یەکەم سەرمەشق و مامۆستام بوو لەپەروەردەکردندا.

رۆژێك بە دایکم وت: وەرە باجێگەیەك دیـاری بکـەین،تا لەقیامەتـدا لـەوێ بەیـەك بگـەین، هەردوکمان وتمان باشترین شوێن ئەوەیە کە لەسەر حەوزی کەوسەر لای رسول اللهﷺ بەیەك بگەین.

دایکم شەست و سێ ساڵ ژیا، نەخۆش کەوت وتی: دوعام بۆ بکە کەفتەکار نەبم و کەس پـەرداخێ ئـاو نەداتـە دەسـتم، خـواش ئاواتەکـەی هێنایـەدی، دایکـم لـە نهـۆمی پێنجـە و خوشکێکیشم لە نهۆمی یەکـە لـە باڵەخانەیەکـدا، ئـەو رۆژەی وەفـاتی کـرد داوای کـرد لای بمێنمەوە، حاڵی خراپ بوو، وتی: ئاوم بۆ بێنن دەستنوێژ دەشـۆم، دەسـت و دەموچـاوی شـت و وتی: بەسە، وتیان: بۆ؟ وتی: بۆیان شتم ، ویستی دوو رکاتی سوننەت بکات چاوی هـەڵبڕی بـۆ ئاسمان و بەدەم ناوهێنانی خواوە گیانی دەرچوو.

خەوم بە دایکمەوە بینی لەسەر حەوزی کەوسەر بوو، حـەزم دەکـرد خـۆم یـان کەسـێك خەویش بە منەوە ببینێت بزانم دەچمە ئەو جێگا پیرۆزە وەك دایکم.

ئافرەتێك لە شارێكی ترەوە تەلەفۆنی بۆ كردم و خەوی پێوە دیبووم كەمنیش لەسایەی خواوە لەسەر حەوزی كەوسەر بووم.

من پێش سالآنی ١٩٩٠ كاسێتێكی گۆرانیم ئامادە كردبوو، لەگەڵ هونەرمەندێكی تری گەورەدا بەتەمابووین لە كۆمپانیایەك بەرهەمی بێنین، من ناوێكی تری هونەریم هەبوو كە حەزناكەم بیلێم، خوا هیدایەتی دام و وازم لێهێنا، پاشان توشی (وەرەم) ی قورگ بووم و دەنگەژێكانم توشی خاوبوونەوە بوون، دەبوایە ساڵ و نیوێك لەژێر چارەسەردا بم و قسە نەكەم، منیش پێم گران بوو بانگەواز نەكەم بۆیە وتم: بەم نیوە دەنگەشەوە بێ كاری خۆم دەكەم لەبەر خوا.

هاوەڵە گۆرانیبێژەكەم دوو ساڵ لەمەوبەر لە فڕۆكەخانە بینی نەیناسیمەوە، بۆیە هەر ئەو قسەیەم پێوت كە عبداللە ی كوڕی مەسعود بە زازانی گۆرانیبێژی وت كاتی خۆی: چەند دەنگت خۆشە ئەگەر بۆ قورئان خوێندن بەكاری بهێنیێ. ناوبراو لای سەیر بوو لە فڕۆكەكەدا كەسواربووین خەڵك رێزێكی زۆریان لە من گرت و گوێیان بەو نەدا.

## دكتۆر ئیبان وییەر

ناوبراو زانایەكی گەورەی ئابوری بەریتانییە و لە لوبنان موسڵمان بووە و دەڵێت: لە دوو ساڵی رابردوودا بەهۆی كاركردنمەوە لە وڵاتە ئیسلامیەكاندا دیراسەی عەقیدەی ئیسلامم كرد و بەرێز (ساری) وەڵامی پرسیارەكانی دامەوە، من دڵخۆشم بەم هەنگاوە مەزنەی ژیانم كە شایەتمانم هێناوە، من پرسیارم دەكرد لە بارەی مەسیحیەتەوە و بەردەوام گومانم زیاتر بۆ دروست دەبوو، كەچی بە پێچەوانەوە چەندم لە بارەی ئیسلامەوە خوێندبێتەوە قەناعەتم زیاتر لەلا دروست بووە كە ئەم ئاینە هەقە.

## شێخ محمد حسان

ناوبراو دەڵێت : لە فڕۆكەخانەی شیكاگۆ بووین چەند زانایەكی سعودیشی لێبوو فڕۆكەكە دواكەوت، وتیان بانگێك بدە، بانگم دا كاریگەرێكی گەورەی هەبوو.

وتیان نوێژەكەشمان بۆ بكە، وتم: كورتی بكەمەوە یان نا، وتیان: هیچمان بە دواوە نیە، ركاتی یەكەم، مەریەمم خوێند، رەسمیان دەگرتین، ژن و پیاوێك و منداڵێك هاتنە لام و پیاوەكە

وتی ئێمه بەختەوەرین پێتان، من ویستومە چەند جار خۆم بکوژم کە سەرم خستۆتە سەر زەوی ئەو حاڵەم نەماوە، وتم ئەوە سوجدەیە، خۆی و خێزانەکەی دواتر لە مەرکەزێکی ئیسلامی موسڵمان بوون.

## ڕۆژنامەی وەتەنی سعودی

ئەو ڕۆژنامەیە بلاۆی کردەوە کە گەورە سەرمایەدارێکی ئەڵمانی کە لە عەرەبستانی سعودیە دادەنیشێت و ناوی (مانوێل کلینیك) ە لە ٢٠١٠/١١/١ لە نوسینگەی بانگەواز موسڵمانبوونی خۆی ڕاگەیاند[٥٠].

## شێخ صاڵح مەغامسی

بانگخوازێکی سعودیەو ئیمام و خەتیبی مزگەوتی قوبایە لە مەدینە لە کەناڵی نور دبی لە بەرنامەی (أهل القران) دا دەڵێت: لە لوبنان عەمەلیاتی کراوەی دڵیان بۆ کردم ،پاش ٢٤ کاتژمێر کە هاتمەوە هۆش خۆم لە ژووری چاودێری چڕدا **(العناية المركزة)** ، دکتۆرەکان و یاریدەدەرەکانیان هاتن کە چواردە کەس بوون بە تایبەت دکتۆر ئادەم سۆدانی، بە دەم چاویانا هەستم دەکرد حاڵەتەکە باش نیە، چونکەجیهازەکان لە ژوور سەرم بوون ومن هیچم نەئەدی، دکتۆر پێی وتم: شێخ صالح بە ڕاستی پێت بڵێم خوێنی کۆبووەوە هەیە لە ناو دڵتدا و ئەبێ عەمەلیاتەکەت بۆ بکەینەوە ، منیش ناچار شایەتمانم هێنا و هەرچەند دەترسام بەسەر ئیشارەتم کرد کە ڕازیم، ویستیان جیهازەکانم لێ بکەنەوە، دکتۆر کەمامەی بەست بەدەمیەوە بچێت بۆ ژووری عەمەلیات و منیش بەرن، پەرستارێکی لوبنانی ئافرەت کە لەلای چەپمەوە بوو، خوا خستیە دڵیەوەو پێی وتم: یا شێخ صلوات بدە لەسەر حەزرەتﷺ چارەسەر دەبێت، منیش وتم: اللهم صلى على سيدنا محمد وعلى اله وصحبه وسلم، خوا ئاگادارە لە چەند خولەکێکدا خوێنەکە دابەزی و نەماو ئیشاراتی جیهازەکان گۆڕان، دکتۆر ئادەم هاتەوەو وتی: یا شێخ ئەوەی کەویستمان بۆت بکەین خوای گەورە بۆی کردیت.

---

٥٠- پێگەی یەکگرتووی ئیسلامی ٢٠١٠/١١/٢.٥٠



شیخ صالح مغامسی لە پیش عملیاتی گەورەی دلی و لەکاتی عملیاتەکە

حەزرەتﷺکاتی خۆی  بە ئوبەی فـەرموو: بەصـلوات هـەم و غـەمت نـامێنیٚ و کێشـەکانت چارەسەر دەبن.

ئەمەش بوو بەدەرس بۆم کە لەخۆمەوە حوکم نەدەم بەسـەر ئافرەتێکـدا کـە باڵـاپۆش نـەبیٚ ، کەبرِوا ناکەی هیچ لەبارەی ئیسلام و خواوە بزانیٚ، من ئیمام و وتاربێژم ئەوەم بەخەیاڵدا نەهات ئەو ئافرەتە بیری خستمەوە خوا پاداشتی بداتەوە کەبەزەیی بەحاڵمدا هاتـەوەو خـوای گـەورەش بەوە رزگاری کردم.

## موسـولْمان بوونی ئافـرەتێکی کـەنەدی بـەناوی ( تانیا )

ناوبراو تەمەنی بیست ساڵ دەبێت، لە بارەی موسڵمانبوونیەوە دەڵێت:

من ژیام پێش ئیسلام ژیانێکی پەرت و بڵاوی بێ بنەما، دایکیشـم هیچـی وای نـەدەزانی لـە بارەی مەسیحیەتەوە، دواتر لەخانەی چاودێری منداڵان ژیام، بەتایبەت یەکێکیان کەشەش ساڵ تیا مامەوە، لەو ماوەیەدا تەنها بووم نەدایك و نەباوك نەهاوەڵم نـەبوو، ئەمـەش دەرگـای بـۆ کردمەوە کە بۆ خۆم هەوڵ بدەم، دایکم هیچی فێر نەکردم من بۆ خۆم دەچووم بۆ کەنیسە.

کە ئەچووم ئەو بۆشاییە رۆحیەم بۆ پڕدەبووەوە کە لـە ناخمـدا هـەبوو، بـەڵام هەمیشـە پرسیارم هەبوو لە بارەی حەزرەتی مەسیحەوە، کە کێ بووە؟ جـا مـن مەسـیحیەتێکی سـادەم لەدایکمەوە وەرگرتبوو، کاتێـك قەشـە باسـی سـێ خـوایی بـۆ دەکـردین، نموونـەی بەهێلکـە دەهێنایەوە کە توێکڵ و زەردێنە و سپێنەیە و هیچیان بێ ئەوی تریـان نـابێ؟! مـن ئـەمزانی ئەمە تەواو نیە و راست نیە!

﴿ وَقَالُواْ ٱتَّخَذَ ٱلرَّحۡمَٰنُ وَلَدٗا ﴿٨٨﴾ لَّقَدۡ جِئۡتُمۡ شَيۡـًٔا إِدّٗا ﴿٨٩﴾ ﴾ مریم .

من ئەوکاتە لە قوتابخانەی سانەوی بووم و بە دوای راسـتیدا دەگـەڕام و دەمویسـت کـە حەقیقەتی ژیان تێبگەم، کوڕێکی موسڵمان هەبوو لە قوتابخانە، ویستم باسی مەسـیحیەتی بـۆ بکەم و ئەویش دەیویست باسی ئیسلامم بۆ بکات، لـە گفتوگۆمانـدا ئینکـاری ئـەو شـتانەی دەکرد کە بەلای منەوە وەك مەسیحیەك نەگۆڕبوون.

من نەمدەویست بکەومە ژێرکاریگەری کەسەوە، بـۆ خـۆم دەچـوومە کتێبخانـە و زۆرم دەخوێندەوە لەبارەی ئاینەکانەوە، بە تایبەت ئیسلام و مەسیحیەت، ئەوەی رایکێشـام بـەرە و ئیسلام ئەوەبوو کە ئەو پڕوپاگەندە و قسانەی راگەیاندنەکان دەیـانکرد مـن لێـی بێئاگـابووم و ئیسلامم وەك خۆی بە جوانی بینی و بەرچاوم لێڵ نـەبوو، کـاتێ شـتم لـە بـارەی ئیسـلامەوە دەخوێندەوە بە خۆمدا دەچومەوە لەو شتانەدا کە پێشتر فێری بـوو بـووم و دەقـم پێوەگرتبـوو، ئەوسا دەژیام بە بێ ئەوەی ئامانجێك هەبێ لـە ژیانمـا، بـەڵام ئێسـتا ئیسـلام ئامـانجی ژیـانمی دیاریکردووە، من نەمئەتوانی بنووم، نەم ئەتوانی بخۆم، نەمئەتوانی بیربکەمەوە بە شـێوەیەکی تەواو، من هەوڵم ئەدا بەردەوام لەبارەی خواوە شارەزابم. جاران خوا تەنها ناوێك بوو لە دڵمـا،

من پەنام گرت بەو خوایە کە سەرە داوێکم بۆ بنێرێ، دەستی پێــوەبگرم و بــڕۆم بــەرەو هــەق و راستی، چونکە بەڕاستی من سەرگەردان بووم، من تەواو بێهیوا بووم، بەڵام نەمدەویســت خــۆم بکوژم چونکە دەمزانی کە ئەوە راست نیە و تاوانێکی گەورەیە، نەمئەزانی بە چ ناوێك بــانگی خوا بکەم و داوای لێبکەم، دوعام کردو وتم: ئەی ئەو کەسەی کە لە سەروو هەموو ناوێکەوەی، لەسەرووو هەموو زمانێکەوەی و پەکت لەناو و لەزمان نەکەوتووە و لە هەمـوو کەس تێدەگــەی، داوات لێدەکەم وەرە بە هانامەوە، ئەمەوێ رێی راست بدۆزمەوە ناتوانم ئاوا بەردەوام بم و بژیم.

سوپاس بۆ خوا دوای دوو رۆژ دوعاکردن، وەڵامەکـەم پێگەیشـت لەوانـەی ماتماتیکـدا بـووم، پەڕاوێکم بەدەسـتەوە بـوو دەمخوێنـدەوە تاهیدایـەتم بـۆ هـات و بـڕوام دامـەزرا، شـایەتمان و ئـەوەی کەلەبارەی ئیسلامەوە خوێندبوومەوە لەدڵما جێگیر بــوو، حاڵــەتێکی خشــوعم بۆهــات لەبەرخۆمــەوە وتم: دۆزیمەوە، ئەوە خۆیەتی، فرمێسك بە چاوانما هاتە خوارەوە، بەخۆشیەوە لەپۆل چوومە دەرەوە.

مامۆستاکەم وتی: (تانیا، تانیا) وەرە بۆ کوێ دەچیت؟ نـەمتوانی وەڵامـی بدەمــەوە ئەتووت زمانم بیرچۆتەوەو لاڵ بووم، چووم دەموچاوم شت هەروەك ئەوەی بمەوێ دەستنوێژ بگرم، ﴿ وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ فَلْيَسْتَجِيبُوا لِي وَلْيُؤْمِنُوا بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ ﴿١٨٦﴾ ﴾البقرة.

کچێکم بینی لە قوتابخانە حیجابی لەبەردابوو، چووم بۆلای و وتم: تۆ موسڵمانی؟؟

وتی: بەڵێ،

وتم: منیش موسڵمانم، کە لە قوتابخانە گەڕاینەوە چوومە ماڵیان و باوەشیان بۆکردمــەوە و جــل وبــەرگ و خواردنیــان دامــێ و پــەڕاویان دامــێ و بردیــانم بــۆ مزگــەوت لەگــەڵیان و بەئامادەبوونی خوشکێك کە لە نوسینگەی مزگەوتەکە بوو شایەتمانم هێنا، (أشهد أن لا الــه الا الله وأشهدأن محمدا رسول الله) . ﴿ الَّذِينَ آمَنُوا وَتَطْمَئِنُّ قُلُوبُهُم بِذِكْرِ اللَّهِ أَلَا بِذِكْرِ اللَّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ ﴿٢٨﴾ ﴾ الرعد .

## بانگخوازی بەریتانی (عبدالرحیم گرین)

لە دە ساڵدالەگەڵ دوو کەسدا باسی ئیسلامم کرد، یەکێکیان پرسیارم لێکرد لە بارەی شۆڕشی ئێرانیەوە و هاتنە سەر حوکمی شیعەکان زانیم کە ئەوانە نوێنەری مەزهەبێکن و زیادەڕەوی و ناتەواوی زۆر هەیە لە بیروباوەڕیاندا، پاشان یەکێکی ترم بینی فێری ئیسلامی تەواوی کردم و لە خەوی غەفڵەت هۆشیاری کردمەوە، کە ئەو بیروباوەڕی سێ خواییەی من هەمە راست نییە، هەرچەند من وەك ئینگلیزێك و ئەو وەك میسریەك نەمدەویست خۆم واپیشان بدەم کە هەق وابەلای ئەوەوە.

بەهەرحاڵ ئەو پێی وتم: خوای تۆ یەکێکە یان سیان.

ئنجا چل و پێنج خولەك باسی ئیسلامی بۆ کردم ، پاشان وتی: باشە تۆ دەڵێی: عیساش خوایە و لە خاچ دراوە، وتم: بەڵێ، وتی: کەواتە تۆ دەڵێی خوا دەمرێت؟! بە ڕاستی دەتووت تایسۆنی مولاکیم بۆکسێکی کێشاوە بەدەم و چاوما قسەکەی زۆر کاریگەر بوو، لە خۆم پرسی چۆن چەند ساڵە من ئاوا بیر دەکەمەوە، ئالێرەوە گۆڕانکاری لە ژیانما دروست بوو، گەڕام بە دوای راستیدا.

خاڵێکی تریش هەیە کە کاریگەری زۆری هەبوو لەسەرم، کە لە میسر بووین چێشتلێنەرێکمان هەبوو، پیاوێکی سادەبوو، لە کاتی نوێژدا دەمبینی بەرماڵەکەی دادەخست و نوێژی دەکرد، ئەمە کاری تێکردم، ئەو ئەوەتا بەئاسانی و سانایی لە بەردەم پەروەردگاری دا دەوەستێ و نوێژ دەکات، کەچی من وەك مەسیحیەك دەبێ بچمە کەنیسە و کۆمەڵێ (**طقوس**) مان هەیە کە عەقڵ نایبڕێت.

بەڕاستی بیروباوەڕی هەڵەی مەسیحیەکان چەند ساڵ من بەبێ قەناعەتی تەواو دوای کەوتبوم، ئادەم و حەوا هەڵەیەکیان کردووە و گوایە ئەوەش وەك تاوانێك لە گەردنی نەوەکانیانە و بۆ ئەوەی پاك ببنەوە خوا کوڕەکەی خۆی بۆ کردن بە قوربانی؟! کەی ئەمە راستە، چۆن ئێمە تاوانی باو باپیرانمان هەڵگرین، کەسێکی بێتاوانی وەك عیسا بۆ هەڵواسرێ بۆ سڕینەوەی گوناهی بەشەریەت، ئەڵێن لەبەرئەوەیە کەخوا مرۆڤی خۆش دەوێت؟ بۆ هەروا لێیان خۆش نابێ و ببڕێتەوە؟!قورئان کاریگەری زۆری هەبوو لەسەرم، چونکە چیم کتێب خوێندبووەوە، هیچی وەك قورئان نەبوو.

مــن وەك مــردوو بــووم خــوا زینــدووی کردمــەوە، شــەوێك کــە گەڕامــەوە ماڵــەوە وەك چێشلێنەرەکەمان نوێژم کردو  موسڵمان بــووم. دە ســاڵ مەســیحیەتم خوێنــد لــە (دێرێــك) دا، کاسۆلیکی بووم، عەقیدەی سێ خوایی لام سەیر بوو بەعــەقڵم دا نەدەچــوو، زمــانی لاتینــی و یۆنــانیم خوێنــدو مێــژووی ڕۆمــانم خوێنــد، گەیشــتمە ئــەوەی عەقیــدەی ڕۆمــانی عەقیــدەی مەسیحیەکانەو بەکاریگەری ئەوان ئەمانیش ئەو سێ خواییەیان هێناوە.  بــەخۆم وت: ئەمــەش هەر بت پەرستیەکەی ئەوانە.

نوێژێکیان فێردەکردین زۆرم پێناخۆش بوو دەمانووت: (المجد لـك يـامريم أم الالـه)  ئــێ چۆن خوا دایکی دەبێت؟!

هەروەها نیفاقی ڕوهبانەکان زۆر پێی ئیزعاج بووم، چونکە ئەوان کە خۆیان زۆر بەچاکتر دەزانی وانەبوون و هەروەك خەڵکە ئاساییەکە بــوون، ئنجــا ئیحراجــی بــوو بچــی لــە بــەردەم قەشەیەکدا دان بە هەڵەکانتا بنێی تائەویش لێت خۆش بــێ و خــواش لێــت خــۆش بــێ، دیــارە مرۆڤیش دان بە هەموو شتەکاندا نانێت لەبەر ئیحراجی و ئەمەش موونافیقیەکی تربوو. پرسیارم دەکرد بۆ من بچمە بەردەمیان و هەڵەکانی خۆم ئاشکرا بکــەم، بۆچــی یەکســەر لــەخوا داوای لێبوردن نەکەم؟ وتیان: نابێت، چونکە نازانی کەئایا خوا لێت خۆش دەبێت، بەڵام لەڕێی ئێمەوە (کە گوایە ئەوان پاکترن)  یەکسەر خوا لێت خۆش دەبێ و دڵنیایت.



بانگخواز عبدالرحیم گرین

پاش دیراسەی ئینجیل بیروباوەڕم گۆڕا، ئنجا خوا رەحمی کرد باوکم بۆ ئیش کردن چوو بۆ میسر، منیش لە کاتی پشووی سالآنەدا سەرم ئەدا، بۆماوەی دە سالْ کە ئەمەش زۆر سوودم لێبینی. ئێستا (عبدالرحیم گرین) یەکێکە لە بانگخوازە چالاکەکانی بەریتانیا و بەردەوام بانگەواز دەکات و وتار ئەدات لەهاید پارك لەبەریتانیا و رێی راست پیشانی خەڵکی دەدات.

## دکتۆر محمد راتب النابلسی

ناوبراو دەڵێت : مەسەلەی ئیستیقامەت مەسەلەیەکی زۆر گرنگە و خوای گەورە بەحەزرەتﷺ دەفەرمویێت:﴿ فَٱسْتَقِمْ كَمَآ أُمِرْتَ وَمَن تَابَ مَعَكَ وَلَا تَطْغَوْاْۚ إِنَّهُۥ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿١١٢﴾ ﴾ هود. جا ئەگەر مرۆڤ ئیستیقامەی بوو خەڵکی تریش چاوی لێدەکات و دەبێت بەسەرمەشق بۆیان حەزرەتﷺ دەفەرموێت: (استقیموا یُستقم بكم) . ئەصبەهانی لە ئەنەسەوە ریوایەتی کردووە ژ١٠٠٥

لەدووەم جاردا کەچاوم بەئیمام شەعراوی کەوت، ئامۆژگاری کردم و وتی: (لیحذر الداعية أن يراه المدعو على خلاف ما يدع) . واتە بانگخواز با کردارو گوفتاری یەکبن.

لەبارەی خزمایەتی و سیلەی رەحمیش دکتۆر دەڵێت: برادەرێکم پێنج خوشکی هەیە و بە هۆی سیلەی رەحم و هاوکاریانەوە لە یەك دوو ساڵدا، خوشکەزاکانی حیجابیان کردو شوویان کرد، پاش ئەوەی کە وانەی هەفتانەی بۆ دانان.

## دکتۆر جمیل قودسی دوەیك

ناوبراو کە بەرنامەی لە کەناڵە فەزاییە ئیسلامیەکان هەیە و دۆزەرەوەی بیردۆزی (تەرازووی خواردن و خواردنەوەیە) لەقورئاندا دەڵێت: قورئانی پیرۆز دەفەرموێت:﴿...مَّا فَرَّطْنَا فِى ٱلْكِتَٰبِ مِن شَىْءٍۚ... ﴿٣٨﴾ ﴾ الانعام. یان ﴿...وَخَلَقَ كُلَّ شَىْءٍ فَقَدَّرَهُۥ تَقْدِيرًا ﴿٢﴾ ﴾ الفرقان .

من وەکو پزیشکێك بیرم کردەوە لە تەقدیری خودا و تەرازووی خوایی لە هەموو شتێکدا، تەنانەت مانگ و ئەستێرەکان و خۆریش بە حسابێکی زۆر ورد دروستکراون، قورئان

دەفەرموێت:﴿ وَٱلْقَمَرَ قَدَّرْنَٰهُ مَنَازِلَ حَتَّىٰ عَادَ كَٱلْعُرْجُونِ ٱلْقَدِيمِ ﴿٣٩﴾ ﴾ یس ، مانگ چوار سەد هەزار کیلومەتر لێمان دوورە، بارستاییەکەی یەك لەسەر شەشی بارستایی زەوییە، خۆریش یەك ملیۆن جار گەورەترە لەزەوی:﴿ وَٱلشَّمْسُ تَجْرِى لِمُسْتَقَرٍّ لَّهَا ۚ ذَٰلِكَ تَقْدِيرُ ٱلْعَزِيزِ ٱلْعَلِيمِ ﴿٣٨﴾ ﴾ یس.

ئەمیش بە تەقدیرات و حسابێکی مەزن دروستکراوە، هایدرۆجین کە چالاکە بەردەوام دەبێت بە هیلیۆم کەسستە و گەرمی ناو خۆر نزیکەی بیست ملیۆن پلەی سیلیلیزیە و رووی خۆریش شەش هەزار پلەیە، کە ئەگەر هەریەکە لە بارستایی ئەو ئەستێرانە یان دووری و نزیکیان بەم شێوەیەی ئێستا نەبوایە ژیان نەدەبوو، ئنجا بێینە سەر ئەو وشانەی لە قورئاندا هاتوون و دووبارە بوونەتەوە ئەویش بە حسابە و تەقدیرێکی سەیری تیایە بۆ نموونە:

وشەی ( بر) (وشکانی) ١٣جار هاتووە.

وشەی ( بحر) (دەریا) ٣٢ جار هاتووە.

هەردووکیان کۆکەرەوە دەکاتە (٤٥) کە وشکانی و ئاوی زەوییە ئنجا سیانزە دابەش بکە بەسەر چل و پێنج دا دەکاتە (٢٨، ٩٩) کە ڕێژەی وشکانییە بۆ زەوی، هەروەها سیو دوو دابەش بکە بەسەر چل و پێنج دا دەکاتە (٧١، ١١) کەڕێژەی ئاوە بۆ زەوی.

وشەی (شهر) دوانزە جار دووبارەبۆتەوە لەهەموو قورئاندا کەسەیر دەکەین ساڵێك دوانزە مانگە لەوکاتەوە کەخوای گەورە زەویو ئاسمانی دروستکردووە﴿ إِنَّ عِدَّةَ ٱلشُّهُورِ عِندَ ٱللَّهِ ٱثْنَا عَشَرَ شَهْرًا ...﴿٣٦﴾ ﴾ التوبة .

وشەی (یوم) سێ سەدو شەست و پێنج جار دووبارەبۆتەوە کەساڵێك ئەوەندە ڕۆژە.

وشەی (صلوات) لەقورئاندا پێنج جار دووبارەبۆتەوەو موسڵمانیش شەوو ڕۆژی پێنج نوێژی فەرزی لەسەرە.

وشەی (عزم) بەهەمان شێوە پێنج جار دووبارەبۆتەوەو پێغەمبەرانی خاوەن عەزمیش پێنج پێغەمبەرن کە (نوح و ئیبراهیم و عیساو موساو محمد) ن (سەلامی خوایان لەسەر بێت) .

له لاشەی مرۆڤیشدا ژمارە و بڕ بۆ هەرشتێك خوا تەقدیری كـردووە، كاتێـك ژمـارەی خڕۆكە سورەكان لە سیانزە هەزار كەمتر بێت مرۆڤ توشی كەم خوێنی دەبێ، كاتێك لـە هـەژدە هەزاریش زیاتربێت ئەوە نەخۆشییە و خوێنی زۆرە.

ژمارەی خڕۆكە سپییەكانیش بە هەمان شێوە ئەگەر لەچـوار هـەزار كـەمتر بـن (نقص مناعة) هەیە و ئەگەر لە یانزە هەزار زیاتریش بێت ئیلتیهاب یان شێرپەنجە هەیە.

ئنجا هاتمە سەر خواردن و خواردنەوە، ئەوەی كە حەرام كراوە لە گۆشتی بـەراز و مـەی لام برد ئەوی ترم حساب كردو ئنجا بڕی (سعرات) ی حراریم حساب كـرد، پاشـان لەگـەڵ ئـەو بڕانەی كە ڕێكخراوی تەندروستی جیهانی باسی كـردووە، گەیشـتمە ئـەو راسـتیەی كـەقورئان (١٤) جار باسی میوەی دووبارەكردۆتەوە حسابی تیایە، كەباسی گۆشتی باڵنـدەو شـتی تـری كردووە هەمووی وردەكاری زۆر گەورەی تیایە و بـۆم دەركـەوت كـە قورئـان تەرازوویـەكی زۆر گرنگمان دەداتێ لە مەسەلەی خواردن و خواردنەوەدا كە بۆ مرۆڤ زۆر پێویستە.

## هـاتنی ئافـرەتان بـەرەو ئیسـلام

هاتنی ئافرەتان بەرە و ئیسلام لە ئەوروپادا دوو ئەوەنـدەی پیاوانـە، بۆیـە دەركـەوتنی ئافرەتانی بێژەرو ڕۆژنامەنووس لە كەناڵەكانەوە كێشەی بۆ ناونەتەوە و دەترسن لە بڵاوبوونەوەی زیاتری ئیسلام، كاتێك (لورین بۆس) بێژەری ئافرەت و ڕۆژنامەنووسی خوشكی ژنی تۆنی بلێر سـەرۆك وەزیرانـی پێشـووی بـەریتانیا موسـڵمان بـوو، بـوو بـەدەنگ و باسـی پلەیـەك لـە كەناڵەكانەوە.

كریستیان باكەری چل و سێ ساڵ تەمەن، كە بێژەری كەناڵی ئێن تـی ڤیـە و موسـڵمان بووە و لەبواری ڕاگەیاندندا كاردەكات لەبارەی (لورین بۆس) ەوە وتی: ئـەوەی كـەوای كـردووە لۆرین موسڵمان ببێت ڕاكردن و هەڵاتنی بوو لەو كۆمەڵگەیەی كەئازادی تـەواوی داوە هەرچـی بكەیت و زۆر بێ سەرو بەرییەو، وتیشی: ئێمە لەرۆژئاوا تـەنها هـەوڵ و گرنگیـدانمان بـۆ جـل وبـەرگ و شـوێنكەوتنی هـەواو هەوەسـە، بـەڵام لەئیسـلامی پـیرۆزدا ئامـانجی بەنـدەكان بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوای گەورەیە.

(لین علی) تەمەن سی و یەك ساڵ، كەبێـژەرێكی بـەریتانی ئافرەتـەو موسـڵمان بـووە دەڵێ: كەئیسلامم ناسی خۆم دۆزیەوەو خۆم ناسی. (كیغن بـرایس) یـش كەشـارەزایە لـەبواری موسڵمانبوونی ئەوروپیەكاندا دەڵێت: زۆرینەی ئافرەتانی بـەریتانی كەموسـڵمان دەبـن بـەدوای هۆكارێكی رۆحی و دەروونیدا دەگەڕێن بۆ ئاسوودەكردنی ژیانیان.

ئافرەتان دووئەوەندەی پیاوان موسڵمان دەبن و خێرا موسـڵمانبوونەكەیان رادەگەیـەنن و بەشانازییەوە دەبنە باڵاپۆش و بەچاكی پابەند دەبن بەئیسلامەوە[٥١].



لورین بوس

## كەناڵی سپێدە

لە جەژنی قوربانی ساڵی (٢٠١٠) كەناڵی سپێدە چاوپێكەوتنی كرد لەگەڵ هونەرمەنـد (ئەحمەد سالار) دا، ناوبراو باسی هەوڵ و كۆششی خۆی كرد لە بواری هونەر و شانۆدا، كـە لـە دەیان شانۆگەریدا بەشداری كردووە و رۆڵی گرنگی هەبووە لە دەرهێنان دا، ئەمە بێجگە لەوەی كـە چـەند پـەڕاوی نوسـیوە لـە بـواری هونەرەكەیـدا، دواهـەمینیانی پێشكەشـكردووە بـە مامۆستایەكی كە عەرەبە وەك وەفایەك ، ئەویش نامەیەكی بـۆ نوسـیوەتەوە شـانازی ئـەكات

[٥١]- ئیسلام پەیك.

بەوەی کە قوتابییەکی ئاوای هەبووە، هەروەها مامۆستاکەیدەڵێت: زۆر بە داخەوەم کە خۆم فێری زمانی کوردی نەکرد تا نووسینەکانت بخوێنمەوە.

ئەوەی زیاتر سەرنجی راکێشام ئەوەیە کە ئەم هونەرمەندە بە ڕاستی بۆ هونەرەکەی دەژی، تەنانەت کە دەبێتە بریکاری وەزیر کە ئەوکاتە حوکمەتی (پەنجا بەپەنجا) کەبوو، وەبریکاری وەزیریش هەمان پلەو پایەی وەزیری هەبوو، لە ماوەی نزیکەی دەساڵدا هونەرەکەی فەرامۆش نەکرد و لە هەموو کارە هونەریەکانی کوردستاندا لەو ماوەیەدا پشکی شێری هەبووە، تەنانەت وەك ئەکتەریش رۆڵی خۆی بینیوە هەرچەند ئەو پۆستەشی هەبووە، ناوبراو دەڵێت: جارێك بەخۆم و پاسەوانەکانمەوە چووم بۆ ئەوەی وەك ئەکتەرێك لە شانۆگەرییەکدا رۆڵی خۆم ببینم ، پۆلیسەکانی بەردەرگا دەیانناسیم وەك وەزیرێك بەڕێز وەستان و سەلامی تایبەتیان لێکردم، دوایی کەزانیان چووم لەو شانۆگەرییەدا بەشداری بکەم کە گەڕامەوە بەلایاندا پشتیان تێکردم و سەلامیان بۆ نەکردم، چونکە بەلایانەوە نەشیاو بوو من کاری وابکەم، منیش گوێم پێنەدان.

خۆزگە بانگخوازان ئاوا بۆکاری بانگخوازی لێبڕانایە، با لەهەر پلەو پۆستێکدا بن شانازی بەوەوە بکەن کەبانگخوازن بۆ پەیامی خوا﴿ وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِّمَّن دَعَآ إِلَى ٱللَّهِ وَعَمِلَ صَٰلِحًا وَقَالَ إِنَّنِى مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ ﴿٣٣﴾ ﴾ فصلت .

## عەقڵ بەکاربهێنە

١ - کاتێ لە جەنگی خەندەقدا نوعەیمی کوڕی مەسعود موسڵمان بوو، حەزرەت داوای لێکرد کە ئیسلامەتیەکەی بشارێتەوە و کارێك بکات دوژمنان لە کۆڵ مەدینە بکاتەوە، ئەم پیاوەش عەقڵی خستەکار و توانی بەو متمانەیەی هەیبوو لای کافرەکان و لای جولەکەکان جیاوازی و دژایەتی بخاتە نێوانیانەوە و توانی متمانە لە نێوانیاندا نەهێڵێت کە ئەمەش یەکێك بوو لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی موسڵمانان لەجەنگی خەندەقدا.

٢ - شەعبی دەڵێت: عبدالملك کوڕی مەڕوان ناردمی بۆ لای پاشای رۆم، هەرچی لێپرسیم وەڵامم دایەوە و زۆر سەرسام بوو پێم، نامەیەکی دامێ بۆ عبدالملك، کە نامەکەم بۆ

هێنا و خوێندیەوە وتی: ئەزانی چی نوسیوە؟ وتم: نەخێر! وتی: دەڵێت سەیرە لەگەڵیکدا وێنەی ئەمە هەبێت و کەسێکی تر بکەن بە خەلیفە. وتم: قوربان ئەوە دیارە زۆر سەرسام بووە پێم چونکە چی وت وەڵامم دایەوە. وتی: نەخێر ئەوە دەیەوێت غیرەت لێبکەم و بتکوژم!

کاتێك ئەم قسەو باسە بە پادشای رۆم گەیشتەوە وتی: بەڕاستی ژیر بوو چی لە نەفسم دا بوو خوێندیەوە!

٣ - عضد الدولە پێیان راگەیاند کە کۆمەڵێ چەتە پەیدابوون، پەلاماری کاروانەکان ئەدەن و کەس چاریان ناکات، کەدەچن بۆیان پەنا ئەبەنە بەر شاخ ودەست نایان گاتێ.

خەلیفە بازرگانێکی بانگ کرد و سندوقێکی دایە کەشیرینی ژەهراوی تیابوو زۆر بەجوانی تەغلیف کرابوو، لەگەڵ هەندێ پارەدا، بە بازرگانەکەشی راگەیاند کەوا بڵاوبکاتەوە گوایە ئەو سندوقە دیارییە بۆ هاوسەری یەکێ لە ئەمیرەکان ، کاتێ ئەو کاروانە رۆیشت و پەلاماریان دا، ئەو سندوقەیان بردو هەموو برسیان بوو لێیان خوارد، ماوەیەکی کەمی نەبرد، هەموویان لە ناوچوون و بەڵاو نەگبەتیەکەیان لە کۆڵ خەڵکی بووەوە.

٤ - یەکێ لە کاربەدەستان دوو کەسیان هێنایە لای گوایە یەکێکیان دزی کردووە و دان نانێ بەتاوانەکەیدا، ئەویش داوای پەرداخێ ئاوی کرد، کە بۆیان هێنا، پەرداخەکەی هەڵدایە بەردەمیان، یەکێکیان زۆر ترسا و یەکێکیشیان زۆر خۆڕا گربوو، بەوەی کە ترسا پێی وت: ئازادی بکەن، ئەوە چونکە بێتاوانە زۆر ئەترسێ، ئەوی تریش دیارە تاوانبارە کەحسابی خۆی کردووە و غیرەتی داوەتە بەرخۆی تا کەشف نەبێت.

٥ - ئەمریکییەکان کێشەی ئەوەیان هەبوو لە بۆشایی ئاسماندا پاندانی مەرەکەب بە هۆی نەبوونی کێش کردنەوە نانوسێت، (ناسا) پارەیەکی زۆری خەرج کرد بۆ چارەسەری ئەو گرفتە و جۆرێك پاندانیان دروستکرد کە لە بۆشایی ئاسمان و لە ناو ئاودا و لەهەموو باروزروفێکدا بنوسێت.

کەچی بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە رووسەکان هیچیان سەرف نەکرد و زۆر بەسادەیی چارەسەریان کرد، ئەویش بەوەی کەقەڵەمی رەصاصیان بەکارهێنا بۆ نوسین لەبۆشایی ئاسماندا.

٦ - لەکارگەیەکی سابون دا لەیابان کێشەی ئەوەیان هەبوو کەهەندێ پاکەت بەبۆشی دەڕواو سابونی تێناچێت و هەستیشی پێناکرێت، ئەمەش ناڕەزایی لای کڕیارەکان دروستکرد.

ئەندازیاری کارگەکە بۆ چارەسەری جیهازێکی دروستکرد کەبەتیشکی لەیزەر هەر پاکەتێك بەتاڵ بوو نەیەڵێت بڕوات، ئەمەش کولفەیەکی تێدەچوو، کارێکی ئاسانیش نەبوو، یەکێ لەکرێکارەکان فکرەیەکی بۆهات کەپانکەیەك دابنێت هەواکەی بیدات لەپاکەتەکان لەکاتی رۆیشتنیاندا بەسەر رۆڵەکەدا ، بەئاسانی ئەوەی بەتاڵ بوایە لەبەر سوکیەکەی دەکەوتە خوارەوە و بەمەش بەنرخێکی هەرزان ئەو کێشەیە چارەسەر بوو[٥٢].

٧ - سەرکردەی رۆمەکان (جرجیر) لە جەنگێکدا رایگەیاند هەرکەس سەرکردەی موسڵمانەکان (عبدالله ی کوڕی سەعد) بکوژێ سەدهەزار دیناری ئەدەمێ و کچەکەی خۆمی لێ مارە دەکەم.

سەرکردەی موسڵمانەکانیش زۆر ژیرانە بەرپەرچی دایەوە و بڵاوی کردەوە هەرچی (جرجیر) بکوژێ سەد هەزار دیناری ئەدەمێ و کچەکەی لێ مارەدەکەم و دەیکەم بەسەرکردەی وڵاتەکەش! ئەمەش (جرجیر) ی تۆقاندو وای لێکرد کە زۆر بترسێ لە جەماعەتەکەی خۆی کە لە ناوی بەرن.

٨ - مقوقس ویستی عەمری کوڕی عاص بخەڵەتێنێ و بیترسێنێ، فەرمانی دا بە پیاوان کە بەچەکەکانیانەوە رووبەڕووی سوپای موسڵمان بوەستن، بەئافرەتانیشی وت: کە لەسەر قەڵاکانەوە پشتاوپشت بوەستن تا نەزانرێ ئافرەتن و سوپاکەیان زۆر بنوێنێ.

عەمری کوڕی عاص دەرکی بەمەسەلەکە کرد و نامەیەکی بۆ نارد و تیانووسی: ئێمە ئەوەمان بینی کە کردت، ئێوە بەزۆری سەرناکەون بەسەرمانا، ئێمە رووبەڕووی هەرقل بوینەوە پێشتر و خۆتان دەزانن چی بەسەر هات.

---

[٥٢]- گۆڤاری عالم الأبداع/ژ ٧٩.

که نامەکە گەیشتە (مقوقس) بەوانەی دەوری خۆی وت: ئەوانە راست دەکەن، پادشای ئێمەیان لە مەملەکەتەکەی دەرکرد تا کردیان بە قوستەنتینیەدا، بە ڕاستی هەقە ئێمەش ملیان بۆ بدەین[٥٣].

## ئەحمەد شقێری

ناوبراو چەند ساڵە بەرنامەی (خواطر) پێشکەش دەکات لە کەناڵە فەزاییەکانەوەدەڵێت: غەڵەت لە مانای (قەوامە) تێگەیشتبووم ژنم هێنا دوو ساڵ دەوامی کرد و جیابووینەوە، دوایی لە ژیانی حەزرەتەوەﷺ تێگەیشتم کە (قوامە) تەکلیفە تەشریف نیە.

ڕۆژێك عائیشە دەنگی بەرزکردبووەوە و بەحەزرەتی وت : تۆ عەلی و فاطمە ت لەمن خۆشتر دەوێت، لەو کاتەدا ئەبوبەکر هاتە ژوورەوە خەریك بوو لێی بدات، چۆن دەنگ بەرزدەکەیتەوە بەسەر حەزرەتداﷺ، حەزرەتیش کەوتە بەینەوە و عائیشە چووە پەنایەوە، کە ئەبوبەکر رۆیشت، حەزرەتﷺفەرمووی: ئەها چۆن پەنام دای لە ئەبوبەکر.

عائیشە دەڵێ: شەوێك حەزرەت ﷺکە لەلای من مابۆوە، هەستا بە ئەسپایی رۆی منیش دوای کەوتم وامزانی دەچێ بۆلای یەکێ لە ژنەکانی، کە بینیم لە دوورەوە چوو بۆ لای بەقیع دوعا بۆ هاوەڵانی بکات، وتم: ئەو لەکوێ و من لەکوێ؟! دوایی گەڕایەوە، منیش بەپەلە گەڕامەوە، چوومە جێگاکەم هەناسە بڕکێم بوو، فەرمووی: ئەوە چیتە؟ وتم: هیچ نیە، فەرمووی: پێم دەڵێی یان خوا ئاگادارم کات، منیش وتم: کە رۆیشتی غیرەم کرد، فەرمووی: چۆن من هەقی تۆ دەدەم بەکەسی تر.

ئاساییە کە عائیشە غیرە بکات، عائیشە بەشەرە، ئێمە سەقەت تێگەیشتووین، من هاوسەرەکەم سەیری موبایلەکەی کردم ئەوەندە تووڕەبووم ئەو شەوە چووم لە ئوتێل نووستم، دوای چوار مانگ کە ئەم چیرۆکەی عائیشەم خوێندەوە ئنجا تێگەیشتم کە من هەڵەبووم.

---

[٥٣]– مجلة الأبداع: ٧٨.

لە عالەمی ئیسلامیدا نزیکەی لە٦٠٪ ی ژنهێنان هەڵدەوەشێتەوە و بەجیابوونەوە کۆتایی پێدێت، بۆیە پێویستە بۆ کوڕان و کچان دەورات بکرێتەوە و باسی حەزرەتیانﷺ بۆ بکرێت کە چۆن بووە لەگەڵ ماڵ و خێزانیدا.

لە دەرەوە هەرچی بیت، ئەبێ هەقی ژن و ماڵ بدەیت، کەس هەبووە بە قەدەر حەزرەتﷺ سەرقاڵ و مەسئولیەتی لەسەر شان بووبێت؟؟ ڕۆژێك لەگەڵ عائیشە و سەودەی خێزانیدا دانیشتبوو، عائیشە خواردنێکی کردبوو، بەسەودەی وت: بخۆ، وتی: ناخۆم، وتی: بخۆ بانەیکەم بە دەم و چاوتا، وتی: ناخۆم، عائیشەش چنگێکی کرد بەخواردنەکەدا و سووی بەدەموچاوی سەودەدا، حەزرەتیشﷺبەسەودەی فەرموو: هەقی خۆتی لێ بکەرەوە، ئەویش چنگی پیاکرد و سووی بەدەم و چاوی عائیشەداو حەزرەتیش پێدەکەنی.

هەروەها حەزرەتﷺ ئەژنۆی دائەنا و هاوسەرەکەی قاچی دەخستە سەر رانی و سواری حوشترەکەی دەبوو، ئەمەم کە زانی ئێستا دەرگای سەیارەکەمان بۆ ژنەکەم دەکەمەوە کە سەرکەوێت، ئەمە چاولێکردنی حەزرەتەﷺ. جا بەراستی ئێمە قورئان لە ڕێی ژیاننامەی حەزرەتەوە تێدەگەین.

## هیممەت بەرزی

هەوڵدان بۆ فێربوون سیفەتێکی بەرزی بڕواداره، بە تایبەت بانگخوازان، نموونەش لەسەر ئەمە زۆرە، دەگێڕنەوە پیاو باشێك لە سەرەمەرگدا سەرقاڵی فەتوایەك و وەڵامێکی شەرعی بوو، کە لێیان پرسی تۆ لەم حاڵەدا کارت چییە بەم مەسەلەیە، وتی: حەزدەکەم ئەوەش بزانم کە گەیشتمەوە بەخوا.

لەم سەردەمەشدا (محمد فريد عبدالخالق) کە یەکێکە لەبرا دێرینەکانی میسر، کە خاوەنی چەند پەڕاوو دیراساتی زانستییە وەك: (الأخوان مسلمون. فكرة وحركة) ، (الأخوان المسلمون فى الميزان الحق) ، (فى الفقه السياسى الأسلامى) ، (تأملات فى الدين والحياة) ، ئەم پیاوە مەزنە تەمەنی (٩٤) ساڵە، تەمەنەکەی رێگر نەبوو کە وەك قوتابییەك راوەستێ و

موناقەشـەی ریسـالەی دکتۆراکـەی بکـات بـەناوی (الأحتسـاب علـى ذوی الجـاه والسـلطان) لەکۆلێژی حقوقی زانکۆی قاهیرە.

ئەم پیاوە دانەنیشت، لەگەڵ ئەوەدا کـە برایـەکی بـانگخوازی دێرینـە و سـەر و ریشـی سپییە، بەڵکو بە پێی رێنماییەکانی حەزرەتﷺ دەیەوێت تا دوا سـاتەکانی ژیـانی شـتێ لـەم دونیایەدا زیاد بکات بۆ ئەوەی نەبێت بە زیـادە، دەیـەوێت نـەمامێك بنێـژێت ئەگـەر فریـاش نەکەوێت لەبەرەکەی بخوات (ان قامت الساعة وبيد أحدكم فسيلة فـان اسـتطاع أن لايقـوم حتـى يغرسها فليفعل) ئەحمەد لە ئەنەسەوە ریوایەتی کردووە ژ - ١٢٧٣٠ لەبەر چی نەمام بنێـژێت ئەگەر دونیاش لە تەواوبووندابێت، لەبەرئەوەی پاداشتی لەسەر وەردەگرێت (فله بذلك أجر) .




وێنەی د. محمد فريد عبد الخالق

## ئەڵـێی لـە ئـاو لایـداوە

لەم دونیایەدا بە هێندەی ژمارەی مرۆڤەکان کەسی جیاواز هەیە، کەس لە کەس ناچێت، هەرکەس بە جۆرێك وا لە ژێر کاریگەری سیفاتە بۆماوەییەکان و دەوروبەر و پەروەردەی دایك و باوك و مامۆستاو. . . هتد.

هەندێ کەس هەر ئەڵێی ئاو لایداوە و، لە مەین سویچەوە کوژاوەتەوەو، هەست و هۆشی مردووە، بۆ نموونە:

* منداڵێك لەقوتابخانە دێتەوە نمرەیەکی باشی وەرگرتووە بەوپەڕی خۆشییەوە دەیهێنێتە بەردەمی باوکی یان دایکی تا ئافەرینێکی گوێ لێبێت، کەچی لەجیاتی ئافەرین پیاهەڵدەشاخێن و پێی دەڵێن: جا ئەوە چییە خۆ دکتۆرات وەرنەگرتووە!

* برادەرێك لە غەریبی نامەیەکی بۆ دەچێت لە کەس و کاریەوە، بە خۆشییەوە بە هاوەڵەکەی دەڵێت: نامەم بۆ هاتووە؟ کەچی بە ساردی وەریدەگرێ و ئەڵێی دار و دیوارە و لەگەڵ خۆشییەکەی ئەودا ناژی.

* ماڵێك منداڵێکیان تازە بووە و، دەیهێنن بۆ لای میوانەکەیان و لەچاویان خۆشتریان دەوێت، جارێ دەیکا بەموناقەشە لەکوێ دەچێ و لەکوێ ناچێ؟ لەجیاتی پێوقەدەم خێرکردن و دوعای خێر.

جابەڕاستی دەبێت بەشداری خۆشی و ناخۆشی بەرامبەرەکەت بکەیت، کە ئەمەش هەقی موسڵمانە بەسەر موسڵمانەوە، ئەگەر نەخۆش کەوت سەردانی بکەی، ئەگەر کێشەیەکی بوو بچی بە هانایەوە، ئەگەر مرد بچی بۆ سەرقەبران لەگەڵیا، تەنانەت ئەگەر پژمی و وتی: سوپاس بۆ خوا، پێی بڵێی: خوا رەحمت پێبکات.

ئاخر باشە، وەرە بابیر لە پژمین بکەینەوە، لە هەموو دونیادا دیالۆگی واهەیە، ئەمە جەوهەری ئەو مەسەلەیەیە کە باسمان کرد، کە موسڵمان لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا ئەبێ چۆن بێت؟!

من بۆ خۆم وەك نوسەرێك کتێبی زۆرم لەوانەی خۆم بەخشیوە، هەرچەند زۆرکەس دەستخۆشی و دوعای خێری کردووە، بەڵام هەرگیز مەوقفی مامۆستا مەلا عبدالرحمن سجادی مامۆستا و خۆشەویستم بیرناچێت، کاتێك نامیلکەیەکم پێشکەش کرد، ماچی کرد و خستیە سەرچاوی و پاشان دوعای خێری کرد و خستیە گیرفانی، کە ئەمەش ئەوپەڕی هەست بەرزییە.

یان کاتێك خانووم کرد و ماڵم گواستەوە لە گەڕەکی زانکۆ، کە جێگاکەمان بەرزو خۆشە، برادەرێکی ئەو ناوە کە هات بۆ پیرۆزبایی، عیبارەتێکی زۆر جوانی وت کە بەڵگەی دڵپاکی و دڵسۆزی و هەست بەرزییە، وتی: هەروەك چۆن لە دونیادا خانووەکەتان بەرزە، ئاوەهاش خوای گەورە لە قیامەتا پایەبەرزتان بکاو فیردەوسی ئەعلا بکا بەنسیبتان.

نازانم بۆ زۆرجار هەندێ راستی چەند سادە و سـانایە بیرمـان دەچـێتەوە، ئـاخر باشـە، کەلیمەی تەیبە صەدەقە نیە؟! دەی بۆ هـەوڵ نـادەین بـە وشـەی جـوان کـە هیچـی تێناچـێت سەدەقەی زۆر دەست خۆمان بخەین، بۆچی زۆرجار حەسەد قوڕگمان دەگرێ و بە جوانی پیرۆزبایی شوکردن و ژنهێنان، یان خانوو یان سەیارە یان هەرچـییەکی تـر بێـت بـە جـوانی و لـە دڵـەوە نایکەین. .

چەند جوانە کە حەسەنی بەصری دەفەرموێت: من بۆ حەسـادەت بـە نیعمـەتی کەسـێك بەرم، ئەگەر خراپەو خوا وەك تاقیکردنەوە داوێتێ، خۆ لە قیامەتدا هەقی بەرودوای لێدەکاتەوە و دونیاش ماوەیەکی کورت و کەمە، خۆ ئەگەر پیاوباشە و خوا داوێتێ، جـا ئەمـە چـییە لـە دونیادا، هەرچەند بێ هەر کەمە و خوای گەورە بەهەشتی هـەتا هـەتایی ئـەداتێ، پاشـان خـۆ بەشی منی نەبردووە، خەزێنەکانی خواش بێ کۆتایین بیەوێ بە منیشی دەدات.

حەزرەتﷺ لەم بوارەدا هەروەك هەموو بوارەکانی تری ژیان لە دوا پلەدا بـووە لـەژیان لەگەڵ هاوەڵانیدا، بە خۆشیان دڵخۆش دەبوو، بە ناخۆشیان دڵتەنگ دەبوو.

کاتێك موسڵمانان چاڵیان هەڵدەکەند لە پێش جەنگی خەندەقدا، هاوەڵێکیان کـە نـاوی (جوعەیل) بوو حەزرەتﷺناوی کردبوو بە (عەمر) جائەوانیش بە دەنگەوە دەیانووت:

سماه من بعد جعيل عمرا وكان للبائس يوما ظهرا

کە ئەگەیشتنە وشەی عەمر، حەزرەت ئەیسەندەوە لەگەڵیانا و دەیفـەرموو (عـەمرا) ، کە ئەگەیشتنە وشەی **(ظهرا)** ئەیسەنەوە بۆیـان و هاوبەشـی دەکـرد لەگەڵیانـداو دەیفـەرموو **(ظهرا)** .

هاوەڵان لە شەودا کە سارد و سەرمایەکی زۆربوو، بەسکی برسییەوە بە ترسی زۆرەوە کە کافران هەڵنەکوتنە سەریان، بەردەوام چاڵیان هەڵدەکەند، حەزرەتﷺهات بۆ لایـان و هـاوەڵان وتیان:

نحن الذين بايعوا محمدا على الجهاد ما بقينا أبدا

**ئەویش دەیفەرموو:** اللهم ان العيش عيش الآخرة، فاغفر للأنصار والمهاجرة.

جارێکیان خاتوو عائیشە سەرگوزەشتەیەکی دوور و درێژی ژنانی بۆ حەزرەت گێڕایەوە، حەزرەتیشﷺ گوێی بۆ گرت تا تەواو بوو، لەگەڵ ئەو هەموو سەرقاڵییەی کە هەیبوو. سەرگوزەشتەکەش هی یانزە ئافرەتی زەمانی نەفامی بوو کە هەریەکەیان باسی مێردەکەیان کردبوو، هەریەکەیان بەجۆرێك، تا یانزەهەمیانکەناوی (أم زرع) بوو باسی (أبو زرعی) مێردی دەکات، کە چەند باش بووە لەگەڵیا، لە کۆتاییدا حەزرەتﷺ پێی فەرموو: منیش بۆتۆ وەك (أبو زرع) م بۆ (أم زرع) .

(بەڕاستی رەوشتێکی بەرزە لە گوێ گرتندا، لەسەبر و تەحەمولدا، کە مەگەر هەر لە دەست پێغەمبەر بێتﷺ، مەگەر خوای گەورە نافەرموێت: ﴿ وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ ﴿٤﴾ ﴾ القلم ، (استمتع بحياتك /العريفی )

## شارستانیەتی رۆژئاوا

لە لوتکەدایە لە ڕووی مادديەوە، بەڵام ئەم لایەنە بە تەنها ناتوانێت ئاسودەیی و ئارامی بۆ دڵەکان فەراهەم بێنێت، بگرە ئازار و مەینەتیەکانی مرۆڤیش زیاتر دەکات، رەنگە گەدە و گیرفانی پڕبکات، بەڵام نەبوونی بیروباوەڕ وای لێدەکات خۆی لێ ون ببێت و ئارامی و ئاسوودەیی لەدەست بدات.

ئەمەش وای کردووە بە هەوڵی بانگخوازان و بە فەزڵی خوا خەڵکی لەسەرتاسەری دونیاوە بێن بەرەو ئیسلام بەتایبەت لە سوید خەڵکانێکی زۆر لە سەر دەستی بانگخواز (ئەحمەد موفتی) موسڵمان دەبن بۆ نموونە:

١ - لە ٢٠١٠/١٢/٩ قوتابیەکی زانکۆی یۆتۆبۆری تەمەن ٢٢ساڵ لەبەشی پەروەردەو پێگەیاندن بەناوی (ئانیکا لیدل) موسڵمان بوو.

٢ - لە ٢٠١٠/١٢/١ ئەندازیارێکی سویدی بەناوی (ئاندریاس پێرسۆن) کەبەڕەگەز سویدیەو تەمەنی (٣٦)ساڵەو ئەندازیاری بیناسازی دیکۆراتە موسڵمان بوو، وەهیوای خواست کەبەم زوانە سەردانی ماڵی خوا بکات.

٣ - له ٢٠١٠/١٢/٢ ئەندازیارێکی کۆمپانیای ئۆتۆمبێلی ڤۆلڤۆی سـویدی لەشـاری یۆتۆبۆری بەناوی (ستیگ بیکست) کەتەمەنی (٤٧) ساڵە موسڵمان بوو.

تا ئێستا نزیکەی (١٩٠) کەسایەتی سویدی موسـڵمانبوون لەسـەر دەسـتی مامۆسـتا (ئەحمەد موفتی) داو رۆژ بەرۆژ خەڵکانی زیاتر لەسەر دەستیا دێن بەرەو ئیسلام.

## هـەوڵـدان لـە هـەر تـەمەنێـکدا بێت

١ - ئیمام ئیبن حەزم پێش ئەوەی خەریکی زانست بێت، چووە مزگەوتـەوە تـا لەسـەر مردوویەك نوێژ بکات، خەریك بوو دابنیشێت، یەکێك لۆمەی کرد و وتی: بـۆ دائەنیشـی؟ دوو رکات نوێژی تەحیە تول المسجد بکە، ئەویش دوو رکات نوێژی کرد.

جارێکی تر ئێوارەیەك جەنازەیەك دانرا بوو لە مزگەوت کە چوو پێش ئـەوەی دانیشـێت ویستی دوو رکات نوێژی تەحیەتول المسجد بکات، یەکێك لۆمەی کردو وتی: نوێـژ مەکـە لـەم کاتەدا ،حەزرەتﷺ لە پێش ئێوارەدا نەهی کردووە نوێژ بکرێت. ئا لێرەوە ئیبن حەزم هەستی بەزەرورەتی زانست کرد و کەوتە هەوڵدان و فێربوون تابووە ئەو زانا گەورەیەی کـە لـە دونیـادا ناوبانگی هەیە.

٢ - یوسف منداڵێك بوو باوکی مرد، دایکی بردیـە لای خـەیاتێك تاشـاگردی بکـاو رۆژی (دانق) ێکی دەست بکەویٚ، (ریاڵ) ێکی ئێستا دەکات، رۆژێ ئەم منداڵـە لـە کوفـە لـە مزگەوتدا ئەڵقەی دەرسی ئەبو حەنیفە دەبینیٚ دائەنیشـیٚ بـە دیاریانـەوەو گـویٚ دەگـریٚ، بـەم شێوەیە دوو رۆژ ناچیٚ بۆ لای خەیاتەکـە، کـابرای خـەیاتیش لای دایکـی شـکاتی لێـدەکات، دایکیشی گوێی دەگریٚ و دەیەویٚ بە زۆر بیبـات بـۆلای خەیاتەکـە و لـە مـەجلیس و ئەڵقـەی دەرسی ئەبو حەنیفەدا نەبێت. . ئەبو حەنیفـە پێـی دەڵێـت: خوشـکم واز لـەو منداڵـە بهێنـە بابخوێنیٚ پاشەڕۆژێکی گەشی دەبێت، ژنەکە وتی: پاشەڕۆژی چی هەر ئەومان هەیە شتێکمان بۆ پەیدا بکات، ئیتر رۆژانە ئەبو حەنیفە دانقەکەی ئەدا بـەو منداڵـە تـا دایکـی رێـی خوێنـدنی لێنەگرێت.

سەرەنجام ئەم منداڵە بوو بە (ئیمام یوسف **القاضي**) و لە زەمانی هارونە رەشیدا بوو بە **(قاضی القضاة)** ، رۆژێك لەسەر سفرەی هارونە رەشید وتی: (ئەگەر بە ویستی دایکم بوایە ئێستا خەیات دەبووم، بەڵام خوا ویستی وابوو ببمە زاناو لەگەڵ خەلیفەدا دانیشم و لەسەر سفرەکەی نان بخۆم) .

## بانگخوازی لە هەرکوێ بێت

محمد عبدالحمید أحمد یەکێکە لە برا دێرینەکانی میسر و لە پەڕاوێکیدا بەناوی (زیکریاتی) دەڵێت:

لە ساڵی ١٩٤١دا وەك مامۆستایەك هاتمە عێراق و لە (دار المعلمین) لە (الرسمیە) بوومە مامۆستای عەرەبی، منیش وەك میسرییەکی ئەو زەمانە بە (تەربوش) ەوە چوومە پۆلەوە، کە قوتابیەکان زانیان خەڵکی میسرم، یەکێکیان پرسیاری کرد، ئەسمەهان چۆنە کە گۆرانیبێژێکی بەناوبانگی ئافرەتی ئەوکاتە بوو، منیش وتم: بەڕاستی میسر ماوەیەکی زۆر سەرمەستی دەنگی ئەسمەهان و ئوم کەلسوم و صباح بوو، ئێستا پێویستی بەدەنگی نوێ و ئاوازی نوێ هەیە.

وتیان: جا ئەو دەنگە نوێ و ئاوازە نوێیە کێیە لە میسردا؟ وتم: ئەوە دەنگی رابوونی ئیسلامییە کە لە زانکۆکان بەرزبۆتەوە، دەنگی (الله أکبر) ە کە نەرۆژهەڵاتییە و نە رۆژئاواییە، دەنگێکی قورئانیە و دوورە لە نەتەوەگەریو حیزبایەتی.

بەڕاستی ئوممەت بە گۆرانی ئوم کەلسوم و ئەسمەهان نابوژێتەوە، بەڵکو بەهەوڵ وکۆششی ئەبوبەکر و عومەرو عوسمان و سەلاحەدین ئەبوژێتەوەو پێش دەکەوێت.

پاشان چوومە سەر دەرسەکەم هەستم کرد قوتابیەکان کاریگەری قسەکانمیان لەسەربوو.

لەوانەی پەروەردەی ئاینیشدا، سەرەتا پرسیارم لێکردن، کێ لە ئێوە ئەم بەیانییە نوێژی بەیانی کردووە؟ سێ قوتابی دەستیان بەرزکردەوە، بەڕاستی ئەرکی من قورس بوو لە قوتابخانەیەکدا، کە بەهەمووی دە قوتابی نوێژیان نەدەکرد.

جارێك پێنج قوتابی كه حه‌زیان به‌ قسه‌كانم ده‌كرد هاتن بۆ ماڵه‌وه‌ بۆ لام، منیش وه‌ڵامی پرسیاره‌كانیانم دایه‌وه‌ له‌ باره‌ی رابوونی ئیسلامییه‌وه‌ و ئه‌ركی سه‌رشانیان له‌و بارو زروفه‌دا. پاشان بانگی نیوه‌ڕۆی دا، به‌ جه‌ماعه‌ت نوێژمان كرد، دیاربوو یه‌كه‌مجار بوو نوێژ بكه‌ن بۆیه‌ فێری نوێژو ده‌ستنوێژم كردن. جارێكیان له‌ گه‌ڕانه‌وه‌مدا بۆ میسر برایان حاڵی بانگه‌وازیان لێپرسیم له‌عێراق، منیش وتم: ئه‌گه‌ر ئایین له‌میسردا بێ باوكه‌و هه‌تیوه‌ (یتیم) ه‌ ئه‌وا له‌عێراق دا (ئایین) بێ باوكه‌ و بێ دایكیشه‌ (**لطیمه**) ه‌.

له‌عێراق كه‌سانێكی كه‌م هه‌بوون وه‌ك (طه الفیاض) كه‌ رۆژنامه‌نووس بوو له‌ سه‌ر شێوازی برایان كاری ده‌كرد و له‌سه‌ر ئیسلامه‌تی له‌ زه‌مانی حه‌ره‌كه‌ی ره‌شید عالی گه‌یلانیدا بۆ ماوه‌یه‌ك زیندانی كرا.

په‌یوه‌ندیم كرد به‌ جه‌معیه‌ی هیدایه‌ی ئیسلامییه‌وه‌ كه‌ كاریان هاوشێوه‌ی برایان بوو، سه‌ركرده‌كه‌یانم ناسی كه‌ ناوی (كمال الطائی) بوو، قوتابییه‌كانم هاندا كه‌ دوای نوێژی ئێوارانی پێنج شه‌ممان ئاماده‌بن بۆ ئه‌و وتاره‌ی له‌و جه‌معیه‌یه‌دا ئه‌‌درا و ناوبه‌ناویش دكتۆری مهندس (حسین كمال الدین) م بانگ ده‌كرد بۆ وتاردان.

دكتۆر (حسین كمال الدین) كه‌ یه‌كێ بوو له‌ برایانی میسر و ئه‌ندازیاری رووپێوی بوو، به‌ عه‌قد له‌ كۆلێژی ئه‌ندازیاری به‌غداد كاری ده‌كرد، له‌و كۆلێژه‌ كۆمه‌ڵێ قوتابی شیوعی موسڵمانبوون له‌سه‌ر ده‌ستیاو ئیمامه‌تی بۆ ده‌كردن و باسی ئیسلامی بۆ ده‌كردن و شوێنێكی له‌ كۆلێژه‌كه‌دا بۆ دابین كردن كه‌ نوێژی تیابكه‌ن.

دكتۆر (حسین) زۆر خۆشه‌ویست بوو لای قوتابییه‌كانی و مامۆستاكان بۆیه‌ دوای مردنی باوكی كه‌ ویستی بگه‌ڕێته‌وه‌ میسر، وتیان چیت ده‌وێت بۆت ده‌كه‌ین به‌مه‌رجێ بمێنیته‌وه‌، به‌ڵام ناوبرا و له‌به‌ر بارودۆخی خۆی ناچار بوو بگه‌ڕێته‌وه‌ میسر، دكتۆر حسین توانی له‌ڕێی دیاریكردنی قیبله‌وه‌ بیسه‌لمێنێت كه‌ مه‌ككه‌ چه‌قی وشكاییه‌. شایانی باسه‌ دكتۆر حسین زۆر خزمه‌تی كرد له‌بواری ئه‌ندازیاری و له‌بواری دیاریكردنی قیبله‌ی مزگه‌وته‌كان له‌عێراقدا. زانكۆی شه‌ریعه‌ی ئه‌زهه‌ر له‌ میسر چوار ساڵه‌، شێخ محمد محمود صواف له‌ب لیمه‌تیدا توانی به‌ دووساڵ ته‌واوی بكات و كه‌ گه‌ڕایه‌وه‌ عێراق كه‌وته‌ بانگه‌وازكردن به‌پێی مه‌دره‌سه‌ی ئیخوان.

پاش تەواوبوونی کارەکەم لەعێراق، ئاڵای بانگەواز شێخ (صواف) هەڵی گرت و شێخ ئەمجەد زەهاویش راوێژکاری ئەو رابوونە بوو، کە یەکێ بوو لەو زانایانەی کە لەبەر خوا لە لۆمەی لۆمەکار نەدەترسا.

پاشان برایان لەژێر ناوی کۆمەڵەی (الأخوة الأسلامية) مۆڵەتیان بۆ کارەکەیان لە حکومەت وەرگرت و پارێزەر (عبدالرحمان خضير) بووە سەرۆکی کۆمەڵەکە. پاشتریش (طه الفياض) پەیوەندی پێوەکردن.

یەکێ لەو شتانەی کە زۆر کاری تێکردوم ئەوەیە کە بانگخوازێکم ناسی لەئەمریکا بەناوی (شێخ ساتی ماجد) ، ئەم پیاوە خەڵکی خوارووی سودانە و لە پێش پەنجاکاندا بە قاچاخ لەرێی کەشتیەکەوە خۆی گەیاندە ئەمریکا، لە ئەمریکا فێری ئینگلیزی بوو، کەوتە بانگەوازکردن زیاتر لە بیست هەزار کەسی موسڵمان کرد، زۆربەیان لە رەش پێستەکان بوون، یەکەم ئەمریکی سپی پێست کە موسڵمان بوو، ناوی نا (ئەبوبەکر) ، یەکەم ئافرەتی سپی پێستیش کە موسڵمان بوو ناوی نا (خەدیجە) . ناوبراو توانی رەزامەندی حکومەت وەرگرێ و مزگەوت و قوتابخانەو یانە دروست بکات بۆ کۆبوونەوە، هەروەها زەوی تایبەتی وەرگرت بۆ قەبرسانی موسڵمانان. هەوڵمدا شێخ ساتی بە پێشەوا بەننا بناسێنم، ئەویش ئاهەنگێکی رێزلێنانی بۆ گێرا لە (دار الأخوان) داو فەرمووی:

(ئەم بانگخوازە هیچی وای نیە لە دونیاو هیچ دەوڵەتێك هاوکاری نەکردووە و شتێکی کەمیشی لە ئەزهەر خوێندووە، ئنجا سەرکەوتنێکی ئاوا گەورەشی بەدەستهێناوە لە بانگەوازەکەیدا لەئەمریکا.

بەڕاستی ئەم پیاوە حوجەیە بەسەر زانایانی میسرەوە کە بڕوانامەی بەرزیان هەیە، جا ئەمەش ئەو راستییە ئەسەلمێنێ کەئیمانی راستەقینەو دڵسۆزی کارێك دەکات کە بەسوپاو پارەی زۆرو دەزگاکان ناکرێت. وە ئەو ئیمانە وا لەسەرو پلەوپایەو بڕوانامەی زانکۆکانەوە) . محمد عبدالحميد لەیادەوەریەکانی بەردەوام دەبێو دەڵێت: ئازایەتی پێشەوا بەننا ئەوەندەی تر خۆشەویستی کرد لە لام، بەتایبەت کاتێك کە خۆپیشاندانێك کرا لە مەیدانی ئەزهەردا بۆ پاڵپشتی فەلەستین و دژ بە ئینگلیز و جولەکە، پۆلیس و ئاسایش کەوتنە تەقە لە

خۆپیشاندەران و پێشەوا بەننا کە لەپێشیانەوە بوو مەبەستیان بوو کە شەهیدی بکـەن، برایـەك کەناوی (عبدالرحیم) بوو لە هێڵی شەمەندەفەر کاری دەکرد خۆی دایە بـەر فیشـەکەکان و بـە شەهیدبوونی خۆی پێشەوا بەننای پاراست، هەرچەند دەست و پەنجەی پێشەوا بـەنناش برینـدار بوو.

کاتێك پێشەوا بەننا گەڕایەوە لەگەڵ براکاندا بۆ (مرکز العام) زۆر گریان بۆ ئەو هاوەڵە گیانفیدایەیان کە رۆحی خۆی کرد بـە فیـدای بەرنامەکـەی خـواو نەیهێشـت مـەرامی گـڵاوی ناحەزان بێتەدی.

# بەرگی چوارەم

# پەیامێکی ئاسمانی

# پـێشــەکی

سوپاس و ستایش بۆ خـوای پـەروەردگارو دروودو سـەلامیش لەسـەر گیـانی سـەرداری پێغەمبەران و یارو یاوەران و شوێنکەوتوان.

قورئانی پیرۆز ئەو پەڕاوەیە کە هەرگیز نارێکی و هەڵەی تیا بەدی نـەکراوەو ناشـکرێت ،چونکە خوایەکی کاردروست کە شایانی هەموو حەمدو سوپاسێکە ناردویەتیە خوارەوە﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ عَلَىٰ عَبۡدِهِ ٱلۡكِتَٰبَ وَلَمۡ يَجۡعَل لَّهُۥ عِوَجَاۜ ﴿١﴾﴾ الکهف ﴿لَّا يَأۡتِيهِ ٱلۡبَٰطِلُ مِنۢ بَيۡنِ يَدَيۡهِ وَلَا مِنۡ خَلۡفِهِۦۖ تَنزِيلٞ مِّنۡ حَكِيمٍ حَمِيدٖ ﴿٤٢﴾﴾ فصلت

قورئانی پیرۆز داوا لە خەڵکی دەکات کە بەچاوی ئینصافەوە وردبنەوە لە پەیامی قورئان و ژیاننامەی پێغەمبەرﷺ و دەفـەرمووێت:﴿أَوَلَمۡ يَتَفَكَّرُواْۗ مَا بِصَاحِبِهِم مِّن جِنَّةٍۚ إِنۡ هُوَ إِلَّا نَذِيرٞ مُّبِينٌ ﴿١٨٤﴾﴾الأعراف .

﴿قُل لَّوۡ شَآءَ ٱللَّهُ مَا تَلَوۡتُهُۥ عَلَيۡكُمۡ وَلَآ أَدۡرَىٰكُم بِهِۦۖ فَقَدۡ لَبِثۡتُ فِيكُمۡ عُمُرٗا مِّن قَبۡلِهِۦٓۚ أَفَلَا تَعۡقِلُونَ ﴿١٦﴾﴾ یونس .

قورئان بە ئاشکرا داوا دەکات کە لـە قورئـان و ژیـان و هـەڵس وکـەوتی حـەزرەتﷺ وردببنەوە، هەرچەند کافرەکانیش و جولەکەکانیش باش دەیانزانی کە پێغەمبەری خوایە، بـەلاّم لە سەرسەختی و ملنەدان بۆ هەق و راسـتی و لەبـەر بەرژەوەنـدی دونیـایی و زەعامـەت بـوو کـەبڕوایان نـەدەهێنا:﴿وَجَحَدُواْ بِهَا وَٱسۡتَيۡقَنَتۡهَآ أَنفُسُهُمۡ ظُلۡمٗا وَعُلُوّٗاۚ فَٱنظُرۡ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلۡمُفۡسِدِينَ ﴿١٤﴾﴾النمل .

ئەهلی کیتاب چۆن منالّی خۆیان دەناسیەوەو دەیانزانی ئەوانە منالّیانن بەهەمان شێوەو بگرە زیاتریش دلّنیا بوون کە محمد پێغەمبەری خوایەو هەندێکیان کە موسولّمان دەبوون دانیـان دەنا بەو راستیەدا:

﴿ٱلَّذِينَ ءَاتَيۡنَٰهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ يَعۡرِفُونَهُۥ كَمَا يَعۡرِفُونَ أَبۡنَآءَهُمۡۖ وَإِنَّ فَرِيقٗا مِّنۡهُمۡ لَيَكۡتُمُونَ ٱلۡحَقَّ وَهُمۡ يَعۡلَمُونَ ﴿١٤٦﴾ ٱلۡحَقُّ مِن رَّبِّكَۖ فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡمُمۡتَرِينَ ﴿١٤٧﴾﴾ البقرة.

له سەردەمی حەزرەت داﷺ کەسێك بۆ یەك جار چاوی پێی دەکەوت دەیووت: بە ڕاستی ئەوەی دەیڵێت قسەی درۆزن نیە و، ئەو ڕووخسارەش ڕووخساری درۆزن نیە.

## پرسیارەکانی هرقل

کاتێك پێغەمبەرﷺ نامەی نارد بۆ (هرقل) پاشای رۆم، هرقل وتی بگەڕێن بە شامدا بزانن کەسی خەڵکی ئەو ناوچەیەتان دەست دەکەوێت پرسیاری لێ بکەم، گەڕان ئەبوسوفیان و چەند کەسێکی تریان دەست کەوت کە بۆ بازرگانی لەشام بوون، هرقل لە ئەبو سوفیانی پرسی: نەسەبی چۆنە تیاتانا، ئایا لە ئەشرافتانە؟

ئەبو سوفیان: بەڵێ ئەو خاوەن نەسەبە و لە ئەشرافمانە.

هرقل: کەس پێشتر قسەی وای کردووە ئەم چاوی لێبکات؟

ئەبو سوفیان: نەخێر.

هرقل: ئایا یەکێ لەباوباپیرانی پاشا بوون و لێتان زەوت کردبێ ئێستا بەم قسانە بیەوێت دەستی بکەوێتەوە؟

ئەبو سوفیان: نەخێر.

هرقل: شوێنکەوتوانی گەورە پیاوانن یان هەژارن؟

ئەبو سوفیان: هەژاران دوای دەکەون.

هرقل: شوێنکەوتوانی زیاد دەکەن یان کەم؟

ئەبو سوفیان: شوێنکەوتوانی زیاد دەکەن.

هرقل: کەس لە شوێنکەوتوانی لە داخی خراپی ئاینەکە وازی هێناوە؟

ئەبو سوفیان: نەخێر.

هرقل: درۆتان لێ دیوە پێش ئەوەی ئەو قسانە بکات؟

ئەبو سوفیان: نەخێر.

هرقل: ئایا غەدر دەکات و پەیمان دەشکێنێ؟

ئەبو سوفیان: نەخێر.

هرقل: ئایا جەنگتان لەگەڵ کردووە و شەڕەکەتان چۆن بووە؟

ئەبو سوفیان: جەنگمان لەگەڵ کردووە و جاری وابووە ئەو سەرکەوتووە و جاری واش بووە ئێمە سەرکەوتوین.

هرقل: فەرمانتان بە چی پێ ئەدا؟

ئەبو سوفیان: پێمان دەڵێ: تەنها خوا بپەرستن و هاوەڵی بۆ بڕیار مەدەن، واز لـە قسـەو ڕێبازی باوباپیرانتان بهێنن و، دەڵێ: نوێژبکەن و ڕاستگۆو داوێن پاك و خزم دۆست بن.

هرقل پاش ئەم پرسیارانە وتی: ئەگەر ڕاست بکەی، ئەوا ئەم جێ پێیەی منیش دەگرێت، ئەوانەی باست کرد سیفاتی پێغەمبەرن، وەمن دەمزانی کە دوا پێغەمبەر دێت، بـەڵام گومـانم نەدەبرد کە لە ئێوە بێت، وە ئەگەر بزانم بە سەلامەتی ئەگەمە لای، قاچیم بۆ دەشت و خزمـەتم دەکرد.

ئەبو سوفیان وهاوڕێکانی لایان سەیر بوو، ئەبو سوفیان پێی وتـن: بەڕاسـتی مەسـەلەی محمد گەورە بووە، پاشای ڕۆم لێی دەترسێ. . لەمەوە ئەبو سوفیان دەڵێ: دڵنیـابووم کـە محمـد سەردەکەوێ و ئاینەکەی بڵاودەبێتەوە.

ئەبو سوفیان دوای ساڵێك لەم ڕووداوە لەپێش فەتحی مەککـەدا موسـڵمان بـوو. . (بـۆ درێژەی ئەم باسە سەیری لەخزمەت قورئاندا/ ل٥٠٦ بکە - نووسەر) .

هرقل بە ڕاستی پاشایەکی ژیر بوو لەهەڵسەنگاندنی ژیانی حەزرەتەوەﷺ گەیشـتە ئـەو ڕاستیەی کە ئەو زاتە پایەبەرزە بەڕاستی پەیامبەرە و سەرەنجام سەردەکەوێت.

## وردبـوونەوەی بیـانیەکان

بیانیەکان ڕۆژانە دێن بەرە و ئیسلام لـە ئـەنجامی دیراسـەکردنی قورئـان و ژیاننامـەی حەزرەتﷺەوە.

بۆ نموونە:

أ - یەکێ کە موسڵمان بوو وتی : قورئان دیارە کە لامی خوایە، ئەوەتا قورئان نـاوی نوسەری لە سەر نیە، بە پێچەوانەی ئینجیلەکانەوە کە (ئینجیلی مەتی) و (برنابا) و (پـۆلص) و. . هتد.

ب - یەکێکی تر دیراسەی قورئانی کردو وتی: هەر لەسەرەتاوە قورئـان دەفـەرموێت: ﴿ ذَٰلِكَ ٱلۡكِتَٰبُ لَا رَيۡبَۛ فِيهِۛ ... ﴿٢﴾ ﴾ البقرة ، ئەم پەڕاوە هیچ گومان و کەم وکوڕی یـەکی تیانیـە، دیارە خوانەبێت کەس ناتوانێت پەڕاوێك بێنێ و بڵێ هیچ گومان و کەم و کوڕی یەکی تیانیە.

ج - یەکێکی تر دەڵێت، ئەگەر محمد درۆ لەگەڵ هەموو کەس بکات درۆ لەگـەڵ خـۆی ناکات، ئەوەتا کەخوا پێی دەفـەرموێت: ﴿ ..وَٱللَّهُ يَعۡصِمُكَ مِنَ ٱلنَّاسِ ..﴿٦٧﴾ ﴾ المائـدة ، خـوا دەتپارێزێ لەخەڵکی، پاسەوانەکانی ئیزن دا،ئەگەر محمـد پێغەمبـەری خـوا نـەبێ چـۆن خـۆی دەخەڵەتێنێ و شتی وادەکات،کە سروشتی مرۆڤ وایە حەز بەحیمایەو پاسەوانی زۆر دەکات.

د - یەکێکی تریش دەڵێت: خەدیجە کە ئافرەتێکی پایەبەرزی ئەو زەمانەی خۆی بـووە و دوو شووی کردووە و بازرگان بووە، شارەزاییەکی تەواوی لە بارەی پیاوانـەوە هـەبووە، بۆیـە کاتێك وەسفی حەزرەت دەکاتﷺ دیارە راست ئەکات و لە خۆیەوە نایڵێـت، کاتێـك کـەوەحی بۆهات و زۆر بێتاقەت بوو ،ئەویش دڵی دایەوەو وتی: هـەرگیز خـوا تـۆ تووشـی شـتی خـراپ وناهەموار ناکات لە کاتێکدا تۆ لەگەڵ هەموان باشیت ، خـزم و دۆسـت بەسـەر دەکەیتـەوە و یارمەتی هەژاران و لێقەوماوان دەدەیت و. . . هتد.

ر - زانایەکی جوولەکە بەوە موسڵمان بوو کە پێیان وت: هەموو بەشکردنی میرات لـە قورئاندا بە چەند ئایەتێك باسکراوە و هەقی هەموانیشی بە وردی و بەڕێك و پێکی داوە ، کـە ئایەتەکانیان پیشان دا موسڵمان بوو ، چونکە لە وڵاتان دابەش کردنی میرات بە کتێبێك تەواو نابێت.

ز - دکتۆر میلەری ئەمریکی کە بینی لە قورئاندا لە ٢٥ جێدا باسی عیسـا دەکـات وتەنها ٥ جار ناوی محمد هاتووەو، پاشـان چـەند جـار باسـی مەریـەم دووبارەبۆتـەوەوبۆ تاقـە جارێکیش باسی خەدیجە یان فاتیمەی کچی پێغەمبەر ناکات ،وتی دیارە ئەمـە لـە خواوەیـە و لەساڵی ١٩٧٧داموسڵمان بوو. (بەرەو ئیسلام لا٢٥ - نووسەر)

س - گۆرانیبێژی ئەمریکی سیلەرز لە شاری فرجینیـا گـوێی لـە دەنگـی قورئـانخوێن (**خالیدقحطانی**) بوو کاسێتێکی کڕی و پاش ئەوەی گوێی لێگرت موسـڵمان بـوو. (هـەمان سەرچاوە) .

ش - پڕۆفیسۆر زەغلول النجار دەڵێت : لاوێکم بینی کە شارازەیەکی بواری موەشەحاتی ئەندەلوسیە لە ئیسپانیا بەو مۆسیقایەی لە قورئاندایە موسڵمان بوو.

ص - پڕۆفیسۆر (**کیث**) مۆر بە قۆناغەکانی کۆرپەلە لەسکی دایکدا کە قورئان زۆر بەوردی و زانستیانە باسی دەکات موسڵمان بوو.

## فەرمایشتێکی خاتوو عائیشە

خاتوو عائیشەی دایکی بڕواداران دەڵێت: ئەگەر محمدﷺ شتێکی نە گەیاندایە و بیشاردایەتەوە ئەوا ئەم ئایەتەی نە دەگەیاند کە دەفەرموێت: ﴿ **وَإِذْ تَقُولُ لِلَّذِيٓ أَنْعَمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَأَنْعَمْتَ عَلَيْهِ أَمْسِكْ عَلَيْكَ زَوْجَكَ وَٱتَّقِ ٱللَّهَ وَتُخْفِي فِي نَفْسِكَ مَا ٱللَّهُ مُبْدِيهِ وَتَخْشَى ٱلنَّاسَ وَٱللَّهُ أَحَقُّ أَن تَخْشَىٰهُ** ...﴿٣٧﴾ ﴾ الأحزاب .

بە ڕاستی سەرنجدانێکی جوانەو جێی هەڵوێستەیە، لە قورئاندا لە چەند شوێندا حەزرەتﷺ بەوەی کە لە بەرچاوی بووە حوکمی داوە، کە چی قورئان دابەزیوە و حوکمەکەی بۆ ڕاست کردۆتەوە، چونکە خوا ئاگاداری نهێنیەکانە.

دیارە کەس حەزناکات شتێك کە ڕاست کردنەوەی تیابێت بۆی ئیعلانی بکات، تەنها پێغەمبەرﷺ نەبێت، ئەویش لەبەر ئەوە بووە کە پێغەمبەرە، جالەڕوانگەی ئەم سەرباسەوە لە خزمەت چەند ئایەتێکدا دەبین کە بەڵگەی روون وئاشکران لەسەر پێغەمبەرایەتی ئەو زاتە موبارەکە (سەلاّت و سەلامی خوای لەسەر بێت) .

## زەید و زەینەب

(زەیدی کوڕی حارثە) لە دەوری نەفامیدا بەدیل گیرا بوو، لە کاتی فرۆشتنیا حەکیم کوڕی حوزام کڕی بۆ خەدیجەی پوری، کە خەدیجە شووی کرد بە پێغەمبەرﷺ، پێشکەشی پێغەمبەری کردﷺ، کاتێ خزمەکانی زەید هەواڵی زەیدیان پرسی و زانیان لای محمدەﷺ ،هاتن و ویستیان بە هەر نرخێك بێت لێی بکڕنەوە تا ئازادبێت، حەزرەتیشﷺ فەرمووی: زەید ئازادە، ئەگەر دێتەوە لەگەڵتان من لاریم نیە، زەید قایل نەبوو بڕواتەوە لەگەڵیان و ئەوەندەی

حەزرەتﷺ خۆشدەویست مایەوە لە خزمەتیا، حەزرەتیشﷺ وەك وەفایەك بۆ ئەم هەڵوێستە بەرزەی زەید لەناو خەڵکیدا زەیدی کرد بە کوڕی خۆی و پێیان دەوت زەیدی کوڕی محمد، دوایش بەفەرمانی خوا ئەمە هەڵوەشایەوە کەباشتر وایە هەرکەس بەناوی باوکی خۆیەوە بانگ بکرێ.

حەزرەتﷺ زەینەبی کچی پوری داواکرد بۆ زەید، لەبەر ئەوەی زەینەب لە بنەماڵەیەکی بەرز و دیاری قوڕەیش بوو زەیدیش بەندە و کۆیلە بوو بە زەحمەت لەبەر فەرمانی خوا زەینەب ناچار بوو رازی بێت کە ئایەتی لەسەر هاتە خوارەوە:﴿ وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ ۗ وَمَن يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا مُّبِينًا ﴿٣٦﴾ ﴾ الأحزاب، واتە: کەخوا و پێغەمبەری خوا بڕیاری کارێکیان دا، ئیتر پیاو و ئافرەتی موسڵمان بیرکردنەوە و دوودڵیان نیە لە بڕیارداناو، هەرکەسیش بە گوێی خوا و پێغەمبەر نەکات گومڕا و سەرلێشێواوێکی ئاشکرایە.

یاسای بەکوڕکردن هەڵوەشایەوە ﴿ مَّا جَعَلَ اللَّهُ لِرَجُلٍ مِّن قَلْبَيْنِ فِي جَوْفِهِ ۚ وَمَا جَعَلَ أَزْوَاجَكُمُ اللَّائِي تُظَاهِرُونَ مِنْهُنَّ أُمَّهَاتِكُمْ ۚ وَمَا جَعَلَ أَدْعِيَاءَكُمْ أَبْنَاءَكُمْ ۚ ذَٰلِكُمْ قَوْلُكُم بِأَفْوَاهِكُمْ ۖ وَاللَّهُ يَقُولُ الْحَقَّ وَهُوَ يَهْدِي السَّبِيلَ ﴿٤﴾ ادْعُوهُمْ لِآبَائِهِمْ هُوَ أَقْسَطُ عِندَ اللَّهِ ۚ فَإِن لَّمْ تَعْلَمُوا آبَاءَهُمْ فَإِخْوَانُكُمْ فِي الدِّينِ وَمَوَالِيكُمْ ۚ وَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ فِيمَا أَخْطَأْتُم بِهِ وَلَٰكِن مَّا تَعَمَّدَتْ قُلُوبُكُمْ ۚ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿٥﴾ ﴾ الأحزاب .

لای عەرەب وا باوبووە کە ئەگەر یەکێك کرا بە کوڕی کەسێك، ئەوا ژنەکەشی دەبێتە بووکی و دواتر ئەگەر تەلاقی بدات بۆی نیە بەناو خەزوورەکەی مارەی بکاتەوە، خوای گەورە ئەمەی هەڵوەشاندەوە و، ویستی خوا وابوو کە پێغەمبەرﷺ یەکەم کەس بێت کە ئەمە جێبەجێ بکات.

زەید و زەینەب نەئەگونجان، زەینەب لەگەڵ ئەوەدا صالح بوو، تووڕەییەکی هەبوو، خۆشی بەزیاتر ئەزانی لەزەید، زەید شەکوای حاڵی خۆی لای حەزرەتﷺ دەکرد و ئەیویست زەینەب تەلاق بدات، ئەمەش لەسەر حەزرەتﷺ زۆر قورس بوو، ئامۆژگاری دەکرد کە کاری

وانەکات و خۆیان بگونجێنن، ﴿ وَإِذْ تَقُولُ لِلَّذِيٓ أَنْعَمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَأَنْعَمْتَ عَلَيْهِ أَمْسِكْ عَلَيْكَ زَوْجَكَ وَٱتَّقِ ٱللَّهَ ...﴿٣٧﴾ ﴾ الأحزاب .

خوای گەورە خستبوویە دڵی حەزرەتەوەﷺ کە سەرەنجامیان تەڵاق دانەو ئەبێ ئەمیش زەینەب بخوازێ، حەزرەتیشﷺ ئەمەی لە دڵیا هەڵگرتبوو زۆر ئەترسا لە دەمی کافران، کە بکەونە تانەو تەشەرلێدانی کە محمدﷺ بوکی خۆی مارە کردۆتەوە، تا ئەوکاتەی فەرمانی خوا دابەزی، کە زەید زەینەبی تەڵاق دا خوای گەورە لە ئاسمانەوە زەینەبی لێ مارەکرد. ﴿... وَتُخْفِي فِي نَفْسِكَ مَا ٱللَّهُ مُبْدِيهِ وَتَخْشَى ٱلنَّاسَ وَٱللَّهُ أَحَقُّ أَن تَخْشَىٰهُ فَلَمَّا قَضَىٰ زَيْدٌ مِّنْهَا وَطَرًا زَوَّجْنَٰكَهَا لِكَيْ لَا يَكُونَ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ حَرَجٌ فِيٓ أَزْوَٰجِ أَدْعِيَآئِهِمْ إِذَا قَضَوْا۟ مِنْهُنَّ وَطَرًا وَكَانَ أَمْرُ ٱللَّهِ مَفْعُولًا ﴿٣٧﴾ ﴾ الأحزاب .

خوای گەورە فەرمانی نەدابوو بەحەزرەتﷺ کە ئەو شتەی لە دڵیایەتی و ئاگاداری کردووە بیگەیەنێ و بەخەڵکی بڵێ، ئەگینا هەرچی دەبوو بابوایە و حەزرەتﷺ دەیگەیاند بە خەڵکی، مەگەر ڕووداوی ئیسراو میعراجی نەگەیاند کە زۆر قورس بوو لەسەر خەڵکی کە بڕوای پێ بکەن و تەنانەت چەند موسڵمانێکی ئیمان لاواز پەشیمان بوونەوە.

کە زەید زەینەبی تەڵاقداو عیدەی تەواو بوو، حەزرەتﷺ زەیدی نارد کە داوای زەینەبی بۆ بکات، زەید کە چوو زەینەب هەویری دەشێلا، زەید دەڵێ: لە بەر ئەوەی پێغەمبەرﷺ ئەوەی فەرمووبوو، کە چاوم پێکەوت (هەرچەند نزیکەی ساڵێك هاوسەری بوو) ئەوەندە لەبەر چاوم گەورە بوو نەمتوانی بۆی بڕوانم، پشتم تێکردو وتم: مژدە بێت پێغەمبەری خوا داوای کردویت بتخوازێت.

ئەویش وتی: بە بێ ئیزنی خوا هیچ ناکەم، ئیتر هەستا و چوو نوێژی (ئیستیخارە) ی کرد، لەم کاتەدا ئایەتەکان هاتنەخوارەوە و بە فەرمانی خوا مارەی کرد، دواتر زەینەب فەخری ئەکرد بەسەر هاوسەرەکانی پێغەمبەرداﷺو دەیفەرموو (ئێوە کەس وکارتان مارەیان کردوون لە پێغەمبەرﷺ ،من خوای گەورە لەسەر و حەوت ئاسمانەوە مارەی کردووم لێی) .

جا بەڕاستی ئەم ڕووداوە زۆر کاریگەری هەبوو لەسەر پێغەمبەرﷺ و زۆر قورس بوو، بەڵام لەبەر خوا و گوێڕایەڵی بۆ فەرمانەکەی جێبەجێی کردو ئنجا لە قورئانیشدا تۆمارکرا بۆ هەتا هەتا، کە ئەمەش بەڕاستی بەڵگەیەکی گەورەو ئاشکرایە لەسەر ڕاستگۆیی پێغەمبەرﷺ لەگەیاندنی پەیامەکەداو بەڵگەیە لەسەر پێغەمبەرێتی ئەو زاتە موبارەکە.

## بەرگری لەمافی جولەکەیەك

ئەم چەند ئایەتە بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکران کە ئەم قورئانە لەخواوەیە و حەزرەتﷺ غەیب نازانێ مەگەر شتێك خوا بۆی ئاشکرا بکات.

ریفاعە هاوەڵێکی حەزرەت بووﷺ زرێکەی دزرا، قەتادەی برازای چووە خزمەت پێغەمبەرﷺو وتی: گومانی زۆرمان کەوتۆتە سەر (طوعمەی کوڕی ئوبەیریق) (کە پیاوێکی مونافیق و خراپ بوو) ، طوعمەش کە بەمەی زانی بەدزی یەوە زرێکەی فڕێدایە ماڵی کابرایەکی جولەکە کە ناوی زەیدی کوڕی سەمین بوو، ئنجا چەند کەسێکی ناردە لای پێغەمبەری خوداﷺ تا پێی بڵێن: قەتادە و مامی بە بێ بەڵگە لەناو خەڵکیدا طوعمەیان بەدز داناوە، طوعمە گوایە پیاوێکی موسڵمانە و زەیدی جولەکە دزی کردووە.

کە ماڵی زەید گەڕان و زرێکە دۆزرایەوە، حەزرەتﷺ ك ەزاهیر بینە لۆمەی قەتادەی کرد کەچۆن بە بێ بەڵگە (طوعمە) ی تۆمەتبار کردووە! بەڵام دیارە ئەم دونیایە بێ خاوەن نیە، ستەملێکراو ئەگەر کافریش بێت لە نێوان ئەو و خوادا پەردە نیە، بۆیە خوا لەسەر و حەوت ئاسمانەوە ئایەتی ناردە خوارەوە و نهێنیەکانی ئاشکرا کرد کە طوعمە تاوانبارە و ئەو جولەکەیە بێ تاوانە، کەبەڕاستی ئەمەش گەورەترین بەڵگەیە لە سەر پەیوەندی حەزرەتﷺ بە ئاسمانەوە، هەروەك دەفەرموێت:﴿ إِنَّآ أَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّ لِتَحۡكُمَ بَيۡنَ ٱلنَّاسِ بِمَآ أَرَىٰكَ ٱللَّهُۚ وَلَا تَكُن لِّلۡخَآئِنِينَ خَصِيمٗا ﴿١٠٥﴾ وَٱسۡتَغۡفِرِ ٱللَّهَۖ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ غَفُورٗا رَّحِيمٗا ﴿١٠٦﴾ ﴾ النساء

واتە: ئەی پێغەمبەرﷺ ئێمە قورئانمان بە هەق بۆ تۆ ناردۆتە خوارەوە، تا بەو پێیەی کە خودا بۆی ڕوونکردویتەوە لە ناو خەڵکیدا حوکم بکەیت بێ لایەنگری بۆ هیچ کەسێك، تۆ بەرگری و دیفاع لەو کەسانە مەکە کەخیانەت دەکەن و گوناهی خۆیان دەخەنە سەر کەسێکی

تر، وەکو ئەوەی طوعمەو خزمەکانی کردیان، داوای لێخۆش بوون لەخوا بکە، بێگومان خوا زۆر لێخۆش بوو میهرەبانە.

﴿ وَلَا تُجَٰدِلۡ عَنِ ٱلَّذِينَ يَخۡتَانُونَ أَنفُسَهُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ مَن كَانَ خَوَّانًا أَثِيمٗا ١٠٧ يَسۡتَخۡفُونَ مِنَ ٱلنَّاسِ وَلَا يَسۡتَخۡفُونَ مِنَ ٱللَّهِ وَهُوَ مَعَهُمۡ إِذۡ يُبَيِّتُونَ مَا لَا يَرۡضَىٰ مِنَ ٱلۡقَوۡلِۚ وَكَانَ ٱللَّهُ بِمَا يَعۡمَلُونَ مُحِيطًا ١٠٨ ﴾ النساء

ئەی پێغەمبەرﷺ تۆ پاکانە بۆ ئەو کەسانە مەکە، کەبەخیانەت کردن لەگەڵ خەڵك و بوهتان بۆکردنیان، خیانەت و خراپە لەگەڵ خۆیان دەکەن، بێگومان هەرگیز خوا ئەو کەسانەی خۆش ناوێت و رووی رەحمەتی ناکاتە هەرکەسێك کە لە سەر خیانەت و گوناهکاری بەردەوام بێت.

ئەوانەی کە لە سەر خراپەکاری و گوناه بەردەوام و سوورن و شەرم لە خەڵکی دەکەن و بە دزی خەڵکەوە گوناه دەکەن، ئەی چۆن شەرم لە خوا ناکەن؟ لە حاڵێکدا خوا ئاگادارە بە گشت ئەو قسانەی بە شەو هەڵی دەبەستن و بڕیاری لەسەر دەدەن، خوا ڕێگای نەداوە بەو جۆرە قسانە و هەرگیز پێی رازی نیە، خوا دەوری هەموو شتێکی داوە و هیچی لێ ون نابێت.

﴿ هَٰٓأَنتُمۡ هَٰٓؤُلَآءِ جَٰدَلۡتُمۡ عَنۡهُمۡ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا فَمَن يُجَٰدِلُ ٱللَّهَ عَنۡهُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ أَم مَّن يَكُونُ عَلَيۡهِمۡ وَكِيلٗا ١٠٩ ﴾ النساء، بەخزمەکانی طوعمە دەفەرموێ: ئەوەتا ئێوە ئێستە دەمە دەمێ دەکەن لە دنیادا بۆ رزگارکردنیان، ئەی لە رۆژی دواییدا کێ لای خوا پاکانەیان بۆ دەکات؟ کە خوا ئاگاداری هەموو قسە و کردارێکە، یاخود کێ دەبێتە پشتیوانیان و بە هانایانەوە دێت و فریایان دەکەوێت؟!

﴿ وَمَن يَعۡمَلۡ سُوٓءًا أَوۡ يَظۡلِمۡ نَفۡسَهُۥ ثُمَّ يَسۡتَغۡفِرِ ٱللَّهَ يَجِدِ ٱللَّهَ غَفُورٗا رَّحِيمٗا ١١٠ وَمَن يَكۡسِبۡ إِثۡمٗا فَإِنَّمَا يَكۡسِبُهُۥ عَلَىٰ نَفۡسِهِۦۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمٗا ١١١ وَمَن يَكۡسِبۡ خَطِيٓـَٔةً أَوۡ إِثۡمٗا ثُمَّ يَرۡمِ بِهِۦ بَرِيٓـٔٗا فَقَدِ ٱحۡتَمَلَ بُهۡتَٰنٗا وَإِثۡمٗا مُّبِينٗا ١١٢ ﴾ النساء، واتە: هەرکەسێك خراپەیەك لەگەڵ یەکێك بکات، یان بەگوناه وتاوان ستەم لە نەفسی خۆی بکات و دوایی پەشیمان ببێتەوە و داوای لێخۆش بوون

له خوا بكات، دەبينێت كه خوا زۆر لێخۆش بوو میهرەبانه، هەركەسێك گوناهو تاوانێك بكات زەرەر و زیانەكەی بۆخۆی دەگەڕێتەوە، خوا زانا و ئاگادارەو كاربەجیٚ یه.

هەركەسێكیش خراپەیەك بكات و بیەوێت بیدا بەسەر كەسێكی بیٚ تاوان دا، ئـەوا ئـەو كەسە گوناهێكی گەورە و ئاشكراو بوهتانێكی ترسـناك دەدا بـە كـۆڵی خۆیـدا و لـە دوارۆژدا گیرۆدەی سزاكەی دەبێت.

﴿ وَلَوۡلَا فَضۡلُ ٱللَّهِ عَلَيۡكَ وَرَحۡمَتُهُۥ لَهَمَّت طَّآئِفَةٞ مِّنۡهُمۡ أَن يُضِلُّوكَ وَمَا يُضِلُّونَ إِلَّآ أَنفُسَهُمۡۖ وَمَا يَضُرُّونَكَ مِن شَيۡءٖۚ وَأَنزَلَ ٱللَّهُ عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ وَعَلَّمَكَ مَا لَمۡ تَكُن تَعۡلَمُۚ وَكَانَ فَضۡلُ ٱللَّهِ عَلَيۡكَ عَظِيمٗا ١١٣ ﴾ النساء، واته: ئەی پێغەمبەرﷺ ئەگەر یارمەتی و رەحمەتی خودات لەگەڵ نەبوایه، كۆمەڵیٚ له كەسوكاری طوعمه ویستیان وێڵت بكەن و جولەكەكه تاوانبار بكەیت، بەلاَم ئەوانه هەر خۆیان وێڵ دەكەن و سەر لەخۆیان دەشێوێنن، وەگەرنا ناتوانن هیچ زیانێك بەتۆ بگەیەنن، خوا قورئانی بۆ ناردویتەته خوارەوەو مەبەستەكانی بۆ ئاشكرا كردویت و ئەوەی كەپێشتر نەتدەزانی بۆی روونكردویتەوەو فێری كردویت، كەرەم و بەخششی خودا بەسەر تۆوە گەلێك زۆرو گەورەو بەردەوامە.

پیاوێكی سویدی كه ناوی خۆی كردووه به (محمود جونار ) موسڵمان بوو وتی: به ڕاستی له ئیسلام دا خوای پەروەردگار تەنها خوای موسڵمانان نیه، هەروەك چۆن جولەكەكان خوا تەنها به هی خۆیان دەزانن!! بەڵكو (رب العالمين) ه و هەر له سەرەتاوه ئەمه رادەگەیـەنیٚ﴿ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٢ ﴾ الفاتحة، كه بەڕاسـتیش ئـەوەتا لـەم رووداوەدا رەنـگ دەداتـەوە، خـوای پەروەردگار لەبەرئەوەی پەروەردگاری جیهانیانه به ئینس و جینەوە، به هەموو دروستكراوەكانی بوونەوەرەوە، ئەوەتا قایل نابێت جولەكەیەكی بیٚ تاوان، تەنانەت ئەگـەر دوژمنـی ئیسـلامیش بێت، ستەمی لێبكرێت، بەڕاستی ئـەم دیفاعـەی قورئـان لـەو جولەكەیـە دەیسـەلمێنیٚ كەئـەم قورئانه لەخواوەیەو بۆ ئەوە هاتووە دادپـەروەری لـەناو بـەنی ئـادەم دا بچەسـپێنیٚ و بەگشت ئادەمیزادەكان دەفەرمویٚ: بترسن لەو رۆژه كه خوا هـەقی بزنـی بـیٚ شـاخ بەسـەر شـاخدارەوە ناهێڵیٚ!

پێغەمبەرﷺ (معصوم) ەو خوای گەورە بەوەحی ڕێنمایی دەکات، هەر بۆیە جڵـەوگیری دەکات لە موسڵمانان کە نەهێڵن هەقی کەس بێت بە لایاندا، تەنانەت ئەگەر پێغەمبەریشﷺ لەوەی کە زاهیر بینە بڕیاریان بۆ بدات، هەروەك دەفەرموێت: (انكم تختصـمون الـي، وانما أنـا بشر، ولعل بعضكم أن يكون ألحن بحجته من بعض، فأقضي له على نحو مما أسمع منه، فمن قطعت له من حق أخيه شيئا، فلا يأخذه، فانما أقطع له بـه قطعـة مـن النـار! فليحملـهاأو يذرها) بخاری.

ئەمەش بەڵگەیەکی ترە لەسەر ئەوەی کە حەزرەتﷺ غەیب نازانێ و بەزاهیری شتەکان حوکم دەدات، مەگەر وەحی تەدەخول بکات بـۆ ڕاسـتکردنەوە لـە کـاتی پێویسـت دا، ئـەوەتا دەفەرموێت: ئێوە دێنە لای من بۆ ئەوەی حوکمتان بۆ بدەم، منیش ئادەمیزادێکم، غـەیب زان نیم مەگەر ئەوەی خوا فێرم بکات، جا ڕەنگـە هەنـدێکتان لێـزانتر بێـت و هەرچـەند لـە سـەر هەقیش نەبێ وابکات هەق بدەم بەو، بەوەی کە لێی دەبیستم، هەرکەس مـن هـەقی برایـەکیم پێدا با وەری نەگرێت، چونکە بەوحوکمەی مـن بـۆی حـەلاڵ نابێـت، وە ئـەوە ئـاگرە بـا وەری نەگرێت.

## مانـەوە لـەگەڵ هـەژاراندا

کاتێـك پێغەمبـەرﷺ دەسـتی بەبانگـەواز کـرد سـەرەتا هاوسـەرەکەی و ئەبوبـەکر و کەسانێکی هەژارو لاوازو کۆیلە بڕوایان پێهێنا، ئەشرافی قوڕەیش لەبەر بەرژەوەندی دونیاییـان دژایەتیان کرد، ویستیان بەسیاسەت مناوەرەیەك بکەن، وتیان: ئەوانەی بڕوایـان بـەتۆ هێنـاوە هەژارو کۆیلەو بەندەکانی ئێمەن ناکرێ لەیەك مەجلیس دا لەگەڵیان دانیشـین، ئەوانـە دەرکـە، یان مەجلیسێکی تر بۆ ئێمە دابنێ.

حەزرەتیشﷺ لەبەر بەرژەوەندی بانگەوازەکە ویستی دڵیان ڕاگرێ و مەجلیسی تریان بۆ دانێ و موراعاتیان بکات، قورئانی پیرۆز هاتە خوارەوەو ڕێگری لێکرد، کە ئەمەش بۆ ڕاستکردنەوەیەو ڕێنماییەکە کەبەڕاستی بەڵگەیە لەسەر پێغەمبەرێتی ئەو زاتە، قورئان دەفەرموێت: ﴿ وَأَنذِرۡ بِهِ ٱلَّذِينَ يَخَافُونَ أَن يُحۡشَرُوٓاْ إِلَىٰ رَبِّهِمۡ لَيۡسَ لَهُم مِّن دُونِهِۦ وَلِيّٞ وَلَا شَفِيعٞ لَّعَلَّهُمۡ

يَتَّقُونَ ﴿٥١﴾ وَلَا تَطْرُدِ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُم بِٱلْغَدَوٰةِ وَٱلْعَشِيِّ يُرِيدُونَ وَجْهَهُۥ ۖ مَا عَلَيْكَ مِنْ حِسَابِهِم مِّن شَىْءٍ وَمَا مِنْ حِسَابِكَ عَلَيْهِم مِّن شَىْءٍ فَتَطْرُدَهُمْ فَتَكُونَ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٥٢﴾ وَكَذَٰلِكَ فَتَنَّا بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لِّيَقُولُوٓا۟ أَهَٰٓؤُلَآءِ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَيْهِم مِّنۢ بَيْنِنَآ ۗ أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِأَعْلَمَ بِٱلشَّٰكِرِينَ ﴿٥٣﴾ ﴾ الأنعام.

واته: بەقورئان ئەوانە وشيار بكەرەوە كەدەترسن كۆبكرێنەوە بۆلای پەروەردگاريان، ئەوكاتە كەس نيە جگە لەو پەروەردگارە پشتيوانيان لێ بكات، كەسيش نيە تكاكاريان بێت، ئەو ئاگاداركردنەوەيە بۆ ئەوەيە ئەوان تەقواو پارێزكاری بكەن. ئەی محمدﷺ نەكەی ئەوانە دەربكەيت كەلەبەيانيان و ئێواراندا لەپەروەردگاريان دەپاڕێنەوەو دەيپەرستن مەبەستيشيان تەنها ڕەزامەندی ئەوە، حساب ولێپرسينەوەی هيچ شتێكی ئەوان لەسەر تۆ نيەو حساب و لێپرسينەوەی هيچ شتێكی تۆش لەسەر ئەوان نيە، ئەوانە دەركەيت دەچيتە ريزی ستەمكارانەوە، ئێمە هەر بەوشێوەيە هەندێكيان تاقی دەكەينەوە بەهەندێكيان (بەوەی هەندێ دەوڵەمەندو هەندێ هەژار دەكەين) تا بێبڕوايان بڵێن: ئايا ئەوانە خوا ڕێزی لێناون لەناوماندا؟ (ئەو هەژارو داماوانە كەی شايستەی ئەوەن خوا هيدايەتيان بدات ؟) ئايا خوا زانا نيە بە سوپاسگوزاران؟

(واتە/ ئەمە فيتنەو تاقيكردنەوەيەكەو دەوڵەمەندو ئەشرافی مەككە تيا دەرنەچوون كەخۆيان بەزياتر دەزانن و ئەوحاڵەيان بۆتە ڕێگر كەبێن هەق ببيستن، خوا خۆی ئاگای لەدڵی بەندەكانێتی و هەرخۆی دەزانێت كێ شايانی هيدايەتە) . .

ئنجا قورئان ڕێنمايی حەزرەتﷺ دەكات كەنەك هەر هەژارو كەم دەرامەتە موسڵمانەكان دەرمەكە لەكۆڕو مەجليست لەبەر دڵی كافرانی دەوڵەمەندو دەسەڵاتدار گوايە بڕوا دێنن، بەڵكو زياتر لەوەش كاتێك ئەو بڕوادارانە هاتن پێيان بڵێ: سلاوتان لێبێت، ئنجا ئەم مژدەيەيان بدەرێ: پەروەردگارتان فەرزی كردووە لەسەرخۆی لەبەرانبەر ئێوەدا ميهرەبان بێت، ئەگەر كەسێكتان بەنەفامی و بەنەزانی گوناهێكی كردو لەوەودوا تەوبەی كردو پەشيمان بووەوەو چاكسازی كرد، ئەوە بادڵنيا بێت كە پەروەردگار زۆر لێخۆشبوو ميهرەبانە.

ئەم چەند ئايەتە بەڵگەی ڕوون و ئاشكران، حەزرەتﷺ بە بيروبۆچوونی خۆی دەيەوێت دڵی گەورە پياو و دەسەڵاتداران ڕاگرێت و بە شێوەيەك لە شێوەكان بيانهێنێت بەرە و

ئیمان و ئیسلامەتی، ئەگەر بە مەجلیسی تایبەتیش بێت، بەلاّم لـە سـەروو حـەوت ئاسمانـەوە بیروبۆچوونەکەی بۆ راست دەکرێتەوە و، کۆمەڵێ رێنمایی دەکرێت و فـەرمانی پـێ دەدرێـت کەچاکتر وایە بەوجۆرە نەکات و بەجۆرێکی تربکات کەباسمان کرد، ئەمە قسەی ئادەمیزاد نیە، ئەمە پەیامێکە لـەخواوە کەباشـترین کـەس بەلایـەوە ئـەو کەسـەیە تـەقوای زیـاترە ﴿...إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ ٱللَّهِ أَتْقَىٰكُمْ...﴿١٣﴾﴾ الحجرات .

جارێکی تریش لە بەر گرنگی ئەم مەسەلەیە لە سورەتی کهف دا دەفەرموێت:

﴿وَٱصْبِرْ نَفْسَكَ مَعَ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُم بِٱلْغَدَوٰةِ وَٱلْعَشِيِّ يُرِيدُونَ وَجْهَهُۥ ۖ وَلَا تَعْدُ عَيْنَاكَ عَنْهُمْ تُرِيدُ زِينَةَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۖ وَلَا تُطِعْ مَنْ أَغْفَلْنَا قَلْبَهُۥ عَن ذِكْرِنَا وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ وَكَانَ أَمْرُهُۥ فُرُطًا ﴿٢٨﴾﴾ الكهف .

واتە: ئارام بگرە لەگەڵ ئەو کەسانەدا کـە خواپەرسـتی دەکـەن و یـادی پـەروەردگاریان دەکەن لە بەیانیان و ئێواراندا و مەبەستیان رەزامەندی پەروەردگارە، روو لەوان وەرمەگێڕە، تـۆ زینەت و جوانی دونیات دەوێت (تا بەقسەی دونیاپەرسـت و دەوڵەمەنـدەکان بکـەیت) ؟؟، بـە گوێی ئەو جۆرە کەسانە مەکە کە دڵیمان غافڵ کردووە لەیادی خۆمان و شوێنی ئارەزووی خۆی کەوتووە و هەرچی کاروباری هەیە بێ سەروبەرەو لەسنور دەرچووە.

ئنجا فەرمانی پێدەدا کە بانگەوازی خۆی وەك خۆی بێ موجامەلەی کەس رابگەیەنێ، هەرکەس باوەڕ دێنێ ئەوە هەقە و لە خواوەیە و شوێنی دەکەوێت، هەرکەسیش بڕوا ناهێنێ دۆزەخ هەیە و سزای تیا دەچێژێت ﴿وَقُلِ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ ۖ فَمَن شَآءَ فَلْيُؤْمِن وَمَن شَآءَ فَلْيَكْفُرْ ۚ إِنَّآ أَعْتَدْنَا لِلظَّـٰلِمِينَ نَارًا أَحَاطَ بِهِمْ سُرَادِقُهَا ۚ وَإِن يَسْتَغِيثُوا۟ يُغَاثُوا۟ بِمَآءٍ كَٱلْمُهْلِ يَشْوِى ٱلْوُجُوهَ ۚ بِئْسَ ٱلشَّرَابُ وَسَآءَتْ مُرْتَفَقًا ﴿٢٩﴾﴾ الكهف

# هـاوەڵان و ئـەم ڕێنـماییانـە

هاوەڵان لە سەر ئەم فەرمایشتانە پەروەردەکرابوون بۆیە ڕێزی زۆریـان لـە بـرا هـەژار و نەدارەکانیان دەگرت، بۆ نموونە:

* ئەبو سوفیان تێپەڕی بە لای سەلمان و صوهەیب و بیلال دا، وتیان: شمشێری خوا جێی خۆی نەگرت لە گەردنی دوژمنی خوادا، ئەبوبەکر کە لەوێدا بوو پێی وتن: ئـەم وتەیـە بـەڕیش سپی و گەورەپیاوی قوڕەیش دەڵێن؟

دوایی کە ئەبوبەکر هاتە خزمەت حەزرەتﷺ هەواڵەکەی پێگەیاند، ئەویش فـەرمووی: (ئەبوبەکر دوورنیە ئەوانت زویر کردبێ، ئەگەر تۆ زویرت کردبن، بە ڕاستی خوات زویر کردووە) ، ئەبوبەکر هاتەوە بۆلایان و وتی: براکانم خۆ زویرم نەکردون؟ وتیان: نەخێر، برا خوا لێت خۆش بێت. (موسلیم) .

* لە زەمانی عومەردا کە ئەمیری بڕواداران بوو، بیلال و سـەلمان و صـوهەیب ئیزنیـان خواست بێنە لای عومـەر، لـە هـەمان کاتیشـدا ئـەبو سـوفیان و سـوهەیلی کـوڕی عـەمر و عیکرەمەی کوڕی ئەبوجەهلیش دەیانویست سەردانی عومەر بکەن، عومەر ڕێی بیلال و سەلمان و صوهەیبی دا لە پێش دا کە بێنەلای لەبەرئەوەی زووتر موسڵمان بووبـوون و زیـاتر خزمـەتی ئیسلامیان کردبوو، ئەبو سوفیان پێی ناخۆش بوو وتی: بەخوا هەرگیز ئاوا زەلیل نەبووم، چـۆن ئەو کوێلانە پێشمان بکەون؟

سوهەیل وەڵامی دایەوە: ئێمە خەتای خۆمانە، ئەوان و ئێمەیش بانگکراین بۆ ئیسـلام، ئەوان پێشتر موسڵمان بوون و ئێمە دواکەوتین، ئەی هەڵوێسـتتان چـۆن دەبێـت ڕۆژی قیامـەت ئەوان پێش ئێوە بانگبکرێن بۆ چوونە ناو بەهەشت؟! چارمان نیە مەگەر بچین بۆ جیهاد لـەڕێی خوادا، بەڵکو شەهیدیمان دەست بکەوێت و (بەوە بچینە پێشەوە) ، دواتر چـوون بـۆ شـام و لـە جەنگی یەرموك دا عیکرەمە و سوهەیل شەهید بوون، لە جەنگێکیش دا ئەبو سوفیان چاوێکی کوێر بوو (خوا لێیان خۆش بێت و پایە بەرزیان بکات لە بەهەشتی هەتا هەتاییدا) .

بە ڕاستی ئیسلام تەرازوویەکی هێنایە ئەم سەرزەوی یە کە تەرازوویەکی ئاسمانی خوایی یە، ئەوەتا حەزرەت ﷺ جەخت دەکاتەوە سەری و دەفەرموێت (ان الله لاینظر الی صورکم وأموالکم ولکن ینظر الی قلوبکم وأعمالکم) مسلم.

## دیلەکانی جەنگی بەدر

لە جەنگی بەدردا کە ڕۆژی جیاکردنەوەی هەق و ناهەق بوو، کە خوای گەورە مەلائیکەتی نارد و تەنها لەو جەنگەدا بەفیعلی شەڕیان کرد و کافرانیان لە ناوبردو، لە جەنگەکانی تردا هاوکاری مەعنەوی موسڵمانانیان دەکرد، بە سەرکەوتنی موسڵمانان لە بەدردا کەلەخەیاڵی کەس دا نەبوو، لووتی کافران شکاو حوججەی کەسی نەهێشت و بۆیانی ئاشکرا کرد خوا هاوکاری موسڵمانانە و لەسەر هەقن.

لەم جەنگەدا کە موسڵمانان سێسەد و سیانزە کەس بوون و کافران لە هەزار زیاتر بوون و تفاقی جەنگی زۆریشیان پێبوو کە موسڵمانان نەیان بوو، تەنانەت موسڵمانان بۆ قافڵەیەك هاتبوون نەك بۆ جەنگ، ئا لەم جەنگەدا موسڵمانان حەفتایان لەکافران کوشت و حەفتاشیان بەدیل گرت.

حەزرەتﷺ پرس و ڕای لەگەڵ ئەبوبەکر و عومەردا کرد کەچی لەدیلەکان بکات، ئەبوبەکر رای وابوو کە فیدیەیان لێوەرگرێ و ئازادیان بکات بەڵکو خوای گەورە لە داهاتوودا هیدایەتیشیان بدات، بەڵام عومەر رای وابوو کە هەموویان بکوژرێن تا شەوکەتی کافران نەمێنێ، حەزرەتیشﷺ ڕای لەگەڵ ڕاکەی ئەبوبەکردا بوو. .

لە ڕیوایەتێکی تردا حەزرەتﷺ ڕاوێژی بە عبدالله ی کوڕی ڕەواحەش کرد ئەویش ڕای عومەری هەبوو.

بۆ بەیانی کە عومەر هاتەوە لایان بینی حەزرەتﷺو ئەبوبەکر دەگرین، وتی: ئەی پێغەمبەری خوا تۆ و هاوەڵەکەت بۆچی دەگرین؟ تا منیش بگریم، یان هیچ نەبێ خۆم بێنمە گریان بۆ گریانەکەی ئێوە، حەزرەتﷺ فەرمووی: بۆ ئەوە دەگریم کە هاوەڵەکانت ئەو رایەیان

پێدام کە فیدیەیان لێوەرگرین، بەهۆی ئەوەوە سزای هاوەڵانم نیشان درا نزیکتر لەو درەختە (درەختێکی نزیك بوو لەحەزرەتەوە ﷺ) .

خوای گەورە ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە﴿ مَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَن يَكُونَ لَهُۥٓ أَسْرَىٰ حَتَّىٰ يُثْخِنَ فِي ٱلْأَرْضِۚ تُرِيدُونَ عَرَضَ ٱلدُّنْيَا وَٱللَّهُ يُرِيدُ ٱلْءَاخِرَةَۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٦٧﴾ لَّوْلَا كِتَٰبٌ مِّنَ ٱللَّهِ سَبَقَ لَمَسَّكُمْ فِيمَآ أَخَذْتُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿٦٨﴾ فَكُلُوا۟ مِمَّا غَنِمْتُمْ حَلَٰلًا طَيِّبًاۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٦٩﴾﴾ الأنفال. بەمەش عومەر کەوتە گریان لەگەڵیانداو ئەم مەوقیفە زۆر کاری تێکرد.

ئەم ئایەتانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کەخوای پەروەردگار لەسەرو حەوت ئاسمانەوە مەسەلەکان و راوبۆچوونەکان راست دەکاتەوە، ئەمانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کەحەزرەت ﷺ رێنمایی لەئاسمانەوە وەردەگرێت و لەئاسمانەوە فەرمانی پێدەدرێت، بەڕاستی بەوردبوونەوەمان لەقورئان زیاتر بڕوامان دەچەسپێ.

قورئان دەفەرموێت ﴿ مَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَن يَكُونَ لَهُۥٓ أَسْرَىٰ حَتَّىٰ يُثْخِنَ فِي ٱلْأَرْضِۚ تُرِيدُونَ عَرَضَ ٱلدُّنْيَا وَٱللَّهُ يُرِيدُ ٱلْءَاخِرَةَۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٦٧﴾ لَّوْلَا كِتَٰبٌ مِّنَ ٱللَّهِ سَبَقَ لَمَسَّكُمْ فِيمَآ أَخَذْتُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿٦٨﴾﴾ الأنفال.

واتە: بۆ هیچ پێغەمبەرێك نەبوو کەدیلی هەبێت، هەتا کاتێك پایەدارو جێگیر دەبێت لەزەویدا، مەگەر شتومەکی دونیاتان دەوێت؟ لەکاتێکدا خوا سەرفرازی ئەو دونیای دەوێت و قیامەتی مەبەستەو خوا بالادەست و دانایە. خۆ ئەگەر بڕیارێك لەلایەن خواوە پێش نەکەوتایە (کەمرۆڤ هەتا پەیامی خوای پێنەگات خوا سزای نەدات) لەسەر ئەو شتانەی کەوەرتان گرت لەبەرانبەر ئازادکردنی دیلەکانەوە ئەوە سزایەکی گەورەتان تووش دەبوو.

ئنجا خوای گەورە کە بیرو بۆچوونەکانی بۆ راست کردنەوە، ئەوەی وەریان گرتبوو لەگەڵ غەنیمەتەکاندا بۆی حەلاڵ کردن و فەرمووی: ﴿ فَكُلُوا۟ مِمَّا غَنِمْتُمْ حَلَٰلًا طَيِّبًاۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٦٩﴾﴾ الأنفال .

جارێکی تریش لەسوورەتی (محمد) دا باسی مەسەلەی دیلی جەنگ دەکات و دەفەرمویێت: ﴿ فَإِذَا لَقِيتُمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فَضَرْبَ ٱلرِّقَابِ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَثْخَنتُمُوهُمْ فَشُدُّواْ ٱلْوَثَاقَ فَإِمَّا مَنًّۢا بَعْدُ وَإِمَّا فِدَآءً حَتَّىٰ تَضَعَ ٱلْحَرْبُ أَوْزَارَهَا ... ﴿٤﴾ ﴾ محمد

واتە: کاتێك گەیشتن بەوانەی بێباوەڕبوون، بێنە دەست لێیان و لەگەردنیان بدەن، تاکاتێك کوشتاری زۆریان لێدەکەن، ئنجا کەلاوازبوون بەدیل بیانگرن و بالبەستیان بکەن، ئەوسا یەکێك لەم دوو کارەیان لەگەڵ ئەنجام بدەن، بەپیاوەتی و منەت، یا بەگۆڕینەوەو فیدیە ئازادیان بکەن، تا شەڕ کۆتایی دێت و ئاسەواری نامێنێت و دوژمنان چەك دادەنێن.

## ئیبن ئوم مەکتوم

رۆژێك پێغەمبەرﷺ لە مەککە ئامۆژگاری گەورەکانی قورەیش دەکات، بە هیوای ئەوەی کە موسڵمان بن و نەبنە بەربەست و رێگر لە بەردەم بلاوبوونەوەی ئیسلامەتیدا، لەو دەمەدا (عەمری کڕی قەیس) ناسراو بە (ئیبن ئومی مەکتوم) کە موسڵمانێکی نابینا بوو دێ بۆ خزمەت پێغەمبەرﷺ نازانێ کە پێغەمبەرﷺ سەرقاڵی گەورە پیاوانی قورەیشە بانگی دەکات و دەڵێت: خوا چی تازەی بۆ ناردویت لە سروش پێم بڵێ و تێم گەیەنە. .

دووسێ جار قسەکەی دووبارە دەکاتەوەو قسە بەحەزرەتﷺ دەبڕێت، لەمە پێغەمبەرﷺ بێتاقەت دەبێ و ناوچەوان گرژ دەکاو ڕووی لێوەردەگێڕێ، دیارە ئەم ڕووگرژی یە (عەمر) هەستی پێناکات.

ئەمە بەتەرازووی زەمینی، بە هەموو حسابێك کە حەزرەتﷺ بۆ بەرژەوەندی بانگەوازەکەی کاردەکات راستە، بەلاّم قورئان کە لەخواوەیە تەرازوویەکی ئاسمانی دادەبەزێنێ تا هەڵسەنگاندنی ئادەمی لە ڕووی مادده و دەسەلاّتەوە نەبێت، بەڵکو لەڕووی بۆخوا سوڵحانەوە بێت﴿ ...إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ ٱللَّهِ أَتْقَىٰكُمْ ... ﴿١٣﴾ ﴾ الحجرات .

ئەکرا ئەم ڕووداوە هەروا تێپەڕێ، بەلاّم نەخێر قورئان ئوممەتێك بینا دەکات، بەردی بناغەی شارستانیەتیەکی مەزنی جیهانی دائەنێ، کە دواتر تاچواردە سەدە مایەی خێروخۆشی مرۆڤایەتی بوو. .

قورئان لۆمەی حەزرەتی کرد ﷺ لەسەر ڕووگرژکردنێك، تا ببێ بەپەندو وانە بۆ ئەو سەرداری هەموانەو فەرمووی:

﴿عَبَسَ وَتَوَلَّىٰٓ ۝١ أَن جَآءَهُ ٱلْأَعْمَىٰ ۝٢﴾ عبس، ناوچەوانی گرژکردو رووی وەرگێڕا، کەکوێرێك هاتە لای. .

﴿وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّهُۥ يَزَّكَّىٰٓ ۝٣﴾ عبس، بەڵکو ئەو کوێرە بیەوێت پاك ببێتەوە.

﴿أَوْ يَذَّكَّرُ فَتَنفَعَهُ ٱلذِّكْرَىٰٓ ۝٤﴾ عبس، یان بیری بکەوێتەوە، ئینجا ئەو بیرکەوتنەوەیە سوودی پێبدات.

﴿أَمَّا مَنِ ٱسْتَغْنَىٰ ۝٥ فَأَنتَ لَهُۥ تَصَدَّىٰ ۝٦ وَمَا عَلَيْكَ أَلَّا يَزَّكَّىٰ ۝٧﴾ عبس ، ئەمما ئەوەی خۆی بێنیاز دەگرێ، تۆ رووی تێدەکەیت، وەهیچ سووچ وگوناهێك و بەرپرسیاریەتیەك روونا کاتە تۆ کە ئەو کەسەی بە ماڵ و سامانیەوە دەنازێ بڕوا نەهێنێ و هەوڵی خۆپاککردنەوە نەدات.

﴿وَأَمَّا مَن جَآءَكَ يَسْعَىٰ ۝٨ وَهُوَ يَخْشَىٰ ۝٩ فَأَنتَ عَنْهُ تَلَهَّىٰ ۝١٠﴾ عبس ، وە ئەمما ئەوکەسەی کە بەپەلە دێ بۆلات و لە خوا دەترسێ، تۆ خۆتی لێ دەبوێریت.

﴿كَلَّآ إِنَّهَا تَذْكِرَةٌ ۝١١ فَمَن شَآءَ ذَكَرَهُۥ ۝١٢ فِى صُحُفٍ مُّكَرَّمَةٍ ۝١٣ مَّرْفُوعَةٍ مُّطَهَّرَةٍۭ ۝١٤ بِأَيْدِى سَفَرَةٍ ۝١٥ كِرَامٍۭ بَرَرَةٍ ۝١٦﴾ عبس، وامەکە، بێگومان ئەو ڕێنماییانەی کە بۆت هاتووە بێدارکەرەوەی ئادەمی یە، ئنجا ئەوەی بیەوێت یادی خوا دەکات، ئەو ڕێنماییانە لە چەند پەڕەیەکی بە نرخی پایەبڵندی پاك نوسراوەتەوە کە بەدەست نوێنەرانی گەورەی خێرخواوەن.

ئنجا قورئان بەو سەرسەختانەی کەمل نادەن بۆ حەق و راستی دەفەرموێت: ﴿قُتِلَ ٱلْإِنسَٰنُ مَآ أَكْفَرَهُۥ ۝١٧﴾ عبس، بەکوشت چێ ئادەمی چەند سپڵەیە؟

﴿مِنْ أَىِّ شَىْءٍ خَلَقَهُۥ ۝١٨ مِن نُّطْفَةٍ خَلَقَهُۥ فَقَدَّرَهُۥ ۝١٩ ثُمَّ ٱلسَّبِيلَ يَسَّرَهُۥ ۝٢٠ ثُمَّ أَمَاتَهُۥ فَأَقْبَرَهُۥ ۝٢١ ثُمَّ إِذَا شَآءَ أَنشَرَهُۥ ۝٢٢ كَلَّا لَمَّا يَقْضِ مَآ أَمَرَهُۥ ۝٢٣﴾ عبس، ئەو ئادەمی یە بۆ بیرناکاتەوە بزانێ کە خوا لە چی دروستی کردووە؟ لە دڵۆپێك ئاو دروستی کردووە و ڕێکی خستووە، لە پاشا ڕێگای چاك وخراپی بۆ ئاسان کردووە، ئنجا ئەیمرێنێ و ئەیخاتە گۆڕەوە، لە پاشا کاتێك ویستی زیندووی

دەکاتەوە، (دیارە حیساب و کیتابی لەگەڵ دەکرێ) کە بەڕاستی ئەوەی فەرمانی پێدراوە بەجێی نەهێناوە.

ئنجا ئەگەر بەمانەی پێشوو ڕێی ڕاست نادۆزێتەوە باسەیری خواردنەکەی بکات ﴿ فَلْيَنظُرِ ٱلْإِنسَٰنُ إِلَىٰ طَعَامِهِۦٓ ﴿٢٤﴾ ﴾ عبس

﴿ أَنَّا صَبَبْنَا ٱلْمَآءَ صَبًّا ﴿٢٥﴾ ثُمَّ شَقَقْنَا ٱلْأَرْضَ شَقًّا ﴿٢٦﴾ فَأَنۢبَتْنَا فِيهَا حَبًّا ﴿٢٧﴾ وَعِنَبًا وَقَضْبًا ﴿٢٨﴾ وَزَيْتُونًا وَنَخْلًا ﴿٢٩﴾ وَحَدَآئِقَ غُلْبًا ﴿٣٠﴾ وَفَٰكِهَةً وَأَبًّا ﴿٣١﴾ مَّتَٰعًا لَّكُمْ وَلِأَنْعَٰمِكُمْ ﴿٣٢﴾ ﴾ عبس، ئێمە لە هەورەوە بارانمان دارشت چۆن دارشتنێك، لە پاشا زەویمان قڵیشانەوە بەگیاو ڕووەك چۆن قڵیشانەوەیەك، ئنجا ڕوانمان لەناویاندا دانەوێڵە و ترێ و سەوزەو زەیتون و دارخورما و باخاتی چڕو میوە و لەوەڕ، بۆ ژیانی خۆتان و ئاژەڵتان.

بەڕاستی ئەو ئایەتانەی سورەتی (عبس) بەڵگەی گەورەن لە سەر پێغەمبەرێتی محمدﷺ، بەڵگەی گەورەن کە ئەم قورئانە سرووشەو لەئاسمانەوە لەخوای بالآدەستەوە نێردراوەتە سەردڵی حەزرەتﷺ و ئەویش بەئەمانەتەوە گەیاندویەتی.

خاتو عائیشە دەفەرموێ: (ئەگەر بگونجایە پێغەمبەر شتێك لەقورئان بشارێتەوە، ئەوا ئەم ئایەتانەی دەشاردەوە) دیارە پێغەمبەرایەتی نەبێ کەس نیە لە دونیادا ئاوا بڵێ ئەو کارەی من مەبەستم بوو بەباشم دەزانی، وانە بوو جێی گلەیی بوو! هەرکەسێکی تربێت پەردەپۆشی دەکات و ئەگەر زۆر بەلاشیەوە مەبەست بێت لە داهاتوودا شتی واناکاتەوە!

بەڵام نەخێر قورئان هاتووە وەزع و بار و زروف و بیروبۆچونێك بگۆڕێت کە خەڵکی بە سەدان ساڵ دەقیان پێوەگرتووە و ژیانیان لەسەر بنیات ناوە.

ئەم گۆڕینەشی لە پێغەمبەرەکەیەوە دەست پێکردو بوو بەپەندو سەرمەشق بۆ ئەو زاتە پایەبەرزە، بۆیە هەرکاتێك ئیبن ئوم مەکتومی دەدی دەیفەرموو: سلاّو لەکەسێك کەخوا لۆمەی کردم لەسەری. پاشان دووجار لەجێی خۆی کردی بەئەمیری مەدینە لەکاتی غەزاو دەرچونیدا لەمەدینە.

## ئەم ئایەتە لـەژیانی موسـوڵماناندا رەنـگی دایەوە:

أ - زەینەبی پورزای داواکرد بۆ زەید کەبەندەیـەکی ئـازادکراوی بـێ کەسـی غـەریب بوو،لەکاتێکدا مەسەلەی ژن وژن خوازی و بنەماڵە زۆر گرنگ بوو بەلای عەرەبەوە.

ب - زەیدی کرد بەیەکەم فەرمانـدە بەسـەر سـێ هـەزار هاوەڵـەوە لـە کۆچـکەران و یاریدەدەران، کە ئەمەش نەهێشتنی ئەو فەرق و جیاوازی یە بوو کە لەناو کۆمـەڵگادا لـە دێـر زەمانەوە هەبوو، وەچەسپاندنی تەرازووی ئاسمان بوو کەباشترین کەس ئەوەیە کەتەقوای زیاترە.

ج - لاوی تازە پێگەیشتوو ئوسامەی کوڕی زەیدی کرد بە فەرمانـدەی ئـەو لەشـکرە گەورەیەی کە بەنیازبوو بینێرێت بۆ تەمێ کردنی رۆمەکان. ئنجا کە هەندێ کـەس رەخنـەیان گرت و حەزیان دەکرد کەسێکی بەتەمەنتر بکرێت بەسەرکردە حەزرەتﷺ فـەرمووی: (ئەگـەر ئێوە رەخنە دەگرن لە فەرماندارییەکەی لەوەوپێش رەخنەتان گرت لەفەرماندەیی یەکەی بـاوکی، سوێند بەخوا باوکی شایانی سەرکردەیی بوو، خۆشەویسـترین کـەس بـوو بەلامـەوە و ئـەمیش خۆشەویسترین کەسە بەلامەوە) .

د - هەر لەم روانگەیەوە بوو فەرمووی: سەلمان لەئال و بەیتی منە (لەگەڵ ئەوەدا کـە فارس بوو کۆیلەش بوو ئازادکرا)

هـ - ئەبو زەڕ و بیلال دەمەقاڵێیان بوو، ئەبو زەڕ لەدەمی دەرچوو وتـی: کـوڕی قولـە رەشەکە، حەزرەت تووڕەبوو فەرمووی: ئەبو زەڕ کوڕی ئافرەتی سپی هیچی زیاتر نیـە لـەکوڕی ئافرەتی رەش.

ئەبو زەڕ هەستی بەهەڵەی خۆی کرد و سەری نایە سەرزەوی و سوێندی خوارد سـەربەرز ناکاتەوە تا بیلال پێ بەسەریا نەنێ، لەکەفارەتی ئەو قسەیەی کەپێی وت.

رەنگە کەسێك قەدری ئەم مەسەلەیە نەزانێ و ئەم هەڵوێسـتانە بـە لایـەوە سـەیربێت، بەڵام ئەگەر وردبینەوە و ئاورێ بدەینەوە، شـەڕی سـپی پێسـت و رەش پێسـت تـا دوێنـێ لـە ئەمریکا لەوپەڕیدا بوو، لە ئەفریقای باشوور بـە هـەمان شـێوە، جیـاوازی رەنـگ زۆر ئـازاری کۆمەڵگای دا، لە کاتێکدا ئیسلام وقورئان کە لە خواوەوەیە هەزارو چوارسـەد سـاڵ لەمەوبـەر بۆهەتا هەتا چارەسەری کرد، تەنانەت لەوتاری ماڵ ئاواییدا فەرمووی: (یا ایها النـاس: ألا ان

ربكم واحد، ألا أن ربكم واحد، ألا لا فضل لعجمى على عربى، ولا لأسود على أحمر، ولا لأحمر على أسود الا بالتقوى، ان أكرمكم عند الله أتقاكم، ألا هل بلغت؟ قالوا: بلى يارسول الله، قال: فليبلغ الشاهد الغائب) .

لەسەردەمی هاوەڵانیشدا تەرازووە ئاسمانیەکە کاری پێدەکرا، ئەبوبەکر لەدوای ئەوەی بوو بەخەلیفە ئوسامەی لانەبرد لەسەرکردایەتی، لەکاتێکدا کەسانێك هەبوون حەزیان دەکرد بیگۆڕێ.

لەسەردەمی عومەری کوڕی خەتتابیشدا بەهەمان شێوە، عەمماری کوڕی یاسر کەکاتی خۆی کۆیلە بوو کردی بەکاربەدەست و نوێنەری خۆی لەکوفە کەوەك پایتەختی عێراق بوو.

عومەر دەفەرموێت: ئەبوبەکر گەورە و سەیدمانە و بیلالی گەورە و سەیدی ئێمەشی ئازادکرد.

موسڵمانان چەند پابەند بووبن بە ئیسلامەوە بەو تەرازووە خەڵکیان هەڵسەنگاندووە و چەند دووریش بووبن لە ئیسلامەوە ئەوا بەتەرازووی دونیایی کارەکانیان رایی کردووەو هەرکەس دەسەڵاتدار و دەوڵەمەند و بنەماڵە بوایە ئیتر بادوور لە خواش بوایە دەخرایە پێشەوەو بەتەرازووەکەی (کەوا بخۆ) هەمووشت کێشانەو پێوانە دەکرا.

## لە خۆتی حەرام مەکە

پێغەمبەرﷺ لای زەینەبی خێزانی شەربەتی هەنگوینی دەخواردەوە، خاتوو عائیشە و حەفصە کەهەوێی بوون پێیان ناخۆش بوو، بڕیاریاندا کە پێغەمبەرﷺ چوو بۆلای هەرکامیان پێی بڵێن تۆ (مەغافیر) ت خواردووە، (مەغافیر) یش خواردنێکی شیرینی بۆن ناخۆشە، جا کەپێغەمبەری خوا ﷺ چوو بۆلای خاتوو حەفصە پێی وت: بۆنی مەغافیرت لێ دێ و مەغافیرت خواردووە، حەزرەتیشﷺ فەرمووی: نەخێر مەغافیرم نەخواردووە، بەڵکو لای زەینەب شەربەتی هەنگوینم خواردۆتەوە، جامادەم ئەو بۆنەم لێ دێ ئیتر ئەو شەربەتە ناخۆمەوە، بەلاّم ئەم قسەیە بەکەس مەڵێ.

خاتوو حەفصە کە هاو تەگبیر بوو لەگەڵ عائیشە، ئەم قسـەیەی بـۆ گێڕایـەوە.  خـوای گەورەش پێغەمبەری ئاگادارکردەوە، بۆیە پێغەمبەرﷺ لۆمەی حەفصە کرد و فـەرمووی: ئـەم قسەیەت بۆ عائیشە گێڕایەوە؟ حەفصەش وتـی: کـێ لەمـە ئاگـاداری کردیـت؟ حـەزرەتﷺ فەرمووی: خوا ئاگاداری کردم.

ئەم قسەو باسـە گەیشـتەوە خێزانـەکانی تـری پێغەمبـەرﷺ، حـەزرەتﷺ تووڕەبـوو سوێندی خوارد تامانگێك نەچێ بەلایانا، تەنانەت خەریك بـوو تەلاقیشـیان بـدات، ئـیتر ئـەم ئایەتانە هاتەخوارەوە و چارەسەری کێشەکەی کرد.  کە بەڕاستی ئەم ئایەتانەش بەڵگەی روون و ئاشکران کە قورئان دانراوی محمدﷺ نیە و حەزرەت غەیب نازانێ ، مەگەر شـتانێك کـە خـوا بەوەحی ئاگاداری بکات، خوای گەورە کەئاگاداری وردو درشتی ئەم بوونەوەرەیەو هیچی لێ ون نابێت  ،لەسەرو حەوت ئاسمانەوە بەچـەند ئایـەتێك ئـەو کێشـەیەی چارەسـەرکردو لەقورئانـدا تۆماری کرد کەهەردەم پەندو ئامۆژگاری بێت و بۆ موسڵمانان.  هەروەك دەفەرموێت:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَآ أَحَلَّ ٱللَّهُ لَكَۖ تَبۡتَغِي مَرۡضَاتَ أَزۡوَٰجِكَۚ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ١ ﴾ التحريم ، ئەی پێغەمبەر بۆ شتێك کەخوا بۆی حەلاڵ کردویت تۆ لە خۆتی قەدەغە دەکەیت، ئەتەوێ ژنـەکانت لێت رازی بن، خوا لێخۆشبووی میهرەبانە.

﴿ قَدۡ فَرَضَ ٱللَّهُ لَكُمۡ تَحِلَّةَ أَيۡمَٰنِكُمۡۚ وَٱللَّهُ مَوۡلَىٰكُمۡۖ وَهُوَ ٱلۡعَلِيمُ ٱلۡحَكِيمُ ٢ ﴾ التحريم، بێگومان خـوا دایناوە بۆتان کردنەوەی سوێندەکانتان (ئەو رێ یەی ك ەبە سوێند لەخۆتانی دەگرن دەتوانن بـە فیدیە بیکەنەوە)  خوا دۆستی ئێوەیە و دانای کاردروستە.

﴿ وَإِذۡ أَسَرَّ ٱلنَّبِيُّ إِلَىٰ بَعۡضِ أَزۡوَٰجِهِۦ حَدِيثٗا فَلَمَّا نَبَّأَتۡ بِهِۦ وَأَظۡهَرَهُ ٱللَّهُ عَلَيۡهِ عَرَّفَ بَعۡضَهُۥ وَأَعۡرَضَ عَنۢ بَعۡضٖۖ فَلَمَّا نَبَّأَهَا بِهِۦ قَالَتۡ مَنۡ أَنۢبَأَكَ هَٰذَاۖ قَالَ نَبَّأَنِيَ ٱلۡعَلِيمُ ٱلۡخَبِيرُ ٣ ﴾  التحـريم .  کـاتێ کـە پێغەمبەرﷺ بە نهێنی قسەیەکی درکاند لای هەندێ لە ژنەکانی ئنجا کە ئـەو ژنـە قسـەکەی ئاشکرا کرد و خواش پێغەمبەریﷺ ئاگادارکرد، پێغەمبـەر هەنـدێك لەقسـەکانی باسـکرد و هەندێکی باس نەکرد، ئنجا کە پێی وت، ژنەکەی وتی: کێ ئەمەی پێ وتیت؟

فەرمووی: خوای دانا و ئاگادار پێی وتووم. ﴿ إِن تَتُوبَآ إِلَى ٱللَّهِ فَقَدۡ صَغَتۡ قُلُوبُكُمَاۖ وَإِن تَظَٰهَرَا عَلَيۡهِ فَإِنَّ ٱللَّهَ هُوَ مَوۡلَىٰهُ وَجِبۡرِيلُ وَصَٰلِحُ ٱلۡمُؤۡمِنِينَۖ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ بَعۡدَ ذَٰلِكَ ظَهِيرٌ ﴿٤﴾ ﴾ التحريم .

ئەی (حەفصەو عائیشە) ئەگەر هەردوکتان پەشیمان ببنەوە و بابدەنەوە بەلای خواو پێغەمبەرا جێی خۆیەتی، چونکە بەڕاستی دڵتان لەڕێی راست لایدا، وەئەگەر پشتی یەکتر بگرن لەسەر بەربەرەکانێی پێغەمبەر هیچتان بۆ ناکرێت چونکە بێگومان خواوجبریل و موسڵمانانی باش پشتیوانی ئەون، وە هەرچی فریشتەی تریش هەیە هەمووی هاوپشت و یارمەتیدەری ئەون. ئنجا ئەیان ترسێنی بەتەڵاق دان:

﴿ عَسَىٰ رَبُّهُۥٓ إِن طَلَّقَكُنَّ أَن يُبۡدِلَهُۥٓ أَزۡوَٰجًا خَيۡرًا مِّنكُنَّ مُسۡلِمَٰتٍ مُّؤۡمِنَٰتٍ قَٰنِتَٰتٍ تَٰٓئِبَٰتٍ عَٰبِدَٰتٍ سَٰٓئِحَٰتٍ ثَيِّبَٰتٍ وَأَبۡكَارًا ﴿٥﴾ ﴾ التحريم ، هیوا وایە ئەگەر ئێوە تەڵاق بدات، خوای ئەو لە جیاتی ئێوە ژنانێکی چاکتر لەئێوەی بداتێ، کە هەمووشیان موسڵمان و بڕوادر و نزاکار و تەوبەکار و خواپەرست و کۆچکەربن لەڕێی خوادا، لەبێوەژن ولە کچ.

بەم سەرەتای سوورەتە کە هاتە خوارەوە، وە بەم ئامۆژگاری یە بۆ پێغەمبەرو خێزانەکانی، کێشەکە چارەسەر بوو، هەموو شت چووەوە جێی خۆی و پێغەمبەرﷺ هیچ لەدڵیا نەماو، پێغەمبەر و ماڵ و خێزانی ژیانیان وەك سەعات کەوتەوە گەڕو دەستی کردەوە بەبلاوکردنەوەی پەیامی خوا و، کەوتە دانانی بناغەی ئاینێکی جیهانی و، دروستکردنی گەلێکی نموونەیی و، رێکخستنی دەوڵەتێکی ئیسلامی، لەسەر شێوەیەکی تازەی خوایی کەتائێستا نموونەی نەبینرابێ.

بەڕاستی ئەم پێغەمبەرە گەورەیەو ئەم خێزانە پیرۆزە، ئەوە ئەهێنێ کە خوای گەورەی مەزن بەم جۆرە بە تەنگی یەوە بێت، چونکە خۆی پێغەمبەرەکەی هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی بیکا بەدواترینی پێغەمبەران، وە بەسەرمەشقی هەموو ئادەمیان، وە خێزانەکانیشی بکا بە نموونە بۆ هەموو خێزانێکی موسڵمان. (تەفسیری خاڵ جزئی بیست وهەشتەم - سورەتی تەحریم) .

# هەڵبــژاردن

پێغەمبەرﷺ سەرمەشق بوو بۆ بـڕواداران﴿ لَّقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ وَذَكَرَ اللَّهَ كَثِيرًا ﴿٢١﴾ ﴾الأحزاب، پێغەمبەریشﷺ ژیان و گوزەرانێکی سادەی هەبوو، سامان ومالّی دونیای مەبەست نەبوو،لەکاتێکدا کە پارەی خەدیجە و ئەبوبەکر و هاوەڵانی هەموو بۆ کاری بانگەوازەکەی بەخت کرد، خـۆی بـەڕێبوار دەزانـی لـەم دونیایـەدا، ئەشیویست کە هاوسەرە بەڕێزەکانیشی لەسەر ئەوە پـەروەردە بکـات تـا ببنـە سەرمەشـق بـۆ خەڵکانی تر.

بـەنی قـورەیزە کـە جولەکـەی نـاو مەدینـە بـوون پـەیمانیان شـکاند و خیانـەتیان لـە پێغەمبەرﷺ کردو لەگەڵ کافران دا هاوپەیمانیان بەست کە محمد و هاوەڵانی لەناوبەرن.

ئەو جولەکانە دەوڵەمەند بوون و ماڵ ومولّکیان کە بـوو بەغەنیمـەت بـۆ موسـڵمانان و دابەشکرا بەسەریاندا حاڵیان باش بوو، بەلاّم حەزرەتﷺ چی دەست دەکـەوت خێـر و چـاکەی لێدەکرد و هیچی وای بۆ نەدەمایەوە، بۆیە هاوسەرەکانیشی داوایان لێکرد کە حاڵ وگوزەرانیان چاکتر بکات، ئەویش تووڕە بوو بوو یەك مانگ نەچوو بەلایانەوە خەریك بوو تەلاّقیشیان بـدات. . تا قورئان هاتەخوارەوە ڕێنمایی کرد کەچی بکات.

ئەم چەند ئایەتە ڕێنمایی خوایە لەسەر حەوت ئاسمانەوە بۆ پێغەمبەرﷺ کەچـی بکـات لەم کێشەیەی کە مانگێکی خایانـدووە و بـەرۆکی پێگرتـووە، ئـەم ئایەتانـە بەڵگـەن لەسـەر پێغەمبەرێتی محمدﷺ.

قورئـــان دەفـــەرموێت ﴿ يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ إِن كُنتُنَّ تُرِدْنَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا وَزِينَتَهَا فَتَعَالَيْنَ أُمَتِّعْكُنَّ وَأُسَرِّحْكُنَّ سَرَاحًا جَمِيلًا ﴿٢٨﴾ وَإِن كُنتُنَّ تُرِدْنَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَالدَّارَ الْآخِرَةَ فَإِنَّ اللَّهَ أَعَدَّ لِلْمُحْسِنَاتِ مِنكُنَّ أَجْرًا عَظِيمًا ﴿٢٩﴾ ﴾الأحزاب ،واتە: ئەی پێغەمبەرﷺ بە خێزانەکانت بڵێ: ئەگەر ئێوە نیعمەت و خۆشی دونیاتان دەوێت و دەتانەوێت وەکو خێزانی خاوەن سامانەکان بن، لەلای من ئەوە دەست ناکـەوێت، وەرن ئـەوەی کـەدەتوانم دەتانـدەمێ و بەخۆشـی و بـەجوانی دەستان لێهەڵدەگرم.

وەئەگەر ئێوە خواو پێغەمبەری خواو خۆشی دوارۆژتان دەوێت، ئەوە خوا بۆ خاوەن چاکەکانتان و ئەوانەی کەڕازی بوون بەم بەشەی خوا پێیداون، لەڕۆژی دواییدا پاداشتێکی گەورەی بۆ داناون.

حەزرەتﷺ یەکەم جار بەخاتوو عائیشەی فەرموو: قسەیەکت پێ دەڵێم بەڵاٌم تا پرسیار لەدایك و باوکت نەکەیت بڕیار مەدە، ئنجا ئەم ئایەتەی بۆ خوێندەوە، ئەویش وتی: دەربارەی تۆ پرسیار لەدایك وباوکم بکەم؟! من لەڕازی بوونی خواو پێغەمبەر زیاتر شتێکی ترم ناوێت. خێزانەکانی تریشی هەموو هەر هەمان بڕیاریان دا.

دیارە مەقامی پێشەوایەتی مەقامێکی گرنگە و کەمرۆڤ بووە سەرمەشق و مامۆستا بەڕاستی ئەبێ ئاگاداری خۆی بێت، خەڵکی چاوی لێ دەکەن و زۆر بەئاسانی دەبێت بەفیتنە بۆ خەڵکی.

ئنجا قورئان تیشك دەخاتە سەر ئەم لایەنە بۆ هاوسەرەکانی حەزرەتﷺو پێیان دەفەرموێت ﴿يَٰنِسَآءَ ٱلنَّبِيِّ مَن يَأۡتِ مِنكُنَّ بِفَٰحِشَةٖ مُّبَيِّنَةٖ يُضَٰعَفۡ لَهَا ٱلۡعَذَابُ ضِعۡفَيۡنِۚ وَكَانَ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٗا ٣٠ وَمَن يَقۡنُتۡ مِنكُنَّ لِلَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَتَعۡمَلۡ صَٰلِحٗا نُّؤۡتِهَآ أَجۡرَهَا مَرَّتَيۡنِ وَأَعۡتَدۡنَا لَهَا رِزۡقٗا كَرِيمٗا ٣١﴾ الأحزاب.

واتە: ئەی خێزانەکانی پێغەمبەرﷺ هەرکام لە ئێوە کارێکی خراپ و ناشرینی دیار ئەنجام بدات ئەوە لە ڕۆژی دواییدا دووچاری سزادەبێت و ئازاری دووچەندانە دەبێت، ئەوەش لای خوا کارێکی زۆر ئاسانە.

وەهەرکەس لەئێوە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خواو پێغەمبەر بێت و کاری چاکە بکات، ئەوە دووچەندانە پاداشتی ئەدەینەوەو، لەبەهەشتا بۆمان ئامادەکردووە رزق ورۆزی یەکی بەرزو بەڕێز.

پێغەمبەرﷺ بەئەبوبەکری فەرمووبوو کە پێغەمبەران میراتیان نابێ تامیراتگریان بیبات ، تەنها ئەو پەیامە نەبێت کە دوای خۆی دەمێنێتەوە و هەموو کەس بۆی هەیە وەریگرێت، بۆیە حەزرەت لەسەرەمەرگدا جەختی لە عائیشە دەکردەوە کە ئەو برە پارە کەمەی هەیەتی بیبەخشێ ، کە ئەمەش بەڵگەیەکی تری پێغەمبەرایەتی ئەو زاتەیە کەنەك دەست بۆ

ماڵی کەس نابات بەڵکو چی خۆشیەتی دەیبەخشێت و خۆی و خێزانەکانی بە دوومانگ ئاگر لە ماڵیاندا نەدەکرایەوە.

بەڕاستی خەڵکی بەگشتی و سەرکردەکان بە تایبەتی چاویان تێر نابێت کە بەوەش زۆر جار مصداقیەتیان نامێنێت ،زۆر لە زاناکانی ئەهلی کیتاب کەوتنە خواردنی ماڵی خەڵك بە ناهەق ،کە بەمەش بوونە سەرمەشقێکی خراپ و خەڵکی بڕوای پێیان نەماو دوورکەوتنەوە لە بەرنامەی خوا: ﴿ فَبِظُلْمٍ مِّنَ ٱلَّذِينَ هَادُوا۟ حَرَّمْنَا عَلَيْهِمْ طَيِّبَٰتٍ أُحِلَّتْ لَهُمْ وَبِصَدِّهِمْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ كَثِيرًا ﴿١٦٠﴾ وَأَخْذِهِمُ ٱلرِّبَوٰا۟ وَقَدْ نُهُوا۟ عَنْهُ وَأَكْلِهِمْ أَمْوَٰلَ ٱلنَّاسِ بِٱلْبَٰطِلِ ۚ وَأَعْتَدْنَا لِلْكَٰفِرِينَ مِنْهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا ﴿١٦١﴾ ﴾ النساء

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِنَّ كَثِيرًا مِّنَ ٱلْأَحْبَارِ وَٱلرُّهْبَانِ لَيَأْكُلُونَ أَمْوَٰلَ ٱلنَّاسِ بِٱلْبَٰطِلِ وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ۗ وَٱلَّذِينَ يَكْنِزُونَ ٱلذَّهَبَ وَٱلْفِضَّةَ وَلَا يُنفِقُونَهَا فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ فَبَشِّرْهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ﴿٣٤﴾ ﴾ التوبة

جا قەشەکان و پیاوانی ئاینی ئەوسا سەروەت و سامانیان لە هەموو ڕێگایەکەوە پەیدا دەکرد و ئێستاش هەر وایە،دکتۆر محمد العریفی بانگخواز لە وتارێکدا بەناوی (**لهذا نحبه** ﷺ ) لە کەناڵی فەزایی ئایات دا دەڵێت : لە ئەڵمانیا وتارم ئەدا لامان سەیر بوو یەکێکی ئەڵمانی هات لە پێشی پێشەوە دانیشت ، دوای وتارەکە کە برادەرێك وەری دەگێڕا بۆ ئەڵمانی ئەو پیاوە دەستی بەرز کردەوە و وتی ئەمەوێ موسڵمان بم ، لێمان پرسی چۆنە وا ئیسلامت هەڵبژاردووە؟؟

وتی : یەکەم لەبەرئەوەی لە مەسیحیەتدا وا هەست دەکەم بت پەرستی دەکەم و زۆر گرنگی دراوە بەوێنە و پەیکەری لەخاچدانی مەسیح ، دووەم: هەرچی سەیری قەشەکان دەکەم دەوڵەمەندن و پارەیان بۆ ڕژاوە و بەهەق و ناهەق کۆی دەکەنەوە.

## خوا لێـت خـۆش بێت

کاتێك پێغەمبەرﷺ ویستی بچێ بۆ رووبەڕووبوونەوەی ڕۆمەکان لە تەبوك، بە ئاشـکرا نیەتی خۆی بە هاوەڵانی فەرموو، کە نیازی جەنگی ڕۆممان هەیـە و بـە چـاکی خۆتـان ئامـادە بکەن، ڕێگاکە دووربوو، هاوین و گەرم بوو، کـاتی هەڵگرتنـەوەی بـەرووبووم بـوو، جەنگەکـە ئەوەندە قورس بوو ناونرا (غزوة العسرة) .

بڕواداران کەوتنە خـۆ ئامـادەکردن، بـەڵام دووڕووەکـان کەوتنـە بڕوبیـانوو هێنانـەوە، هەرکەسەو بەجۆرێك دەهاتە خزمەت پێغەمبـەرﷺو داوای مۆڵـەتی دەکـرد، ئـەویش سـەیری روکەشی دەکرد و عوزرەکەی لێوەردەگرت. قورئان دابەزیە خوارەوە و دووڕووەکانی ئاشکراکردو پیلان و مەرامەکانیانی خستەڕوو بەمەش سوورەتی تەوبـە نـاونرا سـوورەتی (**الفاضحة**) کـە فەزحی دووڕووەکانی کرد.

## ئەوانـەی کە نەچـوون بـۆ جەنـگی تەبـوك

١ - علی کوڕی ئەبی طالب کە حەزرەتﷺ فەرمانی پێدا لە مەدینە بمێنێتەوە، علی حەزی دەکرد بچوایە بۆ جیهادو فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خواﷺ لەگەڵ ژنان و منداڵاندا بم؟ ئەویش فەرمووی: حەزناکەی بۆ من وەك هارون بی بۆ موسا، بەس ئەوەندە هەیە کە پێغەمبەر نیە لەدوای من.

٢ - ئەوانەی کە بێ توانا و بێ دەسەڵات بوون نەیانبوو تفاقی جـەنگی ئامادەبکـەن، ئەمانەش بیانووی تەواویان هەبوو، هیچیان نەهاتە سەر.

٣ - ئەوانەی دواکەوتبوون و بڕواداربوون و توانایان هـەبوو، بەهـەرحاڵێك بێـت دوای سوپاکە کەوتن و لەڕێ پێیان گەیشتنەوە وەك (أبی خیثمة) .

٤ - ئەوانەی کە بڕواداربوون و بەبێ بیانوو نەچـووبوون بـۆ غـەزاو کـە حـەزرەتﷺ هاتەوە دانیان بە هەڵەکەی خۆیاندا ناو بەڕاستی قسەیان کرد وەك (کعب کـوڕی مالـك، هـیلال کوڕی ئومەیە، مەرارە کوڕی رەبیع) کەئەمانەش خوا بەئایـەت دوای پـەنجا ڕۆژ تەوبەکـەیانی قبوڵ کرد.

٥ - ئەو دووڕوانەی بەبێ عوزر نەچوون بۆ غەزاکە ئەمانەش بە ڕووکەش هاتنە خزمەت حەزرەتﷺو داوایان کرد کەڕێیان بدات لەمەدینە بمێننەوە، بەدرۆ دەیان ویست خۆیان بپەڕێننەوە.

بەڕاستی ئەم ئایەتانەی سورەتی تەوبە کەدووڕووەکان ئاشکرا دەکات و بە حەزرەتﷺ دەفەرموێت: نەدەبوایە مۆڵەتت پێ بدانایە تا بەتەواوی دەرکەوتنایە بۆ موسڵمانان ، ئەو ئایەتانە ئەگەر لێیان وردبینەوە بەڵگەی ئاشکران لەسەر ئەوەی کەحەزرەتﷺ لەئاسمانەوە ڕێنمایی دەکرێت و ئەم قورئانە لەخواوە نێردراوە.

سەیرکەن چۆن قورئان ڕێنمایی حەزرەتﷺ دەکات و دەفەرموێت: ﴿لَوۡ كَانَ عَرَضٗا قَرِيبٗا وَسَفَرٗا قَاصِدٗا لَّٱتَّبَعُوكَ وَلَٰكِنۢ بَعُدَتۡ عَلَيۡهِمُ ٱلشُّقَّةُۚ وَسَيَحۡلِفُونَ بِٱللَّهِ لَوِ ٱسۡتَطَعۡنَا لَخَرَجۡنَا مَعَكُمۡ يُهۡلِكُونَ أَنفُسَهُمۡ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ إِنَّهُمۡ لَكَٰذِبُونَ ۝٤٢﴾ التوبة.

واتە: ئەی پێغەمبەرﷺ ئەگەر لەجیاتی بەشداری لەغەزای تەبوك دا، داوای کارێکی نزیکت لێ بکردنایە کەسوودو قازانجێکی دونیایی تیابوایە، یان سەفەرێکی کورت بوایە، ئەوانەی کە سستن دەکەونە شوێنت، بەڵام چونکە ڕێگەکەیان لەلا دوورەو ماندوبوون و زەحمەتی تیادایە، نەهاتن و بەجێمان، جا کەلەغەزاکە گەڕایتەوە دێنە لات و مەعزەرەتت بۆ دێننەوەو سوێند بەخوا دەخۆن و دەڵێن: ئەگەر بمانتوانیایەو خاوەن ماڵ وتوانا بوینایە لەگەڵتا دەهاتین و بەجێ نەدەماین، جابەسوێند خواردنی درۆو بەهۆی خۆدزینەوەیان لەغەزاکە، خۆیان دەفەوتێنن و ڕێگای چوونە دۆزەخ بۆ خۆیان خۆش دەکەن، خودا دەزانێت ئەوەی کەدەیلێن، درۆ دەکەن ودرۆزنن.

سەیری وشەی (سیحلفون الله) بکە کەهەواڵێکی غەیبیەو خوای گەورە دەفەرموێت ئاوا دەڵێن کەگەڕانەوە، ئەگەر خوانەبێ کێ دەزانێ کەحەزرەتﷺ گەڕایەوە دێنەلای و سوێند دەخۆن، باشە خۆ ئایەتەکان بەئاشکرا کەپێش وەخت هاتنەخوارەوە دەخوێنرایەوەو هەموو کەس دەیزانی بامونافیقەکان نەهاتنایەو سوێندیان نەخواردایەو خۆیان ئاشکرا نەکردایە، کەچی (سبحان الله) هەروەك خوا چۆن هەواڵی دابوونێ هاتن و سوێندیان خواردو درۆکانیان ئاشکرا

بوو، کەئەمەش بەڵگەی زانست و عیلمی بێ پایانی خوایە، کەئەم قورئانەش فەرمایشتی پیرۆزی ئەوە، ئنجا قورئان بەنەرمی و بەناسکی گلەیی لەحەزرەتﷺ دەکات و دەفەرموێت:

﴿عَفَا ٱللَّهُ عَنكَ لِمَ أَذِنتَ لَهُمۡ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكَ ٱلَّذِينَ صَدَقُواْ وَتَعۡلَمَ ٱلۡكَٰذِبِينَ ﴿٤٣﴾﴾ التوبة ، خوا لێت خۆش بێت، بۆچی مۆڵەتت دان و ئیزنی ئەوانەت دا کەنەیەن بۆ غەزاو بەجێ بمێنن؟ دەبوو مۆڵەتت پێ نەدانایە تا بۆت دەربکەوێت کێ راستگۆیەو کێ درۆزنە، چونکە وەنەبێت گەر ئیزنت نەدانایە بهاتنایە لەگەڵتاندا، جائەوکاتە درۆکانیانت بۆ ئاشکرا دەبوو.

ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە حەزرەتﷺ بەئەمینی هەموو قورئانی گەیاندووە، تەنانەت ئەم ئایەتە کەبۆ راست کردنەوەو گلەیشی تیایە بۆی.

جابەڕاستی چەند لەقورئان وردبینەوە هێشتا هەرکەمە کەموعجیزەی گەورەی پێغەمبەرەو هەتا قیامەتیش بەموعجیزەیی دەمێنێتەوە.

ئنجا دەفەرموێت ﴿لَا يَسۡتَـٔۡذِنُكَ ٱلَّذِينَ يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ أَن يُجَٰهِدُواْ بِأَمۡوَٰلِهِمۡ وَأَنفُسِهِمۡۗ وَٱللَّهُ عَلِيمُۢ بِٱلۡمُتَّقِينَ ﴿٤٤﴾﴾ التوبة ، ئەوانەی کە باوەڕیان بەخواو بەڕۆژی دوایی هەیە، داوای ئیزنت لێناکەن بۆئەوەی بەماڵ وگیانیان بەشداری جیهاد نەکەن، بەڵکو ئامادەی بەجێهێنانی هەموو فەرمانێکن و خواش زۆر زاناو ئاگادارە بەو کەسانەی کەباوەڕی تەواویان هەیەو بەجوانی خوا دەپەرستن و ،خۆیان لەنافەرمانی و بەجێمان لە ڕاپەڕاندنی فەرمانەکانی خواو پێغەمبەر دەپارێزن.

﴿إِنَّمَا يَسۡتَـٔۡذِنُكَ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَٱرۡتَابَتۡ قُلُوبُهُمۡ فَهُمۡ فِي رَيۡبِهِمۡ يَتَرَدَّدُونَ ﴿٤٥﴾﴾ التوبة، بەڕاستی تەنها ئەوانە مۆڵەتت لێدەخوازن کە باوەڕیان بەخواو بەڕۆژی دوایی نیەو، دڵیان لەڕوناکی ئیمان خاڵیەو، هەمیشە گومانیان لەدڵدایەو لەناو دڵەڕاوکێی خۆیاندا سەرلێشێواو گومڕان. پاش ئەوەی قورئان هەڵس وکەوت و کاروکردەوەی دووڕووەکان زیاتر ئاشکرا دەکات کەخوێنەری بەڕێز خۆی دەتوانێت لەپەڕاوێکی تەفسیردا سەیری بکات، ئنجا دەفەرموێت: ﴿سَيَحۡلِفُونَ بِٱللَّهِ لَكُمۡ إِذَا ٱنقَلَبۡتُمۡ إِلَيۡهِمۡ لِتُعۡرِضُواْ عَنۡهُمۡۖ

﴿فَأَعْرِضُوا۟ عَنْهُمْ ۖ إِنَّهُمْ رِجْسٌ ۖ وَمَأْوَىٰهُمْ جَهَنَّمُ جَزَآءًۢ بِمَا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ ﴿٩٥﴾ يَحْلِفُونَ لَكُمْ لِتَرْضَوْا۟ عَنْهُمْ ۖ فَإِن تَرْضَوْا۟ عَنْهُمْ فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يَرْضَىٰ عَنِ ٱلْقَوْمِ ٱلْفَـٰسِقِينَ ﴿٩٦﴾﴾ التوبة.

کاتێك ئێوە دەگەڕێنەوە لەغەزاکەتان، ئەو دووڕووانە سوێندتان بۆ دەخۆن بەخوا کەتوانایان نەبوو بەشداری بکەن لەگەڵتاندا، جا ئەو سوێندەیان بەدرۆ دەخۆن بۆ ئەوەی وازیان لێبێنن و لۆمەیان نەکەن، ئەوانە بەدخو وپیس وچەپەڵن، ئێوەش پشتیان تێبکەن و گوێیان مەدەنێ، جێگەی ئەوانە ئاگری دۆزەخ بەهۆی ئەو کردەوە خراپانەیانەوە کەدەیانکرد، هەروەها بەهۆی دووڕوییانەوە. سوێندتان بۆ دەخۆن بەخوا کەئەوان راستگۆن بۆئەوەی لێیان رازی بن، جائەگەر ئێوە لێیان رازی بن و بڕوایان پێبکەن، ئەوە بێگومان خوا لێیان رازی نابێت کەئەوان لەڕێی راست لایان داوەو فاسقن.

سەیری وشەی (سیحلفون) بکەرەوە کەباس لەوە دەکات کەئەمان گەڕانەوە لەغەزاکە ئەوان دێن سوێند دەخۆن و هەوڵی خۆپەڕاندنەوە دەدەن، کەدیارە ئەمەش تەنها لەعیلمی خوادا بووە کەعالیمی غەیبەو ئەزانێ لەداهاتوودا چی دەبێت. جا کەگەڕانەوە لەغەزاکە هەروەك چۆن قورئان هەواڵی دابوو پێش وەخت، دووڕووەکان هاتن و کەوتنە سوێندخواردن و درۆکردن بۆ خۆقوتارکردن لەوحاڵە ناحاڵەی کەتێی کەوتبوون.

هەروەها لەئایەتی ٩٤دا دەفەرموێت ﴿يَعْتَذِرُونَ إِلَيْكُمْ إِذَا رَجَعْتُمْ إِلَيْهِمْ ۚ قُل لَّا تَعْتَذِرُوا۟ لَن نُّؤْمِنَ لَكُمْ قَدْ نَبَّأَنَا ٱللَّهُ مِنْ أَخْبَارِكُمْ ۚ وَسَيَرَى ٱللَّهُ عَمَلَكُمْ وَرَسُولُهُۥ ثُمَّ تُرَدُّونَ إِلَىٰ عَـٰلِمِ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَـٰدَةِ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٩٤﴾﴾ التوبة ، کە لەغەزاکە گەڕانەوە دێن مەعزەرەتتان بۆ دێننەوە، پێیان بڵێ: مەعزەرەت مەهێننەوە، بڕواتان پێناکەین، چونکە خوا بەوەحی لەگشت هەواڵێکتان ئاگاداری کردوین، جا خوای گەورە کردەوەکانتان دەبینێت، پێغەمبەرەکەشی هەڵس وکەوتتان دەبینێت، خۆتان چاك بکەن چونکە سەرەنجام دەمرن و دەگەڕێنەوە بۆ لای خوای زانای ئاگادار بەگشت شتێکی ئاشکراو شاراوە، جا ئەوکاتە هەرچیتان کردووە دەیخاتەوە پێش چاوتان و جەزای خۆتان وەردەگرن.

خوێنەری ئازیز سەیرکە و وردبەرەوە، بە ڕاستی ئەم قورئانە کاری مرۆڤ نیە، ئەوەتا خۆی ئاماژە بۆ ئەمە دەکات و دەفەرمویت:﴿ وَمَا كَانَ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانُ أَن يُفْتَرَىٰ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلَٰكِن تَصْدِيقَ ٱلَّذِى بَيْنَ يَدَيْهِ وَتَفْصِيلَ ٱلْكِتَٰبِ لَا رَيْبَ فِيهِ مِن رَّبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٣٧﴾ أَمْ يَقُولُونَ ٱفْتَرَىٰهُ ۖ قُلْ فَأْتُوا۟ بِسُورَةٍ مِّثْلِهِۦ وَٱدْعُوا۟ مَنِ ٱسْتَطَعْتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٣٨﴾ ﴾ یونس.

واتە: ئەم قورئانە شکۆدارە بەم گەورەییەی و بەم داڕشتنە جوانەی و بەم هەموو یاسا بەرزانەی تیایەتی، هەرگیز ناگونجێت کەسێك لە خۆیەوە دایبنابێت و بە درۆوە بڵێت: ئەمە لە لایەنی خواوە هاتووە، ئەم قورئانە لەلایەن خواوە نێردراوەو ڕاستی ئەو پەیامانەش دەسەلمێنێ کە بۆ پێغەمبەرانی پێشتر نێردراوە، هەروەها ئەوەی پێویستە لەبواری عەقیدەو ئەحکامی شەرعیدا هەمووی روون دەکاتەوە. جا ئەگەر دەڵێن هەڵبەستراوە فەرموون ئێوەش تەنها سورەتێك هاوشێوەی سورەتەکانی قورئان هەڵبەستن ئەگەر ڕاست دەکەن، وە داوای یارمەتیش بکەن لە هەرکەسێ کەدەتوانێ یارمەتیتان بدات لەغەیری خوا.

ئنجا دەفەرموێت: ﴿ بَلْ كَذَّبُوا۟ بِمَا لَمْ يُحِيطُوا۟ بِعِلْمِهِۦ وَلَمَّا يَأْتِهِمْ تَأْوِيلُهُۥ ۚ كَذَٰلِكَ كَذَّبَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۖ فَٱنظُرْ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٣٩﴾ ﴾ یونس، ئەوانە کە بڕوا بەقورئان ناکەن، لەقورئان حاڵی نەبوون و هێشتا ئەو بەڵێنانەی کە پێیان دراوە بۆیان نەهاتووە (کە ئەگەر بڕوا نەهێنن سەرەنجامیان خراپ دەبێت) هەروەك چۆن ئەوانەی پێش ئەوان بڕوایان نەهێنا، سەیرکە سەرەنجامی ستەمکاران چۆن بوو.

## مزگەوتی ضرار

ئەبو عامری راهیب لە ناو هۆزی خەزرەجدا کە سایەتیەکی ناوداربوو، دژایەتی ئیسلامی دەکرد و موسڵمان نەبوو، لەم لاشەوە گەورەی ئەوسەکان (عبداللە کوڕی ئوبەی کوڕی سەلول) کە زەعامەتی لە دەست چوو بەهاتنی حەزرەتﷺ بۆ مەدینە، بە سەرزارەکی موسڵمان بوو، لە ژێریشەوە خەریکی پیلان گێڕی و دووڕوویی بوو. . ئەم دووانە ڕێکەوتن لەسەر دژایەتی ئیسلام، کە عبداللە لەناو مەدینەدا بمێنێتەوە و ئەبو عامریش بچێتە دەرەوەو، لە مەککە

خەڵكی هان بدات دژی محمد ﷺ و یارەكانی. بۆ پتەوكردنی پەیوەندیشیان عبدالله جەمیلەی كچی دا بە حەنزەڵەی كوڕی ئەبو عامری راهیب، كەچی بەویستی خوا حەنزەڵە ئەو بڕوادارەی لێ دەرچوو كە لەجەنگی ئوحودا شەهیدكرا و مەلائیكەت شتیان.

لە كاتی شەڕی تەبوك دا دووڕووەكان وەك پیلانێكی نێودەوڵەتی بۆ ئینقلابێكی عەسكەری لە مەدینەدا، مزگەوتی (ضراریان) دروست كرد لە نزیك مزگەوتی (قوبا) تاببێتە مۆڵگە و بنكەی دووڕووەكان و، لەوێدا كۆببوونەوە بكەن تائەوكاتەی كە ئەبو عامری فاسق لە دەرەوە سوپای رۆمەكان دەهێنێتە سەر مەدینە و بەهاوكاری دەرەوە و ناوەوەی دووڕووەكان دەوڵەتی ئیسلامی بڕوخێنن.

هاتنە لای پێغەمبەرﷺ بۆ ئەوەی نوێژێكی تیا بكات تا مزگەوتەكەیان شەرعیەت پەیدا بكات، ئەویش بەقەدەری خوا فەرمووی جارێ لەسەر سەفەری تەبوكین كە گەڕاینەوە نوێژی تیا دەكەین، كاتێ گەڕایەوە لە ڕێگا سورەتی تەوبە هاتە خوارەوەو پیلانەكەیانی بۆ پێغەمبەرو موسڵمانەكان ئاشكرا كرد و ئەویش چەند كەسێكی ناردو مزگەوتەكەیان رووخاند، جا بەڕاستی ئەم چەند ئایەتە بەڵگەی روون وئاشكران كەحەزرەتﷺ غەیب نازانێ و خوای گەورە لەنهێنیەكان ئاگاداری دەكات، لەڕێی ئەو قورئانەی كەبۆی ناردۆتە خوارەوە هەروەك دەفەرموێت﴿ وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مَسْجِدًا ضِرَارًا وَكُفْرًا وَتَفْرِيقًا بَيْنَ الْمُؤْمِنِينَ وَإِرْصَادًا لِمَنْ حَارَبَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ مِنْ قَبْلُ وَلَيَحْلِفُنَّ إِنْ أَرَدْنَا إِلَّا الْحُسْنَى وَاللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّهُمْ لَكَاذِبُونَ ﴿١٠٧﴾ ﴾ التوبة .

واتە: ئەو دووڕووانەی كە مزگەوتێكیان دروست كرد بۆ زەرەردان و بلاوكردنەوەی بێباوەڕی و نانەوەی دووبەرەكی لەنێوان بڕواداران داو، كردیان بەجێگەی پیلان گێڕان و، ئەوكەسانەی تیا كۆدەبوویەوە كەپێشتر دوژمنایەتی خواو پێغەمبەریان دەكرد و، بەگەرمی سوێندیان دەخوارد كەئێمە تەنها مەبەستمان چاكە بووە، خوا شایەتی ئەدات كەئەوان درۆ دەكەن.

﴿ لَا تَقُمْ فِيهِ أَبَدًا لَمَسْجِدٌ أُسِّسَ عَلَى التَّقْوَى مِنْ أَوَّلِ يَوْمٍ أَحَقُّ أَنْ تَقُومَ فِيهِ فِيهِ رِجَالٌ يُحِبُّونَ أَنْ يَتَطَهَّرُوا وَاللَّهُ يُحِبُّ الْمُطَّهِّرِينَ ﴿١٠٨﴾ ﴾ التوبة .

هەرگیز لەو مزگەوتەدا مەوەستەو نوێژمەکە، ئەو مزگەوتە شایستەیە کەتۆی تیابوەستی کەهەر لەیەکەم رۆژەوە لەسەر بنچینەی تەقواو خواناسی دروست کراوە، ئەو مزگەوتە کەسانێکی تیایە کەزۆر حەز دەکەن خاوێن بن لەدەروون و ڕواڵەتدا، خواش پاکانی خۆش دەوێت. (سەیری پەڕاوی بەرەو پەروەردەی ئیسلامی بکە/ بەشی سێیەم)

## ڕاستگۆیی

کاتێ حەزرەتﷺ لە غەزوەی تەبوك هاتەوە کە پەنجا رۆژێکی پێچوو، دووڕووەکان کە ژمارەیان هەشتا کەسێك دەبوو هاتنە لای و بڕوبیانویان بۆ هێنایەوە و ئەویش روکەشەکەی وەرگرتن و دڵ و دەروون و نیەتیشیانی دایە دەست خوا.

تەنها سێ هاوەڵ نەبێ کە پیاوی چاك و راستگۆبوون، کە ئەوانیش کەعبی کوڕی مالیك و مەرارەی کوڕی رەبیع و هیلالی کوڕی ئومەیە بوون، ئەمان لە خزمەت حەزرەت داﷺ درۆیان نەکرد و دانیان نا بەسستی و کەمتەرخەمی خۆیاندا، کەعب دەڵێت: کە چووم بۆلای پێغەمبەرﷺ سەلامم لێکرد، ئەویش بەزەردەخەنەیەکی توڕەییەوە فەرمووی: بۆچی دواکەوتیت؟ ئەی تۆ ولاخت نەکڕی بۆ جەنگ؟

منیش وتم: ئەی پێغەمبەری خوا، بەخوا ئەگەر بێجگە لە تۆ لەلای هەر پیاوێکی دونیایی بومایە، دەمتوانی بە بیانوهێنانەوە خۆم رزگار بکەم، چونکە من لە وتار و رەوانبێژی دا بەهرەوەرم، بەلام ئەزانم ئەگەر بەدرۆیەك تۆ رازی بکەم، نزیکە خوا تووڕەت بکات لێم، بەلام ئەگەر راستت لا بلێم و هەرچەند ئێستا لێم تووڕەببیت، بە هیوای لێبوردنی خوا هەم، بەخوا ئەی پێغەمبەری خوا هیچ بیانویەکم نە بوو، کە بەجێمام لێتان هیچ کاتێك توانا و دەسەلاتم ئەوەندەی ئەوکاتە نەبووە.

حەزرەتﷺ فەرمووی: ئەمە راست دەکات چاوەڕێ بکەن تا خوای گەورە بڕیار دەدات لە بارەتانەوە.

ئنجا حەزرەتﷺ فەرمانی دا کەس قسەمان لەگەڵ نەکات و دواتر فەرمانی دا هاوسەرەکانیشمان بەجێمان بهێڵن و نەچین بە لایاندا، بەم جۆرە پەنجا رۆژمان بەسەر برد

کەسەری دنیامـــان لێهـــاتبووەوە یـــەك، تـــا خـــوای گـــەورە تەوبەکـــەی لێـــوەرگرتین و فـــەرمووی لەبارەمانـــەوە: ﴿ وَعَلَى ٱلثَّلَٰثَةِ ٱلَّذِينَ خُلِّفُواْ حَتَّىٰٓ إِذَا ضَاقَتۡ عَلَيۡهِمُ ٱلۡأَرۡضُ بِمَا رَحُبَتۡ وَضَاقَتۡ عَلَيۡهِمۡ أَنفُسُهُمۡ وَظَنُّوٓاْ أَن لَّا مَلۡجَأَ مِنَ ٱللَّهِ إِلَّآ إِلَيۡهِ ثُمَّ تَابَ عَلَيۡهِمۡ لِيَتُوبُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ١١٨ ﴾ التوبة .

واتە: هەروەها تەوبەی ئەو سێ کەسەشی وەرگرت کە لە غەزای تـەبوك دواکـەوتبوون و حوکمەکەیان دواخرا، کە دنیایان بەو هەموو بەربلاوی یـە لێ تـەنگ بـوو، لەغـەم و پـەژارەدا لەخۆیان بێزاربوون و زانیان هیچ پەنایەك نیە پەنایان بدات لەخەشم و قینـی خـوا مەگـەر خـوا خۆی، ئنجا تەوبەی لێوەرگرتن، تا تەوبە بکەن، بەڕاستی هەر خوا تەوبە وەرگرو میهرەبانە.

خوای گەورە ئیرادەی وا بوو کەبەقـەدەر مـاوەی غەزاکـە کەپـەنجا ڕۆژبـوو موسـڵمانان لەنارەحەتیدا بوون، ئەمانیش ئەوەندە (پەنجا ڕۆژ) لەنارەحەتیدا بن، ئنجا تەوبەکەیان وەرگیرا.

ئەم چەند ئایەتە بەڵگەن کەقورئان وەحی یەو لەخواوەیە، خۆی حەکیمەو کاربـەجێ یـەو دەزانێ چی دەکات، ئاوا چارەسەری ئەو کێشەیەی کرد، لەبەرئەوەی ڕاستگۆ بـوون تەوبەکـەیان لێوەرگیرا.

یەك دانە مانگ حەزرەتﷺ یەك وشەی نەفـەرموو لـە بارەیانـەوە، چـاوەڕێی حـوکمی خوابوو، ئەمە بەڵگەیەکی روون و ئاشکرایە و هاوەڵان ڕۆژانە تیا ژیان تا حوکمی خوا دابەزی و کەعب کەهاتە لای حەزرەتﷺ پێی فەرموو: مژدەبێت بەچاکترین ڕۆژێك بەسەرتا تێدەپـەڕێت لەوەتی لـەدایك بوویـت، کـەعب وتـی: لەتۆوەیـە یـان لەخواوەیـە؟ فـەرمووی: لـەلای خـوای گەورەوەیە.

ئنجا کەعب وتی: ئەی پێغەمبەری خواﷺ لە نیشانەی ئـەم تەوبـە و لێخـۆش بوونـەم ئەوەبێت هەرچیم هەیە دەیدەم بە خواو پێغەمبەر، حەزرەتیش فەرمووی: باشتر وایـە هەنـدێکی بهێڵیتەوە بۆ خۆت.

وتی: بەشەکەی خەیبەرم دەهێڵمەوە، ئنجا وتی: ئـەی پێغەمبـەری خـوا خـوای گـەورە بەهۆی ڕاستگۆیمەوە رزگاری کردم، پەیمان بێت تاماوم ڕاستگۆبم و درۆنەکەم.

(سەرنج بدە هاوەڵاّن چۆن پرسیار دەکەن ئەو لێخۆشبوونە لە تۆوەیە یان لــە خواوەیــە ، یان لە غەزای بەدردا کە ویستی لە شوێنێکدا سوپاکە دابنێ ، هاوەڵێك فــەرمووی : فــەرمانی خوایــە ؟؟ چــونکە ئەگــەر فــەرمانی خــوا بێــت کــەس قســەی تیــا ناکــات وەك ڕێکــەوتنی حودەیبیە،وەئەگەر ڕای خۆتە واباشترە بیرە ئاوەکان لە پشتمانەوە بێت بۆ ئەوەی کافران سوودی لێوەرنەگرن ، حەزرەتیش ڕاکەی پێباش بوو سوپاکەیان لە بەردەم ئاوەکەدا دانــا ، ئــەم ڕووداوە کە هاوەڵاّن لە بۆچوونی خۆیدا ڕایان دەردەبڕی و ئەویش شتێك ڕای خۆی بوایە پێی دەوتن، ئایا بەڵگە نیە لەسەر پێغەمبەرێتی ئەو زاتە ؟؟) .

## نوێـژیان لــە ســەرمەکە

هاتنەوەی پێغەمبەرﷺ بۆ مەدینە لە غەزای تەبوك لەمانگی ڕەمەزاندا بوو، لەوکاتەدا سەرکردەی دووڕووەکان عبداللە کوڕی ئوبەی کــوڕی ســەلول نــەخۆش کــەوت و بیســت ڕۆژ لــە جێگادا کەوت، عبداللە ئەو ناپاکەیە کە پارە و تەمەنی هەمووی بەخت کرد بۆ دژایەتی کردنی پێغەمبەرﷺو بوژاندنەوەی دووڕوویی.

عبداللە ئەو بەد کردارەیە کە لە بەرەی ناوەوە لە مەدینەدا کاری دەکرد و زۆر هەوڵی دا کە لە ئوحودا موسڵمانان لە ناو مەدینەدا بمێننەوە بۆ ئەوەی سوپای کافرەکان بێنە سەر مەدینە و بە یارمەتی ئەمان گوایە داگیری بکــەن، کــە ئەمەشــی بــۆ نــەلواو موســڵمانان لــە دەرەوەی مەدینە ڕووبەڕووی کافران بوونەوە، یەك لە ســەر ســێی ســوپاکەی ســاردکردەوە و گەڕانــەوە و بەشداری جەنگیان نەکرد.

عبداللە ئەو سەرسەختە بوو کە بوختانی بۆ دایکی بڕواداران کرد و تا وەحی دانەبــەزی و داوێن پاکی عائیشەی نەسەلماند کێشەکە چارەسەر نەبوو، وا ئێستا ســوننەتی حەیاتــە و ئــەبێ ئەمیش وەك باقی ئادەمیەکان بمرێت، حەزرەتﷺسەردانی کرد و زانی دەمرێــت، ئامۆژگــاری کرد و پێی فەرموو: بە ڕاســتی جڵــەوگیریم کــردی لــە خۆشەویســتی و دۆســتایەتی جوولەکــە! حەزرەتﷺ مەبەستی ئەوە بوو کە دۆستایەتی جولەکەت کرد بۆیە ئاوا تووشی دووڕوویی بویت

و خۆشەویستی ئەوان هیچ سوودی پێ نەگەیانی و ئێستاش ئەبێ ئاوا بمریت و رووبەڕووی جەزای کردەوەکانت ببیتەوە.

عبداللە ش وەلاّمی دایەوەو وتـی: جـاخۆ ئەسـعەدی کـوڕی زرارەش رقـی لێیـان بـوو، نەمرد ؟! ئەمە وەك پاکانە بوو بۆخۆی، بەلاّم خۆدیارە مـردن پەیوەنـدی بەومەسـەلەیەوە نیـە، بەلاّم ئەم سەرسەختە تا دواساتەکانی تەمەنیشی هەر نەیدەویست مل بدات بۆ هەق و راستی و وەك بڵێ خۆشویستنی جولەکە هیچ زیانێکی نیە.

عبداللە ی کوری عبداللە ی دوو ڕوو، کە ئەمیان لاوێکی خواناس بـوو، لـە سـەر داوای باوکی هاتە خزمەت حەزرەتﷺ کە کراسەکەی خۆی بداتێ بیکەن بە کفن بۆی و نوێژی مردوی لەسەر بکات.

حەزرەتی عومەر کە لەوێ ئامادە بوو، چمکی کراسەکەی حـەزرەتی گـرت و زۆر داوێـن گیری بوو کە کاری وانەکات و یەك یەك خراپەکانی ئەو ناپاکەی بیر هێنایـەوە، حـەزرەتیشﷺ کە رەحمەتە بۆعالەم و سەرکردە و پێشەوایەکە کە لە وێنەی نەبووە فەرمووی: وازبێنـە عومـەر کراسی من چ سوودێك بەو دەگەیەنێت لای خوا، ئەگەر بزانم بە حـەفتا جـار زیـاتر مـن داوای لێخۆش بوونی بۆ بکەم خوا لێی خۆش دەبێ ئەوا حەفتا جـار زیـاتر دوعـا و ئیسـتیغفاری بـۆ دەکەم. وە من ئومێدەوارم بەم کارەی من هەزار کەسێك لە دەستە و تاقمەکەی لـە دووڕوویـی بگەڕێنەوە و تەوبە بکەن.

حەزرەتﷺ کراسەکەی نارد بۆی و کەمرد نوێژی لەسەر کرد لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

- لەبەر خاتری عبداللە ی کوڕی کە دیندارێکی چاك بوو.
- بەم کارەی پاداشتی عبداللە ی کوڕی ئوبـەی دایـەوە، کـە کـاتی خـۆی لەجـەنگی بـەدردا کراسێکی خۆی دا بەعەباسی مامی پێغەمبـەرﷺ کـەپیاوێکی چوارشـانە و بەهەیکـەل بـوو، کراسی عبداللە ی کوڕی ئوبەی بۆ دەبوو.
- حەزرەتﷺ ئەوەی راگەیاند کە کراسـەکەی سـوودی نابێـت بـۆی، تـابێ بـە دەرس بـۆ خەڵکانی تر و زوو فریای خۆیان بکەون.

- نزیکەی هەزار کەس بەم هەڵوێستە جوامێرانەیەی پێغەمبەرﷺ لە دووڕوییەوە گەڕانەوە بەرە و ئیسلام و تەوبەیان کرد.

پاش ئەمە قورئان هاتە خوارەوە و ڕێگری کرد کە نوێژ لەسەر دووڕووەکان بکرێت و فەرمووی: ﴿ وَلَا تُصَلِّ عَلَىٰٓ أَحَدٍ مِّنْهُم مَّاتَ أَبَدًا وَلَا تَقُمْ عَلَىٰ قَبْرِهِۦٓ ۖ إِنَّهُمْ كَفَرُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَمَاتُوا۟ وَهُمْ فَٰسِقُونَ ﴿٨٤﴾ ﴾ التوبة .

حەزرەتﷺ ئەگەر بە دەست خۆی بوایە و بە حەزی خۆی بوایە نوێژی لەسەر دەکردن لەبەرئەوەی تا دواپلە میهرەبان بوو، بەڵام دیارە ڕێنمایی لە ئاسمانەوە وەردەگرێت بۆیە کە ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە ئیتر نەچووە سەر جەنازەی هیچ دووڕوویەك و نوێژی لەسەر نەکردن، ئنجا ناوی دووڕووەکانیشی بە حوزەیفەی کوڕی یەمانی فەرموو، هەموو جار دوای وەفاتی حەزرەتﷺ عومەری کوڕی خەتتاب سەیری دەکرد بزانێ کە جەنازەیەك دەبوو، حوزەیفە لەگەڵی دەچێ بۆ سەر قەبران و نوێژی لەسەر دەکات، ئەو نەیکردایە ئەمیش نەیدەکرد.

حوزەیفە ئەمین سرِی حەزرەت بووﷺ، بۆیە بە حیکمەتی پێغەمبەری خۆی بەمی فەرموو نەك بە عومەر، چونکە زۆر ئاساییی بوو عومەر خۆی نەگرێت و یەك یەك تەواویان بکات و لەناویان ببات.

## ئاسمانەکان و زەوی

بەڕاستی هەر ئایەتێکی قورئان و هەر بەسەرهاتێکی سەیر بکەیت، جێ دەستی قودرەتی پەروەردگاری پێوە دیارە، ئەم پەیامە بەرزە پیرۆزە قسەی ئادەمی سەر ئەم زەوی یە نیە و زادەی بیری کەسێکی ئەو سەردەمە نیە، ئاخر کەسێکی هەزارو چوار سەد ساڵ لەمەوبەر ئیشی بەوە چی یە بڵێ ئاسمانەکان و زەویان لە شەش ڕۆژدا دروست کردووە و ماندونەبووین کە بەمەش تەحریفێکی تەورات و ئینجیل ڕاست دەکاتەوە کە دەڵێت : خوا ئاسمانەکان و زەوی لە شەش ڕۆژدا دروست کردو لە حەوتەم ڕۆژدا پشووی دا: ﴿ وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ وَمَا مَسَّنَا مِن لُّغُوبٍ ﴿٣٨﴾ ﴾ ق، یان بفەرموێت: ﴿ وَٱلسَّمَآءَ بَنَيْنَٰهَا بِأَيْي۟دٍ وَإِنَّا

﴿لَمُوسِعُونَ ﴿٤٧﴾﴾ الذاريات، ئێمە ئاسمانەکانمان دروست کردووە و بەردەوام بەرفراوانی دەکەین. یان دەفەرموێت قیامەتێك دێت و خوای بالاّدەست ئاسمانـەکان و بوونـەوەر دەپێچـێتەوە وەك چـۆن پـەڕاوێك لـە نـاو دووتـوێی بەرگەکەیـدا دەپێچـرێتەوە: ﴿يَوْمَ نَطْوِي السَّمَاءَ كَطَيِّ السِّجِلِّ لِلْكُتُبِ كَمَا بَدَأْنَا أَوَّلَ خَلْقٍ نُعِيدُهُ وَعْدًا عَلَيْنَا إِنَّا كُنَّا فَاعِلِينَ ﴿١٠٤﴾﴾ الأنبياء .

یان باسی سەرەتای دروست بوونی ئاسمانەکان دەکات کە وەك قوماشـێکی یـەك پارچـە بووە (رتقا) و پارچـە پارچـە کـراوە (ففتقناهمـا) ﴿أَوَلَمْ يَرَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَنَّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ كَانَتَا رَتْقًا فَفَتَقْنَاهُمَا وَجَعَلْنَا مِنَ الْمَاءِ كُلَّ شَيْءٍ حَيٍّ أَفَلَا يُؤْمِنُونَ ﴿٣٠﴾﴾ الأنبياء

یان ئەوەتا باسی دروست بوونی شاخەکان دەکات کـە چـۆن هاوسـەنگی زەوی ڕادەگـرن (شایانی باسە پرۆفیسۆر زەغلول النجار دەڵێت: تا سـاڵی نـەوەدەکان زانایـان نەیانـدەزانی کـە شاخەکان مایەی هاوسەنگی زەوین ) ،یان ئاسمان کە سـەقفێکی پـارێزراوە ،یـان دروسـتکردنی شەوو ڕۆژومانگ و خۆر کە لە خولگەی تایبەتدا مەلـە دەکـەن ودەجـوڵێن ﴿وَجَعَلْنَا فِي الْأَرْضِ رَوَاسِيَ أَن تَمِيدَ بِهِمْ وَجَعَلْنَا فِيهَا فِجَاجًا سُبُلًا لَّعَلَّهُمْ يَهْتَدُونَ ﴿٣١﴾ وَجَعَلْنَا السَّمَاءَ سَقْفًا مَّحْفُوظًا وَهُمْ عَنْ آيَاتِهَا مُعْرِضُونَ ﴿٣٢﴾ وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ كُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ ﴿٣٣﴾﴾ الأنبيـاء،بەم شێوەیە بەسەدان ئایەت هەن بەڵگەن کەئەم پەیامە لە پەروەردگارێکەوە دابەزیوەتە سەر زەوی کە خاوەن و هەڵسوڕێنەری ئەم بوونەوەرەیە و کێ ئیشـی بەوەیـە بڵـێ ئاسمانـەکان و زەویم دروست کردووە ؟؟.

## ئەگـەر خـوا ویسـتی

پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێ پارێزراو (معصومن)  لە هەڵە و کەم وکـورتی، بـۆ ئەوەی هەمیشە سەرمەشق و مامۆستا بن بۆ دەوروبەریان، بەڵام وەك مرۆڤێك ئاساییە کە لـە شتی دونیادا لەبیرچوونیان هەبێت، حەزرەتی موسا سـەلامی خـوای لێبێـت لەگـەڵ (خضـر) دا وەعد و پەیمانەکەی بیردەچووەوە لە ژێر کاریگەری ڕووداوەکاندا کە ئەبوایە پرسـیاری نەکردایـە کەچی پرسیاری دەکرد، ﴿قَالَ لَا تُؤَاخِذْنِي بِمَا نَسِيتُ وَلَا تُرْهِقْنِي مِنْ أَمْرِي عُسْرًا ﴿٧٣﴾﴾ الکهف .

هەروەها باوکە گەورەمان ئادەمیش عەهدو پەیمانەکەی بیرچوو کەشەیتان بەدرۆ سوێندی بۆ خواردن کەدڵسۆزیانەو خستنیە بێ فەرمانیەوە تا دوایی تەوبەیان کرد: ﴿ وَلَقَدْ عَهِدْنَآ إِلَىٰٓ ءَادَمَ مِن قَبْلُ فَنَسِيَ وَلَمْ نَجِدْ لَهُۥ عَزْمًا ﴿١١٥﴾ ﴾ طه .

حەزرەتیشﷺ لەلایەنی گەیاندنی پەیامەوە، لەلایەنی پێغەمبەرایەتیەکەیەوە (معصوم) ەو خوا یارمەتی داوە کە هیچی بیر نەچێ و هەرچی دائەبەزی لە قورئانی پیرۆز لەدڵی موبارەکیا جێگیر دەبوو، هەروەك قورئان باسی دەکات و دەفەرموێت:

﴿ سَنُقْرِئُكَ فَلَا تَنسَىٰٓ ﴿٦﴾ إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُ ۚ إِنَّهُۥ يَعْلَمُ ٱلْجَهْرَ وَمَا يَخْفَىٰ ﴿٧﴾ ﴾ الأعلى .

حەزرەتﷺ وەك ئادەمیزادێك ئاساییە کە بیرچوونی ببێت، ئەوەتا کافرەکان لە مەککە دوو کەسیان نارد بۆلای جولەکەکانی مەدینە تا پرسیاریان لێبکەن لە بارەی (محمد) ەوە کە ئایا پێغەمبەرە یان نا، بە حیسابی ئەوەی کەئەوان ئەهلی کیتابن.

جولەکەکانیش سێ پرسیاریان فێرکردن کە لە محمدی بکەن، ئەگەر توانی وەڵام بداتەوە مانای وایە پێغەمبەرە، وەگەر نا ئیدیعای پێغەمبەرایەتی دەکات.

پرسیارەکانیش، یەکەم لەبارەی کەسانێکەوە بوو کە یارانی ئەشکەوتیان پێدەڵێن، دووەم لە بارەی کەسێکەوە بوو رۆژهەڵات ورۆژئاوا گەڕاوە، سێیەم لە بارەی رۆحەوە بوو.

کاتێك ئەم پرسیارانەیان لەحەزرەتﷺ کرد، ئەویش فەرمووی سبەینێ وەڵامتان ئەدەمەوە و بیری چوو بڵێ: انشاءالله، خوای گەورە ویستی وابوو پێغەمبەریش و بڕوادارانیش پەروەردە بکات و هەمووکات هەموو کارێك ببەستنەوە بەویستی خواوە، بۆیە تا پانزە رۆژ وەحی بۆ حەزرەتﷺ نەهات، کە ئەمەش زۆر گران بوو لەسەر دڵی حەزرەت و یارانی. .

دوای ئەو پانزە رۆژە سورەتی کهف دابەزی کە وەڵامی دوو پرسیاری دایەوە کەدەفەرموێت: ﴿ أَمْ حَسِبْتَ أَنَّ أَصْحَٰبَ ٱلْكَهْفِ وَٱلرَّقِيمِ كَانُوا۟ مِنْ ءَايَٰتِنَا عَجَبًا ﴿٩﴾ ﴾ الکهف ، هەروەها لەبارەی (ذی القرنین) ەوە ﴿ وَيَسْـَٔلُونَكَ عَن ذِى ٱلْقَرْنَيْنِ ۖ قُلْ سَأَتْلُوا۟ عَلَيْكُم مِّنْهُ ذِكْرًا ﴿٨٣﴾ إِنَّا مَكَّنَّا لَهُۥ فِى ٱلْأَرْضِ وَءَاتَيْنَٰهُ مِن كُلِّ شَىْءٍ سَبَبًا ﴿٨٤﴾ ﴾ الکهف.

ئینجا قورئان سێ رێنمایی پێغەمبەرﷺو بڕواداران دەکات:

- نابێ دەمە دەمێ بکرێ بە بێ بەڵگە، بە تایبەت لەبارەی ژمارەی هاوەڵانی ئەشکەوتەکەوە ﴿...فَلَا تُمَارِ فِيهِمْ إِلَّا مِرَآءً ظَٰهِرًا ...﴿٢٢﴾﴾ الکهف .

- نابێ پرسیار لە ئەهلی کیتاب بکرێ لە بارەی یارانی ئەشکەوتەوە چونکە عیلمی یەقینیان لانیە و نایزانن ﴿..وَلَا تَسْتَفْتِ فِيهِم مِّنْهُمْ أَحَدًا ﴿٢٢﴾﴾ الکهف .

- هەرکارێك وتت دەیکەم، یان هەر وەعدێکت دا دەبێت (انشاءالله) ی لەگەڵ بێت

﴿ وَلَا تَقُولَنَّ لِشَاْىْءٍ إِنِّي فَاعِلٌ ذَٰلِكَ غَدًا ﴿٢٣﴾ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ ...﴿٢٤﴾﴾ الکهف.

جا ئەگەر بیریشت چوو پاشان بیرت کەوتەوە (انشاءالله) بڵێ و یادی خوابکە

﴿ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ وَٱذْكُر رَّبَّكَ إِذَا نَسِيتَ وَقُلْ عَسَىٰٓ أَن يَهْدِيَنِ رَبِّى لِأَقْرَبَ مِنْ هَٰذَا رَشَدًا ﴿٢٤﴾﴾ الکهف .

بەڕاستی بڕوادار لەسەرێتی هەرچی دەتوانێت بیکات ئنجا بە دڵ پشت بە خودا ببەستێت و بزانێت هەموو شتێك تا فەرمانی خوای لەسەر نەبێت نابێت.

جا بەڕاستی ئەم چەند ئایەتە،کە پاش نەهاتنی وەحی بۆ پانزە ڕۆژ دابەزی، کە زۆر پێویست بوو بێت و دوانەکەوێت، بەڵگەن لەسەر ئەوەی ئەم قورئانە دانراوی محمد نیەﷺو لە خواوە دابەزیوەتە سەر دڵی حەزرەت و لەویشەوە گەیشتووە بە مرۆڤایەتی.

## دامـــەزراوی

کافرانی مەککە پاش ئەوەی کە حەمزە موسڵمان بوو، بینیان وردە وردە شوێنکەوتوانی پێغەمبەرﷺ زیاد دەبن، بۆیە ڕۆژێکیان کە حەزرەتﷺ لەدەوری کەعبە دانیشتبوو، کافران عوتبەی کوڕی ڕەبیعەیان بۆ نارد تا دانوستان بکات لەگەڵیداو هەندێ ئیغرائات بخاتە بەردەمی تا دەست لەوکارە هەڵگرێت. .

عوتبە وتی: برازام، ئەگەر ئەمەی کە ئەیکەیت بۆ ئەوەیە ماڵ و سامانت دەست بکەوێت، پارەت بۆ کۆدەکەینەوە تا لە هەمووومان دەوڵەمەندتر بیت، ئەگەر دەسەڵاتت دەوێت دەتکەینە سەرکردە و هیچ شتێ بە بێ فەرمانی تۆ ناکەین، وە ئەگەر ئەمە شتێکە و بۆت دێت و دەسەڵاتت نیە بەسەریا باشترین حەکیم و پزیشکت بۆ دێنین.

که عوتبه له قسەکانی بووەوە حەزرەتﷺ پێی فەرموو: تەواو بوویت ئەبو وەلید؟ وتی: بەڵێ، فەرمووی : دەتۆش گوێم بۆ بگرە، وتی: فەرموو! حەزرەتﷺ سەرەتای سوورەتی فصلتی بۆ خوێند کەدەفەرموێت:﴿حمٓ ﴿١﴾ تَنزِيلٌ مِّنَ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴿٢﴾ كِتَٰبٌ فُصِّلَتۡ ءَايَٰتُهُۥ قُرۡءَانًا عَرَبِيًّا لِّقَوۡمٍ يَعۡلَمُونَ ﴿٣﴾ بَشِيرًا وَنَذِيرًا فَأَعۡرَضَ أَكۡثَرُهُمۡ فَهُمۡ لَا يَسۡمَعُونَ ﴿٤﴾﴾ فصلت ،پاش تەواوبوونی ئایەتەکان عوتبە گەڕایەوە وکافرەکان لە دوورەوە وتیان: بەخوا ئەبو وەلید بەو رەنگ و رووەوە نەهاتەوە کە ڕۆیشتبوو!

کەدانیشت وتیان: چی بوو؟

وتی: قسەیەکم بیست کە هەرگیز شتی وام نەبیستووە، بەخوا نەهۆنراوەیە و نەسیحرە و نە فالگرتنەوەیە، ئەی قورەیش، بە قسەم بکەن و وازی لێبێنن، ئەگەر عەرەب سەرکەوتن بە سەریا رزگارتان دەبێت، وەئەگەر ئەمیش سەرکەوت بەسەر عەرەبدا موڵك و دەسەلاتەکەی هەرهی ئێوەیە.

وتیان: بەخوا جادوی لە تۆش کرد!

وتی: ئەوە رای منە و ئێوەش کەیفی خۆتانە.

جارێکی تر کافران هاتنە لای و وتیان، ئێمە خواکەی تۆ دەپەرستین و تۆش ناو بەناو خواکانی ئێمە بپەرستە، لەسەر ئەمە سورەتی (الکافرون) هاتە خوارەوە: ﴿قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡكَٰفِرُونَ ﴿١﴾ لَآ أَعۡبُدُ مَا تَعۡبُدُونَ ﴿٢﴾ وَلَآ أَنتُمۡ عَٰبِدُونَ مَآ أَعۡبُدُ ﴿٣﴾ وَلَآ أَنَا۠ عَابِدٞ مَّا عَبَدتُّمۡ ﴿٤﴾ وَلَآ أَنتُمۡ عَٰبِدُونَ مَآ أَعۡبُدُ ﴿٥﴾ لَكُمۡ دِينُكُمۡ وَلِيَ دِينِ ﴿٦﴾﴾ الکافرون

قورئان حەزرەتیﷺ ئاگادارکرد کە کافرەکان چاوەڕێی نەرمیەکن لێی، بۆیە رێنمایی کرد کە بەهیچ جۆرێك بەقسەیان نەکات و نەرم نەبێت لەسەر بیروباوەڕەکەی ﴿فَلَا تُطِعِ ٱلۡمُكَذِّبِينَ ﴿٨﴾ وَدُّواْ لَوۡ تُدۡهِنُ فَيُدۡهِنُونَ ﴿٩﴾﴾ القلم ، چەند جاری تر هەوڵیان داو قورئانیش هەندێکی تۆمارکردووە کە دەفەرموێت:﴿وَإِذَا تُتۡلَىٰ عَلَيۡهِمۡ ءَايَاتُنَا بَيِّنَٰتٖ قَالَ ٱلَّذِينَ لَا يَرۡجُونَ لِقَآءَنَا ٱئۡتِ بِقُرۡءَانٍ غَيۡرِ هَٰذَآ أَوۡ بَدِّلۡهُۚ قُلۡ مَا يَكُونُ لِيٓ أَنۡ أُبَدِّلَهُۥ مِن تِلۡقَآيِٕ نَفۡسِيٓۖ إِنۡ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَىٰٓ إِلَيَّۖ إِنِّيٓ أَخَافُ إِنۡ عَصَيۡتُ رَبِّي عَذَابَ يَوۡمٍ عَظِيمٖ ﴿١٥﴾ قُل لَّوۡ شَآءَ ٱللَّهُ مَا تَلَوۡتُهُۥ عَلَيۡكُمۡ وَلَآ

أَدۡرَىٰكُم بِهِۦۖ فَقَدۡ لَبِثۡتُ فِيكُمۡ عُمُرٗا مِّن قَبۡلِهِۦٓۚ أَفَلَا تَعۡقِلُونَ ١٦ فَمَنۡ أَظۡلَمُ مِمَّنِ ٱفۡتَرَىٰ
عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا أَوۡ كَذَّبَ بِـَٔايَٰتِهِۦٓۚ إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلۡمُجۡرِمُونَ ١٧ ﴾ یونس. واتە: کاتێك ئایەتەکانی ئێمە بە سەریاندا بخوێنرێتەوە، ئەوە ئەوانەی کە بەتەمانین ئامادەی بەردەم بارەگای ئێمە بن دەڵێن: قورئانێکی تر بێجگە لەمە بهێنە ، یان بیگۆڕە بە شێوەیەکی تر، تۆش پێیان بڵێ: من بۆم نیە بیگۆڕم، من شوێنی هیچ شتێك ناکەوم جگە لەوە نەبێت کە بەوەحی پێم دەگات، بە ڕاستی من دەترسم ئەگەر یاخی بم لە پەروەردگارم و نافەرمانی بکەم گیرۆدەی سزای سەختی ڕۆژێکی زۆر گەورە ببم.

پێیان بڵێ: ئەگەر خودا بیویستایە ئەوا قورئانم بە سەردا نەدەخوێندەوە، خواش ئاگاداری نەدەکردن پێی، چونکە بە ڕاستی ئاشکرایە کە من تەمەنێکی دوور و درێژم لە ناوتانا بەسەربردووە پێش هاتنی قورئان، کەواتە بۆ عەقڵ وبیر و هۆشتان ناخەنەکار، (کەسێکی نەخوێندەوار تاتەمەنی چل ساڵی هیچ نەڵێت و بە ڕاستگۆیی و ئەمینی ناوی دەرکردبێ، چۆن ئێستا لەخۆیەوە بەرنامە و پەیامێکی ئاوا دێنێ!)

جا کێ لەوە ستەمکارترە کە درۆ بەدەم خواوە هەڵدەبەستێت، یاخود ئایەتەکانی بەدرۆ بزانێت و بڕوای پێی نەبێت، بە ڕاستی تاوانباران سەرفراز نابن.

جارێکی تر قورئان لە سوورەتی ئیسرائدا داواکاریەکانی کافران و بڕوبیانووەکانیان دەخاتە ڕوو پاشان وەڵامیان دەداتەوە کە دەفەرموێت:

_﴿ وَقَالُواْ لَن نُّؤۡمِنَ لَكَ حَتَّىٰ تَفۡجُرَ لَنَا مِنَ ٱلۡأَرۡضِ يَنۢبُوعًا ﴾. وتیان: هەرگیز ئێمە باوەڕت پێناکەین تاکانی و سەرچاوەیەکمان لەوزەوی یە بۆ هەڵنەقوڵێنیت.

_ ﴿ أَوۡ تَكُونَ لَكَ جَنَّةٞ مِّن نَّخِيلٖ وَعِنَبٖ فَتُفَجِّرَ ٱلۡأَنۡهَٰرَ خِلَٰلَهَا تَفۡجِيرًا ﴾. یان دەبێت خاوەنی باخێك بیت کە پڕبێت لە دارخورما و ڕەز و چەندەها رووبار لە ناویدا هەڵبقوڵێت و بەخوڕ و ڕەوان بە ژێریاندا بڕوات.

_﴿ أَوۡ تُسۡقِطَ ٱلسَّمَآءَ كَمَا زَعَمۡتَ عَلَيۡنَا كِسَفًا أَوۡ تَأۡتِيَ بِٱللَّهِ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ قَبِيلًا ﴾ یان ئاسمان پارچە پارچە وەك خۆت دەڵێیت داباریێنە و بیخە بەسەرماندا، یان خوا و فریشتەکانی بهێنە و بەرە و ڕوومانی بکەرەوە.

_ ﴿أَوۡ يَكُونَ لَكَ بَيۡتٞ مِّن زُخۡرُفٍ أَوۡ تَرۡقَىٰ فِي ٱلسَّمَآءِ وَلَن نُّؤۡمِنَ لِرُقِيِّكَ حَتَّىٰ تُنَزِّلَ عَلَيۡنَا كِتَٰبٗا نَّقۡرَؤُهُۥ﴾. یان كۆشك و تەلار و ماڵێكت هەبێت كە بەئاڵتون و زیوو شتی جوان نەخشێنرابێت و زەخرەفەی بۆكرابێت، یان ببینین كە بەرە و ئاسمان بەرزدەبیتەوە، باوەڕیش بەوەت ناكەین تاپەڕاوێك نەهێنی لە ئاسمانەوە بیخوێنینەوە.

_﴿قُلۡ سُبۡحَانَ رَبِّي هَلۡ كُنتُ إِلَّا بَشَرٗا رَّسُولٗا﴾ پێیان بڵێ: پاكی و بێگەردی بۆ پەروەردگارم، من تەنها پێغەمبەرێكم لە گرۆی ئادەمی و هیچی تر نیم.

_﴿قُل لَّوۡ كَانَ فِي ٱلۡأَرۡضِ مَلَٰٓئِكَةٞ يَمۡشُونَ مُطۡمَئِنِّينَ لَنَزَّلۡنَا عَلَيۡهِم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ مَلَكٗا رَّسُولٗا﴾ پێیان بڵێ: ئەگەر لە سەر زەوی دا فریشتە هەبووناية و بە دڵنیایی هاتووچۆیان بكردایە و ژیانیان ببردایەتە سەر، ئەوە ئێمە لە ئاسمانەوە فریشتەیەكمان دادەبەزاندە سەریان كە پێغەمبەر و فرستادەبێت بۆیان.

_ ﴿قُلۡ كَفَىٰ بِٱللَّهِ شَهِيدَۢا بَيۡنِي وَبَيۡنَكُمۡۚ إِنَّهُۥ كَانَ بِعِبَادِهِۦ خَبِيرَۢا بَصِيرٗا﴾ (الاسراء ٩٠ - ٩٦) بڵێ: هەر خوا بەسە كەشایەت بێت لە نێوان من وئێوەدا كە چۆن پەیامی بۆ ناردوم پێم ڕاگەیاندون، بەڕاستی ئەو زاتە هەمیشە ئاگادار و بینایە بەبەندەكانی.

بەڵێ. كاتێ قورئان بەحەزرەتیﷺ فەرموو ﴿وَٱللَّهُ يَعۡصِمُكَ مِنَ ٱلنَّاسِ ٦٧﴾ المائدة ، بەڕاستی لەهەموو لایەكەوە پاراستی، ئەوەتا ئەو هەموو دانوستان و بگرەو بەردەیەیان لەگەڵ كرد، خوا پاراستی و دامەزراوی كرد، كە ئەگەر هاوكاری ئەو زاتە پایەبەرزە نەبوایە دیارە لەكێشی كەسدانیە، هەروەك دەفەرموێت: ﴿وَإِن كَادُواْ لَيَفۡتِنُونَكَ عَنِ ٱلَّذِيٓ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ لِتَفۡتَرِيَ عَلَيۡنَا غَيۡرَهُۥۖ وَإِذٗا لَّٱتَّخَذُوكَ خَلِيلٗا ٧٣ وَلَوۡلَآ أَن ثَبَّتۡنَٰكَ لَقَدۡ كِدتَّ تَرۡكَنُ إِلَيۡهِمۡ شَيۡـٔٗا قَلِيلًا ٧٤﴾ الإسراء.

واتە: ئەی پێغەمبەرﷺ كافران خەریك بوو تۆ لابدەن لەوەی كە بەوەحی بۆمان ڕەوانە كردویت، تا شتێكی ترمان بۆ هەڵبەستیت و شێوازی كارت بگۆڕیت، ئیتر ئەو كاتە ئەگەر بە قسەی ئەوان بكەیت، ئەوان تۆ دەكەنە هاوەڵ و خۆشەویستی خۆیان، خۆ ئەگەر ئێمە تۆمان

دامەزرا و نەکردایە، ئەوە بە ڕاستی نزیك بوویت کەمێك بە لایانـدا بچیـت و بـە دڵـی ئـەوان بکەیت.

﴿ إِذًا لَّأَذَقْنَٰكَ ضِعْفَ ٱلْحَيَوٰةِ وَضِعْفَ ٱلْمَمَاتِ ثُمَّ لَا تَجِدُ لَكَ عَلَيْنَا نَصِيرًا ﴿٧٥﴾ ﴾الإســـــراء، ئەوکاتە ئیتر دوو بەرانبەری کافران لە دونیادا و لەدوای مردنیش دا سـزامان پـێ دەچەشـتیت، پاشان کەسێکت دەست نەدەکەوت فریات بکەوێت و لە دەستی ئێمـە ڕزگـارت بکـات. ﴿ وَإِن كَادُوا۟ لَيَسْتَفِزُّونَكَ مِنَ ٱلْأَرْضِ لِيُخْرِجُوكَ مِنْهَا ۖ وَإِذًا لَّا يَلْبَثُونَ خِلَٰفَكَ إِلَّا قَلِيلًا ﴿٧٦﴾ سُنَّةَ مَن قَدْ أَرْسَلْنَا قَبْلَكَ مِن رُّسُلِنَا ۖ وَلَا تَجِدُ لِسُنَّتِنَا تَحْوِيلًا ﴿٧٧﴾ ﴾ الإسراء.

ئەو کافرانە خەریك بوو بەزۆر لەمەککە دەرت بکـەن، ئەوکاتـە دوای تـۆ ئـەوانیش زۆر نەدەمانەوەو لەناومان دەبردن، لەناوبردنی کافران بڕیارو یاسای ئێمەیە پێش تۆ بۆ ئەو گەلانەی کەپێغەمبەرەکانیان دەرکردبێت، بێگومان سوننەت و یاسای ئێمە گۆڕانی بەسەردا نایەت.

بەڕاستی چەند لەم ئایەتانە وردبینەوە زیاتر تێدەگەین کەئەم قورئانە کـاری مـرۆڤ نیـە، ئەوەتا سەیری ناوەرۆکی باسەکانی بکە، باس لەچی دەکات، باسـی هـەوڵی هەمـەجۆری پـەی دەرپەی و بێوچانی کافران دەکات بۆ لەخشـتەبردنی پێغەمبـەرێك، کارەکـە ئەوەنـدە قـورس و گرانە، لەخواوە یارمەتی و پشتگیری دەکرێت ئەگینا خۆی لەبەردا بۆ ڕاناگیرێ.

ئەگەر ئەم قورئانە پێغەمبەر ﷺ دای بنایە ئەوا دامەزراوی یەکەی دەکـرد بەئازایـەتی خۆی و نەیدەگێڕایەوە بۆ خوا؟؟؟

هەندێ لەوشتانەی داوایان دەکردلە موعجیزات، خوای گەورە بۆ دڵدامەزراوی هاوەڵان و خەڵکی تر لەکات و ساتی پێویست دا کەخوا مەیلی لەسەر بووبێ بۆی کـردووە، بـەڵام لەسـەر بڕوبیانووی کافران نەبووە، چونکە ئاسمانی بۆ بهێنانایەتە خوارەوە ئەوان موسـڵمان نـەدەبوون و بیانوویان لەشتی تر دەگرت، ئەوان لەسەرەتاوە بڕیاریان دابوو بڕوا نـەهێنن، نـەك لەبەرئـەوەی کەبەڵگەو نیشانە نیە، نەخێر بەڵکو لەبەرئـەوەی کەحەسـادەت چـاوی کوێرکردبـوون کەبۆچـی محمدﷺ پێغەمبەر بێت و، بۆچی بۆ دوو گەورەپیاوەکەی مەککەوطائف نەبێ؟ هـەروەك ئـەوان بەخشش و نیعمەتەکانی خوادا بەش بکەن.

﴿ وَقَالُواْ لَوْلَا نُزِّلَ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانُ عَلَىٰ رَجُلٍ مِّنَ ٱلْقَرْيَتَيْنِ عَظِيمٍ ﴿٣١﴾ ﴾ الزخرف، وتیان: بۆ ئەم قورئانە دانەبەزێنرا بۆ سەر پیاوێکی گەورە لەپیاوە گەورەکانی دوو شارەکە (مەککەو طائف) . بەتەرازووی زەمینی ،بەحسابی بەشەر کە عەقڵی لە چاویایەتی ئەو دووکەسە گەورە پیاوی ناوچەکەن ، بەلاّم بەتەرازووی ئاسمانی ئەوانە هیچ نین و شایانی ئەوە نین ببنە پەیامبەری خوایی.

﴿ أَهُمْ يَقْسِمُونَ رَحْمَتَ رَبِّكَ ۚ نَحْنُ قَسَمْنَا بَيْنَهُم مَّعِيشَتَهُمْ فِي ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۚ وَرَفَعْنَا بَعْضَهُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَٰتٍ لِّيَتَّخِذَ بَعْضُهُم بَعْضًا سُخْرِيًّا ۗ وَرَحْمَتُ رَبِّكَ خَيْرٌ مِّمَّا يَجْمَعُونَ ﴿٣٢﴾ ﴾الزخرف.

ئایا ئەوانە رەحمەتی پەروەردگاری تۆ دابەش دەکەن؟! کەسانی شایستە دەدۆزنەوە بۆ پێغەمبەرایەتی؟ لە کاتێکدا ئێمە رزق و رۆزیمان لە نێوانیاندا دابەشکردووە لە ژیانی دونیادا و پلە و پایەی هەندێکیانی بەرزکردۆتەوە بەسەر هەندێکیاندا، بۆ ئەوەی هەمووان کاری یەکتری تەواو بکەن و سوود لەلێهاتوویی یەکتر وەربگرن، بەڕاستی رەحمەت و بەخششی پەروەردگارت چاکتر و گەورەترە لە هەموو ئەو شتانەی ئەوان کۆی دەکەنەوە و دڵیان پێی خۆشە.

واتە: ئێمە کە ڕزق و رۆزی ماددی دنیا خۆمان بەشی بکەین و نەیدەینە دەست ئەوان، ئیتر چۆن گەورەترین نیعمەت کە پێغەمبەرایەتیە دەیدەینە دەست ئەوان کە بە هەرکەسێکیان بویٚ بیدەن.

## پاك وبێگەردی خاتوو عائیشە

لە غەزای بەنو موستەڵەق دا خاتوو عائیشە لەگەڵ پێغەمبەردا بووﷺ، کاتێك لە غەزاکە گەڕانەوە لە شوێنێك لایان دا،خاتوو عائیشە بۆ کارێکی پێویستی خۆی دوورکەوتەوە، ملوانکەی خوشکەکەی ون کرد، گەڕایەوە بیدۆزێتەوە، تا هاتەوە سوپاکە رۆشتبوو ئەوانەی کە کەژاوەکەیان بەرزکردبووەوە بۆسەر حوشترەکەی هەستیان نەکرد بوو کە تیایدا نیە، ئەمیش کە گەڕایەوە کەسی لێ نەبوو دانیشت دەیزانی دەگەڕێنەوە بۆ لای خەوی لێکەوت، لە دەنگی (صفوان کوڕی معطل) خەبەری بووەوە کە ئەویش دواکەوتبوو کەئەمی بینی (انا لله وانا الیە راجعون) ی دەوت، ئنجا چۆکی بە حوشترەکەی دادا تاعائیشە سەربکەوێت، پاشان لغاوی

حوشترەکەی گرت و هاتنەوە بۆ لای سوپاکە، دووڕووەکان کە ئەمـەیان بینـی کەوتنـە بوختـان کردن بۆیان، ئەمە یەك مـانگی خایانـد، زۆر قـورس و گـران بـوو لەسـەر حـەزرەت و یـاران. حەزرەتﷺ کە وەحی دواکەوت، پرسی بە ئیمامی عەلی کرد، ئەویش بە ئاماژە وتی دەتـوانی تەلاقی بدەیت، بەلاّم کە پرسی بە ئوسامە و چەند کەسێکی تر کرد وتیان تەلاقی مەدە و گـوێ مەدە بە قسەی دوژمنان.

عائیشە لە ماڵی باوکی شیوەنی دنیای کرد و چاوەڕێی ئەوەی دەکرد کـە خـوا خـەوێك شتێك پیشانی حەزرەت بدات و بێ تاوانی ئەم دەربکەوێت، کە چی خوای گەورە ئایـەتی نـاردە خوارەوە و پاك وبێگەردی خاتوو عائیشەی بەیان کرد کەبەڕاستی بەڵگەی روون وئاشـکرایە کـە ئەم قورئانە لەخواوەیەو کاری مرۆڤ نیە.

هەروەك دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ جَآءُو بِٱلۡإِفۡكِ عُصۡبَةٞ مِّنكُمۡۚ لَا تَحۡسَبُوهُ شَرّٗا لَّكُمۖ بَلۡ هُوَ خَيۡرٞ لَّكُمۡۚ لِكُلِّ ٱمۡرِيٕٖ مِّنۡهُم مَّا ٱكۡتَسَبَ مِنَ ٱلۡإِثۡمِۚ وَٱلَّذِي تَوَلَّىٰ كِبۡرَهُۥ مِنۡهُمۡ لَهُۥ عَذَابٌ عَظِيمٞ ١١﴾ النـــور، واتــــە: بێگومان ئەوانەی بوختانەکەیان هەڵبەست دەستەیەك بوون لە ئێوە، وامەزانن کە ئـەو بوختانـە شەڕ وخراپ بوو بۆتان، بەڵکو خێربوو بۆتان تا ئیماندار و دووڕوو جیابێتەوە، بێگومـان تـاوانی هەرکەس لەو بوختانچیانە لە گەردنی خۆیەتی، ئـەو کەسـەش سـەرۆکایەتی ئـەو کـارەی کـرد سزایەکی سەخت و گەورەی بۆ ئامادەیە.

﴿لَّوۡلَآ إِذۡ سَمِعۡتُمُوهُ ظَنَّ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتُ بِأَنفُسِهِمۡ خَيۡرٗا وَقَالُواْ هَٰذَآ إِفۡكٞ مُّبِينٞ ١٢﴾ النـور، دەبوایە کە هەرئەو بوختانەتان بیست ئیماندارانی پیاو و ئافرەت گومـانی چـاکیان بـە خۆیـان ببردایە و دڵنیابوونایـە لـەپاکی خۆیـان و بیانوتایـە ئەمـە بوختـانێکی ئاشـکرایە و کـاری وا لەدایکی موسڵمانان ناوەشێتەوە.

﴿لَّوۡلَا جَآءُو عَلَيۡهِ بِأَرۡبَعَةِ شُهَدَآءَۚ فَإِذۡ لَمۡ يَأۡتُواْ بِٱلشُّهَدَآءِ فَأُوْلَٰٓئِكَ عِندَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلۡكَٰذِبُونَ ١٣﴾ النور، (ئەمە تەرازووی ئاسمانـە، بوختـان کـردن هـەروا گاڵتـە نیـە) دەبوایـە بوختانچیـەکان چوارشایەتیان بۆ سەلماندنی بوختانەکەیان بهێنایە، کاتێك چوار شـایەتیان نـەهێنا، ئـەوە ئـیتر دیارە ئەوانە لای خواش لە ڕیزی درۆزنەکانن.

﴿ وَلَوْلَا فَضْلُ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُۥ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ لَمَسَّكُمْ فِى مَآ أَفَضْتُمْ فِيهِ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿١٤﴾ ﴾ النور، خۆ ئەگەر فەزڵ و بەزەیی خوا و بەخشندەییەکەی نەبوایە لەسەرتان لە دونیـا و قیامـەت دا، بەهۆی ئەو تاوانەتانەوە سزایەکی زۆر گـەورەو سـەختتان تـوش دەبـوو، بـەهۆی رۆچـونتان لەودەنگ و باسەدا.

﴿ إِذْ تَلَقَّوْنَهُۥ بِأَلْسِنَتِكُمْ وَتَقُولُونَ بِأَفْوَاهِكُم مَّا لَيْسَ لَكُم بِهِۦ عِلْمٌ وَتَحْسَبُونَهُۥ هَيِّنًا وَهُوَ عِندَ ٱللَّهِ عَظِيمٌ ﴿١٥﴾ ﴾ النور. ئەوە بۆ دەماو دەم قسە وەردەگرن و شتێك دێ بەدەمتانا کە زانیاریتان نیە پێـی و بەشتێکی سادە و ئاسانی دەزانن لە کاتێکدا لای خوا زۆر گەورە و نابەجێ یە.

﴿ وَلَوْلَآ إِذْ سَمِعْتُمُوهُ قُلْتُم مَّا يَكُونُ لَنَآ أَن نَّتَكَلَّمَ بِهَٰذَا سُبْحَٰنَكَ هَٰذَا بُهْتَٰنٌ عَظِيمٌ ﴿١٦﴾ ﴾ النـور. دەبوایە کاتێك گوێتان لەوە بوو، بتانوتایە: ئێمە بۆمان نیە قسەی وا بکەین، پاکی و بێگەردی بۆ خوا، ئاخر ئەمە بوختانێکی زۆر گەورەو ناقۆڵایە.

﴿ يَعِظُكُمُ ٱللَّهُ أَن تَعُودُوا۟ لِمِثْلِهِۦٓ أَبَدًا إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١٧﴾ وَيُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمُ ٱلْءَايَٰتِ ۚ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿١٨﴾ ﴾ النور. خوا ئامۆژگاریتان دەکات کە نەکەن هەرگیز شـتی وا دووبـارە بکەنـەوە ئەگەر ئێوە بڕوادارن، خوا ئایەت و رێنماییەکانی روون دەکاتەوە بۆتان، بێگومـان خـوا زانـا و دانایە.

کاتێ کە وەحی دابەزی یە سەر پێغەمبەرﷺو بەرائەتی عائیشەی راگەیاند حەزرەتﷺ دڵی خۆش بوو پێدەکەنی، یەکەم وشە لە دەمی پیرۆزی دەرچوو فەرمووی: عائیشە خوای گەورە بێگوناهی تۆی راگەیاند.

دایکی عائیشە بە عائیشەی وت: هەستە سوپاسی پێغەمبەر بکەﷺ.

عائیشەش بەنازی بێ گوناهی و پاش ئەو هەموو زوخاوەی کە مانگێك چـوو بەسـکیا، وتی: وەڵاهی ناچم ، جگە لە خوا سوپاسی کەس ناکەم.

پاش یەك مانگ گومانەکان رەوینەوە، عبداللە ی کوڕی ئوبەی سوك و ڕیسوا بوو، ئـیتر خزمەکانی خۆی لۆمەیان دەکـرد و رێگریـان لێ دەکـرد. یـەك مـانگی رەبـەق خـوای گـەورە

کۆمەڵگەی موسڵمانانی سەرقاڵ کرد و زاخاوی دانەوە، پەندێکی دادان کە تاقیامەت بەسیان بێت.

ئەگەر قورئان بە دەست حەزرەتﷺ بوایە هەر زوو فریای خۆی و خێزانی و موسڵمانان دەکەوت و بەرائەتی عائیشەی دەسەلماند، بەلاَم نەخێر قورئان بە ویستی خوا لە کاتی پێویستدا کە خوا دەیزانیّ دادەبەزێت.

## پـێیـان بـڵێ

لە قورئانی پیرۆزدا بە دەیان ئایەت هاتووە کە داوا لە پێغەمبەرﷺ دەکات کە بەخەڵکی بڵێت و پێیان رابگەیەنێت، واتە محمدﷺ فێر دەکات کە شتێك بڵێت، بە ڕاستی ئەمە بۆ خۆی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە قورئان دانراوی محمدﷺ نیە، ئەگینا ئەگەر هی ئەو بوایە چ پێویستی دەکرد بەو شێوازە بێت، خۆی یەکسەر شتەکەی دەوت، بۆ نموونە:

- پێیان رابگەیەنە کەتۆش ئادەمیزادێکی وەك ئەوان و وەحی و پەیامت بۆ هاتووە: ﴿ قُلۡ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٞ مِّثۡلُكُمۡ يُوحَىٰٓ إِلَيَّ أَنَّمَآ إِلَٰهُكُمۡ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞۖ فَمَن كَانَ يَرۡجُواْ لِقَآءَ رَبِّهِۦ فَلۡيَعۡمَلۡ عَمَلٗا صَٰلِحٗا وَلَا يُشۡرِكۡ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدَۢا ١١٠ ﴾ کهف

کافرەکان هەمیشە ئەوەیان دەکرد بە بیانوو، باشە چۆن شوێن ئادەمیزادێکی وەك خۆیان بکەون، گوایە بۆچی مەلائیکەتێك پەیامەکە ناگەیەنیّ و نابیّ بە پێغەمبەر، قورئان وەلاَمی ئەوانە ئەداتەوە، ئەگەر لە سەر زەوی مەلائیکەت هەبوایە مەلائیکەتمان دەنارد، بەلاَم لەبەرئەوەی مرۆڤ دەژی لەم سەرزەوی یە مرۆڤێکمان ناردووە، بەلاَم لە ئاسمانەوە وەحی بۆ دێت ﴿ وَمَا مَنَعَ ٱلنَّاسَ أَن يُؤۡمِنُوٓاْ إِذۡ جَآءَهُمُ ٱلۡهُدَىٰٓ إِلَّآ أَن قَالُوٓاْ أَبَعَثَ ٱللَّهُ بَشَرٗا رَّسُولٗا ٩٤ قُل لَّوۡ كَانَ فِي ٱلۡأَرۡضِ مَلَٰٓئِكَةٞ يَمۡشُونَ مُطۡمَئِنِّينَ لَنَزَّلۡنَا عَلَيۡهِم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ مَلَكٗا رَّسُولٗا ٩٥ ﴾ الإسراء، ئنجا پێیان بڵیّ: خوا بۆخۆی کافی یە کە شایەت بێت لە نێوان من و ئێوەدا کە من نێردراوی ئەوم: ﴿ قُلۡ كَفَىٰ بِٱللَّهِ شَهِيدَۢا بَيۡنِي وَبَيۡنَكُمۡۚ إِنَّهُۥ كَانَ بِعِبَادِهِۦ خَبِيرَۢا بَصِيرٗا ٩٦ ﴾ الإسراء .

# وەلامـيان بدەرەوە

کافران پرسيار دەکەن، تۆش وەڵامیان بدەرەوە، بۆ نموونە:

أ - ﴿وَيَسْتَنْبِئُونَكَ أَحَقٌّ هُوَ ۖ قُلْ إِي وَرَبِّي إِنَّهُ لَحَقٌّ ۖ وَمَا أَنْتُمْ بِمُعْجِزِينَ (٥٣)﴾ يـونس، واتە: پرسيارت لێدەکەن ئەمەی هێناوتە هـەق و راسـتی یـە؟ پێیـان بڵـێ: بـەڵێ، سـوێند بـە پەروەردگارم بە ڕاستی و بێگومان هەقە، ئێوەش ئەگەر شوێنی نەکەون لە دەست خوا دەرناچـن و دەگەڕێنەوە لای ئەو و حسابتان لەگەڵ دەکات.

ب - ﴿يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْأَهِلَّةِ ۖ قُلْ هِيَ مَوَاقِيتُ لِلنَّاسِ وَالْحَجِّ ...(١٨٩)﴾ البقرة، پرسيارت لێ دەکەن دەربارەی نوێبوونەوەی مانگ، پێیان بڵێ: ئەوە بۆ دیاریکردنی کاتەکانە بۆ خەڵکی و بۆ زانینی کاتی حەج. . . گرنگی وەڵامەکانی قورئان لـە وەدایـە کـە ڕاسـت بێـت و کەسـێك هەزارو چوارسەد ساڵ لەمەوبەر و خەڵکی ئەم سەردەمە و خەڵکانی ئەو سەردەمانەش کە دێـن قەناعەت بکەن و تێ ی بگەن.

ج - ﴿ يَسْأَلُونَكَ مَاذَا يُنْفِقُونَ ۖ قُلْ مَا أَنْفَقْتُمْ مِنْ خَيْرٍ فَلِلْوَالِدَيْنِ وَالْأَقْرَبِينَ وَالْيَتَامَىٰ وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ ۗ وَمَا تَفْعَلُوا مِنْ خَيْرٍ فَإِنَّ اللَّهَ بِهِ عَلِيمٌ (٢١٥)﴾ البقرة، پرسـيارت لێ دەکـەن کـە چـی ببەخشن و بەکێی ببەخشن؟ پێیان بڵێ: هەر خێرێك بکەن و بیبەخشن بیدەن بە دایك وباوکتـان و خزمەکانتان و بێباوکان و هەژاران و ڕێبواران، هەر خێر و چاکەیەکیش ئەنجام دەدەن دڵنیا بن کە خوا زانا و ئاگادارە.

د- ﴿... وَيَسْأَلُونَكَ مَاذَا يُنْفِقُونَ قُلِ الْعَفْوَ ۗ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمُ الْآيَاتِ لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ (٢١٩)﴾ البقرة ، واتە: پرسيارت لێ دەکەن چی ببەخشن، پێیان بڵێ: لەوەی زیـادە لـە خۆتان و ماڵ و منداڵتان چەند ئەتوانن خێروچاکەی لێبکەن.

کەئەمەش بەڕاستی فەلسەفەی ئیسلامە لەبەخشین دا کەئەبێت بڕوادار هـەقی خـۆی و مـاڵ و مناڵی بدات بەچاکی ئنجا هاوکاری خەڵکی نـەداریش بکـات بـەپێی توانـا، بـەم جـۆرە خـوا ئايەتەکانتان بۆ روون دەکاتەوە بەڵکو بیربکەنەوە، ئەمە بەشـێوەیەکی گشـتی ،بـەلام هەنـدێك

هەن کەدەرەجەیان بەرزترەو فەزڵی بەرامبەرە نەدارەکەی ئەدات بەسەر خۆیا، کەئەوەش بەگشتی داوانەکراوە ئەو کەسە بەحەزی خۆی دەیکات و پلەوپایەی پییێ بەرزدەبێتەوە.

﴿...وَيُؤۡثِرُونَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ وَلَوۡ كَانَ بِهِمۡ خَصَاصَةٞۚ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفۡسِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ٩﴾ الحشر .

واتە: ئەنسارەکانی مەدینە فەزڵی برا موهاجیرەکانیان دا بەسەر خۆیان دا هەرچەند خۆشیان پێویستیان پێی بوایە، بە ڕاستی هەرچی لە چروکی نەفسی خۆی بپارێزێ ئەوانە سەرفرازن.

س- ﴿يَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلۡخَمۡرِ وَٱلۡمَيۡسِرِۖ قُلۡ فِيهِمَآ إِثۡمٞ كَبِيرٞ وَمَنَٰفِعُ لِلنَّاسِ وَإِثۡمُهُمَآ أَكۡبَرُ مِن نَّفۡعِهِمَاۗ ... ٢١٩﴾ البقرة، پرسیارت لێدەکەن لە بارەی عەرەق و قومارەوە، پێیان بڵێ: کە گوناهێکی گەورەیان تیایە و هەندێ سوودیشی بۆ هەندێ کەس هەیە بەڵام زیان و گوناهەکەیان گەورەترە لە سوودەکەیان.

ئەمە وەڵامێکی سەرەتا بوو لە قۆناغی یەکەمدا تا وردە وردە دووریان بخاتەوە لەو شتانەی کەخوویان پێوەگرتووە و هەروا بە ئاسانی ناتوانن وازی لێبێنن، ئەم پەیامە پیرۆزە لە خواوە نەبێت چی داوە لەوەی رەچاوی باری دەروونی و لاشەیی خەڵکەکە بکات و قۆناغ بە قۆناغ و هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵیاندا بڕوات تا بە چەند جارێك بەتەواوی یاساغی کات لەسەریان، کوا لەم دنیایەدا لە چ بەرنامەیەکی تردا ئەم رەچاو کردن و موراعات کردنە هەیە؟؟ بە ڕاستی چەند وردبینەوە لە قورئان زیاتر تێدەگەین کە ئەم قورئانە لە خوایەکەوە هاتووە کە زانایە بە هەموو شتێك لەم بوونەوەرەدا و بە عیلمی بێپایانی خۆی ناردویەتی.

ش - ﴿يَسۡـَٔلُونَكَ مَاذَآ أُحِلَّ لَهُمۡۖ قُلۡ أُحِلَّ لَكُمُ ٱلطَّيِّبَٰتُ ... ٤﴾ المائدة ، پرسیارت لێدەکەن چی حەڵاڵ کراوە بۆیان؟ پێیان بڵێ: هەرچی خۆراکی چاك و پاکە بۆتان حەڵاڵ کراوە. .

بە ڕاستی مەسەلەی حەڵاڵ وحەرام لەئیسلام دا بەڵگەیەکی روون وئاشکرایە لەسەر ئەوەی کەخوای گەورە زانایەو ئەوەی لەسەر ئادەمیزادی حەرام کردووە هەمووی زیانبەخشەو رۆژگاریش راستی ئەمە دەسەلمێنێ، کاتێك قورئان گۆشتی گیانلەبەرێکی حەرام کردووە کەبەشێوەی شەرعی سەرنەبڕابێت و ناوی خوای لەسەر نەبرابێت و خوێنەکەی لەبەر نەڕۆیشتبێ

و لەلەشیا مابێتەوە، ئەوە پاش چوارده سەده زاناکان موعجیزەی ئەم حەرام کردنـه دەسـەلمێنن هەروەك لە (ژیانەوەدا باسمان کردووە) .

یان کە دەفەرموێت قومار حەرامە، بزانە رۆژئاوا بەتایبـەت چۆن بـەملیارەها دۆلاری خەڵکی سالأنە بەفیڕۆ دەچێت لەو قومارەوە.

یان کە سوو حەرام دەکات، ئەوەتا لەم دواییەدا زۆر لە بانکە گەورەکانی جیهان تووشـی کارەسات و ئیفلاس کردن بوون بە هۆی نیزامی سووەوە، توخوا ئەگەر ئـەم پەیامـە لـە خـواوە نەبێت چۆن دەتوانێـت هـەزارو چوارسـەد سـاڵ لەمەوبـەر بفـەرموێت: ﴿ يَمْحَقُ ٱللَّهُ ٱلرِّبَوٰاْ وَيُرْبِى ٱلصَّدَقَٰتِ ...﴿٢٧٦﴾ ﴾ البقـرة ، کـێ سـوو تـەفر و تونـا دەکـات؟ خـودا! ئەمـە پەیوەنـدی بـە موحەمەدەوە نیە، خوایەکی گەورەی بالأدەسـت کـە بەزانسـتی بێپایـانی بـێ سـنووری خـۆی دەزانێت سوو خراپە و ئابووری ولأت کاول دەکات ،جەنگ رادەگەیەنێ لەگەڵ سووخواردن دا.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَذَرُواْ مَا بَقِىَ مِنَ ٱلرِّبَوٰٓاْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿٢٧٨﴾ فَإِن لَّمْ تَفْعَلُواْ فَأْذَنُواْ بِحَرْبٍ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ۖ وَإِن تُبْتُمْ فَلَكُمْ رُءُوسُ أَمْوَٰلِكُمْ لَا تَظْلِمُونَ وَلَا تُظْلَمُونَ ﴿٢٧٩﴾ ﴾ البقرة

واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، پارێزکاربن و واز لە پاشماوەی سـوو بهێـنن ئەگـەر ئیماندارن، خۆ ئەگەر وانەکەن، ئەوە جەنگ لەگەڵ خوا و پێغەمبەرەکەیـدا رابگەیـەنن (دیـارە کەسیش دەرەقەتی خوا نایەت) ، خۆ ئەگەر تەوبە بکەن و واز لە سوو خۆری بهێنن ئەوە تـەنها سەرمایەکەتان بۆ هەیـە وەری بگرنـەوە، نەسـتەم دەکـەن لـە قـەرزارەکان، نەستەمیشـتان لێ دەکرێت. جا بە هەمان شێوە حەرامکردنی گۆشتی بەراز و مردارەوە بوو، باقی شتەکانی تر کە حەرامکراوە، بە ڕاستی ئەمە زادەی بیری کەسێکی نەخوێندەواری چواردەسەدە لەمەوبەر نیـە، کە ئەوەتا ئێستا زانا گەورەکانی جیهان پـاش لێکۆڵینـەوەی چـەندەها سـاڵ و خـەرج کردنـی ملیۆنەها دۆلار سەری رێز لەبەردەم فەرمایشتەکانی قورئاندا دادەنەوێنن و ،دەڵـێن بـە ڕاسـتی ئەم قورئانە کاری مرۆڤ نیەو لە خوای گەورەی بالأدەستەوە بۆ بەختەوەری و ئاسـوودەیی مـرۆڤ دابەزیوە.

هـ - به ڕاستی قورئان شەریعەتێکی هێنا کە هەموو عەقڵێکی کامیل و بە ویژدان دان ئەنێت بە مەزنی شکۆمەندییەکەیدا، ﴿ ثُمَّ جَعَلْنَاكَ عَلَىٰ شَرِيعَةٍ مِّنَ الْأَمْرِ فَاتَّبِعْهَا وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَ الَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ﴿١٨﴾ ﴾ الجاثية

ئەوەتا لە ساڵی ١٩٩٦دا ئەمیر چارلز لە کۆنفرانسێکدا لە لەندەن باسی گەورەیی ئیسلام و فەزڵی ئیسلامی کرد بەسەر شارستانیەتی ڕۆژئاواوە و وتی: لە سەدا شەستی دادی (**قضاء**) ی بەریتانی ڕۆح و جەوهەری شەریعەتی ئیسلامە (**القرآن منهل العلوم**—الدكتور خالد العبيدی) لا ٤٢.

## ئەوەی خوا فێرم نەکات نایزانم!

لە چەندەها ئایەتدا خوای گەورە فەرمان ئەدات بە پێغەمبەرﷺ کە بە خەڵکی ڕابگەیەنێ کە غەیب و پەنهان نازانێ و نازانێت چی دێتە ڕێی، کە دیسان ئەمەش بەڵگەیەکی روون و ئاشکرایە کە حەزرەتی نازدار لە ئاسمانەوە ڕێنمایی وەردەگرێت، سروشتی مرۆڤ وایە کە خۆی چەندە لە خەڵکی خۆی بکات بە هەزار ئەوەندە، کە چی ئەم زاتە پایەبەرزە، دەفەرموێ من یەکێکم وەك ئێوە تەنها ئەوەیە وەحیم بۆ دێ لە خواوە، من ئەوەی خوا فێرم نەکات نایزانم و تەنها خوا پشت و پەنامە:

أ - ﴿ قُل لَّا أَمْلِكُ لِنَفْسِي نَفْعًا وَلَا ضَرًّا إِلَّا مَا شَاءَ اللَّهُ ۚ وَلَوْ كُنتُ أَعْلَمُ الْغَيْبَ لَاسْتَكْثَرْتُ مِنَ الْخَيْرِ وَمَا مَسَّنِيَ السُّوءُ ۚ إِنْ أَنَا إِلَّا نَذِيرٌ وَبَشِيرٌ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿١٨٨﴾ ﴾ الأعراف ، پێیان بڵێ: من ناتوانم هیچ قازانج یاخود زیانێك بە خۆم بگەیەنم مەگەر ویستی خوای لەسەر بێت، خۆ ئەگەر غەیبم بزانیایە ئەوە چاکەی زۆرم کۆدەکردەوە بۆ خۆم و هیچ ناخۆشیەکیشم تووش نەدەبوو، من تەنها ترسێنەر و مژدەدەرم بۆ کەسانێك کە باوەڕدێنن.

ب - ﴿ قُلْ إِنَّمَا أَدْعُو رَبِّي وَلَا أُشْرِكُ بِهِ أَحَدًا ﴿٢٠﴾ ﴾ الجن، پێیان بڵێ من تەنها داوا لەپەروەردگارم دەکەم و تەنها ئەو دەپەرستم و کەس ناکەم بەهاوبەش و هاوەڵی .

_ ﴿ قُلْ إِنِّي لَآ أَمْلِكُ لَكُمْ ضَرًّا وَلَا رَشَدًا ﴿٢١﴾ ﴾ الجن، پێیان بڵێ من زیانێکم بەدەست نیە بۆ ئێوە، هەروەها هیدایەتیش بەدەست من نیە.

_ ﴿ قُلْ إِنِّي لَن يُجِيرَنِي مِنَ ٱللَّهِ أَحَدٌ وَلَنْ أَجِدَ مِن دُونِهِۦ مُلْتَحَدًا ﴿٢٢﴾ ﴾ الجن، پێیان بڵێ: بەڕاستی من هیچ کەس نیە لەخوا پەنام بدات ئەگەر بیەوێت تووشی زیانێکم بکات و لەغەیری خوا کەس پشت وپەنام نیە.

## ئەوەی ئێوە پەلەتانە لای من نیە

﴿ قُلْ إِنِّي عَلَىٰ بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّي وَكَذَّبْتُم بِهِۦ ۚ مَا عِندِي مَا تَسْتَعْجِلُونَ بِهِۦٓ ۚ إِنِ ٱلْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ ۖ يَقُصُّ ٱلْحَقَّ ۖ وَهُوَ خَيْرُ ٱلْفَٰصِلِينَ ﴿٥٧﴾ ﴾ الأنعام .

واتە: پێیان بڵێ: من لە سەر ڕێبازی روون وئاشکرای پەروەردگارمم، ئێوەش بڕوای پێناکەن، جا ئەوەی ئێوە پەلەتانە کە سزای خواتان بۆ بێت لای من نیە، بە ڕاستی بڕیار و حوکم بۆ خوایە، ئەو زاتە راستیەکان دەخاتە ڕوو، چاکترین جیاکەرەوەشە لە نێوان هەق و ناهەق دا.

﴿ قُل لَّوْ أَنَّ عِندِي مَا تَسْتَعْجِلُونَ بِهِۦ لَقُضِيَ ٱلْأَمْرُ بَيْنِي وَبَيْنَكُمْ ۗ وَٱللَّهُ أَعْلَمُ بِٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٥٨﴾ ﴾ الأنعام

پێیان بڵێ: ئەگەر ئەوەی ئێوە پەلەتانە لە سزا لای من بوایە و بەدەست من بوایە ئەوکاتە هەرزوو هەمووشت لە نێوانماندا کۆتایی پێدەهات و لەناوم دەبردن، هەرچەند خوا بۆخۆی زاناترە بەستەمکاران و کات و ساتی دیاری کراوی بۆ داناون و ئەجەلی تایبەتیان هەیە بۆ تیاچوون ﴿ وَلِكُلِّ أُمَّةٍ أَجَلٌ ﴾ الأعراف ، کەناتوانن لێی قوتاربن ﴿ ...فَإِذَا جَآءَ أَجَلُهُمْ لَا يَسْتَأْخِرُونَ سَاعَةً ۖ وَلَا يَسْتَقْدِمُونَ ﴿٣٤﴾ ﴾ الأعراف .

ئازیزم وەرە سەیری ژیاننامەی حەزرەت بکە ﷺ، بزانە ئەم فەرمایشتە سەد لەسەد تەواوە یان نا، هەر لەسەرەتاوە چی هاوەڵان هەوڵیان دا لەمەککە بەرەنگاری کافران ببنەوە نەیهێشت و بە فەرمانی خوا فەرمانیان پێدرا بوو کە دەست بکێشنەوە و شەڕنەکەن چونکە کاتی نەبوو.

خوا شوێنی هیجرەتیانی پیشان دا کە مەدینە بوو، ئنجا حەرزەتﷺ فەرمانی پێدان هیجرەتی بۆ بکەن، خۆشی چاوەڕێی کرد تا خوا ئیزنی دا هیجرەت بکات، ئنجا خوای گەروە ئیزنی دان کە بجەنگن لەگەڵ کافراندا ﴿أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَـٰتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا۟ ۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ ﴿٣٩﴾﴾ الحج ، مۆڵەت دراوە بەو ئیماندارانەی کە شەڕیان پێدەگیڕن کەبجەنگن و بەرهەڵستی بکەن چونکە بەڕاستی ستەم لێکراون، بێگومان خوا دەسەلاتی هەیە کە سەریان بخات.

ئایا سەری خستن یان نا؟! کەچی لە مەککە فەرمانەکە وابوو کە نابێ هیچ بکەن ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ قِيلَ لَهُمْ كُفُّوٓا۟ أَيْدِيَكُمْ وَأَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُوا۟ ٱلزَّكَوٰةَ ...﴿٧٧﴾﴾ النساء، واتە: ئایا نابینی ئەوانەی کە لە مەککە پێیان وترا دەست بکێشنە دواوە و دەست لەکافران مەکەنەوە و تەنها نوێژبکەن و زەکات بدەن. .

ئنجا کە چوون بۆ دەست گرتن بە سەر کاروانی قوڕەیشیەکاندا ئایا بە قەدەری خوا نەبوو کە کاروانەکە بەلایەکی تردا رۆیشت و بە کافران گەیشتن و کافران تێشکان و حەفتا چەتەوڵی سەرسەختی کافران کوژران و حەفتایان لێ بەدیل گیراو هەق و ناهەق ئاشکرا بوو، بوو بەڕۆژی (الفرقان) ، بەیەك گەیشتنەکە بەجۆرێك بوو ئەگەر مەوعیدیشیان بۆیەك دابنایە ئاوا بەیەك نەدەگەیشتن و وەعدە خیلافیان دەبوو، کەچی کە خوا ویستی سزای کافران بدات ئاوایان لێدەکات، کەواتە ئەو سزایەی کەپەلەیان بوو لای خوا بوو یان نا؟

سەیرکەن قورئان چەند جوان ئەمە شی دەکاتەوەو دەستی قودرەتی پەروەردگار لەپشت رووداوەکەوە ئاشکرا دەکات:

﴿إِذْ أَنتُم بِٱلْعُدْوَةِ ٱلدُّنْيَا وَهُم بِٱلْعُدْوَةِ ٱلْقُصْوَىٰ وَٱلرَّكْبُ أَسْفَلَ مِنكُمْ ۚ وَلَوْ تَوَاعَدتُّمْ لَٱخْتَلَفْتُمْ فِى ٱلْمِيعَـٰدِ ۙ وَلَـٰكِن لِّيَقْضِىَ ٱللَّهُ أَمْرًا كَانَ مَفْعُولًا لِّيَهْلِكَ مَنْ هَلَكَ عَنۢ بَيِّنَةٍ وَيَحْيَىٰ مَنْ حَىَّ عَنۢ بَيِّنَةٍ ۗ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَسَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٤٢﴾﴾ الأنفال.

پاشان دەفەرموێت کە لە خەودا کافرانم بەکەم پیشان دای حیکمەتی تیابوو لە بەرئەوەی ئەگەر بە زۆر بهاتایەتە پێش چاوت لاوازدەبوون و تووشی کێشە دەبوون، بەلاَم خوا بەسەلامەتی و سەرکەوتویی لەو ترسە رزگاری کردن، چونکە بەڕاستی خوا زانایە بەوەی لە دڵەکاندایە.

﴿ إِذْ يُرِيكَهُمُ ٱللَّهُ فِى مَنَامِكَ قَلِيلًا ۖ وَلَوْ أَرَىٰكَهُمْ كَثِيرًا لَّفَشِلْتُمْ وَلَتَنَٰزَعْتُمْ فِى ٱلْأَمْرِ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ سَلَّمَ ۗ إِنَّهُۥ عَلِيمٌۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ﴿٤٣﴾ ﴾ الأنفال ، پاشان دەفەرمویێت: کە بەیەك گەیشتن ئێوە کافرانتان بەکەم دەهاتە بەرچاو و ئەوانیش ئێوەیان بە کەم دەبینی کە ئەمەش ئیشی خوابوو، بۆچی؟ تا ئەوەی کە خوا دەیەوێ بێتەدی، کە لە ناوبردنی کافرانە و هەموو شتێکیش بۆلای خوا دەگەڕێتەوە.

﴿ وَإِذْ يُرِيكُمُوهُمْ إِذِ ٱلْتَقَيْتُمْ فِىٓ أَعْيُنِكُمْ قَلِيلًا وَيُقَلِّلُكُمْ فِىٓ أَعْيُنِهِمْ لِيَقْضِىَ ٱللَّهُ أَمْرًا كَانَ مَفْعُولًا ۗ وَإِلَى ٱللَّهِ تُرْجَعُ ٱلْأُمُورُ ﴿٤٤﴾ ﴾ الأنفال .

بەم جۆرە سەیری هەموو غەزاکان بکە، تا دەگەیتە سولّحی حودەیبیە کە فەتحێکی گەورە بوو، تا دەگەیتە فەتحی یەکجاری مەککە کە هەمووی بەقەدەری خوا بوو ﴿ إِنَّا فَتَحْنَا لَكَ فَتْحًا مُّبِينًا ﴿١﴾ ﴾ الفتح، کەواتە قورئان راست دەفەرموێ و لە خواوەیە کە هەر لە سەرەتاوە بەحەزرەتی فەرموو پێیان بڵێ : ئەوەی ئێوە پەلەتانە لای من نیە، بەدەست من نیە، لای خوایە و ئەجەلێکی دیاری کراوی هەیە، مەگەر ئەجەلەکە لەسەرەتای هاتنی حەزرەتەوە ﷺ تا وەفاتی بیست وسێ ساڵ نەبوو کەکافرانی تیا ریسوا بوو، کە بەسەدانیان بە سزای خوا گەیشتن؟؟. .

## تۆ و گەلەکەت نەتاندەزانی

هەمیشە لە قورئاندا جەخت دەکاتە سەر ئەوەی کە ئەو دەنگوباس و بەسەرهاتانەی پێشوو نە پێغەمبەرو نەگەلەکەی پێشتر نەیانزانیوە و، ئەو بەسەرهاتانە خوا دایبەزاندۆتە سەرحەزرەت ﷺ،ئەمەش بۆ خۆی بەڵگەیە کە ئەم قورئانە لەخواوەیە، چونکە کەس حەزناکات بڵێ من ئەمەم نەزانیوەر و فێریان کردوم ، بە پێچەوانەوە زۆرجار کەسانێك هەن شتی خەڵکی تر دەکەن بە هی خۆیان.

قورئان دەفەرمویێت:﴿ تِلْكَ مِنْ أَنۢبَآءِ ٱلْغَيْبِ نُوحِيهَآ إِلَيْكَ ۖ مَا كُنتَ تَعْلَمُهَآ أَنتَ وَلَا قَوْمُكَ مِن قَبْلِ هَٰذَا ۖ فَٱصْبِرْ ۖ إِنَّ ٱلْعَٰقِبَةَ لِلْمُتَّقِينَ ﴿٤٩﴾ ﴾ هود

﴿ ذَٰلِكَ مِنْ أَنۢبَآءِ ٱلْغَيْبِ نُوحِيهِ إِلَيْكَ ۚ وَمَا كُنتَ لَدَيْهِمْ إِذْ يُلْقُونَ أَقْلَٰمَهُمْ أَيُّهُمْ يَكْفُلُ مَرْيَمَ وَمَا كُنتَ لَدَيْهِمْ إِذْ يَخْتَصِمُونَ ﴿٤٤﴾ ﴾ آل عمران

﴿ ذَٰلِكَ مِنْ أَنۢبَآءِ ٱلْغَيْبِ نُوحِيهِ إِلَيْكَ ۖ وَمَا كُنتَ لَدَيْهِمْ إِذْ أَجْمَعُوٓا۟ أَمْرَهُمْ وَهُمْ يَمْكُرُونَ ﴿١٠٢﴾ ﴾ يوسف

﴿ كَذَٰلِكَ نَقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنۢبَآءِ مَا قَدْ سَبَقَ ۚ وَقَدْ ءَاتَيْنَٰكَ مِن لَّدُنَّا ذِكْرًا ﴿٩٩﴾ ﴾ طه

بەڵێ قورئان باسی مێژوویەك دەكات كە خوا نەبێت كەس ئەو وردەكاریانەی نازانێت و پاش چەند سەدەیەك وردە وردە هەندێكیان لە لایەن زانایانەوە پاش هەوڵ و كۆششی زۆر و خەرجكردنی ملیۆنەها دۆلار دەدۆزرێنەوە و دەبنە بەڵگە لەسەر راستێتی قورئان ، بۆ نموونە:

١ - قورئان بە وردی باسی گەلی سەبەئو بەنداوەكەیان و كشتوكاڵیان و ڕەفاهیەتیان دەكات و پاشان باسی شوكر نەكردنی نیعمەتەكان و رووخانی بەنداوەكە و تیاچوونی زەرعاتیان دەكات كە دۆزینەوەكان جەخت دەكەنە سەر راستێتی هەواڵەكانی قورئان.

٢ - قورئان باسی پاشای سەبەئو دەسەڵاتیان دەكات لە زەمانی حەزرەتی سولەیماندا، باسی پەرستنی خۆر دەكات لە لایەن ئەو گەلەوە لەو كاتەدا ، شوێنەوارناسان پەرستگایەكی پەرستنی خۆریان دۆزیەوە لەو ناوچەیەدا وەك قورئان باسی دەكات ، پێغەمبەرﷺ ئەمەی لە كوێوەزانی ئەگەر خوا فێری نەكردبێت؟؟

٣ - قورئان دەفەرموێت گەلی ئیبراهیم ئەستێرەیان پەرستووە، شوێنەوارناسان لە عێراق ئاسەواری ئەو سەردەمەیان دۆزیەوە لە ئور و راستێتی قورئانیان بۆ سەلما. ( سەیری بەرەو ئیسلام بكە - نووسەر)

٤ - قورئان باسی تۆفانی زەمانی نوح و زۆری و بەرزی لافاوەكە دەكات كە شەپۆلێكی بە هێندەی شاخێك بەرزبووە و كەشتیەكەش لەسەر شاخی جودی لەنگەری گرتۆتەوە و نیشتۆتەوە ، دۆزینەوەكان لەم دواییانەدا ئەمەیان سەلماند،خوا نەبێت كێ ئەم هەواڵەی دا بە حەزرەتﷺ ؟؟ (سەیری بەرەو ئیسلام بكە )

٥ - قورئان لە ٢٥ شوێندا باسی گەلی عاد دەكات كە چەند هەزار ساڵ پێش زایین ژیاون و باسی تیاچوون و وردەكارییەك دەكات كە لە ساڵی ١٩٩٦ دا لە لایەن كۆمەڵێك زاناوە

پاش شەش ساڵ گەڕان و بە یارمەتی تەلەسکۆبی ئەستێرە دەستکردەکان دۆزرایەوە کە بووە بەڵگەیەکی نوێی دەمکوتکەر بۆ ئەوانەی کە پڕوپاگەندە بۆ قورئان دەکەن. (سەیری ژیانەوە بکە - بەشی یەکەم - نووسەر) .

٦ - قورئان دەفەرمویێت کە لە پەڕاوە پێشینە ئاسمانیەکاندا مژدە دراوە بەهاتنی ئەو نووری دیدەیە، حەزرەت ﷺ دیارە ئەمەی نەدەزانی چونکە جوولەکە و گاورەکان ئەمەیان دەشاردەوە ،وە زۆر جار لە وەرگێڕانیدا بۆ زمانەکانی تر وای وەردەگێڕن کە نەزانرێت مەبەست محمدەﷺ ،هەرچەند کەسانی پسپۆڕی بە ویژدانیان جەخت دەکەنە سەر ئەوەی کە ئەو مژدانەی دراوە مەبەست پێغەمبەرە ﷺ ،ئەوەتا دۆزینەوەی دەستخەتە کۆنەکانی تەورات و ئینجیل و زەبوور جەخت دەکەنە سەر راستێتی قورئان وپێغەمبەرایەتی سەرداری پێغەمبەران ﷺ. وەك ئینجیلی بەرنابا و، دۆزینەوەکانی لای دەریای مردو و،دۆزینەوەکانی نەجع ئەلحەمادی لە میسر.

﴿ وَإِذْ قَالَ عِيسَى ٱبْنُ مَرْيَمَ يَٰبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ إِنِّى رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُم مُّصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَىَّ مِنَ ٱلتَّوْرَىٰةِ وَمُبَشِّرًۢا بِرَسُولٍ يَأْتِى مِنۢ بَعْدِى ٱسْمُهُۥٓ أَحْمَدُ ۖ فَلَمَّا جَآءَهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ قَالُوا۟ هَٰذَا سِحْرٌ مُّبِينٌ ﴿٦﴾ ﴾ الصف

﴿ وَإِذْ أَخَذَ ٱللَّهُ مِيثَٰقَ ٱلنَّبِيِّۦنَ لَمَآ ءَاتَيْتُكُم مِّن كِتَٰبٍ وَحِكْمَةٍ ثُمَّ جَآءَكُمْ رَسُولٌ مُّصَدِّقٌ لِّمَا مَعَكُمْ لَتُؤْمِنُنَّ بِهِۦ وَلَتَنصُرُنَّهُۥ ۚ قَالَ ءَأَقْرَرْتُمْ وَأَخَذْتُمْ عَلَىٰ ذَٰلِكُمْ إِصْرِى ۖ قَالُوٓا۟ أَقْرَرْنَا ۚ قَالَ فَٱشْهَدُوا۟ وَأَنَا۠ مَعَكُم مِّنَ ٱلشَّٰهِدِينَ ﴿٨١﴾ ﴾ آل عمران

٧ - قورئان باسی فیرعەون و خنکانی و رزگاربوون و مانەوەی لاشەکەی دەکات بە وردی کە لە تەورات و ئینجیلدا بەو شێوەیە نەهاتووە، لە کاتێکدا مێژووی هەزاران ساڵی پێش حەزرەتەﷺ ، مۆریس بۆ کای دوای چواردە سەدە دێت و بەو چەند ئایەتە راستێتی قورئانی بۆ دەسەلمێت ودەڵێت : بەڕاستی من یەکێ لەوانەم کە بۆم بوو بە بەڵگەو ئایەت کە قورئان دەفەرمویێت:﴿ فَٱلْيَوْمَ نُنَجِّيكَ بِبَدَنِكَ لِتَكُونَ لِمَنْ خَلْفَكَ ءَايَةً ۚ وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ ٱلنَّاسِ عَنْ ءَايَٰتِنَا لَغَٰفِلُونَ ﴿٩٢﴾ ﴾ یونس



وینەی د.موریس کە دیراسەی جەستەی فرعەونی کرد

## قورئـــان و باســی ڕۆح

قورئان باسی ئەوە دەکات کە مرۆڤ تەنها مادده نی یە و ڕۆحێك هەیە کە لە خواوەیـەو بەفەرمانی ئەو کراوە بەبەریداومرۆڤ هیچی وانازانێت لەبارەیەوە،﴿ فَإِذَا سَوَّيْتُهُۥ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِى فَقَعُوا۟ لَهُۥ سَـٰجِدِينَ ﴿٢٩﴾ ﴾ الحجر

هاتن پرسیاری ڕۆحیان کرد لـە پێغەمبـەر ﷺ،قورئـان وەلاّمـی دانـەوەو فـەرمووی :

﴿ وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلرُّوحِ ۖ قُلِ ٱلرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّى وَمَآ أُوتِيتُم مِّنَ ٱلْعِلْمِ إِلَّا قَلِيلًا ﴿٨٥﴾ ﴾ الإسراء

ئەگەر ئەم پەیامە لە ئاسمانەوە لە لایەن خواوە نەهاتبێ ئەم ڕاستی یە چـووزانیێ؟؟ چـی داوە لە باسی ڕۆح کە لە سـەرەتای سـەدەی بیسـت دا زۆر لـە زانایـان بڕوایـان پێـی نـەبوو ، وەمرۆڤیان تەنها بە مادده دەزانی ،تا لەسـاڵی ١٩٣٥ دا زانـای پسـپۆڕ لـە بـواری جوملـەی عەصەبیدا (ئەکلز) پاش چەند ساڵ دیراسـات و لێکۆڵینـەوە بـیردۆزی خـۆی پێشـکەش کـرد کەمرۆڤ تەنها مادده نیە و ڕۆحیشە.

زانای گەورە (بەنفلید) گاڵتەی بەمــە دەهــات ،بڕیــاری دا بکەوێتــە دیراســە کــردن لــە سەرمرۆڤ و هەوڵی ئەدا کە بیســەلمێنێت مــرۆڤ تــەنها ماددەیــە ، پــاش ســی ســاڵ دیراســە و لێکۆڵینەوەی بەردەوام لەسەر هەزاروپەنجا کەس لەساڵی ١٩٧٤دا خۆلاســەی لێکۆڵینــەوەکانی بلاّوکردەوە بە چەند وتار و پەڕاوێك بە تایبەت پەڕاوی (لغز العقل البشری ) ،وە ڕایگەیاند کە ئەمیش وەك زانای پێشوو ئەکلز بڕوای وایە کە مــرۆڤ تــەنها ماددەنیــە و ڕۆحیشــە ،هەرچــەند زانست دەستەوسانە بەرامبە ماهیەتی ڕۆح و تەنها شوێنەوار و ئاسارەکانی دەبینێت.

دوای ئەوان دکتۆر مودی جەختی کردە سەر دەرچوونی رۆح لە کاتی مردن داو دیراسەی کرد لەسەر ئەو کەسانەی کە بۆماوەیەکی کەم دڵیان دەوەستێ و پاشان دەکەوێتەوە کار.

جا باسی رۆح خوانەبێت کێ دەتوانێ ئاوا چواردە سەدە لەمەوبــەر بــە یەقینــەوە باســی بکات ، کە ئەوەتا زانست بەو هەموو پێشکەوتنەوە تازە دان ئەنێت بــەو ڕاســتیەداو بــاس لــە بــوونی رۆح دەکات لە لاشەی مرۆڤدا ،حەزرەت (ﷺ ) ئیشی چیە بەباسی ڕۆح ئەگــەر خــوافێری نــەکردبێت و لە ئاسمانەوە پەیامی بۆ نەناردبێت ؟؟ (**القرآن منهل العلوم**–الدکتور خالد العبیدی) لا ٢٨٥

## قورئــان و مێــژووی جــوولــەکە

گاور و جوولەکە هەردوکیان ئەهلی کیتــابن و هــەردوکیان لــە ســەردەمی پێغەمبــەردا ﷺهەبوون و هەردوولاش دژایەتی ئیسلامیان کردووە و هەردوولاش لێیان موسوڵمان بوون ،کە چی قورئان زیاتر تیشك دەخاتە سەر مێــژووی جوولەکــە و دوژمنایــەتی و خیانــەتی جوولەکــە لەکۆن و نوێدا لەگەڵ پێغەمبەراندا.

قورئان باسی سیفاتەکانیان دەکات لە کــۆن و نوێــدا ،زۆر بــەوردی باســی قســەو بــیرو بۆچوونە ناڕەواکانیان دەکات ،کەئەمەش گەورەترین بەڵگەیە لەسەر راستێتی قورئــان ،چــونکە خوا نەبێت کێ وردەکاری مێژوویان دەزانێ لە رابردوووداو کێ ئەتوانێ ئەو هەواڵە بدات کــە لــە داهاتووش دا هەر وا ئەبن، ئەوە مێژووی کۆن و نوێیان لە سەرتاسەری دنیادا بزاننوایە یان نا؟؟

فەرموون ئێوەو ئایەتەکان :

١ - جوولەکە لە هەمووکەس زیاتر سوورن لەسەر ژیان ، ئیتر هەر جۆرە ژیانێك بێت، هەروەها موشریکەکانیش ، حەزدەکەن ئەگەر بکرایە هەزار ساڵ تەمەنیان بوایە:﴿ وَلَتَجِدَنَّهُمْ أَحْرَصَ ٱلنَّاسِ عَلَىٰ حَيَوٰةٖ وَمِنَ ٱلَّذِينَ أَشْرَكُواْۚ يَوَدُّ أَحَدُهُمْ لَوْ يُعَمَّرُ أَلْفَ سَنَةٖ وَمَا هُوَ بِمُزَحْزِحِهِۦ مِنَ ٱلْعَذَابِ أَن يُعَمَّرَۗ وَٱللَّهُ بَصِيرُۢ بِمَا يَعْمَلُونَ ﴿٩٦﴾ ﴾ البقرة

٢ - جوولەکەکانئەوەندە دەترسن لە پشت قەڵا و دیواری زۆرەوە نەبێت ناوێرن ڕوو بەڕووی موسڵمانان ببنەوە ، ئەوەتە ئێساش لە فەلەستین لە (**مستوطنات**) دا نەبێ ناژین و هەروەها خەریکی دیوار دروستکردنن﴿ لَا يُقَٰتِلُونَكُمْ جَمِيعًا إِلَّا فِي قُرٗى مُّحَصَّنَةٍ أَوْ مِن وَرَآءِ جُدُرِۭۚ بَأْسُهُم بَيْنَهُمْ شَدِيدٞۚ تَحْسَبُهُمْ جَمِيعٗا وَقُلُوبُهُمْ شَتَّىٰۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٞ لَّا يَعْقِلُونَ ﴿١٤﴾ ﴾ الحشر

٣ - جوولەکە بەهۆی لادانیانەوە نەفرەتیان لێکراوە و دڵیان ڕەقەوکەلامی خوا تەحریف دەکەن و بەردەوام خەریکی پیلان گێڕانن و خیانەت دەکەن مەگەر کەمێکیان نەبێت :

﴿ فَبِمَا نَقْضِهِم مِّيثَٰقَهُمْ لَعَنَّٰهُمْ وَجَعَلْنَا قُلُوبَهُمْ قَٰسِيَةٗۖ يُحَرِّفُونَ ٱلْكَلِمَ عَن مَّوَاضِعِهِۦ وَنَسُواْ حَظّٗا مِّمَّا ذُكِّرُواْ بِهِۦۚ وَلَا تَزَالُ تَطَّلِعُ عَلَىٰ خَآئِنَةٖ مِّنْهُمْ إِلَّا قَلِيلٗا مِّنْهُمْۖ فَٱعْفُ عَنْهُمْ وَٱصْفَحْۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿١٣﴾ ﴾ المائدة

٤ - جوولەکە بوختان بۆ خوا دەکەن و خۆیان بە دەوڵەمەند دەزانن و خواش بە فەقیر و پێغەمبەرانیش دەکوژن : ﴿ لَّقَدْ سَمِعَ ٱللَّهُ قَوْلَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ فَقِيرٞ وَنَحْنُ أَغْنِيَآءُۘ سَنَكْتُبُ مَا قَالُواْ وَقَتْلَهُمُ ٱلْأَنۢبِيَآءَ بِغَيْرِ حَقّٖ وَنَقُولُ ذُوقُواْ عَذَابَ ٱلْحَرِيقِ ﴿١٨١﴾ ﴾ آل عمران

٥ - جوولەکە مۆر نراوە بە دڵیاندا لەبەر خراپەکاریان و زۆر کەمیان موسڵمان دەبن ﴿ فَبِمَا نَقْضِهِم مِّيثَٰقَهُمْ وَكُفْرِهِم بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَقَتْلِهِمُ ٱلْأَنۢبِيَآءَ بِغَيْرِ حَقّٖ وَقَوْلِهِمْ قُلُوبُنَا غُلْفُۢۚ بَلْ طَبَعَ ٱللَّهُ عَلَيْهَا بِكُفْرِهِمْ فَلَا يُؤْمِنُونَ إِلَّا قَلِيلٗا ﴿١٥٥﴾ ﴾ النساء

٦ - جووله‌كه ده‌ڵێ ته‌نها جووله‌كه ده‌چێته به‌هه‌شته‌وه و گاوریش به هه‌مان شێوه به‌هه‌شت به‌هی خۆیان ده‌زانن، ئه‌مه به‌بێ ئه‌وه‌ی به‌ڵگه‌یان هه‌بێت﴿ وَقَالُوا۟ لَن يَدْخُلَ ٱلْجَنَّةَ إِلَّا مَن كَانَ هُودًا أَوْ نَصَـٰرَىٰ ۗ تِلْكَ أَمَانِيُّهُمْ ۗ قُلْ هَاتُوا۟ بُرْهَـٰنَكُمْ إِن كُنتُمْ صَـٰدِقِينَ ﴿١١١﴾ ﴾ البقرة:

٧ - ده‌یان وت كه ته‌نها خۆیان هیدایه‌ت دراون﴿وَقَالُوا۟ كُونُوا۟ هُودًا أَوْ نَصَـٰرَىٰ تَهْتَدُوا۟ ۗ قُلْ بَلْ مِلَّةَ إِبْرَٰهِـۧمَ حَنِيفًا ۖ وَمَا كَانَ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١٣٥﴾ ﴾ البقرة

٨ - ده‌یانووت ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یه‌عقوب و ئه‌سبات جووله‌كه یان گاور بوون، دیاره وانیه و ئه‌مه‌یان بۆ راست ده‌كاته‌وه﴿ أَمْ تَقُولُونَ إِنَّ إِبْرَٰهِـۧمَ وَإِسْمَـٰعِيلَ وَإِسْحَـٰقَ وَيَعْقُوبَ وَٱلْأَسْبَاطَ كَانُوا۟ هُودًا أَوْ نَصَـٰرَىٰ ۗ قُلْ ءَأَنتُمْ أَعْلَمُ أَمِ ٱللَّهُ ۗ وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن كَتَمَ شَهَـٰدَةً عِندَهُۥ مِنَ ٱللَّهِ ۗ وَمَا ٱللَّهُ بِغَـٰفِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ ﴿١٤٠﴾ ﴾ البقرة

٩ - جووله‌كه دووجار فه‌سادی گه‌وره ده‌نێنه‌وه و هه‌ردووجاره‌كه‌ش خوا كه‌سانێكیان بۆ ده‌نێرێت ته‌مێیان بكات ، ئه‌گه‌ر خوانه‌بێت كێ ئه‌و غه‌یبه ده‌زانێت؟؟

﴿وَقَضَيْنَآ إِلَىٰ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ فِى ٱلْكِتَـٰبِ لَتُفْسِدُنَّ فِى ٱلْأَرْضِ مَرَّتَيْنِ وَلَتَعْلُنَّ عُلُوًّا كَبِيرًا ﴿٤﴾ فَإِذَا جَآءَ وَعْدُ أُولَىٰهُمَا بَعَثْنَا عَلَيْكُمْ عِبَادًا لَّنَآ أُو۟لِى بَأْسٍ شَدِيدٍ فَجَاسُوا۟ خِلَـٰلَ ٱلدِّيَارِ ۚ وَكَانَ وَعْدًا مَّفْعُولًا ﴿٥﴾ ثُمَّ رَدَدْنَا لَكُمُ ٱلْكَرَّةَ عَلَيْهِمْ وَأَمْدَدْنَـٰكُم بِأَمْوَٰلٍ وَبَنِينَ وَجَعَلْنَـٰكُمْ أَكْثَرَ نَفِيرًا ﴿٦﴾ إِنْ أَحْسَنتُمْ أَحْسَنتُمْ لِأَنفُسِكُمْ ۖ وَإِنْ أَسَأْتُمْ فَلَهَا ۚ فَإِذَا جَآءَ وَعْدُ ٱلْـَٔاخِرَةِ لِيَسُـۥٓـُٔوا۟ وُجُوهَكُمْ وَلِيَدْخُلُوا۟ ٱلْمَسْجِدَ كَمَا دَخَلُوهُ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَلِيُتَبِّرُوا۟ مَا عَلَوْا۟ تَتْبِيرًا ﴿٧﴾ ﴾ الإسراء

١٠ - خوای گه‌وره غه‌زه‌بی گرت له كۆمه‌ڵێكی به‌نی ئیسرائیل كه پێیان ده‌وترا (أصحاب السبت) ،كه ئه‌مانه په‌یمانیان دابوو به خوا كه شه‌ممان كارو كاسپی نه‌كه‌ن و عیباده‌ت بكه‌ن، په‌یمانه‌كه‌یان شكاندو كه‌وتنه فرِو فێڵ،خوای گه‌وره مه‌سخی كردن و كردنی به مه‌یموون و

بەراز ، جا ئەم بەسەرهاتە جوولەکە دەیانشاردەوە قورئان بیریان دەخاتەوەو باسی دەکات تا خۆیان لە غەزەبی خوا بپارێزن ،ئەوەی سەیرە لە ساڵی ٢٠٠٢ دا لە ناوچەیەکی نزیك دەریا لە فەلەستین چەند مۆمیایەکی ئەوکەسانەی مەسخ کرابوون دۆزرایەوە ، ئەمە خوا نەبێت کێ ئەتوانێت وا بەدڵنیاییەوە باسی بکات :

﴿ وَلَقَدْ عَلِمْتُمُ ٱلَّذِينَ ٱعْتَدَوْا۟ مِنكُمْ فِى ٱلسَّبْتِ فَقُلْنَا لَهُمْ كُونُوا۟ قِرَدَةً خَٰسِـِٔينَ ﴿٦٥﴾ فَجَعَلْنَٰهَا نَكَٰلًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهَا وَمَا خَلْفَهَا وَمَوْعِظَةً لِّلْمُتَّقِينَ ﴿٦٦﴾ ﴾ البقرة

﴿ وَسْـَٔلْهُمْ عَنِ ٱلْقَرْيَةِ ٱلَّتِى كَانَتْ حَاضِرَةَ ٱلْبَحْرِ إِذْ يَعْدُونَ فِى ٱلسَّبْتِ إِذْ تَأْتِيهِمْ حِيتَانُهُمْ يَوْمَ سَبْتِهِمْ شُرَّعًا وَيَوْمَ لَا يَسْبِتُونَ ۙ لَا تَأْتِيهِمْ ۚ كَذَٰلِكَ نَبْلُوهُم بِمَا كَانُوا۟ يَفْسُقُونَ ﴿١٦٣﴾ ﴾ الأعراف/سەیری (ژیانەوە بەرگی چوارەم —نووسەر ) بکە.

## تەحـریف کردنـی بەردەوام

﴿ فَبِمَا نَقْضِهِم مِّيثَٰقَهُمْ لَعَنَّٰهُمْ وَجَعَلْنَا قُلُوبَهُمْ قَٰسِيَةً ۖ يُحَرِّفُونَ ٱلْكَلِمَ عَن مَّوَاضِعِهِۦ ۙ وَنَسُوا۟ حَظًّا مِّمَّا ذُكِّرُوا۟ بِهِۦ ۚ وَلَا تَزَالُ تَطَّلِعُ عَلَىٰ خَآئِنَةٍ مِّنْهُمْ إِلَّا قَلِيلًا مِّنْهُمْ ۖ فَٱعْفُ عَنْهُمْ وَٱصْفَحْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿١٣﴾ ﴾ المائدة

خوا نەبێت کێ دەزانێت بەردەوام ( **يحرفون بـە مضارع** ) ئـەهلی کیتـاب تـەحریفات دەکەن ئنجا ئێستا بەردەوام چاپ لە دوای چاپ ئەو تەحریفاتە دەبینین.

لەساڵی ١٩٨٥ دا سی زانای بواری لاهوت و مەسیحیەت پەیمانگای (ویسـتار) یـان لـە ئەمریکا دامەزراند بۆ ئەوەی بێلایەنانە دیراسەی ئینجیلەکان بکەن ،دواتر کۆمەڵێك زانای تـر پەیوەندیان پێوە کـردن و سـەرەنجام ژمارەیـان بـوو بـە دووسـەد زانـا، ئەمانـە پـاش دیراسـە ولێکۆڵینەوەی زۆر بەدرێژایی سی ساڵ گەیشتنە ئەم ئەنجامانە:

١ - ئەو قسانەی کە گوایە فەرموودەی مەسیحە لە ٨٢٪ ی قسەی ئەو نـین و بـەدەم ئەوەوە هەڵبەستراون.

٢ - ئەوكارانەی گوایە مەسیح کردوونی ٨٤٪ ی ئەو نەیکردوون و ڕاست نین.

٣ - مەسیح نەیفەرمووە مردنی من بۆ ئەوەیە گوناهی بەشەر بسڕێتەوە.

٤ - مەسیح نەیفەرمووە من ئوقنومی دووەمم لە سیانەکە ، واتە سێ خوایی بێ بنەمایە.

٥ - مەسیح داوای لە شوێنکەوتوانی نەکردووە لەبەردەم قەشەدا دان بەهەڵەکانیانا بنێن.

٦ - ئەو نەیفەرمووە لە نێوان مردووەکاندا هەڵدەستێتەوە.

ئەو زانایانە دەڵێن کە عیسا سەلامی خوای لێبێت بە زمانی ئارامی قسەی کردووەو دوای ئەو چل ساڵێك دەماو دەم دەقەکان گواستراوەتەوەو ئنجا پاش ئەو ماوەزۆرە دەق نووسراوەتەوە لە لایەن کەسانێکەوە کە ئەویان نەبینیوە و لە دەمی ئەوەوە وەریان نەگرتووە، کە ئەوەش بە زمانی یۆنانی نووسراوەتەوە کە زمانی مەسیح نەبووە و دوایش تەرجەمە کراوە و هەرکەس چی هاتبێ بە دەستیەوە گۆڕیویەتی.

ڕۆبەرت فنك لەو پەیمانگەیەوە بەوانە دەڵێت کە ئینجیل بە کەلامی خوادەزانن ( بەڕاستی مصداقیەتی ١٦٪ هیچ نیەو جێی گاڵتە پێکردنە و بەراستی جەهالەتێکی زۆر هەیە بەرامبەر کتێبی موقەدەس ) .

کە ئەمەش پێگەکەیانە www. westarinstitute. org

دە ئنجا سەیری ئەم ئایەتە بکە بزانە چۆن تیشك دەخاتە سەر تەحریفاتی بەردەوام:

**﴿ فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ يَكْتُبُونَ الْكِتَابَ بِأَيْدِيهِمْ ثُمَّ يَقُولُونَ هَٰذَا مِنْ عِندِ اللَّهِ لِيَشْتَرُوا بِهِ ثَمَنًا قَلِيلًا ۖ فَوَيْلٌ لَّهُم مِّمَّا كَتَبَتْ أَيْدِيهِمْ وَوَيْلٌ لَّهُم مِّمَّا يَكْسِبُونَ ﴿٧٩﴾ ﴾** البقرة

سەرۆکی ئەمریکا تۆماس جیفرصون لە ساڵی ١٧٠٠ دا لە پەڕاوی پیرۆزدا چی نەگونجاو و ناڕاست بوو لای برد، ڕێژەی ١٠٪ ی مایەوە و ناوی نا (ژیان و ڕەوشتی یەسوع) . هەروەها قەشە مایکل هینتون لە بەریتانیا بە دووساڵ چاپێکی نوێی پەڕاوی پیرۆزی دەرکرد، کە لە

کەمتر لە دووسەعات دا بخوێنرێتەوە، لە٢١ ی ٩ی ٢٠٠٥ دا بی بی سی ئیعلانی بۆ کرد و ئەمیش شەنو کەوی چاکی کردووە و ئەوەی بە عەقڵیا نەچووە لای بردووە.

ئەم هەولاٌنەش هەموو بۆ ئەوەیە مصداقیەت بگێڕنەوە بۆ پەڕاوەکەیان کە خوا نەیپاراست چونکە کاری تەواو بووە و ئەمان وازناهێنن. (ئەم بابەتە وەرگیراوە لە دکتۆرە زەینەب عبدالعزیز مامۆستای شارستانێتی فەڕەنسی لە زانکۆکانی میسر) لە ئەنتەرنێتەوە.

## یاسای ئاسمانی

لە قورئاندا کۆمەڵێك یاسای ئاسمانی هاتوون وەك:

١ - هەرکەسێك چاکە بکات لە ئافرەتان و لە پیاوان و بڕوادارین ئەوە ژیانێکی پڕ بەختەوەریان دەبێت لە دنیا و لە قیامەت دا وهەرکەسێکیش خراپە بکات و بڕوا نەهێنێت ژیانێکی تەنگ و ناخۆشی دەبێت لە دنیا و ئاخیرەتدا،خوا نەبێت کێ دەتوانێت پاداشتی چاکەوخراپە بداتەوە :﴿ مَنْ عَمِلَ صَٰلِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةً طَيِّبَةً ۖ وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٩٧﴾ ﴾ النحل﴿ وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِى فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةً ضَنكًا وَنَحْشُرُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ أَعْمَىٰ ﴿١٢٤﴾ ﴾ طه

٢ - بەخشین و پارێزکاری و ئیمان بە قیامەت دەبێتە هۆی کارئاسانی و بە پێچەوانەشەوە بەخیلی و بڕوانەبوون دەبێتە هۆی کارگرانی، جا ئەمە ئەگەر لە خواوە نەبێت پێغەمبەرﷺ ئیشی بەم مەسەلانە چی یە؟؟ ﴿إِنَّ سَعْيَكُمْ لَشَتَّىٰ ﴿٤﴾ فَأَمَّا مَنْ أَعْطَىٰ وَٱتَّقَىٰ ﴿٥﴾ وَصَدَّقَ بِٱلْحُسْنَىٰ ﴿٦﴾ فَسَنُيَسِّرُهُۥ لِلْيُسْرَىٰ ﴿٧﴾ وَأَمَّا مَنۢ بَخِلَ وَٱسْتَغْنَىٰ ﴿٨﴾ وَكَذَّبَ بِٱلْحُسْنَىٰ ﴿٩﴾ فَسَنُيَسِّرُهُۥ لِلْعُسْرَىٰ ﴿١٠﴾ ﴾ اللیل

٣ - عاقیبەت بۆ پارێزکارانە، ئەمەش فەرمانی خوایە و هیچ ئادەمیزادێك گرەنتی ئەوە نادات خوا خۆی نەبێت چونکە هەموو شتێك لە خواوەیە و بە ئیزنی ئەو دەبێت :﴿ تِلْكَ مِنْ أَنۢبَآءِ ٱلْغَيْبِ نُوحِيهَآ إِلَيْكَ ۖ مَا كُنتَ تَعْلَمُهَآ أَنتَ وَلَا قَوْمُكَ مِن قَبْلِ هَٰذَا ۖ فَٱصْبِرْ ۖ إِنَّ ٱلْعَٰقِبَةَ

﴿ لِلْمُتَّقِينَ ﴿٤٩﴾ ﴾ هـود ﴿ وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجْعَل لَّهُۥ مَخْرَجًا ﴿٢﴾ وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ ۚ وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُۥٓ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ بَـٰلِغُ أَمْرِهِۦ ۚ قَدْ جَعَلَ ٱللَّهُ لِكُلِّ شَىْءٍ قَدْرًا ﴿٣﴾ ﴾ الطلاق

٤ - ﴿ قُل لَّا يَسْتَوِى ٱلْخَبِيثُ وَٱلطَّيِّبُ وَلَوْ أَعْجَبَكَ كَثْرَةُ ٱلْخَبِيثِ ۚ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ يَـٰٓأُو۟لِى ٱلْأَلْبَـٰبِ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿١٠٠﴾ ﴾ المائدة ، خراپە وخراپـەکاران چـەند زۆریـش بـن هـیچ نـین و یەکسـان نابێتەوە لەگەڵ خێر و چاکەدا بـا کـەمیش بێـت، زۆر جـار خراپـەکاران سـەر زیـاد دەکـەن ، دەسەلاَت پەیدا دەکەن ، بەلاَم هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێـت و ناهـەق هـەر ناهەقـە. ئەمـەش دیسان تەرازوویەکی تری ئاسمانیە و خوا کەی بیەوێ ناهەق لەناودەبات ﴿ بَلْ نَقْذِفُ بِٱلْحَقِّ عَلَى ٱلْبَـٰطِلِ فَيَدْمَغُهُۥ فَإِذَا هُوَ زَاهِقٌ ۚ وَلَكُمُ ٱلْوَيْلُ مِمَّا تَصِفُونَ ﴿١٨﴾ ﴾ الأنبياء.

## پەیمانی خـوایـی

لە قورئاندا پەیمانی خوایی دەبینین ، کە لە مەککە و لە مەدینـە لـە چـەندەها ئایەتـدا جەخت دەکاتە سەر سەرکەوتنی هەق و راستی بەسەر ناحەزانیدا ، کاتێك حـەزرەت ﷺ لەگـەڵ ئەبوبەکری هاوڕێی دا کۆچیان کرد لە ڕێدا ئەم ئایەتە دابەزی کە مـژدە ئـەدا بەحـەزرەت ﷺ و پەیمانی ئـەداتێ کـە دەگەڕێتـەوە بـۆ مەککـە بـە سـەرکەوتوویی : ﴿ إِنَّ ٱلَّذِى فَرَضَ عَلَيْكَ ٱلْقُرْءَانَ لَرَآدُّكَ إِلَىٰ مَعَادٍ ۚ قُل رَّبِّىٓ أَعْلَمُ مَن جَآءَ بِٱلْهُدَىٰ وَمَنْ هُوَ فِى ضَلَـٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٨٥﴾ ﴾ القصص

دیارە ئەگەر ئەم قورئانە لە خواوە نەبێت کەس ناتوانێت پەیمانی وابدات و بێتیشە دی ،رووخانی فارس و رۆم لەو زەمانەدا کە دوو زلهێزبوون بە بیری کەسدا نەدەهات و ئەستەم بوو،کەچی دوای بیست و پێنج ساڵێك ئیسلام بوو بەو هێزەی کە حسابی بۆ بکرێت و رووبەرووی ئەو ئیمبراتۆریەتە گەورانە بووەوە﴿ وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مِنكُمْ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِى ٱلْأَرْضِ كَمَا ٱسْتَخْلَفَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ ٱلَّذِى ٱرْتَضَىٰ لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّنۢ بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا ۚ يَعْبُدُونَنِى لَا يُشْرِكُونَ بِى شَيْـًٔا ۚ وَمَن كَفَرَ بَعْدَ

﴿ذَٰلِكَ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ ٥٥﴾ النور﴿وَعۡدَ ٱللَّهِۖ لَا يُخۡلِفُ ٱللَّهُ وَعۡدَهُۥ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ ٦﴾ الروم﴿فَٱصۡبِرۡ إِنَّ وَعۡدَ ٱللَّهِ حَقّٞۖ وَلَا يَسۡتَخِفَّنَّكَ ٱلَّذِينَ لَا يُوقِنُونَ ٦٠﴾ الروم﴿فَٱصۡبِرۡ إِنَّ وَعۡدَ ٱللَّهِ حَقّٞۚ فَإِمَّا نُرِيَنَّكَ بَعۡضَ ٱلَّذِي نَعِدُهُمۡ أَوۡ نَتَوَفَّيَنَّكَ فَإِلَيۡنَا يُرۡجَعُونَ ٧٧﴾ غافر

## هەق و ڕاستی

دوژمنانی ئەم قورئانە بەردەوام لە هەوڵدان لە کۆن و نۆیدا کە خەڵکی لە قورئان دووربخەنەوە و کەس گوێ لە قورئان نەگرێت ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَا تَسۡمَعُواْ لِهَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانِ وَٱلۡغَوۡاْ فِيهِ لَعَلَّكُمۡ تَغۡلِبُونَ ٢٦﴾ فصلت

ئەوانەی کە هیدایەت دەفرۆشن و گومڕایی پێدەکڕن ،ئەوانەی کە لێخۆشبوون ئەدەن و سزای پێدەکڕن ،چۆن ئارام دەگرن لەسەر ئاگری دۆزەخ ؟؟ بەڕاستی خوا ئەم قورئانەی بە هەق دابەزاندووە و،ئەوانەی کە بڕوای پێناهێنن لە سەرگەردانی و دژایەتیەکی زۆردان.

﴿أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ ٱشۡتَرَوُاْ ٱلضَّلَٰلَةَ بِٱلۡهُدَىٰ وَٱلۡعَذَابَ بِٱلۡمَغۡفِرَةِۚ فَمَآ أَصۡبَرَهُمۡ عَلَى ٱلنَّارِ ١٧٥ ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ نَزَّلَ ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّۗ وَإِنَّ ٱلَّذِينَ ٱخۡتَلَفُواْ فِي ٱلۡكِتَٰبِ لَفِي شِقَاقِۭ بَعِيدٖ ١٧٦﴾ البقرة

بەڕاستی ئەم قورئانە هەقە و بەهەقیش دابەزیوە ﴿وَبِٱلۡحَقِّ أَنزَلۡنَٰهُ وَبِٱلۡحَقِّ نَزَلَۗ وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا مُبَشِّرٗا وَنَذِيرٗا ١٠٥﴾ الإسراء ،جا بۆ ئەوەی مرۆڤ بگاتە ئەو هەقە ئەبێ هەوڵ بدات و مێشکی بخاتە کار و فێر بێت ،لە دەیەها شوێندا قورئان داوای بیرکردنەوە و سەرنجدان لە بوونەوەر دەکات ،﴿أَوَلَمۡ يَنظُرُواْ فِي مَلَكُوتِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا خَلَقَ ٱللَّهُ مِن شَيۡءٖ وَأَنۡ عَسَىٰٓ أَن يَكُونَ قَدِ ٱقۡتَرَبَ أَجَلُهُمۡۖ فَبِأَيِّ حَدِيثِۭ بَعۡدَهُۥ يُؤۡمِنُونَ ١٨٥﴾ الأعراف

قورئان داوا دەكات كە مرۆڤ سەرنجی نەفس و جەستەی خۆی بـدات ﴿ أَوَلَمْ يَتَفَكَّرُواْ فِيٓ أَنفُسِهِمۗ مَّا خَلَقَ ٱللَّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَآ إِلَّا بِٱلْحَقِّ وَأَجَلٍ مُّسَمًّىۗ وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ ٱلنَّاسِ بِلِقَآيِٕ رَبِّهِمْ لَكَٰفِرُونَ ﴿٨﴾ ﴾ الروم

قورئان زیاتر لە ٧٥٠ جار باسی (العلم) دەكات بە جۆرەها شێوە ، كە ٢٠ جاری (عـالم ) (**علماء**) (عالمون) ە،ئەمەش بۆ ئەوەی لە ڕێی ئەو زانینەوە بگەنە هەق كە دنیا و قیامـەت لەسەر ئەو هەقە وەستاوە،ئنجا كە لە ڕێی زانین و زانستەوە گەیشتنە هـەق بـڕوا دێـنن پاشان دڵیان مل كەچ دەكات بۆ خوا، سەیركە قورئان چۆن باسـی ئەمـە دەكـات :﴿ وَلِيَعْلَمَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلْعِلْمَ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكَ فَيُؤْمِنُواْ بِهِۦ فَتُخْبِتَ لَهُۥ قُلُوبُهُمْۗ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَهَادِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٥٤﴾ ﴾ الحج

﴿ وَٱلَّذِينَ سَعَوْ فِيٓ ءَايَٰتِنَا مُعَٰجِزِينَ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ مِّن رِّجْزٍ أَلِيمٌ ﴿٥﴾ وَيَرَى ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلْعِلْمَ ٱلَّذِيٓ أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ هُوَ ٱلْحَقَّ وَيَهْدِيٓ إِلَىٰ صِرَٰطِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْحَمِيدِ ﴿٦﴾ ﴾ سبأ

بەڵێ ئەوانەی هەوڵ دەدەن دژایەتی ئایەتەكانی خوابكەن ڕەنجیان بێئاكامەو سزای سەخت دەدرێن ،لەم لاشەوە زانایان دانن ئەنێن بـەوەدا كـە ئەمــەی لـەخواوە دابـەزیوە بـۆت هەقـەو بڕوادێنن .

## هاتن بەرەو ئیسلام

١ - بە دەیەها زانای جیهانی موسڵمان دەبـن وەك پڕۆفیسـۆر (تاجاتـات تاجاسـۆن ) عەمیدی كۆلێژی پزیشكی زانكۆی (شاینج مای ) لە تایلاند كە دەڵێت: من بـڕوام هەیـە كـە هەرچی لە قورئاندا باس كراوە دەتوانرێ بە وەسائیلی زانستی ڕاستی بسەلمێنرێ ، وە من بـڕوام هەیە كە محمدی پێغەمبەری ئیسلام كە نەخوێندەوار بووە ئـەو زانیاریانـەی لـە ڕێگـای وەحیـەوە لـە خوایەكی زانا بە هەموو شتێكەوە وەرگرتووە ، وەمن وادەزانم كاتی ئەوە هاتووە كـە بڵـێم ( أشـهد أن لااله الا الله وأشهد أن محمدا رسول الله ) . بەم شێوەیە ناوبراو لە كۆنفرانسی پزیشكی هەشتەمدا لە

سعودیه موسڵمانبوونی خۆی ڕاگەیاند ( القرآن منهل العلوم – الدكتور خالد العبيدى) لا ٤٠٧

٢ - ڕۆژنامەی ئیندپیندت ی بەریتانی لە ٢٥ - ٩ - ٢٠١٠ رایگەیاند کە قوتابخانەی کاسۆلیکی بە ناوی (دڵی پیرۆز) کە جاران لە سەدا نەوەد و یەکی قوتابیەکانی مەسیحی بوون لە لەندەن ، ئێستا تەنها لە سەدا سێی قوتابیەکانی مەسیحین ، وازیان هێنا لەوەی کە کەنیسە سەرپەرشتیان بکات ، موسڵمانبوون و پەیوەندیان کردووە بە بنکەیەکی ئیسلامی و مزگەوتێکەوە کە سەرپەرشتی قوتابخانەکەیان بکات. ئەمەش سەرکەوتنێکی ترە بۆ ئیسلام لە ئەوروپادا کە ئەوپەڕی دژایەتی دەکرێت ،وە ئەوپەڕی لاوازی کەنیسەکانیش دەردەخات کە لە زۆر لاوە قەشەکانیان تۆمەتبار دەکرێن بە فەزائیحی جنسی. (پێگەی هدي الاسلام)

٣ - موفتی کۆنگۆ دەڵێت: کە لە یاری میسر و کۆنگۆدا لە مانگی ٩ی ٢٠٠٩ دا یاریزانی میسری ئەبو تریکە لە یاریگاکەدا سوجدەی برد، خەڵکانێکی زۆرلە کۆنگۆ بەهۆی ئەو سوجدەیەوە موسڵمان بوون.

٤ - موسڵمانبوونی قەشەی سۆدانی ئەنتۆنیۆ مەنگۆ:ناوبراو دەڵێت: لە منالیمەوە نازانم دایکم و باوکم کێن، ئەوەندە نەبێ لەوەتەی فامم کردۆتەوە لە ماڵی پیاوێکی ئینگلیزیدا دەژیم بە ناوی (تیدی دادیسۆن) کە ئەندازیاربوو، وەکیلی کۆمپانیای (کاتلپلر) ی بەریتانی بوو، دواتر زانیم کە لە شاری رواندای سنووری لە دایك بووم لە ساڵی ١٩١٧دا. ئەو پیاوە منی خستە بەرخوێندن و ناوی نام (ئەنتۆنیۆ مەنگۆ) ، زۆر وڵات دەگەڕا بەحوکمی ئیشەکەی کە ئامێری کشتوکاڵی دەبەست و دەیفرۆشت بە جوتیاران. لە پشووی ساڵانەش دا دەچوین بۆ ئینگلتەرە یان ئەمریکا، من منالێکی زیرەك بووم لە قوتابخانەدا، کوڕێکی هەبوو بە ناوی ( ولیەم) وکچێکی هەبوو بە ناوی (ئەنفلۆرەنس) کە لە پۆلی سێ بوون، من پێشم دانەوە، ئیتر نەیهێشت بخوێنم وتی ئەگەر وا بڕۆی شێت دەبی؟! بۆیە لەگەڵ خۆیدا کارم دەکرد و فێری دارتاشی و نەخش ومیکانیکی و وێنەگرتنی فتۆگرافی بووم.

ڕۆژێك وتم ئەگەر وەك منالی خۆی مامەڵەم لەگەڵ دەکات بۆ ناهێڵێ بخوێنم، مانم گرت لە خواردن بۆ چەند ڕۆژێك و وتم: نان ناخۆم تانەزانم کوڕی تۆم یان کوڕی کەسێکی ترم؟ وتی:

گوایە باوکم سەرباز بووە و نەگەڕاوەتەوە و، دایکیشم گوایە کەمن سێ سالأن بووم مردووە. بڕوام نەکرد تاتەسکەرە و جنسیەی بۆدەرهێنام کە تیانوسرابوو موسڵمانم وناوم (محمد الحسن) ە.

(تیدی) چەند بچوایە بۆ کەنیسە دەیبردم لەگەڵ خۆیدا و لە مەسیحیەتدا شارەزایی تەواوم پەیداکرد و ساڵی ١٩٥٥ چوومە خەرتوم و لە کۆمپانیایەکی کارەبایی برادەرێکی کارم دەکرد تاساڵی ١٩٦٧، ئنجا لە پیشەی وێنەگری دا کەوتمە کارکردن لە خەرتوم لەستۆدیۆی (گۆردۆن) کەهی بیانیەکان بوو. (تیدی) هەندێ پارەی دامێ ژنم هێناو دووکوڕم بوو، کە گەورەبون چووونە ئۆغەندا و چارەنوسیان نازانم.

لە ساڵی ١٩٧٣داچوومە ویلایەتی باکور و پانزە ساڵ خەریکی کاری مژدەدان بووم لەسەر داوای کەنیسە، لەبەرئەوەی کەنیسە نەبوو لەوناوچەیەدا یانەیەکم کردەوە و خەڵکیم تیا فێری مەسیحیەت و وێنەگرتن دەکردکە من تیایدا پسپۆڕبووم.

کاتێك لە وڵاتی چاد بووم بەردەوام سەدای بانگ و قورئان لە گوێما ئەزرنگایەوە، لەوانەی دەوروبەرم دەپرسی کە گوێ یان لەهیچە دەیان وت: گوێمان لە هیچ نیە. بیست ویەك ڕۆژ وابووم، لە مێشکمدا صیراعی خێر و شەڕ هەبوو، (چاد) م بەجێ هێشت وگەڕامەوە بۆ خەرتووم ،حەوت ڕۆژم پێچوو خەو نەچووە چاوم، کە بیرم لەموسڵمانبوون دەکردەوە هەستم دەکرد وەك وەسوەسەیەك کەسێك هەڕەشەی کوشتنی لێ دەکردم، کە جگەرەم دادەگیرساند دەنگێکی تر پێی دەوتم: بیکوژێنەوە تۆ قورئان دەخوێنی چۆن جگەرە دەکێشیت؟

هەرئەوەندە گەیشتمە ماڵەوە سەیردەکەم ڕادیۆکەیان لەسەر (ئیستگەی قورئان) ە وقورئان خوێنەکەش (سودەیس) ە کە من بەردەوام لەگوێما دەزرنگایەوە کەسورەتی (البقرە) ی دەخوێند، تومەز کەس وکارەکەشم لە ماڵەوە بەردەوام ڕۆژانە سورەتی (البقرە) یان دەخوێند وەك کەرامەت وموعجیزەیەك دەگەیشتە گوێ ی من. ئیتر پەنام گرت بەخوا لە شەیتان و وەسوەسەکەی و زانیم کە تەنها ڕێی ڕاست قورئانە و لە ڕۆژی پێنج شەممە ٢٥/٧/ ٢٠٠٢ لە سەعات دوونیوی شەودا گوێم لە بانگ بوو، هەروەك کەسێ پێم بڵێ هەستە نوێژ بکە، دەستنوێژم گرت و نوێژم کرد هەروەك یەکێك فێرم بکات. ئنجا تێر نووستم.

بۆ بەیانی کە ڕۆژبووەوە بەکەس وکارەکەم وت: دەمەوێ موسڵمان ببم، خۆم شت و شایەتمانم هێنا و ڕووم کردە ئەو قیبلەیەی کە جاروبار لە خەودا ئەمبینی.

دوایی هەستم کرد کە ئەوانە وەك کەراماتێك بوون بۆم، خوای گەورە ویستی وابوو دوای زیاتر لە حەفتا ساڵ سەرگەردانی بگەڕێمەوە سەرئاینەکەی خۆم وموسڵمان ببمەوە. چووم لە مزگەوتی (شەهید موگرن) لەناوڕاستی خەرتوم موسڵمانبوونی خۆم ڕاگەیاند وناوی خۆم کرد بە (**محمد نور**) . گۆڤاری (**الکوثر**) ژ/٦٧.

## ئیسلام ئەبێتە یەکەم ئایین

ئاینی پیرۆزی ئیسلام لە تاقە کەسێکەوە دەستی پێکرد و پاشان هاوسەرەکەی و هاوەڵەکانی موسڵمان بوون، دەرد و مەینەتی و ئازاری زۆریان چەشت ، هەرچی خراپ بوو کرا بەرامبەریان، ئا لەو ڕۆژگارەوە بەو پەڕی دڵنیایەوە قورئان ڕایگەیاند کە ئەگەر هەموو دنیاش دوژمنیان بێت ،ئەم ئایینە دەبێتە یەکەم ئایین لە جیهاندا و زاڵ دەبێت بەسەر هەموو ئاینەکاندا - **لِيُظْهِرَهُۥ عَلَى ٱلدِّينِ كُلِّهِۦ** - ، دیارە ئەم هەواڵە باس لە داهاتوویەکی زیاتر لە هەزار ساڵ دەکات و غەیبێکە خوا نەبێت کەس ناتوانێت پێشبینی وابکات ،ئەمەش بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە کە ئەم پەیامە لە خواوەیە ، فەرموون سەیری ئەم سەر ژمێریانە بکەن :

١ - سەرەتا حەزرەت و ماڵ و خێزانی وهەندێ لە هاوەڵانی.

٢ - پاش ئەوەی چوونە مەدینە بوونە هەزارو پێنج سەد کەسێك ،کاتێك سەرژمێریان کردلەسەر داوای پێغەمبەر ﷺ.

٣ - لە ساڵی ١٩٠٠ دا پاش دوانزە سەدە زیاتر موسڵمانان بوون بە ١٢,٤٪ و مەسیحیەکان بوون بە ٢٦,٩٪.

٤ - لە ساڵی ١٩٨٠ دا پاش هەشتا ساڵی تر موسڵمانان بوون بە ١٦,٥٪ ومەسیحیەکان بوون بە ٣٠٪.

٥ - لەساڵی ٢٠٠٠ دا پاش بیست ساڵی تر موسڵمانان بوون بە ١٩,٢٪ومەسیحیەکان بوون بە ٢٩,٩٪.

٦ - لەساڵی ٢٠٢٥ موسڵمانان دەبن بە ٣٠٪ ومەسیحیەکان دەبن بە ٢٥٪.

ئەمانە هەمووی ئاماری بیانیەکانە و دەڵێن ئێستا کە ٤٢٠٠ ئاین هەیە لە جیهاندا ئیسلام یەکەم ئایینە لە خێرایی بلاْوبوونەوەدا و ڕێژەی زیادبوونی سالاْنەی ٢,٥٪. ئنجا بەم شێوەیە ئیسلام زیاد بکات ئایا ئەمە تەسدیقی ئەم ئایەتانە نیە کە پێش چواردە سەدە زیاتر دابەزیووە :

﴿ هُوَ ٱلَّذِيٓ أَرۡسَلَ رَسُولَهُۥ بِٱلۡهُدَىٰ وَدِينِ ٱلۡحَقِّ لِيُظۡهِرَهُۥ عَلَى ٱلدِّينِ كُلِّهِۦ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡمُشۡرِكُونَ ٣٣ ﴾ التوبة﴿ هُوَ ٱلَّذِيٓ أَرۡسَلَ رَسُولَهُۥ بِٱلۡهُدَىٰ وَدِينِ ٱلۡحَقِّ لِيُظۡهِرَهُۥ عَلَى ٱلدِّينِ كُلِّهِۦۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ شَهِيدٗا ٢٨ ﴾ الفتح

قەشە ئەنبا مکسیموس لە بەرنامەی (بلا حدود) دا وتی : لە سی ساڵدا ملیۆنێك و هەشت سەد هەزار قیبتی لە میسر موسڵمان بوون ، لەگەڵ ئەوەدا کە ئەوانەی موسڵمان دەبن قوربانی زۆر ئەدەن لەو پێناوەدا ، وەك وەفا قوستەنتین کە ئەندازیاری کشتوکاڵی بوو ، ژنی قەشەیەك بوو لەمیسرو منالْی گەورەی هەبوو ،پاش موسڵمانبوونی حەڤدە جزم قورئانی لەبەرکرد ،گرتیان ولە کەنیسەی وادی (**نطرون** ) شەهیدیان کرد وپرۆفیسۆر زەغلول النجار ناوی ناوە شەهیدی سەدەی بیست ویەك و کتێبێکی پێشکەش بە گیانی ئەو کردووە.

بەرنارد لویس بە ڕۆژنامەی دی فیلت ی ڕاگەیاندکە ئەوروپا لە کۆتایی ئەم سەدەیەدا دەبێتە موسڵمان. هەروەها ئوریانا فالاتشی لە پەڕاوی (**قوة العقل** ) دا دەڵێت : (ئەوروپا دەبێتە موستەعمەرەیەك لە موستەعمەرەکانی ئیسلام ) .

هەر لەداخی بلاْوبوونەوەی ئیسلام بوو قەشەیەکی ئەڵمانی لەم دواییانەدا ئاگری لە خۆی بەردا لەبەردەم کەنیسەیەکدا ، بە حسابی خۆی ئەوروپا بەم کارەی ئاگادارکاتەوە لە مەترسی بلاْوبوونەوەی ئیسلام.

# دوا وتــه

لە کۆتایی گەشتی ئەم جارەدا ئەوەی ماوە ئەوەیــە بــە پەیامبــەری خۆشەویــستی خــوا دەڵێم:

ئەی پێغەمبەری خوا ئێمەش وەکو هاوەڵانت و عاشقانی ڕێبازەکەت ،وەکو بانگبێژەکەی مزگەوتەکەی قەراخ دەڵــێین : خۆمــان و دایــك و بــاوك ومــاڵ و منداڵمــان بەفیــدات بــن ئــەی پێغەمبەری خوا.

ئەی پەیامبەری خۆشەویست ، دۆستان و خۆشەویــستانت لــە کوردوســتانی چــەند جــار ئەنفال کراو وتالاّن کراوەوە بەدەســتی دۆســت و دوژمــن، فیــدای خــۆت و بەرنامەکــەتن، ئــەم ڕەمەزانەو بە تایبەت شەوانی قەدر مزگەوتەکانی کوردستان جمەیان دەهات لە نوێژخوێنان بــەو هیوایەی ئەو شەوە موبارەکەیان بەنسیب ببێت.

ئەی پەیامبەری خۆشەویست هــەموو بــەهیوای دیــداری تــۆین لەســە حــەوزی کەوســەر کەبەدەستی موبارەکت ئاومان بدەیتێ و ئیتر هەرگیز تینوو نەبین.

# بەرگی پێنجەم

# بەڵێنەکانی قورئان

# پێشەکی

سوپاس و ستایش بۆ خوای پەروەردگارو دروودو سەلامیش لەسەر گیانی سەرداری پێغەمبەران و یار و یاوەران و شوێنکەوتووان.

هەر لە بەرەبەیانی پەیامی ئیسلامەتییەوە قورئان جار لە دوای جار جەخت دەکاتە سەر ئەوەی کە ئەم پەیامە، پەیامێکی ئاسمانییە، پەیامێکی جیهانییە، دەنگ و باسێکی مەزنە: ﴿ قُلْ هُوَ نَبَؤٌا۟ عَظِيمٌ ﴿٦٧﴾ أَنتُمْ عَنْهُ مُعْرِضُونَ ﴿٦٨﴾ ﴾ ص، پێیان بڵێ: ئەمە دەنگ و باسێکی زۆر مەزنە، هەرچەند ئێوە خۆتانی لێ دەبوێرن؟

﴿ إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِّلْعَٰلَمِينَ ﴿٨٧﴾ وَلَتَعْلَمُنَّ نَبَأَهُۥ بَعْدَ حِينٍۭ ﴿٨٨﴾ ﴾ ص ،ئەمە بیرەوەری و پەندە بۆ هەموو جیهانیان، بە ئینس و جینەوە، لە مەولایش، پاش کاتێکی دیاری، هەواڵی سەرکەوتنی ئەم پەیامی قورئانە دەزانن.

بە ڕاستی ئەم بەڵێنانەی قورئان کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هاتوونەتە دی گەورەترین موعجیزەیە و بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەم پەیامە ئەو خوایە ناردوویەتی کە ﴿...عَٰلِمُ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ ۚ ...﴿٧٣﴾ ﴾ الأنعام .

سەرەتا کە ئەم پەیامە هات لە پێغەمبەرﷺەوە دەستی پێ کرد، کە خەدیجەی هاوسەری و عەلی ئامۆزای و ئەبوبەکری هاوەڵی باوەڕیان پێ کرد پاش ململانێیەکی سەختی بیست و سێ ساڵیو ڕەنج و ماندووبوون و خەباتێکی کەم وێنە، ئیسلام لە هەوڵدا بوو، نیوە دورگەی عەرەب تێپەڕێنێت.

بەڵێ لەسەر دەستی هاوەڵانی گیان فیدادا نیوە دورگەی عەرەبی تێپەڕاندو هەروەك حەزرەتی خۆشەویستی خواﷺ هەواڵی دابوو فارس و ڕۆمیش کەوتە ژێر ڕکێفی موسڵمانانەوە، لەو ڕۆژەوە بەردەوام ئیسلام بەرفراوان دەبێت، ئەمڕۆ سەرژمێریەکان دەڵێن: موسڵمانان نزیکەی ملیارو نیوێکن، لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواشەوە ڕۆژانە خەڵکی دێن بەرەو دینی خوا، کە مژدەی پاشەڕۆژێکی گەشە بۆ ئەم پەیامە پیرۆزە.

بیریاری بەناوبانگ ڕۆجیە گارودی لە پەڕاوی (**وعود الإسلام**) دا باسی لەوە کردووە کە داهاتوو بۆ ئیسلامە، بەهەمان شێوەش بیریاری ئەڵمانی (موراد هۆفمان) لەپەڕاوی (**الإسلام كبديل**) دا باسی لەهەمان ڕاستی کردووەو دەیان و سەدانی تریش مژدەیان داوەو مژدە دەدەن بە بڵاوبوونەوەی ئیسلام لەسەرتاسەری دنیادا، کە ئەمەش تەسدیقی فەرموودەی خوا و پێغەمبەرە ﷺ، ﴿ يُرِيدُونَ لِيُطْفِـُٔواْ نُورَ ٱللَّهِ بِأَفْوَٰهِهِمْ وَٱللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِۦ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿٨﴾ ﴾ **الصف**، ((والله ليُتِمنَّ الله هذا الأمر) ، (ليَبْلُغنَّ هذا الأمر مابلغ الليل والنهار) .

بۆ زیاتر شارەزابوون لە بەڵێنە قورئانیەکان پێم باش بوو پەڕاوی (**وعود القرآن بالتمكين للإسلام**) ی (د. صلاح الخالدي) بەدەستکارییەوە وەربگێڕم و هەندێ بابەتی بۆ زیاد بکەم بەو هیوایەی کە سوودی ببێت.

## خوا پەیمان ناشکێنێت

بە ڕاستی خوای گەورەی باڵادەست، هەرچی بوێت و هەرچۆنی بووێت بە (کن فیکون) دەیکات، هیچ شتێك ناتوانێت ببێتە ڕێگر، هیچ شتێك ناتوانێت دەستەوسانی بکات، بۆیە هەر پەیمان و بەڵێنێك بدات نایشکێنێت و دەیباتە سەرو لەکات و ساتی تایبەتدا دێتەدی، قورئانیش چەند جارێك جەخت دەکاتە سەر ئەم ڕاستییە.

١ - ﴿ ...وَلَا يَزَالُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ تُصِيبُهُم بِمَا صَنَعُواْ قَارِعَةٌ أَوْ تَحُلُّ قَرِيبًا مِّن دَارِهِمْ حَتَّىٰ يَأْتِيَ وَعْدُ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُخْلِفُ ٱلْمِيعَادَ ﴿٣١﴾ ﴾ **الرعد** . واتە: ئەو کافرانە بەهۆی کوفرەکەیانەوە هەمیشە گرفتاری بەڵایەکی دژوار دەبن، یاخود بەڵا لە نزیك ماڵیان دەدات، تا ئەوکاتەی بەڵێنی خوا دێتەجێ بەمەرگیان یان هاتنی ڕۆژی قیامەت، بەڕاستی خوا پەیمانی ناشکێنێت و دەیهێنێتەدی.

﴿ وَلَقَدِ ٱسْتُهْزِئَ بِرُسُلٍ مِّن قَبْلِكَ فَأَمْلَيْتُ لِلَّذِينَ كَفَرُواْ ثُمَّ أَخَذْتُهُمْۖ فَكَيْفَ كَانَ عِقَابِ ﴿٣٢﴾ ﴾ **الرعد** .

واتە: بە پێغەمبەرانی پێش تۆش گاڵتە کرا، مۆڵەتی خوا نەناسانم دا و پاشان گرتمن، چۆن تۆڵەیەکم لێ سەندن؟!

٢ - ﴿وَيَسْتَعْجِلُونَكَ بِٱلْعَذَابِ وَلَن يُخْلِفَ ٱللَّهُ وَعْدَهُۥۚ وَإِنَّ يَوْمًا عِندَ رَبِّكَ كَأَلْفِ سَنَةٍ مِّمَّا تَعُدُّونَ ﴿٤٧﴾ وَكَأَيِّن مِّن قَرْيَةٍ أَمْلَيْتُ لَهَا وَهِيَ ظَالِمَةٌ ثُمَّ أَخَذْتُهَا وَإِلَيَّ ٱلْمَصِيرُ ﴿٤٨﴾﴾ الحج

کافران پەلەپەلت لیّ دەکەن بۆ سزای خوا، خواش هەرگیز لەبەلّێنی خۆی لانادات، یەك ڕۆژی خوایی وەك هەزار ساڵ وایە لەو ساڵانەی ئێوە حسابیان دەکەن.

٣ - ﴿فِي بِضْعِ سِنِينَۗ لِلَّهِ ٱلْأَمْرُ مِن قَبْلُ وَمِنۢ بَعْدُۚ وَيَوْمَئِذٍ يَفْرَحُ ٱلْمُؤْمِنُونَ ﴿٤﴾ بِنَصْرِ ٱللَّهِۚ يَنصُرُ مَن يَشَآءُۖ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٥﴾ وَعْدَ ٱللَّهِۖ لَا يُخْلِفُ ٱللَّهُ وَعْدَهُۥ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٦﴾﴾ الروم

لە سورەتی ڕۆم دا قورئان باسی سەرکەوتنی ڕۆمەکان دەکات کە خاوەن پەڕاوی ئاسمانی بوون بەسەر فارسە بت پەرستەکاندا، جا ئەو سەرکەوتنە پاش چەند ساڵێك هات، بڕوادارانیش بەو سەرکەوتنەی ئەوان و سەرکەوتنی خۆشیان (کە لەبەدردا هاتە دی لەهەمان کاتدا) دڵخۆش دەبن کە سەرکەوتنی خواییەو بەفەرمانی ئەوە، کە کێی بوێت سەری دەخات و، هەر ئەو خاوەنی دەسەڵاتی بێسنوورە و زۆریش میهرەبانە. بێگومان ئەوە بەڵێنی خوا خۆیەتی کە هەرگیز لیّی لانادات، هەرچەند زۆرکەس عەقڵی لەچاویایەتیو تەنها ڕووکەشێك لەم ژیانی دونیایە دەبینێت و ئەو ڕاستیانە نازانێت و تێی ناگات.

٤ - ﴿رَبَّنَآ إِنَّكَ جَامِعُ ٱلنَّاسِ لِيَوْمٍ لَّا رَيْبَ فِيهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُخْلِفُ ٱلْمِيعَادَ ﴿٩﴾﴾ آل عمران .

ئەمە دوعا و نزای چاکان و زانا پایەبەرزەکانە، کە بڕوای خۆیان بە ڕۆژی دوایی ڕادەگەیەنن و خەڵکی پاداشتی چاکەو خراپەی خۆیان ڕادەگرن، دیارە خواش لە بەڵێنی خۆی لانادات.

هەر لەهەمان سورەتدا ئایەتی (١٩٤) دا دەفەرموێت: ﴿رَبَّنَا وَءَاتِنَا مَا وَعَدتَّنَا عَلَىٰ رُسُلِكَ وَلَا تُخْزِنَا يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِۗ إِنَّكَ لَا تُخْلِفُ ٱلْمِيعَادَ ﴿١٩٤﴾﴾ ، کە ئەمەش دوعاو پاڕانەوەی خاوەن بیرو هۆشەکانە کەخوای گەورە ئەوەی پەیمانی داونەتیّ لەسەر زمانی پێغەمبەران پێیان بدات و ڕیسواو سەرشۆڕی قیامەتیان نەکات، کە دیارە خواش لە بەڵێنی خۆی پەشیمان نابێتەوە.

## کێ لە خودا ڕاستگۆترە؟!

دیارە کەس لە خوا ڕاستگۆتر نیە، هەرچی بوێت و هەرچۆنی بوێت دەیکات، باڵادەستەو بەڵێنەکانی دەباتەسەر، قورئان جەخت لەسەر ئەم مەسەلەیە دەکاتەوەو دەفەرموێت:

١ - ﴿ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۚ لَيَجْمَعَنَّكُمْ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ لَا رَيْبَ فِيهِ ۗ وَمَنْ أَصْدَقُ مِنَ ٱللَّهِ حَدِيثًا ﴿٨٧﴾﴾ النساء ، کەس نیە بێجگە لەو شایانی پەرستن بێت، سوێند بەخوا کۆتان دەکاتەوە لەڕۆژی قیامەتدا کە هیچ گومانێکی تێدا نیە، جا کێ هەیە لەخوای پەروەردگار ڕاستگۆتر بێت.

جا سوننەتە کە موسڵمان ئەم ئایەتەی خوێند بڵێ (لا أحَد أصدق حديثا من الله)

جارێکی تر لەهەمان سورەتدا دەفەرمووێت: ﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ سَنُدْخِلُهُمْ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا ۖ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقًّا ۚ وَمَنْ أَصْدَقُ مِنَ ٱللَّهِ قِيلًا ﴿١٢٢﴾﴾ النساء، ئەوانەی کە بەبڕوان و ئاکار چاکن، دەیانبەینە ناو بەهەشتێك و باغاتێك جۆباریان بەبەردا دەڕواو هەتا سەر هەر تیایدا دەبن، دیارە وادەی خوا هەقەو کێ لە خوا ڕاستگۆترە؟ (لا أحد أصدقُ من الله قولاً) .

٢ - ﴿وَقَالُوا۟ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى صَدَقَنَا وَعْدَهُۥ وَأَوْرَثَنَا ٱلْأَرْضَ نَتَبَوَّأُ مِنَ ٱلْجَنَّةِ حَيْثُ نَشَآءُ ۖ فَنِعْمَ أَجْرُ ٱلْعَٰمِلِينَ ﴿٧٤﴾﴾ الزمر، بەهەشتیەکانیش دەڵێن: شوکرانە بۆ خودا، کە بەڵێنێك بە ئێمەی دا، وەڕاست گەڕاو ئەو زەمینەی دا بە ئێمەو لەو بەهەشتا، کوێ ئارەزوو بکەین لێی دەبین، ئەو پاداشتەی دراوە بە چاکەکاران چەندە باشە!

٣ - ﴿وَمَآ أَرْسَلْنَا قَبْلَكَ إِلَّا رِجَالًا نُّوحِىٓ إِلَيْهِمْ ۖ فَسْـَٔلُوٓا۟ أَهْلَ ٱلذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴿٧﴾ وَمَا جَعَلْنَٰهُمْ جَسَدًا لَّا يَأْكُلُونَ ٱلطَّعَامَ وَمَا كَانُوا۟ خَٰلِدِينَ ﴿٨﴾ ثُمَّ صَدَقْنَٰهُمُ ٱلْوَعْدَ فَأَنجَيْنَٰهُمْ وَمَن نَّشَآءُ وَأَهْلَكْنَا ٱلْمُسْرِفِينَ ﴿٩﴾﴾ الأنبياء ،پێش تۆ لەچەند پیاوێك بەولاوەمان نە ناردووە کە وەحیمان بۆ دەکردن، (واتە ئەوانیش ئادەمیزاد بوون و مەلائیکەت نەبوون) ، سا ئەگەر ئێوە نازانن لەخاوەن نامە ئاسمانییەکان بپرسن، لاشەی ئەوانیشمان وا دروست نەکردبوو کە هیچ

نەخۆن و نەمر بن، پاشان هەموو بەڵێنێکیش کە پێمان دابوون بەجێمان هێنا، کە ئەوانیش و هەرکەسیش خۆمان ویستمان نەجاتمان دان، زیادە ڕەوانیشمان لەناوبرد.

٤ - ﴿ وَلَقَدْ صَدَقَكُمُ ٱللَّهُ وَعْدَهُۥٓ إِذْ تَحُسُّونَهُم بِإِذْنِهِۦ ۖ حَتَّىٰٓ إِذَا فَشِلْتُمْ وَتَنَٰزَعْتُمْ فِى ٱلْأَمْرِ وَعَصَيْتُم مِّنۢ بَعْدِ مَآ أَرَىٰكُم مَّا تُحِبُّونَ ۚ مِنكُم مَّن يُرِيدُ ٱلدُّنْيَا وَمِنكُم مَّن يُرِيدُ ٱلْءَاخِرَةَ ۚ ثُمَّ صَرَفَكُمْ عَنْهُمْ لِيَبْتَلِيَكُمْ ۖ وَلَقَدْ عَفَا عَنكُمْ ۗ وَٱللَّهُ ذُو فَضْلٍ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿١٥٢﴾ ﴾ آل عمران .

بەڕاستی خوا ڕاستی کرد لە گەڵتاندا کە بەڵێنی سەرکەوتنی دانێ، کە لەسەرەتای جەنگی ئوحوددا کافرەکانتان دەکوشت، (دواییش کە موسڵمانان سەرکەوتن بەیارمەتی خواو، تیرهاوێژەکان فەرمانی پێغەمبەریانﷺ شکاندو لەشاخەکە دابەزین، خوای گەورە پەندێکی وای دادان کە هەرگیز بیریان نەچێتەوە، موسڵمانان تێشکان و زیانی زۆریان لێ کەوت) .

لەم ئایەتەدا بە ئاشکرا باسی هاتنەدی بەڵێنی خوا دەکات کە هاوەڵان لە سەرەتای جەنگەکەدا بینیان، دیارە ئەوان کە بەشداری جەنگەکە بوون و ئازاریان چەشتبوو ئاسنەکەیان گەرم بوو کە قورئان دەیکوتان، ئەمەش پەروەردەیەکی کرداری گرنگ بوو کە ئیتر وای لێ کردن لەفەرمانی حەزرەتﷺ دەرنەچن و سەرکەوتنەکانیش بەردەوام بوون.

٥ - ﴿ وَلَمَّا رَءَا ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلْأَحْزَابَ قَالُوا۟ هَٰذَا مَا وَعَدَنَا ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَصَدَقَ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ ۚ وَمَا زَادَهُمْ إِلَّآ إِيمَٰنًا وَتَسْلِيمًا ﴿٢٢﴾ ﴾ الأحزاب . کاتێ کە خاوەن باوەڕان لە جەنگی ئەحزابدا چاویان بە دوژمنان کەوت لە هەموولاوە دەوریان دابوون، وتیان: ئەمە هەر ئەوەیە کە خوا و پێغەمبەرەکەی بەڵێنیان بە ئێمە داوە و هەر بەڵێنێ خودا و پێغەمبەری بیدەن، ڕاست دەردەچێت و ئیتر بڕوا و هەستی فەرمان بەسەر بردنیان پتر گەشەی کرد.

## بەڵێنی هەق و بەڵێنی ناهەق

لەبەرئەوەی خوای گەورە پەیمانی خۆی ناشکێنێت و بەڵێنی خۆی دەباتەسەر، وە لەبەر ئەوەی کەس لەو ڕاستگۆتر نیە، بەڵێنەکانی بە بەڵێنی هەق ناودەبات کە لە ئەرزی واقیعدا دێنەدی، هەروەك لەم چەند ئایەتەدا هاتووە:

١ - ﴿ فَرَدَدْنَٰهُ إِلَىٰٓ أُمِّهِۦ كَىْ تَقَرَّ عَيْنُهَا وَلَا تَحْزَنَ وَلِتَعْلَمَ أَنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿١٣﴾ ﴾ القصص .

فیرعەون هەموو منداڵێکی نێرینەی بەنی ئیسرائیلی لەناو دەبرد، کە موساش لەدایك بوو دایکی زۆر نارەحەت بوو کە جگەرگۆشەکەی چۆن لەدەستی ستەمکاران بپارێزێت، خوای گەورەش فەرمانیدایە کە شیری بداتێ و بیخاتە ناو سندوقێکەوەو فڕێی بداتە ئاوی ڕووباری نیلەوە، خواش بەڵێنی دابوویە کەنەترسێت و دڵنیابێت کە بەسەلامەتی بۆی دەگێڕێتەوە، ئەوەبوو ئالی فیرعەون گرتیانەوەو لەدڵیاندا بەویستی خوا خۆشەویست بوو، نەك هەر نەیانکوشت، بەڵکو کردیانە کوڕی خۆیان و دایکی موساشیان بۆ گرت کە شیری بداتێ، ئنجا لەم ئایەتەدا قورئان دەفەرموێت: گێڕامانەوە لای دایکی، تا چاوی پێی ڕوون ببێتەوە و خەمی نەخوا، تا بشزانێت بەڵێنی خوا ڕاستە، بەڵام زۆربەیان ئەم ڕاستییە نازانن (کەخوا بەڵێنی خۆی دەباتەسەر) .

٢ - ﴿ أَلَآ إِنَّ لِلَّهِ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۗ أَلَآ إِنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٥٥﴾ ﴾ یونس

باش بزانن هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدان گشتی هی خودان، لێشتان ڕوون بێت کە بەڵێنی خوا هەقە، بەڵام زۆربەیان نازانن. لەم ئایەتەدا خاوەنێتی ئاسمانەکان و زەوی دەبەستێتەوە بە ڕاستێتی پەیمان و بەڵێنی خواوە، چونکە ئەو زاتەی کەخاوەنی ئەم بوونەوەرە بێت و هەمووی فەرمانبەرداری بن، دیارەو بەڵگە نەویستە کە پەیمان و بەڵێنەکانیشی دێنەدی و هیچ شتێك نابێتە ڕێگر لەڕێی هاتنەدیاندا.

٣ - ﴿ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ نَتَقَبَّلُ عَنْهُمْ أَحْسَنَ مَا عَمِلُوا۟ وَنَتَجَاوَزُ عَن سَيِّـَٔاتِهِمْ فِىٓ أَصْحَٰبِ ٱلْجَنَّةِ ۖ وَعْدَ ٱلصِّدْقِ ٱلَّذِى كَانُوا۟ يُوعَدُونَ ﴿١٦﴾ ﴾ الأحقاف . ئەو کەسانەی کە چاکەکار بن و شوکرانە بژێربن و لەگەڵ

دایك و باوكیاندا باش بن، ئەوا باشترین كردەوەیان لێ وەردەگرین و لەخراپەو كەم و كورتیان خۆش دەبین و لەناو بەهەشتییاندا دایاندەنێین، بەپێی ئەو بەڵێنە ڕاستەی كە لەدونیادا پێیان دەدرا.

﴿ وَٱلَّذِى قَالَ لِوَٰلِدَيْهِ أُفٍّ لَّكُمَآ أَتَعِدَانِنِىٓ أَنْ أُخْرَجَ وَقَدْ خَلَتِ ٱلْقُرُونُ مِن قَبْلِى وَهُمَا يَسْتَغِيثَانِ ٱللَّهَ وَيْلَكَ ءَامِنْ إِنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ فَيَقُولُ مَا هَٰذَآ إِلَّآ أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿١٧﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ حَقَّ عَلَيْهِمُ ٱلْقَوْلُ فِىٓ أُمَمٍ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِم مِّنَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ خَٰسِرِينَ ﴿١٨﴾ ﴾ الأحقاف، ئەو كەسەش كە بە باب و دایكی دەووت لام لێ لادەن! ئاخۆ بەڵێنم پێ دەدەن جارێ تر زیندوو دەبمەوەو لەگۆڕ دەرم دەهێننەوە؟ چەند بەرەو چین لەپێش مندا هاتوون و چوون. دایك و باوكیشی هەر هانایان بۆخوا دەبردو بەكوڕەكەیان دەوت: هەی ماڵ وێران بڕوا بێنە! بەڵێنی خودایەو ڕاستە، ئەویش دەیوت: ئەو شتانە هەر چیرۆكی پێشینانەو هیچی تر نیە. ئەو كەسانەش هەر بەدەردی كۆمەڵانێك لە جنۆكەو مرۆڤ چوون، كە بەر لەوانە فەوتان و تووشی جەزرەبەی ئێمە هاتن و زیانبار بوون.

## بەڵێنی ناهەقی شەیتان

لە بەرامبەردا پەیمان و بەڵێنی شەیتان هەیە بۆ مرۆڤ كە لەسەر لوت بەرزی و خەڵەتاندن و درۆ بنیات نراوە، كە بەڵێن بەدۆستانی دەداو نایەتەدی و سەرەنجام حاشایان لێ دەكات، هەروەك قورئان دەفەرمووێت:

١ - ﴿ ...وَمَن يَتَّخِذِ ٱلشَّيْطَٰنَ وَلِيًّا مِّن دُونِ ٱللَّهِ فَقَدْ خَسِرَ خُسْرَانًا مُّبِينًا ﴿١١٩﴾ يَعِدُهُمْ وَيُمَنِّيهِمْ وَمَا يَعِدُهُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ إِلَّا غُرُورًا ﴿١٢٠﴾ ﴾ النساء هەركەسێك شەیتان بكاتە دۆستی خۆی لەجیاتی خودا، دیارە چەند زیانمەند دەبێت، شەیتان بەڵێنی درۆیان دەداتێ و سەركەشی و یاخی بوون نەبێت هیچی تریان پێ ناكات.

٢ - ﴿ قَالَ أَرَءَيْتَكَ هَٰذَا ٱلَّذِى كَرَّمْتَ عَلَىَّ لَئِنْ أَخَّرْتَنِ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ لَأَحْتَنِكَنَّ ذُرِّيَّتَهُۥٓ إِلَّا قَلِيلًا ﴿٦٢﴾ قَالَ ٱذْهَبْ فَمَن تَبِعَكَ مِنْهُمْ فَإِنَّ جَهَنَّمَ جَزَآؤُكُمْ جَزَآءً مَّوْفُورًا ﴿٦٣﴾ وَٱسْتَفْزِزْ مَنِ ٱسْتَطَعْتَ مِنْهُم بِصَوْتِكَ وَأَجْلِبْ عَلَيْهِم بِخَيْلِكَ وَرَجِلِكَ وَشَارِكْهُمْ فِى ٱلْأَمْوَٰلِ وَٱلْأَوْلَٰدِ وَعِدْهُمْ وَمَا يَعِدُهُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ إِلَّا غُرُورًا ﴿٦٤﴾ إِنَّ عِبَادِى لَيْسَ لَكَ عَلَيْهِمْ سُلْطَٰنٌ وَكَفَىٰ بِرَبِّكَ وَكِيلًا ﴿٦٥﴾ ﴾ الإسراء

شەیتان وتی: (پەروەردگار) ئاگادارم بکە دەربارەی ئەو کەسەی گەورەت کردووە بەسەر منداو فەرمانم پێ دەدەیت سوجدەی بۆ بەرم، بۆچی گەورەت کردووە بەسەر مندا؟! ئەگەر دوام بخەیت و مۆڵەتم بدەیت تا ڕۆژی قیامەت، هەرچی نەوەی ئادەم هەیە گومڕایان دەکەم و لغاویان دەکەم کەمێکیان نەبێت. خوداش فەرمووی: دەبڕۆ مۆڵەتت بێت، هەرکەس لەوان دوای تۆ بکەوێت ئەوا دۆزەخ پاداشتیانە، پاداشتێکی پڕ بەپڕە. هەرکامێك تۆ پێی دەوێریت، بانگی بکەو دنەی بدەو بەسوارو پیادەی خۆتەوە بگەسەری و ببە هاوبەش لەماڵ و زارۆڵەکانیان، بەڵێنیان پێ بدە، هەرچەند بەڵێنی شەیتان لەفریودان و ساختە زیاتر نیە. تۆ بەسەر بەندە ڕاستەکانی مندا هیچ دەسەڵاتێکت نیە، پەروەردگارت بریکاریانە، بەسیانە.

## شەیتان واز لە شوێنکەوتووانی دێنێت لەدونیادا

١ - ﴿ وَإِذْ زَيَّنَ لَهُمُ الشَّيْطَانُ أَعْمَالَهُمْ وَقَالَ لَا غَالِبَ لَكُمُ الْيَوْمَ مِنَ النَّاسِ وَإِنِّي جَارٌ لَّكُمْ ۖ فَلَمَّا تَرَاءَتِ الْفِئَتَانِ نَكَصَ عَلَىٰ عَقِبَيْهِ وَقَالَ إِنِّي بَرِيءٌ مِّنكُمْ إِنِّي أَرَىٰ مَا لَا تَرَوْنَ إِنِّي أَخَافُ اللَّهَ ۚ وَاللَّهُ شَدِيدُ الْعِقَابِ ﴿٤٨﴾ ﴾ الأنفال .

کاتێك شەیتان کردەوە ناپەسەند و نارەواکانی بۆ ڕازاندنەوە، وتی: ئەمڕۆ هیچ کەس دەرەقەتی ئێوە نایەت، منیش پشت و پەناتانم، جا کاتێك ئەو دوو سوپایە یەکیان بینی و بەیەك گەیشتن دەستبەجێ شەیتان پێ دزەی کرد و پاشە و پاش گەڕایەوەو وتی: بەڕاستی من بەریم لە ئێوە، چونکە بەڕاستی ئەوەی من دەیبینم ئێوە نایبینن (دیارە شەیتان لە بەدردا دەستە دەستە فریشتەکانی بینیوە کە دابەزیون بۆ هاوکاری موسڵمان) شەیتان وتی: بێگومان من لە خوا دەترسم! بەڕاستی تۆڵەی خوا زۆر دژوار و سەختە.

٢ - ﴿ كَمَثَلِ الشَّيْطَانِ إِذْ قَالَ لِلْإِنسَانِ اكْفُرْ فَلَمَّا كَفَرَ قَالَ إِنِّي بَرِيءٌ مِّنكَ إِنِّي أَخَافُ اللَّهَ رَبَّ الْعَالَمِينَ ﴿١٦﴾ فَكَانَ عَاقِبَتَهُمَا أَنَّهُمَا فِي النَّارِ خَالِدَيْنِ فِيهَا ۚ وَذَٰلِكَ جَزَاءُ الظَّالِمِينَ ﴿١٧﴾ ﴾ الحشر

دووڕووەکان کە هانی جووەکان دەدەن بە گژ موسڵماناندا بچن وەك ئەوەیە کە شەیتان هانی مرۆڤێك دەدات کە کفر بکات، کاتێ کفر دەکات حاشای لێ دەکات و دەڵێت: من بێ

بەریم لە تۆ، من لە خوای پەروەردگاری هەموو جیهانەکان دەترسم، سەرەنجامی شەیتان و کافرەکە دۆزەخە بۆ هەمیشە، ئەوەش پاداشتی ستەمکارانە. □

## شەیتان دەستبەرداری شوێنکەوتووانی دەبێت لە ئاخیرەتدا

جا کاتێ کە حوکم بڕایەوە و بەهەشتیان چوونە بەهەشت و دۆزەخیانیش چوونە دۆزەخ، شەیتان بە دۆزەخیەکانی وت: خودا بەڵێنی پێدان و ڕاستی لەگەڵ کردن و هێنایەدی، منیش بەڵێنم پێدان و درۆم لەگەڵ کردن، من هیچ زۆرێکم نەبوو بەسەرتانەوە، تەنها ئەوەندە بوو بانگم کردن بۆ ڕێگای چەوت و بە گوێتان کردم، سەرزەنشتی من مەکەن، لۆمەی خۆتان بکەن، نەمن دەتوانم ئێوە ڕزگار بکەم و نە ئێوەش دەتوانن من ڕزگار بکەن، من ئیمانم بەوە نیە کە لەمەوپێش ئێوە منتان کردووە بە هاوبەشی خوا، بەڕاستی ستەمکاران سزای سەختیان بۆ هەیە. ﴿ وَقَالَ الشَّيْطَانُ لَمَّا قُضِيَ الْأَمْرُ إِنَّ اللَّهَ وَعَدَكُمْ وَعْدَ الْحَقِّ وَوَعَدتُّكُمْ فَأَخْلَفْتُكُمْ ۖ وَمَا كَانَ لِيَ عَلَيْكُم مِّن سُلْطَانٍ إِلَّا أَن دَعَوْتُكُمْ فَاسْتَجَبْتُمْ لِي ۖ فَلَا تَلُومُونِي وَلُومُوا أَنفُسَكُم ۖ مَّا أَنَا بِمُصْرِخِكُمْ وَمَا أَنتُم بِمُصْرِخِيَّ ۖ إِنِّي كَفَرْتُ بِمَا أَشْرَكْتُمُونِ مِن قَبْلُ ۗ إِنَّ الظَّالِمِينَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٢٢﴾ ﴾ إبراهيم

## لە نێوان بەڵێنی خوا و بەڵێنی شەیتاندا

مرۆڤ وا لە نێوان دوو بەڵێن و دوو فەرماندا، شەیتان فەرمانی پێ دەدات بەڕژدی و چروکی و نەبەخشین و دەیترسێنێت لە هەژاری و نەداری و داهاتوویەکی ناڕوون، لەم لاشەوە پەروەردگار هانی مرۆڤ دەدات کە لەڕێی خوادا ببەخشێت و نەترسێت لەو داهاتووەی کە بەدەست پەروەردگارە.

﴿ الشَّيْطَانُ يَعِدُكُمُ الْفَقْرَ وَيَأْمُرُكُم بِالْفَحْشَاءِ ۖ وَاللَّهُ يَعِدُكُم مَّغْفِرَةً مِّنْهُ وَفَضْلًا ۗ وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٦٨﴾ ﴾ البقرة . شەیتان ئێوە لەنەداری دەترسێنێت و بۆ خراپە هانتان دەدات، خوداش بەڵێنی لێخۆشبوون و خۆشی ژیانتان پێ دەدات، خوا نیعمەت و فەزڵی فراوانە و زانایە.□

## هاتنه دی بەڵێنی خـودا

﴿وَنَادَىٰٓ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَنَّةِ أَصۡحَٰبَ ٱلنَّارِ أَن قَدۡ وَجَدۡنَا مَا وَعَدَنَا رَبُّنَا حَقّٗا فَهَلۡ وَجَدتُّم مَّا وَعَدَ رَبُّكُمۡ حَقّٗاۖ قَالُواْ نَعَمۡۚ فَأَذَّنَ مُؤَذِّنُۢ بَيۡنَهُمۡ أَن لَّعۡنَةُ ٱللَّهِ عَلَى ٱلظَّٰلِمِينَ ٤٤﴾ الأعراف . بەهەشتیەکان بانگی دۆزەخیەکان دەکەن و پێیان دەڵێن: ئێمە بەڕاستی ئەوەی خوا بەڵێنی پێدابووین دەستمان کەوت، ئاخۆ ئێوەش ئەوەی خوا بەڵێنی پێدابوون دەستتان کەوت؟

وتیان: بـەڵێ. ﴿...فَأَذَّنَ مُؤَذِّنُۢ بَيۡنَهُمۡ أَن لَّعۡنَةُ ٱللَّهِ عَلَى ٱلظَّٰلِمِينَ ٤٤﴾ الأعـراف، ئنجـا لـە نێوانیاندا جاڕچی جاڕی داو وتی: نەفرینی خوا لە ستەمکاران بێت. 

## بەڵێنی خوا لە لای بڕوادارو دووڕووەکان

لەجەنگی ئەحزاب دا کەلەساڵی پێنجی کۆچیدا ڕوویداو کافرەکـان لەهـەموو لایەکـەوە کۆبوونەوەو بەهاوپەیمانێتی لەگەڵ جووەکانی ناو مەدینەدا هاتنـە سـەر موسـڵمانان، بـەهیوای ڕیشەکێشکردنیان، بۆ بەرەنگاری دوژمنی دەرەوە لەسەر ڕای (سەلمان) چاڵیان هەڵکەند لـەڕێی هاتنە ناوەوەی کافراندا، بەڵام پەیمان شکێنی ناوخۆی جووەکان مەترسییەکی گەورە بوو لەسـەر موسـڵمانان، ئا لەم بارو زروفە ناهەموارەدا بڕواداران هەرچـەند زۆر نارەحـەت بـوون ﴿...وَزُلۡزِلُواْ زِلۡزَالٗا شَدِيدٗا ١١﴾ الأحزاب ، بەڵام دڵنیابوون لە بەڵێنی خـواو پێغەمبـەرﷺ کەسـەرەنجام سـەردەکەون، دووڕووەکـانیش، لـە گومان و دوودڵی خۆیانەوە دەیانڕوانیە بەڵێنەکانی خواو پێغەمبەرەکەی.

لەکاتی چاڵ هەڵکەندنەکەدا تاشە بەردێك هاتـە ڕێیـان کـە پـاچ کـاری تـێ نـەدەکرد، حەزرەتﷺ هات و (بسم الله) ی کردو یەکەم پاچی لێدا یەك لەسەر سێی شـکاندو فـەرمووی: (الله أکبر) کلیلەکانی شامم پێدراو کۆشکە سوورەکانی لێـرەوە دەبیـنم، پاشـان (بسـم الله) ی کردو پاچی دووەمی لێداو یەك لەسەر سێی تری شـکاند و فـەرمووی: (الله أکـبر) کلیلـەکانی وڵاتی فارسم پێدرا، بە خوا من کۆشکی سپی مەدائن دەبینم، ئنجا (بسم الله) ی کرد و پاچـی سێیەمی لێدا وچی مابوو ورد و خاشی کرد و فەرمووی: (الله أکبر) ، کلیلەکانی یەمەنم پێدرا، بەخوا من لێرەوە ئێستا دەرگاکانی شاری سەنعا دەبینم) .

قورئانی پیرۆز چەند لایەنێکی جەنگی ئەحزابمان بۆ تۆمار دەکات و دەفەرمووێت:
﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱذۡكُرُواْ نِعۡمَةَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ إِذۡ جَآءَتۡكُمۡ جُنُودٞ فَأَرۡسَلۡنَا عَلَيۡهِمۡ رِيحٗا وَجُنُودٗا لَّمۡ تَرَوۡهَاۚ وَكَانَ ٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ بَصِيرًا ﴿٩﴾ إِذۡ جَآءُوكُم مِّن فَوۡقِكُمۡ وَمِنۡ أَسۡفَلَ مِنكُمۡ وَإِذۡ زَاغَتِ ٱلۡأَبۡصَٰرُ وَبَلَغَتِ ٱلۡقُلُوبُ ٱلۡحَنَاجِرَ وَتَظُنُّونَ بِٱللَّهِ ٱلظُّنُونَا۠ ﴿١٠﴾ هُنَالِكَ ٱبۡتُلِيَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ وَزُلۡزِلُواْ زِلۡزَالٗا شَدِيدٗا ﴿١١﴾ ﴾ الأحزاب .

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە یادی نیعمەتی خوا بکەنەوە بەسەرتانەوە، کاتێ لەشکری دوژمن هاتە سەرتان و ئێمەش ڕەشەبایەکمان هەڵکرد بۆ سەریان و سەربازگەلێکمان نارده سەریان کە ئێوە نەتان دەبینین، خواش بەکار و کردەوەکانی ئێوە ئاگادارە و دەیبینێت. کاتێ ئەو لەشکرەی لە لای سەرووتانەوە و لە خوارەوە هاتنە سەرتان و چاوان ئەبڵەق بوون و دڵان کەوتنە لەرزە و لە ترسا خەریك بوون دەربێن و، جۆرەها گومانیان بەخودا برد، ئا لەوێدا تاقیکردنەوەی باوەڕداران هاتە گۆڕێ و، بە لەرزینێکی زۆر بەهێز دڵی هەمووان کەوتە لەرزە.

﴿ وَإِذۡ يَقُولُ ٱلۡمُنَٰفِقُونَ وَٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٞ مَّا وَعَدَنَا ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ إِلَّا غُرُورٗا ﴿١٢﴾ ﴾ الأحزاب ، لەو کاتەدا دووڕووەکان و دڵ نەخۆشەکان دەیانوت: ئەو بەڵێنەی خودا و پێغەمبەرەکەی دەیاندایێ هەر بۆ فریوی ئێمە بوو.

ئەمە ڕاوبۆچوونی دووڕووەکان بوو بەرامبەر بە بەڵێنەکانی خوا و پێغەمبەرەکەیﷺ ،لەم لاشەوە بڕواداران حەزرەتﷺ سەرمەشق بوو بۆیان و دڵنیابوون لە بەڵێنەکانی خواو پێغەمبەرەکەی و زیاتر ئیمان و بڕواو فەرمانبەرداریان گەشەی کرد:﴿ وَلَمَّا رَءَا ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ٱلۡأَحۡزَابَ قَالُواْ هَٰذَا مَا وَعَدَنَا ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَصَدَقَ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥۚ وَمَا زَادَهُمۡ إِلَّآ إِيمَٰنٗا وَتَسۡلِيمٗا ﴿٢٢﴾ ﴾ الأحزاب .

## متمانەی ڕەها بە قورئان

بڕوابوون بەخواو بە پێغەمبەرﷺ پێویست دەکات کە متمانەی ڕەهامان هەبێت بە قورئان کاتێك کە باسی موعجیزەی پێغەمبەرێك دەکات، دڵنیاین کەوابووە، بۆ نموونە:

## ١ - نەسووتانی حەزرەتی ئیبراهیم

قورئان باسی نەسووتانی حەزرەتی ئیبراهیم دەكات (سەلامی خوای لێبێت) ، دڵنیاین كەخوای گەورەی باڵادەست كە بەدیهێنەری گەرمی و سووتانە لە ئاگردا دەتوانێت ئەو خاسیەتەی لێ وەربگرێتەوەو ساردو سەلامەت بێت بۆ باوكی پێغەمبەران، هەروەك دەفەرموێت: ﴿ قَالُوا۟ حَرِّقُوهُ وَٱنصُرُوٓا۟ ءَالِهَتَكُمْ إِن كُنتُمْ فَـٰعِلِينَ ﴿٦٨﴾ قُلْنَا يَـٰنَارُ كُونِى بَرْدًا وَسَلَـٰمًا عَلَىٰٓ إِبْرَٰهِيمَ ﴿٦٩﴾ وَأَرَادُوا۟ بِهِۦ كَيْدًا فَجَعَلْنَـٰهُمُ ٱلْأَخْسَرِينَ ﴿٧٠﴾ ﴾ الأنبياء

## ٢ - جەنگی خوا لەگەڵ سووخۆراندا :

قورئان دەفەرموێت: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَذَرُوا۟ مَا بَقِىَ مِنَ ٱلرِّبَوٰٓا۟ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿٢٧٨﴾ فَإِن لَّمْ تَفْعَلُوا۟ فَأْذَنُوا۟ بِحَرْبٍ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ۖ وَإِن تُبْتُمْ فَلَكُمْ رُءُوسُ أَمْوَٰلِكُمْ لَا تَظْلِمُونَ وَلَا تُظْلَمُونَ ﴿٢٧٩﴾ ﴾ البقرة

ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە لە خوا بترسن و دەستبەرداری ئەو سووە بن كە بە حسابی خۆتان ماوتانە لەسەر خەڵكی، ئەگەر وانەكەن، ئەوە بانگەوازی جەنگ بكەن لەگەڵ خوا و پێغەمبەردا ﷺ.

ڕاگەیاندنی جەنگ بەرامبەر سووخۆران ڕەنگە لەو ڕۆژگارە و لەم سەردەمەی ئێستاشدا لای زۆركەس ڕوون نەبێت، یان ڕەنگە قەناعەتیان پێی نەبێت بەهۆی ئەو بیروبۆچوونە سەقەتەی سەرمایەدارییەوە كە ئابووری بێ سووخۆری لەسەر پێی خۆی ناوەستێت.

ئەم ئایەتە بە تەنها بەڵگەیەكی گەورەیە لەسەر ئەوەی كە ئەم پەیامە پەیامێكی ئاسمانییە، كە ئەم پەیامە دوور دەڕوانێت و لە خوایەكەوەیە ڕابردوو ئێستا و داهاتوو بەلایەوە وەك یەكە.

خوای گەورەی باڵادەست بە زانیاری بێپایانی زانیویەتی كە دنیا چۆن بە دەست سووەوە گیر دەخوات، بۆیە ئاوا بە گرنگ گرتوویەتی و جڵەوگیری لێ دەكات، هەركەس لەمەوبەر هەرچی تەسەور كردبێت بە هەرحاڵ، بەڵام لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا بە ئاشكرا دەركەوت نیزامی سووخواردن چۆن ئیفلاسی بە سەدان بانكی گەورەی جیهانی كرد و چ كارەساتێكی گەورەی هێنا بەسەر ئابووری جیهاندا.

## ٣ - جیهاد بازرگانییەکی بە قازانجی ڕزگارکەرە:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ هَلۡ أَدُلُّكُمۡ عَلَىٰ تِجَٰرَةٖ تُنجِيكُم مِّنۡ عَذَابٍ أَلِيمٖ ١٠ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَتُجَٰهِدُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ بِأَمۡوَٰلِكُمۡ وَأَنفُسِكُمۡۚ ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ١١ ﴾ الصف.

مرۆڤ حەزی بە ژیان و خۆشی و سەلامەتییەو جیهاد بە مایەی تیاچوون و زەحمەت ئەزانێت، هەرچەند لە ڕاستیدا وانیە و قورئان دەفەرموێت: جیهاد و تێکۆشان لە ڕێی خوادا بازرگانییەکی پڕخێر و بەرەکەت و قازانجە و مایەی دەستکەوتنی بەهەشتە. ڕاستە زەحمەت و نارەحەتی تیایە و نەفس حەزی پێناکات، بەلاّم مەرج نیە هەرچی لەسەر نەفس قورس بوو خراپ بێت ﴿ كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلۡقِتَالُ وَهُوَ كُرۡهٞ لَّكُمۡۖ وَعَسَىٰٓ أَن تَكۡرَهُواْ شَيۡـٔٗا وَهُوَ خَيۡرٞ لَّكُمۡۖ وَعَسَىٰٓ أَن تُحِبُّواْ شَيۡـٔٗا وَهُوَ شَرّٞ لَّكُمۡۚ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ وَأَنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ ٢١٦ ﴾ البقرة .

## ٤ - تیاچوونی جوولەکە:

﴿ وَإِذۡ تَأَذَّنَ رَبُّكَ لَيَبۡعَثَنَّ عَلَيۡهِمۡ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ مَن يَسُومُهُمۡ سُوٓءَ ٱلۡعَذَابِ ١٦٧ ﴾ الأعراف .

یادی ئەوە بکەرەوە کە پەروەردگاری تۆ بڕیاریدا سەبارەت بەو جوولەکانەی کە بڕوا بە پێغەمبەران ناکەن، کە تا ڕۆژی قیامەت ستەمکاری وایان دەنێرێتە سەر ناخۆشترین سزایان بکا بە قوڕگدا، خودا زۆر گورج تۆڵە لە بەدکاران دەستێنێت و هەروەها گوناهپۆشی میهرەبانە.

﴿ ...إِنَّ رَبَّكَ لَسَرِيعُ ٱلۡعِقَابِ وَإِنَّهُۥ لَغَفُورٞ رَّحِيمٞ ١٦٧ ﴾ الأعراف .

﴿ ضُرِبَتۡ عَلَيۡهِمُ ٱلذِّلَّةُ أَيۡنَ مَا ثُقِفُوٓاْ إِلَّا بِحَبۡلٖ مِّنَ ٱللَّهِ وَحَبۡلٖ مِّنَ ٱلنَّاسِ وَبَآءُو بِغَضَبٖ مِّنَ ٱللَّهِ وَضُرِبَتۡ عَلَيۡهِمُ ٱلۡمَسۡكَنَةُۚ ... ١١٢ ﴾ آل عمران .

ئەو جوولەکانە لە هەرجێیەکیش بن، هەر ژێر چەپۆکی و زەبوونی بووەتە بەشیان، جا مەگەر پەیمان لەگەڵ خوا و پەیمان لەگەڵ خەڵکدا بگاتە فریایانەوە، تووشی توڕەیی خوا بوون و مۆری زەبوونیان بەسەردا نراوە.

﴿...ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَانُوا۟ يَكْفُرُونَ بِـَٔايَـٰتِ ٱللَّهِ وَيَقْتُلُونَ ٱلْأَنۢبِيَآءَ بِغَيْرِ حَقٍّ ۚ ذَٰلِكَ بِمَا عَصَوا۟ وَّكَانُوا۟ يَعْتَدُونَ ﴿١١٢﴾﴾ **آل عمران** ، ئەوەش لەبەرئەوەی بێبڕوابوون بە نیشانەو ئایەتەکانی خواو پێغەمبەران دەکوژن بەناهەق و هەر نافەرمانیو دەست درێژیان دەکرد.

ئەوەی باسکرا لەخراپی جوولەکە دیارە موعجیزەیە ئەگینا خوا نەبێت کێ دەزانێت ئەمانە خراپە لەخوێنیانایەو بەردەوام شەڕو ئاشووب دەنێنەوە، جا لەم سەردەمەی خۆشماندا بەشێکی زۆری ئاژاوەی دنیا لەژێر سەری ئەواندایەو جۆرە دەستەڵاتێکیان هەیە، ئەمەش قۆناغێکە کە ئەگەر نەگەڕێنەوە سەر بەرنامەی خوا ئەو زەبوونی و زیللەتەی کەخوا بۆی نووسیون دووچاریان دەبێت و تالآو دەکرێت بەقوڕگیاندا.

جا بەگەڕانەوە بۆلای خوا﴿...إِلَّا بِحَبْلٍ مِّنَ ٱللَّهِ ...﴿١١٢﴾﴾ یان بە هاوکاری کەسانی تر ﴿... وَحَبْلٍ مِّنَ ٱلنَّاسِ ...﴿١١٢﴾﴾ **آل عمران** .

ئەمڕۆ ولآتانی ڕۆژئاوایان ڕام کردووە بۆ خۆیان و ئەم قۆناغەش کاتێ موسڵمانان و ڕۆژئاواییەکان وریابوونەوە و لە پیلانەکانی جوولەکە تێگەیشتن ئەو دەمە وەعدەکەی قورئان دێتەدی و دار و بەردیش پەنایان نادات و خەبەریان لێ دەدات.

جا ئەمە بەڵێنێکی قورئانییە بە درێژایی مێژوو ڕاست بووە و لە داهاتووشدا بێگومان هەر ڕاست دەردەچێت، درەنگ بێت یان زوو، بیبینین یان نەیبینین!

## ٥ - سەرکەوتنی موسڵمانان :

﴿ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ رُسُلًا إِلَىٰ قَوْمِهِمْ فَجَآءُوهُم بِٱلْبَيِّنَـٰتِ فَٱنتَقَمْنَا مِنَ ٱلَّذِينَ أَجْرَمُوا۟ ۖ وَكَانَ حَقًّا عَلَيْنَا نَصْرُ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٤٧﴾﴾ **الروم** . بەر لە تۆش زۆر پێغەمبەرمان ناردە سەر گەلانی خۆیان و گەلێ بەڵگەی پتەویان بردە لایان جا ئەوانەی دژیان وەستان، وە بەر تۆڵەی ئێمە کەوتن، ئەوانەی بڕواشیان هێنا هەق بوو بە سەرمانەوە کە سەریان بخەین.

ئەمەش بەڵێنێکی خواییە بۆ بڕواداران لە هەر کات و شوێنێکدا بن خوای گەورە سەریان دەخات، جا وردبوونەوە لە ژیاننامەی حەزرەتﷺ و یارانی، پاشان مێژووی درێژی دوای ئەوان

ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێت و موسڵمانان کە بەڕاستی پابەندی بەرنامەی خوابوون هەمیشە سەرکەوتوو سەرفرازبوون.

تێگەیشتن لەم ڕاستییەش گرنگە بۆ ئەوەی بڕوادار تووشی بێ هیوایی نەبێت لە قۆناغێك و سەردەمێکی تایبەتدا کە ناهەق وەك کەفی دەریا سەرئاو کەوتبێت و ڕووی گەشی ئاوی داپۆشیبێت. ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تَنصُرُواْ ٱللَّهَ يَنصُرۡكُمۡ وَيُثَبِّتۡ أَقۡدَامَكُمۡ ٧ ﴾ محمد .

## هەواڵەکانی قورئان دێنە دی

خوای گەورە زانایە بەچی پەنهانە، هیچ کەس هیچ لەو غەیب و پەنهانانە نازانێت مەگەر خوا بۆ خۆی کەشفی بکات بۆ بەندەیەك لەبەندەکانی ﴿ قُلۡ إِنۡ أَدۡرِيٓ أَقَرِيبٞ مَّا تُوعَدُونَ أَمۡ يَجۡعَلُ لَهُۥ رَبِّيٓ أَمَدًا ٢٥ عَٰلِمُ ٱلۡغَيۡبِ فَلَا يُظۡهِرُ عَلَىٰ غَيۡبِهِۦٓ أَحَدًا ٢٦ إِلَّا مَنِ ٱرۡتَضَىٰ مِن رَّسُولٖ فَإِنَّهُۥ يَسۡلُكُ مِنۢ بَيۡنِ يَدَيۡهِ وَمِنۡ خَلۡفِهِۦ رَصَدٗا ٢٧ ﴾ الجن

پێیان بڵێ: من نازانم ئەوەی بەڵێنتان پێ دراوە نزیکە و بەم نزیکانە دەبێت یان پەروەردگارم مەودایەکی بۆ داناوە، لە نادیار ئاگادارە و نهێنی خۆی بۆ کەسێك ئاشکرا ناکات، تەنها فروستادەیەك نەبێت کە خوا خۆی لێی ڕازی بێت و هەڵبژاردبێت بۆ زانینی ڕاز و نهێنی، ئەو فروستادەیە خوا لەبەردەمیەوە و لە پشتیەوە چەند فریشتەیەك دەنێرێت ببن بەنیگابان بۆی، تانەهێڵن پەرییان ئاگادار بن لەو نهێنیانەی خوا ئەوی لێیان ئاگادارکردووە.

هەروەها قورئان داوا لە حەزرەتﷺ دەکات کە بێئاگایی خۆی لەغەیب ڕابگەیەنێت ﴿ قُل لَّآ أَمۡلِكُ لِنَفۡسِي نَفۡعٗا وَلَا ضَرًّا إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُۚ وَلَوۡ كُنتُ أَعۡلَمُ ٱلۡغَيۡبَ لَٱسۡتَكۡثَرۡتُ مِنَ ٱلۡخَيۡرِ وَمَا مَسَّنِيَ ٱلسُّوٓءُۚ ... ١٨٨ ﴾ الأعراف . پێیان بڵێ: من خاوەنی سوود و زیانی خۆم نیم، مەگەر شتێك خودا ویستی لەسەر بێت، جا ئەگەر نادیار و غەیبم بزانیایە خێر و قازانجی زۆرم بۆ خۆم کۆدەکردەوە و هەرگیز تووشی زیان نەدەبووم ﴿ ...إِنۡ أَنَا۠ إِلَّا نَذِيرٞ وَبَشِيرٞ لِّقَوۡمٖ يُؤۡمِنُونَ ١٨٨ ﴾ الأعراف . من هەر تەنها مژدەدەر و ترسێنەرم بۆ کەسانێك بڕوا دەکەن.

## له قورئاندا باسی سێ غەیب كراوە

**یەكەم: غەیبی ڕابردوو:**

ئەو ڕووداوانەیە پێش پێغەمبەرﷺو دابەزینی قورئان ڕوویانداوە، هەروەك باسی دروست بوونی ئادەم و ئاسمانەكان و زەوی و ژیاننامەی پێغەمبەران و گەلەكانیان.

**دووەم: غەیبی ئێستا:**

ئەو ڕووداوانەیە كە قورئان باسی كردوون و لە زەمانی حەزرەتداﷺڕوویانداوە، هەروەها باسی پەروەردگار و مەلائیكەت و پەریەكان كە بوونیان هەیە و ئێمە هەستی پێ ناكەین.

**سێیەم: غەیبی داهاتوو:**

هەموو ئەو هەواڵ و بەڵێنانەی قورئان دەگرێتەوە كە هەر لە زەمانی حەزرەتەوە تائێستا و تا قیامەت ڕوودەدەن.

ئەم غەیبانەش كە قورئان باسیان دەكات و هەندێكی كەمیان ئاشكرا بوون و هاتونەتەدی و ئەوانی تریش بەڕێوەن، بەڵگەن لەسەر موعجیزەی ئەم قورئانە كە پەیامێكەو بەعیلمی خوا دابەزیوە، نموونەش بۆ ئەم باسە زۆرە وەك:

**١ - سەركەوتنی ڕۆم بەسەر فارسەكاندا**

## گرنگی پێشبینیەكەی قورئان :

پێشبینیەكانی قورئان لایەنێكی دیاری ئیعجازی قورئانن ، كە خوای گەورە بۆپشتگیری پێغەمبەرەكەی هێناونیەو ، مرۆڤ لە ئاستیانا سەرسام دەبێ.

ئەو باروزروفەی كە قورئان ئەمەی تیا ڕاگەیاند بێگومان موعجیزە بوو چونكە :

أ - بارو زرووف و ڕووداوەكان بەهیچ جۆرێك ئەوەی لێنەدەخوێنرایەوە كە ئەو پێشبینیە دێتەدی.

ب - دیاری كردنی ماوەی (٣) تا (٩) ساڵ بۆ هەستانەوەی گەلێكی ژێركەوتووی شپرزی بێدەسەڵاتی وەك ڕۆمەكان لەو سەردەمەدا بەعەقڵی كەسدا نەدەچوو.

بەڵامدیارە دنیا هەروا بەگوێرە ناڕوات بەڕێوەو، پەروەردگار دەستی لێ بەرنەداوەو فەرمان هەرفەرمانی ئەوەو چی بوێت لە بوونەوەرەكەیدا ئەوە دەكات و هیچ شتێك نیە بتوانێ دەستەوسانی بكات.

لەو ڕۆژەدا ڕۆمەکان لەپەلەقاژێی مەرگ وگیانەڵادابوون بەدەست فارسە ئاگر پەرستەکانەوە و پەنجا هەزاریان لێ بەدیل گیرابوو لە دوایەمین جەنگیاندا.

دەنگ وباسی سەرکەوتنی فارس بەسەر ڕۆمدا گەیشتە مەککەوکافرانی مەککە کەوتنە پڕوپاگەندە ولاف وگەزاف لێدان وتانووتدان لە موسڵمانان ، گوایە خۆ فارسەکان بەلای ئێوەوە ئاگر پەرستن و ڕۆمەکانیش ئەهلی کیتابن ، ئەی بۆچی فارسەکان سەرکەوتن بەسەر ڕۆمەکاندا ، کەواتە ئێمەش سەردەکەوین بەسەر ئێوەدا ، هەرچەندە ئێوە خۆتان بەڕاست دەزانن وخۆتان بەخاوەنی کتێبی ئاسمانی دەزانن.

ئالەم کاتەدا قورئان هاتە خوارەوەو فەرمووی: ﴿الٓمٓ ﴿١﴾ غُلِبَتِ ٱلرُّومُ ﴿٢﴾ فِيٓ أَدۡنَى ٱلۡأَرۡضِ وَهُم مِّنۢ بَعۡدِ غَلَبِهِمۡ سَيَغۡلِبُونَ ﴿٣﴾ فِي بِضۡعِ سِنِينَۗ لِلَّهِ ٱلۡأَمۡرُ مِن قَبۡلُ وَمِنۢ بَعۡدُۚ وَيَوۡمَئِذٖ يَفۡرَحُ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ﴿٤﴾ بِنَصۡرِ ٱللَّهِۚ يَنصُرُ مَن يَشَآءُۖ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٥﴾ وَعۡدَ ٱللَّهِۖ لَا يُخۡلِفُ ٱللَّهُ وَعۡدَهُۥ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ ﴿٦﴾ يَعۡلَمُونَ ظَٰهِرٗا مِّنَ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَهُمۡ عَنِ ٱلۡأٓخِرَةِ هُمۡ غَٰفِلُونَ ﴿٧﴾﴾ الروم، واتە : ئەلیف لام میم ، ڕۆمەکان بەدەستی فارسەکان تێکشکێنران ، لەنزیکترین و نزمترین وڵاتیاندا ، بەڵام لە ئایندەدا نۆرەیان دێتەوەو ڕۆمەکان دوای شکستیان سەردەکەونەوە ، لەچەند ساڵێکدا (٣تا ٩) ساڵ ،هەموو کارو فرمانێك تەنها بەدەست خوایە ، لەوەو پێش و لەوەو دوایش و لەهەموو کات وشوێنێکدا. جائەو ڕۆژە بڕواداران خۆشحاڵ و شادمان دەبن ، بەسەرکەوتنی خوا کە بەخشی بە بڕواداران ، ( کەلەبەدردا سەری خستن ) ، هەرکەسێك یان هەردەستەیەك ئەوزاتە بیەوێت سەری دەخات ، هەرئەو خوایەش خاوەنی دەسەڵاتی بێ سنوورە و زۆریش میهرەبانە. بێگومان ئەوە بەڵێنی خوا خۆیەتی کە کێی بوێت سەری دەخات ، خوا بەڵێنی خۆی دەباتە سەر، هەرچەند زۆربەی خەڵکیتەنها ڕواڵەت لەدنیا دەزانن وعەقڵیان لەچاویاندایە ، ئەوانە بێئاگاو بێخەبەرن لەڕۆژی دوایی وقیامەت. ئەوانە هەر ڕواڵەت لە ژیانی دنیا بەدی دەکەن ، لەبەرامبەر قیامەتیشەوە بێئاگان.

## بارو زرووفی ئەو ڕۆژگارە :

لەپەڕاوی (انحطاط وسقوط الامبراطورية الرومية) دا مێژوونووسی ئینگلیزی ناسراو (إیدورد جیبون) باسی ئەو سەردەمە دەکات ، کە چەندە ڕۆمەکان لاوازو شپرزو بێ دەسەلات بوون : (لەو ڕۆژگارەدا کسری ئەپرویز (خسرو) لەسالّی ٦٠٣ ی زاییندا هێرشی کردەسەر دەولّەتی ڕۆم وتوانی قەلاکانی ڕۆمەکان داگیر بکات ولە ڕووباری فورات بپەڕێتەوەو بەرەو شام بکەوێتە ڕێ وحەلّەب داگیر بکاو پاشان (أنطاکیە) ش بگرێ ، کەپایتەختی بەشی ڕۆژهەلاتی دەولّەتی بیزەنتی بوو ، ئنجا دیمەشقیان گرت وپاشان خلیل و ڕۆژهەلاتیئەردەن و، کەنیسەکانیان سوتاندن و هەرچی مالّی وەقفی تیابوو کە لە سێ سەدەدا کۆکرابوونەوە هەرهەموویان بەتالاّن برد ، تەنانەت خاچی ئەسلّی (TRUE CROSS) یشیان برد بۆ ئێران و نزیکەی نەوەد هەزار گاوریان کوشت.

ئنجا فارسەکان چوون بەرەو میسرو داگیریان کردو سنووری فارسەکان گەیشتە حەبەشەو تەڕابلوسی ڕۆژئاواو بەمەش دەستیان گرت بەسەر زۆر ناوچەی ئەفریقیادا. .



**مێژوو نوسی ئینگلیز ادوارد جیبون**

## هۆی هێرشی فارسەکان بۆسەر ڕۆمەکان :

کاتی خۆی کیسرا ئەبرویز خەسرەو کوڕی هرمزی کوڕی ئەنوشیروان ، ڕای کرد لەدەست (بەهرام جور) ، کە هورمزی باوکی لەسەرتەخت هێنایە خوارەوە و، چوو بۆلای ڕۆمەکان و پاشای ڕۆمەکانی ئەوکاتە (موریقس) ڕێزێکی شاهانەی لێگرت و تەنانەت دەڵێن کچی خۆشی دایەو ،پاشان سوپاشی لەگەڵ نارد بە سەرکردایەتیجەنراڵ (نارشز) و تەختی پاشایی باوو باپیریان بۆسەندەوە لەساڵی (٥٩٠) ی زایینیدا. ئەمەش وای لەخەسرەوشا کرد کە هەمیشە وەك باوکێك سەیری (موریقس) بکات و هەردەم خۆی بەمنەتباری بزانێت. لەساڵی (٦٠٢) زایینیدا (منوقس) کەیەکێ بوو لەجەنراڵاتی سوپای ڕۆم شۆڕشی کرد دژی (موریقس) و کوشتی و ماڵ ومناڵی لەناوبردو لەسەر تەختی پاشایەتی (قسطنطينية) دانیشت ، ئنجا سەفیری خۆی نارد بۆلای ئێرانیەکان.

کاتێ کیسرا خەسرەو شا بەمەی زانی زۆر نارەحەت بوو ، دانی نەنا بەم حکومەتە تازەیەداو ویستی تۆڵەی (موریقس) بکاتەوە ، بۆیە ساڵی ٦٠٣ ی زایینی هێرشی کردە سەر دەوڵەتی ڕۆم (کەئەمەش حەوت ساڵ پێش هەڵبژاردنی حەزرەت ﷺبوو بۆپێغەمبەرایەتی. . )

## شۆڕشی هرقل :

لەو ڕۆژگارەدا کە دەوڵەتی ڕۆم لە گیانەڵادا بوو ، هرقل کە حاکمی ئەفریقیابوو شۆڕشی کرد دژی (فوقس) و لەساڵی (٦١٠) ز دا سەرکەوت بەسەریاو کوشتی ، هەرئەوەندە کاروباری گرتە دەست ، هەواڵی داگیرکردنی (انطاكية) ی پێگەیشت لەلایەن فارسەکانەوە. فارسەکان کۆڵیان نەداو بەردەوام بوون لەسەر داگیر کردن و پەلاماردان وگوێیان بەم گۆڕانکاریانە نەدا ، تاساڵی ٦١٦ی زایینی کە ڕۆمەکان تەواو شکان و زۆر وڵاتیان لەدەست داو ئەوروپاش پشێوی و نائارامی زۆر ڕووی تێکرد.

لەساڵی (٣٠٣) ی زایینەوە لەمیسرەوە خواردن و دانەوێڵە دەهات بۆ ( قسطنطينية) ی پایتەختی ڕۆمەکان و دابەش دەکرا بەسەرخەڵکدا ، بۆ ئەوەی خۆش گوزەران بن و لەپایتەختدا بمێننەوەو جێگیر بن ، کەچی کەئەو باروزروفە هاتە پێشێ ومیسر لەلایەن فارسەکانەوە داگیرکرا

، بۆیەکەمجار لەساڵی (٦١٨) زایینیدا ، ئەو دانەوێڵەو خواردنەی میسر بڕاو نەهات ، کە ئەمەش بووە هۆی برسیەتی و تێکچوونی باری گوزەرانی خەڵك لەپایتەختدا.

## هرقل وگۆڕانێکی سەیر :

مێژوونووسەکان یەك دەنگن لەسەر ئەوەی کە (هرقل) لەگەڵ ئەوهەموو دەست درێژیەی فارسەکاندا بۆسەر وڵاتەکەی ، کابرایەکی ساردوسڕو بەندەی هەواو ئارەزووی بوو ، هەروەهاخەریکی خورافات و شتانێك بوو کە دوورن لە ڕەوشتی پاشایەکی مەزنی ئیمپراتۆریەتێکی گەورەو بەرفراوان.

ئالەو شەوەزەنگەی ڕۆمەکاندا لەساڵی ٦١٦ی زایینیدا قورئان دابەزییە سەر پێغەمبەرێکی نەخوێندەواری ناو چوار دیواریماڵێکیقوڕین لەمەککەداو پێی فەرموو (غُلِبَتِ الروم في ادنى الارض وهم مِن بَعْدِ غَلَبِهِمْ سَيَغْلِبون) . .

( جیبون ) یمێژوونووس دەڵێت (محمدﷺئەم هەواڵەی دا لە کاتێکدا کە فتوحاتی ئێرانیو فارسی لەوپەڕی بەهێزیدابوو، لەکاتێکدا کە هەستانەوەی ڕۆمەکان بەعەقڵی کەسدا نەدەچوو (بگرە هەر ئەستەم بوو) ، چونکە دوانزە ساڵی یەکەمی حوکمی هرقل ئەوەی لێدەخوێنرایەوە ، کەباری دەوڵەتەکە ڕۆژ بەڕۆژ خراپتر دەبێت ) ج ٣ ل ٣٠٣ (انحطاط وسقوط الامبراطورية الرومية) . .

لەگەرمەی ئەو هەموو ناهەمواریەی دەوڵەتی ڕۆمەکاندا ، هرقل ویستی (قسطنطينية) بەجێ بهێڵێ و بچێ بۆشاری (قرطاجنه) لەنزیك (تونس) و بیکاتە پایتەختی خۆی. کەلوپەل و ئاڵتون وهەرچی هەبوو لە کۆشکی پاشایەتیدا سواری کەشتی کران و لەوەدا بوون بڕۆن ، یەکێ لەپیاوە ئایینیەکان زۆر هانی داو ورەی بەرز کردەوە کەبجەنگێ و پایتەخت بەجێ نەهێڵێ.

(هرقل) قەناعەتی کردو چووبۆکەنیسەی ( st - sophia) وسوێندی بۆخواردن کەژیان و مردنی لەگەڵ ڕەعیەتەکەیدا بێت و بەجێیان نەهێڵێ.

بەڵێ. . گۆڕانێکی گەورە بەسەر (هرقل) داهات و شـەوگاری تـاریکی تەمومـژاوی گۆڕدرا بەڕۆژی ڕوناك و بووە پاڵەوان و سوارچاکی مەیدان و، هێزەکانی کۆکردەوە لە ( کەنداوی ئەسکەندەرۆنە) وبە بۆنەی لابردنی پـەردەش لەسـەر پەیکـەری (عیسـا) ، وتـارێکی ئـاگرینی بۆخەڵکەکە داو ، داوای لێکردن کە تۆڵە بکەنەوە لە فارسە ئاگرپەرستەکان.

هرقل کەوتە هێرش کردنە سەرفارسەکان و سەرکەوتنی باشی بەدەست هێناو، تـوانی بچێتە ناوئێرانەوەو دیلە ڕۆمەکان ئازاد بکات و، لە هەڵمەتەکانیدا کارێکی وای بەفارس کرد ، خەریك بوو بەیەکجاری تەفروتوونایان بکات. هرقل توانی ئاڵای ڕۆمەکان لەسەردڵی فارسەکان لەئێراندا بچەقێنێ و بەسەریانەوە بشەکێتەوە.

ئەم سەرکەوتنە مەزنەش لەساڵی (٦٢٥) ی زایینیدا بـوو کەبەرامبـەر سـاڵی دووی کۆچی یە (کەموسڵمانان تیایا لەشەڕی بەدردا سەرکەوتن) . .

مێژوونووسان سەرسامن لە گورج بوونەوەو گۆڕانی (هرقل) و دەڵێن : دەسـتی قـەدەر هرقلی برد بەرەو ئەو کارە کە لەخەیاڵی کەسدا نەبوو ، پاشـان (هرقـل) گەڕایـەوە سـەرحاڵی جارانی وخەیاڵی دایە رابواردن و ، هەروەك جارانی کەوتەوە سەر ئەو بـیرەی کـە نابێـت ژیـانی پاشـاو کاربەدەسـتان هـەر لـە گۆڕەپـانی جەنگدابێت،ئـەم حاڵـەش درێـژەی کێشـا تاڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ سوپای ئیسلامدا.

## موعجیزەکانی ئەو پێشبینیە :

١) ئایەتەکە دەفەرموێت ڕۆمەکان ژێرکەوتن لەنزمترین و نزیکترین ناوچـەدا کەئەمـەش ڕاستەو، ڕۆمەکان لای دەریای مردوو ژێرکەوتن کەنزمترین ناوچەیە لەجیهاندا (في ادنى الارض)

٢) ئایەتەکە هەواڵی دا کە لە (بضع سنين) دا سەردەکەونەوە ، بۆیـە ئەبوبـەکر گـرەوی کرد لەگەڵ کافرانی مەککەدا و حەزرەت ﷺ پێی فەرموو لە (سێ تا نۆ) سـاڵ دیـاری بکـە. . هەرواش دەرچوو لە نۆ ساڵەکەدا ڕۆمەکان هەسـتانەوەو سـەرکەوتن کـەهیچ تەفسـیرێکی نیـە مەگەر ئەوەی کەئیرادەی خوا بوو هەستنەوە ، ئەگینا بەهـەموو حسـاباتێکی دنیـایی نـەدەکرا لەوماوە کەمەدا هەستنەوە ، بەتایبەت کەئەوە حاڵی (هرقل) یش بوو. .

٣) ئایەتەکە هەواڵی سەرکەوتنی موسڵمانان دەدات شان بەشانی سەرکەوتنی ڕۆمەکان ، کەدیارە ئەمەش هەرشتێکی سەیرو ئەستەم بوو لەو کاتەدا کەموسڵمانان چەوساوە بوون لەمەککەداو کافران لەوپەڕی دەسەڵات و تواناداا بوون ، ئەوەبوو لەو ساڵەدا کە ڕۆمەکان سەرکەوتن و هەواڵەکە گەیشتە موسڵمانان ، ئەمانیش دڵخۆش بوون بەسەرکەوتنیان لەجەنگی بەدردا کەخۆی لەخۆیدا موعجیزەو سەرسامی بوو ، وەلەعەقڵی کەسدانەبوو ( ويومئذ يفرح المؤمنون بنصر الله ، ينصر من يشاء وهو العزيز الحكيم وعدالله لايُخلف الله وعده ولكن اكثر الناس لايعلمون ) الروم ٤.

## ٢ - مردنی ئەبو لەهەب بە کافری:

ئەبو لەهەب مامی پێغەمبەر بووﷺ دژایەتیەکی زۆری پێغەمبەری کردو ژنەکەشی بەهەمان شێوە ئازاری دەدا، خوای گەورە سورەتێکی نارده خوارەوەو هەواڵی دا بەمردنی ئەبو لەهەب و ژنەکەی بەکافری، کە ئەمەش پاش چەند ساڵێك هاتەدی.

﴿ تَبَّتْ يَدَآ أَبِي لَهَبٍ وَتَبَّ ۝١ مَآ أَغْنَىٰ عَنْهُ مَالُهُۥ وَمَا كَسَبَ ۝٢ سَيَصْلَىٰ نَارًا ذَاتَ لَهَبٍ ۝٣ وَٱمْرَأَتُهُۥ حَمَّالَةَ ٱلْحَطَبِ ۝٤ فِي جِيدِهَا حَبْلٌ مِّن مَّسَدٍ ۝٥ ﴾ المسد، یاخوا وشك بن هەردوو دەستی ئەبولەهەب و، وشکیش بوون، نە سامانی و نە ئەوەی پەیدای کردووە سوودی نەبوو بۆی و دادی نەدا، بەم زووانە دەچێتە ناو ئاگرێکی بە کڵپە و بڵێسەوە، ژنەکەشی دەستە چیلکە بە کۆڵ دێنێ و ئاگری ئاژاوەو فیتنە هەڵئەگیرسێنێت، لە قیامەتیشدا گوریسێکی تاڵ لوول دراوی لە ملایە داری بۆ ئاگری دۆزەخ پێ دەگوێزێتەوە.

## ٣ - دەستەوسانی کافران بەرامبەر قورئان:

﴿ وَإِن كُنتُمْ فِي رَيْبٍ مِّمَّا نَزَّلْنَا عَلَىٰ عَبْدِنَا فَأْتُوا۟ بِسُورَةٍ مِّن مِّثْلِهِۦ وَٱدْعُوا۟ شُهَدَآءَكُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ۝٢٣ فَإِن لَّمْ تَفْعَلُوا۟ وَلَن تَفْعَلُوا۟ فَٱتَّقُوا۟ ٱلنَّارَ ٱلَّتِي وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلْحِجَارَةُ ۖ أُعِدَّتْ لِلْكَٰفِرِينَ ۝٢٤ ﴾ البقرة

ئەگەر دوو دڵن لە ڕاستی ئەو قورئانەی ناردوومانەتە خوار بۆ سەر بەندەی خۆمـان کـە (محمد) ﷺ، بە وتاری ئادەمیزادی دەزانن، دەی ئەگەر ئازان تاقە سـورەتێك لـە وێنـەی ئـەو قورئانە بێنن و بێجگە لە خودا، هەموو ئـەوانیش بـانگ بکـەن کـە بەیاریـدەدەری خۆتانیـان دەزانن، تا یارمەتیتان بدەن. بێگومان بە هەمووتانەوە ناتوانن وێنەی بێنن.

ئەگەر ئەمەتان پێ نەکرا، کە بێگومان پێشتان ناکرێت، دەخۆتان لەو ئاگرە بپارێزن کـە سووتەمەنیەکەی ئادەمیزادو ئەو بتە بەردانەیە کە لەدنیادا دەیانپەرستن و بەتەمای قازانجیـانن، ئەو ئاگرە بۆ کافران ئامادەکراوە. .

دیارە ئەم هەواڵەی قورئان کە بۆ داهـاتووە﴿ وَلَن تَفۡعَلُواْ ﴾البقـرة: ٢٤، موعجیزەیـە و تەنها خوا دەتوانێت ئاوا باس لە دەستەوسانی کافران بکات بەرامبـەر قورئـان لـە داهـاتوودا، کەواش دەرچوو تا ئێستا کەس نەیتوانیوە وێنەی قورئان بهێنێت.

لە ئایەتێکی تریشدا جەخت لەسەر ئەمە دەکاتـەوە و دەفـەرموێت: پێیـان بڵـێ ئەگـەر هەموو ئینس و جین کۆببنەوەو هاریکاری یەکتری بن ناتوانن وێنەی قورئـان بهێـنن ﴿ قُل لَّئِنِ ٱجۡتَمَعَتِ ٱلۡإِنسُ وَٱلۡجِنُّ عَلَىٰٓ أَن يَأۡتُواْ بِمِثۡلِ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانِ لَا يَأۡتُونَ بِمِثۡلِهِۦ وَلَوۡ كَانَ بَعۡضُهُمۡ لِبَعۡضٖ ظَهِيرٗا ٨٨ ﴾ الإسراء .

## دووكەڵ كافرانی مەككە دادەپۆشێت

﴿ بَلۡ هُمۡ فِي شَكّٖ يَلۡعَبُونَ ٩ فَٱرۡتَقِبۡ يَوۡمَ تَأۡتِي ٱلسَّمَآءُ بِدُخَانٖ مُّبِينٖ ١٠ يَغۡشَى ٱلنَّاسَۖ هَٰذَا عَذَابٌ أَلِيمٞ ١١ رَّبَّنَا ٱكۡشِفۡ عَنَّا ٱلۡعَذَابَ إِنَّا مُؤۡمِنُونَ ١٢ أَنَّىٰ لَهُمُ ٱلذِّكۡرَىٰ وَقَدۡ جَآءَهُمۡ رَسُولٞ مُّبِينٞ ١٣ ثُمَّ تَوَلَّوۡاْ عَنۡهُ وَقَالُواْ مُعَلَّمٞ مَّجۡنُونٌ ١٤ إِنَّا كَاشِفُواْ ٱلۡعَذَابِ قَلِيلًاۚ إِنَّكُمۡ عَآئِدُونَ ١٥ يَوۡمَ نَبۡطِشُ ٱلۡبَطۡشَةَ ٱلۡكُبۡرَىٰٓ إِنَّا مُنتَقِمُونَ ١٦ ﴾ الدخان

کەچی هێشتا هەر لە ناو دوودڵی دان و گەمە دەکەن، چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەبە کە ئاسمـان دووکەڵێکی ئاشکرای لێ پەیدا دەبێت، ئازارێکی زۆر بەژانە و هەمـوو خەڵکی دادەپۆشێت، لە تاو ئەو وەزعە نالەبارە دەپاڕێنەوە، پەروەردگارا ئەم سزایەمان لەسەر هەڵبگرە بەڕاسـتی ئێمـە

باوەڕمان بەتۆ هەیە. کوا ئەوانەی گوێ لە ئامۆژگاری دەگرن؟ پێغەمبەرێك هاتە لایان، هەموو شتێکی تێگەیاندن. پاشان ڕوویان لێ وەرگێڕا و گوتیان: فێرکراوە، شێتە! ئێمە بۆ ماوەیەکی کەم ئەو سزایەتان لەسەر لادەبەین، ئێوەش دەگەڕێنەوە سەر ڕێی پێشووتان. لەو ڕۆژەدا تۆڵە دەسێنینەوە کە هەڵمەتە گەورەکە دەبەین.

ئەم ئایەتانە باسی سزایەك دەکەن کە دادەبەزێتە سەر ئەهلی مەککە لە ئەنجامی کەللە ڕەقی و سەرسەختیاندا، بوخاری بۆمان دەگێڕێتەوە لە (عبداللە ی کوڕی مەسعود) ەوە کە کاتێك حەزرەتﷺ بینی خەڵکی شوێنی ناکەون دوعای لێ کردن و فەرمووی: (خوایە حەوت ساڵ وەك حەوت ساڵەکەی یوسف) .

خوای گەورەش دوعای قبوڵ کرد و قات و قڕی و برسێتی و وشکەساڵی ڕووی کردە مەککە بە جۆرێك کە چەرم و مردارەوەبوویان دەخوارد و یەکێکیان کە سەیری ئاسمانی دەکرد لە برسا دووکەڵی بەئاسمانەوە دەبینی.

ئەبو سوفیان هات بۆلای و وتی: ئەی محمد! تۆ فەرمان دەدەیت بە فەرمانبەری خوا، بەخزمایەتی، ئەوا گەلەکەت تیاچوون، دوعایان بۆ بکە.

پێغەمبەریشﷺ دیارە دوعای کرد کەخوا لەسەریان سووك بکات و لەسەریان هەڵبگرێت، خوای گەورەش دوعاکەی وەرگرت و لەسەری سووك کردن، تا لەجەنگی بەدردا هەقی بەرودوای لێ کردنەوە کە یەکێ بوو لەڕۆژەکانی هەڵمەتی هەق و ڕاستی کە بەڕاستی تۆڵەی لێ سەندن و حەفتا گەورەپیاوی قورەیشی تیا کوژرا.

جا لەم ئایەتەدا دوو هەواڵی تیابوو کە هەردووکی هاتنەدی، یەکەم بینینی دووکەڵ و برسێتی و قات و قڕی، دووەم تۆڵە سەندنێکی بە زەبر کە لە بەدردا بوو، ئەمە بێجگە لەوەی قیامەتیشیان ماوە!

## ڕوو بەڕوو بوونەوەی بەردەوام

ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان هەق و ناهەق لەسەرەتای ژیانی مرۆڤایەتییەوە دەستی پێکردووە و بەردەوامیش دەبێت هەتا ڕۆژی قیامەت، ئەڵقەی یەکەمی ئەوەبوو کە لەنێوان ئادەم و حەوا و شەیتاندا ڕوویدا، کە بەسوێندی درۆ لەخشتەی بردن و لە بەهەشتەوە دابەزینە

سەر زەوی، قورئان باسی ئەو ڕووداو و بەسەرهاتە دەكات تا پەندی لێ وەربگرین و بزانین كێشمەكێشی نێوان هەق و ناهەق لە دێر زەمانەوەیە، هەروەك دەفەرمووێت: ﴿فَأَزَلَّهُمَا ٱلشَّيۡطَٰنُ
عَنۡهَا فَأَخۡرَجَهُمَا مِمَّا كَانَا فِيهِۖ وَقُلۡنَا ٱهۡبِطُواْ بَعۡضُكُمۡ لِبَعۡضٍ عَدُوّٞۖ وَلَكُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ مُسۡتَقَرّٞ وَمَتَٰعٌ إِلَىٰ حِينٖ ﴿٣٦﴾
فَتَلَقَّىٰٓ ءَادَمُ مِن رَّبِّهِۦ كَلِمَٰتٖ فَتَابَ عَلَيۡهِۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٣٧﴾ قُلۡنَا ٱهۡبِطُواْ مِنۡهَا جَمِيعٗاۖ فَإِمَّا يَأۡتِيَنَّكُم مِّنِّي
هُدٗى فَمَن تَبِعَ هُدَايَ فَلَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ﴿٣٨﴾ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَكَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَآ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ
ٱلنَّارِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٣٩﴾﴾ البقرة

پاش ئەوەی شەیتان خەڵەتاندنی، پێمان وتن: لە بەهەشت دەرچن و دابەزنە خوار بۆ سەرزەوی، هەندێكتان دوژمنی هەندێكتان دەبن و زەوی ئارامگا و شوێنی ژیانتان دەبێت تا كاتی دیاریكراو.

ئنجا ئادەم چەند كەلیمەیەكی لە خواوە وەرگرت و كەوتە سەر ڕێگای پەشیمان بوونەوە و لە خودای گەورە پاڕایەوە، ئەویش نزا و پاڕانەوەو پەشیمان بوونەوەكەی پەسەند كرد و لێی خۆش بوو، بێگومان خودا تەوبە وەرگرە و زۆر میهرەبانە. جا وتمان بە ئادەم و حەوا : هەمووتان لە بەهەشت دابەزنە خوارەوە، لە پاشاندا ئەگەر لە لایەن منەوە ڕێنومابیتان بۆهات هەركەسێك پەیڕەوی ئەو ڕێنومابیە بكات لە پاشەڕۆژیدا نەترس ڕووی تێدەكات و نەخەم دەخوا، ئەوانەش كە كافرن و ئایەتەكانی ئێمە بەدرۆ دادەنێن ئەوانە دەبنە یاری ئاگرو هەتا هەتا تیایدا دەبن.

پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێبێت) ئاڵا بەدەستی هەق بوون و پێشەوایەتی بڕوادارانیان كردووە دژی كافران و پیاوانی شەیتان.

ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە لەوساوە بەردەوامە و قورئان باسی چەند ئەڵقەیەكی دەكات لەڕێی چیرۆكی پێغەمبەرانەوە كە لە هەر یەكێكیاندا پاش ململانێیەكی زۆر، هەق و ڕاستی سەركەوتووە و نا هەقیكارانیش ڕیسوای دنیا و قیامەت بوون.

## بڕواداران لەسەر هەقن

هەق و ڕاستی لە پەیامی خوادایە، هەر کەس شوێن بەرنامەیەکی تر بکەوێت لێی قبوڵ ناکات ﴿ وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ ٱلْإِسْلَـٰمِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِى ٱلْـَٔاخِرَةِ مِنَ ٱلْخَـٰسِرِينَ ﴿٨٥﴾ ﴾ آل عمران.

ئنجا ئا لێرەوە دوژمنایەتی و دژایەتی ناحەزانی بەرنامەی خوا دەستی پێکرد ﴿لَتَجِدَنَّ أَشَدَّ ٱلنَّاسِ عَدَٰوَةً لِّلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱلْيَهُودَ وَٱلَّذِينَ أَشْرَكُوا۟ ...﴿٨٢﴾ ﴾ المائدة ، وە لە بەر ئەوەی کە موسڵمانان شایەتن بەسەر مرۆڤایەتیەوە و پەیامەکەیان تا قیامەتە، ناحەزانیان تا قیامەت دژایەتیان دەکەن ﴿ وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَـٰكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِّتَكُونُوا۟ شُهَدَآءَ ...﴿١٤٣﴾ ﴾ البقرة .

## کافران خێری موسڵمانانیان ناوێت

﴿مَّا يَوَدُّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَـٰبِ وَلَا ٱلْمُشْرِكِينَ أَن يُنَزَّلَ عَلَيْكُم مِّنْ خَيْرٍ مِّن رَّبِّكُمْ ۗ وَٱللَّهُ يَخْتَصُّ بِرَحْمَتِهِۦ مَن يَشَآءُ ...﴿١٠٥﴾ ﴾ البقرة . کافرانی ئەهلی کیتاب و هاوبەش پەیداکەران پێیان خۆش نیە لەلایەن خواوە خێر و بەرەکەتتان بۆ بێت، خودا بە میهرەبانی خۆی دەیەوێت بەتایبەتی خێر بڕژێنێت بەسەر ئەو کەسەدا کە خۆشی دەوێت، ئەوان چ کارەن؟ بەهرەی گەورە لای خوای مەزنە.

وە لە بەرئەوەی گەورەترین خێر و بەرەکەت بەرنامەی خوایە بۆیە دەیانەوێت کە بە هەر جۆرێك بێت بڕواداران لەو بەرنامەیە دووربخەنەوە، پیلانەکانی کۆنیان قورئان ئاماژەی بە هەندێکیان کردووە، بۆ نموونە کاتێك قورئان دەخوێنرێت بیکەن بە غەڵبە غەڵب و دەنگە دەنگ تا خەڵك دووربخەنەوە لێی﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَا تَسْمَعُوا۟ لِهَـٰذَا ٱلْقُرْءَانِ وَٱلْغَوْا۟ فِيهِ لَعَلَّكُمْ تَغْلِبُونَ ﴿٢٦﴾ ﴾ فصلت ، یان بەسەرزارەکی بەیانیان یەکێك لەجووەکان موسڵمان ببێت و ئێوارە پەشیمان ببێتەوە بۆ ئەوەی گومان لای تازە موسڵمانەکان دروست بکات﴿ وَقَالَت طَّآئِفَةٌ مِّنْ أَهْلِ ٱلْكِتَـٰبِ ءَامِنُوا۟ بِٱلَّذِىٓ أُنزِلَ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَجْهَ ٱلنَّهَارِ وَٱكْفُرُوٓا۟ ءَاخِرَهُۥ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴿٧٢﴾ ﴾ آل عمران .

لەم سەدانەی دوایشدا سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا (ولیام گلادستۆن) وتی: تـا قورئـان و کەعبە بەدەست موسڵمانانەوە بێت ناتوانین هیچیان بەرامبەر بکەین، بۆیە دەبێت لـەو دووانـە دووریان بخەینەوە. ...

## وەرگەڕان لە دین

﴿ وَدَّ كَثِيرٌ مِّنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ لَوْ يَرُدُّونَكُم مِّنۢ بَعْدِ إِيمَٰنِكُمْ كُفَّارًا حَسَدًا مِّنْ عِندِ أَنفُسِهِم مِّنۢ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ ٱلْحَقُّ ...﴿١٠٩﴾ ﴾ البقرة .

گەلێك لە ئەهلی کیتاب پاش ئەوەی ڕاستییان بۆ دەرکەوت، لە حەسوودی و بەد نیـازی خۆیان پێیان خۆشە ئێوە لەسەر ئیمان و ئیسلامەتی نەمێنن و وەرگـەڕێن لـە دیـن. هـەروەها ڕازی نابن لە موسڵمانان تاوەکو شوێن پەیام و بەرنامەی ئـەوان نەکـەون ﴿وَلَن تَرْضَىٰ عَنكَ ٱلْيَهُودُ وَلَا ٱلنَّصَٰرَىٰ حَتَّىٰ تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمْ ۗ قُلْ إِنَّ هُدَى ٱللَّهِ هُوَ ٱلْهُدَىٰ ۗ وَلَئِنِ ٱتَّبَعْتَ أَهْوَآءَهُم بَعْدَ ٱلَّذِى جَآءَكَ مِنَ ٱلْعِلْمِ ۙ مَا لَكَ مِنَ ٱللَّهِ مِن وَلِىٍّ وَلَا نَصِيرٍ ﴿١٢٠﴾ ﴾ البقرة .

کافران و ئەهلی کیتاب بە هاتنی ئەم پەیامە ڕق و کینە لە دڵیاندا پەنگی خواردووەتەوە و دەیانەوێت تۆڵە بسێنن و داخی خۆیان بە بڕواداران بڕێژن:

﴿ ...وَلَيَزِيدَنَّ كَثِيرًا مِّنْهُم مَّآ أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ طُغْيَٰنًا وَكُفْرًا ۚ وَأَلْقَيْنَا بَيْنَهُمُ ٱلْعَدَٰوَةَ وَٱلْبَغْضَآءَ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ ۚ كُلَّمَآ أَوْقَدُوا۟ نَارًا لِّلْحَرْبِ أَطْفَأَهَا ٱللَّهُ ۚ وَيَسْعَوْنَ فِى ٱلْأَرْضِ فَسَادًا ۚ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ ٱلْمُفْسِدِينَ ﴿٦٤﴾ ﴾ المائدة .

زۆر لەو جوولەکانە ئەو ئایەتانەی خوا بۆ تۆیان دەنێرێت زیاتر گومڕایان دەکات و زیـاتر کافریان دەکات و زیاتر ڕقیان لێیان دەبێت، ئەمەش ڕەنگ دەداتـەوە لـە دوژمنایەتیانـدا، جـا ئێمە دوژمنایەتی و ناکۆکیمان خستە ناویان و تا ڕۆژی قیامـەت ناکەونـە یـەك، هـەر جارێـك ئاگری شەڕ و ئاشوب هەڵگیرسێنن خوا دەیکوژێنێتەوە و کۆششـیان پـووچ دەکاتـەوە، ئەمانـە هەمیشە خەریکی ئاژاوە نانەوەن لەسەر زەوی و خواش هەرگیز بەدکاری خۆش ناوێت.

بە ڕاستی ئەم ئایەتانەش موعجیزەیەکی قورئانە، کێ هەیە بتوانێت سیفاتی گەلێك ئاوا دیاری بکات کە بە هەق و ڕاستی زیاتر سەرکەش بن و زیاتر دژایەتی بکەن، گەلێك کـە لـەناو

خۆشیاندا یەك نین، هەرچی سەیری مێژووی گاور وجوولەکە بکات بەڕاستی سدقی فەرموودەکەی خوای گەورەی بۆ دەردەکەوێت.

قورئان ڕێنمایی حەزرەتﷺ دەکات کەلێیان بپرسێت ئەم دوژمنایەتی و تۆڵەسەندنە لە پای چی، ئایا لەبەر ئەوەیە کە بڕوای هەیە بەخواو بەوەی کەبۆی نازڵ بووە لەخواوەو بەوەی کە بڕوای هەیە بەپەیامە پێشینەکان ؟؟ ﴿ قُلْ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ هَلْ تَنقِمُونَ مِنَّآ إِلَّآ أَنْ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْنَا وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبْلُ وَأَنَّ أَكْثَرَكُمْ فَٰسِقُونَ ﴿٥٩﴾ ﴾ المائدة .

## جەنگانی بەردەوام

﴿ ...وَلَا يَزَالُونَ يُقَٰتِلُونَكُمْ حَتَّىٰ يَرُدُّوكُمْ عَن دِينِكُمْ إِنِ ٱسْتَطَٰعُوا۟ ۚ وَمَن يَرْتَدِدْ مِنكُمْ عَن دِينِهِۦ فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ فَأُو۟لَٰٓئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَٰلُهُمْ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ ۖ ...﴿٢١٧﴾ ﴾ البقرة .

کافران بەردەوام لەگەڵتاندا دەجەنگن بەهیوای ئەوەی لەدین وەرتانگێڕن، جا هەرکەس لەدین وەرگەڕێت و بەکافری بمرێت ئەوە کارو کردەوەی بەتاڵ دەبێتەوە لەدنیاو قیامەتدا و دەبێتە هاوەڵ و هاودەمی ئاگری دۆزەخ بۆ هەتا هەتا تیایدا دەمێنێتەوە.

جا ئەگەر موسڵمانان لە پەیامەکەیان دووركەوتنەوە خوای گەورە باکی نیەو کۆمەڵێك دێنێت بەکۆمەڵێك سیفاتی بەرزەوە دەبنە مەشخەڵداری ئەم ئایینە هەروەك لە سورەتی مائیدەدا دەفەرموێت:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَن يَرْتَدَّ مِنكُمْ عَن دِينِهِۦ فَسَوْفَ يَأْتِى ٱللَّهُ بِقَوْمٍ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُۥٓ أَذِلَّةٍ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ يُجَٰهِدُونَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا يَخَافُونَ لَوْمَةَ لَآئِمٍ ۚ ذَٰلِكَ فَضْلُ ٱللَّهِ يُؤْتِيهِ مَن يَشَآءُ ۚ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ﴿٥٤﴾ إِنَّمَا وَلِيُّكُمُ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱلَّذِينَ يُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤْتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَهُمْ رَٰكِعُونَ ﴿٥٥﴾ وَمَن يَتَوَلَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ فَإِنَّ حِزْبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلْغَٰلِبُونَ ﴿٥٦﴾ ﴾ المائدة

ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! هەر کەس لە دینی خۆی پاشگەزببێتەوە، خوا لەمەولا کۆمەڵێکی وا دێنێت خۆشی بوێن و ئەوانیش خوایان خۆش بوێت و، لەگەڵ باوەڕداراندا نەرم و نیانن و لەبەرامبەر دوژمنان سەر بڵند و توندوتیژن، لە ڕێی خوادا دەجەنگن و لە لۆمەی

لۆمەکاران ناترسن، ئەمەش زێدە خەڵاتێکە لە خواوە بۆ هەرکەسێك خۆی حەزبکات پێی دەبەخشێت، خوا زانایە و لە بەخشیندا دەست گوشادە.

دۆستی ئێوە هەر خودا و پێغەمبەرێتی و ئەو بڕوادارانەن کە نوێژکەر و زەکات دەرن و بۆ خوا لە کڕنوشدان، هەرکەسیش دۆستایەتی لەگەڵ خوا و پێغەمبەری خوا و ئەوانەبێت کە بوونەتە خاوەن باوەڕ، سەر بە خوان و هەر گرۆیەك سەربەخوا بن، سەردەکەون.

لەو ئایەتانەی پێشەوەدا دەرکەوت کە قورئان باسی دژایەتی و بەربەرەکانێیەکی گەورە دەکات، کە کافران و ئەهلی کیتاب بە چ مەبەستێك دەیکەن و ئنجا باسی سیفاتی هەردوولا دەکات، کە ئەمەش تا ڕۆژی قیامەت درێژە دەکێشێت، تا بڕواداران بەرچاو ڕوون بن و بەپیلان و بەرنامەی ناحەزان نەخەڵەتێن و بزانن چۆن ڕووبەڕوو دەبنەوە.

## مژدەکانی قورئان

قورئان بەردەوام هانی موسڵمانان دەدات لەسەر گەشبینی و دوورکەوتنەوە لەبێ هیوایی و دەستەوسانی، ﴿إِنَّ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانَ يَهْدِى لِلَّتِى هِىَ أَقْوَمُ وَيُبَشِّرُ ٱلْمُؤْمِنِينَ ٱلَّذِينَ يَعْمَلُونَ ٱلصَّٰلِحَٰتِ أَنَّ لَهُمْ أَجْرًا كَبِيرًا ﴿٩﴾﴾ الإسراء .

بێگومان ئەم قورئانە ڕێنمایی دەکات بۆ ڕاستترین ڕێگا، بەو بڕوادارانەش کەوا ئاکارچاکن مژدە دەدات: پاداشتێکی گەورەیان هەیە.

﴿وَٱلَّذِينَ ٱجْتَنَبُوا۟ ٱلطَّٰغُوتَ أَن يَعْبُدُوهَا وَأَنَابُوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ لَهُمُ ٱلْبُشْرَىٰ ۚ فَبَشِّرْ عِبَادِ ﴿١٧﴾ ٱلَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ ٱلْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُۥٓ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَىٰهُمُ ٱللَّهُ ۖ وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمْ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿١٨﴾﴾ الزمر

ئەو کەسانەی لە پەرستنی بتەکان تەکیونەتەوەو بەرەو خودا گەڕاونەتەوە، خۆشی لەوان، سا تۆش بە بەندەکانی من مژدە بدە، ئەو کەسانەی گوێ لە قسان ڕادەدێرن و بە شوێن چاکترینیاندا دەچن، ئەوان خودا ڕێی بەرە و خۆی نیشان داون، ئەوان خاوەن ئاوەز و فام و ژیرین.

﴿أَلَآ إِنَّ أَوۡلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ﴿٦٢﴾ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَكَانُواْ يَتَّقُونَ ﴿٦٣﴾ لَهُمُ ٱلۡبُشۡرَىٰ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِۚ لَا تَبۡدِيلَ لِكَلِمَٰتِ ٱللَّهِۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ﴿٦٤﴾﴾ يونس

با تێبگەن کە ئەوانەی دۆستی خودان، هیچ ترسێکیان لەسەر نیە و خەمیش ناخۆن، ئەوانەی خاوەن باوەڕن و خۆ لە گوناه دەپارێزن، مژدە بۆ وان لە دنیا و لە قیامەتیٚ، گفت و بڕیاری خوا گۆڕانی بە سەردا نایەت، ئەوەیە دەستکەوتی مەزن. بەلیٚ﴿لَا تَبۡدِيلَ لِكَلِمَٰتِ ٱللَّهِ﴾وەعد و بەلێن و پەیمانی خوا نەگۆڕە، ئەمەش بۆ ئەوەی بڕوادار هەمیشە دامەزراو و خۆگربێت.

## خۆڕاگران مژدەی پاداشتی گەورەی خوایان بۆ هەیە:

﴿وَلَنَبۡلُوَنَّكُم بِشَيۡءٖ مِّنَ ٱلۡخَوۡفِ وَٱلۡجُوعِ وَنَقۡصٖ مِّنَ ٱلۡأَمۡوَٰلِ وَٱلۡأَنفُسِ وَٱلثَّمَرَٰتِۗ وَبَشِّرِ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿١٥٥﴾ ٱلَّذِينَ إِذَآ أَصَٰبَتۡهُم مُّصِيبَةٞ قَالُوٓاْ إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّآ إِلَيۡهِ رَٰجِعُونَ ﴿١٥٦﴾ أُوْلَٰٓئِكَ عَلَيۡهِمۡ صَلَوَٰتٞ مِّن رَّبِّهِمۡ وَرَحۡمَةٞۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُهۡتَدُونَ ﴿١٥٧﴾﴾ البقرة

ئێمە تاقیتان دەکەینەوە و دووچاری هەندیٚ ترس و برسێتی و کەمی دارایی و مردن و کەمی بەروبوومتان دەکەین، تا دەرکەوێت کیٚ خۆگر دەبێت، مژدە بدە بە خۆگران، ئەوانەی کە تووشی بەلایەك دەبن دەلێن: ئێمە هەموومان مولکی خوداین و لە پاشە ڕۆژیشدا بۆلای ئەو دەگەڕێینەوە. خێر و بێر و بەزەیی پەروەردگاریان بەسەردا دەبارێت و شارەزا لە ڕیٚ ئەوانن.

## قورئان مژدەی خێر و بێری گەورە دەدات بە تێکۆشەران:

﴿إِنَّ ٱللَّهَ ٱشۡتَرَىٰ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ أَنفُسَهُمۡ وَأَمۡوَٰلَهُم بِأَنَّ لَهُمُ ٱلۡجَنَّةَۚ يُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ فَيَقۡتُلُونَ وَيُقۡتَلُونَۖ وَعۡدًا عَلَيۡهِ حَقّٗا فِي ٱلتَّوۡرَىٰةِ وَٱلۡإِنجِيلِ وَٱلۡقُرۡءَانِۚ وَمَنۡ أَوۡفَىٰ بِعَهۡدِهِۦ مِنَ ٱللَّهِۚ فَٱسۡتَبۡشِرُواْ بِبَيۡعِكُمُ ٱلَّذِي بَايَعۡتُم بِهِۦۚ وَذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ﴿١١١﴾ ٱلتَّٰٓئِبُونَ ٱلۡعَٰبِدُونَ ٱلۡحَٰمِدُونَ ٱلسَّٰٓئِحُونَ ٱلرَّٰكِعُونَ ٱلسَّٰجِدُونَ ٱلۡأٓمِرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ

وَٱلنَّاهُونَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ وَٱلۡحَٰفِظُونَ لِحُدُودِ ٱللَّهِۗ وَبَشِّرِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿١١٢﴾ ﴾ التوبة

خودا سەر و ماڵی لە بڕواداران کڕیوە بەرامبەر بەوەی بەهەشتیان پێ بدات، ئەوانە لە ڕێگای ڕەزامەندی خوادا دەجەنگن، دەکوژن و خۆشیان شەهید دەبن، پەیمانێکە خوا بەستوویەتی لەگەڵیان، لە تەورات و ئینجیل و قورئاندا باسکراوە، کێ لە خوا بەوە فاترە بۆ پەیمانی خۆی؟ دەسا ئێوە خۆشحاڵ و شادمان بن بەو سەودا و مامەڵەیەی لەگەڵ خوادا کردووتانە، سەرکەوتنی گەورە ئەوەیە.

ئەو بڕوادارانەی ئەو پەیمانەیان بەستووە، تۆبەکارن، خواپەرستن، هەر پەسندی خوا دەدەن و شوکرانەی دەکەن، ڕۆژوو دەگرن، کوڕنوش و سوژدە بەرن، هانەی کاری چاك دەدەن و بەر لە ناڕەوا دەگرن و سنووری خوا دەپارێزن، مژدە بدە بەوانەی خاوەنی باوەڕن.

بڕوادار لە بازرگانییەکی گەورەدایە لەگەڵ خوادا، کە قازانجی گەورەی لێ دەکات و سەرەنجامی دەستکەوتنی بەهەشتی هەتا هەتاییە. ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ هَلۡ أَدُلُّكُمۡ عَلَىٰ تِجَٰرَةٖ تُنجِيكُم مِّنۡ عَذَابٍ أَلِيمٖ ﴿١٠﴾ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَتُجَٰهِدُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ بِأَمۡوَٰلِكُمۡ وَأَنفُسِكُمۡۚ ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ﴿١١﴾ يَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡ وَيُدۡخِلۡكُمۡ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ وَمَسَٰكِنَ طَيِّبَةٗ فِي جَنَّٰتِ عَدۡنٖۚ ذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ﴿١٢﴾ وَأُخۡرَىٰ تُحِبُّونَهَاۖ نَصۡرٞ مِّنَ ٱللَّهِ وَفَتۡحٞ قَرِيبٞۗ وَبَشِّرِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿١٣﴾ ﴾ الصف

ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! بازرگانیەکتان پیشان بدەم کە ڕزگارتان بکات لە سزایەکی سەخت؟ بڕوا بێنن بەخوا و بەپێغەمبەری خواو تێبکۆشن لە ڕێی خوادا بە سەر و ماڵتان، ئەوە چاکترە بۆتان ئەگەر بزانن. تا خوا تاوانەکانتان بپۆشێت و بتانخاتە ناو بەهەشتێکی وا جۆگەی ئاو بەژێریدا دەڕوا و بتانخاتە خانووبەرەی جوان و باش لە بەهەشتی عەدن، ئەمە دەستکەوتی گەورەیە، شتێکی تریش کە ئێوە حەزی پێدەکەن، سەرکەوتنێك لە خواوە و فەتحێکی نزیك کە کرانەوەی دەرگای مەککەیە بەڕوویاندا، مژدە بدە بەبڕواداران.

بەم جۆرە قورئان کۆمەڵێکی پەروەردە کرد کە هەمیشە چاویان بڕیبوە مژدەکانی خوا و ڕووە و پاشەڕۆژێکی گەش هەنگاویان دەنا و بە هیچ جۆرێك دوودڵی و ترس و خەم ڕێی نەدەکەوت لێیان، چونکە نائومێدی و بێ هیوایی سیمای کافرانە:

﴿ يَٰبَنِيَّ ٱذۡهَبُواْ فَتَحَسَّسُواْ مِن يُوسُفَ وَأَخِيهِ وَلَا تَاْيۡـَٔسُواْ مِن رَّوۡحِ ٱللَّهِۖ إِنَّهُۥ لَا يَاْيۡـَٔسُ مِن رَّوۡحِ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلۡقَوۡمُ ٱلۡكَٰفِرُونَ ٨٧ ﴾ يوسف .

## بەڵێنە قورئانیەکان لـە مەککە:

## بەڵێنەکانی سورەتی ئەنعام:

ئەم سورەتە مەککەییە، بابەتی بنەڕەتی سورەتەکە عەقیدەیەو بەڵگە پێشکەش دەکات لەسەر تاك و تەنهایی خواو، ئیقامەی حوججە دەکات لەسەر کافران و، هەرچی کوفرو هاوبەش پەیداکردنێکە بەتاڵی دەکاتەوەو، ڕابەری بڕواداران دەکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ناهەقیکاران.

ئەم سورەتە لەکاتێکی ناسکدا دابەزی، کە بانگەوازی ئیسلامی بەنارەحەتترین قۆناغیدا تێدەپەڕی، ئەوکاتەی کە موسڵمانان ئابڵوقە درابوون لە دۆڵەکانی ئەبی تالیبدا، کە پاش ئەوەش ساڵی خەم هات و خەدیجەو مامی حەزرەتﷺ کۆچیان کرد، هەروەها هەر لەوکاتەدا بوو کەچوو بۆ تائیف و ئازاری زۆری چەشت و پاش ماوەیەکیش گەشتی (ئیسراو میعراج) بەحەزرەتﷺ کرا.

لەم قۆناغەدا ئیسلام تەواو ئابڵوقە درابوو، هاوەڵان بەتوندی ئازار دەدران، موسڵمانانیش چاوەڕێی سۆزو میهرەبانی خوابوون کە ڕێگاچارەیەك بنێرێت. ئەم سورەتە لەم کاتە ناهەموارەدا دابەزی تا هیوا بگێڕێتەوە بۆ بڕواداران و ورەیان بەرزبکاتەوە، بۆیە ئایەتەکانی سورەتەکە بەڵێنیان تیایە بەسەرکەوتنی بڕواداران و تێشکانی کافران بۆ نموونە:

## هەڕەشە لە کافران بە تێکشکان لە بەدردا:

﴿ وَمَا تَأۡتِيهِم مِّنۡ ءَايَةٖ مِّنۡ ءَايَٰتِ رَبِّهِمۡ إِلَّا كَانُواْ عَنۡهَا مُعۡرِضِينَ ٤ فَقَدۡ كَذَّبُواْ بِٱلۡحَقِّ لَمَّا جَآءَهُمۡۖ فَسَوۡفَ يَأۡتِيهِمۡ أَنۢبَٰٓؤُاْ مَا كَانُواْ بِهِۦ يَسۡتَهۡزِءُونَ ٥ ﴾ الأنعام ،هیچ ئایەتێکیان بۆ نایەت لە ئایەتەکانی خوا سەرپێچی نەکەن و خۆیانی لێ نەبوێرن، ئەمانە باوەڕیان نەکرد بە قورئان کە بۆیان هات، لە دوا ڕۆژ و لە دنیاشدا هەواڵی ئەوەیان پێدەگات کە گاڵتەیان پێ دەهات.

له کاتێکدا که چەندەها گەلی به هێز و به تواناتر لەوانمان له پێشتردا لەناوبرد : ﴿أَلَمْ يَرَوْا كَمْ أَهْلَكْنَا مِن قَبْلِهِم مِّن قَرْنٍ مَّكَّنَّاهُمْ فِي الْأَرْضِ مَا لَمْ نُمَكِّن لَّكُمْ وَأَرْسَلْنَا السَّمَاءَ عَلَيْهِم مِّدْرَارًا وَجَعَلْنَا الْأَنْهَارَ تَجْرِي مِن تَحْتِهِمْ فَأَهْلَكْنَاهُم بِذُنُوبِهِمْ وَأَنشَأْنَا مِن بَعْدِهِمْ قَرْنًا آخَرِينَ ﴿٦﴾﴾ الأنعام ، ئاخۆ نازانن که ئێمه له پێش ئەماندا چەندین گەل و نەتەوەمان قڕ کرد؟ ئەم دەستەڵاتەش لەم زەمینەدا بەوانمان دابوو بەمانمان نەداوە، ئاسمان و هەورو بارانمان بۆ خستبوونه کارو خێروبێرمان بەسەردا ڕژاندبوون، جۆگا لەبەر پێیاندا ڕەوان بوو، بەهۆی گوناهبارییانەوە لەناومان بردن و، دوای ئەوان خەڵکی ترمان هێنایه ڕووی کار.

ئەم بەڵێنه که بەکافرانی دەدات، که له ناوبردنه ئەگەر سەرپێچی بکەن، پاش چەند ساڵێك لەساڵی دووەمی کۆچیدا هاتەدی له جەنگی بەدردا و خوای پەروەردگار کردی به (یوم الفرقان) و هەق و ناهەقی ناساند و له یەکتری جیای کردنەوەو حەفتا سەرکردەی سەرسەختی قوڕەیش تیاچوون.

## تیاچووەکان کافرانن:

﴿وَهُمْ يَنْهَوْنَ عَنْهُ وَيَنْأَوْنَ عَنْهُ وَإِن يُهْلِكُونَ إِلَّا أَنفُسَهُمْ وَمَا يَشْعُرُونَ ﴿٢٦﴾﴾ الأنعام . هەر ئەوانه نایەڵن خەڵك بێنه لای پێغەمبەرﷺ و بۆخۆشیان خۆی لێ دووردەگرن، ئەم کەسانه به بێ ئەوەی هەستی پێ بکەن خۆیان لەناو دەبەن. ئەمەش بەڵێنێکی تره که کافران سەرەنجامیان تیاچوونه، که ئەمەش هاتەدی.

## کافران گوێ به بەڵێنەکانی قورئان نادەن:

﴿وَكَذَّبَ بِهِ قَوْمُكَ وَهُوَ الْحَقُّ قُل لَّسْتُ عَلَيْكُم بِوَكِيلٍ ﴿٦٦﴾ لِّكُلِّ نَبَإٍ مُّسْتَقَرٌّ وَسَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴿٦٧﴾﴾ **الأنعام**. هۆزەکەی تۆ بڕوایان بەم قورئانه نەکرد که هەق و ڕاستییە، پێیان بڵێ: خۆمن وەکیل و هەمەکاره و پارێزگاری ئێوه نیم، زوو بەزوو ئاگادار دەبن که هەرباس و خەبەرێك جێگه و کاتی خۆی هەیه.

## کافران بەڵێنی سزای خوایان دراوەتێ:

﴿ وَرَبُّكَ ٱلْغَنِيُّ ذُو ٱلرَّحْمَةِۚ إِن يَشَأْ يُذْهِبْكُمْ وَيَسْتَخْلِفْ مِنۢ بَعْدِكُم مَّا يَشَآءُ كَمَآ أَنشَأَكُم مِّن ذُرِّيَّةِ قَوْمٍ ءَاخَرِينَ ﴿١٣٣﴾ إِنَّ مَا تُوعَدُونَ لَءَاتٍۖ وَمَآ أَنتُم بِمُعْجِزِينَ ﴿١٣٤﴾ قُلْ يَٰقَوْمِ ٱعْمَلُواْ عَلَىٰ مَكَانَتِكُمْ إِنِّي عَامِلٌۖ فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ مَن تَكُونُ لَهُۥ عَٰقِبَةُ ٱلدَّارِۗ إِنَّهُۥ لَا يُفْلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿١٣٥﴾ ﴾ الأنعام

پەروەردگارت بێ نیاز و دەوڵەمەند و دلۆڤانە، ئەگەر بیەوێت لەناوتان دەبات و کۆمەڵێکی تر دەخاتە جێتان ، هەروەك ئێوەی لە نەوەی کۆمەڵێکی تر دروستکردووە، بێگومان ئەوەی خوا بەڵێنی پێداون دێتەدی و ناتوانن دەست بێننە ڕێی کاری خوا و ڕێگری بکەن.

بێژە: گەلۆ! هەرچیتان لە دەست دێت درێغی مەکەن، وا منیش هەروا خەریکی کاری خۆمم، لە ئاکامدا تێدەگەن کە ئەنجامی باشی دنیا بۆ کێ دەبێت، هەرچۆنێك بێت خوا ستەمکاران ڕزگار و سەرفراز ناکات.

ئەمەش ئەوپەڕی جەسووری و بێ منەتی حەزرەتﷺ و باوەڕدارانە کە ئێمە لە بەرنامە و کاری خۆمان لانادەین، چیتان لە دەست دێت بیکەن، دەبینن سەرەنجام بۆ کێیە؟!

دە ئەواتە دوای چواردە سەدە زیاتر سەرەنجامی چاکی دنیا بۆ کێ بوو، ئایا پەیمان و بەڵێنەکانی خوا هاتنەدی یان نا؟! ﴿ إِنَّ مَا تُوعَدُونَ لَءَاتٍۖ وَمَآ أَنتُم بِمُعْجِزِينَ ﴿١٣٤﴾ ﴾ الأنعام .

## بەڵێنەکانی سورەتی ئەعراف:

ئەم سورەتەش مەککەییە و لە کاتێکی ناهەموار و ناسك و گەرمەی کێشمەکێشەکاندا هاتووەتە خوارەوە، باسی چیرۆکی ئادەم و شەیتان دەکات و پاشان چیرۆکی نوح و هود و صالح و لوط و شوعەیب (سەلامی خوایان لێبێت) . ئنجا شتێك زیاتر لەسەر چیرۆکی موسا و فیرعەون و بەنی ئیسرائیل دەوەستێت. بە گشتی تەوەری سورەتەکە بریتییە لە گەیاندنی ئەو ڕاستییەی کە هەق سەردەکەوێت و ناهەق سووك و ڕیسوا دەبێت و پاشەڕۆژ بۆ چاکەکارانە.

## سورەتەکە باسی سێ جۆر ئاکام و ئەجەل دەکات:

یەکەم: ﴿ وَلِكُلِّ أُمَّةٍ أَجَلٌ فَإِذَا جَاءَ أَجَلُهُمْ لَا يَسْتَأْخِرُونَ سَاعَةً وَلَا يَسْتَقْدِمُونَ ﴿٣٤﴾ ﴾ **الأعراف**

.بۆ مەرگ و تیاچوونی هەر میللەتێك، وەختێك هەیە، ئەگەر وەختیان هات، نەتاوێك پێش دەکەون و نەتاوێکیش دوا دەکەون.

کەواتە گەل و ئوممەتی وا هەیە کە خوای گەورە لەکات و شوێنێکی تایبەتی دیاریکراودا لەناویان دەبات و کۆتاییان پێ دێنێت لەبەر هەر هۆیەك بێت کەخۆی دەیزانێت.

دووەم: ﴿ وَأَنفِقُوا مِن مَّا رَزَقْنَاكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِيَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ فَيَقُولَ رَبِّ لَوْلَا أَخَّرْتَنِي إِلَىٰ أَجَلٍ قَرِيبٍ فَأَصَّدَّقَ وَأَكُن مِّنَ الصَّالِحِينَ ﴿١٠﴾ وَلَن يُؤَخِّرَ اللَّهُ نَفْسًا إِذَا جَاءَ أَجَلُهَا ۚ وَاللَّهُ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ ﴿١١﴾ ﴾ المنافقون

لەو ڕزق و ڕۆزییەی پێمان داون لە ڕێی خوادا بەختی بکەن، بەر لەوەی یەکێك لە ئێوە مردن یەخەی بگرێت و بڵێ: پەروەردگارا بۆچی تا ماوەیەکی نزیك مەودات نەدام. تا ئەوسا خێر بکەم لە چاکەکاران بم؟ هەرکەسێکیش وەختی مردنی هاتبێت، خودا هەرگیز دوای ناخات، خودا لە هەر کارێك دەیکەن ئاگادارە. (ئەمەش ئەجەل و ئاکامی مرۆڤە) .

**سێیەم**:ئاکام و ئەجەلی دنیا: ﴿ مَا خَلَقْنَا السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا إِلَّا بِالْحَقِّ وَأَجَلٍ مُّسَمًّى ... ﴿٣﴾ ﴾ **الأحقاف** ، ئەم ئاسمان و زەمینە و هەرچی لە ناویاندا هەیە بەهەق وەدیمان هێنان و مەودا و ئاکامیان دیاریکراوە.

جا قورئان کار لەسەر ئەم تەوەرە دەکات کە هەموو شتێکی ئەم دنیایە، ئەجەل و ئاکامی تایبەتی خۆی هەیە، مرۆڤەکان، گەل و نەتەوەکان، زەمین و ئاسمانەکان، مێژووش ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێت، کوا یۆنانیەکان، کوا ڕۆمەکان و فارسەکان، ئایا کە مەودا و ئەجەلیان تەواوبوو موسڵمانان نەچوونە جێیان، ئەمڕۆش کە ئەمریکا باڵادەستە سوننەتی خوایە کە تا سەر نایخوات، سەرەنجامی ستەم و داگیرکارییان خوای گەورە وڵاتانی تر دێنێتە سەر گۆڕەپانی ململانێی ژیان و ئەمریکا تا سەر وا بەدەسەڵات نابێت.

## چیرۆکی موسا ( سەلامی خوای لێبێت ) :

﴿ وَقَالَ ٱلۡمَلَأُ مِن قَوۡمِ فِرۡعَوۡنَ أَتَذَرُ مُوسَىٰ وَقَوۡمَهُۥ لِيُفۡسِدُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَيَذَرَكَ وَءَالِهَتَكَۚ قَالَ سَنُقَتِّلُ أَبۡنَآءَهُمۡ وَنَسۡتَحۡيِۦ نِسَآءَهُمۡ وَإِنَّا فَوۡقَهُمۡ قَٰهِرُونَ ١٢٧ ﴾الأعراف .

دەسەڵاتدارانی گەلی فیرعەون و دەستە و بەستەکەی پێیان وت: ئایا واز لە موسا و گەلەکەی دەهێنیت بەدکاری بکەن لەسەر زەوی و تۆ و خواکەت بەجێ بهێڵن و ئیمانتان پێنەهێنن؟ فیرعەون وتی: ئەمە چاری ئاسانە، هەرچی نێرینەیان هەیە ئەیان کوژین و مێینەیان دەهێڵینەوە، ئێمە بەسەریاندا زاڵین.

﴿ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوۡمِهِ ٱسۡتَعِينُواْ بِٱللَّهِ وَٱصۡبِرُوٓاْۖ إِنَّ ٱلۡأَرۡضَ لِلَّهِ يُورِثُهَا مَن يَشَآءُ مِنۡ عِبَادِهِۦۖ وَٱلۡعَٰقِبَةُ لِلۡمُتَّقِينَ ١٢٨ ﴾ الأعراف . موسا بە هۆزەکەی خۆی وت: هەرپشت بە خوا ببەستن و خۆڕاگربن، ئەم زەمینە هی خودایە، بە هەرکەسێك لە عەبدانی خۆی حەزبکات پێی دەبەخشێت و دوارۆژیش بۆ ئەوانەیە کە لەخوا دەترسن.

﴿ قَالُوٓاْ أُوذِينَا مِن قَبۡلِ أَن تَأۡتِيَنَا وَمِنۢ بَعۡدِ مَا جِئۡتَنَاۚ قَالَ عَسَىٰ رَبُّكُمۡ أَن يُهۡلِكَ عَدُوَّكُمۡ وَيَسۡتَخۡلِفَكُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَيَنظُرَ كَيۡفَ تَعۡمَلُونَ ١٢٩ ﴾ الأعراف .

وتیان: بەرلەوەی کە تۆ بێیت بۆمان چەوساینەوە، کە تۆش هاتووی هەروا دەمان چەوسێننەوە. موسا فەرمووی: دوورنیە ئەو ڕۆژەی پەروەردگارتان دوژمنتان لە ناوبەرێت و ئێوە بکاتە جێنشین لەم زەمینەدا و بڕوانێت ئێوە چ کارێك دەکەن.

حەزرەتی موسا (سەلامی خوای لێبێت) سەرەنجیان ڕادەکێشێت بۆ یەکێك لە یاساکانی خوا لەم بوونەوەرەدا کە ئەویش سوننەت و یاسای گۆڕینی دەسەڵاتە لە گەلێکەوە بۆ گەلێکی تر، دەسەڵاتدار بەتایبەت ئەگەر ستەمکاربێت تا سەر بۆی ناچێتەسەر با هەرکەسێك بێت و لە هەر کوێیەك بێت، ئەمڕۆ کە سەیری ئەزموونی فیرعەون و سەرەنجامی خۆی و ئەوانەی دوای خۆی دەکەین، وە کە سەیری ستەمکارانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەین کە هیچیان شتێکی وایان لە فیرعەونی ئەوسا کەمتر نیە، کە باش لێیان ورد دەبینەوە، ڕاستێتی ئەو ئایەت

و بەڵێنانە دەبینین کە خوا هەرچەند لغاو بۆ ستەمکاران شل بکات لەبەر هەر حیکمەتێك بێت، کە لغاوەکەی گرتنەوە بە دەردێکیان دەبات خۆشیان نەزانن لە کوێوە سەردەردەکەن.

ئەمەش ئەنجامی فیرعەون و دار و دەستەکەی: ﴿ فَانْتَقَمْنَا مِنْهُمْ فَأَغْرَقْنَاهُمْ فِي الْيَمِّ بِأَنَّهُمْ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا وَكَانُوا عَنْهَا غَافِلِينَ ﴿١٣٦﴾ وَأَوْرَثْنَا الْقَوْمَ الَّذِينَ كَانُوا يُسْتَضْعَفُونَ مَشَارِقَ الْأَرْضِ وَمَغَارِبَهَا الَّتِي بَارَكْنَا فِيهَا وَتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ الْحُسْنَىٰ عَلَىٰ بَنِي إِسْرَائِيلَ بِمَا صَبَرُوا وَدَمَّرْنَا مَا كَانَ يَصْنَعُ فِرْعَوْنُ وَقَوْمُهُ وَمَا كَانُوا يَعْرِشُونَ ﴿١٣٧﴾ ﴾ الأعراف

ئێمە تۆڵەمان لێ کردنەوە و لە قوڵایی دەریادا نوقممان کردن، چونکە ئایەتەکانی ئێمەیان بە درۆ داناو باوەڕیان پێ نەکرد و بێئاگا و غافڵ بوون لێی. پاش ئەوە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای زەوی (شام و دەوروبەرەکەی) کە پیرۆزمان کردبوو و بەرەکەتمان تێ خستبوو، دامان بەوانەی زەبوون و ژێردەستە بوون، بەمەش بەڵێنی هەرە پیرۆزی پەروەردگارت بێ کەم و کوڕی دەربارەی بەرەی ئیسرائیل هاتەجێ، بە هۆی خۆڕاگریان، هەرچیش فیرعەون و دار و دەستەکەی دروستیان کردبوو لە باڵەخانە و کۆشك و تەلار هەموویمان لێ تێك و پێکدان.

## بەڵێنەکانی سورەتی یونس:

سورەتی یونس مەککییە و لە کاتێکدا هاتە خوارەوە کە بانگەوازی ئیسلامی لەوپەڕی زەحمەت و نارەحەتیدا بوو لە مەککە، بۆیە دڵنەوایی تیایە بۆ پێغەمبەرﷺ و هاوەڵان و هەوڵ دەدات وریان بەرزبکاتەوە و دڵنیایان بکات کە داهاتوو بۆ ئیسلامە. سورەتەکە بەڵێنی سەرکەوتن و جێنشینی زەوی تیایە بۆ بڕواداران و هەڕەشەی تیایە بە سزا و تێشکان بۆ کافران، هەروەك دەفەرمووێت:

یەکەم: ﴿ وَلَقَدْ أَهْلَكْنَا الْقُرُونَ مِنْ قَبْلِكُمْ لَمَّا ظَلَمُوا وَجَاءَتْهُمْ رُسُلُهُمْ بِالْبَيِّنَاتِ وَمَا كَانُوا لِيُؤْمِنُوا كَذَٰلِكَ نَجْزِي الْقَوْمَ الْمُجْرِمِينَ ﴿١٣﴾ ﴾ یونس

بە ڕاستی گەلێك بەرەمان لە پێش ئێوەدا لەناوبرد، کاتێك کە ناهەقی و ستەمیان کرد، پێغەمبەران بە بەڵگە و نیشانەی دیارەوە هاتنە لایان، هەر باوەڕیان پێ نەهێنان، ئێمە ئاوا

تاوانباران سزا دەدەین. لە پاش ئەوان ئێوەمان کردە جێنشین لەم سەرزەمینە، تا ببینین کردەوەی ئێوە چۆنە. لەم چەند ئایەتەدا باسی سوننەت و یاساو باوی خوا دەکات لەم زەمینەدا، کە ئەوانەی ستەمکارو ناهەقیکارن سەرەنجامیان تیاچوونە و کەسانێکی تر دەخرێنە جێیان تا ئەوانیش تاقی ببنەوە، ئەگەر چاکیان کرد چاکە، وە ئەگەر نا هەمان سەرەنجامیان دەبێت.

دووەم: ﴿ وَمَا كَانَ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانُ أَن يُفْتَرَىٰ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلَٰكِن تَصْدِيقَ ٱلَّذِى بَيْنَ يَدَيْهِ وَتَفْصِيلَ ٱلْكِتَٰبِ لَا رَيْبَ فِيهِ مِن رَّبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٣٧﴾ أَمْ يَقُولُونَ ٱفْتَرَىٰهُ ۖ قُلْ فَأْتُوا۟ بِسُورَةٍ مِّثْلِهِۦ وَٱدْعُوا۟ مَنِ ٱسْتَطَعْتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٣٨﴾ بَلْ كَذَّبُوا۟ بِمَا لَمْ يُحِيطُوا۟ بِعِلْمِهِۦ وَلَمَّا يَأْتِهِمْ تَأْوِيلُهُۥ ۚ كَذَٰلِكَ كَذَّبَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۖ فَٱنظُرْ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٣٩﴾ ﴾ یونس

ناگونجێت ئەم قورئانە هی خودا نەبێت و هەڵبەسترابێت. ئەم قورئانە باوەڕ دەکات بەو کتێبەی کەوا لە پێشدا هاتووە و ئێستا لەبەردەستیدایە و ڕۆشنیشی دەکاتەوە. هیچ گومانی تێدا نیە لەلایەن پەروەرێنی گشت جیهان ڕایە.

یا ئێژن: خۆی هەڵی بەستووە.

بێژە: گەر بە ڕاستیتانە خۆتان و هەرکەسێکی تر جگە لە خوا بانگ بکەن و تاقە سورەتێکی وەك ئەم وەدی بێنن. نەخێر ئەوان شتێك بە درۆ دەزانن، کە هیچی لێ تێنەگەیون و بۆشیان لێك نەدراوەتەوە. ئەوانەی پێش ئەمانەش وابوون و بڕوایان نەهێنا، سا بڕوانە دوارۆژی ناهەقیکاران بەکوێ گەیشت.

کافران بڕوایان بە بەڵێنەکانی قورئان نەبوو لەبەرئەوەی بە عەقڵیاندا نەدەچوو کە کۆمەڵێکی کەمی چەوساوە لە مەککە کە هەموو دنیا دوژمنیانە سەربکەون، ئەمەشیان لەحاڵی نەبوون و نەفامییەوە بوو بەرامبەر قورئان ﴿ بَلْ كَذَّبُوا۟ بِمَا لَمْ يُحِيطُوا۟ بِعِلْمِهِۦ وَلَمَّا يَأْتِهِمْ تَأْوِيلُهُۥ ...﴿٣٩﴾ ﴾ یونس، واتە: کە ئەوانە بڕوا بە بەڵێنەکان ناکەن کە هێشتا نەهاتوونەتە دی، با بزانن ئەو بەڵێنانە لەخواوەیە و هیچ شتێك ناتوانێت ڕێگر بێت لە هاتنەدیاندا، زۆر ناخایەنێت دێنەدی، (تأویل) واتە هاتنەدی پەیمانەکان، کاتێك لە سورەتی (القمر) دا ئایەتی ﴿ سَيُهْزَمُ ٱلْجَمْعُ وَيُوَلُّونَ ٱلدُّبُرَ ﴿٤٥﴾ ﴾ هاتە خوارەوە بەڵێنێك بوو بە تێکشکاندن و پشت

هەڵکردنی کافران، (عومەری کوڕی خەتاب) (تأویل) ەکەی نەدەزانی، لای سەیربوو کام دەستە و تاقم تیادەچن، تا جەنگی بەدر ڕوویدا کە هەق و ناهەق زیاتر ئاشکرابوو (یوم الفرقان) بـوو، ئەوکاتە عومەر وتی: (فعرفت تأویل الآیة یومئذ) ، واتە: لە ڕۆژی بەدردا لە مانا و مەبەسـتی ئەو ئایەتە تێگەیشتم.

سێیەم: ﴿فَهَلْ يَنتَظِرُونَ إِلَّا مِثْلَ أَيَّامِ الَّذِينَ خَلَوْا مِن قَبْلِهِمْ ۚ قُلْ فَانتَظِرُوا إِنِّي مَعَكُم مِّنَ الْمُنتَظِرِينَ ﴿١٠٢﴾ ثُمَّ نُنَجِّي رُسُلَنَا وَالَّذِينَ آمَنُوا ۚ كَذَٰلِكَ حَقًّا عَلَيْنَا نُنجِ الْمُؤْمِنِينَ ﴿١٠٣﴾﴾ یونس، ئاخۆ کافران چاوەڕوانی چین؟ چاوەڕوانی ڕۆژانێکن هەروەك ڕۆژانی ئەوانە کە بەر لەوان بوون و نەمان؟ بڵێ: دەسا چاوەڕوان بن! ئەوا منیش وێڕای ئێوە چاوەڕوانم. پاشان پێغەمبەرانمان و ئەوانەی بڕوایان هەیە، ڕزگار دەکەین، چوون ئەوە ئەرکی ئێمەیە کە باوەڕداران ڕزگار بکەین.

چوارەم: ﴿قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ قَدْ جَاءَكُمُ الْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ ۖ فَمَنِ اهْتَدَىٰ فَإِنَّمَا يَهْتَدِي لِنَفْسِهِ ۖ وَمَن ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيْهَا ۖ وَمَا أَنَا عَلَيْكُم بِوَكِيلٍ ﴿١٠٨﴾ وَاتَّبِعْ مَا يُوحَىٰ إِلَيْكَ وَاصْبِرْ حَتَّىٰ يَحْكُمَ اللَّهُ ۚ وَهُوَ خَيْرُ الْحَاكِمِينَ ﴿١٠٩﴾﴾ یونس، بڵێ: خەڵکینە! وا ڕاستیتان لەلایەن پەروەردگارتانەوە بۆ هات. هەرکێ ڕێگەی ڕاست بەدی بکات، سوودی بۆ خۆیەتی، هەرکەسیش گومڕابێت زیانی بۆ خۆیەتی، من بریکاری کەستان نیم. هەر فەرمانێك بۆت دەنێرین، شوێنی بکەوە و خۆڕابگرە، هەتا خودا فەرمانی خۆی جێبەجێ دەکات و حوکم دەدات، خودا باشترین دادوەرە. کەواتە بۆ هاتنەدی بەڵێنەکانی خوا دوو ڕێنمایی دەکات:

أ - شوێن کەوتنی بەرنامە و فەرمانەکانی خودا.

ب - ئارام گرتن

دیارە ئەوان یادیان بەخێر تا دوا پلە پابەندبوون بە فەرمانەکانی خواوە و تادوا پلە کە لە توانای مرۆڤدا بێت ئارامگربوون، سەرەنجام بەسەر فارس و ڕۆمدا خوا زاڵی کردن کە لە عەقڵی کەسدا نەبوو دوو ئیمپراتۆریەتی زلهێزی دنیا ئاوا لەماوەیەکی کەمدا هـەرەس بێـنن لەبـەردەم ئیسلام دا.

ئەمڕۆش هەر بەهەمان شێوەیە و مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە، پابەندبوون و ئارام گرتن دوو فاکتەری بەهێزن بۆ هاتنەدی بەڵێنەکانی خوا بۆمان کە ئێستا وردە بە بڵاوبوونەوەی ئیسلام بە سەرتاسەری دنیادا هاتنە جێی ئەو پەیمانانە دەبینین.

## بەڵێنەکانی سورەتی هود:

ئەم سورەتەش مەککییە، لە کاتێکی ناهەمواری ناخۆشدا دابەزی کە بڕواداران لە زەحمەت و نارەحەتیدا دەژیان، ئەم سورەتەش وەك ئەوانی پێش خۆی هەوڵی دا کە بڕواداران و حەزرەتﷺ دامەزراو بکات لەسەر هەق و دڵیان پڕ بکات لە دڵنیایی و گەشبینی بەسەرکەوتنی ئیسلام و تێکشکانی کافران، ئەمەش لەڕێی چیرۆکی پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێبێت) لەگەڵ گەلەکانیان، ئەوانیش، نوح و هود و صالح و ئیبراهیم و لوط و شوعەیب و موسان، ئەوەش کە لە هەر چیرۆکێکدا باسکراوە، پێغەمبەرەکەﷺ بانگەوازی گەلەکەی دەکات و گفتوگۆ و بگرە بەردە دەست پێدەکات و کافران لەسەر کوفری خۆیان دەچەقن و بەرگری لە ناهەقی خۆیان دەکەن، سەرەنجام خوا بەڵێنی خۆی دەباتە سەرو بڕواداران و پێغەمبەرەکەیان سەردەکەون.

کە ئەمەش یاساو باوی خوایە لە جیهاندا و بەردەوام لەکات و شوێنێکدا کە خوا بە چاکی بزانێت دووبارە دەبێتەوە، هەروەك لەم ئایەتانەدا هاتووە:

## یەکەم: پاشەڕۆژ بۆ پارێزکارانە:

لە پاش ئەوەی کە خوا گەلی نوحی بە تۆفان و زریان لەناوبرد و بڕوادارانی بەکەشتیەکەی نوح ڕزگار کرد، قورئان دەفەرموێت: ﴿ **تِلْكَ مِنْ أَنْبَاءِ الْغَيْبِ نُوحِيهَا إِلَيْكَ مَا كُنْتَ تَعْلَمُهَا أَنْتَ وَلَا قَوْمُكَ مِنْ قَبْلِ هَذَا فَاصْبِرْ إِنَّ الْعَاقِبَةَ لِلْمُتَّقِينَ** ﴿٤٩﴾ ﴾ هود . واتە: ئەی محمد ئەو بەسەرهاتەی نوح و گەلەکەی لەهەواڵەکانی غەیبە کە نەخۆت و نە گەلەکەت نەتاندەزانی، کە ئەمەش بەڵگەیە قورئان لە خوایەکی زانای داناوە نێرراوە، بۆیە ئارام بگرە، ئارامگری تێشووی ڕێگایە، سەرەنجام و پاشەڕۆژ بۆ پارێزکارانە، **إِنَّ الْعَاقِبَةَ لِلْمُتَّقِينَ**

## دووەم: یاسای دانان و جێنشین کردن:

ئایەتەکانی سورەتەکە باسی بەسەرهاتی هود و گەلەکەی دەکات و هەندێ فەرمایشتی هود (سەلامی خوای لێبێت) تۆمار دەکات که بە گەلەکەی فەرموەوە و ئاگاداری کردوونەتەوە کە خوا ئەوان لادەبات و کەسانی چاك و شیاو و خواناس دەخاتە جێیان ﴿ فَإِن تَوَلَّوْا فَقَدْ أَبْلَغْتُكُم مَّآ أُرْسِلْتُ بِهِۦٓ إِلَيْكُمْ ۚ وَيَسْتَخْلِفُ رَبِّى قَوْمًا غَيْرَكُمْ وَلَا تَضُرُّونَهُۥ شَيْـًٔا ۚ ...﴿٥٧﴾ ﴾ هود . ئەگەر نەیەنە سەر ڕێ، من بە هەرچی ڕاسپێردراوم پێم گەیاندن، خوای من مەردومی تر لە شوێنی ئێوە دادەنێت و هیچ زیانیشی لێ نادەن، پەروەردگارم چاودێری هەموو شتە.

خوای گەورە ئەم یاسایەی جێبەجێ کرد بەسەر گەلی (عاد) داو هود و بڕوادارانی سەرخست و بوونە جێنشینی زەوی و قورئان لەم بارەیەوە دەفەرمووێت: ﴿ وَلَمَّا جَآءَ أَمْرُنَا نَجَّيْنَا هُودًا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَهُۥ بِرَحْمَةٍ مِّنَّا وَنَجَّيْنَٰهُم مِّنْ عَذَابٍ غَلِيظٍ ﴿٥٨﴾ وَتِلْكَ عَادٌ ۖ جَحَدُوا۟ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِمْ وَعَصَوْا۟ رُسُلَهُۥ وَٱتَّبَعُوٓا۟ أَمْرَ كُلِّ جَبَّارٍ عَنِيدٍ ﴿٥٩﴾ وَأُتْبِعُوا۟ فِى هَٰذِهِ ٱلدُّنْيَا لَعْنَةً وَيَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ۗ أَلَآ إِنَّ عَادًا كَفَرُوا۟ رَبَّهُمْ ۗ أَلَا بُعْدًا لِّعَادٍ قَوْمِ هُودٍ ﴿٦٠﴾ ﴾ هود

کاتێك فەرمانی ئێمە هات، لە بەزەیی خۆمانەوە، هود و ئەوانەی لەگەڵ ئەو هاوباوەڕبوون، لە سزای هەرەسەخت نەجاتمان دان، ئەوەش گەلی عاد بوو، کە حاشایان لە نیشانەکانی پەروەردگاریان کرد و بە گوێی پێغەمبەرەکانیان نەکرد، هەر ستەمکارێکی عیناد بوایە شوێنی دەکەوتن، لەم دنیایە و لە ڕۆژی قیامەتدا نەفرینیان بەشوێنەوەیە، بەڕاستی عاد بڕوایان بە پەروەردگاریان نەکرد، با بتارێن و دووربن لە میهری خوا عادەکان کەهۆزی هود بوون.

## سێیەم: ئیش کردنی بەردەوام و چاوەڕێی هاتنەجێی بەڵێنەکان:

ئایەتەکانی سورەتەکە باسی هەندێ لە گفت و گۆی نێوان حەزرەتی شوعەیب (سەلامی خوای لێبێت) و گەلەکەی لە (مەدیەن) دەکات و دەفەرمووێت: ﴿ وَيَٰقَوْمِ ٱعْمَلُوا۟ عَلَىٰ مَكَانَتِكُمْ إِنِّى عَٰمِلٌ ۖ سَوْفَ تَعْلَمُونَ مَن يَأْتِيهِ عَذَابٌ يُخْزِيهِ وَمَنْ هُوَ كَٰذِبٌ ۖ وَٱرْتَقِبُوٓا۟ إِنِّى

﴿مَعَكُمۡ رَقِيبٞ ﴿٩٣﴾﴾ هود . شوعەیب فەرمووی: گەلۆ ئەوەی لە دەستان دێت بیکەن، منیش وا خەریکی کارم، لەوە بەولاوە دەزانن کێ ئازاری ئابڕووبەرەی دێتەسەر و کێ بە درۆزن دەردەچێت، چاوەڕوان بن، ئەوا منیش لەگەڵ ئێوە چاوەڕوانم.

﴿عَلَىٰ مَكَانَتِكُمۡ﴾: واتە ڕێباز و ڕێگا و بەرنامە، واتە هەرکەس با بەپێی ئەو بەرنامەیەی قەناعەتی پێیەتی کاربکات. ﴿سَوۡفَ تَعۡلَمُونَ﴾ دواتر دەبینن سەرەنجامی کاری هەردوولا. هەر لەهەمان باسدا قورئان سەرەنجامەکەیان پیشان دەدات

﴿وَلَمَّا جَآءَ أَمۡرُنَا نَجَّيۡنَا شُعَيۡبٗا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَعَهُۥ بِرَحۡمَةٖ مِّنَّا وَأَخَذَتِ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ ٱلصَّيۡحَةُ فَأَصۡبَحُواْ فِي دِيَٰرِهِمۡ جَٰثِمِينَ ﴿٩٤﴾ كَأَن لَّمۡ يَغۡنَوۡاْ فِيهَآۗ أَلَا بُعۡدٗا لِّمَدۡيَنَ كَمَا بَعِدَتۡ ثَمُودُ ﴿٩٥﴾﴾ هود

کە فەرمانی ئێمە گەیشت، لە بەزەیی خۆمانەوە شوعەیب و هاوەڵە باوەڕدارەکانیمان ڕزگار کرد، ناهەقیکارانیش نەعرەتەیەك وای تاساندن کە هەموویان دەمەوڕوو پشوویان بڕا، دەتوت هەر لەوێشدا نەبوون، با بتارێن خەڵکی مەدیەن، وەکو هۆزی سەمود تاران.

چیرۆك و بەسەهاتی شوعەیب و گەلەکەی و هاتنەدی پەیمانەکانی خوا، پەندو وانەیەکی گەورەیە بۆ بڕواداران کە کۆڵ نەدەن و دڵنیابن سەرەنجام بۆ چاکەکارانە.

## چوارەم: یاسا و باوی خوا لە گرتنی ستەمکاراندا:

پاش ئەوەی قورئان باسی تیاچوونی گەلانی دێرین دەکات لەنوح و عادو سەمودو مەدیەن و گەلی فیرعەون، بەدوایدا بۆ پەند وەرگرتن دەفەرمووێت: ﴿ذَٰلِكَ مِنۡ أَنۢبَآءِ ٱلۡقُرَىٰ نَقُصُّهُۥ عَلَيۡكَۖ مِنۡهَا قَآئِمٞ وَحَصِيدٞ ﴿١٠٠﴾ وَمَا ظَلَمۡنَٰهُمۡ وَلَٰكِن ظَلَمُوٓاْ أَنفُسَهُمۡۖ فَمَآ أَغۡنَتۡ عَنۡهُمۡ ءَالِهَتُهُمُ ٱلَّتِي يَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مِن شَيۡءٖ لَّمَّا جَآءَ أَمۡرُ رَبِّكَۖ وَمَا زَادُوهُمۡ غَيۡرَ تَتۡبِيبٖ ﴿١٠١﴾ وَكَذَٰلِكَ أَخۡذُ رَبِّكَ إِذَآ أَخَذَ ٱلۡقُرَىٰ وَهِيَ ظَٰلِمَةٌۚ إِنَّ أَخۡذَهُۥٓ أَلِيمٞ شَدِيدٌ ﴿١٠٢﴾ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗ لِّمَنۡ خَافَ عَذَابَ ٱلۡأٓخِرَةِۚ ذَٰلِكَ يَوۡمٞ مَّجۡمُوعٞ لَّهُ ٱلنَّاسُ وَذَٰلِكَ يَوۡمٞ مَّشۡهُودٞ ﴿١٠٣﴾﴾ هود، ئەمانە چەند هەواڵێك بوون لەو شارانە کە بۆ تۆی دەگێڕینەوە، هێندێك لەوانە هەر هەن و هێندێکیشیان لەبەین چوون.

ناهەقیمان لێ نەکردن، بەڵام ئەوان ناهەقییان لە خۆیان کرد، کاتێك فەرمان لە پەروەردگاری تۆوە هات، ئەوانەی پەرستبوویان - جگە لە خوا - هیچ کارێکیان بۆ نەکردن و جیا لە زیان هیچ شتێکیان بۆ زیاد نەکردن.

ئاوایە غەزەبی پەروەردگاری تۆ، کاتێ شارانێك دادەگرێت کە خەڵکەکەیان ناهەقن. ئەو ئازارەی خودا دەیدا، زۆر بەژان و زۆر دژوارە. لەمانەدا بۆ ئەوانەی لە سزای قیامەت دەترسن پەند هەیە، کە ڕۆژێکە هەموو مەردوم لەوێ کۆدەکرێنەوە، ڕۆژێکی دیار و بەرچاوە.

## پێنجەم: دڵ قایمکردنی بڕواداران:

سورەتەکە بەوە کۆتایی دێت کە باسی ئامانج لە ناردنی دەنگ و باسی پێغەمبەران دەکات (سەلامی خوایان لێبێت) ﴿ وَكُلًّا نَّقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنبَآءِ ٱلرُّسُلِ مَا نُثَبِّتُ بِهِۦ فُؤَادَكَۚ وَجَآءَكَ فِى هَٰذِهِ ٱلْحَقُّ وَمَوْعِظَةٌ وَذِكْرَىٰ لِلْمُؤْمِنِينَ ﴿١٢٠﴾ وَقُل لِّلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ ٱعْمَلُوا۟ عَلَىٰ مَكَانَتِكُمْ إِنَّا عَٰمِلُونَ ﴿١٢١﴾ وَٱنتَظِرُوٓا۟ إِنَّا مُنتَظِرُونَ ﴿١٢٢﴾ وَلِلَّهِ غَيْبُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَإِلَيْهِ يُرْجَعُ ٱلْأَمْرُ كُلُّهُۥ فَٱعْبُدْهُ وَتَوَكَّلْ عَلَيْهِۚ وَمَا رَبُّكَ بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ ﴿١٢٣﴾ ﴾ هود

هەموو جۆرە دەنگوباسێکی پێغەمبەرانت بۆ دەگێڕینەوە، تا دڵت بەینەوە و دڵ دامەزراوت بکەین، هەرچی لەمەدا بۆ تۆ هات ڕاستی ڕاستە و بۆ گەلی خاوەن باوەڕان ئامۆژگاری و بیرەوەری تێدا هەیە.

بەو کەسانەش کە باوەڕیان نیە (وەك پێغەمبەرانی پێش خۆت) بڵێ: هەرچیتان لە دەست دێت بیکەن، وا ئێمەش کاری خۆمان دەکەین، چاوەڕوان بن، ئەوا ئێمەش چاوەڕوانین.

ئەمڕۆش بڕواداران لە کێشمە کێش لەگەڵ کافراندا دەبێت هەمان قسە بکەنەوە ﴿ ٱعْمَلُوا۟ عَلَىٰ مَكَانَتِكُمْ إِنَّا عَٰمِلُونَ ﴿١٢١﴾ وَٱنتَظِرُوٓا۟ إِنَّا مُنتَظِرُونَ ﴿١٢٢﴾ ﴾ وە دڵنیاش بن کە سوننەت و یاوی خوا لە بوونەوەردا نەگۆڕە و سەرەنجام کافران لە ناو دەچن و بڕوادارانیش سەردەکەون.

## بەڵێنەکانی سورەتی یوسف:

سورەتی یوسفیش لە مەککە هاتووەتە خوارەوە لە بار و زروفێکی نارەحەتدا، کە موسڵمانان چواردەوریان تەنرابوو بە دوژمن و سزا و ئازاری زۆریان دەچەشت و بانگەوازکردن بەرەو قفڵ بوون دەچوو.

سورەتەکە هەمووی چیرۆکی یوسف پێغەمبەرە (سەلامی خوای لێبێت) ، کە ئەمەش کۆمەڵێك بەڵێنی تێدایە و بەڵێنەکانی دێنەدی:

یەکەم: یوسف منداڵە و خەو دبینێت کە یانزە ئەستێرەو مانگ و خۆر کڕنوشی بۆ دەبەن، ئەمە بۆ باوکی دەگێڕێتەوە، ئەمیش مژدەی بە دوارۆژێکی ڕوون و پێغەمبەرایەتی دەداتێ، دوایش ئەم بەڵێنە هاتەدی.

﴿ وَكَذَٰلِكَ يَجْتَبِيكَ رَبُّكَ وَيُعَلِّمُكَ مِن تَأْوِيلِ ٱلْأَحَادِيثِ وَيُتِمُّ نِعْمَتَهُۥ عَلَيْكَ وَعَلَىٰٓ ءَالِ يَعْقُوبَ كَمَآ أَتَمَّهَا عَلَىٰٓ أَبَوَيْكَ مِن قَبْلُ إِبْرَٰهِيمَ وَإِسْحَٰقَ ۚ إِنَّ رَبَّكَ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿٦﴾ ﴾ یوسف.

ئەمە دیارە پەروەردگارت ویستوویە هەڵت بژێرێت و فێرت بکات مانای خەونەکان لێك بدەیتەوە و دەربارەی تۆ و خانەوادەی یەعقوب، چاکەی خۆی تەواو بکات، وەك ئەو چاکەیەی سەبارەت بە ئیبراهیم و ئیسحاقی باوانی تۆی کرد، دیارە پەروەردگاری تۆ هەر زانای کارزانە.

## دووەم: بەڵێنەکانی خوا بۆ یوسف:

ڕووداوەکان سەیر بوون، ڕق و کینە و ئێرەیی وابکات چەند برایەك برایەکی بچووکی خۆیان ون بکەن لە باوکیان و بیخەنە ناو قوڵایی بیرێکەوە، ئا لەوکاتەدا خوا وەحی بۆ دەنێرێت و بەڵێنی ڕزگاربوون و پاشەڕۆژێکی گەشی ئەداتێ، کە لە داهاتوودا هەواڵ دەدات بە براکانی بەو کردەوە ناپەسەندەی کردوویانە و دەیداتەوە بە چاویاندا، ﴿ فَلَمَّا ذَهَبُوا۟ بِهِۦ وَأَجْمَعُوٓا۟ أَن يَجْعَلُوهُ فِى غَيَٰبَتِ ٱلْجُبِّ ۚ وَأَوْحَيْنَآ إِلَيْهِ لَتُنَبِّئَنَّهُم بِأَمْرِهِمْ هَٰذَا وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ ﴿١٥﴾ ﴾ یوسف . کاتێك کە یوسفیان بردە دەرێ بە گەلەکۆمەکێ ویستیان بیخەنە بنی بیرەکەوە، (ئیتر کاریان تەواو کردو) ئێمەش یوسفمان تێگەیاند و وەحیمان بۆ نارد کە: تۆ لەم کارە ئاگاداریان دەکەیتەوە، کە خۆیان هەستی پێناکەن.

## سێیەم: دانانی یوسف لەماڵی عەزیزدا:

خوای گەورە بە سەلامەتی یوسفی لە بیرەکە ڕزگار کرد و کارێکی کـرد کـە نـاوبراو لـە ماڵی عەزیزی میسردا جێ و ڕێی باشی هەبێت و بیکەنە کوڕی خۆیان.

﴿ وَقَالَ ٱلَّذِى ٱشۡتَرَىٰهُ مِن مِّصۡرَ لِٱمۡرَأَتِهِۦٓ أَكۡرِمِى مَثۡوَىٰهُ عَسَىٰٓ أَن يَنفَعَنَآ أَوۡ نَتَّخِذَهُۥ وَلَدٗاۚ وَكَذَٰلِكَ مَكَّنَّا لِيُوسُفَ فِى ٱلۡأَرۡضِ وَلِنُعَلِّمَهُۥ مِن تَأۡوِيلِ ٱلۡأَحَادِيثِۚ وَٱللَّهُ غَالِبٌ عَلَىٰٓ أَمۡرِهِۦ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ ﴿٢١﴾ وَلَمَّا بَلَغَ أَشُدَّهُۥٓ ءَاتَيۡنَٰهُ حُكۡمٗا وَعِلۡمٗاۚ وَكَذَٰلِكَ نَجۡزِى ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴿٢٢﴾ ﴾ يوسف

ئەوکەسەی لە میسر کڕی، بەژنی خۆی وت: قەدری بگرە بەشکو قازانجی لێ بکەین، یان بیکەینە زارۆی خۆمان، بەم ئاوایە لەم هەردەدا یوسفمان زۆرباش دامەزراند، تا ئێمە فێریشی بکەین چۆن خەونان لێك بداتەوە.  خوا لەسەر کاری خۆی زاڵە، بەڵام زۆربەی ئـەم مەردمـە لێ نەزانن.

﴿ وَٱللَّهُ غَالِبٌ عَلَىٰٓ أَمۡرِهِۦ ﴾ خوا زاڵە و چی بوێـت و چـۆنی بوێـت دەیکـات و پـەیمان و بەڵێنی خۆی دەباتەسەر، هەرچەند زۆرکەس لەم ڕاستییە تێناگەن. جـا کـە یوسـف پێگەیشـت توانای حوکمدان و زانستمان دایە، ئێمە ئاوەها پاداشتی چاکەکاران ئەدەینەوە.

## چوارەم: جێ بۆکردنەوەی یوسف لە گەورەیی دا:

حەزرەتی یوسف (سەلامی خوای لێبێت)  تووشی فیتنە بوو، ژنی عـەزیز مەرامی خراپی هەبوو، خوا پاراستی، زاڵ بوو بەسەر فیتنەکەدا، پاش چەند ساڵ بەندی، بە لێکدانەوەی خـەوی پاشا ڕزگاری بوو، داوای کرد کە بیکەنـە سـەرکاری بـەروبوومی وڵات:﴿ قَالَ ٱجۡعَلۡنِى عَلَىٰ خَزَآئِنِ ٱلۡأَرۡضِۖ إِنِّى حَفِيظٌ عَلِيمٞ ﴿٥٥﴾ ﴾ یوسف .

ئنجا خوای گەورە مەیلی وابوو کە یوسف بچێتە ئەو پۆستە مەزنەوە کە خەڵکی میسـر لەو قات و قڕیەدا بە تەگبیرو ڕای یوسف ڕزگاریان بوو، برسیەتیەکەیان تێپەڕاند.

﴿ وَكَذَٰلِكَ مَكَّنَّا لِيُوسُفَ فِي ٱلۡأَرۡضِ يَتَبَوَّأُ مِنۡهَا حَيۡثُ يَشَآءُۚ نُصِيبُ بِرَحۡمَتِنَا مَن نَّشَآءُۖ وَلَا نُضِيعُ أَجۡرَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ۝٥٦ وَلَأَجۡرُ ٱلۡأٓخِرَةِ خَيۡرٞ لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَكَانُواْ يَتَّقُونَ ۝٥٧ ﴾ يوسف

ئا بەم جۆرە یوسفمان لەم سەرزەمینە بەرێزەوە جێ کردەوە، خۆش نشینێك بوو لە هەر جێ ویستبای لەوێ دەژیا، هەر کێ ئێمە بمانەوێت بەر بەزەییمانی دەخەین، پاداشتی چاکەکارانیش ون ناکەین، خۆ دیارە پاداشی ئەولاش هێژاترە بۆ ئەوانەی باوەڕدار و خۆپارێزن.

## پێنجەم: یوسف و براکانی و هاتنە جێی بەڵێنەکان:

لە تاو برسێتی براکانی یوسف هاتنە بەردەستی لە میسر بۆ هاوکاری و وەرگرتنی گەنم و جۆ، بەمەش بەڵێنەکەی خوا هاتنەدی، یوسفیش هەواڵی دانێ بەو کارە نەشیاوەی کە دەرهەق بەو کردبوویان:

﴿ قَالَ هَلۡ عَلِمۡتُم مَّا فَعَلۡتُم بِيُوسُفَ وَأَخِيهِ إِذۡ أَنتُمۡ جَٰهِلُونَ ۝٨٩ قَالُوٓاْ أَءِنَّكَ لَأَنتَ يُوسُفُۖ قَالَ أَنَا۠ يُوسُفُ وَهَٰذَآ أَخِيۖ قَدۡ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَيۡنَآۖ إِنَّهُۥ مَن يَتَّقِ وَيَصۡبِرۡ فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجۡرَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ۝٩٠ ﴾ یوسف. یوسف بە براکانی وت: ئاخۆ دەزانن چیتان بە یوسف و براکەی کرد؟ ئێوە بەڕاستی نەزان بوون، وتیان: ئا توخوا بەڕاستە! یوسف خۆتی؟ وتی: بەڵێ، من یوسفم و براکەشم ئەوەتانێ، خودا بەر منەتی کردین، چونکو هەرکێ خۆپارێز و خۆڕاگربێت، دیارە خودا پاداشتی چاکەکاران ون ناکات.

## شەشەم: خوای گەورە خەوەکەی یوسفی هێنایە دی:

ئەو خەوەی کە بە منداڵی بینی بەڵێن و مژدەی خوا بوو بۆی، پاش دەیان ساڵ هاتەدی، ﴿ وَرَفَعَ أَبَوَيۡهِ عَلَى ٱلۡعَرۡشِ وَخَرُّواْ لَهُۥ سُجَّدٗاۖ وَقَالَ يَٰٓأَبَتِ هَٰذَا تَأۡوِيلُ رُءۡيَٰيَ مِن قَبۡلُ قَدۡ جَعَلَهَا رَبِّي حَقّٗاۖ وَقَدۡ أَحۡسَنَ بِيٓ إِذۡ أَخۡرَجَنِي مِنَ ٱلسِّجۡنِ وَجَآءَ بِكُم مِّنَ ٱلۡبَدۡوِ مِنۢ بَعۡدِ أَن نَّزَغَ ٱلشَّيۡطَٰنُ بَيۡنِي وَبَيۡنَ إِخۡوَتِيٓۚ إِنَّ رَبِّي لَطِيفٞ لِّمَا يَشَآءُۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلۡعَلِيمُ ٱلۡحَكِيمُ ۝١٠٠ ﴾ یوسف. دایە و بابی وەبان تەختەوە نیشاند و هەموویان کڕنووشیان بۆ برد، وتی: ئەمە خەونەکەی پێشوومە، پەروەردگارم ئاکامەکەی وەدی

هێنا و لەپاش ئەوەی شەیتان لە نێوان مـن و براکانمـدا بەدفـەڕی کـرد، زۆر چـاکەی دەربـارە کردووم، لە زیندانی دەرهێنام، ئێوەشی لەو سارایەوە هاوردەوە، پەروەردگارم بـۆ هەرکەسـێکی خۆی حەزبکات دڵاوایە و بۆ خۆی زانای لە کارزانە.

## حەوتەم: دڵنیایی یەعقوب (سەلامی خوای لێبێت) لە هاتنەدی بەڵێنی خوادا:

لەگەڵ ئەو هەموو خەم و خەفەت و ناڕەحەتییەی تووشی حەزرەتی یەعقوب بوو، هەرگیز بێ هیـوا نـەبوو، چـونکە بـێ هیـوایی سـیمای ﴿ يَٰبَنِيَّ ٱذۡهَبُواْ فَتَحَسَّسُواْ مِن يُوسُفَ وَأَخِيهِ وَلَا تَاْيۡـَٔسُواْ مِن رَّوۡحِ ٱللَّهِۖ إِنَّهُۥ لَا يَاْيۡـَٔسُ مِن رَّوۡحِ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلۡقَوۡمُ ٱلۡكَٰفِرُونَ ﴿٨٧﴾ ﴾یوسف.

کاتێك کە سێ کوڕی دیار نەمان، یوسف کە لەسەرەتاوە ون کرا، دواتر بنیامین کە چووە میسر و دەست بەسەر کرا، سێیەمیشیان برا گەورەکەیان کە لـە شـەرما نـەیتوانی بگەڕێتـەوە کەنعان بۆلای باوکیان، ئا لەم کاتە ناخۆش و ناهەموارەدا کە یەعقوب لە خەفەتدا چاوەکانی لە دەستدا، هەر ئومێدی بە خوا بوو کە هەموویان بەسەلامەتی بگێڕێتەوە بۆی، بۆیە بە کوڕەکانی وت: ڕۆڵەکانم بڕۆن، بەڵکو سۆراغێکی یوسف و براکـەی بکـەن، نائومێـدیش مـەبن لەبـەزەیی خودا، هەر ئەوانەی خوانەناسن لەبەزەیی خوا نائومێدن.

## هەشتەم: خوا بەڵێنی خۆی بۆ پێغەمبەران و بڕواداران جێبەجێ دەکات:

﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا ٱسۡتَيۡـَٔسَ ٱلرُّسُلُ وَظَنُّوٓاْ أَنَّهُمۡ قَدۡ كُذِبُواْ جَآءَهُمۡ نَصۡرُنَا فَنُجِّيَ مَن نَّشَآءُۖ وَلَا يُرَدُّ بَأۡسُنَا عَنِ ٱلۡقَوۡمِ ٱلۡمُجۡرِمِينَ ﴿١١٠﴾ ﴾ یوسف. تا کاتێ پێغەمبەران نا ئومێدبوون لەسەرکەوتن بەسەر دوژمناندا، مەردمیش وایان دەزانی بەڵێنەکان نایەنەدی و درۆیان لەگەڵ کراوە، ئا لەوکاتەدا سەرکەوتن لەلایەن خواوە دابەزی، ئەوانەش وا حەزمان کرد ڕزگارکران لە پێغەمبەران و یارانیان، بێگومان سزای ئێمە دوورناخرێتەوە لە تاوانباران و دەبێت تووش بن.

سورەتەکە بە گشتی، بەسەرهاتی یوسف لە ئەوەڵ تا ئاخری، سەرجەم بابەت و باسەکانی مژدە بەخش بوون بۆ حەزرەتﷺ و یارانی بەڕێزی کە خوا باڵادەستە و پەیمان و بـەڵێنی خـۆی دەباتە سەر.

## بەڵێنەکانی سورەتی ئیبراهیم:

ئەم سورەتە مەککییە و بار و زروفی موسڵمانان زۆر خراپ بوو کە بۆ دڵنەواییان دابەزی، ئەڵبەتە ئەم سورەتەش کەسایەتیەکی تایبەتی خۆی هەیە. تەوەرەی سەرەکی سورەتەکە ڕووبەڕووبوونەوەی هەق و ناهەقە، کە سەرەنجامی سەرکەوتنی بڕوادارانە و تۆڵە سەندنە لە ناهەقیکاران.

## ئەوەی لە نێوان پێغەمبەران و دوژمنانیاندایە:

یەکەم: ﴿ أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَبَؤُا الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ قَوْمِ نُوحٍ وَعَادٍ وَثَمُودَ وَالَّذِينَ مِنْ بَعْدِهِمْ لَا يَعْلَمُهُمْ إِلَّا اللَّهُ جَاءَتْهُمْ رُسُلُهُم بِالْبَيِّنَاتِ فَرَدُّوا أَيْدِيَهُمْ فِي أَفْوَاهِهِمْ وَقَالُوا إِنَّا كَفَرْنَا بِمَا أُرْسِلْتُم بِهِ وَإِنَّا لَفِي شَكٍّ مِّمَّا تَدْعُونَنَا إِلَيْهِ مُرِيبٍ ﴿٩﴾ ﴾ إبراهيم . ئاخۆ ئێوە دەنگوباسی ئەوانەتان نەبیستووە کە بەر لەئێوە ژیاون؟ وەك هۆزی نوح و عاد و سەموود و ئەوانەی لە دوای ئەوان بوون، کە خوا نەبێت هیچ کەسی تر نایزانێت. پێغەمبەرەکانی ئەوان بەبەڵگەی زۆر ئاشکراوە هاتنەلایان، کافران دەستیان دەبرد بۆ دەمیان و دەیانکرد بە فیکە و هۆسە و گاڵتەجاڕی، دەیانوت: ئێمە بەو شتانەی ڕاسپێراون باوەڕ ناکەین، لەوەش ئێمەی بۆ بانگ دەکەن زۆر بە گومانین.

﴿قَالَتْ رُسُلُهُمْ أَفِي اللَّهِ شَكٌّ فَاطِرِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ يَدْعُوكُمْ لِيَغْفِرَ لَكُم مِّن ذُنُوبِكُمْ وَيُؤَخِّرَكُمْ إِلَىٰ أَجَلٍ مُّسَمًّى قَالُوا إِنْ أَنتُمْ إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُنَا تُرِيدُونَ أَن تَصُدُّونَا عَمَّا كَانَ يَعْبُدُ آبَاؤُنَا فَأْتُونَا بِسُلْطَانٍ مُّبِينٍ ﴿١٠﴾ ﴾ إبراهيم . پێغەمبەرەکانیان وتیان: ئاخۆ ئێوە لە داهێنەری ئەرز و ئاسمانان بەشکن؟ بانگتان دەکات تا لە گوناهەکانتان خۆش ببێت و تا ماوەیەکی دیاریکراو لێتان ڕاوەستێت.

وتیان: ئێوەش وەك ئێمە مرۆڤن، گەرەکتانە لەوانەی کە باو و باپیرمان دەیانپەرستن وەرمانگێڕن؟ سا هەر بەڵگەیەکی پتەوتان پێیە بیهێنن و بۆمان بنوێنن.

﴿ قَالَتْ لَهُمْ رُسُلُهُمْ إِن نَّحْنُ إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَمُنُّ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ ۖ وَمَا كَانَ لَنَآ أَن نَّأْتِيَكُم بِسُلْطَٰنٍ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُؤْمِنُونَ ﴿١١﴾ وَمَا لَنَآ أَلَّا نَتَوَكَّلَ عَلَى ٱللَّهِ وَقَدْ هَدَىٰنَا سُبُلَنَا ۚ وَلَنَصْبِرَنَّ عَلَىٰ مَآ ءَاذَيْتُمُونَا ۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُتَوَكِّلُونَ ﴿١٢﴾ ﴾ إبراهيم. پێغەمبەرەکانیان وتیان: ئەرێ ئێمەش بنیادەمێکین وەك ئێوە، بەڵام خودا لە هەر عەبدێکی خۆ حەزکا، بە چاکە دەیخوێنێتەوە، بۆمە ناشێت هیچ بەڵگەیەکتان بۆ بێنین، مەگەر هەر خۆی ڕێی پێ بدات، با هەرچی خاوەن باوەڕن، خۆیان بدەنە دەس خودا.

جا چۆن ئێمە خۆمان بە خودا ناسپێرین، کە هەر بۆخۆی ڕێگەی ڕاستی نیشان داوین؟ هەر ئازارێکیشمان بدەن، خۆڕادەگرین، با ئەوانەش خوا بە پشتیوان دەزانن، خۆیان بدەنە دەست خوا.

﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لِرُسُلِهِمْ لَنُخْرِجَنَّكُم مِّنْ أَرْضِنَآ أَوْ لَتَعُودُنَّ فِى مِلَّتِنَا ۖ فَأَوْحَىٰٓ إِلَيْهِمْ رَبُّهُمْ لَنُهْلِكَنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٣﴾ وَلَنُسْكِنَنَّكُمُ ٱلْأَرْضَ مِنۢ بَعْدِهِمْ ۚ ذَٰلِكَ لِمَنْ خَافَ مَقَامِى وَخَافَ وَعِيدِ ﴿١٤﴾ ﴾ إبراهيم. ئەوانەی دژی خودا بوون بە پێغەمبەرەکانیان وت: ئێمە دیارە لەم سەرزەمینەی خۆمانتان وەدەر دەنێین، یان دێنەوە سەر ئاینەکەی خۆمان. پەروەرێنیان وەحی بۆ ناردن، ستەمکاران لەناو دەبەین. لە پاش ئەوان لەم زەمینەدا ئێوە دادەمەزرێنین، ئەمەش بۆ کەسانێکە کە لە پایەبەرزی من و لە هەڕەشەی من دەترسن. ﴿ وَٱسْتَفْتَحُوا۟ وَخَابَ كُلُّ جَبَّارٍ عَنِيدٍ ﴿١٥﴾ مِّن وَرَآئِهِۦ جَهَنَّمُ وَيُسْقَىٰ مِن مَّآءٍ صَدِيدٍ ﴿١٦﴾ يَتَجَرَّعُهُۥ وَلَا يَكَادُ يُسِيغُهُۥ وَيَأْتِيهِ ٱلْمَوْتُ مِن كُلِّ مَكَانٍ وَمَا هُوَ بِمَيِّتٍ ۖ وَمِن وَرَآئِهِۦ عَذَابٌ غَلِيظٌ ﴿١٧﴾ ﴾ إبراهيم .

پێغەمبەران داوایان کرد دەرویان لێ بکرێتەوە، هەرکەسیش ملهوڕ و لاسار بوو نائومێد بوو، لە دواشیەوە جەهەننەمە و زووخاوی دەدرێتێ بیخواتەوە. دەیەوێت بیخواتەوە، بۆی قوت نادرێت، لە گشت لاوە مەرگی بۆ دێت، کە ناشمرێت و جەزرەبەی هەرە بەژانیش بەدوایەوەیە.

ئەم نۆ ئایەتە لە (٩ - ١٧) ی ئیبراهیم تابلۆیەکی ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان پێغەمبەران و گەلەکانیانە و گفتوگۆی نێوانیان تۆمار دەکات، خوا بەڵێن دەدات بە دۆستانی کە ناحەزانی لەناو دەبات، سەرەنجامیش بەڵێنەکە دێتەدی و دوژمنان لەناوچوون.

## نموونەی ئیسـلام و کوفر:

﴿ أَلَمْ تَرَ كَيْفَ ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا كَلِمَةً طَيِّبَةً كَشَجَرَةٍ طَيِّبَةٍ أَصْلُهَا ثَابِتٌ وَفَرْعُهَا فِى ٱلسَّمَآءِ ﴿٢٤﴾ تُؤْتِىٓ أُكُلَهَا كُلَّ حِينٍ بِإِذْنِ رَبِّهَا ۗ وَيَضْرِبُ ٱللَّهُ ٱلْأَمْثَالَ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ ﴿٢٥﴾ وَمَثَلُ كَلِمَةٍ خَبِيثَةٍ كَشَجَرَةٍ خَبِيثَةٍ ٱجْتُثَّتْ مِن فَوْقِ ٱلْأَرْضِ مَا لَهَا مِن قَرَارٍ ﴿٢٦﴾ يُثَبِّتُ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ بِٱلْقَوْلِ ٱلثَّابِتِ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَفِى ٱلْءَاخِرَةِ ۖ وَيُضِلُّ ٱللَّهُ ٱلظَّٰلِمِينَ ۚ وَيَفْعَلُ ٱللَّهُ مَا يَشَآءُ ﴿٢٧﴾ ﴾ إبراهيم. ئایا نابینیت خوا چۆن نموونەیەکی جوان دێنێتەوە؟ قسەیەکی بە ڕێ و جێ، بە شەنگە دارێك دەشوبهێت، ڕەگی قایم داکوتاوە و لقی لە تەشقی ئاسمانە. بە ئیزنی پەروەردگاری چوار فەسڵە میوەی دەبێت، خودا نموونە بۆ ئەو خەڵکە دێنێتەوە، بەشکو پەندی لێ وەربگرن. نموونەی قسەی نابەجێش، وەکو بنجێکی ناجسنە کەلەزەمین هەڵکەندرابێت و خۆی نەگرێت.

جا مەبەست لە قسەی چاك ئیسلامە و لە قسەی خراپ کوفرە، خودا لە دنیا و قیامەتدا بە قسەی چاك و ئیمان بڕواداران توند و قایم دەکات و ناهەقیکارانیش لە ڕێ لادەدات، خودا چی بووێت و چۆنی بووێت دەیکات. نموونەکەش بۆ دەرخستنی دامەزراوی ئیسلامە کە تەحەددای ناحەزانی دەکات، لە بەرامبەریشدا کافران لە زەوی هەڵکەندراون و بەپاڵێك دەکەوت.

## خوا بێئاگا نیە لە ستەمکاران:

﴿ وَلَا تَحْسَبَنَّ ٱللَّهَ غَٰفِلًا عَمَّا يَعْمَلُ ٱلظَّٰلِمُونَ ۚ إِنَّمَا يُؤَخِّرُهُمْ لِيَوْمٍ تَشْخَصُ فِيهِ ٱلْأَبْصَٰرُ ﴿٤٢﴾ مُهْطِعِينَ مُقْنِعِى رُءُوسِهِمْ لَا يَرْتَدُّ إِلَيْهِمْ طَرْفُهُمْ ۖ وَأَفْـِٔدَتُهُمْ هَوَآءٌ ﴿٤٣﴾ وَأَنذِرِ ٱلنَّاسَ يَوْمَ يَأْتِيهِمُ ٱلْعَذَابُ فَيَقُولُ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ رَبَّنَآ أَخِّرْنَآ إِلَىٰٓ أَجَلٍ قَرِيبٍ نُّجِبْ دَعْوَتَكَ وَنَتَّبِعِ ٱلرُّسُلَ ۗ أَوَلَمْ تَكُونُوٓا۟ أَقْسَمْتُم مِّن قَبْلُ مَا لَكُم مِّن زَوَالٍ ﴿٤٤﴾ وَسَكَنتُمْ فِى مَسَٰكِنِ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ وَتَبَيَّنَ لَكُمْ كَيْفَ فَعَلْنَا بِهِمْ وَضَرَبْنَا لَكُمُ ٱلْأَمْثَالَ ﴿٤٥﴾ وَقَدْ مَكَرُوا۟ مَكْرَهُمْ وَعِندَ ٱللَّهِ مَكْرُهُمْ وَإِن كَانَ مَكْرُهُمْ لِتَزُولَ مِنْهُ ٱلْجِبَالُ ﴿٤٦﴾ فَلَا تَحْسَبَنَّ ٱللَّهَ مُخْلِفَ وَعْدِهِۦ

رُسُلَهُۥٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٞ ذُو ٱنتِقَامٖ ﴿٤٧﴾ ﴾ إبراهيم. پێت وا نەبێت خودا لە کردەی ستەمکاران بێئاگایە، خودا بۆ ڕۆژێکی هەڵگرتوون کە چاو تیایدا ئەبڵەق دەبێت (کە ڕۆژی قیامەتە) . بەپەلە بەدوای ئەو فریشتەیەدا دەڕۆن کە مەئموورە لەسەریان و مل و گەردنیان ڕەق بووە و چاوەکانیان ناتروکێنن و دڵیان بەتاڵ و حەتاڵە.

خەڵك بترسێنە لەو ڕۆژەی سزای خوا دێت، ئەوانەی ستەمیان لە خۆیان کردووە لەو ڕۆژەدا دەڵێن: خودایا بۆ ماوەیەکی کەم مۆڵەتمان بدە هەتا بە دەنگتەوە بێین و شوێن پێغەمبەران بکەوین، ئاخر هەر ئێوەنەبوون کە پێشتر لە دنیادا سوێندتان دەخوارد کە هەرگیز لەناو ناچن.

هەروەها لەدنیادا چوونە جێگەی ئەوانەی کە ستەمیان لەخۆیان کردبوو، بۆتان دەرکەوت چیمان لێ کردن! چەند نموونەشمان بۆ هێنانەوە بەڵکو پەندو عیبرەتیان لێ وەرگرن.

بەڕاستی کافران مەکرو پیلانی زۆریان کردو، ئەو مەکرانەیان لای خودا ئاشکرابوون، خوا ڕۆژی خۆی تۆڵەیان لێ دەسێنێت، ئەگەر چی مەکرەکانیان ئەوەندە بەهێزبوو لەوانەبوو کێو لەبن بێنێت.

پێت وانەبێت خوا لەو بەڵێنانەی کە بە پێغەمبەرانی خۆی داوە پەشیمان بێتەوە، خودا خاوەن دەسەڵاتی تۆڵەسێنە. بەڵێ. . سەرەنجامی مەکر و پیلان و جەنگ و خراپەیان چی بوو، چییان بۆ مایەوە جگە لە ڕیسوایی و شکست و سەرشۆڕی؟!جا با بڕواداران دڵنیابن لە پەیمان و بەڵێنی خوا﴿ فَلَا تَحۡسَبَنَّ ٱللَّهَ مُخۡلِفَ وَعۡدِهِۦ رُسُلَهُۥٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٞ ذُو ٱنتِقَامٖ ﴿٤٧﴾ ﴾ إبراهيم .

## بەڵێنەکانی سورەتی ئیسرا :

ئەم سورەتەش مەککییە و لە هەمان بار و زروفی ناخۆش و ناهەمواری سورەتەکانی پێش خۆی دا هاتووەتە خوارەوە، هەمان ئامانجی سورەتەکانی تری هەیە و بەشێوازێکی نوێ دایدەڕێژێت، ئەمە بێجگە لەوەی کە باسی دوو فەسادی گەورەی جوولەکە دەکات کە سەرەنجامی هەردوو فەسادەکەیان تیاچوونە.

﴿وَقَضَيْنَآ إِلَىٰ بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ فِي ٱلْكِتَٰبِ لَتُفْسِدُنَّ فِي ٱلْأَرْضِ مَرَّتَيْنِ وَلَتَعْلُنَّ عُلُوًّا كَبِيرًا ﴿٤﴾﴾ الإسراء . وەحیمان كرد بۆ بەنی ئیسرائیل لەتەوراتداو پێمان وتن: ئێوە دووجار بەدكاریو ستەم دەكەن لەزەویداو بەرز دەبنەوەو دەسەڵاتێكی گەورە پەیدا دەكەن.

﴿ فَإِذَا جَآءَ وَعْدُ أُولَىٰهُمَا بَعَثْنَا عَلَيْكُمْ عِبَادًا لَّنَآ أُوْلِي بَأْسٍ شَدِيدٍ فَجَاسُواْ خِلَٰلَ ٱلدِّيَارِۚ وَكَانَ وَعْدًا مَّفْعُولًا ﴿٥﴾﴾ الإسراء ، كاتێك وادەی پاداشی خراپەكاری یەكەم جارتان هات چەند بەندەیەكی بەهێز و ئازا لە بەندەكانی خۆمان ڕەوانە دەكەین بۆ سەرتان، كونا و كون بەدواتاندا دەگەڕێن و لە ناو ماڵاندا دەتانگرن و سزاتان دەدەن، ئەمە بەڵێنێكی بڕیاردراوە و دەبێت بێتە دی.

﴿ ثُمَّ رَدَدْنَا لَكُمُ ٱلْكَرَّةَ عَلَيْهِمْ وَأَمْدَدْنَٰكُم بِأَمْوَٰلٍ وَبَنِينَ وَجَعَلْنَٰكُمْ أَكْثَرَ نَفِيرًا ﴿٦﴾﴾ الإسراء . لەپاشا جارێكی تر سەرتان دەخەینەوە بەسەر دوژمنەكانتانداو بەماڵ و كوڕگەلێكی زۆر یارمەتیتان دەدەین. ﴿إِنْ أَحْسَنتُمْ أَحْسَنتُمْ لِأَنفُسِكُمْۖ وَإِنْ أَسَأْتُمْ فَلَهَاۚ فَإِذَا جَآءَ وَعْدُ ٱلْأٓخِرَةِ لِيَسُـُٔواْ وُجُوهَكُمْ وَلِيَدْخُلُواْ ٱلْمَسْجِدَ كَمَا دَخَلُوهُ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَلِيُتَبِّرُواْ مَا عَلَوْاْ تَتْبِيرًا ﴿٧﴾﴾ الإسراء . ئەگەر چاكە بكەن چاكە لەگەڵ خۆتان دەكەن، ئەگەر خراپەش بكەن بۆ خۆتانە. ﴿ فَإِذَا جَآءَ وَعْدُ ٱلْأٓخِرَةِ لِيَسُـُٔواْ وُجُوهَكُمْ وَلِيَدْخُلُواْ ٱلْمَسْجِدَ كَمَا دَخَلُوهُ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَلِيُتَبِّرُواْ مَا عَلَوْاْ تَتْبِيرًا ﴿٧﴾﴾ الإسراء. كەوادەی پاداشتی ستەمی جارەكەی ترتان هات خەڵكی ترتان بۆ دەنێرین تا بەسەرتاندا سەركەونەوە و نیشانەی سەركەوتنیان بە ناوچاوانتانەوە دیاربێت و، وەك جاری پێشوو چوونە (بیت المقدس) ئەم جارەش بچنەوە ناوی و هەرچی دەستیان دەڕوات بەسەریا وێرانی بكەن.

خراپەكاری یەكەمی بەنی ئیسرائیل بەلای هەندێ لە زانایان و موفەسیرەكانەوە، بریتییە لەو دژایەتی و خراپەیەی كە كردیان لەسەردەمی حەزرەتدا ﷺ. كە خۆی و هاوەڵانیشی ئەو بەندانەی خوابوون كە خوا ناردنی و تەفروتونایان كردن و بەڵێنەكەی خوا هاتەدی.

خراپەكاری دووەمیشیان (خوا باشتر دەزانێت) لەوەدەچێت ئەم خراپەیەی ئێستایان بێت كە پشت بەخوا لەسەر دەستی بڕوادارانداا لوتیان دەشكێت و هەقی بەرو دوایان لێ دەكرێتەوە، كە ئەمەش سەرەداوەكانی وردە وردە دەردەكەون و جارێكی تر موسڵمانان فەتحی قودس دەكەنەوە.

## بەڵێنی خوا لە کاتی کۆچدا:

﴿ وَقُل رَّبِّ أَدۡخِلۡنِي مُدۡخَلَ صِدۡقٖ وَأَخۡرِجۡنِي مُخۡرَجَ صِدۡقٖ وَٱجۡعَل لِّي مِن لَّدُنكَ سُلۡطَٰنٗا نَّصِيرٗا ﴿٨٠﴾ ﴾ الإسراء . بڵێ: پەروەردگارا ڕێگەم بەرە و ڕاستی بەرەو، بەرە و ڕاستیم بەرێ بکە، هێزێکی هاریکاریشم بۆ دیاری بکە.

ئەمە لە کاتێکدا هاتە خوارەوە کە پێغەمبەرﷺ دەیویست کۆچ بکات، هەموو هۆکارە ماددیەکانی بە چاکی ئامادەکردبوو، کە بە نهێنی و بەبێ ئەوەی کەس پێیان بزانێت مەککەیان بەجێهێشت، بۆ سەر لێ تێکدان بەرە و مەدینە ڕاستەوخۆ نەکەوتنە ڕێ، کوڕی ئەبو بەکر و ئەسمائی کچی و شوانەکەی لە خزمەتدا بوون ئەو دوو سێ ڕۆژە بە نهێنی سەردانیان دەکردن و هەواڵ و خواردنیان بۆ دەبردن. . لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئنجا دەستی پاڕانەوە بەرزدەکاتەوە و دەفەرمووێت: پەروەردگارا ڕێگەم بەرە و ڕاستی بەرەو، بەرەو ڕاستیم بەرێ بکە، هێزێکی هاریکاریشم بۆ دیاری بکە.

﴿ وَقُلۡ جَآءَ ٱلۡحَقُّ وَزَهَقَ ٱلۡبَٰطِلُۚ إِنَّ ٱلۡبَٰطِلَ كَانَ زَهُوقٗا ﴿٨١﴾ وَنُنَزِّلُ مِنَ ٱلۡقُرۡءَانِ مَا هُوَ شِفَآءٞ وَرَحۡمَةٞ لِّلۡمُؤۡمِنِينَ وَلَا يَزِيدُ ٱلظَّٰلِمِينَ إِلَّا خَسَارٗا ﴿٨٢﴾ ﴾ الإسراء، هەروەها بڵێ: تازە هەق و ڕاستی هاتووە و ناهەقی پووچ و تەفروتونا بووە، بە ڕاستی ناهەق خۆی ناگرێت و لەناو دەچێت. ئێمە لە قورئان ئایەتی وا دەنێرین کە شیفایە و ڕەحمەتە بۆ بڕواداران، بۆ کافرانیش زەرەر و زیان نەبێت هیچیان بۆ زیاد ناکات. مەبەست لە (مخرج صدق) دەرچوونیەتی لە مەککە و، مەبەست لە (مدخل صدق) چوونیەتی بۆ مەدینە.

لەم ئایەتانەوە حەزرەتﷺ دڵنیابووە لە سەرکەوتنی ئیسلام و تیاچوونی کافران، هەر لەمەشەوەیە کە بەڵێنی بە سوراقەدا کە بازنەکانی کیسرا دەکاتە دەستی، لە دوای کۆچەوە بۆ مەدینە بەچەند ساڵێك لە فەتحی مەککەدا حەزرەتﷺ و هاوەڵانی بتەکانیان شکاند و لەو کاتەشدا حەزرەتﷺ ئەم ئایەتەی دەخوێند، کە بەڵگەیە لەسەر هاتنەدی پەیمان و بەڵێنی خوا ﴿ وَقُلۡ جَآءَ ٱلۡحَقُّ وَزَهَقَ ٱلۡبَٰطِلُۚ إِنَّ ٱلۡبَٰطِلَ كَانَ زَهُوقٗا ﴿٨١﴾ ﴾ الإسراء

## بەڵێنەکانی سورەتی ئەنبیا:

ئەم سورەتەش مەککییە، ناونراوە (ئەنبیا) لەبەرئەوەی باسی کۆمەڵێك پێغەمبەری پایەبەرزی تیاکراوە (سەلامی خوایان لێبێت) ، سورەتەکە باسی ڕووبەڕووبوونەوەی بەردەوامی نێوان هەق و ناهەق دەکات، کە ئەهلی هەق پێغەمبەران پێشەوایەتیان دەکەن و ئەهلی کوفریش گەورە پیاوانی ناو کافران ڕابەرایەتیان دەکەن.

هەروەها ئایەتەکانی باسی ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان پێغەمبەرﷺ و قورەیش دەکات، بەوەی کە گومان و پڕوپاگەندەکانیان دەخاتەڕوو، پاشان وەڵامیشیان دەداتەوە، ئەمە بێجگە لەوەی کە بەڵێنی تیایە بە سەرکەوتنی هەق بەسەر ناهەق دا، کە ئەم بەڵێنانەش کاریگەرییەکی گەورەیان هەبوو لەسەر یاران کە خۆگربن و هەرگیز بێهیوا نەبن.

### خوا پەیمانی خۆی دەباتە سەر بۆ پێغەمبەرانی:

١ - ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَا قَبۡلَكَ إِلَّا رِجَالٗا نُّوحِيٓ إِلَيۡهِمۡۖ فَسۡـَٔلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلذِّكۡرِ إِن كُنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ ﴿٧﴾ وَمَا جَعَلۡنَٰهُمۡ جَسَدٗا لَّا يَأۡكُلُونَ ٱلطَّعَامَ وَمَا كَانُواْ خَٰلِدِينَ ﴿٨﴾ ثُمَّ صَدَقۡنَٰهُمُ ٱلۡوَعۡدَ فَأَنجَيۡنَٰهُمۡ وَمَن نَّشَآءُ وَأَهۡلَكۡنَا ٱلۡمُسۡرِفِينَ ﴿٩﴾ لَقَدۡ أَنزَلۡنَآ إِلَيۡكُمۡ كِتَٰبٗا فِيهِ ذِكۡرُكُمۡۚ أَفَلَا تَعۡقِلُونَ ﴿١٠﴾ ﴾ الأنبياء .

پێش تۆ لە چەند پیاوێك بەولاوەمان نەناردووە کە وەحیمان بۆ دەکردن، کە ئەوانیش وەك تۆ ئادەمیزاد بوون، دەی ئەگەر نازانن لەوانە بپرسن کە شارەزاییان هەیە لە پەڕاوی پێغەمبەرانی پێشوودا. ئەو پێغەمبەرانەی ناردبوومانن وامان دروست نەکردبوون، کە لاشەیەك بن خۆراك نەخۆن و نەمربن. پاشان هەموو ئەو بەڵێنانەی پێمان دابوون بە جێمان گەیاندن و ئەوانیش و هەرکەسیش خۆمان ویستمان نەجاتمان دان، ئەوانەش کە زیادەڕۆییان دەکرد لەناومان بردن. بەڕاستی ئێمە پەڕاوێکمان بۆ ناردوون کە پەندو ئامۆژگاری و پایە بەرزیتانی تیایە، چیتانە کە هەر تێناگەن؟

ئەو ئایەتەی کە باس لە هاتنەدی بەڵێنی خوا دەکات بۆ پێغەمبەرانی پێشین وای لە هاوەڵان کرد کە هەردەم چاوەڕێی سەرکەوتن بن بەسەر کافراندا.

ئنجا قورئان وەك هەڕەشەیەك لە كافران باسی تیاچوونی گەلانی پێشین دەكات و دەفەرموێت: ﴿ وَكَمْ قَصَمْنَا مِن قَرْيَةٍ كَانَتْ ظَالِمَةً وَأَنشَأْنَا بَعْدَهَا قَوْمًا آخَرِينَ ﴿١١﴾ فَلَمَّا أَحَسُّوا بَأْسَنَا إِذَا هُم مِّنْهَا يَرْكُضُونَ ﴿١٢﴾ لَا تَرْكُضُوا وَارْجِعُوا إِلَىٰ مَا أُتْرِفْتُمْ فِيهِ وَمَسَاكِنِكُمْ لَعَلَّكُمْ تُسْأَلُونَ ﴿١٣﴾ قَالُوا يَا وَيْلَنَا إِنَّا كُنَّا ظَالِمِينَ ﴿١٤﴾ فَمَا زَالَت تِّلْكَ دَعْوَاهُمْ حَتَّىٰ جَعَلْنَاهُمْ حَصِيدًا خَامِدِينَ ﴿١٥﴾ ﴾ الأنبياء. ئێمە چەند ئاوەدانی و باژێرمان وێران كرد كە ستەمكار بوون و كەسانی ترمان خستە جێیان. هەر هەستیان كرد كە ئێمە بەگژیاندا دێین و سزایان دەدەین، لە پڕێكدا لە ئاوایی ڕایان كرد، ڕامەكەن و بگەڕێنەوە سەر ماڵ و خۆشگوزەرانیتان، بەڵكو پرسیارتان لێ بكرێت، وتیان: هەی ماڵ وێران خۆمان! دیارە كە ئێمە ناهەق بووین. هەر دەربارەی ئەوە دەدوان تا بە دەردی پووش و پەڵاشی دروێنەكراومان بردن و دامان مركاندن و تەختمان كردن.

## یاسای خوایی لە كێشمە كێشی نێوان هەق و ناهەقدا:

خوای گەورە جددییە لە كارەكانیدا ﴿ وَمَا خَلَقْنَا السَّمَاءَ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا لَاعِبِينَ ﴿١٦﴾ لَوْ أَرَدْنَا أَن نَّتَّخِذَ لَهْوًا لَّاتَّخَذْنَاهُ مِن لَّدُنَّا إِن كُنَّا فَاعِلِينَ ﴿١٧﴾ ﴾ الأنبیاء. ئێمە ئاسمان و زەوی و ئەوەی لە نێوانیاندایە بە گاڵتە دروستمان نەكردووە، ئەگەر بمانویستایە یاری و گەمەیەك بسازێنین، لە لایەن خۆمانەوە دەمانسازاند، ئەگەر بڕیاربێت كاری وابكەین كەناشی كەین.

ئنجا دێتە سەرباسی سەرەنجامی كێشمەكێشی نێوان هەق و ناهەق: ﴿ بَلْ نَقْذِفُ بِالْحَقِّ عَلَى الْبَاطِلِ فَيَدْمَغُهُ فَإِذَا هُوَ زَاهِقٌ ۚ وَلَكُمُ الْوَيْلُ مِمَّا تَصِفُونَ ﴿١٨﴾ ﴾ الأنبیاء. نەخێر ئێمە هیچمان بە گاڵتە دروست نەكردووە، هەموو شتێك مەبەست و حیكمەتی خۆی هەیە، جا هەق دەدەین بەسەر ناهەقدا و ناهەق تەفروتونا دەكەین، واوەیلا بۆتان لەوەی دەربارەی خوا دەیڵێن و هاوبەشی بۆ بڕیار دەدەن. جا چیرۆكەكانی قورئان هەمووی نموونەی زیندوون لەسەر ئەو ڕاستییە كە پەند و وانەبوو بۆ هاوەڵان لە زەمانی خۆیاندا و بۆ ئێمەش لەم زەمانەدا.

## کەم کردنەوەی زەمین و دەسـەڵات:

قورئان باسی کافرانی مەککە دەکات کە خوا بەهرە و بەخششـی زۆری داوە بـەخۆیان و باو و باپیریان، جا ئەگەر بڕوا نەهێنن و سوپاسگوزار نەبن ئەوا دووچـاری سـزای خـوا دەبـن و دەستەڵاتیان نامێنێت و زەوی ژێر دەستیشیان کەم دەبێتەوە.

﴿ بَلۡ مَتَّعۡنَا هَٰٓؤُلَآءِ وَءَابَآءَهُمۡ حَتَّىٰ طَالَ عَلَيۡهِمُ ٱلۡعُمُرُۗ أَفَلَا يَرَوۡنَ أَنَّا نَأۡتِي ٱلۡأَرۡضَ نَنقُصُهَا مِنۡ أَطۡرَافِهَآۚ أَفَهُمُ ٱلۡغَٰلِبُونَ ﴿٤٤﴾ قُلۡ إِنَّمَآ أُنذِرُكُم بِٱلۡوَحۡيِۚ وَلَا يَسۡمَعُ ٱلصُّمُّ ٱلدُّعَآءَ إِذَا مَا يُنذَرُونَ ﴿٤٥﴾ ﴾ الأنبيـاء ئێمە گوزەرانی خۆشمان داوە بەو کافرانە و باوك و باپیریان تا مـاوەی ژیانیان بەو جۆرە درێژی کێشا و لەخۆیان بایی بـوون و وایـانزانی ئـەو خۆشـی و ڕابواردنـەیان تاسەرە و هەرگیز نابڕێتەوە. ئایا ئەمانە سەیرناکەن ئێمە پەی دەرپەی لە خـاکی کـافران کـەم دەکەینەوەو دەیخەینە ژێر دەسەڵاتی موسڵمانان؟ ئایا لەگەڵ ئەمەشدا خۆیان بەزاڵترو سەرکەوتوو دەزانن؟پێیان بڵێ: من ئێوە دەترسێنم بەو ئایەتانـەی لای خـواوە بـۆم دێـن، هەرچـەند بـانگ بەگوێی کەڕانداو ترساندنیان سوودی نیە.

## جێنشینی زەوی لە تەورات و زەبوردا:

﴿ وَلَقَدۡ كَتَبۡنَا فِي ٱلزَّبُورِ مِنۢ بَعۡدِ ٱلذِّكۡرِ أَنَّ ٱلۡأَرۡضَ يَرِثُهَا عِبَادِيَ ٱلصَّٰلِحُونَ ﴿١٠٥﴾ إِنَّ فِي هَٰذَا لَبَلَٰغٗا لِّقَوۡمٍ عَٰبِدِينَ ﴿١٠٦﴾ وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ ﴿١٠٧﴾ ﴾ الأنبيـاء. ئێمە لە تەورات و زەبوردا نووسیومانە، بەندە چاکەکانی من دەبنـە میراتگـری زەوی، ئەمـە بـەلاغ و ئاگادارکردنەوەیە بۆ کەسـانێك کـە خواپەرسـتن، ئـەی محمد ئێمـە تۆمـان نـەناردووە مەگـەر بەڕەحمەت بۆ هەموو عالەم. (تا ئێستاش ئـەو مەسـەلەی میراتگرییـەی چـاکان بـۆ زەوی لـە زەبوردا ماوە هەروەك لە پەڕاوی (بەرەو ئیسلام) بەشی دەیەم لاپەڕە ٥٧١ دا باسم کردووە، کـە ئەمەش موعجیزەیەکی گەورەی قورئانە، کە خواش بە فەزڵی خـۆی هێشـتویەتیەوە هەرچـەند دەستکاری زۆری زەبور و تەورات و کتێبەکانی تر کراوە. )

﴿ قُلۡ إِنَّمَا يُوحَىٰٓ إِلَيَّ أَنَّمَآ إِلَٰهُكُمۡ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞۖ فَهَلۡ أَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٨ فَإِن تَوَلَّوۡاْ فَقُلۡ ءَاذَنتُكُمۡ عَلَىٰ سَوَآءٖۖ وَإِنۡ أَدۡرِيٓ أَقَرِيبٌ أَم بَعِيدٞ مَّا تُوعَدُونَ ١٠٩ إِنَّهُۥ يَعۡلَمُ ٱلۡجَهۡرَ مِنَ ٱلۡقَوۡلِ وَيَعۡلَمُ مَا تَكۡتُمُونَ ١١٠ وَإِنۡ أَدۡرِي لَعَلَّهُۥ فِتۡنَةٞ لَّكُمۡ وَمَتَٰعٌ إِلَىٰ حِينٖ ١١١ قَٰلَ رَبِّ ٱحۡكُم بِٱلۡحَقِّۗ وَرَبُّنَا ٱلرَّحۡمَٰنُ ٱلۡمُسۡتَعَانُ عَلَىٰ مَا تَصِفُونَ ١١٢ ﴾ الأنبياء. پێیان بڵێ: من بەوەحی پێم ڕادەگەیەنرێت کە خواتان یەکە، ئاخۆ ئێوە مل بۆ ئەم ڕاستییە دەدەن؟ ئەگەر ڕوویان لێوەرگێڕایت، بڵێ: وا من بە گشتانم ڕاگەیاند، بە بێ جیاوازی، ناشزانم ئەوەی بەڵێنتان پێدراوە زوو دێتەجێ یان ماوەیەك دەخایەنێت، هەر قسەیەك بە ئاشكرا بیكەن یان بیشارنەوە ئەو دەیزانێت. ناشیزانم، لەوانەیە تاقیكردنەوە بێت بۆتان و خوا بیەوێت جارێ مۆڵەتتان بدات ڕابوێرن لە دنیادا تا كات و ساتێكی دیاریكراو كە خۆی دەیزانێت.

محمدﷺ فەرمووی: ئەی پەروەردگاری من! حوكمە هەقی خۆت بدە لە نێوان من و ئەم خوانەناسانەدا. هەر خوای میهرەبانە كە پەنای پێ دەگیرێت و داوای یارمەتی لێ دەكرێت لەبارەی ئەو شتانەوە ئێوە باسی دەكەن.

## پەیمانەكانی سورەتی ڕۆم:

سورەتی ڕۆم لە حەوتەم و هەشتەم ساڵی پێغەمبەرایەتی حەزرەتداﷺ هاتە خوارەوە، سەرەتای سورەتەكە باسی جەنگی نێوان فارس و ڕۆمەكان دەكات، كە ڕۆمەكان تێكشكابوون و فارسەكان زاڵ بووبوون بەسەریاندا، كافرانی مەككە زۆریان پێ خۆش بوو، گوایە فارسەكان بت پەرستن و لەمانەوە نزیكن، ڕۆمەكانیش ئەهلی كیتابن و لە موسڵمانانەوە نزیكن.

ئەم هەواڵە كە لە داهاتوودا ڕۆمەكان پاش چەند ساڵێك زاڵ دەبنەوە بەسەر فارسەكاندا و لە هەمان كاتیشدا موسڵمانان زاڵ دەبن بەسەر كافراندا و دوو خۆشی دەكەوێتە دڵی بڕوادارانەوە، مەگەر هەر خوا بتوانێت بەڵێنی وا بدات و بێتەدی. ﴿ الٓمٓ ١ غُلِبَتِ ٱلرُّومُ ٢ فِيٓ أَدۡنَى ٱلۡأَرۡضِ وَهُم مِّنۢ بَعۡدِ غَلَبِهِمۡ سَيَغۡلِبُونَ ٣ فِي بِضۡعِ سِنِينَۗ لِلَّهِ ٱلۡأَمۡرُ مِن قَبۡلُ وَمِنۢ بَعۡدُۚ وَيَوۡمَئِذٖ يَفۡرَحُ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ٤ بِنَصۡرِ ٱللَّهِۚ يَنصُرُ مَن يَشَآءُۖ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ ٥ ﴾

**الروم**. ڕۆمەکان شکان، لە وڵاتی نزیك وڵاتی عەرەبەوە، لە نزمترین زەویدا، پاش شکانەکەیان زاڵ دەبنەوە بەسەر فارسەکاندا لە ماوەی چەند ساڵێکدا، هەموو کار کاری خوایە لەمەوپێش و لەمەودواش، موسڵمانان دڵشاد دەبن بەو سەرکەوتنەی خوا دای بە ڕۆمەکان و بەو سەرکەوتنەش کە خۆیان سەردەکەون بەسەر کافراندا (کە لە بەدردا سەرکەوتن و هاوکات بوو لەگەڵ سەرکەوتنی ڕۆمەکاندا) ، خوا مەیلی لە سەرکەوتنی هەرلایەك بێت ئەوە سەردەخات، خوا بەدەسەڵات و دلۆڤانە.

﴿وَعۡدَ ٱللَّهِۖ لَا يُخۡلِفُ ٱللَّهُ وَعۡدَهُۥ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ ۝٦ يَعۡلَمُونَ ظَٰهِرٗا مِّنَ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَهُمۡ عَنِ ٱلۡأٓخِرَةِ هُمۡ غَٰفِلُونَ ۝٧﴾ الروم، خودا بەڵێنی داوە و لێی پەشیمان نابێتەوە، بەڵام زۆربەی خەڵك ئەم ڕاستییە نازانن، لە ڕواڵەتی ژینی دنیا ئاگادارن و هیچ ئاگاداری پاشەڕۆژ نین.

مرۆڤ عەقڵی لە چاوپایەتی، هەرچەند مەرج نیە ئەوەی ئەو دەیبینێت و هەستی پێدەکات سەرەنجامەکەی وا دەرچێت کە ئەم بۆی دەچێت، چونکە لە پشت هەموو ئەو شتانەوە دەسەڵاتێکی بێپایان هەیە کە هەرچی بوێت و هەرچۆنی بوێت دەیکات. ئەمەش وانەیەکی کرداری مەزن بوو بۆ بڕواداران تا زیاتر دامەزراوو ئارامگربن لەسەر هەق.

لە ساڵی (٦١٤) ی زایینی دا فارسەکان زاڵ بوون بەسەر ڕۆمەکاندا و چوونە قودسەوە، لەساڵی (٦٢٣) ی زایینی دا پاش نۆ ساڵ ڕۆمەکان سەرکەوتنەوە بەسەر فارسەکاندا کە وشەی (بضع سنين) سێ ساڵ تا نۆ ساڵە، کە موسڵمانەکانیش پاش نۆ ساڵ لە دابەزینی سورەتی ڕۆم لە ساڵی دووەمی کۆچیدا لەساڵی (٦٢٣) ی زاینیدا سەرکەوتن بەسەر کافراندا لە جەنگی بەدردا.

ئایەتەکان بۆ ڕۆمەکان وشەی (غلب) بەکاردێنێت کە زاڵ بوونە و ئیرادەی خوا بووە کە سەرکەونەوەو زاڵ ببنەوە، بەڵام بۆ موسڵمانان وشەی (نصر الله) بەکاردێنێت کە سەرکەوتنێکی تایبەتە لە خواوە بۆ بڕوادارانە، چونکە ئەمانە لەسەر هەق و ڕاستین و ڕۆمەکان هەرچەند ئەهلی کیتابن بەڵام شایانی (نصر الله) نین، تا تەرازووەکە لە موسڵمانان و خەڵکانی تر نەشێوێت. ئەوەتا جاری تریش جەخت لەسەرکەوتنی (نصر الله) دەکات لەجەنگی بەدرداو دەفەرمووێت:

﴿وَلَقَدۡ نَصَرَكُمُ ٱللَّهُ بِبَدۡرٖ وَأَنتُمۡ أَذِلَّةٞۖ ..۝١٢٣﴾ آل عمران .

## ئارامگرتن تا هاتنەدی بەڵێنەکان:

﴿ وَلَقَدۡ ضَرَبۡنَا لِلنَّاسِ فِي هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانِ مِن كُلِّ مَثَلٖۚ وَلَئِن جِئۡتَهُم بِـَٔايَةٖ لَّيَقُولَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِنۡ أَنتُمۡ إِلَّا مُبۡطِلُونَ ﴿٥٨﴾ كَذَٰلِكَ يَطۡبَعُ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِ ٱلَّذِينَ لَا يَعۡلَمُونَ ﴿٥٩﴾ فَٱصۡبِرۡ إِنَّ وَعۡدَ ٱللَّهِ حَقّٞۖ وَلَا يَسۡتَخِفَّنَّكَ ٱلَّذِينَ لَا يُوقِنُونَ ﴿٦٠﴾ ﴾ الروم. وا ئێمە لەم قورئانەدا هەموو جۆرە نەزیلەمان (میسالمان) بۆ ئەو خەڵکە هێنایەوە، کەچی هەر کە نیشانەیەکیان بۆ بێنیت، بێ سۆ (بێ گومان) خودا نەناسەکان دەڵێن: ئێوە لە قسەی پووچ بەولاوە هیچی ترتان نیە. ئاوا خوا مۆر بە دڵی ئەوانەدا دەنێت کە نەزان و بێئاگان. سا خۆت بگرە! بەڵێنی خوا دێتەجێ، نەکا ئەوانەی بە گومانن، تۆ لە ڕێی هەق بترازێنن و سوکت بکەن و بێ هیوات بکەن.

## بەڵێنەکانی سورەتی القمر:

سورەتەکە باس لە موعجیزەیەکی گەورە دەکات لە سەرەتاوە، کە لەبەرچاوی کافرەکان ڕوویدا، کەچی بڕوایان پێ نەکردوو بە جادوویان دانا ﴿ٱقۡتَرَبَتِ ٱلسَّاعَةُ وَٱنشَقَّ ٱلۡقَمَرُ ﴿١﴾ وَإِن يَرَوۡاْ ءَايَةٗ يُعۡرِضُواْ وَيَقُولُواْ سِحۡرٞ مُّسۡتَمِرّٞ ﴿٢﴾ ﴾ القمر، قیامەت نزیك بووەتەوە و مانگ دوو کەرت بوو، هەر نیشانەیەك ببینین بڕواناکەن و دەڵێن: ئەمە جادووە و هەر هەیە.

﴿ أَكُفَّارُكُمۡ خَيۡرٞ مِّنۡ أُوْلَٰٓئِكُمۡ أَمۡ لَكُم بَرَآءَةٞ فِي ٱلزُّبُرِ ﴿٤٣﴾ أَمۡ يَقُولُونَ نَحۡنُ جَمِيعٞ مُّنتَصِرٞ ﴿٤٤﴾ سَيُهۡزَمُ ٱلۡجَمۡعُ وَيُوَلُّونَ ٱلدُّبُرَ ﴿٤٥﴾ بَلِ ٱلسَّاعَةُ مَوۡعِدُهُمۡ وَٱلسَّاعَةُ أَدۡهَىٰ وَأَمَرُّ ﴿٤٦﴾ ﴾ القمر. ئاخۆ خوانەناسانی ئێوە لەوەکانی تر چاترن، یان لەناو کتێبەکاندا پاکانەیان بۆ هاتووە؟ یان دەڵێن: ئێمە گشتمان پێکەوەین و سەردەکەوین؟ لەمەولا لە جەنگدا دەشکێن و پشت هەڵدەکەن، ڕۆژی قیامەتیش وادەی سزای سەرەکییانە کە ڕۆژێکی دژوار و تاڵ و سەختترە. کە ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە ﴿ سَيُهۡزَمُ ٱلۡجَمۡعُ وَيُوَلُّونَ ٱلدُّبُرَ ﴿٤٥﴾ ﴾ القمر، عومەر هاتە لای حەزرەت و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا کام کۆمەڵە لە ناو دەچن و دەشکێن؟ کە لەبەدردا حەزرەتم بینی ئەم ئایەتەی دەخوێند ئنجا

مانا و مەبەستی ئایەتەکە تێگەیشتم. موسڵمانان دڵنیابوون لە بەڵێنەکانی خوا، کاتێ حەزرەت ﷺ پێش جەنگەکە زۆر پاڕایەوە لە خوا کە سەریان بخات و دەیفەرموو:

(اللهم انجز لي ما وعد تنى، اللهم آتنى ماوعد تني) ئەبوبەکر فەرمووی: (حسبك يا رسول الله، فإن الله منجز لك ماوعد) .

## بەڵێنەکانی قورئان لە سورەتەکانی مەدینەدا

## بەڵێنەکانی قورئان لە سورەتی بەقەرەدا :

یەکەم: ﴿ وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِّتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا ۗ وَمَا جَعَلْنَا الْقِبْلَةَ الَّتِي كُنتَ عَلَيْهَا إِلَّا لِنَعْلَمَ مَن يَتَّبِعُ الرَّسُولَ مِمَّن يَنقَلِبُ عَلَىٰ عَقِبَيْهِ ۚ وَإِن كَانَتْ لَكَبِيرَةً إِلَّا عَلَى الَّذِينَ هَدَى اللَّهُ ۗ وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُضِيعَ إِيمَانَكُمْ ۚ إِنَّ اللَّهَ بِالنَّاسِ لَرَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴿١٤٣﴾ ﴾ البقره .

ئێمە ئاوەها ئێوەمان کردە ئوممەتێکی هەڵبژاردەی میانڕەو تا ببنە شایەت بەسەر گەلانی ترەوە پێغەمبەریش ﷺ شایەت بێت بەسەر ئێوەوە.

بەڕاستی هەروا دەرچوو، ئوممەتی ئیسلام لەگەڵ ئەوەدا کە لە هەندێ زروف و زەمانەدا لەئاستی پێویست دا نەبوون، بەڵام بە درێژایی چواردە سەدە زۆربەی کات بە میانڕەوی و دادپەروەری مایەی خێرو خۆشی بوون بۆ بەشەریەت، بوونە خاوەنی شارستانیەتیەك کە ڕۆژئاوا شارستانێتی خۆی لەسەر بیناکرد، ئەمە بەڵێنی خوا بوو بۆ بڕواداران کە ئەیانکاتە ئوممەتێکی میانڕەوی دادپەروەر کە شایەت بن بەسەر گەلانەوە و حوجە بن بەسەریانەوە.

دووەم: ﴿ زُيِّنَ لِلَّذِينَ كَفَرُوا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا وَيَسْخَرُونَ مِنَ الَّذِينَ آمَنُوا ۘ وَالَّذِينَ اتَّقَوْا فَوْقَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ ۗ وَاللَّهُ يَرْزُقُ مَن يَشَاءُ بِغَيْرِ حِسَابٍ ﴿٢١٢﴾ ﴾ البقره . کافران ژیانی دنیایان لەبەرچاو ڕازێنراوەتەوە و گاڵتە و گەمە بە بڕواداران دەکەن، ئەوانەی پارێزکارن لە قیامەتدا لە ژوور کافرانەوەن.

بەڵێ. . کافران بە چاوی سوك و گاڵتەکردن و خۆ بەزل زانینەوە دەڕواننە موسڵمانان، لەکاتێکدا کە بڕواداران پابەندن بە بەرنامەی خواوە، خوای گەورە بە بەرنامە و ڕێبازەکەی بڕوادارانی بەرز کردۆتەوە لە دنیا و لە قیامەتدا ﴿وَلَا تَهِنُوا وَلَا تَحْزَنُوا وَأَنتُمُ الْأَعْلَوْنَ إِن كُنتُم

﴿ ... مُّؤۡمِنِينَ ﴿١٣٩﴾ ﴾ آل عمران . با سستی ڕووتـان تـێ نـەکات و خـەمیش مـەخۆن: هـەر ئێـوەن پایەبەرز و سەرکەوتوو، ئەگەر باوەڕداربن. ئـەم بەڵێنـەش هاتـەدی بەسـەرکەوتنی موسـڵمانان بەسەر کافراندا و دوو ئیمپراتۆریەتی فارس و ڕۆم لەبەر ئیسلامدا چۆکیان دادا.

سێیەم: ﴿ أَمۡ حَسِبۡتُمۡ أَن تَدۡخُلُواْ ٱلۡجَنَّةَ وَلَمَّا يَأۡتِكُم مَّثَلُ ٱلَّذِينَ خَلَوۡاْ مِن قَبۡلِكُمۖ مَّسَّتۡهُمُ ٱلۡبَأۡسَآءُ وَٱلضَّرَّآءُ وَزُلۡزِلُواْ حَتَّىٰ يَقُولَ ٱلرَّسُولُ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَعَهُۥ مَتَىٰ نَصۡرُ ٱللَّهِۗ أَلَآ إِنَّ نَصۡرَ ٱللَّهِ قَرِيبٞ ﴿٢١٤﴾ ﴾ البقرة . ئاخۆ لاتان وایە بەئاسانی و هەروا دەچنە بەهەشت؟ کە هێشتائەوەی بەسەر پێشینانتان هاتووە بەسەر ئێوە نەهاتووە. ئەوان تووشی گەلێ تەنگانە و ئازار و نەداری و چەوسانەوە بوون، زۆر بەتوندی تەکان دران و لەرزین، تەنانەت پێغەمبەران و یارانیشی دەیانوت: کەی یارمەتی خوامان بۆدێت ؟ ئاگاداربن یارمەتی و سەرکەوتنی خوایی نزیکە.

لە زۆر ئایەتی تردا باسی (نصر) ی خوا دەکات کە بۆ بڕواداران دادەبەزێت لەو کاتـەدا کە خوا بەباشی دەزانێت، بڕواداران هەوڵیان لەسـەرە تـا دواپلـە و سـەرەنجام لای خوایـە. ئـەم بەڵێنەش: ﴿ وَكَانَ حَقًّا عَلَيۡنَا نَصۡرُ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿٤٧﴾ ﴾ الروم، ﴿ إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَيَوۡمَ يَقُومُ ٱلۡأَشۡهَٰدُ ﴿٥١﴾ ﴾ غافر ،بەدرێژایی مێژووی موسڵمانان هاتەدی و هەرچەند هەمیشە لەتوانا و تفاقی جەنگ دا موسڵمانان کەمتر بوون لە دوژمنانیان، بەڵام سـەرکەوتوون لەکاتێکدا کە بەڕاستی بۆ خوا سوڵحابوون.

چـــوارەم: ﴿ ... وَلَا يَزَالُونَ يُقَٰتِلُونَكُمۡ حَتَّىٰ يَرُدُّوكُمۡ عَن دِينِكُمۡ إِنِ ٱسۡتَطَٰعُواْۚ وَمَن يَرۡتَدِدۡ مِنكُمۡ عَن دِينِهِۦ فَيَمُتۡ وَهُوَ كَافِرٞ فَأُوْلَٰٓئِكَ حَبِطَتۡ أَعۡمَٰلُهُمۡ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٢١٧﴾ ﴾ البقرة ، بەردەوام لەگەڵ ئێوە بەشەڕ دێن هەتا لـە دینەکـەی خۆتان وەرتانگێڕن، هەرکەسیش لە ئێوە لـە دیـن وەرگـەڕێت و بـەخوا نەناسـی بمرێـت، ڕەنج خەساری دنیا و قیامەت دەبن و دۆزەخ هاودەمیانە بۆ هەتا هەتا.

ئەم مەسەلەیەش هەروا دەرچوو کە قورئان ئاماژەی بۆ دەکات و جەخت دەکاتە سـەری، ئەوە مێژووی چواردە سەدەی موسڵمانان، بزانە بەردەوام گـاور و جوولەکـە و کـافران دژایـەتی

موسڵمانانیان نەکردووە؟ بۆچی؟ لە حەسەدێکەوە کە هەیانە بەرامبەر هەڵگرانی ئەم پەیامە ﴿...حَسَدًا مِّنْ عِندِ أَنفُسِهِم ...﴿١٠٩﴾﴾.. البقرة

بەردەوام بوونی ئەو کێشمە کێشە بەڵگەیە لەسەر ڕاستی قورئان، ئەگینا ڕاستە لە زەمانی حەزرەت دا ﷺ جوولەکەکان و کافران دژایەتیان دەکرد، بەڵام کێ دەڵێ کوڵ نادەن، کێ دەڵێ وازناهێنن، ئنجا کێ دەڵێ گاورەکانیش دەچنە بەرەی دوژمنەوە ، ئەمانە تەنها لە دەست خوا دێت کە زانیاریەکەی بێ پایانە و بێسنوورە.

## بەڵێنەکانی سورەتی ال عیمران:

لەم سورەتەشدا کە لە مەدینە هاتووەتە خوارەوە، چەند بەڵێنێکی تیایە بەسەرکەوتنی موسڵمان و تێکشکانی کافران وەك:

**یەکەم:** ﴿إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا لَن تُغْنِيَ عَنْهُمْ أَمْوَالُهُمْ وَلَا أَوْلَادُهُم مِّنَ اللَّهِ شَيْئًا ۖ وَأُولَٰئِكَ هُمْ وَقُودُ النَّارِ ﴿١٠﴾﴾ **آل عمران** .ئەوانەی کافرن ماڵ و منداڵیان فریایان ناکەون و لە دەست خوا ڕزگاریان ناکات و ئەوانە دەبنە سوتەمەنی ئاگری دۆزەخ. ﴿كَدَأْبِ آلِ فِرْعَوْنَ وَالَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۚ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا فَأَخَذَهُمُ اللَّهُ بِذُنُوبِهِمْ ۗ وَاللَّهُ شَدِيدُ الْعِقَابِ ﴿١١﴾﴾ **آل عمران** . وەك دارو دەستەی فیرعەون و ئەوانەی بەر لەوانیش بوون، کە ئایەت و بەڵگەکانی ئێمەیان بە درۆ زانی و خوا لە سزای تاوانی خۆیان گرتنی، خودا لە تۆڵە سەندندا زۆر بە زەبرە.

﴿قُل لِّلَّذِينَ كَفَرُوا سَتُغْلَبُونَ وَتُحْشَرُونَ إِلَىٰ جَهَنَّمَ ۚ وَبِئْسَ الْمِهَادُ ﴿١٢﴾﴾ آل عمران . بەو خوا نەناسانە بڵێ: بەم زووانە ژێر دەکەون و ڕاپێچ دەکرێن بەرەو جەهەننەم کە جێ خەوێکی خراپە.

﴿قَدْ كَانَ لَكُمْ آيَةٌ فِي فِئَتَيْنِ الْتَقَتَا ۖ فِئَةٌ تُقَاتِلُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَأُخْرَىٰ كَافِرَةٌ يَرَوْنَهُم مِّثْلَيْهِمْ رَأْيَ الْعَيْنِ ۚ وَاللَّهُ يُؤَيِّدُ بِنَصْرِهِ مَن يَشَاءُ ۗ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَعِبْرَةً لِّأُولِي الْأَبْصَارِ ﴿١٣﴾﴾ آل **عمران** . شەڕی بەدر بۆ ئێوە دەرسێك بوو، کە دوو دەستە بەگژ یەکدا چوون، دەستەیەکتان بۆ خوا دەجەنگێن و دەستەکەی تریش کافر بوون، بڕواداران زەق دەیاندی بە چاوی سەر کە کافران سێ هێندەی ئەمانن (کە خۆیان ٣١٣ کەس بوون و کافرانیش هەزار کەس بوون) .

لەگەڵ ئەوەشدا خوا بە مـەیلی خـۆی هەرکەسـێکی خـۆی حـەزکات، سـەری دەخـات، ئەمەش پەندە بۆ ئەوانەی خاوەن فامن. کەواتە کافران با پەند لە ڕابردوو وەربگرن و تیاچـوونی فیرعەون و دار و دەستەکەی نموونەیەکی زیندووی پڕ لە عیبرەتە بۆیان، لە هەمان کاتدا جەنگی بەدریش کە حەفتا لە سەرکردەکانیان کوژرا و ماڵ وێران بوون دەرسێکی ترە کە هەقە ئـیتر بـە خۆیاندا بچنەوە و واز لە دژایەتی هەق بهێنن. بەڵێنەکەش کە لە خواوەیە بۆ بڕواداران ﴿وَٱللَّهُ يُؤَيِّدُ بِنَصۡرِهِۦ مَن يَشَآءُ ﴿١٣﴾﴾ آل عمران

**دووەم:** **﴿ إِذۡ قَالَ ٱللَّهُ يَٰعِيسَىٰٓ إِنِّي مُتَوَفِّيكَ وَرَافِعُكَ إِلَيَّ وَمُطَهِّرُكَ مِنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَجَاعِلُ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوكَ فَوۡقَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِۖ ثُمَّ إِلَيَّ مَرۡجِعُكُمۡ فَأَحۡكُمُ بَيۡنَكُمۡ فِيمَا كُنتُمۡ فِيهِ تَخۡتَلِفُونَ ﴿٥٥﴾﴾ آل عمران .**

ئەوسا خوا فەرمووی: ئەی عیسا من بۆ خۆمـت دەبەمـەوە و لـەلای خـۆم جـێ بـەرز دەبیـت ولەوانەت پاك دەكەمەوە كە باوەڕیان نەهێناوە و ئەوانەشی كە پەیڕەوی تۆ دەكەن هەتا قیامەت زاڵیان دەكەم بەسەر بێباوەڕاندا.

ئەمەش بەڵێنێکی خوایی بوو بۆ حەزرەتی عیسا (سەلامی خوای لێبێـت) و هاتـەدی، خوای گەورە حەزرەتی عیسای ڕزگار کرد لە دەست جوولەکـە و ڕۆمانیـەکان و هەڵیکێشـا بـۆ ئاسمان. شوێنکەوتوانیشی ئەوسا کە بەڕاستی شوێنی کەوتبوون بە ئیمـان و بـڕواو هیممـەتیان لەسەر کافرانەوە بوون و پاشان کە مەسیحیەکان لە عەقیدەی ڕاستی حەزرەتی عیسا لایـان دا، ئوممەتی محمدﷺ ئالاکەیان هـەڵگرت و بـە عەقیـدەی ڕاسـت و دروسـتەوە پشـت بـەخوا هـەر سەرکەوتوودەبن بەسەر کافراندا تا قیامەت.

**سێیەم:** **﴿ كُنتُمۡ خَيۡرَ أُمَّةٍ أُخۡرِجَتۡ لِلنَّاسِ تَأۡمُرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَتَنۡهَوۡنَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ وَتُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِۗ وَلَوۡ ءَامَنَ أَهۡلُ ٱلۡكِتَٰبِ لَكَانَ خَيۡرٗا لَّهُمۚ مِّنۡهُمُ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ وَأَكۡثَرُهُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ ﴿١١٠﴾﴾ آل عمران .** ئێوە چاکترین ئوممەتن لە ناو مەردمی دنیادا سەرتان هەڵدا، فەرمان بە چاکە دەکەن و ڕێ لە نارەوا دەبەستن، باوەڕیشتان بەخوا هەیە. خۆ ئەگەر ئەهلی کیتابیش بڕوایان بهێنایە چاکتر بوو بۆیان، ئەوانیش هی وایان هەیە بڕوادارن و بەشی زۆریشیان لە ڕێی خوا لایان داوە.

﴿ لَن يَضُرُّوكُمْ إِلَّآ أَذًىۖ وَإِن يُقَٰتِلُوكُمْ يُوَلُّوكُمُ ٱلْأَدْبَارَ ثُمَّ لَا يُنصَرُونَ ﴿١١١﴾ ﴾ آل عمران.
ئەهلی کیتاب ناتوانن زیانتان پێ بگەیەنن ئەوەندە نەبێت کە ئازاری دڵتان دەدەن، ئەگەر شەڕیشتان لەگەڵ بکەن ناتوانن لە ڕووتاندا بوەستن، بەڵکو پشت هەڵدەکەن و لە گۆڕەپانی جەنگ هەڵدێن، پاش ئەوەیش هەرگیز یارمەتی نادرێن ﴿ ضُرِبَتْ عَلَيْهِمُ ٱلذِّلَّةُ أَيْنَ مَا ثُقِفُوٓاْ إِلَّا بِحَبْلٍ مِّنَ ٱللَّهِ وَحَبْلٍ مِّنَ ٱلنَّاسِ وَبَآءُو بِغَضَبٍ مِّنَ ٱللَّهِ وَضُرِبَتْ عَلَيْهِمُ ٱلْمَسْكَنَةُۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَانُواْ يَكْفُرُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَيَقْتُلُونَ ٱلْأَنۢبِيَآءَ بِغَيْرِ حَقٍّۚ ذَٰلِكَ بِمَا عَصَواْ وَّكَانُواْ يَعْتَدُونَ ﴿١١٢﴾ ﴾ آل عمران .
ئەهلی کیتاب لە هەرجێش بن، هەر ژێر چەپۆکی و زەبوونی بووەتە بەشیان، مەگەر بە پەیمان لەگەڵ خوا کە باشبن و هاوکاریان بکات، یان بە پەیمان لەگەڵ خەڵکا کە ڕێبکەون و خەڵکی هاوکاریان بکەن، تووشی تووڕەیی خوا بوون و مۆری زەبوونیان پیانراوە، لەبەرئەوەی بڕوایان بە بەڵگە و ئایەتەکانی خوا نەبوو، وە بەناهەق پێغەمبەرانیان دەکوشت و هەر نافەرمانی و دەست درێژیان دەکرد.

ئەم بەڵێنەش بە درێژایی مێژوو ڕاستە موسڵمانان ئازاریان چەشتووە بە دەست ئەهلی کیتابەوە، بەڵام سنووردار بووە و موسڵمانان ئەوە نەبووە کە بەیەکجاری تیا بچن، لەم سەردەمەش دا ساڵانە سێ سەد ملیار دۆلار بۆ کاری مژدەدان خەرج دەکرێت، کەچی بەویستی خوا هەوڵەکانیان سنووردارە و ناگەنە مەرامیان کە نیازیان بوو تا ساڵی (٢٠٠٠) هەموو ئەفریقیا بکەنە مەسیحی، وا ئێستا ساڵی (٢٠١١) یە و ئیسلام زیاتر بڵاودەبێتەوە لە هەموو ڕێباز و بەرنامەیەکی تر.

**چوارەم:** ﴿ إِن تَمْسَسْكُمْ حَسَنَةٌ تَسُؤْهُمْ وَإِن تُصِبْكُمْ سَيِّئَةٌ يَفْرَحُواْ بِهَاۖ وَإِن تَصْبِرُواْ وَتَتَّقُواْ لَا يَضُرُّكُمْ كَيْدُهُمْ شَيْـًٔاۗ إِنَّ ٱللَّهَ بِمَا يَعْمَلُونَ مُحِيطٌ ﴿١٢٠﴾ ﴾ آل عمران، ئەگەر چاکەیەکی کەمیشتان بێتەڕێ دوژمنان خەمێ دەخۆن، ئەگەر تووشی ناخۆشیش بن کەیفێ دەکەن، ئەگەر ئێوە خۆڕاگر و پارێزکار بن، گزی و فێڵیان هیچ زیان بە ئێوە ناگەیەنێت، خوا بە کردەیان دەزانێت. بە ئارامگرتن و بە پارێزکاری ڕاستەقینە بڕواداران پارێزراو دەبن لە پیلانی دوژمنان، بۆ نموونە ئەگەر ئێستا موسڵمانانی دەوڵەمەندی ئوممەتی ئیسلامی پارێزکاربن و سوو نەخۆن و

پارەکانیان لە بانقەکانی ڕۆژئاوا بکێشنەوە کە سەدان ملیار دۆلارە، ڕۆژئاوا ناچار مل دەدات بۆ داوای موسڵمانان و مەسەلەکان هەمووی سەدو هەشتا پلە دەگۆڕدرێن.

## بەڵێنەکانی سورەتی مائیدە:

ئەم سورەتەش مەدەنییە و بەهەمان شێوەی سورەتەکانی تر مژدە و بەڵێنی تیایە بۆ بڕواداران بۆ نموونە:

١ - ﴿حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةُ وَالدَّمُ وَلَحْمُ الْخِنْزِيرِ وَمَا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللَّهِ بِهِ وَالْمُنْخَنِقَةُ وَالْمَوْقُوذَةُ وَالْمُتَرَدِّيَةُ وَالنَّطِيحَةُ وَمَا أَكَلَ السَّبُعُ إِلَّا مَا ذَكَّيْتُمْ وَمَا ذُبِحَ عَلَى النُّصُبِ وَأَنْ تَسْتَقْسِمُوا بِالْأَزْلَامِ ذَلِكُمْ فِسْقٌ الْيَوْمَ يَئِسَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ دِينِكُمْ فَلَا تَخْشَوْهُمْ وَاخْشَوْنِ الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا فَمَنِ اضْطُرَّ فِي مَخْمَصَةٍ غَيْرَ مُتَجَانِفٍ لِإِثْمٍ فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ ﴿٣﴾﴾ **المائدة** . ئەوا ئەمڕۆ خوانەناسان لە زیان گەیاندن بە ئاینەکەی ئێوە نائومێد بوون، لە خۆم بترسن نەك لەوان، وا لەمڕۆوە ئاینەکەتانم تەواو کرد و نیعمەتەکانی خۆمم ڕژاند بەسەرتاندا، وە لەناو هەموو ئاینەکاندا ئاینی ئیسلامم بۆ هەڵبژاردن کە بەرنامە و ڕێبازتان بێت. موسڵمانان لە بەها و نرخی ئەو ئایەتە چاك تێگەیشتبوون، جوولەکەیەك بە عومەری کوڕی خەتاب دەڵێت: ئایەتێك لە پەڕاوەکەتاندایە و دەیخوێننەوە، ئەگەر بۆ ئێمە بهاتایە ئەو ڕۆژەمان دەکرد بە جەژن.

عومەریش وتی: کام ئایەت؟

جوولەکەکە وتی: ﴿...الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا ...﴿٣﴾﴾ **المائدة**، عومەر وتی: ئێمە ئەو ڕۆژە دەزانین کە تیا دابەزیوە هەروەها شوێنی دابەزینیشی، ئەم ئایەتە لەڕۆژی جومعەدا دابەزی کە حەزرەتﷺ لە عەرەفە وەستابوو لە حەجی ماڵئاواییدا، کە دیارە جومعە پیرۆزە و وەك جەژنە و عەرەفەش بۆ بەیانیەکەی هەر جەژنە.

کافران بێ هیوا بوون لە لە ناوبردنی ئیسلام، لەبەرئەوەی سیانزە ساڵ لە مەککە و نزیکەی دە ساڵێکیش لە مەدینە هەرچیان لەدەست هات کردیان دژی ئیسلام و هیچی لێ سەوز نەبوو.

خالید شۆڕە سواری مەیدان،  تا لای کافران بوو  چی لە توانـادا بـوو کـردی، سـەرەنجام گەیشتە ئەو دەرەنجامەی کە وتی: بۆم دەرکـەوت کـە موسـڵمانان  هێزێـك لـە پشـتیانەوەیە و دەست نایانگاتێ و لە ناو نابرێن. بۆیە هات موسڵمان بوو.

ئەم کێشمە کـێش و جەنگـە بەردەوامـە بـە هـەموو جۆرەکانیـەوە سا بـەڵکو ئەگـەر ئیسلامیشـیان پـێ لـەناو نـەبرێت، ماوەیـەك موسـڵمانان لـە خشـتە بـەرن و بڵاوبوونـەوە و سەرکەوتنی ئیسلام دواخەن.  ڕۆژئاواییەکان لەم سەدانەی دواییدا ئیسلام دەشوبهێنن بە دێوێك کە خەوتووە، جا هەوڵـەکانیان بـۆ ئەوەیـە هۆشـی نەیەتـەوە، ئاشکرایە بـەم حاڵەشـەوە کـە موسـڵمانان دواکـەوتوون و گیریـان خـواردووە بەدەسـتە کـار بەدەسـتە خوانەناسـە دیکتاتۆرەکانیانەوە، ئیسلام هەر لە گەشەدایە و ژمارەیان نزیکەی ملیار و نیوێکە، جا ڕۆژێـك ئەمانە بەڕاستی یەك بگرن و یەك بەرنامە و ڕێباز و ئـاوات و ئامانجیـان هـەبێت، چـی خـۆی دەگرێت لەبەریاندا؟ ڕاستیەکی تریش  هەیە موسڵمانان نابێت بترسن لـە کـافران، لـە کاتێکـدا مەسەلەکە لە لایەن خواوە بڕاوەتەوە و ئەو کە عالمی غەیب و شەهادەیە دەفەرموێت کافران بێ هیوابوون و دەستیان شتووە لە بنبڕکردنی ئیسلام، تەنها ئەزیەت و ئازارێکیان لە دەست دێـت، کە ئەوەش بە لەخواترسان و ئارامگرتن چارەسەر دەبێت.  ﴿...فَلَا تَخْشَوْهُمْ وَاخْشَوْنِي ...﴿١٥٠﴾﴾ البقرة . ئەمە بەڵێنێکی تری خواییە بۆ بەندە چـاکەکانی ﴿وَلَقَدْ سَبَقَتْ كَلِمَتُنَا لِعِبَادِنَا الْمُرْسَلِينَ ﴿١٧١﴾ إِنَّهُمْ لَهُمُ الْمَنْصُورُونَ ﴿١٧٢﴾ وَإِنَّ جُنْدَنَا لَهُمُ الْغَالِبُونَ ﴿١٧٣﴾﴾ الصافات.

## ٢ -  دەستە و تـاقمی خوا سەرکەوتوون:

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا مَنْ يَرْتَدَّ مِنْكُمْ عَنْ دِينِهِ فَسَوْفَ يَأْتِي اللَّهُ بِقَوْمٍ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُ أَذِلَّةٍ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى الْكَافِرِينَ يُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلَا يَخَافُونَ لَوْمَةَ لَائِمٍ ذَلِكَ فَضْلُ اللَّهِ يُؤْتِيهِ مَنْ يَشَاءُ وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ ﴿٥٤﴾ إِنَّمَا وَلِيُّكُمُ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَالَّذِينَ آمَنُوا الَّذِينَ يُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَهُمْ رَاكِعُونَ ﴿٥٥﴾ وَمَنْ يَتَوَلَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَالَّذِينَ آمَنُوا فَإِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْغَالِبُونَ ﴿٥٦﴾﴾ المائدة، ئەی خاوەن باوەڕان! هەرکەس لە دینی خۆی پاشگەزببێتەوە، خودا لەمەولا کۆمەڵێکی وا دێنێت، خۆشی بوێن، ئەوانیش خوایان خۆش

بوێت و لە بەرامبەر خاوەن باوەڕان نەرم و نیانن و لە بەرامبەر دوژمناندا سەربڵند و توندوتیژن، غەزا لە ڕێی خوادا دەکەن و لە لۆمەی لۆمەکاران ناترسن. ئەمە زێدە خەڵاتێکە لە خوداوە بە هەرکەسێك خۆی حەزبکاتی پێی دەبەخشێت، خوا زانایە و لە بەخشین زۆر دەست گوشادە. دۆستی ئێوە هەر خودا و پێغەمبەرێتی و ئەو دەستەی باوەڕدارانەن کە نوێژکەر و زەکات دەرن و بۆ خودا کڕنووش دەبەن. هەرکەسێکیش دۆستایەتی لەگەڵ خوا و پێغەمبەر و ئەوانە بیٚ کە بوونەتە خاوەن باوەڕ، سەر بەخوان و هەر گرۆیە سەر بەخوابن، سەردەکەون. لەم چەند ئایەتەدا سیفاتەکانی (حزب الله واتە ئەوانەی سەر بە خودان) دیاری کراوە:

١ - خوا خۆشی دەوێن.

٢ - خوایان خۆش دەوێت.

٣ - لەگەڵ باوەڕداراندا نەرم و نیان و میهرەبانن.

٤ - لەگەڵ کافران دا توندوتیژ و سەربەرزن.

٥ - تێدەکۆشن لە ڕێی خوادا.

٦ - لە لۆمەی لۆمەکاران ناترسن.

٧ - دۆستایەتی خوا و پێغەمبەر و بڕواداران دەکەن.

٨ - پەرستشی بەردەوام بۆ خوا دەکەن.

٩ - سەرکەوتوون لە هەوڵ و کۆششیاندا لە دنیا و لە ئاخیرەت دا.

## بەڵێنەکانی سورەتی ئەنفال:

ئەم سورەتە دوای جەنگی بەدر هاتە خوارەوە، لە ساڵی دووی کۆچیدا لە مەدینە، باسی چەند دیمەنێکی جەنگەکە دەکات و دەستی پەروەردگار و ئیرادەی خوا لە پشت ڕووداوەکانەوە دەخاتە ڕوو، ئەمەش پێی دەوترێت پەروەردەکردن بە ڕووداوو بەسەرهات، هاوەڵان چاك لەمە تێدەگەیشتن و زۆر باشیش پێی پەروەردەبوون، چونکە قورئان ئاسنی ساردی نەدەکوتا، ئەوان ئاسنێکی گەرم بوون و لە جەنگەکەدا بەشداربوون و خۆیان بەشێك بوون لە ڕووداوەکان. ئەمەش چەند نموونەیەکە لە بەڵێنەکان:

١ - ﴿ إِن تَسْتَفْتِحُواْ فَقَدْ جَآءَكُمُ ٱلْفَتْحُ وَإِن تَنتَهُواْ فَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ وَإِن تَعُودُواْ نَعُدْ وَلَن تُغْنِىَ عَنكُمْ فِئَتُكُمْ شَيْـًٔا وَلَوْ كَثُرَتْ وَأَنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿١٩﴾ ﴾ الأنفال . ئەبوجەهل لـە ڕۆژی بـەدردا وتی: خوایە هەرکاممان سیلەی ڕەحمی بچڕاندووە و شتێکی ناڕوونی هێنـاوە کـە لـەوەو پـێش نـەبووە، سبەینێ لەناوی بەرە، قورئانیش وەك گاڵتەپێکردنێك پێیان دەفەرموێت: داوای فـەتح و سـەرکەوتنیان کرد بۆ ئەوەی ڕاستەو سیلەی ڕەحمی نەپچڕاندووە، ئێمـەش فـەتح و سـەرکەوتنمان دا بـە موسـڵمانان چونکە ئـەوان ڕاسـتن و لەسـەر هـەقن، ئەگـەر دەسـتیش لـە شـەڕ و دژایـەتی موسـڵمانان هـەڵگرن قازانجتانە، ئەگەریش تێ هەڵبچنەوە، ئێمـەش تـێ هەڵدەچینەوە و بـا ژمـارە و دەسـتە و بەسـتەتان زۆربن هیچ بەهرە بۆ ئێوە نادات و سوودی نیە، خودا بەڕاستی لەگەڵ بڕوادارە ڕاستەکاندایە.

ئەمەش بەڵێنێکی خوایە کە ئەیدا بە کـافران و موسـڵمانانیش ئاگـادار دەکـات لێـی، دژایەتی خوا و پێغەمبەر و بڕواداران عاقیبەتی نەگبەتی و دوابڕاوییە.

ئێستاش لەم سەردەمەدا موسڵمانان لاوازبوون، بە دوژمنانیان خەڵـەتان و ساردبوونەوە لە دینداری، خواش زەبوون و کەم دەستی کردن، چونکە ئەمە سوننەت و بـاوی خوایـە، دواتـر بەویستی (رب العالمين) کە هەموو سەری سەد ساڵێك نوێکەرەوەیەك دەنێرێت، لەم سەدەیەشدا چەند نوێکەرەوەیەکی نارد وەك ( بەننا) و ( مەودودی) و (نورسی) کە ڕۆڵی باشیان بینی لە وریاکردنەوەی موسڵمانان، ئێستا وردە وردە خەریکـە وەزعەکـە بـاش دەبێـت دیکتاتۆرەکـانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دێوەزمەکانی سەر دڵی جیهانی ئیسلامی خەریکە ڕیسوا دەبن، بەمـەش پشت بەخوا زوڵم و ستەم نامێنێت و موسڵمانان هەناسەیەك دەدەن و پاشانیش باشـتر پـەیڕەوی بەرنامەی خوا دەکەن و کە واشیان کرد سەرکەوتنی خوایی نزیکە.

## ٢ - دوژمنان هەرچەند خەرج بکەن هەر دۆڕاون:

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمْ لِيَصُدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ فَسَيُنفِقُونَهَا ثُمَّ تَكُونُ عَلَيْهِمْ حَسْرَةً ثُمَّ يُغْلَبُونَ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِلَىٰ جَهَنَّمَ يُحْشَرُونَ ﴿٣٦﴾ لِيَمِيزَ ٱللَّهُ ٱلْخَبِيثَ مِنَ ٱلطَّيِّبِ وَيَجْعَلَ ٱلْخَبِيثَ بَعْضَهُۥ عَلَىٰ بَعْضٍ فَيَرْكُمَهُۥ جَمِيعًا فَيَجْعَلَهُۥ فِى جَهَنَّمَ أُوْلَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْخَـٰسِرُونَ

﴿٣٧﴾ الأنفال، پاش جەنگی بەدر کە کافران زۆر خراپ تێشکان حەفتا کەس لە گەورە پیاوانیان تیاچوون، چەند سەرکردەیەکی قورەیشی چوونە لای ئەبوسوفیان و داوایان لێکرد پارە و ماڵی ئەو کاروانەیان بدەنێ کە ڕزگاری بوو لە دەست موسڵمانان تا تۆڵەی خۆیانی پێ بکەنەوە.

ئەویش و ئەوانەشی کە پارەیان هەبوو لەو کاروانی بازرگانیەدا پارەکانیان بۆ جەنگان دژی محمدﷺ و یارانی بەخشی و جەنگی ئوحود بەرپا بوو، هەرچەند موسڵمانان لە سەرەتادا سەرکەوتن بەڵام بەهۆی شکاندنی فەرمانی حەزرەتەوەﷺ کە تیرهاوێژەکان لە شاخەکە نەیەنە خوارێ، موسڵمانان شکان و بوو بە دەرس و عیبرەتێکی گەورە بۆیان کە ئیتر لە جەنگەکانی تردا شتی وا دووبارە نەکەنەوە.

قورئان پێیان دەفەرمووێت: (ئەوانەی خوا نەناسن، ماڵی خۆیان خەرج دەکەن، تا لە ڕێگەی بەرە و خودا بەربەست دروست بکەن، ئەو ماڵ بەخت کردنەیان دەبێتە خەم و کەسەرێك بۆیان و پاشانیش هەر ژێر دەکەون، سەرجەم کافران بەرەو دۆزەخ ڕاپێچ دەکرێن، ئەمەش بۆ ئەوەیە خودا پاك و پیس لێك هەڵاوێرێ و پیسەکان لەسەریەك دانێت و بە تێکڕایی کۆگایاندا و بیانخاتە دۆزەخەوە، هەر خۆیان زیانبار دەبن) .

ئەگەر لەمڕۆش دا سەرنج بدەین، دەبینین ساڵانە سێ سەد ملیار دۆلار بۆ کاری مژدەدان خەرج دەکرێت کە بوودجەیەکی خەیاڵییە، کەچی بەپێی بەڵێنەکەی خوا بە قەبارەی هەوڵ و پارەکە بەرهەمی نابێت.

## بەڵێنەکانی سورەتی تەوبە:

سورەتی تەوبە لە دوای غەزای تەبوك هاتە خوارەوە، هەرچەند جەنگ ڕووی نەدا بەڵام وانەیەکی کرداری بوو کە پەنجا ڕۆژ موسڵمانان بەسەرکردایەتی پێشەوامان محمدﷺ بەناو بیاباندا و بەناڕەحەتی و گەرمای زۆر چوون بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕۆمەکان، کە بەنیاز بوون خۆیان کۆبکەنەوە و بێنە سەر موسڵمانان.

**یەکەم:** ﴿يُرِيدُونَ أَن يُطْفِـُٔوا۟ نُورَ ٱللَّهِ بِأَفْوَٰهِهِمْ وَيَأْبَى ٱللَّهُ إِلَّآ أَن يُتِمَّ نُورَهُۥ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿٣٢﴾﴾ التوبة . دەیانەوێت بە فووی دەمیان نوری خوا بکوژێننەوە، خوداش بڕیاری داوە کە ئەم نورەی هەر سەرکەوێت، جا با خوانەناسانیش حەز نەکەن.

ئەمە دیمەنێکە کە قورئان بە چەند وشەیەك دەینەخشێنێت  کە گاڵتە بە عـەقڵی خـاو و ڕەنجی بێ بەریان دەکات،  خوانەناسان وەك بیانەوێت تیشـکی خـۆر، ڕوونـاکی خـۆر لـە ڕۆژدا بەفوو بکوژێننەوە ئاخر ئەگەر هەموو بـەرەی ئـادەمی فـوو لـە ڕوونـاکی خـۆر بکـەن،  هـیچ بەرهەمێکی دەبێت؟  کار لە خۆر و ڕووناکییەکەی دەکات ؟ دیارە نەخێر، دەی باشـە هـەروەك چۆن خۆر و ڕووناکیەکەی بە فەرمانی خوایە ئاواش نووری بەرنامەکـەی خـوا هـەر بەفـەرمانی ئەوە، کێ دەتوانێت بە فووی دەم و بە قاڵەی دەم بیکوژێنێتەوە، ئەمە ئەگەر ڕەنـج خەسـاری و زیانباری و شێتێتی نەبێت ئاخر چییە؟ لە کاتێکدا کە خوا بڕیاری داوە نووری خۆی بگەیەنێتـە ئەنجام و بەردەوام بێت ﴿...وَيَأۡبَى ٱللَّهُ إِلَّآ أَن يُتِمَّ نُورَهُۥ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡكَٰفِرُونَ ٣٢﴾ التوبة، با کافرانیش حەز نەکەن، جا خۆیان چین و حـەزکردن و حەزنـەکردنیان چییە؟ ئەمـە بـەڵێن و مژدەیەکی گەورەیە بۆ بەرقەراربوون و بەردەوام بوونی پەیامی خوا تا ڕۆژی قیامەت.

**دووەم:** ﴿ هُوَ ٱلَّذِيٓ أَرۡسَلَ رَسُولَهُۥ بِٱلۡهُدَىٰ وَدِينِ ٱلۡحَقِّ لِيُظۡهِرَهُۥ عَلَى ٱلدِّينِ كُلِّهِۦ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡمُشۡرِكُونَ ٣٣﴾ **التوبة** ، خودا بۆ ڕێنیشاندان و ڕاگەیاندنی دینی ڕاست پێغەمبەری خۆی ناردووە، تا زاڵ ببێ بەسەر هەموو ئاین و بەرنامەکان دا با هاوبەش پەیداکەرانیش حەزنەکەن. لێرەش بڕیار دەدات کە هەق وا بەلای بڕوادارانەوە و بۆ ئەوەش هاتووە کە  ببێتە پێشەنگ و زاڵ ببێت بەسەر گشت پەیام و بەرنامەکاندا.

**سێیەم:** ﴿ قُلۡ هَلۡ تَرَبَّصُونَ بِنَآ إِلَّآ إِحۡدَى ٱلۡحُسۡنَيَيۡنِۖ وَنَحۡنُ نَتَرَبَّصُ بِكُمۡ أَن يُصِيبَكُمُ ٱللَّهُ بِعَذَابٖ مِّنۡ عِندِهِۦٓ أَوۡ بِأَيۡدِينَاۖ فَتَرَبَّصُوٓاْ إِنَّا مَعَكُم مُّتَرَبِّصُونَ ٥٢﴾ **التوبة.** ئەم ئایەتە موسڵمانان پەروەردە دەکات لەسەر ئەوەی کە چۆن تەحەددای دوژمنان بکەن و پێیان بڵێن: (ئاخۆ جگە لە دوو باشەکە چاوەڕێی چی تر دەکەن تووشمان ببێت) ؟ (سەرکەوتن و شەهیدی) کە هەردووکیان بۆ ئێمە مایەی سەربەرزی دنیا و قیامەتە، لەکاتێکدا کە ئێمەش چاوەڕێین خوا خۆی یان بەهۆی ئێمەوە جەزرەبەتان بۆ بنێرێت، دەسا ئێوە چاوەڕێ بن و ئێمەش چاوەڕێین.

موسڵمانان لەوە دڵنیان کە ئەمان دۆستی خوان و هەرچی چاك بێت ئەوەیان بـۆ دەکـات

﴿ قُل لَّن يُصِيبَنَآ إِلَّا مَا كَتَبَ ٱللَّهُ لَنَا هُوَ مَوۡلَىٰنَاۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلۡيَتَوَكَّلِ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ٥١﴾

التوبة . پێیان بڵێ: هیچمان تووش نایەت بێجگە لەوەی خوا بۆی نووسیووین، هەر ئەو سەروەری ئێمەیە و بڕواداران تەنها پشت بەخوا دەبەستن. ئەم ئایەتانە بەڵێنن بە تیاچوونی کافران و سەرکەوتنی موسڵمانان، کە ئێستا ئێمە پاش چواردە سەدە دەرئەنجامی ئەو بەڵێنانە دەبینین، کوا کافرانی مەککە و دەوروبەری؟ کوا ئیمپراتۆریەتی فارس و ڕۆم؟.

## بەڵێنەکانی سورەتی حەج:

هەرچەند ڕای جیاواز هەیە لەسەر ئەوەی کە سورەتی حەج مەککەییە یان مەدەنییە، بەڵام بە لای ئێمەوە مەدەنییە، چونکە شێوازی سورەتە مەدەنیەکانی هەیە. لەم سورەتەش دا ئاوا بەڵێن دراوە بەسەرکەوتنی ئیسلام:

﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُدَٰفِعُ عَنِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ خَوَّانٖ كَفُورٍ ۝٣٨﴾ الحج . بەڕاستی خوا داکۆکی دەکات لەو کەسانەی باوەڕیان پێکردووە، خوا کەسانی خائین و کافری خۆش ناوێت. ئەمەش بەڕاستی بەڵێنی خوایی دڵخۆش کەرە بۆ بڕواداران، کە خوای گەورە بە فەزڵ و کەرەمی خۆی پشتگیریان لێ دەکات و یارمەتیان دەدات.

﴿أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَٰتَلُونَ بِأَنَّهُمۡ ظُلِمُواْۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ نَصۡرِهِمۡ لَقَدِيرٌ ۝٣٩﴾ الحج .

ئەو بڕوادارانەی شەڕیان لەگەڵ دەکرێ خوا ڕوخسەتی داون کە بجەنگن و ڕووبەڕووی دوژمنان ببنەوە کە ستەمیان لێدەکەن، بەڕاستی خوا بە توانایە لەسەرخستنیاندا. دیارە لە مەککە خوای گەورە ویستی وابوو موسڵمانان نەجەنگن و ڕووبەڕووی کافران نەبنەوە و دەست بکێشنەوە، تا ئەوکاتەی کە چوونە مەدینە، لە مەدینە ڕێیان پێدرا کە بجەنگن بۆ سەرخستنی دینی خوا.

﴿ ٱلَّذِينَ أُخۡرِجُواْ مِن دِيَٰرِهِم بِغَيۡرِ حَقٍّ إِلَّآ أَن يَقُولُواْ رَبُّنَا ٱللَّهُۗ وَلَوۡلَا دَفۡعُ ٱللَّهِ ٱلنَّاسَ بَعۡضَهُم بِبَعۡضٖ لَّهُدِّمَتۡ صَوَٰمِعُ وَبِيَعٞ وَصَلَوَٰتٞ وَمَسَٰجِدُ يُذۡكَرُ فِيهَا ٱسۡمُ ٱللَّهِ كَثِيرٗاۗ وَلَيَنصُرَنَّ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ ۝٤٠﴾ الحج . ئەوانەی بە ناهەقی و ستەم لەزێدی خۆیان دەرکران، گوناهیان هەر ئەوەندە بوو کە دەیانوت: خوا پەروەردگارمانە. ئەگەر خوا هەندێ کەسی بە

هەندێ کەسی تر لە ناو نەبردایە، چەندین پەرستگای ڕەبەنەکان و چەند کڵێسەی گاوران و چەند کەنشتی جوولەکە و چەند مزگەوتی موسڵمانان وێران دەبوون کە ناوی خوایان تیا دەبرێت. بە ڕاستی خوا ئەوانە سەردەخات کە ئایینەکەی سەردەخەن، دیارە خوا زۆر بەهێزو بەدەستەڵاتە.

ئەوانەی کە خوا سەریان دەخات نوێژکەر و زەکات دەرن و فەرمان بە چاکە دەکەن و بەر لە کاری خراپ دەگرن سەرەنجامی هەموو کاریش هەر بۆ خوایە. ﴿ ٱلَّذِينَ إِن مَّكَّنَّٰهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ أَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُاْ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَمَرُواْ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَنَهَوۡاْ عَنِ ٱلۡمُنكَرِۗ وَلِلَّهِ عَٰقِبَةُ ٱلۡأُمُورِ ٤١ ﴾ الحج . ﴿وَلِلَّهِ عَٰقِبَةُ ٱلۡأُمُورِ ﴾ ئەنجامی هەموو کارێك بۆ خوا دەگەڕێتەوە (إن الله لقوی عزیز) حەج ٤٠ ،خوا باڵادەست و بە توانایە و موسڵمانانی ڕاستەقینە سەردەخات، ئەمانە هەمووی لە ئەرزی واقیع دا بینرا و دەبینرێت، بۆیە بڕواداران تەنها پشت بە خوا دەبەستن و هانا بۆ ئەو دەبەن.

ژیان و سیرەتی حەزرەت ﷺ و هاوەڵە بەڕێزەکانی تەسدیقی ئەم ئایەتانەن کە لە ماوەی چەند ساڵێکدا هەموو ئەو بەڵێنانە و ئەنجامی هەموو کارەکان دەرکەوتن.

## بەڵێنەکانی سورەتی نور:

ئەم سورەتەش ئەم بەڵێنانە لەخۆی دەگرێت:﴿ وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمۡ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَيَسۡتَخۡلِفَنَّهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ كَمَا ٱسۡتَخۡلَفَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمۡ دِينَهُمُ ٱلَّذِي ٱرۡتَضَىٰ لَهُمۡ وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّنۢ بَعۡدِ خَوۡفِهِمۡ أَمۡنٗاۚ يَعۡبُدُونَنِي لَا يُشۡرِكُونَ بِي شَيۡـٔٗاۚ وَمَن كَفَرَ بَعۡدَ ذَٰلِكَ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ ٥٥ وَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ لَعَلَّكُمۡ تُرۡحَمُونَ ٥٦ ﴾ النور. خوا بەوانەی لە ئێوە بڕوایان هەیە و ئاکار چاکن، بەڵێنی دا:

- لەم زەمینەدا دەیانکاتە جێنشین، هەروەکو چۆن ئەوانەی بەرلەوانی کردە جێنشین.
- دینەکەشیان کە خۆی پەسەندی کردووە بۆیان دەچەسپێنێت.
- ترسیشیان بۆ دەکاتە دڵنیایی.

هاتنه دی ئەم بەڵێنانە پەیوەستە بەوەی کە دەبێت بڕواداران خوا بپەرستن و هاوەڵی بۆ پەیدا نەکەن، هەرکەسیش لە فەرمانی خوا دەرچێت و بێباوەڕبێت ئەوا فاسیق و سەرچەوتە. بڕواداران دەبێت نوێژەکانیان بکەن و زەکات بدەن و بەر فەرمانی پێغەمبەر بن! بەشکو بەر بەزەیی خوا بکەون. خوای گەورە ڕێنمایی بڕواداران دەکات کە هەرگیز گومان نەبەن کە کافران هەرچەند بەهێزیش بن لەدەست خوا دەردەچن ﴿ لَا تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا مُعْجِزِينَ فِي الْأَرْضِ ۚ وَمَأْوَاهُمُ النَّارُ ۖ وَلَبِئْسَ الْمَصِيرُ ﴿٥٧﴾ ﴾ النور.

## بەڵێنی خوایی لە سورەتی ( محمد ) دا :

ئەم سورەتەش مەدەنییە و ناوێکی تریشی هەیە (القتال) ، وە ناونراوە سورەتی (محمد ﷺ) چونکە ناوی (محمد) لە دووەم ئایەتیدا هاتووە. ئەمیش چەند بەڵێنێکی تیادایە وەك:

- ﴿ فَإِذَا لَقِيتُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا فَضَرْبَ الرِّقَابِ حَتَّىٰ إِذَا أَثْخَنتُمُوهُمْ فَشُدُّوا الْوَثَاقَ فَإِمَّا مَنًّا بَعْدُ وَإِمَّا فِدَاءً حَتَّىٰ تَضَعَ الْحَرْبُ أَوْزَارَهَا ۚ ذَٰلِكَ وَلَوْ يَشَاءُ اللَّهُ لَانتَصَرَ مِنْهُمْ وَلَٰكِن لِّيَبْلُوَ بَعْضَكُم بِبَعْضٍ ۗ وَالَّذِينَ قُتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَلَن يُضِلَّ أَعْمَالَهُمْ ﴿٤﴾ سَيَهْدِيهِمْ وَيُصْلِحُ بَالَهُمْ ﴿٥﴾ وَيُدْخِلُهُمُ الْجَنَّةَ عَرَّفَهَا لَهُمْ ﴿٦﴾ ﴾ محمد

هەر کات لە جەنگدا تووشی کافران بوون، لە ملیان دەن، زەبری کوشندەیان لێ بدەن، ئنجا دیلەکانیشیان باش شەتەك بدەن با ڕانەکەن، ئەوسا یا بەچاکە و پیاوەتی ئازادیان بکەن، یا بەرخوێنیان لێ بستێنن، هەتا شەڕ کۆتایی پێ دێت. ئەگەر خوا بیویستایە بۆ خۆی تۆڵەی لێ دەسەندن، بەڵام ویستی بەیەکتری تاقیتان بکاتەوە، ئەو کەسانەش لە ڕێی خوادا شەهید بوون، کردەیان بەفیڕۆ نادات. بەم زووانە ڕێیان پیشان دەدات و کاروباری ژیانیان بۆ چاك دەکا و دەشیانباتە ئەو بەهەشتەی کە بۆی باس کردوون.

موسڵمانان دەبێت هەمیشە بەهێزبن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کافران، وە لە جەنگا زەبرێکی وا لە دوژمن بدەن کە دەستی خراپەکاریان بکێشنەوە، تا ئەوکاتەی جەنگ نامێنێت. هەرچەند کێشمەکێش و جەنگی نێوان هەق و ناهەق بەردەوام دەبێت بەشێوازی جۆرا و جۆر هەتا قیامەت.

کاتێك خوای گەورە فەتحی گەورەی بۆ موسڵمانان کرد، هەندێ هاوەڵ چەکیان دانا و پشتیان لێکردەوە بەحساب ئیتر جەنگ کۆتایی هاتووە، حەزرەتیش ﷺ کە ئەوەی بیست فەرمووی: تا قیامەت کۆمەڵێك لە ئوممەتم لەسەر هەق دەبن و سەرکەوتوو دەسەڵاتدار دەبن ،کۆمەڵێکیش لائەدەن و جەنگ دەکەن لە گەڵیاندا و دەستکەوتیان دەبێت، شامیش دەبێت بە پەناگەی موسڵمانان و، ئەسپیش کە بۆ جیهاد بەکاردێت تا قیامەت خێر بە ناوچەوانیەوەیەتی: (لا تزالُ طائفة من أمتي ظاهرين على الناس، يُزيغُ الله تعالى قلوبَ أقوام، فيقاتلونَهُمْ، ويرزُقُهم الله منهم، حتى يأتي أمرُ اللهِ وهم على ذلك، ألا إنّ عقر دار المؤمنين بالشام، والخيل معقود في نواصيها الخيرُ إلى يوم القيامة) . **(رواه النواس بن سمعان الكلابى_المطالب العالية للحافظ ابن حجر العسقلانى – ٤٥٧٤ – ١٠٧٧٤ كتاب الفتوح) .**

٢ – ﴿ **أَفَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَيَنظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ دَمَّرَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ وَلِلْكَافِرِينَ أَمْثَالُهَا (١٠) ذَٰلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ مَوْلَى الَّذِينَ آمَنُوا وَأَنَّ الْكَافِرِينَ لَا مَوْلَىٰ لَهُمْ (١١)** ﴾ محمد. پێش ئەم ئایەتە جەخت لەوە دەکاتەوە ئەگەر دینی خوا سەربخەن خوا سەرتان دەخات، ئەوانەش کە دوژمنن بەشیان هەر نەگبەتی دەبێت و کارەکانی لێ پووچ کردوون. چونکە ئەوان لەمەی کە خوا ناردوویە، خۆشیان نایە، ئەوسا ئەویش کارەکانی لێ تێك داون ﴿ **يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِن تَنصُرُوا اللَّهَ يَنصُرْكُمْ وَيُثَبِّتْ أَقْدَامَكُمْ (٧) وَالَّذِينَ كَفَرُوا فَتَعْسًا لَّهُمْ وَأَضَلَّ أَعْمَالَهُمْ (٨) ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَرِهُوا مَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأَحْبَطَ أَعْمَالَهُمْ (٩)** ﴾ محمد . دیارە ئەوەش سوننەت و باوو یاسای خوایە لەم بوونەوەرەدا، چونکە گەلانی پێشووش بە هەمان شێوە مامەڵەیان لەگەڵ کراوە، ئاخۆ ئەوان بە زەمیندا نەگەڕاون، تا بڕوانن پێشینانی ئەوانە چییان بەسەرهات؟ خودا تەفروتونای کردن، بۆ لە دین لادەرانیش هەر شتێکی ئاوا هەیە. چونکە خودا سەروەری ئەو کەسانەیە کە باوەڕیان هێناوە و ئەوانەی خودانەناسن، بێ سەروەرن.

٣ - ﴿ **فَلَا تَهِنُوا وَتَدْعُوا إِلَى السَّلْمِ وَأَنتُمُ الْأَعْلَوْنَ وَاللَّهُ مَعَكُمْ وَلَن يَتِرَكُمْ أَعْمَالَكُمْ (٣٥)** ﴾ محمد . سست مەبن و داوای شەڕ وەستان مەکەن، واتە ئاشتی داوا مەکەن لەبەر لاوازی، ئەگەر داواشتان کرد لە هێز و دەسەڵاتەوە داوای بکەن، بۆئەوەی دوژمن مەرجی خۆی فەرز نەکات،

ئێوە بەرز و باڵان و لە سەرەوەن نەك ئەوان، ئێوە خواتان لەگەڵە هاوكاریتان دەكات و، هەرگیز پاداشتی خەباتەكەتان لێ كەم ناكاتەوە. ئەوەش بەڵێنێكی گەورەی قورئانییە كە بڕواداران بە یارمەتی خوا هەمیشە بەرز و باڵا و شكۆمەندن، كە ئەم ڕاستیەش مێژووی كۆن و نوێ شایەتی بۆ دەدات.

## بەڵێنەكانی سورەتی فەتح:

ئەم سورەتەش مەدەنییە لە دوای ڕێكەوتنی حودەیبیە دابەزیوە، لەساڵی شەشی كۆچیدا، كاتێك كافرانی مەككە نەیانهێشت عومرە بكەن و داوایان كرد ئەو ساڵە بگەڕێنەوە و ساڵی داهاتوو بێنەوە بۆ عومرە كردن. زۆر لە هاوەڵان ئەم ڕێكەوتنەیان بەلاوە قورس بوو، خۆیان بە هەق خوراو دەزانی، جا كاتێك حەزرەتﷺ گەڕایەوە بەرە و مەدینە لە حودەیبیە ئەم سورەتە هاتە خوارەوە و خاڵی خستە سەر پیتەكان و گرنگی ڕێكەوتنەكەی بۆ خستنەڕوو، وە بە فەتحێكی ئاشكرای ناوبرد و پەیمانیشی دا بە بڕواداران كە سەردەكەون و دوژمنانیان ڕیسوا دەبن.

**یەكەم:( إِنَّا فَتَحْنَا لَكَ فَتْحًا مُبِينًا) الفتح:١.** ئێمە سەرمانخستی و فەتحێكی ئاشكرامان بەهۆی سوڵحی حودەیبیەوە بۆ كردی. حەزرەتﷺ كە ئەم سورەتەی بۆ هاتە خوارەوە بە هاوەڵانی فەرموو: ئەمشەو سورەتێكم بۆ دابەزیوە، لە هەموو دنیا لام خۆشەویسترە.

**دووەم** ﴿ قُل لِّلْمُخَلَّفِينَ مِنَ الْأَعْرَابِ سَتُدْعَوْنَ إِلَىٰ قَوْمٍ أُولِي بَأْسٍ شَدِيدٍ تُقَاتِلُونَهُمْ أَوْ يُسْلِمُونَ ۖ فَإِن تُطِيعُوا يُؤْتِكُمُ اللَّهُ أَجْرًا حَسَنًا ۖ وَإِن تَتَوَلَّوْا كَمَا تَوَلَّيْتُم مِّن قَبْلُ يُعَذِّبْكُمْ عَذَابًا أَلِيمًا ﴿١٦﴾ ﴾ الفتح. بەو عەرەبە كۆچەرانەی (كە پێشتر خۆیان دزیەوە لە جەنگ) بڵێ: هەر لەم بەینەدا بانگتان دەكەن بچنە سەر گەلێكی جەنگاوەری چەك بەدەست، یا شەڕدەكەن یان خۆ بەدەستەوە دەدەن، جا ئەگەر ئێوە بەرفەرمان بن لە خوداوە پاداشتێكی باش وەردەگرن، ئەگەر خۆشتان بدزنەوە وەكو پێشوو خۆتان دزییەوە، سزای بە ئێش و ئازارتان دەدات. ئەمەش هاتەدی بەو جەنگانەی كە دوای ڕێكەوتنی حودەیبیە ڕوویدا.

﴿ وَعَدَكُمُ ٱللَّهُ مَغَانِمَ كَثِيرَةً تَأْخُذُونَهَا فَعَجَّلَ لَكُمْ هَٰذِهِۦ وَكَفَّ أَيْدِيَ ٱلنَّاسِ عَنكُمْ وَلِتَكُونَ ءَايَةً لِّلْمُؤْمِنِينَ وَيَهْدِيَكُمْ صِرَٰطًا مُّسْتَقِيمًا ﴿٢٠﴾ وَأُخْرَىٰ لَمْ تَقْدِرُوا۟ عَلَيْهَا قَدْ أَحَاطَ ٱللَّهُ بِهَا ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرًا ﴿٢١﴾ وَلَوْ قَٰتَلَكُمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَوَلَّوُا۟ ٱلْأَدْبَٰرَ ثُمَّ لَا يَجِدُونَ وَلِيًّا وَلَا نَصِيرًا ﴿٢٢﴾ سُنَّةَ ٱللَّهِ ٱلَّتِي قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلُ ۖ وَلَن تَجِدَ لِسُنَّةِ ٱللَّهِ تَبْدِيلًا ﴿٢٣﴾ ﴾ الفتح. خوا بەڵێنی غەنیمەت و دەستکەوتی زۆر داونەتیٚ، بە خێرایش ئەم غەنیمەتەی بۆ ڕێکخستن کە سولْحی حودەیبییەیە یان دەستکەوتەکانی غەزای خەیبەرە، دەستی دوژمنەکانتانی لیٚ گێڕانەوە، تا نیشانەیەك بێت بۆ خاوەن باوەڕان کە خوا دێت بە هانایانەوە، وە بۆ ئەوەی ڕێگای ڕاستتان پیشان بدات. غەنیمەتێکی تریشی هەیە، هێشتا دەستان پێی نەگەیوە و خودا باش ئاگای لێیە و خوا هەموو کارێکی پیٚ دەکرێت.ئەگەر ئەو دوژمنانە شەڕیشیان لەگەڵ بکردنایە سوور بزانن پشتیان دەکردە مەیدان و ڕایان دەکرد، لەپاشانیش نە دۆستیان دەست دەکەوت و نەکەس بە هانایانەوە دەهات. ئەمەش یاسای خوایە و هەروا بووە و هەرواش دەبێت و گۆڕانی بەسەردا نایەت.

٤ - ﴿ لَّقَدْ صَدَقَ ٱللَّهُ رَسُولَهُ ٱلرُّءْيَا بِٱلْحَقِّ ۖ لَتَدْخُلُنَّ ٱلْمَسْجِدَ ٱلْحَرَامَ إِن شَآءَ ٱللَّهُ ءَامِنِينَ مُحَلِّقِينَ رُءُوسَكُمْ وَمُقَصِّرِينَ لَا تَخَافُونَ ۖ فَعَلِمَ مَا لَمْ تَعْلَمُوا۟ فَجَعَلَ مِن دُونِ ذَٰلِكَ فَتْحًا قَرِيبًا ﴿٢٧﴾ هُوَ ٱلَّذِيٓ أَرْسَلَ رَسُولَهُۥ بِٱلْهُدَىٰ وَدِينِ ٱلْحَقِّ لِيُظْهِرَهُۥ عَلَى ٱلدِّينِ كُلِّهِۦ ۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ شَهِيدًا ﴿٢٨﴾ ﴾ الفتح.

پێغەمبەرﷺ لە ساڵی شەشی کۆچیدا خەوی دی لەگەڵ هاوەڵانیدا چوون بۆ عومرە، کە بۆ هاوەڵانی گێڕایەوە زۆریان پیٚ خۆش بوو، چونکە بە دڵ تامەزرۆی زیارەتی کەعبە بوون، کاتێك پێغەمبەرﷺ و هاوەڵانی هاتن بەرە و مەککە کافرەکان ڕێیان لێگرتن و ڕێکەوتن کە ئەمساڵ بگەڕێنەوە و ساڵی داهاتوو بێنەوە. هاوەڵان زۆریان پیٚ ناخۆش بوو،

عومەر وتی: تۆ هەواڵت نەدایینیٚ کە عومرە دەکەین؟

پێغەمبەرﷺ فەرمووی: بەڵیٚ هەواڵم دایتیٚ، ئایا وتم ئەمساڵ؟

عومەر وتی: نەخێر.

پێغەمبەرﷺ فەرمووی: تۆ دەچیتە مەککە و تەواف دەکەیت.

قورئانیش باس لەم خەوە دەکات  کە خەوێکی ڕاست بووە و دێتە دی و دەفەرموێت: بێگومان خوا ڕاستی کرد لەگەڵ پێغەمبەری خۆی لەو خەوە ڕاستەیا کە دیبووی بە گوێرەی ئەو خەوە ئێوە بە ئیزنی خوا ئەمین و بیٚ ترس دەڕۆنە ناو مەسجید ولحەرام و  هەندێکتان سەرتان دەتاشن و هەندێکتان کورتی دەکەنەوە و لە کەس ناترسن، خوا شتێکی دەزانی کە ئێوە نەتان دەزانی، بۆیە چوونە مەککە و هاتنەدی خەوەکەی دواخست بۆ ساڵێکی تر و بێجگە لەوەیش فەتحێکی نزیکی مەککەی بڕیاردا.

خوا ئەو خوایەیە پێغەمبەری خۆی ناردووە بەڕێنوێنی و دینی ڕاستەوە، تا بەسەر هەموو دینێکدا زاڵی بکات، خواش بەسە بۆ شایەتی لەسەر پایەبەرزی حەزرەتﷺ و یارانی و ئاینەکەی.

ئەم خەوە پاش ساڵێك هاتەدی و موسڵمانان چوونەوە بەرەو مەککە، کافرەکان شاریان چۆڵ کرد و چوونە دەوروبەری مەککە و سەرکێوەکان و بەمەش وەعد و بەڵێنەکەی خوا هاتەدی (لــتدخلن) بە تەئکیدی لام و نون جەخت دەکاتە سەر چوونیان، خوای گەورە سوڵحی حودەیبییەی ناونا فەتحێکی نزیك ﴿...فَجَعَلَ مِن دُونِ ذَٰلِكَ فَتْحًا قَرِيبًا ﴿٢٧﴾﴾ الفتح . هەروەها بەڵێنی سەرکەوتنی ئیسلامی تیایە بەسەر هەموو دینەکاندا ﴿..لِيُظْهِرَهُۥ عَلَى ٱلدِّينِ كُلِّهِۦ..﴿٣٣﴾﴾ التوبة ، هەرواش دەرچوو ئیسلام سەرکەوت بەسەر گشت ئاینەکاندا.

## بەڵێنەکانی سورەتی المجادلە:

- ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يُحَآدُّونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ كُبِتُواْ كَمَا كُبِتَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْۚ وَقَدْ أَنزَلْنَآ ءَايَٰتٍۭ بَيِّنَٰتٍۚ وَلِلْكَٰفِرِينَ عَذَابٌ مُّهِينٌ ﴿٥﴾﴾ المجادلة . ئەوانەی دژایەتی خوا و پێغەمبەرەکەی دەکەن، ڕیسوا و بەدبەخت دەکرێن هەروەك چۆن ئەوانەی بەر لەوان ڕیسوا و بەخت ڕەش کران، ئێمە گەلێك نیشانە و ئایەتی زۆر ئاشکرامان ناردووەتە خوارەوە، ئەوی بڕوایان پیٚ ناکا، بەشیان جەزرەبە و سزایەکی ئابڕووبەرە.

لەم ئایەتەدا (یحادون) بە (مضارع) هاتووە، مەبەست دژایەتی کردنی بەردەوامی دوژمنانە بۆ دینی خوا، لە هەمان کاتدا خوا بەڵێنی داوە بە ڕیسواکردن و بەدبەخت کردنی

دوژمنانی پەیامەکەی، کە ئەمەش سوننەتێکی خوایە و لە کات و شوێنی خۆیدا دێتەدی. ﴿ٱسۡتَحۡوَذَ عَلَيۡهِمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ فَأَنسَىٰهُمۡ ذِكۡرَ ٱللَّهِۚ أُوْلَٰٓئِكَ حِزۡبُ ٱلشَّيۡطَٰنِۚ أَلَآ إِنَّ حِزۡبَ ٱلشَّيۡطَٰنِ هُمُ ٱلۡخَٰسِرُونَ ١٩﴾ **المجادلة** . شەیتان بەسەریاندا زاڵ بووە و یادی خوای لە بیر بردوونەتەوە، ئەوان کۆمەڵەی شەیتانن، باش بزانن کە هەر کۆمەڵەکەی شەیتان زیانبارن. ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يُحَآدُّونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ أُوْلَٰٓئِكَ فِي ٱلۡأَذَلِّينَ ٢٠﴾ **المجادلة** . ئەو کەسانەی دژایەتی خوا و پێغەمبەرەکەی دەکەن لە هەموو کەس زەبوون ترن. ﴿كَتَبَ ٱللَّهُ لَأَغۡلِبَنَّ أَنَا۠ وَرُسُلِيٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٞ ٢١﴾ **المجادلة** . خودا خۆی بڕیاری داوە و نووسیویەتی: بێ گومانە من و پێغەمبەرانی من سەردەکەوین و زاڵ دەبین، خوا توانای بە دەسەڵاتە.

- ﴿لَّا تَجِدُ قَوۡمٗا يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ يُوَآدُّونَ مَنۡ حَآدَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَوۡ كَانُوٓاْ ءَابَآءَهُمۡ أَوۡ أَبۡنَآءَهُمۡ أَوۡ إِخۡوَٰنَهُمۡ أَوۡ عَشِيرَتَهُمۡۚ أُوْلَٰٓئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ ٱلۡإِيمَٰنَ وَأَيَّدَهُم بِرُوحٖ مِّنۡهُۖ وَيُدۡخِلُهُمۡ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَاۚ رَضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُمۡ وَرَضُواْ عَنۡهُۚ أُوْلَٰٓئِكَ حِزۡبُ ٱللَّهِۚ أَلَآ إِنَّ حِزۡبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ٢٢﴾ **المجادلة** . تۆ کەسی بڕوادار نابینی کە بڕوای بەخواو ڕۆژی دوایی بێت، دۆستایەتی ئەو کەسانە بکات کە دژایەتی خواو پێغەمبەرەکەی دەکەن، تەنانەت ئەگەر ئەو کەسانەش باوکیان، یان کوڕیان، یان برایان، یان لە هۆزەکەی خۆیان بن. ئەوانە خوا بڕوای جێگیرکردووە لە دڵیاندا، بەهێزێکی تایبەتی خۆی هاریکاری کردوون. دەیانخاتە باخاتێکەوە جۆباریان بەبەردا دەڕواو هەتا سەر هەر لەوێ دەبن، خودایان لێ ڕازی بووە و ئەوانیش لەخودا ڕازین. ئەوانە کۆمەڵەی خودان، باش بزانن هەر کۆمەڵەی خوا ڕزگارو سەرفرازن.

## بەڵێنەکانی سورەتی حەشر:

ئەم سورەتە دەربارەی جوولەکەکانی بەنی (نضیر) هاتووەتە خوارەوە کە گەڕەکێك بوون لە قەراخ شاری مەدینە، کاتێك پێغەمبەرﷺ کۆچی کرد بۆ مەدینە پەیمانیان بەست لەگەڵیدا کە بێ زیان و بێ لایەن بن، لەسەرەتای ساڵی چوارەمی کۆچیدا لە ناوەندی جەنگی ئوحود و خەندەق دا، پێغەمبەرﷺ و چەند هاوەڵانێکی بۆ کارێك چوون بۆلای جولەکەی بەنی (نضیر) ،

ئەوانیش بە گەرمی چوون بە پیریانەوە و لە ژێر سێبەری دیوارێکدا دانیشتن، جوولەکەکان لە ناو خۆیانا ئەڵێن هەرگیز هەلی وامان بۆ هەڵناکەوێ، یەکێ بە دزیەوە دەنێرن تا لەسەربانەوە بەردێکی گەورە بدات بەسەری حەزرەتدا ﷺ. خوای گەورەش حەزرەت ﷺ لەمە ئاگادار دەکاتەوە، پێغەمبەر ﷺ خێرا هەڵدەستێت و دەڕوات، هەروەك ئیشێکی خۆی ببێت و بچێت بیکات و بێتەوە، هاوەڵەکانی چاوەڕێ دەبن نایەتەوە کە دەزانن گەڕاوەتەوە مەدینە ئەوانیش دەگەڕێنەوە. حەزرەت ﷺ بەسوپاوە دێتەوە سەریان و ناچاریان دەکات ئەو ناوچەیە بەجێ بهێڵن.

١ - ﴿ هُوَ الَّذِي أَخْرَجَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ مِن دِيَارِهِمْ لِأَوَّلِ الْحَشْرِ ۚ مَا ظَنَنتُمْ أَن يَخْرُجُوا ۖ وَظَنُّوا أَنَّهُم مَّانِعَتُهُمْ حُصُونُهُم مِّنَ اللَّهِ فَأَتَاهُمُ اللَّهُ مِنْ حَيْثُ لَمْ يَحْتَسِبُوا ۖ وَقَذَفَ فِي قُلُوبِهِمُ الرُّعْبَ ۚ يُخْرِبُونَ بُيُوتَهُم بِأَيْدِيهِمْ وَأَيْدِي الْمُؤْمِنِينَ فَاعْتَبِرُوا يَا أُولِي الْأَبْصَارِ ﴿٢﴾ ﴾ الحشر . خوا ئەو خوایەیە کە بێ بڕواکانی ئەهلی کیتابی دەرکرد لە شوێنی خۆیان لە یەکەم کۆبوونەوەی پێغەمبەر و یارانی بۆ جەنگ کردن لەگەڵیاندا، گومانتان نەئەبرد کە ئاوا دەرچن، ئەوانیش وایان دەزانی کە قەڵاکانیان دەیانپارێزێت لە سزای خوا، تا سزای خوایان بۆهات لە لایەکەوە کە تەسەوریان نەدەکرد، خوا ترسی خستە ناو دڵیانەوە، بەحۆرێك کە خانووەکانی خۆیانیان وێران دەکرد بەدەستی خۆیان و بە دەستی موسڵمانان، ئنجا پەند وەرگرن ئەی ئەوانەی چاوتان هەیە و شت دەبینن.

٢ - ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ شَاقُّوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ ۖ وَمَن يُشَاقِّ اللَّهَ فَإِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ ﴿٤﴾ ﴾ الحشر . ئەم سزایە بە هۆی ئەوەوەیە کە دژایەتی خوا و پێغەمبەریان کرد، هەرکەسیش دژایەتی خوا بکات، تۆڵەی خوا زۆر دژوارە. ئەمەش بەڵێنێکی تری خوایە، هەرکەس دژایەتی خوا و پێغەمبەرەکەی و بەرنامەکەی بکات وەك بەنی (نضیر) ڕسوایان دەکات لە دنیا و ئاخیرەت دا.

٣ - ﴿ لَا يُقَاتِلُونَكُمْ جَمِيعًا إِلَّا فِي قُرًى مُّحَصَّنَةٍ أَوْ مِن وَرَاءِ جُدُرٍ ۚ بَأْسُهُم بَيْنَهُمْ شَدِيدٌ ۚ تَحْسَبُهُمْ جَمِيعًا وَقُلُوبُهُمْ شَتَّىٰ ۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَّا يَعْقِلُونَ ﴿١٤﴾ ﴾ الحشر. جوولەکەکان بە کۆمەڵی و ڕووبەڕووتان نابنەوە مەگەر لە ناو دێهاتی قایم کراو و شوراو قەڵا و لە پشت

دیوارەوە نەبێت، ناکۆکی نێوانیان زۆرە و وادەزانی ئەوانە یەکن، لە کاتێکدا ئەوان دڵیان پەڕاگەندەیە، ئەوەش بە هۆی ئەوەوەیە کە تێنەگەیشتوو نەفامن. جوولەکە گەلێکی ترسنۆك و فێڵباز و خیانەتکارن، زۆر لە موسڵمانان دەترسن زیاتر لەوەی کە لە خوا دەترسن ﴿لَأَنتُمْ أَشَدُّ رَهْبَةً فِي صُدُورِهِم مِّنَ اللَّهِ ..﴿١٣﴾﴾ الحشر. جابۆیە لە کۆندا قەڵا و شورای قایم و بەرزیان هەبووە و ئێستاش لە فەلەستین دا هەمان بەزم دووبارە دەبێتەوە کە (جدار العازل) یان دروست کردووە و موراقەبەی ئەلەکترۆنیان داناوە و کامێرای زۆریان بۆ چاودێری داناوە، کە هیچی دایان نادات چونکە خوا بە دەسەڵاتە بۆ ڕیسواکردنیان و لە شوێنێکەوە بۆیان دەچێ کە هەرگیز بە خەیاڵیاندا نەهاتبێت، ئەم (جدار العازل) ەی ئەمڕۆش تەسدیقی فەرموودەکەی خوایە کە عالیمی غەیب و شەهادەیە.

## بەڵێنی سورەتی الصف:

﴿ يُرِيدُونَ لِيُطْفِئُوا نُورَ اللَّهِ بِأَفْوَاهِهِمْ وَاللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ ﴿٨﴾ هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَىٰ وَدِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ وَلَوْ كَرِهَ الْمُشْرِكُونَ ﴿٩﴾ ﴾ الصف ، دەیانەوێت بەفووی دەم نوری خوا بکوژێننەوە، خواش نووری خۆی سەردەخات، جا باکافرانیش پێیان ناخۆش بێت. ئەو خودایە پێغەمبەری خۆی بەرێکرد بۆ ڕێبەری و ڕاگەیاندنی دینی ڕاست، تا سەری خا بەسەر هەموو دینەکاندا، جا با هاوبەش بۆ خوا دانەرانیش پێیان خۆش نەبێت. ئەوە چواردە سەدەیە دوژمنانی هەق و ڕاستی چییان بۆ کرابێت کردویانە دژ بە هەق و ڕاستی، ئەوەش سەرەنجامی کارەکەیانە کە ئیسلام ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر دڵان و وڵاتان فەتح دەکات، کە هەموو ئەمانە تەسدیقی بەڵێنەکانی خوایە کە هاتونەتە دی.

# بەرگی شەشەم

# قورئان پارێزراوە

# پێشەکی:

سوپاس و ستایش بۆ خوای پەروەردگار و درووود و سەلامیش لەسەر گیانی سەرداری پێغەمبەران و یارویاوەران و شوێنکەوتوان.

قورئان هەر لە سەرەتاوە رایدەگەیەنێت کە هیچ کەم و کوڕی و دژایەتیەکی تیانیە ﴿ ذَٰلِكَ ٱلۡكِتَٰبُ لَا رَيۡبَۛ فِيهِۛ ...﴿٢﴾ ﴾ البقرة ، وە تەحەددا دەکات کە ئەگەر دەتوانن هاوشێوەی قورئان یان سورەتێك یان ئایەتێك بێنن و ئەو تەحەددایەش تاقیامەت بەردەوامە نەك بۆ مرۆڤەکان بەڵکو بۆ مرۆڤ و پەری یەکانیش ئەگەر هاوکاری یەکتریش بن.

﴿ قُل لَّئِنِ ٱجۡتَمَعَتِ ٱلۡإِنسُ وَٱلۡجِنُّ عَلَىٰٓ أَن يَأۡتُواْ بِمِثۡلِ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانِ لَا يَأۡتُونَ بِمِثۡلِهِۦ وَلَوۡ كَانَ بَعۡضُهُمۡ لِبَعۡضٖ ظَهِيرٗا ﴿٨٨﴾ ﴾ الإسراء. قورئانی پیرۆز داوای بەڵگە و بورهان دەکات لە نەیارانی: ﴿... قُلۡ هَاتُواْ بُرۡهَٰنَكُمۡ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ﴿١١١﴾ ﴾ البقرة .

﴿ قُلۡ إِن كَانَ لِلرَّحۡمَٰنِ وَلَدٞ فَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلۡعَٰبِدِينَ ﴿٨١﴾ ﴾ الزخرف . وە بیسەلمێنن کە خوا کوڕی هەیە، ئەوا من یەکەم کەس دەبم دەیپەرستم.

لەم سالانەی دواییدا لە هۆڵەندا ئافرەتێکی سۆماڵی کە رەگەزنامەی هۆڵەندی هەیە بەناوی (ئیان حرصی) کەوتە قسەوتن بە ئیسلام لە هۆکارەکانی راگەیاندندا بەبێ ئەوەی هیچی پێبێت شایانی باس بێت، دوایی دەرکەوت کە تەنها مەبەستی ئەوەبوو دەربکەوێت و ناوبانگ پەیدا بکات، کاتی هەڵبژاردن هات و خۆی کاندیدکرد بۆ پەرلەمانی ئەو وڵاتەو هیچیشی بەدەست نەهێنا ﴿...خَسِرَ ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةَۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡخُسۡرَانُ ٱلۡمُبِينُ ﴿١١﴾ ﴾ الحج .

لای خۆشمان مەریوان هەڵەبجەیی ویستی بە تەزویر و فڕوفێڵ ناوبانگ دەرکات بەلام ﴿ إِنَّ رَبَّكَ لَبِٱلۡمِرۡصَادِ ﴿١٤﴾ ﴾ الفجر، خوا هەر بەعیلمانیەکان ریسوای کرد، رۆژنامەی پێگە ژمارە (٦٤) لە ١٠-١٠-٢٠٠٦ دا لاپەڕەیەکی لەسەر نووسی لەژێر ناونیشانی (مەریوانی هەڵەبجەیی یان مەریوانی تەزویرچی) و تیایدا ئەو بەڵگەنامانەیان بلاوکردەوە کە تەزویری شەهادەکەی کردبوو لە سێی ناوەندی یەوە بۆ شەشی ئامادەیی، هەروەها کە خزمەتی نەبووە و بەتەزویر ویستویەتی

چەند ساڵ خزمــەت بــۆ خــۆی زیادبکــات. . هــەروەها دواتــر دەرکــەوت کەپەڕاوەکــەش خــۆی نەینوسیوە و تەنها وەری گێڕاوە لە پەڕاوێکی ترەوە بەهەمان ناونیشان کــە ســیامەند ســتودەی فارس لە ئەمریکا نووسیبوی. ئەمیش خۆی تووشی خەسارەتی دونیا و قیامەت کرد بۆ ئــەوەی زەوی بــدرێتێ و ناوبــانگ دەرکــاو پێــی بچــێتە دەرەوە، خــۆ ئەگــەر شتێکیشــی لەمانــە دەستکەوتووە، هەموو دونیا هی ئەوبێت نابێ بەو رووڕەشیەی لە قیامەت دا تووشی دەبێــت و لەو حەیاچوونەش کەلەدونیادا تووشی بوو. .

بۆیە ئێمە دەڵێین ئەگەر کەسێك بەڵگەو بورهــانی پێیــە بــابیهێنێ، بــەڵاّم بــە تــەزویر و درۆ و دەلەسە کارەکە ناچێتە سەر چونکە کورد واتەنی بەری درۆ کورتە.

## ( ئایا قورئان معصوم ) ٥:

چەند ساڵێك لەمەوبەر قوتابیەکی زانکۆی سلێمانی پەڕاوێکی بــۆ هێنــام بــەو نــاوەی سەرەوە کە گوایە (عبداللە فادی) ناوێك نووسیویەتی و چەند رەخنەیەکی لە قورئــان گرتــووە و دەیەوێ پێمان بسەلمێنێ کە قورئان لەخواوەنیە و معصوم نیە لە هەڵەو محمدﷺ داینــاوە.

ئەو شتانەی کە تیایەتی هەر کای کۆنە و جارێکی تر بــە بــای دەکەنــەوە، هــەر هــەمووی لــە پێگەکانی ئینتەرنێت دا هەیەو هەر هەمووشی وەڵاّم دراونەتەوە، وە بــە نوســراویش بــۆ نموونــە کتێبی (القران ونقض مطاعن الرهبان) دکتۆر صلاح عبدالفتاح الخالــدی وەڵاّمــی داوەتــەوە لــە ساڵی ٢٠٠٧دا لە چاپ دراوە.

دیارە پەڕاوی تریش زۆرن کە وەڵاّمی ئەو ناحەزانە دەداتەوە وەك (دعــاوی الطــاعنین فــی القــران الکــریم) کــە نامەیــەکی دکتۆرایــە لەســاڵی ٢٠٠٧دا لــەزانکۆی قــاهیرە پێشــکەش کــراوە و بەتەقدیری ممتاز لەگەڵ مرتبەی شرف دا قبوڵ کراوە و وەرگیراوە کە دکتۆر عبدالمحسن المطیری لە کوێت نوسیویەتی. هەروەها پەڕاوی (**لا یأتیە الباطل**) ی دکتۆر (**محمد سعید رمضان البوطی**) وەڵاّمە بۆ ئەو گومانانە. لەم ماوەیەدا نامیلکەیەکی ترم دەست کەوت بە نــاوی (بەشــێك لــەو رەخنانەی کە ئاڕاستەی قورئان دەکرێن) کە بە ناوی (ئــارام جــەلال) ەوە بڵاّوکراوەتــەوە، پــاش ئەوەی خوێندمەوە ئەم چەند سەرنجەم هەیە و پاشان یەك بەیەك وەڵاّمی ئەدەمەوە. .

**یەکەم:** سەرەتا لاپەڕە (٣) نووسەر ئـەم نوسـراوەی پێشـکەش دەکـات بـە نووسـەری کتێبـی (ئادەمیزاد لە کۆمەڵی کوردەواریدا) (عبدالخالق معروف) کە گوایە شەهیدی راستیە، هـەروەك ئەم بەڕێزە بەم نامیلکەیەی سەردەستە و مەشخەڵداری بیری ئازاد بێـت و بیـەوێت کۆمەڵگـەی کوردەواری بەرێت بەرەو ئازادی قەڵەم، دواتریش باسی موسڵمانان دەکات کەقورئان بەلایانـەوە بێهەڵە و بێ خەوشە و هەرچی باسی بکات و رەخنەی لێبگرێت یـاری بـەئاگر دەکـات، گوایـە هەرچی کاری وابکات ژیانی لێ دەسەننەوە، گوایە لە لای ئێمە بەزمانی کـوردی لـەم بابەتانـە کەمن و ئەم بۆ ئەوەی ئەو تەلیسمە بشکێنێ دەستی داوەتە پرۆژەیەك کـە رەخنـە لـە قورئـان بگرێت.

ناوبراو دەڵێت (سەرەتا کە دەستمدایە ئەم پرۆژەیە، گەلێك بابـەتی زۆرم دانـابوو کـە لەسـەری بدوێم، زیاتر لە ساڵێك خەریکی ئەم بابەتانە بووم، بـەلام لـە مـاوەی کـارکردنی مـن بـۆ ئـەم پرۆژەیە، کتێبی (هل القران معصوم) وەرگێڕدرایە سەر زمانی کوردی، زۆرێـك لـەو بابەتانـەی کەمن دەمویست لەسەری بدوێم و کارم تێداکردبوو ناچاربووم دەستی لێهەڵگرم و لـەم کتێبـەدا لەسەری نەدوێم، لەبەرئەوە لەکتێبی ناوبراودا بەزمانی کوردی کەوتە بەردەستی خوێنەری کورد، منیش تەنها ئامانجەکەم گەیاندنی ئەو پەیامە بوو کە سوپاس بۆ خوا ئەو پەیامە گەیشت، بۆیە لەسەر کۆمەڵێك بابەتی تر بە کوردیانە دواوم لەم کتێبەدا، کە ڕامانە لە خودی قورئـان خـۆی، وەك باسکردنی ئەو زمانە زبرەی لە قورئاندا بوونی هەیە و بەکەم تەماشاکردنی نەیارانی قورئان لە لایەن خوداکەی ئیسلامەوە، وە ئەو ئایەتانەی کە لە قورئاندا بـوونی هەیـە و دژی یـەکترن، پاشان خستنە ڕووی ئەو سەرچاوانەی کە قورئانی لێ دروست بووە، ئەو شیعرە جاهیلیانـەی لـە قورئاندا بوونیان هەیـە و بیروبـاوەڕی شـاعیرە جاهیلیـەکان و رەنگدانـەوەیان لـە ئایەتـەکانی قورئاندا، بوونەتە بنەماسەرەکیەکانی ئیسلام، هـەروەها ئـەو ئایەتانـەی کـە لەگـەڵ زانسـتدا ناگونجێن، بە هەموو پێوەرە زانستیەکان هەڵەن، تاکو روون ببێتەوە کەئەم قورئانە تـەنها محمـد خاوەنێتی و دوورە لەوتەی خوای بەدیهێنەر) ئنجا دەڵێت: ئەم کارەشم بەدوو ئامانج کردووە:

**یەکـەم:** بەرگریکردن لەو خوایەی هەموومانی دروست کـردووە و ئـەو دەقـە پڕهەڵـە و کـەم و کورتیانەی قورئان نەدرێتە پاڵ خودای بەدیهێنەر.

**دووەم:** ئەو سامناکییەی کە قورئان داویتی بەسەر دلّی کورد و خەلّکی ئێمەدا بەلّکو تارادەیەك کەم بێتەوە.

## ( هل القرأن معصوم ) هی کێیە؟ ؟

ئەم کتێبە چاپی یەکەمی لە ساڵی ۱۹۹٤دا دەرچوو لە نەمسا، لە دەزگایەکی بەگاورکردن بەناوی (ضوء الحیاة) ، بەناوی یەکێکەوە کە (عبدالله عبدالفادی) یە ،دیارە ئەمە ناوێکی خوازراوەو، لە ئینتەرنێتدا دابەزێنراو بەشێوەیەکی بەربلاّو بلاّوکرایەوە. ئەم پەڕاوە لە ڕاستیدا رەنج و هەولّی کۆمەلّێك کەسی مەسیحیە کە هەولّی زۆریانداوە پاش دیراسەتی زۆر رەخنە لە قورئان بگرن، (عبدالفادی) دەڵێت: (ویستم خزمەتێکی بەرهەمداری کاریگەری بەردەوام بکەم بەگرۆی بەشەر) ، ئنجا لەم پەڕاوەدا بەلای (فادی) یەوە پێغەمبەر نەهاتووە دوای مەسیح و قورئان دانراوی (محمد) ەو رەخنەکانیشی لە (٢٤٣) رەخنەدا پێشکەش کردووە، بەحساب خزمەتی هەق و راستی دەکات و بەرچاوڕوونی یە بۆ (أولی الالباب) .

ئارام لە پێشەکیەکەیدا دەڵێت: زیاتر لە ساڵێك خەریکی ئەم پرۆژەیە بووە کە ئەو کتێبە کراوە بەکوردی، زۆر لەوشتانەی ئەو ویستویەتی لەبەرئەوەی ئامانجەکەی ئەو هاتەدی و بەکوردی بلاّوکرایەوە ئەو باسی لێنەکردووەو شتی تری هێناوە.

ئەگەر سەیری نوسراوەکەی ناوبراو بکەین زیاتر لەسەدا نەوەدی لەو کتێبەوە وەرگرتووە، کە ئەگەر ئەو کتێبە خاوەنی هەبوایە دیارە قسەی خۆی دەبوو، ئەم دەڵێ: ئەوەی لەوێدایە وازم لێهێناو شتی ترم نووسی تا خوێنەری کورد بەرچاو رۆشن بکات، من دەڵێم: ئەوە وەك دزی وایە و هیچ نوسەرێك قبولّ ناکات لەسەدا نەوەدی کتێبەکەی بهێنێ و بەناوی خۆتەوە بلاّوی بکەیتەوە، بەلاّم چونکە کارەکە بۆ مژدەدان و بەگاورکردن و گومان دروست کردنە ئەگەر لەسەرچاوەکەیەوە بزانن رەنگە دەست خۆشیشی لێبکەن!! بەلاّم گرنگ ئەوەیە ئەم درۆیە بەسەر کەسانی ئاگاداردا تێناپەڕێت و بەری درۆ کورتە.

ئنجا ئەم پەڕاوە هی ساڵی (١٩٩٤) ەو لەسەر ئینتەرنێت بلاّوکراوەتەوە و لە (منتدیات) ەکان دا وەلاّم دراونەتەوە و هەر زۆر شتێکی ئاساییە و هیچ ئازایەتیەکی تیانیە و تازە نیە، تا ناوبراو بۆمان بهێنێ!

**دووەم:** لە لاپەڕە پێنج دا ئەو دوو ئامانجەی کە هەیەتی بەئینگلیزی نووسیویەتی، نازانم حیکمەتەکەی چی یە؟ ! چونکە خۆ ئەمە نامەی ماجستەر و دکتۆرا یان لێکۆڵینەوەیەك نیە پێویست بکات پوختەی باسەکە بەزمانی ئینگلیزی یان بەزمانێکی تر بنوسرێ تا بیانیەکان سوودی لێوەرگرن، من واهەست دەکەم کەوا تێگەیشتبێ کەئەم باسە (گرنگەی) !!! بلاۆکردەوە کۆمەڵگای کوردی دەشڵەقێ و مامۆستا بەڕێزەکان لەسەر مینبەرەوە وەلاٚمی ئەدەنەوە و هەڕەشەی لێدەکرێ و ئەمیش ئەیکا بە بیانوو گوایە ژیانی لەمەترسیدایە و پاشان بەهەر ڕێگایەك بێت خۆی بگەیەنێتە دەرەوە و ببێتە پەنابەری سیاسی کە ئێستا بە ئاسانی دەست ناکەوێت، یان نازانم خۆ وەك ئافرەتە صۆمالیەکە تۆ بڵێی بیەوێ بچێتە پەرلەمانەوە؟ !

**سێیەم:** ناوبراو دەڵێت ساڵێك زیاترە خەریکی ئەم پرۆژەیەیە، من باسی کەسی ترناکەم، من باسی ئەزموونی خۆم دەکەم وەك تاکێکی کوردی لەم کوردستانەدا، چل ساڵە شان بەشانی ئەوەی کە خوێندومە و بوومەتە ئەندازیار، پەڕاوی ئیسلامیم خوێندۆتەوە، گەشتمە پلەی ئەندازیاری ڕاوێژکاری و خۆم خانەنشین کرد، بەلاٚم لە ئیسلامەتیدا تازە سەرەتایە بەلامەوە، هەرچەند دە پەڕاو زیاتریشم نوسیوە و لەسەرتاسەری کوردستاندا بلاٚوبونەتەوە و خەڵکێکی زۆر سوودیان لێبینیوە، جا نازانم ئاینێکی جیهانی دەوڵەمەند کە زانایانی ڕۆژهەلاٚت و ڕۆژئاوا لە خزمەتیا سەری ڕێز دادەنەوێنن و بە ملیۆنەها کەس لە ڕۆژهەلاٚت و ڕۆژئاوا دێن بەرەو ئیسلام، چۆن ئەو برادەرە بە ساڵێك دیراسەی کرد و ئەو ڕەخنە و کەم وکوڕیانەی دۆزیەوە، تۆ بۆ نالێی ساڵێکە یان زیاتر خەریکی پەڕاوی (هل القران معصوم) یت و ئەوەندەت توانیوە وەری بگێڕی و بلاٚوی بکەیتەوە، ئێ ئەگەر بۆت بکرایە هەموویت بەناوی خۆتەوە بلاٚودەکردەوە، بەلاٚم سەدمەخابن کەسانی تر پێشکەوتن و بلاٚویان کردەوە.

**چوارەم:** ئەوەی سەیرە خاوەنی کتێبی (هل القران معصوم) ئیمانی بەتەورات و ئینجیل و حەزرەتی مەسیحەو بەدوا پێغەمبەری دەزانێ، کەچی لای ئەم لە ئامانجەکانیدا ئەڵێ: (نەهێڵین پاکی خودا بشێوێنرێت و ئەو دەقە پڕهەڵە و کەموکورتیانەی قورئان نەدرێنە پاڵ خودای بەدیهێنەر، ئەو پەیامی خۆی لە سروشت و لە گەردون و لەدەوروبەرماندا بۆ ناردوین و هەمیشە ئەو خودایە لەناو دڵمانایە و هەستی پێدەکەن، بەبێ هیچ پەیامبەرێك هەست بەبوونی دەکەین و

ئاگامان لێیەتی، خودا بێ بەرییە لەم وتە نارێکانەی قورئان) . . من نازانم ئەم زاتە بەبێ پەیامی هیچ پێغەمبەرێك کەخوای دۆزیوەتەوە و هەستی پێدەکات، ئایا ئیمانی بەمەسیحیەت و حەزرەتی عیساش نیە وەك خاوەنی ئەو کتێبەی کەکت ومت باسەکانی لێ وەرگرتووە، ئایا ئەم خوایەی ئەم چۆنە و چی یە و فەرمانی چی یەو، ئاخۆ هەرئەوەندە بۆ ژیانی بەسە کە هەست بەبوونی دەکا و خوایەتی خواکەی لەوێدا تەواودەبێت، بەڕاستی ئەمەش مۆدێلێکی تازەیە لە ناسینی خوادا، وا ئەمیش ئاوا خەمخۆرێتی و چۆن ئەوخوا پاك وبێگەردە (محمد) و موسڵمانان درۆ بەدەمیەوە بکەن؟ !!

ناوبراو لە کۆتایی پێشەکیەکەیدا دەڵێت: بەوهیوایەی خودا لەئێمە و ئەوانیش خۆش بێت، کە ئەم کارانەیان بەنەزانی ئەنجامداوە و هەمیشە ڕێگەی ڕاستی خۆیان نیشان بدات. . (ل١١)

باشە خواکەی تۆ باسی دەکەیت، ئەگەر لێمان خۆش نەبێ چی یە؟ ! ئایا سزا و پاداشتی لایە؟ ئەگەر لایەتی چوزانیت؟ کە پەیامبەر نەبێ و پێویست نەکات، خۆ ناشێ لێمان بووبێت بەپەیامبەر و تۆ شتێکت بۆ هاتبێ و ئێمە نەزانین، بۆ هیوامان بۆ دەخوازی لێمان خۆش بێ؟ ؟ نازانم هیچ شك ئەبەی؟ ! ئنجا بێزەحمەت ڕێگای ڕاستەکەی کامەیە کەئەتەوێ پیشانمان بدات؟ !

## زمانی زبر:

قورئانی پیرۆز هەندێ قسەی نابەجێ و بوختانی ناحەزانی تۆمار دەکات و کاروکردەوە و قسە و باسیان بە موسڵمانان ئاشنا دەکات، تا موسڵمانان پەندی لێوەرگرن و ئەو ناحەزانە بناسن و بزانن چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن. .

پاش چواردە سەدە ئەم ڕەخنەگرە لە لاپەڕە (١٣-٢٢) دێت و دەڵێ: بۆچی قورئان بەزمانێکی زبر بەرامبەر نەیارانی قسەدەکات، گوایە ئەمە بەڵگەیە کەخوا نەیفەرمووە!!

**وەلام** : دیارە ئەمە وانی یە، ناحەزانێکی وەك جوولەکە، پێغەمبەرانیان دەکوشت، چەند جار هەوڵی کوشتنی دوا پێغەمبەریشیان دا، خوا حەزرەتیﷺ پاراست ئەگینا مەرامی گلاوییان دەهاتەدی، هەروەها تا دوا پلە بێ ئەدەبیان کرد بەرامبەر خواو وتیان: خوا هەژارە و ئێمە دەوڵەمەندین، جا ئیتر ئەمانە هەقە چیان پێ بوترێ؟ ؟

ئەوەتا قورئان دەفـەرموێت ﴿لَّقَدۡ سَمِعَ ٱللَّهُ قَوۡلَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ فَقِيرٞ وَنَحۡنُ أَغۡنِيَآءُۘ سَنَكۡتُبُ مَا قَالُواْ وَقَتۡلَهُمُ ٱلۡأَنۢبِيَآءَ بِغَيۡرِ حَقّٖ وَنَقُولُ ذُوقُواْ عَذَابَ ٱلۡحَرِيقِ ﴿١٨١﴾ ذَٰلِكَ بِمَا قَدَّمَتۡ أَيۡدِيكُمۡ وَأَنَّ ٱللَّهَ لَيۡسَ بِظَلَّٰمٖ لِّلۡعَبِيدِ ﴿١٨٢﴾﴾ آل عمران

جارێکی تر قورئان دەفەرموێت: ﴿فَبِمَا نَقۡضِهِم مِّيثَٰقَهُمۡ وَكُفۡرِهِم بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَقَتۡلِهِمُ ٱلۡأَنۢبِيَآءَ بِغَيۡرِ حَقّٖ وَقَوۡلِهِمۡ قُلُوبُنَا غُلۡفُۢۚ بَلۡ طَبَعَ ٱللَّهُ عَلَيۡهَا بِكُفۡرِهِمۡ فَلَا يُؤۡمِنُونَ إِلَّا قَلِيلٗا ﴿١٥٥﴾ وَبِكُفۡرِهِمۡ وَقَوۡلِهِمۡ عَلَىٰ مَرۡيَمَ بُهۡتَٰنًا عَظِيمٗا ﴿١٥٦﴾﴾ النساء. واتە: بەهۆی پەیمان شکاندنیان و بێ باوەڕیان بە ئایەتەکانی خـوا و کوشتنی بەناحەقی پێغەمبەران لە لایەن جولەکەوە، ئـەو قسەیەشـیان کـە دەڵـێن: دڵـی ئێمـە داخراوە و داپۆشراوە و ئامادەنین گوێ بگرن، بەو جۆرە نیە کە ئەوانە دەیڵێن، بەڵکو خوا مۆری ناوە بەسەر دڵ و دەروونیاندا بەهۆی بێباوەڕیانەوە، جـا بۆیـە کـەمێکیان نـەبێ باوەڕنـاهێنن، (هەروەها رقی لێیانە) بەهۆی بێباوەڕیان و ئەو بوختانەگەورەیەی کە بۆ مەریەمیان هەڵبەسـت (کەتۆمەتی داوێن پیسی بوو) .

هەروەها دەیان وت: ﴿وَقَالَتِ ٱلۡيَهُودُ يَدُ ٱللَّهِ مَغۡلُولَةٌۚ غُلَّتۡ أَيۡدِيهِمۡ وَلُعِنُواْ بِمَا قَالُواْۘ بَلۡ يَدَاهُ مَبۡسُوطَتَانِ يُنفِقُ كَيۡفَ يَشَآءُۚ وَلَيَزِيدَنَّ كَثِيرٗا مِّنۡهُم مَّآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَ طُغۡيَٰنٗا وَكُفۡرٗاۚ وَأَلۡقَيۡنَا بَيۡنَهُمُ ٱلۡعَدَٰوَةَ وَٱلۡبَغۡضَآءَ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِۚ كُلَّمَآ أَوۡقَدُواْ نَارٗا لِّلۡحَرۡبِ أَطۡفَأَهَا ٱللَّهُۚ وَيَسۡعَوۡنَ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَسَادٗاۚ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُفۡسِدِينَ ﴿٦٤﴾﴾ المائدة .

واتە: ئەو جولەکە نەفام و خوانەناسانە دەیان وت: خوا دەستی بەستراوە و خێری لەدەست نابێتەوە و رەزیلە (حاشالله) !! دەك دەستیان بەستراو و بێ خێر و تووشی شەلەل بێت. دەك نەفرینیان لێبێت بۆ خۆیان وقسەیان، نەخێر وانیە، بەڵکو دوو دەستەی پڕلەبەرەکەتی پەروەردگار هەمیشە و بەردەوام کراوەیە، چۆنی بوێ و چەندی بوێت دەیبەخشێت، سوێندبێت زۆربەیان بەو قورئانەی لەلایەن خواوە بۆت نێردراوەتە خوارەوە یاخی بوون و ستەمیان زیاد دەکات، ئێمەش هەتا قیامەت رق وکینەمان لە نێوانیاندا بەرپاکردووە، هەرکاتێك دەیانەوێت جەنگ بەرپابکەن و ئاگری شەڕ هەڵگیرسێنن خوا دەیکوژێنێتەوە و نایەڵێت تەشەنە بکات، ئەوانە زۆر بەپەلە و بەگەرمی هەوڵی بڵاوبوونەوەی فەساد و تاوان دەدەن لە زەویدا، خواش ئەوانەی خۆش ناوێ کە فەساد بڵاودەکەنەوە.

جولەکە بەئەنقەست تەحریفاتیان لە تەوراتدا کردووە، قورئان دەفەرموێت: ﴿أَفَتَطْمَعُونَ أَن يُؤْمِنُوا لَكُمْ وَقَدْ كَانَ فَرِيقٌ مِّنْهُمْ يَسْمَعُونَ كَلَامَ اللَّهِ ثُمَّ يُحَرِّفُونَهُ مِن بَعْدِ مَا عَقَلُوهُ وَهُمْ يَعْلَمُونَ ﴿٧٥﴾﴾ البقرة .

واتە: بڕواداران ئایا ئێوە بەتەمان جولەکە بڕوابێنێ بەئاینەکەتان، لە کاتێکدا بێگومان دەستەیەك لەشارەزاکانیان گوفتاری خوایان دەبیست لە تەورات دا لەوەودوا دەستکاریان دەکرد، دوای ئەوەی کەتێی گەیشتبوون و دەیانزانی راستەکەی کامەیە.

جولەکە بەردەوام خیانەتیان دەکرد لەموسڵمانان ﴿...وَلَا تَزَالُ تَطَّلِعُ عَلَىٰ خَائِنَةٍ مِّنْهُمْ إِلَّا قَلِيلًا مِّنْهُمْ فَاعْفُ عَنْهُمْ ...﴿١٣﴾﴾ المائدة ، نەك هەر لەموسڵمانان بەڵکو لە هەرکوێ بوون خیانەت لەو شوێنە دەکەن و مێژوو شایەتە.

جوولەکە لەتەلمودەکەیاندا هاتووە کە (ئومیەکان) واتە غەیری یەهود گوێدرێژن و خوا دروستی کردون بۆ گەلی هەڵبژاردەی خوا (واتە جوولەکە) کەسواریان بن. .

جوولەکە و گاور لەپەڕاوی پیرۆزیاندا هەرچی ناشێ بەخواو بەپێغەمبەرانیان وتووە، تەنانەت گوایە کچەکانی (لوط) سەلامی خوای لێ بێ باوکیان سەرخۆش کردووە و. . . هتد، جا ئەدیبی ئێرلەندی بەناوبانگ بەرنادشۆ کەلەپێنج ساڵیەوە پەڕاوی خوێندۆتەوە و، لەدە ساڵی دا پەڕاوی پیرۆز و نوسینەکانی شکسپیر بوونە بەشێك لەو و، لەدوانزە ساڵی دا ئەدەبیاتی دیکنزی تەواوکردو، زمانی لاتینی و ئیغریقی و فەرەنسی دەزانی. ناوبراو کە شارەزای تەواوبوو لە پەڕاوی پیرۆزدا دەڵێت: (پەڕاوی پیرۆز لە ترسناکترین پەڕاوەکانە لەسەر رووی زەوی، بیخەنە قاسەیەکەوە و بەکلیل دایخەن، با منداڵ ومەزن دەستیان نەیگاتێ و ڕەوشتیان تێك نەدات) .

لەتەورات و ئینجیل دا هاتووە کەتەشبیهی خوا دەکات (سبحانە وتعالى) بە گیانلەبەران و باڵندە و حەشەرات و خوا لەلای ئەوان پەشیمانە لەدروستکردنی مرۆڤ و تەنانەت یەکێ لەپێغەمبەران گوایا زۆرانبازی لەگەڵ خوادا دەکات و دەیدات بەزەویدا ﴿...كَبُرَتْ كَلِمَةً تَخْرُجُ مِنْ أَفْوَاهِهِمْ إِن يَقُولُونَ إِلَّا كَذِبًا ﴿٥﴾﴾ الكهف .

ئەمە بێجگە لەوەی کە جولەکە دەڵێت عوزەیر کوڕی خوایە و لای گاورەکانیش عیسا کوڕی خوایە ﴿ وَقَالَتِ ٱلۡيَهُودُ عُزَيۡرٌ ٱبۡنُ ٱللَّهِ وَقَالَتِ ٱلنَّصَٰرَى ٱلۡمَسِيحُ ٱبۡنُ ٱللَّهِۖ ذَٰلِكَ قَوۡلُهُم بِأَفۡوَٰهِهِمۡۖ يُضَٰهِـُٔونَ قَوۡلَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِن قَبۡلُۚ قَٰتَلَهُمُ ٱللَّهُۚ أَنَّىٰ يُؤۡفَكُونَ ﴿٣٠﴾ ﴾التوبة .
﴿ وَيُنذِرَ ٱلَّذِينَ قَالُواْ ٱتَّخَذَ ٱللَّهُ وَلَدٗا ﴿٤﴾ مَّا لَهُم بِهِۦ مِنۡ عِلۡمٖ وَلَا لِأٓبَآئِهِمۡۚ كَبُرَتۡ كَلِمَةٗ تَخۡرُجُ مِنۡ أَفۡوَٰهِهِمۡۚ إِن يَقُولُونَ إِلَّا كَذِبٗا ﴿٥﴾ ﴾ الكهف.

جا کە ئەمە حەقیقەتی ئەوانە بێت و، قورئانیش بێت بەزمانێکی گوایا زبر بـەلای هەندێکـەوە قسەیان لەگەڵ بکات و بیان شوبهێنێت بەسەگ یان بەگوێدرێژێك کەبارێ کتێبـی هـەڵگرتبێ و هیچی لێ حاڵی نەبێ و پەیڕەوی نەکات ئەبێ چی تیابێ؟ ؟ قورئان دەفـەرموێت: ﴿ مَثَلُ ٱلَّذِينَ حُمِّلُواْ ٱلتَّوۡرَىٰةَ ثُمَّ لَمۡ يَحۡمِلُوهَا كَمَثَلِ ٱلۡحِمَارِ يَحۡمِلُ أَسۡفَارَۢاۚ بِئۡسَ مَثَلُ ٱلۡقَوۡمِ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِۚ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٥﴾ ﴾ الجمعة . واتە: وێنەی ئەوانەی کە تەوراتیان درا بەسەردا تـا پەیڕەوی بکەن، پاشان هەڵیان نەگرت و پەیڕەویان نەکرد، وەك گوێدرێژێك وایە کەبارە کتێبێکی هەڵگرتبێ، ئای کە چەندە ناشرینە وێنە و نموونەی ئەوانەی کە ئایەتەکانی خوایان بەدرۆ زانیـوە و بڕوایان پێ نەبوو، بێگومان خوا هیدایەتی ستەمکاران نادات.

﴿ وَٱتۡلُ عَلَيۡهِمۡ نَبَأَ ٱلَّذِيٓ ءَاتَيۡنَٰهُ ءَايَٰتِنَا فَٱنسَلَخَ مِنۡهَا فَأَتۡبَعَهُ ٱلشَّيۡطَٰنُ فَكَانَ مِنَ ٱلۡغَاوِينَ ﴿١٧٥﴾ وَلَوۡ شِئۡنَا لَرَفَعۡنَٰهُ بِهَا وَلَٰكِنَّهُۥٓ أَخۡلَدَ إِلَى ٱلۡأَرۡضِ وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُۚ فَمَثَلُهُۥ كَمَثَلِ ٱلۡكَلۡبِ إِن تَحۡمِلۡ عَلَيۡهِ يَلۡهَثۡ أَوۡ تَتۡرُكۡهُ يَلۡهَثۚ ذَّٰلِكَ مَثَلُ ٱلۡقَوۡمِ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَاۚ فَٱقۡصُصِ ٱلۡقَصَصَ لَعَلَّهُمۡ يَتَفَكَّرُونَ ﴿١٧٦﴾ ﴾ الأعراف.

واتە: ئەی محمد ﷺ هـەواڵی ئـەو کەسـەیان پـێ بڵـێ کەفەرمانـەکان و ئایەتـەکانی خۆمانمـان پێبەخشی بوو، کەچی خۆی لێ داماڵی و جێبەجێی نەکرد، ئەوسا ئیتر شەیتان شوێنی کـەوت و دایەپێش و چووە ڕیزی سەرلێشێواوانەوە، خۆ ئەگەر بمانویستایە ئـەوە بـەو ئایەتانـە بـەرزمان دەکردەوە، بەڵام ئەو خۆی چەسپاند بەزەوی یەوە و کەوتە دونیا پەرستی و شوێن ئارەزووی خۆی کەوت، جا نموونەی ئەو جۆرە کەسانە وەك نموونەی سـەگ وایـە ئەگـەر دەری بکـەیت و پیایـدا هەڵبشاخێیت هەناسە بڕکێیەتی (لەبەر ئەوەی سی یەکانی بچوکە و عـارەقیش ناکاتـەوە)، زوو

هەناسە بڕکێی پێدەکەوێ و زمان دەردێنێ) ، یاخود ئەگەر وازی لێبهێنیت ئەوە هەرهەناسە بڕکێیەتی، ئەوە نموونەی ئەو کەسانەیە کەئایەتەکانی ئێمەیان بەدرۆ زانیوە و بڕوایان پێی نەبووە، کەوابوو ئەم جۆرە بەسەرهاتانە بگێڕەرەوە بۆ ئەوەی بیربکەنەوە. (کەواتە قورئان لەهەناسەبڕکێ و ماندووبوون دا دەیانشوبهێنێ بەسەگ) .

یان قورئان لەبارەی ئەوانەی کەهەق و راستی وەرناگرن و هەق نابیستن و نابینن بەمالات وەسفیان دەکات کەتێناگەن و عەقڵ و چاووگوێ یان بۆ دۆزینەوەی هەق و راستی بەکارناهێنن ﴿أَمْ تَحْسَبُ أَنَّ أَكْثَرَهُمْ يَسْمَعُونَ أَوْ يَعْقِلُونَ ۚ إِنْ هُمْ إِلَّا كَالْأَنْعَامِ ۖ بَلْ هُمْ أَضَلُّ سَبِيلًا ﴿٤٤﴾﴾ الفرقان

کاتی خۆی کە خوای گەورە نموونەی بە مێشوولە بۆ هێنانەوە هەندێك رەخنەی ئەوەیان دەگرت چۆن دەبێت نموونە بەمێشوولە بێتەوە، لەکاتێکدا مێشوولە چەند بچوکیشە بەڵگەی دەسەڵات و قودرەتی خوایە لەبەدیهێنان دا، کە چاوی پێکهاتویەتی سەرسوڕهێنەرەو، چۆن دەتوانێت مرۆڤ لەتاریکی دا بدۆزێتەوە و چۆن پێستەکەی کون دەکات و ماددەیەکی تەخدیری دەکاتە سەر تا کەمتر هەستی پێبکات و دوایی چۆن خوێنەکە دەمژێ و بەماددەیەك نایەڵێ خوێنەکە بمەیێت و. . هتد.

کە بەڕاستی ئێستا زانایان بۆیان دەرکەوتووە کەبەدیهێنانی مێشوولە بەو هەموو وردەکاری یەیەوە بەڵگەیەکی گەورەیە لەسەر دەسەڵاتی بەدیهێنەرەکەی. قورئان دەفەرموێت:

﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يَسْتَحْيِي أَنْ يَضْرِبَ مَثَلًا مَا بَعُوضَةً فَمَا فَوْقَهَا ۚ فَأَمَّا الَّذِينَ آمَنُوا فَيَعْلَمُونَ أَنَّهُ الْحَقُّ مِنْ رَبِّهِمْ ۖ وَأَمَّا الَّذِينَ كَفَرُوا فَيَقُولُونَ مَاذَا أَرَادَ اللَّهُ بِهَٰذَا مَثَلًا ۘ يُضِلُّ بِهِ كَثِيرًا وَيَهْدِي بِهِ كَثِيرًا ۚ وَمَا يُضِلُّ بِهِ إِلَّا الْفَاسِقِينَ ﴿٢٦﴾﴾ البقرة.

واتە: بەڕاستی خوا باکی نیە و نەنگ و شەرم نیە بەلایەوە هەر نموونەیەك بهێنێتەوە بەمێشوولەیەك، لەویش بچوکتر بێت یان گەورەتر، جا ئەوانەی ئیمان و باوەڕیان هێناوە، ئەوە چاك دەزانن ئەم نموونەیە راستەو لەلایەن پەروەردگاریانەوەیە، ئەوانەش کافرو بێباوەڕن دەڵێن: خوا مەبەستی چی بوو لەم نموونەیەدا؟ (خوای گەورەش دەفەرموێت) زۆرێکی پێ گومڕادەکات و زۆرێکی تریشی پێ هیدایەت دەدات، بەڵام دیارە جگە لە یاخی و تاوانباران کەسی تر گومڕا ناکات.

## دژایەتی ئیسلام:

دوژمنانی ئیسلام دەزانن کە سەرچاوەی عیزەت و سەربەرزی موسڵمانان ئیسلامە، بۆیە جار و بار بەئاشکرا و زیاتریش بەنهێنی پیلان دائەنێن بۆ دوورخستنەوەی موسڵمانان لە ئایینەکەیان. .

کاتی خۆی لەسەرەتای سەدەی بیست دا گلادستۆن سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا وتی: تا قورئان و مەککە بمێنێ ئێمە هیچمان بۆ ناکرێت لەگەڵ موسڵماناندا. یەکێکی تر لەناحەزانی ئەم دینە وتی: ئەبێ وا لەموسڵمانان تێبگەیەنین کقورئانەکەیان شتی تازەی تیانیە وەئەگەر تیاشیا بێت راست نیە. هەرلە کۆنەوە دروست کردنی گومان و شوبهات بەکارهاتووە بۆ دژایەتی ئەم ئاینە، بۆ نموونە هەوڵێکی زۆر دراوە بۆ دۆزینەوەی نەگونجان و دژبەیەکی ئایەتەکانی قورئان، یان دژایەتیکردنی سوننەتی پێغەمبەرﷺو فەرموودەکانی بە (طعن) دان لە عەدالەتی هاوەڵانی. ئەمە بێجگە لەوەی لەم سەردەمەدا کار لەسەر ئافرەتی موسڵمان دەکرێت بۆ فڕێدانی حیجاب و شوێنکەوتنی شارستانێتی رۆژئاوا گوایە ئیسلام مافی نەداونەتێ. .

لەم سەدانەی دواییدا هێرشی خاچ پەرستان و بەگاورکردن و کاری رۆژهەلاتناسان بۆ ناشرینکردنی ئیسلام، بەدەیان موجەلەدی گەورەی دەوێت بۆ باسکردنی.

زۆر لەو رەخنە و گومانانەی بۆ ئیسلام و قورئان دروست دەکرێن کۆنن و کەسانێك دێن سەرلەنوێ فووی پیادەکەنەوەو زۆریان وەك تووتی دەیلێنەوە، ئیتر ئەگەر لەکۆن و نوێدا وەلامیش درابنەوە، ئەوەندە زەحمەتی خۆی نادات کەبگەڕێ بەدوای راستیدا، یان وەلامەکانیش دەزانێ بەلام خۆی لێگێل دەکات لەبەر مەبەستێك کەهەیەتی یان بەرژەوەندیەك کەئەیەوێ لەو رێگایەوە دەستی بکەوێت.

لەکاتێکدا ئەمڕۆ کە دونیا بچوك بۆتەوە و ئەنتەرنێت لەبەردەستایە، چەند پێگەی دژ بە ئیسلام هەیە و گومان دروست دەکەن، ئەوەندەش پێگەی ئیسلامی هەیە بەهەموو زمانێك و وەلام ئەدەنەوە، وەك پێگەی (منتديات أتباع المرسلين) کە لەوێشەوە دەیان پێگەی تر دەناسێنێ. ئەمڕۆ هەرکەس بیەوێ بەویژدانەوە بابەتەکان هەڵسەنگێنێ و عەقلی خۆی نەداتە دەست ئەم وئەو بەئاسانی دەگاتە راستیەکان، کە ئەمەش بە ئاشکرا دەیبینین، بۆ نموونە: ماندۆلینا کە

خاوەنی (مدونە) یەکی بەناوبانگە لە ئەنتەرنێت دا بەناوی (الحیاة الابدیة) و تا سەر ئێسقان مەسیحیەکی وریابوو، دیفاعی لە مەسیحیەت دەکرد، ، پاش ئەوەی گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە قورئان لە خواوەیە و دژبەیەکی تیانیە موسڵمان بوو.

هەروەها کیژی مەسیحی روبا قەعوار لە ئەمریکا کە دایك و باوك و باپیری لە خزمەتی کەنیسەدا بوون لە ئەردەن و لە زانایانی ئاینی مەسیحین، پاش لێکۆڵینەوە و دیراسەی زۆر لە ئەمریکاموسڵمان بوو. هەروەها لەم ساڵانەی دواییدا قەشە جەمال ئەرمانیۆس لە میسر موسڵمان بوو، دیارە هەوڵی زۆریدا دژبەیەکی لەقورئاندا بدۆزێتەوە بەلاّم بەدەستی بەتاڵ گەڕایەوەو ناچار چووە باوەشی ئیسلامەوە.

پڕۆفیسۆری نوژداری بەناوبانگی فەڕەنسی مۆریس بۆکای پاش ئەوەی دیراسەی قورئان و تەورات و ئینجیلی کرد زیاتر لە دە ساڵ، پەڕاوێکی لەم بارەیەوە نووسی بەناوی (القرأن والتوراة والانجیل والعلم. . . دراسة الكتب المقدسة فی ضوء المعارف الحدیثة) و موسڵمان بوو، کتێبەکەی هەرایەکی گەورەی نایەوە لە ناوەندە زانستیەکاندا و بەسەدان هەزاری لێ فرۆشراو وەرگێڕدرا بۆ زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و ئەندۆنیسی و فارسی و صربی و کرواتی و ئوردوی و ئەڵمانی و چەند زمانێکی تریش. چەندەها قەشەی ناودار پاش چەند ساڵ دیراسات کە هەوڵیان داوە دژایەتی لەقورئاندا بدۆزنەوەو دواتر کەهیچیان دەست نەکەوتووە موسڵمان بوون.






زانای فەرەنسی موریس، وینەی دوو چاپی جیاوازی کتیبە بەناوبانگەکەی

# قورئـــان دژبـــەیەکی تیـــایە؟ ؟

لە ژێر ناونیشانی (دژبەیەکەکان) ناوبراو لە لاپەڕە (٢٣) ەوە تا لاپـەڕە (٥٨) سـیانزە نموونە دێنێتەوە لە سەر دژبەیەکی کە هەمووی لەپەڕاوی (هل القـران معصـوم) وەرگـیراوە بـێ زیاد و کەم، ئنجا دەڵێت: زۆرێك لەو دووئایەتانە، ئـەو کەسـانەی هەسـتاون بەڕاڤـەی قورئـان گەڕاون بەدوای پاساودا و گوایە راستیان کردۆتەوە و ناڕێکیەکانیان شـاردۆتەوە، دیـارە بـەلای ئەمەوە پاساوە، بەلاّم ئەو کەسانە هەموو شارەزای زمانی عەرەبین و هەروا بەئاسانی نەبوون بە موفەسیری قورئان، دیارە بۆچوونەکانیان راستە جـائیتر ئـەم بـەزۆر نایـەوێ قەناعـەت بکـات شتێکی ترە. نموونەکان:

**یەکەم/** ناوبراو دەڵێت: قورئان لـەم ئایەتـەدا دەفـەرموێت: ﴿.. لَا مُبَدِّلَ لِكَلِمَـٰتِهِۦ ..﴿٢٧﴾﴾ الکهف، واتە: هیچ کەس بۆی نیە فەرموودەی خوا بگۆڕێت. .

گوایـە ئـەم ئایەتـەی تـر دژی ئەوەیـە ﴿وَإِذَا بَدَّلْنَآ ءَايَةً مَّكَانَ ءَايَةٍ ۙ وَٱللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا يُنَزِّلُ قَالُوٓاْ إِنَّمَآ أَنتَ مُفْتَرٍۭ ۚ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿١٠١﴾﴾ النحل، واتە: کاتێك ئایەتێك دەخەینـە جێگای ئایەتێکی تر، خواش خۆی دەزانێـت چـی دادەبـەزێنێت و چ فـەرمانێك دەدات، ئـەوە نەفامەکان دەڵێن : ئەی محمد بێگومان تۆ هەر لەخۆتەوە شت هەڵدەبەستیت، نەخێر وانیـە ئـەو لەخۆیەوە شت ناڵێت، بەڵکو زۆربەی ئەو نەفامانە تێناگەن ونازانن.

یاخود لەئایەتێکی تردا دەڵێـت: ﴿مَا نَنسَخْ مِنْ ءَايَةٍ أَوْ نُنسِهَا نَأْتِ بِخَيْرٍ مِّنْهَآ أَوْ مِثْلِهَآ ۗ أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿١٠٦﴾﴾ البقرة، واتە: هەر ئایەتێك بسڕینەوە یـان فەرامۆشـی بکـەین و پشتگوێی بخەین ئایەتی لەوچاکتر دەهێنین.

جا ناوبراو دەڵێت: ئەگەر بەوردی سەیری ئەو ئایەتانە بکرێت تەواو دژبەیەکن.

**وەلاّم:** لە قورئاندا هەر ئایەتێك وەرگری لە هەر سورەتێك دا ئـەبێ سـەیری ئایەتـەکانی پـێش خۆی و ئایەتەکانی دوای خۆی بکەی و هەروەها زۆرجار ئەبێ سەیری هۆکاری دابەزینی (أسباب النزول) ئایەتەکە بکەیت ئنجا مەبەستەکە دەردەکەوێت. .

ئەگەر سەیری ئایەتی یەکەم بکەین واتە کەس ناتوانێت فەرمووده و ئایەتەکانی خوا بگۆڕێت. .
کافران هاتنە لای پێغەمبەرﷺ و داوایان لێکرد کە گۆڕانکاری بکات لە ئایەتەکاندا یان قورئانێکی تر بێنێت، ئەویش فەرمووی: من تەنها شوێنکەوتەی ئەوەم کە خوا بۆی ناردووم و ناتوانم لەخۆمەوە هیچ بگۆڕم و من لە سزای پەروەردگارم دەترسم ﴿ وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ آيَاتُنَا بَيِّنَاتٍ ۙ قَالَ الَّذِينَ لَا يَرْجُونَ لِقَاءَنَا ائْتِ بِقُرْآنٍ غَيْرِ هَٰذَا أَوْ بَدِّلْهُ ۚ قُلْ مَا يَكُونُ لِي أَنْ أُبَدِّلَهُ مِن تِلْقَاءِ نَفْسِي ۖ إِنْ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَىٰ إِلَيَّ ۖ إِنِّي أَخَافُ إِنْ عَصَيْتُ رَبِّي عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ ﴿١٥﴾ ﴾ یونس .
ئەم مەسەلەیە قورئان جەخت دەکاتە سەری و دەفەرموێت ﴿ إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ ﴿٩﴾ ﴾ الحجر، خوای گەورە خۆی قورئانی ناردۆتە خوارەوە هەرخۆیشی دەیپارێزێت لە تەحریف کردن و دەستکاری کردن وگۆڕان تا وەکو تەورات و ئینجیلی لێ نەیەت، کە تەورات و ئینجیل تەنها بۆ کاتێکی دیاری کراوبوون و خوای گەورە مەبەستی نەبوو بیپارێزێت، ئەوەتا بەو دەردەچوون کە دەیبینین لێکۆڵەرانی پەڕاوی پیرۆز (الکتاب المقدس) کە دووسەد زانان لە پەیمانگای ویستار لە ئەمریکا کە سی ساڵە لێکۆڵینەوە دەکەن دەڵێن: تەنها لە٪ ١٦ ی ئینجیل راستە. (سەیری پەڕاوی پەیامێکی ئاسمانی –نووسەر) بکە.
ئایەتەکانی سورەتی نەحل دەفەرموێت: ﴿ وَإِذَا بَدَّلْنَا آيَةً مَّكَانَ آيَةٍ ۙ وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا يُنَزِّلُ قَالُوا إِنَّمَا أَنتَ مُفْتَرٍ ۚ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿١٠١﴾ ﴾ النحل ، کاتێك ئایەتێك دەخەینە جێی ئایەتێکی تر (بۆ ئەوەی پلە بە پلە شتێك حەرام بکەین، یان دیاردەیەکی نەفامی لابەرین) خوا خۆی باشتر دەزانێت چی دادەبەزێنێت و چ فەرمانێك دەدات، ئەو نەفامانە دەڵێن: ئەی محمد تۆ هەر لەخۆتەوە شت هەڵدەبەستیت، نەخێر وانیە (ئەو لەخۆیەوە شت ناڵێت) بەڵکو زۆربەی ئەو نەفامانە تێناگەن و نازانن. . ئنجا قورئان بەپێغەمبەرﷺ دەفەرموێت کەپێیان بڵێ (جوبرەئیل) لەلایەن پەروەردگارتەوە بەهەق و بەڕاستی دایبەزاندووە، بۆ ئەوەی ئەوانەی باوەڕیان هێناوە دامەزراوو پایەداریان بکات و رێنمونی و مژدەش بێت بۆ موسڵمانان.
﴿ قُلْ نَزَّلَهُ رُوحُ الْقُدُسِ مِن رَّبِّكَ بِالْحَقِّ لِيُثَبِّتَ الَّذِينَ آمَنُوا وَهُدًى وَبُشْرَىٰ لِلْمُسْلِمِينَ ﴿١٠٢﴾ ﴾ النحل ، ئنجا قورئان تۆمەتێکی تری کافران تۆمار دەکات کەدەیانووت:

ئەم قورئانە کەسێك فێری دەکات، بەمەرجێك زمانی ئەوکەسەی کەئەوان دەیڵێن و مەبەستیانە ئەعجەمی یەو عەرەب نیەو زمانی رەوان نیە، لەکاتێك دا ئەم قورئانە بەزمانی عەرەبی پاراوو روون و ئاشکرا دارێژراوە:

﴿وَلَقَدْ نَعْلَمُ أَنَّهُمْ يَقُولُونَ إِنَّمَا يُعَلِّمُهُ بَشَرٌ لِّسَانُ الَّذِي يُلْحِدُونَ إِلَيْهِ أَعْجَمِيٌّ وَهَٰذَا لِسَانٌ عَرَبِيٌّ مُّبِينٌ ﴿١٠٣﴾﴾ النحل، ئنجا قورئان دەفەرموێت: بەڕاستی ئەوانەی کە بڕوایان بە ئایەتەکانی خوا نیە، خوای گەورە هیدایەت و ڕێنماییان ناکات، بەڵکو سزای بەئێشی بۆ ئامادەکردوون. ﴿إِنَّ الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِآيَاتِ اللَّهِ لَا يَهْدِيهِمُ اللَّهُ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿١٠٤﴾﴾ النحل، ئنجا دەفەرموێت: بێگومان ئەوانە درۆ هەڵدەبەستن کە باوەڕیان بە ئایەتەکانی خوا نیە، هەر ئەوانیش درۆزنن و درۆیان کردۆتە پیشە.

﴿إِنَّمَا يَفْتَرِي الْكَذِبَ الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِآيَاتِ اللَّهِ ۖ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْكَاذِبُونَ ﴿١٠٥﴾﴾ النحل، قورئان ئاوا تۆمەتەکانیان بێ پەروا تۆماردەکاو بێباکانە وەلاْمیان دەداتەوە و لێیان بێ منەتەو دەفەرموێت : محمد درۆ ناکات و هیچی هەڵنەبەستووە، بەڵکو درۆزن و ئەوەی شت هەڵدەبەستێت کافرانن.

جا هەر لەم نامیلکەیەدا بزانە ئایا نوسەرانی (هل القرأن معصوم) و ئەم برادەرەی لای خۆشمان درۆیان کردووە یان نا کە بەڕاستی ئەوەش بەهاو قیمەتی زانستی نووسینەکانیان ناهێڵێت کە دواتر باسی دەکەین.

لەئایەتەکانی تریشدا کە بەنموونە ناوبراو هێناویەتی باسی ئەوە دەکات کە ﴿مَا نَنسَخْ مِنْ آيَةٍ أَوْ نُنسِهَا نَأْتِ بِخَيْرٍ مِّنْهَا أَوْ مِثْلِهَا ۗ أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ اللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴿١٠٦﴾﴾ البقرة: ، واتە: هەر ئایەتێك بسڕینەوە، یان بیخەینە بارودۆخی فەرامۆشیەوە چاکتر لەو، یان وێنەی ئەو دەخەینەڕوو، مەگەر نەتزانیوە کەخوا دەستەلاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

بەکورتی قورئان کار لەسەر ئەوە دەکات کە قورئان لەلایەن خواوە دابەزێنراوەو ئەویش دەیپارێزێت لەدەست دوژمنان و کەس ناتوانێت گۆڕانکاری تیابکات، بەڕاستی ئەمەش هاتۆتەدی وەك موعجیزەیەکی قورئان، ئەوە چواردە سەدەیە قورئان لەگەڵ ئەو هەموو دوژمنەی کەهەیبووە و هەیەتی کەس توانیویەتی بیگۆڕێت و وەکو کتێبە ئاسمانی یەکانی تر دەستکاری بکات؟

بەلاّم نەسخ كردنی ئایەتێك یان هەر گۆڕانكاری یەك ببێت ئەوە خوا خۆی دەیكات بە حیكمەتێك كەخۆی دەیزانێت و تەنانەت پەیوەندی بەپێغەمبەریشەوە نیە (وەك قۆناغەكانی حەرامكردنی عەرەق و شتی تر كەلێرەدا جێی باس كردنیان نیەو عیلمێكی بەرفراوانە) .

**دووەم/** لە لاپەڕە (٢٦) دا ناوبراو دەڵێت: یەكێكی تر لەو بابەتانەی كە لە قورئاندا روون نیە، كێشەی مەسیحە، ئایا مردووە؟ یاخود بەبێ مردن هەڵكێشراوە بۆ ئاسمان؟ لەسەر ئەم بابەتە دوو ئایەتی تەواو دژ بەیەك بەدی دەكرێت:

**ئایەتی یەكەم:** ﴿ وَقَوْلِهِمْ إِنَّا قَتَلْنَا الْمَسِيحَ عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ رَسُولَ اللَّهِ وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ وَلَكِن شُبِّهَ لَهُمْ وَإِنَّ الَّذِينَ اخْتَلَفُوا فِيهِ لَفِي شَكٍّ مِّنْهُ مَا لَهُم بِهِ مِنْ عِلْمٍ إِلَّا اتِّبَاعَ الظَّنِّ وَمَا قَتَلُوهُ يَقِينًا ﴿١٥٧﴾ ﴾ النساء .

واتە: دەیان وت (جولەكەكان) ئێمە مەسیحی پێغەمبەری خوامان كوشتووە بەلاّم لەڕاستیدا نەكوشتویانە و نەلەخاچیان داوە، بەڵكو لێیان گۆڕاوە و كەسێكی تریان كوشتووە لەجێگای ئەو.

**ئایەتی دووەم:** ﴿ إِذْ قَالَ اللَّهُ يَا عِيسَى إِنِّي مُتَوَفِّيكَ وَرَافِعُكَ إِلَيَّ وَمُطَهِّرُكَ مِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا وَجَاعِلُ الَّذِينَ اتَّبَعُوكَ فَوْقَ الَّذِينَ كَفَرُوا إِلَىٰ يَوْمِ الْقِيَامَةِ ثُمَّ إِلَيَّ مَرْجِعُكُمْ فَأَحْكُمُ بَيْنَكُمْ فِيمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ ﴿٥٥﴾ ﴾ آل عمران . واتە: كاتێك خوا فەرمووی ئەی عیسا من بەشێوەیەكی ئاسایی تۆ دەمرێنم پاشان تۆ پایەدارو بەرزو بڵند دەكەمەوە لای خۆم، لەدەستی ناپاكی ئەوانەی بێباوەڕن رزگارت دەكەم و پاك راتدەگرم و، بەرزی و بڵندیش دەبەخشم بەشوێنكەوتوانت بەسەر كافراندا هەتا رۆژی قیامەت، لەوەودواش گەڕانەوەتان هەر بۆلای منە و ئەوسا دادوەری و فەرمانڕەوایی دادپەروەرانە دەكەم لەنێوانتاندا لەوشتانەدا كە كێشەتان لەسەری هەبووە و راتان دەربارەی جیاوازبووە.

ناوبراو دەڵێت: لە ئایەتی یەكەمدا ئینكاری مردنی مەسیح دەكات و دەڵێت: نەمردووە لە ئایەتی دووەمدا بەڕوونی ئەوە دەبینرێت كە خودا عیسا دەمرێنێت بۆ ئەوەی رزگاری بكات لەدەستی دوژمنەكانی.

ئنجا گوایە بەلای ئەوەوە ئەمە جێگەی سەرسوڕمانە و هیچ تەفسرێكی ئیسلامی لەسەری نەوەستاوە و بەجۆرە تەئویلات كردن كەوتونەتە راڤەكردنی لاپەڕە (٢٦، ٢٧، ٢٨) (بەشێك لەو رەخنانەی كە ئاڕاستەی قورئان دەكرێن) .

**وەڵام :** لە قورئاندا وشەی یتوفی:

١- بۆ گیان کێشان و مردن بەکارهاتووە وەك ئـەم ئایەتـە ﴿ وَٱللَّهُ خَلَقَكُمۡ ثُمَّ يَتَوَفَّىٰكُمۡ ...﴿٧٠﴾ ﴾ النحل . هەروەها ﴿ وَلَٰكِنۡ أَعۡبُدُ ٱللَّهَ ٱلَّذِي يَتَوَفَّىٰكُمۡۖ ...﴿١٠٤﴾ ﴾ یـونس. ﴿ وَإِن مَّا نُرِيَنَّكَ بَعۡضَ ٱلَّذِي نَعِدُهُمۡ أَوۡ نَتَوَفَّيَنَّكَ فَإِنَّمَا عَلَيۡكَ ٱلۡبَلَٰغُ وَعَلَيۡنَا ٱلۡحِسَابُ ﴿٤٠﴾ ﴾ الرعد.

٢- وشەی (یتـوفی) بـۆ خەولێخسـتن بـەکارهاتووە، کـە لـە نوسـتنیش دا ڕۆحـی ئـادەمیزاد وەردەگیرێتەوە تا ئەوکاتەی کە خوا دەیەوێ و هوشیار دەبێتەوە و لەخەوهەڵدەسـتێ ڕۆحەکـەی پێدەدرێتەوە، وەلەقورئاندا وشەی (نوم) لەجیاتی (موت) وە (موت) لەجیاتی (نوم) بەکارهاتووە چـونکە نوسـتنیش بـەلای قورئانـەوە جۆرێکـە لـەمردن هـەروەك دەفـەرموێت :﴿ وَهُوَ ٱلَّذِي يَتَوَفَّىٰكُم بِٱلَّيۡلِ وَيَعۡلَمُ مَا جَرَحۡتُم بِٱلنَّهَارِ ثُمَّ يَبۡعَثُكُمۡ فِيهِ لِيُقۡضَىٰٓ أَجَلٞ مُّسَمّٗىۖ ...﴿٦٠﴾ ﴾ الأنعام واتە: خوا ئەو زاتەیە بەشەو خەوتان لێدەخات و دەتانمرێنێت، هەروەها دەزانێت لـە ڕۆژیشـدا چ کار و کردەوەیەك ئەنجام دەدەن، هەموو ڕۆژێك ژیانتان پێدەبەخشێت و زیندوتان دەکاتەوە تـاکو ئەجەلی دیاری کراو بۆتان، لەوەودوا گەڕانەوەتان هەر بۆلای ئەو زاتەیە، پاشان هەواڵی ئەو کار وکردەوانەتان پێڕادەگەیەنرێت کە کاتی خۆی ئەنجامتان داوە.

ئەم مەسەلەیە کە نوستن جۆرێکە لەمردن کە لـەم ئایەتـەدا هـاتووە:﴿ ٱللَّهُ يَتَوَفَّى ٱلۡأَنفُسَ حِينَ مَوۡتِهَا وَٱلَّتِي لَمۡ تَمُتۡ فِي مَنَامِهَاۖ فَيُمۡسِكُ ٱلَّتِي قَضَىٰ عَلَيۡهَا ٱلۡمَوۡتَ وَيُرۡسِلُ ٱلۡأُخۡرَىٰٓ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمًّىۚ ...﴿٤٢﴾ ﴾ الزمـر . واتـە: خـوا گیـانی بەنـدەکانی- لەوکاتـەی کـە داینـاوە بـۆ مردنیـان- وەردەگرێتەوە و لە جەستەیان جیـای دەکاتـەوە، لـەکاتی خەوتنیشـیاندا بەشـێوەیەك گیانیـان لێوەردەگرێتەوە، (کەهەست بەدەور و پشتی خۆیان ناکەن و خەو عالـەمێکی تـرە) جـا ئەگـەر گیان وەرگرتنەکە کاتی مردنی ئەو کەسە بێت، ئەوە گیانەکە ناگێڕێتەوە بۆناو لاشـەکە، بـەڵام ئەگەر گیان وەرگرتنەوەکە هی کاتی خەوبێت و ئەوکەسەش ئەجەلی مـابێتی بـۆی دەگێڕێتـەوە تائەوکات وئەجەلەی کەبۆی دیاری کراوە.

پرۆفیسۆر ئارسەر ئەلیسۆن کەدەیان ساڵ لێکۆڵینەوەی کرد لەسەر مردن و گیان دەرچوون و نوستن بەم ئایەتە لەکۆنگرەی ئیعجازی قاهیرەدا موسڵمان بوونی خۆی راگەیاندو ناوی خۆی کرد بە (عبداللە ئەلیسۆن) .



پرۆفیسۆر ارثر الیسون

جا لەمەوە تێدەگەین کەخوای گەورە دەفەرموێت ﴿ إِذْ قَالَ اللَّهُ يَا عِيسَىٰ إِنِّي مُتَوَفِّيكَ وَرَافِعُكَ إِلَيَّ ...﴿٥٥﴾ ﴾ آل عمران . ئەمە مانای وایە کاتێك خوا فەرمووی : ئەی عیسا من خەوت لێدەخەم ودەتمرێنم (بەو مردنەی کەلەخەودا مرۆڤ دەمرێت و ئاگای لەدەوروبەر نامێنێ) و بەرزت دەکەمەوە بۆ ئاسمان بەو حاڵەوە، ئێستا عیسا سەلامی خوای لێبێت وەك موعجیزەیەك لەئاسمانە، ژیانێکی تایبەت بەخۆی کەخوا دەیزانێ چۆنە و دیارە ژیانی وەك ژیانی ئێمە نیەو، پێش قیامەت دادەبەزێتەوە سەرزەوی دەجال لەناو دەبات لەئاخری زەمان داو، لەناو موسڵماناندا ئەوەندەی خوا بۆی دانابێ دەژی و پاشان بەیەکجاری وەك هەموو ئادەمیزادێکی تر خوا گیانی دەکێشێ و دەمرێت، کەئەمەش لەفەرموودەی حەزرەت داﷺ ئاماژەی پێکراوە کەدەفەرموێت: (سوێند بەخوا کوڕی مەریەم دادەبەزێت و دەبێت بەفەرمانڕەوایەکی دادپەروەر) موسلیم.

ژیاننامەی عیسا سەلامی خوای لێبێت ئەوەندەی پێویست بکات لە قورئان و فەرموودەدا باسکراوە و روون وئاشکرایە، لە دایك بوونی بە حیکمەتی خوا موعجیزە بوو، هەڵکێشانەوە و بەرزکردنەوەی بۆ ئاسمان موعجیزەیە و هاتنەوە سەرزەوی جارێکی تر هەر موعجیزەیە.

**سێیەم/** لە لاپەڕە (۲۹و۳۰) ی (بەشێك لەو ڕەخنانەی. . .) دا هاتووە کە ئایا رۆژێك لای خوا هەزار ساڵە یان پەنجا هەزار ساڵ؟ ئەو دوو رێژەیە تەواو لە یەك دوورن، لە قورئاندا بێ ئاگایانە لە دوو ئایەتدا باسکراون، تا ئێستا هەڵوێستەیەکی لەسەر نەکراوە، بپرسرێت ئایا بۆچی ئەو دوو ئایەتە و ئەو دوو رێژەیە دژی یەکن، ئایەتەکانیش:

**ئایەتی یەکەم:** ﴿ يُدَبِّرُ ٱلۡأَمۡرَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ إِلَى ٱلۡأَرۡضِ ثُمَّ يَعۡرُجُ إِلَيۡهِ فِي يَوۡمٖ كَانَ مِقۡدَارُهُۥٓ أَلۡفَ سَنَةٖ مِّمَّا تَعُدُّونَ ۝٥ ﴾ السجدة . واتە: خودا کاروباری زەوی رێك دەخات و سەرپەرشتی دەکات، لەوەودوا کاروکردەوەی بەندەکانی دەگەڕێتەوە بۆ لای ئەو لە ڕۆژێکدا کە پێوانەکەی هەزار ساڵە بەو پێوانەیەی کە ئێوە دەیکەن. ئنجا نووسەر دەڵێت: (لەو ئایەتەدا ئاماژە بەوە دەکات کە ڕۆژێك لای خوا هەزار ساڵە) . . کوا وای وتووە؟ کوا ئاماژەی وا کە ڕۆژێك لای خوا هەزار ساڵە؟ تەنها دەفەرموێت لە ڕۆژێکدا کە پێوانەکەی هەزار ساڵە کار وکردەوەی بەندەکان دەگەڕێتەوە بۆلای بەو پێوانەیەی کە ئێوە دەیکەن﴿ مِّمَّا تَعُدُّونَ ﴾.

**ئایەتی دووەم:** ﴿ تَعۡرُجُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ وَٱلرُّوحُ إِلَيۡهِ فِي يَوۡمٖ كَانَ مِقۡدَارُهُۥ خَمۡسِينَ أَلۡفَ سَنَةٖ ۝٤ ﴾ المعارج. واتە: فریشتەکان و جوبرائیل بەرزدەبنەوە بۆلای خوا، لە ڕۆژێکدا کە ماوەکەی پەنجا هەزار ساڵە، (مەبەست لە ڕۆژی قیامەتە کە ڕۆژێکی پەنجا هەزار ساڵی دونیایە) . ئاشکرایە کە ئەو دوو ئایەتە باس لە دوو حاڵەتی جیاواز و دوو رۆژی جیاواز دەکەن کە زانستەکەی لای خوایە و خۆی باشتر دەزانێت و هەرئەوەندەی بۆ ئێمە ئاشکرا کردووە.

**یەکەم:** کار وکردەوەی بەندەکان دەگەڕێتەوە بۆلای لە ڕۆژێکدا کە بە هێندەی هەزار ساڵە کە مرۆڤ حسابی دەکات و دەیزانێ و پێوانەی دەکات.

**دووەم:** رۆژی دووەمیان کە فریشتەکان و جوبرائیل بەرزدەبنەوە بۆلای خوا کە ماوەکەی پەنجا هەزار ساڵە، ئیتر نافەرموێت﴿ مِّمَّا تَعُدُّونَ ﴾ ئەوەی کە ئێوە پێوانەی دەکەن و دەیزانن و

حسابی دەکەن، ئنجا ئەو پەنجا هەزار ساڵە درێژی ڕۆژی قیامەتە، پەیوەندی بە ئایەتی یەکەمەوە نیە و دوو ڕۆژی جیاوازن.

ئنجا ئەگەر ئەمە لە خواوە نەبێ ئەوەی مرۆڤ تا ئەم سەدانەی دوایی دەیزانی تەنها ئەوەبوو کە ڕۆژێك بیست وچوار سەعاتەو هەر ئەم ڕۆژە هەیە، کەچی کە زانست بەرە و پێش چوو باس لە ڕۆژی تر دەکەن لە ئەستێرەکانی تردا، یان لە قوتبەکان دا کە شەش مانگ شەوە و شەش مانگ ڕۆژە، یان بوونی دووری نێوان ئەستێرەکان لە ئاسماندا کە بە ساڵی ڕووناکی لەبەر زۆریەکەی پێوانە دەکرێت، ئەم شتانە هەمووی تازەن و مرۆڤی ئەم سەردەمە تێی دەگەن، من دەڵێم بە ڕاستی موعجیزەیەکی گەورەیە کە بەخەیاڵی کەس دا نەهاتووە تا ئەم سەدانەی دوایی کە ڕۆژێك هەبێ درێژیەکەی بەوجۆرەبێت.

بۆ ئەوەش کە ئەو ڕۆژەی قیامەت پەنجا هەزار ساڵە بەڵگەیەکمان هەیە لە فەرموودە کە ئیمام موسلیم لە بەشی زەکات دا ریوایەتی کردووە کە دەفەرمویێت (مامن صاحب ذهب ولافضة، لايؤدى منها حقها، الا كان يوم القيامة صفحت له صفائح من نار، فأحمى عليها فى نار جهنم، فيكوى بها جنبه و جبينه و ظهره، كلما بردت أعيدت له، فى يوم كان مقداره خمسين ألف سنة حتى يقضى بين العباد، فيرى سبيله: اما الى الجنة و اما الى النار) .

ئیتر وابزانم ئەمە وەڵامێکە بۆ ئەوانە کە دەڵێن موفەسیرەکان بە ئارەزووی خۆیان تەئویلات دەکەن، نەخێر ئەوەتا حەزرەتﷺ هەر ئەوسا ئاماژەی بۆ ئەوە فەرمووە کە ڕۆژی قیامەت پەنجا هەزار ساڵە.

**چوارەم/** ناوبراو دەڵێت: مەسیحیەکان و جولەکەکان، دوای هاتنی ئیسلام کردەوەی چاکەیان لێوەردەگرێت یان نا؟

لە ئایەتێکدا گوایە باس لەوە دەکات کە جولەکە و مەسیحیەکان ئەگەر بڕوایان بەخوا و ڕۆژی دوایی هەبێت ئەوا کردەوەی چاکەیان لێوەردەگیرێت ﴿ **إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱلَّذِينَ هَادُواْ وَٱلصَّٰبِـُٔونَ وَٱلنَّصَٰرَىٰ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ وَعَمِلَ صَٰلِحًا فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٦٩﴾** ﴾ المائدة.

کەچی لە ئایەتێکی تردا، هەر کەس جگە لە ئیسلام دینێکی تر وەربگرێت ئەوا لە قیامەتدا زەرەرمەند دەبێت و هیچی لێ وەرناگیرێت ﴿ **وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ ٱلْإِسْلَٰمِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِى ٱلْءَاخِرَةِ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٨٥﴾** ﴾ آل عمران . ئەو ئایەتانەی کە بەلای ئەوانەوە جێی گومانە

تەفسیرەکەی ئاوەهایە:﴿ **وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ** ﴾ مەبست ئوممەتی **محمده**ﷺ (الذین) (اسم ان) ەیە، وەخەبەری (ان) ە حەزف کراوە کە تەقدیرەکەی (**ان المؤمنین فائزون مخلدون فی الجنة**) .

﴿ **وَٱلَّذِينَ هَادُواْ** ﴾ واوەکەی (حرف استئناف) ەو بە دوایدا رستەیەکی (استئناف) ی تازەدێت، ﴿ **وَٱلَّذِينَ هَادُواْ** ﴾ (مبتدأ مرفوع) ە، ﴿ **وَٱلصَّٰبِـُٔونَ** ﴾ (معطوفة لەسەر مبتدأ) ەکە، ﴿ **وَٱلنَّصَٰرَىٰ** ﴾ (معطوف علیه) یەو مرفوع ە، ﴿ **مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ** ﴾ خەبەرە، کەواتە دوو ڕستەی سەربەخۆ هەیە لە ئایەتەکەدا.

**یەکەم**:﴿ **إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ** ﴾ کە براو و هەتاهەتایین لەبەهەشت دا.

**دووەم**:﴿ **وَٱلَّذِينَ هَادُواْ وَٱلصَّٰبِـُٔونَ وَٱلنَّصَٰرَىٰ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ** . . . ﴾ ، کەواتە جولەکەو سابیئەو گاورەکان ئەگەر ئیمان بەخواو بەڕۆژی دوایی بهێنن، کام ئیمان؟ لەکوێوە وەری گرن؟ دیارە ئەبێ ئیمانیان بەمەلائیکەت و بەکتێبە ئاسمانیەکان و هەموو پێغەمبەران و قەدەری خێرو شەڕیش هەبێت، چونکە ئیمان بەش بەش ناکرێت، واتە یەکێك کەئیمانی بەخوا هەبوو، خواش مەلائیکەتی هەبێ و پەڕاوی ئاسمانی ناردبێ و قەزاو قەدەر لەوەوەبێ مەعقولە بڕوای پێنەهێنێ؟ !

ئەگەر لەقورئاندا سەرنج بدەین لەجیاتی باسی هەموو بەشەکانی ئیمان بکات لەبەر کورتبڕی تەنها ئەودوانەیان باس دەکات ئەمەش لەچەند شوێنێکی تری قورئاندا هاتووە:

* ﴿ **وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِـۧمُ رَبِّ ٱجْعَلْ هَٰذَا بَلَدًا ءَامِنًا وَٱرْزُقْ أَهْلَهُۥ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ مَنْ ءَامَنَ مِنْهُم بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ** ...﴿١٢٦﴾ ﴾ البقرة

* ﴿ ... **ذَٰلِكَ يُوعَظُ بِهِۦ مَن كَانَ مِنكُمْ يُؤْمِنُ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ** ...﴿٢٣٢﴾ ﴾ البقرة .

* ﴿ ... **كَٱلَّذِى يُنفِقُ مَالَهُۥ رِئَآءَ ٱلنَّاسِ وَلَا يُؤْمِنُ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ** ...﴿٢٦٤﴾ ﴾ البقرة .

* ﴿ **لَيْسُواْ سَوَآءً مِّنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ أُمَّةٌ قَآئِمَةٌ يَتْلُونَ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ ءَانَآءَ ٱلَّيْلِ وَهُمْ يَسْجُدُونَ ﴿١١٣﴾ يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ وَيَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ وَيُسَٰرِعُونَ فِى ٱلْخَيْرَٰتِ وَأُوْلَٰٓئِكَ مِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ** ﴿١١٤﴾ ﴾ آل عمران .

واتە: لەئەهلی کیتاب کەسانێك هەن کە ئایەتەکانی خوا دەخوێنینەوە بەشەو و سوجدە دەبەن، ئیمانیان بەخوا و بەڕۆژی دواییە و فەرمان بە چاکە و جڵە وگیری لە خراپە دەکەن و دەست و بردو پێشبڕکێ دەکەن لە چاکەدا ئەوانە لە ساڵحانن. (دیارە ئەمانە ئەوانەن کە موسڵمان بوون، مەبەست ئەوەیە کە دەڵێ ئیمان بەخوا و بەڕۆژی دوایی ئەو ئیمانەیە کەقورئان داوای دەکات واتە موسڵمان بن) .

* ﴿ وَمَاذَا عَلَيْهِمْ لَوْ ءَامَنُوا۟ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ وَأَنفَقُوا۟ مِمَّا رَزَقَهُمُ ٱللَّهُ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ بِهِمْ عَلِيمًا ﴿٣٩﴾ ﴾ النساء ، واتە چی ئەبوو ئەگەر موسڵمان بن و ببەخشن لە ڕێی خوادا. ئەم بنەمایە لە هەموو قورئاندا هەروایە کە دەفەرموێت ئیمان بەخودا و بە ڕۆژی دوایی واتە ئیمان بە هەموو بەشەکانی تریش واتە موسڵمان بوون، هەروەها لە سورەتی (البقرة) دا بە ئاشکرا باسی ئەوە دەکا و تەواو روون وئاشکرایە کە دەفەرموێت: ﴿ قُولُوٓا۟ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْنَا وَمَآ أُنزِلَ إِلَىٰٓ إِبْرَٰهِـۧمَ وَإِسْمَـٰعِيلَ وَإِسْحَـٰقَ وَيَعْقُوبَ وَٱلْأَسْبَاطِ وَمَآ أُوتِىَ مُوسَىٰ وَعِيسَىٰ وَمَآ أُوتِىَ ٱلنَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمْ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّنْهُمْ وَنَحْنُ لَهُۥ مُسْلِمُونَ ﴿١٣٦﴾ ﴾ البقرة .

لە پانزە جێگا زیاتر لە قورئاندا مەبەست لە ئیمان بەخوا و بە ڕۆژی دوایی بڕواداری و موسڵمان بوونە، نەك ئەوەی کە گاور و جولەکەبێ و بڵێ من ئیمانم بەخوا و بە ڕۆژی دوایی هەیە و ئیتر لێی وەرگیرێ بەبێ ئەوەی ئیمانی تەواوی هەبێ بە گشت پێغەمبەران و مەلائیکەتان و پەڕاوەکان و قەزاو قەدەری خوا. . جا کە ئەمە قاعیدەبێت لە قورئاندا موفەسیرین بڵێین چی؟ ئەو موفەسیرانە لە خۆیانەوە قسەناکەن و هیچ پێویستیشی نەکردووە کەم وکورتی قورئان (کە حاشا کەم وکورتی و دژبەیەکی تیابێ) داپۆشن وەك ئەوانە ئیدیعای دەکەن.

**پێنجەم**/لێبوردەیی‌و دڵسافی، رق گرتنە دڵ و لێ نەبوردن: (ل٣٣-٣٤ ی بەشێك لەو رەخنانە).

ناوبراو دەڵێت: لە ئایەتێکدا خوا رووەدەکاتە محمد و فەرمانی پێدەکات کە لێبوردەبێت لەگەڵ نەفامەکاندا و دڵی ساف بێت﴿ ...فَٱصْفَحِ ٱلصَّفْحَ ٱلْجَمِيلَ ﴿٨٥﴾ ﴾ الحجر، کەچی لە ئایەتێکی تردا هەمان قسەی خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە و بیری لێبوردەیی نامێنێ، فەرمان دەکات توند و تیژبن ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِىُّ جَـٰهِدِ ٱلْكُفَّارَ وَٱلْمُنَـٰفِقِينَ وَٱغْلُظْ عَلَيْهِمْ ۚ وَمَأْوَىٰهُمْ جَهَنَّمُ ۖ وَبِئْسَ ٱلْمَصِيرُ ﴿٧٣﴾ ﴾ التوبة .

**وەلاّم**، لەبەرئەوەی زۆرکردن و سەپاندنی بیروباوەڕ نیە لە ئیسلام دا، تەنانەت تا ئێستاش گاور و جولەکە و ئاینەکانیتر ماون لەناو دەوڵەتی ئیسلامیدا، کە هەر لە کۆنەوە هەق و مافی خۆیان هەبووە، تەنانەت خواردنی ئەهلی کیتاب حەلاڵە بۆمان و پاشان موسڵمان دەتوانێت هاوسەرێك بخوازێت کە ئەهلی کیتاب بێت، ئنجا لەو کاتەدا خەزور وخەسووی دیارە ئەهلی کیتاب دەبێ و کەس وکاری ژنەکەی هەمووی بەو چەشنە دەبن ئەمە ئاسایی یەو، ئەوانەی کە ئەهلی کیتابن و دژایەتی ئیسلام ناکەن، نەرم و نیانی و مامەڵەی جوان داواکراوە بەرامبەریان، بەلاّم ئەوانەی دەجەنگن دژی موسڵمانان لە ئەهلی کیتاب و پیلان دەگێڕن و دەیانەوێت موسڵمانان لە دین وەرگێڕن دیارە ئەوە جیهاد دەکرێت بەرامبەریان.

**شەشەم/** خودا فەرمان دەکات بەکردەوەی خراپی بەندەکان یاخود فەرمان ناکات؟ ناوبراو دەڵێت: فەرمان کردن بە خراپە یاخود ئەمرنەکردن بە خراپەی بەندەکان، یەکێکی ترە لەو بابەتانەی کە قورئان تیایدا کەوتۆتە تەمومژ و نەیتوانیوە خۆی یەکلایی بکاتەوە بۆ نموونە:

**یەکەم:** ﴿ وَإِذَا فَعَلُوا۟ فَٰحِشَةً قَالُوا۟ وَجَدْنَا عَلَيْهَآ ءَابَآءَنَا وَٱللَّهُ أَمَرَنَا بِهَا ۗ قُلْ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَأْمُرُ بِٱلْفَحْشَآءِ ۖ أَتَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٢٨﴾ ﴾ الأعراف .

واتە: کاتێك بێباوەڕان تاوانێك ئەنجام بدەن، دەڵێن باو و باپیرانیشمان دیوە ئەم کارەیان کردووە، خوای گەورە خۆی فەرمانی پێداوین بیکەین، بڵێ: نەخێر خودا فەرمان بە گوناهو تاوان و کاری نابەجێ نادات، چۆن دەتوانن شتێکی وا بۆ خوا دروست بکەن؟

**دووەم:** ﴿ وَإِذَآ أَرَدْنَآ أَن نُّهْلِكَ قَرْيَةً أَمَرْنَا مُتْرَفِيهَا فَفَسَقُوا۟ فِيهَا فَحَقَّ عَلَيْهَا ٱلْقَوْلُ فَدَمَّرْنَٰهَا تَدْمِيرًا ﴿١٦﴾ ﴾ الإسراء .

واتە: کاتێك بمانەوێ ناوچەیەك لەناوبەرین، فەرمانیان پێ دەکەین بەوەی خراپەکاری بکەن، تا لە ڕێ دەردەچن، پاشان ئێمەش کاولی دەکەین بەسەر یەکدا.

**وەلاّم** : ئاشکرایە لە قورئاندا کورت بڕی و (حذف) کردن هەیە، ئەمەش شێوازێکە لە شێوازی داڕشتن و ڕەوانبێژی قورئان، جا کە قورئان دەفەرموێت: ﴿ وَإِذَآ أَرَدْنَآ أَن نُّهْلِكَ قَرْيَةً أَمَرْنَا مُتْرَفِيهَا ... ﴿١٦﴾ ﴾ الإسراء، ئەوە کورتبڕی تیایە، واتاکەی ئاوایە: فەرمان دەدەین بە خاوەن نیعمەت و

دەستەلاّتدارەکان بە چاکەو بەزیادەڕەوی نەکردن (دیارە خوا فەرمان نادات بە شتی خراپ) ، جا ئەوان کە زۆربەیان پارە و سامان و دەسەلاّت لەڕێ لایان دەدات دیارە گوێ بۆ بەرنامەی خوا ناگرن و لەڕێی راست لائەدەن، ئەوکاتە پێویست دەبێت بەتەواوی وێرانی بکەین.

رەنگە بلّێ ی باشە بۆ کورتی کردۆتەوە لێرەدا، ئاخر ئەوە شتێکی بەلّگە نەویستە کە خوا فەرمان بە خراپە نادات، وەپاشان چەند ئایەتێك ئەو راستیانەشیان باسکردووە جا بۆ زیاتر شارەزابوون لە کورتبڕی قورئان لەپەڕاوی (رامان لەقورئان) دا لاپەڕە (٦٤) پانزە نموونەم باسکردووە لەسەر لابردنی (اسم المضاف) ، لابردنی (مضاف الیه) ، لابردنی (اسم الموصول) ، لابردنی (الموصوف) ، لابردنی (المعطوف علیه) ، لابردنی (المبتدأ) ، لابردنی (لاالنافیه) ، لابردنی (لام الطلب) ، لابردنی (جملة القسم) ، لابردنی (جواب القسم) ، لابردنی (جواب الشرط) ، لابردنی (جملة الشرط) .

لێرەدا تەنها دوو نموونە باس دەکەم کە قورئان چۆن زیاتر لە ڕستەیەك لادەبات و خوێنەر لەگەلّ ئەوەشدا کە کورت کراوەتەوە تێی دەگات، کە دەفەرموێت: ﴿فَقُلْنَا اضْرِبُوهُ بِبَعْضِهَا ۚ كَذَٰلِكَ يُحْيِي اللَّهُ الْمَوْتَىٰ وَيُرِيكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴿٧٣﴾﴾ البقرة .

بە بێ کورت کردنەوە ئاوا دەردەچێت: (فقلنا أضربوا القتیل ببعض البقرة، فضربوه ببعضها فصار القتیل حیا، كذلك یحیی الله الموتی ویریكم ایاته لعلكم تعقلون) .

یان کە دەفەرموێت: ﴿وَقَالُوا كُونُوا هُودًا أَوْ نَصَارَىٰ تَهْتَدُوا ۗ قُلْ بَلْ مِلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا ۖ وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ ﴿١٣٥﴾﴾ البقرة .

ئەم ئایەتە ئەگەر کورت نەکرایەتەوە ئاوا دەبوو: (قال الیهود كونوا علی ملتنا یهود تهتدوا، وقال النصاری كونوا نصاری تهتدوا، قل بل نتبع ملة ابراهیم حنیفا وماكان من المشركین) .

ئایەتەکە کورت کردنەوەی تیایە و قسەی گاور و جولەکەکانی کردووە بەیەك ئەمەش رەوانبێژی یە، کە دەلّێن: بن بەگاور یان بە جوولەکە رێی راست دەگرن و رێنمایی دەکرێن، دەی وەك ئاشکرایە گاور نایەوێ کەس ببێ بە جوولەکە و بەڕاستیان نازانێ، جوولەکەش بەهەمان شێوە دوژمنی قەستەسەری گاورە، ئیتر چۆن دەلّێ بن بە گاور، کەواتە هەریەکەیان خۆیان بەڕاست دەزانن و ئەوەی لە خۆیان نەبێت بە هیچی نازانن، ئەمە لەسیاقی ئایەتەکەوە کەسێ لە جولەکە

و گاور تۆزێ شارەزابێت بە ئاسانی تێی دەگات، ئیتر کەسێ لە عەرەبیدا کۆڵە و لە ئـەدەبیاتی عەرەبیدا شارەزایی نیە و لە ئاوی لیێڵدا راودەکات ئەوە شتێکی ترە.

**حەوتەم/** ناوبراو دەڵێت : شاری مەککە لە کاتێکدا دەقی قورئانی تورەیە سوێندی پێنـاخوات و دەڵێـت ﴿لَآ أُقۡسِمُ بِهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ ۝١﴾ البلـد ، کەچـی پـاش سـەردەمێك پەشـیمان دەبێتـەوە و سوێندی پێدەخوات﴿وَهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ ٱلۡأَمِينِ ۝٣﴾ التین .

ئەمەش وەلامەکەی دیارە کەسێك شارەزایی لە زمانی عەرەبیدا هەبێت ناکەوێتە هەڵـەی واوە، چونکە ئەوەی سورەتی بەلەدیش هەرسوێندە، مامۆستا شێخ محمدی خاڵ لە تەفسـیری سـورەتی حاقەدا دەفەرموێت :

باوبووە لە ناو عەرەبدا، ئەگەر جارێك یەکێك بیویستایە سوێند بخوات لەسەر شـتێکی ئاشـکرا کە پێویست نەبووایە بەسوێند، ئەی وت (لاأقسم) سوێند نـاخۆم کەئـەم شـتە وایـە، هەنـدێك دەڵێن ئەم (لا أقسم) ە بەکارئەهێنرێ بۆ گەورەیی سوێند پێخوراوەکـە، هـەروەك سـوێند خـۆر بڵێ: من ئەم شـتە بەسـوێند پێخـواردنی گـەورە ناکـەم، چـونکە لـەخۆیا گەورەیـە، هـەروەك دەفـەرموێت ﴿فَلَآ أُقۡسِمُ بِمَوَٰقِعِ ٱلنُّجُومِ ۝٧٥ وَإِنَّهُۥ لَقَسَمٞ لَّوۡ تَعۡلَمُونَ عَظِيمٌ ۝٧٦﴾ الواقعـة. هەروەها لە سورەتی حاقـەدا دەفـەرموێت: ﴿فَلَآ أُقۡسِمُ بِمَا تُبۡصِرُونَ ۝٣٨ وَمَا لَا تُبۡصِرُونَ ۝٣٩﴾ الحاقـة. جائەمەش کە دەفەرموێت: ﴿لَآ أُقۡسِمُ بِهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ ۝١﴾ البلد ، لە مانادا هەر سوێند خواردنە.

عەللامە محمد علی الصابونی لە صفوە التفاسیردا لە سورەتی حاقەدا لە تەفسیری ﴿فَلَآ أُقۡسِمُ بِمَا تُبۡصِرُونَ ۝٣٨ وَمَا لَا تُبۡصِرُونَ ۝٣٩﴾ الحاقة، ﴿إِنَّهُۥ لَقَوۡلُ رَسُولٖ كَرِيمٖ ۝١٩﴾ التکویردا دەڵێت:﴿فَلَآ أُقۡسِمُ﴾ بۆ جەخت کردنە سەر سوێندەکەیە و (نافیە) نیـە بـەدەلیلی ئـەوەی جـوابی سـوێندەکە هەیـە کەئەویش ﴿إِنَّهُۥ لَقَوۡلُ رَسُولٖ كَرِيمٖ﴾.

ئنجا سەیری ئایەتەکان بکە: سوێند بێت بەوشتانەی کـە دەیبیـنن و بـەوەی کـە نـایبینن لـەم بونەوەرەدا، بەراستی ئەم قورئانە فەرموودەی خوایە و (محمد) پێغەمبەر لە خواوە وەری گرتـووە و بەخەڵکی رادەگەیەنێت، ﴿وَمَا هُوَ بِقَوۡلِ شَاعِرٖۚ قَلِيلٗا مَّا تُؤۡمِنُونَ ۝٤١﴾ الحاقـة، قورئـان شـیعر نیـە و

شاعیرێك وتبێتی، کەچی کەم باوەڕدێنن، ﴿وَلَا بِقَوْلِ كَاهِنٍۚ قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ ﴿٤٢﴾ تَنزِيلٌ مِّن رَّبِّ ٱلْعَالَمِينَ ﴿٤٣﴾﴾ الحاقة. وەئەم قورئانە قسەی کاهین و جادوگەر نیە بۆ پەند وەرناگرن، ئەم قورئانە لە پەروەردگاری جیهانەوە دابەزێنراوەتە خوارەوە.

**هەشتەم/** قەدەغەکردنی هەواو ئارەزو و ڕێگەپێدانی: ناوبراو دەڵێت: لە ئایەتێکدا خودای محمد باس لەوە دەکات ئەگەر دەتەوێت بەهەشتت دەست کەوێت ئەوا خۆت لە ئارەزووەکانت بگرەرەوە: ﴿وَأَمَّا مَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِۦ وَنَهَى ٱلنَّفْسَ عَنِ ٱلْهَوَىٰ ﴿٤٠﴾ فَإِنَّ ٱلْجَنَّةَ هِىَ ٱلْمَأْوَىٰ ﴿٤١﴾﴾ النازعات.

لە هەمان کاتدا بەهانەی حەلاڵ بوون گوایە گەلێك ئارەزووبازی حەلاڵ دەکرێت بۆ محمد: ﴿وَٱلْمُحْصَنَٰتُ مِنَ ٱلنِّسَآءِ إِلَّا مَا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُكُمْۖ كِتَٰبَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْۚ وَأُحِلَّ لَكُم مَّا وَرَآءَ ذَٰلِكُمْ أَن تَبْتَغُوا۟ بِأَمْوَٰلِكُم مُّحْصِنِينَ غَيْرَ مُسَٰفِحِينَۚ فَمَا ٱسْتَمْتَعْتُم بِهِۦ مِنْهُنَّ فَـَٔاتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ فَرِيضَةًۚ وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا تَرَٰضَيْتُم بِهِۦ مِنۢ بَعْدِ ٱلْفَرِيضَةِۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا ﴿٢٤﴾﴾ النساء ، واتە: حەرامە لێتان ئەو ئافرەتانەی کە مێردیان هەیە، جگە لە کەنیزەکەکانتان، خوا بڕیاری داوە لەسەرتان، جگە لەوانەی کەباس کراون، حەلاڵە بۆتان بەهۆی ماڵ و دارایتانەوە هاوسەربگرن، تا چوار ئافرەت، هەتا داوێن پاك بن و لە سنووری ڕەوشتی بەرز دەرنەچن.

ناوبراو دەڵێت: ئەگەر لەم ئایەتە سەرنج بدەیت، باس لەو ئافرەتانە دەکات کە هاوسەریان هەیە و دەڵێت: حەرامن بۆتان، بەلاّم ئەو ئافرەتانەی کە دەبنەکەنیزەکی موسڵمانەکان ئەگەر مێردیشیان هەبێ حەلاڵن، بەڕاستی ئەمە ئەوپەڕی ئارەزووبازی و ڕادەی نا ئینسانی یە، کە دەتوانن لەسەرو چوار ژنەکەیانەوە پەنا بەرنە بەر کارەکەر و کەنیزەکەکانیان.

هەر لەسەر هەمان بابەت ئایەتێکی تر دەڵێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِىُّ إِنَّآ أَحْلَلْنَا لَكَ أَزْوَٰجَكَ ٱلَّٰتِىٓ ءَاتَيْتَ أُجُورَهُنَّ وَمَا مَلَكَتْ يَمِينُكَ مِمَّآ أَفَآءَ ٱللَّهُ عَلَيْكَ وَبَنَاتِ عَمِّكَ وَبَنَاتِ عَمَّٰتِكَ وَبَنَاتِ خَالِكَ وَبَنَاتِ خَٰلَٰتِكَ ٱلَّٰتِى هَاجَرْنَ مَعَكَ وَٱمْرَأَةً مُّؤْمِنَةً إِن وَهَبَتْ نَفْسَهَا لِلنَّبِىِّ إِنْ أَرَادَ ٱلنَّبِىُّ أَن يَسْتَنكِحَهَا خَالِصَةً لَّكَ مِن دُونِ ٱلْمُؤْمِنِينَۗ قَدْ عَلِمْنَا مَا فَرَضْنَا عَلَيْهِمْ فِىٓ أَزْوَٰجِهِمْ وَمَا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُهُمْ لِكَيْلَا يَكُونَ عَلَيْكَ حَرَجٌۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿٥٠﴾﴾ الأحزاب .

واتە: ئەی پێغەمبەر ئێمە بێگومـان ئـەو هاوسـەرانەتمان بـۆ حـەلاڵ کـردووی، کـە مارەییت پێبەخشیون، ئەو ئافرەتانەش کـەنیزەکی تـۆن و لـە جەنگـدا بـەدیل گـیراون، هـەروەها هـەر ئافرەتێکی بڕوادار کە ویستی خۆی پێشکەشی تۆ بکات و پێغەمبەریش ویستی مارەی بکات، کەئەمەیان تایبەتە بە تۆی پێغەمبەر نەك ئیمانداران، بەڕاستی ئێمە ڕێوشوێنمان بۆ ئیمانداران روونکردۆتەوە، بەرامبەر بە هاوسەران و کەنیزەکەکانیان، ئەم روونکردنەوەیە بـۆ ئەوەیـە هـیچ دڵتەنگی و غەمباری یەك دات نەگرێت و وابزانیت کە تۆ لەسنوور دەرچـوویت، هەمیشـە خـوا لێخۆش بوو میهرەبانە.

**وەلاّم** : ئەوەی دیراسەی ژیانی پێغەمبەرﷺ بکات و بەویژدانـەوە سـەیر بکـات دەبینـێ کـە وانیە، حـەزرەتﷺ قۆنـاغی لاوێتـی بـەداوێن پـاکی و دەسـتپاکی و راسـتگۆیی تـەواوکرد لەکاتێکدا کە ئەو لە هەرەتی لاوێتیدا بوو، لە مەککەدا ماڵ هەبوو ئالاّی هەڵـدابوو بەئاشـکرا خەڵکانێك دەچوون و زینایان تیادەکرد، ئەگەر بە ئاستەم لادانێکی رەوشتی هەبوایـە نـەیارانی پێیان دەوتەوە و ئەیان دایەوە بەناوچاویا.

لە تەمەنی بیست وپێنج ساڵیدا خەدیجەی بێوەژنی بازرگانی هێنا کە دووشووی کردبوو پێشتر و ئافرەتێکی ناوداربوو، زۆرکەس چووبوونە داوای شووی بە هیچیان نەکرد بە (محمد) نەبێت، پاش ئەوەی کە ناردی بۆ بازرگانی و غولاّمەکـەی خـۆی (مەیسـەرە) ی لەگەڵـدا نـارد، مەیسـەرە ئەوەندە وەسفی چاکەی ئەو زاتەی بۆ کرد کە ئەوەندەی تـر لای خەدیجـە گـەورەتر بـوو، کـورد واتەنی سەفەر و معامەلە سەنگی مەحەکە.

حەزرەتﷺو خەدیجە تاڵ وسوێری دنیایان چەشت و حەزرەت تـا تەمـەنی نزیکـەی پەنجاسـاڵی لەگەڵیدا مایەوە و لە ساڵی خەم دا خەدیجە وەفاتی کـرد. حـەزرەتﷺ چـەند منـاڵێکی لێـی هەبوو، ئافرەتێکی خزمیان (خەولەی کچی حەکیم) پێی وت بۆ ژن ناهێنیتەوە، منداڵەکانت کێ سەرپەرشتیان بکات؟ فەرمووی: جا ئافرەت هەیە دوای خەدیجە؟.

خۆشەویستی حەزرەتﷺ بۆ خەدیجە لە مێژوودا کـەم وێنەیـە، ئنجـا داوای (سـەودەی کچـی زەمعەی) کرد کە ئافرەتێکی بێوەژن بوو وە لە تەمەن دا بـوو تـا سـەرەوکاری منـاڵـەکانی بـۆ بکات و بێ دایکیان پێوە دیار نەبێت، پاشان داوای عائیشەی کرد کە دووجار لەخەودا ڕێنمایی

کرا و عائیشەی پیشان دراو پێی وترا کە دەبێتە هاوسەری، عائیشـەی لەسـاڵی دووی کۆچـیدا گواستەوە کە تەمەنی پەنجاوپێنج ساڵ بوو.

ئنجا لە پەنجاو پێنج ساڵیەوە بۆ شەست ساڵی چەند ژنێکی تری هێنـا کـە هـەموویان بێـوەژن بوون و هەریەکەشیان لەبەر هۆیەکی زۆر گرنگ کە لەبەرژەوەندی بانگەوازدا بووە هێناونی، ئەو زاتە پایە بەرزە لە ساڵی دووی کۆچیەوە تاوەفاتی کـرد لـە شەسـت وسـێ سـاڵی دا سـەرقاڵی جەنگێکی زۆر و دامەزراندنی دەوڵەتێکی گەورە بوو، تەنانەت کە (أم سلمە) مێردەکەی مرد و حەزرەتﷺ دوای ماوەیەك داوای کرد، ئوم سەلەمە وتی: ئەی پێغەمەری خوا من ئـافرەتێکی بەساڵاچووم و دایکی هەتیووم و غیرەم زۆرە، حەزرەتﷺ فەرمووی: ئەوە رێگر نیە، غیرەکـەت خوا نایهێڵێ و تەمەنەکەشت من لەتۆ پیرترم و هەتیوەکانیشت لەسەر خوا و پێغەمبـەری خـوا کە هاوکاریان بکەن.

جا ئەم ئافرەتە لەبەنی مەخزوم بوو کە ئـاڵای دژایـەتی پێغەمبـەری هـەڵکردبوو، وەهـەروەها مێردەکەشی کە مرد پورزای حەزرەت بووﷺ، بەڕاستی ژنهێنانێکی وا ئـەبێ بۆچـی بەلایـەنی ئارەزووبازی تەفسیر بکرێ؟

یان ئوم حەبیبە کە کچـی ئەبوسـوفیان گـەورە پیـاوی قـوڕەیش بـوو، هیجرەتـی کـرد لەگـەڵ مێردەکەیدا بۆ حەبەشەو مێردەکەی بوو بەگاور و لەوێش مرد، ئەم ئافرەتە مایـەوە بێکـەس و بێدەر، حەزرەتﷺ داوای لە پاشای حەبەشە کرد کە موسڵمان بوو بـوو، کـە بەوەکالـەت ئـوم حەبیبەی لێ مارەبکات، دیـارە ئەمــەش دڵنەواییـەکی گـەورەبوو بـۆ ئـافرەتێکی موسـڵمانی لێقەوماو کە لەبەر خـوا کۆچـی کردبـوو بـۆ حەبەشـە، وەکاریگـەری زۆریشـی هـەبوو لەسـەر بنەماڵەکەی و باوکی کە دژایەتی پێغەمبەریان دەکرد.

بۆ مەسەلەی کەنیزەکیش، کە ئەو ئافرەتانە بوون لەشەڕدا دەگیران، ئەبێ سەیری ئەو مەسەلەیە بکەین لە قالبی مێژوویی خۆیدا، بۆ ئـەوەی حوکمدانەکـەمان تـەواوو بـێ هەڵـەبێت. کاتێـك ئیسلام هات لە سەدەی حەوتی زاینیدا، ئەم نیزامـی بـە کۆیلـەکردن و کەنیزەکـە هـەبوو، لای ڕۆمان کۆیلەیان بە ئـادەمیزاد نـەدەزانی و هـیچ جـۆرە مافێکیـان نـەبوو، نـە پیاویـان و نـە ئافرەتیان، هەرکەس و هەرچۆنێکیان بکردایە لەگەڵ ئافرەتاندا ئاسـایی بـوو بـێ لێپرسـینەوە،

پیاوانیش هەرچی کاری قورس بووە پێیان کراوە و مەمرە و مەژی ژیانویانن و مامەڵەی ئـاژەڵ و مالاّتیان لەگەڵ کردوون.

میهرەجانیان هەبوو کە ئەبوایە کۆیلەکان شمشێربازی و زۆرانبازیـان بکردایـە بـە ئامـادەبوونی پاشاو دارودەستەکەی و خەڵکێکی زۆر، زۆر خۆش بوو بەلایانەوە کاتێ یەکێکیان ئەوی تریـانی دەکوشت.

جا لە ولاّتی فارس و هیندیش بە هەمان شێوە مامەڵە لەگەڵ کۆیلە و کەنیزەکـدا دەکـرا، کـە ئیسلام هـات فـەرمووی: (أنـتم بنـو ادم وادم مـن تـراب) مسـلم. بەمـە کیـان وکەسـێتی و ئینسانیەتی بۆ گێڕانەوە، پاشان فەرمووی: (من قتل عبدا قتلناه من جدع عبـدا جـدعناه، مـن أخصى عبدا أخصيناه) مسلم وبخاری.

ئنجا داوای کرد بە جوانی مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ و هەقیان بدرێتێ: ﴿...وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَٰنًا وَبِذِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْيَتَٰمَىٰ وَٱلْمَسَٰكِينِ وَٱلْجَارِ ذِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْجَارِ ٱلْجُنُبِ وَٱلصَّاحِبِ بِٱلْجَنۢبِ وَٱبْنِ ٱلسَّبِيلِ وَمَا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُكُمْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ مَن كَانَ مُخْتَالًا فَخُورًا ﴿٣٦﴾﴾ النساء.

هەروەها قورئان ئەو خاوەنی کۆیلەیە دەکات بە کەس وکاری و دەفەرموێت ئێوە ببن بە ئەهل و کەسیان کە ویستیان شووبکەن: ﴿... فَمِن مَّا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُكُم مِّن فَتَيَٰتِكُمُ ٱلْمُؤْمِنَٰتِ ۚ وَٱللَّهُ أَعْلَمُ بِإِيمَٰنِكُم ۚ بَعْضُكُم مِّنۢ بَعْضٍ ۚ فَٱنكِحُوهُنَّ بِإِذْنِ أَهْلِهِنَّ وَءَاتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ ...﴿٢٥﴾﴾ النساء . واتە: ئەوەی کە نەیتوانی لە ئێوە لەبەر دەست کورتی ئافرەتانی ئازادی باوەڕدار بێنێت، ئەوە با لە کچە کەنیزەکە ئیماندارەکانتان بخوازێت، خواش زانایە کە پلەی ئیمانتان چەندە و چۆنە، ئێوە هەندێکتان لە هەندێکتانن (هەمووتان لە ئادەم و حەوان و ئەم جیاوازی یە شتێکی کاتیە) ، لەبەر ئەوە ئەو کەنیزەکانە مارە بکەن لەسەر ڕەزامەندی کەس وکار و خاوەنەکانیان و مارەییان بە چاکی پێبدەن.

ئنجا حەزرەتﷺ فەرمووی بە خاوەنەکانیان کەئەوانـە لـە ڕاسـتیدا بـراو خوشـکتانن وکـاری قورسیان پێ مەکەن، خۆتان چ جل وبەرگێك دەپۆشن ئەوەش بدەن بەوان، چـی دەخـۆن لـەوەیان بدەنێ بیخۆن و تەنانەت لەبەر ئەوەی نەفسیەتیان نەشکێ مەڵێن (عبدی وأمتی) بـەڵکو بڵـێن (فتای وفتاتی) : (اخوانكم خولكم، فمن أخوه تحت يديه فليطعمه مما يطعم، وليلبسه مما يلبس،

ولا تكلفوهم ما يغلبهم، فـان كلفتـوهم فـأعينوهم) بخـاری. (لايقـل أحـدكم هـذا عبـدی وهـذه أمتی، وليقل فتای وفتاتی) رواه أبو هريـرة. رۆژێـك ئـەبو هـورەيرە پيـاوێكی سـواری بينـی كۆيلەكەی بەدوايدا رای دەكرد، پێی وت: ئەويش هەڵگرە و لەدوای خۆتەوە سواری بكـە، ئـەوە بەڕاستی براتە و رۆحی وەك رۆحی تۆ وایە.

لە ئيسلام دا ئەوەندە مافيان بۆ دەستەبەر كردبوون، ئەگەر خاوەن عەبدێك بە ناهەق زللەيـەكی لە عەبدێك بدايە، ئەبووە مايەی ئازاكردنی. ئنجا ئيسلام بەجدی كاری كرد وردە وردە نيزامـی كۆيلايەتی نەهێڵێت كە نيزامێكی جيهانی بوو لـەو سـەردەمەدا، بـۆ نموونـە بەشـێكی پـارەی زەكات داد ەنرێت بۆكڕينەوەی عەبـد و ئازادكردنيـان، هـەروەها بـۆ كـەفارەتی هەنـدێ گونـاه ئازادكردنی عەبد دانراوە، ئەگەر كەسـێك يـەكێك بەهەڵـە بكوژێـت بێجگـە لـەوەی كەئـەبێ خوێنەكەی بدات بەكەس وكاری ئەبێ بەندەيەكيش ئازادبكات.

ئنجا ئيسلام داوای كرد و فەرزی كرد لەسەر خاوەن كۆيلەكان كە هەركاتێك كۆيلەيەك بيـەوێت رێبكەوێ لەگەڵ خاوەنەكەيدا و بەشتێك خۆی ئـازاد بكـات نـابێ رێـی لێبگرێـت، كەئەمـەش رێگايەكی تر بوو بۆ ئازادكردنيان. وتمـان لـە ئيسـلامدا پـارەی زەكـات دەدرێ بـە كۆيلـە تـا ئازادبكرێت، جا لە وڵاتانی رۆژئاوا پاش حەوت سەدە لە ئيسلام واتە لەسـەدەی چـواردەهەمی زاينيدا ئەم ئازادكردنە هاتەكايەوە.

بۆ مەسەلەی ئافرەتانی كۆيلەش كە لە شەڕدا دەگيران لـە وڵاتـانی ئـەو سـەردەمە هەركەسـێ بيويستايە دەچووە لايان و بۆ بەدرەوشتی و پارەپەيداكردن بەكاردەهێنران، بەڵام ئيسـلام تـەنها رێی دا بەخاوەنەكەی كە بچێتە لای ئەويش پاش ئەوەی كـە بزانرێـت و دڵنيـابن و كـە سـكی پڕنەبووە لە مێردەكەی بۆ ئەوەی كە منالێ لێی بـوو بزانێـت منـاڵی خۆيـەتی، پاشـان ئەگـەر كوڕێكی لێی بوو ژنەكەش و مناڵەكەش يەكسەر ئازاد دەبن، كە ئەمەش قۆناغێك بوو، تا وردە وردە ئيسـلام كۆيلايـەتی نەهێشـت كـە ئـەوەی ئيسـلام هێنـای و كـردی لـە هـيچ ياسـا و بەرنامەيەكی دونيادا نەبووە، ئيتر نازانم تا كەی كای كۆن بەبا دەكرێت؟ .

ئەگەر بە وڵاتە رۆژئاواييەكان بەشـەوارە كـەوتوون، هـەتا ئـەم دواييـەش ئـەمريكا دەيناڵانـد بەدەسـت جيـاوازی رەنگـەوە، كێشـەی رەش پێسـت و سـپی پێسـت زيـانی گـەورەی گەيانـد

بەئەمریکا. ئەگەر بۆ ئافرەت دەپاڕێنەوە، ئافرەتانی ڕۆژئاوا پۆل پۆل بەهەزارانیان دێن بەرەو ئیسلام لەبەرئەوەی مافەکانیان لە ئیسلامدا دەستەبەرکراوە. (سەیری پەڕاوی (شبهات حول الاسلام) (محمد قطب) بکە کە وەڵامی زۆر شوبهەی داوەتەوە) .

**نۆیەم/** حەڵاڵبوونی مەی لە قیامەت و حەرامبوونی لە دونیادا: هەروەك لەم دوو ئایەتەدا هاتووە: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡخَمۡرُ وَٱلۡمَيۡسِرُ وَٱلۡأَنصَابُ وَٱلۡأَزۡلَٰمُ رِجۡسٞ مِّنۡ عَمَلِ ٱلشَّيۡطَٰنِ فَٱجۡتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ﴿٩٠﴾ ﴾ المائدة .

﴿ مَّثَلُ ٱلۡجَنَّةِ ٱلَّتِي وُعِدَ ٱلۡمُتَّقُونَۖ فِيهَآ أَنۡهَٰرٞ مِّن مَّآءٍ غَيۡرِ ءَاسِنٖ وَأَنۡهَٰرٞ مِّن لَّبَنٖ لَّمۡ يَتَغَيَّرۡ طَعۡمُهُۥ وَأَنۡهَٰرٞ مِّنۡ خَمۡرٖ لَّذَّةٖ لِّلشَّٰرِبِينَ وَأَنۡهَٰرٞ مِّنۡ عَسَلٖ مُّصَفّٗىۖ ...﴿١٥﴾ ﴾ محمد . ئنجا ناوبراو دەڵێت: (لێرەدا ئەگەر سەرنج بدەیت، هیچ ئاماژەیەکی بە کاریگەر و جیاوازی سەرخۆش بوونی مەی لە دونیا و لە قیامەت نەکردووە تەنها ئەوە نەبێت کە دەڵێت: ئەوەی قیامەت بێزار نابن لێی) ل٤٤.

**وەڵام :** دیارە قیامەت و بەهەشت عالەمێکی تایبەتە و قورئان هەوڵ دەدات بە نموونە و بە شێوازی جۆرا و جۆر ئاسانی بکات لە بەرچاو تا شتێکی لێتێبگەین و هەوڵی بۆ بدەین، هەرچی ئێمە تەسەوری بکەین لە بارەی قیامەت و بەهەشتەوە، ئەو بەجۆرێکی ترە (أعددت لعبادي الصالحين ما لاعين رأت ولا أذن سمعت ولا خطر على قلب بشر) .

جا کە باسی میوەهات و رووبار و خواردنەوەی بەهەشت دەکات زۆر زۆر لەوەبەرزترو زیاترە کە ئێمە تەسەوری دەکەین و بیری لێدەکەینەوە، ئنجا کێشەی ئەم برادەرە و ئەو قەشانەش کە ئەم قسەکەی تەنها لێیانەوە نەقڵ کردووە ئەوەیە بۆ بەهەمان ناوی (مەی) هاتووە، یان وەك دەڵێت: کوا باسی جیاوازی سەرخۆش بوونی نەکردووە، نازانم ئەگەر وەك خۆی دەڵێت: پرۆژەیەکی واگەورەی بەدەستەوەبوو، یەك ساڵی ڕەبەق بەقسەی خۆی گەڕاوە بەدوای دژبەیەکی قورئاندا یەك تۆز بەقورئاندا بگەڕایە ئایەتی ترمان هەیە کە باس لەو جیاوازی یە دەکات وەك: ﴿ يُطَافُ عَلَيۡهِم بِكَأۡسٖ مِّن مَّعِينِۭ ﴿٤٥﴾ بَيۡضَآءَ لَذَّةٖ لِّلشَّٰرِبِينَ ﴿٤٦﴾ لَا فِيهَا غَوۡلٞ وَلَا هُمۡ عَنۡهَا يُنزَفُونَ ﴿٤٧﴾ ﴾ الصافات .

واتە: لە پەرداخی تایبەت دا شەرابی تایبەتیان بەسەردا دەگێڕن، شەرابەکە سپی و بەلەزەتە بۆ ئەوانەی دەیخۆنەوە، ئەو شەرابە نەدەبێتە هۆی سەرئێشە و هێڵنجدان، نەمەست و بێ هۆشیان دەکات (وەك شەرابی دونیا) .

هەروەها ﴿ يَتَنَٰزَعُونَ فِيهَا كَأۡسٗا لَّا لَغۡوٞ فِيهَا وَلَا تَأۡثِيمٞ ﴿٢٣﴾ ﴾ الطور. واتە: بەدڵ خۆشیەوە لە کاسی تایبەتیدا شەراب دەنۆشن، جار جار بۆخۆشی لە یەکتری دەسێنن، دوور لە ڕەفتاری ناشرین و گوناهو تاوانبار کردنی یەکتری.

لە سورەتی (الواقعە) ش دا ئایەتی ١٩ دەفەرمویێت: ﴿يَطُوفُ عَلَيۡهِمۡ وِلۡدَٰنٞ مُّخَلَّدُونَ ﴿١٧﴾ بِأَكۡوَابٖ وَأَبَارِيقَ وَكَأۡسٖ مِّن مَّعِينٖ ﴿١٨﴾ لَّا يُصَدَّعُونَ عَنۡهَا وَلَا يُنزِفُونَ ﴿١٩﴾ ﴾ الواقعة . واتە: ئەو شەرابانە کەبۆیان دەگێڕن لە سەرچاوەیەکی ڕەوانەوە پڕدەکرێن، نەسەریان دەیەشێ و نە پێی سەرخۆش دەبن.

**دەیەم/** بێبڕواکان لە نێوان بڕیاری کوشتن و نەکوشتن دا: ل٤٥-٥٣. ناوبراو چەند ئایەتێك دێنێت کە باس لە جیهاد و کوشتنی کافران دەکات وەك ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ حَرِّضِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ عَلَى ٱلۡقِتَالِۚ ...﴿٦٥﴾ ﴾ الأنفال. وە ئایەتی تریش دێنێت کە باسی لێبوردەیی و ئازارنەدانی بێباوەڕان دەکات وەك: ﴿ وَلَا تُطِعِ ٱلۡكَٰفِرِينَ وَٱلۡمُنَٰفِقِينَ وَدَعۡ أَذَىٰهُمۡ وَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱللَّهِۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَكِيلٗا ﴿٤٨﴾ ﴾ الأحزاب ، یان ﴿ لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِۖ قَد تَّبَيَّنَ ٱلرُّشۡدُ مِنَ ٱلۡغَيِّۚ ...﴿٢٥٦﴾ ﴾ البقرة .

هەروەها لە ئایەتێکی تردا هانی بڕواداران دەدات خێر و سەدەقە بدەن بە ئەهلی کیتاب و بێباوەڕان ئەگەر موحتاج بن: ﴿لَّيۡسَ عَلَيۡكَ هُدَىٰهُمۡ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهۡدِي مَن يَشَآءُۗ وَمَا تُنفِقُواْ مِنۡ خَيۡرٖ فَلِأَنفُسِكُمۡۚ وَمَا تُنفِقُونَ إِلَّا ٱبۡتِغَآءَ وَجۡهِ ٱللَّهِۚ ...﴿٢٧٢﴾ ﴾ البقرة، یان دەفەرموێ: ﴿ فَإِنۡ حَآجُّوكَ فَقُلۡ أَسۡلَمۡتُ وَجۡهِيَ لِلَّهِ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِۗ وَقُل لِّلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡأُمِّيِّـۧنَ ءَأَسۡلَمۡتُمۡۚ فَإِنۡ أَسۡلَمُواْ فَقَدِ ٱهۡتَدَواْۖ وَّإِن تَوَلَّوۡاْ فَإِنَّمَا عَلَيۡكَ ٱلۡبَلَٰغُۗ وَٱللَّهُ بَصِيرُۢ بِٱلۡعِبَادِ ﴿٢٠﴾ ﴾ آل عمران . بەپێی ئەم ئایەتانە بە روونی دیارە کە محمد تەنها ئەتوانێ بانگەواز بکات و کوشتنی بەندەکان و زۆرلێکردنیان کاری ئەو نیە.

**وەڵام** : ئەم ئایەتانە بە هیچ جۆرێك دژبەیەکیان تیا نیە و گەورەیی ئیسلامیش دەردەخەن، حەزرەتﷺو بانگخوازان تەنها بانگەوازیان لەسەرە بەشێوەیەکی چاك و بەشێوازی سەردەم و

بەزمانی ئەو گەلەی کە بانگی دەکەن، ئنجا لێرەدا کافران دەبن بە دوو بەشەوە، ئەوەی کە موسڵمان نابێت ئازادە و بەزۆر ئیمان ناخرێتە دڵی کەسەوە، ئنجا کافرەکان ئەگەر دژایەتی ئیسلامیان نەکرد و نەبوونە رێگر لەبەردەم بانگەوازدا و شەڕیان نەکرد ئیسلامیش شەڕیان لەگەڵ ناکات، بگرە ئەوانیش و ئەهلی کیتابیش خێر و چاکەشیان ئەدرێتێ و هاوکاریش دەکرێن وەك لە ئایەتەکەدا دیارە.

بەلاّم ئەگەر ئەهلی کیتاب یان کافرەکانی تر دژایەتی ئیسلامیان کرد و کەوتنە پیلان گێڕان و جەنگیان هەڵگیرساند دیارە خۆ موسڵمانانیش هەروا دانانیشن، ئەبێ رووبەڕوویان ببنەوە. .

حەزرەتﷺ لە مەککە داوای لێدەکردن کە رێگری نەکەن لە گەیاندنی پەیامی خوادا چەند ئەم نەرم و نیان بوو ئەوان بە پێچەوانەوە پرۆپاگەندەیان بۆ دەکرد کە ساحیرە، شاعیرە، کاهینەو. . هتد، ئنجا سزای چەند هاوەڵیان دا و هەندێکیشیان کوشت لەژێر ئەشکەنجەدا، ئنجا چوونەسەری لە شەودا کە تیرۆری بکەن، پاشان لەدوای هیجرەت کە موسڵمانان ویستیان دەست بگرن بەسەر قافڵەکەدا کە زۆربەی ماڵ و موڵکی خۆیان بوو کافران دەستیان بەسەریدا گرتبوو، قورەیش سوپای هێناو جەنگی بەدر بەرپابوو، ئیتر مەسەلەکە روونە و خۆخەڵەتاندن و خۆڵ کردنە چاوی خەڵك سوودی نیە!!

هەر لەگەڵ ئەو رەخنەیەدا ناوبراو رەخنەیەکی تر باس دەکات و دەڵێت: مرۆڤ کارەکانی لەدەست خۆی دایە یاخود خودا کارەکانی پێدەکات، ئەم ئایەتەش باس لەوە دەکات کە خوا ویستی نیە ئەگینا هەموو خەڵك ئیماندار دەبوون بەلاّم خوا نایەڵێت بڕوابێنن و ملکەچی کردوون بەبڕوانەهێنان: ﴿وَلَوْ شَآءَ رَبُّكَ لَءَامَنَ مَن فِى ٱلْأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعًا ۚ أَفَأَنتَ تُكْرِهُ ٱلنَّاسَ حَتَّىٰ يَكُونُوا۟ مُؤْمِنِينَ ﴿٩٩﴾ وَمَا كَانَ لِنَفْسٍ أَن تُؤْمِنَ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۚ وَيَجْعَلُ ٱلرِّجْسَ عَلَى ٱلَّذِينَ لَا يَعْقِلُونَ ﴿١٠٠﴾﴾ یونس.

**وەلاّم** : ئەمەش هەر زۆر ئاسانە و نازانم بۆ لێیان بووە بە کێشە، چەندەها ئایەت و فەرموودەمان هەیە کەباس لەوە دەکەن کەمرۆڤ سەرپشك کراوە لە ئیمان هێنان داو ئیختیاری دراوەتێ، هەر لەبەرئەوەشە کە پاداشت و سزا دانراوە لە قیامەت دا.

ئنجا خوای گەورە باس لەوەش دەکات کە ئەوەندە بە دەسەلاتە ئەگەر بیویستایە مرۆڤی سەرپشك نەدەکرد و وای لێدەکرد وەك مەلائیکەتەکان تەنها خێر هەڵبژێرن. دیارە کە ئەمەشی نەکردووە بۆ کەس نیە (تەنانەت پێغەمبەری خواش) کە زۆر لە خەڵك بکات و بەزۆر خەڵکی موسڵمان بکات، ﴿أَفَأَنتَ تُكْرِهُ ٱلنَّاسَ حَتَّىٰ يَكُونُواْ مُؤْمِنِينَ ﴿٩٩﴾﴾ یونس.

**یانزەیەم/** سەرە مەرگی فیرعەون لە نێوان بڕواهێنان و نەهێنان دا: ناوبراو دووسێ ئایەت دەهێنێ لە سەر چیرۆکی فیرعەون لە قورئانداو دەڵێت ئایا فیرعەون ئیمانی هێناوە یان نا؟ فیرعەون رزگاری بووە لە خنکاندن یان خنکاوە؟ چیرۆکی فیرعەون روونە لە قورئاندا کە فیرعەون خنکاوە، کە زانیویەتی رزگار بوونی نیە وتویەتی: ئیمانم هێنا بەوەی (بەنی ئیسرائیل) ئیمانی پێیەتی و من موسڵمانم، دیارە لە فەرموودەش دا هاتووە کە رۆح گەیشتە قورقوڕاگە ئیمان هێنان سوودی نیە. .

ناوبراو ئەم دوو ئایەتە دێنێ کە دەڵێ بەڵگەن لەسەر ئەوەی کەخنکاوە لەدەریادا: ﴿فَأَرَادَ أَن يَسْتَفِزَّهُم مِّنَ ٱلْأَرْضِ فَأَغْرَقْنَٰهُ وَمَن مَّعَهُۥ جَمِيعًا ﴿١٠٣﴾﴾ الإسراء، ﴿فَأَخَذْنَٰهُ وَجُنُودَهُۥ فَنَبَذْنَٰهُمْ فِى ٱلْيَمِّ ۖ فَٱنظُرْ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٤٠﴾﴾ القصص.

جا دەڵێت ئەم ئایەتانەی تر گوایە باسی غەرق بوونی ناکات و باسی ئیمان نەهێنانی ناکات، ﴿وَجَٰوَزْنَا بِبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ٱلْبَحْرَ فَأَتْبَعَهُمْ فِرْعَوْنُ وَجُنُودُهُۥ بَغْيًا وَعَدْوًا ۖ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَدْرَكَهُ ٱلْغَرَقُ قَالَ ءَامَنتُ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱلَّذِىٓ ءَامَنَتْ بِهِۦ بَنُوٓاْ إِسْرَٰٓءِيلَ وَأَنَا۠ مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ ﴿٩٠﴾﴾ یونس ،

ئیتر ناوبراو بۆ چەواشەکردن باقی ئایەتەکانی نەهێناوە کە دەفەرموێت: ﴿ءَآلْـَٰٔنَ وَقَدْ عَصَيْتَ قَبْلُ وَكُنتَ مِنَ ٱلْمُفْسِدِينَ ﴿٩١﴾ فَٱلْيَوْمَ نُنَجِّيكَ بِبَدَنِكَ لِتَكُونَ لِمَنْ خَلْفَكَ ءَايَةً ۚ وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ ٱلنَّاسِ عَنْ ءَايَٰتِنَا لَغَٰفِلُونَ ﴿٩٢﴾﴾ یونس.

واتە: (ئێستا ئیمان دێنی کە روح گەیشتۆتە قورقوڕاگەت و رزگاربوونت نیە، کە تۆ پێشتر لە خراپەکاران بوویت، جا ئەمڕۆ پاش مردنت لاشەکەت رزگاردەکەین بۆ ئەوەی بمێنێتەوە و بۆ ئەوانەی دوای خۆت بەڵگە و موعجیزە بیت، هەرچەندە بەڕاستی زۆرکەس بێئاگان لە موعجیزەکانی ئێمە) .

بەڵێ. . خوای گەورە نەیهێشت لاشەکەی حوت وماسی بیخوات و ژێـر دەریـا بکـەوێ، بـەڵکو بەفەرمانی خوا، لاشەکەی بەسەلامەتی دەرهێنرایەوە و شەپۆلی دەریا فڕێـی دایـە قەراغـەوە، ئنجا میسریەکان دڵنیابوون ئەوەی کە خۆی لێکردبـوون بـەخوا وا لاشـەیەکی بـێ گیـانی بـێ دەسەلاتە و هیچی پێناکرێت، مۆمیایان کرد. . پاشـان لـە سـەدەی رابـردوودا ئـەو مۆمیایـە دۆزرایەوە و لەساڵی هەشتاکاندا برا بۆفەرەنسا تا دیراسەی لەسەر بکرێ و هەنـدێ شـوێنی کـە خەریك بوو بشێوێ چارەسەری بکەن، پرۆفیسۆر مۆریس بۆکای کە گـەورەترین و بـەناوبانگترین جەڕاحی فەرەنسی یە، پاش دیراسە و ئەشیعەگرتنی لاشەکە بۆی دەرکەوت کە لە ئاودا خنکاوە و فیرعەونەکەی زەمانی موسایە، کە ئایەتەکانی قورئـانی دی ئـاوا بـەوردی و تـەواوی باسـی دەکات لە کاتێکدا لە تەورات و ئینجیلدا ئاوا بە ڕێك و پێکی باس نەکراوە و ناتەواوە، ئیمانی هێنا و وتی بەڕاستی من یەکێکم لـەو کەسـانەی کـەخوا ویسـتویەتی بـۆم بکـات بـەدەرس و موعجیزە لە دوای فیرعەونەوە.

فەرموودەیەکیشمان هەیە کە حەزرەتﷺ دەفەرمویێت (قال لی جبریل : لو رأیتنی وأنا آخذ من حال البحر فأدسه فی فم فرعون مخافة أن تدرکه الرحمة) عبدالله ی کوڕی عباس ریوایەتی کردووەو (صحیح) ە. جا کاتێك جبریل لەگەڵ موسادا سەلامی خوایان لێ بێ لەوکاتە ناهەموار و نارەحەتیەدا لە خواوە وەحی بۆ هێناوە کەچی بکات وچی نەکات، خوا فیرعەونی غەرق کرد، جبریل بۆ حەزرەتیﷺ گێڕاوەتەوە: ئەی محمد ئەگەر ئەتبینیم لەبنی دەریاکەدا قوڕم ئەکرد بەدەمی فیرعەون دا، ترسام بەر رەحمەتی خوا بکەوێت. . دیارە جوبرائیل ئەوەندەی رق لێبووە ترساوە هاوار بۆ خوا بەرێ و خواش بەزەیی پیابێتەوە و سوودێك لەوە وەرگرێ. . بەلاٌم دیارە وەك وتمان شایەتمان وئیمانی دوا هەناسەکانی ژیان وەرناگیرێ. ئەمەش ئایەتێکی تر کە فیرعەون پێش گەلەکەی دەکەوێ و بەرەو دۆزەخ دەبرێت: ﴿ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مُوسَىٰ بِآيَاتِنَا وَسُلْطَانٍ مُّبِينٍ ﴿٩٦﴾ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ وَمَلَإِيْهِ فَاتَّبَعُوا أَمْرَ فِرْعَوْنَ ۖ وَمَا أَمْرُ فِرْعَوْنَ بِرَشِيدٍ ﴿٩٧﴾ يَقْدُمُ قَوْمَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فَأَوْرَدَهُمُ النَّارَ ۖ وَبِئْسَ الْوِرْدُ الْمَوْرُودُ ﴿٩٨﴾ وَأُتْبِعُوا فِي هَٰذِهِ لَعْنَةً وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ ۚ بِئْسَ الرِّفْدُ الْمَرْفُودُ ﴿٩٩﴾ ﴾هود.

**دوانزەیـەم/** ناوبراو دەڵێت: سەبارەت بە دروستکردنی زەوی و ئاسمان لە قورئاندا ناکۆکی هەیە و بە ئایەتێك دەڵێت زەوی زوتر دروست کراوە، لەهەمان کاتدا لەئایەتێکی تردا دەڵێـت ئاسمـان پێشتر دروست کراوە.

**وەڵام :** ئەگەر سەیری ئەو ئایەتانە بکەین کە باس لە دروستکردنی ئاسمانـەکان و زەوی دەکـەن بۆمان دەردەکەوێت کە بەدوو قۆناغ دروست کراون:

**قۆناغی یەکەم:** ئاسمان و زەوی بەدیهێناوە، بەدیهێنانێکی سەرەتایی، لـە پێشـدا ئاسمـان کـە (دخان) بوو ئنجا زەوی، کە دەفـەرموێت: ﴿ءَأَنتُمْ أَشَدُّ خَلْقًا أَمِ ٱلسَّمَآءُ ۚ بَنَىٰهَا ﴿٢٧﴾ رَفَعَ سَمْكَهَا فَسَوَّىٰهَا ﴿٢٨﴾ وَأَغْطَشَ لَيْلَهَا وَأَخْرَجَ ضُحَىٰهَا ﴿٢٩﴾ وَٱلْأَرْضَ بَعْدَ ذَٰلِكَ دَحَىٰهَآ ﴿٣٠﴾ أَخْرَجَ مِنْهَا مَآءَهَا وَمَرْعَىٰهَا ﴿٣١﴾ وَٱلْجِبَالَ أَرْسَىٰهَا ﴿٣٢﴾ مَتَٰعًا لَّكُمْ وَلِأَنْعَٰمِكُمْ ﴿٣٣﴾﴾ النازعـات. واتـە: ئـاخۆ دروسـتکردنی ئێـوە زەحمـەتترە یـان دروستکردنی ئاسمانەکان کەخوا بینای کردووە؟ سەقفەکەی بەرزکردۆتەوە و ڕێك وپێکی کردووە، شەوی ئاسمانی تاریك کردووە و تیشکی ڕۆژی چێشتەنگاوی دەرخستووە و ڕووناك کردووە، پاش ئەوەی زەویشی پان و بەربلاوکردووە، ئاوی لێ دەرکردووە و کانیاوی تیا هەڵقولاندووە و گژوگیا و لەوەڕی تیاڕواندووە، کێوەکانیشی دامەزراندووە و جێگیری کردوون، بۆ ڕابواردن وژیانی خۆتان و ولاخ وئاژەڵتان.

**قۆنـاغی دووەم:** تەقدیرو تەفصیل و تەرتیبی ئاسمانەکان و زەوی، کە لەپێشـدا زەوی کـردووە، ئنجا دواتر ئاسمانەکان. .

هەروەك دەفـەرموێت: ﴿قُلْ أَئِنَّكُمْ لَتَكْفُرُونَ بِٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْأَرْضَ فِى يَوْمَيْنِ وَتَجْعَلُونَ لَهُۥٓ أَندَادًا ۚ ذَٰلِكَ رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٩﴾ وَجَعَلَ فِيهَا رَوَٰسِىَ مِن فَوْقِهَا وَبَٰرَكَ فِيهَا وَقَدَّرَ فِيهَآ أَقْوَٰتَهَا فِىٓ أَرْبَعَةِ أَيَّامٍ سَوَآءً لِّلسَّآئِلِينَ ﴿١٠﴾﴾ فصلت. واتە: پێیان بڵێ: باشە ئاخر ئێوە باوەڕتان بەو زاتە نیە کە زەوی لە دوو ڕۆژدا دروست کردووە؟ چەند هاوەڵێکیشی بۆ بڕیار ئەدەن؟ ئەو بەدیهێنـەر و پـەروەردگاری هـەموو جیهانـە. لەسەر زەوی کێوەکانی دامەزراندووە، بەرەکەتی زۆری تێدا دابین کـردووە، هـەموو رزق و ڕۆزی یەکی تیادا بڕیارداوە، هەمووی لەچوار ڕۆژدا بەدوو ڕۆژەکەی پێشوشەوە، تا نیـاز و داخـوازی یەکانی ئادەمیزاد جێبەجێ بکات.

﴿ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ وَهِىَ دُخَانٌ فَقَالَ لَهَا وَلِلْأَرْضِ ٱئْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا قَالَتَآ أَتَيْنَا طَآئِعِينَ ﴿١١﴾ فَقَضَىٰهُنَّ
سَبْعَ سَمَٰوَاتٍ فِى يَوْمَيْنِ وَأَوْحَىٰ فِى كُلِّ سَمَآءٍ أَمْرَهَا ۚ وَزَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنْيَا بِمَصَٰبِيحَ وَحِفْظًا ۚ ذَٰلِكَ تَقْدِيرُ ٱلْعَزِيزِ
ٱلْعَلِيمِ ﴿١٢﴾ ﴾ فصلت

ئنجا ویستی ئاسمان ڕێکبخات له کاتێکدا کەدوکەڵ بوو (واته پێشتر ئاسمان هەبووە بەلاّم دوکەڵ که ئێستا زانایان بەهۆی تەلەسکۆبی (هابل) ەوە دۆزیویانەتەوە و ئەستێرەکان لەم دوکەڵەوە دروست دەبن و تەنانەت وێنەشیان گرتووە و لەئینتەرنێت دا بلاّوکراوەتەوە، جا وشەی دوکەڵ که له ئاسماندا بووە و ئەستێرەکانی لێ دروست دەبێت موعجیزەیەکی گەورەیە کەئاشکرا بووە، کەسێکی نەخوێدەواری چواردەسەدە زیاتر لەمەوبەر چوزانێ دوکەڵ لەئاسماندا هەبووەو پاشان ئاسمانەکان و ئەستێرەکان دروست کراون)؟





وینەی دوکەلی کونی که ئەستیرەشی لیّوە دروست دەبی       وینەی ئەو دوکەلەی ئاسمانی لیوە دروست بوە

جا بە ئاسمان و زەوی فەرمووو: فەرمانبەردار و مل کەچ بن، بەخۆشی خۆتان یان بەزۆر بتانخەمە ژێر فەرمانبەریەوە؟ ! هەردوولا وتیان: ملکەچی تۆین و چۆن دەفەرمویت وادەکەین، لەماوەی دوو ڕۆژدا ئاسمانی کردە حەوت چین و فەرمانی بۆ هەرچینێکیش دەرکرد، ئنجا ئاسمانی دونیاشمان ڕازاندەوە بەئەستێرەو کردمانە چراخان و کردمانە هۆی پاراستن، ئائەو شتانە هەمووی بەویست و فەرمانی زاتێکە کەبالاّدەست و زانایە.

کەواتە: خوای گەورە ئاسمانی دروست کرد کە پێکهاتەکەی دوکەڵ بوو ئەمەش لە ڕووی زانستەوە سەلماوە، پاشان زەوی دروست کرد، ئنجا ئاسمانی کرد بە حەوت ئاسمان و فەرمانی بۆ

هەرئاسمانێك دەركرد پاشان زەوی (دحو) كرد نافەرموێ (خلق) ی كرد، كە تەرتیبی زەوی و راخستن و پان وبەربلاّوی كرد و چی پێویست بوو تیادای نا.

كەواتە خوای گەورە لەپێشدا ئاسمانی دروست كرد كە دوكەڵ بووە و ئەستێرەی لێ دروست دەبێت پاش تەقینەوە گەورەكە، پاشان زەوی دروست كرد. ئنجا زەوی ئامادەكرد دواتر ئاسمانی كرد بەحەوت ئاسمان.

**قۆناغەكانی دروست كردنی ئاسمانەكان و زەوی**

یەكەم: ﴿كَانَتَا رَتْقًا﴾ یەك پارچە بووە.

دووەم :﴿فَفَتَقْنَاهُمَا﴾ تەقینەوە گەروەكە و لەیەك جیابوونەوە.

سێەم : ﴿دُخَانٌ﴾ جیابوونەوەی زەوی كە لە دۆخی رەقیدا بووە، ئاسمان كە غازی و دخان بوو وتەنها (السماء) بووە و نەبووە به سماوات.

چوارەم : ﴿ **تسوية الارض** ﴾ لە چوار رۆژدا تەسویە و (تدحیە) و تنظیمی.

پێنجەم: ﴿ **خلق السماوات السبع** ﴾ لە ٢ رۆژدا تەسویەی ئاسمان و (فقضاهن سبع السماوات) كردی بە حەوت ئاسمان.

- سورەتی الانبیاء ئایەتی ٣٠/ تەقینەوە گەورەكە باس دەكات/ قۆناغی ژمارە ١ و٢.

**﴿ أَوَلَمْ يَرَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَنَّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ كَانَتَا رَتْقًا فَفَتَقْنَاهُمَا وَجَعَلْنَا مِنَ الْمَاءِ كُلَّ شَيْءٍ حَيٍّ أَفَلَا يُؤْمِنُونَ ﴿٣٠﴾ ﴾.**

- سورەتی الحجر ئایەتی١٧-٢٠/ ئاسمان دوكەڵە و ئەستێرەكان دروست بوون لێی و پاشان زەوی تەسویەو تەرتیب و ئامادەكرا/ قۆناغی ٣ و٤. **﴿وَلَقَدْ جَعَلْنَا فِي السَّمَاءِ بُرُوجًا وَزَيَّنَّاهَا لِلنَّاظِرِينَ ﴿١٦﴾ وَحَفِظْنَاهَا مِن كُلِّ شَيْطَانٍ رَّجِيمٍ ﴿١٧﴾ إِلَّا مَنِ اسْتَرَقَ السَّمْعَ فَأَتْبَعَهُ شِهَابٌ مُّبِينٌ ﴿١٨﴾ وَالْأَرْضَ مَدَدْنَاهَا وَأَلْقَيْنَا فِيهَا رَوَاسِيَ وَأَنبَتْنَا فِيهَا مِن كُلِّ شَيْءٍ مَّوْزُونٍ ﴿١٩﴾ وَجَعَلْنَا لَكُمْ فِيهَا مَعَايِشَ وَمَن لَّسْتُمْ لَهُ بِرَازِقِينَ ﴿٢٠﴾ ﴾** .

- سورەتی فصلت ئایەتی ٩-١٢ (تەسویە و تەرتیبی زەوی) پاشان دروستکردنی حەوت ئاسمانەکە قۆناغی ٤ و ٥. ﴿قُلْ أَئِنَّكُمْ لَتَكْفُرُونَ بِالَّذِي خَلَقَ الْأَرْضَ فِي يَوْمَيْنِ وَتَجْعَلُونَ لَهُ أَندَادًا ذَٰلِكَ رَبُّ الْعَالَمِينَ ﴿٩﴾ وَجَعَلَ فِيهَا رَوَاسِيَ مِن فَوْقِهَا وَبَارَكَ فِيهَا وَقَدَّرَ فِيهَا أَقْوَاتَهَا فِي أَرْبَعَةِ أَيَّامٍ سَوَاءً لِّلسَّائِلِينَ ﴿١٠﴾ ثُمَّ اسْتَوَىٰ إِلَى السَّمَاءِ وَهِيَ دُخَانٌ فَقَالَ لَهَا وَلِلْأَرْضِ ائْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا قَالَتَا أَتَيْنَا طَائِعِينَ ﴿١١﴾ فَقَضَاهُنَّ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ فِي يَوْمَيْنِ وَأَوْحَىٰ فِي كُلِّ سَمَاءٍ أَمْرَهَا وَزَيَّنَّا السَّمَاءَ الدُّنْيَا بِمَصَابِيحَ وَحِفْظًا ذَٰلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ ﴿١٢﴾﴾.
- سورەتی النازعات/ ئاسمان (السماء) هێشتا نەبووە بە (سماوات) قۆناغی ٣یەو پاشان باسی (دحو) ی زەوی دەکات قۆناغی (٤) ە:﴿أَأَنتُمْ أَشَدُّ خَلْقًا أَمِ السَّمَاءُ بَنَاهَا ﴿٢٧﴾ رَفَعَ سَمْكَهَا فَسَوَّاهَا ﴿٢٨﴾ وَأَغْطَشَ لَيْلَهَا وَأَخْرَجَ ضُحَاهَا ﴿٢٩﴾ وَالْأَرْضَ بَعْدَ ذَٰلِكَ دَحَاهَا ﴿٣٠﴾ أَخْرَجَ مِنْهَا مَاءَهَا وَمَرْعَاهَا ﴿٣١﴾ وَالْجِبَالَ أَرْسَاهَا ﴿٣٢﴾ مَتَاعًا لَّكُمْ وَلِأَنْعَامِكُمْ ﴿٣٣﴾﴾ النازعات. پێگەی منتدی التوحید هەروەها سەیری پەڕاوی (أسئلة فی الاعجاز البیانی) د. (فاضل السامرائی) و پێگەی (اسلامیات. کوم) و (شبهات حول القرأن ونقدها) پێگەی/www. ٥٥a. net

## پێکهاتەی ئایەتەکانی قورئان:

یەکەم: ناوبراو دەڵێت (ئەگەر سەرنج بدەین و لە قورئان رامێنین، دەبینین بەشی هەرەزۆری قورئان پێك هاتووە لەم بەشانە:

١- وتەکانی محمد

٢- کاریگەری کەلتوری عەرەبە بت پەرستەکان

٣- وتەی شاعیرە جاهیلیەکان

٤- قسەی عومەری کوڕی خطاب

٥- قسەی شەیتان

٦- قسەی کەسانی نەناسراو کە بەشێوەی نادیار وتراون. ئنجا یەك یەك باس لەمانەی سەرەوە دەکات (ل٥٩)

## یەکەم: وتەکانی محمد:

ناوبراو دەڵێت : (محمد ٢٦ نوسەری هەبووە، کە دەبوو بەدڵی ئەو ئایەتەکان بنوسن و هەموو گۆڕانکاری یەك کە دەیکا بینووسن) (چل و پێنج ساڵ قورئان لەسەر پێستە و لە ناودڵی موسڵمانانداا مایەوە، تا عوسمانی کوڕی عفان کۆی کردەوە، ئەوەی بەدڵی نەبووە لە ناوی برد، لە کاتی کۆکردنەوەی قورئاندا عوسمان پێی وتن: ئەگەر ناکۆکیەکتان هەبوو لەسەر وشەیەك بە زمانی قورەیش بینوسن، چونکە قورئان بە زمانی قورەیش نوسراوە، ئەمەش ئاشکرایە کە قورئان وتەی محمدە، چونکە محمد قورەیشی بووەو تەنها شێوەزمانی ئەوکاتەی قورەیشی زانیوە) ل٦٠-٦١

**وەلام:** ئەم قسەیە هەڵەیەکی مێژوویی گەورەیە، چونکە پاش شەڕی یەمامە کە زۆر لەو هاوەڵانەی قورئانیان لەبەربوو شەهید بوون، لە خەلافەتی ئەبوبەکردا، عومەر هاتە لای و داوای لێکرد کەرقورئان کۆبکەنەوە، پاشان زەیدی کوڕی سابت کەخۆی نوسەری وەحی بوو بۆ پێغەمبەرﷺ تەکلیف کرا بۆ ئەو کارە و ئەویش هیچ ئایەتێکی نەنوسیوە کە لەخزمەت پێغەمبەرداﷺ نەنوسرابێ، وە هاوەڵان لەبەریان نەبووبێ، تەنها ئیعتیمادی لەسەر لەبەر کردن نەبوو لەترسی لێتێکچوون و لەبیرچوون، هەروەها هیچی لەکەس وەرنەگرتووە تا دوو شایەتی نەهێنابێ کە ئەوە لەبەردەم پێغەمبەردا نوسراوەتەوە.
ئیمامی عەلی دەڵێ: خوا رەحم بە ئەبوبەکر بکات یەکەم کەس بوو کە قورئانی لەدوو تویی پەڕاوێکدا کۆکردەوە. . (الخليفة الاول أبوبكر الصديق-لا- ٢٤٩ الصلابي) ئەمەش لە لای ئەبوبەکر دانرا پاشان لای عومەر پاشان لای حەفصەو، لەزەمانی عوسماندا لەبەری نوسرایەوە.

## دووەم: کاریگەری کلتوری عەرەبی بەسەر قورئانەوە: (ل٦٢-٦٣)

ناوبرا دەڵێت: محمد هەوڵیداوە لە کەرەستە و بیری قورئانەکەیدا، پەنابەرێتە بەر کەلتوری عەرەبی کۆن و کاریگەری هەبووە لەسەری، بەتایبەتی سەردەمی ئیبراهیم، هەروەك ئەم ئایەتە ﴿ قُلْ صَدَقَ ٱللَّهُ فَٱتَّبِعُوا۟ مِلَّةَ إِبْرَٰهِيمَ حَنِيفًا وَمَا كَانَ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿٩٥﴾ ﴾ آل عمران، واتە: خوا راستی

فەرموەوە، شوێن میللەت و ڕێبازی ئیبراهیم بکەون کە هاوەڵی بۆ خوا پەیدانەکردووە و یەکتاپەرست بووە.

**وەلامی** ئەمە ئاسانە ئەگەر کەسێك تۆزێ شارەزابێت دەزانێت کە ژمارەیەکی زۆر پێغەمبەر هاتوون، هەموویان یەکتاپەرست بوون، جا هەرچیەك لە قورئاندا هاتبێ لە یەکتاپەرستی دیارە لای ئیبراهیم و عیسا و موساش هاتووە (سەلامی خوایان لێ بێ) ، هەرچەند شەریعەتەکانیان بەپێی زەمانی هەرکەسێکیان تایبەتمەندی خۆی هەبووە، جا کەقورئان بفەرموێت شوێن میللەتی ئیبراهیم بکەون لەیەکتاپەرستیدا ئەمە چی تیایە؟

ئەم مەبەستە شاراوە نیە ئەم برادەرە بۆمان بدۆزێتەوە، قورئان لەزۆر جێگادا باسی دەکات بۆ نموونە ﴿ شَرَعَ لَكُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِۦ نُوحًا وَٱلَّذِيٓ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ وَمَا وَصَّيۡنَا بِهِۦٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰٓۖ أَنۡ أَقِيمُواْ ٱلدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُواْ فِيهِۚ كَبُرَ عَلَى ٱلۡمُشۡرِكِينَ مَا تَدۡعُوهُمۡ إِلَيۡهِۚ ... ﴿١٣﴾ ﴾ الشورى، یان ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِيٓ إِلَيۡهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعۡبُدُونِ ﴿٢٥﴾ ﴾ الأنبياء .

## سێیەم: شیعری شاعیرە جاهیلیەکان/ ل٦٤

ناوبراو دەڵێت : تێکەڵبوونی شیعری شاعیرانی عەرەبی جاهیلی، یەکێکە لەو بابەتانەی دەبێت بەشی تایبەتی بۆ دابنرێت و دواتر قسەی زۆری لەسەر دەکەین. دواتر دێتە سەر ئەو باسە بۆیە منیش دواتر وەلامی ئەدەمەوە.

## چوارەم: وتەی عومەری کوڕی خەتتاب لە قورئاندا/ ل٦٥

ناوبراو دەڵێت: عومەر یەکێکە لەو کەسانەی کە لە شوێنی زۆر گرنگدا بیروبۆچوونەکانی بوونەتە ئایەت و محمد لە قورئانەکەیدا کردونی بە ئایەت.

**وەلام** : ئەم باسە شتێکی شاراوە نیە، تا ناوبراو زەحمەتی خۆی دابێ و کارێکی گەورەی کردبێ دۆزیبێتیەوە و پێمانی بفرۆشێ، ئەمە ئاشکرا بووە، پێغەمبەرﷺ دەفەرموێت: (قد كان يكون فی الامم قبلكم مُحَدَّثون، فان يكن فی أمتی منهم أحد فان عمر بن الخطاب منهم) مسلم،

واتە: ئوممەتەکانی بەر لە ئێوە کەسانی بەهرەمەند و (مُلهم) یان هـەبووە، ئەگـەر لـە ئوممـەتی منـدا لەوانە هەبێت ئەوە عومەرە.

ئنجا عومەر خۆی دەڵێت: (وافقت ربی فی ثلاث: فی مقام ابراهیم، وفـی الحجـاب وفـی أسـاری بـدر) مسـلم وبخـاری، واتـە: لەسـێ شـتدا بۆچـوونەکانم یـەکیگرت و مـوافیقی فـەرموودەی پەروەردگارم بوو، لەمەسەلەی مەقامی ئیبراهیم و حیجاب (پەردە پۆشی) و دیلەکانی بەدر.

ئەوەتا عومەر خۆی ئاوا باسی دەکات کەسێ رای هەبووە و قورئـان هاتۆتـە خـوارەوە، ڕاکـەی عومەر وەك قورئان بووە، عومەر کەسەر وماڵی لە پێنـاوی ئیسـلامدا بـەخت کـرد، نـەیزانی محمدﷺ قورئان رێك دەخـات تـۆ دەیزانـی؟ ؟ عومـەر سـێ رای هـەبووە یـان زیـاتر چـی لـە مەسەلەکە دەگۆڕێت، بۆ نموونە کە دیلەکانی بەدر حەرزەتﷺ پرس و ڕای بـە هـاوەڵانی کـرد چیان لێبکات، ئەبو بەکر رای وابوو کە فیدیەیان لێوەرگیرێ و ئازادبکرێن، عومەریش رای وابوو بکوژرێن بۆ ئەوەی پشتی قورەیش و دوژمنانی خوا بشکێت. حەزرەتﷺ کە (رؤوف رحیم) ە راکەی ئەبوبەکری پەسەند کرد، بۆ بەیانی ئایەت هاتەخوارەوە و خوای گەورە فـەرمووی ﴿ مَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَن يَكُونَ لَهُۥٓ أَسْرَىٰ حَتَّىٰ يُثْخِنَ فِى ٱلْأَرْضِ ۚ تُرِيدُونَ عَرَضَ ٱلدُّنْيَا وَٱللَّهُ يُرِيدُ ٱلْـَٔاخِرَةَ ۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٦٧﴾ لَّوْلَا كِتَٰبٌ مِّنَ ٱللَّهِ سَبَقَ لَمَسَّكُمْ فِيمَآ أَخَذْتُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿٦٨﴾ ﴾ الأنفال

واتە: بۆ هیچ پێغەمبەرێك نەبووە کە دیلی هەبێت، هەتا کاتێك پایـەدار و جـێگیر دەبێـت لـە زەویدا، مەگەر شتومەکی دونیاتان دەوێت؟ لە کاتێکدا خوا ئاخیرەتی مەبەستە، خوا باڵادەست و دانایە، خۆ ئەگەر بڕیارێك لەلایەن خواوە پێش نەکەوتایە (کە مرۆڤ تا پەیامی خوای پێنەگات سزا نەدرێت) لەسەر ئەو شتانەی کـە وەرتـان گـرت بـۆ ئـازادکردنی دیلـەکان ئـەوە سـزایەکی گەورەتان تووش دەبوو. ئەمە شت وەرگرتنە لەعومەر یان فەرمانێکی خواییە؟ !

قورئانێك کە زیاتر لە شەش هەزارو شەش سەد ئایەتە وەستاوەتە سەر ڕاو بۆچوونی عومەر؟ جا نەك ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی قورئان دانراوی محمدە بەڵکو بە پێچەوانەوە بەڵگەیە لەسـەر ئەوەی کە قورئان لە خواوەیە و دانراوی محمدﷺ نیە، چونکە کەس هەیە دژی رای خۆی و خۆشەویسترین هاوەڵی کـە ئەبوبـەکرە قسـەبکات، ئەگـەر خـۆی دروسـتی کـرد کـێ زۆری لێکردبوو کە ئەوە بڵێت؟

حەزرەتﷺ بڕیاری وەرگرتنی فیدیەی دا لە دیلەکان و وەریان گرت، دەبا هەرباسی نەکردایە، بەلاّم کە خوا بۆی نارد ناتوانێ نەیگەیەنێ، بۆیە بۆ بەیانی کە هاتەوە و ئایەتەکەی بۆ ئەبوبەکر خوێندەوە هەردووکیان دەگریان، عومەر هات بەسەردا و پرسیاری کرد بۆچی دەگرین؟ ئەویش فەرمووی: (بۆ ئەوە دەگریم هاوەڵەکانت ئەو رایەیان پێدام کە فیدیەیان لێوەرگرین، بەهۆی ئەوەوە سزای هاوەلاّنم نیشان درا نزیکتر لەو درەختە (درەختێکی نزیك بوو لە حەزرەتەوە) خوای گەورە ئەم ئایەتانەی نارده خوارەوە لە سورەتی ئەنفال و بۆی خوێندەوە وعومەریش گریا) .
بەڕاستی ئەم ئایەتانە بەڵگەن کە حەزرەتﷺ رێنمایی لە ئاسمانەوە وەردەگرێت، کە لە چەند شوێنی تریشدا قورئان بە تەرازووی ئاسمانی مەسەلەکان پێوانە دەکات و بەئایەت بۆ حەزرەتیﷺ دەنێرێ وەك (مەسەلەی ابن مكتوم) و مەسەلەی (زەیدو زەینەب) و. . . هتد. کە ئەو ئایەتانەم لە نامیلکەی (پەیامێکی ئاسمانی) دا باسکردووە.
شتێکی تریش هەیە کە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەموو شتێکی عومەر وەرنەگیراوە، لە رێکەوتنی حودەیبیەدا عومەر زۆر خەمبار بوو ، بەتایبەت ئەو دوو بەندەی کە بگەڕێنەوە لە حودەیبیەوە و ئەو ساڵە عومرە نەکەن ، دووەمیش کە ئەگەر یەکێ لە مەککەییەکان موسڵمان بوو بیگێڕنەوە بۆ کەس وکاری بۆ مەککە. عومەر هاتە خزمەت پێغەمبەرﷺ و وتی: پێغەمبەری خوا، ئایا ئێمە لەسەر هەق نین و ئەوانیش لەسەر ناهەق؟ فەرمووی: بەڵێ، وتی: ئایا کوژراوەکانی ئێمە لەبەهەشتدا نین و هی ئەوانیش لە دۆزەخ؟ فەرمووی: بەڵێ. وتی : کەواتە ئیتر بۆچی ملکەچی لە ئاینی خۆماندا بکەین؟ بۆچی بگەڕێینەوە کە هێشتا خوا حوکمی نێوانمانی نەکردووە؟ فەرمووی: کوڕی خەتتاب من پێغەمبەری خوام و سەرپێچی فەرمانەکانی خوا ناکەم، خوای گەورە پشتیوانیم دەکات و هەرگیز دەست بەردارم نابێت. وتی: ئەی بەڕێزت نەتفەرموو کە ئێمە دەڕۆینە بەیتەوە و تەوافیشی بەدەوردا دەکەین؟ فەرمووی: بەڵێ، بەلاّم ئایا پێم وتیت کە ئەمساڵ ئەڕۆیتە بەیتەوە؟ عومەر وتی: نەخێر. فەرمووی: دڵنیابە دێیتەوە بەیت و تەوافیشی بەدەوردا دەکەین.
پاشان عومەر هەستا و چوو بۆلای ئەبوبەکر، هەرچی وتبوو بە پێغەمبەرﷺ بەویشی وت:

ئەبوبەکریش هەمان وەڵامی دایەوەو، ئەمەشی بۆ زیادکرد، ئەی عومەر دەست بگرە بە چمکی کراسەکەیەوە تا دەمریت، وەڵلاهی پێغەمبەرﷺ لەسەر هەق و راستیە.

پاشان ئایەتی سورەتی (فتح) هاتە خوارەوە: ﴿إِنَّا فَتَحْنَا لَكَ فَتْحًا مُّبِينًا ۝١﴾ الفتح، حەزرەتﷺ ناردی بەشوێن عومەرداو بۆی خوێندەوە، عومەر وتی: پێغەمبەری خوا بە راستی ئەوە فەتحە؟ فەرمووی: بەڵێ. پاشان عومەر لەو هەڵویستەی پەشیمان بووەوە و دەڵێت: بەردەوام خێر و چاکە و نوێژ و رۆژووم دەکرد لە ترسی ئەو قسانەی ئەو رۆژە لەرووی پێغەمبەردا کردم، (لاپەرە ٤٠٢ گولاوی سەرمۆر) .

ئەم رووداوی رێکەوتنی حودەیبیەیە بەڵگەیەکی گەورەیە لەسەر ئەوەی حەزرەتﷺ لە ئاسمانەوە فەرمان وەردەگرێ، چونکە زۆربەی زۆری هاوەڵان دڵگران بوون لەسەرەتاوە پێی، بە تایبەت کەبە بەرچاویانەوە (ئەبو بەصیر) لە مەککەوە هات و موسڵمان بوو بوو، تەسلیمی باوکیان کردەوە و بردیەوە ئەویش دەیووت موسڵمانان چۆن دەمگێڕنەوە بۆ مەککە تووشی فیتنەو ئازارم بکەن. حەزرەتﷺ لەخۆیەوە هیچ ناکات. . دواتر کە سێ جار بە هاوەڵانی فەرموو سەرتان بتاشن و قوربانیەکانتان بکەن، کەس نەجولا لەداخا، حەزرەتﷺ بەئوم سەلەمەی فەرموو شتێکی وابووە، ئەویش وتی: ئەی پێغەمبەری خوا هیچ بەکەس مەڵێ و بڕۆ سەرت بتاشە و قوربانیەکەت بکە، خۆیان ناچار چاوت لێدەکەن، ئەویش کە وای کرد، ناچار موسڵمانان قوربانیەکانیان کرد کە هێنابوویان لەگەڵ خۆیاندا و کە سەری یەکتریان دەتاشی لەداخا خەریك بوو سەری یەکتری لێبکەنەوە، ئایا ئەگەر پێغەمبەر نەبێ، چۆن ئاوا دەکات کە هەموو هاوەڵان بەو سوڵحە ناقایل بوون. (فقه السیرة النبویة/ محمد سعید رمضان البوطی) .

لە مەوقفێکی تریش دا ڕای عومەر وەرنەگیرا، کاتێك حەزرەت ﷺویستی فەتحی مەککە بکات، ئەمەی بەکەس نەوتوو دوعای کرد کە خوا ئەم دەنگوباسە بشارێتەوە و نەگات بە قورەیش، حاتەبی کوڕی ئەبی بەلتەعە کە لە بەدردا بەشداری کردبوو، نامەیەکی بەدزیەوە بە ژنێکدا نارد بۆ قورەیش لەو بارەیەوە، کە خوا کەشفی کرد و چوون ژنەکەیان گرت و نامەکەیان هێنایەوە بۆ حەزرەتﷺ وموحاسەبەی حاتەبی کرد، عومەر وتی : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺحاتەب خیانەتی کردووە و مونافیق و کافرە بابیکوژم، پێغەمبەریشﷺفەرمووی: وازبێنە

عومەر ئەو یەکێکە لەوانەی شەڕی بەدری دیوە، لەوانەیە خوا لوتفی زۆری لەگەڵ خەڵکی بەدردا کردبێت و فەرموویێتی : چی دەکەن بیکەن ئەوا من لێتان خۆش بووم.

عومەر فرمێسك بە چاویا هاتە خوارەوەو وتی : خواو پێغەمبەرەکەی باشتر دەزانن. قورئانیش هاتە خوارەوەو حاتەب بە بڕوادار دائەنێت  بە پێچەوانەی قسەکەی عومەرەوە﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ عَدُوِّى وَعَدُوَّكُمْ أَوْلِيَآءَ تُلْقُونَ إِلَيْهِم بِٱلْمَوَدَّةِ وَقَدْ كَفَرُواْ بِمَا جَآءَكُم مِّنَ ٱلْحَقِّ يُخْرِجُونَ ٱلرَّسُولَ وَإِيَّاكُمْ أَن تُؤْمِنُواْ بِٱللَّهِ رَبِّكُمْ إِن كُنتُمْ خَرَجْتُمْ جِهَـٰدًا فِى سَبِيلِى وَٱبْتِغَآءَ مَرْضَاتِى ۚ تُسِرُّونَ إِلَيْهِم بِٱلْمَوَدَّةِ وَأَنَا۠ أَعْلَمُ بِمَآ أَخْفَيْتُمْ وَمَآ أَعْلَنتُمْ ۚ وَمَن يَفْعَلْهُ مِنكُمْ فَقَدْ ضَلَّ سَوَآءَ ٱلسَّبِيلِ ﴿١﴾﴾ الممتحنة.

## پێنجەم: قسەی شەیتان

ناوبراو دەڵێت: محمد خۆی قسەی شەیتانی وتوە، قسەی شەیتانیشی لە قورئاندا دووبارەکردۆتەوە، وەك لێرەدا دەبینین: ﴿أَفَرَءَيْتُمُ ٱللَّـٰتَ وَٱلْعُزَّىٰ ﴿١٩﴾ وَمَنَوٰةَ ٱلثَّالِثَةَ ٱلْأُخْرَىٰٓ ﴿٢٠﴾﴾ النجم، گوایە شەیتان ئەم چەند وشەیەی خستۆتە سەردەمی پێغەمبەرﷺ بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێ (یان خستویەتیە گوێی کافرانەوە) (تلك الغرانيق العلى وأن شفاعتهن لترتجى) واتە: بەرز و پایەدارن بتەکان و شەفاعەتیان پێدەکرێت و لێیان چاوەڕێ دەکرێت، ئیتر کە کافران گوێیان لەمە بوو هەموو لەگەڵ موسڵماناندا گوایا لە کۆتایی سورەتەکدا کە سوجدەی تیایە سوجدەیان بردووە.

ئەم برادەرە هیچ زەحمەتی خۆی نەداوە تا بزانێ ئەو ریوایەتە زانایانی فەرمووده بەبێ هێز و لاواز و هەڵبەستراو دایان ناوە، جا ئەگەر وابێ بە هەزاران بەناو فەرموودەی لاوازی تر هەیە، بۆ نایهێنی و بیکەی بەماڵ بەسەرمانەوە؟ یان لە هەندێ تەفسیردا کە شتی ناقۆڵا بەهەڵە هاتووە و ریوایەتی بێ بنەما و بێ ئەسڵن، کە زۆری لە دوژمنانی ئیسلامەوە دروست کراوە، بۆ بەسەر ئێمەدا ساغی ناکەیتەوە؟ .

ئنجا ئەمە بە هیچ جۆرێك ناگونجێ ئەو چەند وشەیە تێهەڵکێش کرێت چونکە ئەو ئایەتانەی قورئان هەمووی زەمی بتەکانە، ئیتر چۆن دەگونجێ لەوێدا مەدحیان بکات، یان کافرەکان

ئەوەندە فەقێرن بڕوا بەوە دەکەن. بەلاّم دیارە تۆ هەر نەقلّ کردنت لەسەرە، وادەزانی هەرچی قەشەکان وتیان راستە. . نا برام وانیە!!

ئنجا شتێکی سەیرتر تۆ باسی قسەی شەیتان دەکەی، خواکەی کە تۆ باسی دەکەی باسی شەیتانی لەکوێدا کردووە؟ ! ئاخۆ بڕوات بە بوونی شەیتان هەیە یان نا؟ یان هەر دەتەوێ بازاڕی خۆتی پێ گەرم بکەیت کە بۆشت ناکرێ و بۆت ناچێتە سەر. /تەفسیری قورئانی پیرۆز/ مامۆستا مەلا عثمان عبدالعزیز (ل١٥٠–جزئی١٧ )

## شەشەم: وتەی نەزانراو کە تائێستا خاوەنەکانیان نەزانراوە:

ناوبراو بوختان بۆ قورئان دەکات و دەڵێت (لە ناو قورئاندا گەلێك قسەی جۆراوجۆری تیایە، ناتوانرێت بە ئاسانی ئاشکرا بکرێت، بەلاّم من وای بۆ دەچم، رۆژێك لە ڕۆژان بەهۆی تێکەڵ بوونی شارستانیەتەوە ئاشکرا بن و قسەی فەیلەسوفە یۆنانیە کۆنەکانەکانی چەند هەزار ساڵ پێش زاین دەرچن.

ئاشکرایە کە چەندەها شارستانیەتی زۆر بەهێز بوونیان هەبووە و کاریگەریان بەسەر بیروبۆچوونی مرۆڤەکانەوە هەبووە وەك شارستانیەتی ئاشوریەکان و سۆمەریەکان و یۆنانیەکان و لۆلۆییەکان و گۆتیەکان و. . هتد.

یاخود ئەو یاسایانەی حامورابی دایناون کە زۆر پێش ئیسلام دانراون ئەگەر سەیری بەندەکانی بکەین هاوشێوەی لە قورئاندا دەبینرێتەوە بۆ نموونە (العين بالعين. . .) لە یاساکانی حامورابی و لە قورئانیشدا هەیە) ل٧٤.

**وەلاّم** : ئەو ئایەتەی کە ئەو باسەی تیا هاتووە ئەم نوسەرە وەك هەنگوینی لە دارا دۆزیبێتەوە، هەر تۆزێ زەحمەتی خۆی نەداوە بزانێ قورئان چی دەفەرمووێ: خوێنەری بەڕێز سەیرکە ئەمە چۆن لە قورئاندا هاتووە:﴿ **وَكَتَبْنَا عَلَيْهِمْ فِيهَآ أَنَّ ٱلنَّفْسَ بِٱلنَّفْسِ وَٱلْعَيْنَ بِٱلْعَيْنِ وَٱلْأَنفَ بِٱلْأَنفِ وَٱلْأُذُنَ بِٱلْأُذُنِ وَٱلسِّنَّ بِٱلسِّنِّ وَٱلْجُرُوحَ قِصَاصٌ ۚ فَمَن تَصَدَّقَ بِهِۦ فَهُوَ كَفَّارَةٌ لَّهُۥ ۚ وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٤٥﴾** ﴾ المائدة .

واته/ له تەوراتدا پێویستمان کردبوو لەسەریان کە بەڕاستی هەرکەسێك کەسێك بکوژێت دەبێت بکوژرێتەوە و چاوی یەکێك کوێر بکات دەبێ کوێر بکرێتەوە و لووتی عەیبدار بکات دەبێت لووتی عەیبدار بکرێتەوە و گوێی یەکێك ببڕێت دەبێت گوێی ببڕدرێتەوە و دانی یەکێك بشکێنێت دەبێت دانی بشکێنرێتەوەو، برین و زامەکانیش هەروەها تۆڵەیان بەگوێرەی خۆی بۆ دەسەنرێتەوە، جا ئەوەی لە تاوانبار خۆش ببێت ئەو چاوپۆشی و لێخۆشبوونەی دەبێتە کەفارەتی گوناهەکانی، بێگومان ئەوەی حوکم بە بەرنامەی خوا نەکات کە دایبەزاندووە، ئا ئەوانە هەر ستەمکارن.

سەیرکەن قورئان چەند ئەمینە، خودا دەفەرموێت ئەوەمان لە تەوراتدا باس کردووە، حوکمێکی تەوراتە، خوا بەوە رەحمی کردووە کە چەند تەحریفی تەورات کراوە ئەمەیان لانەبردووە بۆ ئەوەی صدقی قورئان دەربخات، چونکە ئەگەر لایان بردایە دەیان کرد بەهەرا لێمان کوا بۆ لەتەورات دا نیە. لەتەورات دا لە (سفر اللاويين) دا هاتووە، هەروەها لەئینجیلیشدا لە (سفر الخروج) دا هاتووە.

کەواتە قسەتان بۆ نەمایەوە، ئەگەر لە تەورات و ئینجیلدا هاتبێت و هەتا ئێستاش مابێت، ئاساییە کە حامورابیش لەوێوە وەری گرتبێ وخوای گەورەش کە لە تەورات و ئینجیلدا ناردبێتی و لە قورئاندا ئاماژەی بەوەی تەورات و ئینجیل کردبێت، کە ئەو حوکمەی تیابێت، ئیتر هەرکەس قسەی تر بکات زیادەیە.

## شیعری جاهیلی لە قورئاندا:

ناوبراو لە لاپەڕە (٧٥) دا دەڵێت: (ئەم بابەتە یەکێکە لەو بابەتانەی کە قسەی زۆر لەسەرکراوە، چەندەها ئەدیبی عەرەبی ئەمەیان ئاشکرا کردووە، کە شیعری عەرەبی و وێنەی شیعرە جاهیلیەکان بەشێوەیەکی زۆر بەربلاَو لەقورئاندا دووبارە بۆتەوە) .

**وەلاَم/** ئەوەی لەسەرەتاکانی ئەم سەدەیەدا ئەم باسەی خرۆشاند، (طه حسين) بوو، ئەم زاتە چووە فەرەنسا بۆ خوێندن و لەوێ ژنی هێنا و دوژمنانی ئیسلام ئامادەیان کرد کە دوژمنایەتی ئیسلامی پێ بکەن.

جا هەروەك چۆن بەڕێزتان قسەی خۆتان نیە و كت ومت قسەی (هل القران معصوم) ەو كوێرانـە نەقلّتان كردووە، بەهەمان شێوەش (طـە حسين) قسەی خۆی نەبووە و قسـەی رۆژهەلّاتناسـەكان بوو دووبارەی كردەوە، ئەوەتە رۆژهەلاٚتناس (ماسنیۆن) دەلّیٚ:

(لو قرأنا كتب طه حسين لقلنا هذه بضاعتنا رُدت الينا) واتە: ئەگـەر پـەڕاوەكانی طـە حسـين بخوێنینەوە، ئەوە دەلّێین: قسەكانی خۆمانەو بۆمان گەڕێنراوەتـەوە. (پـەڕاوی أحـذرو الاسـاليب الحديثة فی مواجهة لاسلام/ م. د. سعدالدين السيد صالح ل١٢٧) . طە حسين پـەڕاوێكی نووسـی بەناوی (فی الشعر الجاهلی) كە هۆی نوسینەكەیو بیرۆكەكەی دەگەڕێتـەوە بـۆ رۆژهەلاٚتناسـی جوولەكە (مرجليوث) ، نوسینەكەی طە حسين وەك پەڕاوێزێكە بۆ نووسینێكی (مرجليوث) كـە لە گۆڤاری (الاسيوبية) دا بلاٚوی كردبووەوە بە زمانی ئینگلیزی لە سالّی ١٩٢٥دا بە ناونیشـانی (نشأه الشعر الجاهلی) ، لێكۆلّەران دەلّێن كە (مرجليوث) داوای كردووە لە (طه حسين) كە ئـەو بابەتە بنوسیٚ (ل٦٣ مشكلات فی طريق التربية الاسـلامية/ د. السـيد أحمد فـرج) . هـەر لـەو سەردەمەدا بەدەیان كەس وەلاٚمی وڕێنەكانی (طه حسين) و هاوشـێوەكانیان دایـەوە، تەنانـەت ئیمام بەنناش لە كۆڕێكدا لەسەر ئەو بابەتە زۆر بە زانستیانە وەلاٚمی دایەوە، كە (طـە حسـين) یش ئامادە بوو خۆی ئاشكرا نەكردبوو، وە دواتر وتبووی كە وەلاٚمەكەی زۆر بـەدلّ بـووە و زۆر لەمستوایەكی بەرزدا بووە. ئنجا ئەوەشمان بیر نەچێت كە شـێخ متـولی شـعراوی دەلّێـت (طـە حسين لە كۆتایی ژیانیا تەنها گوێی لە قورئان دەگرت و لـە زۆر بۆچـوونە هەلّـەكانی پەشـیمان بووبووەوە/ (سەیری گۆڤاری المجتمع بكە- ژ/ ١٤٢٧لـە١٣/١٠/٢٠٠١) دا. ئـەو شـیعرەی كـە (هـل القرأن معصوم) هێناویەتیو ئەم برادەرەی لای خۆشمان نـەقلّی كـردووە، ئـەم شـیعرەش گوایـە شیعری (أمروء القيس) ە كە شاعیرێكی جاهیلی بووە:

دنت الساعة وانشق القمر — عن غزال صاد قلبى ونفر
أحور قد حرت فی أوصافه — ناعس الطرف بعينيه حور
مر يوم العيد بی فی زينة — فرمـــانی فتعاطی فعقر
بسهام من لحاظ فـــاتك — قـــر عني كهشيم المحتظر
واذا ماغـاب عني ساعة — كـانت الساعة أدهی وأمر

كتب الحسن على وجنتيـــــه — برحيق المسك سطرا مختصر
عادة الاقمار تسرى فى الدجى — فرأيت اليل يسرى بـــالقمر
بـــــالضحى واليل من طرته — فرقه ذا النور كم شىء زهر
قلت اذ شق الــــــعزار خذه — دنت الساعة وأنشق القمر

ناوبراو كه قسەی خەڵكی تره و قسەی خۆی نیه دەڵێت: لەبەرئەوەی هەندێ وشەی تیـا هـاتووه كه له قورئانیشدا هاتووه كەواته قورئان لەشیعری جاهیلیەوه شتی وەرگرتووه. .

**وەڵامی یەكەم/** له جاهیلیەت دا چەند شاعیر هەبوون بەناوی (أمروء القیس) ەوه وەك: أمروء القیس بن حجر بن الحارث الكندی كه (٥٠ ) ساڵێك ژیاوه و له (٨٠) ساڵ بەر له كۆچی حەزرەت كۆچی دوایی كردووه، كه شاعیرێكی ناوداره و ئەو قەشانه ئەویان مەبەسته. (**أمــروء القــیس** السكونی) شاعیرێكی جاهیلیه و زۆر شـیعریمان پێنەگەیشـتووه. (**أمــروء القــیس الكلبــی**) ، (**أمروء القیس الزهری**) ، لەسەردەمی ئیسلامیش دا شاعیرمان هەیه بـه هــەمان نـاوەوه وەك أمروء القیس بن عابس بن المنذر بن أمروء القیس بن السمط كه له كندەوه بەوەفد هات بۆلای حەزرەتﷺ موسڵمان بوو. ئەمە هۆنراوەیەكێتی:

قف بالديار وقوف حابس — وتــــأن انــــــك غير أيس
لعبت بهن العــــاصفات — الـــــرائحات من الروامس
مـــاذا عليك من الوقوف — بهـــــا لك الطللين دارس
يــــــــارب باكية على — ومنشد لى فى المجـــــالس
أوقائل: يـــــا فــــــارسا — مـــــاذا رزئت من الفوارس
لاتعجبــــوا أن تسمعــوا — هلك أمرؤ القيس بن عابس

ئێمه وادەزانین كه ئەو شیعرەی قەشەكان هێناویانه شیعری ئەم شاعیرەیه نەك (أمرؤ القیس) ە كۆنەكه. .

شایانی باسه (طـه حسین) یش دەڵێت لەكتێبەكەیدا (فی الشعر الجاهلی) هەرچی كه وتراوه هـی (أمروء القیس) ە هی ئەو نیه تەنها دوو شیعر نـەبێت: قفا نبـك مـن ذكـرى حبیـب ومنـزل ، هەروەها/ ألا أنعم صباحا أيها الطلل البالى

**وەڵامی دووەم/** ئنجا دیوانی أمروء القیس ئەگەر وادانێین هەموو شیعرەکانیشی کە تیا بڵاوکراوەتەوە شیعری (أمروء القیس) ن باشە خۆ دیوانەکەی هەیەو هەموو کەس دەتوانێت بیپشکنێت، ئەو شیعرە لەدیوانەکەیدا نیە.

ئەی ئەم شیعرە لەکوێوەهات؟ ؟ ئەمە لەپەڕاوی (فیض القدیر شرح الجامع الصغیر) دا ئیمام مەناوی ئەم شیعرە دێنێ و دەڵێ هی (**أمروء القیس**) ە بەڵام کام (**أمروء القیس**) کە لەدیوانەکیدا نەبێت و کەسی تر شتی وای باس نەکردبێ دیارە هی (**أمروء القیس**) ە موسڵمانەکەیەو ئەویش ئەو وشانەی لەقورئانەوە وەرگرتووە نەك بەپێچەوانەوە. (سەیری (المدونه) ی (**الحقیقه**) بکە لەئینتەرنێت دا.

**وەڵامی سێیەم/** عەرەبەکان شارەزایی تەواویان هەبوو لەشیعری جاهیلیدا باشە **محمد**ﷺ لەو شیعرانەی بدزیایە (حاشا لەو) نەیاندەکرد بەهەرا لێی، من بۆ خۆم نزیکەی دە پەڕاوم نوسیوە کە چەند هەزار لاپەڕەیە، یەك دێڕی خۆم گوێ لێ بێ لە رادیۆوە یان لەکتێبێکدا بیبینم دەیناسمەوە، قابیلە ئەوان شتی وا لەپێغەمبەرﷺببینن و لێی بێ دەنگ بن، خۆ بەئاشکرا پڕوپاگەندەیان بۆ دەکرد شاعیرە، شێتە، کاهینە، جادووگەرە، بەڵام خۆشیان لەناو خۆیاندا یەقینیان هەبوو کەوانیە، بۆیە دوایی زۆریشیان موسڵمان بوون، وەك ئەبوسوفیان کە یەکێك بوو لەسەرکردە ناودارەکانیان، هەروەها خالید، هەروەها عکرمەی کوری ئەبو جەهل و. . . هتد.

**وەڵامی چوارەم/** هەر لەو زەمانەدا شاعیری گەورە وناودار موسڵمان بوون، وەك

**شاعیری یەکەم:**(کعب کوڕی زوهەیر) کە خۆی و باوکیشی شاعیر بوون و پێی وتراوە (شاعیری کوڕی شاعیر) ، پێشتر لە طائف بەشیعر هەجوی پێغەمبەری دەکرد، هات بۆلای حەزرەتﷺو موسڵمان بوو ئەم شیعرەشی وت لە مەدحی ئەو زاتە پایەبەرزە و یارانیدا:

بانت سعاد فقلبی الیوم متبول     متیم اثرها لم یفد مکبول
وما سعاد غداة الطرف اذ رحلوا     الا أغن قریر العین مکحول

یان کە دەڵێت:

ان الرسول لنـــــور یستضاء به     مهند من سیوف الله مسلول
فی عصبة من قریش قال قائلهم     ببطن مکة لما أسلموا زولوا

شم العرانين أبطال لبؤسهم          من نسج داود فى الهيجا سرابيل

ئەڵێن کە ئەم هۆنراوەیەی وت: حەزرەتﷺ بوردەکەی خۆی پێشکەش کرد. چەند شاعیرێکی تریش موسڵمان بوون، وەك (ضرار بن الخطاب، عبدالله بن الزبعري، أبو سفيان بن الحارث، الحارث بن هشام، العباس بن مرداس) (ل٨٠٢/ السيرة النبوية/ الصلابي)

## شاعیری دووەم: ئومەیەی کوڕی سەڵت: ل٨٤-٩٠

ئومەیە شاعیرێکە لەهۆزی (ثقیف) و لە (طائف) دەژیاو، باوکیشی شاعیر بوو، یەکێکە لەوانەی کە (حنفاء) یان پێ دەوترێت و بە بت پەرستی رازی نەبوون، کە زانی پێغەمبەرﷺ هەڵبژێردراوە (طائف) ی بەجێهێشت لەگەڵ دوو کچەکەیداو رووی کردە یەمەن، لەنێوان یەمەن و بەحرەین و مەککەو شام و مەدینەو طائف دا هاتوچۆی دەکرد و زۆر دەگەڕا، ریوایەتێك دەڵێ: جارێك لە مەککە حەزرەتیﷺ بینیوە و گوێی لە سورەتی یس گرتووە و بەکافرەکانی وتووە کە محمد لەسەر هەقە.

وە لە هەندێ ریوایەت دا هاتووە کە ویستویەتی بێت بۆ مەدینە و موسڵمان بێت کافرەکان ساردیان کردۆتەوە و یادیان خستۆتەوە کە لە بەدردا محمد خزمەکانی کوشتووە و بەمەش لە موسڵمان بوون گەڕاوەتەوە و شیعرێکی بەسەر کوژراوەکانی بەدردا داناوە و دەڵێن لە ساڵانی نێوان ٢ ی کۆچی تا ٩ی کۆچی بەکافری مردووە.

ئومەیە دیوانێکی هەیە هەندێ شیعری خۆیەتی و زۆریشی هی خۆی نیە، رۆژهەڵاتناسی بیانی (تور أندریه) و (بروکلمان ویراو) ، هەروەها لەئەدیبە عەرەبەکان (د. طه حسین) و (شیخ محمد عرفه) و (دکتۆر عمر فەروغ) و (دکتۆر شوقی ضیف) و (دکتۆر جواد علی) (بەهجەت حەدیسی) دەڵێن ئەو شیعرانەی کە باسی پێغەمبەرانی پێشوو، حسابی قیامەت، بەهەشت وجەهەننەم، قیامەت، دروست کردنی ئاسمان و زەوی دەکات و هی ئەو نین و هی کەسێکی ترە و بەناوی ئەوەوە خراوەتە دیوانەکەیەوە.

خاڵێکی تری گرنگ ئەوەیە کە ئەو دوژمنایەتی پێغەمبەری دەکرد ئەگەر بیزانیایە کە محمدﷺ کەمترین شتی لێوەرگرتووە، چۆن نەی دەکرد بەهەراو دونیای تێنەئەگەیاند، ئەی قوڕەیشیەکان

چۆن بێدەنگ دەبوون، لەکاتێکدا ئەوان قسە و باسی شەو و ڕۆژیان و موناسەبەتیان شیعر بووە. (دەتوانی سەیری پێگەی (دیوان العرب) بکەی لە ئینتەرنێت دا www. diwanalarab. com)

## شاعیری سێیەم: رۆبە بن العجاج:

ناوبراو لەلاپەڕە (٩١) دا باسی ئەم شاعیرە دەکات گوایە باسی ڕووداوەکەی (ئەصحاب الفیل) ی کردووە و لەدوای چەند ساڵێك قورئان هاتووە و سوودی لەم قەسیدەیەی وەرگرتووە، شیعرەکە ئەمەیە:

ومسهم مامس أصحاب الفيل ترميهم بحجارة من سجيل
ولعبت طير بـــــهم أبـــابيل فصيروا مثل كعصف مأكول

جا ئەگەر ڕاستیش بێت، کە ڕاستیش نیە و دوایی باسی دەکەم، ئەمە لەکوێ و بەلاغەتی قورئان لەکوێ: ﴿أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِأَصْحَابِ الْفِيلِ ﴿١﴾ أَلَمْ يَجْعَلْ كَيْدَهُمْ فِي تَضْلِيلٍ ﴿٢﴾ وَأَرْسَلَ عَلَيْهِمْ طَيْرًا أَبَابِيلَ ﴿٣﴾ تَرْمِيهِم بِحِجَارَةٍ مِّن سِجِّيلٍ ﴿٤﴾ فَجَعَلَهُمْ كَعَصْفٍ مَّأْكُولٍ ﴿٥﴾﴾ الفیل

ناوبراو لە ل٩٢ پەڕاوێزەکەیدا دەڵێت: باشە چۆن خوداکەی ئیسلام بەلایەوە گرنگترە کە بت پەرستەکانی مەککە سەربکەون بەسەر ئەبرەهەدا کە یەکتاپەرست بووە؟ ؟

**وەلاّم** : ئەم برادەرە تەنها قسەی قەشەکان دەکاتەوە کە لە (هل القران معصوم) دا دەیکەن، ئاخر ئەبرەهە هاتبوو کەعبە بڕوخێنێ، نەهاتبوو لەگەڵ بت پەرستەکان بجەنگێ، نەهاتبوو کەعبە لەبت پاك بکاتەوە، ئەو بۆخۆی پەرستگایەکی لەشێوەی کەعبەدا دروست کردبوو لە یەمەن و دەیویست عەرەبەکان ڕووبکەنە ئەوێ، خواش کە بەو موعجیزەیە لەناوی بردن لەبەر خاتری پیرۆزی کەعبە بوو نەوەکو لەبەر خاتری عەرەبەکان، خوداکەی ئیسلام وەك تۆ دەڵێیت مەگەر ئەو عەرەبانەی ژێرە و ژوورو ریسوا نەکرد کە بەرانبەر محمدﷺ وەستانەوە. کەی مەسەلەکە یەکتاپەرستی ئەبرەهەیە، ئنجا ئەبرەهە تۆ چوزانی یەکتاپەرست بووە؟ ؟ گاورەکان سێ خوا دەپەرستن و بەیەکتاپەرست حساب ناکرێن.

لە ئینتەرنێتدا گەڕام بەشوێن ناوی ئەو شاعیرەدا، لەمەوقعی مەکتەبەی ئیسلامیدا/ التأریخ والتراجم/ سیر أعلام النبلاء/ الذهبی، لەباسی ئەو شاعیرەدا دەڵێت: (رؤبة بن العجاج)

التميمى، الراجز من أعراب البصرة، وكان رأسا فى اللغة، وكان أبوه قد سمع من أبى هريرة، قال خلف الاحمر سمعت رؤبة يقول مافى القرأن أعرب من قوله تعالى ﴿ فَٱصْدَعْ بِمَا تُؤْمَرُ وَأَعْرِضْ عَنِ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿٩٤﴾ ﴾ الحجر، توفى سنة خمس وأربعين ومائة هجرية. له عەصری ئەمەویدا ژیاوە، لە عەصری جاهیلیدا (رؤبة الثعلبی) هەبووە (سەیری موقعی موسوعة الشعر والادب والتراث العربی) بکە. کەواتە ئەمەش وەکو ئەوانی تر هیچی بەسەر هیچەوە نیە و مەسەلەکە جێی گومانەو، دوور نیە ئەو چەند دێڕە لە دوای هاتنی قورئانەوە نەوترابێ، ئاخر شەش هەزار و شەش سەد ئایەت لە شیعری کێوە وەردەگیرێ، لەکاتێکدا گەورە شاعیرانی کۆن و نوێ لەخزمەتیا بەچۆکادێن. .

تۆزێ لە خوا بترسن، چ شاعیرێك چ ڕۆمان نوسێك، چ گەورە پیاوێك بێجگە لە پێغەمبەران توانیویەتی بەرنامە و پەیامی ژیان بهێنێ و شارستانیەتیەك دروست بکات کە چواردە سەدە درێژەی کێشا و بەشایەتی دوژمنانی پێش دۆستەکان، ئەوروپیەکان زۆر سوودیان لێوەرگرت و توانیان شارستانیەتی خۆیانی لەسەر دامەزرێنن و قەرزاری ئیسلام و شارستانیەتی ئیسلامن.

## شاعیری چوارەم: زەیدی کوڕی عەمری کوڕی نوفەیل:

ناوبراو دەڵێت: (ئەم شاعیرە خۆی بەدوورگرتبوو لە پیسی و بت پەرستی دوور ئەکەوتەوە، تەنها دینی ئیبراهیم نەبێت و خودای بە تاك و تەنها دادەنا، ئەم شاعیرە پێش محمد ئامۆژگاری قوڕەیشیەکانی کردووە کە دووربکەونەوە لەبەدڕەوشتی) . ئنجا چەند دێڕ هۆنراوەی دەهێنێ کە ئەگەر وشەیەکی لەوشەیەکی قورئان بچێت، ئەوا تۆمەتەکە ئامادەیە و قورئان گوایە لەو شتی وەرگرتووە.

زەیدی کوڕی عەمر مردووە پێش ئەوەی پێغەمبەرﷺ ببێ بە پێغەمبەرو (سعید) ی کوڕی ئیمانی بە پێغەمبەرﷺ هێناوە و یەکێکە لەو دە کەسەی کە مژدەی بەهەشتی دراوەتێ. ئاخر یەکێکی وەك سەعید کە کوڕی ئەو شاعیرەیە و بەچکە شاعیرە بزانێت محمدﷺ لە شیعرەکانی باوکیەوە ئایەتی ڕێك خستووە چۆن ئیمانی پێ دەهێنا و دەبووە یەکێ لە (عەشەرەی موبەشەرە) . ئنجا هەندێ لەو شتانەی کە زەید وتویەتی و لە ئاینی (ئیبراهیم) ەوە (سەلامی

خوای لیٚ بیٚ) بۆی ماوەتەوە و وەری گرتووە، لەیەکتاپەرستی و باسی سزاو پاداشت و شتی تر، زۆر ئاساییە کە لەئیسلامیشدا باس لەو شتانە کرابیٚت، پیٚشتر ئاماژەم بۆ کرد کە پیٚغەمبەران (سەلامی خوایان لیٚبیٚ) هەموویان یەکتاپەرستیان فیٚری خەڵك کردووە. قورئان لەسەدان ئایەتدا جەخت دەکاتە سەر بەرنامەی پیٚغەمبەران و بەحەزرەت دەفەرمویٚت ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَى ٱللَّهُۖ فَبِهُدَىٰهُمُ ٱقۡتَدِهۡۗ قُل لَّآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ أَجۡرًاۖ إِنۡ هُوَ إِلَّا ذِكۡرَىٰ لِلۡعَٰلَمِينَ ﴿٩٠﴾ ﴾ الأنعام ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِيٓ إِلَيۡهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعۡبُدُونِ ﴿٢٥﴾ ﴾ الأنبياء، ئەوانە لەلایەن خواوە هیدایەت دراون تۆش بیانکە بە سەرمەشق بۆ خۆت و، سوننەت و یاسای خوا بۆ پیٚغەمبەران لای تۆش دووبارە دەبیٚتەوە.

## شاعیری پیٚنجەم: النابغة الذبیانی:

ناوبراو شیعریٚکی هیٚناوە کەدەڵیٚت:

الخالق الباری المصور فی　　　الارحام ماء حتی یصیر دما

گوایە قورئانیش کە باس لە الخالق الباری المصور دەکات لەمەوە وەری گرتووە کە ئەمە هەر شایانی باس نیە، قورئان دەفەرمویٚت: ﴿ هُوَ ٱللَّهُ ٱلۡخَٰلِقُ ٱلۡبَارِئُ ٱلۡمُصَوِّرُۖ لَهُ ٱلۡأَسۡمَآءُ ٱلۡحُسۡنَىٰۚ يُسَبِّحُ لَهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ﴿٢٤﴾ ﴾ الحشر.

یان ﴿ هُوَ ٱلَّذِي يُصَوِّرُكُمۡ فِي ٱلۡأَرۡحَامِ كَيۡفَ يَشَآءُۚ ...﴿٦﴾ ﴾ آل عمران. لەوە ئەچیٚ پیٚغەمبەر ئیش وکاری نەبووبیٚ گەڕابیٚ بە شیعری شاعیراندا بۆ ئەوەی لە هەریەکەوە شتیٚك وەرگریٚت، هاوەڵان شایەتن، کە هەموو سورەتی ئەنعام بەیەك جار دابەزیوەتە سەر دڵی حەزرەت و یەکسەر هاتۆتە بەری و بۆ هاوەڵانی خویٚندووە کە (١٦٥) ئایەتە، ئنجا قورئان ئوممەتیٚکی بە پیٚی بەرنامەیەك دروست کردو بیٚجگە لە موعجیزەکانی قورئان، حەزرەتﷺ بۆ خۆی چەندەها موعجیزەی هەبووە کە هاوەڵانی بینیویانە و مایەی هیدایەتی کەسانیٚکی زۆر بوون.

جا ئەگەر کارەکە ئەوەندە ئاسان بووبیٚ لە هەرکەسەو شتیٚك، کە ئەوسا نەدیوانی شیعر هەبووە و نە رۆمان وچیرۆك و نەکتیٚبی فەلسەفە کە چاپ کرابن و لەبەردەستابووبن و حەزرەتﷺ لیٚی

هەڵبژاردبن، باشە بۆ کەس پێش حەزرەتﷺ لەو هەموو زاناو دانایەی عەرەب قورئانێکی وەك ئەمەی محمدی نەهێنا کە تەحەددایان دەکات و، ئنجا لەدوای خۆشی ئەوە هەزارو چوار سەد ساڵە ئەو هەموو کەڵە شاعیر و نووسەرە گەورەیەی دونیا و، ئێستاش کە زەمانی عەولەمەو راگەیاندن و ئەنتەرنێتە بۆ کەس پەیڕەوو پەیامێکی وەك قورئان ناهێنێ؟ ئنجا هەمیشە کەسانێك رەنگە پرسیار بکەن ئاخۆ ئەم پەیامە هەقە ﴿وَيَسْتَنْبِئُونَكَ أَحَقٌّ هُوَ ...﴿٥٣﴾﴾ یونس، پێیان بڵێ: بەڵێ بەخوای پەروەردگارم هەقە و ئەگەر شوێنی نەکەون لەدەست خوا دەرناچن ﴿...قُلْ إِي وَرَبِّي إِنَّهُ لَحَقٌّ وَمَا أَنْتُمْ بِمُعْجِزِينَ ﴿٥٣﴾﴾ یونس . ئنجا ناوبراو لەلاپەڕە (١٠٠) دا باسی (الاعشی) دەکات و لە (١٠٢) دا باسی (قس بن سعادە) دەکات و هەمان قەوان لێ ئەداتەوە کە ئێمەش هەمان وەڵامان هەیە.

## بیرە بنەڕەتیەکانی قورئان لە شیعری جاهیلیدا

### یەکەم: پاداشت وەرگرتنەوە بە پێی کردەوەی چاکە

ناوبراو دەڵێت: پاداشت و سزا یەکێکە لە بنەڕەترین بیری قورئان، کە پشتی پێ بەستووە، تاکە هۆکاری مانەوەی دینی ئیسلام ترساندنی شوێنکەوتوانی بە سزاو هاندانێتی بە پاداشت و بەهەشت، ئەگەر بێت و ئیسلام خاڵی بکەینەوە لەم بیرە ئەوا لە کەمترین کاتدا شوێنکەوتوانی نامێنن. گوایە شاعیر (علاف بن شهاب التمیمی) لەسەر ئەم بابەتە پێش قورئان شیعری وتووە:

ولقد شهدت الخصم یوم رفاعه     فـــأخذت منه خطة المغتال
وعلمت أن الله جـــاز عبده     یوم الحساب بأحسان الاعمال

### دووەم: باس لە زیندوبوونەوە دەکات کە لە شیعری شاعیرانی زوودا هاتووە. .

### سێیەم: باسی بڕوابوون دەکات کە ئەویش لە شیعردا هاتووە. .

وەڵامی ئەمانە ئاسانە چونکە پێش پێغەمبەرﷺ سەدو بیست وچوار هەزار پێغەمبەر بۆ گشت گەلانی سەرزەوی نێردراون و ئەوەش رەنگی داوەتەوە لە شیعری شاعیراندا. . ئەوەتا حەزرەتﷺ ئەفەرموێ (ان مما أدرك الناس من كلام النبوة: اذا لم تستح فاصنع ماشئت)

بخاری/ واته ئەوەی کە خەڵکی لە قسەی پێغەمبەرانی پێشوو بۆیان ماوەتەوە ئەگەر شەرمت لەخوا نەکرد چی دەکەی بیکە. کەواتە بەشایەتی ئەم قسەیەی حەزرەتﷺ خەڵکی لە فەرمایشتەکانی پێغەمبەرانەوە شتیان بۆ ماوەتەوە، مەگەر کەسانێك نەبوون هەر لە مەککەدا کە خۆیان بە شوێنکەوتەی حەزرەتی ئیبراهیم دەزانی.

ئنجا تەورات و ئینجیل و زەبوور بەردەوام کاریگەریان نەبووە لەسەر گاورو جولەکەکان و لەوانیشەوە باسی قیامەت و پاداشت و سزاو زیندووبوونەوە نەدراوە بەگوێی خەڵکدا، ئیتر ئەگەر شاعیرێك لە شیعرێکدا ئاماژەی بۆ شتێ لەوانە کردبێ چی تیایە؟

جا قورئان نەك لە کەسەوە هیچی وەرنەگرتووە، تەنانەت لە تەورات و ئینجیلیشەوە کە پەیامی خوایی بوون و تەحریفاتیان تیا کراوە هیچی وەرنەگرتووە، بگرە هەڵەو تەحریفاتیشی بۆ راست کردونەتەوە، یەکێ لە هەڵەکانی ئینجیل کە تەحریف کراوە دەڵێ: خوا ئاسمانەکان وزەوی لە شەش رۆژدا دروست کرد و لە ڕۆژی حەوتەم دا پشووی دا.

قورئان ئەمە راست دەکاتەوە بۆیان﴿ وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ وَمَا مَسَّنَا مِن لُّغُوبٍ ﴿٣٨﴾ ﴾ ق . واتە: ئاسمانەکان و زەویمان لە شەش رۆژدا دروست کرد و ماندوونەبووین تا پشوو بدەین، ئنجا کەئەوە هەڵەیەکی گەورەیە ئێستا لە چاپی تازەدا گاورەکان گۆڕیویانە و من لە ئینجیلی تازەدا بینیومە کە دەڵێت: خوا ئاسمانەکان و زەوی لە شەش رۆژدا دروست کرد و لە ڕۆژی حەوتەمدا لە کارەکانی بووەوە. تەحریفاتیان چاپ لەدوای چاپ بەردەوامە، دووسەد زانا پاش سی ساڵ دیراسەتی ئینجیلەکان لە پەیمانگەی ویستەر لە ئەمریکا دەڵێن : تەنها ١٦٪ ی ئینجیل راستە و باقیەکەی هەڵبەستراوە. کەچی شەرم ناکەن و دێن باسی قورئان دەکەن کە ئەگەر لەغەیری خواوە بهاتایە چواردە سەدەیە تەحریف دەکرا و ناتەواوی و نەگونجاوی و دژبەیەکی تیا دەردەکەوت

﴿ أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلْقُرْءَانَ ۚ وَلَوْ كَانَ مِنْ عِندِ غَيْرِ ٱللَّهِ لَوَجَدُوا۟ فِيهِ ٱخْتِلَٰفًا كَثِيرًا ﴿٨٢﴾ ﴾النساء

﴿ أَمْ يَقُولُونَ ٱفْتَرَىٰهُ ۖ قُلْ إِنِ ٱفْتَرَيْتُهُۥ فَلَا تَمْلِكُونَ لِى مِنَ ٱللَّهِ شَيْـًٔا ۖ هُوَ أَعْلَمُ بِمَا تُفِيضُونَ فِيهِ ۖ كَفَىٰ بِهِۦ شَهِيدًۢا بَيْنِى وَبَيْنَكُمْ ۖ وَهُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٨﴾ ﴾الأحقاف. ﴿ أَمْ يَقُولُونَ ٱفْتَرَىٰهُ ۖ قُلْ إِنِ ٱفْتَرَيْتُهُۥ فَعَلَىَّ إِجْرَامِى وَأَنَا۠ بَرِىٓءٌ مِّمَّا تُجْرِمُونَ ﴿٣٥﴾ ﴾ هود

## هەڵــەی زانســتی لــە قورئــاندا

بەکورتی ناوبراو دەڵێت: بەهۆی پێشکەوتنی زانستەوە لەم سەردەمەدا قورئان هەڵــەی زانستی زۆری تیادۆزراوەتەوە لە هەموو بوارێکدا، جا لەبەرئەوەی گوایە لەکتێبی (هــل القــرأن معصوم) دا باسکراوەو کراوە بەکوردی گوایــە ئــەم نایــەوێ دووبــارەی بکاتــەوە. . بــەلاّم وەك پوختەیەك لە چەند خالێکدا بەکورتی ئاماژەی پێدەکات و تەنها قســەکانی ئــەوان دەکاتــەوە و شتی تازەی پێنیەو هیچی هی ئەو نیە؟ !!. . کە ئەمەش لە لاپەڕە (١١٥تا١٢٨) ە.

**پێشەکی لە وەلاّمی دا** دەڵێم : تۆ چی لە زانست دەزانی لە چاو ئەو گەورە زانایانــەی دونیــادا کە لەسەر ئاستی جیهان حسابیان بۆ دەکرێت، جا کە ئەوانە پاش لێکۆڵینەوەی زۆر بڵێن قورئان لەگەڵ زانست دا دەگونجێ بە پێچەوانەی تــەورات و ئینجیلــەوەو ئــەوان پــەڕاویان لەســەر ئــەم مەسەلەیە بلاّوکردبێتەوە بە چەندەها زمان و ئنجا موسڵمان بووبن، قەشەکانی ناسیاوت دەڵێن چی؟ ! خۆ ئەگەر ئەڵێی وانیە سەیری (یوتیوب) بکــە لەســەر ئەنتــەرنێت و بنوســە (اسلام العلمــاء) موسڵمان بوونی زانایان، بزانە بەسەدان بابەتی دەنگ و رەنگت پیشان ئەدات یان نا؟ ؟

ئاخر گەنجی کورد کە دەسەلاّتــداران لەم ولاّتەدا بەرە و داهاتوویەکی نادیار ئەیانبەن و هەرچی هەیە بۆ خۆیان و لایەنگرانیان قۆرخیان کردووە و ژێرخانی ئابووریان کــاول کــردووە و بــەدەیان هەزار لاوی بێکار هەیە و بەدەیان هەزار لاوی کوڕ و کچ ناتوانن خێزان پێکــەوە بنــێن، ئەگــەر تۆزێ عەقیدە و بیروباوەڕێکیان هەبێ لەبەرژەوەندی کێ یە چەواشــە بکــرێن و ســەرقاڵ بکــرێن بەشتانێکەوە بەڵگە نەویستە؟

کۆمــەڵێ قەشە و دەزگای مژدەدانی مەسیحی بۆ مەبەستێ ئەوە دەکەن، کۆمــەڵگای کوردەواری چی داوە لەو دەردەسەری یە؟ ! ئەگەر بۆ ئەوەیە ناودار‌بیت بەم نامیلکەیەی کــە قســەی خــۆت نیە؟ ! برا رێی تر زۆرە بۆ ناوداری، ئەگەر خــاریج و پەنابەریسیاســیت دەوێ رێــی تــر هەیــە، بەرۆکی ئیسلام بەردەن باشە، با وەك بزنە شێتەکەتان لێ نەیەت کە شەڕەقۆچی لەگەڵ شاخێکدا دەکرد، سەرەنجام قۆچەکانی خۆی شکا؟ !

ئەگەر لیستی ناوی زاناکان بنوسم رەنگە زۆری بوێ، یان باسیان بکەم ئەوە قەبارەی نوسینەکە زۆر زیاد دەبێت بەڵاّم بەسەدان کەسی ناودارم لەپەڕاوی ژیانەوە و بەرەو ئیسلام و پەڕاوەکانی ترمدا باسم کردووە هەرکەس دەیەوێت بەئاسانی دەست دەکەوێت.

**لەو زانایانەش زۆر بەکورتی:** (وێنەی کەسایەتیەکان لە پەڕەی هاوپێچدا ل٥٥).

١- پڕۆفیسۆر مۆریس بۆکای گەورە جەڕاحی فەڕەنسی کە پەڕاوی (تەورات و ئینجیل و قورئان لەژێر رۆشنایی زانستی سەردەم دا) ی نووسی، موسڵمان بوو، وە سەلماندی کە قورئان دژایەتی تیا نیە لەگەڵ زانستی سەردەم دا.

٢- پرۆفیسۆر (**کیث** مۆر) ی کەنەدی یەکێکە لە دوانزە پڕۆفیسۆرەکەی جیهان کە بۆ هەموو شتێکی زانستی کۆرپەلەزانی پرس بەوان دەکرێت. کە موسڵمان بوو، کتێبێکیشی لەبارەی کۆرپەلەزانیەوە هەیە و بۆ زیاتر لە سی زمانی جیهانی وەرگێڕدراوەو لە زانکۆکانی پزیشکی جیهان دا دەخوێنرێت، ئەم زانایە دوای موسڵمان بوونی ئایەت و فەرموودەیتایبەت بەبواری زانستی کۆرپەلەزانی زیادکرد بۆ پەڕاوەکەی.

٣- دکتۆر موراد هۆفمان: سەفیری ئەڵمانی کە بەقەناعەتی تەواوەوە موسڵمان بوو، وە نوسینی زۆرە لەسەر ئیسلام.

٤- هیرالال غاندی: کە یاساناسێکی هیندی یەو کوڕی سەرکردەی هیندی غاندی یەو لەهیندۆسیەوە موسڵمان بوو.

٥- دکتۆر جفری لانگ: کە لەزانکۆکانی ئەمریکادا پسپۆڕە لەبواری ماتماتیك داو چەند پەڕاوێکی نوسیوە لەوانە (دفاع عن الاسلام) و (حتى الملائكه تسأل) کە لەزمانی ئینگلیزی یەوە کراون بەعەرەبی.

٦- گۆرانیبێژی بەریتانی کات ستیڤنس، گۆرانیبێژی ئەمریکی (لۆن) و (سیلەرز) و دەیان کەسی تر لەبواری هونەردا.

٧- لەبواری وەرزشی دا (تایسۆن، محمد علی کلای، تیری هنری) و دەیانی تر.

٨- پڕۆفیسۆر ئارسەر ئەلیسۆن کەلە ناودارترین زاناکانی ئەندازەی کارەبایی و ئەلیکترۆنیەو خەڵکی بەریتانیایە.

٩- پرۆفیسۆر لۆرنس براون کە یەکێکە لەگەورە جەراحەکانی چاو لەجیهاندا کە ئەمریکیەو زۆر بەناوبانگە، لەهێزی ئاسمانی ئەمریکیدا کاری کردووە وبەپلەی مەیجەر خانەنشین کراوە ئێستاش خەستەخانەیەکی گەورەی چاوی هەیە لەئەمریکا.

١٠- حەمزە یوسف کەماوەیەك لەکۆشکی سپی ئەمریکیدا راوێژکار بوو.

١١- سیلما ئیهرام کەبەکالۆریۆسی هەیە لە (بیۆلۆجیای دەریایی) و خەریکی مژدەدان بووە لەساڵی ١٩٧٦دا موسڵمان بوو. لەساڵی ٢٠٠٧دا یەکەم ئافرەتی موسڵمانە کە هەڵبژێردرا بۆ پەرلەمانی ئوستورالی.

١٢- دکتۆرە ئینگرید ماتسۆن لە ئەمریکا، کە لە ساڵی ٢٠٠٦دا بوو بەسەرۆکی کۆمەڵەی ئیسلامی لە ئەمریکای باکوور کە سەد هەزار ئەندامی چالاکی هەیە.

١٣- سیاسەتمەداری سویسری (دانیل ستریتش) کە دژایەتی منارە و مزگەوتی دەکرد لە سویسرا ودوایی موسڵمان بوو.

١٤- میلیسیا کۆکینس کە ئافرەتێکی مژدەدەری چالاك بوو لەساڵی (٢٠٠٢) دا موسڵمان بوو بەکالۆریۆسی لە (تمریض) دا تەواوکردووەو فەرەنسی و ئینگلیزی و یۆنانی و عەرەبی دەزانێ و ئێستا دەیەوێت لەمۆنتریال بنکەیەك و کۆفیەك بکاتەوە تا زانیاری لەسەر ئیسلام پێشکەش بکات بەبێ بەرامبەر.

١٥- بانگخواز پیێر فۆگڵی ئەڵمانی کە زیاتر لە سێ هەزار کەس لە ئەڵمانیادا لەسەر دەستیا موسڵمان بوون بە دەنگ ورەنگ لە یوتیوب دا هەیە.

١٦- پرۆفیسۆر عەلی بلۆسین لە ڕوسیا لە لوتکەی مارکسیەتەوە هات بەرەو ئیسلام کە ئەندامی پەرلەمانیش بوو.

١٧- راهێنەری کاراتی جیهان (ئەحمەد کمال ئۆکاموتۆ) .

١٨- قەشە ئیدریس تۆفیق لە فاتیکانەوە هات بەرە و ئەزهەر و موسڵمان بوو.

١٩- ژنە نوسەرو شاعیری ئینگلیزی (ئیلفین کۆبلد) خاوەنی پەڕاوی (**البحث عن الله**) و (الاخلاق) موسڵمان بوو.

٢٠- کریستۆڤەر شامۆنت کە بەناوبانگترین ئابووری ناسی جیهانە موسڵمان بوو.

٢١- ئەندام پەرلەمانی یابانی (جسوانا غالی) موسڵمان بوو.
٢٢- دیبلۆماتی فەڕەنسی (ئەلیکس) لە (٢٠١٠) دا موسڵمان بوو.
٢٣- گراهام فۆلر کچەکەی موسڵمان بوو، خۆشی ئێستا بەرگری لەئیسلام دەکات هەرچەند هێشتا موسڵمان نەبووەو کەسایەتیەکی ناودارەو جێگری پێشووی سەرۆکی مەجلیسی ئەمنی قەومی بوو لە (سی ئای ئەی) ئەمریکی، ئێستاش مامۆستای مێژووە لەزانکۆیەکی کەنەدی و خاوەنی پەڕاوی (مستقبل الاسلام السیاسی) ە.
٢٤- پڕۆفیسۆر رۆلاند داردینیز مامۆستای زانکۆی پاریس دیکارت موسڵمان بوو لەم دواییەدا ناوی خۆی کرد بە (شریف داردینیز) وتی لەبەرئەو شەرەفە گەورەیەی کە خوا پێی بەخشیوم و موسڵمان بووم.
٢٥- موسڵمان بوونی رۆژهەڵاتناسی بولغاری (دکتۆر توفیان تیوفا نوفا) مامۆستای زانکۆی صۆفیا و ئەندامی کۆمەڵەی رۆژهەڵاتناسە ئەمریکیەکان و ئەندامی کۆمەڵەی رۆژهەڵاتناسە ئەوروپیەکان. ناوبراو بە دوانزە ساڵ قورئانی وەرگێڕا بۆ زمانی بولغاری و لە (١٩٩٩) دا موسڵمان بوو.
٢٦- گەورە پارێزەری ئەمریکی ملیۆنەر (مارك شیفەر) لە (٢٠٠٩) دا موسڵمان بوو.
٢٧- عەقیدی بەریتانی (ریچارد فیرلی) کە پسپۆڕە لە بواری جیۆلۆجیش دا بە ئایەتی:
﴿وَٱلۡجِبَالَ أَوۡتَادٗا ٧﴾ النبأ ، موسڵمان بوو.
من نازانم کەسێ تەنها یەك دوو سەعات بەئینتەرنێت دا بگەڕێت ئەتوانێ راستیەکان بەچاوی خۆی ببینێت، کەی باوی ئەوە ماوە قسە لەسەر رەخنەو گومان بکرێت لەقورئاندا، دونیا دونیایەکی ترەو ئێستا ئیسلام هەرکەس بیەوێ لەرێی کەناڵە فەزاییەکان و ئەنتەرنێتەوە دیراسەی دەکات و وەڵامی پرسیارەکانی دەدرێتەوە.
ئەو کەسانەی کە موسڵمان بوون بە هەزاران لاپەڕەم لەسەر نوسیون و باسم کردون ئێستا بەم پەلەپەلە تەنها ناوی ئەم چەند کەسەم برد کە بەڕاستی هەرکەس تۆزێ رێز لە عەقڵی خۆی بگرێ و عەقڵی خۆی نەداتە دەست ئەم وئەو ئەزانێت کە ئیسلام هەقە و تاقە فریادڕەسی بەشەریەتە.

## وەڵامی هەڵەی زانستی:

**یەکەم:** ناوبراو دەڵێت: قورئان بڕوای وایە کە خۆرئاوا دەبێت، بەرەو مەیلە و نارنجی دەڕوات دەمەو ئێوارەو، لە ناو بیرێکدا ئاوادەبێت ونوقم دەبێت، ئەم ئایەتەش بەنموونە باس دەکات: ﴿وَيَسْـَٔلُونَكَ عَن ذِى ٱلْقَرْنَيْنِ ۖ قُلْ سَأَتْلُوا۟ عَلَيْكُم مِّنْهُ ذِكْرًا ﴿٨٣﴾ إِنَّا مَكَّنَّا لَهُۥ فِى ٱلْأَرْضِ وَءَاتَيْنَٰهُ مِن كُلِّ شَىْءٍ سَبَبًا ﴿٨٤﴾ فَأَتْبَعَ سَبَبًا ﴿٨٥﴾ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ مَغْرِبَ ٱلشَّمْسِ وَجَدَهَا تَغْرُبُ فِى عَيْنٍ حَمِئَةٍ وَوَجَدَ عِندَهَا قَوْمًا ۗ قُلْنَا يَٰذَا ٱلْقَرْنَيْنِ إِمَّآ أَن تُعَذِّبَ وَإِمَّآ أَن تَتَّخِذَ فِيهِمْ حُسْنًا ﴿٨٦﴾﴾ الكهف. واتە: دەربارەی (ذی القرنین) پرسیارت لێ دەکەن، ئەم پرسیارانەش جولەکەکان فێری کافرەکانی مەککەیان کرد، کە سێ پرسیار لە محمدﷺبکەن (لەبارەی هاوەڵانی ئەشکەوت و رۆح و ذی القرنین) ە، ئەگەر توانی وەڵام بداتەوە ئەوا پێغەمبەرە، جا ئەم ئایەتانە کە وەڵامە بۆ ئەوان، وەڵامە بۆ قەشەکانی سەردەمیش کە ئەو رووداوە مێژووییە کە قورئان باسی دەکات بەڵگەیە لەسەر پێغەمبەرێتی ئەو زاتە، چونکە کە بۆی باسکردن کەس نەیتوانی بڵێ وانیە!

پێیان بڵێ: گۆشەیەك لە بەسەرهاتی ئەوتان بۆ باس دەکەم، ئێمە توانا و دەستەڵاتمان لە زەویدا پێ بەخشیبوو، بۆ هەر شتێکی پێویستی ئەو سەردەمە هۆکارەکەیمان بۆ رەخساندبوو، ئەویش کەڵکی تەواوی لە هۆکارەکان وەرگرت، خۆی و لەشکرەکەی کەوتنەرێ، هەتا گەیشتنە ناوچەکانی رۆژئاوا، دیارە گوێ دەریایەك، یان هەر شوێنێکی تر (چۆن ئێمە لە سلێمانی خۆر دەبینین لە پشت شاخەکانەوە ئاوا دەبێت) ئەویش بینی هەروەك لە گۆمێکی قوڕاودا رۆژ ئاوا ببێت، لەو ناوچەیەدا رێی کەوت لە گەلێکی خوانەناس، ئێمەش پێمان وت: ئەی (ذی القرنین) سزایان بدە ئەگەر شوێن هەق و راستی نەکەوتن، وە پاداشتیان بدەرەوە و چاکەیان لەگەڵ بکە ئەگەر شوێن راستی کەوتن.

جا قەشەکان کە لە تەفسیری بەیزاوی یان لە شتی ترەوە بە پێی عەقڵی سەردەمی خۆیان شتێکیان وتبێ، قورئان لێی بێ بەریە، هەرچەند زۆر روونە، تەنانەت بەیزاوی موفەسیریش دەڵێت (ولعله بلغ ساحل المحيط، فرآها كذلك، اذ لم يكن فى مطمع بصره غير الماء، ولذلك قال (وجدها تغرب) ولم يقل: (كانت تغرب) تەفسیری بەیزاوی ٢٩١/٣) کەواتە ذی القرنین گەیشتۆتە

ناوچەیەك کە خۆری بینیوە هەروەك ئەوەی لەناو ئاوی کانیەکی لیڵدا ئاوا ببێت. یان لە تەفسیرێکی تردا ئاوی کانیەکی گەرم، لە یەکێ لە کۆنفرانسەکانی ئیعجازی زانستی قورئان و سوننەت دا لەم سالآنەی دواییدا ئافرەتێکی لێکۆڵەری زانا دیراسەی گەشتەکەی (ذو القرنین) ی کردبوو کە ئەبێ لە کوێوە بۆ کوێ بووبێ، ئەو رای بەلای کانی یە گەرمەکەدا بوو، وە ئەو ناوچەیەشی دەست نیشان کردبوو کەکانی گەرمی زۆری لێیە، کە بەڕاستی ئەمە ئیعجازە نەك رەخنەیەك بێت لە قورئان بگیرێت.

**دووەم:** ئایا زەوی جێگیرە و ناجولێت؟

ناوبراو دەڵێت: لە قورئاندا زۆرێك لە ئایەتەکانی ئاماژە بەوە دەکەن کە زەوی چەسپێنراوە و جووڵە ناکات و خودا ئەم زەویەی بۆ جێگیر و بێ جووڵە کردوون وەك: ﴿ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ بِغَيۡرِ عَمَدٖ تَرَوۡنَهَاۖ وَأَلۡقَىٰ فِي ٱلۡأَرۡضِ رَوَٰسِيَ أَن تَمِيدَ بِكُمۡ وَبَثَّ فِيهَا مِن كُلِّ دَآبَّةٖۚ ﴿١٠﴾ ﴾ لقمان . واتە: ئاسمانەکانی دروست کردووە بە بێ کۆڵەکە بە چاوی خۆتان دەیبینن، لە زەویشدا کێوەکانی دامەزراندووە کە لەنگەری زەویان راگرتووە و هاوسەنگیان کردووە نەوەکو ژێرە و ژوور بن و لاربنەوە، جۆرەها زیندەوەر و گیانلەریشی تیا بلاوکردۆتەوە. .

**وەلآم** : ئەمە کوا باسی جووڵەکانی زەوی دەکات، زۆر روون و ئاشکرایە و زانستیش سەلماندویەتی کە ئەگەر شاخەکان نەبوایە کە قورئان دەفەرموێت ﴿وَٱلۡجِبَالَ أَوۡتَادٗا ﴿٧﴾ ﴾ النبأ ، شاخەکان وەك مێخ بەزەویدا داکوتراون و لەسەر زەوی بەرزی یەکەیان چەندە، چەند ئەوەندەشیان لە ژێر زەویدایە، لەم دواییەدا عەقیدی بەریتانی (ریچارد فیرلی) کە پسپۆڕە لە بواری جیۆلۆجیادا بەم ئایەتە موسڵمان بوو. بە پێچەوانەوە قورئان ئاماژەی زۆری تیایە کە زەوی جووڵەی خۆی هەیە، بەهاتنی شەو و ڕۆژ بەدوای یەکدا و زۆر شتی تر کە جێی باسکردنی نیە، جا زانست لە سەدا سەد هاوڕای قورئانە کە شاخەکان بوونەتە هۆی لەنگەرگرتن و هاوسەنگی زەوی.

**سێیەم:** ئایا کاری ئەستێرەکان لە ئاسماندا تەنها بۆ جوانی و رەجمکردنی شەیتانەکانە؟ ناوبراو ئەم پرسیارە دەکات و ئەم ئایەتەش بەبەڵگە باس دەکات ﴿ وَلَقَدۡ زَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنۡيَا بِمَصَٰبِيحَ وَجَعَلۡنَٰهَا رُجُومٗا لِّلشَّيَٰطِينِۖ وَأَعۡتَدۡنَا لَهُمۡ عَذَابَ ٱلسَّعِيرِ ﴿٥﴾ ﴾ الملك . واتە: سوێند بەخوا ئێمە ئاسمانی

دونیامان رازاندۆتەوە بەئەستێرە و کردومانە بە چراخان، وەئەو چرایانەشمان کردووە بەهۆی ڕەجمکردنی شەیتانەکان، کە سزای دۆزەخیشمان بۆ ئامادەکردوون. یان لەم ئایەتەدا زیاتر ڕوونی دەکاتەوە ﴿ إِنَّا زَيَّنَّا السَّمَاءَ الدُّنْيَا بِزِينَةٍ الْكَوَاكِبِ ﴿٦﴾ وَحِفْظًا مِّن كُلِّ شَيْطَانٍ مَّارِدٍ ﴿٧﴾ لَّا يَسَّمَّعُونَ إِلَى الْمَلَإِ الْأَعْلَىٰ وَيُقْذَفُونَ مِن كُلِّ جَانِبٍ ﴿٨﴾ دُحُورًا وَلَهُمْ عَذَابٌ وَاصِبٌ ﴿٩﴾ إِلَّا مَنْ خَطِفَ الْخَطْفَةَ فَأَتْبَعَهُ شِهَابٌ ثَاقِبٌ ﴿١٠﴾ ﴾ الصافات، واتە: ئاسمانمان پاراستووە لە هەر شەیتانێکی بەلەسە و لەفەرمان دەرچوو، ئەو شەیتانانە گوێ ناگرن بۆ فریشتەکانی کۆڕی بالا، ئیللا لە هەموو لایەکەوە نەیزەکی فەزاییان تێ ئەگیرێ بۆ ئەوەی نەهێڵرێ سەرکەون و گوێیان لە قسە و باسی ناو فریشتەکان بێت.

ئەوەتا قورئان باسەکە ڕوون دەکاتەوە کە نەیزەکیان تێدەگیرێ و لە ئایەتێکی تریش دا بەهەمان شێوە ﴿ وَلَقَدْ جَعَلْنَا فِي السَّمَاءِ بُرُوجًا وَزَيَّنَّاهَا لِلنَّاظِرِينَ ﴿١٦﴾ وَحَفِظْنَاهَا مِن كُلِّ شَيْطَانٍ رَّجِيمٍ ﴿١٧﴾ إِلَّا مَنِ اسْتَرَقَ السَّمْعَ فَأَتْبَعَهُ شِهَابٌ مُّبِينٌ ﴿١٨﴾ ﴾ الحجر، واتە: سوێند بەخوا ئێمە لە ئاسماندا چەند خولگەیەکی گەورەمان بەدیهێناوە بۆ ئەستێرەکان و ڕازاندومانەتەوە بۆ ئەوانەی کە سەیریان دەکەن، هەروەها پاراستومانە لە هەموو شەیتانێکی ڕەجمکراو. مەگەر شەیتانێك بەرزبێتەوە و بە هەواڵێك بزانێ و بیدزێت، ئەوسا خێرا پارچە نەیزەکێکی ئاشکرای شوێن ئەکەوێ و ئەیسوتێنێ.

**وەڵام :** ئاشکرایە قورئان نافەرموێ مانگ و خۆر و ئەستێرە یان تێدەگرین، بەڵکو دەفەرموێت، پارچە نەیزەکێکیان تێدەگیرێ کە دەیانسوتێنێ و ئایەتەکەی (الحجر) و (الصافات) بەڵگەن لەسەر ئەوە و ئەمەش شتێکی ئاساییە.

**چوارەم:** هەورە بروسکە فریشتەیەکی خوایە؟ ؟

ناوبراو دەڵێت قورئان زۆر بەئاشکرا دان بەوەدا دەنێت، کاتێك هەورە بروسکە دروست دەبێت، ئەو هەورە بروسکەیە فریشتەیەکی خوایە ﴿ وَيُسَبِّحُ الرَّعْدُ بِحَمْدِهِ وَالْمَلَائِكَةُ مِنْ خِيفَتِهِ وَيُرْسِلُ الصَّوَاعِقَ فَيُصِيبُ بِهَا مَن يَشَاءُ وَهُمْ يُجَادِلُونَ فِي اللَّهِ وَهُوَ شَدِيدُ الْمِحَالِ ﴿١٣﴾ ﴾ الرعد. واتە: هەورە گرمە (رعد) تەسبیحاتی خوا دەکات، فریشتەش هەروا لە ترسی خوا تەسبیحات دەکات، خوداش هەورە بروسکە دەنێرێ و ئەدا لەهەرکەس کە خواستی لەسەر بێت، کەچی کافرەکان

دەمەدەمێ دەكەن لە بارەی توانای خواوە، خوداش بەتوندی كـافران گرفتـار دەكـات و سـزایان دەدات.

**وەڵام: یەكـەم/** هـەموو شـتێك لـە دروسـتكراوەكانی خـوا تەنانـەت بێگیانـەكان ومـاددەش تەسبیحاتی خوا دەكەن، هەرچەند ئێمـە لـەو تەسـبیحاتەش تێنەگـەین:﴿ تُسَبِّحُ لَهُ ٱلسَّمَٰوَٰتُ ٱلسَّبۡعُ وَٱلۡأَرۡضُ وَمَن فِيهِنَّۚ وَإِن مِّن شَيۡءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمۡدِهِۦ وَلَٰكِن لَّا تَفۡقَهُونَ تَسۡبِيحَهُمۡۗ إِنَّهُۥ كَانَ حَلِيمًا غَفُورٗا ٤٤ ﴾ الإسراء . لە ڕیوایەتێك دا هـاتووە كـە حـەزرەت ﷺچـەند بـەردێك لـە دەسـتی موبارەكیـدا تەسبیحاتی كردووە و گوێیان لە دەنگی تەسبیحاتەكەی بـووە بەشـایەتی صـەحابەكان، ئەمـە ئەمڕۆ لەڕووی زانستیەوە شتێكی ئاساییە، چونكە ئەتۆم پێكهاتووە لە ئـەلیكترۆن و پرۆتـۆن و زۆر وردەكاری كە مرۆڤ لە ئاستیا سەرسامە و ئیتر خوا كە بەو جۆرە بەدی هێناوە و بـۆ خـۆی موعجیزەیەكی گەورەیە، ئەگەر تەسبیحاتیش بكات بەجۆرێك لە جۆرەكان چی تیایە كە غەیبە و ئێمە نایزانین، باشە نیو سەدەیەك لەمەوبەر باسی ئەلیكترۆن و پرۆتۆن و شتەكانی تر بكرایـە كێ بڕوای دەكرد ؟.

**دووەم/** لە تەفسیرەكەی بەیزاوی دا رایەكی تری هێناوە بۆ تەفسیری ئایەتەكە كە ئەویش ڕێـی تێ دەچێ بەلام قەشەكان ئەوەمان بۆ نەقڵ ناكەن كە دەڵێت:﴿ وَيُسَبِّحُ ٱلرَّعۡدُ بِحَمۡدِهِۦ ...١٣ ﴾ الرعد / (أي يسبح سامعوه) ، واتە: ئەوانەی كە گوێیـان لـە رەعـد دەبێـت تەسـبیحاتی خـوا دەكەن.

**سێیەم /** فەرموودەیەكی هێناوە زانایان كۆك نین لەسەری و بەلای هەندێكیانەوە لاوازە و كەس نەیوتووە هەورەبروسكە مەلائیكەتە.

**چوارەم/** خوای گـەورە مەلائیكـەتی لەگـەڵ مـرۆڤ دا دانـاوە بـۆ پاراسـتنی و بـۆ نووسـینی كردەوەكانی، مەلائیكەتی داناوە كە بەرپرسـی شـاخەكانە و هاتـە لای حـەزرەتﷺ لـە دوای گەڕانەوەی لە تائیف وتی: ئەگەر دەتەوێت بەشاخەكان كافرەكانت بۆ لەناو دەبەم، ئاسـاییە كـە مەلائیكەتیش بەرپرسی هەورەكان بێـت و بـەوەی كـە ئـەو هـەورە لـەكوێ بباریـت و لـەكوێ نەبارێت، چونكە وەك حەزرەتﷺ دەفەرموێت (ماعام بأمطر من عـام ولكـن الله يصـرفهكيف يشـاء) . واتـە: هـیچ سـاڵێك لـە هـیچ سـاڵێك بـاران زیـاتر نابارێـت، بـەڵام خـوا (بـەهۆی

مەلائیکەتەکانەوە) ئەو هەور و بارانە لە شوێنێکەوە دەبات بۆ شوێنێکی تر، ئەوەش کە دەڵێت هەورە بروسکە بەهۆی بارگەی سالیب و موجەبەوە دروست دەبێت ئێمەش ئیمانمان پێیەتی و تەنانەت حەزرەتﷺ ئاماژەیەکی زانستی زۆر گرنگی هەیە لەسەر خێرایی هاتن و چوون و بەتاڵ بوونەوەی ئەو شوحناتە ئەلیکترۆنیانە و دەفەرمویێت (ألم تروا الى البرق كيف يمر و يرجع في طرفة عين) ، واتە: نابینن کەهەورە بروسکە لەچاو تروکانێکدا دێت و دەگەڕێتەوە، کەئەم ماوەی چاوتروکاندنەش بۆ هاتن و گەڕانەوەی هەورەبروسکەکە تازە زانست دۆزیویەتیەوە. (سەیری بەرەو ئیسلام بکە/ ل١٤٣/ چاپی سێیەم —نووسەر) .

**پێنجەم** / خودا ئاسمانی ڕاگرتووە بۆ ئەوەی نەکەوێتە خوارەوە؟

هەروەك لەم ئایەتەدا هاتووە ﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِي الْأَرْضِ وَالْفُلْكَ تَجْرِي فِي الْبَحْرِ بِأَمْرِهِ وَيُمْسِكُ السَّمَاءَ أَن تَقَعَ عَلَى الْأَرْضِ إِلَّا بِإِذْنِهِ ۗ إِنَّ اللَّهَ بِالنَّاسِ لَرَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴿٦٥﴾﴾ الحج واتە: خودا ئاسمانی ڕاگیر کردووە کە نەکەوێتە خوارەوە بەسەر زەویدا. هەروەها ﴿وَالسَّمَاءَ رَفَعَهَا وَوَضَعَ الْمِيزَانَ ﴿٧﴾﴾ الرحمن. ئاسمان بەرزکراوەتەوە، ئەم بەرزکردنەوەیەش گوایە بۆ تەنێك دەبێت نەك بۆ بۆشایی.

﴿فَإِذَا انشَقَّتِ السَّمَاءُ فَكَانَتْ وَرْدَةً كَالدِّهَانِ ﴿٣٧﴾﴾ الرحمن ، کە دیارە ئەم کەرت بوونەی ئاسمان بۆ تەنی ڕەق دەبێت نەك بۆ بۆشایی. ئەمە کێشەی قەشەکان و شاگردەکانیانە، ئاسمان بۆشایی نی یە و ماددەی تیا نەبێت، ئەمە ئێستا زانست ڕەتی دەکاتەوە کە ئاسمان بۆشایی بێت، ئنجا ئاسمان لە زمانی عەرەبیدا (هی كل ماعلاك) هەموو شتێك لەسەرتەوە پێی دەوترێت ئاسمان، بەسەقفی ماڵیش دەوترێت ئاسمان لە عەرەبیدا. ئنجا وشەی (الامساك) مانای ئەوەیە کە خوا یاسا و جازبیەت و هێزی ئەوتۆی داناوە کە ئەستێرەکان لە خولگەکانی خۆیاندا بسوڕێنەوە و بەریەك نەکەون و لەو خولگانە دەرنەچن.

ئەوەتا قورئان هەمان وشە بەکاردەهێنێ﴿أَوَلَمْ يَرَوْا إِلَى الطَّيْرِ فَوْقَهُمْ صَافَّاتٍ وَيَقْبِضْنَ ۚ مَا يُمْسِكُهُنَّ إِلَّا الرَّحْمَٰنُ ۚ إِنَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ بَصِيرٌ ﴿١٩﴾﴾ الملك ، واتە: ئایا سەرنجی باڵندەیان نەداوە بەسەریانەوە پۆل پۆل دەفڕن و باڵەکانیان لێك دەنێن، ئەو باڵندانە جگە لەخوای میهرەبان کەس بەئاسمانەوە ڕاگیریان

ناکات بەڕاستی ئەو زاتە بەهەموو شتێك بینایە و چاودێری دروستکراوەکانی دەکات. جا کە سەیری باڵندە دەکەین، لەش و باڵەکانی بە جۆرێك خوای گەورە بۆی دروست کردووە کە بتوانیٚ بە ئاسماندا بفڕێت، ئنجا سروشتی هەواو ئەو نیزام و یاسا سەرسوڕهێنەرەی کە ئەو فڕینەی پیٚ دێتەدی، بەڵگەیە لەسەر دەسەڵاتی خوا و بەفەرمانی خواو بەویستی خوایەکە ئەوانە بەوجۆرەن. ئاسمانەکان (ئەستێرەکان و هەسارەکان) هەمووی دەستی پەروەردگار و فەرمانی پەروەردگاری لەپشتەوەیە کە بەریەك ناکەون و هاوسەنگیان تێك ناچیٚ، زەوی یەك کە چەند سوڕانەوەیەك و خۆر هەروەها چەند سوڕانەوەیەك و ئەستێرەکانیش هەموویان لەسەر خولگەی تایبەت بەدووری تایبەت و حساب بۆ کراو بەیەکەوە دەسوڕێنەوە، کە ئەمەش بەڵگەی دەسەلاٚت و گەورەیی خوایە.

ئنجا ئەو هەموو بەردە ئاسمانیە گەورانە و ئەو هەموو پارچە ئەستێرانە ئەگەر خوا نەبیٚ، کە مەبەستێتی جاریٚ زەوی بپارێزێت لە هەر ساتێکدا بێت زەوی ژێرە و ژوور دەکەن، واتە نەکەوتنە خوارەوەی تەنێکی گەورە و بەردێکی گەورە لە ئاسمانەوە بەفەرمانی کێیە؟ ئەگەر خوا نەبیٚ؟ ئنجا مانگ کە بارستاییەکەی حەفتا ملیۆن ملیۆن تەنە، ئەو قورساییە گەورەیە کە بە خولگەیەکی هێلکەیی بەدەوری زەویدا دەخولێتەوە، ئەگەر بەرنامەی پڕ وردەکاری خوا نەبیٚ لەخولگەکەی دەردەچیٚ و زەوی تەفروتونا دەکات، لە کاتی سوڕانەوەکەدا کە لە خولگە هێلکەیەکەیدا لە زەوی نزیك دەبێتەوە خێرایی زیاد دەکات بۆ ئەوەی زەوی کێشی نەکات، کیٚ ئەم یاسایەی بۆ دانا؟ ناشیٚ بڵێین لە خۆیەوە بووە؟ ؟ ئەوە عەقڵ قبوڵی ناکات! لە ئایەتێکی تردا قورئان دەفەرمویێت:﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُمۡسِكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ أَن تَزُولَاۚ وَلَئِن زَالَتَآ إِنۡ أَمۡسَكَهُمَا مِنۡ أَحَدٖ مِّنۢ بَعۡدِهِۦٓۚ إِنَّهُۥ كَانَ حَلِيمًا غَفُورٗا ﴿٤١﴾﴾ فاطر، واتە: بەڕاستی هەر خوایە کە ئاسمانەکان و زەوی رادەگرێت و نایەڵێت لە ناوبچن ولەیەك بترازێن، سوێند بەخوا ئەگەر تێك بچن و لەیەك بترازێن، هیچ کەسێك نیە بتوانێت دوای ئەو زاتە فریایان بکەوێت، بەڕاستی هەر ئەو هەمیشە و بەردەوام خۆگرو ئارامگرو لێخۆش بووە. (سەیری بەردە ئاسمانیەکان بکە/ ل٤٠٢ژیانەوە)

## ئایا قورئان دەستکاری نەکراوە؟

ناوبراو لە لاپەڕە١٢٩ تا كۆتایی لە لاپەڕە ١٣٥ باس لەوە دەكات كە ئەو نوسخە قورئانە دەستخەتە كۆنەی لەسەمەرقەندەو، كە یەكێكە لەو چوار نوسخەیەی كە لەبەر قورئانەكەی لای حەفصە نوسرایەوە، گوایە هەندێ وشەیان بیرچووە لە كاتی نوسینەوەكەیدا وەك ﴿وَلِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۚ وَإِلَى ٱللَّهِ تُرۡجَعُ ٱلۡأُمُورُ ١٠٩﴾ آل عمران، لەم ئایەتەدا وشەی (الله) لەدەست خەتەكەی سەمەرقەندا لەبیرچووە، كە ئەمەش بۆ لەبەر نوسینەوە شتێكی ئاساییە، گرنگ ئەوەیە نوسخەكەی (حەفصە) تەواوەو دواتر هەموو قورئان بێ زیادو كەم لەوەوە وەرگیراوە و نوسراوەتەوە، ئیتر یەكێ بێت و بڵێت چۆن دەبێ هەڵە بكات ئەوەی كۆپی كردووەو نوسخەی سەمەرقەندی نوسیوەتەوە، ئێ هەڵەی كردووەو لە بیری چووە (**سبحان من لایخطیء**) هەر خوایە هەڵە ناكات، ئەمە چی تیایە لەكاتێكدا نوسخەی ئەصڵی پارێزراوە و لەسەر ئەوەوە قورئانی تر نوسراوەتەوە و ئەوەتا گەیشتووە بە ئێمە.

هەروەها ناوبراو دەڵێت لەنوسخەی دەسخەتی قورئانی سەنعادا لە یەمەن نوسراوە سورەتی الاعراف (١٦٥) ئایەتە بەڵام ئێستا (٢٠٦) ئایەتە ئینجا ئەوەی نوسیوەیەتیەوە ژمارەیەكی لێتێك چووە، چی لەمەسەلە دەگۆڕدرێت؟

برام تەحریفات وا لەتەورات و ئینجیلدا كە هەرچی دیراسەی دەكات و دەگەڕێ بەدوای هەق و راستیداو بەراوردی دەكات لەگەڵ قورئان و نوسینەوەی قورئان دا، سەر دائەنەوێنێ لە ئاست ئەم قورئانەدا. لە كۆتایدا دەڵێمساڵی كتێبێ یان چەند كتێبێ بەس نیە بۆ گەڕان بەدوای هەق دا، دیراسەی ئەدیان ئەگەر بە چاكی بكرێ سەرەنجام مرۆڤ بەرە و ئیسلام دێتەوە كە بۆ ئەمەش هەزاران نموونەمان هەیە لە ڕۆژهەڵات ورۆژئاوادا.

## دژایەتی ئیسلام لە كۆنەوە:

كاتی خۆی جولەكەكان پیلانێكیان دانا بۆ چەواشەكردنی موسڵمانان و دروستكردنی گومان لە دڵیانداو ڕێكەوتن لەسەر ئەوەی كە بەیانیان یەكێك بنێرن بە درۆ موسڵمان ببێ،

دیاره لای موسڵمانان دەبوو بە (الله أكبر) و خۆشی، کە جولەکەیەکی ئەهلی کیتاب موسڵمان بووە، دواتر ئێوارە پەشیمانی خۆی رادەگەیاند گوایە گومانی بۆ دروست بووەو ئیسلام ئاینێکی ناتەواوە و لە خواوە نەهاتووە، بەمەش چەند موسڵمانێك گومانی بۆ دروست دەبوو، تا قورئان پیلانەکەیانی ئاشکرا کرد وەك دەفەرمویت: ﴿وَقَالَت طَّآئِفَةٌ مِّنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ ءَامِنُواْ بِٱلَّذِىٓ أُنزِلَ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَجْهَ ٱلنَّهَارِ وَٱكْفُرُوٓاْ ءَاخِرَهُۥ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴿٧٢﴾﴾ آل عمران. قورئان بە ئاشکرا حەسەد و رق وقینی ئەهلی کیتاب دەخاتەڕوو ﴿وَلَن تَرْضَىٰ عَنكَ ٱلْيَهُودُ وَلَا ٱلنَّصَٰرَىٰ حَتَّىٰ تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمْ ...﴿١٢٠﴾﴾ البقرة، ﴿... وَلَا تَزَالُ تَطَّلِعُ عَلَىٰ خَآئِنَةٍ مِّنْهُمْ إِلَّا قَلِيلًا مِّنْهُمْ فَٱعْفُ عَنْهُمْ وَٱصْفَحْ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿١٣﴾﴾ المائدة .

## دکتۆر سەعید خانی تەزویرچی:

لە ساڵانی دوای جەنگی جیهانی یەکەم فەقێیەکی کوردی موسڵمان دەبێت لە مەریوان بەناوی (فەقێ سەعید) کە بۆ خوێندن دێتە شاری سنە و ماوەیەك لە مزگەوتی (دار الاحسان) دەرس دەخوێنێت، پاشان لەگەڵ مزگێنی دەرانی ئینگلیزدا ئاشنا دەبێت و لە دین وەردەگەڕێت و دەبێتە گاور. مزگێنی دەران فەقێ سەعید دەنێرنە لەندەن و پاشان کۆلێجی پزیشکی تەواو دەکات و دەبێت بە (دکتۆر سەعید خانی کوردی) پاشان دەگەڕێتەوە بۆ سنەو خەستەخانە دەکاتەوە و لە ڕێی کارەکەیەوە دەیەوێت خەڵکی بکات بە گاور، پاش ئەوەی کە خەڵکی سنە لەمەرامی تێدەگەن خەستەخانەکەی دەسوتێنن و دەیانەوێت بیکوژن، ئا لەم کاتەدا ئایەتوالله مەردۆخی فریای دەکەوێت و رزگاری دەکاو دەچێتە هەمەدان، لەوێش خەستەخانە دەکاتەوەو دەمێنێتەوە تا کاتی مردن.

دکتۆر سەعیدخان ئاینی مەسیحی بە شیعری هەورامی دادەرێژێتەوە و لە دووتوێی پەڕاوێکی نۆسەد لاپەڕەیدا لە لەندەن لە ساڵی ١٩٢١ دا لە چاپ دەدرێت، دکتۆر سەعیدخان چەند دێڕە هۆنراوەیەکی داناوە کەباس لەوە دەکات گوایە کاتێك سوپای ئیسلام هاتۆتە کوردستان خەڵکی ئەنفال کردووە و دەست درێژییان کردۆتە سەر ئافرەتان و ئەم چەند دێڕە شیعرە ئەدات بە (ملك

الشعراء بهار) ئەویش لە پەڕاوی (شعر در ایران) دا بلاوی دەکاتەوەو دای دەنێت بە کۆنترین هۆنراوەی کوردی کە گوایە لەسەر پارچە پێستێکی ئاسك نوسراوەتەوە و لە کوردستاندا دۆزراوەتەوە.

زۆر نوسەر ئەم چەند دێڕە شیعرە (هەڵبەستراوە، تەزویرە) وەك کۆنترین دەقی ئەدەبی کوردی دووبارە کردۆتەوە، مامۆستا عەلادین سەجادی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا هەرچەند گومانیشی لە ڕاستی شیعرەکە هەبووە بە نموونە باسی کردووە (مێژووی ئەدەبی کورد لاپەڕە/ ١٥٢چاپی ٢) . هەتا خۆشبەختانە (دیارە بەری درۆ کورتە) ، مامۆستا ئەحمەد شەریفی لە سنە، وتارێکی لەسەر ئەم مەسەلەیە بلاوکردەوە لە رۆژنامەی ڕێگای رزگاری/ ژ٢ لەساڵی١٩٩٣دا تیایدا سەلماندی کە ئەو پارچە شیعرە دەست هەڵبەستی دکتۆر سەعیدخانی تەزویرچی یەو شیعری کۆنی سەردەمی ئیسلام نیە و لەسەر پێستەش نەنوسراوەتەوە. (ل١١٤ لەخزمەت قورئاندا/ نووسەر) . بەم جۆرە کەسانی ناحەز ناوبە ناو لێرە و لەوێ سەردەردێنن و دەیانەوێ بەخەیاڵی خاویان زیان بە ئیسلام بگەیەنن، بەلام تا ئێستا بۆیان نەچۆتە سەر و بۆشیان ناچێتە سەر.

لە ساڵی ٢٠٠٧ی زایینیدا هەرلای خۆمان، مافناس بەکرسدیق بە پەڕاوی (قورئان وەحی ئاسمانە نەك رەنگدانەوەی سەردەمی خۆی) کە پرۆژەی تیشك بلاوی کردۆتەوە، وەلامێکی جوانی پەڕاوی (ئایا قورئان رەنگدانەوەی سەردەمی خۆیەتی؟ !) داوەتەوە، کەکەسێك بەناوی خوازراوی (پێویست) ەوە لەم کتێب و ئەو کتێبی کۆمۆنیست و عەلمانیەکانی کورد و عەرەب شتی وەرگرتووەو بە ناوی ئەوەوە کە (پێویستمان بە میتۆدێکی وەها لەبیرکردنەوە هەیە کە بچێتە بنج وبنەوانی هەر دیاردە و ڕووداوێك، بە پشت بەستن بەلۆژیکی ئەقڵ و زانستەکان لەهۆ ئەسڵیەکان بکۆڵێتەوە) . جا هەروەك چۆن جولەکەکان پیلانەکەیان بۆ نەچووە سەر، بەهەمان شێوەش هەوڵەکانی فەقی سەعیدی تەزویرچی و مەریوانی تەزویرچی وهاوشێوەکانیان هەر هەمووی بێ ئاکامن و رۆژگاریش ئەم راستیەی سەلماندووە و دەیسەلمێنێ.

شایانی باسە کۆتایی ساڵی ٢٠١١ سەنتەری زەهاوی لە سلێمانی کۆنفرانسێکی گەورەی سازکرد بۆ دیفاع لە قورئان و بابەتی جوان پێشکەش کراو بەندەش شەرەفی ئەوەیان دامێ کە لەسەر

یەکێ لە وتارەکان قسە بکەم، لەوێدا داوام کرد کە وەڵامی ئەو گومانانە بدرێنەوە کە بۆ قورئان دروستکراون، ئەوەبوو پڕۆژەی تیشك شانی دایە بەر ئەو مەسەلەیە و وەڵامی کتێبی ئایا قورئان پارێزراوەی دابەش کرد بەسەر چەند نووسەرێکدا، کە تا ئێستا بەشی یەکەمی دەرچووە بەناوی وەڵامە زانستیەکانەوە کە بەندە و مامۆستا ئیکرام کەریم نووسیومانە ، پشت بەخوا بەشەکانی تری ئەو زنجیرەیە دەردەچن و قورِ ئەدا بەدەمی ناحەزانی ئیسلامدا.






**کیث مور** **موراد هوفمان**





**سیلما ایهرام** **دانییل ستریتش**



گراهام فولر



ئینگرید ماتسون



شیخ حمزه



جفری لانگ



احمد کمال اوتاموکو



د. توفیان تیوفا




مارك شيفر



ريچارد فيرلى



شريف داردينيز



ئيدريس تۆفيق



مايك تيسون پاش موسوڵمانبونى

# بەرگی حەوتەم

# بەرەوبەهەشت

# پێشـەكی:

بەهەشت پاداشتی خـوای پـەروەردگارە بـۆ بـڕواداران و، بەخشـشـێكی هەتاهـەتایی یـە و هاوشێوەی نەبینراوە و نەبیستراوە و خەتەرەی نەكردووە بە دڵـی كەسـدا، جـا داوا كـراوە لـە بڕوادار كە هەوڵ بدات و تێبكۆشیٚ و پێشـبڕكیٚ بكـات بـۆ ئـەو بەهەشـتە، ئـەویش بـەكار و كـردەوەی چـاكە (لەپەرسـتش و هەڵسـوكەوت و ڕەوشـتی بـەرز) . دیـارە هـەر لەبەرەبـەیانی مرۆڤایەتیەوە كەسانێك لە پێش بوون و كەسانێكی تریش نەك هەر لە دواوە بەڵكو بە ئاڕاستەی پێچەوانە ڕایان كردووە، هەیە نەك هەر گویٚ ناگرێت بەڵكو وەك كەڕ و لاڵێكە كە ڕووت تێناكا تاكو بە ئیشارەت شتێكی تێبگەیەنی بەڵكو پشتت تێـدەكات، نـەك هـەر پشـتت تێـدەكات بەڵكو ڕاشدەكات، قورئان باسی ئەم جۆرە كەسانەدەكات و دەفـەرمووێت:﴿ إِنَّكَ لَا تُسْمِعُ ٱلْمَوْتَىٰ وَلَا تُسْمِعُ ٱلصُّمَّ ٱلدُّعَآءَ إِذَا وَلَّوْا۟ مُدْبِرِينَ ﴿٨٠﴾ ﴾ النمل .

خەڵكی هەموو لە هەوڵ و كۆششدان و هەریەكەو بە جۆرێك و هەریەكە و بەئاڕاسـتەیەك، جـا هەیـەتی خـۆی ڕزگـار دەكـات و ئـازاد و سـەرفرازە، هەشـە بـە پێچـەوانەوە تیاچـووە و سەرگەردانی دنیا و قیامەتە، حەزرەتﷺ دەفەرمویێت: (كل الناس يغدو، فبائع نفسه فمعتقها أو موبقها) [٥٤]. قورئانیش ئاماژە بۆ ئەمە دەكات و دەفەرمووێت:

﴿ ثُمَّ أَوْرَثْنَا ٱلْكِتَٰبَ ٱلَّذِينَ ٱصْطَفَيْنَا مِنْ عِبَادِنَا ۖ فَمِنْهُمْ ظَالِمٌ لِّنَفْسِهِۦ وَمِنْهُم مُّقْتَصِدٌ وَمِنْهُمْ سَابِقٌۢ بِٱلْخَيْرَٰتِ بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۚ ...﴿٣٢﴾ ﴾ فاطر . واتە: پاش ناردنی كتێبە پێشووەكان بۆ پێغەمبەران، ئەم قورئانەمان بە میرات دا بەو كەسانەی هەڵمانبژاردبوون لە بەندەكانمان كە مەبەست موسوڵمانانە. جا هەندیٚ كەسیان ستەم لە خۆیان ئەكەن و بەگوێرەی قورئانەكە ناجووڵێنەوە و، هەندیٚ كەسیشیان مامناوەندی و میانەكارن و نە زۆر گوێڕایەڵ و نە زۆر بیٚ گوێن و، هەندیٚ كەسیشیان بە ئیزنی خوا لە پێشەوەن بۆ چاكەكردن.

---

[٥٤]– رواه الترمذی وابن ماجه وابن حبان عن ابو مالك الأشعري كما في صحيح الجامع الصغير رقـم (٣٨٥٢).

# پێشبڕکێ لە خێردا

قورئان دەفەرموێت: ﴿سَابِقُوٓاْ إِلَىٰ مَغۡفِرَةٖ مِّن رَّبِّكُمۡ وَجَنَّةٍ عَرۡضُهَا كَعَرۡضِ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِ ...﴿٢١﴾﴾ **الحديد**. واتە: تێکۆشن لە پێشکەوتنا بۆ لای بەخشینی گوناهەکانتان لەلایەن خوای پەروەردگارتانەوەو بەرەو بەهەشتێ کە پانیەکەی بە هێندەی پانی ئاسمانەکان و زەوی یە. ﴿وَسَارِعُوٓاْ إِلَىٰ مَغۡفِرَةٖ مِّن رَّبِّكُمۡ وَجَنَّةٍ عَرۡضُهَا ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلۡأَرۡضُ ...﴿١٣٣﴾﴾ آل عمران، واتە: ئەی موسوڵمانینە! پێشدەستی بکەن و بە پەلە کردەوەی باش بکەن. ئەو بەهەشتە دەست خۆتان بخەن کە زۆر گەورە و بەر بڵاوەو پانیەکەی بەقەدەر ئەرز و ئاسمانەکانە. ﴿فَٱسۡتَبِقُواْ ٱلۡخَيۡرَٰتِۚ ﴿١٤٨﴾﴾ **البقرة**. واتە: لە خێر و چاکەدا پێشبڕکێ بکەن. ﴿وَفِي ذَٰلِكَ فَلۡيَتَنَافَسِ ٱلۡمُتَنَٰفِسُونَ ﴿٢٦﴾﴾ **المطففين**. واتە: دەسا با ئەوانەی لە ناو خۆیانا ئەکەونە ململانێ و هەرکەسێ شتی چاکی بۆ خۆی ئەوێ، بۆ دەستخستنی ناز و نیعمەتی قیامەتی بکەونە ململانێ. ﴿وَٱلسَّٰبِقُونَ ٱلسَّٰبِقُونَ ﴿١٠﴾ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلۡمُقَرَّبُونَ ﴿١١﴾﴾ **الواقعة**، واتە: جۆری لە پێشیش کە بەڕاستی لە پێشن ئەوانەن هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی هەر ئایینێ لە ئایینەکانی خوادا باوەڕیان پێ کردووە و ئیمانیان پێ هێناوە و، ئەوانەن کە نزیك خراونەتەوە لە بارەگای خوا و پایەیان بڵند کراوە.

پێغەمبەریشﷺ هانمان ئەدات لەسەر قورئان خوێندن تا پلەو پایەی قیامەتمان بەرز بێت: (يقال لصاحب القرآن إقرأ وارتق ورتل كما كنت تُرَتِل في الدنيا فإن منزلتك عند آخر آية تقرؤها) [٥٥]. هەروەها هانمان ئەدات لەسەر ڕیزی پێشەوە لە نوێژدا، کە ئەگەر خەڵکی قەدر و قیمەتی بزانن، تیر و پشکی بۆدەکەن (لو يعلم الناس مافي النداء والصف الأول، ثم لم يجدوا إلا أن يستهموا عليه لاستهموا) [٥٦].

---

[٥٥]– رواه أحمد والترمذي وأبو داود وإبن حبان عن إبن عمرو كما في صحيح الجامع الصغير رقم (٧٩٧٨).

[٥٦]– رواه الشيخان ومالك والنسائى وأحمد عن أبي هريرة صحيح الجامع الصغير رقم (٥٢١٥).

هەروەها دەفەرمووێت: زوو بچن بۆ نوێژی هەینی و لە ئیمام نزیك ببنەوە، کەسی واهەیە بەردەوام لە دواوەیەو دوورە تا وای لێدێت لە بەهەشتیشا لە دواوە دەبێت: (احضروا الجمعة وادنوا من الإمام، فإن الرجل لايزال يتباعد حتى يؤخر في الجنة وإن دخلها) [57]. حەزرەتﷺ هەوڵی ئەدا ئەو ڕۆحیەتی پێشبڕکێیە لە هاوەڵاندا بچێنێ، بۆیە ڕۆژێك لە هاوەڵانی پرسی، کێ لە ئێوە ئەمڕۆ بەڕۆژوو بووە؟ ئەبوبەکر وتی: من، فەرمووی: کێ لە ئێوە ئەمڕۆ لەگەڵ جەنازەدا چووە بۆ سەر قەبران؟ ئەبوبەکر وتی: من، فەرمووی: کێ لە ئێوە ئەمڕۆ سەردانی نەخۆشی کردووە؟ ئەبوبەکر وتی: من، حەزرەتﷺ فەرمووی: ئەمانە لە هەر کەسێکدا کۆببنەوە دەچێتە بەهەشتەوە. [58]

دیارە ئەمە وەك وانەیەکی کرداری گوڕ و تینێکی دا بە هاوەڵان کە ئەوانیش لەم بوارانەی خێردا ئەسپی خۆیان تاوبدەن بەڵکو بگەنەوە بەئەبوبەکر و بچنە بەهەشتەوە. جا هەروەك (ئیبن قەیم) لە (عدة الصابرين ل٢٢٠) دا دەڵێت: لە هەموو کارێك دا لەسەرخۆیی باشە، تەنها لە کاری ئاخیرەتدا نەبێت تا دەست و برد و خێرا بیت کەمە) .

## حەزو ئارەزووی مرۆڤ:

مرۆڤ وا دروست بووە حەزی بە زۆرکردنە، زۆری ماڵ و منداڵ، زۆری سەروەت و سامان، زۆری شوێنکەوتوان. . . هتد، تا وای لێدێت ئاخیرەتی بیردەچێتەوە، ﴿أَلْهَىٰكُمُ ٱلتَّكَاثُرُ ۝١ حَتَّىٰ زُرْتُمُ ٱلْمَقَابِرَ ۝٢ كَلَّا سَوْفَ تَعْلَمُونَ ۝٣ ثُمَّ كَلَّا سَوْفَ تَعْلَمُونَ ۝٤ كَلَّا لَوْ تَعْلَمُونَ عِلْمَ ٱلْيَقِينِ ۝٥ لَتَرَوُنَّ ٱلْجَحِيمَ ۝٦ ثُمَّ لَتَرَوُنَّهَا عَيْنَ ٱلْيَقِينِ ۝٧ ثُمَّ لَتُسْـَٔلُنَّ يَوْمَئِذٍ عَنِ ٱلنَّعِيمِ ۝٨﴾ التكاثر، واتە: زۆرکردن و شانازی کردن بە زۆریی ژمارەی عەشرەت و خزم و

---

[57]- رواه أحمد وأبو داود والحاكم في المستدرك عن سمره كما في صحيح جامع الصغير رقم (١٩٨).

٥٨- رواه مسلم في كتاب فضائل الصحابة رقم (١٢).

کەسوکارەوە بەجۆرێ خەریکی کردوون خوای لەبیربردنەوەو دەستان لیٚ هەڵنەگرت تا مردن و چوونە ناو گۆڕ. لەم خووە بەدە گەڕێن. بەڕاستی لەمەولا ئەزانن چەند هەڵەن ئەگەر دوارۆژی خۆتان بزانن. ئەمجاریش بەڕاستی لەمەولا ئەزانن چەند هەڵەن ئەگەر دوارۆژی خۆتان بزانن. ئەگەر بە زانینی یەقینی بزانن چی دێتە ڕێتان، (ئاوا زۆرکردن سەرقاڵی نەدەکردن) ، دۆزەخ بەڕاستی ئەبینن. پاشانیش بەڕاستی بە چاوی خۆتان ئەیبینن. پاشانیش بەڕاستی پرسیارتان لیٚ ئەکریٚ لە بارەی ئەو نازو نیعمەتەوە لە دنیادا پیٚتان درابوو و یادی خوای لەبیربردنەوەو سوپاستان نەکرد. لە ڕۆژی عەرەفەدا، کە عومەری کوڕی عەبدول عەزیز لە حەج بوو بە خەڵکانی دەوروبەری خۆی وت: (لیس السابق الیوم من سبق بە بعیره، إنما السابق من غُفِرَ له) [59]. واتە: ئەمڕۆ پیٚشکەوتوو ئەوە نیە کە حوشترەکەی زوو گەیشتبیٚتە عەرەفە، بەڵکو پیٚشکەوتوو ئەوەیە کە خوا لیٚی خۆش بووبیٚت.

## ئەوانەی کە حسابیان لەگەڵ ناکریٚت

حەزرەتﷺ دەفەرموویٚت: **(وعدني ربي أن يدخل الجنة من أمتي سبعون ألفا لا حساب عليهم و لا عذاب، مع كل ألف سبعون ألفا وثلاث حثيات من حثيات ربي)** [60]. عوکاشەی کوڕی موحصنی ئەسەدی کە گوێی لەمە بوو وتی: ئەی پیٚغەمبەری خواﷺ دوعام بۆ بکە کە خوا بمکات بە یەکیٚ لەوان، ئەویش فەرمووی: **(اللهم اجعله منهم)** [61]. بە پیٚی ئەو فەرموودەیەی پیٚشوو حەفتا هەزار بەبیٚ حساب دەچنە بەهەشتەوە لەگەڵ هەر هەزاریٚکیش دا حەفتا هەزاری تر واتە هەمووی دەکاتە چوار ملیۆن و نۆسەد هەزار.

ئاشکرایە ئەوەش بە هەوڵ و کۆششی زۆر و بە ڕەحمی خوا دەست دەکەویٚت، بەڵام مەرج نیە جیٚ نەمابیٚت و ژمارەکە پڕبووبیٚتەوە، ئیبن جەوزی لە (المدهش) دا لاپەڕە (٤٢٨) دەڵیٚت:

---

[59]- الطاف المعارف(٤٩١).

[60]- رواه الإمام أحمد كما في صحيح جامع الصغير رقم (٦٩٨٨).

[61]- بوخاری: رقم(٦٥٤١).

(ڕێگایان بەقورس مەزانە، ئەو خوایەی هاوکاریت دەکات بە توانایــە، داوا بکـە لـەو خوایــەی بەوانی داوە بە تۆشی بدات، جاری وا هەیە کەسێك هەژارە و گەوهــەرێکی گرانبــەهای دەسـت دەکەوێت، جاری واش هەیە فەزڵ و گەورەییەك کەسێکی بچووك دەسـتی دەکـەوێت، (خضـر) شتێکی دەزانی موسا نەیدەزانی، حەزرەتی سولەیمانیش سەلامی خوای لێبێت کێشەیەکی باشتر چارەسەرکرد بەو زانستەی کەخوا دایە کە لای حەزرەتی داودی بـاوکی نـەبوو سـەلامی خـوای لێبێـــت﴿ فَفَهَّمْنَاهَا سُلَيْمَانَ ۚ وَكُلًّا آتَيْنَا حُكْمًا وَعِلْمًا ۚ وَسَخَّرْنَا مَعَ دَاوُودَ الْجِبَالَ يُسَبِّحْنَ وَالطَّيْرَ ۚ وَكُنَّا فَاعِلِينَ ﴿٧٩﴾ ﴾ الأنبياء . ئەبو موسلیمی خەولانی باش لـەم پێشـبڕکێیە تێگەیشـتبوو بۆیە دەڵێت: (هاوەڵانی حەزرەتﷺ وادەزانن کە حەزرەتﷺ تـەنها بـۆ ئـەوان بێـت، نـەخێر ئێمەش لە پێشبڕکێداین و هەوڵ دەدەین لێی نزیك بـین و بـۆ خۆمـانی بـەرین، ئنجـا هـاوەڵان بابشزانن کەپیاویان دوای خۆیان بەجێهێشتووە) .

## حســابێـکی ئاسان

حەزرەتﷺ فەرمووی: (هەرکەس حسابی لەگەڵ بکرێت ڕۆژی قیامەت سزا دەدرێـت) ، خاتوو عائیشە وتی: ئەی خوا نافەرمووێت: ﴿ فَسَوْفَ يُحَاسَبُ حِسَابًا يَسِيرًا ﴿٨﴾ ﴾ الإنشقاق: ٨، واتە: ئەوە لەوەپاش بە ئاسانی لێی ئەپرسرێتەوە.
فەرمووی: (ليس ذلك بالحساب إنما ذلك العرض) [٦٢]. عـرض: واتــە خـوای گـەورە بـە تـەنها لۆمەیان دەکات و سەرزەنشتیان دەکات لەسەر کردەوەکانیـان، ئـەوانیش لەخزمــەتیا عــەرەقی شەرمەزاری دەرئەدەن، پاشان لێیان دەبوورێت. هەروەك لـەم فەرموودەیەشـدا هـاتووە: (إن الله تعالى يُدني المؤمن فيضع عليه كنفه وستره من الناس و يقرره بذنوبه فيقول: تعرف ذنـب كذا؟ فيقول: نعم أي رب، حتى إذا قرره بذنوبه و رأى في نفسه أنه قد هلك، قـال: إنـي قـد سترتها عليك في الدنيا، وأنا أغفرها لك اليوم، ثم يعطى كتاب حسناته بيمينه، وأما الكـافر

[٦٢]– بخاری ومسلم وترمذی عن عائيشة صحيح جامع الصغير رقم (٦٠٩٦).

والمنافق فينادى على رؤوس الأشهاد، **هؤلاء الذين كذبوا على ربهم)** [٦٣]. دكتۆر ئەحمەد كوبەیسی دەڵێت: چی ئەم فەرموودەیە دەخوێنمەوە دەگریم. خاتوو عائیشە دەڵێت: (گوێم لەحەزرەتﷺ بوو لەهەندێ نوێژدا دەیفەرموو: (اللهم حاسبنا حساباً يسيراً) کەتەواو بوو لێم پرسی: ئەی پێغەمبەری خوا حسابی ئاسان چییە؟ فەرمووی: **(أن ینظر الله في کتابه فیتجاوز عنه)** [٦٤]. هەروەها دەفەرموێت: (من نوقش الحساب هلك) [٦٥]. واتە هەرچی موناقەشەی حسابی لەگەڵ بکرێت تیا دەچێت.

## کات گرنگە لەم پێشبڕکێیەدا:

**﴿وَٱلۡعَصۡرِ ١ إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لَفِي خُسۡرٍ ٢ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلۡحَقِّ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلصَّبۡرِ ٣﴾** **العصر**، واتە: قەسەم به چەرخی زەمان! بەڕاستی هەموو ئادەمیزاد ڕەنج بە خەسار و زەرەرمەندن. تەنها ئەوانەیان نەبێ ئیمانیان هێناوە و کردەوەی چاکیان کردووە و یەکترییان ڕاسپاردووە لەسەر هەق و، یەکترییان ڕاسپاردووە لەسەر خۆڕاگری.

زانای موسڵمان ئیبن نەفیس بەوە بوو بە پزیشکێکی ناودار کە کاتەکانی بەفیڕۆ نەئەدا و گرنگی کاتی دەزانی، تەنانەت ژمارەیەك قەڵەمیان بۆ دائەنا، بۆئەوەی لە کاتی نوسیندا کاتەکەی بە ئامادەکردنی قەڵەمەوە بەفیڕۆ نەچێت. جارێك چووە حەمامەوە خۆی بشوات فیکرەیەکی بۆ هات، هاتە شوێنی جل گۆڕین و داوای وەرەقە و قەڵەمی کرد و وتارێکی لەسەر لێدانی دڵ نووسی، پاش تەواوکردنی ئنجا چوو خۆشتنەکەی تەواوکرد. ئەم زانایە بەم هەوڵ و هیممەتەوە توانی سووڕی خوێن لەسەدەی حەوتەمی کۆچیدا بدۆزێتەوە. حەسەنی بەسری دەڵێت:

---

[٦٣]- مسلم و بخاری وأحمد والنسائی وابن ماجه عن ابن عمر کما في الصحیح الجامع الصغیر رقم (١٨٩٠).

[٦٤]- رواه أحمد في باقي مسند الأنصار رقم (٢٣٠٨٢) هەروەها أخرجه البخاری في العلم رقم (١٠٠).

[٦٥]- رواه الطبرانی عن إبن الزبیر وأحمد والحاکم عن عائشة/ صحیح جامع الصغیر رقم (٦٤٥٥).

شەو و ڕۆژ  میوانی تۆن باش بەڕێیان بکەیت سوپاست دەکەن، خراپ بەڕێیان بکـەیت لۆمـەت دەکەن. غافڵبوون و کات بەفیڕۆدان گەیشتنە ئامانج دوادەخـەن، هـەروەك ئەوکەسـەی کـە لـە کاروان بەجێ دەمێنێ بەهۆی سەرقاڵ بوونیەوە بەدرکێکەوە کە چووە بە پێیدا، کە بەوەش ڕێـی لێ ون دەبێ و هەزار میل ڕێگای ماڵەوەی درێژدەبێتەوە، هەروەك **محمد** ئیقبال لە هۆنراوەیەکیدا دەڵێت:

لحـظـة يـا صـاحبـي ان تـغـفـل الـف ميل زاد بـعـد الـمـنـزل

رام نقــش الشـوك حيـنا رجل فاخـتفى عن ناظـريه المحمل

باشە ئەمە لەحزەیەك غافڵبوون ئەم کارە بکات، ئەبێ ئەوەی لـە هـەموو ژیانیـدا غافڵـە چـی بەسەر بێت. ئیبن جوزی لە ئامۆژگارییەکدا دەڵێت: حەزرەتﷺ فەرموویەتی: **(من قال سبحان الله العظيم وبحمده غرست له نخلة في الجنة)** [٦٦]. جا سەیرکە ئەوەی چـەند سـەعاتێك بـەفیڕۆ دەدات و خێرێکی تیاناکات، چەند دارخورمای لە کیس دەچێت لە بەهەشتدا.

شاعیرێك دەڵێت: تەمەنت سەرمایەتە و وریابە لە شتی بێ سوودا بەفیڕۆی نەدەی:

**إذا كان رأس المال عُمْرِكَ فاحترز عليه من الإنفاق في غير واجب**

زانایان دەڵێن:

– ئەگەر ویستت نرخی ساڵێك بزانی چەندە. . . لە قوتابییەك بپرسە کـە لـە سـەری سـاڵدا دەرنەچووبێت.

– ئەگەر ویستت لە نرخی مانگێك تێبگەیت. . . پرسیار لـە ژنێـك بکـە کـە منداڵەکـەی مانگێك زوتر لە دایك ببێت.

– ئەگەر ویستت لە نرخی هەفتەیەك تێبگەیت. . . پرسـیار لـە سەرنووسـەری گۆڤـارێکی هەفتانە بکە.

– ئەگەر ویستت لە نرخی ڕۆژێك تێبگەیت. . . پرسیار لە کرێکارێکی ڕۆژانە بکـە کـە دە منداڵی هەیە.

---

[٦٦]– **رواه الترمذی وابن حبان والحاكم عن جابر صحيح جامع الصغير رقم (٦٣٠٥).**

- ئەگەر ویستت لە نرخی کاتژمێرێك تێبگەیت. . . پرسیار لە کرێکارێك بکە کە لەکارگەیەکی بەرهەمهێنانی گەورەدایەو پارەی سەعاتی ئیزافی وەردەگرێت.

- ئەگەر ویستت لە نرخی خولەکێك تێبگەیت. . . پرسیار لە کەسێك بکە کە فڕۆکە بەجێی هێشتبێ.

- ئەگەر ویستت لە نرخی چرکەیەك تێبگەیت. . . پرسیار لە کەسێك بکە کە لە مردنێکی حەتمی ڕزگاری بوبێت.

- ئەگەر ویستت لە نرخی بەشێك لەچرکەیەك تێبگەیت. . . پرسیار لەیاریزانێك بکە کە مەدالیایەکی ئاڵتونی لە پێشبڕکێیەکدا بردبێتەوە.

## خەمی کاتەکانت بێت:

حەسەنی بەسری دەڵێت: (ئەی بەنی ئادەم تۆ لەچەند ڕۆژێك پێك هاتوویت هەر ڕۆژێك بڕوات بەشێکت دەڕوات، جا کەبەشێکت ڕۆیشت ڕەنگە هەمووشت بڕوات، وەتۆش ئەمە دەزانی بۆیە کار بکە) . هەروەها بیشر کوڕی حارثی حافی دەڵێت: (دوێنێ مرد، ئەمڕۆش لە گیانەلآدایە، سبەینێش لە دایك نەبووە و نەهاتووە، خێرا چاکە بکە) .

هەروەها دەڵێت: (شەو و ڕۆژ بەردەوام کار لەسەر تەواو بوونت دەکەن، دەتۆش کاریان لەسەربکە) . ئەبوبەکری کوڕی عەیاش دەڵێت: (ئەگەر کەسێك درهەمێکی لێ ون ببێت، ئەو ڕۆژە خەفەت دەخوا و دەڵێت: درهەمێکم لە کیس چوو، کەچی تەمەنی لە کیس دەچێ و هیچ خەمی نیە) . نموونەمان زۆرە لە پیاوباشان کەکاتیان بەفیڕۆ نەداوەو بەرهەمی باشیان هەبووە وەك: نەوەوی کەتەنها چل و پێنج ساڵ ژیا، ئەوەندەی نووسی کە نازانرێت چۆن فریای ئەو هەمووە کەوتووە. . ناوبراو دەڵێت: دووساڵ لەناو جێگادا نە نوستم، بەسەر کتێبەکانمەوە خەوم لێدەکەوت.

پێشەوا (**طبری**) بۆماوەی چل ساڵ ڕۆژی چل لاپەڕەی نووسیوە کە دەکاتە پێنج سەد و هەشتاو چوار هەزار لاپەڕە. ئیبن جوزی کە ساڵی (٥٩٧) ی کۆچی مردووەو دەڵێت: (بەم پەنجانەم دوو هەزار موجەڵەدم نوسیوەو، لەسەر دەستما سەد هەزار کەس تۆبەی کردووەو، بیست هەزار جولەکەو مەسیحیش لەسەر دەستمدا موسڵمان بوون) .

## له دەستچوونی خێر:

حەزرەتﷺ بۆئەوەی هانمان بدات لەسەر سوود وەرگرتن لەکاتەکانمان دەفەرموێت: (ليس يتحسر أهل الجنة على شئ إلا على ساعة مرت بهم لم يذكروا الله عزوجل فيها) [٦٧]. سەیرە. . ئەهلی بەهەشت خەفەت ئەخۆن لە سەعاتێك كە لە دنیادا یادی خوایان تیا نەكردبێت. بەڕاستی دنیا كێڵگەی ئاخیرەتە، ئەمڕۆ دنیای كارە و سبەینێیش دنیای پاداشت، لە دنیادا فرسەت زۆرە بۆ خێركۆكردنەوە بۆ كەسێك كە بیەوێت، كاتێك عبدالله ی كوڕی عومەر ئەو فەرموودەیەی بیست كە ئەگەر كەسێك لەگەڵ جەنازەی موسڵمانێكدا لەبەرخوا بڕوات بۆ سەرقەبران و نوێژی لەسەر بكات و بوەستێ تادەنێژرێت ئەوە دوو (قیراط) ی خێر دەست دەكەوێت كە هەر (قیراط) ێك بە هێندەی شاخی ئوحودە، وتی: بەڕاستی قیراطی زۆرمان لە كیس چووە.

هەروەها لە جەنگی تەبوكدا ئەو موسڵمانانەی كە نەداربوون و نەیانتوانی كەل وپەلی جەنگ ئامادەبكەن وبەشداربن، لە داخا گریان، قورئانیش ئەم هەڵوێستەیان تۆماردەكات و دەفەرمووێت: ﴿وَلَا عَلَى ٱلَّذِينَ إِذَا مَآ أَتَوۡكَ لِتَحۡمِلَهُمۡ قُلۡتَ لَآ أَجِدُ مَآ أَحۡمِلُكُمۡ عَلَيۡهِ تَوَلَّواْ وَّأَعۡيُنُهُمۡ تَفِيضُ مِنَ ٱلدَّمۡعِ حَزَنًا أَلَّا يَجِدُواْ مَا يُنفِقُونَ ﴿٩٢﴾﴾ التوبة .

واتە: هەروەها ئەوانەش گوناهبار نابن و هیچیان لەسەر نیە كە دێنە لات بۆ ئەوەی ولاغی سوارییان بۆ پەیدا بكەیت و بێن بۆ جیهاد و تۆیش ئەڵێیت: ولاخم نیە بتاندەمێ و سوارتان كەم، ئەوانیش ئەگەڕێنەوەو لە خەم و خەفەتدا چاویان پڕ ئەبێ لە فرمێسك، چونكە ئازووخە و تفاقی جیهادیان دەست نەكەوت. (عامری كوڕی عەبد قەیس) یش لەسەرەمەرگا گریا، وتیان بۆ دەگریت؟ وتی: لەترسی مردن ناگریم، لەبەر دنیاش ناگریم، بەڵكو بۆ ڕۆژووی ڕۆژی گەرماو شەونوێژی شەوی ساردی زستان دەگریم.

---

[٦٧]– رواه الطبراني في الكبير والبيهقي في الشعب عن معاذ، صحيح جامع الصغير رقم (٥٣٢٢).

## پێشبڕکێی دڵ :

پیاوێك لە وڵاتێكی دوورەوە هات بۆلای (ئەبو عەلی دەقاق) کە زانایەکی بەغداد بوو، حەزی کرد لەبەرئەوەی لە دوورەوە هاتووە، ڕێزی زیاتری لێ بگیرێ و لە پێشەوە دانیشێ، بە ئەبوعەلی وت: لە دوورەوە هاتووم، ئەویش وتی: ئەم مەسەلەیەی ئێمە بەوە نیە لەدوورەوە یان لە نزیکەوە بێیت، تەنها یەك هەنگاو لە نەفست دوور بکەوەرەوەو نەفست بەجێ بهێڵە ئەگەیتە ئەوەی کە دەتەوێت. ڕۆشتنی دڵ زۆر گرنگترە لە ڕۆشتنی جەستە، چەندەها کەس هەیە دەگاتە (بەیت) کەعبەی پیرۆز، کەچی بەدڵ نەچووە و دڵی غافڵە لە (رب البيت) .

کەسی واش هەیە لەماڵی خۆیدایە و لەبەر هەر عوزرێك بێت ناتوانێ بگاتە ئەو جێ و ڕێ پیرۆزە کەچی دڵی وا لەوێ و هەردەم دڵی وا لەماڵی خوا و لە لای حەزرەتی رسول اللهﷺ. **(يحيى بن معاذ)** دەڵێت: (دەشت و دۆڵی دنیا بەپێ و، دەشت و دۆڵی ئاخیرەتیش بە دڵ دەبڕدرێت) . ابن القیم دەڵێت : (لە سێ شوێندا بگەڕێ بە دوای دڵتدا، لە کاتی گوێگرتن لە قورئاندا، لەکۆڕی یادی خوادا، لە کاتی تەنهاییدا، ئەگەر دۆزیتەوە باشە وەگەرنا داوا بکە لە خوا دڵێکت بداتێ چونکە دڵت نیە) . **(بأی قلب نلقاه- دکتور خالد أبو شادی)** .

شاعیرێك دەڵێت:

**جسمي معي غير أن الروح عندكم    فالجسم في غربة والروح في وطن**

جا لەبەرئەوەیە کاروکردەوەش بەزۆر و کەمی نیە، بەڵکو بەوەیە کە ئیخلاصی تیابێ و دڵی کەسەکە بۆ خوا سوڵحابێت. حەزرەتﷺ جەخت دەکاتە سەر ئەم ڕاستییە و دەفەرموێت: **(إن أكثر شهداء أمتي أصحاب الفُرُش، ورُبَّ قتيل بين الصفين الله أعلم بنيته)** [68]. سبحان الله. . کەسێك ئەوەندە دڵی لای هەوڵ و خەبات و جیهادە بە پشبڕکێی دڵی شەهادەتی دەست دەکەوێت لە کاتێکدا لەسەر جێگاش دەمرێت، شەو و ڕۆژ وا لە خەمی دا، بە دڵ دوعا دەکات شەهید بێت، خوای گەورەش پلەی شەهیدی پێدەبەخشێت هەرچەند لە جەنگیشدا شەهید

---

[68]– رواه أحمد عن ابن مسعود الجامع الصغير رقم (٢٢١٨).

نەکراوە. . لەم لاشەوە کەسێك لە جەنگدا سەری لــە لاشــەی جیادەکرێتــەوە کەچــی بەشــەهید لەقەڵەم نادرێت، بۆچی؟ چونکە (السيرُ سيرُ القلب) ڕۆیشتن ڕۆیشتنی دڵە، هەروەك عبــدالقادری گەیلانی فەرموویەتی.

(عبدالله ی کوڕی ثابت) لە (أصحاب الفرش) بوو، کاتێك مرد کچەکەی وتی: بــەخوا مــن ئاواتەخوازم شەهیدیت بە نسیب بووبێ، چونکە کەل و پەل و پێویستی غەزات ئامادەکرد و بەو نیەتەوە کۆچت کرد، هەروەك حەزرەتﷺ دەفەرمووێت: (ان الله أوقع أجره على قدر نيتــه) [٦٩]. لەم لاشەوە (**قزمان الظفرى**) ، لە غــەزادا کــوژرا لــە زەمــانی حــەزرەت داﷺ بــەڵام چــونکە لەبەرخوا نەهاتبوو، تەنها بۆ سەرخستنی گەلەکەی و خزمەکانی بەشداری کردبوو شــەهیدی بــە نسیب نەبوو، تەنانەت کــە برینــدار بــوو، تیرێکــی کــرد بەســکی خۆیــدا و ئینتیحــاری کــرد. حەزرەتیشﷺ فەرمووی: (**إنه من أهل النار**) [٧٠].

## فەرمــوودەیــەك بــۆ لــەبەرکــردن:

لەبەر گرنگی پێشبڕکێی دڵ حەزرەتﷺ ئەفەرموێت: (وأحدثكم حديثا فـاحفظوه: إنمـا الدنيا لأربع: عبد رزقه الله مالا وعلماً فهو يتقى فيه ربه، ويصل فيه رحمه، ويعلم لله فيـه حقـا، فهذا بأفضل المنازل، وعبد رزقه الله علما ولم يرزقه مالاً، فهو صادق النية يقول: لو أن لي مـالاً لعملت بعمل فلان فهو بنيته، فأجرهما سواء. .) [٧١]. لە فەرموودەیەکی تریشــدا دەفــەرموێت : (اذا عُملت الخطيئة فى الارض كان من شـهِدها فكرِههـا كمـن غـاب عنهـا، ومـن غـاب عنهـا فرضيها كان كمن شهِدها) **حديث حسن رواه ابو داود صحيح الجامع٦٨٩**

پێشبڕکێی دڵ بۆ هاوەڵانی حەزرەتﷺ هاتە بەرهەم و پاداشتی تەواویان بــۆ نوســرا، هەرچــەند بەشدارنەبوون لە غەزای تەبوك دا بۆچی؟ چونکە حەزیان دەکرد بچن، بەڵام کەل و پەل و وڵاخ و

---

[٦٩]- أبو داود والنسائى وأحمد وابن ماجه عن جابر بن عتيل صحيح جامع الصغير رقم (١٧٨٧).

[٧٠]- البخارى، باب الجهاد (٢٨٩٨).

[٧١]- رواه أحمد والترمذي عن أبي كبيثة الأنماري كما في صحيح تحريج المشكاة رقم (٥٢٨٧).

پێداویستی جەنگیان نەبوو. حەزرەتیشﷺ لەبارەیانەوە فەرمووی: (إن بالمدينة أقواماً ماسرتم مسيراً، ولا أنفقتم من نفقة، ولا قطعتم وادياً، إلا كانوا معكم فيه وهم بالمدينة، حبسهم العذر) [٧٢].

## بگەڕێ بەدوای دڵتدا:

**(وهب بن منبه)** دەڵێت : ئای بۆ ئەو خەڵکەبۆ مردوویەکیان کە جەستەی دەمرێ دەگرین و بۆ کەسێکیش دڵی دەمرێت ناگرین لە کاتێکدا ئەمەی دووەمیان گرنگترە. پیاوێك بە سهل کوڕی عبداللە ی وت : دز ماڵەکەمانی بڕی، وتی:سوپاسی خوا بکە بەس نیە شەیتان دڵتی نەبردووە.

بەڕاستی ناوی دڵ کە بەزمانی عەرەبی (قلب) ە لە (تقلب) ەوە هاتووە حەزرەت ئەفەرموێت: (انما سُمِّي القلب من تَقَلُّبِه، انما مثل القلب مثل ريشة بالفلاة تعلقت فى أصل شجرة يُقلِّبها الريح ظهرا لبطن) **صحيح رواه الطبرانى عن ابى موسى كما فى الصحيح الجامع ٢٣٦٥**، واتە: ناوی دڵ لە ناجێگیری و گۆڕانی بەردەوامیەوە هاتووە، نموونەی دڵیش وەك پەڕێکی باڵندەیە کە بە درەختێکەوە گیرسابێتەوەو ڕەشەبا ئەمدیوو ئەو دیوی بکات. هەر لەبەر ئەوەشە کە حەزرەت دوعای دەکرد و دەیفەرموو (اللهم مصرِّف القلوب صرِّف قلوبنا على طاعتك) [٧٣] حەسەنی بەصری دەڵێت: (سزای زانایەك کە کار بە زانستەکەی نەکات مردنی دڵیەتی، وتیان مردنی دڵ چییە وتی: لە ڕێی کار و کردەوەی ئاخیرەتەوە ئەیەوێت دنیای دەست بکەوێت) .

بێخود لە هۆنراوە بە ناوبانگەکەیدا باسی دڵی دەکات (لەو ڕۆژەوە ڕۆیشتووە تۆراوە دڵی من) کەوێڵە بەدوایداو شاخ و دۆڵ و شاری بۆ دەگەڕێت، زۆر دەترسێ تیاچووبێت، سەرەنجام لای سەرداری مەدینە ئەیدۆزێتەوە (خۆزگەمان بەخۆی) ، دەڵێن: هەموو شەوێك یان زۆربەی شەو خەوی بەحەزرەتەوەﷺ بینیوە.

---

[٧٢]- رواه البخاری في كتاب الجهاد وعن أنس رقم (٢٦٢٧).

[٧٣]- صحيح رواه مسلم عن عبدالله بن عمرو بن العاص ٤/٢٠٤٥ حديث رقم ٢٦٥٤

## دەرگــاكــانی خێــر:

دەرگاكانی خێر زۆرن و هەمیشە كـراوەن، هەركـەس بیـەوێ بـە پێـی توانـای خـۆی دەتوانێت خێرو چاكە بكات، ئەگەر ماڵ و سامانت هەیـە دەتوانیـت بەهەشـتی پـێ مسـۆگەر بكەیت، لە ڕێی بەخشینی ماڵ و سـامانەكەتەوە، ئەگـەر هـەژاریت دەتوانیـت تـەنها بـەوتنی (**سبحان الله، الحمد لله، الله أكبر، لا إله إلا الله**) پاداشتی گەورەت دەست دەكەوێت.

هاوەڵـە نـەدارەكانی حـەزرەتﷺ وتیـان: ئـەی پێغەمبـەری خـواﷺ ئێمـە وەك خـاوەن سامانەكان ناتوانین خێر و چاكە بكەین، ئەویش فەرمووی: مەگەر خوا ڕێی تری بۆ دانەناون بـۆ خێركردن؟ هەموو وتنی سبحان الله یەك سەدەقەیە، وتنی هەموو الله أكبر و لااله الا الله یـەك خێرە، فەرماندان بە چاكە، ڕێگری لە خراپە سەدەقەیە و چوونە لای هاوسەریش هەر سـەدەقەیە (**أوليس قد جعل الله لكم ما تتصدقون؟ إن بكل تسبيحة صدقه، وكل تكبيرة صدقة، وكل تهليلة صدقة، أمر بمعروف صدقة، ونهي عن منكر صدقة، وفي بضع أحدكم صدقة**) [٧٤].

جیهاد بەرزترین پلەیە لە ئیسلامدا، ئەگەر كەسـێك نـەتوانێ بچـێ بـۆ غـەزا، دەتوانێـت بـە یارمەتیدانی جەنگاوەرێك یان بەسەرپەرشتی كردنی ماڵ و منداڵی تێكۆشەرێك هەمان پاداشتی دەست بكەوێت (**من جهز غازيا في سبيل الله فقد غزا، ومن خلف غازيا في سـبيل الله في أهلـه بخير فقد غزا**) [٧٥]. ئەگەر كەسێك ئەوانەی هیچی بۆ نەلوا ئەوا ڕەحـم و میهرەبـانی خـوا زۆرە دەرگای تری بۆ كردۆتەوە، هەركەس ڕۆژانی نۆمینەی حاجیان خێـر و چـاكە بكـات بەهێنـدەی جەنگاوەرێك خێری دەست دەكەوێت كە لە غەزادا سەر و ماڵی دانابێت.

---

[٧٤]- مسلم لە (أبي ذر) ڕیوایەتی كردووە (١٦٧٤).

[٧٥]- **رواه الشيخان وأحمد عن زبيد بن خالد كما صحيح جامع الصغير رقم (٦٠٦٩).**

خۆشەویستﷺ دەفەرمویّت: (مامن أيام العمل الصالح فيها أحب إلى الله عزوجل من هذه الأيام، ويعنى الأيام العشر، قالوا يا رسول الله ولا الجهاد في سبيل الله، قال: ولا الجهاد في سبيل الله إلا رجل خرج بنفسه وماله ثم لم يرجع بشئ من ذلك) [٧٦].

دیارە حەجیش عیبادەتیّکی گەورەیە، بەلاَم ڕەحمی خوا زۆرە ئەگەر نەشتوانیت بچیت ئەوا نویّژی بەیانی بەجەماعەت بکە و تا خۆر هەلاّتن لە مزگەوتدا بمیّنەرەوە و پاشان دوو ڕکات نویّژ بکە خیّری حەجیّکی سوننەت و عومرەیەکت بۆ دەنوسریّت (من صلى الصبح في الجماعة، ثم جلس في مصلاه يذكر الله حتى تطلع الشمس، ثم صلى ركعتين، كان مثل أجر حجة وعمرة تامة تامة تامة) [٧٧].ئەگەر ئەمەشت بۆ نەکرا و خەو نەیهیّشت، ئەوا چوونت بۆ مزگەوت بەمەبەستی فیّربوون یان فیّرکردن هەمان پاداشتی پیّشووت بۆ دەنوسریّت: (مَن غدا الى المسجد لا يريد إلا أن يتعلم خيرا، أو يعلمه كان له كأجر حاج تاماً حجته) [٧٨].یان چوون بۆ نویّژی جومعە بەمەرجی خۆشتن و زوو چوون وەك ئەوە وایە لەحەج قوربانی بکەیت (من اغتسل يوم الجمعة غسل الجنابة (أى كغسل الجنابة) ثم راح في الساعة الأولى فكأنما قرب بدنة (ناقة).

## ژماردنی گوناه :

قورئـان دەفـەرموویّت: ﴿ وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن ذُكِّرَ بِآيَاتِ رَبِّهِ فَأَعْرَضَ عَنْهَا وَنَسِيَ مَا قَدَّمَتْ ...﴿٥٧﴾ ﴾ **الكهف** . واتە: کیّ لەو کەسە ستەمکارترە کە بە قورئان ئامۆژگاری بکریّ کەچی ڕوو لەو ئامۆژگارییە وەرچەرخیّنیّ و گویّی نەداتیّ، هەروەها کردەوە بەدە نابارەکانی خۆی لەبیربچیّتەوە؟ جا چۆن بازرگانیّك پارە و سامانەکەی بەردەوام حساب دەکات، چۆن قوتابییەك حساب بۆ نمرەکانی دەکات، بەهەمان شیّوەش ئەوەی لەم پیّشبڕکیّیەدا بەشدارە حساب بۆ گوناهەکانی دەکات چونکە ڕۆژیّك دیّت ئەدریّتەوە بەچاویا، جا لەبەرئەوەی پیّشینانی خواناس

---

[٧٦]– رواه أحمد صحيح جامع الصغير (٥٤٢٤).

[٧٧]– رواه الترمذي عن أنس صحيح جامع الصغير (٦٢٢٢).

[٧٨]– الطبرانى عن أبي أمامة صحيح الترغيب والترهيب ،٨٢.

گوناهیان کەم بووە، ئەگەر تووشی بەلاّ و موسیبەتێك ببوونایە دەیانزانی بەهۆی کام گوناهەوە تووش بوون، (سوفیانی ثوری) بە داخ و خەمێکی زۆرەوە دەڵێت: (مەحروم بووم لە شەونوێژ پێنج مانگ بەهۆی گوناهێکەوە) . هەروەها محمد کوڕی سیرین تووشی قەرزاریەك بوو وتی: بەخوا ئەم قەرزاریەم بەهۆی گوناهێکی چل ساڵ لەمەوبەرمەوەیە، کە تانەم لە پیاوێکداو پێم وت: موفلیس. ئەمەیان بۆ ئەبو سلێمانی دارانی گێڕایەوە وتی: ئەوان گوناهیان کەمبووە زانیویانە لە کوێوە بەلاّو موسیبەتیان بۆ دێت، من و تۆ ئەوەندە گوناهمان زۆرە نازانین لە کوێوە تووش دەبین.

قورئان دەفەرموێت: ﴿ وَمَآ أَصَٰبَكُم مِّن مُّصِيبَةٖ فَبِمَا كَسَبَتۡ أَيۡدِيكُمۡ ..﴿٣٠﴾ ﴾ الشورى . واتە: هەرچیتان تووش ببێ لە دەرد و بەلاّ و مەینەت لە شوومی ئەو تاوانانەوەیە بە دەستی خۆتان کردووتانن و لەگەڵ ئەوەیشا لە زۆر لەو تاوانانەتان خۆش ئەبێ کە کردووتانن و لە بەرامبەریا تووشی هیچتان ناکا. حەزرەتیشﷺ دەفەرموێت: (ما اختلج (اضطراب وارتعد) عرق ولا عين إلا بذنب وما يدفع الله أكثر) [79]. واتە: هیچتان تووش نابێت مەگەر بە گوناهێك نەبێت، زۆر شتیش هەیە کە هەروا تێدەپەڕێت و سزا نادرێن لەسەری.

هەروەها حەزرەتﷺ دەفەرمووێت: (إذا أراد الله بعبده الخير عجل له العقوبة في الدنيا، وإذا أراد بعبده الشر أمسك عنه بذنبه، حتى يوافي به يوم القيامة) [80]. واتە: ئەگەر خوا خێری بەندەیەکی بوێت هەر زوو لە دنیادا هەقی گوناهەکانی لێدەستێنێت و بە بەلاّو موسیبەت پاکی دەکاتەوە، وەئەگەر لەبەر هەر هۆیەك خێری ئەو کەسەی نەویست، سزای گوناهەکانی بۆ هەڵدەگرێت بۆ قیامەت. ئیبن جوزیلەم بارەیەوە دەڵێت: (ڕەنگە کەسێك چاوی بەرەلاّ بکات و بەو هۆیەوە بەسیرەتی کوێر بێتەوە، یان زمانی بەرەلاّ بکات و دڵی لەدەست بدات، یان گومان هەبێ لەخواردنیا کەحەلاّڵ بێت، بەهۆیەوە مەحروم بێت لەشەو نوێژو شیرینی موناجات) . ئەبو سلێمانی دارانی دەڵێت: (هەرچەند پلەی دڵ بەرزبێتەوە خێراتر سزا دەدرێت لەسەر کەم و کوڕیەکانی) .

---

[79]– رواه طبراني في الأوسط والضياء عن البراء كما في صحيح مع الصغير رقم (٥٣٩٧).

[80]– رواه الترمذي والحاكم عن أنس والطبري عن عمار بن ياسر صحيح جامع الصغير رقم (٣٠٥).

## وریــایــی بــەردەوام:

دەبێت ئەوەی بەشدارە لەم پێشبڕکێیەدا وریا بێت و، بترسێت لە گوناهەکانی و حسـابی بـۆ بکات، هەروەها ئەبێت ئاگاداری خۆی بێت بە چاکەکانی لە خۆی بایی نەبێت، ڕۆژێـك بیشـری کوڕی حارث نوێژێکی درێژی پڕ لە خشوعی کرد و پیاوێکیش لە دوایەوە ئیقتیـدای پێکردبـوو، دوای نوێژەکە سوفیان پێی وت: (ئەوەی لەمنت بینی لات گرنگ نـەبێت، ئیبلـیس زەمـانێکی زۆر خواپەرستی کرد، کەچی بەو دەردەچوو کە چوو) . موریقی عیجلی دەڵێت: (نەکردنی چاکە باشترە لەوەی بە چاکەکە لەخۆت بایی ببیت) .

ئەبو حامیدی غەزالی دەڵێت: کاتێك پادشایەك ڕێ ئەدات کە دیاری بۆ ببرێت و ڕەعیەتەکەشی هەریەکە و بەپێی توانا دیاری پێشکەش بکەن، دەوڵەمەندەکان باشترین و بە بەهاترین دیاری و هەژارەکانیش کەمێکی کەم بەپێی توانا، پادشاکەش بەخۆشیەوە دیاری هەژارەکان وەرگرێـت و سەدقات پاداشتیان بداتەوە، ئایا ئەمە ئەوپەڕی فەزڵ و کەرەم نیـە؟ جا سـەیرکە ئەگـەر ئـەو هەژارە بکەوێتە منەت کردن بەسەر پادشادا و ئەو هەموو پاداشتەی لە یاد بکات، ئایا ناوترێ: ئەمە تێك چووەو عەقڵی لە دەست داوە؟

ئەگەر تۆ لە نیوە شەوێکدا هەستایت و چەند ڕکات نوێژێکت کرد، بیرێـك بکـەرەوە لەوکاتـەی تۆدا چی بەندەی خواناس زۆر لەتۆ چاکتر خەریکی پەرستشن، کە ڕەنگە ئەوەی تۆ لەچاو ئەواندا یەك بۆ هەزاریش نەبێت. جا بۆیە بیربکەرەوە ئایا ئەو نوێژەی تۆ بـۆ خـوای دەکـەیت وەك ئـەو شتە دەبێت کە ڕووت بێت بیبەیت بۆ ماڵە دەوڵەمەندێك تا لێت وەربگرن.

## لــەچــاوی قیــامەتــەوە:

ئەوەی لەم پێشبڕکێیەدا بەشدارە، هەم و غەمی ئاخیرەتە و دنیـاش بـە کێڵگـەی ئـاخیرەت دەزانێت و هەمیشە چاوی لە پاشەڕۆژە، ئیبن جەوزی دەڵێت: (کاتێك چـەند وەسـتایەك دەچـنە کۆشکێکەوە، هەرکەس لە چاوی سنعاتەکەی خۆیەوە سەیری دەکـات، دارتـاش سـەیری کـاری دارتاشی و، ئاسنگەر سەیری کاری ئاسنگەری ناو بیناکەو بەنناش سەیری جۆری بینا کردنەکەی دەکەن. . . بەهەمان شێوەش لەم کۆشکی دنیایەدا بـڕوادار لەچـاوی قیامەتـەوە بـۆ شـتەکان

دەڕوانێت، تاریکی تاریکی قەبری یاد دەخاتەوەو نوستن مردنی بیر دەخاتەوە و لەززەت و خۆشیشی خۆشی بەهەشت دێنێتە بەرچاوی) .

ڕۆژێك ئاوێکی ساردیان بۆ حەسەنی بەسری هێنا، کە خواردیەوە گریاو وتی: خۆزگەی دۆزەخیانم بیرکەوتەوە کە ئاواتەخوازی قومێ ئاون و داوا لەبەهەشتیان دەکەن لایەکیان لێبکەنەوە و قومێ ئاویان بدەنێ:﴿ أَنْ أَفِيضُوا عَلَيْنَا مِنَ الْمَاءِ أَوْ مِمَّا رَزَقَكُمُ اللَّهُ ﴿٥٠﴾ ﴾ الأعراف . واتە: لەو ئاو و ڕۆزیەی خودا پێی داون بەشمان بدەن. بەهەشتییەکان لە وەڵامدا ئەڵێن: بەڕاستی خودا ئەمانەی لە کافران یاساغ کردووە و نایاندرێتێ. عەبدوڵای کوڕی موبارەکیش بەهەمان شێوە بوو، هاوەڵانی لایان سەیر بوو کە قسەکانی ئاوا کاریگەریان هەیە لەسەر دڵ و دەروون، تا ڕۆژێکیان لە مەجلیسێکدا چرا دەکوژێتەوە و تاریکی دادێت، کەسێك هەڵدەستێ و چراکە چاك دەکاتەوە و دایدەگیرسێنێ، سەیردەکەن فرمێسك بەچاوی عبدااللە ی کوڕی موبارەکدا دێتە خوارێ، هاوەڵانی ئنجا دەڵێن: دیارە بەمە ئەو پێشکەوتووە. . (کەبەو تاریکییە تاریکی قەبر و قیامەتی هاتۆتەوە یاد) . قورئان کار لەسەر ئەوە دەکات کە بڕوادار پەروەردەبکات لەسەر هۆشیاری و دڵ زیندویەتی، بۆیە دەفەرموێت: ئەو ئاگرەی دەیبینن لە دنیادا بۆ یادخستنەوەی ئاگری دۆزەخەو بۆ سوود لێوەرگرتنیەتی!؟ !﴿ أَفَرَءَيْتُمُ النَّارَ الَّتِي تُورُونَ ﴿٧١﴾ ءَأَنتُمْ أَنشَأْتُمْ شَجَرَتَهَا أَمْ نَحْنُ الْمُنشِئُونَ ﴿٧٢﴾ نَحْنُ جَعَلْنَاهَا تَذْكِرَةً وَمَتَاعًا لِّلْمُقْوِينَ﴿٧٣﴾ ﴾ الواقعة، واتە: ئەو ئاگرەی کە هەڵیئەگیرسێنن. ئایا ئێوە ئەو درەختەتان دروست کردووە یان ئێمەین دروستمان کردووە؟ ئێمە ئەو ئاگرەمان کردووە بە مایەی بیرکردنەوە لە خوا کە خوایەکە ئاگری لە دارێکی تەڕا دروست کردووە کە ئاگر و تەڕی یەك ناکەون و، کردوشمانە بە مایەی قازانج و سوود بۆ ئەو کەسانەی لە دەشت و چۆڵەوانی ئەژین تا ئاگری پێ بکەنەوەو دەوروبەری خۆیانی پێ ڕووناك بکەنەوە و چێشتی پێ لێ بنێن. هەر ئەمەش وای لە پیاو باشێك کرد کە بەلای ئاسنگەرێکدا ڕۆیشت کە بەمووشە دەمەکەی ئاسنی گەرم دەکرد کەبڵێت: (اللهم أجرنا من النار) .

## تەرازووی قیــامەت:

ئەوەی لە پێشبڕکێی بەرەو قیامەتدا بەشدارە، بە تەرازووی قیامەت هــەموو شــتێکی ئەم دنیایە کێشانە و پێوانە دەکات، لە هەر کەسێك بپرسی کە چ ڕۆژێکی ژیانی لا گرنگترە لە ڕۆژەکانی تری ژیانی، وەڵامی جۆراو جــۆرت دەســت دەکــەوێت، هەیــە ڕۆژی لــەدایکبوونی لا گرنگە و یادی دەکاتەوە، یان هی واهەیە ڕۆژی دەرچوونی زانکۆی لاگرنگە و هــی واش هەیــە ڕۆژی هاوسەرگیریو. . . هتد، دۆستانی خوا ئــەو ڕۆژەیــان لا گــەورە و گرنگــە کــە لەهــەموو ڕۆژێك زیاتر کاریان بۆ خوا کردبێ و خوا لێیان ڕازی بووبێت. کاتێك حەزرەتﷺ مژدەی دا بە کەعبی کوڕی مالیك کە ئایەتی لەسەر دابەزی و تەوبەکــەی وەرگــیرا حــەزرەتﷺ فــەرمووی: (مژدەت لێبێت بە چاکترین ڕۆژێك کە بەسەرتا تێپەڕیوە لەوەتەی لــەدایك بوویــت) . بەڕاســتی هەروایە، چ ڕۆژێك لەم ڕۆژەی گرنگترە کە خوا لێی خۆش بووە و تەوبەکەی وەرگیراوە.

هەروەها بە تەرازووی قیامەت موفلیس کێیە؟ !حــەزرەتﷺ بــە هــاوەڵانی دەفــەرمویێت: موفلیس ئەوە نییە کە درهەم و دیناری نیە، بەڵکو ئەوەیە کە لە قیامەتــدا چــاکەکانی ئــەدات لەبری ئەوەی کە ئازاری خەڵکی داوە (إن المفلس من أمتی، مَن یأتي یوم القیامة بصلاة وصیام وزکاة، ویأتي وقد شتم هذا وقذف هذا وأکل مال هذا وسفك دم هذا وضـرب هـذا، فیعطـی هـذا من حسناته، وهذا من حسناته، فإن فنیت حسناته قبل أن یقضی ماعلیـه أخـذ مـن خطایـاهم فطرحت علیه، ثم طرح في النار) [٨١].

کاتێکیش کە خاتوو عائیشە مــەڕێکی ســەربڕی و بەخشــیەوە تــەنها دەســتەکەی نــەبێت، بەحەزرەتیﷺ فەرموو: تەنها دەســتەکەی مــاوە، ئــەویش فــەرمووی: هــەمووی مــاوە تــەنها دەستەکەی نەبێت. کە ئەمەش دیــارە بەتــەرازووی قیامــەت وایــە، هــەموو پاداشــتەکەی لــە قیامەتدا وەردەگرێت کە بەخشیویەتیەوە تەنها دەستەکەی نەبێت. [٨٢]

---

[٨١]– رواه مسلم وأحمد وغیرهما عن أبي هریرة، صحیح جامع الصغیر رقم (٨٧).

[٨٢]- ترمذی ڕیوایەتی کردووە ژمارە(٢٤٧٢) حدیث صحیح.

جارێك بیلال بەلای پێشبڕكێیەكی ئەسپ سواریدا دەڕوات، لێی دەپرسن، كـێ پێشـكەوت؟ ئەویش وتی: (سبق المقربون) ، وتیـان: ئێمـە لـەبارەی پێشـبڕكێی ئەسـپەكانەوە پرسـیارت لێ دەكەین، وتی: منیش ڕێی خێرتان پیشان ئەدەم.

نصرالدین برای نورالدین محمود زنكی لە جەنگێكدا چاوێكی لەدەستدا لە سـاڵی (٥٦٠) ی كۆچیدا، كە نورالدین بینی پێی وت: ئەگـەر ئـەو پاداشـتەی بـۆت دانـراوە پیشـانت بـدرێت، حەزدەكەی چاوەكەی تریشت وای لێبێت.

## بیـرکـردنـەوە:

لەم پێشبڕكێیەدا وریابە عیبادەتەكانت نەبنە عادەت و خـوو پێـوەگرتن، كـە هـەرخۆ نەجات دان بێت و پەرستشەكان ڕایی بكەیت. ئیبن جوزی دەڵێت: (سەرنجی زۆر كەسـم داوە كـە عیبادەتەكانیان بووە بە عادەت، لە كاتێكدا كە كەسانی دڵ زیندوو عیبادەتـەكانیان بەڕاسـتی عیبادەتە) .

بیركردنەوە عیبادەتێكی گەورەیەو مرۆڤ دەبات بەرەو پەند وەرگـرتن، ﴿...إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٢١﴾﴾ الروم . واتە: ئەمەی كە خوا كردوویە چەندین نیشانەی گەورەیی و توانایی خوای تیایە بۆ هەر كۆمەڵە ئادەمیزادێك كە بیر بكەنەوە.

خۆشەویستﷺ كە ئەم ئایەتەی بۆ هاتە خوارەوە زۆر گریا و فەرمووی: وەیل بۆ ئەوەی دەیخوێنێتەوەو بیرناكاتەوە. ﴿إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ لَآيَاتٍ لِّأُولِي الْأَلْبَابِ ﴿١٩٠﴾﴾ آل عمران، واتە: بێگومان لە دروستكردنی ئاسمانەكان و زەوی و بەدوای یـەكا هاتنی شەوو ڕۆژدا چەند بەڵگەو و نیشانەی ئاشكرا هەیە بۆ ئەوانەی خاوەن فام و هۆشن.

لە ئوم دەردائیان پرسی: زۆرترین پەرستشی ئەبو دەرداء چـی بـوو؟ لـە وەڵامـدا وتـی: زۆرترین پەرستشی بیركردنەوە بوو. ئەبو دەرداء دەڵێت: سێ شت دەمهێننە پێكەنین، یەكێ دڵی بە دنیا خۆشە و مردن وا بەدوایەوە، كەسێك غافڵەو كەچی غافـڵ نـەكراوە و حسـابی هـەموو شتی لەگەڵ دەكرێت، وە كەسێك بە قاقا پێدەكەنێت و نازانێت خوا لێی ڕازییە یان نـا. جارێـك كابرایەك بەقاقا پێكەنی، ئەبو دەرداء پێی وت: حاڵت چۆن دەبێت ئەگەر چوار گەز زەویـان بـۆ

هەڵکەندبی. کابراش ئەم ئامۆژگارییەی بەس بوو، ئیتر نەیانبینیەوە ئاوا پێبکەنێت. ڕۆژێك لە مەجلیسێکدا کەسێك غەیبەتێکی کرد، ئەبو دەرداء پێی وت: ئەو ڕۆژەت لە یادبێت کە لۆکە دەخەنە سەر چاوت. بۆ هۆشیارکردنەوە، بیشری کوڕی حارث دەڵێت: لەمماڵەدا مێروولەیەك لەهاوین دا دەنکە گەنمی کۆدەکردەوە لەزستاندا بیخوات، ڕۆژێك گەنمەکەی بەدەمەوە بوو چۆلەکەیەك هات و خۆی و دەنکە گەنمەکەشی برد، جا نەئەوەی کۆی کردبووەوە خواردی و، نەئەوەی ئاواتی بوو هاتەدی . ئیبن جوزیش لەم بارەیەوە دەڵێت: دنیا داوە و خەڵکیش چۆلەکەن، چۆلەکە دەیەوێت دەنکە گەنمەکەی دەست بکەوێت و لەداوەکە غافڵ دەبێت .

لە هیممەت بەرزێکیان پرسی: تاکەی ئاوا خۆت ماندوو دەکەیت؟ وتی: لە ڕاستیدا من ئیستراحەت و خۆشی نەفسم دەوێت. لە ئیمام ئەحمەدیان پرسی: کەی بەندە تامی ئیستراحەت دەچێژێ؟ وتی: کاتێك پێی نایە ناو بەهەشتەوە.

لە مەراسیمی ناشتنی (**داودی طائی**) دا و لەو کاتەدا کە گڵیان کرد بەسەریا ئیبن سەماك وتارێکی بۆ خەڵکەکەدا وتی: (ئەی داود چەند جێی سەرسوڕمانیت، ئەوەی کە زیاتریش مایەی سەرسوڕمانە کە تۆ ئەهلی ئەم زەمانەیت، نەفسی خۆت بێدەنگ کرد تا لەسەر عەدل ڕاتهێنا، نەفسی خۆتت شکاند و مەبەستت سەربەرزی نەفست بوو، نەفست برسی کرد مەبەستت بوو تێربێت، نەفست تینو کرد، مەبەستت بوو تێرئاو بێت. ئاخۆ حەزت لە ئاوی سارد، لە نانی خۆش و گەرم، لە جلی کەشخە و جوان نەبوو؟ بەڵێ. حەزت لێیان بوو بەڵام لەبەرخوا نەفسی خۆتت گرت و، دیارە هەرچیشت کرد کەمە لە چاو ئەوەی کە دەستت دەکەوێت) . ئەوەی ناحاڵیە و سەرقاڵی دنیایە لای سەیرە پێشبڕکێی قیامەتی، بەڵام ئەوێك کە دوای سەراب کەتووە هەقە ئەو جێی سەرسوڕمان بێت، کە سەرمەستی دنیایەکە وەك سێبەری ژێر درەختێکە هاکا بەجێی هێشت.

# کــارکــردن :

هەمیشە لە قورئاندا لەگەڵ ئیماندا باسی کار و کردەوەی چاکە کـراوە ﴿وَٱلۡعَصۡرِ ١ إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لَفِي خُسۡرٍ ٢ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلۡحَقِّ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلصَّبۡرِ ٣﴾ **العصر.** واتە: قەسـەم بـە چـەرخی زەمـان! بەڕاسـتی هـەموو ئـادەمیزاد ژیـن بـە خەسـار و زەرەرمەندن. تەنها ئەوانەیان نەبێ ئیمانیان هێناوە و کـردەوەی چـاکیان کـردووە و یـەکترییان ڕاسپاردووە لەسەر هەق و، یەکترییان ڕاسپاردووە لەسەر خۆڕاگری. حەسەنی بەسـری پێناسـەی ئیمان دەکات بەوەی کە دەفەرموێت: بڕوا ئەوەیە لـە دڵـدا جێگیربێـت و کـردەوەش ڕاسـتێتی بسەلمێنێ. (الإيمان ماوقر في القلب وصدقه العمل) . زانین بە تەنها بەس نیە ﴿ فَٱعۡلَمۡ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ وَٱسۡتَغۡفِرۡ لِذَنۢبِكَ ...١٩﴾ **محمد** ، واتە: جا تۆ بـاوەڕ و متمانـەت ببـێ کـە هـیچ پەرستراوێکی بەڕاستی نییە لە خوا بەولاوەو داوای لێبووردن لە خوا بکە.

﴿ فَإِذَا فَرَغۡتَ فَٱنصَبۡ ﴾ **الشرح:** ٧، واتە: جـا کـە لـە ئـەرکی گەیانـدنی نامـەی پێغەمبەرایـەتی ئەبیتەوە خۆت بە خوا پەرستییەوە ماندوو بکە، لەکارێك دەبیتەوە دەست بـەرە کـارێکی تـر. **داودی طـائی** لە مەجلیسێکی ئەبو حەنیفەدا بوو، داود پێی وت: پاش ئەم زانستەی باس کـراوە چـی مـاوە؟ ئەبو حەنیفە وتی: کارکردن ماوە بەو زانستەی کە باس کرا . وتراوە زانست وەك ئامێرێك وایە ئەگـەر بەکارنەهێنرێت بۆچی باشە؟ کافران بەتەمان بگەڕێنەوە دنیا بۆئەوەی چاکە بکـەن و کاربکـەن، پێیـان دەوترێ: ئێوە لە دنیاوە هاتوون، تازە کار لە کار ترازاوە ﴿ فَٱرۡجِعۡنَا نَعۡمَلۡ صَٰلِحًا ﴾ **السجدة:** ١٢. واتە: دەسا بمانگێڕەرەوە بۆ دنیا تا ئەمجار کردەوەی چاك بکەین و بە پێی فەرموودەکانت بجوولێینەوە.

مەعروفی کەرخی دەڵێت: داواکردنی بەهەشت بەبێ هەوڵدان و کارکردن گوناهێکە لـە گوناهـەکان. کـارکردنی بـەردەوام بـە هـەموو توانـاوە پیشـەی چـاکانە، قوتابیـەکی مەنسـوری کـوڕی زادان لـەبارەی مامۆستاکەیەوە دەڵێت: ئەگەر پێی بڵێن ئیزرائیل لەبەردەرگاکەتایـە، کـاری زیـاتر نیـە بیکـات. ئەوەنـدە خۆی بۆخوا ڕەنجاندووە . برادەرێکـی صـفوانی کـوڕی سـلیم دەڵێـت: (ئەگـەر بەصـفوان بوترێـت سـبەینێ قیامەتە کاری زیاتر نیە کە بیکات) چونکە هەموو توانای خۆی خستبوە کار.

## پــەروەردەكـردنی نەفـس

قورئان دەفەرموێت:﴿ إِنَّ ٱلْحَسَنَٰتِ يُذْهِبْنَ ٱلسَّيِّـَٔاتِ ﴾ هود: ١١٤. واتە: بە ڕاستی كردەوە چاكەكان گوناهە بچـووكەكان لائەبـەن. حـەزرەتیشﷺ دەفـەرموێت: **(واتبـع السـيئة الحسنة تمحوهـا)** [٨٣]. تەنها پێغەمبەرەﷺ كە مەعصـومە و ئـەو شـەیتانەی لەگـەڵ هـەموو ئادەمیزادێكدایە و فەرمانیان پێ ئەدات بە خراپە، موسڵمان بوو لەسەر دەستیا و فەرمانی پـێ نەئەدا بە خراپە، جا بۆیە هەمووما‌ن لەبگرە و بەردە و كێشمە كێشداین لەگـەڵ شـەیتاندا تـا ئەو ڕۆژەی بەیەكجاری كۆچ دەكەین لەم دنیایە و بە مردن شەیتان دەستمان لێ هەڵدەگرێت.

ئاشكرایە هەموومان دەكەوینە گوناهەوە، هەركەسەو بەجۆرێك كەم بێت یان زۆر، بۆ سڕینەوەی ئەو گوناهانەش ئەبێت لۆمەی نەفسـی خۆمـان بكـەین و، چـاكە بكـەین بـۆ سـڕینەوەی ئـەو گوناهانە، عومەری كوڕی خەتاب باخێكی هەبوو لەبەرئەوەی سەرقاڵی كرد لـە نوێـژی عەسـر، بەخشی لە ڕێی خوادا، ئەبو تەڵحەش باخێكی گەورەی هەبوو بەخشی لە ڕێی خوادا لەبەرئەوەی لە نوێژێكی ناو باخەكەدا خەیاڵی برد بەلای خۆیدا. عبدالله ی كوڕی عومەریش ئەگـەر نوێـژی عیشای بفەوتایە لە جەماعەتدا، ئەو شەوە هەمووی شەونوێژی دەكرد، بۆئەوەی نەفسـی خـۆی تەمێ بكات وئەو خێرە گەورەیەی لەكیسی چووە دەستی بكەوێتەوە. . عبدالله ی كوڕی وەهەب دەڵێت: هەركاتێك غەیبەتێكم بكردایە ڕۆژێك بەڕۆژوو دەبووم، سـەیرم كـرد بـەلای نەفسـمەوە ئاسانە، بۆیە بڕیارمدا باشتر نەفسم تەمێ بكەم، ئنجا بۆ هـەر غەیبـەتێك درهـەمێكم دەكـرد بەخێر، ئەمەش قورس بوو بۆم بۆیە ناچار وازم لە غەیبەت هێنا.

## دڵــی خێـرا:

- بۆئـەوەی دڵێكـی گورجوگـۆڵ و خێـرات هـەبێت چـاو لەپیاوچـاكان بكـە، بـۆت هەیـە حەسادەتیان پێ ببەیت، بۆت هەیە پێشبڕكێ بكەیت لەگەڵیاندا لەخێرو چـاكەدا، حـەزرەتﷺ

[٨٣]– عن أبي ذر والبيهقي في الشعب عن معاذ ، وحسن الألباني ، صحيح جامع الصغير رقم(٩٦).

دەفەرمویّت: (لا حسد إلا في إثنتين: رجل آتاه الله القرآن فهو يقوم به آناء الليل وأطراف النهار، ورجل آتاه الله مالاً فهو ينفق آناء الليل وأطراف النهار) [٨٤].

- بۆئەوەی دلّت هەمیشه خیّرابیّت یادی مردن بکه، یەکیّ لەهاوەلاّنی پیّغەمبەرﷺ کۆچی دوایی کردبوو، موسلّمانان کەوتنه مەدح و سەنایو کەوتنه باسی پەرستشەکانی، حەزرەتیشﷺ بیّدەنگ بوو، کەتەواوبوون، حەزرەتﷺ فەرمووی: ئایا یادی مردنی زۆر دەکرد؟ وتیان: نەخیّر، فەرمووی: ئایا وازی دەهیّنا لە زۆر لەو شتانەی ئارەزووی دەکرد؟ وتیان: نەخیّر، فەرمووی: دە هاوەلّەکەتان نەگەیشتۆتە ئەو پلەیەی کەباسی دەکەن. [٨٥]

هەروەها لە حەزرەتیانﷺ پرسی: **(يا نبي الله من أكيس الناس؟ قال: أكثرهم ذكراً للموت وأكثرهم استعداداً للموت، أولئك الأكياس، ذهبوا بشرف الدنيا وكرامة الآخرة)** [٨٦]. کەواتە ژیرترین کەس ئەوەیە کە هەردەم یادی مردن بکات و خۆی بۆ ئەو ڕۆژە ئامادە بکات.

پیاوباشانیش زۆر گرنگیان بە یادی مردن داوە بۆیە (ربیع کوڕی خیثم) دەلّیّت: ئەگەر یادی مردن سەعاتیّك لەدلّما نەبیّت دلّم دەشیّویّ و تووشی فەساد دەبیّت . هاوەلاّن بەو جۆرە پەروەردە کرابوون، بۆیە ئەبو عتبه **الخلاني** دەلّیّت: هاوەلاّنی پیّغەمبەرﷺ لیقای خوایان لە هەنگوین لاشیرینتر بوو، ئەوەندەی ئیّوەش حەزتان لە ژیانە ئەوان حەزیان لە مردن بوو . **معاذ** کوڕی جبل لە سەرەمەرگدا بەمەرگی وت: سلاّوت لیّبیّت ئەی میوانی دوورە ڕیّ، ئەی ئەو خۆشەویستەی کە بە شەوقەوە زۆر چاوەڕیّمان کردی .

یەکیّك لە هۆکارەکانی یادکەوتنەوەی مردن سەردانی گۆڕستانە، هەروەك حەزرەتﷺ دەفەرمویّت: **كنت نهيتكم عن زيارة القبور، ألا فزوروها، فإنها ترق القلب وتدمع العين وتذكر**

---

[٨٤]- بخاری ومسلم.

[٨٥]- رواه طبراني عن سهل الساعدي إسناده حسن، أورده قرضاوى في المنتقى رقم (٢٠٧٩).

[٨٦]- رواه ابن أبي الدنيا، والطبراني في الصغير بأسناد حسن، وأورده القرضاوى في المنتقى رقم (٢٠٧٨).

الآخرة [٨٧]. بەڕاء کوڕی عازب دەڵێت: کاتێك لەگەڵ پێغەمبەردا بووم ﷺ، کۆمەڵێکی بینی؟ فەرمووی: ئەوە چی دەکەن؟ وتیان: گۆڕ هەڵدەکەنن. حەزرەت ﷺ شپرزە بوو بەخێرایی چوو بۆلایان و لەسەر لێواری قەبرەکە دانیشت، منیش ڕۆیشتم ڕووبەڕووی دانیشتم تا بزانم چی دەکات، بینیم زۆر گریا تا فرمێسکی کەوتە سەر گڵەکەی بەردەمی، ئنجا ڕووی تێکردین و فەرمووی: براکانم بۆ ئەم ڕۆژە خۆتان ئامادە بکەن. [٨٨] یەکێکی تریش لە هۆکارەکانی یادکردنەوەی مردن بینینی گیانەڵایە، حەسەنی بەسری سەردانی نەخۆشێکی کرد گیانی ئەدا، کە گەڕایەوە ڕەنگ و ڕووی تەواو تێکچوو، وتیان: وەرە نان بخۆ، وتی: نان و ئاوی خۆتان بخۆن بەخوا دیمەنێکم بینی کە هەتا ئەیگەمێ کاری بۆ دەکەم.

بە ڕاستی مردن ئەو حەقیقەتە تاڵەیە کە ئەبێت بیچێژین، بۆیە هەر کە نەفسمان سەرکەشی کرد ئەو مردنەی بیربخەینەوە، هەروەك ئەبی ئیسحاقی جبنیانی کە لە دوای مردنی بینییان نوسراوێك لە ژێر جێگاکەیدایە کە تیا نوسراوە (پیاوێك بانگدەرێك بانگی کرد کارەکانت چاك بکە، ئەجەلت نزیك بۆتەوە) .

عبدالرحمانی کوڕی دەڵێت: هەرکاتێك ساردبوونەوەیەك ڕووی بکردایەتە باوکم ئەو نوسراوەی دەردەهینا و سەیری دەکرد و پاشان دەیخستەوە جێی خۆی. ئیمام بەنناش دەڵێت: با هەر کەسێك لە ئێوە خۆشەویستێکی یاد بکاتەوە کە مردووە و لە خۆی بپرسێ: ئایا بەیەك ناگەینەوە؟ لە ناو ناخیدا وەڵام هەیە کە بەڵێ بەیەك دەگەینەوە، کەئەمەش بەڵگەی بوونی ئاخیرەتە . باشە دەتەوێت لە بەهەشت دۆست و خۆشەویستانت ببینی؟

﴿..وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ يَدْخُلُونَ عَلَيْهِم مِّن كُلِّ بَابٍ ﴿٢٣﴾ سَلَٰمٌ عَلَيْكُم بِمَا صَبَرْتُمْ ۚ فَنِعْمَ عُقْبَى ٱلدَّارِ ﴿٢٤﴾﴾ الرعد. واتە: فریشتەکان ئەڕۆنەلایان، هەموو دەرگاکانیان لە ڕوودا کراونەتەوە. پێیان ئەڵێن: سەلامتان لێ

[٨٧]– رواه الحاكم في المستدرك عن أنس، صحيح جامع الصغير رقم (٤٤٦٠)، والسلسلة الصحيحة (١٧٥١).

[٨٨]– رواه أحمد وابن ماجه، وحينه ألباني، صحيح جامع الصغير رقم (٢٦٥٦).

بێ بەهۆی ئەوەوە کە لە دنیادا خۆتان ڕاگرتبوو، ئارامگای دواییتان ئارامگایـەکی زۆر باشـە.
ئەوەی ڕێی بڕوادارانی دەوێ ئەبێ توێشوو بەرێ!
عبدالرحمان کوڕی زەید ئامۆژگاری کەسێکی کرد و پێی وت: فلان ئامـادەی بـۆ مـردن؟ وتـی: نەخێر.
پێی وت: باشە هەوڵ ئەدەی حاڵی خۆت چاك بکەی تا ئامادەبیت.
وتی: هێشتا بیرم لێ نەکردۆتەوە!
پێی وت: ئایا ناترسی لەپڕ بمری؟
وتی: با دەترسم لەپڕ بمرم!
پێی وت: دەی کەی ئەوە کاری کردنە، ئەمین نیت لەوەی لەپڕ بمریت و گەڕانەوەش نیـە و مـردن یەکجارەو، خۆشت ئامادە ناکەیت!. پیاوباشێك دەڵێت: پێویسـتە ئێمـە کەئـەمرین، وەك ئـەو کەسە وابین کە لەسەر سەفەرە، هەموو شتێکی کۆکردبێتەوە بۆ سـەفەرەکەی و ئنجـا بپرسـێت ئاخۆ هیچی بیر نەچووبێت.

## ترسـان لـە خـوا:

مرۆڤ لە هەرچییەك بترسێ لێی ڕادەکات تەنها خوا خۆی نەبێت چەند لێی بترسێت هەر بۆلای خۆی دەچێت و پەنا بەو دەگرێت. قورئان دەفەرموێت: ﴿ فَفِرُّوٓاْ إِلَى ٱللَّهِۖ إِنِّي لَكُم مِّنۡهُ نَذِيرٞ مُّبِينٞ ﴿٥٠﴾ ﴾ **الـذاريات** . واتە: ڕابکەن بۆ لای خواو بە فـەرمانی ئـەو بجولێنـەوە، مـن لای ئـەوەوە هاتووم بۆ سەر ئێوە تا بتانترسێنم و ڕوونی بکەمەوە بۆتـان لـە چـیتان ئەترسـێنم. پێغەمبـەریش ﷺ دەفەرموێت: (اللهم إني أعوذ بك منك) ، واتە: پەنا دەگرم بە تۆ لە سزای تۆ.
ئەو ترسە مرۆڤ دەگێڕێتەوە لەخراپە و لە سار دو سڕی، قورئان دەفەرموێت: ﴿ وَأَمَّا مَنۡ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِۦ وَنَهَى ٱلنَّفۡسَ عَنِ ٱلۡهَوَىٰ ﴿٤٠﴾ فَإِنَّ ٱلۡجَنَّةَ هِيَ ٱلۡمَأۡوَىٰ ﴿٤١﴾ ﴾ النازعات.واتە: هەرکەسیش لە گەورەیی خوای خۆی ترسابێ و ڕێی لە نەفسی خـۆی گرتبـێ لـە شـوێنکەوتنی هـەواو ئـارەزوو، ئـەوە بەهەشت شوێن و جێیەتی. ﴿ وَلِمَنۡ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِۦ جَنَّتَانِ ﴿٤٦﴾ ﴾ الرحمن . واتە: بۆ ئەوانەیش کە

له پەروەردگاریان ترساون کە ئەوەستێ بۆ حیساب و کیتاب کردن لەگەڵ بەندەکان، دوو بەهەشت هەیە.

لە فەرموودەیەکدا هاتووە کە خوای گەورە دوو ترس لەسەر کەسێك کۆناکاتەوە، ئەوەی لە دنیادا لێی ترسابێت لە قیامەتدا ئەمین دەبێت (وعزتي لا أجمع لعبدي أمنين ولا خوفين، إن أمنني في الدنيا أخفته يوم أجمع عبادي، وإن هو خافني في الدنيا أمنته يوم أجمع عبادي) [89].

هەروەها حەزرەتﷺ دەفەرمووێت: (لايلج النار أحد بكى من خشية الله حتى يعود اللبن في الضرع) [90]. کاتێك سالم چوو بۆلای عومەری کوڕی عبدالعزیز لەکاتی خەلافەتیدا،

عومەر وتی: ئەترسم ڕزگارم نەبێت

سالم وتی: زۆر باشە ئەگەر بترسیت، من دەترسام کە نەترسیت .

ئەم ترسە وای لە عومەر کرد کە سەرتاپای ژیانی بگۆڕێ و ئنجا کۆمەڵگای ئیسلامیش لەدوو ساڵێکدا بەماندووبونێکی زۆر بگۆڕێ. یەحیای کوڕی معاذ دەڵێت: بەنی ئادەم داماوە ئەگەر ئەوەندەی لە هەژاری دەترسێت لە ئاگری دۆزەخ بترسایە، ئەچووە بەهەشتەوە . ترسان بە تەنها بەس نیە، ئەو ترسە گرنگە کە مرۆڤ بەرێت بەرەو کارکردن، هەروەك حەزرەتﷺ دەفەرمووێت: (من خاف أدلج، ومن أدلج بلغ المنزل) [91]. هەرکەس بترسێت لە گەرماو تیاچوون لەکاتی بەرەبەیان و فێنکیدا سەفەر دەکات، هەرکەسیش وابکات دەگاتە مەنزڵ.

## ئاخر خێری:

هەروەك لە پێشبڕکێی دنیادا ساتەکانی کۆتایی گرنگە، بەهەمان شێوەش لە پێشبڕکێی قیامەتیدا دوا ساتەکانی تەمەن گرنگە، تەنانەت پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێبێت) داوای ئاخر خێریان کردووە. یوسف (سەلامی خوای لێبێت) دوعا دەکات و دەفەرموێت:

---

[89]– رواه ابن حبان وأبو نعيم عن شداد بن أوس وحسنه الألباني، صحيح جامع الصغير رقم (٨٢٠٨).

[90]– رواه الترمذي والنسائي وأحمد، حسنه الألباني صحيح جامع الصغير رقم (٧٦٥٥).

[91]– رواه الترمذي والحاكم في المستدرك عن أبي هريرة، صحيح جامع الصغير رقم (٦٠٩٨).

﴿تَوَفَّنِي مُسْلِمًا ﴿١٠١﴾﴾ **يوسف** . واته: به موسوڵمانی گیانم بكێشه. حەزرەتی سولەیمانیش كه خوا موڵك و ماڵو دەسەلاتێكی بێ وێنەی دابوویه، دوعا دەكات كه ئاخر خێربێت و به ئیمانەوه بمرێت:﴿وَقَالَ رَبِّ أَوْزِعْنِيٓ أَنْ أَشْكُرَ نِعْمَتَكَ ٱلَّتِيٓ أَنْعَمْتَ عَلَيَّ وَعَلَىٰ وَٰلِدَيَّ وَأَنْ أَعْمَلَ صَٰلِحًا تَرْضَىٰهُ وَأَدْخِلْنِي بِرَحْمَتِكَ فِي عِبَادِكَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿١٩﴾﴾ النمل .

حەزرەتیشﷺ بەردەوام دەیفەرموو: (یامقلب القلوب ثبت قلبي على دينك) [٩٢]. لەبەر ئەوەشه ئامۆژگاریمان دەكات و دەفەرموێت، سەرسام مەبن بەكاری كەس تا نەبینن بەچی ژیانی كۆتایی دێت: (لا تعجبوا بعمل عامل حتى تنظروا بم يُختم له) [٩٣].

**نموونەیەك له ئاخر خێری** : هەژار به ڕەحمەت بێت له بواری نووسین و ئەدەبدا وێنەی كەمه له كوردا چونكه شارەزاییەكی باشی هەبوو له زاراوەكاندا و له زمانی عەرەبی و فارسی دا، زۆر بەرهەمی جوانی پێشكەش كرد. لەسەر هاندانی دۆست و ناسیاوی كۆتایی نووسین و ژیانی هێنا به وەرگێڕانی قورئان بۆ زمانی كوردی كه بەڕاستی شاكارێكه هەقه خەلاتی ئەدەبی لەسەر وەرگرێت، ئەوەی ناوبراو كردویەتی هەقه هەموو كوردێك بیخوێنێتەوه تا شارەزای قورئان له لایەك و شارەزای زمانی كوردی ببێت لەلایەكی ترەوه. لێرەدا تەنها دوو نموونەی وەرگێڕانەكەی دێنم كه له بارەی ئەم ئایەتەوه دەڵێت:

﴿وَقِيلَ يَٰٓأَرْضُ ٱبْلَعِي مَآءَكِ وَيَٰسَمَآءُ أَقْلِعِي وَغِيضَ ٱلْمَآءُ وَقُضِيَ ٱلْأَمْرُ وَٱسْتَوَتْ عَلَى ٱلْجُودِيِّ وَقِيلَ بُعْدًا لِّلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٤٤﴾﴾ هود، ئەوجا گوترا زەمین ئاوت هەڵقوڕێنه، بەرزایی بەس ببارێنه، ئاو ڕۆچوو به ناخی ئاخاو، كار سەری گرت، لەسەر جوودی لەنگەری گرت، وترا تارن ئەوانەی ناهەقی كارن.

﴿قَالَتْ رَبِّ أَنَّىٰ يَكُونُ لِي وَلَدٌ وَلَمْ يَمْسَسْنِي بَشَرٌ قَالَ كَذَٰلِكِ ٱللَّهُ يَخْلُقُ مَا يَشَآءُ إِذَا قَضَىٰٓ أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴿٤٧﴾﴾ آل عمران ، مەریەم گوتی : ئەی پەروەرندەی من!جا چلۆن من كوڕم دەبێ، هیچ

---

[٩٢]– رواه الترمذي والحاكم عن أنس، صحيح جامع الصغير رقم (٤٨٠٦).

[٩٣]– رواه الطبراني في الكبير عن أبي أمامة، صحيح جامع الصغير رقم (٧٢٤٣).

مرۆیەك تا وێسا تخوونم نەبووە؟ گوتی :خودا هەرچی حەزکا بەدی دێنیٚ، هەرکە ویستی کارێك ببیٚ، هەر پێی ئێژیٚ : ببە دەبیٚ.

## ترسان لە وەرنەگیرانی کار و کردەوە:

لە بارەی ئەم ئایەتەوە: ﴿وَٱلَّذِينَ يُؤۡتُونَ مَآ ءَاتَواْ وَّقُلُوبُهُمۡ وَجِلَةٌ أَنَّهُمۡ إِلَىٰ رَبِّهِمۡ رَٰجِعُونَ ٦٠﴾ **المؤمنون**. واتە: ئەوانەیش کە هەرچی لە ڕێی خوادا ئەبەخشن لە حاڵێکا ئەیبەخشن لەوە ئەترسن کە خوا لێیان قبووڵ نەکات، چونکە ئەوان سەرەنجام ئەگەڕێنەوە بۆ لای خوا و پێویستیان بەوە هەیە پێش مردنیان خێراتیان کردبیٚ و لای خوا بۆیان نووسرابیٚ. خاتوو عائیشە لە حەزرەتﷺ دەپرسێت :ئایا ئەمانەی کە ئەترسن ئەو کەسانەن کەمەی دەخۆنەوە و دزی دەکەن؟ ئەویش فەرمووی: نەخێر کچی صدیق، ئەوە ئەوانەن کە بە ڕۆژوو دەبن و نوێژدەکەن و خێر دەکەن، ئنجا دەشترسن لێیان وەرنەگیرابێت، ئەوانە ئەو کەسانەن کە ﴿وَيُسَٰرِعُونَ فِي ٱلۡخَيۡرَٰتِ﴾ **آل عمران: ١١٤**، واتە: لە کاری خێر و چاکەدا پێشدەستی ئەکەن و زوو بەدەمیەوە ئەڕۆن.[٩٤] هەروەها حەزرەتﷺ دەفەرموێت: **(رب قائم حظه من قيامه السهر، ورب صائم حظه من صيامه الجوع والعطش)**[٩٥]. واتە: ڕەنگە کەسێك شەونوێژ بکاو تەنها شەونخونیەکەی بۆ بمێنێتەوە، ڕەنگە یەکیٚ بەڕۆژوو ببێت و تەنها برسێتی و تینوویەتی بۆ بمێنێتەوە.

## ترسان لە (استدراج) :

قورئان دەفەرمووێت: ﴿أَيَحۡسَبُونَ أَنَّمَا نُمِدُّهُم بِهِۦ مِن مَّالٖ وَبَنِينَ ٥٥ نُسَارِعُ لَهُمۡ فِي ٱلۡخَيۡرَٰتِۚ بَل لَّا يَشۡعُرُونَ ٥٦﴾ **المؤمنون**، واتە: ئایا گومان وا ئەبەن ئەوەی ئێمە بۆیان زیاد ئەکەین لە ماڵ و

---

[٩٤]– **رواه الترمذي وابن ماجه عن عائشة، السلسلة الصحيحة (١٦٢).**

[٩٥]– **رواه الطبراني عن ابن عمر، صحيح جامع الصغير رقم (٣٤٨٤).**

له کوڕگەل، خێر و بێریان بەوە بۆ زۆر ئەکەین؟ حاشا، ئەوان هەست ناکەن کەوا زۆر کردنی ماڵ و کوڕ، بەدەمەوە دان و جڵە و بۆ شلکردنەو، خێر و بێر زیادکردنی ڕاستی نی یە.

جا مرۆڤ وادەزانێ که ناز و نیعمەتی پێدرا لە چاکیەتی، نەخێر مەرج نیە وابێت ،

﴿ فَأَمَّا ٱلۡإِنسَٰنُ إِذَا مَا ٱبۡتَلَىٰهُ رَبُّهُۥ فَأَكۡرَمَهُۥ وَنَعَّمَهُۥ فَيَقُولُ رَبِّيٓ أَكۡرَمَنِ ﴿١٥﴾ وَأَمَّآ إِذَا مَا ٱبۡتَلَىٰهُ فَقَدَرَ عَلَيۡهِ رِزۡقَهُۥ فَيَقُولُ رَبِّيٓ أَهَٰنَنِ ﴿١٦﴾ كَلَّاۖ ...﴿١٧﴾ ﴾ **الفجر**، واتە: ئادەمیزاد دنیای مەبەستە! کاتێ کە خوا بۆ تاقیکردنەوەی قەدری گرت و ناز و نیعمەتی بەسەرا ڕژاند، ئەڵێ: خوای خۆم قەدری گرتووم. ئەگەریش وای تاقیکردەوە کە ڕزق و ڕۆزیی لێ کەم کردەوە ئەڵێ: خوای خۆم سووکیی پێ کردووم، نەخەیر. یان دەفەرموێت: ﴿ ...سَنَسۡتَدۡرِجُهُم مِّنۡ حَيۡثُ لَا يَعۡلَمُونَ ﴿١٨٢﴾ وَأُمۡلِي لَهُمۡۚ إِنَّ كَيۡدِي مَتِينٌ ﴿١٨٣﴾ ﴾ **الأعراف**، واتە: پلەپلە بەرزیان ئەکەینەوە و ئەدەین بە دەمیانەوە بەجۆرێ کە بە خۆیان نەزانن لە ناویان ئەبەین و تۆڵەیان لێ ئەکەینەوە. مۆڵەتیان ئەدەین و، خەڵك وا ئەزانن لە هەموو ئازارێ ڕزگار ئەبن، کەچی بەرە و لەناوچوون ئەڕۆن. وردەکاری ئێمە بۆ فەوتاندنی کافرەکان و ستەمکارەکان گەلێ بەحیکمەت و دامەزراوە.

حەزرەتیشﷺ دەفەرموێت: (إذا رأيت الله تعالى يعطي العبد من الدنيا ما يحب وهو مقيم على معاصيه فإنما ذلك منه استدراج) [٩٦].

## هاوەڵی باش:

قورئان دەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَكُونُواْ مَعَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴿١١٩﴾ ﴾ **التوبة** . واتە: ئەی ئەوانەی ئیمانتان هەیە لە خودا بترسن و نزیکی کارێ مەکەونەوە کە خودا پێی ڕازی نەبێ‌و، لەگەڵ ڕاستگۆیان هەڵسن و دانیشن. هاوەڵی کردنی چاکان مەسەلەیەکی زۆر گرنگە لەم پێشبڕکێ ئیمانییەدا، حەسەنی بەسری دەڵێت: هەرکەس پێشبڕکێی لەگەڵ کردی لە

---

[٩٦]- رواه أحمد والطبراني، والبيهقي عن عقبة بن غافر، صحيح جامع الصغير رقم (٥٦١).

مەسەلەی قیامەتیدا پێشبڕکێی لەگەڵ بکە، هەرکەسیش پێشبڕکێی دنیای لەگەڵ کردی بۆی بەجێ بهێڵەو وازی لێبێنە.

ئەبو الفضل الجوهری لە سەر مینبەر لە ساڵی ٤٦٩ی کۆچی لە وتارێکیدا بە ئامادەبووانی وت: هەرچی ئەهلی خێری خۆش بوێت بەرەکەتیانی بەردەکەوێت، سەگێك ئەهلی فەزڵی خۆشویست و بووە هاوڕێیان خوای گەورەش لە قورئانەکەیدا باسی کرد، جا ئەگەر سەگێك ئەوەی دەست بکەوێ بە هاوەڵی کردنی چاکان، دەی ئەبێ بڕوادارێك بە دۆستایەتی چاکان و خواناسان چەند بەهرەمەند بێت. لە فەرمووددەدا هاتووە، شەیتان لە یەکێکەوە نزیکە و لەدوانەوە دوورەو، لە سیانیشەوە دوورترە، مرۆڤ بەهۆی هاوەڵی باشەوە زیاتر خۆی دەناسێ و لە کەم و کوڕی خۆی تێدەگات، مطرف کوڕی شەخیر دەڵێت: من لە بێوەژنێکی بێ کەس و بێدەر زیاتر پێویستم بەسەرپەرشتیار و هاوەڵ هەیە، من لە ناو دۆستان و خۆشەویستان و کۆمەڵدا زیاتر لەگوناهەکانم ئاگادار دەبم. حەسەنی بەسری دەڵێت: برا ئیمانیەکانمان لە کەس و کارمان چاکترن بۆمان، کەس و کارمان دنیامان بیردەخەنەوە و براکانمان قیامەت .

## پێ بە پێی خۆشەویست:

لەم پێشبڕکێیەدا بەرەو بەهەشت دەبێت شوێن پێی خۆشەویستهەڵگرین تاڕێ ون نەکەین و لە ڕاستە ڕێ لانەدەین. خۆشەویستی حەزرەتﷺ و شارەزابوون لە ژیان و فەرمایشتە بەرزەکانی زۆر پێویستن، بەتایبەت لەم زەمانەدا کە کانی سۆز و خۆشەویستی بەرە و وشك بوون دەچێت لای زۆرکەس. محمد فتح الله گولەن کە بانگخوازێکی بەناوبانگی تورکیایە باسی ئەو سۆز و خۆشەویستیەی خۆی دەکات بۆ حەزرەت ﷺو دەڵێت: ﴿کاتێك کە خوا منەتباری کردم بە زیارەتی شوێنە پیرۆزەکان، لە ڕەوزەی پێغەمبەرداﷺ بەختەوەری و ئارامیەکی ڕۆحی وام بۆ هات ئەگەر لەو کاتەدا لە دەرگاکانی بەهەشتەوە بانگکرامایە، مۆڵەتم دەخواست و دەمووت: جارێ لێم بوەستن با دڵم ئاو بخواتەوە لەم شوێنە پاك و پیرۆزەدا. ئەمەش بۆیە دەڵێم تا مەودای خۆشەویستیەکەمتان بۆ حەزرەتﷺبۆ باس بکەم. کاك عارف حیکمەت ئەو کات پەرلەمانتار بوو لە تورکیا کە بەیەکەوە چووین بۆ حەج ئاهی کردبوو کە گەیشتە مەدینەی پیرۆز خۆی

خۆڵاوی بکات بە تۆز و خۆڵی مەدینە، هەرچەند دیمەنی ئەوم دێتەوە یاد کە شانازی بە تۆز و خۆڵی مەدینەوە دەکرد چاوم پڕدەبێت لە فرمێسك﴾.
دەبێت من چەندە بەختەوەربم ئەگەر توانیبێتم تەنها یەك پڕیشکی خۆشەویستی ئەو بهاوێژمە دڵی نەوە و بەرەی ئێستاوە، بەڵام چیبکەم ! لەم کارەدا وەك مێروولەیەکم نیازی حەجی بێ، خۆی دەزانێت کە قاچە کورتەکانی ناتوانن ئەو هەموو ڕێگا دوورە ببڕن، بەڵام دڵخۆشە چونکە لەو ڕێگەیەدا دەمرێت کە بەرە و حەج دەڕوات، منیش هەموو ئاواتم ئەوەیە لەو ڕێیەدا بمرم.
(نووری نەمر محمد شانازی مرۆڤایەتی-محمد فتح الله گولەن –لا ٣٢، ٨١) .

## قورئـان خـوێنـدن:

پاش ئیمان هێنان لەم پێشبڕکێیەدا قورئان خوێندن و وردبوونەوە لێی و کارکردن پێی لە کارە مەزنەکانە.
ژیان لەگەڵ قورئاندا سەربەرزی دنیا و قیامەتە، وریابە لەوانە نەبیت کە ئەنەسی کوڕی مالیك دەڵێت: (**رب تالٍ للقرآن والقرآن يلعنه**) ڕەنگە بڵێی چۆن قورئان خوێنە و قورئانیش لەعنەتی لێ دەکات، مەسەلەکە ڕوونە، قورئان دەخوێنێ و ستەمی کردووەو درۆدەکات، دیارە ئەوەی ستەم بکات قورئان لەعنەتی لێدەکات، ئەوەی درۆش دەکات بەهەمان شێوە. قورئان دەفەرموێت: ﴿... أَلَا لَعْنَةُ ٱللَّهِ عَلَى ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٨﴾﴾ **هود**، واتە: نەفرینی خوا لە ستەمکاران بێ.
﴿... لَّعْنَتَ ٱللَّهِ عَلَى ٱلْكَٰذِبِينَ ﴿٦١﴾﴾ **آل عمران** . واتە: نەفرینی خودا بۆ درۆزنان. با سوود لە قورئان وەرگرین پێش ئەوەی لە قیامەت دا پەشیمانییەك حاسڵ بکەین کە سوودی نیە، ئیبن جوزی دەڵێت: ئای بۆ زمانێك کە گوناهی کردووە چۆن غافڵ بووە لە ﴿ ٱلْيَوْمَ نَخْتِمُ عَلَىٰٓ أَفْوَٰهِهِمْ ... ﴿٦٥﴾﴾ **یس**، واتە: ئەمڕۆ دەمیان مۆر ئەکەین بۆ ئەوەی نەتوانن هیچ بڵێن. ئای بۆ دەستێك کە دەستی بردووە بۆ حەرام چۆن لەبیری چوو ﴿... وَتُكَلِّمُنَآ أَيْدِيهِمْ ... ﴿٦٥﴾﴾ **یس**، واتە: دەستیان قسەمان بۆ دەکات. ئای بۆ کەسێك کە بەرە و گوناه دەچێت چۆن وردنەبۆتەوە لە ﴿... وَتَشْهَدُ أَرْجُلُهُم ... ﴿٦٥﴾﴾ **یس**: واتە: پێیان شایەتیمان بۆ ئەدات لەسەر ئەو کردەوانەی

کاتی خۆی کردوویانن. ئای بۆ جەستەیەك کە سووی خوارد نەیبیست کە سووبێ بەرەکەتە﴿... فَلَا يَرْبُواْ عِندَ ٱللَّهِ ...﴿٣٩﴾﴾ لروم:. ئای بۆ کەسێك کە شەرابی نایە سەرلێوی چۆن ﴿فَٱجْتَنِبُوهُ﴾ المائدة: ٩٠، خۆتان لەمەی بپارێزن و لێی دوورکەونەوەی پشت گوێ خست؟ . ئەوەی هاودەمی قورئانە یان زیاد دەکات بە پەیڕەوی کردنی یان کەم دەکات بە پشت گوێ خستنی ﴿...هُوَ شِفَآءٌ وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ وَلَا يَزِيدُ ٱلظَّٰلِمِينَ إِلَّا خَسَارًا ﴿٨٢﴾﴾ الإسراء. واتە: ئێمە لە ئایەتی قورئان ئایەتی وا نازلْ دەکەین کە شیفایە و ڕزگارییە لە نەخۆشیی مادیی و مەعنەوی بۆ ئەوانەی باوەڕیان بە خودا هەیە، بەڵام قورئان هیچ بۆ ستەمکاران زیاد ناکات زیان نەبێت.

## بانگخوازی:

لە پێشبڕکێی بەرەو بەهەشتدا بانگخوازی پلەیەکی بەرزە و بانگخواز بەکاری پێغەمبەران هەڵدەستێ و پاداشتی گەورەی هەیە، هەرکەس لەسەر دەستیا هیدایەت وەرگرێت بە هێندەی دنیاو چی تیایە خێری بۆ دەنووسرێت، قورئان دەفەرموێت: ﴿وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِّمَّن دَعَآ إِلَى ٱللَّهِ وَعَمِلَ صَٰلِحًا وَقَالَ إِنَّنِى مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ ﴿٣٣﴾﴾ فصلت

ئیسلام پەیامێکی جیهانی یە و ئەگەر بڕواداران نەبنە بانگخواز چۆن ئەم پەیامە دەگاتە هەموو دانیشتوانی ئەم گۆی زەوی یە؟ ئەمڕۆ لە هەموو کات زیاتر پێویسمان بە بانگەواز کردنە هەرچەند کەسانی واش هەن کە بە ملیۆنەها کەس لەسەر دەستیاندا موسڵمان بوون وەك دکتۆر **عبدالرحمان السميط** کە زیاتر لە یانزە ملیۆن کەس لە ئەفریقیادا بەهۆی کاری خێرخوازییەوە لەسەر دەستیا موسڵمان بوون.

ئەمڕۆ مرۆڤایەتی لە هەموو کات زیاتر ماندووە بە دەست دنیا و ماددیاتەوەو، بەردەوام چاولەڕێیە فریادڕەسێك دەستی بگرێت، ئەمەش نموونەیەکی تازەی ئەم ساڵە ٢٠١١ کە بەڵگەیەکی روونە لەم بوارەدا.

ریچارد باترسون دەوڵەمەندێکی ملیۆنەری ئەمریکییە و خاوەنی کۆمپانیای (کریتکال کیر کونسبت) ەو پسپۆڕە لە فریاکەوتنی ئاسمانی دا (الاسعاف الجوی) وخاوەنی دوو فڕۆکەودوو

هێلیکۆبتەرە، گرێبەستێك دەکات لەگەڵ مانگی سووری سعودی داو دێتە سعودیە بۆ مەشق پێکردنی کۆمەڵێك قوتابی لەسەر فریاکەوتنی ئاسمانی، مانگێك لە سعودیە دەمێنێتەوە ومامەڵەو رەفتاری جوانی دەوروبەرەکەی کاری تێدەکەن. بەتایبەت کە سێ بانگخواز دەعوەتی دەکەن لە باشترین خواردنگای شاری ریازو باسی ئیسلامی بۆ دەکەن و ئەویش بە قەناعەتەوە موسڵمان دەبێت و، لەبارەی موسڵمانبوونیەوە دەڵێت:



فرۆکەوان ریچارد باترسون پاش موسوڵمانبونی

لە ئەمەریکا بەهۆی هێرشی ناڕەوای بەردەوامەوە بۆ سەر ئیسلام وێنەی ئیسلام لە بەرچاوم شێوێنرابوو بۆیە پێویست بوو لە نزیکەوە لەسەرچاوەکەیەوە ئیسلام بناسم، پێویست بوو لە نزیکەوە تێکەڵی موسڵمانان ببم، کە بەڕاستی بوونم لە سعودیە بەرچاوی روون کردمەوە و لە ناو موسڵماناندا هەستم بە غەریبی نەدەکرد. سوپاس بۆ خوا کە بۆ گرێبەستێکی بازرگانی هاتمە سعودیەو گەورەترین گرێبەستی بازرگانیم لەگەڵ خوادا بە موسڵمانبوونم دەستکەوت.

بەڕاستی بازرگان و دەوڵەمەندەکان کە لە ناو کۆمەڵگەدا کەسانی دیارن پێویستە بەدەم کار و گرێبەستە بازرگانیەکانیانەوە بانگی بیانیەکان بکەن بۆ ئیسلام، ئەوەتا لەپاش موسڵمانبوونی **لورین بوث** لە بەریتانیا رۆژانە دوانزە کەسێك موسڵمان دەبن. (مونتەدای دکتۆر محمد العریفی) .

**لورین بوث** ژن خوشکی تۆنی بلێری سەرۆك وەزیرانی پێشووی بەریتانیایە و لە بواری ڕاگەیاندندا کاردەکات و بەسەردانی بۆ ولاٚتێکی ئیسلامی بۆی دەردەکەوێت کە ئەوەی ڕاگەیاندنەکانی ڕۆژئاوا لە بارەی ئیسلامەوە دەیلێن ڕاست نین و ئیسلام ئەو پەیامە خواییەیە کە بۆ سەرفرازی دنیا و قیامەتی بەشەریەت نێردراوە. بە پێی ئاماری ڕۆژئاواییەکان لە پاش شانزە ساڵی تر واتە لە **٢٠٢٧** دا لە هەر پێنج کەسی فەرەنسی یەکێکیان موسڵمانە و دوای **٣٩** ساڵی تریش فەرەنسا دەبێتە ولاٚتێکی ئیسلامی. لە بەلجیکا نیوەی ئەوانەی لەدایك دەبن موسڵمانن و لە پانزە ساڵی داهاتوودا نیوەی هۆڵەندیەکان لە موسڵمانان و لە ڕووسیاش لەسەدا چلی خەڵکی لە موسڵمانان دەبن. حکومەتی ئەڵمانیش دەڵێت ئەگەر وەزعەکە وابڕوات لە **٢٠٥٠** دا ئەڵمانیا دەبێتە ولاٚتێکی ئیسلامی. شارەزای پەیوەندی سیاسەتی دەولی لە بنکەی ئەهرام بۆ دیراساتی سیاسی و ئیستراتیجی دکتۆر سعید لاوەندی دەڵێت : موسڵمانبوونی **٦٤** کەسی ئەوروپی ڕۆژانە دڵەڕاوکێی لای ئەوروپییەکان دروستکردووە.



## دڵی پارێزکار:

ئەوانەی کە بە دڵ پارێزکاری دەکەن ڕێز لە دروشمەکان و دەستور و یاسای خوایی دەگرن، قورئان لەم بارەیەوە دەفەرموێت:﴿ **ذَٰلِكَ وَمَن يُعَظِّمْ شَعَٰٓئِرَ ٱللَّهِ فَإِنَّهَا مِن تَقْوَى ٱلْقُلُوبِ ﴿٣٢﴾** ﴾ **الحج**،حاجیان لە کاتی حەجدا لە موزدەلیفە بەردی بچووك کۆدەکەنەوە تا لە مینا ڕەجمی شەیتانی پێبکەن، جا پیاوێکی مالیزی کە لە حەج دەگەڕێتەوە لە جانتاکەیدا بەردێکی

بچکۆلەی موزدەلیفە دەبینێت کە بێ ئەوەی پێی بزانێت لەگەڵ خۆی هێناویەتیەوە، جا لەبەر ئەوەی زانایان پێیان باش نیە بەرد و خۆڵی ئەو شوێنە پیرۆزە ببرێت بۆ شوێنی تر، بەردەکە دەشوات و بۆنی خۆشی لێدەدات و دەیخاتە شوشەیەکی بچکۆلەی نایابەوە و بە پۆستەدا لەگەڵ دە ڕیاڵ و نامەیەکدا دەینێرێتەوە بۆ بەڕێوەبەری پۆستەی مەککە و داوای لێدەکات کە ئەو دە ڕیاڵە بدات بە تەکسیەك تا ئەو بەردە بەرێتەوە موزدەلیفە، کە نامەکە گەیشتە مەککە بەڕێوەبەری پۆستەی مەککە عبدالمحسن الردادی بەدەستی خۆی بەردەکەی بردەوە بۆ موزدەلیفە و پاشان بە پۆستەدا دە ڕیاڵەکە و قورئانێك و تەزبیحێکی نارد بۆ حاجییە مالیزی یەکە (ئینتەرنیت) .

## کۆسپەکانی ڕێ:

ئەوەی لەم پێشبڕکێ ئیمانیەدا بەشداری دەکات دەبێت کۆسپەکانی ڕێ بزانێت و شارەزا بێت لێیان، تا بتوانی خۆی ڕزگار بکات. دیارە شەیتان کە دوژمنی سەرسەختی مرۆڤە کۆسپ و تەگەرەی زۆر دروست دەکات لەبەردەم بڕوادارردا بۆیە ئەبێ بڕوادار تەواو ئاگاداربێت و خۆی بپارێزێت ﴿ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ لَا يَفۡتِنَنَّكُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ كَمَآ أَخۡرَجَ أَبَوَيۡكُم مِّنَ ٱلۡجَنَّةِ ...﴿٢٧﴾ ﴾ الأعراف.
واتە: ئەی ئادەمیزاد! ئاگاتان لە خۆتان بێ شەیتان نەتانخەڵەتێنێ، هەروەك چۆن باوك و دایکتانی خەڵەتاند و لە بەهەشت هێنانیە دەرەوە.

**کۆسپی یەکەم: هیوابوون بە دنیا:**

عومەری کوڕی عبدالعزیز دەڵێت: ئایا نابینن ڕۆژانە یەکێ بەڕێ دەکەن بەرەو لای خوا، کە ئەجەلی تەواو بووە، لەناو سکی زەویدا ئەینێژن و بە بێ دۆشەك و سەرین بەجێی دێڵن، ئەوکەسە دنیا و خۆشەویستانی بەجێ هێشتووە، چۆتە ناو گۆڕەوە بەرەو حسابەکەی‌و، ڕەهنی کاروکردەوەکانێتی، بێ نیازە لەوەی بەجێی هێشتووە و هەژار و موحتاجی ئەوەیە کە پێش خۆی ناردویەتی . ئەوە دنیاکەیە و بە چاوی خۆمان ڕۆژانە دەیبینین، کەچی هی وا هەیە وادەزانێ نامرێت، وادەزانێت ژیانی هەتاهەتاییە لەم دنیایەدا، هیوابوون بەدنیا بەهۆی نەزانییەوەیە چونکە وەك حەزرەت ﷺ دەفەرموێت: بەهەشت و جەهەننەم لە ئاوزنگی نەعلەکانمان لێمان نزیکترە، دیارە هەموو هاتوویەکیش نزیکە.

(إن الجنة أقرب إلى أحدكم من شراك نعله والنار مثل ذلك) [97]. دنيا هيچ نیه لەچاو ئاخیرەت دا، هەروەك كەسێك پەنجە بكا بە دەریایەكدا چی بەپەنجەیەوە دێت، هەروەك حەزرەتﷺ دەفەرموێت: (ما الدنيا في الآخرة إلا كما يمشي أحدكم الى اليم، فأدخل اصبعه فيه، فما خرج منه فهو الدنيا) [98].

**كۆسپی دووەم: نەخۆشی دڵ:**

حەزرەتﷺ دەفەرموێت: (إن المؤمن إذا أذنب ذنبا نُكِت في قلبه نكتة سوداء، فإن تاب ونزع واستغفر صقل قلبه، وإن زاد زادت حتى يعلو قلبه ذلك الرين الذى ذكر الله عزوجل في القرآن) ﴿كَلَّا بَلْ رَانَ عَلَىٰ قُلُوبِهِم مَّا كَانُوا يَكْسِبُونَ ﴿١٤﴾﴾ المطففين . واتە: ئەو تاوانانەی ئەیانكردن وەك خاڵێكی ڕەش بووە بە ژەنگ بەسەر دڵیانەوە و دڵی داگرتوون، بۆیە ناتوانن ڕاست و چەوت لێك جیاكەنەوە. ئەمە بەردەوام دەبێت تا دەگاتە مۆركردنی دڵ ﴿خَتَمَ اللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ وَعَلَىٰ سَمْعِهِمْ ...﴿٧﴾﴾ البقرة . واتە: خودا مۆری ناوە بەسەر دڵ و بەسەر گوێچكەیاندا. هەندێ لە دانایان وتویانە: (دڵ وەكو ماڵ وایە و پێنج دەرگای هەیە، ئنجا پێت وترا: وریابە لە هیچ یەكێ لەم دەرگایانەوە كەسێ نەیەتە ژوورەوە ماڵەكەت لێ تێك بدات، دڵ ماڵەكەیە و دەرگاكانیش: چاو، گوێ، زمان، دەست و قاچە، جا بە بێ ئاگایی هەریەكە لەم دەرگایانە كرایەوە دوژمن خۆی پیادەكات و ماڵەكە دەشێوێ) . پیاوباشێك دەڵێت: لە خوا بترسە بە ڕووكەش قسە بەشەیتان مەڵێ و بە نهێنیش هاوەڵی بیت.

بە یادی خوا شەیتان لە دڵی مرۆڤ دوور دەكەوێتەوە، ئەگەر لە فرسەتێكدا، لە غەفڵەتێكدا، زەفەری پێبرد ئەوا بەیادی خوا وشیار دەبێتەوە ﴿إِنَّ الَّذِينَ اتَّقَوْا إِذَا مَسَّهُمْ طَائِفٌ مِّنَ الشَّيْطَانِ تَذَكَّرُوا فَإِذَا هُم مُّبْصِرُونَ ﴿٢٠١﴾﴾ الأعراف . واتە: بێگومان ئەوانەی لە خودا ئەترسن و خۆیان لە گوناە دوور ئەخەنەوە، ئەگەر سووسەیێ لە شەیتانەوە لێیان بدا و غافڵیان بكا گورج

---

[97]– رواه البخاری وأحمد عن ابن مسعود، صحيح جامع الصحيح رقم (٣١١٠).

[98]– رواه الحاكم في المستدرك عن المستورد كما في صحيح جامع صغير رقم (٥٤٢٣).

بیر ئەکەنەوە لە گەورەیی و زانایی خودا و ئەبینی گورج چاویان بینایە و دڵیان زانایە و ڕۆحیان ئاشنایە. ڕۆژانە هەرکەس لە ماڵ دێتە دەرەوە، یان لە ژێر ئالآی مەلائیکەتدا ئەو ڕۆژە دەگوزەرێنێ یان بە پێچەوانەوە لە ژێر ئالآی شەیتاندا ئەو ڕۆژە تەواو دەکات، هەروەك حەزرەتﷺ دەفەرموێت: (مامن خارج يخرج من بيته، إلا ببابه رايتان راية بيد الملك، وراية بيد شيطان، فإن خرج لما يحب الله عزوجل اتبعه الملك برايته، فلم يزل تحت راية الملك حتى يرجع الى بيته. وإن خرج لما يسخط الله اتبعه الشيطان برايته، فلم يزل تحت راية الشيطان حتى يرجع الى بيته) [٩٩].

## حەوت كۆسپ:

دیارە کۆسپ و تەگەرەکان زۆرن، لە فەرموودەیەکدا حەزرەتﷺ هانمان دەدات کاربکەین، پێش ئەوەی هەژار بکەوین، پێش ئەوەی دەوڵەمەندی توشی سەرکەشیمان بکات، پێش ئەوەی حەریص بین حیرصێك كە هەقمان بیرببات‌ەوە، پێش پیرییەك كە لاوازی لەگەڵ خۆی دێنێ، پێش ئەوەی لەپڕ بمرین، پێش ئەوەی دەجال بێت کە خراپترین چاوەڕوانکراوە، پێش ئەوەی قیامەت هەستێت و تەوبە وەرنەگیرێ (بادروا بالأعمال سبعاً، هل تنتظرون إلا فقراً منسيا، أو غنى مطغيا، أو حرصا مفسدا، أو هرما مفنداً، أو موتا مجهزاً، أو الدجال فشر غائب ينتظر أو الساعة فالساعة أدهى وأمر) [١٠٠].

## کات بەسەر نەچووە:

پیاوێکی بەتەمەن ناوی ئیبراهیمی کوڕی مەهدییە ئەچێتە کوڕی خەلیفە مەئمونەوە، دەبینێ سەرقاڵی فێربوونی زانستن، مەئمون پێی وت: هیچ دەزانی لەم شتانەی باس دەکرێن؟
ئیبراهیم وتی: نەخێر، بە منداڵی کاریان پێ کردووین و کە گەورەش بووین بۆ خۆمان کارمان کردووە.

---

[٩٩]– رواه أحمد عن ابي هريرة الطبراني في الأوسط كما في مجمع الزوائد (١٣٢/١).

[١٠٠]– رواه الترمذي عن أبي هريرة، ضعفة الألبانى في ضعيف الجامع رقم (١٣٢٤).

مەئمون وتی: دەی لە ئەمڕۆوە بۆ هەوڵ نادەیت فێربیت؟ ئیبراهیم وتی: جا دەگونجێ و جوانە بۆمن لەم تەمەنەدا هەوڵ بدەم فێربم. مەئمون وتی: بەڵێ، ئەگەر بمریت لەڕێی فێربوون دا چاکترە لەوەی بژیت بەنەزانی و نەفامی.

ئیبراهیم وتی: تاکەی باشە مرۆڤ هەوڵی فێربوون بدات؟ مەئمون وتی: تا گیان لە جەستەیدا بێت.

پێشەوا (قەففال) لەتەمەنی چل ساڵیدا کەوتە هەوڵی فێربوون، لەخۆی بەگومان بوو، کەبەو تەمەنەوە بتوانێ فێرببێ و خەڵك فێرکات، تا کابرایەکی بینی بە دەوری بیرێکدا گایەکی لێدەخوڕی تا ئاو دەربێنێ، سەرنجی دا گوریسێکی بینی کە لە ئەنجامی زۆر بەرکەوتنەوە بەردێکی لێواری بیرەکەی چاڵ کردبوو، ناوبراو وتی:

أُطلُبْ ولا تَضْجَرْ مِن مَطْلَبٍ　　فآفة الطالب أنْ يَضْجَرا

أما ترى الحبلَ بطولِ المدى　　على حليبِ الصخرِ قد أثَّرا

قەففال کۆڵی نەدا تا بووە زانایەکی ناودار و خەڵکانێکی زۆر سوودیان لێ بینی. دەڵێن: پێشەوا ئیبن حەزمی ئەندەلوسی لە تەمەنی بیست و شەش ساڵیدا کەوتە دیراسەکردن و هەوڵی دا فێرببێ، تا بوو بەو زانا بلیمەتەی کە ناوبانگێکی باشی پەیدا کرد.

پێغەمبەرﷺ هانمان ئەدات لەسەر هەوڵدان لە هەموو کاتێکدا و دەفەرموێت: پشت بەخوا ببەستە و دەستەوسان مەبە، ئەگەر تووشی بەڵاو شتێکی نەخوازراو بووی مەڵێ: ئەگەر وام بکردایە وادەبوو، بەڵکو بڵێ: ئەوەی خوا تەقدیری کردبوو هاتەدی، چونکە وشەی (لو) ئەگەر وابوایە وادەبوو دەرگا بۆ شەیتان دەکاتەوە. **قال رسول الله صلى الله عليه وسلم : " المؤمن القوي، خير وأحب إلى الله من المؤمن الضعيف، وفي كل خير احرص على ما ينفعك، واستعن بالله ولا تعجز، وإن أصابك شيء، فلا تقل لو أني فعلت كان كذا وكذا، ولكن قل قدر الله وما شاء فعل، فإن لو تفتح عمل الشيطان "**ئەبو هورەیرە -صحيح مسلم-كتاب القدر.

## پێشبڕکێی هاوەڵان:

عومەری کوڕی خطاب دەڵێت لە جەنگی تەبوکدا نیوەی سامانەکەم بەخشی وتم ئەمڕۆ پێشی ئەبوبەکر ئەدەمەوە، کەچی ئەو هەموو سامانەکەی بەخشی لە ڕێی خوادا.
هەروەها دەڵێت: شەوێکیان لەگەڵ حەزرەتدا لە ماڵی ئەبوبەکر بووین کە گەڕاینەوە و گەیشتینە مزگەوت یەکێ قورئانی دەخوێند، حەزرەت وەستاو گوێی بۆ گرت، دوایی فەرمووی کێ حەزدەکات قورئان بە تەڕوبڕی بخوێنێ هەروەك چۆن دابەزیوە با وەك ابن أم عبد بیخوێنێ بەمە زانیمان ئەوەی کە قورئانەکە دەخوێنێت عبداللە ی کوڕی مسعودە، بۆ بەیانی چووم مژدەی بدەمێ، وتی :ئەبوبەکریش پێش تۆ هات مژدەی دامێ.
هەروەها پیرێژنێکی نابینای بێکەس لە دەوری مەدینە ئەژیا، عومەر چی سەری ئەدا ئیش و کارەکانی بۆ بکات هەستی دەکرد یەکێ لە پێش ئەودا هاتووەو ئیشەکانی بۆ کردووە، دوای ماوەیەك زانی ئەبوبەکر لەگەڵ ئەوەدا کە خەلیفەش بوو سەردانی ئەو پیرێژنە دەکات وخزمەتی دەکات. (لەسەرەتاوە تائێرە سوود لە پەڕاوی (سباق نحو الجنان) و. (بأی قلب نلقاه ل–٨٨) دکتۆر خالد أبو شادی وەرگیراوە) .

## ئەزموونەکان:

لەم پێشبڕکێیەدا سوود وەرگرتن لە ئەزموون و ئامۆژگارییەکان زۆر پێویستن، بۆیە کۆمەڵێك ئەزموون و ئامۆژگاری دەهێنم لێرە و لەوێ بەو هیوایەی کە سوودیان ببێ.

## ئافرەتێکی بانگخواز

عائیشە کامنگۆ باسی سەرگوزەشتەی موسڵمانبوونی دەکات و دەڵێت: نزیکەی چوارده سەدە لەمەوبەر ئیسلام گەیشتۆتە کینیا بەڵام بەداخەوە من کە لە خێزانێکی موسڵمانبووم لە شەش ساڵیدا لەبەر ئەوەی کە تەنها قوتابخانەیەکی گاورەکان لەناوچەکەماندا هەبوو ناچاربووم بچمە ئەو قوتابخانەیە، ئەو کاتەش لە کینیا واتە پێش چل و چوار ساڵ برسێتی قات و قڕی بوو، ئەو قوتابخانەیە لەگەڵ ئەوەدا کە بە خۆڕایی بوو خواردنیشی پێئەداین. لەسەر مەسیحیەت پەروەردەیان کردین، بەردەوام لە گوماندا ئەژیام، ناوم جەسنتا

بوو هەر لە یەکەم ڕۆژەوە ناویان گۆڕیم بۆ واکاری و، پاش چەند ساڵ خوێندن لایان فێری زمانی ئیتالی بووم، ناردیانم بۆ ئیتاڵیا تا ببمە راهیبە لە فاتیکان.

لە ئیتاڵیا پرسیارم زۆر دەکرد لە بارەی عەقیدەی مەسیحیەکانەوە چونکە من پاشخانێکی ئیسلامیم هەبوو بەئاسانی قسەکانیانم بۆ وەرنەدەگیرا، تالیێم بێزاربوون و دەریان کردم، منیش چوومە کۆلێژی گەشتیاری و هۆتێل لە شاری فلۆرەنس لە ئیتاڵیا، کە تەواوم کرد گەڕامەوە کینیا و بووم بە (**مضیفة**) ی ناو فڕۆکە، ئامانجیشم لەمە ئەوە بوو کە ولاّتان بگەڕێم و بەهۆیەوە هەق و راستی بدۆزمەوە.

نۆ ساڵ خزمەتی حاجیانم کردو گوێم لە (لبيك اللهم لبيك) بوو لە فڕۆکەداو، هەرچەند دراوسێکانیشم موسڵمانبوون بەلاّم بەداخەوە قەناعەتم نەبوو پێیان. زۆرم خوێندەوە و زۆردینم گۆڕی چونکە لای هیچیان دڵم ئاوی نەخواردەوە، سەرەنجام ئالوودەی مەی بووم، هەرچەند من لە هیچم کەم نەبوو، مێردەکەم پیاوێکی دەوڵەمەندی ئیتالی بوو، بۆ خۆم مووچەیەکی باشم وەردەگرت و هەرچی دڵ ئارەزووی بکردایە بە ئاسانی دەهاتە بەر دەستم، لەگەڵ هەموو ئەوانەدا هەستم دەکرد شتێکم نیە و نەمدەزانی ئەو شتە چییە و چۆن بەدەستی بهێنم.

لەئەنجامی خواردنەوەی زۆرەوە تووشی نەخۆشی جگەربووم، چووم بۆ ئوستراليا بۆ کارکردن، پزیشکەکان پێیان راگەیاندم کە تەنها شەش مانگی تر دەژیم، وەك شێتم لێهات، داخلی خەستەخانەی نەخۆشیە عەقلّیەکان بووم لە سیدنی، دووساڵ تیایا مامەوە، من دەمزانی خوا دەستی لێ بەرنەداوم، دوعام دەکرد و دەموت :خوایە دەزانم کەمن هەڵەم، بەلاّم من حەزم بە هەڵەکردن نیە، بۆ جارێك تاقیم بکەرەوە، هیدایەتم بدە، رێنمایم بکە لە رێی راست لانادەم.

سبحان الله خوای گەورە هات بەهانامەوە دوای دوو ساڵ لەو نەخۆشخانەیەدا کە وەك بیرێکی تاریك وابوو خوا رووناکی بۆ ناردم. ئەویش بەوەی بەرنامەیەکی بەڵگەنامەییم بینی کە باسی ئەو رەش پێستە ئەفریقیانەی دەکرد کە لەسەر تاوان دەگیرێن لە ئەمەریکا و لە بەندیخانەکاندا بە هۆی ئیسلامەوە سەرتاپا ژیانیان دەگۆڕدرێت و دەبنە کەسێکی چاك وباش و بێوەی لە کۆمەڵگادا. لەو کاتەدا تەمەنم سی و حەوت ساڵ بوو، یەکەم جاربوو لەو بەرنامەیەدا ببیستم کە موسڵمانان قورئان بەدوا پەیامی ئاسمانی دەزانن کە بۆ هەموو بەنی ئادەم دابەزیووە.

ئەو کاتە ساڵی ١٩٩٧ بوو بۆ یەکەم جار ونبووی خۆم لە ئیسلامدا دۆزیەوە، خەستەخانەم بەجێهێشت و گەڕامەوە کینیا و چووم بۆ لای پیاوێك کە ناوی محمد بوو، قورئانێکی دامێ کە بە زمانی ئینگلیزی مانای لێکدرابووەوە، سبحان الله کە کردمەوە ئەم ئایەتەی سوورەتی زومەرم بینی کە دەفەرموێت: ﴿قُلْ يَٰعِبَادِىَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا۟ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًا ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٥٣﴾﴾ الزمر . لەو ڕۆژەوە تا ئەمڕۆ سوپاس بۆ خوا دوانزە ساڵە خۆم بە بەختەوەرترین کەس دەزانم لە دنیادا، هەست دەکەم بووم بە ئەندام لە یانەیەکی زۆر گەورەدا کە ئەویش یانەی باشترین ئوممەتە، یانەکەی موحەممەدە سەلاّت و سەلامی خوای لەسەربێت. من پێشتر سێ جارچووم بۆ سویسراو ئیتاڵیا تا واز لە مەی بهێنم نەمتوانی، کەچی کە موسڵمان بووم هەموو دەرد و ئازارەکانم نەمان و لەسایەی خواوە بوومە گوێزی ساغ. سەرەتا زەحمەتی زۆرم بینی ئەگەڕام بەدوای کەسێکدا فێری نوێژ و ئیسلامەتیم بکات، (ان مع العسر یسرا) دواتر خوای گەورە دەرگاکانی ڕەحمەت و میهرەبانی لێکردمەوە و زۆر مامۆستا و زانای بەناوبانگم بینی، وەك شێخ ئەحمەد دیدات، کە لە ماڵەکەی خۆی لە خوارووی ئەفریقیا بە خزمەتی گەیشتم، فێری شێوازی بانگەوازی کردم و زۆری پێخۆش بوو کە شارەزابووم لە ئینجیلدا و ئیجازەی بانگەوازی دامێ و بۆشی مۆرکردم، فەرمووی من ناساغم ناتوانم بێم لەگەڵتا بۆ بانگەواز، من ئەتبینم شێری، تۆ شێری بڕۆ بە خێرایی لەسەرخوا بانگەواز بکە (مەبەستی ناوەکەی پێشووم بوو کەماناکەی شێرە) . کە چووم بۆ کەعبە لە پاڵ دیواری کەعبەدا زۆر لە خوا پاڕامەوە کە یارمەتیم بدات ببمە بانگخوازێکی باش بۆ دینەکەی.



بانگخواز عائشە کامنگۆ

من کەم دەخەوم، شەوو ڕۆژ لە خەمی ئەوەدام کە بگەڕێم وەك موسا (**أمضی حقبا**) تا ئیسلام بگەیەنم بەسەرتاسەری دنیادا، چۆن ئێمە خەمی چوار ملیار کەسمان نەبێت کە ئێستا لەم دنیایەدا ئەژین و بێئاگان لە ئیسلام، چۆن ئەوانە بمرن و تامی شیرنی ئیسلام نەچێژن، من شەوی سێ چوار سەعات دەخەوم و دەترسم ئەوەی کەمنی تیام خەوبێ !حەز دەکەم بەردەوام بەخەبەربم و هەوڵ بدەم مەگەر خوای گەورە نافەرموێت (سابقوا، سارعوا، السابقون السابقون) ، کات کەمە و هۆکارەکانی بانگەوازیش زۆربوون، ئەوەجیهانی ئینتەرنێت و ئیمەیڵ کە دەتوانرێت کاری باشی پێبکرێت. بە راستی خوا هیدایەتی دام و چاکی کردمەوە، من ئێستا لە ئوممەتی موحەممەدم، نازانم ئێوەش هەست بەخۆشی ناو هێنانی ئەو موحەممەدە دەکەن؟ داواکارم لە خوا کە لە بەهەشتا لە خزمەتیا بین. نازانم موسڵمانان چۆن کاتەکانیان دەکوژن بەدیار زنجیرە دراماکانەوە کە تەنها کات بەفیڕۆدانە، بۆنایەن شارەزای ژیانی حەزرەت و یارانی بن کە دەیان ساڵ زەحمەتیان کێشا و سەرو ماڵیان بەخت کرد تا ئەم ئاینەیان گەیاندە دەستمان.
ئیسلام داوامان لێدەکات کاری بۆ بکەین (وقل اعملوا) ، من حەوت ساڵە هات وچۆی ئەزهەر دەکەم و کەدووئایەت فێردەبم خێرا دێمەوە کینیا تا خەڵکی فێر بکەم. من لە سایەی خواوە هەندێ بازرگانی جلی باڵاپۆش دەکەم لە نێوان میسر و دوبەیدا بەوەش لە ساڵی ٢٠٠٤ ەوە توانیومە شەش مزگەوت دروست بکەم و زۆر کاری خێرخوازیش بکەم.
خەڵکی ئامادەن گوێ لە ئیسلام بگرن، خەڵکی تینووی هەق و راستین، سەردانی دێیەکمان کرد و باسی ئیسلامان بۆکردن حەوت سەد کەس بەیەکەوە موسڵمان بوون، لە کردنەوەی مزگەوتێکیشدا لە کینیا بیست و دووکەس موسڵمان بوون و ئێستا بوون بە دووسەد کەس زیاتر. خەڵکی پۆل پۆل دێن بەرەو ئیسلام ئەوەی لەسەرتانە موسڵمانان ئیسلام وەك خۆی بە جوانی پێشکەش بکەن و ئەگەر هەرکەس چی دەتوانێت بیکات بەرئەنجامەکەی گەورە دەبێت، سوپاس بۆ خوا سەرکەوتنی ئیسلام نزیکە. (بەرنامەی بصمات کەناڵی ریسالە) .

## شـێخ عـلی تەنتاوی:

نــاوبراو کــە زانایــەکی بــانگخوازی ســوورییە و چــەند ســاڵێکە ئــەم ژیانــەی بەجێهێشتووە، لە بارەی ئەزموونی خۆیەوە دەڵێت: سەیری ڕۆژ ژمێـرم کـرد ئـەمڕۆ کـە **٢٣**ی **جمادی الأولی** ساڵی **١٣٧٩**ی کۆچی یە، پەنجاو دوو ساڵم تەمەن بەڕێکردووە، هەڵوێستیەکم کرد لەسەر ئەمڕۆ و دوێنێم، سەیری بەردەمی خۆمم کرد تا کۆتایی گەشتەکەم ببینم، سەیری دواوەم کرد تا بزانم چ سوودێکم وەرگرتووە لەو ژیانەی ڕابردووم.

هەڵوێستەم کرد وەك بازرگانێك چۆن لەسەری ساڵدا بەحساب و کیتـابی خۆیـدا ئەچـێتەوە، تـا بزانێ چەندی قازانج یان زەرەر کردووە. وەستام هەروەك وەسـتانی کاروانێـك کـە ڕێبوارەکـانی شپرزبووبن و پەلەقاژێ بکەن و نەزانن لە کوێوە هاتوون و بۆ کوێ دەچن. بە ڕاستی ئێمەش کـە بە شارێی ژیاندا دەڕۆین، شێتانە پێشبڕکێ دەکەین و ناشزانین لەبەر چییە پێشبڕکێکەمان. ئێمە لەو ساتەوەختەی لەخەو هەڵدەستین تا ئەوکاتەی لە هیلاکیدا سەردەنێینەوە سەرقاڵین هەریەکەو بەشتێکەوە، بۆیە من بە حساباتی خۆما چوومەوە، چیم داواکردووە و چیم بەخشیوە.

هەوڵمدا لە بواری ئەدەبیدا سەردەستە بم، ئەوەندەم خوێندەوە چاوەکانم کزبوون، شـەوگارم گـرت بەکۆڵەوە لەم کتێب بۆ ئەو کتێب، تا گەیشتمە ئەوەی بەشـێوازێکی تایبـەتی خـۆم ئەنووسـم و جەماوەری خۆم هەیە، حەزم دەکرد ببمە وتاربێژێکی ئەوتۆ کە دوانگە لـەژێر پێمـدا بلـەرزێ‌و، نووسەرێك کە لە لوتکەدا بێت، ئەمانە ئەوپەڕی ئاوات و ئامانجم بوون، کاتێك گەیشتمە ئەوانە زۆر گرنگ نەبوو بەلامەوەو زۆر لەززەتم لێ نەچەشـتن. سەردەسـتەبوونی بـواری ئـەدەبی چـیە؟ ئەوەیە کە لە هەموو لایەکەوە باس بکرێیت و خەڵکی تامەزرۆی نووسینەکانت بن و سەرسامی خۆیانت بۆ دەربڕن؟ پاشان ئاهەنگی ڕێزلێنانت بۆ بگێڕن؟ من ئەوانـەم هـەمووی بینـی، پێتـان بڵێم چیم دی؟ بەڕاستی سەرابێکم بینی، سەرابێکی خەڵەتێنەر. من ئەمە نـاڵێم وەك ئـەدیبێك بۆ سەرسام کردنی خەڵك، نەبەخوا، ئەوە دەڵێم کە هەستی پێدەکـەم، مـن سـی سـاڵە لەسـەر دوانگەکانم، لە زۆر لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا لەپێشم و، حەڤدە ساڵە لەئیستگەکانەوە هەفتانـە وتار ئەدەم، ئەمە بێجگە لەوتاردان لە شام و میسر و عێراق و حیجاز و هیند و ئەندۆنیسیا کە دڵی دەیان هەزار کەسم هێناوەتـە جـۆش و خـرۆش. چـەندەها وتاریـان لەسـەردام و چـەندەها

نامەیان لەسەر نوسیم، ڕەخنەگری ناودار لێکۆڵینەوەی لەسەر نووسینەکانم کـردو بابەتـەکانیان کەلەسەر من نوسیویانە لە قوتابخانەکاندا دەخوێنرێن، ئەمـە بێجگـە لـەوەی نووسـینەکانم بـۆ زمانی ئینگلیزی و ئوردی و فارسی و فەڕەنسی وەرگێڕدراون. . پاش هـەموو ئەوانـە چـیم بـۆ ماوەتەوە؟ هیچ! مەگەر ئەوەندەی کە خوا بەفەزڵ و کەرەمی خۆی پاداشتێکی بۆ نووسیبم!

من ئەوەندە شیعر و شانامەیان بەسەرا هەڵدام بردیانمە ئاسمان، ئەوەنـدەش کەسـانی تـر تانـەو تەشەریان لێدام بردیانمە پلەی شەیتان، لەزۆر بۆنەی ئەدەبیـدا بـانگکراوم و ڕێـزم لێنـراوە، لـە لایەکی تریشەوە لە زۆر بۆنەی تریشدا کەسی زۆر سادە بانگگراوەو منیان فـەرامۆش کـردووە، بۆیـە ئێسـتا هەرچـی بێـت لام یەکسـانە، نـەدڵم بەشـیعرو شـانامە خۆشـەو نـەزەمکردنیش تاڵەموویەکم ڕاست دەکاتەوە. ئالێرەوە وازم لەسـەر دەسـتەیی ئـەدەبیو نـاوو شـۆرەت هێنـا، چونکە زانیم کەسەراب و وەهمە. من زۆر پلەو پایەم بینی، بۆم دەرکەوت کەتەکلیفەو تەشـریف نیـە، هیلاکـی و چەرمەسـەرێیە نـەك خۆشـی و لـەززەت، چـونکە لەڕاسـتیدا فەرمانبـەر ك لەبچەکراوە با کەلەبچەکەشی ئاڵتون بێت، سـی سـاڵ لەمەوبـەر حـەزم دەکـرد مامۆسـتایەکی سەرەتایی بوومایە لە دێی (حەرستا) ، کە ئەوەنەبوو، ئیتر هەرچی ترم بۆ هاتە پێش لام گرنگ نەبوو.

هەوڵمدا بۆ ماڵ و سامان و سووربووم لەسەر دارا بـوون، بـۆم دەرکـەوت کـە کەسـانێك هـەن هەرچەند دەوڵەمەندن بەختەوەرنین، کەسانێکیش هەن هەرچەند نەدارن بەختەوەرن. لـە قۆنـاغی ناوەندی بووم باوکمان مرد، خێزاندار بووین، قەرزدار بووین، خوای گەورە قەرزی بـۆ داینـەوە و منداڵەکانیش گەورەبوون، ژیانمان مامناوەندی بوو، ئەوەی دەستمان دەکـەوت سـەروبەر بەشـی دەکردین و هەروەك باڵندە بووین کەبەیانی بەبرسێتی دەڕواو ئێوارە بەتێری دەگەڕێتەوە. ئێسـتا ماڵ و سامانم زۆر لا مەبەست نیە، مەگەر ئەوەندەی کە مرۆڤ پێویستی بەکەس نەبێت و ئـاوی ڕووی پارێزراو بێت. گەنجێتیم بەڕێ کرد، وەك هەموو لاوێك سەرمەستی گەنجێتی بووم، ئێسـتا کە ئەزموونەکەم تێپەڕاندووە تێگەیشتم ئەوەی دوای هەواو ئارەزوو دەکەوێت، وەك ئەو کەسەیە کە ئاوی سوێری دەریا دەخواتەوە و هەرگیز تینوویەتی ناشکێت، ئەوەی بە حەڵاڵ دانـامرکێ و چاو لەدەرە هەموو ئافرەتی دنیا هی ئەو بێت بێسودە و چاوبرسی تر دەبێت.

بەڵێ. . . گەنجێتی ڕۆی بەخۆی و خەیاڵاتەکانییەوە، دامرکامەوە و پشووم دا، ئنجا سەرنجی خەڵکی ئەدەم و بەسەرسامیەوە دەپرسم: ئەوە بۆچی ڕادەکەن؟ بۆچی هەڵپە دەکەن؟ کە سەرەنجامەکەشی سەرابە! ئەزانن سەراب چییە؟ ئەوەی کە بە بیابانـدا دەڕوات، لە گەرما و تینوێتیدا لە دوورەوە ئاو دەبینێ، بەهەموو توانایەوە هەوڵ ئەدات بیگاتێ! کە ئەگاتە سەری دەبینێ ئاو نیە! هەموو لەززەتەکانی دنیاش وان، تەنها لە دوورەوە خۆشن! هەژار ئاواتی پارەیە، وا ئەزانێ ئەگەر دە هەزار لیرەی ببێ، هەموو دنیا هی ئەوە، ئەگەر ئەو پارەیەی دەستکەوت ئەو لەززەتەی لێ وەرناگرێ کە بەخەیاڵیا دەهات، بەڵکو تەماعی سەد هەزار دەیگرێت و هەرخۆی بەهەژار دەزانێت، جا ئەگەر سەد هەزارەکەشی دەستکەوت ئاواتی ملیۆنێك لیرە دەخوازێت، چونکە ئەگەر ئادەمی پڕ یەك دۆڵ ئاڵتونی هەبێت، حەز دەکات ببێ بەدوو ئەوەندە، مەگەر گڵ چاوی مرۆڤ تێر بکات. .
شاعیرێکی عاشقیش کە دنیا پڕبکات لە هۆنراوەی ناسکی پڕسۆز، کە هەموو ئاواتی ساتێك بینینی مەعشوقە، ئەگەر گەیشتە ئەوە ئاواتەکان و خەیاڵاتەکانی وەك بەفری بەرخۆر دەتوێنەوە و لەیلا وەك هەموو ئافرەتێکی تر دەبینێت.
فەرمانبەرێکی ئاسایی وەزیرێك یان ئەمیرێك بەچی دەبینێت؟ کاتێك ژمارەیەکی زۆر پاسەوان و ئۆتومبیلی لەگەڵە؟ نازانێ بەلای وەزیرەکە یان ئەمیرەکەوە ئاسایی بووەتەوە و ئەوە نیە کە ئەم تێی گەیشتووە، هەرچی بێت ئەوهامە، هەرچەند ئێمە زۆرکات لە ئەوهام دا ئەژین! ئەگەر خۆشی و لەززەتێك کە سەرپێچی بووبێ و لاوازبووبم بەرامبەری و کردبێتم ئێستا خۆشی و لەززەتەکە ڕۆیشت و سزاکەی ماوە! ئەگەر لە حەرامێکیش خۆم گرتبێتەوە و قورسیش بووبێ لەسەر نەفسم ئەوەش ڕۆیشت و پاداشتەکەی ماوە. ڕەنگە کەسانێك هەبن دنیا بەلایانەوە فرسەت بێت کەچی بکەن بیکەن و بەتەمای قیامەت نەبن، نەبەخوا، ئەوانە وەك ئەو کەسەن کەلەکەشتیەکدا لەناو دەریادا خەریکە نقوم دەبن، هەموویان سەرقاڵی خۆڕزگارکردنن کاڵ فامێك نەبێت ژوورەکەی جوان دەکات و جێی خۆی خۆش دەکات و دەڵێ کەمادام هەر سەعاتێکم مابێت با تیا ڕابوێرم! دنیا سەعاتێکە بەڵام سەعاتێکە بۆ سەرفرازی بەرەو ژیانێکی ئەبەدی نەك غەرق بوون لەدەریای بێ بنی دنیادا!

مەبەست ئەوە نیە واز لە دنیا بێنین، نەخێر، ئەوەی من مەبەستمە دنیا لە دەستماندا بێت نەك لە دڵماندا هەروەك هاوەڵانی حەزرەتﷺ و شوێنكەوتووانیان. ئادەمی وەك قوتابی وایە، هەر پۆلێك ببڕێت خەمی پۆلەكەی سەروتریێتی! ئادەمی هەرچی هەبێت هەوڵی زیاتریێتی، بۆشاییەك هەیە لە دڵ و دەروونیا پڕنابێتەوە، مەگەر بەوەی كە عومەری كوڕی عبدالعزیز پەی پێبرد و وەك دیارییەك پێشكەشی هەموو عەودالێكی دڵ ونبووی دەكات، كاتێ بوو بە خەلیفە دەسەڵاتی بەسەر یەك لەسەر چواری دنیادا هەبوو وتی: من دڵ و دەروونێكی پەرۆشم هەیە، گەیشتبێتە هەرشتێك هەوڵی زیاتری داوە، ئاواتم ئەمیری بوو، كە دەستم كەوت ئاواتم بوو ببمە خەلیفە، كە گەیشتمە خەلافەت ئاواتمە بگەمە بەهەشت، بەڕاستی ئەمەیە خولاسەی هەموو ئەزموونەكان، جا نازانم نزیك بوومەتەوە لەو ئاواتە پاش پەنجاو دوو ساڵ تەمەن؟ داخی بە جەرگم! زۆری تەمەنم ڕابورد و چاكەی زۆرم نەكرد، سەفەرەكەم نزیك بوّتەوە و خۆم ئامادە نەكرد، كاتی دروێنە هات و زرعاتی پێویستم نەكرد، زۆر گوێم لە ئامۆژگاری بوو عیبرەتم وەرنەگرت، كاتی تەوبە هات و سستی و دەستی دەستیم بەخۆم كرد!(**اللهم اغفرلی ما أسررت وما أعلنت، فما یغفر الذنوب إلا أنت، اللهم سترتنی فیما مضی فاسترنی فیما بقی،لا تفضحنی یوم الحساب**).ڕەحمەتی خوا لەو خوێنەرەی دەڵێ (آمین)!هەزار جار آمین.

## لە چل ساڵیدا:

ئیبراهیم عاصی نووسەرێكی عەرەبەو دەڵێت: ئەوا دەچم بەرە و تەمەنی چل ساڵی، بەڵام چ وانەیەكم لە ڕابردوو وەرگرتووەو چ ئەزموونێكی تەمەنی ڕابردووم هەڵگرتووە. وانە و ئەزموونەكان زۆرن، بەڵام ئەوەی كە شایانی باسە، ئەزموونی (بەختیاری) یە، بەختیاری ئەو مەتەڵەی كە لای زۆر كەس وەڵامەكەی نیە، بەختیاری ئەو ئاوات و ئامانجەی كە خەڵكی بەردەوام بەدوایدا وێڵن. زۆربەی خەڵكی وادەزانن بەختیاری دەستكەوتێكەو لەدەرەوە بەدەست دێت، قوتابی بەختەوەریەكەی لەدەرچووندا دەبینێ، هەژار لەماڵ و سامان و، گەنج و لاو لەخێزان و هاوسەرگیریدا. . . . هتد، بەڵام ئەوە بۆچوونێكی سادەیەو ناحاڵی بوونە لەكرۆكی مەسەلەكە، لەبەرئەوەی كە ئەو شتانە بۆ ماوەیەك خۆشن بەڵام پاش ماوەیەك تام و خۆشیان

بەسەردەچێ و مرۆڤ ڕادێ لەگەڵیاندا و هەوڵی شتی زیاتر ئەدات، بەم جۆرە ژیان دەبێتە ڕاکە ڕاك و سەرەنجامەکەشی سەرابە ﴿أَلْهَىٰكُمُ ٱلتَّكَاثُرُ ۝١ حَتَّىٰ زُرْتُمُ ٱلْمَقَابِرَ ۝٢﴾ التكاثر. واتە: زۆرکردن و شانازی کردن بە زۆریی بەجۆرێ خەریکی کردوون خوای لەبیربردنەوە ودەستان لێ هەڵنەگرت تا مردن و چوونە ناو گۆڕ. لە گۆڕی تەنگ و تاریکدا مرۆڤ بۆی دەردەکەوێت کە دنیا هەمووی پێچی مێزەرێك بوو، خەوێکی کورتی کەم بوو. بەڕاستی خۆشەویستی خوا، دڵ ئاوەدانی بەیادی خوا، کرۆکی بەختەوەرین، قورئان دەفەرموێت: ﴿وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِى فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةً ضَنكًا وَنَحْشُرُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ أَعْمَىٰ ۝١٢٤﴾ طه. واتە: هەرکەسێك پشت لە یادکردنەوەی من هەڵکا ژیانێکی تەنگ و ناخۆش ئەژی لە دنیادا، لە ڕۆژی قیامەتیشا بە کوێری حەشری ئەکەین.

لە ساڵی ١٩٦٦دا ڕۆژێکیان شەیتان وەسوەسەی پێکردم و خەم و خەفەت و دڵ تەنگییەکی زۆر دایگرتم، هەستم بەستەم دەکرد، بەڵام زوو هاتمەوە هۆش خۆم و بەیادی خوا ئەو مۆتەکەیەی سەر دڵمی گرتبوو لاچوو، بەزمان ئەم موناجاتەم دەوت و بەقەڵەمیش نووسیم: (پەروەردگارا با هەموو خەڵکی ناڕازی بن گرنگ ئەوەیە تۆ ڕازی بیت، با ژیان قورس بێت گرنگ ئەوەیە تۆ میهرەبانی، با دوژمنان پێشم خۆش بن خۆ تۆ تۆڵەسێنی، من لەپەنای تۆدا ئارامم، لەژێر چاودێری تۆدا بەختەوەرم، بەنوری تۆ ئاسوودەم (**اللهم إن لم يكن بك عليّ غضب فلا أبالي**) . پەروەردگارا کە دەڕوانمە فەزڵ و گەورەیی و دەسەڵاتی تۆ دەستبەرداری غەیری تۆ دەبم، کە پشت بە تۆ دەبەستم واز لە هەموو ئەوانە دێنم کە دروستکراوی تۆن، کە دڵم وابەستەی تۆیە ئاسانە لام تووشی هەرچی بم، خۆ ڕەنگە تا ئێستاش تووشی هیچی وانەبووبم، پەروەردگارا تاقیم مەکەرەوە، ئەگەر تاقیشت کردمەوە دامەزراو و ئارامگرم بکە لەسەر هەق، سوپاس و ستایش هەر بۆتۆیە تا ڕازی دەبیت ئەی گەورە و خۆشەویستم. . ئەی خوایە.

-من لە ژیانمدا ئەوە تێگەیشتم کە پێوەری دینداری ڕاست هەڵسوکەوت و مامەڵەی جوانە، بەجۆرێك ئەگەر کەسێکی دیندار ببینم بە ئاسماندا بفڕێ و بەسەر ئاودا بڕوات، کە مامەڵەی لەگەڵ خەڵکیدا خراپ بوو، بەدرۆزن و دەجال و دووڕووی دەزانم ئیتر هەرکەسێك بێت.

- تێگەیشتم کە ڕەزامەندی دایك و باوك  هەموو قورسی و گرانیەکان سووك دەکەن و هەموو دەرگاکان دەکەنەوە و مایەی سەرکەوتن و ئارامین.
- بۆم دەرکەوت کە دامەزراوی لەسەر هەق و ڕاستاڵی (ئیستیقامەت) لەسەر بیروباوەڕ، وادەکات دوژمن لە پێش دۆستدا ڕێزت بگرێت و گەورەیی ئەدا بەمرۆڤ لەبەرچاوی دۆست و دوژمن.
- زانیم کە لێبوردەیی بەڵگەی نەفس بەرزی و پیاوەتییە، جا کە لێبووردەییەکە لەگەڵ کەسی شایستەدا بوو، زوو دێت بەرەو  پیرت و پێی دەزانیٚ، وە ئەگەر لەگەڵ ناکەسیشدا بوو ئەوا زیاتر ڕۆدەچیٚ لە خراپەدا و سەرەنجام سەری خۆی دەخوات، هەروەك وتراوە (حلم المعاويە قتل الغلام) .
- بۆم دەرکەوت کە گەورەیی و دانەبەزین بۆ شتە بچووکەکان ئاسوودەیی ئەدات بەدەروونی مرۆڤ.
- لە ژیانمدا  هەست ناسك و وردبینم، کە ئەمەش بەڕاستی ماندووی کردووم، ئەمە بێجگە لەوەی بەرگەی ساتەکانی جیابوونەوە و خواحافیزی ناگرم و دڵم ئەگوشریٚ و چاوم پڕ ئەبیٚ لە فرمێسك. ئا بەو جۆرە هەنگاو دەنێم بەرەو چل ساڵی، یاخوا بەخێربێت!

## ئەزموونی محمد الغزالی:

ناوبراو بانگخوازێکی میسرییە و چەند ساڵێکە وەفاتی کردووە، لەبارەی ئەزموونی خۆیەوە لە بواری بانگەوازدا دەڵێت: لەساڵی ١٩٤١دا لەزانکۆی ئەزهەر دەرچووم، لەوساوە لە خزمەتی ئیسلامدام بە بانگەواز و وانەوتنەوە. بەڕای من بانگخوازی ئەم زەمانە جیاوازە لە بانگخوازی پێشتر، لەم زەمانەی ئەمڕۆماندا دوژمنانی ئیسلام چالاکیان چەند قاتی جارانە و بەهۆی ڕق و کینەیانەوە بەربەستی زۆریان لەبەردەم بڵاوبوونەوەی ئیسلامدا داناوە لە زۆر وڵاتدا. ئەوان پارە و سامانێکی زۆریان لەبەردەستدایە و بە هەموو هۆکارێکی سەردەمیانە کار لەسەر خەڵکی دەکەن بۆ لادانیان لە ڕێی ڕاست، ئەوان لە ڕێی خزمەتە کۆمەڵایەتیەکان و بەهۆی دکتۆر و دەرمان و فێرکردنەوە پەل ئەهاون و تەشەنە ئەکەن. بانگخواز ئەبیٚ بەڕاستی

ڕۆشنبیر بێت لە زۆر بواردا، ئەبێ لێبڕاو بێت بۆ کارەکەی و دڵ فراوان بێت بەرامبەر بە خەڵکی، نابێ زوو هەڵچێت، نابێت ڕق ئەستور بێت و بوغزو کینە دڵ و دەروونی بگرێت، ئەبێت عوزر بدات بە خەڵکی ئەگەر کەم و کورتیان هەبوو، ئەگەر کەوتیشن دەست بداتە باڵیان. سەرنجم داوە بانگخوازی وامان هەیە زیانی گەورە دەگەیەنێت بە ئیسلام، ئەویش بەوەی کە تەنها باسی ئەو شتانە دەکات کە قەدەغە کراون، بەردەوام قسە لەسەر ئەوە دەکات، فلان شت دین ڕێی پێ نادات، فیسار شت دین یاساغی کردووە، بەبێ ئەوەی زەحمەتی خۆی بدات و بەدیلێکی باش بخاتە بەرچاو، هەروەك ئەوەی ڕێگر بێت لە خەڵکی لەڕێگایەکەوە بڕۆن بەبێ ئەوەی ڕێنماییان بکات بۆ ڕێیەکی تر. هەندێ بانگخواز هەن تەنها لە ڕابردوودا دەژین، هەردەم باسی موعتەزیلە و جەهمیە دەکەن، نازانێ لە کۆندا ئەوانە کێشەیان ناوەتەوە و ئێستا دنیاکە گۆڕدراوە و دوژمنی تازە و پیلانی تازە هەیە و بەرەنگاربوونەوەی تازەی سەردەمیانەشی پێویستە.

پاش چل ساڵ لەبانگەواز کردن بۆم دەرکەوت گەورەترین مەترسی کە ڕووبەڕووی کاری ئیسلامی دەبێتەوە دینداری سەقەت و ناتەواوە، کە خاوەنەکەشی بەداخەوە خۆی بەتەواو دەزانێت، واتە ئاینێکیان بۆ لە قاڵبداوە کە تەنها بە ناو ئیسلامە و لە ناوەڕۆکدا شتێکی ترە، وەك ئێستا دەیبینین مەزهەب هەیە زۆر شتیان هەیە بت پەرستی یان شەخص پەرستی تەواوە بەجۆرێك لێیان شێواوە ((وەك دەڵێن: پێغەمبەریانﷺ لەبەر عەلی و **فاطمە** خۆش دەوێت!)) ، جا ئەم دینداریە سەقەتەش **محمد** حامد الغزالی لەپەڕاوی **(الإحیاء)** و ئیبن جوزی لە (تلبیس ابلیس) دا باسیان کردووە.

لەپەڕاوەکانمدا زۆر بەرەنگاری ئەم جۆرە دینداریيە بوومەتەوە بەتایبەت لەپەڕاوی **(تأملات في الدين والحياة)** و **(ليس من الإسلام)** و **(ركائز الإيمان بين العقل والقلب)** و **(الدعوة الإسلامية تستقبل القرن الخامس عشر)** . لە هەر زەمانێکدا جۆرێك تەحەددی ڕووبەڕووی موسڵمانان بۆتەوە، لەم زەمانەی ئێمەشدا تەحەددییەکە گێڕانەوەی متمانەیە بۆ نەوەی نوێی موسڵمانان، تاوەکو ببنە سەربازێکی بەهێز و سەفیرێکی دڵسۆز بۆ ئیسلام.



بانگخـواز محمد الـغزالی

## كـۆت و پێـوەندەكــان:

كاتی ئەوە هاتووە كۆت و پێوەندەكان بشكێن و ئازادببین ئەوەش بەوە دەبێت كە خۆمان بپارێزین لە ئیفلیج بوونی فیكرمان تا وەك ئەو ڕاوچیەمان لێ نەیەت كە یەكێك لە گوێ دەریایەك دەیبینێ، كە ماسی بچووك دەگرێت دەیهێڵێتەوە لای خۆی و چی گەورەش دەگرێت فڕێی ئەداتەوە ناو دەریاكە، لێی دەپرسێت تۆ بۆ وادەكەیت؟ ئەویش دەڵێت: من زۆرم پێناخۆشە كە گەورەكان فڕێ ئەدەمەوە ناو دەریاكە، چارم نیە چونكە تاوەكەم كەتیا سووری دەكەمەوە بچووكە و گەورەكانی تیا جێنابێتەوە؟ كابرای ڕاوچی ئەوەندە زەحمەتی خۆی نادات و بیری خۆی ناخاتەكار كە دەتوانرێت سوود لە گەورەكانیش ببینێت، بەوەی كە بیانكات بەچەند پارچەیەكەوە؟ جا هەروەك بیركردنەوەی ئەو ڕاوچیە زۆرجار بە نەزانی لە گونجاندنی كارەكاندا زۆر فرسەتمان لە دەست دەچێ.

## خـۆ قوتـاركـردن:

پاشایەکی فارس سزای لەسێدارەدانی دا بەسەر دوو کەسدا، یـەکێکیان بـیری کـردەوە چۆن فرسەتێ بۆخۆی دەستەبەر بکات، بە پاسەوانەکاندا جوابی نارد بۆ پاشا، کەمن دەتوانم بـە ساڵێك ئەسپەکەی فێری قسە بکەم. کاتێك ئەمەیان بە پاشـا گەیانـد، ڕازی بـوو کـە سـاڵێك حوکمەکەی دوابخرێت، ئەگەر نەیتوانی ئەسپەکەی پاشا فێـری قسـە بکـات لەسـێدارەی بـدەن. هاوەڵەکەی بەسەرسامییەوە پێی وت: باشە چۆن ئەسپ فێری قسەدەبێت؟ تۆ ئەمــەت بـۆ کـرد نازانی لەدەست پاشا دەرناچیت؟ ئەویش وتی: نەفام، لەم ساڵەدا یان پاشـا دەمرێـت، یـان مـن دەمرم، یان ئەسپەکە دەمرێت، یان ئەسپەکە فێری قسە دەکەم!بە ڕاستی ئەمە لێزانینە کەچـۆن خۆی دەرباز بکات لە مردنێکی حەتمی کە هەر هیچ نەبێت سـاڵێك بـۆ خـۆی ژیـان دەسـتەبەر بکات و ئنجا ڕێژەیەکی زۆریش ئەگەری ڕزگاربوونی هەیە!

## ئەزمـوونی زیـاتر:

ژیان قوتابخانەیە، ڕۆژانە شتی نوێ فێردەبین و خەرمانی ئەزموونەکانمان زیاد دەکات هەرچەند لە هەندێ ئەزموونیشماندا سەرکەوتوو نەبووبین. دیل کارنجی خاوەنی پەڕاوی (**دع القلق وابدأ الحياة**) باسی خۆی دەکات و دەڵێت: لە دوای تەمەنی سی ساڵی بڕیارم دا کەباقی تەمەنم لە نوسینی چیرۆکدا بەسەربەرم و دەمویست ببمە یەکێ لە چیرۆك نووسە ناودارەکانی جیهان، بڕیارمدا بچمە ئەوروپا، هەرچەند باری ئابووری ئەوروپا شێوابوو، منیش پارەیەکی کەمم هەبوو لە پاش جەنگی جیهانی یەکەم. دوو ساڵ لە وڵاتی بەفر و سەرمادا مامەوە، چیرۆکێکم نووسی بەناوی (**عاصفة ثلجية**) ، بەداخەوە هیچ ڕەواجی نەبوو، دەزگاکانی بڵاوکردنەوە پێیان ڕاگەیاندم کە نووسینەکەم بێ پێزە و گوایە من توانای نووسینی چیرۆکم نیە. هەفتەیەك دۆش دامابووم نەمئەزانی چی بکەم، سەرەنجام بڕیارمدا کە ئەزموونی تاڵی ئەو دوو ساڵە سوود لێوەرگرم و بەگوڕ و تینێکی نوێوە بچمەوە سەر پیشەکەی پێشووم کە فێرکردنی باڵغەکان و نووسینی ژیانی کەسایەتیەکان و نووسینی پەڕاوی شیکاری وەك ئەمەی بەردەستت (واتە: **دع القلق وابدأ الحياة**) . خەفەتم نەخوارد بۆ ئەو دوو ساڵەو، پەشیمانیش نیم لێی،

بەڵکو ئێستا سەما دەکەم لەخۆشیا کەنەبوومە نووسەرێکی گەورەی چیرۆك. ئەمەش بەڕاستی وانەیە کە ئەگەر لەبوارێکدا سەرنەکەوتیت، مانای وانیە سەری ئاسمان بەپووش گیراوە، چەندەها بواری تر هەیە کە ڕەنگە بەتۆ بخوا و تیایا سەرکەوتووبیت.

## سەری شکاوە قاچی تیمار دەکات:

لە چارەسەری کێشەکاندا، لە گەڕان بەدوای هەڵە و کەم وکوڕیەکاندا جاری واهەیە چارەسەرەکان بەرهەمیان نابێت لەبەرئەوەی بەباشی نەتوانراوە ناتەواویەکان دیاری بکرێن، کورد واتەنی سەری شکاوە قاچی تیمار دەکات.

ئەڵێن سەرخۆشێك لەبەر بنکەیەکی پۆلیس دا ئەگەڕا بەدوای شتێکدا، پۆلیس لێی پرسی: بەدوای چیدا دەگەڕێیت؟ وتی: کلیلی ماڵەوەم لێ ون بووە!پۆلیسەکە وتی: لەکوێ لێت ون بووە؟ وتی: لەوسەری جادەکە! پۆلیسەکە وتی: جا بۆ لێرە بۆی دەگەڕێیت؟ وتی: چونکە لێرە چرای لێیە و ڕووناکە! جا تۆ بڵێی چەند لێرە بگەڕێ بیدۆزێتەوە؟ دیارە نەخێر!

## کاتی پێویست:

زۆر شت دەبینین لەم دنیایەدا کە کاتی دیاریکراو و پێویستی دەوێت تا پێدەگات و دێتە بەر، منداڵ نۆ مانگ یان شتێ کەمتری دەوێت تا نەشونمای قۆناغی ناوسکی دایکی تەواو دەکات، گوڵێك کات و ساتی خۆی هەیە تا دەکرێتەوە، بەزۆر پەڕەکانی گوڵەکە بکەیتەوە لەکەڵك دەکەوێ، کەسێك دەڵێت: پەپولەیەکم دی دەیویست بە هەوڵی زۆر قۆزاخەکەی بکاتەوە و بێتە دەرێ، منیش بەحساب چاکەی لەگەڵ دەکەم هاوکاریم کرد بێتە دەرەوە، کەچی پاش کەمێك مرد، دوایی زانیم نەدەبوو پەلەی لێبکەم و ئەبوایە بەشێوەیەکی سرووشتی و بەهەوڵ و ڕەنجی خۆی بەگەرمی هەتا و بهاتایەتە دەرێ، نەك بەهاوکاری من کەسەرم لێ تێکدا.

## خراپــە لە خوێنیــایەتی:

کەسانێك هەن هەرچیان لەگەڵدا بکەیت سەرەنجام پیاو خراپت دەکەن، پەنجەی هەنگویناوی بکە بەدەمیانا ئەستەمە گازت لێ نەگرن، هەروەك ئەو ئەفسانە هیندییەی کە دەڵێت:کیسەڵێك دەیویست لە ئاوێك بپەڕێتەوە، دووپشکێك زۆر دەستە و دامێنی بوو کە ئەمیش بخاتە سەرپشتی و لەگەڵ خۆیدا بیپەڕێنێتەوە. کیسەڵەکە وتی: ئاخر دەترسم پێوەم بدەی! دووپشکەکە وتی: چۆن شتی وادەکەم، ئەگەر پێتەوە بدەم هەردووکمان نقوم دەبین. کیسەڵەکە قەناعەتی کرد و پەڕاندیەوە، پێش ئەوەی بگەنە ئەوبەری ئاوەکە دووپشکەکە پێوەیدا، کە خەریك بوو نقوم بن، کیسەڵەکە بەداخ و خەمێکی زۆرەوە پێی وت: تەنها یەك پرسیارت لێدەکەم، بۆ وات کرد؟ دووپشکەکە وتی: نازانم بڵێم چی؟ نەمتوانی نەفسی خۆم بگرم و پێتەوە نەدەم، چونکە ئەوە سرووشتی منە!.

## هــەناســەیەك:

لاوێك هاتە لای (سوقراط) تا زانست و حیکمەتی لێوە فێرببێ، (سوقراط) **یش** وتی: وەرە لەگەڵما، بردیە قەراغ ئاوێکەوە و بەزۆر سەری کرد بەئاوەکەدا بۆ ماوەیەك تا پەلەقاژێی پێکەوت، دوایی دەستی لێبەردا، کە هەناسەی هاتەوە لێی پرسی کەسەرت لەناو ئاوەکەدا بوو گرنگترین شت کە ئاواتت بۆ دەخواست چی بوو؟ وتی: تۆزێ هەوا بوو! وتی: ئەگەر زانست و حیکمەتت بە هێندەی ئەو هەوایە لا گرنگ نەبێ فێرنابیت.

## نازانــێ بۆ خــۆی بــژی:

کەسانێك هەن نازانن بۆ خۆیان بژین، ژیان هەر لە کردە و کۆشەو ڕاکەڕاك دا دەبینن، کاتی خۆی بەڕێوەبەری هێڵی شەمەندەفەری عێراق ئینگلیزێك بوو، دۆسیەی فەرمانبەرێکی هاتە بەردەست کە هەقی تەرفیعی بوو، وەك تێبینی نوسرابوو کە لە چاکیەکانی ئەم فەرمانبەرە ئەوەیە دەساڵە مۆڵەتی وەرنەگرتووە! ئینگلیزەکە چاوی چووە پشتی سەری، وتی: جا کەسێك دە ساڵ ئیجازە وەرنەگرێت ئەوە بەشەرە؟ لە جیاتی تەرفیع پلەیەك دایبەزاند!

## دوا ڕۆژت لـەبیر بێـت:

دەڵێن دوو بۆق بەیەکەوە برادەر بوون، ناوچەکەیان وشکی کرد، ناچار ئەو ناوەیان بەجێهێشت و دەگەڕان بەدوای شوێنێکی تری ئاوداردا، بیرێك هاتە ڕێیان، یەکێکیان وتی: دەڵێی چی بابچینە ئەو بیرەوە ئاوی تیایە و لەویا بژین، ئەوی تر عاقڵتر بوو وتی: ئەی ئەگەر ئاوەکە وشکی کرد بەچی بێینە دەرەوە!

## هـەرکەس بـەجۆرێك سـەیری ژیان دەکات:

ڕۆژنامەنووسێك لە کرێکارێك دەپرسێت کە لەسەر بینایەك کاردەکات: چی دەکەی؟ ئەویش کەوتە هەڵڕشتنی زوخاوو ناڕەحەتی و ناشکوری کە کرێکارەو ماندوو ئەبێت!هەمان پرسیاری لە کرێکارێکی تر کرد، ئەم بەپێچەوانەوە وتی: سوپاس بۆخوا کە لەشم ساغە و ئەم کارەم دەست کەوتووە و بژێوی خۆم بەڕەنجی شانم پەیدا دەکەم و بەختەوەریشم کە لەم بینا بەرزەدا منیش کارم کردووە!مرۆڤ بەگشتی لەم ژیانەدا ڕەنجبەرن ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡإِنسَٰنُ إِنَّكَ كَادِحٌ إِلَىٰ رَبِّكَ كَدۡحٗا فَمُلَٰقِيهِ ۝٦ ﴾ الإنشقاق . جا تێڕوانینی کەسێك بۆ ژیان لە کەسێکی تر جیاوازە، خۆشی ژیان و بەختەوەریش لەم ژیانە کورتە کەمە پڕ مەینەتیەدا دەوەستێتە سەر ئەو تێڕوانینە!

## قـاڵبـوون لـە ژیانـدا:

دکتۆر زەکی نەجیب محمود دەڵێت: ڕۆژێك لەگەڵ هاوەڵێکدا سەیری یاری سێرکمان دەکرد، شتی زۆر گرنگ و پاڵەوانانەیان پێشـکەش کـردین، کـە تـەواوبوون خـەڵکی هـەموو بەگەرمی چەپڵەیان بۆ لێدان تـەنها مـن نـەبێت. هاوەڵەکـەم وتـی: ئـەوە بـۆ تـۆش چـەپڵە لێنادەیت؟ وتم: ئەوە خیبرە و ئەزموونی چەندەها ساڵەمە، کە زۆر گرنگ نەبێ بەلامەوە و ئـاوا بە گەرمی چەپڵە لێنەدەم. کە مرۆڤ قاڵ دەبێت لە ژیاندا زۆر شت کە خەڵکی تـر سـەرگەرمی دەبن و سەرقاڵی دەبن و تا دوا پلە سەرسام دەبن پێی ئەم بەلایەوە ئاسـاییە و هـیچ خـۆی بـۆ سەغڵەت ناکات.

## توانـاکانی خـۆت بناسـه:

بەرنارد هالدین لە پەڕاوەکەیدا (**كيف نجعل من النجاح عادة؟** ) دا دەڵێت: پیاوێکی تەمەن چل و سێ ساڵ هات بۆلام و وتی: کۆلێژی یاسام تەواوکردووە و پانزە ساڵە مافناسم، بەڵام تا ئێستا خۆم بەسەرکەوتوو نازانم. منیش بە پیاوەکەم وت: تۆ بیربکەرەوە لەسەردەمی لاویەتیەوە کارێکت کردووە دڵت پێی خۆش بێت و شانازی پێوە بکەیت؟

پیاوەکە پاش ماوەیەك بیرکردنەوە وتی: باوکم تاپڕێکی هەبوو، زۆر حەزی لەڕاو بوو، تاپڕەکەی ژەنگ لێی دابوو، بۆیە نەیتوانی لەگەڵ هاوەڵەکانیدا بچێت بۆ ڕاو!.

منیش کە تەمەنم سیانزە ساڵێك دەبوو، باوکم زۆر خۆش دەویست و، حەزم کرد خزمەتێکی بکەم، چووم لە ژوورەکەی خۆمدا تاپڕەکەم هەڵوەشاند و جوان جوان پاکم کردەوە و چەورم کرد، کە هێنامەوە بۆ باوکم باوەشی پیاکردم و زۆر کەیف خۆش بوو، وتی: ئافەرین کوڕم تەمەن درێژ بی، هەر ئەو ساتەش جونەیهێکی وەك پاداشت دامێ. هەروەها جارێك مەکینەیەکی خەیاتی ماڵەوەمان خراپ بوو بوو چاکم کردەوە و، کارەبای ماڵەکەمان خراپ بوو توانیم چارەسەری بکەم.

منیش پێم وت: برام تۆ هەق وایە لە کارگەیەکدا بیت نەك مافناس بیت.

وتی: جا تازە پاش چی، من تەمەنم چل ساڵ زیاترە.

هەرچۆنێ بوو قەناعەتی کرد کە بچێتە کۆلێژی ئەندازیاری، ئەم مافناسە لە کۆلێژی ئەندازیاریدا خۆی دۆزیەوە و لە پەنجا ساڵیدا بوو بە ئەندازیارێکی ناوداری بەریتانیا.

## چیت لـە توانـادایە بیکە:

ڕۆژێکی پایزی سارد جوتیارێك چۆلەکەیەکی بینی لە ناو کێڵگەکەیدا لەسەر پشت پاڵکەوتووە، لێی پرسی: بۆچی ئاوا لەسەر پشت پاڵکەوتووی؟ چۆلەکەکە وتی: بیستومە ئاسمان دەڕوخێ! جوتیارەکە پێکەنی و وتی: نیازت نیە بەو پێ بچووکانەت ئاسمان بگریتەوە؟ چۆلەکەکە وتی: ئەبێ هەرکەس چی لە توانادایە بیکات.

## خـۆ چاكـكردن:

دەگێڕنەوە لە دێیەكی دوورە وڵات، دوو لاو مەڕو ماڵات ئەدزن، تا خەڵكی بۆسەیان بۆ دادەنێن و دەیانگرن بڕیار ئەدەن كە ناوچەوانیان داخ بكەن بە دوو وشە (س. خ) واتە (سارق الخراف) (دزی مەڕ) ، یەكێكیان لە شەرمەزاریدا سەری خۆی هەڵدەگرێ و دەنگ و باسی نامێنێ، ئەوی تریان بڕیار ئەدات خۆی بگۆڕێ، دوای ئەو ڕووداوە بەردەوام خزمەتی بێ بەرامبەری خەڵكی دەكرد، هاوكاری نەخۆش و كەم دەستانی دەكرد، بەردەوام بەدەم هەموانەوە بوو گەورە و بچووك، سەرەتا خەڵكی سڵیان لێدەكردەوە، دواتر هەموان ڕێزیان دەگرت و جێی سوپاسی هەموو لایەك بوو.

پاش چەند ساڵێك ڕێبوارێك لە چایخانەی دێیەكە لادەدات و دەبینێت پیاوێكی بەتەمەن كە ناوچەوانی (س. خ) ی پێوەیە گەورە و بچووك ڕێزی دەگرن، لە كەسێك دەپرسێت ئەرێ ئەو (س. خ) یە مانای چییە بە ناوچەوانی ئەو پیاوەوە؟ ئەویش مینجە مینجێك دەكاو دەڵێت: ئەوە مەسەلەیەكی كۆنە و نازانم بڵێم چی، ڕێبوارەكە دەڵێت: وابزانم مەبەستیان ئەوەیە كە (ساعی الخیر) ە واتە: ئەو كەسەی كە لە هەوڵی خێردایە؟.

## چوار ڕەچەتە:

ئارسەر گۆردن باسی ئەزمونێكی خۆی دەكات و دەڵێت: تەواو لە ژیان بێزاربوو بووم، هەندێ شتی بچووك تووشی دڵەڕاوكێیان كردبووم، سەری دنیام لێ هاتبووەوەیەك. چووم بۆلای پزیشكێكی دەروونی، پاش پشكنینێكی زۆر كە زانی هیچم نیە و كێشەكە دەروونییە وتی: چوار ڕەچەتەت بۆ دەنووسم لە چوار زەرفدا، سبەینێ بچۆ گوێ دەریا، یەكەمیان سەعات نۆ بكەرەوە، دووەمیان سەعات دوانزە، سێیەمیشیان سەعات سێی دوای نیوەڕۆ، چوارەمیشیان سەعات شەشی ئێوارە.

بە دكتۆرم وت: بەڕاستە!

دكتۆر وتی: بەڕاستمە و ئەوەتا هەقی عیادەكەشت لێوەردەگرم.

بەیانی چووم بۆ گوێ دەریا و زەرفی یەکەمم کردەوە نوسرابوو (باش گوێ بگرە) ، لام سەیر بوو سێ سەعات تا کاتی ڕەچەتەی دووەم گوێی چی بگرم، ناچار گوێم گرت لە دەنگی هاژەی شەپۆلی دەریاو، جریوە و چریکەی باڵندە و شتەکانی دەوروبەرم، هەستم بە هێمنییەکی زۆر کرد. سەعات دوانزەش بە تامەزرۆییەکی زۆرەوە زەرفی دووەمم هەڵپچڕی ڕەچەتەی دووەم تیا نوسرابوو (بیر لەڕابردووت بکەرەوە)؟

لام سەیر بوو، ناچار کەوتمە بیرکردنەوە لە زەمانی منداڵیمەوە، سەدان یادەوەری خۆش و ناخۆش هاتەوە بیرم کە بەسەرما تێپەڕی بوون و زەمەنێك لەگەڵیاندا ژیابووم، دیارە ڕابردووش ئاوێنەیەکە بۆ ئێستا کە مرۆڤ خۆی تیا ببینێتەوە و پەندی لێوەرگرێت. دوای سێ سەعات لەبیرکردنەوە و ژیان لەگەڵ ئەزموونەکانی ڕابردوودا، بە هەڵپەیەکی زۆرەوە زەرفی سێیەمم کردەوە و ڕەچەتەکەی ناوی تیا نووسرابوو (پاڵنەرەکانی خۆت بپشکنە) .

بەڕاستی ئەمەش وانەیەکی گرنگ بوو بۆم کە بزانم بۆچی دەژیم، چی پاڵنەرمە لە ژیانم دا، ئایا من تەنها بۆ خۆم دەژیم بۆ ژیانێکی کورتی کەمی دنیایی، یان بۆ خەڵك دەژیم!پاش بیرکردنەوە و پشکنینێکی زۆر لە چرکەیەکی یەقیندا گەیشتمە ئەوەی ئەگەر پاڵنەرەکانی مرۆڤ هەڵەبوون، بەرئەنجامەکانیشی تەواو دەرناچن، ئیتر با هەر پۆست و پلەو پایەیەکیشی هەبێ لە ژیاندا، کاتێك سەعات شەشیش هات ڕەچەتەی چوارەمم خوێندەوە کە دەڵێت (ئەوەی کەتووشی دوو دڵی و دڵەڕاوکێت دەکات لەسەر لمەکە بینووسە) ناچار دانەویمەوە و شتێکی کەمم نووسی لەسەر لمەکە، گەڕامەوە پاش تۆزێك ئاوڕم دایەوە، شەپۆلێك هات و ئەوەی کە دوو دڵی کردبووم لەسەر لمەکە سڕیەوە!

خوێنەری خۆشەویست کە ئەم ئەزموونەی کەسێکی ڕۆژئاوایی دەنووسم گەورەیی ئەم ئیسلامە لەبەرچاومە کەچۆن دەستی ئەم مرۆڤە دەگرێت بەرەو بەختەوەری و چۆن بە جوانی پەروەردەی دەکات، کە هەرگیز لە ژیان بێ هیوا نەبێ، دیارە بڕوادران بێ هیوا نابن ﴿...إِنَّهُۥ لَا يَاْيْـَٔسُ مِن رَّوْحِ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلْقَوْمُ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿٨٧﴾﴾ یوسف . واتە: بەڕاستی کافران نەبێ کەس لە میهرەبانی و لوتفی خودا نائومێد نابێ.

یان چەند جوانە کە لە بیری بڕواداردا ژیان تەنها ئەم ماوە کورتە کەمەی دنیا نیە، بەڵکو ژیـان لەوێستگەیەکی ترەوە پاش کۆتایی هاتنی ئەم ژیانی دنیایە دەست پێدەکاتەوە بۆ هـەتا هـەتا، جا ئەمەش وای لێدەکات کەبۆ خۆی نەژی، بەڵکو لە خزمەتی خوا و خەڵکی خـوادا بێـت، کـە بەوەش ئاسوودەیی و ئارامی بۆ دێت و پاداشـتی گـەورەی دەسـت دەکـەوێت " **المسلم أخـو المسلم لا يظلمه ولا يسلمه، ومن كـان في حاجـة أخيـه كـان الله في حاجتـه، ومـن فـرج عـن مسلم كُربة، فرج الله عنه كُربة مـن كُربـات يـوم القيامـة، ومـن سـتر مسـلما سـتره الله يـوم القيامة.** "عبدالله ی کوڕی عومەر گێراویەتیەوە.

## ڕەنگـەکانیـش گرنـگن:

بەڕاستی دەوروبەر کاریگەری زۆری هەیە لەسەر مرۆڤ، تەنانەت ڕەنگەکانی دەوروبەر ڕەنگ ئەدەنەوە لە هەست و هۆش و ژیانی مرۆڤدا، بۆیە ئەگەر سەرنج بدەین کارسازی و حیکمەتی پەروەردگارمان بۆ دەردەکەوێت کە ئاو بێ ڕەنگە و بەهۆی ڕەنگی ئاسمانەوە لە دەریا و ڕووبارەکاندا شین دەنوێنێ و، ئاسمان شین و دارودرەخت سەوز و گوڵەکانیش هەریەکە و ڕەنگێك، کە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر دەسەڵاتی پەروەردگار. ﴿ ...**وَٱخۡتِلَٰفُ أَلۡسِنَتِكُمۡ وَأَلۡوَٰنِكُمۡ**... ﴿٢٢﴾ ﴾ **الروم** . واتە: جیاوازیی زمانتان و رەنگتان بەڵگەونیشانەی دەسەڵات و توانای خوان.

مامۆستا **محمد قطب** لە سەرەتای پەڕاوی (**منهج الفن الإسلامي**) دا دەڵێت: لـە بەندیخانـەدا جارێك کە ئەم ئایەتەم خوێندەوە ﴿ **وَلَكُمۡ فِيهَا جَمَالٌ حِينَ تُرِيحُونَ وَحِينَ تَسۡرَحُونَ** ﴿٦﴾ ﴾ **النحل** ، واتە: زینەت و جوانییشیان تێدایە بۆتان کە لە لەوەڕگاوە ئەیانهێننەوە بۆ ماڵ و لـە ماڵـەوە دەریان ئەکەن بۆ لەوەڕگا. لێی وردبومەوە کەخوای گەورە مەڕومالاَت و هـاتن و چـونیانی بـۆ لەوەڕ بەجۆرێك بەدیهێناوە کەجوانیەك دەبەخشن، لەم مەسەلەی جوانیـەوە تێگەیشـتم کـە لـە ئیسلامدا مەنهەجێکی تایبەتی هونەر هەیەو موسڵمانان لێی بێئاگان. .

لە شیکاگۆ لە ئەمریکا قەسابێك دوکانەکەی بۆیە کرد بەڕەنگێکی زەرد هەستی کرد وردە وردە کڕیارەکان کەم دەبنەوە، دوایی بۆی دەرکەوت کەڕەنگی دیوارەکـە کـار لـە ڕەنگـی گۆشـتەکە

دەكات وا دەكەوێتە بەرچاو كـە گۆشـتـەكەی كـۆن و ناشـرینە، بۆیـە بەپەلـە ڕەنگـی دیـواری دوكانەكەی گۆڕی بۆ سەوزێكی كاڵی بەرە و شین تا ڕەنگی گۆشتەكەی جوان و تازە دەربكـەوێ بەمەش كڕیارەكانی زۆر بوونەوە!جاران كورسی شەمەندەفەرو ترامـوایەكان ڕەنگی سـوور و زەرد دەكران، بۆیان دەركەوت كە ئەمە كاریگەری دەبێت لەسەر دەروونی مـرۆڤ و بـەرەو توندوتیـژی دەبات، بۆیە ئێستا بۆیەیەكی شینی كاڵی ئاسمانی دەكەن بۆ ئاسـوودەبوونی دەروونـی ئەوانـەی كەلەسەری دادەنیشن.

دراوسێیەكمان خانووەكەی نۆژەن كردەوە لە گەڕەكی بەختیاری تازە، بۆیەیەكی زەردی وای كـرد كە هەرچی بهاتینایەتە حەوشە و سەیرمان كردایە سەرودڵمان ئـەگیرا، هەرچـەند پێشـمان وت: سوودی نەبوو!

## هەندێ لـە وەهـم دا دەژی:

دەڵێن لاوێك تووشی حاڵەتێكی وەهم دەبێت و دەڵێت من گەنم و لە كەڵەشێر و مریشك ئەترسێ، هەوڵی زۆری لەگەڵ ئەدەن تا قەناعەتی پێ بكەن كە گەنم نیە، پاش ماوەیەك لە هەوڵدان ئەڵێ: باشە با منیش قەناعەت بكەم كە گەنم نیم، ئەی كێ قەناعەت بەكەڵەشێر و مریشكەكان دەكات كەمن گەنم نیم و نەمخۆن؟

## متـمانەت بـەخۆت هەبێـت:

سوقرات لەگەڵ قوتابیەكیدا لە قەراغ گۆماوێكدا دادەنیشن، سوقرات بە قوتابییەكەی دەڵێت: ئەم گۆماوە چی تیایە؟ قوتابییەكە دەڵێت: ئاو، سوقرات دەیان بەڵگەی بۆ دێنێتەوە كە ئەوە ئاو نیە! قوتابییەكە ناچار لەبەر سوقراتی مامۆستای دەڵێ: باشە ئاو نیە!سوقرات دەست دەكات بە ئاوەكەدا و لا لەوێچێكی لێ دەخواتەوە، ئنجا بەقوتابییەكەی دەڵێ: ئەمە گومانی تیانیە كە ئاوە و ئەوەی من وتم ڕاست نەبوو! واتە: با سوقراتی خاوەن پلەوپایەی زانا و دانا بڵێ: ئاو نیە! ئاوە و نازناوی گەورەی سوقرات ناتوانێ ڕاستیەكان ئاوەژوو بكاتەوە.

## مردن سـەردانی هەمـوو ماڵێـك دەكات:

ژنێك كۆرپەیەكی دەمرێ و زۆر بەخەم و شپرزە دەبێت بۆی، پرسیار لە ناسراو و نەناسراو دەكات كە ڕێیەكی پیشان بدەن و چارەسەرێكی بكەن كە منداڵەكەی ژیانی بۆ بگەڕێتەوە، كابرایەكی دانا پێی دەڵێت: (من دەتوانم ژیان بۆ منداڵەكەت بگێڕمەوە بەمەرجێك لە ماڵێك كە مردن سەری نەدابێ نانێكم بۆ بێنی) . ژنەكەش بەپەلە ئەم ماڵ و ئەوماڵ دەكات، تا ماڵێك كە مردن ڕووی تێنەكردبێت نانێكی بدەنێ وبیبات بۆ كابرای دانا، سەرەنجام بێ ئومێد دەبێت چونكە ماڵ نیە باوك یان دایك یان نەنك و باپیر یان یەكێ لە منداڵەكانی نەمردبێ. ئنجا ژنە هاتەوە هۆش خۆی و لە حیكمەتی داناكە تێگەیشت كە مردن سوننەتی ژیانە و كەسی لێ بەدەر نیە.

﴿ كُلُّ نَفۡسٖ ذَآئِقَةُ ٱلۡمَوۡتِۗ وَإِنَّمَا تُوَفَّوۡنَ أُجُورَكُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۖ فَمَن زُحۡزِحَ عَنِ ٱلنَّارِ وَأُدۡخِلَ ٱلۡجَنَّةَ فَقَدۡ فَازَۗ ...١٨٥ ﴾ آل عمران . واتە: هەموو گیانلەبەرێ ئەبێ تاڵاوی مەرگ بچێژێ و ئەم دنیایە بەجێبێڵێ، جا لە ڕۆژی قیامەتدا پاداشتان پێ ئەدرێت، ئیتر ئەوەی لە سزای ئاگری دۆزەخ لادراو خرایە بەهەشت، ئەوە بەختیار و سەرفرازە.

## ئـارامـی دڵ:

پزیشكێكی ئەمریكی دەڵێت: ڕۆژێك لەگەڵ هاورێكەمدا خشتەیەكمان كرد بەو شتانەی كە مایەی بەختەوەرین وەك (تەندروستی باش، خۆشەویستی، بەهرەمەندی، دەوڵەمەندی، ناوداری، . . هتد) . ئەم خشتەیەمان برد بۆلای پیاوێكی زانای دانا، سەیری كرد و وتی ڕاستە شتێكی جوان و گرنگتان نوسیوە، ئنجا خەتێكی بەسەر هەموویا هێناو وتی: لە هەموو ئەوانە گرنگتر (دڵ ئارامی) یە، چونكە خوای گەورە، ماڵ و سامان و جوانی و خۆشەویستی و ناوداری و شتەكانی تر بەزۆر كەس دەبەخشێ و مەرج نیە پێی بەختەوەربن، بەڵام دڵئارامی تەنها بە دۆستانی خۆی دەبەخشێ كە بەختەوەری ڕاستەقینەیە، سەرەتا زۆر بڕوام پێی نەبوو بەڵام ئێستا پاش نزیكەی پەنجا ساڵ ئەزموون و وردبوونەوە بۆم دەركەوت كە

قسەکەی ڕاستە و ئەوەش قسەی هەموو ئاینەکانە و قسەی هەموو زانا و داناکانە. ﴿أَلَا بِذِكْرِ ٱللَّهِ تَطْمَئِنُّ ٱلْقُلُوبُ ﴿٢٨﴾﴾ الرعد .

## لەخۆتەوە دەست پێ بکە :

لەسەر قەبری قەشەیەك لە گۆڕستانی (وستمنستر ئابی) لە بەریتانیا نوسراوە: لە لاویدا بیرم دەکردەوە چۆن دنیا بگۆڕم، بەڵام کە زیاتر چوومە تەمەنەوە زانیم ئەوە ئەستەمە و بیرم کردەوە کەهەوڵ بدەم وڵاتەکەم بگۆڕم، پاش چەند ساڵێك کە ئەوەشم بۆ نەکرا وتم هەر هیچ نەبێ با منداڵ و کەس و کارم بگۆڕم، ئەوەشم بۆ نەکراو نەمتوانی بیانگۆڕم. ئێستاش کە لە سەرەمەرگدام و دواساتەکانی ژیانمە پاش ئەزموونێکی دوور و درێژ تێگەیشتم ئەگەر لەسەرەتاوە خۆم بگۆڕیایە و لە خۆمەوە دەستم پێبکردایە، ئەوا دەبوومە سەرمەشق بۆ ماڵ ومنداڵ و کەس و کارم و هەر هیچ نەبوایە ئەوانم دەگۆڕی، لەوانەش بوو بە هاوکاری کەس وکار و دەوروبەریشم بمتوانیایە وڵاتەکەم بگۆڕم، کێ دەڵێ کاریگەرم لەسەر هەموو جیهانیش بەجێ نەدەهێشت و دنیاشم نەدەگۆڕی. .

بەڕاستی هەروایە چواردە سەدە لەمەوبەر قورئان دەفەرمووێت: ﴿...إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُوا۟ مَا بِأَنفُسِهِمْ ...﴿١١﴾﴾ **الرعد** ، واتە: بێگومان خودا حاڵی خۆشی و نیعمەتی هیچ قەومێ ناگۆڕێ تا ئەوان حاڵی خۆیان نەگۆڕن. ﴿كَبُرَ مَقْتًا عِندَ ٱللَّهِ أَن تَقُولُوا۟ مَا لَا تَفْعَلُونَ ﴿٣﴾﴾ **الصف** . واتە: ئەوە لای خوا زۆر ناپەسەندە بە دەم شتێ بڵێن کە بە کردەوە نایکەن.

## مەلەکردن :

باوکێك کوڕەکەی لەسەر جێگا فێری مەلەکردن دەکرد، ڕۆژێك کوڕە چووە ڕووبارێکەوە مەلەبکات کەوتە پەلەقاژێ و هاواری کرد بۆ باوکی، باوکی وتی: ئەی فێری مەلەم نەکردی؟ کوڕەکە وتی: بابە خەڵکی لەناو جێدا فێری مەلە نابن. بەڕاستی شتی تیۆری نابێتە هۆی فێربوونی تەواو تا بەعەمەلی مەشقی لەسەر نەکرێت، جا یەکێ لە هۆکارەکانی دواکەوتنی

زانست لەم وڵاتانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەمەیە، کەزانستەکان بەتەنهاو بەبێ تاقیگەو هۆکاری ڕوونکردنەوە دەخوێنرێن، مامۆستاکە خۆی باش نایزانێ جاوەرە قوتابی داماو. . لە کاتێکدا کە لە ڕۆژئاوا پێچەوانەی ئەم حاڵەتەیە و ئەوەش یەکێکە لە هۆکارەکانی پێشکەوتنیان، ئێمە هەر خەریکی لەبەرکردنین بێ تێگەیشتن، جاری وا هەبوو چەند هاوکێشەیەك کە یەکی بستێك درێژن پێیان لەبەر کردوین و بڕۆ بەکاری بهێنە، بەداخەوە لای ئێمە تەنها توێکڵی زانستەکان فێردەبین، نەك کاکڵەکەی.

## پاملا تۆسۆن:

ناوبراو لە نوسینێکدا ئەم بەسەرهاتەی خۆی دەگێڕێتەوەو دەڵێت: لە جەنگی جیهانی دووەمدا مێردەکەمیان نارد بۆ مەشقی سەربازی لەسەربازگەیەکی مەشق لە بیابانی مۆجێف لە ویلایەتی نیو مەکسیکۆ. منیش چووم لەگەڵ هاوسەرەکەمدا، بەڵام گەرمای زۆر و لم و خۆڵ و مامەڵەی هیندیە سوورەکان تەواو بێزاری کردم، نامەیەکم نارد بۆ باوکم و وتم: تەواو بێزاربووم ڕەنگە مێردەکەم بەجێ بهێڵم و بێمەوە، باوکیشم نامەیەکی بۆ ناردمەوە کە تەنها دوو دێڕبوو: دوو بەنکراو لەپشت شیشەکانی پەنجەرەی بەندیخانەکەیانەوە سەیری دەرەوەیان دەکرد، یەکەمیان چاوی بڕیبوە قوڕ و چڵپاوی بەردەمی بەندیخانەکە و دووەمیان سەیری ئاسمانی دەکرد.
چەندجار نامەکەم خوێندەوە شەرم گرتمی، ئنجا هەوڵمدا منیش سەیری ئاسمان و ئەستێرەکان بکەم، لە ناخەوە خۆم گۆڕی، ورد ئەبوومەوە لە دیمەنی جوانی خۆرهەڵاتن و خۆرئاوابوونی بیابان، بەماوەیەکی کەم هاوڕێیەتیم بەست لەگەڵ هیندیە سوورەکاندا، سەرنجی چنین و ڕستن و ئیشەکانیانم دەدا و دەست خۆشیم لێدەکردن، زۆرجار ئەوانیش دیاری ئەو شتانەی دەستی خۆیان پێشکەش دەکردم. بەڕاستی هەموو شتەکان لەبەرچاوم سەدو هەشتا پلە گۆڕان ئەوەش وانەیەکی گرنگ و ئەزموونێکی مەزن بوو، ئەمەش وای لێکردم چیرۆکی (**قضبان لامعة**) بنووسم، ئەو پەنجەرەو شیشەی کەلە پشتیەوە ئاسمان و ئەستێرەکانم بینی.

## قسە لە شێت یا لە منداڵ:

دەڵێن سەیارەیەکی بارهەڵگر لە بنی پردێك گیربوو، قەرەباڵغیەکی زۆری نایەوە، پیاوانی پۆلیسی هاتووچۆو بەرگری شارستانی هاتن لە بیری ئەوەدا بوون کە بەڕاکێشان بیهێننەوە دەرەوە، منداڵێك کە لەوێدابوو وتی: هەوای تایەکانی تۆزێك دابەزێنن، ئەوانیش دایانبەزان و بەوەش سەیارەکە دەرچوو.

مامۆستا ئیبراهیم ڕێشاوی بەرەحمەت بێت گێڕایەوە کە شێتێك شەبقەیەك دەکاتە سەری و خەڵکیش گاڵتەی پێدەکەن و دەڵێن : بووی بە ئینگلیز، ئەویش وەلامیان دەداتەوە و دەڵێت : بەڕاستی بێ عەقڵن بۆ ئەو شەبقەیە بتوانێ من بکات بە ئینگلیز من بۆ ناتوانم ئەو بکەم بە موسڵمان.

## کامیان ژیرترە:

زۆر جار دەبینی کەسێك زۆر لە عەقڵی خۆی رازی یە، کەچی لە راستیدا وانیە و بەرامبەرەکەی بۆ مەبەستێکە کە قسە ناکات. سەرتاشێکی هیندی هەرچی دەچووە لای سەر بتاشێت لە میانەی قسەدا دەیوت : دەتەوێت بێ عەقڵترین کەس ببینی، ئنجا منداڵێکی شاگردی دراوسێ دوکانەکەی بانگ دەکرد و ڕووپیەیەك و پێنج ڕووپیەیەکی بۆ ڕادەگرت و دەیوت کامیانت دەوێت هەڵیگرە، ئەویش بەکرزۆڵەییەکەوە یەك ڕووپیەکەی هەڵدەگرت و دەڕۆیشت!ڕۆژێك یەکێ لەوانەی کە سەری چاکرد و ئەم فلیمەی بینی تەقە لە جەرگی کەوت و، دوای تەواو بوونی چووە لای منداڵەکە و وتی ڕۆڵە تۆ بۆ ئەوەندە بێ عەقڵی بۆ پارە زۆرەکەت هەڵنەگرت؟ وتی : ئاخر ئەگەر پارە زۆرەکە هەڵگرم زەرەرمە و یارییەکە تەواو دەبێت .

## لێزانی لە ژیاندا:

کابرایەك لە فلۆریدا پارەیەکی زۆر ئەدات بەچەند دۆنم زەویەك و هیوای زۆری پێی دەبێت کە بە کشتوکاڵ و بەروبومەکەی پارەیەکی باشی دەست بکەوێت، کەچی هەرچی هەوڵی لەگەڵدا بەروبوومێکی وای نەبوو سوودی هەبێت، ناوچەکەش مارێکی زۆری هەبوو، بۆیە

بیری کردەوە کە لەزەویەکەیدا مار بەخێو بکات، کە ئەمەش شتێکی سەیربوو بەلای خەڵکیەوە و گەشتیاری زۆر سەردانیان دەکرد، هەروەها سوودی لە ژەهری مارەکانی دەبینی بۆ دەرمانسازی، هەروەها پێستی مارەکانیش پارەیان دەکرد، لەم ڕێگایەوە ناوبراو فەشەلێکی لەسەدا سەدی گۆڕی بەسەرکەوتن و دەستکەوتێکی گەورە.

## قسەی چاك سەدەقەیە:

دەمە لە چیت کەمە، قسەی باش هەم بەرامبەر پێی خۆشە و هەم پاداشتی لەسەر وەردەگیرێت، بۆ نموونە: ماڵێك منداڵێکیان بوو، دەر و دراوسیٚ هاتن بۆ پیٚ و قەدەم خێری، یەکێکیان وتی: بەڕاستی خوا لێتان نەسێنیٚ منداڵێکی جوانە و دەبێتە کەسایەتیەکی دیار، زۆر سوپاسیان کرد و بەقسەکانی دڵخۆش بوون. یەکێکی تریان وتی: بەڕاستی منداڵەکەتان جوانە و پشت بەخوا دەبێتە بازرگانێکی ناوداری سەرکەوتوو. . ماڵەکە زۆر دڵخۆش بوون و سوپاسیان کرد. یەکێکی تریان وتی: وەرە ئەم منداڵە بەو حاڵە بووە و ئەوەندە دڵتان پێی خۆشە، کەچی دەبێت بمرێت. . ماڵەکە زۆر بەقسەکەی بێزار بوون. ئاخر لە کاتێکی وادا ئەوە کەی قسەیە! ئیٚ خۆ قسە نەبڕاوە، ڕاستە هەموو دەمرین بەڵام خۆ هەرکات و شوێنێك قسەی خۆی هەیە. ئەمەش ئەوەیە کە قورئان زۆر بەجوانی ئاماژەی بۆ دەکات کە دەفەرمووێت: ﴿ وَقُل لِّعِبَادِى يَقُولُوا۟ ٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ ۚ إِنَّ ٱلشَّيْطَٰنَ يَنزَغُ بَيْنَهُمْ ...﴿٥٣﴾ ﴾ الإسراء .

واتە: بە بەندە موسوڵمانەکانم بڵیٚ: جوانترین قسەبکەن و بە زبری مەدوێن تا نەبێتە مایەی ئاشووب. بەڕاستی شەیتان ئاژاوەو ئاشووب لە نێوانیاندا دەنێتەوە. جا بەداخەوە زۆر لە خەڵکی نەك هەر قسەی زۆر باش ناکەن، بەڵکو قسەی جەرگ بڕ و زۆر خراپ دەکەن، ئەمەشە کە بۆتە هۆی نەمانی دۆستایەتی و خۆشەویستی و برایەتی لەناو خەڵکیدا.

## هەستێکی بەرز:

دەڵێن کۆمەڵێکی سێرکی بەناوبانگ ڕوودەکەنە ناوچەیەك لە شارێکی ئەمریکی، خەڵکی سەرە دەگرن بۆ بیتاقە بڕین، پیاوێکی کەم دەرامەتیش خۆی و ژنەکەی و چوار منداڵەکەی بەوپەڕی حەز و ئارەزووەوە سەرە دەگرن بۆ بیتاقە بڕین و سەیرکردنی سێرکەکە، کە سەرەیان دێ و فرۆشیاری بیتاقەکان نرخی بیتاقەکان دەڵێت، کابرای کەم دەرامەت تەزوویەکی ساردی پیادێت لە تەوقە سەریەوە تا بنی پێی، زۆری پێناخۆش دەبێت کە ئەوەندەی پارە پێ نیە بیتاقەی هەموویان بکڕێ و ئەو خۆشیەیان دەست بکەوێت، لەوەدا دەبێت پاشەوپاش بگەڕێتەوە، پیاوێکی دەوڵەمەندی هەست بەرز فریای وەزعەکە دەکەوێ، پارەیەك لە گیرفانی دەردێنێ و فڕێی دەداتە بەرپێی هەژارەکە و دائەنەوێتەوە هەڵی بگرێتەوە بۆی و دەڵێ برام ئەو پارەیەت لێکەوت، پارەکە ئەدا بەهەژارەکە و هەژارەکەش بەزەردەخەنەیەکەوە دەڵێ: سوپاست دەکەم تا ماوم ئەم چاکەیەی تۆم لەیاد ناچێت. جا بەڕاستی ئەمەیە کە ئیسلام هانمان ئەدات دەستگیرۆیی هەژار و نەدار بکەین و هەوڵ بدەین منەت نەکەین و ئاوی ڕووی بەرامبەر بپارێزین.

## بیرکردنەوەی بەردەوام:

خوای گەورە عەقڵی داوە بەمرۆڤ بۆ ئەوەی سوودی لێوەرگرێت و بیربکاتەوە، تا موسڵمانان عەقڵ و ئیمانیان هەبوو سەردەستەی خەڵکانی دونیا بوون، دواتر خەڵکانی تر عەقڵیان بەکارهێنا و ئەوان هەرچەند ئیمانێکی ڕاستەقینەش نەبوو دەستیان بگرێ بەڵام بەو حاڵەشەوە خزمەتێکیان بە مرۆڤایەتی کرد، ئەرخەمیدس لە کاتی خۆشتندا یاسای تەنە نقوم بوو سەرئاوکەوتووەکانی دۆزیەوە. نیوتن پاڵیدا بووەوە بۆ پشوودان بەدرەختێکی سێوەوە و کەوتنە خوارەوەی سێوێك وای لێکرد یاسای کێش کردن بدۆزێتەوە.

هەڵبەتە نموونەی زۆر هەیە لەم بوارەدا، دەڵێن کوڕێك سیانزەساڵ کرێکار بوو لە کارگەیەکی ڕستن و چنین، لەلای خۆیەوە پەڕاوێکی دانابوو هەر فرسەتێکی ببوایە لەو چەند سەعاتەی کارکردندا سەیرێکی پەڕاوەکەی دەکرد و شتێکی لەبەر دەکرد، ئێوارانیش دوو سەعات لە

قوتابخانەی شەو دەیخوێند، پاشان کە دەگەڕاشەوە ماڵەوە تۆزێك پشووی ئەدا و دەکەوتەوە سەعی کردن، تا دایکی بەزۆر چراکەی لێدەکوژاندەوە ئنجا دەنووست. ئەم کوڕە لە دەساڵییەوە تا بیست و سێ ساڵی ژیانی ئاوەها بەسەربرد، ئنجا بەدوو ساڵی تر بە تەواوی زمانی ئینگلیزی شارەزابوو، پاشان بڕوانامەیەکی لە جیۆلۆجیادا و بڕوانامەیەکی لە پزیشکیدا بەدەست هێنا و بووە زانایەکی گەورەی ناودار. . ئەم زانایە ناوی (دافید لیفینگستۆن) ە، کە پزیشکێکی گەڕۆکە و توانی سەرچاوەی ڕووباری نیل بدۆزێتەوە و لە زۆر بواردا جێ پەنجەی خۆی بەجێهێشت.



وێنەی د.دافید لیفنجستون

## کلیلی مەسەلەکە:

هەوڵ و هیممەت، کۆڵ نەدان، مەسەلەیەکی گرنگە و کلیلەکەشی ئەوەیە کە: لە عبداللە ی کوڕی موبارەکیان پرسی: تاکەی دەنووسی؟

وتی: ڕەنگە ئەو وشەیەی کە سوودم پێدەگەیەنێ و مایەی سەرفرازیمە هێشتا نەمنووسیبێ.

مرۆڤ هەرچەند هەوڵ بدات هەر کەمە لەم ژیانە کورتە کەمەدا کە نازانرێ کەی و لە کوێ و بە چ جۆرێك تەواو دەبێ. زۆرجار شەیتان مرۆڤ سارد دەکاتەوە بۆئەوەی لە کاری خێری بخات، بە

بیانووی ئەوەی گوایە ئەوەی دەیکا کێ دەڵێ بۆ خوایە؟ یان ئەوەی دەینوسێ کێ دەڵێ خەڵکی سوودی لێوەردەگرێت!

مامۆستایەکی دۆستم جارو بار یەکێك لە پەڕاوەکانم بەدیاری بۆ دەنارد و ئەویش بەسوپاسەوە دەیخوێندەوەو دەیووت سوودی لێوەرگرتووە. . جارێکیان وتی: لە یەك شت دەترسم تووشت بێت، وتم: فەرموو! وتی: ڕۆژێك بێت بڵێیت ئەمەی دەینووسم ڕەنگە سوودی نەبێت و دەست لە نوسین هەڵبگریت.

قورئان ڕێنمایمان دەکات ئەگەر شەیتان هاتە بن کلێشەمان و تەگبیری خراپی بۆ کردین پەنابگرین بەخوا لەشەڕو وەسوەسەی شەیتان ﴿ **وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ الشَّيْطَانِ نَزْغٌ فَاسْتَعِذْ بِاللَّهِ ۚ إِنَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٠٠﴾** ﴾ **الأعراف** . واتە: ئەگەر لەلایەن شەیتانەوە خەیاڵێکی خراپ و نابار هات بە دڵتا پەنا بە خودا بگرە لە بەدی ئەو خەیاڵەو بڵێ **(أعوذ بالله من الشيطان الرجيم)** خودا دوعات ئەبیستێ و زانایە بە ئەحواڵت.

## سوود وەرگرتن لەکەسانی تر:

پێشینان تا کوێ گەیشتون پێویستە نەوەی نوێ لەوێوە دەست پێبکات، بەسوود وەرگرتن لە ئەزمونیان و بە گوڕو تینێکی زۆرەوە بۆ بەرەو پێشبردنی ژیان. چەند جوانە نیوتن دەڵێت: (ئەگەر من دووربین بووبم و شتێ لە خەڵکی زیاترم بینیبێ بەهۆی ئەوەوەیە کەمن لە سەرشانی کەسانی مەزن و گەورە وەستاوم) .

## تۆمارکردنی ئەزمونەکان:

شێخ جمال الدین القاسمی کە زانایەکی وڵاتی شامە دەڵێت: (ئەگەر خەلەف ئەو شتە جوان و گرنگانەی لەسەلەف بیستویانە بیانوسیایەتەوە، ئەوە چەندەها موجەلەد کۆدەکرایەوە لەدەمیانەوە کەبەداخەوە ون بوون) .

هەروەها دەڵێت: (ئەگەر هەرکەس لەئێمە ئەوەی دەیخوێنێتەوە یان دەیبیستێ لەبابەتی گرنگ بینوسێتەوە، ئەوە پەڕاوی زۆر زیاتر دەنوسرێتەوە لەوانەی کەلە پەڕاوی ئەدەب و ئاین دا نوسراونەتەوە) .

دەڵێن ئەصمەعی قوتابیەکی هەبوو هەموو قسەکانی دەنووسی، ڕۆژێ ئەصمەعی پێی وت: چییە ئەڵێی مەلائیکەتەکانی هاوەڵی مرۆڤی هەموو وشەیەك دەنووسی، (**أنت كالحفظة تكتب كل لفظة**) . وتی: قوربان ئەمەش دەنووسم. دیارە حیکمەت لە هەر کوێیەك بێ و لای هەرکەسێکەوە بێت وەردەگیرێ، هەروەك وتراوە (**انظر الى ماقيل لا من قال**) .

## عەباس محمود عقاد:

ناوبراو نوسەرێکی میسرییە باسی ئەزمونی ژیانی خۆی دەکات و دەڵێت: ژیان فێری کردم کە دوو سیاسەتم هەبێ لە ژیانم دا، یەکێك لەگەڵ خەڵکی و یەکێکیش لەگەڵ نەفسی خۆم. من زۆر ئازارم ئەچەشت و خەفەتم دەخوارد لەهەڵسوکەوت و مامەڵەی خەڵکی دەوروبەرم، دواتر گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کە چاوەڕێی زۆر نەبم لە خەڵکی، بەڵکو هەر چاوەڕێی هیچ نەبم لێیان، بگرە ئەگەر دووڕوویی، خۆخۆیی، کەم سەلیقەیم ببینیایە لەخەڵکی لام ئاسایی بوو، چونکە چاوەڕێی هیچ نەبووم لێیان، ئنجا مرۆڤ دیارە هەر لەزەمانی ئادەم و حەواوە زۆریان ئەو سیفاتە خراپانەیان تیابووە. . ئنجا بۆ خۆشم، قەناعەتم بەخۆم کرد کە گوێ بەڕەزامەندی و ناڕەزایی خەڵکی نەدەم، ڕاستە کەسانێك هەن بەهەق بێ یان ناهەق زۆر کەس لێیان ڕازین، من کێشەم چییە جا با ڕازی نەبن گرنگ ئەوەیە من هەوڵی ڕازی کردنی خەڵکی نەدەم (بەڵکو هەوڵی ڕازیکردنی خوا بدەم کە هەر ئەوەمان بۆ دەمێنێتەوە) . جا کێ ئەیەوێ با لەئەزمونەکەی من سوود وەرگرێ، کێش نایەوێ کەیفی خۆیەتی و ئازادە.

## ترس لە مردن:

دکتۆر عەدنان شریف باسی ئەزموونی خۆی دەکات و دەڵێت: کۆلێژی پزیشکیم تەواوکرد و بوومە پسپۆڕ لە نەخۆشییە دەروونییەکاندا، چارەسەرم دەکرد بە (**تنويم المغناطيسى**) و دەرمان و زۆر شتی تر، زۆر لەگەڵ خۆشم دا هەوڵم ئەدا کە زاڵ بم بەسەر دڵەڕاوکێ و ترس لە مردن، چونکە من بڕوای پتەوم نەبوو بە قیامەت و پاداشتی دواڕۆژ. چیم بەچارەسەر زانی بۆ خۆم بەکارم هێنا، بەڵام ئەو شتانەی کە ئارامیان لێ هەڵگرتبووم وەك خۆیان مانەوە و چارەسەر

نەبوون، من دەترسام لە مردن و ژیانم زۆر بەکورت و کەم دەهاتە پێش چاو، من دەترسام لە ڕزق و ڕۆزی داهاتووم کە خوا دەزانێ چۆن دەبێ و چیم بەسەردێ.

سەرەنجام چارەسەری هەموو ئەوانەم دۆزیەوە کە ئەویش بڕوا بوو، ئیتر بەوپەڕی دڵئارامییەوە دەنووستم، بیرم لەوە نەدەکردەوە کە ئیتر بەدڵ وەستان دەمرم یان تووشی شێرپەنجە دەبم، یان تووشی ئیفلیجی دەبم، چونکە قەناعەتم کرد کە هەر ئەوەندەی ئەم دنیا کورتە کەمەم بەجێهێشت ژیانی هەتاهەتایی پڕ خۆشیو بەختەوەری دەست پێدەکات.

تێگەیشتم کە قەزاو قەدەری من بەدەست خوایە و لەوەوەیە، خۆ منیش ئەوم کردووە بەدۆست و پشتگیرو خۆشەویستم، دیارە ئەویش هەردەم پشتگیری لە دۆستان و خۆشەویستانی خۆی دەکات.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُدَٰفِعُ عَنِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ ...﴿٣٨﴾﴾ الحج ، واتە: بەڕاستی خوا داکۆکی ئەکا لەو کەسانەی باوەڕیان پێ کردووە.

﴿وَكَانَ بِٱلْمُؤْمِنِينَ رَحِيمًا ﴿٤٣﴾﴾ الأحزاب . واتە:خوا بەڕەحمە لەگەڵ خاوەن باوەڕاندا.

﴿وَلَلْءَاخِرَةُ خَيْرٌ لَّكَ مِنَ ٱلْأُولَىٰ ﴿٤﴾﴾ الضحى، واتە: بێگومان دوارۆژیش باشترە بۆت لەم دنیایە.

﴿وَمَا كَانَ لِنَفْسٍ أَن تَمُوتَ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ كِتَٰبًا مُّؤَجَّلًا ...﴿١٤٥﴾﴾ آل عمران ، واتە: مومکین نیيە کەسێ بمرێ بە ئیزنی خودا نەبێ. ئەمە بڕیار دراوەو کاتی بۆ دانراوە. ﴿أَيْنَمَا تَكُونُواْ يُدْرِككُّمُ ٱلْمَوْتُ وَلَوْ كُنتُمْ فِى بُرُوجٍ مُّشَيَّدَةٍ ...﴿٧٨﴾﴾ النساء . واتە: لە هەرکوێ بن مردن پێتان ئەگات و ناتوانن لێی ڕزگار بن، ئەگەرچی لە قەڵای بەرز و سەخت و قایمکراودا بن. جا هەموو مرۆڤێکیش کاتێ بیر لە خۆی بکاتەوە زۆر شت هەیە تووشی ترس و دڵەڕاوکێی دەکات، کە تەنها چارەسەرەکەشی ئیمانە.

ئێمە تالآوی جەنگی ناوخۆی لوبنانمان چەشت، کوڕە ناوەنجیەکەم هەر کە گوێی لەزرمە وناڵەی تۆپێك یان هاوەنێك بوایە هاواری دەکرد (الله أکبر) ﴿سَلَٰمٌ قَوْلًا مِّن رَّبٍّ رَّحِيمٍ ﴿٥٨﴾﴾ یس .

واتە: سەلامیان بە وتن لە لایەن خوای میهرەبانەوە بۆ دێ. ئەم وشانە کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر دەروونی خۆی و ئێمەش، جا کاتێ خەڵك شپرزە دەبوون و لەترسا پەنایان دەبردە بەر پەناگەکان پێی دەوتن: (نوێژێ بۆ خوا بکەن بزانن ترستان دەمێنێ) .

من وا پەنجا ساڵ تەمەنم بەڕێکرد و ئەم ئەزموونەی خۆم بە نەخۆشەکانم دەڵێم و خەڵکێکی زۆریش سوودیان لێوەرگرتووە، هەرکەسیش دەیەوێت باتاقی بکاتەوە کەئەمە شتێکی بەڵگە نەویستە﴿أَلَا بِذِكْرِ ٱللَّهِ تَطْمَئِنُّ ٱلْقُلُوبُ ...﴿٢٨﴾﴾ الرعد . واتە: بێگومان دڵ هەر بە یادی خودا دائەمەزرێ و لە دڵەڕاوکێ ئەکەوێ.

## باشترین دەرمان:

زانای بەناوبانگ ولیەم جێمس باسی ئەزموونی خۆی دەکات لەگەڵ ئیماندا و دەڵێت: مەرج نیە مرۆڤ لەزانکۆی هارفارد یان هەر زانکۆیەکی دیکە دەربچێت بۆئەوەی بتوانێت چارەسەری دوو دڵی و دڵەڕاوکێکەی بکات، چونکە چارەسەری ئەوانە تەنها لە بڕوادایە، باوك و دایکم بەدڵی پڕ لە ئیمانەوە توانیان ڕووبەڕووی ناڕەحەتیەکانی ژیان ببنەوە، دایکم هەمیشە بەدەم ئیش و کاری ناوماڵەوە دەیووت:

ئیمان ئەمانە، ئای لە گەورەیی ئیمان　　کە دەیخاتە دڵمانەوە خوای ڕەحیمی ڕەحمان

خوایە تەنها لە تۆم دەوێ ئەمان　　ئەمانێك کە سەرڕێژ بکا لە دڵ و سینە و ژیانمان

دایکم حەزی دەکرد ببمە خزمەتکاری ئاین، حەزی دەکرد ببمە مژدەدەر لە دوورە وڵاتێك، بەڵام کە چوومە زانکۆ بیروباوەڕم گۆڕدرا، پاش ئەوەی کە زانستی زیندەوەرزانی و زانستەکانی ترم خوێند و لێکۆڵینەوەم کرد لەسەر ئاینەکان تەواو گومان و دوو دڵیم بۆ دروست بوو، بەهۆی ئەو هەموو نەشیاوی و ناتەواویەی لە کیتابی موقەدەس دا هەبوو، وازم لە نوێژەکانم هێنا، ڕێی بێ ئیمانیم گرتەبەر، مرۆڤ لە لای من وەك ئەو دایناصۆرانە بوو کە لەم سەرزەویە ژیاون پێش دووسەد ملیۆن ساڵ و لەناوچوون، بەلای منەوە مرۆڤەکانیش وەك ئەو گیانلەبەرانە سەرەنجامیان تیاچوونە. لەزانکۆ بەوەی فێربووم گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کە ڕۆژ بەڕۆژ خۆر خۆی دەخوات و، بەو هەموو تەقینەوە گەورەیە ڕۆژ بەڕۆژ تەمەنی کەم دەبێتەوە، جا هەر کاتێك لەسەدا دەی گەرمییەکەی نەما هەرچی لەسەر زەوییە تیادەچن.

وام لێهاتبوو گاڵتەم بەدینداری و بیروباوەڕی ئاینی دەهات و بەدواکەوتوویم دەزانی، بەڵام تۆ وادەزانی من لە ناخەوە گەیشتبوومە وەڵامی تەواو بۆ پرسیارەکانم؟ نەخێر، هەرجارێ بەخۆم

بووتایە گەیشتومەتە حەقیقەت، لەخۆم دەپرسیەوە: ئەی باشە من بۆچی دروست بووم؟ جولـەی لەشم نهێنییەکە لەنهێنییەکان، ڕووناکی، هەموو ئـەو دۆزینـەوە نوێیانـە، گـوڵی باخچـەکان، هەموو یەکێ لەوانەش بۆ خۆیان نهێنییـەکن لەنهێنییـەکان، چـارلس کـیترنج هـەموو سـاڵێك لەگیرفانی خۆی سـی هـەزار دۆلاری ئـەدا بـەزانکۆی (أنطـاکیـە) تـابتوانێ نهێنـی ڕوانـدن و سەوزبوونی زەرعاتی پێ بدۆزێتەوە. بەڕاستی هەرچەند من لە نهێنییەکانی ژیان (**سـرّ الحیـاة**) تێشنەگەم بەلاَم بەهۆی ئاینەوە دەتوانم لەززەتی ژیانێکی ڕۆحـی بچـێژم، هـەروەك (سـانیتانا) دەڵێت: (مرۆڤ بۆئـەوە دروسـت نـەکراوە کـە نهێنـی بوونـەوەر و ژیـان بزانـێ، بـەڵکو مـرۆڤ بەدیهێنراوە کە تیایدا بژی) . بەڵێ گەڕامەوە بۆ باوەشی ئاین، کەئارامی ڕۆحـی و پایەبـەرزی دڵی دامێ، ئاین و بڕواکەم ئامـانج و هیوایـەکی دامـێ کـەبتوانم بەئازایانـە بـەردەوام بم لـەم ژیانەدا. بەڕاستی ئیمان بەختەوەرییەکی پێ بەخشیم کەبەخەویش نەمدیبوو.

## گـەورەتـرین وانـە:

ڕۆبەرت موو باسی وانەیەکی گەورەی ژیـانی دەکـات و دەڵێـت: فەرمانبـەربووم لـە بانکێکدا، هەمیشە پرتەو بۆڵەم بوو لە زۆری دەوام و مووچەی کەم، نەمدەتوانی جلێکی جـوان بۆ هاوسەرەکەم بکڕم، خەفەتم دەخوارد لەو شتانەو، بەهیوای چاکبوونی بـاری ژیـانم پەیوەنـدیم کرد بەبەرگری دەریاییەوە، لەگەڵ هەشت سەربازی تردا لەناو ژێر دەریاییەکدا بـووین لەجـەنگی جیهانی دووەمدا، لەساڵی ١٩٤٥دا، هەواڵمان پێگەیشت کە دوو کەشتی جـەنگی یابـانی لـە ناوچەکەدان، ئێمەش لەبەرەبەیاندا فرسەتمان هێنـا و سـێ تۆربیـدمان گرتـە کەشـتیەکیان کـە بەداخەوە نەیپێکان، شوێنەکەمانیان کەشف کرد و بۆ پانزە سـەعات کەوتنـە قەسـف کردنمـان لەژێر ئاوەکەدا، ئێمە لە قوڵی ١٥٠ پێدا بووین بەفشاری تەقینەوەکان دابەزینـە قـولایی ٢٤٧ پێ، بەڕاستی بەتەمای مردن بووین، مەکینەی ژێر دەریاییەکەمان کوژاندەوە و جووڵەمان لـە خۆمـان بڕی، پلەی گەرمای ناوەوە زۆر بەرز بوو، لەگەڵ ئەوەشدا لە ترسدا لـەرزم لێهـاتبوو دانم چـۆقە چـۆقی بوو، ئارەقی ساردم دەکردەوە، ڕۆح گەیشتبووە کونە لوتم، پانزە سەعات بە پـانزە ملیـۆن سـاڵ لێمـان ڕۆی، دیاربوو خوا ئەجەلی تەواو نەکردبووین، بۆیە بەسەلامەتی ڕزگارمان بوو.

ئەمە بووە پەند و وانەیەکی گەورە لە ژیانمدا، بەخۆمدا چوومەوە، سەرزەنشتی نەفسی خۆمم کرد، من لە کاتی خۆی دوو دڵ و خەمباری هەندێ حاڵەت بووم، بڕیارمدا ئیتر لەو شتە سادە و سانایانە هەرگیز خەم نەخۆم، بەڕاستی هەر سەلامەت بیت کێشەکانی تر هەرچی بن چارەسەریان ئاسانەو ئەمڕۆ بێت یان سبەی بەرۆکمان بەرئەدەن. ﴿بەشی ئەزموونەکان لە پەڕاوی (هل فات الاوان) وپەڕاوی (تجارب وخبرات) ی باسل شیخو ﴾وەرگیراوە.

## دوا وتە بەبۆنەی رووداوەکانی ئەم دواییەوە:

پاشایەك بەرمیلێکی لە ناوەڕاستی شاردا دانا و فەرمانی دا هەرکەس پادشای خۆش دەوێت، لە شەودا پەرداخێ هەنگوینی تێبکات. . کابرایەك بیری کردەوە کە بەدزییەوە پەرداخێ ئاوی تێبکات خۆ پەرداخە ئاوەکەی ئەم لە کوێوە دیارە و کێ دەزانێ کە هی ئەمە، بەتایبەت ئەگەر هەموو خەڵکی هەنگوین بەرن. بەڵام کاتێك بەیانی بەرمیلەکەیان برد بۆ پادشا سەیری کرد هەمووی ئاوە، بەڕاستی باشە کە ئاویشیان تێکردبوو، هەق بوو زەقنەموتیان بۆ تێکردایە! دیکتاتۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕەنگە خۆیان بخەڵەتێنن یان بەڕاستی خەڵەتێنرابن، وادەزانن خەڵکی خۆشیان دەوێن کەلەڕاستیشدا وانیە خەڵکی زۆربەیان بەلەعنەتیان دەکەن و بەخوێنی سەریان تینوون.

مێژووش ئەم ڕاستییەی سەلماند، سەدام حسین پاش زیاتر لە سی ساڵ بەو دەردە چوو، نا موبارەکیش پاش سی ساڵ بەرگەی چەند ڕۆژێکی ڕقی جەماوەری نەگرت و ئێستا دەڵێت :هەموو سەروەت و سامانەکەم دەگێڕمەوە بۆ میللەت و لێم ببورن، قەزافیە شێتەکەش پاش چل و دووساڵ وا بە تۆپ و تەیارە گەلەکەی لە ناو بردوسەرەنجام تیاچوو. نوخشەش بێت لەوانەی کە ماون و وەتەنیەت بە خەڵکی دەفرۆشن، ئەمانە وەك دەڵێن لەسەر درۆ و دراو بەندن، درۆکانیان وا وردە وردە کەشف دەبێ و دراوەکەشیان میللەت ڕۆژێك دێت لێیان بسێننەوە، ئەوا سویسرا و سوید و وڵاتانی تریش پارەی ناموبارەك و زەین العابدین و قەزافی و بەشار ئەسەدیان بلۆك کرد نوخشەش بێت لەمانەی کەماون. من نازانم بڵێم سەرکردەکان ڕاستیەکانیان پێناگات؟ جا باشە گەیاندنی بۆ چییە؟ هەموو ڕۆژێ کەناڵەکانی ئۆپۆسزیۆن و

ڕۆژنامە ئەهلیەکان بە بەڵگەوە گەندەڵی بڵاودەکەنەوە، دەی باشە نایانەوێ چاکسازی بکەن؟ ئاخر چاکسازی چی؟ وتیان: حوشتر قاچت خوارە، وتی: جا کوێم ڕاستە!

دەڵێن: ئۆپۆسزیۆن بە ئەنقەست چاکەکان باس ناکات، تەنها خراپەکان دەخاتەڕوو! ناهەقیان نیە، هەمووان هەروابوون، سەدام حسین منەتی دەکرد بەسەر گەلی عێراقدا و دەیووت: هەموو پێ پەتی بوون و من پۆشتەم کردنەوە! هەریەکەمان ڕەنگە یەك لەسەر ملیۆنێکی گەندەڵی ئاگا لێ بێت لەم گەندەڵستانەدا، ئەگەر هەمووی کۆبکرێتەوە ئاخۆ بەچەند ساڵ دادگایی گەندەڵ کارانی سەر تا خوار تەواو ببێت؟ .

ئەڵێن ناموبارەك حەفتا ملیار دۆلاری لە خەڵکی میسر دزیوە، ئاخۆ لەولاتی خۆمان دا چەند دزرابێت؟ ئەمڕۆش نەبێت سبەینێ دەردەکەوێت چونکە خوا ستەم قبوڵ ناکات ﴿...إِنَّ مَوۡعِدَهُمُ ٱلصُّبۡحُۚ أَلَيۡسَ ٱلصُّبۡحُ بِقَرِيبٖ ٨١﴾ هود . واتە: بەڕاستی وادەی هاتنی سزاکە سبەینێ یە، ئایا سبەینێ نزیك نییە؟

دەڵێن خەڵکمان لەگەڵدایەو زۆرینە دەنگی پێداوین، گریمان وایە، باباسی تەزویرەکانی کاتی هەڵبژاردن نەکەین، کەسانێك هەن بەهەق و بەناهەق لێیان سوودمەند بوون، کەسانێکیش هەن ڕاستیەکان نازانن و کەوتوونەتە ژێر کاریگەریانەوە، بەڵام بۆ سەلماندنی دزی و گەندەڵی تەنها دوو شایەت یان بەڵگەنامەیەك بەسە بۆ ئەوەی کە حساب و کیتابیان لەگەڵ بکرێت، ئیتر باخەڵکێکیش بێنە سەرجادەو چەپڵەیان بۆ لێبدەن هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت.

ئەمانەوەك ئەو دزەن لە دادگا دادوەر پێی دەڵێت دووکەس شایەتیت لەسەر ئەدەن کە تۆیان دیوە دزیت کردووە، وتی : قوربان جادووکەس چیە من هەزار کەستان بۆ دێنم کەمنیان نەدیوە!!

دزی و بەهەدەردانی ماڵ وسامانی میللەت لەم وڵاتانەدا گەیشتۆتە پلەیەك کە مرۆڤ سەرسام دەکات، قاتێکیان بۆ حوسنی ناموبارەك دروستکرد کە میلی قوماشەکەی دوو مللیمەتر دەبوو بە ئینگلیزی (husny mobarak) تیانووسراوە، کە بەسێ مانگ قوماشەکەی چنراوە وسەدوشەست و یەك گەلای تێچووە، پێش لابردنەکەی ئەوەی لەبەر دەکرد، کە ئەمەش لوتکەی لە خۆبایی بوون و خۆبەشت زانینە کە سەرەنجامەکەشی ئەوەیە کە وا دادگایی دەکەن.

ستەم ولاتی کردە وێرانە، برایانی موسڵمانی میسری دەڵێن :سی و پێنج هەزار ئەندامان بەناهەق زیندانی کراون کە ماوەی هەموویان کۆبکەیتەوە دەکاتە پانزە هەزار ساڵ.
هاولاتیەکی میسری  کە ناوی علی موختارە و لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٧ه، پاش ئەوەی بەپلەی نەقیب خانەنشین دەکرێت دەچێتە سعودیە و سیانزە ساڵ موقیم دەبێت، لە شەوی ٢٧ ی رەمەزانی ١٩٩٣ دا لە مزگەوتی پێغەمبەر ﷺ ئیعتیکاف دەکات،  پێش نوێژی بەیانی دێتە دەرەوە دەستنوێژ تازەدەکاتەوە تا دەگەڕێتەوەپاسەوان ئەوناوە دەگرن، لەبەرئەوەی پاسەوانە سعودیەکە دەیناسێت دەیکاتە ژوورەوە ونوێژی بەیانی دەکات و دوای نوێژ حوسنی نامووبارەك دەبینیٚ لەبەردەمیا کە دیاربوو عومرەی کردبوو وە هاتبوو بۆ زیارەتی مزگەوتی مەدینە، عەلی بەفرسەتی دەزانێت و پێی دەڵێت : جەنابی سەرۆك لەخوا بترسە و حوکم بە شەرعی خوابکە، سەرۆك سڵەمیەوە و پاسەوانەکانی دەوریان گرت و بە پەلە دەریان کرد، پاسەوانێکی سعودی کە لەویا بوو بە عەلی وت : بەراستی ئیحراجت کردین، عەلی وتی:بۆ ئیحراج دەبن مەگەر خوای گەورە بە هەمووان نافەرموێت (اتقوا الله) ، دوایی دەستگیر کرا و بەفرۆکەی تایبەت بە کەلەبچەکراوی رەوانەی میسر کرایەوە و دادگایی کرا کە بۆچی ئەو قسەیەی بەسەرۆك وتووە، ئەویش وتی :جا ئەوە فەرمانی خوایە و ئێوەش هەموو دەبێت ئەوەی پیٚ بڵێن، وتیان کیٚ هاوکارتە و کیٚ لە پشت ئەمەوەیە؟ دیارە کەس، پانزە ساڵ بەناهەق بەند کرا لەسەر ئەو قسەیە، چی هەوڵیان لەگەڵ دا کە نامەیەکی پاڕانەوە بنووسیٚ بۆ سەرۆك تا لێی ببوریٚ رازی نەبوو وەهەمیشە دەیووت من پەشیمان نیم لەوەی کەوتوومە، ناچار  لە ٢٠٠٧ دا ئازادکرا.
ئایا نامووبارەك و هاوشێوەکانی ئەم ئایەتە نایانگرێتەوە کە دەفەرموێت :﴿ وَإِذَا قِيلَ لَهُ اتَّقِ اللَّهَ أَخَذَتْهُ الْعِزَّةُ بِالْإِثْمِ ۚ فَحَسْبُهُ جَهَنَّمُ ۚ وَلَبِئْسَ الْمِهَادُ ﴿٢٠٦﴾ ﴾ البقرە .
کاتی خۆی سەدام یەکێکی نارد عبد الرزاق نایف لە دەرەوی ولات تیرۆر بکات هەرچەند هەوڵەکە سەرکەوتوو نەبوو ناوبراو برینداربوو،  هاوسەرەکەی  نامەیەکی بۆ سەدام نارد لە حەفتاکاندا پاش ئەو رووداوەو هەندیٚ ئامۆژگاری کردو پێی وت: سەرۆك ستەم مەکە چونکە تەمەنی ستەمکاران لە تەمەنی گوڵ کەمتر و ناسکترە، سەدام نەیبیست، هاوشێوەکانی سەدامیش بەهەمان شێوەبوون،  هەمووش بەو دەردەچوون کە ئەیبینین کەئەمەش تەسدیقی ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێت:﴿ وَلَا تَحْسَبَنَّ اللَّهَ غَافِلًا عَمَّا يَعْمَلُ الظَّالِمُونَ ۚ إِنَّمَا يُؤَخِّرُهُمْ لِيَوْمٍ تَشْخَصُ فِيهِ الْأَبْصَارُ ﴿٤٢﴾ ﴾ إبراهيم

# بەرگی هەشتەم

# ڕووسپییەکان

## پێشەکی:

سوپاس وستایشی بێ پایان بۆ خوای پەروەردگاری جیهان، درووود و سەلامیش لەسەر سەردارو سەروەرمان، ڕەحمەتی خواش برژێ بەسەر یارو یاوەران و شوێنکەوتوان.
دەڵێن: مرۆڤ کۆمەڵێ یادەوەریە و ژیر ئەوەیە کە تۆماری دەکات، بۆ ئەوەی کە ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانە هەمیشە زیندوو بن و لەبیر نەکرێن و ببنە مایەی پەند و ئامۆژگاری بۆ هەرکەسێك کە دەیانخوێنێتەوە. شێخ عبد القادری گەیلانی بە ڕەحمەت بێت وتاری ئەدا، یەکێ لە ئامادەبوان بە پەلە نوسیەوە، بەوەش کۆمەڵێ وتاری ئەو پایە بەرزە نەفەوتان و پاشتر بە ناوی (الفتح الربانی) بڵاو کرایەوە، ئەگەر ئەو هیممەت بەرزە ژیرە نەبوایە ئەوا بێگومان هەر زوو لەبیر دەچونەوە.
لەم گەشتەش دا پێم باشە لە قوتابخانەی ژیانەوە چەند وانەیەك و، لە پەڕاو و گۆڤار و سایتەکانەوە چەند بابەتێکی ئیمانی بگەیەنمە خوێنەرانی خۆشەویست بە هیوای ڕەزامەندی خوا و بەجێهێنانی ئەرکی قورسی بانگەواز، کە لە ئەستۆی هەمووماندایە، دیارە پلەی بانگخوازیش پلەیەکی زۆر بەرزە و قورئان ئاماژەی بۆ دەکات و دەفەرموێت ﴿وَمَنۡ أَحۡسَنُ قَوۡلٗا مِّمَّن دَعَآ إِلَى ٱللَّهِ وَعَمِلَ صَٰلِحٗا وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ ٱلۡمُسۡلِمِينَ ٣٣﴾ فصلت.

## پۆست و پارە:

سروشتی مرۆڤ بەجۆرێکە هەر ئەوەندەی شتێکی بەخۆی شك برد ، هێز و توانایەکی پەیدا کرد، لە خۆی بایی دەبێ و سەرکێشی دەکات ﴿ كَلَّآ إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لَيَطۡغَىٰٓ ٦ أَن رَّءَاهُ ٱسۡتَغۡنَىٰٓ ٧ ﴾ العلق، هەر لەبەر ئەمەشە لە ئیسلامدا یەکێك داوای پۆست بکا نایدرێتێ، چونکە ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە کە مەبەستێکی هەیە و نیەتی تەواو نیە!
عومەری کوڕی خەتاب چاك لەم ڕاستیە تێگەیشتبوو بۆیە بە وردی چاودێری کاربەدەستەکانی دەکرد و هەواڵگری تایبەتی هەبوو تا بە وردی ئاگای لە سەروەت و سامانی کاربەدەستانی بێت. عومەر نامەیەك بۆ عەمری کوڕی عاص دەنێرێ کە والی میصر بوو تیایا دەڵێت

:بیستوومه مەڕو مالاّتی باشت  هەیەو دەوڵەمەندبوویت، ئەمەت لە کوێ بوو؟ خۆ پارەشت نەبوو کاتێ  کە کردمانیت  بەکاربەدەست، زوو وەلاّمم بدەرەوە (بلغني أنه قد فشت لك فاشية من إبل و بقر و غنم و خيل و عبيد ،و ظهر لك من المال مالم يكن في رزقك ،ولا كان لك مال قبل أن استعملك. . . . فمن أين لك هذا؟ وقد كان من المهاجرين الأولين من هو خير منك فاكتب لي و عجل) عەمر لە وەڵامیا نووسی: لە نووسراوی ئەمیری بڕواداران تێگەیشتم. لەم ولاّتە شت هەرزانە و دەستکەوتمان  زۆربووە لە جەنگدا و ئیشمان پێوەکردووە، بەخوا ئەگەر خیانەتکردن لێت حەلاڵیش بێت خیانەتت لێناکەم لە کاتێکدا تۆ ئەو ئەمانەتەت پێ سپاردووم، بەخوا ئەی ئەمیری بڕواداران لە دەرگام نەداوی و هیچ قفلێکتم نەکردۆتەوە (فهمت كتاب أمير المؤمنين. . . و أما ما ظهر لي من مال فإنا قدمنا بلاداً رخيصة الأسعار كثيرة الغزو، فجعلنا ما أصابنا من الفضول فيها، والله لو كانت خيانتك حلال ما خنتك وقد أئتمنتني، فإن لنا أحساباً إذا رجعنا إليها أغنتنا، والله يا أمير المؤمنين ما دققت لك باباً، ولا فتحت لك قفلا) عومەریش بۆی نووسیەوە: من هەقم بەسەر ئەو قسانەوە نیە، ئێوەی دەسەلاّتدار سوود لە دەسەلاّتەکەتان وەردەگرن بۆ راییکردنی کارەکانتان، وا محمدی کوڕی مەسلەمە دەنێرم نیوەی ماڵ و سامانەکەتی بدەرێ (إني لست من تسطرِك الكتاب ،وتشقيقك الكلام في شيء ، ولكنكم معشر الأمراء قعدتم على عيون الأموال ، ولن تقدموا عذراً، وإنما تأكلون و تتعجّلون العار ، وقد وَجَّهتُ إليك محمد بن مسلمة فَسَلّم إليه شطر مالك) . عومەر ئەمەی لەگەڵ زۆر لە والیەکاندا کرد کە بازرگانیان دەکرد ،چونکە سوودیان لە پۆستەکەیان دەبینی بۆ کار ئاسانی بازرگانیەکەیان، بەڵام ئەوەی نا ڕاستی بکردایە و خوانەخواستە و دزی بکردایە ئەوا وەیلا بە حاڵی.

حەزرەت (ﷺ) جڵەو گیری لە دەست بردن بۆ ماڵی گشتی کردوە و بە ئاگر خواردنی داوەتە قەڵەم (إنّ رجالاً يَتَخَوَّضون في مالِ اللهِ بغير حقٍّ ،فَلَهُمُ النارُ يوم القيامة) . دیارە سامانی گشتی بۆ کەس نیە یاری پێ بکات، لە دوا ڕۆژدا ئەوە سزاکەیەتی زۆر جاریش  هەر لە دنیادا ئەبێ باجەکەی بدات (ژ ٢٠٠١ _ گۆڤاری المجتمع ٢٠١٢/٥/٥) .

کاتێك هۆلاکۆ بەغدای داگیر کرد ، خەلیفە معتصم باللەی لە ژوورێکی کۆشکەکەیدا بەند کرد ،خەلیفە معتصم برسی دەبێ و داوای نان دەکا لە پاسەوانەکەی، کاتێك ئەمەیان بە هۆلاکۆ گەیاند بە دەستی خۆی قاپێکی پڕ ئاڵتوون و گەوهەری بۆ هێنا و پێی وت : فەرموو بخۆ ،خەلیفە پێکەنی و وتی :ئاخر ئاڵتوون چۆن دەخورێت؟ هۆلاکۆش پێی وت: دەی ئەگەر ئەزانی ئاڵتوون ناخورێت بۆ کۆت دەکردەوە و نەت دا بە گەلەکەت تا بیکەن بە شمشێر و ڕم و بەرەنگاری منی پێ بکەن و نەهێلن بەغدا داگیر بکەم و شوراکەی بڕوخێنم؟

خەلیفە وتی: ئەوە ویستی خوای لەسەر بوو.

هۆلاکۆ وتی : کەواتە کەوتنی بەغدا و نەمانی دەسەڵاتی تۆش ویستی خوای لەسەرە. هۆلاکۆ قاپە ئاڵتوونەکەی بۆ دانا و بەجێی هێشت، تا سەرەنجام خەلیفە لە برسا مرد و قاپە ئاڵتوونیش لەبەر دەمیابوو. ئنجا هۆلاکۆ ڕێی بە هێزی ڕاوو ڕووت و تاڵان دا کە ماڵی دەوڵەمەند و وەزیر و سەرکردەکان تاڵان بکەن. بەمەش وەعدی خوا هاتە دی کە زاڵم بە زاڵم لەناو دەبات. وڵاتە ئیسلامیەکان بەهۆی فەرمانڕەواکانیانەوە کە پۆست و پارە کوێرایی داهێناون و گیرفانیان بەهیچ پڕنابێت، وڵاتەکانیان بە ئاگر و ئاسن بەڕێوەدەبرد و هەرچی خراپ بوو دەرهەق بە میللەت کردیان، ئەمەش حاڵ و وەزعێکی دروست کرد کە خەڵکی نامۆ بن بە ئیسلام، نەفامی و بێ ئاگایی و لادانێکی زۆریش دروست بوو بە تایبەت لای چینی لاوان. کاربەدەستان دوور لە خوان و پۆست و پارەیان لەبەردەستایە و هەموو دەزگاکانی دەوڵەتیشیان بۆ خۆیان قۆرخ کردووە، بۆیە چاکسازی و راستکردنەوەی ڕێڕەوی کۆمەڵگا هەوڵ و کۆشش و خۆ بەخت کردنی دەوێت، بانگخوازی هوشیاری زانای لە خۆ بردووی دەوێت کە بزانێت چۆن پەیامی خوا بە باشترین شێوە دەگەیەنێت.

## هەموو کەس خێری تیایە :

هەمووکەس خێری تیایە و پێویستی بەوەیە کەسێك گرنگی پێبدات و ڕێنمایی بکات، نموونە لەم بوارەدا زۆرە و ئەمەش ڕووداوێکی ڕاستەقینە: خاتوو تۆمسۆن مامۆستای پۆلی پێنج بوو، لەیەکەم وانەی دەستپێکردنی ساڵدا هەروەك عادەتی بە قوتابیەکانی وت: من هەمووتانم خۆش دەوێت، بەڵام هەر لەخۆیەوە قوتابیەکی ڕیزی پێشەوە کەناوی تیدی ستودارد بوو نە ئەچوە دڵیەوە. ساڵی پاریش ئەو منداڵە

سەرنجی ڕاکێشابوو بەوەی  کە لەگەڵ  هاوەڵانیدا یاری نەدەکردو هەمیشەش ڕووت و ڕەجاڵ و پیس و پۆخڵ و مرۆ مۆن بوو ،لە وانەکانیشیدا هەمیشە خەتی سوور و نیشانەی (×) ی دەهێنا بەسەر دەفتەرەکەیدا و وشەی دەرنەچوە زۆر بوو بەسەر لاپەڕەکانی دەفتەرەکەیەوە.

ئەو قوتابخانەیەی کە خاتوو تۆمسۆن تیایا مامۆستا بوو،داوای لە مامۆستایان دەکرد کە ناو بەناو بە سجلی قوتابیەکانیاندا بچنەوە،جا کاتێ بە سجلەکەی (تیدی) دا چووەوە بینی :

مامۆستای پۆلی یەکەمی ناوبراو لەبارەیەوە نوسیویەتی (تیدی قوتابیەکی زیرەکی خۆش مەشرەبە و،بە جوانی کارەکانی دەکات و ڕەوشت بەرزە) . مامۆستای پۆلی دووەمیش بۆی نوسیبوو (تیدی قوتابیەکی چاکە و خۆشەویستە لای هاوەڵانی، بەڵام بێتاقەت بووە بەهۆی نەخۆشی دایکیەوە و ژیانیان لە ماڵەوە ناخۆشە) . مامۆستای پۆلی سێیەمیشی بۆی نوسیبوو (مردنی دایکی کاریگەری  خراپی هەیە لەسەری و باوکیشی هیچ گرنگی پێ نادا و نازی ناکێشێت ،ئەگەر فریای نەکەون و چارەسەری حاڵەکەی نەکرێت، کاریگەری خراپی لەسەری دەبێت) . مامۆستای پۆلی چوارەمیش بۆی نووسیبوو (تیدی گۆشەگیرە و تاقەتی خوێندنی نەماوە و هاوەڵێتی کەم کەس دەکا و  هەندێ جاریش لە پۆلدا دەخەوێت) .

لێرەدا خاتوو تۆمسۆن لە کێشەکە حاڵی بوو، لە یادی لەدایك بوونیدا قوتابیان دیاریان بۆ هێنا کە هەمووی شتی بە نرخ بوون و بە جوانی تەغلیف کرابوون، تەنها تیدی نەبێ کە دیارییەکەی بە وەرەقەیەکی ڕەنگ بۆری نا ڕێك و پێك تەغلیف کردبوو، کە کردیەوە ملوانکەیەك بوو کە چەند مورویەکیشی کەوتبوو لەگەڵ بۆنێکدا کە تەنها چارەکێکی تیا مابوو.

قوتابیەکان خەریك بوون بکەونە گاڵتە پێکردنی، بەڵام مامۆستا تۆمسۆن فریای وەزعەکە کەوت و تیدی هەستانەوە بەوەی کە ملوانکەکەی کردە ملی و بۆنەکەشی لە خۆی دا، ئەو ڕۆژە تیدی لەگەڵ قوتابیەکاندا نەگەڕایەوە و تۆزێ خۆی دوا خست، تا مامۆستا تۆمسۆنی بینی و پێی وت :ئەمڕۆ بۆنی دایکمت لێدێت. تۆمسۆن زۆر گریا کە زانی ئەوە بۆنی دایکی ڕەحمەتێتی کە بۆ ئەمی هێناوە و ئەمڕۆ لەجیاتی دایکی دڵی ناوە بەمەوە. خاتوو تۆمسۆن کەوتە گرنگی دان بە تیدی و زۆر هانی ئەدا، لە سەری ساڵدا نامەیەکی بۆ هات لە تیدی یەوە کە تیایا نووسیبوی (تۆ باشترین مامۆستای کە من بینیومە لە ژیانمدا) .

پاش شەش ساڵ نامەیەکی تری بۆ نارد کە تیایا نوسیبووی (قۆناغی سانەوی تەواو کردوە و پلەی سێیەمی بەدەست هێناوە و بەلایەوە تا ئێستاش باشترین مامۆستایە). دوای چوار ساڵی تر نامەیەکی بۆ نارد و هەواڵی دایە کە وا زانکۆ تەواو دەکات و ڕەنگە پلەی یەکەم بەدەست بهێنێت و جەختیشی کردەوە کە بەلایەوە تا ئێستاش باشترین مامۆستایە.

پاش چوار ساڵی تر هەواڵی دایە کە خوێندنی باڵاشی تەواو کردوە لە کۆتایی نامەکەیدا نووسیبوی (دکتۆر ثیودور إف. ستودارد) لە بەهاری ئەو ساڵەدا نامەیەکی تری بۆ نارد و هەواڵی دایە کە لەبەر ئەوەی دایك و باوکی نەماوە و بەتەمای ژن هێنانە، ناوبراو لەجێی دایکی دانیشێ لە ئاهەنگی ژنهێنانەکەیدا. خاتوو تۆمسۆنیش ئامادەی ئاهەنگەکە بوو، ملوانکەکەی کە بە دیاری دابوویە کاتی خۆی کردیە ملی و هەمان بۆنیشی لەخۆی دا کە دایکی لەخۆی ئەدا.

د. تیدی بەخێرهاتنی خاتوو تۆمسۆنی کرد و پێی وت: سوپاست دەکەم کە گرنگیت بەمن داو وات لێکردم هەست بە بوونی خۆم بکەم و کە ئەمەش بووە هۆی سەرکەوتنم. خاتوو تۆمسۆنیش پێی وت :من سوپاسی تۆ دەکەم کە فێرت کردم چۆن مامۆستایەکی سەرکەوتوو بم و گرنگی بە هەموو قوتابییەکانم بدەم.

(د.تیدی ستودارد بووە پزیشکێکی ناودار و جەناحێکی هەیە بەناوی (ستودارد) بۆ چارەسەری شێرپەنجە لە خەستەخانەی (میثوددست) لە دیسی مونتیسی لە ویلایەتی (أیوا) لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا. کە باشترین خەستەخانەیە لەسەر ئاستی ئەمریکا) . بەڕاستی ژیان پڕە لە چیرۆك و بەسەرهات کە پەندو ئامۆژگاری زۆری لێوەردەگیرێ ،بۆیە کەسی ژیر بە ڕووکەش ناخەڵەتێ و پەلە ناکات لە حوکمدان دا و هەموو شتێك لە دەورو بەردا گرنگی خۆی پێ ئەدات.



وینەی تیدی لە قۆناغی سەرەتای



وێنەی د.تیدی

## ڕەفـتاری جـوان:

تۆرینتۆ یەکێکە لە شارە جوانەکانی ئیتاڵیا، کە هونەرمەندان و شاعیران دەستەوسانن لە وەسفی جوانیدا، لە دێر زەمانەوە لەم شارەدا کەمایەتیەکی موسڵمان دەژین ،بە ڕەفتاری جوانیان توانیویانە وێنەیەکی جوانی ئیسلامەتی پیشانی دانیشتوانی ئەم شارە بدەن، بۆیە زۆربەی خەڵکی ئەو شارە موسوڵمانانیان خۆش دەوێت و ڕێزیان لێدەگرن.
موسوڵمانان مزگەوتێکی خنجیلانەیان هەیە کە بەهۆی زیادبوونی ژمارەیانەوە جێیان نابێتەوە، زەویەکیان کڕی و ویستیان بیکەن بە مزگەوت، کۆمەڵێکی ڕاستڕەوی دەمارگیر خۆپیشاندانێکیان سازدا بۆ بەرگری لە دروست کردنی مزگەوتەکە و ئاڵای دژ بە ئیسلام و موسوڵمانانیان بەرز کردبۆوە، داوایان لە شارەوانی و میری دەکرد کە ڕێ نەدەن بە دروست کردنی مزگەوت. دیارە موسوڵمانانیش هیچیان بۆ نەئەکرا بەرامبەریان، بۆ ڕۆژی دواتر لایەنگران و دۆستانی موسڵمانان خۆپیشاندانێکیان سازدا کە سێ ئەوەندەی خۆپیشاندانەکەی تر دەبوون، داوایان دەکرد کە مزگەوتەکە دروست بکرێت و ئاماژەیان ئەدا بە ڕۆڵی جوانی موسڵمانان لە شاردا. تەنانەت کارگەیشتە ئەوەی یەکێ لە قەشەکان داوای لە ئامادەبووانی کەنیسەکەی کرد کە پارە کۆبکەنەوە بۆ هاوکاری دروستکردنی مزگەوتەکە.

## نـەرم و نیـانی لـە بانگـەوازدا:

ئیسلامەتی بە ڕەوشتی بەرز و نەرم و نیانی بڵاو دەبێتەوە کە ئەمەش تەسدیقی فەرمایشتی حەزرەتە (ﷺ) کە دەفەرموێت :نەرم و نیانی لە هەر شتێکدا بێت جوانی دەکات و لەهەر شتێکیش دەربهێنرێ ناشرین دەبێ. عوسمانی کوڕی (مظعون) دەڵێت: هەر کاتێك حەزرەت (ﷺ) منی ببینیایە دەیفەرموو: "کەسێکی وەك تۆ ناگونجێت ئیسلامی لا ڕۆشن نەبێت" بۆیە منیش وەك موجامەلەیەك موسوڵمان بووم. . ڕۆژێك لای کەعبە حەزرەتم بینی (ﷺ) بانگی کردم و فەرمووی: "ئەم ئایەتەت فێردەکەم کە ئێستا بۆم دابەزیوە: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُ بِٱلۡعَدۡلِ وَٱلۡإِحۡسَٰنِ وَإِيتَآيِٕ ذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَيَنۡهَىٰ عَنِ ٱلۡفَحۡشَآءِ وَٱلۡمُنكَرِ وَٱلۡبَغۡيِۚ يَعِظُكُمۡ

لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ ﴿٩٠﴾ النحل بەمە زیاتر دڵنیا بووم کە ئیسلام هەقەو زیاتر بڕواکەم دامەزرا.

## شێخ نیعمەتوڵلا:

ئەم شێخە بانگخوازە بانگبێژ بوو لە مزگەوتی سوڵتان ئەحمەد لە تورکیا و، پانزە ساڵ لە مەدینە ژیاو پانزە ساڵیش لە مەککە ئیمامی مزگەوتی نور بوو لای کێوی حەڕا، لەسەر دەستی زانا گەورەکانی زەمانی سوڵتان عبدالحمید زانستی ئیسلامی وەرگرتووە، سەردانی پەنجا دەوڵەتی کردووە بۆ بانگەواز. بە ڕەزامەندی حکومەتی چینی بیست هەزار قورئانی بردۆتە ئەو وڵاتە کۆمۆنیستەوە لە ساڵی ١٩٨١ دا، سێ جار سەردانی سیبیریا و دەوروبەری کردووە لە رووسیا لە کاتێکدا پلەی گەرما چل پلەی ژێر سفر بووە. چواردە ساڵ لە یابان سەر تاخواری گەڕا و بە هەزارانی موسڵمان کرد، مزگەوتی زۆری دروست کرد، لە مزگەوتەکاندا خەڵکێکی زۆری فێری ئیسلام کرد، رۆژانە سەدان کوڕاسەی ناساندنی ئیسلامی بەزمانی ئەو وڵاتانە دابەش دەکرد، شەو و رۆژ سرەوتی نەبوو بۆ ناساندنی ئیسلام.
لە تۆکیۆ بۆ نوێژی بەیانی بەتەکسی خەڵکی دەبرد بۆ نوێژی بەیانی، لە مزگەوتدا دەنوست و یەك فلس مووچەشی لەکەس وەرنەگرتووە، حەزدەکات هەموو ئوممەت کۆبکاتەوە، بۆیە لای هەمووان خۆشەویست بوو، ئەوانەش کە دژایەتی ئیسلامیان دەکرد دوعای هیدایەتی بۆ دەکردن، بەڕاستی ناوبراو پیاوی خوا بوو.

## یادەوەری دکتۆر ساڵح سامەڕائی:

دکتۆر دەڵێت: پانزە ساڵ هاوەڵێتی شێخم کرد و لە شێوازی بانگەوازەکەی زۆر وردبوومەوە، شێوازی کارەکەی زۆر بەبەرەکەت و سەرکەوتووبوو، هەموو جار دەیووت : ئەگەر هەر موسڵمانێك بە ئەرکی سەرشانی هەستێت و بەچی بۆی دەکرێت بانگەواز بکات، دووساڵ نابات کە ئیسلام بەسەرتاسەری دنیادا بڵاودەبێتەوە. حەزرەت (ﷺ) خەڵکی بانگدەکرد بۆ لااله الا الله ودەیفەرموو، بڵێن لااله الا الله سەرفرازدەبن، شێخیش بەهەمان شێوە رێی لە

هەرکەس بکەوتایە شا بێ یان گەدا، پیاو بێت یان ئافرەت، منداڵ بێت یان گەورە، داوای لێدەکرد کە بڵێ لااله الاالله، هەرچی بیوتایە ناوێکی ئیسلامی لێدەنا.
ڕۆژێك لەگەڵ شێخ نیعمەتوڵلادا سەردانی زانایەکی شاری جدەمان کرد، لە میانەی گفتوگۆماندا، زاناکە باسی شێوازی بانگەوازی کرد بۆ (لا إله إلا الله) کە شێوازێکی سادە و ئاسانە و تەنها گرنگیی پێدان و بوێریی دەوێت. ناوبراو وتی: جارێك حەزرەت (ﷺ) بەکەسێکی فەرمووو: "بڵێ: (لا إلـه إلا الله محمد رسول الله) "، کابرا وتی من بەم وشانە زۆر قەڵس دەبم و حەزم لێی نییە، حەزرەت (ﷺ) فەرمووی: "بیڵێ با حەزیشت لێی نەبێت" کابرا هەرچۆنێك بێت وتی و بووە مایەی هیدایەتی و دڵی دامەزرا لەسەر ئیمان. گرنگیی پێدان ئەوەیە ئەگەر هاوەڵێکت، یا مامۆستایەکت یا میوانێکت ناموسوڵمان بوون هەوڵ بدەیت بە نەرمونیانی ڕێی ڕاستیان پیشان بدەیت و مەبەستت بێت ڕزگاریان بکەیت لە تاریکییەکانی بێ بڕوایی، ئەمە بۆخۆی جۆرێك بوێریی و ئازایەتیشی دەوێت،
من بۆخۆم پێنج ساڵ لە شەستەکاندا لە بەشی ناوخۆیی قوتابییە یابانییەکان بووم، دراوسێیەکی قوتابی فلیپینیشم هەبوو، کە باوکی ئەفسەر بوو لە سەرۆکایەتی کۆماری فلیپینی، هەموو ڕۆژێك لە قسەوباسدا ئەم هاوەڵەم دەیوت: "ئێمە بەڕەچەڵەك موسوڵمانین و، باو و باپیرانم موسوڵمان بوون"، کەچی منێك کە هەر لە منداڵییەوە نوێژم کردووە و لە ئیسلام شارەزام، دەستم نەگرت وبانگم نەکرد بەرەو ئیسلام، کە ئەمەش تا ئێستا خەمی لێ دەخۆم. من لە کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی (تۆکیۆ) بووم، مامۆستاکانم دەیانبینیم نوێژ دەکەم، دەیانووت: "ئێمە هەرچەند توندڕەوییمان حەز لێ نییە، بەڵام توندڕەوییەکەی سامەڕائییمان بەدڵە" وە لەگەڵ ئەوەشدا من ڕۆژێك باسی ئیسلامم بۆ نەکردن و پەیامی پیرۆزی ئیسلامم پێ نەگەیاندن. لە زانکۆ هاوەڵێکی مەسیحی عێراقیم هەبوو هەمیشە دەیوت: "ئیسلامم فێربکە"، ئەموت: "بێ دەنگ بە" وام دەزانی گاڵتە دەکات و بەڕاستی نییە؟

## دەستپێشخەریی لە بانگەوازدا:

شێخ نیعمەتوڵلا دەڵێت: "بەڕاستی ئوممەتی ئیسلام دەستپێشخەریی لە بانگەوازدا فەرامۆش کردووە."بەهۆی دەستپێشخەرییەوە لە بانگەوازدا خەڵکێکی زۆر لە مالیزیا لەسەر

دەستی شێخدا موسوڵمان بوون لـە چـینی و مەسـیحی و هندۆسـی و هتـد. . . ئەوانـە پـاش موسوڵمان بوونیان سەرزەنشتی موسوڵمانیان دەکرد کە ئیسلام ئەوەندە ئاسانە بۆ لـەوەو پـێش بانگیان نەکردوون بۆ ئیسلام؟ لە کۆنگرەیەکی (ڕێکخراوی ئەبینی لاوانی مالیزیدا) کە پسپۆڕن لە بانگکردنی غەیرە موسڵماندا بەرەو ئیسلام، باسی شێوازی بانگەوازی شێخ نیعمەتوڵلامان بۆ کردن وتمان: ئێمە لە ماوەی دوو مانگی مانەوەماندا لە مالیزیا سەدان کـەسمان هێنـاوە بـەرەو ئیسلام، ئەوانیش وتیان: ئەوەی ئێوە لە دوو مانگدا کردوتانە ئێمە بە چەند سـاڵ نـەمانتوانیوە بیکەین. پاشان بەبیستنی ئەم ئەزموونە زیاتر چالاك بوون و گەرمتر بوون لەسەر بانگەوازکردن، بەو هۆیەشەوە هەزاران کەس لەسەر دەستیاندا موسڵمان بوون، جا کـاتێ لـە (٢/٦/٢٠١٠) دا هەندێکیانمان بینی لە ئەستەنبوڵ باسی ئەوەیان بۆ کردین کە بـە هـەزاران کەسـیان لـە چـین و توێژەکانی کۆمەڵگەیان موسڵمان کردووە.

## شـێخ نیعـمەتوڵـلا لـە کۆریا:

کاتێ لە چین بوو، بیستی کە سێیەم مزگەوت لە کۆریا دەکرێتەوە، کـە سـێ سـەعات دوور بوو لە سیئۆلی پایتەختەوە، بە پەلە چوو بۆ کۆریا، ئەمەش دووەم سەردانی بوو بۆ کۆریا، پاش ئەوەی کە لە ساڵی ١٩٧٨دا لەگەڵ بانگخوازی پاکستانی (سەید جەمیل) بۆ یەکـەم جـار سەردانی کۆریای کردبوو. شێخ نیعمەتوڵڵا گەیشتە سیئۆلی پایتەخت و لە ئوتێلێـك دابـەزی و چاوی بە شاندی وڵاتانی ئیسلامی کەوت کە هەموو بانگهێشت کرابوون بۆ هـەمان مەبەسـت، یەکێك لە میوانە گەورەکان لە شێخی پرسی: کێ تۆی بانگهێشت کردووە؟ ئەویش بە عیززەتـی موسوڵمانانەوە وتی: من هەموو ئەوانەم بانگهێشت کردووە!
یەکەم ڕۆژ کە شاندی وڵاتان لە سیئۆل بوون بـۆ ئـەوەی لـە ڕۆژی دواتـردا بچـن بـۆ ئاهـەنگی کردنـەوەی مزگەوتەکـە، شـێخ نیعمـەتوڵڵا لـە مزگـەوتی سـەرەکیی سـیئۆل بـانگی دا، کـە مزگەوتەکە کەوتووەتە سەر لوتکەیەکی بەرز لە ناوجەرگـەی پایتەختـدا. دوای نوێـژ لەبـەردەم دەرگای مزگەوتەکەدا دانیشت و بیری دەکردەوە و بەداخ و خـەم و فرمێسـکەوە بـەخۆی دەوت "ئەگەر تاقە هاوەڵێکی حەزرەت (ﷺ) بهاتایە بۆ ئەم وڵاتە یەکسـەر دەچـوو بـۆلای پادشـای

وڵات و بانگی دەکرد بۆ ئیسلام و، بەمەش هەموو خەڵکی دەهێنا بەرەو ئایین، بەڵام بەهۆی کەمتەرخەمی ئێمەی موسوڵمانەوەیە کە ئەو خەڵکە لە ئیسلام دوورن، بەهەر حاڵ من لەسەر ڕەویەی ئەوان و پێ بەپێی هاوەڵانی بەڕێز هاتووم، سا بەڵکو خوای گەورە تەوفیقم بدات و شتێك بەدی بهێنم". لەم حاڵەدا بوو لە دوورەوە چوار لاوی تازە پێگەیشتووی کۆری کە لەوە دەچوو قوتابی ناوەندی بن بەرەو مزگەوتەکە هاتن، خێرا فرمێسکەکانی سڕی و ئاماژەی بۆ کردن کە بێن بۆ لای، نزیك بوونەوە و بە پەنجە ئاماژەی کرد بۆ دەمی و وتی: بڵێن (لا إله إلا الله محمد رسول الله) ، لە مەبەستی حاڵی نەبوون، دووبارەی کردەوە، زانیان ئەیەوێ شتێکی باشیان فێربکا، سێ جار بەدوای ئەودا وتیانەوە، پێی وتن: با ناوتان (ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان و عەلی) بێت. ئنجا هانی دان کە بچنە ناو مزگەوتەکەوە و موسوڵمانان ببینن.

بۆ بەیانی لەسەر مێزی نانخواردنی بەیانی لە ئوتێلەکە لەگەڵ چەند کەسێکی شاندەکاندا دانیشت و باسی ئەو چوار لاوەی بۆ کردن کە چۆن فێری شایەتمانی کردوون و ناوی ئیسلامیی لێ ناون، یەکێك لە ئامادەبووان وتی: ئەو قسەیە چییە؟ خولەفای ڕاشیدینت زیندوو کردوەتەوە؟ یا بەڕاستی شێت بوویت.

شێخ بەم قسانە زۆر دڵ تەنگ بوو، هەرچەندە هیچی دەرنەبڕی. دوای سێ ڕۆژ شاندەکان گەڕانەوە بۆ وڵاتەکانیان، شێخ نیعمەتوڵڵاش مانگ و نیوێك لە کۆریا مایەوە و پێشوازی لەو کەسانە دەکرد کە سەردانی مزگەوتیان دەکرد لە پیاوان و لە ئافرەتان و، بەو شێوازە تایبەتەی خۆی لە بانگەوازدا ڕۆژانە نزیکەی حەفتا کەسێکی موسوڵمان دەکرد و ناوی ئیسلامیی لێ دەنان. پاش یانزە ساڵ شێخ نیعمەتوڵڵا و هەندێك تورك لە مزگەوتی حەزرەت (ﷺ) لە مەدینە نوێژ دەکەن، گەنجێکی ڕەنگ و ڕوو کۆری سەلامی لێ دەکات و دەڵێت: بابە! مامۆستام نیعمەتوڵڵا، من عومەری کوڕتم!

پێی دەڵێت: کوڕم تۆ خەڵکی چ وڵاتێکیت؟

گەنجەکە وتی: من کۆریم و، یانزە ساڵ لەمەوبەر لەسەردەستدا موسوڵمان بووم.

لێی پرسی: چۆن موسوڵمان بوویت؟ چونکە من ڕۆژی وا هەبووە چەندەها کەس لەسەر دەستما موسوڵمان بوون.

عومەر وتی: یەکەمجار لەبەردەم مزگەوتی (سیئۆل) دا تۆمان بینی دەگریایت و تـۆش ئامـاژەت بۆ کردین کە بێین بۆلات و فرمێسکەکانت سڕی، پاشان پێت وتین: (لا إلـه إلا الله محمـد رسـول الله) بڵێین، ئێمەش هەرچەندە تێنەدەگەیشتین بەڵام وتمانەوە و ناوت نایین (ئەبو بەکر و عومەر و عوسمان و عەلی) ، من عومەرەکەیانم.

شێخ وتی: باشە چۆن هاتوویت بۆ مەدینە؟

عومەر وتی: پاش ئەوەی شایەتمانمان هێنا و چووینە ناو مزگەوت، موسوڵمانان ڕێزێکی زۆریـان لێگرتین، کەم کەم خۆم فێری زمانی عەرەبی کرد، پاش ماوەیەك شاندێکی زانکۆی ئیسـلامیی مەدینەی پیرۆز هاتن و داوای قوتابییان کرد کە بچێت بۆلایـان بـۆ خوێنـدن، موسـوڵمانانیش منیان دەست نیشان کرد و ئێستا لە کۆلێژی دەعوە دەخوێنم لێرە.

شێخ وتی: **ما شاء الله**، **ما شاء** الله، تۆ سەرکەوتوو بوویت، ئەی هاوەڵەکانت گەیشتنە چی؟

عومەر وتی: سوپاس بۆ خوا هەموویان پارێزگاری لە ئیسلامەتیەکەیان دەکەن و بەردەوامن لـە نوێژکردندا. منیش وەك بەڕێزت خەریکی بانگەوازکردنم. ڕۆژنامـەی (**المدینـة**) چـاوپێکەوتنی کرد لەگەڵ شێخدا و، پەیامنێری ڕۆژنامەکە وێنەیەکی شـێخ نیعمـەتوڵلای گـرت کـە باوەشـی کردووە بە عومەردا.

پاشان شێخ نیعمەتوڵلا عومەری لەگەڵ خۆی برد بۆ ئاهەنگێکی ژنهێنان لـە یـەکێك لـە باخـە خورماکانی مەدینە و، پاشان عومەری پێناساندن و باسی حاڵی موسوڵمانانی یابان و کۆریـای بـۆ کـردن ﴿ **أَلَمْ تَرَ كَيْفَ ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا كَلِمَةً طَيِّبَةً كَشَجَرَةٍ طَيِّبَةٍ أَصْلُهَا ثَابِتٌ وَفَرْعُهَا فِى ٱلسَّمَآءِ ﴿٢٤﴾ تُؤْتِىٓ أُكُلَهَا كُلَّ حِينٍۭ بِإِذْنِ رَبِّهَا ...﴿٢٥﴾** ﴾ إبراهیم /واتە: (ئایا نابینی خودا چۆن نموونەیەکی جوان باس دەکات کە دەفەرموێت: قسەییێکی جوان وەکو دارێکی جوانـە بنجەکـەی بەزەویدا ڕۆچووبێ و لقەکانیشی لە ئاسمان بن؟ هەموو کاتێ بە ئیزنـی ئـەو خودایـەی درووسـتی کـردووە بەر بدا بە خەڵك) . بەڕاستی ئەم شێوازەی بانگەواز هەمان شێوازی هاوەڵانە، هەر بـەو جـۆرە موسـوڵمانان بە ئاسانی دەستی خەڵکیان گرتووە بەرەو ئیسلام، ئەگـەر لـە سەرەتاشـەوە هـیچ حـاڵی نـەبووبن وردەوردە پاش ماوەیەك شارەزابوون، جا خۆیان یـان نـەوەکانیان بوونەتـە سـەربازی بـە ئەمـەکی ئیسـلام، نموونـەی ئەوانەش زۆرن ئەوە (ئەبو حەنیفە و بوخاری و ترمزی و. . . . هتد) .

## ڕەوزەی جل سپی:

لەسەر شۆستەی وێستگەیەکی شەمەندەفەر لە تۆکیۆ، لە دووری سەد مەترێکەوە شێخ نیعمەتوڵڵا ئافرەتێکی جل سپی بینی، لێی نزیك بۆوە بینی ڕەنگ و ڕووی لە یابانی ناچێت، بە ئینگلیزی لێی پرسی: ئایا بە ئینگلیزی قسە دەکەیت؟ وتی: بەڵێ من بەریتانیم. شێخ وتی: دێڕێك هەیە هەر کەس بیڵێ هەموو کێشەکانی چارەسەر دەبن، ئنجا (لا إله إلا الله محمد رسول الله) ی پێوت. ئافرەتەکەش وتییەوە. دواتر ناوی نا (**روضه**) . (**روضه**) دڵخۆش بوو، ئنجا بڵاوکراوەیەکی بچووکی دایە کە مەرکەزی ئیسلامی یابانی بە ئینگلیزی دەری کردبوو، پاشان بەجێی هێشت.

پاش سێ ڕۆژ (**روضه**) پەیوەندی کرد بە مەرکەزی ئیسلامی یابانیەوەو وتی: "پیاوێکی پیرم بینی وامزانی شێتە، داوای لێکردم بڵێم (لا إله إلا الله محمد رسول الله) و ناوێکی ئیسلامی لێنام. بەڕاستی من ماوەیەکی زۆر کێشەی زۆرم هەبوو، پاش ئەوەی ئەوەم وت کێشەکانم چارەسەر بوون، ئەمەوێ ئەو پیاوە ببینمەوە".

ژمارەی مۆبایلەکەیان وەرگرت و پەیوەندیان کرد بە شێخەوە و وتیان: ئافرەتێك دەیەوێت بتبینێت، ڕێکەوتن کە پاش سێ ڕۆژی تر بێت بۆ تۆکیۆ هەواڵیشیان دا بە ژنەکە. لەکاتی دیاریکراودا ئافرەتەکە بە جلی سەرتاپا سپییەوە لەگەڵ ئافرەتێکی یابانی داپۆشراودا هاتن، شێخیش هات و ناسیاوییەکە تازە بۆوە. پەیوەندی (**روضه**) بە مەرکەزەکەوە پتەوتر بوو، بۆمان دەرکەوت کە حەوت زمان دەزانێت (یابانی، فەرەنسی، ئیسپانی، پورتوگالی. . . . هتد) .

(**روضه**) خەریکی وەرگێڕانە و لەگەڵ دایك و باوکیدا دەژی کە ئەوانیش لەسەر دەستی شێخدا موسوڵمان بوون، پاشان شێخ نیعمەتوڵڵا دای بەشوو بە بانگخوازێکی پاکستانی. (**روضه**) بوو بە بانگخوازێکی چالاك و شەوانە لەگەڵ هاوەڵانیدا دەردەچوون بۆ بانگەوازکردن، دیارە یابان تا شەوێکی درەنگ خەڵکی دێن و دەچن و شەقامەکان قەرەباڵغن. . شەوێکیان (**روضه**) گۆرانیبێژێکی ئافرەتی بینی لە باخچەیەکدا کە لە ئاهەنگ دەگەڕایەوە، (**روضه**) پێی وت: گۆرانییەك دەزانم، هەر کەس بیڵێتەوە هەموو کێشەکانی چارەسەر دەبن، ئنجا (**روضه**) لەسەرخۆ سروودی (لا إله إلا الله محمد رسول الله) ی بۆ وت و گۆرانیبێژە یابانیەکەش لەبەری

کرد و وتیەوە، ئنجا گۆرانیبێژەکەش هەرچی بەویا دەڕۆی بە دەنگی بەرز پێی دەوت: خەڵکینە وەرن گۆرانییەکی تازەتان فێر دەکەم، هەرچی لەبەری بکات هەموو کێشەکانی چارەسەر دەبن، خەڵکێکی زۆری لێکۆبوونەوە و هەموو بەیەك دەنگ (لا إلە إلا الله **محمد** رسول الله) یان دەوتەوە.بەم شێوازە سادەو ساکارە لە بانگەوازدا خەڵکێکی زۆر موسوڵمان دەبن. شێخ نیعمەتوڵڵا چوار جار سەردانی ئەورووپای کردوە، لە مزگەوتەکانیدا ئامۆژگاری کردووە و وتاری داوە، شێخ ئینگلیزی و تورکی و عەرەبی و ئوردویی دەزانێت.

## شێخ نیعمەتوڵلا لە ئەڵمانیا:

لە شاری بەرلین لە ساڵی (١٩٧٩) دا بۆ ماوەی دوو سێ سەعات لە مزگەوتێکدا قسەی کرد، پاشان پرسیاری کرد: کوا بۆ دۆست و هاوەڵانتان دیارنین؟ وتیان: زۆریان سەرگەرمی یانەکانن.

شێخ وتی: بابچین بۆ لایان.

وتیان: چۆن بچین بۆ ئەو یانانە!

شێخ وتی: یەکێکم لەگەڵدا بنێرن و هەقتان نەبێت.

شێخ و برادەرێك چوون بۆ یانەیەك کە چل لاوی تورك سەردانیان دەکرد، لە ناویانا وەستا و وتی: سەلامتان لێ بێت ئەی موجاهیدەکان. ئامادەبووان سەیری یەکیان کرد و لایان سەیر بوو، کوا کێ موجاهیدە؟

شێخ وتی: ئێوە موجاهیدن لەبەر سێ هۆ:

یەکەم: ئێوە بە ناوە ئیسلامیەکانتانەوە هاتوون بۆ ئەڵمانیا، کە ناوەکانتان ئەحمەد و خەلیل و ئیبراهیمە. . هتد، کە ئەمەش ئیسلام بیری خەڵك دەخاتەوە.

دووەم: بۆ کارو کاسپی هاتوون بۆ ئەڵمانیا کە ئەمەش بۆ خۆی جۆرێکە لە جیهاد.

سێیەم: ئەگەر سەیری باووباپیرانتان بکەین کە عوسمانییەکانن، ئەوان موجاهید بوون و ئێوەش نەوەی ئەوانن.

مژدەتان لێ بێت، من لە مەدینەی منەوەرەوە هاتووم و مژدەی پێغەمبەرم (ﷺ) بۆ هێناون کە هەرکەسێ بڵێ (لا إله إلا الله محمد رسول الله) ئەچێتە بەهەشتەوە. خواش پاداشتی من دەداتەوە لەسەر ئێوە، هەموو وتیان: (لا إله إلا الله محمد رسول الله) ، شێخ وتی : من چەندەها ساڵە لە مزگەوتەکان ئامۆژگاری خەڵکی دەکەم، هەق وابوو سەردانی ئێوەشم بکردایە و بانگەوازی پێغەمبەرانم پێ بگەیاندنایە، کە ئەوان بۆخۆیان دەچوونە کۆڕ و کۆمەڵی گەلەکانیانەوە و پەیامەکەیان پێ دەگەیاندن. ئامادەبووان گریان و وتیان: یاشێخ دانیشە و قسەمان بۆ بکە.

شێخ وتی: نابێ دانیشم لەگەڵتانا، چونکە دانیشتن لێرە مانای بەشداریی کردنە لە گوناهدا، بەهەر حاڵ ئێوە ئێستە ئەهلی بەهەشتن. ئەڕۆم ئامۆژگاریی کەسانی تر دەکەم.

وتیان: قسەمان بۆ بکە، وتی: تا کەی قسەتان بۆ بکەم، ئێستا ئێوە لە ئەهلی بەهەشتی ئاخیرەتن، ئەگەر دەتانەوێ وەرن بۆ مزگەوت کە بەهەشتی دونیایە.

ئنجا پرسیاری لێکردن: ئێوە کەستان پارەتان نەداوە بۆ بیناکردنی مزگەوت، وتیان: یاشێخ ئێمە پارەمان بەخشیوە بۆ دروستکردنی مزگەوت، بەڵام تیامانایە لەشی پاك نییە چۆن بێین بۆ مزگەوت؟ شێخ وتی: هەرکەس دەیەوێت دەتوانێت لە حەمامی مزگەوت خۆی بشوات، خۆ ئەگەر ئاوەکەش سارد بێت، مەگەر ئێوە موجاهید نین، خۆشتن لە زستاندا بە ئاوی سارد جیهادە. وتیان: ئەی سەرخۆشەکان، وتی: بچنە ژێر باڵیان. بەم شێوەیە چوون بۆ مزگەوت و بەیەکتریان دەوت: بۆ نەچین مەگەر ئێمە موسوڵمان نین؟ .

چل کەس چوون بەرەو مزگەوت هەندێکیان چوونە ژوورەوە و هەندێکیان لەدەرەوە، شێخ ئایەتی ﴿قُلْ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُواْ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًاۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٥٣﴾﴾ الزمر ، واتە: (تۆ، ئەی موحەممەد! بڵێ بەو بەندانەم کە زیادەڕۆییان کردووە لەسەر نەفسی خۆیان لە گوناهکردن و بێفەرمانیی خوادا: نائومێد مەبن لە ڕەحمەتی خوا، خوا لە هەموو گوناهێ خۆش ئەبێ بۆ هەرکەسێ کە باوەڕی هەبێ کەوا خوا گوناهبەخش و میهرەبانە) ی بۆ دەخوێندن و بۆی ڕاڤەدەکردن. هەروەها فەرموودەکەی حەزرەتی پێدەوتن کە

دەفەرموێت: **"خيارکم في الجاهلية خيارکم في الإسلام إذا فقهوا"**. پاشان هەندێکیان وتیان: یاشێخ ئێمە خزمی ترمان هەیە لە شوێنی ترن، با سەریان بدەین.



## شێخ نیعمەتوڵڵا لە مەدینە:

شێخ نیعمەتوڵڵا لە مزگەوتی پێغەمبەر (ﷺ) دەبێت، پیاوێکی تورك بەڕیش و جبە و عەمامەوە سەڵامی لێدەکات و دەڵێت: یاشێخ دەمناسیت؟

شێخ وتی: چۆن ناتناسم، من زۆربەی شار و دێهاتی تورکیا گەڕاوم، ڕەنگە تۆ یەکێ بیت لە ئیمام و موفتییەکانی یەکێك لەو شار و دێیانە.

پیاوەکە وتی: من تۆ باش دەناسم، بەڵام تۆ هەزار ساڵ بگەڕێیت نازانیت من کێم! من دوا سەرخۆشی بەرلین بووم، کە لە مەیخانەکە هاتمە دەرەوە و دوو کەس لەژێربالّمدا بوون و، چووین بەرەو مزگەوت و تۆ بەزەییت پیاما هاتەوە و دەستت هێنا بەسەرما و وتت: "تۆ بەنرخیت لای خوا، لە ماڵەکەی خۆیدا قبوڵت دەکات".

هەرچەندە من سەرخۆش بووم بەڵام قسەکانت تێگەدەیشتم و لەدەرەوەی مزگەوت مامەوە تا هۆشم بەتەواوی هاتەوە، پاشان خۆم شت و تەوبەم کرد و نوێژم کرد، لەوکاتەوە بەردەوامم لەسەر نوێژ و پەرستشەکانم و ژنەکەشم حیجابی کرد و هاتووین بۆ عەمرە و خوا کردی بەنسیبمان کە

به خزمەتت بگەین. چەند جاری تر شێخ نیعمەتوڵلا چۆتە مەیخانە و قومارخانەکانەوە و خەڵکانێکی زۆری لە عەرەب و تورك و پاکستانی ڕزگارکردووە و هێناونی بەرەو مزگەوت و، من کە (**صالح السامرائي**) م یەکێ لەو تەوبەکارانەی بەرلینم بینی لە ئەستەنبوڵ.

ئەو تۆبەکارانە هەندێکیان بوونەتە سەرۆکی کۆمەڵی خەیری و مزگەوتیان دروست کردووە و زۆریان بوون بە بانگخواز تا ئەوانیش خەڵکی هاوشێوەی خۆیان ڕزگار بکەن لە تاریکاییەکانەوە بەرەو ڕووناکی ئیمان. جارێك چووە قومارخانەیەکەوە، بە ئامادەبووانی وت: ئێوە سیفاتی پێغەمبەران و هاوەڵان و ئەولیاتان تێدایە کە ئاوا تا شەو درەنگ شەونخونی دەکەن، جا چونکە قسەکان خالیصەن موخلیصەن بۆ خوا بوون، لە دڵێکی پڕ لە ئیمانەوە دەرئەچوون ولە دڵدا جێی خۆیان دەکردەوە. هەندێك لەوانەی تەوبەیان دەکرد دەیانوت باوکمان کاتی خۆی فێری خوێندنەوەی جوزئی (عەم) ی کردووین. شێخ نیعمەتوڵلا دەڵێت: من هەمیشە ئەم ئایەتەم دەخوێندەوە ﴿ **هُوَ ٱلَّذِى يُصَلِّى عَلَيْكُمْ وَمَلَـٰٓئِكَتُهُۥ لِيُخْرِجَكُم مِّنَ ٱلظُّلُمَـٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ ۚ وَكَانَ بِٱلْمُؤْمِنِينَ رَحِيمًا** ﴿٤٣﴾ ﴾ **الأحزاب**، واتە: (خوا ئەو خوایەیە کە خۆی و فریشتەکانی سەڵاواتتان لەسەرئەدەن: خوا خۆی ڕەحمەت ئەڕێژێ بەسەرتاناو فریشتەکانی داوای لێبووردنتان بۆ ئەکەن لە خوا بۆ ئەوەی لە تاریکستانی نەزانی و نەفامی و کوفرو گوناە دەرتان بکاو بتانخاتە ڕووناکایی ئیسلام و، خوا بەڕەحمە لەئاست موسوڵمانانی خاوەن باوەڕدا) ، ئەمەش بۆئەوەی شەیتان فێڵم لی نەکات و لەخۆم بایی نەبم و تا هەمیشە دڵنیابم کە خوا خۆی هادیە و من تەنها ڕێنمایی کارێکم و هیچی تر.




شیخ نعمەتوڵلاٰ لەکاتی بانگەوازدا

## عەدنــان کەیــوان:

ناوبراو لە دێیەکی بچووکی خوارووی سوریا لەدایك بووە، چوو بۆ ڕووسیا بۆ خوێندن، دکتۆرا ئەخوێنێت لە ئەندازیاریدا، پاشان بۆ ماوەیەك لە زانکۆ کاردەکات، بەڵام لەبەر کـەمی مووچە وازی لێ دێنێت، پاشان ڕۆژی دە دوانزە سەعات کار دەکـات ئـەمیش دەسـتکەوتێکی کەمی دەبێت، کە ژیانی مەمرە و مەژی بەسەردەبرد و، بەهەزار حاڵ ئەگەر پەتاتـەیان دەسـت بکەوتایە بیخۆن، کە هەرزانترین شت بـوو لـە ئۆکرانیـا. بەقـەدەری خـوا دراوسـێیەکیان کـە بەڕێوەبەری گەورەترین کۆمپانیای ئاسن بوو لە خوارووی ئۆکرانیا، داوای لێکرد کە لەو بوارەدا کاربکات لەگەڵیـدا، بەمــەش دەرگـای خێـر و بەرەکـەت و سـامانی بەسـەردا کرایـەوە و لـە نەوەدەکانەوە تا ئێستا بۆتە یەکێ لە دەوڵەمەندە دیارەکان و لە زۆر وڵاتدا کاری وەبـەرهێنان و بازرگانی دەکات. لە شاری ئۆدیسا لە ئۆکرانیا مزگەوتێك و مەرکـەزێکی ئیسـلامی گـەورەی دروستکردووە کە زیاتر لە هەزار کەس نوێژی تیا دەکات. ناوبراو هاوسەرگیریی کـردووە لەگـەڵ ئافرەتێکی ئۆکرانیدا و دوو کچ و کوڕێکی هەیە، خەڵکی بە کارە خێرخوازییـەکانی دەیناسـن، کە لە زۆر بواردا دەستی خێری بۆ هەژاران درێژ دەکات، بۆ نموونە سەد شوققەی کڕی بـۆ سـەد کەسی نابینا، کە ئەمەش جێی دەستخۆشیی هەموو لایەك بوو.

ناوبراو دەڵێت: ئێستا بچیتە پایتەختی هەر یەکێ لە وڵاتـە عەرەبییـەکان و بڵێیـت کـێ کـۆچ دەکات بۆ ئەورووپا بە هەزاران کەس لـە چـەند سـەعاتێکدا نـاوی خۆیـان دەنووسـن، ئەمـەش لەبەرئەوەی ژیان قورسە لەم وڵاتانەدا و ستەم و تاکڕەویی هەناسەی لەبەر خەڵك بڕیوە.

من کە زیاتر لە سی ساڵە لە سوریا دەرچووم، بەڕاستی ئازادم، بە فـەزڵی خـوا لـە زۆر وڵاتـی جیهاندا بازرگانی دەکەم، هەموو ڕۆژێ کە دێمەوە بۆ ماڵەوە لەگەڵ هەموو پلەیەکی قادرمــەدا کە سەردەکەوم سوپاسـی خـوا دەکـەم، خۆشـم و منداڵەکانیشـم بـەردەوام ویـردی سـەرزمانمان سوپاسکردنی خوایە. بەبۆنەی ڕووداوەکانی ئەم دواییەی سوریاشەوە لە بەیاننامەیەکدا داوا لـە هاوڵاتیانی سووریا دەکات کە وازبێنن لە تایەفەگەری و، هەوڵ بدەن وڵاتەکەیان نەبێتە مەیدانی جەنگ و دووبەرەکی و نەیەڵن ئەزموونی تاڵی ئەفغانستان دووبارە ببێتەوە. [١٠١]

---

-١٠١لە بەرنامەی (موعد فی المهجر)ی کەناڵی (**الجزیرة**) لە (٢٠٠٤)دا وەرگیراوە.

هەروەها دەڵێت: لەم دنیایەدا لەسەر هەر دین و ڕێبازێك بیت گرنگ ئەوەیە مرۆڤێکی بێ وەی و ساڵح بیت. شایانی باسە لە سووریاش کاری خێری پێشکەش کردووە، بەڕاستی گرنگە کە پارەو سەروەت و سامان لە ڕێ لای نەداوەو هەردەم کار بۆ ئاخیرەتی دەکات.



د.عدنان کیوان

## کوردێکی تێکۆشەر:

جیهادکردن لوتکەی دینداری یە وکوردیش وەکو باقی گەلان شەرەفی جیهادی دەستکەوتووە لە کۆن و نوێدا، ئەمەش نموونەیەکە :

ناپلیۆن پۆناپارت لە ساڵی (١٧٩٨ز) دا میسری داگیرکرد و کردیانە بنکەیەك بۆ ئیمپراتۆریەتی فەڕەنسی لە ڕۆژهەڵاتدا، ئەوەی خراپ بوو بەرامبەر میسرییەکان کردیان، لە کوشتن و بڕین و تاڵان کردن. خەڵکی میسر کەوتنە شۆڕش کردن دژی ستەمکاران و سوپای عوسمانیش خۆی ئامادەکرد بۆ دەرکردنی داگیرکەران، لەم سەرو بەندەدا، پیاوێکی خواناسی بۆخوا سوڵحاوی تێکۆشەر کە لە شاری ئاکرێ دەژیا، خەو بە حەزرەتەوە (ﷺ) دەبینێت کە مژدەی دەداتێ ئەگەر بچێ بۆ یارمەتی سوپای موسوڵمانان لە میسر خوای گەورە دواى سێ ڕۆژ لە جەنگ کردن سەریان دەخات بەسەر فەڕەنسییەکاندا.

ئەم پیاوە ناوی (جبرائیل کوڕی حسێنی زێباری) بوو، باپیرانی کاتی خۆی تێکۆشەر بوون و لەگەڵ (صلاح الدین) دا جیهادیان کردووە تەنانەت خوزە و زرێپۆشی جەنگی باپیرانی تا ئێستا ماوە و لەناو مەزارگەی قەبرەکەی (جبرائیل) دا دانراوە و پارێزراوە لە ئاکرێ. جبرائیل بۆ بەیانی ئەم خەوە بۆ خەڵکی باس دەکات و بیست لاوی ئاکرێ واز لە کار و پیشەیان دێنن و کەس و کارییان لەبەر خوا بەجێ دەهێڵن و دەچن بەرەو شام و لەوێوە بۆ فەلەستین و پاشان بۆلای سوپای موسوڵمانان لە میسر، کە گەیشتنە ئەوێ، جبرائیل چووە لای سەرکردەی سوپای عوسمانییەکان و مژدەکەی حەزرەتی (ﷺ) پێگەیاندن. جبرائیل و هاوەڵانی شانبەشانی سوپای موسوڵمانان جەنگان دژی سوپای فەرەنسی و، مژدەکەی پێغەمبەر (ﷺ) هاتە دی و دوای سێ ڕۆژ فەرەنسییەکان شکان و سەرکردەی سوپای فەرەنسی (مینو) قایل بوو بە خۆ بەدەستەوەدان، پاشان ئەسکەندەریەییان لە تشرینی یەکەمی ساڵی (١٨٠١) دا چۆڵ کرد و بەمەش میسر گەڕایەوە باوەشی ئوممەتی ئیسلامی. پاش ئەم ڕووداوە دەنگوباسی (جبرائیل) بڵاو بۆوە و خەڵکی نازناوی (بیر) یان لێ نا کە مانای (وەلی) خوایە و ناوەکەشیان بۆ ئاسانی لەسەر زمان کورت کردەوە و لەجیاتی (جبرائیل) ئەیان وت (جب) ، واتە بە (بیر جب) بانگیان دەکرد.
ناوبراو خۆی و هاوەڵانی لە کانونی یەکەمی ساڵی (١٨٠١) دا گەڕانەوە ئاکرێ و خەڵکی ناوچەکە پێشوازییەکی گەرمیان لێکردن ولەلایەن عوسمانییەکانیشەوە لە (خەراجی موسڵ) موچەی خانەنشینییان بۆ بڕایەوە. لە ساڵی (١٨٠٣) دا (موراد پاشای کوڕی ئیسماعیل پاشا) کە ئەمیری بادینان بوو داوای لێکرد کە بچێت بۆ هاوکاری والی بەغدای ئەو کاتە دژی چەند هۆزێك کە چەتەگەرییان دەکرد و ڕێیان لە خەڵکی دەگرت و ئەمن و ئاسایشیان تێك دەدا، ناوبراو خۆی و نزیکی شەش سەد کەس چوون بۆ هاوکاریی والی بەغداد و لەم جەنگەشدا تەنها دوانزە کەسیان لێ شەهید بوو.

جا توانای (بیر جب) بۆ کۆکردنەوەی ئەو ژمارە زۆرە بێ بەرامبەر بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە خەڵکی خۆشیان دەویست و متمانەی تەواویان پێی بوو. شایانی باسە کە (جبرائیل) کۆچی دوایی کرد هەر لە ماڵەکەی خۆیدا لە ئاکرێ ناشتیان و تا ئێستاش ماڵەکەی وەك مەزارگەیەك

خەڵکی سەردانی دەکەن، کە لە دووژووری بچوك پێکهاتووە.[١٠٢]



وێنەی زرێی باپیرانی جبرائیل لە مەزارگەکەی

## گــەڕان بــەدوای ڕاســتیدا :

گەڕان بەدوای راستیدا مەسەلەیەکی گرنگە و زۆر کەس مەبەستێتی بگاتە هەق بەڵام رێنمایی و دەستگرتنی دەوێ، حەوسەڵەو ئارامگرتنی دەوێت، ئەمەش لە ژیانی دکتۆر مستەفا مەحمودا بەئاشکرا دەردەکەوێت:

ناوبراو لە ساڵی (١٩٢١) لەدایك بووە لە وڵاتی میسر و لە ٣١ی ئۆکتۆبەری ساڵی (٢٠٠٩) دا کۆچی دوایی کردووە، زیاد لە هەشتا ساڵ ژیاو زیاتر لە هەشتا پەڕاویشی نووسی لە زۆر بواردا. هەر لە مناڵیەوە باوکی پەڕاوی دەخستە بەردەستی تا لەگــەڵیا ڕابێــت و حــەز بــە خوێندنــەوە بکات، هەمیشە دوورەپەرێز بوو لە مناڵانی هاوتەمەنی و حەزی بــە یــاریکردن و تێکــەڵاوییان نەدەکرد، هەر لە منداڵییەوە حەزی لە تەنهایی و بیرکردنەوە و گەشت کردن بوو، لە ناوچــەکەی خۆیان لە قەراخ جۆگەیەك دادەنیشت و بەلەمێکی کاغەزی دروست دەکرد و دەیخستە ئاوەکــەوە و بە خەیاڵی مناڵی وای دەزانی دەچێ بۆ هیند و ئەمریکای لاتینی. عەقڵی لە پێش تەمەنیەوە بوو، قسەی گەورە گەورەی دەکرد، هەروا بە ئاســانی قســەی وەرنــەدەگرت، هەمیشــە دەم بــە

[١٠٢]– ل٣١٩، دراسات وثائقية في تأريخ الكرد الحديث وحضارتهم، د.عماد عبد السلام.

پرسیار بوو تا باشتر تێبگات. ڕۆژێك لە بارەی خواوە هەندێك پرسیاری لە مامۆستای زمانی عەرەبی کرد، کە خوا چییەو چۆنە، مامۆستاکەش بە حساب چۆن دەبێ پرسیاری وا بکات دارێکی کێشا بەدەستیا، لە داخی مامۆستاکەی قوتابخانەی بۆ سێ ساڵ بەجێهێشت، نەگەڕایەوە تا مامۆستاکە بۆ قوتابخانەیەکی تر گواسترایەوە. سیسرکی زۆر هەبوو لە ناوچەکەیاندا، مەلای مزگەوتەکەشیان ناحاڵی، دوعا و نوشتەی بۆ ئەنوسین گوایە دایبنێین سیسرکەکان لەناو دەبات، ئەمیش کە ئەمە بە عەقڵیا نەدەچوو، تاقیکردەوە سوودی نەبوو، سیسرکەکان بە دوعا و نوشتەی مامۆستا هیچیان لێ نەدەهات بۆیە هەر بەو تەمەنی منالییە کۆمەڵێ لاوی دروست کرد بەناوی (کۆمەڵی کافران) دژی مەلای مزگەوت و خورافاتەکانی.

موستەفا گومانی لە قورئان و لە ئیسلامدا نەبوو گومانی لە شێوەی گەیاندن و بازرگانی کردن بە دینەوە هەبوو، لەگەڵ هاوەڵێکیدا تاقیگەیەکی بچوکی لە ماڵەوە دروست کرد مەوادی کیمیایی دەکرد بەسەر یەکدا بەحساب دەرمانی لەناوبردنی سیسرك دروست دەکات، دیارە ئەم تاقیکردنەوانەش جاری وا هەبووە گڕگرتن و تەقینەوەی لێ پەیدا بووە، منالێکی سەیر بوو، حەزی دەکرد هەموو شتێ لەڕێی پێنج حەواسەکەیەوە وەربگرێ. موستەفا خوی دایە هونەر و فێری عود لێدان و شمشاڵ لێدان بوو، هەر کات لە تاقیکردنەوەکانیدا ماندوو دەبوو پەنای دەبردە بەر ئەو ئامێرانە و بە ئاوازێك گەشتێکی ڕۆحی بۆ خۆی ساز دەکرد و ماندوویەتی دەردەچوو.

ئەیتوانی لە یاسا بخوێنێت و یاساناسێکی گەورەشی لێ دەربچێت، بەڵام چووە کۆلێژی پزیشکی، نەك لەبەر ناو و شۆرەت و دەسکەوتی ماددی، بەڵکو بۆ ئەوەی کە لێکۆڵینەوە لەسەر دەرەوە و ناوەوەی مرۆڤ بکات و، زیاتر شارەزای ناخی مرۆڤ بێت. زۆر حەزی لە توێکاریی (تشریح) بوو، ڕۆژێك لای لاشەیەك مایەوە، ئەوەندە لێی ورد بۆوە هاوەڵانی بەجێیان هێشت بەخۆی نەزانی، خزمەتگوزاری بەشەکەش دەرگاکەی لەسەر داخست بەبێ ئەوەی بزانێ کە لە ژوورەوەیە، ئەمیش کەوتە پیاکێشانی دەرگاکە تا خزمەتگوزارەکەیان بانگ کرد دەرگاکەی لێکردەوە.لە پۆلی سێیەمی کۆلێژەوە چوو بەرەو پسپۆڕی لە بواری سنگدا، بەدەم خوێندنەوە بۆ پەیداکردنی پارەوە نانێك و لەلایەکی تریشەوە مومارەسەکردنی هیوایەتەکەی لەگەڵ فیرقەی

مۆسیقادا دەچووە ئاهەنگەکانەوە. چیرۆکێکی نووسی و بـردی بـۆ (روز الیوسـف) ، تـا بڕێـك پارەی دەست بکەوێت و پـەڕاوی کۆلێـژی پـێ بکرێـت، هەفتـەی سـێ جونـەیهیان پـێ دەدا، زنجیرەیەك وتاریشی نووسی لەسەر هونەر و مۆسیقاو، بووە دۆستی گۆرانیبێژ (محمد عبدالوهاب) . لە گۆڤاری (صباح الخیر) دا گۆشەیەکی هـەبوو بـەناوی (ئیعترافیـان بـۆ کـردم) کـە زۆر لـە هونەرمەندانی وەك (سوعاد حوسنی) کێشەکانی خۆیان لا بـاس دەکـرد ئـەمیش بەشـێوازێکی ئەدەبی دایئەڕشتەوە و بڵاوی دەکردەوە بەمەش زیاتر ناوبانگی پەیدا کرد، هەر لـەم ڕێیەشـەوە شا جوانی میسری ئەو کاتەی ناسی و بوو بە هاوسەری کە ناوی (سامیە) بوو، کوڕ و کچـێکی لێ بوو. لە ساڵی (١٩٦٠) جەمال عبدالناصر فەرمانێکی دەرکرد کە کەسێك نابێـت دوو کـار بکات، ئەمیش بواری ئەدەبی هەڵبژارد و وازی لە پزیشکی هێنا. حەزی لە گەشت کـردن بـوو، سەردانی زۆر وڵاتی کرد و لەبارەیانەوە پەڕاوی نووسیووە.

ئەم دژی عبدالناصر بوو، کاتێ پەڕاوی (محاكمات نورمبرخ) ی نووسی کە تیایا باسـی حـوکمی دیکتاتۆری و تاکڕەوی دەکات، هەواڵیان گەیاندە عبدالناصر کە مەبەستی حوکمی ئەوە، بۆیـە ڕێگریی نووسینیان لێکرد، پاشتر سێ شانۆگەری نووسـی و چـیرۆکی (المسـتحیل) یـش حسـین کەمالی دەرهێنەر کردی بە فـیلم. لـە سـاڵی (١٩٥٦) لـە (روز الیوسـف) زنجیرەیـەك وتـاری بڵاوکردەوە بەناوی (الله والانسان) دواییش کـۆی کـردەوە لـە دوو تـوێی پەڕاوێکـدا بەهـەمان ناوەوە.

ئەم پەڕاوە وەڵامی ئەو پرسیارانەیە کە بەخەیاڵی زۆر کەسدا دێت لەبارەی خواو ئاینەوە، ناوبراو بەدوای بەڵگە و بورهاندا دەگەڕا لەسەر بوونی پەروەردگار، بە (موڵحید) تۆمـەتبار دەکـرا، لـە کاتێکدا هەرگیز موڵحید نەبووە، بەڵکو گەڕۆکێك بوو ملـی بـۆ هـەموو قسـەیەك و بیروڕایـەك نەئەدا تا سەدان جار تاووتوێی نەکردایە، (عبدالناصر) ئەم کتێبەی قەدەغـەکرد و نەیانهێشـت بڵاوبێتەوە، بەڵام نەیدا بەدادگا هەرچەند (ئەزهەر) داوای دادگایی کردنی دەکرد. پاشان پەڕاوی گەشتەکەم لە گومانەوە بۆ باوەڕی نووسی، گومان وای لێکردووە بگەڕێ بەدوای ڕاسـتییەکاندا، هەروەك خۆی دەڵێ دەگەڕام بەدوای (بورهان) دا لـەبارەی خـوای باڵادەسـتەوە، بـۆم دەرکـەوت بەڕاستی خوای گەورە خۆی (البرهان)ە.

ئەم وەك ئەو زانایە وایە كە لە تاقیگەدا گریمان دائەنێت تا ئیختراعێك دەكـات و یاسـایەك لـە یاساكانی دنیای مادده ئەدۆزێتەوە. پەڕاوێكی نووسی بەناوی (تفسیر **عصـري للقـرآن** الكـريم) كە ئەمەش بەتوندی وەلاّم درایەوە بەتایبەت لەلایەن دكتۆرە (**بنت الشـاطئ**) ەوە، پێیان دەوت: تۆ كە نووسەری چیرۆكی چیت داوە لە تەفسیری قورئان كە كەسانی پسـپۆڕ و شـارەزای دەوێـت لەو بوارەدا. پەڕاوێكی تری نووسی بەناوی (گفتوگۆ لەگەڵ هاوڕێ مولحیدەكەمدا) كـە ئـەمیش جەدەلی زۆری لەسەر دروست بوو، هەندێ دەڵێن مەبەستی نەفسی خۆیەتی و هەندێكیش دەڵێن مەبەستی (خالد محی الدين) ە كە دامەزرێنەری (حزب التجمع) ە.



وینەی د.مصطفى محمود

پاشان بەرنامەی (عیلم و ئیمان) ی دەركرد كە كورتكراوەی ئـەزموونی گـەڕان و بیروبۆچـوونی خۆیەتی، كە كارێكی ناوازە و شاكارێكی ئیمانییـە، جـاری وا هـەبووە زیـاتر لەسـەد پـەڕاوی دەخوێندەوە بۆ ئامادەكردنی یەك ئەڵقەی یەك سەعاتی بەرنامەكەی، ئەمە بێجگە لـەوەی كـە سەردانی وڵاتانی وەك ئینگلتەرە و ئەڵمانیا و كەنەدای دەكرد بۆ دەستخستنی فیلمی وەثـائقـی تا لەبەرنامەكانیدا بەكاریان بێنێ. ئەمە لە كاتێكدا تەلەفزیۆنی میسری پارەیەكی زۆر كـەمی ئەدایە، بەڵام ئەم كارە كە بۆ خوا بوو بە هاوكاری دەوڵەمەندێك و بەهۆی كڕینـی ئەڵقەكانـەوە لەلایەن تەلەفزیۆنەكانی وڵاتانەوە كارەكەی ئاسان بوو، زیاتر لە چوارسـەد ئەڵقـەی تۆمـاركرد، پاشان وەستێنرا. ناوبراو بڕوای بەكاری خێرخوازیی هەبوو، مزگەوتێكی دروسـت كـرد و پاشـان خەستەخانەیەكی گەورەشی دروست كرد كە خزمەتی هاوڵاتیان بكـات، لـە سـاڵی (١٩٨٢) دا خەستەخانەكەی كردەوە، هۆڵێكی تایبەتی گەورەی هەبوو لە قاتی سـەرەوەی مزگەوتەكـە كـە

تەلەسکۆبی تیا بوو تا بەهۆیەوە سەرنجی ئاسمان بدات و لە دەسەڵاتی گەورەی پەروەردگار تێبگات. دکتۆر مستەفا لای ئەمریکا و ئیسرائیل لە لیستی ڕەشدا بوو، بەتایبەت کە پەڕاوی (**إسرائيل بداية و نهاية**) و (**إسرائيل النازية**) ی دەرکرد.

## هێزی کێشکردنی پەیامی خوا:

ئەم پەیامە کاردەکاتە سەردڵ و دەروون و بەردەوام خەڵکانێکی زۆر لە هەموو لایەکی ئەم دونیایەوە دێنێت بۆلای خۆی و ڕێنماییان دەکات بۆ ڕاستترین پەیڕەو و پرۆگرام وئەیانکاتە پەپولەی باڵ هەڵقرچاوی دەوری چراکەی، وەك :

## پرۆفیسۆر دیفید روی وولکی:

ناوبراو کەنەدی یەو مامۆستای زمانی ئینگلیزی یە لە زانکۆی شا عبدالعزيز لە جەدە، ناوبراو لە نەدوەی جیهانی لاوانی ئیسلامی موسڵمانبوونی خۆی ڕاگەیاند و ناوی خۆی کرد بە داوود، ئامادەبووان بەهوتافی الله ئەکبەر خۆشییان دەربڕی و پیرۆزباییان لێکرد. لە بارەی موسڵمانبوونیەوە دەڵێت :
لە کەنەدا سەردانی کەنیسەم زۆر دەکرد، وێنەی ئیسلام زۆر شێوێنراوە لە ڕۆژئاوا، دیراسەی ئیسلامم کرد تابزانم جیاوازی چیە لەگەڵ مەسیحیەتدا، پاش ئەوەی لە ئیسلام گەیشتم بە قەناعەتەوە موسڵمانبووم و وازم لە مەسیحیەت هێنا، کە هاتیشم بۆ سعودیە وێنەیەکی جیاوازی ئیسلامم بینی کە ئەوەنیە لە ڕۆژئاوا باس دەکرێت.

## عبدالرحمانی ئیتاڵی

دکتۆر محمد عوضی لە بەرنامەی (بيني وبينك) چاوپێکەوتنی کرد لەگەڵ عبدالرحمانی ئیتاڵی کە پێشتر ناوی (گۆناریۆ) بوو، ناوبراو لەبارەی موسوڵمان بوونیەوە وتی: کاتێ قورئانم خوێندەوە هەستم کرد کە جیاوازە لە هەموو پەڕاوێکی دیکە و زانیم کە پەڕاوی پەروەردگاری جیهانیانە. لە ڕۆژی هەینی کە ڕۆژێکی پیرۆزە لەساڵی (١٩٩٣) لە شاری (جێنوە) لە ئیتاڵیا

له مزگەوت موسوڵمان بووم و بەهۆی ئیسلامەوە دڵم زۆر خۆش بوو. ڕاستە موسوڵمانان هەندێکیان لە ئیسلام دوورکەوتوونەتەوە بەڵام ئەوە کاری نەکردە سەر من چونکە فیکر شتێکە و پەیڕەوکردنی ئەو فیکرە شتێکی ترە. من لە ساڵی (١٩٩٣) دا ئافرەتێکی عەرەبم هێنا، جبریلی کوڕم لە ساڵی (١٩٩٤) دا لەدایك بووە، کە ئێستا بەردەوام لەگەڵمدایە و عەرەبییەکی باش دەزانێت و وەك دوو هاوەڵ واین و تەرجومەم بۆ دەکات. چووم بۆ مەککە ولە پاڵ کەعبەدا دوعاکەی حەزرەتی نوحم کرد ﴿ وَقُل رَّبِّ أَنزِلْنِي مُنزَلًا مُّبَارَكًا وَأَنتَ خَيْرُ الْمُنزِلِينَ ﴿٢٩﴾ ﴾ المؤمنون، ئەم دوعایەشم بۆ ئەوە کرد کە خوا کارمان بۆ ئاسان بکات و لە وڵاتێك دابنیشین کە ئایینەکەمان سەلامەت بێت ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قُوا أَنفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ ...﴿٦﴾ ﴾ التحريم . پاشان سەردانی مەدینەم کرد کە هەموو کەس حەز دەکات تیایا بژی و تیایا بمرێت، دواتر ماوەیەك لە یەمەن بووم و ئێستاش سەردانی کوێتم کردووە، بەتەماشم لە داهاتوودا بچمەوە بۆ ئیتاڵیا کە وڵاتی خۆمە و خۆشم دەوێت، تا ببمە مایەی خێر بۆیان و بانگیان بکەم بۆ ئیسلام.

خوای گەورە قورئانی نارد بۆ پێغەمبەر (ﷺ) موعجیزە بوو، لەو کاتەدا تەحەددای عەرەبەکانی دەکرد لە بواری زمانەوانی و داڕشتن و ڕەوانبێژیدا، ئێستاش قورئان پڕە لە موعجیزەی زانستی کە کاریگەرییەکی زۆری هەیە و تەحەددای هەموو بەشەرییەت دەکات، قورئانم خوێند تەواو دڵنیا بووم و هیچ گومانێکم نەما. جبریلیش کە دەزانێ قورئان بخوێنێ و هەندێکی لەبەرە دەڵێ: حەز دەکەم ببمە وتاربێژ و ئیمامی مزگەوت و بانگەواز بکەم و ئیسلام بڵاو بکەمەوە.

## صوهەیبی ئەمریکی:

دکتۆر محمد عوضی کە بانگخوازێکی کوەیتی یە دەڵێت لە ساڵی (١٩٩٩) دا گەشتێکی بانگخوازیم کرد بۆ ئەمریکا، لە ئۆکلاهۆما لاوێکی ئەمریکیم بینی کە ناوی خۆی کردبوو بە صوهەیب و ئیمامی مزگەوت بوو، لەم ساڵانەی دواییشدا سەردانی کوەیتی کرد بۆ ئەوەی وتار بدات بە زمانی ئینگلیزی بۆ ئەو بیانیانەی لە کوەیت دەژین. لە چاوپێکەوتنێکدا لە بەرنامەی (**بینی** وبينك) دا صوهەیب باسی ژیانی خۆی کرد و وتی: کە مناڵ بووم سەردانی

کەنیسەم دەکرد لەگەڵ کەسوکارمدا، فێری ئایینیان دەکردین و لەسەرەتاوە چیرۆکی پێغەمبەرانیان بۆ باس دەکردین لە حەزرەتی ئادەمەوە، منیش وەك منالێکی وشیاری فیترەت پاك پرسیارێکم لا دروست بوو بوو، کە بۆچی لە ئادەمەوە هەتا یەحیا ئیسلام بوون و هاوەڵیان بۆ خوا بڕیار نەداوە، بۆچی لە هاتنی عیساوە ئەبێت بیپەرستین و گوایە ئەو کلیلی بەهەشتە؟ ڕۆژێك بە دایکمم وت: ئایا ئەوانەی پێش عیسا (سەلامی خوای لێ بێت) ئەویان دەپەرست؟ وتی: نەخێر، وتم: کەواتە چۆن دەچنە بەهەشتەوە؟ وتی: نازانم.
لە چواردە ساڵییدا پەڕاوێکی پێشەوای شەهیدی ئەمریکی (مالکۆلم ئێکس) م خوێندەوە و حەقیقەتی ئیسلامم بۆ ڕوون بۆوە، پاشان هەندێك موسوڵمانم ناسی و سوودم لێ وەرگرتن، ئێمە لە کەنیسە وایان پەروەردە دەکردین کە موسوڵمانان تیرۆرستن و بە دەمانچە و بەزۆر دێنە سەرمان و دەیانەوێت واز لە حەزرەتی عیسا بێنین.

لە بازاڕێکی ئۆکلاهۆما پیاوێك جلوبەرگی سۆدانی دەپۆشی، زۆر سەرسام بووم بە کەسایەتی ئەو پیاوە، هەمیشە لە خزمەتی خەڵکدا بوو، لێم پرسی: ئایا ئێوە ڕقتان لە سپی پێستە؟ وەڵامی دامەوە کە لە ئیسلامدا جیاوازی ڕەنگ و چینایەتی نییە و هەمووان بەندەی خوان و تەنها بە پارێزکاریی پێش و دوا دەکەون. ئنجا نامیلکەیەکی دامێ لەبارەی ئیسلامەوە. لە دایك و باوکم زۆر دەترسام، بۆیە بە دزیەوە لە حەمامدا نامیلکەکەم خوێندەوە، زۆر سوودم لێ بینی و بەلامەوە سەیر بوو نامیلکەیەکی ئاوا بچکۆلە وەڵامی زۆربەی پرسیارەکانمی تیا بوو، زۆر بە جوانی خوای پێ دەناساندی و، حیکمەتی درووست بوونی مرۆڤی دەخستە ڕوو، باسی مەلائیکەت و پێغەمبەران و قیامەتیشی بۆ دەکردی. بەم نامیلکەیە خۆشەویستی ئیسلام لە دڵما ڕووا و، حەزم دەکرد بگەڕێم بەدوای ڕاستییەکاندا، لە کتێبخانەی گشتی قورئانێکی ڕاڤەکراوی ئینگلیزیم وەرگرت و لە شەودا بە دزییەوە دەمخوێندەوە، قورئان دڵی ڕووناك کردمەوەو، ڕاستییەکانی پێ ناساندم، تامی ئیمانم چەشت ﴿وَنَزَعْنَا مَا فِي صُدُورِهِم مِّنْ غِلٍّ تَجْرِي مِن تَحْتِهِمُ الْأَنْهَارُ وَقَالُوا الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي هَدَانَا لِهَٰذَا وَمَا كُنَّا لِنَهْتَدِيَ لَوْلَا أَنْ هَدَانَا اللَّهُ...﴿٤٣﴾﴾ الأعراف
باوکم مامۆستای زانکۆ بوو هەندێ پەڕاوی ئیسلامی بینی لە ماڵەوە، وتی: ئەم پەڕاوانە چین؟ وتم: ئەوە بەکارییان دەهێنم بۆ بەراورد کردنی ئایینەکان، وتی: زۆر باشە ئایینەکان بەراورد بکە

هەموو ڕاستیەکانت بۆ دەردەکەویێت. کاتێ ئایەتی ﴿لَّقَدۡ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ ثَالِثُ ثَلَٰثَةٖۘ وَمَا مِنۡ إِلَٰهٍ إِلَّآ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞۚ ...﴿٧٣﴾﴾ مائیدة خوێندەوە وتم بەڕاستی ئەمە هەقە. لە مزگەوت موسوڵمان بووم، شایەتمانم هێنا، سوپاس بۆ خوا دڵم پڕبوو لە نوور، بە هەموو دنیای ناگۆڕمەوە ﴿أَوَمَن كَانَ مَيۡتٗا فَأَحۡيَيۡنَٰهُ وَجَعَلۡنَا لَهُۥ نُورٗا يَمۡشِي بِهِۦ فِي ٱلنَّاسِ ...﴿١٢٢﴾﴾ الأنعام .

دایکم و باوکم وبراکەم بەهۆی کاریگەری ڕاگەیاندنەکانەوە خراپ لە ئیسلام حاڵی بووبوون، دوو هەفتە لێم شاردنەوە، (جەژنی سوپاسگوزاریی) هات و برا گەورەکەشم دەسگیرانەکەی لەگەڵ خۆی هێنا بوو تا لەماڵەوە بە یەکمان بناسێنێ، دایکم گۆشتی بەرازی لێنابوو لەگەڵ قەل و شتی تردا، دایکم کە زەحمەتی کێشابوو و ئەو هەموو خواردنەی ئامادەکردبوو حەزی دەکرد لە هەمووی بخۆین و دەستخۆشی لێ بکەین، بە منی وت: ولیەم تۆزێ لەو گۆشتە بەرازە بخۆ، (دڵم پەلە پەلی دەکرد) ، باوکم بە زمانێکی زبر و توند وتی: ئەم موحەممەدە بوو بە چی، هێرشی کردە سەر پێغەمبەر (ﷺ) ، منیش لە پەرچەکرداری ئەوەدا وتم: من موسوڵمان بووم، من تامی حەقیقەتم چەشتووە، ئەحمەد دیدادت وای وت و فلان وای وت، کەوتمە دەمەقاڵێ لەگەڵیان و ئیتر چوومە ژوورەکەی خۆم و بەجێم هێشتن. هەرچەند پەرچەکردارەکە و هەڵچوونەکەی من باش نەبوو، بەڵام دواتر پەیوەندییەکە ئاسایی بووەوە لەسەر ئامۆژگاری مامۆستاکانم وازم لێ نەهێنان، هەروەك چۆن مێروولەیەك دەئاڵێتە دەنکە شەکر و وازی لێ ناهێنێت، منیش ئاوەها بووم. لە زانکۆ زۆر هەوڵم دا، تا پێیان بسەلمێنم کە بەهۆی ئیسلامەوە من سەرکەوتووم، هەموو وانەکانم ئیمتیاز بوون، باوکم لە تەلەفزیۆندا منی بینی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ سازدام لەسەر بەرزیی نمرەکانم، زۆر سەرسام بووبوو، وتبووی: ئەم ئایینە چی بە کوڕەکەم کردووەو و چۆن ئاوا گۆڕیویەتی؟ .

لە زانکۆی ئۆکلاهۆما (پەروەردەی منداڵ) م تەواو کرد، لەسەر داوای مامۆستاکەم ناوی خۆمم کرد بە صوهەیبی ئەمریکی، هەروەك چۆن کاتی حەزرەت (ﷺ) صوهەیبی ڕۆمی هەبوو. من گۆرانیبێژیش بووم، خەریك بوو کە گرێبەست بکەم لەگەڵ کۆمپانیایەکدا سیدی گۆرانی دەربکەم، بەڵام خوا بەهۆی ئیسلامەوە پاراستمی لەو ڕێ چەوتە. کە موسوڵمان بووم هەستم کرد شتێك دەزانم، عیلمێکم پێیە بەڵام کەسێکی ڕەببانی نیم، لایەنی ڕۆحی و دڵم تەواو نییە،

وەك باڵندەیەکی بێ باڵ وا بووم، بڕیارم دا بچم بۆ ئەزهەر، تەمەنم (٣٢) ساڵ بوو، لە سانەوی ئەزهەرەوە دەستم پێ کرد و لای زانایان وانەی باشم خوێند، لە ژنەکەمیان پرسی مێردەکەت چی دەکات؟

وتی: مێردەکەم قوتابی سانەوییە. هاوسەرەکەم مالیزییە و هاوەڵی ژنی مامۆستاکەم بوو، چوومە لای باوکی و داوام کرد و خواستم، دایك و باوکم هەرچەند تا ئێستا موسوڵمان نەبوون بەڵام هاوسەرەکەمیان زۆر خۆش دەوێت، چونکە زۆر هاوکارییان دەکات و زۆر خۆی خۆشەویست کردووە. بەڕاستی ڕەفتار و مامەڵەی جوان کاریگەریی زۆری لەسەر بەرامبەرەکەت دەبێت، ڕۆژێك دایکم وتی: ولیەم تۆ زۆر زیاتر منت خۆش دەوێت لە براکەت، لە کاتێکدا ئەو دێتە کەنیسە لەگەڵما و تۆش دەچیتە مزگەوت، وتم: دایەگیان ئیسلام فێرمان دەکات کە تا دوا پلە ڕێزت بگرم و بتخەمە سەر سەرم! من لەبەرئەوەی لە ئەزهەر خوێندوومە بۆ وتاردان و هەندێ کاتی تر جلی ئەزهەر لەبەر دەکەم، بەڕاستی ئەزهەر قەڵای ئیسلامە. لە کاتی سەردانی وڵاتە ئیسلامییەکاندا، بە ئاسانی هەست بە پەیوەندی زەوی و ئاسمان دەکەیت، هەست بە پەیوەندی نێوان خوا و بەندەکانی دەکەیت، لە هەندێ شوێن (سبحان الله) و یادی خوات بیردەخەنەوە. بەداخەوە موسوڵمانان قەدری ئایینەکەیان نازانن، لەگەڵ سایەق تەکسییەکدا لە قاهیرە کەوتمە گفتوگۆ و لێم پرسی: ئیمام سیوطی دەناسیت؟

وتی: زیندووە یان مردووە، لە کوێ وتار ئەدات؟ وتم: لە دێر زەمانەوە لە مزگەوتی (**بن طولون**) وتاری ئەدا.

وتم: ئەی نانسی عەجرەم دەناسی؟ وتی: سوپاس بۆ خوا دەیناسم.

وتم: برام **سیوطی** کەسایەتییەکی گەورەی موسوڵمانانە و نووسراو و پەڕاوی زۆری هەیە، من لە ئەمریکاوە ناسیم، تۆ لە میسریت نای ناسی؟ بەڕاستی موسوڵمانان بێ ئاگان لە مێژووی پڕ سەروەری خۆیان.

کاتی خۆی نوورسی فەرمووی: ڕۆژئاوا دووگیانە بە ئیسلام و ئیسلام لەوێ لەدایك دەبێتەوە و ڕۆژهەڵاتیش دووگیانە بەڕۆژئاوا. من یەکێکم لەو کەسانەی کە نوورسی باسی کردوون و ئێمە لە ڕۆژئاواوە فێری ئیسلامەتی بووینەوە، زۆر جار خەمبار دەبم، لاوان چۆن دوای بریق و باقی

ڕۆژئاوا دەکەون و دەستبەرداری ئەو ئایینە دەبن کە خوا بەهۆیەوە ئوممەتی ئیسلامی پایەدار کردووە ﴿ كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ ...﴿١١٠﴾ ﴾ ال عمران ، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا دڵخۆشم کە بێدارییەکی ئیسلامی باش هەیە لەسەرتاسەری دونیاداو، لاوان ڕوو دەکەنە مزگەوتەکان.

من دڵخۆشم بە داهاتوو، ئێمە خەوتبووین، یانزەی سێپتەمبەر خەبەری کردینەوە، من کە دیراسەی قورئانم کرد و ژیانی حەزرەتم خوێندەوە (ﷺ) بە قەناعەتی تەواوە موسوڵمان بووم و کار بۆ ئیسلام دەکەم. یانزە سیدیم دەرکرد لەسەر هاوسەرەکانی پێغەمبەر (ﷺ) ، بەتایبەت خاتوو عائیشە کە لە سێ سی دیدا ژیاننامەکەیم باس کردووە، بەڕاستی مەسەلەی ئافرەت لە ئیسلامدا مەسەلەیەکی گرنگە و من لە ڕێی ئەو بەرهەمەوە توانیومە تیشك بخەمە سەری و ژنان و پیاوان لای خۆمان زۆر سوودیان لێ بینیوە.



## کیث ئەلیسۆن:

لە ساڵی (١٩٦٣) لە خێزانێکی کاسۆلیکی لە شاری (دیترۆیت) لە ویلایەتی (میشیگان) لەدایك بووە، یەکێك لە براکانی سەرپەرشتیاری کەنیسەی (عهد جدید) بوو لە مەعمەدانی دیترۆیت. لە ساڵی (١٩٨١) دا کۆلێژی یاسای تەواو کردووە. کاتێ لە زانکۆ بوو موسوڵمان بوو، لەبارەی موسوڵمان بوونیەوە دەڵێت: (من هەرچەندە بەتەواوی پابەندیی کاسۆلیکی نەبووم، بیرم دەکردەوە لە موسوڵمان بوون، لەبەرئەوە سەیری دەوروبەری خۆمم

دەکرد و لەخۆمم دەپرسی لەبارەی باروزروفی کۆمەڵایەتی وڵاتەکەمەوە، لەبارەی دادپەروەری وگۆڕانکارییەوە، هیچم نەدۆزییەوە لە ئیسلام چاکتر بێت. مەسیحیەت کۆمەڵێ دروشم و عادەتە، هەستم بە ونبوون دەکرد، ڕاڕا و دوودڵ بووم، بۆیە وازم لە کەنیسە هێنا، ئیسلام کە چەندەها گەل و نەتەوەی لەخۆی گرتووە ڕایکێشام بەلای خۆیدا، ئەوەی بەدوایدا دەگەڕام لە ئیسلامدا دۆزیمەوە و لەوساوە کار دەکەم بۆ ئیسلام. هەرچەندە هاوسەرەکەم موسوڵمان نەبووە، بەڵام کچەکەم و سێ کوڕەکەم موسوڵمانن) . ناوبراو کە پێی دەڵێن (کیث محمد) کەسایەتییەکی میانڕەوە و ڕێز لە بیربۆچوونی جیاواز دەگرێت و دەڵێت: "فرەڕەنگی مایەی هێزی وڵاتەکەمە، کارێکی باشە کە لە هەموو جۆر و ڕەنگێك ڕوودەکاتە ئەمریکا".

بۆ جاری سێیەم بۆ کۆنگریسی ئەمریکی هەڵبژێردرایەوە و ئەندام پەرلەمانێکی چالاکە و نوێنەرایەتی موسڵمانانی (مینیسوتا) دەکات و ڕازی نەبوو لەسەر ئینجیل سوێندی یاسایی بخوات و لەسەر قورئان سوێندی خوارد. کۆمارییەکان دژایەتییەکی زۆریان کرد و لۆبی جوولەکە فشاری زۆریان بۆ دروست کرد گوایە چۆن دەبێت ئەندام پەرلەمانی موسوڵمان هەبێت لە کۆنگریسدا، ئەویش جەختی کردەوە سەر ئەوەی کە هاوڵاتییەکی ئەمریکییە و سێ سەدە لەوەوبەر باوکی لە ئەفریقاوە وەك کۆیلە هێنراوەتە ئەمریکا و لە باووباپیرەوە خزمەتی ئەمریکایان کردووە. لەم دواییەدا ئەندامی وەفدی ئەمریکی بوو بۆ میسر و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، کە سەردانی مەیدانی تەحریری کرد گریا و سەرسام بوو بە هەوڵ و خەباتی میسرییەکان کە توانییان خۆیان لەژێر چەپۆکی ستەمکاران ڕزگار بکەن، کە زیاتر لە شەست ساڵە لەسەر دەستی ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکان دەچەوسێنرێنەوە.
ناوبراو دەڵێت: ئایا هەندێك لە ئەمریکییەکان لە ڕەش پێستەکان دەترسن؟ بەڵێ وایە، بەڵام خۆ ئەوانەی تاوانکارن لە ڕەش پێستەکان نوێنەرمان نین، لەهەموو لایەنێکدا چاك و خراپ هەیە. ئەو بنکە ئیسلامییەش کە نیاز وایە لە مانهاتن دروست بکرێت خزمەت بەوە دەکات کە ئەمریکییەکان زیاتر لە یەك نزیك ببنەوە و زیاتر لەیەك تێبگەن کە ئەوەش لە بەرژەوەندی ئەمریکادایە، ئیتر ئەو بەرنامە تەلەفزیۆنیانەی کە بەئاڕاستەیەکی تردا کار دەکەن و دەیانەوێت بەردێ لە ئاسمان بکەوێتە خوارەوە بیکەن بە خەتای موسوڵمانان دیارە ئەوە خزمەت ناکات و زیانی زۆر بە هەموو لایەك دەگەیەنێت.

## بانگخواز عبدالله بانعمه:

ناوبراو خەڵکی شاری جدەی وڵاتی سعودیەیە و تووشی ئیفلیجی بووە و تەنها سەری دەجوڵێ، بەردەوام دۆست و ناسیاو و خەڵکی تر سەردانی دەکەن و ئەویش ئامۆژگاری خێریان دەکات، هەندێ برادەریش هاوکاری ئەکەن وئەیبەن لە مزگەوت و هەندێ کۆڕ و کۆبوونەوەدا وتار ئەدات، جا بۆخۆی دەڵێت: ڕەنگە زۆر کەسی تر هەبێ لە من حاڵی خراپتر بێت کەس ناوی نابات و لەجێی نەبوانە، بەڵام کاتێك من بوومە بانگخواز و ئاخیرەتم هەڵبژارد خوای گەورە زیاتر لای لێکردمەوە و بە فەزڵ و کەرەمی خۆی بەسەری کردمەوە، بەڕاستی دینداری پایەبەرزییە بۆ دنیا و قیامەت ﴿لَقَدْ أَنزَلْنَا إِلَيْكُمْ كِتَابًا فِيهِ ذِكْرُكُمْ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴿١٠﴾﴾ **الأنبياء** . ناوبراو باسی سەرگوزەشتەی خۆی دەکات و دەڵێت:

من گەنجێکی دوور لەخوا بووم و کۆمەڵێ هاوەڵی خراپم هەبوو، جگەرەم دەکێشا و سەرگەرمی هەواو ئارەزوو و دنیا بووم، باوکم بیستبووی کە جگەرە دەکێشم، ڕۆژێك لێی پرسیم: جگەرە دەکێشیت؟ دەنگم بەسەرا بەرز کردەوە و بەدرۆ سوێندم بۆ خوارد کە جگەرە ناکێشم! ئەویش توڕە بوو و دوعای لێکردم و پێی وتم: یارەبی ملت بشکێت ئەگەر درۆ بکەیت و جگەرە بکێشیت! دیارە سوێندی درۆ تاوانێکی گەورەیە حەزرەت (ﷺ) دەفەرموێت: (الحلف الكاذب هو اليمين الغموس، الذي يغمس صاحبه في النار) . هەروەها دەنگ بەرز کردنەوە بەسەر دایك و باوکدا گوناهە، زۆر گەورەترە لە وشەی (ئۆف) کە نابێ لەڕووی دایك و باوکدا بوترێ ﴿...فَلَا تَقُل لَّهُمَا أُفٍّ وَلَا تَنْهَرْهُمَا وَقُل لَّهُمَا قَوْلًا كَرِيمًا ﴿٢٣﴾﴾ الإسراء، هەروەها قورئان لە هەقی دایك و باوکدا دەفەرموێ ﴿وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا ...﴾ الإسراء ، ئەمە بێجگە لەوەی کە چەندەها فەرموودەشمان هەیە لەبارەی هەقی دایك و باوکەوە. دیارە دوعای باوکیش بەچاك و بە خراپ دوور نییە گیرا ببێت لەسەر منداڵەکانیان. بۆ بەیانی درەنگانێ کە هەستام لە خەو بەناوی قوتابخانەوە چوومە دەرەوە، لەگەڵ هاوڕێ خراپەکانمدا خۆمان دزیەوە لە قوتابخانە و چوین لە قەراغ دەریا مەلەمان کرد، دوایی بۆ ئەوەی خوێی دەریامان لێ بێتەوە وتمان با بچین لە مەلەوانگە خۆمان بشۆین. کاتێك هاتین بۆ مەلەوانگە سەیرمان کرد داخراوە،

خەریك بوو برادەرەكانم بگەڕێنەوە، من هانم دان كە بەسەر دیواردا سەربكەوین، تومەز شوێن قەدەری خۆم كەوتووم. . بەسەر دیواردا بازمان دا و لەسەر بەرزییەوە خۆم هەڵدایە حەوزی مەلەكەوە، ویستی خوا وابوو كە بەسەرا بكەومە ئاوەكەوە و فەقەراتی ملم بشكێ و چوار پەلم وشك ببێت!

لە چەند چركەیەكدا چوار پەلم وشك بوو، نەمدەتوانی دەست و قاچم بجوڵێنم و مەلە بكەم، دەستم بە كەسا نەدەگەیشت، دەنگم بە كەسا نەدەگەیشت، بۆ چەند خولەكێك خۆم گرت كە ئاو نەچێتە دەممەوە و هەناسە نەدەم بەڵام سوودی نەبوو، ئەو چەند خولەكە چیم دی، قورئان دەفەرموێت ﴿...فَكَشَفْنَا عَنكَ غِطَآءَكَ فَبَصَرُكَ ٱلْيَوْمَ حَدِيدٌ ﴿٢٢﴾﴾ ق، پەردەی سەر چاو و دڵم لاچوو، مردنم بینی، بەڕاستی مەوقیفێكی سامناكە، فیلمی ژیانی (١٩ ساڵی تەمەنم) بەخێرایی هاتە بەرچاوم كە هەمووی گوناهو دوور لە خوایی بوو. ئەوەی كە تیایا دڵم پێی خۆش بوو ئەو خێرە بوو كە ئەمدا بە پیرێژنێك و ئەویش دەستی بەرز دەكردەوە و دوعای بۆ دەكردم، ئنجا خوا هێنای بە دڵما كە هەرچی بمرێ و دوا وتەی (لا إله إلا الله) بێت ئەچێتە بەهەشتەوە، هەر ئەوەندە فریاكەوتم بە خێرایی بڵێم (أشهد أن لا إله إلا الله وأشهد أن محمدا رسول الله) ئیتر خۆم بۆ نەگیرا و ئاوم قوت دا و لە هۆش خۆم چووم. بە هەموو حسابێكی بەشەری دەبوایە من ئێستا لەگۆڕا بوومایە، یەك چارەكە سەعات لەژێر ئاوەكەدا بووم، ئنجا دەریان هێنا بووم و بردبوویانم بۆ خەستەخانە. . بەڕاستی كاروكردەوەی چاكە مرۆڤ ئەپارێزێ لە عاقیبەت شەڕی (**صنائع المعروف تقي مصارع السوء**) .بۆیە تكاتان لێ دەكەم كە كاری چاكە زۆر بكەن، موسڵمانێك دڕك و داڵ لە ڕێی موسڵماناندا لابەرێ خوای گەورە لە پاداشتی ئەو چاكەیەدا ئەیخاتە بەهەشتەوە.

ئافرەتێكی خراپەكاری بەنی ئیسرائیل ئاوی دا بەسەگێكی تینوو خوا لە پاداشتی ئەو كارەیدا لێی خۆش بوو. (صنایع المعروف) زۆر شت دەگرێتەوە، سەلام كردن، زەردەخەنە، وتەی چاك، ئەمانە هەموو خێر وسەدەقەن. چوار ساڵ لە خەستەخانە مامەوە، شانزە نەشتەرگەری گەورە و بچووكیان بۆ كردم، وا چواردە ساڵە لەسەر جێگا كەوتووم، دایكم دڵخۆشیم ئەداتەوە و دەڵێت: (**إن شاء الله** كەفارەتی گوناحە) .

تووشی حاڵەتێکی خوێن بەربوون بووم، ناچار نەشتەرگەرییەکیان بۆ کردم کە ڕێژەی سەرکەوتنی نەشتەرگەرییەکە لە سەدا پێنجە، بەبێ بەنج نەشتەرگەرییەکەیان بۆ کردم بۆ ئەوەی تووشی جەڵتەی دەماخ نەبم. ئەمجارەشیان خوا نەیکوشتم، ئەوەتا ماوم تا چاکەیە زیاتر بکەم. بەڕاستی لەش ساغی تاجێکە بەسەری لەش ساغانەوە و هەستی پێناکەن، ئەزانن چەند ناخۆشە خواردن و خواردنەوەیەك لەبەردەمتا بێت و نەتوانی دەستی بۆ بەریت و بیخۆیت و هەمیشە چاوەڕێی کەسێك بیت بیکا بە دەمتەوە، ئەزانن چەند قورسە نەتوانی مێشێك مێشوولەیەك لەخۆت دوور بخەیتەوە. دایکم زۆر زەحمەتی بووە بەهۆی منەوە، جاری وا هەیە بەچەند ڕۆژ ئەوەی دەیخۆم لە سکما دەمێنێتەوە و نایەتە دەرەوە، لەبەرئەوەی من جووڵەم نییە، دایکی داماوم زۆر ماندووە بەدەست پاکردنەوە و جوڵاندنمەوە.

زۆر کەس ڕەنگە قەدری دایك و باوکی نەزانێت، کە نیعمەتێکی زۆر گەورەن، ڕۆژێك بیست لاوی بێ باوك و دایك هاتن بۆ لام دوایی کە ڕۆیشتن یەکێکیان گەڕایەوە لام و وتی: خۆزگەم بەخۆت، وتم: لەخوا بترسە چۆن ئاوات بە من ئەخوازیت، من چواردە ساڵە ئەمە حاڵمە و جوڵەم نییە و بوومەتە ئەرك و عەزاب بۆ دەوروبەرەکەم، وتی: ئەمجارەش خۆزگەم بە خۆت، وتم: نازانم بۆ وا دەڵێی؟ وتی: لەبەرئەوەی تۆ دایك و باوکت هەیە! ئێمە مەحرومین لە نازی دایك و باوك، دوای نیعمەتی دین نیعمەتی دایك و باوك دێت، عبداللە تۆ سوپاسی خوا بکە بەس نییە دایك و باوکت هەیە.

من سێ ئاواتم هەیە، خۆزگە بمتوانیایە سوجدەیەك بۆ خوا ببەم، خۆزگە بمتوانیایە لاپەڕەی قورئان هەڵبدەمەوە، کە زۆر کەس قەدری ئەوە نازانێت، من پێنج جزم زیاترم لەبەرە، کاتێ لەسەر قورئانی بەردەمم دەخوێنم ئەبێ ڕاوەستم تا یەکێك دێت لاپەڕەی قورئانەکەم بۆ هەڵباتەوە. سێیەم ئاواتیشم ئەوەیە خۆزگە بمتوانیایە باوەشێ بکەم بە دایکما!

ئامانجیشم ئەوەیە بتوانم ببمە مایەی هیدایەتی کەسانێك کە لەڕێ لایان داوە، هەرچەند هیدایەت لە خواوەیە بەڵام چەند خۆشە ئێمەش هۆکار بین بۆ هۆشیاربوونەوە و گەڕانەوە و تەوبەکردنی کەسانێك کە لە خوا دوورن. داوا لە دایك و باوکەکان دەکەم کە هەرگیز دوعای شەڕ لە مناڵەکانیان نەکەن، ئەوە حەزرەتی یەعقوب سەلامی خوای لێ بێت، کە کوڕەکانی

گەڕانەوە و وتیان یوسف گورگ خواردوویەتی سوور دەیزانی درۆ دەکەن، بۆیە وتی: بەڕاستی گورگێکی بەڕەحم بووە کوڕەکەمی خواردووە و جلەکانی نەدڕیوە، ﴿...فَصَبۡرٞ جَمِيلٞۖ وَٱللَّهُ ٱلۡمُسۡتَعَانُ عَلَىٰ مَا تَصِفُونَ ١٨﴾ یوسف، یەعقوب سەلامی خوای لێبێت هیچ دوعایەکی شەڕی لێ نەکردن. سوپاس بۆ خوا لەوەوە کە من سەرگەردان بووم و هانی دەوروبەریشم ئەدا بۆ سەرگەردانی، بووم بە بانگخواز بۆ ڕێی هەق و ڕاستی.

ئێستا بە فەزڵی خوای گەورە و دوعای خێری دایکم هاوەڵ و دۆستی باشم هەیە و منیش هەرچی سەردانم بکات ئامۆژگاری خێری دەکەم، بەڵکو پەند و عیبرەت لە ژیانی من و لە قسەکانم وەرگرن. خوای گەورە میهرەبانە هەموو دەرگاکان داناخات، ئەگەر ناز و نیعمەتێکی بۆ تاقی کردنەوەیەك لێ سەندی چەند دەرگای ترت بۆ دەکاتەوە، هەر کەس بستێك بچێت بەلای خوادا خوای گەورە باڵێك دەچێت بەلای ئەودا، کێ بە پێ بچێ بەرەو لای خوا، خوای گەورە بە فەزڵ و گەورەیی خۆی بە ڕاکردن بەرەو پیری دێت، هەرچەند من ناتوانم دەموچاوی خۆم بخورێنم بەڵام من ئاسوودەم، ئاسوودەییەك کە زیاترە لە ئاسوودەیی هەر شەش ملیارەکەی خەڵکی سەر زەوی. من بانگەواز دەکەم چونکە پەروەردگار باسی ئوممەتی ئیسلام دەکات و دەفەرموێت ﴿كُنتُمۡ خَيۡرَ أُمَّةٍ أُخۡرِجَتۡ لِلنَّاسِ تَأۡمُرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَتَنۡهَوۡنَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ وَتُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِۗ ...١١٠﴾ ال عمران براکانم هەموو تاکێکی ئوممەتی موحەممەد (ﷺ) بەرپرسیارێتی بانگەواز لەسەرشانییەتی.

باڵندەیەکی لاوازی وەك پەپوسلێمانە (هودهود) لە زەمانی سولەیماندا سەلامی خوای لێ بێت خەمی بانگەوازی بوو، خوا بەهۆیەوە گەلێکی لە خۆرپەرستییەوە ڕزگارکرد بەرەو خواپەرستی ﴿وَجَدتُّهَا وَقَوۡمَهَا يَسۡجُدُونَ لِلشَّمۡسِ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَزَيَّنَ لَهُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ أَعۡمَٰلَهُمۡ فَصَدَّهُمۡ عَنِ ٱلسَّبِيلِ فَهُمۡ لَا يَهۡتَدُونَ ٢٤﴾ النمل. کاتێك گەنجێك هاوسەرگیری دەکات، پێویست ناکات کەس پێی بڵێ بڕۆ کار بکە، ئەوە شتێکی بەڵگەنەویستە کە ژنی هێناوە بەرپرسیارێتی بۆ دروست بووە و ئەبێ هەوڵ بدات خۆی و هاوسەرەکەی و منداڵەکانیشی بژیەنێت. کەسێکیش بە هەمان شێوە کە موسوڵمان دەبێ و دەڵێت (لا إله إلا الله محمد رسول الله) بەوە بەرپرسیارێتی دەکەوێتە

سەرشانی، ئەگەر پێی بڵێی ئەبێ خەمی بەرنامەی خوا و بانگەوازت هەبێت، لای سەیرە ڕەنگە بڵێ چۆن؟ لە فەرموودەدا هاتووە کە لە قیامەتدا خەڵکی یەخەتان دەگرن (**يتعلق أناس في رقابكم يوم القيامة**) ، یەکێ یەخەت دەگرێ و دەڵێ تۆ هەق و ڕاستیت دەزانی بۆ نەهاتی پێم بڵێی؟ ؟ یەکێکی تر یەخەت دەگرێ دەڵێ من ستەمم لێدەکرا بۆ هاوکاریت نەکردم ڕووبەڕووی ستەمکار ببمەوە؟ جا مادەم ئێمە دەڵێین (**لا إله إلا الله محمد رسول الله**) و حەزرەت (ﷺ) فەرمانمان پێ دەدا (**بلغوا**) ئەمە تەکلیفە کە ئەبێ پێی هەستین، (**عني**) لە منەوە شەرەفێکە کە تۆ لە جیاتی حەزرەت (ﷺ) تەبلیغات بکەی، پەیامی خوا بگەیەنی ئەگەر ئایەتێکیش بێت ( **ولو آية**) ، ئەمەش ئەوپەڕی ئاسانکارییە و بیانووی کەسی نەهێشتووە، چونکە کەم کەس هەیە ئایەتێك نەزانێت، خوا لە ئێمە و لە ئێوەش خۆش بێت.



لە سایەی خواوە زۆر لەو لاوانەی دێنە لام بە فەزڵی خوا زیاتر پابەند دەبن بە فەرمانەکانی شەرعەوە، هەندێکیان بەهۆی گۆرانی و شتی ترەوە دڵیان تەنگە و دوورن لە خوا، کاتێك یادیان دەخەمەوە کە گۆرانی دووڕوویی لە دڵدا ئەچێنێ و دڵ پەك دەخات، وازی لێ دێنن و دڵیان ئاسوودە دەبێت ﴿ وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنكًا وَنَحْشُرُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَعْمَىٰ ﴿١٢٤﴾ ﴾ **طه** . ئەبێ داوای هیدایەت لە خوا بکەین، ئەوەی داوای نەکات خوا نایداتێ، هیدایەت بەنرخترین شتی ئەم دنیایەیە (ياعبادي كلكم ضالإلا من هديته فاستهدوني أهدكم) هەروەك لە فەرموودەی قودسیدا هاتووە، قورئانیش دەفەرموێت ﴿ وَالَّذِينَ جَاهَدُوا فِينَا لَنَهْدِيَنَّهُمْ ....﴿٦٩﴾ ﴾ العنكبوت ، من داوا لە گەنجان دەکەم کە هاوەڵی باش بۆ خۆیان هەڵبژێرن، سەگێك هاوەڵی

کۆمەڵێ لاوی خواناسی کرد، باسەکەی لە قورئاندا تۆمارکرا ﴿...وَكَلْبُهُم بَٰسِطٌ ذِرَاعَيْهِ بِٱلْوَصِيدِ...﴿١٨﴾﴾ الكهف . بەهۆی هەندێ برادەرەوە کە لە مزگەوتی پێغەمبەر (ﷺ) وتارم دا، پیاوێك هات بۆ لام وتی: من بەڕێوەبەری بنکەی کەڕولاڵەکانم لە مەدینە، حەز دەکەم وتارێکیان بۆ بدەیت و منیش بە هێماکردن بۆیان وەردەگێڕم، وتم: باشە بەڵام من بەیانی هەینییە و سەفەر دەکەم و دەمەوێ لە حەرەمی مەدینەش نوێژ بکەم، وتی: زۆرباشە وتارەکەی ئێمەش لە قاتی دووەمی مزگەوتی مەدینە دەبێت. سوپاس بۆ خوا وتارم دا بۆ کەڕولاڵەکان و ناوبراویش بۆی وەرگێڕان و تێی گەیاندن.

کوڕێکی پورم هەبوو ناوی هانی **باحطاب** بوو، ئیفلیجی منالّی هەبوو تەمەنی دوو ساڵان بوو، منیش دوو ساڵ لەو گەورەتر بووم، من هەر لە منالّییەوە خزمەتم دەکرد و ئەمکردە کۆڵ و یاریم لەگەڵ دەکرد، کەچی سبحان الله من لە نۆزدە ساڵیدا تووشی ئیفلیجی تەواو بووم، ئێستا هانی دێت دەموچاوم بۆ دەخورێنێ و، خواردن دەکات بە دەممەوە. . ئەوە دنیاکەیە ئەگەر بۆ پێش تۆ بەردەوام بێ ناگاتە تۆ (لو دامت لغيرك ماوصلت إليك) . هەرگیز بەخەیاڵما نەهاتووە کە ڕۆژێ من وام بەسەر بێ و ببم بە بار بەسەر دەوروبەرمەوە.

دوو بەسەرهات زۆر ئازارم ئەدەن، یەکەم: هاشم  غەمراوی لاوێکی دوور لە خوا بوو، لەگەڵ کۆمەڵێ هاوەڵیدا دەبێت لە ڕۆژی هەشتی **ذی الحجة**، دایکی تەلەفۆنی بۆ دەکات، کە خەریکی حەجن و داوای لێدەکات ئەویش بچێت حەج بکات، هاوەڵەکانی بەجێ دێڵێت و سەعات سێی شەو دەگەڕێتەوە جدە، لە ڕادیۆدا گوێی لە وتارێك دەبێت لەسەر ڕۆژی عەرەفە، زۆر کاری تێدەکات و زۆر دەگری، پاشان بەخێرایی خۆی ئامادە دەکات و ئیحرام دەبەستێ و دەچێتە عەرەفە و حەجەکەی دەکات، پاشان بەهۆی کۆمەڵێ لاوی خواناسەوە زیاتر لەسەر دینداری دائەمەزرێت. شەش جار سەردانی کردووم و هاوەڵەکانی هێناوە بۆ لام و چەند جار بردوویانم بۆ سەردانی مەدینەی پیرۆز و خزمەتیان کردووم. ڕۆژی دووشەممە ویستم بچم بۆ مەدینە و یەکتری ببینین، لەڕێگا ئامۆزاکەم تەلەفۆنی بۆ کردم و وتی: هاشم مرد، ڕۆژی یەك شەممە لە سەیارەکەیدا جەڵتە لێی داوە. بەڕاستی زۆر دڵگران بووم، کە هاوەڵێکی خۆشەویستم بوو، هیوادارم کە خوا لە فیردەوسی ئەعلادا کۆمان بکاتەوە. ڕووداوێکی تریش زۆر بەلامەوە ناخۆش

بوو، گەنجێك بەناوی هادی، لە خەستەخانە ناسیم کە نەشتەرگەرییان بۆ کرد و کیسێکی چەوری لەسەر فەقەراتی بوو لایان برد تووشی نیوە ئیفلیجی بوو، بەهۆی ڕاهێنـان و مەشـقەوە تۆزێـك باشتر بوو، بەڵام بەداخەوە کە لە خەستەخانە چووە دەرەوە بەهۆی هاوەڵی خراپەوە تووشی لادان بوو، بەهۆی ماددەی هۆشبەرەوە گیانی لەدەست دا، کە حـەزم نـەدەکرد بەڕاسـتی سـەرەنجامی ئاوابێت. کاتێك لە کەناڵی (**بداية**) ەوە چاوپێکەوتن کرا لە گەڵما، ئافرەتێك کە بەحاڵمی زانـی خوای گەورە دڵی نەرم کرد، تەلەفۆنی بۆ کردین و لەبەر خوا شـووی پێکـردم و تـەنها ئەیـەوێ خزمەتم بکاو بەمەش دایکی ماندووم ڕەنگە تۆزێ ئەرکی سووك بێت.

## خەوەکـەی مامـۆسـتا ڕەبـیعی:

مامۆستا مەلا محمدی ڕەبیعی لە ساڵی **١٩٣٣** لە کوردستانی ئێـران لـەدایك بـووە و هەر لە منداڵییەوە قورئانی لای دایکی خوێندووە و پاشان زۆر شار و دێهاتی کوردستان گـەڕاوە تا ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە، ناوبراو یەکێکە لە کەسایەتییە دیارەکانی کوردستانی ئێران و هاوەڵی مامۆستا موفتی زادە بووە. لە ڕادێووە بەردەوام بەرنامەی هەبووە و چـەندەها پـەڕاوی نووسیوە و خزمەتێکی باشی بە ئیسلام و موسڵمانان کردووە، دەنگی خۆش بووە بۆیە لە سـاڵی (١٩٦٦) دا دەینێرن بۆ پێشبڕکێی قورئان خوێندن لە پاکستان، لەوێ چـاوی بـە مامۆسـتا حصـری و **عبدالباسط** دەکەوێت، **عبدالباسط** جلە کوردییەکانی مامۆسـتای لا جـوان دەبـێ و باسـی خـۆی بـۆ دەکات و دەڵێت: باپیرەی کورد بووە و خەڵکی شەقڵاوە بووە و بە قەدەری خوا پەڕیونەتە میسر.

مەلا محمد دەڵێ: لە پێشبڕکێکەدا حصری پلەی یەکەم و منیش دووەمـم بەدەسـتهێنا. لـەدوای ئەوەوە یەك جار نامەیەکی مامۆستا باستم بۆ هات، کە لەسەرەتای نامەکەیدا نووسیبووی: لـە **عبدالباسطی** کوردییەوە بۆ بەهاری دڵان برام قورئان خوێنی ئێران. **عبدالباسط** ئەوەندەی خۆش دەویستم هەر بە (ربيع القلوب) بەهاری دڵان بانگی دەکردم، ئـەم نامەیـەی کۆمـەڵێ وێنەشـی تیابوو کە بەیەکەوە گرتبوومان لە پاکستان. لە کۆڕێکدا لـە پاکسـتان مامۆسـتا **عبدالباسـط** سورەتی (**المؤمنـون**) ی بەجۆرێك خوێند کە خۆی و هەندێك لە گوێگرەکان دەسـتمان کـرد بـە گریان، نزیکەی (٥٠) ڕۆژ بەیەکەوە بووین لە پاکستان.

مامۆستا ڕەبیعی دەڵێت: لە کۆتایی (١٩٦٩) دا لەدوای تەواوکردنی بەرگی پێنجەم لە کتێبی (باقیات صالحات) بەرگی یەکەم و دووەم و سێیەم ئامادەی چاپ بوون، لەبەر گرفتی دارایی توانای چاپکردنی هەر پێنج بەرگەکەمان نەبوو، تەنانەت بۆ چاپکردنی ئەو سێ بەرگەش لە نەبوونی کاغەز لە تەنگانەدا بووم. بێتاقەت بووبووم و دەترسام کتێبەکە چاپ نەکرێ و ڕەنجم بەزایە بچێ، بەردەوام دوعام دەکرد (**اللهم وفقني على إتمام المطالب بشرافة رسول المشارق والمغارب**) . خوای گەورەش لە ئاسمانی عەتراویدا بە هەڵهاتنی ڕۆشنایی خۆشەویستەکەی گیانی هیوای لە مندا گەشاندەوە و بە دیداری سەروەرەکەم محمد (ﷺ) شاد بووم و منی لەترس بێخەم کرد و بە بۆنی کراسەکەی چاوەکانم گەشایەوە و بە دەنگی خۆشی ﴿ **قُلْ بِفَضْلِ ٱللَّهِ وَبِرَحْمَتِهِۦ فَبِذَٰلِكَ فَلْيَفْرَحُوا۟** ﴿٥٨﴾ ﴾ یونس، نائومێدی لەلاپەڕەی بیرمدا ڕەواندەوە، لە شەوێکی پیرۆزدا ئەم سەروەرە سەرکردەیە هاتە خەوم. شەوی یەك شەممە (١٧) ی شەوالی (١٤١٠) ی کۆچی، (١٩٩٠) ی زایینی، حەزرەت (ﷺ) هاتە خەوم لە نزیکی گۆڕستانی میناباد کە گۆڕستانێکی تایبەتە بە ئەهلی سوننە و جەماعەوە لە کرماشان، خەڵکی تەماشایان دەکرد و کاتی نوێژی شێوان بوو، خۆر ون بووبوو، خۆری هیدایەت هەڵهاتوو ئاسمانی جیهانی ڕۆشنکردەوە و نەسیمی ئەو سەروەرە جیهانی خۆش کرد، باڵایەکی نوورانی و جوانی هەبوو دەستی بەرزکردبۆوە و دوعای دوای بانگی دەخوێند (**اللهم رب هذه الدعوة التامة. . .**) منیش لەلای چەپی حەزرەتەوە (ﷺ) کەمێك وەستام ئەم سێ دوعایەم خوێند (خوایە بۆ خاتری ئەم پێغەمبەرە من عەفوو بکەی، خوایە بۆ خاتری ئەم سەروەرە دایك و باوکم عەفوو بکەی) ، لە دوعای سێیەمیشدا بە دڵێکی پڕ شەوق و خۆشی و بە چاوی گریانەوە وتم: (خوایە بۆ خاتری ئەم پێغەمبەرە سەرکەوتووم بکە[١٠٣]) ، لەو کاتەدا حەزرەت (ﷺ) لای کردەوە بەلای مندا و تەواو روخساری دەرکەوت. خەندەیەکی کرد و ددانە پیرۆزەکانی دەرکەوتن و پووکی موبارەکی پڕبوو لە ئاوی حەیات، فەرمووی: سێ دانەی ماوە !وتم: قوربان ئاخر هەشت بەرگە، فەرمووی: پێنج بەرگت نووسیوە و سیانی ماوە، لەوکاتەدا سەراپای گیانم وەك مۆم توایەوە، کاتێکی خۆشی

---

[١٠٣] - مەبەستیشم تەواوکردنی کتێبی (باقیات صالحات) بوو

بەخش بوو ئەو کاتەی کە هەرگیز لە ژیانما هەستم پێ نـەکردووە، پاشـان کەوتـە ڕێ و ڕۆیـی.
[١٠٤]شـایانی باسـە لەسـاڵی (١٩٩٦) دا لـە ڕووداوێکـی تەمومژاوییـدا تەرمەکـەی مامۆسـتا دۆزرایەوە کە گومان دەبرێ هەروەك زانا سوننیەکانی تری ئێران شەهید کرابێ، خوا گیانی پاکی شاد بکا بە بەهەشت.

## پەیوەنـدی موسـوڵمان و غەیرە موسوڵمان:

لە سەدەی سـیانزەی زایینیـدا کاتـێ مەغۆڵـەکان دەسـتیان گـرت بەسـەر شـامدا و ژمارەیەکی زۆر موسڵمان و مەسیحی و جوولەکـەیان بـەدیل گـرت، ئـیبن تەیمیـە چـوو بـۆلای (قوتلوشا) کە سەرکردەی مەغۆلەکان بـوو بـۆ دانووسـتان، مـەغۆلکان نەیاندەویسـت گـاور و جوولەکەکان بەربدەن، ئیبن تەیمیەش پێـی وتـن: ئەگـەر هـەموو دیلـەکان بەرنـەدەن جەنگەکـە کۆتایی نایەت، چونکە گاور و جولەکەکانیش لە زیمەتی ئێمـەدان و ئـەبێ ئێمـە بیانپـارێزین، قایل نابین تەنها یەك کەسیان بە دیلی بمێنێتەوە. سەرکردەی ڕۆمەکان ناچار بوو لەبەرامبەر ئەم هەڵوێستە مەردانەیەدا هەموو دیلەکان بەربدات. [١٠٥]

## گەشـــتی عومـرە:

لە ساڵی (١٩٩٨) دا لە ڕێی ئێرانەوە خۆم و هاوسـەرەکەم حـەجمان کـرد، لـە سـاڵی (٢٠١٢) دا لە سەرەتای مانگی (٥) دا بـۆ دە ڕۆژ چـووین بـۆ عـومرە لـە ڕێـی کۆمپانیـای پاڕەزانەوە. لە سایەی خواوە کۆمپانیاکە سـەرکەوتوو بـوو لـە خزمـەتکردنی عومرەکارانـدا و عومرەیەکی زۆر خۆشمان ئەنجام دا. لە مەدینەی پیرۆز سێ ڕۆژێك ماینـەوە کـە بـەیانیان دوای نوێژ نزیك دەرگای (باب السلام) زۆربـەمان کۆدەبووینـەوە لـە حەوشـەکەدا و دواتـر دووبـەرێز وتاریان بۆ دەدابن لەبارەی گەورەیی حەزرەت (ﷺ) و خۆشەویستی ئەو زاتە و پیرۆزی مەدینـە

---

[١٠٤]- ل٢٩، مامۆستا محمد ڕەبیعی، وەرگێڕانی عبدالستار ئاسەفی.

[١٠٥]- غیر المسلمین في مجتمع الإسلام، القرضاوي، ص١٠.

و. . هتد. چەند جارێك لە مەدینە و لە مەککە و لەناو پاصەکەشدا بەندە قسەی بۆ ئامادەبووان دەکرد، بەڵکو پشت بەخوا توێشوویەك بێت بۆ قیامەتمان. لە عومرە و لە حەجیشدا ئەو هەمو گەل و نەتەوەیەی سەرتاسەری دنیا دەبینی کە هەریەکە و زمانێك و ڕەنگ و ڕوویەکی تایبەتی هەیە و بەکوڵ و دڵ لەخوا دەپاڕێنەوە کارەکانیان بۆ مەیسەر بکات.

لێرەوە پاش چواردە سەدە لە پەیمانەکانی خوا و پێغەمبەر (ﷺ) تێدەگەین کە لەبەرەبەیانی ئیسلامەوە داویانە کە ئەم ئایینە جیهانییە و بەسەرتاسەری دنیادا بڵاو دەبێتەوە، کە دائەنیشی ڕووەو کەعبە بیردەکەیتەوە لەو ڕۆژەی کە حەزرەت (ﷺ) لەژێر سێبەری کەعبەدا دانیشتبوو، خەباب هات بۆلای کە کافرەکان بە ئاگر هەموو پشتیان سووتاندبوو، وە داوای لە حەرزەت کرد (ﷺ) : کە دوعای سەرکەوتن بکات تا ڕزگار بن لەو بارودۆخە ناهەموارە، حەزرەتیش سوور بووەوە و دانیشت و فەرمووی: گەلانی بەر لەئێوە زۆر لە ئێوە زیاتر سزادراون، کەسێکیان بە مشار دەکرا بە دووکەرتەوە، یان بە شانەی ئاسنین گۆشت و ئێسقانیان لە یەك جیادەکرایەوە و کە چی هەر سوریش بوون لەسەر دینداریيەکەیان و پەشیمان نەدەبوونەوە، خوا دین و بەرنامەی خۆی سەردەخات بەڵام ئێوە پەلەدەکەن.

بەڕاستی بڕوادار پێویستی بە شەحن بوونەوەی ئیمانییە، حەج و عومرەش باشترین هۆکارن بۆ ئەو مەبەستە، بە تایبەت کە ئێستا لە سایەی خواوە عومرە کردن ئاسان بووە. مرۆڤ لاوازە و کەم تا زۆر بەردەوام گوناه دەکات، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەو هەموو فلتەرەی دانراوە بۆ پاك بوونەوە سوودی لێ ببینرێ، ئیستیغفار کردن و تەوبەکردن بەشێوەیەکی جدی و ڕاست و دروست تا وەك ئەوەی لێ نەیەت کە حەسەنی بەسری دەڵێت (ئیستیغفارەکەمان ئیستیغفاری دەوێ!) دەستنوێژ و نوێژکردن وحەج و عومرە هەموویان فلتەری پاکەرەوەن، گرنگ ئەوەیە مرۆڤ بە یەکجاری تەسلیمی شەیتان نەبێ و پاش هەر کەوتنێك زوو بە ڕۆحیەتێکی تازەوە هەستێتەوە.

مرۆڤی بڕوادار نابێ سەیری بچووکی گوناه بکات بەڵکو دەبێت سەیری گەورەیی ئەو خوایە بکات کە ئەم لێی یاخی بووە و سەرپێچی فەرمانەکانی کردووە، دیارە ئەم سەیرکردنەش وا لە مرۆڤ دەکات هەست بە شەرمەزاری بکات لە حزوری خوادا هەرچەند خوا لە گوناهەکانیشی خۆش بوبێت. لە ئێوارەی ڕۆژی عەرەفەدا پیاوێك گوێی لە (**فضیل کوڕی عیاض**) بوو دەیوت: (**وا سوأتاه والله منك وإن عَفَوت**) ئای بۆ شەرمەزاریمان بەخوا بەرامبەر بەتۆ، هەرچەند لێشمان خۆش بوبیت.

# خـوا هـاوەڵی نیـیە:

قورئانی پیرۆز زۆر جەخت دەکاتە سەر ئەوەی کە ئادەمی لەوە تێبگات ئەم بوونەوەرە خوای باڵادەست هێناویەتیە بوون و ڕزق و ڕۆزی و چی خێرو خۆشی هەیە لە خواوەیە و کەس هاوەڵی نیە ﴿بِيَدِكَ ٱلْخَيْرُ إِنَّكَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ﴾ . جار هەیە دەیەوێت ئەم ڕاستییە لەسەر زمانی بڕوادار بێت و لە پاڕانەوەیدا لەبەر بارەگای خوادا پێی بپاڕێتەوە ﴿قُلِ ٱللَّهُمَّ مَٰلِكَ ٱلْمُلْكِ تُؤْتِى ٱلْمُلْكَ مَن تَشَآءُ وَتَنزِعُ ٱلْمُلْكَ مِمَّن تَشَآءُ وَتُعِزُّ مَن تَشَآءُ وَتُذِلُّ مَن تَشَآءُ ۖ بِيَدِكَ ٱلْخَيْرُ ۖ إِنَّكَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿٢٦﴾﴾ آل عمران. جاری واش هەیە وەك لە سوورەتی نەمل ئایەتی (٥٩-٧٠) دا هاتووە بەشێوازێکی تایبەتی پاش ئەوەی باسی لایەنێکی دەسەڵاتی خوا دەکات پرسیار دەکات کە ئایا خوا چاترە یان ئەوانەی کە دەیکەن بە هاوەڵی خوا. هەروەك دەفەرموێت ﴿قُلِ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ وَسَلَٰمٌ عَلَىٰ عِبَادِهِ ٱلَّذِينَ ٱصْطَفَىٰٓ ۗ ءَآللَّهُ خَيْرٌ أَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٥٩﴾﴾ النمل، بێژە: شوکرانە بۆ خودا و درووود لەسەر عەبدە هەڵبژاردەکانی، ئاخۆ خودا چاترە یا ئەوی دەیکەنە شەریکی؟

﴿أَمَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَأَنزَلَ لَكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَنۢبَتْنَا بِهِۦ حَدَآئِقَ ذَاتَ بَهْجَةٍ مَّا كَانَ لَكُمْ أَن تُنۢبِتُوا۟ شَجَرَهَآ ۗ أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ ۚ بَلْ هُمْ قَوْمٌ يَعْدِلُونَ ﴿٦٠﴾﴾ النمل، یا ئەو کەسەی چاترە کە ئاسمانەکان و زەمینی بەدیهێنا و لە ئاسمانەوە ئاوی بۆ ئێوە ناردووە؟ گەڵا و باخچەی بە دیمەنمان بە ئاوەکەی شین کردووە، کە خۆتان نەتاندەتوانی دارەکانی بەرهەم بێنن، ئاخۆ هیچ پەرستراوێك لەگەڵ خوا هەیە؟ نەخێر، دیارە گەلێکی لە هەق لادەرن. ﴿أَمَّن جَعَلَ ٱلْأَرْضَ قَرَارًا وَجَعَلَ خِلَٰلَهَآ أَنْهَٰرًا وَجَعَلَ لَهَا رَوَٰسِىَ وَجَعَلَ بَيْنَ ٱلْبَحْرَيْنِ حَاجِزًا ۗ أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ ۚ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٦١﴾﴾ النمل.

یا ئەو کەسەی چاترە کە زەوی کردە جێی حەسانەوە و ئەو گشت جۆبار و ڕووبارەی تێدا کێشا و کەژو کۆی لێ بەرهەم هێنا و لەنێوان دوو دەریادا بەرزەکی دانا؟ ئاخۆ هیچ پەرستراوێکی تر لەگەڵ خوا هەیە؟ نەخێر، دیارە زۆربەی ئەوانە نازانن. ﴿أَمَّن يُجِيبُ ٱلْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ ٱلسُّوٓءَ وَيَجْعَلُكُمْ خُلَفَآءَ ٱلْأَرْضِ ۗ أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ ۚ قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ ﴿٦٢﴾﴾ النمل . یا ئەو

کەسەی چاترە کە هەر وەختێ ئومێدبڕاوێك لەبەری بپاڕێتەوە، بەهانایەوە دێ و لە چورتم ڕزگاری دەکا و دەتانکاتە جێ نشین لەم سەر زەمینە؟ ئاخۆ هیچ پەرستراوێکی تر هەیە لەگەڵ خوا؟ ئەمانە کەم پەند وەردەگرن. ﴿ أَمَّن يَهْدِيكُمْ فِي ظُلُمَاتِ الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَمَن يُرْسِلُ الرِّيَاحَ بُشْرًا بَيْنَ يَدَيْ رَحْمَتِهِ ۗ أَإِلَٰهٌ مَّعَ اللَّهِ ۚ تَعَالَى اللَّهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٦٣﴾ ﴾ النمل. یا ئەو کەسەی چاترە کە لە تاریکی بەژودەریا (بەروبەحر) ، لە ڕێ شارەزاتان دەکا و هەر ئەویشە ئەو بایانە بەڕێ دەکا کە مزگێنی و خێروبێری ئەویان پێیە؟ ئاخۆ هیچ پەرستراوێکی تر لەگەڵ خوا هەیە؟ خوا زۆر لەوەی بەرزترە کە دەیکەنە شەریکی ئەو.[١٠٦]

## پاڕانەوە لەخودا:

دکتۆر عبدالمحسن الأحمد (کە پزیشکێکی بانگخوازی سعودیە) دەڵێت: لە خەستەخانە ژن و پیاوێکم بینی کە منداڵەکەیان تووشی ئیلتیهابات بووبوو بەهۆیەوە گورچیلەکانی باش کاریان نەدەکرد و لەشی ئاوسابوو چیمان ئاو ئەدایە و چیمان ئاو تێدەکرد میزی نەدەکرد، دەبوایە بە پەلە غەسلی گورچیلەی بۆ بکرێت، سالەی عەمەلیات ئامادەبوو، لەوەدابوو منداڵەکە بەرن تا لەژێر نەشتەرگەریدا بۆری لە ڕانیەوە بۆ دابنێن، چونکە دکتۆرەکان چەند هەوڵیان دابوو لەبەر ئاوساوی لەشی دەمارەکەیان نەئەدۆزیەوە. منیش کە دایك و باوکیم بینی چاویان سوور بووبوو لە گریاندا وتم: نوێژی ئیستیخارەتان کردووە، وتیان: نەخێر وا ئێستا دەیبەن بۆ عەمەلیات، وتم: خێرا بڕۆن ئیستیخارە بکەن و بەکوڵ و دڵ دوعا بکەن، پیاوەکە چووە شوێنی نوێژی پیاوان و ژنەکەش چوو بۆ شوێنی نوێژی ژنان، دیارە زۆر پاڕابوونەوە، کات سەعات دوو و نیوی عەسر بوو، لە سالەی عەمەلیاتەوە تەلەفۆنیان کرد کێشی منداڵەکە چەندە، کە پێیان ڕاگەیاندن وتیان: سۆندەمان بۆ ئەو تەمەنە نییە دەبێت لە خەستەخانەی عەسکەرییەوە بۆی بێنین بۆیە عەمەلیات و غەسلەکە دەکەوێتە سبەینێ، ئێوارە لە ماڵەوە سەعات هەشت و نیو

---

[١٠٦] - ل٣٨٢، تەفسیری هەژار.

تەلەفۆنیان بۆ کردم سوپاس بۆ خوا منالّەکە میزی کرد و بەمەش خوای گەورە ڕزگاری کرد لە عەمەلیات و غەسلەکە.

جا بۆیە تەنها خوایە کە دێ بەهانای بەندەکانیەوە، هەر خوایە کە پەنای بێ پەنایانە، جا ڕەنگە یەکێ بلّێت: بۆ لەکاتی بێ ئومێدبووندا لە هەموو هۆکارێکی دنیایی، خوای گەورە وەلاّم ئەداتەوە، دیارە خوای گەورە دەیەوێت کە بۆ بەندەکەی بسەلمێنێ کە ئەگەر هەموو دەرگاکانیش داخران دەرگای ڕەحمەتی خوا دەمێنێ، کە هیچ شتێك نییە خوا دەستەوسان بکات: ﴿ أَوَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَيَنظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَكَانُوا أَشَدَّ مِنْهُمْ قُوَّةً ۚ وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُعْجِزَهُ مِن شَيْءٍ فِي السَّمَاوَاتِ وَلَا فِي الْأَرْضِ ۚ إِنَّهُ كَانَ عَلِيمًا قَدِيرًا ﴿٤٤﴾ ﴾ **فاطر** . بەلّێ لەم جۆرە دەنگوباسانە زۆرن، برادەرێك بەناوی دکتۆر کاروان چەندساڵێك لەمەوبەر لە سەید سادق دکتۆر بوو، دەگێڕێتەوە کە منالّێکیان دەهێنا بۆلای نەخۆشی دلّی هەبوو، دایك و باوکەکەشی هەژار و نەداربوون، پێی وتن کە بیبەن بۆ سلێمانی عەمەلیاتی دەویست کە ئەویش چەند دەفتەری تێدەچوو. پاش ماوەیەك دەیانبینێتەوە لە سلێمانی، ئەحوالّی کوڕە بچووکەکەیان لێ دەپرسێت، باوکەکەی دەلّێت سوپاس بۆ خوا باش بووە، وتی: عەمەلیاتەکەتان بۆ کرد؟ ، وتی: نەخێر، شەوێکیان لە خەوما کوڕەکەمیان لێوەرگرتم و عەمەلیاتیان بۆ کرد و دایانەوە دەستم، کە خەبەرم بووەوە سەیرم کرد مندالّەکە لە خەوێکی قورسدایە، گوێم نەدایە، وتم: هیچ نییە، دیارە خەوێکم دیوە و هیچی تر. پاش دوو سێ ڕۆژ دایکی دەیبات دەیشوا سەیردەکات جێگای تەقەلّی عەمەلیات بەسەر سنگیەوەیەتی، زانیم کە خوا بە فەزلّ و کەرەمی خۆی بەسەری کردووینەتەوە و هەر ئەوە کە پەنای بێ پەنایانە. بێ کەسی شاعیر لە سەعاتێکی گەڕانەوە بۆ سەر فیترەت دەلّێت: مەلّێن بێ کەس بێ کەسە بێ کەس

بێ کەس تۆی هەیە ئەی تۆ کێت هەیە بێ کەس؟

لە پەڕاوی لە خزمەت قورئاندا دوو ڕووداوی ترم باس کردووە، کە بۆ خۆمیان گێڕاوەتەوە، یەکێکیان باوکی کاك (ڕەجا حەمە عەلی) لە هەلّەبجە کە بەهەمان شێوە لە شەستەکاندا عەمەلیاتیان بۆ کردبوو، یەکێکی تریشیان کاك **عبدالظاهر** باهیر کە ئەوکاتەی لە بەغدا عەسکەر بوو بە هەمان شێوە عەمەلیاتی گورچیلەیان بۆ کردبوو لە خەویا و جێگەی

تەقەڵەکانیشی دیاربوون، ناوبراو ئێستا لە کەرکوك دائەنیشێ. ئافرەتێکیش لەم ساڵانەی دواییدا لە چەمچەماڵ ئینزیلاقی فەقەراتی دەبێت و هاتوچۆی دکتۆرێك دەکات لە کەرکوك، پاش ماوەیەکی زۆر شەوێك لە خەویا دکتۆرەکەی عەمەلیاتی فەقەراتی بۆ دەکات و بەیانی هەست دەکات ئازاری نەماوە و چاك بووە، ڕۆژنامەی هاوڵاتی چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئافرەتەکە کرد و پاشان چوونە لای دکتۆرەکەش، ئەوەی سەیرە دکتۆرەکە وتی: بەڵێ لەو شەوەدا لە خەوما چووم عەمەلیاتم بۆ ئەو ژنە کرد.

ئەمانە بۆ ئەوە ناڵێین کە نەچین بەرەو دکتۆر و دەرمان و بەتەما بین کە لە خەودا چارەسەرمان بکەن، نەخێر بەڵکو دەبێت هەموو هۆکارێك بگرینەبەر و لە دڵیشەوە پشت بەخوا ببەستین و لێمان یەقین بێت کە تەنها خوا شیفادەرە ﴿وَإِذَا مَرِضْتُ فَهُوَ يَشْفِينِ ﴿٨٠﴾﴾ الشعراء ، کاتێ حەزرەت (ﷺ) دەچوو بۆلای نەخۆشێك ئەم دوعایەی بۆ دەکرد: (اذهِبِ البأسَ ربَّ الناسِ، اشفِ وأنتَ الشافي، لا شفاءَ إلا شفاؤك، شفاء لا يغادر سَقَمَا) [١٠٧]. داوابکەن، بپاڕێنەوە، خوا پەروەردگاری ئاسمانەکانە و پەروەردگاری زەویشە ﴿وَهُوَ الَّذِي فِي السَّمَاءِ إِلَٰهٌ وَفِي الْأَرْضِ إِلَٰهٌ ۚ وَهُوَ الْحَكِيمُ الْعَلِيمُ ﴿٨٤﴾﴾ الزخرف. کاتێ داوادەکەن داوا لە خوایەك دەکەن کە نزیکە (قريب) نەك هەر نزیك چونکە هی وا هەیە نزیکە لێت و گوێت پێنادات، نایە بە هاناتەوەو گرنگ نیت بەلایەوە، بەڵام خوای پەروەردگار وا نیە (قريب مجيب) ە، نزیکە و وەڵامدەرەوەی بەندەکانیەتی ﴿وَإِلَىٰ ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَالِحًا ۚ قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُ ۖ هُوَ أَنشَأَكُم مِّنَ الْأَرْضِ وَاسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا فَاسْتَغْفِرُوهُ ثُمَّ تُوبُوا إِلَيْهِ ۚ إِنَّ رَبِّي قَرِيبٌ مُّجِيبٌ ﴿٦١﴾﴾ هود . باشترین وەڵامدانەوە و بەهاناوە هاتن لای خوایە، ئەوەتا سەیرکەن چۆن دێت بەهانای حەزرەتی نوحەوە ﴿وَلَقَدْ نَادَانَا نُوحٌ فَلَنِعْمَ الْمُجِيبُونَ ﴿٧٥﴾﴾ الصافات . خوای گەورە شەرم دەکات لەوەی کە بەندەیەکی دەست بەرزبکاتەوە و بپاڕێتەوە و بە دەستی بەتاڵ بیگێڕێتەوە، جا یا کارەکەی بۆ دەکات، یان بەڵا و موسیبەتێکی لەسەر لا دەبات. حەرزەت (ﷺ) دەفەرموێت: (إن الله حيٌّ كريم يستحي من

---

[١٠٧] – مسلم.

عبده أن يرفع إليه يديه ثم لا يضع فيها خيرا) [١٠٨]. ئیمام ئەحمەد دەپاڕایەوە و دەیوت: پەروەردگارا هەوەك چۆن ڕووت پاراستووم لە سوجدە بردن بۆ غەیری تۆ، ئاواش ڕووم بپارێزە لە داواکردن لە غەیری تۆ.

## پاڕانەوە بۆ منداڵبوون:

حەزرەتی زەکەریا سەلامی خوای لێبێت تا تەمەنێکی پیری منداڵی نەدەبوو بۆیە دوعای کردو فەرمووی ﴿وَزَكَرِيَّآ إِذْ نَادَىٰ رَبَّهُۥ رَبِّ لَا تَذَرْنِى فَرْدًا وَأَنتَ خَيْرُ ٱلْوَٰرِثِينَ ﴿٨٩﴾﴾ الأنبياء ، خوای گەورەش وەڵامی دایەوەو ژنەکەی بۆ چارەسەرکردو، نەك هەرکوڕی دایە بەڵکو بۆشی ناونا یەحیاو بۆی کرد بەپێغەمبەرو پلەی شەهیدیشی دایە ﴿فَٱسْتَجَبْنَا لَهُۥ وَوَهَبْنَا لَهُۥ يَحْيَىٰ وَأَصْلَحْنَا لَهُۥ زَوْجَهُۥٓ ۚ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ يُسَٰرِعُونَ فِى ٱلْخَيْرَٰتِ وَيَدْعُونَنَا رَغَبًا وَرَهَبًا ۖ وَكَانُوا۟ لَنَا خَٰشِعِينَ ﴿٩٠﴾﴾ الأنبياء

شێخ سالح المغامسی کە ئیمام و وتاربێژی مزگەوتی قوبایە لە مەدینە دەڵێت: چوارساڵ منداڵمان نەدەبوو چل جار لەسوجدەدا ئەو دوعایەم کرد خوا منداڵی داینێ وبە زۆر کەسیشم وتووە و ئەم دوعایەیان کردووەو خوای گەورە بە فەزڵی خۆی منداڵی داونەتێ. مەبەست ئەوە نیە کە نەچینە لای پزیشك، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە لەگەڵ هۆکارە ماددیەکاندا ئەبێ تەنها پشت بەخوا ببەستین و بزانین کە تەنها ئەوە منداڵ دەبەخشێت. (بەرنامەی مشاهد کەناڵی الرساله)

## خوابکە بەوەکیلی خۆت

بڕوادار پێویستە هەمیشە ئەم ئایەتەی لەبەرچاو بێت و خوا بکاتە وەکیلی خۆی چونکە هەر ئەو بەڕاستی (الوکیل) ە. د. محمد راتب النابلسی دەڵێت: برادەرێکم بۆی گێڕامەوە گوایە ویستویەتی لە شارێکەوە بچێت بۆ شارێکی تر، هەرچەند لە کۆلێژی پزیشکی دەیخوێند بە ڕەنگ و ڕوو و باڵا منداڵکار بوو، سواری سەیارەیەك دەبێت کەچی دوو زەلامی زلەی کەتە

[١٠٨]– الحاکم عن أنس.

دێن بۆئەوەی جێی خۆیان بێتەوە دەستیان دایە باڵی و دایانگرت و خۆیان هاتنەجێی و ڕۆیشتن، سوکایەتێکی زۆر گەورە بوو بەلایەوە، ئازارێکی دەروونی گەورەی چەشت، برادەرەکەم وتی : هەرگیز حەزم نەکردووە تاوانکار بم ئەو چرکەساتە نەبێت بۆئەوەی هەقیان لیٚ بسێنم، بەهەرحاڵ بە سەیارەیەکی تر ڕۆیشتم لە ڕێگا بینیم سەیارەکەیان لە ڕێگا لای بەرزاییەك وەرگەڕابوو، کە ئەوەم بینی یەکسەر سوپاسی خوام کرد و تێگەیشتم بەڕاستی ﴿وَعَسَىٰٓ أَن تَكۡرَهُواْ شَيۡـٔٗا وَهُوَ خَيۡرٞ لَّكُمۡۖ وَعَسَىٰٓ أَن تُحِبُّواْ شَيۡـٔٗا وَهُوَ شَرّٞ لَّكُمۡۚ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ وَأَنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ ٢١٦﴾ البقرة .

خوا بکە بە وەکیلی خۆت و خۆت تەسلیمی ئەو بکە چونکە تەنها ئەو وەکیلی ڕاستەقینەیە ﴿ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمۡۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ خَٰلِقُ كُلِّ شَيۡءٖ فَٱعۡبُدُوهُۚ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ وَكِيلٞ ١٠٢ لَّا تُدۡرِكُهُ ٱلۡأَبۡصَٰرُ وَهُوَ يُدۡرِكُ ٱلۡأَبۡصَٰرَۖ وَهُوَ ٱللَّطِيفُ ٱلۡخَبِيرُ ١٠٣﴾ الأنعام ، هەر خودایە ئێوەی پەروەردە کردووە و جگە لەو هیچ شت بۆ پەرستن نابێت، هەموو شتیش ئەو دروستی کردووە، لەسەرتانە بەندایەتی ئەو بکەن و سەرپەرشتی هەموو شت هەر خۆیەتی و، ئەو نایەتە بەرچاوان و هەموو بینەرێك دەبینیٚ و کارناسك و ئاگادارە. هەروەها بە حەزرەت (ﷺ) و موسڵمانان دەفەرموێت ﴿وَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱللَّهِۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَكِيلٗا ٣﴾ الأحزاب ﴿رَّبُّ ٱلۡمَشۡرِقِ وَٱلۡمَغۡرِبِ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ فَٱتَّخِذۡهُ وَكِيلٗا ٩﴾ المزمل .

مەسلەمەی کوڕی عبدالملك هات بۆلای (عومەری کوڕی عبدالعزیز)کە لە کاتی سەرەمەرگدا بوو، پێی وت: تۆ دەمی مناڵەکانت گرتۆتەوە لەو هەموو ماڵ و سامانەی لەبەردەستایە، ناکریٚ بە هەژاری و نەداری جێیان بهێڵی، ئەگەر وەسیەتێك بکەی من یان کەسوکارت ئاگایان لێیان بێت و خەمیان بخۆین. عومەر پاڵکەوتبوو وتی: دامبنیشێنن، دایاننیشاند، ئنجا وتی: من کە دەمی مناڵەکانم گرتۆتەوە لەو ماڵ و سامانەی لەبەردەستمان، وە نەبیٚ هەقێکی خۆیان بووبیٚ و نەمدابێت پێیان، خۆدیارە حەقی کەسی تریشیان نادەمیٚ، بۆ مەسەلەی وەسیەت کردنیش، من داومنەتە دەست خوا کە ﴿إِنَّ وَلِـِّۧيَ ٱللَّهُ ٱلَّذِي نَزَّلَ ٱلۡكِتَٰبَۖ وَهُوَ يَتَوَلَّى ٱلصَّٰلِحِينَ ١٩٦﴾ الأعراف، جا مناڵەکانی عومەر حاڵیان لە دووبار زیاتر نییە، یان پارێزکارن و خواش هاوکارییان دەکات و ڕزقیان دەدات لە شوێنێکەوە کە هەرگیز حسابیان بۆ نەکردووە ﴿...وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّهُۥ مَخۡرَجٗا

﴿٢﴾ ﴾ الطلاق. یان دوور له خوا و خراپەکار دەبن، دەی چۆن پارەیان بۆ بەجێ بهێڵم خراپەی پێوەبکەن. هەروا دەرچوو کە عومەر وتی، دوای خۆی منداڵەکانی خوا دەرووی لێکردنەوە و هەرگیز موحتاجی کەس نەبوون.[١٠٩]

## هەرچیم دابێتە دەست خوا

ئێوارەیەکیان لە مزگەوتی گەڕەکی ئاشتی لە سلێمانی نوێژم کرد، پێش نوێژەکە چوومە خزمەتی پێشنوێژی مزگەوتەکە، کە مامۆستایەکی بەڕێزە و لە تەمەندایە و ناوی مامۆستا مەلا عبداللە ی پەرخییە. مامۆستا باسی بەسەرهاتێکی خۆی کرد و وتی: لە ساڵی هەشتاکاندا لە مزگەوتی شێخ سەلام لەلای بازاڕی سەعەتاکۆیی لە سلێمانی پێشنوێژیم دەکرد، حاجیەك سەرەوکاری ئیشی مزگەوتەکەی دەکرد هەتا بڵێی ناڵەبار بوو، ڕۆژێك مجەوری مزگەوتەکە هاتە لام و گریا لە دەست حاجی گوایە پێی وتووە گسك زۆر سەرف دەکەی، منیش زۆر خەفەتم بۆ خوارد و وتم: إن شاء الله هەقت بۆ دەسێنم. خوا کابرایەکی نارد درەختێ لە ناو حەوشەکەدا ڕووابوو، وتی: مامۆستا ئەو درەختەم بۆ نایەنێ لە ماڵەوە دەیڕوێنم، منیش وتم: باشە دینارێکم بەرێ و بیبە، دینارێکی دامێ و بەڕەگەوە هەڵی کەند و بردی، بە مجەورەکەم وت: ئەوە خوا ناردی ئەو دینارە بەشی گلۆپ و گسکی ساڵێکت دەکات و ئیتر داوا لە حاجی مەکە!ڕۆژێك من لەسەربان بووم، حاجی هات و خوێن لە جەرگم ئەچۆڕا لە تەسەڕوفات و مامەڵەی وشکی، وتی: ئەمە چیە خۆ ئەم مزگەوتە تاپۆی تۆ نییە!بەهەرحاڵ وەڵامم نەدایەوە و حەواڵەی خوام کرد، خوا کردی کە ویستی بە قادرمەکەدا دابەزێ کەوتە خوارەوە و قاچی شکا، هەر لەویا خوا هەقی سەندم و دڵم ئاوی خواردەوە، دوایی بردمان بۆ خەستەخانە و دکتۆرێکی خزمم برد بۆ لای و بۆ ماوەیەك قاچی لەگەچا بوو. تاقیم کردۆتەوە هەرچی ناهەقیەکی بەرامبەر کردبم دابێتمە دەست خوا، خوای گەورە بەفەزڵی خۆی هەقی سەندووم.

---

[١٠٩]- ل٢٧٥-٢٨٨، موسوعة أسماء الله الحسنى، د.النابلسي، بەرگی دووەم.

# خـوا تۆڵـەسـێنە:

لە ٢٠١٢/٥/٢ کە لە عـومرە بـووم و لـەلای (بـاب السـلام) عومرەکـارانی خۆمـان کۆبووبوونەوە دوای نوێژی بەیانی و منیش هەندێ قسەم بۆ کردن لەسەر خۆشەویستی حـەزرەت و گەورەیی ئەو زاتە موبارەکە (ﷺ) . دوای وتارەکە یەکێك لـە ئامـادەبوان هاتـەلام و وتـی: مامۆستا من خەڵکی دێی (ق. م) لەلای سەیدسادق، لە کاتی شـەڕی بزووتنـەوە و یەکێتیـدا، یـەکێتی سـەیتەرەیەکیان لای دێیەکـەی ئێمـە دانـابوو، ڕۆژێـك لـە مزگەوتەکەمانـدا کۆیـان کردینەوە، لەوکاتەدا گەنجێکی دوور لە خوا بە پێڵاوەکانیەوە هاتە سەر فەرشـەکان، یـەکێ لـە ئەهلی مزگەوت وتی: فلان هیچ نەبێ پێڵاوەکانـت دابکەنـە، ئـاخر ئەمـە مزگەوتـە، ئـەویش بەوپەڕی نالەباریی و لەخۆبایی بوونەوە وتی: پێڵاوەکانی من لە مزگەوتەکە پاکترە، پەنا بـەخوا هی وا هەیە تەواو شوڵی لێ هەڵئەکێشێ، ئەمە زیادەڕۆییە کە هەق نەبوو بیکات. .
سبحان الله دوای دوو سێ ڕۆژ لوغمێك لەوناوە دانرابوو لـەو هـەموو خەڵکـەدا بـەودا تەقیـەوە و قاچێکی پەڕاند و قاچەکەی تریشی کۆڵەوار کرد، چەند مانگ لە ئیمێرجنسی سلێمانی بوو. ئاشکرایە ئـەوە تۆڵـەی خوایە بۆ هەرکەسێ کە زیادەڕۆیی بکا و سنووری ئەدەب ببەزێنێ بەرامبەر پیرۆزییەکان.



وێنەی نوسەر لە کاتی وتاردان لە مزگەوتی پێغەمبەر لە مدینە

## تامی ئیمان:

حەزرەت (ﷺ) دەفەرموێت: (ثلاث من فعلهن فقد طعم طعم الإيمان: من عبد الله وحده فإنه لا إله إلا الله وأعطى زكاة ماله طيبة بها نفسه، وزكى عبد نفسه، فقال رجل وما تزكية المرء نفسه يا رسول الله؟ ؟ قال يعلم أن الله معه حيث ما كان)[110]. واتە: سێ کار هەر کەس بیانکات تامی ئیمان دەچێژێت، هەرکەس خوا بەتەنها بپەرستێ کە تەنها هەر بۆ خۆی خوایە و، زەکاتی ماڵەکەی بدات بە پێخۆشبوونەوە و، نەفسی خۆشی پاك بکاتەوە، وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا کەسێك چۆن نەفسی خۆی پاك بکاتەوە، فەرمووی: بەوەی کە لە هەر کوێیەك بێت بزانێت خوای لەگەڵدایە.

یان دەفەرمووێت: (إن أفضل إيمان المرء أن يعلم أن الله معه حيث كان)[111] قورئانیش لە چەند ئایەتێکدا جەخت دەکاتە سەر ئەم ڕاستییە و دەفەرمووێت ﴿ فَلَا تَهِنُوا۟ وَتَدْعُوٓا۟ إِلَى ٱلسَّلْمِ وَأَنتُمُ ٱلْأَعْلَوْنَ وَٱللَّهُ مَعَكُمْ وَلَن يَتِرَكُمْ أَعْمَـٰلَكُمْ ﴿٣٥﴾ ﴾ محمد ﴿...وَهُوَ مَعَكُمْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ ۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ ... ﴿٤﴾ ﴾ الحديد:٤

﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ۖ مَا يَكُونُ مِن نَّجْوَىٰ ثَلَـٰثَةٍ إِلَّا هُوَ رَابِعُهُمْ وَلَا خَمْسَةٍ إِلَّا هُوَ سَادِسُهُمْ وَلَآ أَدْنَىٰ مِن ذَٰلِكَ وَلَآ أَكْثَرَ إِلَّا هُوَ مَعَهُمْ أَيْنَ مَا كَانُوا۟ ۖ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا عَمِلُوا۟ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴿٧﴾ ﴾ المجادلة ﴿ وَمَا تَكُونُ فِى شَأْنٍ وَمَا تَتْلُوا۟ مِنْهُ مِن قُرْءَانٍ وَلَا تَعْمَلُونَ مِنْ عَمَلٍ إِلَّا كُنَّا عَلَيْكُمْ شُهُودًا إِذْ تُفِيضُونَ فِيهِ ۚ وَمَا يَعْزُبُ عَن رَّبِّكَ مِن مِّثْقَالِ ذَرَّةٍ فِى ٱلْأَرْضِ وَلَا فِى ٱلسَّمَآءِ وَلَآ أَصْغَرَ مِن ذَٰلِكَ وَلَآ أَكْبَرَ إِلَّا فِى كِتَـٰبٍ مُّبِينٍ ﴿٦١﴾ ﴾ يونس

ئەمانەش هەمووی حاڵەتێك دروست دەکات کە ئەویش پاش پلەی ئیمان و پلەی ئیسلام، پلەی ئیحسانە، کە وا هەست دەکەی خوا دەبینی، خۆ ئەگەر تۆش نەیبینی ئەو تۆ دەبینێ، ئنجا کە

---

[110]– سنن أبي داود، ١٥٨٢.

[111]– الطبراني في المعجم الأوسط، ٣٣٦/٨.

بڕوادار گەیشتە ئەمە شەرم دەکات لەخوا بەجۆرێك کە شەرمەزارە لەو گوناهانەی کردوویەتی و بێ فەرمانی خوایەکی باڵادەستی بێ وێنەی کردووە.

## کوێــرە و لــە نیشــانەی دا:

سەرەتا با بە نموونەیەك دەست پێ بکەین، بیهێننە بەرچاوتان ئەگەر نیشانەیەك دانێین و داوا لە کەسێکی چاوساغ بکەین کە بە چەند تیرێك لە نیشانەکە بدات، کەچی هیچ کام لە تیرەکان لە نیشانەکە نەدەن، لەم لاشەوە کوێرێك ئاگای لە مەسەلەکە بێت، کە پەردە بەچاویا دراوە و تەنها تاریکی دەبینێت، لەسەرخۆ بێتە پێشەوە و دەست بکوتێ و تیروکەوانەکە هەڵگرێ و ڕووبکاتە نیشانەکە و بیدات لەو نیشانەیەی کە چاوساغەکە نەیپێکا، ئا لێرەدا ڕەنگە بپرسن چۆن چاوساغێك نەیتوانی نیشانەیەك بپێکێ و نابینایەك پێکای!

خوای گەورە ویستی وابوو منالێك لە مەککە لەدایك ببێ و بە نابینایی ژیان بباتەسەر تا ئـەو کاتەی ئەچێتە قەبرەوە! ئەم منالە کەوتە گاگۆڵکێ بەڵام هیچ نابینێ و خۆی ئەدات بەو شتانەی دەوروبەریدا، گوێی لە منالٌ و کەسانی ترە لە دەوروبــەری و بــەرە و دەنگــەکان دەچــێ و خــۆی دەکوتێ، بەڵام چونکە نابینایە پاش یەك دوو هەنگاو دەکەوێت بە شــتەکانی دەوروبــەری و بــە زەویدا و ناگاتە مەبەستەکەی. ئەم منالە بەم جۆرە گەورە بــوو، نــە ئــەزانێ ئــەرز چییە و نــە ئاسمان، نە ئەزانێ ڕەنگ چییە و نە شێوەکان، پەردەیەکی ڕەش بەسەر چــاویەوەیەتی و هــەموو شتەکان مەگەر بە وەسف کردن شتێکیان لێ تێبگات. ئەم نابینایە بیســتی کــە محمدی کــوڕی عبداللە باسی خوایەك دەکات ئاسمان و زەوی دروست کردووە، خۆ هەر چەند ئەم نە ئاسمان و نــە زەوی نەبینیوە بەڵام بە فیترەت هەست بە شتێك دەکات، ئەم کوێرێك نەبوو کوژابێتەوە، ڕاستە نابینا بوو بەڵام بەسیرەتێکی هــەبوو کــە ســەدان کەســی گــەورە و دەســەڵاتداری مەککــە کــە هەزارحسابیان بۆ دەکرا و چاوساغ بوون ئەو بەسیرەتەیان نەبوو، چاوی دڵیان کوێر بوو.

هەرچۆنی بوو خۆی گەیاندە (محمد) ﷺ و گوێی لە پەیامەکەی گرت، کــە حــەزرەت (ﷺ) فەرمووی: (إن الدين عند الله الاسلام) بەدڵ وەری گرت و پەنجەی شایەتمانی بەرزکردەوە و وتی: **أشهد أن لا إله إلا الله وأشـهد أن محمـدا رسـول الله،** ئــاخۆ ئەمــە ئەوەنیــە کــە پــەروەردگار

دەفەرمویێت ﴿أَفَمَن شَرَحَ ٱللَّهُ صَدۡرَهُۥ لِلۡإِسۡلَٰمِ فَهُوَ عَلَىٰ نُورٖ مِّن رَّبِّهِۦۚ فَوَيۡلٞ لِّلۡقَٰسِيَةِ قُلُوبُهُم مِّن ذِكۡرِ ٱللَّهِۚ ...﴿٢٢﴾﴾ الزمر، بەڵێ خوا سنگ فراوان دەکات، دڵ هیدایەت دەدات، جا با هەرچاو نەبینێت! هەواڵەکە هەر زوو بڵاو بۆوە، تۆ بڵێی قورەیش واز لەم نابینایە بهێنن؟ نەخێر هەرگیز شتی وا نەبووە و نابێت، وتیان: ئەو نابینایە چۆن زاتی ئەوەی کردووە کاری وا بکات؟ شەرت بێ بیکەینە پەند وعیبرەت بۆ هەموو بەهێز و بێ هێزەکانیش. خۆی دەڵێ: بردیانمە شوێنێك نازانم کوێ بوو، جلیان لەبەرا نەهێشتم و بەستیانمەوە، کۆت و پێوەندیان کردە دەست و قاچم، ئازار و ئەشکەنجەیەکیان دام ئەوسەری دیار نەبێ. دیارە لەڕێی بڕواداراندا فەرش دانەخراوە و، بڕوادار لە بڕواکەیدا تاقی دەکرێتەوە تا هەموو کەس لافی ئیمان لێ نەدات!

حەزرەت (ﷺ) بەلایا تێپەڕی سزا ئەدرا، هیچی دەسەڵات نەبوو بۆی بکات تەنها ئەوە نەبێ پێی فەرموو ﴿أَحَسِبَ ٱلنَّاسُ أَن يُتۡرَكُوٓاْ أَن يَقُولُوٓاْ ءَامَنَّا وَهُمۡ لَا يُفۡتَنُونَ ﴿٢﴾﴾ العنكبوت . ڕۆژێك هات بۆلای حەزرەت (ﷺ) گوێی لێ بوو دەیفەرموو: (خيركم من تعلم القرآن وعلَّمه) ، فێربوونی قورئان بووە خولیای سەری و هەردەم لە خەمی ئەوەدا بوو ئایەتێك زیاتر فێربێت، سا بەڵکو بەوە ببێت بە یەکێ لە چاکترینی یاران!نیوەڕۆیەك هات بۆلای کەعبە ئەحواڵی حەزرەتی پرسی (ﷺ) ، وتیان ئەوەتا لە فلان شوێنە، بەهەرحاڵێ بوو ڕۆی بەرەو ئەوێ، گوێی لە دەنگی حەزرەت بوو (ﷺ) قسەی دەکرد، ئێ خۆ ئەم نابینێ و نازانێ سەرقاڵی چییە، کە نزیك بووەوە وتی: السلام عليك يارسول الله، علمني مما علمك الله. . بەڕوویەکی خۆش و گەشەوە چاوەڕێی ئایەتێك بوو حەزرەت (ﷺ) فێری بکات، کاتەکە ناوەخت بوو، حەزرەت (ﷺ) لە خەمی هاوەڵانیا بوو کە سزا ئەدران، لە خەمی ئەوەدا بوو گەورەپیاوانی قورەیش قەناعەت پێ بکات و سزای سەر هاوەڵان سووك بێت.

حەزرەت بێتاقەت بوو لە داواکەی تەنها ڕووی گرژکرد، خۆ ڕەنگە کەس لەو دەوروبەرە نەیدیبێت و هەستی پێنەکردبێت، ئەوە خۆ پرسیارکەر هەرنا، چونکە نابینا بوو! هەرگیزیش بەخەیاڵیدا نەدەهات حەزرەت (ﷺ) ڕووی لێ گرژبکات!لەسەروو حەوت ئاسمانەوە خوای گەورە بە جبرائیلدا ئایەتی سەرزەنشتی نارد بۆ سەر دڵی سەرداری هەمووان ﴿عَبَسَ وَتَوَلَّىٰٓ ﴿١﴾ أَن جَآءَهُ

ٱلۡأَعۡمَىٰ ﴾ عبس، ئایەتێك، دووان، نا، نا شانزە ئایەت! ئەم نابینایـە وەك هـەر نابینایـەكی تـر دەبوایە گۆچانێك بات بەم لادا و بەو لایدا و بەبەردەمیا ئنجا هەنگاوێك بنێ، دیـارە نابینـا وا دەڕوات! ئەی ئەم نابینایەی ئێمـە چـۆن هـات بـۆلای حـەزرەت (ﷺ) تـا قورئـان لـە دەمـی موبارەكی وەرگرێ! قورئان وەسفی هاتنەكەی دەكات كە هەروەك عادەتی نەهاتووە، ئەی چۆنە؟ ئەو هەرچەند نابینا بوو لەبەر تامەزرۆیی زۆری بۆ فێربوونی قورئان بە ڕاكردن هـات؟ ! ئـا ئـا ڕاكردن! قورئان دەفەرمویت ﴿ وَأَمَّا مَن جَآءَكَ يَسۡعَىٰ ﴿٨﴾ وَهُوَ يَخۡشَىٰ ﴾ عبس، بۆ ڕای دەكرد، دەترسا، لەچی دەترسا؟ لەخوا، لە كەمتەرخەمی لە دینی خوادا! ئای بـۆ چاوساغـەكان چـەند غافـڵ و خەمساردن!

دوای ئەم ئایەتە لە هەركاتێكدا (عبداللە ی كـوڕی إبـن أم مكتـوم) بهاتایـە حـەزرەت (ﷺ) گەرمترین پێشوازی لێ دەكرد و دەیفەرموو: (مرحباً بالذي عاتبني ربي من أجله) . بەخوا خـۆ من دەزانم بیلال ئازاری جەسـتەیی زۆر درا، عـەماریش سـزای جەسـتەیی ودەروونـی زۆر درا و دایكی لەبەرچـاویا شـەهید كـرا، بـەڵام دڵنیـام ئـازار و ئەشـكەنجەی (عبـداللە) زیـاتر بـوو؟ دەڵێی:چۆن؟ ئاخر عبداللە نابینا بوو، هیچ ئازار و سـزایەك بەهێنـدەی ئـەوە قـورس نییـە كـە ئەشكەنجە بدرێیت و چاوت بەسترابێتەوە، نازانی لە كوێوە تێت دەسرەوێنن، ئای لەو خۆگرژكردن و خۆ گرمۆڵەكردن و چاوەڕێ بوونەی كە كوێرێك چاوەڕێ دەكات هەتا ئێستا یـان تـۆزێكی تـر نازانێ لە كوێوە تێی دەسرەوێنن. بیلال سزادرا، بەڵام چاوی لە جەللادەكانی بوو كـە بەكوێیـدا ئەماڵن، یان كە دەڕۆیشتن دەیزانی وا ڕۆشتن و تۆزێ ئاهێكی پیـا دەهاتـەوە! بەڕاسـتی ترسـی كەسێكی نابینا كە دوژمن لە دەوری بن زۆر زیاترە لە كەسێكی چاوساغ با دوژمنیش لە دەوری بێت، ئەمەش ئەو دوعایەیە كە حەزرەت (ﷺ) لە بارەگای خوادا پێی دەپاڕایەوەو دەیفەرموو : خوایە لێت دەپاڕێمەوە بەپاڕانەوەی كوێرێكی ترساو (وأدعوك دعاء الخائف الضرير) .

بەڵێ. . ئەمانە وەك شاخ بوون لەبەرگری و خۆڕاگریدا، هەرچەند شاخ خۆی بۆ نـەدەگیرا لەبـەر ئەشكەنجە و ئازاری دوژمنانی خوادا، كەچی ئەمان خۆیان ڕاگرت، ئارامێكیان گرت كە هەردەم سەرمەشقن بـۆ موسـڵمانانی دوای خۆیـان هـەتا ڕۆژی قیامـەت! قورئـان ئامـاژە بـەم كێـوە دامەزراوانـە دەكـات و دەفـەرمویت ﴿ وَقَدۡ مَكَرُواْ مَكۡرَهُمۡ وَعِندَ ٱللَّهِ مَكۡرُهُمۡ وَإِن كَانَ

﴿مَكۡرُهُمۡ لِتَزُولَ مِنۡهُ ٱلۡجِبَالُ ﴿٤٦﴾﴾ ابراهيم، زانايان دەڵێن: مەبەست لەو شاخ و كێوانە بیلال و عەممار و ئیبن ئوم مەكتومە كە تا دوا پلە خۆڕاگربوون!ئیبن ئوم مەكتوم بەشی خۆی و بەشی هاوەڵانیش قورئانی وەردەگرت، ناوبراو زانی حەزرەت (ﷺ) مصعب دەنێرێت بۆ مەدینە بۆ بانگەواز، بانگەوازیش بەرزترین پلەیە ﴿وَمَنۡ أَحۡسَنُ قَوۡلٗا مِّمَّن دَعَآ إِلَى ٱللَّهِ وَعَمِلَ صَٰلِحٗا وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ ٱلۡمُسۡلِمِينَ ﴿٣٣﴾﴾ فصلت ، (من أحسن) كێ لەوە چاكترە كە بانگەواز دەكات؟ ئێ خۆ ئەمیش ئەوەی دەوێ، دەیەوێت لە چاكان بێت، بۆیە داوای لە حەزرەت كرد (ﷺ) كە ڕێی بدات ئەمیش بچێت بۆ مەدینە بۆ بانگەواز. بەڕائی كورشی عازب دەڵێت: موصعەب و ئیبن ئوم مەكتومی نابینا سەرەتا هاتن بۆ مەدینە و كەوتنە سەردانی خەڵكی و بانگەوازكردن.

با لێرەدا هەڵوێستەیەك بكەین، ئەم نابینایە بە فڕۆكە نارِوات، بە ئوتومبیل نارِوات، بە پێ مانگێ یان زیاتر بەناو دار و بەرد و لمو خۆڵدا بە نەبوونیی و هەژاریی ڕێی مەدینە ئەگرێتەبەر، ئاوا ئەڕوات بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوا و، چاوساغیش هەیە هیچ شەرم ناكا و ئەڕوات بەرەو بێ فەرمانی خوا؟

دكتۆر عبدالمحسن دەڵێت: ڕۆژێك لە خەستەخانە گەنجێكی ٢٨ساڵم بینی كە تەنها سەری دەجوڵا و تووشی ئیفلیجی بووبوو، منیش هەروا لەبەر خوا ئامۆژگاریم كرد و وتم: برام كەس هەیە خوا هەموو ئەندامەكانی داوەتێ و لە خراپەدا بەكاری دێنێ و، قەدری نازانێ، كابرا وەزعی تێك چوو، عەرەقی دەردا، فرمێسك بە چاوانیدا هاتە خوارەوە، دوایی براكەی هات بۆلام و وتی: براكەم لەوپەڕی ناز و نیعمەتدا بوو، سەرگەرمی خراپە و دوور لە خوایی بوو، باشترین لاو بوو لە سەماكردندا؟ هەرگیز ساڵانە سێ مانگ لە سعودیە نەماوەتەوە، بەردەوام لە گەشتی وڵاتاندا بوو. .

چووم سەیری مەلەفەكەیم كرد، دەبینم نوسراوە سەعات چواری بەیانی بە سەرخۆشی لە خێرایی زۆردا سەیارەكەی وەرگەڕاوە و فەقەرات و پەراسووەكانی شكاوە؟ سبحان الله، سەعات چواری شەو كە خوا دادەبەزێتە ئاسمانی دنیا تا وەڵامی ئەوانە باتەوە كە لە شەونوێژدان و دوعا دەكەن، ئەمیش لەوپەڕی غەفڵەت و نەفامیدا ئاوای بەسەر دێ! پەنا بەخوا! بەڕاستی ﴿إِنَّ سَعۡيَكُمۡ لَشَتَّىٰ ﴿٤﴾﴾ اللیل .

بێینەوە سەر باسەکەمان ئیبن ئوم مەکتوم بیستی لە حەزرەت (ﷺ) کە (المؤذنون هم أطول الناس أعناقا) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا دەمەوێ ڕێم بدەی بانگ بدەم، ئەویش ڕێی دا، پێشبڕکێی لەگەڵ بیلالدا دەکرد بۆ بانگ دان تا خێرێکی زیاتری دەست بکەوێت، چ هیممەتێکە، لە ڕەمەزاندا کە بەتاریکی بیلال بانگێکی ئەدا، هاوەڵان پارشێویان دەکرد، کە ئیبن ئوم مەکتوم بانگی ئەدا ئیتر هیچیان نەدەخوارد. باشە نە سەعات هەبوو، نەناوبراویش چاوی هەبوو، ئەی باشە چۆن کاتەکەی لێ تێك نەچووە، دیارە ئەمەش تەوفیقی خوا و بەسیرەتی دڵە! دکتۆر عبدالمحسن دەڵێت: برادەرێکم لەگەڵ منا بووایە لە شەرما نوێژی دەکرد و کە لە ماڵێش بووایە تا نوێژێکی دەکرد دووانی نەدەکرد، بەڕۆژ زۆربەی کات دەنووست و بە شەویش بەدیار فیلم و شتی بێ کەڵکەوە شەونخوونی دەکرد، دەنگی گۆرانی و مۆسیقا پڕبە ژوورەکەی بوو، شەوێکیان نزیك بەرەبەیان گوێی لە بانگ دەبێ، ڕقی هەڵدەستێ و دەڵێ: ئەم ئیزعاجیە چییە لەم کاتەدا، من ئەمەوێ بنووم! ئەڵێ سبحان الله خوا هەر زوو ئەم زیادەڕەوییەی پێ نواندم ﴿أَيَحْسَبُ أَن لَّن يَقْدِرَ عَلَيْهِ أَحَدٌ ﴿٥﴾﴾ البلد ﴿أَمْ يَحْسَبُونَ أَنَّا لَا نَسْمَعُ سِرَّهُمْ وَنَجْوَاهُم ۚ بَلَىٰ وَرُسُلُنَا لَدَيْهِمْ يَكْتُبُونَ ﴿٨٠﴾﴾ الزخرف، هەستم بەشتێ کرد لە گوێما، گوێم نەدایە و نووستم، بەیانی کە هەستام لە خەو و هاتمە ناو خێزانەکەمەوە وتم ئەوە چییە بۆ ئاوا بە سووك قسە دەکەن، دەنگتان بەرز بکەنەوە، تومەز من نازانم خوا گوێی لێ سەندوومەتەوە. دوو ساڵ لەو عەزابەدا ژیام، هاوەڵانم لێم تەکینەوە، کەس لێم حاڵی نەدەبوو، دنیام لەبەرچاو تاریك بوو، خەریك بوو خۆم بکوژم، ئاواتەخوازبووم لە مناڵییەوە کەڕ بوومایە بەس نەبوو هاوەڵی کەڕم ئەبوو بە ئیشارەت لە یەك تێدەگەیشتین. وتیان بە سەد هەزار ڕیال عەمەلیاتم بۆ دەکرێ و تەنها ڕەنگە گوێی ڕاستیشم چاك ببێ!!تەوبەم کرد، دائەنیشتم قورئانم دەخوێند و دوعام دەکرد، خوایە لە نوێژدا گوێم لە ئیمام نییە چۆن بڵێم ئامین، چۆن گوێم لە (الله أکبر) ی ئیمام بێت؟ ناچار قوڵم ئەنوسان بە قوڵی ئەوەی تەنیشتمەوە تا بزانم کە هەڵدەستێتەوە، پاش ئەو هەموو موعاناتە لەسایەی خواوە (قەوقەعە) یان بۆ زەرع کردم لە خەستەخانەیەکی **ریاض** و ڕزگارم بوو.

مرۆڤ ئەم هەموو ناز و نیعمەتەی هەیە و قەدری نازانێ، ڕۆژێك ئیبن ئوم مەکتوم هاتە خزمەت حەزرەت (ﷺ) وتی: ئەی رەسولی خوا خۆت دەزانی کەس نییە دەستم بگرێ و بمهێنێ بۆ

مزگەوت، بەڵکو ڕێم بدەیت لەماڵەوە نوێژ بکەم، حەزرەت کە (رؤوف و رحیم) ە فەرمووی: باشە قەیناکە، کە خەریك بوو بڕوات فەرمووی: گوێت لە بانگ دەبێت؟ وتی: بەڵێ، فەرمووی: ڕوخسەتت نییە دەبێ هەر بێی. کاتێ ئایەتی ﴿فَلۡيُقَٰتِلۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ٱلَّذِينَ يَشۡرُونَ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا بِٱلۡأٓخِرَةِۚ وَمَن يُقَٰتِلۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ فَيُقۡتَلۡ أَوۡ يَغۡلِبۡ فَسَوۡفَ نُؤۡتِيهِ أَجۡرًا عَظِيمٗا ٧٤﴾ النساء ، هاتە خوارەوە، هاتە لای حەزرەت (ﷺ) پرسی دەی باشە ئەم چی بکات، چۆن لە خێری جیهاد بێ بەش بێت؟

لە بوخاریدا هاتووە زەیدی کوڕی ثابت دەڵێت: (ئەم ئایەتە بۆ پێغەمبەر (ﷺ) دابەزی (لایستوي القاعدون من المؤمنین والمجاهدون) لەو کاتەدا نابینایەك هاتە ژوورەوە و گوێی لە ئایەتەکان بوو، گریا و وتی ئەی پێغەمبەری خوا: ئەی کوێر چی بکات، من دانیشتووم، ئەگەر شمشێرێك بوەشێنم ڕەنگە موسڵمانێك بکوژم، قسەکانی تەواو نەکرد وەحی بۆ پێغەمبەر (ﷺ) هات فەرمووی: چیت نووسی زەید؟ وتم نووسیم (لایستوي القاعدون من المؤمنین والمجاهدون) فەرمووی بوەستە، بوەستە، بنووسە ﴿لَّا يَسۡتَوِي ٱلۡقَٰعِدُونَ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ غَيۡرُ أُوْلِي ٱلضَّرَرِ وَٱلۡمُجَٰهِدُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ...٩٥﴾ . النساء

حەزرەت (ﷺ) کۆچی دوایی کرد، لە زەمانی ئەبو بەکر و لە زەمانی عومەریشدا هەر بەئاواتەوە بوو خزمەتێ زیاتر بە دینی خوا بکات، یان ڕێگایەك بدۆزێتەوە بۆ جیهاد، بیستی موسڵمانان سەرگەرمی خۆئامادەکردنن بۆ شەڕی فارس لە قادسیەدا، چووە لای عومەر وتی: ئەمەوێت بەشداری ئەو جەنگە بکەم.

- ئاخر تۆ نابینای دەتوانی چی بکەی؟

- درعەکەم لەبەر بکەن و ئاڵاکەم بدەنە دەست و لە ڕیزی پێشەوە دامنێن، چاوم نابینێ وناتوانم ڕابکەم، بەڵکو خوای گەورە موسڵمانان سەربخات و منیش شەهادەتم بەنسیب بێت.

دڵیان نەشکاند و ناردیان، وەك خۆی داوای کرد درعیان لەبەر کرد و ئاڵایان دایە دەست لە قادسیە، موسوڵمانان ١٢هەزار کەس بوون و فارسەکان سێ سەد هەزار کەس، سێ ڕۆژی ڕەبەق شەڕبوو سەرەنجام موسڵمانان سەرکەوتن، گەڕان بەدوای ئیبن ئوم مەکتومدا، بینیان شەهید

بــووه! دیــاره شــەهیدیش نــامرێ ﴿ وَلَا تَحۡسَبَنَّ ٱلَّذِينَ قُتِلُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ أَمۡوَٰتَۢاۚ بَلۡ أَحۡيَآءٌ عِندَ رَبِّهِمۡ يُرۡزَقُونَ ﴿١٦٩﴾ ﴾ ال عمران . ئنجا با بێینەوەسەر قسەکەی یەکـەم جارمـان، ئایـا ئـەم نابینایـە گەیشتە ئامانجی خۆی، دای لە نیشانەکە یان نا؟ بەڕاستی نابینا ئەوەیە کە دڵی کوێر بێت نەك چـاوی ﴿ ...فَإِنَّهَا لَا تَعۡمَى ٱلۡأَبۡصَٰرُ وَلَٰكِن تَعۡمَى ٱلۡقُلُوبُ ٱلَّتِي فِي ٱلصُّدُورِ ﴿٤٦﴾ ﴾ الحـج . ئـــەو نیشانەکەی پێکا ئەی تۆ چ نیشانەیەکت پێکاوە؟

## گەشــتی دڵان:

خوای پەروەردگار لەبارەی قورئانەوە دەفەرموێت ﴿ إِنَّ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانَ يَهۡدِي لِلَّتِي هِيَ أَقۡوَمُ ...﴿٩﴾ ﴾ الإسراء. ئەم قورئانە ڕینمایی کارە ﴿ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ عَلَىٰ عَبۡدِهِ ٱلۡكِتَٰبَ وَلَمۡ يَجۡعَل لَّهُۥ عِوَجَاۜ ﴿١﴾ ﴾ الکهف ، هەروەها دەفەرموێت ﴿ وَإِنَّهُۥ لَكِتَٰبٌ عَزِيزٞ ﴿٤١﴾ ﴾ فصلت ، ئەمە سیفاتی بـەرزی ئـەو پەڕاوەیـە ﴿ قُلۡ هُوَ نَبَؤٌاْ عَظِيمٌ ﴿٦٧﴾ أَنتُمۡ عَنۡهُ مُعۡرِضُونَ ﴾ ص. کاتێـك خـوای گـەورە دەفەرموێت ﴿ وَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ ﴾ بۆچییە؟ بۆ ئەوەیە کە بڕوادار لـە خراپـە بگێڕێتـەوە ﴿ ... إِنَّ ٱلصَّلَوٰةَ تَنۡهَىٰ عَنِ ٱلۡفَحۡشَآءِ وَٱلۡمُنكَرِۗ ...﴿٤٥﴾ ﴾ العنکبوت . ئنجا وەرە سەیری ئەوانە بکە کە خشوعیان نییە لە نوێژدا و هەقی خـۆی نـادەنێ ﴿ فَخَلَفَ مِنۢ بَعۡدِهِمۡ خَلۡفٌ أَضَاعُواْ ٱلصَّلَوٰةَ ...﴿٥٩﴾ ﴾ مریم

دوای لەدەستدانی نوێژ شوێن هەوا و ئارەزووشیان کەوتن ﴿ ...وَٱتَّبَعُواْ ٱلشَّهَوَٰتِۖ فَسَوۡفَ يَلۡقَوۡنَ غَيًّا ﴿٥٩﴾ ﴾ مریم .

کەواتە هەرچی داوامان لێ کراوە با بگەڕێین بەدوای بەروبوومەکەیدا، ئنجا با بێمە سەر ئـەوەی کە دەمەوێت بیڵێم. .

لەبارەی حەجەوە ئەمەوێ بدوێم ئایا چوونمان وەکو پێویست بەروبوومی بووە؟ سەرەتا ئەبێ بزانین کە سورەتێکمان نییە بە ناوی نوێژ یان زەکات یان ڕۆژوو یـان شـایەتمان، کەچـی سـورەتێکمان هەیە بەناوی (الحج) باشە ئەگەر پرسیار لە حاجیانی ماڵی خوا بکەین چەندیان ئەم سـوورەتەیان خوێندۆتەوە و دیراسەیان کردووە پێش حەجەکەیان دیارە ژمارەیەکی زۆر زۆر کەم.

حەج جیاوازە لە ڕووکنەکانی تر:

یەکەم: سورەتێك بە ناوییەوە ناونراوە.

دووەم: ڕووکنەکانی تر دووبارە دەبنەوە، نوێـژ ڕۆژی پێـنج جـار و، ڕۆژوو سـاڵی جارێـك و زەکات ساڵی جارێك کەچی حەج لە هەموو تەمەندا یەکجار فەرزە.

سێیەم: لە حەجدا عەرەفە زۆر گرنگە و حەزرەت (ﷺ) دەفەرمووێت: (الحج عرفـة) ، کەچـی لە قورئاندا باسی ناکات، یان (منی) ، یان (مزدەلیفـە) یـان ڕەجمـی جەمـەرات هیچـی بـاس نەکراوە، هەمووی لە حەزرەتەوە (ﷺ) وەرگیراوە.

کەواتە سورەتی حەج باسی چی دەکات و دەیەوێت چیمان پێ بڵێت؟ ؟

## ئافرەتێکی ئەمریکی :

دکتۆر عبد المحسن دەڵێت :ئافرەتێکی ئەمریکی گاور لەلامان لە خەسـتەخانە کـاری دەکرد کە موسڵمان بوو خۆی داپۆشی، کە چوو بۆ حەج هاتەوە بینـیم زۆر زیـاتر دامـەزراوە و دینداریيەکەی توندوتۆڵ بووە، سەلامم لێکرد و لێم پرسی چوویت بۆ حـەج؟ وتـی: سـوپاس بـۆ خوا. وتم: حەج چۆن بوو؟

وتی: شتێکم بینی کە تەنها لە حەجدا بینیومە! من قیامەتم بینی، قەرەباڵغی حەج قەرەباڵغی قیامەتی نیشان دام ﴿إِنَّ يَوْمَ الْفَصْلِ مِيقَاتُهُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٤٠﴾ يَوْمَ لَا يُغْنِي مَوْلًى عَن مَّوْلًى شَيْئًا وَلَا هُمْ يُنصَرُونَ ﴿٤١﴾ إِلَّا مَن رَّحِمَ اللَّهُ إِنَّهُ هُوَ الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ ﴿٤٢﴾﴾ الدخان، بەڕاستی ئەمەش ئەوەیە کە سورەتی (حەج) مەبەستێتی پێمان بڵێت، ئەوەتا دەفەرمووێت

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمْ إِنَّ زَلْزَلَةَ السَّاعَةِ شَيْءٌ عَظِيمٌ ﴿١﴾﴾ الحج ، هەروەك خوا بفەرمووێت لە تەمەنتا جارێك تۆم هێنایە ئێرە تا قەرەباڵغی گەلانی تر ببینی بۆ چەند ڕۆژێك، تا بەمەش یادی ڕۆژی قیامەت بکەیتەوە. (يَوْمَ تَرَوْنَهَا) لە حەجدا هەرچی بێت دایك دەستی لە مناڵی بەرنادا، کەچی لەو ڕۆژەدا دایك مناڵی شیرەخۆری بەر سنگی فڕێ ئەدات ﴿يَوْمَ تَرَوْنَهَا تَذْهَلُ كُلُّ مُرْضِعَةٍ عَمَّا أَرْضَعَتْ وَتَضَعُ كُلُّ ذَاتِ حَمْلٍ

**حَمۡلَهَا...** ﴿٢﴾ ﴾ الحج، له حەجدا ئافرەتی دووگیانیش هەیە حەجیش دەکەن و دەگەڕێنەوە جێ و ڕێی خۆیان، بەڵام له قیامەتدا ئافرەتی دووگیان له ترسدا مناڵەکەی لەباردەچێت، له حەجدا خەڵك هۆشی لای خۆیەتی، له قیامەتا نەخێر، خەڵکی وەك سەرخۆش وان لەتاو سزای خوا و سەختی ڕۆژی قیامەت ﴿... **وَتَرَى ٱلنَّاسَ سُكَٰرَىٰ وَمَا هُم بِسُكَٰرَىٰ وَلَٰكِنَّ عَذَابَ ٱللَّهِ شَدِيدٌ** ﴿٢﴾ ﴾ الحج .

سوورەتەکە حەجە و ئاوا باسی کۆبوونەوەی قیامەت دەکات کەچی لە سوورەتی (**البقرة**) دا باسی ﴿ **وَأَتِمُّواْ ٱلۡحَجَّ وَٱلۡعُمۡرَةَ لِلَّهِ** ﴾ دەکات، لەم سورەتەدا داوای پارێزکاری دەکا ﴿**وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ** ﴾ بۆ ئەوەی مرۆڤ ڕزگاری بێت له سزای ڕۆژی دوایی، هەموو بڕوامان به لێپرسینەوەی قیامەتە بەڵام ڕەنگە هێشتا ڕەنگی نەدابێتەوە له کاروکردەوەماندا ﴿**وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَٱعۡلَمُوٓاْ** ﴾ بزانن، چی؟ **أَنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ** ئنجا قورئان دەفەرموێت ﴿**ٱلۡحَجُّ أَشۡهُرٞ مَّعۡلُومَٰتٞۚ فَمَن فَرَضَ فِيهِنَّ ٱلۡحَجَّ فَلَا رَفَثَ وَلَا فُسُوقَ وَلَا جِدَالَ فِي ٱلۡحَجِّۗ** ﴾ . ئنجا ﴿**وَمَا تَفۡعَلُواْ مِنۡ خَيۡرٖ يَعۡلَمۡهُ ٱللَّهُۗ وَتَزَوَّدُواْ فَإِنَّ خَيۡرَ ٱلزَّادِ ٱلتَّقۡوَىٰۖ وَٱتَّقُونِ يَٰٓأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ** ﴾ . پاشان ﴿**وَٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ فِيٓ أَيَّامٖ مَّعۡدُودَٰتٖۚ فَمَن تَعَجَّلَ فِي يَوۡمَيۡنِ فَلَآ إِثۡمَ عَلَيۡهِ وَمَن تَأَخَّرَ فَلَآ إِثۡمَ عَلَيۡهِ** ﴾ بۆ کێ؟ **لِمَنِ ٱتَّقَىٰۗ** ئنجا ﴿**وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّكُمۡ إِلَيۡهِ تُحۡشَرُونَ** ﴾. ئەمە پەیامی حەجە کە دەیەوێت پێمان ڕابگەیەنێت، ئەم ئایەتانە پێمان دەڵێن: ئەگەر گەڕانەوە بۆلای ئەهل و کەسوکار و خاك و نیشتیمانتان پاش حەج، ئەوە بزانن له مەحشەردا کە کۆدەکرێنەوە ناگەڕێنەوە ماڵەوە بەڵکو دەڕۆن بۆ بەهەشت یان دۆزەخ.

حەج مەشقێکی کرداریی و پراکتیکییە تا مرۆڤ فێری ئارامگرتن و ئەدەب ببێت، ئەدەب لەگەڵ خوا و عەبدانی خوادا.

دکتۆر عبدالمحسن دەڵێت : پیاوێکی حاجی میسریم بینی لە جەمەراتدا کەلوپەلەکانی بە کۆڵیەوە بوون و کۆمە کۆمە دەڕۆیشت، لەپڕ شتەکانی دانا و دەستی لاوێکی گرت و پێی وت: لێم ببورە کوڕم لێم ببورە.

لاوەكە نەیزانی مەسەلەكە چییە؟ وتی: لەسەر چی لێت ببورم؟ وتی: توخوا لێم ببورە، وتی: ئاخر لەسەر چی؟ وتی: نەمزانی قۆڵم بەر سكت كەوت نەك ئازارم دابێت؟ كوڕم ئەترسم حەجەكەم لەكەدار بێت، كە چەند ساڵە هەوڵی بۆ ئەدەم، ئەمەوێ وەك ڕۆژی لەدایك بوونم پاك ببمەوە!

لاوەكە وتی: لێت بوراوم. پیاوەكە دانیشت و گریا و وتی: خوایە شایەت بە وا لێم خۆش بوو. بەڕاستی ئەم هەڵوێستە زۆر كاری تێكردم، بەڕاستی چاك لە حەج تێگەیشتبوو، ئەم پیاوە پیرە میسرییە ئامانجێكی هەیە دەیەوێت بێتە دی، ئەویش ئەوەیە كە لاپەڕەكانی سپی ببێتەوە و بە یەكجاری پاك بێتەوە.

ئەمەش قورئان ئاماژەی بۆ دەكات: ﴿وَٱلَّذِينَ يُؤۡتُونَ مَآ ءَاتَواْ وَّقُلُوبُهُمۡ وَجِلَةٌ أَنَّهُمۡ إِلَىٰ رَبِّهِمۡ رَٰجِعُونَ ٦٠ أُوْلَٰٓئِكَ يُسَٰرِعُونَ فِي ٱلۡخَيۡرَٰتِ وَهُمۡ لَهَا سَٰبِقُونَ ٦١﴾ المؤمنون.

## پیاوێكی چوارشانە:

دكتۆری ناوبراو دەڵێت :لە كاتی قەرەباڵغی شەیتان ڕەجم كردندا، كە هێشتا ئاوا فراوان نەكرابوو، خەڵكەكە لە زۆریدا شەپۆلی ئەدا، پیاوێكی چوارشانەی باڵابەرزم بینی، هیچ پاڵەپەستۆی نەدەكرد و لەگەڵ شەپۆلەكەدا ئەشەكایەوە، بینیم جارجار سەر بەرز ئەكاتەوە بۆ ئاسمان و ورتە ورتێك دەكات، خوا كردی لێی نزیك بوومەوە، گوێم لێی بوو دەیوت: (پەروەردگارا ئێرە هەرچی بێت ئاسانە لەولا ڕەحم پێبكە!) .

بەڕاستی ئەمە لە مانای حەج تێگەیشتبوو، بۆیە ئاوا وەك كەسێكی زۆر لاواز وەستا بوو، پاڵەپەستۆی لەسەر كەس نەبوو، ئەم پیاوە قیامەت و ڕۆژی حەشری لەبەرچاو بوو، هەر لەویا خەمی ئەولای بوو. بەڕاستی حەج چەند ڕۆژێكە هەقە ڕۆژی قیامەتمان لەبیربێت كە تاقە ڕۆژێكە و وەستانی پەنجا هەزار ساڵە!

**بەسەرهاتێكی تر زۆر كاری تێكردم:** دكتۆر دەڵێت: یەكێ لەبەرپرسانی وەزارەتی ناوخۆی وڵاتێكی كەنداو گێڕایەوە وتی: هەڵیان بژاردم كە لەگەڵ خاووخێزانی حاكمی وڵاتدا بچم بۆ حەج، نە شەوم شەو بوو نە ڕۆژم ڕۆژ بوو زۆر ئەترسام لە كارەكەمدا كەموكوڕی هەبێ و

گلەییم بێتەسەر. لە ڕۆژی جەمەراتدا وتیان دەچین شەیتان ڕەجم دەکەین، وتم چاوەڕێ بکەن تا تەرتیباتێك بکەم، چاوەڕێیان نەکرد و ڕۆشتین، کەشوهەوا ئاسایی بوو، ڕۆیشتین و نزیك بووینەوە لە جەمەرات بارانی بەخوڕ دایکرد چ بارانێك، ئەتوت لە ئاسمانەوە کوندە ئاو قلّپ دەکەنەوە بەسەرمانا، شپرزە بووم وەك شێتم لێهات دەترسام ببێتە لافاو و ئاو بیانبات. نەمانئەتوانی لە پاصەکە دابەزین، خێرا چووم لە پەنجەرەی ئیسعافێکم دا، بە هەزارحاڵ جامەکەیان دایایەوە، ها چیت دەوێت، وتم: ماڵ و منالّی (ئال فلان) ی حاکمم لەگەڵە دەربازمان بکەن، وتی: چیت لێ بکەین نابینی نەخۆشمان پێیە خەریکە دەمرێ.

ئا لێرەدا قیامەتم هاتەوە یاد ﴿ يَوْمَ يَفِرُّ الْمَرْءُ مِنْ أَخِيهِ (٣٤) وَأُمِّهِ وَأَبِيهِ (٣٥) ﴾ عبس

هەرچۆنێك بێت بەناو شەپۆلی لافاوەکە ئەهاتم و ئەچووم سا بەڵکو پەنایەکی بەرزیان بۆ پەیدا بکەم و تووشی زەرەروزیان نەبن و ڕووزەردی جەنابی حاکم نەبم. سەیرم کرد لە بەرزاییەکدا جێیەکم بینی باران نەیدەگرتەوە سۆدانییەکی لێ بوو چوومە لای وتم: چیت دەوێ ئەتدەمێ بەس ئەو جێیەی خۆتم بەرێ، وتی: تۆ شێتی چۆن جێی خۆمت بدەمێ؟ وتم: (٥٠٠) ڕیاڵ، (١٠٠٠) ڕیالّت ئەدەمێ، چەند دەڵێی بلێ، وتی: تۆ شێتی بڕۆم بچمە کوێ، نابینی حالّی خەڵك، نە هیچم بەرێ و نە هیچت ئەدەمێ، وتم: ئاخر برام ئافرەتم لەگەڵە! هەر وام وت: قسەکەم گرتی، وتی: چی؟ ئافرەتت لەگەڵە؟ ، وتم: بەڵێ خاو و خێزان و بنەماڵەی فلان حاکمە، وتی: من ئەوە نازانم فەرموو ئەوە من لەبەر خوا بۆتان بەجێ دێڵم! بڕۆ بیانهێنە!

وتم: وەرە چیت ئەوێ بتدەمێ.

وتی: هیچم ناوێ، کەلوپەلەکەی کۆکردەوە و دای بەکۆڵیا و بەوبارانە ڕۆی! ئافرەتەکان بەهەرحالّێ بوو هاتنە جێگاکەی، وتیان فریای کەوە، چی دەوێ بیدەرێ، هەر هیچ نەبێ ناونیشانی وەرگرە هاوکاریی بۆ دەنێرین، چووم بەدوایا تا ئەژنۆم ئاو بوو، وتم: برام وەرە چیت دەوێ بتدەمێ، یان هیچ نەبێ ناونیشانتمان بدەرێ.

وتی ﴿ لَا نُرِيدُ مِنكُمْ جَزَاءً وَلَا شُكُورًا (٩) إِنَّا نَخَافُ مِن رَّبِّنَا يَوْمًا عَبُوسًا قَمْطَرِيرًا ﴾ داواکارم لە خوا کە باقی ئایەتەکەی بۆ بێنێتە دی ﴿ فَوَقَاهُمُ اللَّهُ شَرَّ ذَٰلِكَ الْيَوْمِ وَلَقَّاهُمْ نَضْرَةً وَسُرُورًا (١١) وَجَزَاهُم بِمَا صَبَرُوا جَنَّةً

﴿وَحَرِيرًا ﴿٦﴾﴾ الإنسان. ئەو بەرپرسە دەڵێ: زانیم کەسانێك هەن دوای ڕەزامەندی خوا کەوتوون کەچی منیش دوای ڕەزامەندی خەڵك کەوتووم. ئەمە بوو بە دەرس بۆم ئیتر لە دوای حەجەوە هەموو هەم و غەمم ڕازی کردنی خوای پەروەردگارە، بەخوا ئنجا تامی ئیمانم چەشت کە تاقە مەبەستم بووە ڕازی کردنی ئەو زاتە ﴿وَمَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ٱلَّذِينَ صَبَرُواْ وَمَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ذُو حَظٍّ عَظِيمٍ ﴿٣٥﴾﴾ فصلت .

## ژن و پیاوێکی پاکستانی:

دکتۆر دەڵێت :پیاوێك کە پاصێکی پێیە حاجیان لە جەددەوە دەبات بۆ مەککە بۆی گێڕامەوە، کە شەو و ڕۆژ حاجیانم لە جەددەوە ئەهێنا بۆ مەککە، ئەوەندە ماندوو بووم لە جارێکیاندا وتم: سێ چارەکێك دەوەستین لەم وێستگەیە تا پشوویەك بدەم. لەو نەفەرانەی هەڵمگرتبوون ژن و پیاوێکی پاکستانی بوون، پیاوەکە ئەوەندە لاواز بوو پەراسووەکانیت بە ئاسانی ئەژمارد، ئیحرامێکی بەستبوو، تەواو لەڕولاواز بوو، وتم: دابەزن نان بخۆن و ئیسراحەت بکەن، هەموو دابەزین، چووین نانمان خوارد و بە تیری گەڕاینەوە بینیم ئەو ژن و پیاوە لای تایەی دواوە دانیشتوون نانی وشکیان پێیە و بە ئاو تەڕی دەکەن و دەیخۆن، زۆر دڵم پێیان سووتا، خەریك بوو شێت بم، من ئەوەی بەجێم هێشتووە ئێستا لە چێشتخانەکە زیاترە لەوەی خواردوومە و ئەمانەش ئەمە حاڵیانە، بە عەرەبی قسەم لەگەڵ کردن، سوودی نەبوو تێنەگەیشتن، چووم بۆلای کارمەندی بەنزینخانەکە پاکستانی بوو، وتم: وەرە پێیان بڵێ: حەز لە چی دەکەن با بۆیان بکڕم؟ ئەویش بە زمانی خۆیان پێی وتن، وتیان: هیچمان ناوێت.

بەگریانەوە وتم: پێیان بڵێ، پارەی سەیارەم ناوێ، پارەی خواردنم ناوێ چیتان دەوێ با بۆتان بێنم، ئەتانبەم بۆ مەککە چیتان ئەوێ با بۆتان بکەم. وتیان: ماڵت ئاوابێ هیچمان ناوێت، بەکارمەندەکەم وت: بڵێ بەخوا نابێ هەر ئەبێ شتێکیان بۆ بکەم. کە ئەمەی پێوتن، لە وەڵامدا وتیان: ئێمە لە یەکەم ساڵی ژن و مێردایەتیمانەوە پێش پەنجا ساڵ بڕیارمان دا خۆمان بگرینەوە لە زۆر شت تا بتوانین دوو پوول پارە پێکەوە بنێین و بتوانین بێین بۆ حەج، پەنجا ساڵە دەمان گرتۆتەوە لە زۆر خواردن لە پێناوی حەجدا، ئاخر ژەمێ خواردنی تۆ چی بۆ ئێمە دەکات،

زۆر سوپاست دەکەین. بەڕاستی دەرسێك بوو کە هەرگیز لەیادم ناچێت، زۆر کەس کەی بیەوێ دەچێت بۆ حەج، زۆری تریش پەنجا ساڵ بێوەژن کۆشی بۆ دەکات و بە کولەمەرگی دەگاتە حەج. بەڕاستی بانگەوازی خوایە، ئەمانە بە دڵ بەدەم ئەم بانگەوازەوە هاتوون ﴿ وَأَذِّن فِي ٱلنَّاسِ بِٱلۡحَجِّ ...﴿٢٧﴾ ﴾ الحج . بانگەوازێك کە هەرچی بۆی کرا بە هۆکارەکانی گواستنەوە ئەگەر نەکرا بەپێ دۆڵ و شاخ دەشت و بیابان دەبڕێ ﴿ وَأَذِّن فِي ٱلنَّاسِ بِٱلۡحَجِّ يَأۡتُوكَ رِجَالٗا وَعَلَىٰ كُلِّ ضَامِرٖ يَأۡتِينَ مِن كُلِّ فَجٍّ عَمِيقٖ ﴿٢٧﴾ لِّيَشۡهَدُواْ مَنَٰفِعَ لَهُمۡ ...﴿٢٨﴾ ﴾ الحج، ئای بۆ ئەوانەی پارەیان هەیە و تەندروستیان باشە و دەتوانن ناچن بۆ حەج ﴿ ...وَلِلَّهِ عَلَى ٱلنَّاسِ حِجُّ ٱلۡبَيۡتِ مَنِ ٱسۡتَطَاعَ إِلَيۡهِ سَبِيلٗاۚ وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَنِيٌّ عَنِ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٩٧﴾ ﴾ ال عمران . خوای گەورە بە حیکمەتی خوایەتی خۆی کەعبەی لە زەوییەکی بورکانی بێ ئاوی بێ سەوزاییدا داناوە، تا جیاواز بێت لە گەشت و گەڕانی تر، ئەمە گەشتێکە جیاواز لە هەموو گەشتەکانی دنیا، ئەمە گەشتی دڵە پێش ئەوەی گەشتی لاشە بێت. (فاجعل أفئدة من الناس تهوى إليهم) . بەڕاستی حەج کردن، لە ئیحرام بەستنەوە، کە لە کفنی سپی دەچێت هەتا هەموو کارەکانی تری گەورەترین یادخەرەوەی ڕۆژی حەشرن کە ئەبێ مرۆڤ خۆی بۆ حازربکات. (وتاری دکتۆر عبدالمحسن لەبارەی حەجەوە) .

## داهێنەران:

خوای گەورە بە حیکمەتی خۆی هەرکەسەوتوانایەکی داوەتێ، جا ئەگەر ئەو توانا و لێهاتوییانەی لەو کەسەدایە لە منالییەوە ڕێنمایی بکرێت، سەرەنجام ئەو کەسە کەسێکی داهێنەری لێ دەردەچێت. دکتۆر **طارق السويدان** لە باسی داهێناندا دەڵێت: بۆ دروست بوونی داهێنەران چوار قۆناغ هەیە:

یەکەم: قۆناغی منالی: ئەم قۆناغە زۆر گرنگە، زۆربەی زۆری منالان توانا و لێهاتنیان تیایە، ئەگەر لە لایەن دەوروبەرەکەیانەوە پەرەیان پێبدرێت و ڕێنمایی بکرێن، کەسێکی داهێنەریان لێ دەردەچێت، کە بەداخەوە لەم قۆناغەدا واتە هەر لە سێ چوار ساڵییەوە بەهۆی نەزانی دایك و باوك و پاشان دەوروبەرەوە تواناکان و لێهاتنەکانیان دەپوکێنەوە. جاری وا هەیە منالێك بێ

باوکە، بەهۆی دایکییەوە یان مامۆستایەکییەوە، بێ باوکییەکەی بۆ دەبێت بە خێرو دەبێتە کەسێکی داهێنەر و سەرکەوتوو. جاری واش هەیە منالێك کە لە خێزانێکی دەوڵەمەندایە، یان لە خێزانێکدایە کە پلە و پایەیەکی کۆمەڵایەتیان هەیە، ئەویش بەهۆی گرنگی پێدانی دەوروبەرەکەیەوە کەسێکی لێهاتووی داهێنەری لێدەردەچێت. . وتمان هی وا هەیە خوای گەورە توانایەکی داوەتێ کە بۆ سەرکردەیی دەست دەدا، عەمری کوڕی عاص خوا توانای زۆری دابوویە، بۆیە کە عومەری کوڕی خەتتاب کەسێکی بێ توانا و دەستەوسانی بدیایە دەیوت: پاك و بێگەردی بۆ ئەو خوایەی کە تۆش و عەمری کوڕی عاصیشی خەلق کردووە!یان دەیفەرموو: ناگونجێ عەمری کوڕی عاص سەرکردە نەبێت، کە بە زۆرزان و لێزانی عەرەب بەناوبانگ بوو.

دووەم: قۆناغی خۆناسین و دیاری کردنی ڕێگا: لەم قۆناغەدا کەسەکە، تواناکانی خۆی دەناسێ و ڕێی خۆی دیاری دەکات بەوەی کە دەیەوێت بگاتە چی و پاشان هەوڵەکانی چڕ دەکاتەوە لەو بوارەی کە بۆی تێدەکۆشێ.

سێیەم: قۆناغی خۆتەواوکردن، کە بە ڕای من تا سیساڵی دەخایەنێت بەوەی کە هەوڵی تەواو بدات بۆ وەرگرتن هەروەك عومەری کوڕی خەتتاب دەفەرموێت: (تفقهوا قبل أن تُسَوَدُوا) فێربن پێش ئەوەی ببنە پێشەوا و پلە و پایەتان هەبێت. لەم قۆناغەدا تواناکانی زیاتر (صقل) دەکات و هاوڕێیەتی زانایان و شارەزایانی بوارەکەی خۆی دەکات و بەردەوام هەوڵی خۆتەواوکردن ئەدات بە وەرگرتن، هەرچەند دەشتوانێ کەم کەم بەخشینی هەبێت.

چوارەم: قۆناغی بەخشین، دیارە مرۆڤ نابێ هەر وەرگرێ، ئەبێ لەم قۆناغەدا شتێ پێشکەش بکات و ڕۆڵێك لە ژیاندا ببینێت، تا وەك پیاوە بە تەمەنەکەی یابانی لێ نەیەت، کە لە تەمەنی سەدو بیست ساڵیدا، ناوی لە مەوسوعەی جینسدا تۆمارکرا، ئاهەنگێکیان بەم بۆنەیەوە بۆ گێڕا، ناوبراو لە ئاهەنگەکەدا وتی: من داوای لێبوردن دەکەم لەوەی کە لەم تەمەنە درێژەمدا نەمتوانیوە شتێك پێشکەش بە بەشەریەت بکەم شایانی باس بێت. [112] داهێنەران لەسەردەمی کۆن و نوێدا خزمەتی زۆری مرۆڤایەتییان کردووە، بۆ نموونە:

---

[112]– ل٣٢، تفاءل الحياة حلوة، وفاء محمد مصطفى.

# یەکەم :بوخاری

هەر لە منداڵییەوە توانا و لێهاتووییەکی زۆری تیا بوو، تەمەنی لە دە ساڵ کەمتر بوو کە لە کۆڕی زانایاندا دادەنیشت لەبوخارا و تەنانەت لە یانزە ساڵیدا هەندێ شتی بۆ مامۆستاکانیشی ڕاست دەکردەوە. لە حەڤدە ساڵیدا هاتە بەسرە بۆ فێربوون و حەدیس وەرگرتن، شوێنی دەکەوتن و لە دەوری کۆدەبوونەوە تا ئەوان حەدیس لەم وەرگرن. کە هاتە بەغدا تاقییان کردەوە بەوەی کە سەد فەرموودەی ڕاستیان هێنا و سەنەدەکانیان تێکەڵ کردن، پاشان دە کەسی زیرەکیان هێنا و هەر کەسە و دە فەرموودەیان دایە کە بە بوخاری بڵێت، هەر کەسە فەرموودەکانی خۆی بە بوخاری وت: کە هەڵە لە سەنەدەکەیاندا هەبوو، بوخاریش دەیوت شتی وام نەبیستووە، تا هەر سەد فەرموودەکە تەواو بوو، ئنجا کەوتە ڕاست کردنەوە بۆیان و دەیوت: فلان کە ئەم دە فەرموودەیەی بەم شێوەیە وت هەڵەیە و ئەمەش ڕاستەکەیەتی، واتە: لە یەك کاتدا هەر سەد فەرموودە هەڵەکەی لەبەرکرد و توانی ڕاستیشیان بکاتەوە کە ئەمەش هەموانی سەرسام کرد. بوخاری کە صەحیحەکەی ڕاستترین پەڕاوە لەدوای قورئانی پیرۆز، زۆر وردەکاری دەکرد و تەحقیقی دەکرد لە وەرگرتنی فەرموودەدا، تا تەواو دڵنیا نەبووایە کە ڕاستە تۆماری نەدەکرد، ئنجا زۆر پارێزکار بوو، تەنانەت لە زانستی (جرح وتعدیل) دا کە باس لەوانە دەکات کە فەرموودەیان ڕیوایەت کردووە، زۆر بە حەزەرەوە باسی دەکردن و حوکمی لەسەر ئەدان ئەترسا ببێتە غەیبەت، هەرچەند ئەوانە غەیبەتیان جائیزە. بوخاری کەمجار وتویەتی کەسێك درۆزنە، کەمجار وتویەتی فەرموودەی هەڵبەستووە، بە قوتابیەکانی دەوت: ئەگەر وتم **(في حديثه نظر)** ئەوە وەری مەگرن.

بوخاری لە شەست و دوو ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە، ئەحمەد کوڕی حەفص دەڵێت: لە سەرەمەرگدا لای بوخاری بووم وتی: سوپاس بۆ خوا وا نازانم لە ماڵ و سامانمدا نەك حەرام بەڵکو پارەی گوماناویشی تیا بووبێت، کە ئەمەی وت خۆمم لەبەرچاو کەوت. ئیمام ئەحمەد کە مامۆستای بوخاری بوو دەڵێت: لە خوراسانەوە کەسی وامان بۆ نەهاتووە. ئیبن خوزەیمەی فەرموودەناس دەڵێت: کەسم نەدیوە لەسەر زەوی بەهێندەی بوخاری زانا و زیرەك بێت.

## دووەم :میــکۆ مـۆتــۆ:

ئەگەر سەیری وڵاتانی دنیا بکەین دەبینین ئەوانەی داهێنەرن توانیویانــە جـێ پەنجـەی خۆیان لەسەر ژیان بەجێبهێڵن، بۆ نموونە :میکۆ مۆتۆ بە ڕۆژ پاڵی بە عەرەبانەیــەکی بچـوکەوە دەنا و یارمەتی باوکی دەدا لە فرۆشتنی برنجی کوڵاودا، لە هەژدە ساڵیشدا سەدەفی دەفرۆشت و ئەگەرا بەدوای سەدەفی نایاب و دەگمەندا، ڕۆژێك لە ڕاوچییەکی پرسی بۆچی ئەو ســەدەفانەی کە گەوهەر دروست دەکەن کەمن، ئــەویش پێــی وت: کــە گەوهــەر ماددەیــەکی جەلاتینیــە و قەوقەعە ئەو **طفیلیا**تانەی پێ دادەپۆشی کە دەچنە ناویەوە، وەك هۆکارێکی خۆپاراستن. جـاری وا هەیە دەنکە لمێك، یان پولەکەی ماسییەك یــان حەشــەرەیەکی بچــووك دەچــێتە ناویــەوە و بەتێپەڕبوونی کات ڕەق دەبێت و ئیتر ئازاری سەدەفەکە نادات. لەو ڕۆژەوە بیری بەرهەمهێنانی مرواری لای میکۆ مۆتۆ گەڵاڵە بوو.

هەرچەندە فیکرەکە ئاسانە بەڵام کەس تاقی نەکردبۆوە، ناوبراو کەوتە تاقیکردنەوە، لە چـاندنی تەنی نامۆ لەناو (سەدەف) دا بەڵکو فیکرەکە سەربگرێ و ببێ بە (**مرواری**) . بەدرێژایی پـانزە ساڵ هیچ یەکێ لە هەوڵەکانی نەهاتنەبەر، بەهۆی ئەوەوە زۆر هەژار کەوت و خەڵکی بەشێتیان دائەنا، کە خەریك بوو بێ هیوا بێ بڕیاری دا بگەڕێتەوە سەر برنجی کوڵاو فرۆشتن، بەڵام ژنەکەی قایل نەبوو بگەڕێتەوە و پێی وت: من پاڵ بە عەرەبانەکەوە دەنێم و خەریکی ئــەوە دەبم، تــۆش خەریکی تاقیکردنەوەکانی خۆت ببە سا بەڵکو بگەینە ئامانج. ناوبراو سەرەنجام بۆی دەرکەوت کە جۆری ئەو ماددانەی کە دەچنە ناو لەشی (ســەدەفە) وە، هــەروەها پلــەی گــەرمی ئاوەکــە ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە لەسەر هاندانی (ســەدەفەکە) بــۆ دروســتکردنی مــرواری. لــە (٢٨) ی سێپتەمبەری ١٨٥٩ ناوبراو لەگەڵ ژنەکیدا لە گەشتێکدا بوون ئەو سەدەفانەی پیشان ئەدا کە لەسەر ڕووی ئاوەکە بوون، ژنەکەی وەستا داوای لێکرد بەختی خۆی تاقی بکاتەوە و یــەکێ لــە (سەدەفەکان) تاقی بکاتەوە کە زیاتر لە پانزە ساڵ بوو لە ئاودا بوو، لەبەر خاتری ژنەکەی چــوو دانەیەکی هێناو کردیەوە، کە دایە دەست ژنەکەی و کردیەوە، مرواری یەکی تیابوو. ئەوەی کــە ناوبراو بە ئەزموونی پانزە ساڵ فێری بوو زۆری تا ئێستا هەر نهێنییە و بڵاو نەکراوەتــەوە. وەك ڕێزێك ناونرا (**پاشای مـرواری**) و بوو بە یەکێ لە دەوڵەمەندەکانی جیهان. (٢٨) ی دیسەمبەر

وەك خاڵێکی وەرچەرخان بوو بۆ پێشەسازی **مرواری** لە یابان و ئێستاش بووە بە ڕۆژی پشوودانی کۆمپانیاکانی **(مرواری)** لەو وڵاتە. ئەم کارەی میکۆ مۆتۆ بووە هۆی بەرزکردنەوە و پێشخستنی پیشەسازی یابان و چوونە ڕیزی وڵاتە پێشکەوتووەکان.



وێنەی میکۆ مۆتۆ




وێنەی یەکێ بە فرۆشگاکانی کۆمپانیاکەی

## ئوممەتێکی خاوەن یەقین

خوای گەورە یەقینیاتی زۆری داوە بەم ئوممەتە بۆیە بڕواداران دڵدامەزراون و سەروماڵیان بەخت دەکەن لە پێناو سەرخستنی پەیامەکەی خوادا. پێغەمبەر (ﷺ) لەبارەی یەقینیاتی ئەم ئوممەتەوە دەفەرموویێت: (ما أُعطيت أمة من اليقين أفضل مما أُعطيت أمتي) سعيد بن مسعود ڕیوایەتي کردوة/الجامع الصغير /السيوطي ٧٨٢٨ / ضعيف واتە:هیچ گەلێك یەقینی زیاترو چاتری پێنەدراوە لە گەلەکەی من. (ما أخاف على أمتي إلا ضعف اليقين)السيوطي /الجامع الصغير / أبو هريرة /٧٧٩٥ /حسن، واتە :تەنها لە لاوازی یەقین دەترسم تووشی ئوممەتەکەم ببێت.(سلوا الله اليقين والعافية ،فما أُعطي أحد بعد اليقين شيئاً خيراً من العافية ،فسلوهما الله)الراوي أبوبكر الصديق، المحدث ابن التيمية _ مجموع الفتاوى _ ٣/٣٣٠/ (حديث مشهور) واتە:داوا بکەن خوا یەقین و لەش ساغیتان بداتێ، هیچ شتێك دوای یەقین لە لەش ساغی گرنگتر نیە. ئەوانەی یەقینیان هەبێت و کاروکردەوەی چاك بکەن لە قیامەتدا رووسپین و ئەوانەش بە پێچەوانەوەبن

روویان ڕەشەو شەرمەزار و سەرشۆری قیامەتن. ﴿ يَوْمَ تَبْيَضُّ وُجُوهٌ وَتَسْوَدُّ وُجُوهٌ ۚ فَأَمَّا الَّذِينَ اسْوَدَّتْ وُجُوهُهُمْ أَكَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَانِكُمْ فَذُوقُوا الْعَذَابَ بِمَا كُنتُمْ تَكْفُرُونَ ﴿١٠٦﴾ وَأَمَّا الَّذِينَ ابْيَضَّتْ وُجُوهُهُمْ فَفِي رَحْمَةِ اللَّهِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ ﴿١٠٧﴾ ﴾ آل عمران .

## موعـجيـزاتی پێـغەمبـەر (ﷺ) :

یەکێ لە موعجیزەکانی پێغەمبەر (ﷺ) بریتییە لە هەواڵدان بەشتی داهاتوو، پاشان هاتنەدی ئەو شتانە هەروەك ئەوەی کە هەواڵی داوە، کە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر پێغەمبەرێتی ئەو زاتە موبارەکە و بەڵگەشە لەسەر ئەوەی کە هیچ لەخۆیەوە ناڵێ ﴿ وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَىٰ ﴿٣﴾ إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَىٰ ﴾ النجم

١- قورئان هەر لە مەککەوە هەرچەند موسوڵمانان چەوساوەبوون هەواڵ ئەدات کە لە داهاتوودا کۆمەڵێك موسوڵمان دەجەنگن لە پێناوی خوادا، بۆیە شەونوێژیان لەسەر سووك دەکات و وەك سوننەتێك دای دەنێت بۆ هەر کەس وەك زیادە پەرستشێك کە بیکات، کەئەمەش هاتەدی و لەمەدینە کەوتنە جەنگان لەگەڵ دوژمن، قورئان دەفەرموێت ﴿ إِنَّ رَبَّكَ يَعْلَمُ أَنَّكَ تَقُومُ أَدْنَىٰ مِن ثُلُثَيِ اللَّيْلِ وَنِصْفَهُ وَثُلُثَهُ وَطَائِفَةٌ مِّنَ الَّذِينَ مَعَكَ ۚ وَاللَّهُ يُقَدِّرُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ ۚ عَلِمَ أَن لَّن تُحْصُوهُ فَتَابَ عَلَيْكُمْ ۖ فَاقْرَءُوا مَا تَيَسَّرَ مِنَ الْقُرْآنِ ۚ عَلِمَ أَن سَيَكُونُ مِنكُم مَّرْضَىٰ ۙ وَآخَرُونَ يَضْرِبُونَ فِي الْأَرْضِ يَبْتَغُونَ مِن فَضْلِ اللَّهِ ۙ وَآخَرُونَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ ۖ فَاقْرَءُوا مَا تَيَسَّرَ مِنْهُ ۚ وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَأَقْرِضُوا اللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا ۚ وَمَا تُقَدِّمُوا لِأَنفُسِكُم مِّنْ خَيْرٍ تَجِدُوهُ عِندَ اللَّهِ هُوَ خَيْرًا وَأَعْظَمَ أَجْرًا ۚ وَاسْتَغْفِرُوا اللَّهَ ۖ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٢٠﴾ ﴾ المزمل٢٠

٢- قورئان هەواڵ ئەدات، کە خوای گەورە ناوبەناو کەسانێك زاڵ دەکات بەسـەر جوولەکـەدا کـە دەماریـان دەردێنن و تۆڵەی خراپە و خراپەکارییان لێ دەسێنن، ئەمەش لەسەرتاسەری مێژووی جوولەکـەدا دەیبیـنین، هەروەك دەفـەرموێت ﴿ وَإِذْ تَأَذَّنَ رَبُّكَ لَيَبْعَثَنَّ عَلَيْهِمْ إِلَىٰ يَوْمِ الْقِيَامَةِ مَن يَسُومُهُمْ سُوءَ الْعَذَابِ ۗ إِنَّ رَبَّكَ لَسَرِيعُ الْعِقَابِ ۖ وَإِنَّهُ لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٦٧﴾ ﴾ الأعراف .

٣- هەواڵدان بە مردنی پاشای حەبەشە (نەجاشی) لەو ڕۆژەی کە تیایا کۆچی دوایی کرد.

قال (عمران بن حصين) : قال لنا رسول الله (ﷺ) : (إن أخاكم النجاشي قد مات، فقوموا فصلوا عليه) قال: فقمنا، فصففنا كما يصف على الميت، وصلينا عليه كما يصلى على الميت) [113] ئەمەش یەکێکە لە بەڵگەکانی پێغەمبەرێتی ئەو زاتە موبارەکە کە هەواڵی داوە بە مردنی نەجاشی، کە دیارە خوا ئاگاداری کردووە لەمە، ئەگینا دووری نێوان مەدینە و حەبەشە زۆرە و ڕەنگە بە مانگێك ئەو هەواڵە نەگات.

٤- هەواڵدان بە هاتنی ئوەیسی قەرنی: قال رسول الله (ﷺ) : (إن رجلا يأتيكم من اليمن، يقال له أويس، لا يدع باليمن غير أم له، قد كان به بياض فدعا الله فأذهب عنه، إلا موضع الدرهم، فمن لقيه منكم فمروه فليستغفر لكم) [114] حەزرەت (ﷺ) بە هاوەڵانی فەرموو: کەسێك لەداهاتوودا لە یەمەنەوە دێت بۆ لاتان، ناوی ئوەیسە و نەخۆشیەکی پێستی هەبووە و بەهۆی دوعاوە نەخۆشیەکەی چاك بۆتەوە و تەنها جێ پەنجاییەکی ماوە. پاش وەفاتی حەزرەت (ﷺ) بەچەند ساڵێك، لە زەمانی حەزرەتی عومەردا کە ساڵانە لە یەمەنیەکان ئەحواڵی ئەم ئوەیسەی دەپرسی کە ئایا هاتووە لە گەڵیاندا یان نا، ئوەیس هات بۆ مەدینە و بەیەکگەشتن، عومەر پرسی: ناوت چییە؟

وتی: ئوەیس.

عومەر وتی: دایکت ماوە؟

وتی: بەڵێ.

عومەر وتی: ئایا هیچ نەخۆشیی پێستت هەبووە؟

وتی: بەڵێ، دوعام کرد خوا چاکی کردومەتەوە تەنها جێی ناوکم نەبێت، تا هەمیشە فەزڵی خوام لەیاد بێت و یادی بکەم.

---

[113]- الراوي: عمران بن حسين المحدث: الألباني، المصدر: صحيح الترمذي، الصفحة أو الرقم ١٠٣٩، خلاصة حكم المحدث: صحيح.

[114]- الراوي: عمر ابن الخطاب، المحدث: الألباني: المصدر: صحيح الجامع- الصفحة أو الرقم: ٢٠٨٣، خلاصة حكم المحدث: (صحيح).

عومەر وتی: داوای لێخۆشبوونم بۆ بکە.
ئوەیس:تۆ هەقە داوای لێخۆشبوونم بۆ بکەی، تۆ هاوەڵی رسول الله یت.
عومەر وتی: من گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو (ﷺ) دەیفەرموو: (إن خير التابعين رجل يقال له: أويس، وله والدة، وكان به بياض، فدعا الله، فأذهبه عنه إلا موضع الدرهم في سرته) . ئـوەیس داوای لێخۆشبوونی بۆ کرد.

٥- هەواڵدان بە جێگرتنەوەی ئەبوبەکر: ژنێـك هـات بـۆ خزمـەتی نێـردراوی خـوا (ﷺ) ، فەرمانی پێدا کە بێتەوە بۆلای، ئەویش وتی: باشە ئەگەر هاتم و تۆم دەسـتنەکەوت؟ (هـەروەك بڵێت: کۆچی دواییت کردبێت) فەرمووی: ئەگەر منت دەست نەکەوت بچۆ بۆلای ئەبوبەکر. (إن لم تجدني فآتي أبا بكر) [115]. .

نەوەوی دەفەرموێت: ئەمە غەیب و پەنهانێکی داهاتووە کـە خـوا پێغەمبەرەکـەی لێ ئاگـادار کردووە، کە ئەبوبەکر ئەکەوێتە دوای حەزرەت.

٦- هەواڵدانی حەزرەت (ﷺ) بە هەڵکردنی ڕەشەبا لە تەبوکدا:

قال رسول الله (ﷺ) : (ستهب عليكم الليلة ريح شديدة فلايقيم فيها أحد منكم، فمـن كـان لـه بعير فليشد عقاله) [116] کاتێ موسڵمانان لە تەبوك بوون حەرزەت (ﷺ) هەواڵی دانێ کە شـەو ڕەشـەبایەکی بـەهێز هەڵـدەکات و، لـەکاتی ڕەشـەباکەدا بـا کـەس هەڵنەسـتێتە سـەرپێ و، هەرکەسیش حوشتری هەیە با شتومەکەکانی باش ببەستێتەوە، نەوەك ڕەشەباکە کەلوپەلەکـەی بەرێ یان حوشترەکەی بەلەسە ببێ و ناچاربێ هەستێ. ئەو شەوە ڕەشەبایەکی زۆر بەهێز هـەڵی کرد، پیاوێك هەستابووە سەرپێ ڕەشەبا بردبووی تا کێوی (طيء) . کە ئەمەش موعجیزەیەکی ئەو زاتە موبارەکەیە کە خوای گەورە ئەو غەیبەی بۆ ئاشکرا کردووە.

٧- هەواڵدان بە موسڵمانبوونی ئەبو تەڵحە: کاتێك مێردی ئوم سولەیم وەفـاتی کـرد، ئـەبو تەڵحە چووە داوای، ئەویش وتی: تۆ کەسێك نیت دەست بنرێت بەڕووتـەوە، بـەڵام تـەنها ئـەوە

---

[115]- (جبير بن مطعم) ڕیوایەتی کردووە، صحيح البخاری، الصفحة أو الرقم: ٣٦٥٩،
[116]- الراوي: أبو حميد الساعدي، المحدث: مسلم، صحيح مسلم، الصفحة أو الرقم ١٣٩٢،

گرفته كه من ئافرەتێكی موسڵمانم وتۆش كافریت، بۆیه ناتوانم شووت پێ بكەم. ئـەبو تەڵحـه وتی: ئەمه عادەت نیه؟

وتی: ئەی عادەت چییه؟

وتی: عادەت ئەوەیه داوای ئاڵتوون و زیوبكرێت.

وتی: من ئاڵتوون و زیوم ناوێ، تەنها موسڵمانبوونم لێت دەوێـت، مـارەییم موسـوڵمانبوونته و هیچی ترت لێ داوا ناكەم.

وتی: جا بچمه لای كێ؟

وتی: برۆ بۆلای حەزرەت (ﷺ) .

ئەبو تەڵحه چوو بۆلای حەزرەت (ﷺ) كه لەناو هاوەڵانیدا دانیشـتبوو، هـەر لـه دوورەوە كـه حەزرەت (ﷺ) بینی فەرمووی: (جاءكم أبو طلحة غُـرَّة الإسـلام بـين عينيـه) . قسـەكەی (أم سُلَيم) ی به حەزرەت (ﷺ) وت و موسوڵمان بوو ئەوەش بوو به مارەییەكەی. **ثابتالبناني** كـه ئەمەی ڕیوایەت كردووە دەڵێت: (نەمان بیستووە هیچ مارەییەك ئەوەندە گەورە بـێ، كـه ڕازی بوو ئیسلام مارەیی بێت) [١١٧].

٨- هەواڵدان به پرسیاری پرسیاركەر: وابصەی كوڕی معبد دەڵێـت: هـاتم بـۆلای پێغەمبـەر (ﷺ) تا پرسیاری لێ بكەم له بارەی هەرچی شتی چاك و خراپەوەیه.

كه گەیشتمه لای فەرمووی: وەره نزیكەوە ئەی وابصه. لێی نزیك بوومەوە تاوەكو ئەژنۆم نووسا به ئەژنۆیەوە، فەرمووی: (ئەی وابصه با هەواڵت بدەمێ بەوەی هاتووی لەبارەیەوە دەپرسیت) .

وتم: ئەی پێغەمبەری خوا دەی پێم بڵێ.

فەرمووی: هاتووی پرسیار لەبارەی چاك و خراپەوە (البر والإثم) بكەی.

---

[١١٧]- ئەنەسی كوڕی مالیك ڕیوایەتی كردووە، المحدث: الألباني، المصدر: أحكام الجنائز، الصـفحة أو الرقم:٣٥، خلاصة حكم المحدث: أخرجه البخاري ومسـلم مختصـرا مقتصـرا علـى قصـة وفـاة الصبي.

وتم: بەڵێ. بە سێ پەنجەی موبارەکی کێشای بە سنگما و فەرمووی: (يا وابصة استفت قلبك البر ما اطمأنت إليه النفس واطمأن إليه القلب، والإثم ما حاك في القلب وتردد في الصدر، وإن أفتاك الناس وأفتوك) [118]

٩- هەواڵدان بە هاتنی پیاوێك: سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص دەڵێت: قاپێ خواردنیان بۆ پێغەمبەر هێنا (ﷺ) ئەویش لێی خوارد و هەندێکی لێ مایەوە، فەرمووی: (يجيء رجل من هذا الفج، من أهل الجنة، يأكل هذه الفضلة) ، پیاوێك دێت لەو دۆڵەوە، لە ئەهلی بەهەشتە و ئەم پاشماوەیە دەخوات. سەعد دەڵێت: من عومەیری برام بەجێهێشتبوو دەستنوێژی دەشت، وتم: ڕەنگە عومەیر بێت، کەچی عەبدوڵای کوڕی سەلام هات و خواردی[119] .

١٠- هەواڵدان بە هاتنی کەسێکی ئەهلی بەهەشت: ئەنەسی کوڕی مالیك دەڵێت: لەگەڵ حەزرەت (ﷺ) دانیشتبووین فەرمووی: (ئێستا پیاوێکی ئەهلی بەهەشت دێت بۆلاتان) . کاتێکمان زانی پیاوێکی ئەنساری هات، ئاوی دەستنوێژ لە ڕیشی ئەتکا و نەعلەکانیشی بە دەستی چەپییەوە بوو، بۆ ڕۆژی دووەم هەمان شتی فەرموو هەمان کەس هات، بۆ ڕۆژی سێیەمیش هەمان شتی فەرموو و هەمان کەس هات، عەبدوڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص دەڵێ: چووم بۆ ماڵیان وتم: لە باوکم زویر بووم و دەبمە میوانت، سێ شەو میوانی بووم، هیچی زیادەم نەدی بیکات، تا دواجار مەبەستەکەی خۆمم پێ وت، ئەویش وتی: (من دڵ و سینەم سافە بەرامبەر موسوڵمانان و حەسادەت بە کەس نابەم) ، منیش وتم: ئەمەیە تۆی گەیاندۆتە ئەو پلەیە کە بە ئێمە ناکرێت.

١١- دانانی سێ سەرکردە: حەزرەت (ﷺ) سێ سەرکردەی دانا بۆ موسڵمانان کاتێ ناردنی بۆ جەنگی موئتە، دیارە خوا ئاگاداری کردبوو کە هەرسێکیان شەهید دەبن بۆیە فەرمانی دانێ ئەگەر سێیەمیش شەهید بوو با خۆیان ڕێبکەون لەسەر کەسێك، پاشان هەر لەمەدینەوە هەواڵی

---

[118]– الراوي: وابصة بن معبد، المصدر: صحيح الترغيب، الصفحة أو الرقم ١٧٣٤، إسناده حسن.

[119]– سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص ڕیوایەتی کردووە، المصدر: الصحيح المسند، الصفحة أو الرقم ٣٧٨، سنده حسن.

شەهیدبوونی هاوەڵانی دا بە موسڵمانان لە مەدینە، کەئەمەش بەڵگەیەکی گەورەیە لەسەر پێغەمبەرێتی ئەوە زاتە. عن أنس (رضي الله عنه) قال: نعى النبي (ص) زيداً وجعفراً وابن رواحة للناس قبل أن يأتيهم خبرهم فقال: (أخذ الراية زيد فأصيب، ثم أخذ جعفر فأصيب، ثم أخذ ابن رواحة فأصيب —وعيناه تذرفان- حتى أخذ الراية سيف من سيوف الله —يعني خالد بن الوليد- حتى فتح الله عليهم) [120]

١٢– هەواڵدان بەوەی کە فاتیمە یەکەم کەسە کە پێی دەگات: عائیشە دەڵێت: (هاوسەرەکانی پێغەمبەر (ﷺ) هەموو لە خزمەتیا بوون، فاتیمە هات ڕۆشتنەکەی هەر دەتوت ڕۆشتنەکەی پێغەمبەرە (ﷺ) فەرمووی: مەرحەبا کچی خۆم و لای خۆیەوە داینا، ئنجا شتێکی پێ وت گریا، دوایی پێکەنی. . .) هۆی گریانەکەی ئەوەبوو کەهەواڵی دایە دنیا بەجێ دەهێڵێت ، پێکەنینەکەشی بۆ ئەوەبوو کە مژدەی دایە یەکەم کەس لەناو خاوو خێزانیا ئەم پێی دەگاتەوە.

١٣– هەواڵدان بە تەمەنی منالێك: عەبدولای کوڕی بسر دەڵێت: حەزرەت (ﷺ) پێی فەرمووە کە ئەم غولامە سەدەیەك دەژی، هەرواش دەرچوو سەدەیەك ژیا. [121]

١٤- هەواڵدان بە فەتحی میسر: ئەبوزەر (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێت: حەزرەت (ﷺ) دەفەرموێ:ئێوە فەتحی شوێنێك دەکەن کە باسی قیراتی تیادەکرێت، باش بن لەگەڵیان، ئەوانە زیمە و خزمایەتیان هەیە بەهۆی هاوسەرەکەی پێغەمبەر (ﷺ) ماریای قیبتیەوە، ئەگەر بینیت دووکەس لەسەر جێ خشتێك ناکۆکن بەجێی بهێڵە (إنكم ستفتحون أرضا يذكر فيها القيراط فاستوصوا بأهلها خيراً فإن لهم ذمة ورحمة، فإذا رأيتم رجلين يقتتلان في موضع لبنة فاخرج منها) . قال أبو ذر: (فرأيت عبدالرحمن ابني شرحبيل بن حسنة وأخاه ربيعة يتنازعان في موضع لبنة، فخرجت منها) . ئەبو زەر دەڵێ: کەبینیم عبدالرحمانی کوڕی شەرحەبیل و براکەی لەسەر جێ خشتێك دەمەقاڵێ و ناکۆکیانە میسرم بەجێهێشت.

---

[120]– البخاري، صحيح البخاري، الصفحة أو الرقم: ٣٧٥٧، صحيح.

[121]– الراوي: عبدالله بن بسر، المحدث: الألباني، المصدر: السلسلة الصحيحة، ص/ الرقم: ٢٦٦٠، إسناده صحيح.

١٥- هەواڵدان بەشوێنی مردنی مەیمونە: (ثقلت ميمونة بمكة وليس عندها من بني أختها أحد فقالت: أخرجوني من مكة فإني لا أموت بها، إن رسول الله (ص) أخبرني أني لا أموت بمكة، فحملوها حتى أتوا بها إلى سرف، الشجرة التي بنى بها رسول الله (ص) تحتها في موضع القبة فماتت رضي الله عنها) [١٢٢]حەزرەت (ص) هەواڵی دابوو بە مەیموونەی خێزانی کە لە مەککە نامرێت و هەرواش دەرچوو.

١٦- هەواڵدان بە مردنی گەورە دووڕوویەك لە مەدینە:عن جابر بن عبدالله أن رسول الله (ﷺ) قدم من سفر، فلما كان قرب المدينة هاجت ريح شديدة تكاد أن تدفن الراكب، فزعم أن رسول الله (ﷺ) قال: (بعثت هذه الريح لموت منافق) فلما قدم المدينة، فإذا منافق عظيم، من المنافقين، قد مات. [١٢٣]جابر دەڵێت: (پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە سەفەرێك هاتەوە، کاتێ نزیکی مەدینە بوویەوە گێژەڵوکەیەکی سەخت هەڵیکرد، لەوانەبوو کە سوار سەرونگوم بکات، جابر وا گومانی برد لەو کاتەدا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: "ئەم ڕەشەبایە بۆمردنی دووڕوویەك نێرراوە". کاتێ هاتەوە مەدینە سەیردەکات وا گەورە پیاوێکی دووڕووەکان مردوە) .

١٧- هەواڵدان بە فەتحی شام:أن رجلا قام في المسجد فقال: يا رسول الله، من أين تأمرنا أن نهل؟ فقال رسول الله (ﷺ) : (يهل أهل المدينة من ذي الحليفة، ويهل أهل الشام من الجحفة، ويهل أهل النجد من قرن) [١٢٤]. پیاوێك لە مزگەوتدا هەستا و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا، لە کوێوە فەرمانمان پێ ئەدەی کە ئیحرام ببەستین، فەرمووی: ئەهلی مەدینە لە (**ذي الحليفة**) و ئەهلی شام لە جوحفە (هێشتا لەسەردەمی خۆیدا شام موسڵمان نەبووبوون) ، ئەهلی نەجدیش لە (قەرن) ەوە. ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە خوا حەرزەتی (ﷺ) ئاگادار کردووە کە شامیش فەتح دەکرێت و لەوێوە دێن بۆ حەج، کە دەبێت لە جوحفەوە ئیحرام ببەستن.

---

[١٢٢]- الراوي: ميمونة بنت الحارث، المحدث: الوادعي، المصدر: صحيح دلائل النبوة، ص/الرقم: ٦٥٤، حكم المحدث: سند صحيح على شرط مسلم.

[١٢٣]- المحدث: مسلم، المصدر: صحيح مسلم، ص/ الرقم: ٢٧٨٢، حكم المحدث: صحيح.

[١٢٤]- المحدث: البخاري، صحيح البخاري، ص/ أو الرقم: ١٣٣، صحيح.

١٨- هەواڵدان بەوەی کاتێ دێ کەس خێر وەرناگرێ: حەزرەت (ﷺ) بەعەدی کوڕی حاتەمی فەرموو: ئەگەر بژیت دەبینیت، کەسێ پڕ دەستی ئاڵتوون و زیو ئەدات بەخێر و کەس نابێت لێی وەرگرێت، کەئەمەش لەزەمانی عومەری کوڕی عبدالعزیزدا هاتەدی، ئەمەش موعجیزەیەکی ئەو زاتەیە، کەخوا ئاگاداری کردووە ئەگینا کەس دێ بەخەیاڵیدا شتی وا رووبدات وئاوا بە دڵنیایەوە بیڵێت؟ **قال رسول الله (ﷺ) لعدي بن حاتم** (لئن طالت بك الحياة، لترين الرجل يخرج ملء كفه من ذهب أو فضة، يطلب من يقبله فلا يجد أحداً يقبله منه، وليلقين الله أحدكم يوم يلقاه، وليس بينه وبينه ترجمان يترجم له، فيقول: ألم أبعث إليك رسولاً فيبلغك؟ فيقول: ألم أعطك مالاً وولداً وأفضل عليك؟ فيقول: بلى، فينظر عن يمينه فلا يرى إلا جهنم، وينظر عن يساره فلا يرى إلا جهنم) [١٢٥]

١٩- هەواڵدان بەوەی زەینەب یەکەم کەسە لە خێزانەکانی دەگاتەوە پێی: **قال رسول الله (ﷺ)** : (أسرعكن لحاقاً بي أطولكن يداً) قالت عائشة: فكن يتطاولن أيتهن أطول يداً، قالت: فكانت أطولنا يداً زينب لأنها كانت تعمل بيدها وتصدق. [١٢٦] واتە، حەزرەت فەرمووی: ئەوەتان کە دەستی درێژترە زووتر پێم دەگاتەوە، خێزانەکانیشی قۆڵیان بەیەك دەگرت بزانن کامیان قۆڵی درێژترە، کەزەینەب مرد زانیان مەبەستی ئەوەیان بووە کەدەستی هەردەم درێژتر بووە بۆ خێرکردن.

٢٠- هەواڵدان بە نەمانی ڕەحم و خزمایەتی: **قال رسول الله (ﷺ) : (إن بين يدي الساعة. . . . . قطع الأرحام)** [١٢٧]

٢١– هەواڵدان بەخراپی دراوسێیەتی : (لاتقوم الساعة حتى يظهر. . . سوء الجوار) [١٢٨]

---

[١٢٥]– المحدث: البخاري، صحيح البخاري، ٣٥٩٥، صحيح.

[١٢٦]– الراوي: عائشة، المحدث: مسلم، المصدر: صحيح مسلم، ٢٤٥٢، صحيح.

[١٢٧]– الراوي: عبدالله مسعود، المحدث: الألباني، المصدر: السلسلة الصحيحة، الصفحة أو الرقم: ٦٤٧، صحيح على شرط مسلم..

**٢٢- هەواڵدان بە یەکتر نەناسین: سُئِلَ الرسول (ﷺ) عن الساعة فقال:** (علمه عند ربي، لكن أخبركم ما يكون بين يديها، إن بين يديها. . . يلقي بين الناس التناكر فلا يكاد أحد أن يعرف أحداً) [129] کەئەوەش ئێستا هاتۆتە دی جاری واهەیە کەسانێك لە گەڕەکیکدان و یەکتر ناناسن.

٢٣- هەواڵدان بەوەی تەنها سەلام لە ناسیاو دەکرێت **(من أشراط الساعة. . . أن لايُسَلِّمَ الرجل إلا على من يعرفه)** [130]

٢٤- هەواڵدان بە پانتایی دەرگای بەهەشت: **جاء في صحيح مسلم وغيره عن أبي هريرة في حديث الشفاعة (والذي نفسُ محمدٍ بيدِه إنَّ ما بين المِصْراعَين مِن مصاريع الجنة لكما بين مكَّة و هَجَرٍ أو كما بين مَكَّة وبُصْرى)**

---

**[128]- الراوي: عبدالله بن عمر بن عاص، المحدث: أحمد شاكر، المصدر: مسند أحمد، ١١/٩٠، إسناده صحيح.**

[129]- الراوي: حذيفة بن اليمان، المحدث: الألباني، المصدر: السلسلة الصحيحة، ٢٧٧١، إسناده صحيح على شرط مسلم.

[130]- الراوي: عبدالله بن مسعود، المحدث: الألباني، المصدر: صحيح الجامع، ص أو الرقم ٥٨٩٦، صحيح.




نەخشەی گوگڵ و ڕونكردنەوەی فەرمودەكەی پێغەمبەر(د.خ)

. لە ڕێی زانستی مەساحەوە ئـەو درێژیـەیان دەرهێنـا كـە ١٢٧٢ كیلۆمـەترەو دووری نێـوان مەككەو هەجەر وەك دووری نێوان مەككەو بوصرایە، ئەگەر خوا ئاگاداری نەكات ئەمە لەكوێ دەزانێت؟ ؟

## خـوا ئەم ئـاييـنـە سـەردەخـات:

شێخ عبدالحمید بن بادیس دەڵێت: مەندوبی فەڕەنسی لە جەزائیر ناردی بـەدواما لـە زەمـانی ئیستعماردا و وتی: تۆ ئەبێ دەمت داخەیت ونابێ لە مزگەوتدا دەرس بڵێیتەوە، ئەگینا سەرباز دەنێرم مزگەوتەکەت داخا و بێدەنگت بکەن.

منیش پێم وت : تۆ ناتوانیت من بێدەنگ بکەیت، لە مزگەوتیش نەهێڵن، لە کـۆڕ و کۆمـەڵی خەڵکدا و لە ئاهەنگی شایی و کـۆڕی پرسـەدا قسـەی خـۆم دەکـەم، سـواری ئوتومبیـل یـان شەمەندەفەر ببم قسە بۆ نەفەرەکان دەکەم، بمخەنە بەندیخانەوە قسە بـۆ بەنـدکراوەکان دەکـەم، بمکوژن موسڵمانان کلپە دەسێنن لە دژتان، بۆیە زۆر چاکترە بۆتان دەست نەدەن لە ئـاینی ئـەم ئوممەتـە، بـەخوا ئێمـە بـەم ئاییـنـە دەجـەنگین بەرامبـەرتان و لـە پێنـاو ئـەم ئایینەشدایە جەنگەکەمان.

ئەلب ئەرسەلان بە پانزە هەزار سـەربازەوە لـە جـەنگێك دەگەڕێتـەوە، پاشـای قوسـتەنتینیە (ڕۆمانس) بە شەش سەد هەزار سەربازەوە دەیەوێت هێرش بکاتە سـەریان وئیسـلام لـەرەگ و ریشە دەربێنێت، ئەلب ئەرسەلانیش خۆی دەشواو کفن دەپۆشێ و بۆن ئەدا لە خۆی و وتار ئەدا بۆ سوپاکەی و دەڵێت:وا ئیسلاما، وا ئیسلاما. . ئەمڕۆ ئیسلام و لاالەالا الله لە مەترسیدایە، کێ بەهەشتی دەوێت با کفن بپۆشێ و خۆی ئامادەکات بۆ مردن، هەموو سوپاکە کفنی پۆشـی و ڕووبەڕووی دوژمن بوونەوە، یەك کەس بەرامبەر چوارسەد کەس، خوای گەورە سـەری خسـتن بەسەر دوژمندا و ئەو سوپا گەورەیەیان تێـك شـکاند ﴿...كَم مِّن فِئَةٍ قَلِيلَةٍ غَلَبَتْ فِئَةً كَثِيرَةً بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿٢٤٩﴾﴾ البقرة

ئەوانەی شەهید نەبوون دەگریان کە شـەهید نـەبوون و دەبوایـە کفنەکـەیان داکەننـەوە، ئـەلب ئەرسەلانیش چەند جاری تر چووە جەنگەوە و کاتێ لەسەرجێگا لەسەرەمەرگدا بوو پێی ناخۆش بوو کە لە مەیدانی جەنگدا شەهید نەبوو، وتی: ئای بۆ ئەو ئاواتانەم کە نەهاتنە دی، ئـای بـۆ ئەو ئیشانەی کە نەمتوانی بیکەم، ئای بۆ ئـەو نەفسـانەی کـە بـەداخ و حەسـرەتەوە دەمـرن.

**(وتاری هکذا علمتنی الحیاة _علی عبدالخالق القرنی).**

## پەروەردە و فێرکردن کۆمەڵگا دەگۆڕێت:

١- فەلسەفەی پەروەردە: یەکەم شت کە ئەبێ باسی بکەین لە پەروەردە و فێرکردندا بریتییە لە فەلسەفەی پەروەردە، چونکە هەروەك تۆوەکە وایە کە چەکەرە دەکات و دواتر قەد و لق و گەڵا و گوڵ و بەروبوومی دەبێت. .

فەلسەفەی پەرەردە دروشمێك بەرزدەکاتەوە کە ئەویش هێشتنەوە و بەرەو پێش بردنی بەرەی ئادەمییە. ئەوانەی کە تەنها لە لایەنی ماددیەوە بۆ ژیان دەڕوانن تەنها بیر لە لایەنی ماددی مرۆڤ دەکەنەوە و هەموو مەبەستیان دنیایە، بەڵام پەروەردەی ئیسلامی کە فەلسەفەکەی لە عەقیدەی ئیسلامییەوە سەرچاوە دەگرێ لە لایەنی ماددی و مەعنەوییەوە بۆ مرۆڤ دەڕوانێ و مەبەستی هێنانەدی بەختەوەری مرۆڤە لە دنیا و ئاخیرەتدا.

ڕۆژئاوا پەروەردەکەی لەسەر لایەنی ماددی بنیات ناوە، بۆیە شارەزایان و دانایان کەوتنە پیاچوونەوەی فەلسەفەکەیان، بەتایبەت لە ساڵانی حەفتاکانەوە، کە چەند زانایەك کەوتنە هەڵسەنگاندنی فەلسەفەی پەروەردە، وەك (ئەبراهام ماسلو) کە پسپۆڕە لە بواری دەروونناسیدا و توانی کاریگەری زۆر لەسەر دەوروبەری دروست بکات و توێژینەوەیەکی نووسی بەناوی (شۆڕشی نەبینراو) کە تیایا باسی مەترسی جیاکردنەوەی ئایین دەکات لە پەروەردە و زانست و داوادەکات کە گرنگی بدرێ بە هەردوو لایەنی ماددی و مەعنەوی لەبواری پەروەردەدا.

هەروەها لەسەرەتای (١٩٧٠) دا یۆنسکۆ بڕیاری دا پیاچوونەوە بکات بە نیزامی پەروەردەدا لە جیهاندا لەبەرئەوەی هەست بە کەموکورتی زۆر دەکرا لەو بوارەدا، بۆ ئەمەش لیژنەیەکی نێودەوڵەتی دروست کرد بەسەرۆکایەتی مسیۆ ئێدجار کە سەرۆکی پێشووی مەجلیسی وەزیرانی فەرەنسی بوو، هەروەها وەزیری پێشووی پەروەردەی نیشتمانی بوو. لیژنەکە سەردانی (٢٣) وڵاتیان کرد و دیراسەی ڕاپۆرتی بیست و پێنج ساڵی یۆنسکۆی کرد و خولاصەی کارەکانی لە موجەلەدێکدا بەزۆربەی زمانەکانی جیهانیان چاپکرد. سەرۆکی لیژنەکە دەڵێت: کاتی ئەوە هاتووە نوێبوونەوە بکرێت لەبواری پەروەردەدا و هەموو وڵاتان هاوکاری یەکتری بکەن بۆ ئەو نوێبوونەوەیە، چونکە پێویستە مرۆڤ هەست بە ئاسوودەیی و گونجان بکات لەگەڵ نەفسی خۆی و دەوروبەریدا.

هەروەها رینیەدوبو کە پسپۆڕە لەو بوارەدا دەڵێ: زاست تاوانبارە بە ڕووخاندنی بەها باڵاکان بەبێ ئەوەی بەدیلێکی هێنابێ بۆ دیاری کردنی هەڵسوکەوتی مرۆڤ و بیروبۆچوونی لە بارەی بوونەوەرەوە. ئەمڕۆ مرۆڤ زەحمەتە بژی بەبێ ئەوەی لەخۆی و دەوروبەری تێبگات. .[131] هەروەها زانای کۆمەڵناسی ئەمریکی (ئێرنست بیکەر) ڕەخنە لە پەروەردەی ڕۆژئاوا دەگرێ کە دین و زانستی جیاکردۆتەوە و دەڵێت: کەنیسە نەیتوانی لایەنی ڕۆحی ڕۆژئاواییەکان بەرەو پێش بەرێ و نەیتوانی بۆشایی لایەنی ڕۆحییان بۆ پڕبکاتەوە.[132]

لە حوزەیرانی ساڵی (١٩٨٠) شدا کۆنفرانسێکی پەروەردەیی سازکرا لە ویلایەتی فیرمۆنتی ئەمریکی بۆ دیراسەی (زانست و پەروەردە و بەها ئینسانییەکان: بەرەو بەدەستهێنانی خۆ تەواوکردنی گشتی) . کە پەنجا پسپۆڕ و کەسایەتی ناودار بەشداریان تیاکرد و جەخت کرایەوە سەر گرنگیدان بە زانست و بەها باڵاکان.[133] بە گشتی پەروەردەی ئیسلامی ئەتوانین لەم ئایەتەوە تێ بگەین کەدەفەرموێت ﴿ هُوَ ٱلَّذِى بَعَثَ فِى ٱلْأُمِّيِّـۧنَ رَسُولًا مِّنْهُمْ يَتْلُوا۟ عَلَيْهِمْ ءَايَـٰتِهِۦ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلْكِتَـٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَإِن كَانُوا۟ مِن قَبْلُ لَفِى ضَلَـٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٢﴾ ﴾ الجمعة .

ئەم ئایەتە مەنهەجی پەروەردەی ئیسلامی دیاری دەکات کە بریتییە لەو کارەی کە حەزرەتی (ﷺ) بۆ هەڵبژێردراوە ئەنجامی بدات.

أ- ئایەتەکانی پەروەردگاریان بەسەرا بخوێنێ، ئایەتەکانیش دوو جۆرن، یەکەم: ئایەتەکانی قورئان کە کەلامی خوان و بەرنامەی ژیانی مرۆڤایەتین تا قیامەت، دووەمیش: ئایەتەکان بەڵگە و نیشانەکانی بونەوەرن کە بەردەوام دۆزینەوەی تازە دێتە ئاراوە و مرۆڤ بەرەو یەقینیات دەبات.

ب- دڵ و دەروونیان پاك بکاتەوە (یزکیهم) کە ئەمەش زۆر گرنگە لە پەروەردەدا.

---

[131] - ل ٥٤-٦٣، فلسفة التربية الإسلامية، د.ماجد عرسان الكيلاني.

[132] — ل١٢٧، مناهج التربية الإسلامية، د.ماجد عرسان الكيلاني.

[133] - ل١٢٨، هەمان سەرچاوە.

ج- فێری (کتاب و حیکمەت) یان بکـات ﴿وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ﴾ کـە بەمـەش لـە گومڕایی و سەرگەردانیی ڕزگارییان دەبێت و هاوسەنگیان دەبێت لە ژیاندا.

پەروەردەی ئیسلامی مرۆڤێکی صالح دروست دەکات کە دڵسۆز بێت بە هەموو بەرەی ئادەمی و دۆستی ژینگە و هەموو شتانێکی دەوروبەری بێت، بە پێچەوانەی پـەروەردەی ڕۆژئـاواوە کـە هەوڵ ئەدەن هاوڵاتییەکی چاك دروست بکەن کە تەنها بە خـاك وڵات و هاونیشـتمانیانی خـۆی دڵسۆز بێـت. پـەرەروەردە و فێرکـردن یەکێکـە لـە بنـەماکانی ئاسایشـی نەتـەوەیی و پلـە و مەکانەتی وڵاتان دیاری دەکەن لە جیهاندا، چـونکە پێشـکەوتن لـەم بـوارەدا دەبێتـە مایـەی پێشکەوتن لە گشت بوارەکانی ژیاندا. لـە هـەموو وڵاتـانی دنیـادا هەریەکـە و بـەپێی خـۆی بودجەیەکی باش بۆ پەروەردە و فێرکردن دائەنێت، بەڵام زۆر لـە وڵاتـە ئیسـلامییەکان بـەهۆی گەندەڵی دەسەڵاتداران و نەبوونی پلانی ستراتیجیەوە زۆر لەو بودجەیەی دابـین دەکـرێ بـۆ ئـەو بوارە جێ ناگرێ و بەفیڕۆ دەچێت.

قوتابی نازانێ بۆچی دەخوێنێ، زانکۆکان سـاڵانە ژمارەیـەکی زۆر دەرچـوویان هەیـە و وەکـو پێویست لە کۆمەڵگەدا سوودیان لێ نابینرێ، دەڵێن لە وڵاتی میسـردا زیـاتر لـە ٢٥٠ هـەزار خاوەن شەهادەی زانکۆ بێ ئیش و بێکارن، لە مەغریبدا ژمارەی ئەو کەسـانەی کـە دەرچـووی کۆلێژی یاسان ئەوەندە زۆرن تا پەنجا ساڵی تر مەغریب پێویستی بە دەرچـووانی تـر نییـە، لـە جەزائیریش ئەوەندە دەرچووی کۆلێژی کارگێڕی هەیە و بێکارن دەتوانن دەوڵەتێك بەڕێوەبەرن.

ئەمە بێجگە لەوەی کە نزیکەی (٤٠٪) ی دانیشـتووانی وڵاتـە عەرەبییـەکان نەخوێنـدەوارن. سەرکردایەتی ئەم وڵاتانە ڕووئیایەکی ڕوونیان نییە و نـازانن بـەرەو کـوێ دەچـن؟ پـەروەردە و فێرکردنیش هۆکارە بۆ گەیشتنە ئامانجێك و بۆ هێنانەدی ڕووئیای ئیسـتراتیجی دەوڵـەت. لـەم وڵاتانەدا پڕۆگرامی خوێندن و ئەوەی فێری قوتابی دەکرێـت هـەر شـێوازە کۆنەکەیـە و لەگـەڵ بەرەوپێشچوونی خێرای زانستدا ناگونجێ، قوتابی زۆر مانـدوو دەبـێ لـە لەبەرکردنـدا و پـاش ماوەیەکی کەمیش لە تاقیکردنەوەکان تەنها (١٣٪) ی بیردەمێنی و (٨٧٪) ی بیردەچێتەوە، لایەنی کرداری و تاقیگاکان زۆر لاوازن و هەموو شتەکان زیاتر نەزەرین کە ئەمەش وا دەکـات قوتابی وەك پێویست فێرنەبێت. لە یاباندا بەرزترین وەزیفە مامۆستاییە و بـەرزترین موچـەیان هەیە و بەچاوێکی ڕێزەوە کۆمەڵگە سەیری مامۆستا دەکات.

٢- بوار رەخساندن: ڕێزی خاوەن شەهادە وەك پێویست نییە و بواریان بۆ نارەخسێ، بۆیە زۆر لەوانەی کە داهێنەرن و بەتوانان ڕوو لە دەرەوە دەکەن، تەنها لە ئەمریکادا زیاتر لە دە هەزار پزیشکی موسوڵمان هەیەکە لە وڵاتە ئیسلامیەکانەوە کۆچیان بۆ کردووە.

٣-خوێندنی تێکەڵاو: لە ڕۆژئاوا بە شێوەیەکی کرداری گەیشتنە ئەوەی کە خوێندنی تێکەڵا و خراپە، ئێستا لە ئەمریکا و ئەڵمانیا و وڵاتانی تریشدا بەرەو جیاکردنەوەی کوڕان و کچان هەنگاو دەنێن، لەم وڵاتانەی ئێمەشدا کە تەنها خەریکی چاولێکەرین تازە هەوڵی تێکەڵکردنی قوتابیانی کوڕ و کچ دەدرێ و هیچ بیر لە ئاسەوارە خراپەکانی ناکەنەوە.

٤- دانانی مەنهەجی باش: ئەمریکا بۆ دانانی پەڕاوی زانستی پۆلی شەش نزیکەی (٦٠٠) ملیۆن دۆلاری خەرج کردووە، کە نزیکەی (٦٠٠) کەسی شارەزا بەشدارییان کردووە لە دانانی ئەو مەنهەجەدا، ئەمە لە کاتێکدا کە لە وڵاتەکانی ئێمەدا چەند کەسێکی زۆر کەم بەم کارە هەڵدەستن و ناتوانن ئەوەی پێویستە و بە کەڵکی ئەم سەردەمە دێت بەرهەمی بێنن.

بەردەوام زانست لە پێشکەوتندایە بۆیە پێویستە هەر چەند ساڵ جارێك بە بەرنامەی پەروەردە و فێرکردن و مەنهەجی قوتابخانەکاندا بچنەوە تا لەوە زیاتر دوانەکەوین.

٥- ئیستیقراری سیاسی : کێشەی نەبوونی ئیستیقراری سیاسی و کێشەی حیزبایەتی وای کردووە پەروەردە و فێرکردن وەك پێویست نەبێت، بەڕێوەبەری قوتابخانەیەك حیزبی نەبێ دانانرێت با لێهاتووش بێت. نەبوونی دادپەروەری و بوونی گەندەڵی وادەکات قوتابی سارد بێتەوەو دڵی بە خوێندنەکەی خۆش نەبێت، کەچی لە کۆریادا بەپێچەوانەی لای خۆمانەوە قوتابی دڵنیایە بە هەوڵ و کۆشش دەچێتە پێشەوە بۆیە ناچارە زۆر هەوڵبدات، قوتابیەکانیان دوای دەوام تاسەعات یەکی شەو ئەچوون بۆ قوتابخانەکانی بەهێزکردن (تەقویە) ، تا کار گەیشتە ئەوەی حکومەت فەرمانی دەرکرد کە نابێت تا سەعات دەی شەو زیاتر هیچ دەورەیەکی بەهێزکردن هەبێت بۆ ئەوەی قوتابی بتوانێت ماوەیەکی باش بخەوێت !کۆریەکان وتیان ئێمە وەبەرهێنان لە مێشکدا دەکەین، بەڕاستی کردیان و ئێستا تەواو پێشکەوتوون..

٦- ئەزموونی مالیزیا: مالیزیا لە ساڵی (١٩٨٥) دا چەند کۆنفراسی نیشتمانیان سازدا بۆ بەرە و پێشچوونی پەروەردە و فێرکردن، حکومەت پلانی ئیستراتیجی خۆی دانا کە لە دە ساڵدا

ماليزيا بکەنە وڵاتێکی پیشەسازی پێشکەوتوو، سەرەنجام لە ساڵی (١٩٩٥) دا ماليزيا بووە يەکێك لە دە دەوڵەتە پیشەسازییەکەی جیهان. ئەمانەی لای ئێمەش خۆشیان نازانن وڵات بەرەو کوێ دەبەن، ساڵانە زیاتر لە سەد هەزار قوتابی بەشداری تاقیکردنەوەی پۆلی دوانزە دەکەن، ژمارەیەکی زۆر قوتابی ساڵانە زانکۆ و پەیمانگاکان تەواودەکەن، ژمارەیەکی کەم ساڵانەدادەمەزرێن و باقیەکەشی بێکارن و ساڵ بەساڵ بێکاری زیاد دەکات کە پاش چەند ساڵێکی تر ئەگەر بە پلانی درووست چارەسەرنەکرێت سەری حکومەتە بەناو حکومەتەکەمان دەخۆن؟ [١٣٤] (لە بەرپرسێکی یابانیان پرسی چۆن ئاوا پێشکەوتن، لە وەڵامدا وتی: ئێمە بەوە پێشکەوتین کە مووچە و حەسانەی دبلۆماسیمان دا بە مامۆستا!)

## ژیان فێری کردم:

ژیان قوتابخانەیەو زۆر شتمان فێر دەکات وەك :

١-گفتوگۆیەکی کورت لەگەڵ دانایەکدا هاوتای یەك مانگ خوێندنەوەیە.

٢- گرنگ نیە ئێستا لەکوێدایت ،بەڵکو گرنگ ئەوەیە بەرەو کوێ دەچیت.

٣- گەر مرۆڤ بە ڕێی ڕاستدا وەك کیسەڵیش بڕوات باشترە لەوەی وەکو ئاسك بە ڕێگای چەوت دا بڕوات.

٤- دۆڕان و شکستهێنان لە جەنگێکدا فێری بردنەوەت دەکات لە داهاتوودا.

٥- زۆرن ئەوانەی زانستیان پێیە لە ژیان دا بەڵام کەمێك لەوانە ڕۆشنبیرن.

٦- کلیلی شکستهێنان ئەوەیە کە بتەوێت هەموو ئەو کەسانە ڕازی بکەیت کە دەیانناسیت.

٧- خۆت پێوانە مەکە بەو دەستکەوتانەی بەدەستت هێناوە ،بەڵکو خۆت بەراورد بکە بەو توانایانەی کە هەتە.

٨- هەموو شتە گەورەو گرنگەکان سەرەتا بیرۆکەیەکی بچووك بوون.

٩- بەردەوام ڕێگای باشتر هەیە بۆ ئەنجام دانی کارەکان و پێویستە بە دوایدا بگەڕێین.

---

[١٣٤]– **أزمة التعليم في العالم العربي، برنامج بلا حدود، ٢١/ ١/ ٢٠٠١.**

١٠- کارکردن گرنگترە لە وتە با باشیش بێت.

١١- کێبەڕکێ لەگەڵ خود باشترین کێبەڕکێیە لە هەموو جیهاندا ،کە بەوەش مرۆڤ بەرەو پێش دەچێت و ئەمڕۆی لە دوێنێ و سبەینێ ی لەمڕۆ باشتر دەبێت.

١٢- خۆشترین ساتی بەختەوەری ئەوەیە شتانێك بەدەست بهێنیت کە خەڵکی پێیان وابوو ناتوانیت ئەنجامی بدەیت.

١٣- مرۆڤ ناتوانێت بەرەو پێش بچێت ئەگەر شتانێکی تر تاقی نەکاتەوە جگە لەوانەی لەسەری ڕاهاتووە.

١٤- شکست خواردوەکان هەمیشە دەڵێن (سەرکەوتن تەنها شانس و بەختە) .

١٥- ناتوانیت بەبێ هەوڵ و کۆشش و ئارام گرتن بگەیتە هیواکانت.

١٦- ژیان کۆسپی هەیە بەڵام ناوەستێت ،هیوا ون دەبێت بەڵام نامرێت ، دەرفەت لەدەست دەچێت بەڵام تەواو نابێت.

## ڕەزامـەندی خــوا :

قورئان داوامـان لێـدەکات کـە ئـەو هۆکارانـە بگرینەبـەر کەمایـەی بەدەسـتهێنانی ڕەزامەندی خوان، هۆکارەکـانیش هـەموو ئـەو شـتانەن کـە خـوا فـەرمانی داوە بـەکردنیان و دوورکەوتنەوەشە لەو شتانەی کە یاساغی کـردوون، هـەروەك دەفـەرمویێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَٱبۡتَغُوٓاْ إِلَيۡهِ ٱلۡوَسِيلَةَ وَجَٰهِدُواْ فِي سَبِيلِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ٣٥ ﴾ المائدة ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ يَبۡتَغُونَ إِلَىٰ رَبِّهِمُ ٱلۡوَسِيلَةَ أَيُّهُمۡ أَقۡرَبُ وَيَرۡجُونَ رَحۡمَتَهُۥ وَيَخَافُونَ عَذَابَهُۥٓۚ إِنَّ عَذَابَ رَبِّكَ كَانَ مَحۡذُورٗا ٥٧ ﴾ الإسراء . کەسانێك هەن زیاتر لەوەی داوا کراوە هەوڵ ئەدات جێ بەجێی بکات و بە دوای شتێکی زیادەدا دەگەڕێت کە لە خوای نزیك بکاتەوە و هیچ فرسـەتێك لە دەست نادات، بۆ نموونە : لە جەنگی بەدردا (خیثمة) کوڕی (حارث) بەسەعدی کـوڕی وت : کوڕم لای دایك و خوشکت بمێنەرەوە، کەس نیە لایان بێت، من دەچم بۆ جیهاد.

سەعد وتی: باوکە ئەوان خوایان هەیە بەسیانە، مەسەلەکە بەهەشت نەبوایە تۆم پێش دەخست.

سەعد چوو بۆ بەشداری بەدر و باوکی ناچار مایەوە لای ماڵ و منالەکەی و، لە جەنگەکەدا خوا شەهیدی کرد بەنسیبی سەعد. پاش شەهید بوونی باوکی وتی :بەخوا سەعد لەمن ژیرتر بوو، ئای بۆ من ئەو گرەوی بردەوە و دەستی خۆی وەشاند، بەخوا دوێنێ شەو لە خەوما بینیم لە باخ و بەرووبووم و رووباری بەهەشتا ئەگەڕاو ئەیوت: باوکە ئەوەی خوا وەعدی دابوینێ هەمووی هەق بوو.

شێخ صالح المغامسی کە وتارخوێن و ئیمامی مزگەوتی قوبایە دەڵێت: من زۆرجار کە قورئان دەکەمەوە ماچی دەکەم (تقربا الی الله) ، جا کێ دەڵێ بیدعەیە با بۆ خۆی بڵێت، یان برادەرێك شێخ عبدالله ی شەنقیتی بینیبوو لە مزگەوتێکدا لە خوارووی سعودیە تۆزی سەر قورئانەکانی ئەسڕی، ئەمەش دیارە بۆ ئەوەبوو خوا لە خۆی رازی بکات.

# بەرگی نۆیەم

# باڵانس

# پـیـٚشـــەکـی:

سوپاس وستایشی بیٚ پایان بۆ خوای پەروەردگاری جیهان، درووود و سەلامیش لەسەر سەردارو سەروەرمان، ڕەحمەتی خواش برژیٚ بەسەر یارو یاوەر ان و شویٚنکەوتوان.

وا جاریٚکی تر لەم بەرهەمەدا بە ئیٚوەی خۆشەویست دەگەینەوە بەو هیوایەی کە دلۆپیٚك بۆ دەریای ئیمان و ئیسلامەتیتان زیادبکەین، باوکی رەحمەتیم دەیووت:چیبکەین ئەم قورِە ئەمەندە تۆزی لیٚهەلّدەسیٚت. منیش دەلّیٚم ئەوەندەم بۆ کراوە هەرچەند زۆر زۆر کەمە، بۆیە وەك مەحوی شاعیر دەپاڕیٚمەوە کە ئەم کەمەم لیٚ قبولّ بکریٚت و خوا بە فەزلّی خۆی پڕبەرەکەتی بکات.

مەحوی لە قەسیدەی بەحری نووردا دەلّیٚت:

منم مووری **ضعیف** وئــەم قصیدە لاقە کوللەی مــن

**فە قە ط** من هەدیەکەم خدمەت سولەیمانی سولەیمانە

بــەچاوی مەرحەمەت بڕوانە هەدیەو صاحیٚبی هەدیە

بــەزۆری ڕابــویٚــرە ئــەم کــەمــە لەم کــەمــتریــنانــە

موور واتە: میٚرووولە، رابویٚرە واتە: تیٚی پەڕیٚنە، مەحوی ڕوو بە حەزرەتی سالاری سەروەرمان (ﷺ) دەلّیٚت: من وەك میرووولەکە کە لاقە کوللەیەکی برد بەدیاری بۆ حەزرەتی سولەیمان وعەرزی کرد دیاری بەپیٚی توانای خاوەنەکەیەتی، ئەم قەسیدەیەم پیٚشکەش کردووە بەرەسول الله کە سولەیمانی سولەیمانە، جا هەرچەندە زۆر زۆر کەمیش بیٚت لیٚم وەربگرە. سوپاس بۆ خوا قەسیدەکەی ئەوناوبانگی دەرکردو جیٚی خۆی کردەوەوقەسیدەیەکە ویٚنەی کەمە.

منیش ئەوەی دلّخۆشم دەکات ئەوەیە کە لەزۆر لاوە دەبیستمەوە ئەم باس و خواسانە ئەگەرکەمیش بن سوودیان گەیاندووە بە خویٚنەران و، وتاربیٚژە بەڕیٚزەکان سوودیان لیٚوەرگرتووە لەوتارەکانیاندا. بۆ نموونە:

برایەکی بەڕیٚزبەناوی کاك زانا قەرەداخی پەیوەندی پیٚوەکردم لە رِیٚی فەیس بووکەوەو وتی : پەڕاوەکانی بەندەی خویٚندۆتەوە، منیش لە کتیٚبخانەی رۆشنبیر لە سلیٚمانی نوسخەیەکی رووسپیەکانم بۆ دانا، بەڕیٚزی چووبوو وەری گرتبوو هەر لە بەردەرکی سەرا نیوەی خویٚندبۆوە، کەئەمەی بۆ گیٚڕامەوە زۆر سوپاسی خوام کرد کە کەسانیٚك هەن ئاوا تامەزرۆی کتیٚبن.

برایەکی بەڕێزی تر کە پۆلی شەشەمی سەرەتایی خوێندووەو ناوی کاك بەکرە بۆی گێڕامەوە کە لەساڵی ٢٠٠٢دا کاتێ شوان بووە لەناوچەکەی خۆیان ئاغجلەر، لە ڕێی برایانی چەمچەماڵەوە کتێبی هەڵوێستەیەك لە خزمەت قورئاندای دەست کەوتبوو، لەودەشت و دەرە خوێندوویەتیەوەو هۆن هۆن لەگەڵ زۆر لە باسەکانیدا فرمێسکی ڕشتووە.

جا هیوادارم کەخوای میهرەبان لێمان قبوڵ بکات و هەرچەند کەمیش بێت ڕەنج بەخەسارمان نەکات.

## ئیلحاد چۆن درووســـت بوو؟

تا پێنج سەد ساڵ لەمەوبەریش سەرچاوەی فێربوون و زانست لە ئەوروپا کتێبی پیرۆزیان بوو (واتە: تەورات و ئینجیل) ، تەورات دوای هەشت سەد ساڵ دەماودەم گێڕانەوە نووسرایەوەو ئینجیلیش دوای نزیکەی سەد ساڵێك نووسرایەوە و هەردووکیان بەو زمانە نەنوسرانەوە کە پێی هاتبوونە خوارەوە، بۆیە بەهەزاران هەڵە و دژ بەیەکی و ناڕاستیان تیایە کە حاشا ئەوانە کەلامی خوا نین، پەیمانگای ویستار لە ئەمریکا پاش چەند ساڵ دیراسەکردنی ئینجیل لەلایەن دووسەد زانای بواری جۆراو جۆرەوە ڕایان گەیاند کە ١٦٪ ی ئینجیل ڕاستەو هی خوایە و لە٨٤٪ی دەست هەڵبەستە.

کەنیسە دەستی کێشابوو بەسەر کۆمەڵگەدا قسە قسەی ئەوبوو، بیرو بۆچوون هی ئەو بوو با هەڵەش بووایە، کەنیسە دەیووت: زەوی چەقی گەردونە و زەوی ناسوڕێتەوەوخۆرو مانگ و ئەستێرەکان بە دەوریا دەسوڕێنەوە و زۆر شتی تر، کاتێك بەهۆی پێشکەوتنی زانستەوە زۆر ڕاستی دۆزرانەوە کە پێچەوانەی بیروبۆچوونی کەنیسە بوون، کەنیسە کەوتە دژایەتی کردن و تەنانەت چەوسانەوەو کوشتن و بڕینی ئەو زانایانەی کە ڕای جیاوازیان هەبوو.

بەمە زانست بووە دوژمنی کەنیسەو تەییاری بێ دینی دروست بوو، سەدان ساڵ کێشمە کێشمی نێوان ئاین و ئیلحاد لە ئەوروپادا درێژەی کێشا کە هەندێکیشی گواسترایەوە بۆ وڵاتە ئیسلامیەکان و کەسانێك دەیانویست هەمان بەزم لێرەش سازبکەن. پاشان بەهۆی پێشکەوتنی خێرای زانستەوە ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر سەلما بۆ زانایان و بۆ خەڵکی کە ئەم بوونەوەرە خوایەك دروستی کردووە کە نەخشەسازییەکی زۆر زۆر وردی بەکار هێناوە لەهەموو دروست کراوەکانیدا.

بۆنموونه ئەگەر زەوی و خۆر تۆزێك گەورەتر یان بچوكتر بوونایە، یان ئەگەر نزیكتر بوونایە لە یەكتری، زەوی و چی تیایە دەسووتان، یان ئەگەر تۆزێك دوورتربوونایە لە یەكتری ئەوە زەوی و چی تیایە دەیان بەست. بەمەش لەسەدەی بیست و بیست ویەكدا گەڕانەوەیەكی ئاشكرا هەست پێدەكرێت بەرەو ئیمان بوون بەخوا كە (واجب الوجود) ەو تەنانەت مامۆستاو سەردەستەی مولحیدەكانی دونیا بڕوای هێنا بە بوونی خوا.

## ئەنتۆنی فلۆ بڕوای هێنا :

گەورەترین مولحیدو بێباوەڕی سەدەی بیست كەزیاتر لە سی پەڕاوی نوسیوەو سەركردەو پێشەوای مولحیدەكانی دنیا بوو بۆ زیاتر لە نیو سەدە لەتەمەنی ٨١ ساڵیدا پاش گەڕان و ئەزموونێكی زۆر لە بواری فەلسەفەو زانستدا بڕوای هێنا. لەبارەی ئیمان هێنانیەوە لە پەڕاوەكەیدا بەناوی (خوایەك هەیە، گەشتی سەرسەخترین مولحید) دا دەڵێ (لەوكاتەوە كە رامگەیاندووە بڕوام هێناوە بەخوا زۆر پرسیارم لێدەكرێت لەبارەی هۆكارەكانی ئەو گۆڕانەوەو داوای نووسینی پەڕاوێكم لێدەكرێت لەو بارەیەوە.

ئەوانەی پەڕاوەكانی منیان خوێندبێتەوە دەزانن كە ئەمە یەكەم جار نیە قەناعاتم بگۆڕدرێت، چونكە من دوای بەڵگەو بورهان دەكەوم تا هەر جێیەكم ببات. لەم دواییەدا لە هۆكارەكانی راگەیاندندا دەوترێت گوایە پیری و ترس لە مردن وای لەمن كردووە بڕوا بهێنم كەئەمەش راست نیە، گرنگیدانم بە ناسینی خوا گرنگیدانێكی (حەكیمانەو، ئەخلاقیانەو، **فضولیانە**) یە.

- حەكیمانەیە چونكە ئەگەر خوایەك هەبێ و چارەنووسی مرۆڤی بەدەست بێ، بێ عەقڵیە كە هەوڵ نەدەین و كارنەكەین بۆ رازی بوونی.

- ئەخلاقیانەیە چونكە هیچ شتێك بەهێندەی ئەوەنیە كە مرۆڤ لایەنگری ئەو راستیە بێت كە دەبێتە مایەی نەمری بۆی.

- فزولیشە چونكە هیچ شتێك عەقڵی زانستی فەلسەفی ناوروژێنێت بە هێندەی گەڕان و دۆزینەوەی راستیە گەورەكان، بڕواش ناكەم هیچ شتێك بەهێندەی دۆزینەوەو ناسینی خوا گەورە

بێت. بۆیە جارێکی تریش دەیڵێمەو کە گرنگی دانی من بەو مەسەلەیە گرنگی پێدانێکی حەکیمانە و ئەخلاقیانەو فزولیانەیە. من ساڵی ١٩٢٣ لە لەندەن لە خێزانێکی مەسیحیدا لە دایك بووم، باوکم کاهینێکی گەورەی کەنیسەو سەرۆکی کۆلێژی دیراساتی ئاینی زانکۆی کمبریدج بوو.

من نازانم بۆ هەر لەمناڵیەوە حەزم لە ئایین نەبوو، هەرچەند من لە باوکمەوە حیکمەت و مەنهەجی عیلمی لێکۆڵینەوەوگەڕان فێربووم. لەقوتابخانەش بەڕێوەبەرێکی زۆرچاکمان هەبوو کەهانی ئەداین لەسەر خوێندنەوە. من هەمیشە لەگەڵ هاوەڵەکانمدا گفتوگۆم دەکرد لەبارەی ئایینەوە هەرچەند ئەوان بەتەمەن لەمنیش گەورەتر بوون، کەگەیشتمە تەمەنی پانزە ساڵی بە هاوەڵەکانم وت: من بڕوام بەبوونی خوا نیە. بۆ ماوەیەکی زۆریش ئەمەم لە باوکم شاردەوە تا وەزعی ماڵەوەمان نەشێوێت. لەساڵی ١٩٤٦ دا کەتەمەنم ٢٣ ساڵ بوو ماڵەوە زانیان کەمن مولحیدم و موناقەشەکردن لەگەڵما سوودی نیە. لە هاوینی ١٩٤٧ زانکۆی کمبردیج بەشی ئادابم تەواو کردو بڕیارم دا لە بواری فەلسەفەدا پسپۆری بەدەست بهێنم. لە ساڵی ١٩٥٤ بوومە مامۆستای فەلسەفە لەزانکۆی کیل لە بەریتانیاو ١٧ ساڵ لەوێ مامەوە. ساڵی ١٩٧٢ چوومە زانکۆی (کالگری) لە کەنەداو دواتریش لە ١٩٧٣ دا چوومە زانکۆی (ریدینگ) و تیا مامەوە تا ساڵی ١٩٨٢. ئنجا چوومە زانکۆی یۆرك بۆ سێ ساڵ و پاشان چوومە زانکۆی بۆیلنگ گرین لە ئوهایۆ و شەش ساڵ تیامامەوە وتا پەنجاکانیش لایەنگری بیر و بۆچوونی کۆمۆنیستی بووم و دواتر وازم لێهێنا لەبەرئەوەی نەگونجاو بوو. نازانم چی وای لێکردم بچم بەرەو فەلسەفەو ببمە فەیلەسوف، ڕەنگە لەوەوە دەستی پێکردبێ کە لە خوێندنی باڵادا، قوتابی مامۆستا گلبرت رایل بووم کە فەیلەسوفێکی گەورەبوولە زانکۆی ئۆکسفۆرد.




له سەدان کۆڕ و کۆبوونەوەو بەرنامەدا بەرگریم لە بیرو بۆ چوون و ئیلحادەکەم کرد تا ساڵی ٢٠٠٤ لە مونازەرەیەکدا لە زانکۆی نیویۆرك رامگەیاند کە ئێستا من بەقەناعەتی تەواوەوە بڕوام بە بوونی خوا هەیە کە (واجب الوجود) ە. ئەویش بەهۆی ئەو هەموو وردەکارییەی کە لە نەخشەسازی بوونەوەردا هەیە لەهەسارەکانەوە هەتا جوزەئیاتی پرۆتینی (DNA) کە دەبێت بەدیهێنەرێکی بەتواناو زانای هەبێت. ئەم هەواڵە ش وەکالەتی ئەسیۆشیتد پریس بلاۆی کردەوە بەدنیادا و تەعلیقێکی راستی زۆر جوانیشی دا کەوتبووی (بێگومان گەورەترین دۆزینەوەی سەرسوڕهێنەری زانستی سەردەم ئەوەیە کە توانی ئەوە بدۆزێتەوە کەخوا هەیە) (بۆ درێژەی ئەم باسە سەیری کتێبی: (رحلە العقل) ی دکتۆر عەمر شەریف بکە. پاش ئەم راگەیاندنە مێژووییە گەورەیە لە فەیلەسوفێکی گەورەی وەك ئەنتۆنی فلۆوە مولحیدەکانی دنیا قوڕدرا بەدەمیانداو تا ئێستاش نازانن چۆن لەو صدمەیە رزگاریان بێت، چونکە ئەو مامۆستاو سەرمەشقیان بوو، کە ئەو گەیشتە ئیمان ئیتر کێ گوێ لەمان دەگرێت.

گەشتی ئەنتۆنی فلۆ گەشتێکی عەقڵی بوو لەرێگەی گەڕان بەدوای بەڵگە و بورهاندا لەماوەی زیاتر لە شەست ساڵدا، هەرچەند بوونی خوا بەڵگە نەویستە چونکە لە فیترەت و سرووشتی مرۆڤ دا ئەوە دانراوە، پەیوەندی خواش بە ئادەمیزادەوە و ئەوەی کە پێویستە لەسەر مرۆڤەکان و ئەو بەرنامەیەی کە دەبێت لەسەری بڕۆن ئەوە پێغەمبەران سەلامی خوایان لێبێت

هێناویانە بە درێژایی مێژوو بۆ بەرەی ئادەمی. ئەوەی جێی داخە تازە لای خۆمان هەندێك بەعەقڵی کاڵ فامیانەوە دەیانەوێ لە ڕێی ئەنتەرنێت و هۆکارەکانی ڕاگەیاندنەوە دژایەتی دین بکەن و گومان لەسەر پیرۆزیەکان دروست بکەن، کەئەم هەوڵەشیان نەزۆکە و وەك ئەو بزنە شێتەن کە بەتەمابوو شەڕەقۆچ لەگەڵ شاخدا بکات.

پیرەمێردی شاعیری لەمەڕ خۆمان لەم بارەیەوە دەیان ساڵ لەمەوبەر دەڵێت: (لا ٣٧٢ دیوانی پیرەمێرد)

خـــوایە ئەوانـــەی کـــە بـێبـــاوەڕن
هیچیان نـــــەدیوە وا هـــــەڵـــــەوەڕن
ئـــەگینـــا سەیری بـــاغێکی گـوڵ کەن
تـــەمـــاشایەکی بـــەعەقڵ ودڵ کـــەن
ئـــەو ڕەنگـە جوانەی پەردەی هەرجایی
بـــەزەڕەبـینی تـیـشکی بـیـنـــایی
لێی ورد بنەوە کـــە ئـــەو صنعەتـــە
کێ دەڵێ زادەی خـــووی تـــەبیعەتـە؟
ئـــەم ئـــاسمانە کـــە بـێ ستـوونە
بـــۆ کـــردەوەی تـــۆ بوو بـــەنموونـە
چـەرخی مـاکینـەی ئـــەم ڕۆژووشـەوە
بێ هـەڵم و بـەنـزین ئـەسـووڕێـتـەوە
چـــــەوری پێ نـاوێ هیچ ژەنگ ناگرێ
لێك هەڵنـــاوەشێ دەستی تێ نـابـرێ
ئـاش بێ ئـــاش وەستا نـانـرێتـەوە
گـــاجووت بێ جووتـیار نـاگەڕێتـەوە

## پیلانی ناحەزان

دوژمنانی هەق و راستی پاش دیراسەو لێکۆڵینەوەی زۆر، باش لەوە تێگەیشتن کە هێزو توانای موسڵمانان وا لە پەباند بوونیانەوە بە ئاینەکەیانەوە بۆیە هەوڵیان دا کە گومان و بێ دینی بلاۆبکەنەوە لەولاٚتە ئیسلامیەکاندا، ئەوەتا رەحالەی ئەڵمانی (پول ئەشمید) لە پەڕاوەکەیدا (الاسلام قوه الغد) لەساڵی ١٩٣٦دا دەڵێت: (هێزی ولاٚتە ئیسلامیەکان بۆ سێ هۆکاردەگەڕێتەوە:

١- ئەو عەقیدەو بڕوایەی کە هەیانەو دەیانکات بەبرای یەکتری.

٢- ئەو هەموو سامان و خێرو بێرەی کە هەیانە.

٣- ئەو زیادبوونەی ژمارەیان کە بەهۆی زاووزێوە بەردەوام ژمارەیان روو لە زیادبوونە.

جا ئەگەر ولاٚتانی رۆژئاوا یەکنەگرن و جەنگی خاچ پەرستی دووبارە نەکەنەوە بە شێوازێکی تازە ئەوا موسڵمانان دەبنە مەترسی بۆ سەر ئەوروپا و دەسەلاٚت پەیدادەکەن بەسەر جیهاندا) . بەڵێ ولاٚتانی رۆژئاوا کاتی خۆی لە ڕێی ئیستیعمارەوە هەوڵیان دا موسڵمانان نامۆ بکەن بەرامبەر دینەکەیان و، دواتریش کە ئەم ولاٚتانەیان بەجێهێشت دایانە دەست کەسان و لایەنی دوور لە خوا تا ئەوەی بەخۆیان نەکرابوو ئەمان بۆیان تەواو بکەن. لە تورکیا بۆنموونە زمانی عەرەبی و جلوبەرگی ئیسلامی و بانگدانیان بەزمانی عەرەبی قەدەغەکرد، عیلمانی بێ عیلم عیبادو بیلادیان بەرەو فەسادو گەندەڵی برد، دەستگرتن بە غەربەوە بووە نیشانەی پێشکەوتن و دین ناوئەبرا بە ئەفیونی بێهۆشکەری گەلان.

## چوار شـــت گومـــانی تیـــانیـــە:

### یەکەم: بوونی خوا

قورئان بەسەرسوڕمانەوە دەفەرموێت: چۆن گومانتان هەیە لەو خوایەی کە ئاسمانەکان و زەوی بەدیهێناوە؟ ﴿قَالَتْ رُسُلُهُمْ أَفِي اللَّهِ شَكٌّ فَاطِرِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ يَدْعُوكُمْ لِيَغْفِرَ لَكُمْ مِنْ ذُنُوبِكُمْ وَيُؤَخِّرَكُمْ إِلَىٰ أَجَلٍ مُسَمًّى قَالُوا إِنْ أَنْتُمْ إِلَّا بَشَرٌ مِثْلُنَا تُرِيدُونَ أَنْ تَصُدُّونَا عَمَّا كَانَ يَعْبُدُ آبَاؤُنَا فَأْتُونَا بِسُلْطَانٍ مُبِينٍ ﴿١٠﴾﴾ إبراهيم

**دووەم: ئەجەل و مردن**

﴿أَوَلَمْ يَرَوْا أَنَّ ٱللَّهَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ قَادِرٌ عَلَىٰٓ أَن يَخْلُقَ مِثْلَهُمْ وَجَعَلَ لَهُمْ أَجَلًا لَّا رَيْبَ فِيهِ فَأَبَى ٱلظَّٰلِمُونَ إِلَّا كُفُورًا ﴿٩٩﴾﴾ الإسراء

**سێیەم: هاتنی ڕۆژی قیامەت**

﴿ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ لَيَجْمَعَنَّكُمْ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ لَا رَيْبَ فِيهِ وَمَنْ أَصْدَقُ مِنَ ٱللَّهِ حَدِيثًا ﴿٨٧﴾﴾ النساء

﴿قُلِ ٱللَّهُ يُحْيِيكُمْ ثُمَّ يُمِيتُكُمْ ثُمَّ يَجْمَعُكُمْ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ لَا رَيْبَ فِيهِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٢٦﴾﴾ الجاثية

﴿إِنَّ ٱلسَّاعَةَ لَءَاتِيَةٌ لَّا رَيْبَ فِيهَا وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿٥٩﴾﴾ غافر

**چوارەم قورئان:** ﴿ذَٰلِكَ ٱلْكِتَٰبُ لَا رَيْبَ فِيهِ هُدًى لِّلْمُتَّقِينَ ﴿٢﴾﴾ البقرة

## گەورەترین نیعمەت

﴿وَلَقَدْ صَرَّفْنَا لِلنَّاسِ فِى هَٰذَا ٱلْقُرْءَانِ مِن كُلِّ مَثَلٍ فَأَبَىٰٓ أَكْثَرُ ٱلنَّاسِ إِلَّا كُفُورًا ﴿٨٩﴾﴾ الإسراء ﴿...وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ تِبْيَٰنًا لِّكُلِّ شَىْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً وَبُشْرَىٰ لِلْمُسْلِمِينَ ﴿٨٩﴾﴾ النحل . خوای گەورە ئەم قورئانەی ناردووە کە قەواعید و یاساو ڕێسای تیایە بۆ ژیانێکی کامەران لەم دنیایەدا، دەتوانی بیربکەیتەوە و دە ئایەتم بۆ بنوسی کە ژیانتی گۆڕیبێ؟ ئەوەندە ابن عباس سوودی لەم ئایەتانە بینی، قورئان بوو بووە پەیڕەو و پرۆگرامی ژیانی و چارەسەری هەموو کێشەکانی لە قورئاندا ئەدۆزیەوە، ڕۆژێك لەبەردەم هاوەڵاندا سوێندی خوارد ئەگەر گوریسی حوشترەکەی لێ ون ببێت لە قورئاندا ئەیدۆزێتەوە. دکتۆر عبدالمحسن الاحمد دەڵێت: هەرگیز باوکمم نەبینیوە دوو ئایەت بەسەر یەکەوە بخوێنێتەوە، کاتێ قورئانی دەخوێند لەسەر هەموو ئایەتێك دەوەستاو بیری لێدەکردەو شوێنی دوعا بوایە دوعای دەکردو شوێنی پەناگرتن بوایە پەنای دەگرت بەخواو. . . هتد. عەمر خالید لە کۆمەڵێك لاوی پرسی گەورەترین نیعمەت چییە؟ ؟ هەریەکەو نیعمەتێکی وت، یەکێکیان وتی: گەورەترین نیعمەت ئەوەیە کە

خوا خوامانه. . بەراستی مرۆڤ بێ خوا وەك پوشی دەم با وایە دنیا و هەواو ئارەزوو ئەیهێنێ و ئەیبات. خوا زۆری پێخۆشە تەوبە بکەین، سترمان دەکات و ناز ونیعمەت و ڕۆزیمان لێنابڕێت وحەزدەکات زوو بگەڕێینەوە، ئەوانەی تەوبە دەکەن دەبنە خۆشەویستی خوا و، پاشان هەموو گوناهەکانیشیان بۆ ئەگۆڕێت بۆ چاکە، وەرن سەیری ڕەحمی خوا بکەن، ئاخر کەسێك خراپەیەك بەرامبەرتان بکات ئەوپەڕەکەی وا لێی خۆش ببن، دەگمەنە خۆشتان بوێ، خۆ ئەگەر خۆشیشتان ویست ئەچن خراپەکەی بە چاکە بۆ حساب بکەن، دیارە نەخێر!

## مـردن لە ســـوجــدەدا:

**یەکەم** :پیاوباشێکی سایەق تەکسی لەسعودیە دەڵێت: چوارلاوم سەرخست لە شاری ریاز کە بیانبەم بۆ جێگایەك، لەڕێ بانگی عەسری دا، بەوەی پێشەوەیانم وت:ئەڵێن چی با دابەزین لەو مزگەوتە نوێژەکەمان بکەین؟ وتیان: نوێژی چی، ئەگەر نوێژیش دەکەیت فەرموو بڕۆ نوێژەکەت بکە، وا ئێمە دانیشتوین چاوەڕێت دەکەین.

منیش وتم: کوڕینە هەرچەند گوناهباریش بین بەلاّم ناکرێت نوێژنەکەین، ئەوەی نوێژ نەکات ئەهلی قیبلە نیە و پێغەمبەر (ﷺ) شەفاعەتی بۆ ناکات. هەرچۆنێك بێت ئەوەی پێشەوە کەدەمڕاستیان بوو قەناعەتی کردو وتی: کوڕینە دابەزن بانوێژەکەمان بکەین. دابەزین و لەمزگەوت پێش نوێژیم بۆکردن، کەتەواو بووین ئەوکوڕەی لە پێشەوە بوو لە سوجدە هەڵنەسایەوە، وەیان زانی سوعبەت دەکات، وتیان: فلاّن بۆ هەڵناسی؟ دەستیان لێدا کەوت بەلادا، خێرا براکەی کە لەخۆی بچوکتر بوو ئاوی هێنا کردی بە دەموچاویا سوودی نەبوو، براکەی بە گریانەوە دەیوت: سبحان الله ١٥ ساڵە نوێژی نەکردووەو دوورە لە خوا، ئەمڕۆ یەکەمجارە سەربخاتە سوجدە خوا بردیەوە.

ئای لە ڕەحم و بەزەیی و میهرەبانی خوا لاوێك پانزە ساڵ دوورە و دێتەوە بەرەو لای خوا، خوای گەورەش ئەوەندەی پێخۆشە کەبەندەکەی تۆبەی کردووەو گەڕاوەتەوە، ئیرادەی وابوو کە سەری لە سوجدەدایە بیباتەوە، تا ئاوەهاش زیندووی بکاتەوە، پاشان بیکات بە پەند بۆ ئەوان و خەڵکانی تریش کە پەلە بکەن و چی زووترە بگەڕێنەوە لای خوا، کێ ئەڵێ ئەجەل و مردن بەدوایانەوە

نیەو، ئێستا یا ساتێکی تر هاکا بیانبات، قورئان دەفەرموێت: ﴿ أَوَلَمۡ يَنظُرُواْ فِي مَلَكُوتِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا خَلَقَ ٱللَّهُ مِن شَيۡءٖ وَأَنۡ عَسَىٰٓ أَن يَكُونَ قَدِ ٱقۡتَرَبَ أَجَلُهُمۡۖ فَبِأَيِّ حَدِيثِۭ بَعۡدَهُۥ يُؤۡمِنُونَ ﴿١٨٥﴾ ﴾ الأعراف. ﴿ وَأَنفِقُواْ مِن مَّا رَزَقۡنَٰكُم مِّن قَبۡلِ أَن يَأۡتِيَ أَحَدَكُمُ ٱلۡمَوۡتُ فَيَقُولَ رَبِّ لَوۡلَآ أَخَّرۡتَنِيٓ إِلَىٰٓ أَجَلٖ قَرِيبٖ فَأَصَّدَّقَ وَأَكُن مِّنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿١٠﴾ ﴾ المنافقون .

**دووەم:**

شێخ محمد حەسان دەڵێت: کە چووم بۆ ئەمریکا لە مزگەوتێکی شاری برۆکلن بۆیان گێڕامەوە، کە گەنجێکی ئەمریکی لە نوێژی بەیانیدا دێتە لایان و دەڵێت : دەمەوێ ببمە شوێنکەوتەی محمد، دەمەوێ موسڵمان ببم، وتیان بچۆ خۆت بشۆو شایەتمان بهێنە دەبیتە موسڵمان و شوێنکەوتەی محمد (ﷺ) ، ئەویش خۆی شت و شایەتمانی هێناو سێ رۆژ لەمزگەوت مایەوە تا شارەزای ئیسلام ببێ، زۆر لە سوجدەدا دەبووگوێی لە قورئان دەگرت و دەگریا، لێیان پرسی چۆنە وا موسڵمان بووی؟ ؟ وتی: چوار ساڵە هەموو شەوێك بەگریانەوە لە خوا دەپاڕێمەوە کە رێی راستم پیشان بدات، ئەو بەیانیە پێش ئەوەی بێم بۆلاتان خەوم بە حەزرەتی عیساوە بینی سەلامی خوای لیبێت، بە پەنجەی ئاماژەی بۆ کردم و فەرمووی ببە بە محمدی، ببە بە شوێنکەوتووی محمد. رۆژی سێیەم لە نوێژی عیشادا ئەم برادەرە لە سوجدەی یەکەم هەڵنەستایەوەوگیانی سپاردەوە بەخوا، دیارە کە زیندووش دەکرێتەوە لە سوجدەدایە، چونکە حەزرەت (د. خ) دەفەرموێ (يبعث كل عبد على مامات عليه) **(دواین رووداووەکان و کۆتایی جیهان _ محمد حسان لاثارة ٩١ و. عبدالمجید عبدالحمید )** .

## بـیرکـردنـەوە

بیرکردنەوە لە دروستکراوانی خوا و بەتایبەت ئاسمانەکان و زەوی مایەی دامەزراوی و یەقینیات و تێگەیشتنە لە دەسەڵاتی پەروەردگار ﴿ وَكَذَٰلِكَ نُرِيٓ إِبۡرَٰهِيمَ مَلَكُوتَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَلِيَكُونَ مِنَ ٱلۡمُوقِنِينَ ﴿٧٥﴾ ﴾ الأنعام .

قورئان لەچەندەها ئایەتدا داوامان لێدەکات بیربکەینەوە، هەروەك دەفەرموێت:

﴿ إِنَّ فِي ٱخۡتِلَٰفِ ٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِ وَمَا خَلَقَ ٱللَّهُ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَتَّقُونَ ٦ ﴾ يونس، ﴿ إِنَّ فِي خَلۡقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَٱخۡتِلَٰفِ ٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِ لَأٓيَٰتٖ لِّأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ ١٩٠ ٱلَّذِينَ يَذۡكُرُونَ ٱللَّهَ قِيَٰمٗا وَقُعُودٗا وَعَلَىٰ جُنُوبِهِمۡ وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلۡقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ رَبَّنَا مَا خَلَقۡتَ هَٰذَا بَٰطِلٗا سُبۡحَٰنَكَ فَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ ١٩١ ﴾ آل عمران . ئەم ئایەتە بەشەو هاتە خوارەوە و تابەیانی کە بیلال هات بانگ بدات حەزرەت (ﷺ) گریا، بیلال پرسیاری لێکرد بۆ دەگریت: فەرمووی ئەم شەو ئەم چەند ئایەتەم بۆهاتووە وەیل بۆ ئەوەی دەیخوێنێتەوەو بیری لێناکاتەوە (سێ جار ئەمەی دووبارەکردەوە) . بیرکردنەوە لە ئاسمانەکان و زەوی مەسەلەیەکی زۆر گرنگە بەتایبەت لەم زەمانەدا کە زانست پێشکەوتووە و بە ملیارەها هەسارە دۆزراونەتەوە کە هەریەکەیان لە ملیارەها ئەستێرە پێکهاتوون.

فراوانی ئاسمانەکان وایکرد کە زانایان بۆ پێوانەی دووری نێوان ئەستێرەکان ساڵی رووناکی بەکاربهێنن (واتە ئەو دووریەی کە رووناکی دەیبڕێت لە ساڵێکدا کە یەکسانە بە ٩،٥ملیۆن ملیۆن کیلۆمەتر، دواتر سەیریان کرد ئەم یەکەیە هێشتا کەمە بۆ ئەو پێوانەیە بۆیە فەرسەخی کەونی یان کردە یەکەی پێوانە کە (١،٢) ساڵی رووناکییە ئەمەش کەم بوو هاتنە سەر کیلۆ فەرسەخ کە هەزار فەرسەخە، سەیریان کرد ئەم یەکەیەش هێشتا کەمەو هاتنە سەر مێگا فەرسەخ کە ملیۆنێك فەرسەخە، جا کەدەوترێت ئەستێرەیەك یەك مێگا فەرسەخ لێمانەوە دوورە واتە (١،٢ * ٩،٥ * ملیۆن*ملیۆن*ملیۆن کیلۆمەتر) کەئەمەش دوورییەکە مەگەر هەر خوا بۆ خۆی بزانێت چەندە. بەڕاستی لە ئاسمانەکان وزەوی دا ئایاتی زۆر هەیەو زۆرکەس پشتی تێدەکات، هەروەك قورئان دەفەرموێت: ﴿ وَكَأَيِّن مِّنۡ ءَايَةٖ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ يَمُرُّونَ عَلَيۡهَا وَهُمۡ عَنۡهَا مُعۡرِضُونَ ١٠٥ ﴾ یوسف

یەکێ لە ئایەتەکانی خوا ئەوەیە کە هەموو شتێك لە بوونەوەردا ئەجەلی هەیە و هەمووان دەبێت بمرن، قورئان دەفەرموێت: ﴿ أَوَلَمۡ يَتَفَكَّرُواْ فِيٓ أَنفُسِهِمۗ مَّا خَلَقَ ٱللَّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ وَمَا بَيۡنَهُمَآ إِلَّا بِٱلۡحَقِّ وَأَجَلٖ مُّسَمّٗىۗ وَإِنَّ كَثِيرٗا مِّنَ ٱلنَّاسِ بِلِقَآيِٕ رَبِّهِمۡ لَكَٰفِرُونَ ٨ ﴾ الروم . واتە: ئەوە بۆ بیر لە خۆیان ناکەنەوە، کەوەك هەموو دروستکراوەکانی تری ئەم بوونەوەرە ئەجەلیان هەیە و

ڕۆژێك دێت ژیانیان تەواو دەبێت، خوای گەورە ئاسمانەکان و زەوی و هەرچیان تیایە بەهەق دروستی کردوون و ئەجەلی بۆ داناون، بەڕاستی زۆرێك لە خەڵکی بڕوایان بە دیداری خوا نیە.

ئەستێرەیەك ڕەنگە بە ملیۆنەها ساڵ لە دوکەڵی کەونیەوە دروست ببێت، دوای ملیۆنەها یان ملیارەهاساڵیش بە ویستی خوا ئەجەلی تەواو دەبێت و ئەتەقێتەوەو دەمرێت.

زانایەکی تەمەن ٣٢ ساڵی هیندی کە خەلاَتی نۆبڵی وەرگرت دۆزیەوە کە ئەگەر ئەستێرەیەك بچووکتر بێت لە (١،٤) ی خۆر ئەواکە مرد دەبێتە گرگنی سپی (القزم الابیض) و، ئەگەر لە (٤،١ تا ٣،٢) جار لە خۆر گەورەتر بوو دەبێتە ئەستێرەی نیوترۆنی کە هەزار جار لە خولەکێکدا بەدەوری خۆیدا دەخولێتەوە. وە دەنگێك دەرئەکات لە خێرایی خولانەوەکەیدا کەوەك تەقەتەقی لەدەرگادان وایە، کە ئەم دەنگەش وەکالەتی ناسا تۆماری کردووە وهەرکەس بیەوێت دەتوانێت لە یوتیوبەوە گوێی لێبگرێت. هەندێك دەڵێن ڕەنگە ئەمە ئەو ئەستێرەی (طارق) ە بێت کە خوای گەورە سوێندی پێدەخوات ﴿وَٱلسَّمَآءِ وَٱلطَّارِقِ ۝١ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلطَّارِقُ ۝٢ ٱلنَّجۡمُ ٱلثَّاقِبُ ۝٣﴾ الطارق. ئەگەر ئەستێرەیەکیش لە ٣،٢ی خۆر گەورەتر بوو کە مرد دەبێتە کونە ڕەشەکان (الثقب الاسود) ئەم کونەڕەشانە یەکێکە لە نیشانەکانی دەسەلاَتی خوا. زانایان دەڵێن: ئەم ئەستێرەیە بەو قەبارە زەبەلاحەیەوە ئەڕوخێتە ناو خۆی و بەهەمان بارستایی خۆیەوە قەبارەکەی بچووك دەبێتەوە تا بەهێندەی گۆڕەپانێکی تۆپی پێی لێدێت، بۆیە یەك کەوچکی چای ماددەی ئەم ئەستێرەیە قورساییەکەی ملیارێك تەنە!

ئەم کونە ڕەشانە ڕووناکیان لێوە دەرناچێت بۆیە نابینرێن، زانایان تەنها ئاسەوارەکەی دەبینن کە ڕۆژی هەزار وەجبە ئەستێرە قووت ئەدات و پێی دەڵێن قەبرسانی ئەستێرەکان و لە هەسارەکاندا کونی ڕەشی زۆر هەیە. پرۆفیسۆر زەغلول النجار دەڵێت ڕەنگە ئەمەش ئەو ئەستێرەیە بێت کە قورئان باسی دەکات: ﴿فَلَآ أُقۡسِمُ بِٱلۡخُنَّسِ ۝١٥ ٱلۡجَوَارِ ٱلۡكُنَّسِ ۝١٦﴾ التکویر .

زانایانی بواری فەلەك بەهۆی تەلەسکۆبی هابڵەوە دۆزیویانەتەوە کە هەسارەی کاکێشان دووسەد هەزار ملیۆن ئەستێرەی تیایە و بەملیارەها هەسارەی لەم جۆرەش هەیە کە هەندێکیان وەك هێشووە ترێ بەیەکەوەن کەپێیان دەوترێت (المجرات العنقودية) . زانایان پاش هەڵ وکۆششی دەیان ساڵ و خەرجکردنی ملیارەها دۆلار توانیان نەخشەیەکی بوونەوەر بکێشن کە بە

هەسارەکان چنراوە کە ئەم وینەیەش وەکالەتی ناسا بلاَوی کردۆتەوە و قورئانیش ئاماژەیەکی بۆ ئاسمانی چنراو کردووە کە دەفەرمویێت ﴿وَٱلسَّمَآءِ ذَاتِ ٱلۡحُبُكِ ۝٧﴾ الذاريات .

زانایانی بواری فەلەك کە لە ئاسمان و زەوی ورددەبنەوە ناچاردەبن ئیمان بێنن بەخوایەکی بالاّدەست، چونکە ئەگەر ئیمان نەهێنن شێت دەبن. لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رۆژنامەنووسێکی جوولەکە بە ئەنیشتاینی وت: سەیرە بەلامەوە کەزانایەکی گەورەی وەك تۆ بڕوادار بێت، ئەویش وتی: دەمت داخە من بڕوادارم و بێباوەڕنیم لەکاتێکدا ئەو هەموو جوانی وتەواوی و وردەکارییە دەبینم لە بوونەوەردا. ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ وَٱلدَّوَآبِّ وَٱلۡأَنۡعَٰمِ مُخۡتَلِفٌ أَلۡوَٰنُهُۥ كَذَٰلِكَۗ إِنَّمَا يَخۡشَى ٱللَّهَ مِنۡ عِبَادِهِ ٱلۡعُلَمَٰٓؤُاْۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ غَفُورٌ ۝٢٨﴾ فاطر . واتە لەجیاوازی رەنگی مرۆڤەکان و ئاژەڵ و دروستکراوەکانی خوادا بەڵگەونیشانەی زۆر هەیە وزانایانن کە لە خوا دەترسن، بەراستی خوا بەدەسەلاّت و لێخۆش بووە.

هەروەها قورئان دەفەرموێت ﴿ أَفَلَمۡ يَنظُرُوٓاْ إِلَى ٱلسَّمَآءِ فَوۡقَهُمۡ كَيۡفَ بَنَيۡنَٰهَا وَزَيَّنَّٰهَا وَمَا لَهَا مِن فُرُوجٖ ۝٦ وَٱلۡأَرۡضَ مَدَدۡنَٰهَا وَأَلۡقَيۡنَا فِيهَا رَوَٰسِيَ وَأَنۢبَتۡنَا فِيهَا مِن كُلِّ زَوۡجِۢ بَهِيجٖ ۝٧ تَبۡصِرَةٗ وَذِكۡرَىٰ لِكُلِّ عَبۡدٖ مُّنِيبٖ ۝٨﴾ ق .

وردبوونەوە لە فراوانی ئاسمانەکان کە تائێستا زانست بەو هەموو پێشکەوتنەیەوە بەشێکی کەمی دۆزیوەتەوە بەڕاستی مایەی چاوکرانەوەو ناسینی خوای بالاّدەستە، کە ئاسمانەکان لەچاو کورسیدا وەك ئەڵقەیەکە کە فڕێدرابێتە دەشتێکی کاکی بەکاکیەوە، وەکورسیش لەچاو عەرشی خوادا هەر وەك ئەڵقەیەکە کە فڕێدرابێتە دەشتێکی کاکی بەکاکیەوە، دەی لەمەوە ئەوە تێدەگەین کە دەسەلاّتی خوا چەند بێپایانە. جا کە زەوی لەچاو بوونەوەردا خاڵێك نەبێ، دەی مرۆڤ ئەبێ چی بێت؟ خوا بەڕەحمی خوایەتی خۆیەتی مرۆڤی بەشت زانیوەو حسابی بۆدەکات وڕێی داوە ناوی بهێنێت و یادی بکات، خۆ خوا پەکی لەکەس نەکەوتووەو ئەگەر هەرچی مرۆڤی کۆن و نوێیە باش بن یاخراپ هیچ لەموڵك و دەسەلاّتی خوا زیادوکەم ناکات هەروەك لە فەرموودەی قودسیدا هاتووە:

(عن النبيِّ صلَّى اللهُ عليهِ وسلَّمَ، فيما روى عن اللهِ تبارك وتعالى أنَّهُ قال:

- يا عبادي ! إني حرَّمتُ الظلمَ على نفسي وجعلتُه بينكم محرَّمًا.  فلا تظَّالموا.
- يا عبادي ! كلكم ضالٌّ إلا من هديتُه.  فاستهدوني أَهْدِكم.
- يا عبادي ! كلكم جائعٌ إلا من أطعمتُه.  فاستطعموني أُطعمكم.
- يا عبادي ! كلكم عارٍ إلا من كسوتُه.  فاستكسوني أكْسُكُم.
- يا عبادي ! إنكم تُخطئون بالليلِ والنهارِ، وأنا أغفرُ الذنوبَ جميعًا.  فاستغفروني أغفرُ لكم.
- يا عبادي ! إنكم لن تبلغوا ضُرِّي فتضروني.  ولن تبلغوا نفعي فتنفَعوني
- يا عبادي ! لو أنَّ أوَّلكم وآخركم وإِنْسَكم وجِنَّكم.  كانوا على أتقى قلبِ رجلٍ واحدٍ منكم. ما زاد ذلك في ملكي شيئًا.
- يا عبادي ! لو أنَّ أوَّلَكم وآخركم.  وإنْسَكم وجِنَّكم.  كانوا على أفجرِ قلبِ رجلٍ واحدٍ.  ما نقص ذلك من ملكي شيئًا.
- يا عبادي ! لو أنَّ أوَّلَكم وآخرَكم.  وإنسَكم وجِنَّكم.  قاموا في صعيدٍ واحدٍ فسألوني. فأعطيتُ كل إنسانٍ مسألتَه.  ما نقص ذلك مما عندي إلا كما ينقصُ المِخْيَطُ إذا أُدْخِلَ البحرَ.
- يا عبادي ! إنما هي أعمالكم أُحصيها لكم.  ثم أوفِّيكم إياها.  فمن وجد خيرًا فليحمدِ اللهَ. ومن وجد غيرَ ذلك فلا يلومَنَّ إلا نفسَه "- المصدر:صحيح مسلم - ص: ٢٥٧٧خلاصة حكم المحدث: صحيح.

حەزرەت (ﷺ) لەمە باش تێگەیشتبوو بۆیە کە لەخەو هەڵدەستا دەیفەرموو (الحمد لله الذی ردّ الي َ روحي وأذِن لي بذكره) سوپاس بۆ ئەو خوایەی کەرۆحی بۆ گێڕامەوەو رێی دام یادی بکەم.

## هەستانەوەی موسڵمانان

ئەجەلی ئەم ئوممەتە تا قیامەتە بۆیە خۆری ئیسلامەتی ئەگیرێ بەڵام ئاوا نابێت، لەگەڵ ئەو هەموو پیلانەی ناحەزاندا بۆ دروستکردنی بەدگومانی بەرامبەر ئیسلام و بڵاوکردنەوەی بێباوەڕی، ئیسلام خۆی راگرت و رابوونی ئیسلامی نەك هەر لەرۆژهەڵات بەڵکو لەرۆژئاواشدا چاکترین رۆڵی هەیە.

بۆنموونە لە تورکیا رابوونەکە لەسەر دەستی مامۆستا نوورسی دەستی پێکردو لەسەر دەستی قوتابیەکانیدا گەشەی سەند نەك هەر لە تورکیا بەڵکو لە دەرەوەی تورکیاشدا. فەتحولاّ گوڵەن کە قوتابی مامۆستا نوورسییە کۆمەڵەی خزمەتی دامەزراند و لەرێی خزمەت بەخەڵك و خاکەوە توانیان باشترین خزمەت بەدینی خوا بکەن. ئەم بەڕێزانە کەوتنە گرنگی دان بەکردنەوەی قوتابخانەو دابین کردنی بەشی ناوخۆیی بۆ قوتابیان ودابین کردنی مامۆستای پەیامدار بۆیان، بە هەوڵ و لێبڕان ئەم کۆمەڵە توانیان لە ناو تورکیا ٧٠٠ قوتابخانەو لە دەرەوەی تورکیا ٣٠٠ قوتابخانە لە چەندەها وڵاتدا بکەنەوە، ئەوەتا لەهەر سێ شارەکەی کوردستانیش قوتابخانەیان کردۆتەوە. تا ئێستا حەوت زانکۆی زۆر پێشکەوتوویان هەیەو بۆ ساڵی ٢٠١٣ ش بەرنامەیان داناوە کە سێ زانکۆی تریش بکەنەوە.

ساڵانە ملیۆن ونیوێك قوتابی بەشداری تاقیکردنەوەی پۆلی دوانزە دەکەن لەم ژمارە زۆرە تەنها (١٧٠) هەزار قوتابی لە زانکۆکان وەردەگیرێن، بۆیە ئەم کۆمەڵە دوای سانەوی قوتابیان ئامادەدەکەن بە وانە پێووتنەوە و رۆشنبیرکردنیان تا بتوانن وەربگیرێن، جا لەسەدا حەفتای ئەوانەی دەچنە زانکۆ لای ئەمانەوە هاتوون. ساڵانەش دە قوتابی تورکیا دەچنە پێشبڕکێی جیهانیەوە کە حەوتیان هی ئەمانن.

قوتابخانەکانیان لە هەموولایەنێکەوە پێشکەوتوون وقوتابی لە بەیانیەوە تاعەسر لە قوتابخانە دەبێت و هەموو خزمەتگوزارییەکی پێشکەش دەکرێت، نزیکەی دوو ملیۆن قوتابی هەریەکەو بەجۆرێك لەمان سوودمەند دەبێت، ئایا بەخوێندن بێت لە قوتابخانەو زانکۆکانیاندا یان بەپێووتنەوەی دەرسی تەقویە بێت، یان لەرێی دابینکردنی بەشی ناوخۆییەوە بێت. ئەم برادەرانە شەش کەناڵی ئاسمانیان هەیە و رۆژنامەی زەمانیش دەردەکەن کەرۆژانە نۆسەد هەزاری لێ بڵاودەبێتەوە. شاندێکی پەروەردەیی لە مەغریبەوە و چەندەها شاندی تر لە وڵاتانی ترەوە سەردانیان کردوون تا سوود لە ئەزموونەکیان وەربگرن و بیگوێزنەوە بۆ لای خۆیان.

مامۆستا فەتحولاّ داوا لە دەوڵەمەندەکان دەکات کە پارە ببەخشن بۆ پڕۆژەیەك و، یەکێك لەو دەوڵەمەندانە دەڵێت سەد هەزار لیرەم هەبوو نیوەیم بەخشی، کەچی مامۆستا جوابی بۆ ناردم کە بۆچی کەمت بەخشیوە، منیش وتم ئاخر بۆ ئەوەی ئەو بەرێزانەی لە من دەوڵەمەندترن

ئیحراج نەبن، بەهەرحاڵ دوایی ئەوی تریشم بەخشی، هیواداربووم ئەو ساڵە لەرەزوباخێك کە هەمبوو ئەو پارەیەم دەست بکەوێتەوە، کەچی بەقەدەری خوا باران و تەرزە و لافاوێك هات زۆربەی رەزوو باخەکانی نەهێشت وهەمووی وێرانکرد بەسەریەکدا، منیش بەنائومێدی پاش چەند رۆژێك چووم بۆ رەزووباخەکەم تا هیچ نەبێت بیهێنینەوە تایم وچاکی بکەینەوە، خوا شایەتە ئەوی سەیربوو لافاو وباران هیچ زیانی لە رەزوباخەکەی من نەدابوو، تاسنووری باخەکەی من چووبوو، نەچووبوە ئەو دیو سیاجەکەوە، ئەوساڵە ترێ گران بوو پارەکەی کردبووم بەخێر بەزیادەوە دەستم کەوتەوە. (خاوەنی ئەم بەسەرهاتە ساڵی ٢٠١٢خۆی بۆ کاك ئومێد محمدعەلی قەرەداخی گێڕابۆوە لە تورکیا) .

## بالانسەکەت چەندە؟ ؟

ئازیزەکانم ئەوەتا گەورەترین و ناودارترین مولحیدی سەردەم پاش زیاتر لە هەشتا ساڵ تەمەن دەگاتە ئەوەی کە عەقڵ و مەنتیق و حیکمەت لەوەدایە کە خوا لە خۆمان رازی بکەین، بۆیە با هەریەکەمان سەیری بالانسی خۆمان بکەین لای خوای گەورە؟ ! ئەبێ رەصیدمان چەند بێ؟ ! خوای پەروەردگار دەفەرموێت ﴿ وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾ ﴾ الذاريات . مرۆڤ تەنها بۆ خوا پەرستی درووست کراوە، خوا پەرستی بەومانایەی هەموو کاروکردەوەمان بۆ خوابێت و بەس. پێغەمبەر (ﷺ) لە ناو یاراندا دانیشتبوو پیاوێك بە لایاندا تێپەڕی، کە جل و بەرگێکی سادەی پینەکراوی لەبەرا بوو، رووت و رەجاڵی و هەژاری و نەداری و کەمدەرامەتی پێوە دیاربوو، پرسیاری لە هاوەڵان کرد: راتان چی یە لە بارەی ئەم پیاوەوە؟ !

وتیان: ئەوە قسە بکات گوێی لێناگیرێ و ژن داوا بکات پێی نادرێ و تکا بکات تکاکەی وەرناگیرێ، حەزرەت (ﷺ) بێدەنگ بوو. پاش ماوەیەك پیاوێکی بە شان و شەوکەت و ڕەنگ دەوڵەمەند بەوێدا تێپەڕی کە جل و بەرگێکی گرانبەهای لەبەردا بوو، حەزرەت (ﷺ) لە یارانی پرسی: ئەی ڕاتان چیە بەرامبەر ئەمە؟ ئەوانیش وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ئەوە فلانی کوڕی فلانە، شایانی ئەوەیە کە قسەی کرد گوێی لێ بگیرێ و ئەگەر داوای ئافرەتی کرد بیدرێتێ و ئەگەر تکای بۆ کەسێك کرد تکاکەی وەرگیرێت. ئنجا حەزرەت (ﷺ) ویستی دەرسی ئەوانیش

و هەموو موسوڵمانانیش تا قیامەت دابدات بەوەی دیارە کە خوا ئاگاداری کردبوو لە حاڵی ئەو دوو کەسە، کە بە جل و بەرگ و رەنگ و روو نیە و فەرمووی: بەو خوایەی کە گیانی محمدی بەدەستە، ئەو رووت و رەجاڵەیان لای خوا گرانبەهاترە لە پڕ بەدنیای ئەمی تریان.

﴿ أَمْ نَجْعَلُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ كَٱلْمُفْسِدِينَ فِى ٱلْأَرْضِ أَمْ نَجْعَلُ ٱلْمُتَّقِينَ كَٱلْفُجَّارِ ﴿٢٨﴾ ﴾ ص، بەڕاستی سەیرە، ئەبێ ئەو هەژارە چی کردبێت ئاوا ڕەصیدی لای خوا زۆرە، کە پڕ بە دنیا لەو دەوڵەمەندە (کەملیارەها کەس دەکات) لای خوا نابێت بەو تاقە کەسە هەژارە. سەیری رەصیدی پێغەمبەران بکەن کە قورئان ئاماژەی بۆ دەکات:

ئەیوب سەلامی خوای لێبێت (و أيوب إذ نادى ربه أني مسني الضر) ئەڵێن چواردە منالی هەبوون خوا لێی سەند، چی سەروەت و سامانی هەبوو نەما، ئنجا نەخۆشیش کەوت (أني مسنيَ الضُّرُّ و أنت أرحم الراحمين) پەروەردگارا من دووچاری ناخۆشی و ناڕەحەتی ماددی و مەعنەوی بووم و تۆش لە هەموو میهرەبانێك میهرەبان تری، خوای گەورەش وەڵامی دایەوەو دوعاکەی قبوڵ کرد (فاستجبنا له) وە دەستبەجێ ناڕەحەتی و نەخۆشیەکەی لەسەر هەڵگرت (فكشفنا ما به من ضر) ، (و آتيناه أهله) وە ماڵ و منالەکەی دایەوە، نەك هەر ئەوەندە بەڵكو (و مِثلهمْ معهم) دوو ئەوەندەی جاران (رحمة مِن عِنْدِنا و ذكرى) کە ئەمەش میهرەبانیەك بوو لە خواوە وەیادخەرەوە بوو بۆ ئەوانەی کە بەڕاستی بەندەی خوان (للعابدين) ، لێرەدا رەصیدی عیباداتی زۆرە و یادخەرەوەشە بۆ ئەوانەی کە بەڕاستی (عابدن) .

ئنجا ئەم پێغەمبەرانە سەلامی خوایان لێبێت (**ئیسماعیل و ئیدریس و ذوالكفل**) ئەمانە چ رەصیدێکیان هەیە، رەصیدی ئارامگرتن (**كلٌّ من الصابرين**) (**و أدخلناهم في رحمتنا إنهم من الصالحين**) ئارامگر بوون و لە ساڵحان بوون، ئەوەیە رەصیدیان لای خوا. ئنجا دێتە سەر باسی حەزرەتی یونس سەلامی خوای لێ بێ ﴿ وَذَا ٱلنُّونِ إِذ ذَّهَبَ مُغَٰضِبًا فَظَنَّ أَن لَّن نَّقْدِرَ عَلَيْهِ فَنَادَىٰ فِى ٱلظُّلُمَٰتِ أَن لَّآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنتَ سُبْحَٰنَكَ إِنِّى كُنتُ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٨٧﴾ فَٱسْتَجَبْنَا لَهُۥ وَنَجَّيْنَٰهُ مِنَ ٱلْغَمِّ وَكَذَٰلِكَ نُۨجِى ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٨٨﴾ ﴾ الأنبياء. رەصیدی ئەم ﴿ فَلَوْلَآ أَنَّهُۥ كَانَ مِنَ ٱلْمُسَبِّحِينَ ﴿١٤٣﴾ لَلَبِثَ فِى بَطْنِهِۦٓ إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ ﴿١٤٤﴾ ﴾ الصافات .

زەکەریاش سەلامی خوای لێ بێت نزیکەی سەد ساڵێك تەمەنی بوو، ژنەکەشی نەوەد ساڵێك بوو، دوعای کرد﴿ وَزَكَرِيَّآ إِذْ نَادَىٰ رَبَّهُۥ رَبِّ لَا تَذَرْنِى فَرْدًا وَأَنتَ خَيْرُ ٱلْوَٰرِثِينَ ﴿٨٩﴾ ﴾ الأنبياء ﴿ فَٱسْتَجَبْنَا لَهُۥ وَوَهَبْنَا لَهُۥ يَحْيَىٰ وَأَصْلَحْنَا لَهُۥ زَوْجَهُۥٓ ۚ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ يُسَٰرِعُونَ فِى ٱلْخَيْرَٰتِ وَيَدْعُونَنَا رَغَبًا وَرَهَبًا ۖ وَكَانُوا۟ لَنَا خَٰشِعِينَ ﴿٩٠﴾ ﴾ الأنبياء ، واتە:زەکەریا کە دوعای کرد و وتی: پەروەردگارا بەتەنها مەمهێڵەوە، خوای گەورە وەڵامی دایەوەو یەحیای دایەو ژنەکەشی بۆ چارەسەر کرد ﴿إِنَّهُمْ كَانُوا۟ يُسَٰرِعُونَ فِى ٱلْخَيْرَٰتِ وَيَدْعُونَنَا رَغَبًا وَرَهَبًا ۖ وَكَانُوا۟ لَنَا خَٰشِعِينَ ﴿٩٠﴾ ﴾ ئەوان ڕەصیدیان لای خوا ئەوەبوو کە پێشبڕکێیان دەکرد لە خێرو چاکەداو، بەردەوام بەهیواو ترسەوە لە خوا دەپاڕانەوەوهەردەم بۆ خوا ملکەچ و خاشیع بوون. ئنجا مەریەم سەلامی خوای لێبێت، کە داوێن پاك و خواناس بوو، خۆی و کوڕەکەی بوونە ئایەت و بەڵگەو نیشانەی دەسەڵاتی خوا بۆ هەموو جیهانیان ﴿ وَٱلَّتِىٓ أَحْصَنَتْ فَرْجَهَا فَنَفَخْنَا فِيهَا مِن رُّوحِنَا وَجَعَلْنَٰهَا وَٱبْنَهَآ ءَايَةً لِّلْعَٰلَمِينَ ﴿٩١﴾ ﴾ الأنبياء.

حەزرەت (ﷺ) دەفەرمویێت: (رجُلٌ أشعث أغبر يمد يده الى السماء، يارب يارب، ومأكله حرام ومشربه حرام، وغُذى بالحرام، فأنى يُستجاب له) ئەم پیاوە مێژوویەکی ڕەشی هەیە لای خوا، ڕەصیدی چاکەی نیە بۆیە هیچی لێوەرناگیرێت. کاتێك حەزرەت (ﷺ) ویستی دەست لە حەفصەی خێزانی هەڵگرێت، مەلائیکەت لە ئاسمانەوە دابەزی بە ئەمری خوا و پێی فەرموو: حەفصە بهێنەرەوە (**راجع حفصة**) بۆچی؟ ؟ چونکە ڕەصیدی باشی خواناسی و بەڕۆژووبوون و شەونوێژی هەیە لای خوا (فإنها صوامة قوامة وانها زوجتك فى الجنة. . . ) المحدث /ابو حاتم الرازي – المصدر/ المراسيل ابن ابي حاتم ١٦٧ ﴿ أَمَّنْ هُوَ قَٰنِتٌ ءَانَآءَ ٱلَّيْلِ سَاجِدًا وَقَآئِمًا يَحْذَرُ ٱلْءَاخِرَةَ وَيَرْجُوا۟ رَحْمَةَ رَبِّهِۦ ۗ قُلْ هَلْ يَسْتَوِى ٱلَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ۗ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿٩﴾ ﴾ الزمر. لە ڕەمەزاندا شەیتانەکان ئەبەسترێنەوە تا ڕەصید زیا بکەین و مەشق بکەین لەسەر پارێزکاری (لعلكم تتقون) . (الصيام جُنة) ئەگەر یەکێ شەڕی پێ فرۆشتیت بڵێ: (انی صائم، انی صائم) . هەرچی واز قسەی خراپ و کاری خراپ نەهێنێت، ڕۆژووەکەی لێوەناگیرێت.

ڕۆژوو بۆ ڕەصید بەرزکردنەوەیە (كل عمل ابن ادم له، تضاعف الحسنة عشر امثالها الى سبعمائة ضعف، إلا الصوم فإنه لي و أنا أجزي به، يَدَع شهوته و طعامه من أجلي، للصائم فرحتان: فرحة عند فطره و فرحة عند لقاء ربه، و لخلوف فم الصائم أطيب عند الله من ريح المسك) مسلم.

ڕۆژێك حەزرەت (ﷺ) پرسیاری کرد، کێ بە ڕۆژووە،

- ئەبو بەکر فەرمووی: من.
- کێ لەگەڵ جەنازەدا چووە بۆ سەرقەبران؟ ئەبوبەکر : من.
- کێ ئەمڕۆ خواردنی داوە بە هەژار؟ ئەبوبەکر: من.
- کێ سەردانی نەخۆشی کردوە؟ ئەبوبەکر: من.

حەزرەت (ﷺ) فەرموی (ما اجتمعت في امريء الادَخَلَ الجنة) .

جارێك حەزرەت (ﷺ) چوە سەر مینبەر سێ جار فەرمووی ئامین، لییان پرسی بۆ ئامینت کرد؟

فەرمووی:جوبرائیل هاتەلام و فەرمووی: هەرکەس گەیشتە ڕەمەزان ولیخۆشبوونی بەدەست نەهێنا و چووە ناو دۆزەخەوە، خوا لەمیهرەبانی خۆی دووری خاتەوە، بڵێ :ئامین، وتم : ئامین (أن جبريل أتاني فقال:من أدرك شهر رمضان و لم يغفر له فدخل النار فأبعده الله قل امين، قال: فقلت: امين) .

## کارێك بکە بۆ خوا

ئەم دنیایە کاتیە و قیامەت هەتا هەتاییە، هەرچی پێمان دراوە کاتیە و هی ئێمە نیە، خوا خۆی خاوەنی دنیاو ئاخیرەتە، لە دەشتەکیەکیان پرسی: ئەو مەڕوماڵاتە هی تۆیە؟ وتی: نەخێر هی خوایە و ئێستا لەلای منە، ئەو لەش و لارەی کە بە هی خۆمانی دەزانین بەشی جەڵتەیەکە لە کار بکەوێ، جا با لە خێردا بەکاری بهێنین. خۆ ئەگەر توشی جەڵتەش نەبین، چەند ساڵێکە و جوانی و هێزی نامێنێ ! بەڵام چونکە بە تەدریج وردە وردە وای لێ دێت هەستی پێ ناکەین. ﴿ قُلِ ٱللَّهُمَّ مَٰلِكَ ٱلۡمُلۡكِ تُؤۡتِي ٱلۡمُلۡكَ مَن تَشَآءُ وَتَنزِعُ ٱلۡمُلۡكَ مِمَّن تَشَآءُ وَتُعِزُّ مَن تَشَآءُ وَتُذِلُّ مَن تَشَآءُۖ بِيَدِكَ ٱلۡخَيۡرُۖ إِنَّكَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ﴿٢٦﴾ ﴾ آل عمران .

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (إن لله تعالى أقواما يختصهم بالنعم لمنافع العباد، و يقرها فيهم ما بذلوها، فإذا منعوها، نزعها منهم، فحولها إلى غيرهم) الراوي: عبدالله بن عمر المحدث: الألباني - المصدر: صحيح الجامع - الصفحة أو الرقم: ٢١٦٤خلاصة حكم المحدث: حسن واتە: خوای پەروەردگار هەندێ نازونیعمەت و ماڵ و سامان ئەدات بەکەسانێك تا سوود بە خەڵکانێك بگەیەنن، ئەگەر هاوکاری خەڵکیان پێکرد دەیهێڵێتەوە لایان، وەئەگەر نا لێیان دەگرێتەوە و ئەیدا بەکەسانیکیکە.

## بانــگەواز کــردن

**یەکەم:** سولەیمان گەنجێکی کەڕوڵاڵی کوەیتیە و لە ڕێی ئەنتەرنێتەوە ویستی خزمەت بە ئیسلام بکات، لە ڕێی پێگەی کەڕوڵاڵەوە بە ئینگلیزی، مارکۆسی ئەڵمانی کە ئەمیش هەر کەڕوڵاڵ بوو بوە هاوەڵی، مارکۆس خەریکی کات بەسەر بردن و ماددیات و هەواو ئارەزوو بوو، رۆژ بە رۆژ پەیوەندی هاوڕێیەتیان بەهێز دەبوو لە ڕێی چاتەوە، تا ڕۆژێك مارکۆس هات بۆ کوەیت بۆ سەردانی سولەیمان، سولەیمانیش چووە پێشوازیی و باوەشی گەرمی پیا کردو میوانداریەکی باشی کرد، لەبەر چاوی نوێژی دەکرد وکە دەچوو بۆ مزگەوت لە ئوتومبێلەکەیدا بەجێی دەهێشت و کۆمەڵێ بابەتی بە ئینگلیزی و ئەڵمانی دایە لەبارەی ئیسلامەوە، لەگەڵ خۆی دەیگێڕاو دەیبرد بۆ دیوانیەکان و دیوەخانەکان، دایکی مارکۆس کە لە دەوڵەمەندەکانی ئەڵمانیا بوو پەیوەندی ئەکرد بە دایکی سولەیمانەوە و زوو زوو ئەحواڵی کوڕەکەی دەپرسی. مارکۆس لە مەجلیسێکی گەورەدا لە کوەیت بە ئیشارەت تێی گەیاندن کە ئامادەیە چی هەیە بیدات و ئیسلام شارەزا بێت. مارکۆس لە لیژنەی ناساندنی ئیسلام لە کوەیت موسوڵمان بوونی خۆی ڕاگەیاند و بە ئیشارەت شایەتمانی هێنا، بە فەزڵی خوا هەرچەند کە کەڕوڵاڵە وشەی (الله) و (محمد) هات بە زمانیا !. سەد و هەشتا پلە ژیانی گۆڕا و پەیمانی دا کە لەناو کەس و کاریا ببێتە نمونەیەکی جوانی ئیسلامەتی و بانگیان بکات بەرەو ئیسلام.



ماركۆس

**دووەم :** بانگخوازێك دەڵێت : بەخزمێكم وت كە لە بەشی سێنتراڵی خەستەخانەیەكی جەددە كاری دەكرد بەرۆژ ناو بەناو قورئانی بخەرە سەر بۆ ئەوەی نەخۆشەكان و كارمەندەكان گوێیان لە قورئان بێت و تۆش خێرێكت دەست بكەوێت، هەندێ تیلاوەتی چەند قورئانخوێنێكیشم دایە، ئەویش بۆچوونەكەمی پێباش بوو، بەیانیەكیان سورەتی قافی بەدەنگی شێخ ناصر العمری دەخاتەسەر، كەدەنگی زۆر كاریگەرو خۆشە، كاتێك دەزانێت لەدەرگا دەدرێت و دكتۆرەیەكی بیانی بەگریانەوە دێتە ژوورەوەو پرسیاری لێدەكات و دەڵێت: ئەم دەنگە چییە؟

پێی دەڵێ: ئەوە دەنگی قورئانە؟ دەڵێت: قورئان چییە؟

پێی دەڵێ: كەلامی خوایەو موسڵمانان تێی دەگەن، ئنجا دەپرسێت: ئەی ئیسلام چییە؟

ئەویش پێی دەڵێ: فەرموودانیشەو دكتۆرێكی مناوبی خواناسی لێدەبێت، بۆی بانگ دەكات و ئەویش بەجوانی باسی ئیسلامی بۆ دەكات و وەلاَمی پرسیارەكانی ئەداتەوە و ناوی چەند مەوقعێكی ئیسلامیشی ئەداتێ بە زمانی ئینگلیزی. پاش هەفتەیەك ئەو دكتۆرەی بانگی كردبوو مژدەی دایە كە دكتۆرە كە موسڵمان بووە، پاش نزیكەی مانگێكیش خۆی دكتۆرەكە دەبینێت بووەتە بالاَ پۆش.

**سێیەم** : ئافرەتێکی بانگخواز  لە ولاتێکی کەنداو دەڵێت : لە ماڵی خزمێکمان دەعوەت بووین، پاش نان خواردن چوومە مەتبەخەکەیان و کەوتمە ئاو پیاکردنی حاجەتەکان کە خزمەتکارەکەیان دەیشت، بەدەم کارەکەوە هەندێ قسەم بۆ کرد لە بارەی ئیسلامەوە، سوپاس بۆ خوا، بەم مەوقیفە موسڵمان بوو.

## هـیـدایـەت

**یەکەم:** شێخ عبدالقادر دەهمان بانگخوازێکەو دەڵێت: برادەرێکم بۆی گێرامەوەو وتی: لە بەریتانیا بووم دەمویست بگەڕێمەوە، مەوعیدی تەیارەکەم لێتێکچوو فریای تەیارەکە نەکەوتم، رەحلەیەکی ترم حیجزکردو بەداخ و خەمێکی زۆرەوە گەڕامەوە ئوتێل. کەگەشتمەوە ئوتێلەکە بەرپرسی پرسگەکە وتی : لەخەستەخانەوە کەسێك تەلەفونی کردووەو موسڵمانێکیان دەوێت.

لەبەرخوا چووین بۆ لای بەڕێوەبەری خەستەخانەکەو خۆمان پێناساند، ئەویش وتی نەخۆشێکمان لایە ئەیەوێت موسڵمان ببێت. کەچوینە لای نەخۆشەکە تەمەنی چل و پێنج ساڵێك دەبوو لەسەردەستما موسڵمان بوو، هەندێ باسی ئیسلامان بۆکردو خۆی شت و دەستنوێژی شت، سەرگوزەشتەی خۆی بۆگێڕامەوەو وتی: من سەربازبووم لە کەتیبەیەکی بەریتانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و لە ولاتێکی رۆژهەلاتی ئاسیابووم، کتێبێکم لەبارەی ئیسلامەوە دەستکەوت، خوێندمەوەو پانزە ساڵ بە ئاواتی ئەوەوە بووم موسڵمان ببم، کەگەڕامەوە بەریتانیاو چەند بەناو موسڵمانی خراپم بینی ساردبوومەوەو وتم موسڵمان نابم، بەلام دوێنێ شەو لەخەوما کەسێکم بینی کە پێغەمبەری ئیسلام بوو پێی وتم: (سەیرکردنی حاڵی خەڵك سەرقاڵی کردیت لەوەی خۆت رزگاربکەیت و شوێن ئاینەکەم بکەویت) .

بۆیە کەلەخەو هەستام وتم: ئەبێ بەزوویی موسڵمان ببم، وا خوا ئێوەی بۆناردم.

ئەم پیاوە لای ماینەوە دوای دووسەعاتێك باری تەندروستی خراپتر بوو، ئێمەش دڵمان نەهات بەجێی بهێڵین، تاوەفاتی کردو بردمان شتمان وکفنمان کردو لە قەبرسانی موسڵماناندا ناشتمان.

**دووەم:** حاجی عەبدولا خەڵکی پێنجوین بوو دۆستێکی خۆشەویستم بوو، من و خێزانم سەردانمان دەکردوو رێزو خۆشەویستی لە نێوانماندا هەبوو. ئەم حاجی یە قورحەی گەدەی هەبوو،

هەموو رەمەزانێك بەیانیان پارشێوی دەکردو تا ئێوارە ئازاری زۆر هەراسانی نەکردایە نەیدەشکاند، ناوبراو ئەچێ بۆ حەج لە هەشتاکاندا، لەمزگەوتی رەسولی نازدار خەوی لێدەکەوێت و لەخەویا حەزرەت (ﷺ) پارچەیەك نانی تیری بەدەمی موبارەکی تەڕدەکات و ئەیدا بەحاجی عبدالله و ئەویش دەیخوات و، پاشان کە خەبەری دەبێتەوە بە فەزڵی خوا بەیەکجاری ئازاری گەدەی نامێنێ و خوا شیفای ئەدات.

حاجی برایەکی هەبوو بەناوی کاك عومەر سەدو هەشتا پلە پێچەوانەی ئەم بوو، بێ دینی تەواو بوو، بەڵاّم خۆی و هاوسەرەکەی زۆر خزمەتی دایکی دەکردو دایکیشی هەمیشە دوعای هیدایەت و سەرفرازی بۆ دەکرد.

کاك عومەر بە جۆرێك تووشی ئازاری پشت بوو کە نەیدەتوانی راست بێتەوە و نەیدەتوانی پانتۆڵ لەپێبکات، شەرواڵی لەپێدەکردو دەچوو بۆ دوکانەکەی لە قەیسەری نەقیب لە سلێمانی، شەوێك لە خەویا پێی دەڵێن:ئا پاڵ کەوە و پێیەك دەنێن بە پشتیاو دەڵێن: دەی هەستە، کە ئەیەوێ هەستێ خەبەری دەبێتەوە، ئازاری نەماوە، یەکسەر بەژنەکەی دەڵێت: بەرماڵم بۆ بێنە با رووبکەمە خوا ئیتر تەواو، لەوساوە بۆتە خواناسێکی باش و بەردەوام گوێ لە قورئان دەگرێت لە دوکانەکەیدا.

**سێیەم**: شێخ محمد حەسان دەڵێت: لەسەردانێکما بۆ ئەڵمانیا لە بنکەیەکی ئیسلامی پاڵەوانێکی بۆکسێنی ئەڵمانیم بینی کە موسڵمان بووبوو، باسی موسڵمانبوونی خۆی کردو وتی:لەولاّتێکی ئیسلامی ئافرەتێکی بالاّ پۆش قورئانێکی راڤەکراوی ئەڵمانی پێشکەش کردم، پاش بیست ساڵ هەروا کردمەوەو سەیرم کرد سوورەتی ئیخلاس سەرنجی راکێشام دوای ئەوە سوورەتی فاتیحەشم خوێندەوە زیاتر سەرسام بووم بەئیسلام و چووم موسڵمان بووم، ئنجا شریت و کتێبم ئەبرد لەگەڵ خۆمدا و لە پارکێکی گەورە دائەنیشتم ئەوانەی دەهاتن بۆلام وێنەم لەگەڵ بگرن یان ئیمزایان بۆ بکەم بۆ یادگار کتێبێك یان شریتێکم بە دیاری ئەدانێ، سوپاس بۆ خوا لەساڵێکدا دووسەد کەس لەسەر دەستما موسڵمان بوون.

**چوارەم:** کچێکی گاور کە قوتابی دواناوەندی بوو لە ولاّتێکی عەرەبی، ئاوا باسی موسڵمانبوونی خۆی دەکات و دەڵێت: من لەوانەی ئاییندا ئەهاتمە دەرەوەو لە حەوشەی

قوتابخانەدا پیاسەم دەکرد، نەمدەویست گوێم لە باسی ئیسلام بێت، هاوەڵێکم هەبوو جاروبار باسی ئیسلامی بۆدەکردم، منیش لەماڵەوە کەمێك بیرم لە قسەکانی دەکردەوەو دواتر بیر خۆمم دەبردەوە.

ڕۆژێك چووم بۆ هۆڵی خلیسکان، کەوتم و قاچم ئازاری پێگەیشت و درەنگ وەخت بوو، سێ برادەر وتیان ئێمە دەتگەیەنین، کەچی لەڕێگا نیازیان خراپوو بەلاڕێدا بردیانم و لە چۆڵەوانیەکدا وەستان و دوانیان دابەزین و سێیەمیان ویستی پەلامارم بدا، هەموو گیانم ئەلەرزی، لەدڵی خۆمدا وتم: تازە دەستم بەخوادا نەبێ بەکەسدا ناگات و چی خراپیشە لەگەڵما دەیکەن و لەوانەشە بمکوژن وکەس پێم نەزانێت. قسەکانی هاوڕێ موسڵمانەکەم بیرکەوتەوە، لە دڵی خۆمدا شایەتمانم هێناو وتم خوایە: ئێستا من موسڵمانم فریام کەوە پەیمان بێت بێ فەرمانی تۆ ناکەم.

خوا شایەتە پەنجەیان بەرم نەکەوت دوانەکەی دابەزیبوون بە پەلە سەرکەوتن و وتیان: خێرا لێبخوڕە، وتی:بۆچی؟

وتیان: ئەی نابینی چی سەیارەی پۆلیس هاتن. ئیتر ئەو بەپەلە لێی خوڕی ومنیش چی چاوم گێڕا هیچم نەدی، بەپەلە لە قەراغ جادە بەجێیان هێشتم و ڕۆیشتن، پاش تۆزێك سەیارەیەك وەستا بۆم پیاوێکی ریشداری سەروسیما ساڵحی تیابووکە لەسەیارەکەیدا قورئانی لێئەدا، وتی: فەرموو سەرکەوە بۆ کوێ دەچیت بتگەیەنم؟

وتم: چاوەڕێم بەڵکو تەکسیەك بێت.

وتی: درەنگەو زەحمەتە تەکسی بێت، وتم: سیقەم نیە تا سوێندم بۆ نەخۆیت سەرناکەوم. سوێندی بۆ خواردم وسەرکەوتم، گەیشتمەوە ماڵەوە بەسەلامەتی، کەدابەزیم کتێبێکیشی دامێ بەدیاری کەباسی سزای ناو گۆڕی دەکرد، خوێندمەوەو زیاتر ئیسلام چەسپا لە دڵمداو لەوساوە هاتوچۆی مزگەوت دەکەم بۆ فێربوونی زیاتر. هەواڵی موسڵمان بوونم دا بە هاوەڵەکەم زۆری پێخۆش بوو، ئامۆژگاری کردم ئەوەی بەسەرم هاتووە بۆ کەسی نەگێڕمەوە نەك گومانی خراپم پێبەرن.

# خێرخـوازانی شـارەکـەم

حاجی ئەحمەد عەزیز بۆسکانی لە ساڵی ١٩٢٦دا لەدایك بووە لە گوندی بۆسکێنی ناحیەی سیوەلی شارباژێر لە سلێمانی، لەبەرئەوەی ملی نەئەدا بۆ ئاغاکانی ناوچەکەیان، ئاغاکانی ئەو سەردەمە دەیانوویست لەناوی بەرن، بۆیە دوو زمانیان کردبوو لای خولە پیزە گوایە ناوبراو جاسوسی دەکات بەسەریەوە، کەلەراستیشدا وانەبوو، بۆیە خولە پیزە لەڕێی دۆستایەتیەوە ئامۆژگاری دەکات کە ناوچەکە بەجێ بهێڵێ، ئەویش بەقسەی دەکات و لە چلەکاندا دێتە سلێمانی کە ئەو کاتە ماڵی خاڵوانی (حاجی ساڵح بۆسکانی) لەسلێمانی بوو.

ناوبراو لە سلێمانی ژنی هێناوکەوتە بازرگانی کردن و دواتر دوکانی پێلاو فرۆشتنی دانا لای حەوزە وشکەکەو پێنج کوڕو چوارکچی هەیەو. لەسلێمانی کۆمەڵێ پیاوباش لە مزگەوتی حاجی حان لە مەلکەندی نوێژیان دەکردو مەلا محمدی خەتیببیش ئەو زەمانە لەوێ ئیمام بوو، دیارە جەنابی خەتیبی ڕەحمەتی کاریگەری هەبووە لەسەریان و ئەم کەسانەی والێکردبوو کە بۆ خوا بژین کە یەکێ لەوانە حاجی ئەحمەد بوو، شایانی باسە مامۆستا مەلا مەجیدی مزگەوتی سەلاحەدینیش بەرەحمەت بێت ئەوکاتە لەوێ فەقێ بوو. ساڵی ١٩٦١ دەچێ بۆ حەجی ماڵی خواو لەسالانی دواییشدا چوار جاری تر ئەچێتەوە بۆ حەج. ساڵی ١٩٦٥ زەویەکی گەورەی لە تووی مەلیك پیشان ئەدەن کە ئاشی تیابوو ئاوێکی باشیشی هەبوو، ناوبراو زەویەکەی بەنیەتی مزگەوت کڕی و لەساڵی ١٩٦٦دا کردی بەو مزگەوتەی کە ئێستا هەیە بەناوی مزگەوتی حاجی ئەحمەدی بۆسکانی و جەنابی شێخ محمدی خاڵی بانگکرد بەخۆی و قیبلەنماکەیەوە تا قیبلەی مزگەوتەکەی بۆ دیاری بکات، هەرچی هەبوو لەو کاتەدا تیا خەرج کردو هاوسەرەکەشی داوای لێدەکات کە ئاڵتوونەکانیشی بفرۆشێ و بیخاتەمزگەوتەکەوە. ئنجا لە ساڵی ١٩٧٠دا زەوی یەکی بەرامبەر مزگەوتەکەی کڕیو کردی بەخانوو بۆ خۆی بۆ ئەوەی لەمزگەوتەکەیەوە نزیك بێت وهەردەم بەدەمیەوە بێت.

حاجی ئەحمەد یارمەتیشی ئەنارد بۆ زۆر مزگەوت و هەرکاتێ بیبیستایە ناسیاوێکی نەخۆشە بەسەیارەکەی کۆلانەو کۆلان دەگەڕا تامالەکەیانی ئەدۆزیەوەو لەبەر خوا سەردانی دەکرد. حاجی ئەحمەد زۆر جار خەوی راستی ئەدی کە ئەهاتە دی هەرچەند کەم جار خەوەکانی

دەگێڕایەوە، ساڵی **١٩٧٣** بەیانیەکیان بە منالّەکانی وت: خوا رەحم کات ئەم میللەتە تووشی کارەساتێك دەبێت، لەخەوما شاخی ئەزمەڕو گۆیژەم بینی داڕمان وتەخت بوون. ئەوەبوو لەدواتردا لە ١٩٧٤ دا شۆڕشی کوردی هەرەسی هێنا وخەوەکەی هاتە دی.

ساڵی **١٩٧٣** حاجی سالّح بۆسکانی خالّی دەست دەکات بە دروستکردنی ئەو مزگەوتەی کەئیستا بەناوی خۆیەوەیەتی لە تووی مەلیك ولەسەرەمەرگدا وەسیەت دەکات کەحاجی ئەحمەد تەواوی کات و پارەکەی لە موڵك ومالّی خالّی وەرگرێتەوە. حاجی ئەحمەد هەمیشە دوعای دەکرد کە کەفتەکار نەبێت و لە جێدانەکەوێت، خوای گەورەش بەفەزلّی خۆی داواکەی هێنایە دی وتەنها دوو رۆژ نەخۆش بوو لەجێداو بەرەو قەبرو قیامەت بۆ هەتا هەتا بە خۆی و کارەچاکەکانیەوە گەڕایەوە بەر بارەگای خوا.

شایانی باسە ئەم بنەمالّە بەڕێزە چەند مزگەوتی تریان دروست کردووە، بۆ نموونە حاجی عبدالرحمان بۆسکانی مزگەوتێکی دروست کرد کە لەپشت خەستەخانەی تووی مەلیکەوەیەو کوڕەکەشی حاجی بەکر مزگەوتی شەهیدانی ئازادی دروست کرد. ئاشکرایە کە ئەوەی مزگەوتێك بۆ خوا دروست بکات، خوای گەورە لەبەهەشتا کۆشکێکی بۆ درووست دەکات. ئەو زەمانە چەند ناودارێکی تر هەبوون کە کەسایەتی دیاری شاری سلێمانی بوون وەك، حاجی محمدی سەڵتە و حاجی مەلا شەریفی سەعاتچی کە ئەویش ئەولیایەکی خوابوو وە مزگەوتیشی دروستکرد هەر بەناوی خۆیەوە.

حاجی مەجید بەگیش کە باوکی خێزانمە هەر لە دەستەو تاقمی ئەو پیاوە باشانە بوو وە بازرگانی قوماشی دەکرد، جا ئەوانەهەموویان چی بۆ کاروکاسبی بچونایەتە بەغدا زیارەتی مزگەوتی شێخ عبدالقادری گەیلانیان دەکردو دەچوونە خزمەت مامۆستا مەلا عبدالکریمی مودەڕیس خوا دەرەجەی عالی بکات.

ڕۆژێك کاك جەمالم بینی کە بەڕێوەبەری پێشووی گومرگ بوولە سلێمانی وتی: خەزوورت هاوەڵم بوو چی خێری بکردایە بۆ مزگەوت ئەیدا بەمن (دیارە ویستوویەتی نەزانرێ هی ئەوە) کەوەفاتی کرد لەخەوما پێیان وتم:حەزدەکەیت کەسێکی ئەهلی بەهەشتت پیشان بدەین؟ وتم: بەلّێ، ئاماژەیان بۆ حاجی مەجیدکردو وتیان ئەوە ئەهلی بەهەشتە.

## شیخ مەحمـود غەریب

ناوبراو (محمود محمد غريب) لە ساڵی ١٩٤٠ دا لە وڵاتی میسر لە دایك بووە و دوو کوڕی هەیە بە ناوی (مستەفا) و (تەیسیر) . حەڤدە ساڵ خەریکی دروست کردنی کلیل بوو، لەگەڵ ئەو ئیشەش دا توانی بە هەوڵ و هیممەتی دیراسەی ئەزهەر تەواو بکات و خوێندنی باڵاش بەدەست بهێنێ.

ناوبراو دەڵێت لە ساڵی ١٩٥٠ وە ئەخوێنمەوە لە ١٩٥٧/٣/١٧ ەوە کەوتمە بانگەواز کردن کە هێشتا قوتابی بووم لە پۆلی دووی ئامادەیی لە پەیمانگای ئاینی. پلەی یەکەمم لە وتاردان دا بەدەست هێنا لەسەر مستەوای پەیمانگاکانی ئەزهەرو (البحوث الإسلامية) و لاوەکانی حەفتاو سێ دەوڵەتی ئیسلامی کە لە میسر لەو کاتەدا دەیانخوێند لە ساڵی ١٩٦٦ دا. شێخ محمد غەزالی یەکێکە لە مامۆستاکانی و ئەو هانی دا کە بێتە عێراق و بانگەواز بکات، ناوبراو دەڵێت: خوا شایەتە لە خەوما عێراق و مزگەوتی (بُنیە) م دی، پێم وترا: بۆ دەترسی؟ تۆ لەوێ خزمەت بە (١٢) هەزار موسوڵمان دەکەیت، لە خەوەکەدا پرسیارم کرد لە عێراق چێشتخانەی (پاقلە و فەلافل) هەیە؟ پێیان وتم: (کوببە) ش هەیە ! بۆ مامۆستاکانم گێڕایەوە، وتیان: بڕۆ لەسەر خێر، منیش حەوت ساڵ لە عێراق بانگەوازم کرد لە بەغدا و موصل و رومادی.

شێخ مەحمود دەڵێ: حەزم لە بانگەواز کردن بوو ئەشمزانی کە بانگەواز کردن پێویستی بە زانینە، بۆیە ئارامم گرت لەسەر کارکردن و خوێندن لەیەك کاتدا. خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ قُلْ هَٰذِهِۦ سَبِيلِىٓ أَدْعُوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ ۚ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ ...﴿١٠٨﴾ ﴾ یوسف .

خوای گەورە فەرمانی پێ داوین کە بانگ بکەین بۆ خێر، چ خێرێك، دیاری نەکردووە، بانگخواز بەپێی بارو زروف و زەمانە ئەو خێرانە دیاری دەکات و خەڵکی بۆ بانگ دەکات: ﴿ وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى ٱلْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ ۚ وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿١٠٤﴾ ﴾ آل عمران



شيخ محمود غريب

## ئەزمـونێـك لـە ئوتێـل دا

شێخ مەحمود دەڵێت :برادەرێکی بازرگانی ئاڵتوون لە قاهیرە، کە پیاوێکی بە ڕەوشت و دەست کراوە بوو بۆ کارمەندەکانی و خەڵکی تر، ڕۆژێك مەی خواردبۆوە و سەمای دەکرد و لە ئوتێل خەڵکانێك لێی کۆبووبوونەوە و چەپڵەیان بۆ لێ ئەدا، منیش بۆم تۆمار کرد، بەیانیەکیان سەلامی لێ کردم بە دەنگێکی نزم وەڵامی سەلامەکەیم دایەوە کە گوێی لێ نەبێت، دواتر هات بۆ لام منیش ئەو مەشهەدەم بۆ لێدایەوە کە بەو هەموو شان و شەوکەتەوە مەی خواردنەوە چۆن عەقڵی بردووە و بۆتە گاڵتە جاڕ، ئەمە وای لێ کرد تەوبە بکات و پەیمانی دامێ کە ئیتر ئەوە دوا جار بێت شتی وا بکات، بەڕاستی دوایی بینیمەوە کە خوا پەرستێکی باشی لێ دەرچوو، لە سوجدەکانیا زۆر دەمایەوە و زۆر بە خشوعەوە پەرستشی دەکرد کە زۆر پێی دڵشاد بووم.

بەڕاستی هەرکەس ئەوەی لەسەرخۆشی دا دەیکات بۆی لێ بدرێتەوە بڕوا ناکەم جارێکی تر بگەڕێتەوە سەری و خۆی بکا بە سینەمای دەورو بەری.

## موسوڵـمان بـوونی پێـنج زانـا و دوو ئـافرەت

لە ساڵانی حەفتا دا لە بەغداد موناقەشەم کرد لەگەڵ دکتۆر لینۆ لیناسۆری کە شارەزا بوو لە نەخۆشیەکانی کشتوکاڵ دا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، باسی ئەم ئایەتەمان کرد کە

دەفەرمویت: ﴿ وَمَا مِن دَآبَّةٖ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا طَٰٓئِرٖ يَطِيرُ بِجَنَاحَيۡهِ إِلَّآ أُمَمٌ أَمۡثَالُكُمۚ مَّا فَرَّطۡنَا فِي ٱلۡكِتَٰبِ مِن شَيۡءٖۚ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِمۡ يُحۡشَرُونَ ﴿٣٨﴾ ﴾ الأنعام .

واتە:هیچ گیانلەبەرێك نیە لەزەویداو هیچ باڵندەیەك نیە کە بەباڵەکانی بە ئاسماندا بفڕێت مەگەر ئوممەتن وەك ئێوە، هیچ شتێکی پێویست نیە لەم قورئانەدا ئاماژەمان بۆ نەکردبێت، هەمووشیان بۆلای پەروەردگاریان دەگێڕدرێنەوەو کۆدەکرێنەوە. پاش سەعاتێك گفتوگۆ لەسەر ئەو ئایەتە دکتۆر لینۆ هەستایە سەر پێ و هەردوو دەستی خستە سەر یەك و سەری دانەواند و وتی: محمد گوێی بۆ دەنگی ئاسمان گرتووە. دکتۆر شەلال لە زانکۆی بەغدا کە قسەکانی وەردەگێرا پێی وت: مەبەستت ئەوەیە: محمد پێغەمبەری خوایە؟ وتی: بەڵێ من کە نامەی دکتۆراکەم ئامادە دەکرد گەیشتبومە ئەو ڕاستیە، شایانی باسە هیلینی کچیشی پاش چەند دانیشتنێك موسوڵمان بوو.

موسوڵمان بوونی هێلین دوا کارم بوو لە بەغداد لە مانگی ١١/١٩٨١، کە بەمەش ژمارەی ئەو زانا ئەوروپیانەی موسوڵمان بوون لەسەر دەستما پێنج زانا بوون، لەگەڵ دوو ئافرەت دا. شێخ مەحمود لەبارەی ئەزموونیەوە لەگەڵ ئافرەت دا دەڵێت: لەگەڵ کردنەوەی مزگەوتی بونیەدا پێنج ئافرەتی سوننە ئامادەی دەرسەکەم بوون، کە ئەوانیش خێزانی زاناکانی عێراق بوون، ئەوانە و زۆری تریش کە ئامادەی وانەکان دەبوون وای لێ هات هاوینان دەرسیان بە ١٣٥٠ کوڕ و ٩٥٠ کچ دەوتەوە.

یەکێ لەو ئافرەتانەی کە شیوعیەکان دەیانناردە بۆ دەرسی ژنان کە پرسیاری موحریجم لێ بکات و ببێتە مایەی گومان دروست کردن بە فەزڵی خوا ساڵح بوو، لە ساڵی کۆتایی کۆلێژی ئابوری دا باسەکەی لەسەر ئابوری ئیسلامی بوو، مامۆستاکەی هەرچەند چەپ بوو، لەبەر بەهێزی باسەکەی پلەی ئیمتیازی دایە. ڕۆژێك ئەو ئافرەتە پرسیاری لێ کردم کە ئایا لە ڕۆژانی حەیزدا دەتوانێ قورئان بخوێنێ؟ کە وتم: نابێت، کوڵێك خەفەتی خوارد و وتی: ئافرەت چۆن ئەتوانێ بژی و هەفتەیەك قورئان نەخوێنێ؟ پاشان ئەم ئافرەتە کۆچی کرد بۆ وڵاتێکی عەرەبی ئیسلامی و دایەنگایەکی ئیسلامی نموونەیی دامەزراند.

بەڕاستی ئەبێ گرنگی بدرێت بە ئافرەتان، کە خوای گەورە لەسەر ئەوانیش فەرمان کردن بە چاکەو جڵەو گیری کردن لە خراپەی پێویست کردووە ﴿وَٱلْمُؤْمِنُونَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍۚ يَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ وَيُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤْتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَيُطِيعُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓۚ أُوْلَٰٓئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ ٱللَّهُۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٧١﴾﴾ التوبة .

شێخی ئەزهەر حەسەن مأمون لە ساڵی ١٩٦٦ دا کە خەڵاتی باشترین وتاربێژی پێدا وتی: ئەگەر ساڵانە ئەزهەر یەك وتاربێژی وەك محمود غەریب بەرهەم بێنێ بەڕاستی ئیشی خۆی کردووە، هەروەها دکتۆر عبدالحليم محمود وتویەتی: بەڕاستی خوا بەهرەیەکی داوە بە محمود غەریب کە زۆر زیاتر فێر دەبێت وتێدەگات لەوەی کە دەیخوێنێتەوە.

## مەحمود غەریب و خوێندنەوە:

ناوبراو داوا دەکات کە موسوڵمانان بە گشتی و لاوان بە تایبەتی زۆر بخوێننەوە، بە دوو کتێب لە خۆیان بایی نەبن و دەڵێت: من لە ساڵی پەنجاوە دەخوێنمەوە ئێستاش کە ئەچم بۆ وتاردان خۆم ئامادە دەکەم. لە بارەی عەباس محمود عەقادەوە دەڵێت: ناوبراو بەقەدەر ئەوەی کە هەموو مامۆستاکانی زانکۆی میسر خوێندویانەتەوە، ئەم کتێبی خوێندۆتەوە، بەوەش توانی ببێتە ئەو نوسەرە گەورەیە. (گۆڤاری الإيمان ل ژ ٤٨)

## دەسەڵاتی بێپایانی خوا

پێغەمبەر (ﷺ) لە دوعای سەفەردا دەیفەرموو **(اللهم انت الصاحب في السفر و الخليفة في الاهل)** خوایە هەر تۆی هاوەڵ و دۆست و یارمەتیدەرمان لە سەفەردا و هەر تۆشی کە خەلیفە و هاوکاری ماڵ و منداڵمانی لە دوای خۆمان.

**المهيمن:** واتە خاوەن زانستی بێکۆتایی و بەتوانای باڵا دەستی تەواو. خوای گەورە (مهیمن) ە لەگەڵ ئەوەش دا بە سۆز و میهرەبانە. خوای گەورە (مهیمن) ە پارێزەر و ئەمینە ﴿فَٱللَّهُ خَيْرٌ حَٰفِظًاۖ وَهُوَ أَرْحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ ﴿٦٤﴾﴾ یوسف . خوای گەورە زانا و ئاگادار و بیسەرە، کاتێ خەولەی

کچی سەعلەبە هاتە خزمەت حەزرەت (ﷺ) و لە بارەی مێردەکەیەوە موجادەلەی لەگەڵ کرد، کە چۆن بەپێی عورفی ئەو زەمانە لە مێردەکەی حەرام بێت کە پێی وتبوو: تۆ وەکو دایکم وایت، حەزرەتیش (ﷺ) فەرموی هیچم لەو بارەیەوە بۆ نەهاتووە، ژنە شەکوای بردە بەر خوا، خواش لەسەروو حەوت ئاسمانەوە هات بە هانایەوە و گوێی لێی بوو، لە کاتێکدا کە عائیشە لە ژوورەکەدا بوو ژوورەکەش ئەوپەڕی (٣ م * ٣ م) بوو دەڵێ: هەندێ قسەیان تێگەیشتم و هەندێکیان تێنەگەیشتم (تبارك الذي وسع سمعه الاصوات كلها) خوای گەورە ئەم ئایەتەی سورەتی مجادەلەی ناردە خوارەوە بۆ چارەسەری کێشەکەی و وەڵامی شەکواکەی دایەوە ﴿قَدْ سَمِعَ ٱللَّهُ قَوْلَ ٱلَّتِى تُجَٰدِلُكَ فِى زَوْجِهَا وَتَشْتَكِىٓ إِلَى ٱللَّهِ وَٱللَّهُ يَسْمَعُ تَحَاوُرَكُمَآ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌۢ بَصِيرٌ ﴿١﴾﴾ المجادلة.

هەرچەند عومەری کوڕی خەتاب بە سواری بگەیشتایە بە خەولە لە وڵاخەکەی دادەبەزی بە ڕێزەوە لە بەردەمیا دەوەستا گوێی بۆ دەگرت. یەکێ وتی: تۆ ئەمیری بڕوادارانی و گوێ بۆ ئەم ژنە دەگری؟ ئەویش وتی: چۆن گوێی بۆ نەگرم، لە کاتێك خوا لەسەر حەوت ئاسمانەوە گوێی بۆ گرت و هات بە هانایەوە.

خوا بە دەسەڵات و ئاگادارە، هات بە هانای ئیبراهیمەوەو فەرموی: ﴿قُلْنَا يَٰنَارُ كُونِى بَرْدًا وَسَلَٰمًا ﴿٦٩﴾﴾ الانبياء ، ئەگەر نەیفەرموایە: و سلاماً، ئەوا لە سەرمادا ئیبراهیم ڕەق دەبۆوە، ئەگەر نەیفەرموایە (على ابراهيم) ئەوا چی ئاگری دنیا هەیە سارد دەبۆوە، ئەوەیە دەسەڵاتدارێتی تەواوی بێ پایان. زۆر مرۆڤ لە سنوور دەردەچن کاتێك شتێك بەخۆیان شك دەبەن ﴿كَلَّآ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لَيَطْغَىٰٓ ﴿٦﴾ أَن رَّءَاهُ ٱسْتَغْنَىٰٓ ﴿٧﴾﴾ العلق .

## کەشتی تایتانیك

ساڵی ١٩١٢ گەورەترین کەشتی دروست کرا، دیوارەکەی دوو چین بوو، چینی یەکەمیش کون ببوایە چینی دووەم دەیپاراست و نقوم نە ئەبوو. ئەو کەشتیە ئەوەندە دڵنیا بوون لە نقوم نەبوونی، بۆیە بەلەمی ڕزگارکردنی لەگەڵ نەبوو، نەشرەیەکیان بۆ بڵاو کردەوە لە پێناسەکەیدا نوسرابوو: (قەدەر ناتوانێ ئەم کەشتیە نقوم بکات و لە باشترین کەشتیەکانی دنیایە)؟

ئەوەندەی کەل و پەلی بە نرخ و (پریا) ی تیا بوو کە نایەتە وەسف کردن، شارێك بوو بەسەر ئاوەوە، لەیەکەم گەشتی دا زۆر دەوڵەمەندی ئەوروپی بەشدار بوون، ژنەکانیان بایی ملیۆنەها دۆلار ئاڵتونیان لە خۆیان دابوو، بە قەدەری خوا لەناو دەریادا خۆی دا بە شاخێکی سەهۆڵدا و کردی بە دوو کەرتەوەو هەرچەند ئیشاراتی بەهاناوە هاتنی نارد کەشتیەکانی دەوروبەری نەچون بە هانایەوە بە خەیاڵی کەس دا نەهات نقوم ببێ، ئەم کەشتیە کە تایتانیکی پێ دەوترا هەموویان نوقم بوون و تەنها ئافرەتێك ڕزگاری بوو کە کارەساتەکەی گێڕایەوە و بوو بە فلیمێك، لە کاتی خۆی دا یەکێك لە قەشەکان وتی (ئەم ڕووداوە دەرسی ئاسمان بوو بۆ زەوی) .

لە هەشتاکان دا ڕۆژئاوا کەشتیەکی ئاسمانیان دروست کرد بە ناوی (چالنجەر) یانی (المتحدی) کە وا حسابی بۆ کرابوو نزیکەی ساڵێك لە بۆشایی ئاسمان دا بمێنێتەوەو حەوت سەرنشینی هەبوو کە دوانیان ئافرەت بوون، بەرنامەیان وابوو کە یەکێ لە ئافرەتەکان حامیلە ببێ بە یەکێ لە کەشتیەوانەکان و نۆ مانگی سکەکەی بزانن لە بۆشایی ئاسمان دا چۆن دەبێت و هەر لە ئاسمانیش مناڵەکەی ببێت و یەکێ لە کەشتیەوانەکانیش پزیشکی تایبەت بوو بە مناڵ بوون و ئەمە ببێ بە یەکەم مناڵ کە لە ئاسمان دا ببێ، کەچی تەحەداکەیان نەچوە سەر، پاش حەفتا و سێ چرکە کەشتیەکە بە ئاسمانەوە سوتا بە بەرچاوی دنیاوە.



**حەوت ئەندامەکەی کەشتی ئاسمانی چالنجەر ،دیمەنی تەقینەوەکەی**

# لــوتكــەی بــڕواداری

کۆچکەران و یاریدەدەران لە لوتکەی بڕواداریدا بوون و هەردەم سەرمەشقن بۆ بڕواداران لە گشت کات و شوێنێکدا، ئەوەندەیان بەسە کە خوای گەورە وەسفیان دەکات ﴿لِلْفُقَرَآءِ ٱلْمُهَـٰجِرِينَ ٱلَّذِينَ أُخْرِجُوا۟ مِن دِيَـٰرِهِمْ وَأَمْوَٰلِهِمْ يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضْوَٰنًا وَيَنصُرُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ ۚ أُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلصَّـٰدِقُونَ ﴿٨﴾﴾ الحشر . واتە: ئەوانەی کە دەرکران لە جێو ڕێیان، لەماڵ و موڵکیان، ئەم کۆچەیان بۆ ڕەزای خوا بوو، یارمەتی خواو پێغەمبەری خوا ئەدەن و بەسەرو ماڵ سەریان دەخەن، هەرئەوانن راستگۆیان. ئنجا بە یاراندا هەڵدەدا و دەفەرمویێت: ﴿وَٱلَّذِينَ تَبَوَّءُو ٱلدَّارَ وَٱلْإِيمَـٰنَ مِن قَبْلِهِمْ يُحِبُّونَ مَنْ هَاجَرَ إِلَيْهِمْ وَلَا يَجِدُونَ فِى صُدُورِهِمْ حَاجَةً مِّمَّآ أُوتُوا۟ وَيُؤْثِرُونَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ ۚ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِۦ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿٩﴾﴾ الحشر . واتە:ئەوانەی کە لەناو ماڵ و مەنزڵی خۆیاندا لە مەدینە جێگیربوون پێش کۆچکەران و جێگیربوون لەسەر ئیمان و بڕواو شارەکەیان کرد بەبارەگای بڕوا، ئەوانەی کۆچبکەن بۆلایان خۆشیان دەوێن، شك نابەن لە دڵیاندا هیچ حەسەدێك بەرامبەر بەوەی کە دراویانەتیێ، وەباوی کۆچەران ئەدەن بەسەر خۆیاندا، هەرچەند خۆشیان زۆر پێویست بن، جا هەرکەس پارێزرابێ لە رژدی نەفسی خۆی ئەوەلە رزگاربووانە.

ئەوەتی دنیا دنیایە کۆچ و رەوی واو، پێشوازی وا گەرم و گوڕ نەکراوە. کاتێك کۆچکەران گەیشتنە مەدینە یاریدەدەران دابارین بەسەریاندا تاهەریەکەیان یەکێ بەرێتەوە ماڵی خۆی، جا لەبەرئەوەی ژمارەی کۆچکەران کەم بوو، کەوتنە تیروپشك کردن تا کۆچکەران دابەش بکەن و کەسیش دڵی نەیەشێت. ئێستا خۆت بخەرە جێی یاریدەدەرێك، وا رۆژێك دەچیتەوە ماڵەوەونامەیەکت لەکەسێکەوە بۆ هاتووە کە ناتوانی داوای رەت بکەیتەوەو، داوات لێدەکات کە کەسێکی لێقەوماولەگەڵ خۆتدا بژیەنیت، ئەم کەسەش بێگانەیە بەتۆو خەڵکی شوێنێکی ترەو شارەزای تەبیعەتی نیت، نە بۆ ماوەیەکی دیاری کراو بەڵکو بۆ کاتێکی نادیار، تا ئەو کاتەی خوا دەروویەك دەکاتەوە. بەڕاستی قورسە بەڵام بۆ یاریدەدەران ئاسان بوو، ئەزانی بۆ؟ چونکە ئەم خوا پێداوانە ئیمان نەچووبووە ناودڵیانەوە بەڵکو ئەمان چووبوونە ناو ئیمانەوە

(وَالَّذِينَ تَبَوَّؤُوا الدَّارَ وَالْإِيمَانَ) واتە:هەروەك چۆن لەمەدینەدا دانیشتبوون ئاوا لە ناو ئیمانیشدا وەك خاك و نیشتمان و ماڵی خۆیان تیا دانیشتبوون. ئنجا لە زۆری ئیمانیانەوە باوی براكانیان ئەدا بەسەرخۆیانداو نموونەی لەخۆ بووردن بوون.

## نموونەیەكی لەخۆبوردن:

پیاوێك دێتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) ، جا لەبەرئەوەی هیچی وا لە ماڵەكانیا شك نابات بەهاوەڵان دەفەرموێت: رەحمەتی خوا لەو كەسەی كە ئەم میوانە دەباتەوە لەگەڵ خۆی، یەكێ لە هاوەڵان دەیباتەوەو لەبەرئەوەی خواردنەكەیان كەم دەبێت، بەهاوسەرەكەی دەڵێت منالەكان خەو لێبخەو، ئنجا كەنانەكەشت دانا دەستكاری چراكە بكە با میوانەكە شەرم نەكاو تێربخواو نەزانێت كەمن لەگەڵی ناخۆم، ژنەكەش ئەمە جێبەجێ دەكات و بەیانی حەزرەت (ﷺ) بە میوانەكە دەفەرموێت (ئەمشەو خوا كردەوەی خانەخوێكەی تۆی زۆر لا جوان بوو، دەربارەی ئەو ژن و مێردەش دەفەرموێت ﴿وَيُؤْثِرُونَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌۚ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿٩﴾﴾ الحشر

لە دوای مەدحی كۆچكەران و یاریدەدەران ئنجا دێتە سەر باسی ئەوانەی كە شوێنكەوتەی هاوەڵانن و بەوەفان بۆیانو دوعای لێخۆشبوونیان بۆدەكەن ﴿وَٱلَّذِينَ جَآءُو مِنۢ بَعْدِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَا ٱغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَٰنِنَا ٱلَّذِينَ سَبَقُونَا بِٱلْإِيمَٰنِ وَلَا تَجْعَلْ فِى قُلُوبِنَا غِلًّا لِّلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ رَبَّنَآ إِنَّكَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴿١٠﴾﴾ الحشر، ئیمامی رازی دەڵێت: ئەم ئایەتە هەموو موسڵمانان دەگرێتەوە كە نابێت كەس تاقیامەت بەخراپە باسی هاوەڵان بكات. (كە بەداخەوە ئەمڕۆ بەناوی سەرخستنی ئال و بەیتەوە شیعەكان قسەی خراپ بەرامبەر زۆر لە هاوەڵان دەكەن) .

## بەرووبوومی ئیمان

گرنگترین بەرهەمی ئیمان ئەوەیە كەوا لە بڕوادار دەكات دەست و برد بێت و پێشبڕكێ بكات لە كاری خێردا، قورئان ئاماژە بۆ ئەمە دەكات و دەفەرموێت ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ هُم مِّنْ خَشْيَةِ

رَبِّهِم مُّشۡفِقُونَ ﴿٥٧﴾ وَٱلَّذِينَ هُم بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِمۡ يُؤۡمِنُونَ ﴿٥٨﴾ وَٱلَّذِينَ هُم بِرَبِّهِمۡ لَا يُشۡرِكُونَ ﴿٥٩﴾ وَٱلَّذِينَ يُؤۡتُونَ مَآ ءَاتَواْ وَّقُلُوبُهُمۡ وَجِلَةٌ أَنَّهُمۡ إِلَىٰ رَبِّهِمۡ رَٰجِعُونَ ﴿٦٠﴾ أُوْلَٰٓئِكَ يُسَٰرِعُونَ فِي ٱلۡخَيۡرَٰتِ وَهُمۡ لَهَا سَٰبِقُونَ ﴿٦١﴾ ﴾ المؤمنون

**یەکەم:** نسائی دەگێڕێتەوە لە ئەبی سەعیدی کوڕی موعەللاوە کەوتوویەتی: پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر مینبەر ئەم ئایەتەی خوێندەوە ﴿ قَدۡ نَرَىٰ تَقَلُّبَ وَجۡهِكَ فِي ٱلسَّمَآءِۖ فَلَنُوَلِّيَنَّكَ قِبۡلَةٗ تَرۡضَىٰهَاۚ فَوَلِّ وَجۡهَكَ شَطۡرَ ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِۚ وَحَيۡثُ مَا كُنتُمۡ فَوَلُّواْ وُجُوهَكُمۡ شَطۡرَهُۥۗ وَإِنَّ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ لَيَعۡلَمُونَ أَنَّهُ ٱلۡحَقُّ مِن رَّبِّهِمۡۗ وَمَا ٱللَّهُ بِغَٰفِلٍ عَمَّا يَعۡمَلُونَ ﴿١٤٤﴾ ﴾ البقرة .

هەر کە لە ئایەتەکە بووەوە بە هاوەڵەکەمم وت وەرە با خێرا دوو رکات نوێژ بکەین بۆ خوا روەو قیبلە، تا حەزرەت (ﷺ) دانەبەزیوە، تا ئێمە یەکەم کەس بین کە نوێژمان روەو کەعبە کردبێت، لە پەنایەکدا یەکی دوو رکات نوێژمان کرد روو بە کەعبە، پاشان حەزرەت(ﷺ) دابەزی نوێژی نیوەڕۆی بە هاوەڵان کرد روەو کەعبە.

**دووەم:** ڕۆژێك ئەنەسی کوڕی مالیك عەرەقی ئەگەڕا بۆ ئەبو تەڵحە و چەند کەسێکی تر، یەکێك هات و وتی: هەواڵتان پێگەیشتووە؟ وتیان: هەواڵی چی؟ ! وتی: مەی حەرام کراوە، وتیان: دەی کەواتە ئەنەس مەیەکە برێژە. ئەنەس دەڵێ: پاش قسەی ئەو پیاوە، نە پرسیاریان کرد و نەلێی وەستان، بەبێ دوو دڵی جێ بە جێیان کرد. ئەمەش بەڵگەی ئیمانداری یە.

براو کوڕی عازب دەڵێت: حەزرەت(ﷺ) شانزە، حەڤدە مانگ روەو قودس نوێژی کرد، حەزرەت کە نوێژی نیوەڕۆی بە موسوڵمانان کرد روەو کەعبە نوێژیان کردبوو، جا کە ئێمە نوێژی عەسرمان کرد هەواڵمان پێنەگەیشتبوو روەو قودس نوێژمان کرد، یەکێ کە نوێژی نیوەڕۆی لەگەڵ حەزرەت کردبوو (ﷺ) بەلامانا تێپەڕی و ئێمە لە ڕکوع دا بوین، بە دەنگی بەرز وتی: خوا شایەتە کە لەگەڵ حەزرەت دا (ﷺ) نوێژی نیوەڕۆم رووەو کەعبە کرد، ئیتر هەموو بێ سێ و دوو هەر لە ڕکوعەکەیاندا روویان کردە کەعبە.

**سێیەم:** بارێکی حەوت سەد وشتری عبدالرحمنی کوڕی عەوف هاتە مەدینە و بووە دەنگ و باسی خەڵك، ئەویش هاتە خزمەت خاتوو عائیشە و وتی: دایە تۆ بە شاهید بە ئەوە هەموویم بەخشی لەڕێی خوادا.

**چوارەم:** کاتێك حەزرەت (ﷺ) لە (**ثقیف**) گەڕایەوە، عەروەی کوڕی مەسعود شوێنی کەوت و پێش مەدینە بە خزمەتی گەیشت و موسوڵمان بوو، داوای لە حەزرەت کرد (ﷺ) کە ڕێی بدات بگەڕێتەوە ناو گەلەکەی بانگیان بکات بۆ ئیسلام، ئەویش پێی فەرموو:ئاخر ئەتکوژن، وتی: منیان زۆر خۆش دەوێت. کە گەڕایەوە لەسەر بەرزاییەك وەستا و بانگی کردن بۆ ئیسلام، ئەوانیش لە هەموو لایەکەوە کەوتنە تیر باران کردنی و خەڵتانی خوێنیان کرد، لێیان پرسی: خۆت چۆن دەبینی؟ وتی: دەستی ڕێزە خوا لێی ناوم و شەهادەتێکە خوا بە نسیبی کردووم، پاشان شەهید بوو.

پێنجەم: عەمری کوڕی جەموح سێ کوڕەکەی ئەیدی خۆیان ئامادە دەکرد بۆ جەنگی ئوحود، حەزی کرد ئەمیش بەشدار بێ، کوڕەکانی پێیان وت: بابە تۆ تەواو ئەشەلیت و خوا جیهادی لەسەر هەڵگرتووی، بۆ تەکلیفی زیادە لەخۆتدەکەیت، باوکیان توڕە بوو، چوە خزمەت رسول اللهﷺ شکاتی لێ کردن و، وتی: ئەی نێرراوی خوا کوڕەکانم ئەیانەوێ بە بیانووی شەلیەمەوە ڕێم لێ بگرن لەو خێرە، بەخوا من ئەمەوێ بەم شەلیەم پێ بنێم بە خاکی بەهەشتا.
حەزرەتیش (ﷺ) لە بەرامبەر ئەم هەموو شەوقەدا بۆ بەهەشت، ناچار بە کوڕەکانی فەرموو: (وازی لێ بێنن، بەڵکو خوای گەورە شەهادەتی پێ ببەخشێت) . ئەوانیش لەبەر فەرمایشتەکەی حەزرەت (ﷺ) ڕێیان دا. کاتێك وەختی ڕۆشتن هات و خواحافیزی کرد لە هاوسەرەکەی ڕووی کردە قیبلەو دەستی بەرز کردەوە بۆ ئاسمان و وتی: (خوایە شەهادەتم بکە بە نسیب و بە دەستی بەتاڵ مەمگێڕەوە ناو کەس و کارم) . لە جەنگەکەدا سێ کوڕەکەی بە دەوریەوە بوون و مەردانە ئەجەنگان، سەرەنجام خۆی و خەللادی کوڕی پێکەوە شەهید بوون.

## خاکـێتی و تـەوازوع

تەوازوع و خاکی بوون بەرهەمێکی تری ئیمانە، عائیشە (خ. ر) خواردنێکی بۆ حەزرەت (ﷺ) هێنا و وتی: بۆ شان دانادەیت و بیخۆیت ئاسان تر نیە بۆت، حەزرەتیش فەرمووی: من وەکو عەبد نان دەخۆم بەدانیشتنەوە (بل آكل كما ياكل العبد و انا جالس كما يجلس العبد، فانما انا عبد) . مۆرەکەی ئەبوبەکریش بریتی بوو لە (عبد ذليل لرب جليل) .

## پـاراسـتنی مـافی خـەڵـکی

بڕواداری تەواو پەنجە نابات بۆ هەقی کەس، کە ئەمەش یەکێکە لە بەروبووم و بەرهەمەکانی ئیمان، کاتێك ئەبو بەکر بووە خەلیفە، عومەری کرد بە قازی مەدینە، پاش ساڵێك عومەر کە هیچ قەزاوەتێکی نەهاتە بەردەم، داوای لە خەلیفە کرد کە لەو پۆستە لایبات، ئەویش لێی پرسی: ئایا قورسە بەلاتەوە وا داوای دەست لە کار کێشانەوە دەکەی؟ عومەریش وتی: نا بەلامەوە قورس نیە ئەی خەلیفەی رەسول الله، بەڵام کارم نیە لای گەلێکی بڕوادار، کە هەریەکەیان دەزانیٚ هەقی خۆی چەندە و داوای زیاتر ناکات، وە دەزانیٚ چی ئەرکێتی و کەمتەرخەم نیە لە جیٚ بەجیٚ کردنی دا، هەرکەس چی پیٚ خۆشە بۆ خۆی ئەوەشی بۆ براکەی دەویٚ، ئەگەر یەکێکیان دیار نەبوو، هەواڵی دەپرسن، ئەگەرنەخۆش بوو سەردانی دەکەن، ئەگەر هەژار بوو یارمەتی ئەدەن، ئەگەر کارێکی هەبوو هاوکاری دەکەن، ئەگەر تووشی بەڵایەك هات دڵی ئەدەنەوە، دینەکەیان ئامۆژگاریە و رەوشتیان فەرمان بە چاکە و جڵەو گیری لە خراپەیە، جا ئیتر لە چیدا دژ بەیەکن و لە چیدا شکات لە یەك دەکەن؟

## داد پـەروەری

ئیمان دەسەڵاتداری دادپەروەرو چاك بەرهەم دیٚنیٚ، ئەبو بەکری صدیق کاتێك عەمری کوڕی عاصی نارد بۆ شام شان بە شانی دەرۆشت و ئامۆژگاری دەکرد (ئەی عەمر، لە خوا بترسە لە نهێنی و ئاشکرات دا و شەرم بکە لێی، ئەو ئەتبینیٚ و کارەکانیشت ئەبینیٚ، لەوانەبە کە کار بۆ ئاخیرەت ئەکەن، ئەوەش کە دەیکەی بۆ خوا بیکە، وەك باوك بە بۆ ئەوانەی لەگەڵتدان، زاهیری خەڵك چۆن بوو ئاوا مامەڵەیان لەگەڵدا بکە و مەگەڕیٚ بەدوای نهێنیەکانیاندا، ئەگەر ئامۆژگاری هاوەڵەکانت کرد با کورت بێت، خۆت چاك بکە ڕەعیەتەکەشت چاك دەبیٚ. هەروەها لەسەرە مەرگ دا ئامۆژگاری عومەری کوڕی خەتابیشی کرد و وتی: (یەکەم شت کە دەڵێم ئاگات لێی بیٚ نەفسی خۆتە، ئنجا خەڵکی، چەن تۆ لە خوا بترسی ئەوەندەش خەڵك لە تۆ دەترسن و بە گوێت دەکەن) . (میسوەر کوڕی مەخلەمە دەڵیٚ: ئێمە لە عومەرەوە فێری وەرع دەبووین) .

ستەم و نادادپەروەری وڵاتە ئیسلامیەکانی فەوتاند کردنیە پۆڕی خوراو، هەرچی بوترێت لەسەر ستەمی کاربەدەستە خوانەناسەکان دڵۆپێکە لە دەریا، لە پەڕاوی دەستی گەلدا چەند نموونەیەکمان باس کرد والێرەشدا دوونموونە باس دەکەین:

**یەکەم:** دکتۆر ئەحمەد کوبەیسی لە بەرنامەکەیدا (وأخر متشابهات) لە کەناڵی ئاسمانی دوبەی وتی: ژنێك کارگوزاری قوتابخانە بوو بە بێوەژن کۆشی لەکاتی ئابڵوقەی ئابووری سەر عێراقدا بەهەر داماویەك بوو دوو کوڕی بە هەتیوی پێگەیاند، خالید تەمەنی ١٨ ساڵ بوو، ئەحمەدیش حەڤدە ساڵ بوو، ماڵیان لای سایلۆی بەغدا بوو، کە سایلۆ پڕدەکرا لەگەنم هەندێك بەوناوەدا دەڕژا ئەم دووکوڕە کۆیان دەکردەوە لە نەبوونی و نەداریدا، خەبەریان لێدان وگیران، دایکەی داماو خۆی گەیاندە صەدامی خوێنمژی دیکتاتۆر و زۆر لێی پاڕایەوە کەمناڵەکانی بۆ بەربدات، ئەویش لەوەڵامدا پێی وت: عەدالەت رێی خۆی دەگرێت، پاش ماوەیەك هەردوو کوڕەیان لە سێدارەدا، بە تاوانی ئەوەی یاریان بە قووتی شەعب کردووە.

دایکەی جەرگ سووتاویش دوعای لە صەدام کرد و وتی: خوایە نەیکوژی تامەرگی هەردوو کوڕەکەی دەبینێت، ئاخری ئەوەبوو دوعاکەی گیرابوو لە موسڵ لەوماڵەی خۆیان شاردبۆوە خەبەریان لێدان و ئەمریکیەکان کوشتیانن،دەڵێن قوسەی وکوڕەکەی بەرگریان کردبوو، عودەیش لە ئاودەستی ماڵەکەدا خۆی شاردبۆوە ﴿ وَلَا تَحْسَبَنَّ ٱللَّهَ غَٰفِلًا عَمَّا يَعْمَلُ ٱلظَّٰلِمُونَۚ إِنَّمَا يُؤَخِّرُهُمْ لِيَوْمٍ تَشْخَصُ فِيهِ ٱلْأَبْصَٰرُ ﴿٤٢﴾ ﴾ إبراهيم

زۆر سەیرە سەدامی ستەمکار چوارسەد ملیاردۆلاری دا بەچەك و تفاقی جەنگ، عێراقی کاول کرد و سەد ساڵ هێنایە دواوە، ئەوە یاری کردن نیە بە قووتی شەعب، دوو عەلاگە گەنم داماوێك لەسەرزەوی کۆیبکاتەوە یاری یە بەقووتی شەعب !سەرەنجام ئەو هەموو ئامێرە سەربازیانە تالاَن کراو دەبابەیەك کە بە ملیۆنەها دۆلار کڕدرابوو ئەکرا بەسکراب و بەرپرسە بازرگانەکانی خۆمان تەنی ئاسنەکانیان ئەدا بە (٣٥) دۆلار بە ولأتانی دراوسێ، چیبکەن خۆ ئەبێ ئەمانیش دوو قروشیان دەست بکەوێت، سەدام بەو دەردە چوو بەلاَم بەداخەوە ئەوانەی هاتوونەتە جێی پەند وەرناگرن!

**دووەم:** بانگخوازی میسری سەید موختار البنا دەڵێت:

لە بەندیخانەدا قەزییەك هەبوو پێی دەوترا قەزییەی خەو، لاوێکی رووڵەخوا لە خەویا لەگەڵ هاوەڵێکیدا چوو بوو کارتەر بکوژێت و دەگیرێت، ئەم خەوە بۆ ئیمامی مزگەوتەکیان دەگێڕێتەوە تا بۆی لێکبداتەوە، ئیمامی مزگەوتەکەش سەربە ئاسایش دەبێ و خەبەری لێئەدات.

لاوەکە دەگرن و مەحکەمەی دەکەن، گوایە ئەگەر شتی وای نیازنەبووە چۆن خەوی وای بینیوە، ئنجا برادەرەکەشی دەگرن و دەڵێن دیارە تۆش ئەمەی باس کردووە لەگەڵتاو شتێکتان لە ژێرسەردایەو هەشت ساڵ لەسەر ئەم خەوە بەندیان کردن.

## سـنگ فـراوانـی

یەکێکی تر لە بەرهەمەکانی ئیمان سنگ فراوانییە، ئیبن مەسعود دەڵێ: لەبارەی ئەم ئایەتەوە پرسیارمان لە حەزرەت کرد (ﷺ)﴿أَفَمَن شَرَحَ ٱللَّهُ صَدۡرَهُۥ لِلۡإِسۡلَٰمِ فَهُوَ عَلَىٰ نُورٖ مِّن رَّبِّهِۦۚ فَوَيۡلٞ لِّلۡقَٰسِيَةِ قُلُوبُهُم مِّن ذِكۡرِ ٱللَّهِۚ أُوْلَٰٓئِكَ فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٍ ﴿٢٢﴾﴾ الزمر. که سنگ فراوانی چۆن دەبێت؟ ئەویش فەرموی: ئەگەر نور چووە دڵەوە دەکرێتەوەو فراوان دەبێت، وتمان: نیشانەی ئەوە چی یە؟ فەرمووی:حەزبەگەڕانەوەیە بۆ ئاخیرەت و خۆدوورگرتنە لە دنیاو، خۆ ئامادەکردنە بۆ مردن پێش هاتنی (الإنابة الى دار الخلود، والتجافي عن دار الغرور، والاستعداد للموت قبل نزوله) أخرجه الحاكم ٣٤٦/٤، رقم ٧٨٦٣.

## دووجـار لـەدایـك بـوون

لە گەشتی ئیمانی دا جارێکی تر مرۆڤ لە دایك دەبێتەوە، کە بەوەش دڵێکی زیندووی دەبێت، عیسا سەلامی خوایلێ بێت بە حەواریەکانی دەڵێت (إنكم لن تلجوا ملكوت السماوات والأرض حتى تولدوا مرتين)

ئەمەش ئەوەیە کە مرۆڤی بڕوادار هەموو ئەندامەکان و خانەکانی لەشی بۆ خوا خشوعیان دەبێت، هەروەك حەزرەت (ﷺ) لە ڕکوعدا دەیفەرموو: (اللهم لك ركعت و بك آمنت ولك

**أسلمت، اللهم خشع لك سمعي و بصري و مخي و عظمي)** . **يان دةيفةرموو (اللهم إني بك و إليك)** .

پیاوباشێکی پێشینانیش دەڵێت: لە نوێژێکی بەیانیدا کە هەستامەوە لە سوجدە هەستم کرد دڵم هەڵنەستایەوە لەسوجدەکەی. ﴿ وَيَخِرُّونَ لِلْأَذْقَانِ يَبْكُونَ وَيَزِيدُهُمْ خُشُوعًا ۩ ﴿١٠٩﴾ ﴾ الإسراء .
حەزرەت (ﷺ) فەرمووی: (أسوأ الناس سرقة الذى يسرق من صلاته) وتیان: چۆن دزی لە نوێژ دەکرێت؟ فەرمووی: **(ركوع و سجودو خشوعی تةواونية)** صحيح /الالباني صحيح الجامع /٤٠٧٩

زیاد بوونی ئیمان بەئامادەبوون و هۆشیاری دڵە لە کاتی پەرستشەکان دا بە تایبەتی نوێژ، چونکە زۆر نوێژ هەیەهەروەك نەکرابێت وایە و سوودی نیە، ئەوەتا حەزرەت (ﷺ) پەنا دەگرێ بە خوا لە نوێژێك کە سوودی نەبێت (و أعوذ بك من صلاة لا تنفع) اخرجه ابن حبان /٢٩٣/٣ رقم ١٠١٥ صحيح مسلم.

ئیبن عباس دەڵێت **(ركعتان مقتصدتان في تفكر خير من قيام ليلة و القلب ساة)** واتە :دوو رکات نوێژی کورت بە ئامادەبوونی دڵەوە باشترە لە نوێژکردن شەوێکی دوورودرێژ بە غافڵی. هەر لەبەرئەوەشە نوێژ باش نیە بکرێت کەنان دانرابێت و خەیاڵ بڕواتە لای نانەکە. (لا صلاة بحضرة الطعام) مسلم ٧٨/٢/ رقم٥٦٠هەروەها دەفەرموێت: (اذكرْ الموتَ في صلاتِكَ فإنَّ الرجلَ إذا ذكرَ الموتَ في صلاتِهِ لحريٌّ أنْ تُحَسَّنَ صلاتُهُ وصلِّ صلاةَ رجلٍ لا يَظنُّ أنهُ يُصلي صلاةً غيرَها وإياكَ وكلَّ ما يُعتَذَرُ منهُ) الراوي: - المحدث: محمد بن محمد الغزي - المصدر: إتقان ما يحسن - الصفحة أو الرقم: ١٧٤/١إسناده حسن.
واتە: یادی مردن بکە لە نوێژەکەتدا، بەڕاستی ئەگەر کەسێك یادی مردنی کرد لە نوێژەکەیدا نوێژەکەی بەچاکی دەکات، نوێژ بکە وەك کەسێك کە وابزانێ دوا نوێژیەتی و ئیتر نوێژی تر ناکات، وریاش بە کارێك مەکە کەداوای لێبووردنی لەسەر بکرێت. قال ﷺ / (إنَّ العبدَ لَيصلِّي الصَّلاةَ ما يُكتُبُ لَهُ منْها إلَّا عُشرُها، تُسعُها، ثمنُها، سُبعُها، سُدسُها، خمسُها، ربعُها، ثلثُها نصفُها) الراوي: - المحدث: الألباني - المصدر: صفة الصلاة - الصفحة أو الرقم: ٣٦خلاصة حكم المحدث: صحيح
واتە: هی واهەیە نوێژدەکات، یەك لەسەر دە، یەك لەسەر نۆ، یەك لەسەرهەشت، یەك لەسەر حەوت، یەك لەسەر شەش، یەك لەسەر پێنج، یەك لەسەر چوار، یەك لەسەر سێ، یەك لەسەر دووی بۆ دەنوسرێت.

## پەیوەندی زەوی و ئاسمان

قورئان ئەو گوریسەیە کە لە ئاسمانەوە شۆڕبۆتەوە بۆ زەوی تا مرۆڤەکان دەستی پێوە بگرن (كتاب الله، هو حبل الله الممدود من السماء الى الارض) الطبري /٣١/٤ . پاش وەفاتی حەزرەت (ﷺ) ئەبوبەکر و عومەر چوون بۆلای ئوم ئەیمەن، بینیان دەگری، وتیان: بۆ دەگریت مەگەر لای خوا باشتر نیە بۆ حەزرەت (ﷺ)؟ وتی: بۆ ئەوە ناگریم کە ئەویٚ باشتر نەبیٚ بۆی، بەڵکو بۆ ئەوە دەگریم کە ئیتر وەحی لە ئاسمانەوە دانابەزیٚ. . . بەم وەڵامە ئەبوبەکر و عومەریش کەوتنە گریان.

عومەر گریا کە گوێی لە پیاوێك بوو ئەم ئایەتەی دەخوێند ﴿إِنَّ عَذَابَ رَبِّكَ لَوَٰقِعٞ ۝٧ مَّا لَهُۥ مِن دَافِعٖ ۝٨﴾ الطور ، لێیان پرسی بۆ وا دەگریت، وتی: وازم لیٚ بێنن گوێم لە سوێندێکی هەقی پەروەردگارم بوو. نوێژکردن و قورئانخوێندن یادکردنەوەی پەروەردگارەو تازەکردنەوەی پەیوەندیە ﴿إِنَّنِيٓ أَنَا ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعۡبُدۡنِي وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ لِذِكۡرِيٓ ۝١٤﴾ طه، واتە: تەنها من بپەرستن ویادم بکەنەوە لە نوێژەکانتاندا.

﴿وَلَنُذِيقَنَّهُم مِّنَ ٱلۡعَذَابِ ٱلۡأَدۡنَىٰ دُونَ ٱلۡعَذَابِ ٱلۡأَكۡبَرِ لَعَلَّهُمۡ يَرۡجِعُونَ ۝٢١﴾ السجدة، سزای سووکیان ئەدەین نەك سزا قورسەکە سابەڵکو تەوبە بکەن و بگەڕێنەوە.

﴿وَقَطَّعۡنَٰهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ أُمَمٗاۖ مِّنۡهُمُ ٱلصَّٰلِحُونَ وَمِنۡهُمۡ دُونَ ذَٰلِكَۖ وَبَلَوۡنَٰهُم بِٱلۡحَسَنَٰتِ وَٱلسَّيِّـَٔاتِ لَعَلَّهُمۡ يَرۡجِعُونَ ۝١٦٨﴾ الأعراف، لەزەویدا جوولەکەمان پارچە پارچەکردو وتاقیمان کردنەوە بە خۆشی و ناخۆشی و چاك و خراپ بەڵکو بگەڕێنەوە.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ ءَامِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَٱلۡكِتَٰبِ ٱلَّذِي نَزَّلَ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ وَٱلۡكِتَٰبِ ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ مِن قَبۡلُۚ وَمَن يَكۡفُرۡ بِٱللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ فَقَدۡ ضَلَّ ضَلَٰلَۢا بَعِيدًا ۝١٣٦﴾ النساء ، ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە پارێزگاری بڕواکەتان بکەن و بەردەوام بن لەسەری و لێی غافڵ مەبن، چونکە بڕوا لەدڵا هەروەکو جلوبەرگ کۆن دەبیٚ و دەڕزێت (إن الإيمان ليخلق في جوف أحدكم كما يخلق الثوب فسلوا الله تعالى أن يجدد الإيمان في قلوبكم) الراوي: عبدالله بن عمرو المحدث: الهيثمي - المصدر: مجمع الزوائد - الصفحة أو الرقم: ٥٧/١: إسناده حسن

# وەرنــەوە بۆ لای خــوا

حەزرەت (ﷺ) دەفەرمویّت: (ما من يوم طلعت شمسه إلا و كان بجنبتيها ملكان يناديان نداء يسمعه ما خلق الله كلهم غير الثقلين: يا أيها الناس هلموا إلى ربكم، فإن ما قل و كفى، خير مما كثر و ألهى. و لا آبت الشمس إلا و كان بجنبتيها ملكان يناديان نداء يسمعه خلق الله كلهم غير الثقلين: اللهم أعط منفقا خلفا، و أعط ممسكا تلفا، وأنزل الله في ذلك قرآنا في قول الملكين:يا أيها الناس هلموا إلى ربكم في سورة (يونس) : ﴿ وَٱللَّهُ يَدۡعُوٓاْ إِلَىٰ دَارِ ٱلسَّلَٰمِ وَيَهۡدِي مَن يَشَآءُ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ﴿٢٥﴾ ﴾ يونس ، وأنزل في قولهما:اللهم أعط منفقا خلفا، و أعط ممسكا تلفا: (و الليل إذا يغشى. و النهار إذا تجلى. و ما خلق الذكر و الأنثى) إلى قوله: (للعسرى) الراوي: أبو الدرداء المحدث: الألباني - المصدر: صحيح الترغيب - الصفحة أو الرقم: ٩١٧خلاصة حكم المحدث: حسن

واتە: هەموو بەيانيەك كە خۆر هەڵدێت دوو مەلائيكەت بانگ دەكەن و دەڵێن: كەمێكی سەروبەر باشترە لە زۆرێكی سەرقاڵكەر كە قيامەتت بيربەرێتەوە، كە خۆريش ئاوا دەبێت بەهەمان شێوە دوعا دەكەن و دەڵێن: خوايە ئەوەی دەبەخشێت بۆی بخەرەوە جێی ئەوەش كە نابەخشێت ماڵەكەی لەناوبەرە، جا بۆ بانگكردنی يەكەم ئەو ئايەتەی سورەتی يونس ئاماژەيەو بۆ ئەوی دووەميش ئايەتی (فَأَمَّا مَن أَعْطَى وَاتَّقَى، وَصَدَّقَ بِالْحُسْنَى، فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْيُسْرَى) **الليل٧** . جابۆيە ئەبێت وەڵامی بانگەوازەكەی خوا بدەينەوە پێش ئەوەی قيامەت بێت و كار لەكار بترازێت.

**﴿ ٱسۡتَجِيبُواْ لِرَبِّكُم مِّن قَبۡلِ أَن يَأۡتِيَ يَوۡمٞ لَّا مَرَدَّ لَهُۥ مِنَ ٱللَّهِۚ مَا لَكُم مِّن مَّلۡجَإٖ يَوۡمَئِذٖ وَمَا لَكُم مِّن نَّكِيرٖ ﴿٤٧﴾ ﴾** الشورى .

## یاسای ئاڵوگۆڕ

قورئانی پیرۆز دەفەرمویێت ﴿هَٰٓأَنتُمۡ هَٰٓؤُلَآءِ تُدۡعَوۡنَ لِتُنفِقُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ فَمِنكُم مَّن يَبۡخَلُۖ وَمَن يَبۡخَلۡ فَإِنَّمَا يَبۡخَلُ عَن نَّفۡسِهِۦۚ وَٱللَّهُ ٱلۡغَنِيُّ وَأَنتُمُ ٱلۡفُقَرَآءُۚ وَإِن تَتَوَلَّوۡاْ يَسۡتَبۡدِلۡ قَوۡمًا غَيۡرَكُمۡ ثُمَّ لَا يَكُونُوٓاْ أَمۡثَٰلَكُم ﴿٣٨﴾﴾ محمد.

هەروەها بە هاوەڵان دەفەرمویێت لەکاتی غەزوەی تەبوکدا ﴿إِلَّا تَنفِرُواْ يُعَذِّبۡكُمۡ عَذَابًا أَلِيمًا وَيَسۡتَبۡدِلۡ قَوۡمًا غَيۡرَكُمۡ وَلَا تَضُرُّوهُ شَيۡـٔٗاۗ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٌ ﴿٣٩﴾﴾ التوبة، ئەمە لە کاتێکدا کە چەند هەوڵ و خەباتیان هەبوو لە پێشتردا.

ژمارەی ئەوانەی کە فەرمانی حەزرەتیان شکاند (ﷺ) لە جەنگی ئوحودا تەنها چل کەسێك بوون لە حەوت سەد کەس، کە ڕێژەکەی لە سەدا شەش دەکات ئەمەش بۆ ئەوەی کە وانەیەکی کرداری بێت بۆیان و جارێکی تر لە فەرمانی دەرنەچن.

ئەمەش بوو بە وانەیەکی هەمیشەیی کە عومەر لەکاتی بەڕێ کردنی سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص دا ئامۆژگاری دەکات بە پارێزکاری کە باشترین تفاقی جەنگەو جڵەوگیری دەکات کەخۆی و سەربازەکانی گوناه نەکەن کە لە دوژمن خەتەر ترەو دەڵێت (و آمرك ومن معك من الاجناد بتقوى الله على كل حال، فان تقوى الله أفضل العدة على العدو، وأقوى المكيدة فى الحرب، وآمرك ومن معك أن تكونوا أشد احتراسا من ذنوبكم منكم من عدوكم، فان ذنوب الجيش أخوف عليكم من عدوكم. . . ) .

## ڕێی خۆشەویستی خوا

بڕواداران کە خوایان لە خۆیان و لە هەموو کەس خۆشتر دەوێت ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَندَادٗا يُحِبُّونَهُمۡ كَحُبِّ ٱللَّهِۖ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَشَدُّ حُبّٗا لِّلَّهِۗ وَلَوۡ يَرَى ٱلَّذِينَ ظَلَمُوٓاْ إِذۡ يَرَوۡنَ ٱلۡعَذَابَ أَنَّ ٱلۡقُوَّةَ لِلَّهِ جَمِيعٗا وَأَنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعَذَابِ ﴿١٦٥﴾﴾ - البقرة، و بەردەوام لە هەوڵدان کە لەزەتی ئیمان بچێژن لە ڕێی ئەو خۆشەویستیەوە (ثلاث من كن فيه وجد حلاوة الايمان، أن يكون الله و رسوله احب اليه مما سوا هما) .

ناسینی خوا به چاکی ڕێگەی گەیشتنە بەو خۆشەویستیە، ئەوەتا کۆمەڵانێك لۆمە دەکرێن کە بەهۆی جەهالەت و نەناسینی خواوەوە ڕێیان لێ هەڵەبووەو لەقیامەتدا پێیان دەوترێت:

﴿وَمَا كُنتُمْ تَسْتَتِرُونَ أَن يَشْهَدَ عَلَيْكُمْ سَمْعُكُمْ وَلَآ أَبْصَٰرُكُمْ وَلَا جُلُودُكُمْ وَلَٰكِن ظَنَنتُمْ أَنَّ ٱللَّهَ لَا يَعْلَمُ كَثِيرًا مِّمَّا تَعْمَلُونَ ﴿٢٢﴾ وَذَٰلِكُمْ ظَنُّكُمُ ٱلَّذِى ظَنَنتُم بِرَبِّكُمْ أَرْدَىٰكُمْ فَأَصْبَحْتُم مِّنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٢٣﴾﴾ فصلت .

زانین ئەو زانینەیە کە مرۆڤ بگۆڕێ، تەنها زانینی ڕووت هیچ سودێکی نیە: ﴿قُلْ مَن يَرْزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ أَمَّن يَمْلِكُ ٱلسَّمْعَ وَٱلْأَبْصَٰرَ وَمَن يُخْرِجُ ٱلْحَىَّ مِنَ ٱلْمَيِّتِ وَيُخْرِجُ ٱلْمَيِّتَ مِنَ ٱلْحَىِّ وَمَن يُدَبِّرُ ٱلْأَمْرَ ۚ فَسَيَقُولُونَ ٱللَّهُ ۚ فَقُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴿٣١﴾﴾ یونس، ئەو زانینە وەك ئیبن تەیمیە ئەفەرموێ ئەسڵی خۆشەویستیە (واصل المحبة هو معرفة الله سبحانه و تعالى) . ئەم خۆشەویستیە کاریگەری دەبێ لەسەر دڵ و دەروون و کار و کردەوە﴿وَلِيَعْلَمَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْعِلْمَ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكَ فَيُؤْمِنُوا۟ بِهِۦ فَتُخْبِتَ لَهُۥ قُلُوبُهُمْ ۗ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَهَادِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٥٤﴾﴾ الحج .

خۆشەویستی لاف و گەزاف نیە، وەك ئەوەی جولەکەکان کە بەلای خۆیانەوە هیچیان نەهێشتبۆوە کە لە ڕاستیشدا وانیە، ئەیان وت: ئێمە نەوەی خواو خۆشەویستی خواین، (خوای گەورەش ئەفەرموێ) پێیان بڵێ:ئەی بۆ خوا لەسەر گوناهەکانتان سزاتان ئەدات، لەڕاستیدا ئێوەش بەشەرێکن وەك ئەو عالەمەی تر، خوا کێی بوێت لێی خۆش دەبێت وکێی بوێ سزای دەدات، ئاسمانەکان وزەوی‌و چیان تیایە هی خوان و گەڕانەوەش هەر بۆلای ئەوە ﴿وَقَالَتِ ٱلْيَهُودُ وَٱلنَّصَٰرَىٰ نَحْنُ أَبْنَٰٓؤُا۟ ٱللَّهِ وَأَحِبَّٰٓؤُهُۥ ۚ قُلْ فَلِمَ يُعَذِّبُكُم بِذُنُوبِكُم ۖ بَلْ أَنتُم بَشَرٌ مِّمَّنْ خَلَقَ ۚ يَغْفِرُ لِمَن يَشَآءُ وَيُعَذِّبُ مَن يَشَآءُ ۚ وَلِلَّهِ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا ۖ وَإِلَيْهِ ٱلْمَصِيرُ ﴿١٨﴾﴾ مائدة .

حەزرەت (ﷺ) لە دوعایەکیدا دەفەرموێ (اللهم اني اسألك الرضا بعد القضاء، وبرد العيش بعد الموت، ولذة النظر الى وجهك، والشوق الى لقائك من غير ضراء مضرة ولا فتنة مضلة) الطبراني. واتە: خوایە خۆشەویستیەکەم وام لێبکات کە شەوقم هەبێ بۆت، نەك ناخۆشی و ناڕەحەتی دنیا و فیتنەی لەڕێ لادەر وام لێبکا بگەڕێمەوەو شەوقم هەبێ.

حەزرەت (ﷺ) ڕۆژێك مەصعەبی بینی بە هاوەڵانی فەرموو: سەیری ئەم پیاوە بکەن کە خوا دڵی ڕووناك کردۆتەوە، ئەمبینی کەدایك و باوکی باشترین خواردن و خواردنەویان ئەدایە، خۆشەیستی خواو پێغەمبەرەکەی گەیاندیە ئەمەی کەدەیبینن، دیارە دەستی لەهەموو شتێك هەڵگرتبوو لەبەر خوا (انظروا الى هذا الرجل الذي قد نور الله قلبه، و لقد رأيته بين أبوين يغذيانه باطيب الطعام والشراب فدعاه حب الله و رسوله الى ما ترون) رواه ابو نعيم في الحلية.

هەروەها دەفەرمویٚ (والله، لا يلقي الله حبيبه في النار) صحيح الجامع (٧٠٩٥) واتە: بەخوا، خوا خۆشەویستەکەی ناخاتە دۆزەخەوە.

- دەشتەکیەك نەخۆش کەوت، پێیان وت: دەمریت.

وتی: باشە بۆ کویٚ دەچم؟ وتیان: بۆ لای خوا.

وتی: جا چۆن حەز نەکەم بچم بۆ لای کەسێك کە هەرچی خێرە لەوەوە بۆم دێت؟

- سوفیانی سەوری دەڵێ: حەزناکەم حسابم بدرێتە دەست دایك و باوکم، خوای پەروەردگارم لە دایك و باوکم چاکترە بۆم.

- عن ابي الدرداء (ر.ض) عن النبى (ﷺ) قال (ثلاثة يحبهم الله ويضحك لهم ويستبشر بهم الذي إذا انكشفت فئة قاتل وراءها بنفسه لله عز وجل فإما أن يقتل وإما أن ينصره الله عز وجل ويكفيه ويقول انظروا إلى عبدي هذا كيف صبر لي بنفسه والذي له امرأة حسنة وفراش لين حسن فيقوم من الليل فيقول يذر شهوته ويذكرنيولو شاء رقد والذي إذا كان في سفر وكان معه ركب فسهروا ثم هجعوا فقام من السحر في ضراء وسراء) **الترغيب والترهيب- الصفحة أو الرقم:١/٢٩٧:إسناده حسن.** لێرەوە بە ئاشکرا دیارە کە خۆشەویستی یانی گیانفیدایی، سەیری ئەم سێ کەسە بکە کە خوا خۆشی دەوێن و بۆیان پێدەکەنێت:

١-جەنگاوەرێك لە جەنگێکدا هاوەڵانی دەگەڕێنەوەو دێنە دواوەو ئەم لەبەر خوا هەر دەجەنگێت تا سەردەکەوێت یان شەهید دەبیت کەئەمەش لوتکەی خۆگری و گیانفیداییە.

٢-کەسێك لەشەودا جێگای گەرم و هاوسەری جوانی بەجێدەهێڵێت و هەڵدەستێت شەو نوێژ دەکات.

٣-کەسێك لە سەفەردا لەشەودا لەکاتی لادان و پشوودا هاوەڵانی بخەون و ئەم هەستێت شەونوێژ بکات.

# تــاوانی شـیوعـیەکان لــە ئەلــبانــیا

شیوعیەت کە جولەکە لەپشتیەوە بوو بڵاوبۆوە و فیتنەیەکی گەورە بوو بۆ موسڵمانان، خەڵکیان خەڵەتاند بەوەی کە ئازادی دەهێنن. ئاسیای ناوەڕاست ئیسلامی لەکۆنەوە پێ گەیشتووە، ئەمانیش دوژمنی بوون، سێ ملیۆن کەس لە تورکستانی رۆژهەلاّت لەهەژاری ولەبرسا مردن، ٥،٢ملیون کەس کۆچیان کردو ئاوارەی ولاّتان بوون، مزگەوتیان نەهێشت وکەوتنە بلاّوکردنەوەی ئیلحادو بێباوەڕی !

بزمار داکوتان بەمرۆڤدا تا مردن، دەرهێنانی چاو و ددان تا مردن، هەرچی تەعزیبدان بوو بەکاریان هێنا، ئەگەر یەك پەڕە قورئانیان لای کەسێ شك ببردایە واوەیلا بەحاڵی، چۆن بەرگەی ئەو هەموو سزاوئازارەیان گرت؟ ؟ نازانم !

زۆر کەس هیجرەتی کرد بۆ سیبیریا و ولاّتە ئیسلامیەکان، کە بەداخەوە ئیستعماری غەربی ئەم ناوەشی داگیرکردبوو هیچیان بۆنەکردن.

شێخ جعفر شکۆدار لە ئەلبانیا دەڵێ: هەرچەند ولاّتەکەمان بچوکە بەلاّم دلّمان گەورەیە بۆ ئیسلام، شیوعیەکان (٤٠) ساڵ مانەوەو (٣٤) زانای ئاینیان شەهیدکرد، هەموومزگەوتەکانیان رووخاندو ئەوەی بیوتایە لاإله إلا الله محمد رسول الله (٧) ساڵ بەندیان دەکرد.

ڕۆژی ٨کیلۆ نانیان ئەدا بەبەراز کە بەخێویان دەکردن، بەلاّم ٢٥٠غم یان ئەدا بەنەفەرێك، حیجابیان ئەسوتاند و دوای بالاّپۆشەکان ئەکەوتن، ئەنوەر خواجا لەفیرعەون و نەمرود و گشت تاغیەکان سەرکەش تر بوو.

موسڵمانان شەو بەدزیەوە قورئانیان دەخوێند و دەیان شاردەوە، موفتی شارەکەیان بەدیواردا بەبزمار هەڵواسی تاکۆچی دوایی کرد، ددانەکانی یەکێ لەزاناکانی شاری تیرانایان لەژێر تەعزیب دا هەڵکێشا تا دەعوە نەکات، هەرچی خەتەنەی منالّی بکردایە شەش ساڵ بەند ئەکرا و بە تاوانێکی گەورە دائەنرا، هاتن بەمنیان وت: بێگومان بەڕۆژوویت، وتم: نەخێر ڕاست نیە، بردیانم بۆ چایخانەیەك، چایخانەکە پڕ دوکەڵ بوو بردمی بۆ دانەیەکی تر، لەڕێ دوعام کرد خوایە خۆم و ڕۆژووەکەم بپارێزە، کەنزیك بوینەوە لەچایخانەکەی تر وتم: دکتۆرێکی بەیتەریم پێویستە ئەسپەکەم خەریکە مردار ئەبێتەوە و زۆر نەخۆشە، کابرای ئاسایش وتی: من دەرەجەدارم و

پۆستم هەیە لە حیزبی شیوعیدا، ئەسپەکەت مردار بۆوە دانەیەکی ترت ئەدەینێ، سووربوو لەسەر ئەوەی بەهیچ لایەکدا نەچم، لەپڕ دکتۆرێکی بەیتەری لەچایخانەکە هاتە دەرەوە و باسی ئەسپەکەم بۆ کرد، وتم: پلەی گەرمیەکەی بووە بە ٤٣پلە و زۆر نەخۆشە، دکتۆرەکە وتی: کەواتە بازوو فریای بکەوین و بەپەلە چوینە ماڵەوە و بەو شێوەیە لەدەست ئەو ئاسایشە شیوعیە ڕزگارم بوو.

کەگەیشتینە نزیك ماڵەوە ڕاستیەکەم پێووت، ئەویش وتی: تۆ لەسەر حەقی وبەردەوام بە لەسەر ئەوەی بڕوات پێیەتی.

یەکێکی تر لە کارگەیەکدا کاری دەکرد ژنێك خەبەری لێ دا کە بەڕۆژووە، بەڕێوەبەری کارگەکە کۆی کردنەوە و شیرینیەکی دایە کە بیخوات ئەویش لەترسا خواردی، بەڕێوەبەرەکە تووڕە بوو لەژنەکە و وتی: درۆ بۆ دەکەیت ئەوە نیە بەڕۆژوونیە! ئەمە حاڵی ڕۆژوومان بوو لەزەمانی شیوعیەت داو زۆر لەناڕەحەتیدا بووین، سوپاس بۆ خوای گەورە کە ڕزگاری کردین لەو کۆت و پێوەندە مەلعونە، ئەوان تاغوت و دیکتاتۆر بوون بەجۆرێك وێنەیان نەبووە لەسەر زەویدا.

مێژوونووسێکی ئەلبانی دەڵێت:

لە ساڵی ١٩٤٥ ەوە دژایەتی ئیسلام دەستی پێکرد، لە ساڵی ١٩٦٥دا جەنگەکەدڕندانەتربوو، بەتەمابوون ئیسلام لە رەگ و ریشە دەربێنن، پاش رووخانی مزگەوتەکان کەوتنە راوەدونانی نوێژکەران و ئەوانەی بیانزانیایە بەڕۆژوون.

دایکم رۆژێك ئاسایش دوای کەوت تا بەزۆر شیرینی بدەنێ و ڕۆژووەکەی لێ تێك بدەن، مامۆستای قوتابخانە جاری واهەبووە ئیسفەنجێك کەئاوی پیسی پێوە بوو کردوویەتی بەدەمی قوتابیەکدا کە زانیبێتی بەڕۆژووە. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا کاردانەوەی موسڵمانان خۆڕاگری بوو، وە ئەنجامدانی پەرستشەکان بوو بەدزییەوە.

دژایەتیەکی گەورەی خەتەنەکردنیان دەکرد، من بۆئەوەی کوڕەکەم خەتەنە بکەم، لەگەڵ پزیشکێکی خزمم رێککەوتم بەدزییەوە کە ڕاپۆرتێکم بۆ بنوسێ گوایە کوڕەکەم تووشی نەخۆشییەکی خەتەر بووە و هەردەبێ خەتەنە بکرێ، چوار مانگ هێنایانم و بردیانم تا توانیم ڕەزامەندی وەرگرم بۆخەتەنەکردنی کوڕەکەم.

بەلایانەوە (دین أفیون الشعوب) بوو هەموو پەڕاوێکی ئایینی یاساغ بوو، بۆدەیان ساڵ بەبێ عەقڵی خۆیان بەتەما بوونکە نوری خوا بکوژێننەوە. ئەمڕۆ ئەلبانیا ٧٥٪ یان موسڵمانن چۆن ئاوا مانەوە خۆ ئەوان وایان دەزانی نەتماون ﴿ يُرِيدُونَ لِيُطْفِـُٔواْ نُورَ ٱللَّهِ بِأَفْوَٰهِهِمْ وَٱللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِۦ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْكَـٰفِرُونَ ﴿٨﴾ ﴾ الصف .

شایەتێکی دیکە، سەمیر ناوێکە دەڵێت: من عومرم ١٥ ساڵان بوو، ئازادی و دین نەبوو، تەنانەت وشەی (الله) یاساغ بوو، ئەیانووت باو باپیرانمان مەیمون بووە. چەندیان کوشت کوشتیان وچەندیان بۆ کرا دەربەدەریان کردن، کارو کاسپی نەبوو، خاوەنداریەتی نەبوو، تەنانەت ماڵەکانیش هی حکومەت بوون، باشترین کەس ئەوەبووە کە پاسکیلێکی هەبێ، تەنها لەسەری ساڵدا ئەگەر گۆشتمان بخواردایە، ئێمە خزمەتی زەراعەت و زەیتونمان دەکرد شەش کەس بووین لەکاتی پێگەیشتنیدا یەکی پێنج کیلۆیان دەدایێ.

- باوکی محمد (کوراب شیهو) دەڵێت: عائیلەکەمان ٧٢ کەس بوون باپیرمان زۆر دیندار بوو، بەندیان کرد، تەمەنی ٧٧ساڵ بوو لێیان دا جلەکانی هەمووی بوو بە خوێن، شەش کوڕی هەبوو دینیان بڵاو دەکردەوە، لەبەندیخانە مرد.

خەڵکی لەترسی نەفی کردن و دوور خستنەوە و کوشتن دەرگاو پەنجەرەیان دادەخست وبەدزیەوە بەتاریکی پارشێویان دەکرد تانەزانن هەڵدەستن بۆ پارشێو و نوێژی بەیانی.

لەمناڵیدا من و ئامۆزاکەم قورئانمان لەبەر کرد، مامم وتی: ئەترسم بمرم، بە من و ئامۆزاکەمی وت بەدزیەوە، شتێکتان فێرئەکەم نهێنیەو باکەس نەزانێت، (بەس بیانزانیایە فێری زمانی عەرەبی دەبین دەیانکوشتین) ، ئەترسم بمرم و دینەکەمان بکوژێتەوە و کەس نەیگەیەنێ. لەژوورەوە هەفتەی سێ جار دوای نوێژی ئێوارە، لەژێرزەمین دا تەنها باوکم دەیزانی، پیتەکانی وردە وردە فێرکردین، لەفەزڵی خواوە، ئێستا لەمزگەوت قوتابیان فێردەکەین.

مامم دەیووت (من ئەمرم و ئەمەوێ دینتان بۆ بەجێ بهێڵم) ، هەمی دەعوەی هەبوو ئاواتی هاتە دی ! وەك داری ئەرقەم بوون، ڕووبەڕووی مردن دەبوونەوە. ئەڵێم هەرچی ئازادە باسوودی لێ ببینێ بۆ فێربوونی قورئان و گەیاندنی.

# کەفالـەتی نـازداران

صرب و کرواتیەکان لە جەنگێکی چەپەڵدا پەلاماری بۆسنەیان دا و لەبەرچاوی دنیاوە بەهەزارەها کەسیان شەهید کرد و بەمەش ژمارەیەکی زۆر منداڵ بێ باوك بوون، پیاوێك لە بۆسنە بەناوی (حاجی کەمال) بیردەکاتەوە خزمەتێك بکات بەو منداڵە نازدارانە کەبێ بەشن لەنازی باوك و دایکیان بەڵکو لەو ڕێگایەوە ببێتە هاوەڵی رسول الله (ﷺ) لەبەهەشتدا. ئەو مەشروعەی بەتەمابیبوو بوودجەکەی ٨٥٠٠یۆرۆ بوو، هەرچەندە پارەکە زۆر نیە، بەبەرەکەتی خوا پڕۆژەکە سەرکەوت و کارەکان ئاسان بوون.

حاجی کەمال دەڵێت:دوای ئەو جەنگە شوومە نزیکەی شەش هەزار منداڵی نازداری بێکەس هەبوون کەلە جێ و ڕێی خۆیان هەڵکەندرابوون، لەم پڕۆژەیەدا سەرپەرشتیەکی تەواوی منداڵانی تیا دەکرێت و، بەواریداتی ئەم پڕۆژەیە ٦٥ منداڵ کەفالەت دەکەین بەبڕی مانگانەی ٣٠یۆرۆ.

لەدوای جەنگ خانوویەکمان لەم ناوە بۆ بەکرێ گرتن لە ساڵی ٢٠٠١دا و دامانان تیایدا، ئێرەش کە هەزار مەتر دووجا بوو دانرابوو بۆ فرۆشتن و خانوویەکی کۆنی تیابوو، دوو ساڵ بەکرێ گرتمان تاخوا ئاسانی کرد و ئێرەمان کڕی و ئەم بینایەمان تیا دروست کرد. ئێمە بەرنامەمان دانابوو کە ٣٠٠٠منداڵ کەفالەت بکەین، بەڵام لێرە لەشاری بریزرین جارێ ٣٠٠ کەسمان کەفالەت کردووە، خۆم ئیشرافی ئوتێلەکە دەکەم، تا ئەوەی لێی دەست دەکەوێت سەرفی بکەین بۆمنداڵەکان.

هەیانە لە ماڵی کەس و کاریان دەژین لەوێ گرنگییان پێدەدەین، مەسەلەکە هەر نان خواردن نیە و بەس بەڵکو پەروەردەی تەواوە لەهەموو لایەنێکەوە. بەم تەمەنەیەوە حاجی کەمال کە سەروو پەنجا ساڵە ئیشرافی هەموو شتەکان دەکات، هەفتانە دووجار دەرسی ئیمانیان پێ دەڵێن، هەموو سوودی لێوەردەگرن، هەشیانە بۆ یاری کردن دێن بۆ ئێرە ئەوانیش سوود وەردەگرن کە ئەم بەرنامانە لەبەیانیەوە تا عیشایە کە بەرنامەیەکی پەروەردەیی ئیسلامی یە.

مانگانە ئەم پڕۆژەی ئوتێلە ٥ تا٦ هەزار یۆرۆ پەیدا دەکات، لەم بڕە پارەیە مووچە ئەدرێت بە ٦٥منداڵی بێ باوك و مینحەی دیراسی بۆ پەنجا قوتابی و یارمەتی منداڵێکی بێ باوکیش ئەدەین کە ماجیستێر دەخوێنێ، وە لەوەش مووچەی فەرمانبەرەکان ئەدرێت.

لەکۆسۆفا زیاتر لە ٥٠٠٠ منداڵی نازدار هەیە کەچەند دەزگایەك کاریان بۆ دەکات کەزۆربەیان تورکی و عەرەبین. ئێمەش ئەم پرۆژە بازرگانیەمان دروست کرد تا لەقازانجەکەی ئەو منداڵانەی پیّ بەخێوبکەین. لە حاجیان پرسی ئایا هیلاك و ماندوو نابیت؟

وتی:نەبەخوا زۆر چێژ لەوە وەردەگرم کەخۆشی بخەمە دڵیانەوە، خۆشی و سەعادەتێك هەست پێدەکەم مەگەر خوا بۆخۆی بزانێت.

هەرگیز ماندوو نابم کە لەگەڵیاندا دەبم وائەزانم گەنج بوومەتەوە و سی ساڵێکم، هەست و سۆزم بۆیان زیاترە لەوەی کە بۆ مناڵەکانم هەمە.

بۆ نمونە: پێش چەند مانگێك کچێك لامان نەخۆش بوو وامانزانی شێرپەنجەیەتی، زۆر ناخۆش بوو لامان، واماندەزانی بەجێمان دێڵیّ. ناردمان بۆ تورکیا سوپاس بۆخوا چارەسەری بۆکرا و گەڕایەوە لامان و زۆر دڵخۆش بووین.

سوپاس بۆخوا ئەم پرۆژەیە بۆخوایە، دڵنیام دوای خۆشم خوا کەسێك دەنێریّ سەرپەرشتی بکات بەچاکی و پشت بەخوا فراوانتریشی دەکەن. ئێمە ئەگەر منداڵی بێباوکی غەیرە موسڵمانیش بێت هاوکاری دەکەین بۆ نمونە:مناڵێکی بێباوکی مەسیحی مانگی ٣٠ یۆرۆ ی دەدەینیّ و داوای بەشداربوونیشی لێناکەین.

ئەگەر ئیمکانیات هەبێت پرۆژەکەمان دەکەین بە ئوتێلێکی پێنج ئەستێرە و شوێنێکیش دەکەین بۆ ڕاهێنانی نەخۆش، چونکە ئەم ناوە ئاووهەواکەی پاکە و ئەوانەی کە نەخۆشی تەنگە نەفەسییان هەیە دێنە ئەم ناوە بۆ چارەسەر. ئەگەر خوا بکات پرۆژەکەمان گەورە ببێت هەموو مناڵە بێباوکەکانی بەلقان کەفالەت دەکەین.

سوپاس بۆ خوا کە یارمەتی داین، خوا پاداشتی ئەوانەش بداتەوە لێرە و لەتورکیا و لەسعودیە کە هاوکارییان کردین. پێش پێنج ساڵ وەفدێکی فەرمی لە تورکیاوە کەهەندیّ بازرگانیان لەگەڵدابوو هاتبون یارمەتیمان بدەن زۆر دڵخۆش بوین چونکە قەرزار بووین، بەڵام بەداخەوە بەقەدەری خوا هیچ نەگەیشتە دەستمان نازانم بۆ؟ ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت کە من هەڵەبووم و تەوەککولم بە راستی بەخوا نەبوو، چاوم لەدەستی ئەوان بوو، ئیتر لەو کاتەوە بڕیارم دا کەتەنها پشت بەخوا ببەستم و بەتەمای هیچ کەس نەبم، ئەو خوایەی کەخۆی ڕۆزی دەر و

کەریم و (مالك الملك) ە، من وەك حەزرەتی یوسفم بەسەر هات کەبەهاوەڵەکەی بەندیخانەی فەرموو (اذکرني عند ربك) خوای گەورەش بیری بردەوە و چەند ساڵی تر لە بەندیخانەدا مایەوە.

دوای ئەو زیارەتە کە نیەتم و تەوەککولم راست بۆوە، لەمالیزیاوە شەست هەزار یۆرۆم بۆهات، هەرناشزانم کێ ناردویەتی. ﴿... وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّهُۥ مَخۡرَجٗا ۝٢ وَيَرۡزُقۡهُ مِنۡ حَيۡثُ لَا يَحۡتَسِبُۚ وَمَن يَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسۡبُهُۥٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ بَٰلِغُ أَمۡرِهِۦۚ قَدۡ جَعَلَ ٱللَّهُ لِكُلِّ شَيۡءٖ قَدۡرٗا ۝٣﴾ الطلاق .

## هـاوەڵانی ئەشکـەوت

کاتێك کۆمۆنیستی باڵی رەشی کێشا بەسەر ئەلبانیادا، ئەنوەر خۆجە بووە سەرۆك و بەئاگرو ئاسن کەوتە گیانی موسڵمانان، بۆ فەرزکردنی بیری چەوتی کۆمۆنیستی بەسەریاندا، لە رەمەزاندا جەندرمەکانی سەر بەدەسەلاّت بەزۆر شتیان ئەدا بە وانەی کە گومانیان هەبوو لێیان کە بەرۆژوون، تا بیخۆن و رۆژووەکەیان بشکێنن.

دیارە کەسانێك بەناچاری ملیان بۆدان و هی واش هەبوو بەدزیەوە ئیسلامەتی خۆی هەردەکرد. پیاوێکی خواناسی تەمەن پەنجاساڵ بەناوی شەعبان کە هاوسەرەکەی وەفاتی کردبوو سێ کوڕی هەبوو، دوانیان تەمەنیان لە سیەکاندا بوو، بەناوی ئیبراهیم و رەمەزان، یەکێکیشیان کە تەمەنی سیانزە ساڵێك دەبوو ناوی ئیدریس بوو.

ئەمانە لەدێیەکی ئەلبانیا دەژیان کە فشاری زۆریان بۆ هێنان ملیان نەدا بۆ کۆمۆنیستەکان و پەنایان بردە بەر ئەشکەوتێکی شاخێکی سەختی دووردێ تابتوانن دوور لە چاوی دوژمنانی خوا خواپەرستی خۆیان بکەن.

میری چاودێری دەکردن، سەرەتا هەندێ مەڕوماڵاتیان هەبوو بردیان لەگەڵ خۆیان، هەرچەند شاخەکە سەخت بوو بەفرێکی زۆریش دەباری لە زستاندا، جارێك بەفرێکی زۆر بارییبوو سیانیان لەبەرزی سەدمەترەوە کەوتنە خوارەوە خوا پاراستنی هەلابەهەلا نەبوون، کۆمۆنیستەکان بۆ فشاری زیاتر مەڕو ماڵاتەکەشیان لێ زەوت کردن.

لەبەرئەوەی ئیدریس گەنج تر بوو زیاتر ئەویان دەنار بۆ ناو دێ تا هەندێ کەلوپەل و پێداویستیان بۆ بهێنێت. ئەم چوارکەسە دارتاشی وخەیاتیان دەزانی بەلاّم نەیان دەتوانی

کاربکەن وخەڵکی نەدەگەیشتنە لایان. خەڵکی جاروبار هاوکاریان دەکردن بەڵام ڕۆژ ودوو ڕۆژ نەبوو، ئەم فلیمە سی ساڵی ڕەبەقی خایاند. باوکیان وەفاتی کرد لە ئەشکەوتەکەدا و ئیدریسیان نارد تا هەواڵ بدات بە خەڵکی ئاوایی و بێن بۆ هاوکاریان، چەند کەسێك چوون و هاوکاریان کردن و بە دزیەوە بەخاکیان سپارد.

ئیبراهیمیش دەمی خۆی نەدەگرت و تەنانەت نامەشی دەنارد بۆ سەرۆك و داوای لێدەکرد بێتەوە سەر هەق و ڕاستی و واز لە بیری پووچەڵی کۆمۆنیستی بهێنێت. سەرەنجام گرتیان وپێنج ساڵ لە زینداندا ئەشکەنجەو ئازاریان داو پاشان بەدەرزی ژەهر شەهیدیان کرد. هەمیشە باوکیان ئامۆژگاری دەکردن خۆڕاگربن و سەرشۆڕنەکەن بۆ دوژمنانی خوا، ئەمانیش پیاوانە وەسیەتەکەی باوکیان پاراست و ملیان نەدا تا نیزامی کۆمۆنیستی هەرەسی هێناو مۆتەکەی سەردڵی ئەو خەڵکە لاچوو.

ئەمانە بوونە ڕەمزی خۆڕاگری و خۆشی ژیان و تەمەنی خۆیان کردە قوربانی بەرنامەکەی خوا، سی ساڵ بێ ئاو و کارەبا، بێ ئاوەدانی، دوور لە هاوسەرگیری، بێ کارو کاسبی، ساڵانە بەبرسیەتی ونەبوونی بەڕۆژوو دەبوون زۆر زەحمەت بوو بۆیان کە بزانن کەی ڕەمەزانە ساڵانە دە ڕۆژیان لێکەم دەکردەوەو ئەیانکرد بە ڕەمەزان، بۆ پەیداکردنی بەربانگ و خواردنیش شاخ و دۆڵیان تەی دەکردو زۆر جار تادەهاتنەوە دووسێ سەعات بەسەر بانگدا تێپەڕیبوو.

ئێستاش ئیدریس تەمەنی لە چلەکاندایەو ئیبراهیمیش تەمەنی لە حەفتاکاندایە و لە ناو دێدا لە خانوویەکی قوڕدا دەژین و چاوەڕێی ڕەحمی خواو پاداشتی دوارۆژن.

ڕەمەزان دەڵێت:من لەسەر سوننەتی ڕەسول اللهﷺلەوساوە تا ئێستا ریشم هێشتۆتەوە و نەم تاشیوە، خۆزگە ئێستا لاو بوومایە تا فێری زانستی شەرعی ببومایەو بمتوانیایە بانگەواز بکەم بۆ دینی خوا.

بەلای منەوە کارەکەی ئەمان زۆر لە هاوەڵانی ئەشکەوتی دێرین قورستر بوو، کە قورئان سەرگوزەشتەکەیانی بەچەند ئایەتێك لەسوورەتی کەهف دا تۆمارکردووە، چونکە هاوەڵانی ئەشکەوت پاش ڕووبەڕووبوونەوەی چەند ڕۆژێك پەنایان بردە بەر ئەشکەوت و خوا بەڕەحمی خۆی سێ سەدو نۆ ساڵ خەوی لێخستن ئنجا کە بەخەبەرهاتن پاش ماوەیەکی کەم خوا بەیەکجاری

بردنیەوە بەرەو ئاخیرەت. بەڕاستی ئێمەومانان لەبەرامبەر ئەم خۆگری و نەبەردیەدا شەرمەزارین و نازانین ئاخۆ چارەنووسمان چی دەبێت کە هیچی وامان نەکردووە بۆ خوا شایانی باس بێت.

## خـێرکـردن

دکتۆر محمد راتب النابلسی دەڵێت: ناسیاوێکم سەری لە زەوی برادەرێکی دا گەنمەکەی زۆر جوان بوو، هەر بە تەنیشتیەوە زەوی برایەکی ئەو کەسە هەبوو گەنمەکەی باش نەبوو، بۆیە چووە لای و لێی پرسی: بۆچی گەنمەکەی تۆ وایە و ئەوی براکەشت وایە؟ وتی: بە خوا لە دڵی خۆم دا نیەتم هێناوە کە نیوەی داهاتی زەویەکەم بدەم بە منداڵەکانی برایەکم کە بێ باوکن، خوای گەورە هی ئەوەیە بەرەکەتی تێ خستووە.

لە فەرموودەی صەحیح مسلم دا هاتووە: کابرایەك بە دەشت و دەرێك دا دەڕوات گوێی لە دەنگێك دەبێ، کە بە هەورەکەی ئاسمان دەڵێت: بڕۆ سەر زەوی فڵان بباریێ، پاشان چووە ئەو شوێنەی بارانەکەی لەسەر باری و پیاوێکی بینی خەریکی بێڵ کاری بوو. لێی پرسی تۆ چی دەکەیت ئاوا بارانت بۆ باری؟

وتی: من بەروبومی کێڵگەکەم ئەکەم بە سێ بەشەوە، بەشێکی بۆ خێر، بەشێکی بۆ ماڵ و منداڵ، بەشێکیشی تیا خەرج دەکەمەوە. (ل١١٧ موسوعة اسماء الله الحسنى النابلسي)

## دۆزیـنـەوەی سـەیـارە

دکتۆر عبد المحسن الاحمد دەڵێت: لە (ریاض) برادەرێك بە ناوی تورکی ئۆتۆمبێلێکی مۆدێل تازە دەکڕێت و زۆر دڵی پێ خۆش دەبێت، کەچی بە داخەوە لێی ئەدزن، ئەمیش برادەرێکی دڵسۆزی دینداری دەبێت کە هەواڵەکە دەبیستێت زۆر خەمبار دەبێت، ئەوەندەی برادەرەکەی خۆش دەوێت ئامادە ئەبێ ئۆتۆمبێلێکی بۆ بکڕێتەوە، بەڵام ئەزانێ کە لێی وەرناگرێ.

بۆیە بڕیار دەدات کە خێر و چاکەیەك بکا و بکەوێتە گەڕان بۆی، خۆی دەڵێت: ڕۆژی هەینی بوو، هەرچەند زۆر ماندوو بووم، چووم لەبەر خوا سەردانی پورێکی کەفتەکارم کرد کە

ماڵیان دووربوو، ئنجا پاڕامەوە لە خواو وتم: خوایەکە تۆ هیچ شتێکت لێ ون نابێت، هەروەك لوقمانی حەکیم بە کوڕەکەی دەڵێت ﴿ يَٰبُنَيَّ إِنَّهَآ إِن تَكُ مِثۡقَالَ حَبَّةٖ مِّنۡ خَرۡدَلٖ فَتَكُن فِي صَخۡرَةٍ أَوۡ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ أَوۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ يَأۡتِ بِهَا ٱللَّهُۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَطِيفٌ خَبِيرٞ ١٦ ﴾ لقمان .

واتە: کوڕی خۆم ئەگەر دەنکە خەرتەلەیەك لەناو بەردا بێت، یان لە ئاسمانەکان بێت (ئوتومبێلەکە لە نێوان ئەستێرەکان دا هات و چۆ بکات) یان لەسەر زەوی بێت، ئێ خۆ شاری (ریاض) بچوکترە لە گۆی زەوی، خوا دەستی دەیگاتێ و ئاگاداریێتی، خوایە یارمەتیم بدە ئەو سەیارەیە بدۆزمەوە، لەم دوعا و خەیاڵاتانەدا بووم و سەیارەیەکی بچووکم پێ یوو لێم دەخوڕی، خۆشم نازانم چۆن لەجیاتی ئەوەی بەلای راست دا بڕۆم بەلای چەپا رۆشتم دیار بوو قەدەری خوا بوو، یەك دوو تاسە هاتە ڕێم سوکم کردەوە کە سەیری قەراخ جادەکەم کرد ئوتومبێلێك لەنێوان دوو ئوتومبێلی تردا ڕاگیرا بوو لە سەیارەی برادەرەکەم دەچوو، تەلەفونم بۆ برادەرەکەم کرد و وتم: ژمارەی ئوتومبێلەکەت چەند بوو؟ کە ژمارەکەی پێوتم هەمان ژمارەی ئەو سەیارەیە بوو کە ڕاگیرا بوو یەکسەر لەسەر جادەکە سوجدەی شوکرم برد، وتم: وەرە سەیارەکەتم دۆزیەوە، بڕوای نەکرد وەیزانی سوعبەتی لەگەڵ دەکەم، دوایی هات و لە فەزڵی خواوە دەستی کەوتەوە.

﴿ وَلِلَّهِ ٱلۡأَسۡمَآءُ ٱلۡحُسۡنَىٰ فَٱدۡعُوهُ بِهَاۖ ... ١٨٠ ﴾ الاعراف .

## سێ ئەزموون

زۆر جار لەم لاو ئەولاوە ئەزموونی کەسانێکی زۆرم بۆ گواستوونەتەوە، جا نەك بمرم پێم باشە سێ ئەزموون کە بەندە پیایانا تێپەڕیوە بۆتان تۆماربکەم، بەڵکو سوودی لێوەرگرن:

### یەکەم: خوا رزگاری کردین:

لە کۆتایی ساڵانی هەشتاکاندا هاوسەرەکەم لە قوتابخانەی گزنگی سەرەتایی لە گەڕەکی رزگاری شاری سلێمانی مامۆستا بوو ئەو سەردەمە باڵاپۆش کەم بوو کە بەعسیش نەبوایە وەك ئیسلامیەك حسابی بۆدەکراو خەتەر بوو، رۆژێك بەڕێوەبەری پەروەردەی ئەو کاتەو رەفیق حیزبیەك کە (جابی پاصی حکومی بوو بەهۆی حیزبەوە زل کرابوو) سەردانی ئەو قوتابخانەیە

دەكەن و كۆبوونەوە لەگەڵ مامۆستاكاندا دەكەن، بەهەرحاڵ خێزانم كە باڵاپۆشەو سەر بەوان نیەو مامۆستایە هەڕەشەی لێدەكەن و رەفیق حیزبیەكە دەڵێت: ئەگەر نەیەیتە ڕیزەوە دەتبەین بۆ ئەمن و خۆمان دەزانین چیت لێدەكەین، بەهەرحاڵ ئەوانەی لەو سەردەمەدا ژیابن ئەزانن هەڕەشەی بەعسیەكان ئاسان نەبوو چونكە چیان بوویستایە دەیانكرد، بۆیە خێزانەكەم ئەو رۆژە زۆر لەخوا دەپاڕێتەوەكە بێت بەهانایەوەو لە شەڕی ئەو ستەمكارانە لای بدات.

بەیانی سەعات هەشت كە دەچێت بۆ قوتابخانە لەرێگا لای ساحە ترابیەكەی جاران (كە ئێستا گەلەری رەند) ەكەسێك دەبینێ لەسەر شۆستەكە كوژراوەو خێرخوا بەتانیەكی پیاداوە. كە دەگاتە قوتابخانە دەڵێن ئەزانی ئەوە كێیە كوژراوە، وتی: نەخێر. وتیان ئەوە رەفیق حیزبیەكەی دوێنێ بوو !!

خوایە لێت بەزیاد بێت هەزاران هەزار سوپاس بۆتۆ كە پشتی زاڵمان ئەشكێنی و ئەیانكەیتە پەندو عیبرەت بۆ هەموو ئەوانەی سەرسەختی پیشەیانە. لەفەرموودەی قودسیدا هاتووە (من آذى لي وليا فقد آذنته بالمحاربة) . واتە: هەرچی ئازاری دۆستێكی من بدات خۆم دەجەنگم لەگەڵیدا.

## دووەم: دۆزینەوەی سەیارەكەم:

ساڵی ١٩٩١ سەرەتای راپەڕینەكە سەیارەیەكی كۆرۆنای سپی مۆدیل ١٩٧٩ م هەبوو، ئەندازیاربووم لە خۆجێیەتی سلێمانی، ئەو كاتانە دوعام دەكردو دەمووت خوایە حەزدەكەم دەستی تۆ، دەسەڵاتی تۆ ببینم، تاوەك بانگخوازێك باشتر بتناسم و باشتر بانگەوازت بۆ بكەم !!

ئەوسەردەمە پاشا گەردانی بوو سەیارە دزین زۆربوو، پۆلیس و ئاسایش و حكومەت سەقامگیرنەبوبوون وەك خۆیان دەڵێن حكومەت ساوابوو ! (كەبەداخەوە تا ئێستاش پاش زیاترلە ٢٢ ساڵ هەمووگیانی گەندەڵییە و گەورەنەبووە !!) .

لەوماوەیەدا چەندجار خەوم دی سەیارەكەم ئەدزرێت، منیش تەواو حەزرەرم وەرگرتبوو نەم ئەوێرا لەزۆر شوێن بەجێی بهێڵم، رۆژێكی هاوین سەعات دوو چووم بۆ پرسەیەك لەمزگەوتی (حاجی سالح بۆسكانی) لە تووی مەلیك لەسلێمانی. بیرم كردەوە سەیارەكەم لەبەر ماڵی یەكێ

له برادەرەکانم دابنێم لەوناوە، بەڵام لەبەر ئەوەی هاوین بوو نەمویست عەزیەتی کەس بدەم، بەقەدەری خوا تاهاتمە دەرەوە لەمزگەوت سەیارەکەم دزرابوو.

کاك وشیار رەسوڵ بەسەیارەکەیەوە زۆر عەزیەتی کێشاو گەڕا لەگەڵما، مانگێك و پێنج رۆژ گەڕاین دیارنەبوو، کاك وشیار دەیوت: دوعام کردووە خۆم بیدۆزمەوە. ناوبەناو خەوم ئەدی ئەیدۆزمەوە، ئاخرجاریان بە هاوسەرەکەم وت: زۆر سەیرە خەوم دی ئەدزرێ دزرا، کەچی خەوئەبینم ئەیدۆزمەوە بۆ دیارنیە؟!

ئەو رۆژە سەعات دووی دوای نیوەڕۆ بەسەیارەکەی لە جادەی قەناتەوە دێت و لەلای دوکانێکی فولکەی دەستەکەوە سەیارەیەکی کرۆنای سپی دەبینێت، کاتێك دەگاتە لای باخچەی گشتی ئەڵێ بۆ نەگەڕێمەوە خۆ ئەوسەیارەیە زۆر لە سەیارە دزراوەکە دەچێت تا لە فولکەی حەسیب سالّح پێچدەکاتەوەو دەگەڕێتەوە لای فولکەی دەستەکە سەیارەکە دەجولێت و ئەمیش دوای دەکەوێت، سەیارەکە لە ماڵێك بەرامبەر مزگەوتی شێخ فەرید دەوەستێت، کاك وشیار بەجێیان دێڵێ و هات بەدوامدا کە ئەوسا ماڵمان لە رزگاری بوو، کاتێك چوومە لای ماڵەکە بینیم سەیارەکەی خۆمەو لەدەرگامدا، کابرایەك هاتە دەرەوە کە مامۆستا بوو وە پێشمەرگەبوو، تومەز ئەم سەیارەیەی لە دزەکە کڕیوەتەوە بە دووهەزارو پێنج سەد دیناری سویسری کە خۆی بایی چواردە هەزاری سویسری بوو، گوایە وتبووی ئەوە سەیارەی ئەمنی کەرکوکە گرتومانەو مەیهێنەرە ناو شار، جا ئەو رۆژە ئەو برادەرە لەو ماڵە خزمەیان دەعوەت بوون تا سەیارەکە بفرۆشێت بە کەسێکی خەڵکی رانیە.

ئەوەی لە هەمووی سەیرتربوو ئەوەیە کە چەند رۆژێك پێشتر خێزانم لەسەرجادەی رزگاری سەیارەیەك بەلایدا تێدەپەڕێت لە سەیارەکەی ئێمە دەچێت، دڵی دا ئەچڵکێ و دوعا دەکات خوایە ئەگەر سەیارەکەماوە شتێکم پیشان بدە ئەگەر نەماوە با ئیتر مێشکمانی پێوە مەشغوڵ نەکەین، شەو لەخەویا لە هەمان شوێندا دەبێ و سەیارەکە بەلایدا تێدەپەڕێت، لەخەوەکەدا هاوار دەکاو دەڵێ خەڵکینە ئەوە سەیارەکەمانە، دیقەت ئەدا کە دەعامیەی دواوەی کە ستیلە و تەریشەیەکی ڕەشی پێوەیە بۆیەی سپی کراوە، بەدەم خۆیەوە ئەڵێت: ئەم دزەی ئێمە زۆر بێ عەقڵە خۆ ئەمە سۆپەر نیە دەعامیەکەی سپی بێت، بۆچی بۆیەی سپی کردووە، خوا شایەتە کە

سەیارەکەم بینی بەنج بووم، دەزانن بۆ؟ چونکە تەریشە رەشەکەی دەعامیەکەی دوو پۆستاڵی ئەم لاو ئەلاشی بۆیەی سپی کرا بوو هەروەها رەقەمەکەشی گۆڕدرابوو. کە هاتمەوەماڵەوە بۆیەی رەشم لێدایەوە.

بەڕاستی هەروەك چۆن حەزرەتی ئیبراهیم داوای کرد زیندووبوونەوە ببینێ و بینی، منیش هەروا بەچاوی خۆم لەمانگێك و پێنج رۆژ خەفەت و گەڕاندا دەسەلاتی خوام بینی، ئەوسەعاتە خوا چۆن کاك وشیاری ناردو ئاوا دۆزرایەوە، ئەگەر وانەبوایە هەر ئەوسەعاتە دەفرۆشراو رەنگە بیانبردایە بۆ رانیە یان ئاودیویان بکردایە بۆ ئێران یان هەڵیان بووەشانایە و چاومان پێی نەدەکەوتەوە.

## سێیەم: خوایە بۆم قەرەبوو بکەرەوە

لە ساڵی دوو هەزار و چوار دا تووشی زیانێکی ماددی گەورەبووم، بەلام بەفەزڵی خواوە خۆم لەبەر تاقیکردنەوەکەدا گرت و لەسەر نووسین و بانگەوازکردن بەردەوام بووم و هەمیشە دوعاکەی ئوم سەلەمەم دەخوێد: (اللهم عندك احتسبت مصيبتي فأجرني فيها وأبدلني منها خيرا) . خوایە پاداشتم بدەرەوە لەسەر موسیبەتەکەم و بۆمقەرەبوو بکەرەوە بە باشتر، سوپاس بۆ خوا پاش چەند ساڵێك هاتمەوە تایم و خوا بۆی بژاردمەوە.

ئوم سەلەمە ئەو ئافرەتە بڕوادارەیە کەویستی لەگەڵ مێردەکەی و مناڵەکەیدا لە مەککەوە کۆچ بکات بۆ مەدینە، خزمانی هاتن و نەیانهێشت لەگەڵ مێردەکەیدا بڕوات، خزمانی مێردەکەشی لە داخا وتیان دەکەواتە ئەبێ کوڕەکەیمان بدەنەوە مادام کچەکەتان دەبەنەوە، بەو جۆرە یەك ساڵ ئوم سەلەمە هەموو رۆژێك دەهاتە قەراغ شاری مەککەو دەگریا بۆ مێردەکەی کە کۆچی کردبوو بۆ مەدینە و دەگریا بۆ کوڕەکەی کەماڵە خەزورانی لێیان سەندبوو، پاش ساڵەکە بەزەییان پیا هاتەوەو مناڵەکەیان دایەوەو رێیان دا کۆچ بکات.

عوسمانی کوڕی تەڵحە هەرچەند کافربوو کە بینی بەتەنیا بەتەمایە کۆچ بکات، کەئەوەش ئەستەم بوو بۆ ئافرەتێك بەتاقی تەنها، وتی من دەتگەیەنم، پیاوانە بەچەند شەوو رۆژ گەیاندیە قەراغ شاری مەدینەو خۆی گەڕایەوە، پاشان موسڵمانیش بوو.

هاوەڵان دەڵێن: هیچ شك نابەین مایەی هیدایەتی عوسمان بووبێت مەگەر ئەو پیاوەتیەی کە لەگەڵ ئوم سەلەمە کردی وخوا بەوە جەزای دایەوە. جاکە ئوم سەلەمە مێردەکەی کۆچی دوایی کرد حەزرەت ﷺفەرمووی ئەو دوعایە بکە، ئەویش وتی: ئەی پێغەمبەری خوا لە ئەبو سەلەمە چاکتر کێیە تا خوا بۆم قەرەبوو بکاتەوە، کەچی ئەوەبوو خوا خستیە دڵی پێغەمبەرەوە کە بیخوازێت و بەوەش بوو بەیەکێ لە دایکانی ئیمانداران.

## لەگەڵ شێخ محمد حەساندا

### یەکەم: مژدە بدە بەحاجیان

لە ساڵی ٢٠٠٩ کەترسی بڵاوبوونەوەی ئەنفلۆنزا هەبوو، سەرۆکی توونسی زەین العابدین رێی نەدا تونسیەکان بچن بۆ حەج، بۆیە هەندێك لە تونسیەکان چوونە ئەوروپاو لەوێوە چوون بۆ حەج.

خوا کردی ئەو نەخۆشیە لەناو حاجیاندا بڵاونەبۆوە، کەچی جەنابی سەرۆك لە کۆشکی کۆماریدا تووشی ئەو ئەنفلۆنزایە بوو بەهۆی کچەزاکەیەوە، رۆژنامەی البابیس و (ئی بی سی) ئیسپانی بڵاویان کردەوە کە پاشای ئیسپانیاسەردانی فەرمی تونسی دواخست بەهۆی تووشبوونی (زەین العابدین) ەوە بە نەخۆشی ئەنفلۆنزا. ﴿ **ٱللَّهُ يَسْتَهْزِئُ بِهِمْ وَيَمُدُّهُمْ فِي طُغْيَٰنِهِمْ يَعْمَهُونَ ﴿١٥﴾** ﴾ البقرة

ئەو ساڵە شێخ محمد حەسان لەگەڵ حاجیانی میسردا لەحەج بوو، ژنێکی میسری لە حەوشی کەعبەدا بۆماوەیەکی کورت خەوی لێدەکەوێت و لە خەوەکەیدا حەزرەت (ﷺ) دەبینێت کە پاڵی داوە بەدیواری لای دەرگای کەعبەوەو بە محمد حەسان دەفەرموێ: (ئەی محمد ئەی حەسان مژدەی قبوڵ بوون بدە بە حاجیان) . ژنەکەش خەوەکەی بۆ ناوبراو گێڕایەوە و ئەویش لە هەرکوێ وتاری ئەدا لە مەککە و مەدینەو عەرەفات وەسیەتەکەی گەیاندو مژدەی دا بەحاجیان کە حەجەکەیان قبوڵە.

## دووەم: خەڵوەت

ئاشکرایە هەموومان پێویستمان بەکات و ساتێکە موناجاتی تیابکەین و بەخۆماندا بچینەوەو دڵمان زاخاو بدەین، شێخ محمد حەسان دەڵێت:خەوم بە ئیمام ئەحمەددەوە بینی لە ناوچەی قەصیم بوو لە سعودیەو خەڵکێکی زۆری لێکۆبووبۆوە، ویستم بچم بۆلای دەستی ماچ بکەم، بەدەستی ئیشارەتی بۆ خەڵکەکە کرد کە رێم بۆ بکەنەوە، رێیان بۆکردمەوەو دەستیم ماچ کرد، ئنجا فەرمووی:ئاگات لە خەڵوەتت بێت.

بەڕاستی ئامۆژگارییەکی بەنرخ بوو بۆم چونکەخەڵوەتە بانگخواز پێدەگەیەنێ و پەروەردەی دەکات.

## سێیەم: پیرەژنێکی خواناس

شێخ محمد حەسان دەڵێت:لە شاری منصورە لە میسر لاوێك ئامادەی وانەکانم دەبوو، رۆژێك وتی: دایکم سەلامت لێدەکات و حەزدەکات سەردانی بکەیت، منیش دوای دەرسەکە چووم بۆ ماڵیان کە لە قەراغ شاربوو، چوومە خزمەت دایکی کە پیرەژنێکی بۆ خوا سوڵحاو بوو، بینیم بێتاقەتە، وتم: دایەگیان لەوە دەچێت ناساغ بیت؟ چیتە تا باشترین پزیشکت بۆ بهێنم چارەسەرت بکات، وتی: کوڕم هیچ نیە خۆم ئەزانم چیمە، پزیشکم ناوێ. وتم: دایەگیان چیتە؟ ؟ وتی: سێ شەوە خەوم بە رەسول الله وە نەبینیوە، وتم: بۆ تۆ هەموو شەوێك بەخزمەتی دەگەیت، تا کە بوو بە دوو سێ رۆژ ئاوا بێتاقەت ببیت؟ ؟ وتی: بەڵێ **!!**

## چوارەم: سەردانی پاشا لە ماڵەکەیدا

شێخ محمد حەسان دەڵێت: لە مەککە وتارم ئەدا، پیاوێکی میسری خەڵکی شاری (دومیاط) هاتە لام وتی: یاشێخ توخوا بەسەرهاتێکم هەیە رێم بدە با بۆ ئامادەبووانی بگێڕمەوە، وتم: فەرموو، وتی: من چەند ساڵێك لەمەوبەر تووشی ئیفلیجی بووم و لایەکم کاری نەدەکرد، چووم بۆ بەریتانیاو ئەمریکا چاك نەبووم و چەند ساڵ بە کورسی کەمئەندامان هاتووچۆم دەکرد. لە نۆمینەی حاجیاندا سەیری تەلەفیزیۆنم دەکرد، لبیك اللهم لبیك ی حاجیان لە دەوری کەعبە دەنگی ئەدایەوە، گریام و بە کوڕەکانم وت: دەچم بۆ حەج و لە پادشای

پادشایان دەپاڕێمەوە لە ماڵەکەی خۆیدا بەڵکو شیفام بدات، وتیان: زۆر زەحمەتە و ئەوە حاڵەکەتە و چۆن بت بەین؟ ؟

وتم: خوا ماڵ وسامانی زۆری داومەتێ خوای ئەکرد فڕۆکەیەکی تایبەتتان بۆدەگرتم، هەردەبێ بمبەن بۆحەج!! ناچاربوون بردیانم، لەحەوشی کەعبەدا کە جمەی دەهات لەحاجیان. وتم: ئالێرەدا بەجێم بهێڵن، یەك سەعات گریام وپاڕامەوە لەخوا و وتم: خوایە وامن میوانی تۆم لەماڵەکەی خۆتدا، بەگەورەیی تۆ قەسەم لەم ماڵەت ناچمە دەرەوە یا چاکم دەکەیتەوە و بەپێی خۆم دەچمەدەرەوە یان گیانم دەکێشیت و بەمردوویی دەمبەنەدەرێ، لە هیلاکیدا لەسەر کورسیەکەم خەوم لێکەوت، لەخەوما سێ جار پێیان وتم: هەستە. . لە خەوەکەم داچڵەکیم و خەبەرم بۆوە، هێزم دایە خۆم وهەستامە سەرپێ، خوا بەفەزڵ وکەرەمی خۆی شیفای دام و بە پێی خۆم بەرەو کەعبە رۆیشتم و وتم: ئەی پادشای هەموو پادشیان هەرگیز ئەوەت نا ئومێد نەکردووە کە بەڕاستی هانای بۆ هێناویت.

## پێنجەم: مامۆستایەکی زانکۆ

شێخ محمد حەسان دەڵێت:مامۆستایەکی زانکۆ بۆی گێڕامەوەو وتی:تووشی نەخۆشی دڵبووم و بۆ چارەسەر چووم بۆ بەریتانیا، پاش پشکنین وتیان ئەبێ زۆر بەزوویی نەشتەرگەریت بۆ بکرێت، منیش گەڕامەوە شاری (المنصورە) تا کاروبارم رێکبخەم و خوا حافیزی لە کەس و کارم بکەم، لەگەڵ برادەرێکم بووم لە بازاڕ پیرەژنێکم بینی لای قەسابێك ئێسقانی کۆدەکردەوە، وتم:دایەگیان ئەوەت بۆچییە؟ ؟

وتی: کوڕم، شەش کچی بێ باوکم بەسەرا کەوتووە و ماوەیەکی زۆرە گۆشتیان نەخواردووە هەرچی بێت ئەوەیان بۆ لێدەنێم هەر باشە، وتم: چەندت گۆشت دەوێ با بتداتێ؟ وتی: نیو کیلۆ. بەقەسابەکەم وت دووکیلۆی بدەرێ، ئەوەش پارەی ساڵێکی هەموو هەفتەیەك کەهات دوو کیلۆی بدەرێ. پیرەژنەکە دانیشت و کەوتە دوعاکردن.

کە گەڕامەوە ماڵەوە کچەکەم وتی: بابە ڕەنگ و ڕووت زۆر باش بووە. کەچوومەوە بۆ بەریتانیا بۆ ئەوەی نەشتەرگەریەکەم بۆ بکەن، پشکنینیان بۆ کردمەوەو وتیان: تۆ چاك بوویت و پێویستت بەهیچ نیە.

سبحان الله ئەمە تەسدیقی فەرموودەکەی سەروەرمانە کە دەفەرمویت : بەسەدەقات وخێرکردن نەخۆشەکانتان چارەسەر بکەن.

راستە ئەبێ بچینە لای پزیشك و دەرمان بەکار بهێنین بەڵام با خێرو سەدەقەشمان بیر نەچێت، بەندە بۆخۆم ساڵی ٢٠١٠ چوومە لای پزیشك سۆنەری بۆکردم دووکیسەی ٥٠ مللیمەتری لەسەر گورچیلەکانم بوو، دکتۆر وتی: دوومانگی تر سۆنەر بکەرەوە ئەگەر گەورەتر بووبوون بەنازوور بۆت دەردێنین، دوای دوومانگ سۆنەرم کردەوە بووبوون بە٧٠ مللیمەتر، دکتۆر وەرەقەی دامێ کەرۆژی یەککشەمە بچمە خستەخانەو بەنازوور بۆم سەحب بکەن، منیش نەچووم و خێرێکم نارد بۆ داماوێك بەنیەتی شیفا، خوا شایەتە پاش ماوەیەکی تر سۆنەرم کردەوە بوو بووەوە بە ٥٠ مللیمەتر، هەزاران جار سوپاس بۆ خوا.

## شەشەم: زیارەتی سەروەرمان

شێخ محمد حسان، وتاربێژێکی میسرییە و دەڵێ: کە لە ولاتی سعودیە دەمخوێند و بۆ یەکەم جار بەشەو گەیشتمە مەدینە، خێرا چووم زیارەتی پێغەمبەری خوا بکەمﷺ، بەڵام چونکە بەشەو مزگەوتەکە دادەخرا و کاتەکەی منیش درەنگ بوو، لەگەڵ برادەرەکانم گەیشتمە بەر دەرگایەك و پاسەوانێك هاتە دەرەوە و دایخست، خێرا رام کرد بەرەو دەرگایەکی تر بەڵکو فریابکەوم و خێرا هەر ئەوشەوە زیارەتی خۆم بکەم و سلاو لە حەزرەتﷺبکەم، کەچی ئەویش داخرا بە روومدا، دەرگایەکی تریش بەهەمان شێوە، بۆیە دانیشتم و زۆر دڵم لەخۆم داما و گریام، لەو کاتەدا ئەفسەرێك کە لەو دەرگایە هاتە دەرێ و بەحاڵەکەی زانی، دڵی پێم سووتا و بردمیە ژوورەوەو بەتاقی تەنها لەبەر ئارامگای حەزرەت دا (ﷺ) وەستام و سلاوم لێکردو دڵم ئاوی خواردەوە. (پەڕاوی ژیانەوە —نووسەر) .

(ئەمە ئەو شێخ محمد حەسانەیە کە مەدخەلیەکانی لای خۆمان کردیان بە موبتەدیع و گومڕا لەبەرئەوەی لە حیزبی نووری سەلەفیدایە و لەگەڵ برایانی موسڵماندا دژی فیرعەونی میسر وەستانەوەو ئێستاش لە پەرلەماندان، گوایە حیزبایەتی حەرامەو تەفرەقە دەنێتەوەو نابێت کەس دژی دەسەلاتی هیچ بکات و گوایە حوسنی نا موبارەکی پیاوی جوولەکە وەلی ئەمری موسوڵمانانە!

پەیوەندیان کرد بە شێخ محمد حەسانەوە و پێیان ڕاگەیاند کە لە کوردستان مەدخەلیەکان وات پێدەڵێن ئەویش وتی: پێویست ناکات وەلاّمیان بدەمەوە، ئێمە کاری خۆمان دەکەین بۆ دینی خواو سەرخستنی ئیسلام، دوارۆژ ڕاستیەکان هەمووی دەردەکەون) .

## شیفا لای خوایە

دکتۆر عبد المحسن الاحمد دەڵێت:برادەرێکم هات بۆ شاری شا فەهدی پزیشکی ئەشیعەی سیتی سکانیان بۆپشتی گرت، دەرکەوت کە وەرەمێك لەسەر نوخاعی شەوکی پەیدا بووە و ئەبێ بەزوویی نەشتەرگەری بۆ بکەن.

برادەرەکەم دەڵێ: قورئانم دەخوێند بیرم لەدەسەلاّتی خوا کردەوە کە دەفەرموێت: ﴿ وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْجِبَالِ فَقُلْ يَنسِفُهَا رَبِّى نَسْفًا ﴿١٠٥﴾ ﴾ طە، واتە: پرسیارت لێدەکەن لەبارەی شاخەکانەوە، بڵێ:خواوەند تەختیان دەکات.

جا خوایەك ئەو شاخانە هەپرون بەهەپرون بکات و تەختیان بکات وەرەمێکی بچکۆلە چییە؟ ؟ ئنجا ئاوی زەمزەمم بە نیەتی شیفا خواردەوەوکەوتمە پاڕانەوە لەخوا، دیارە من لە لوتکەی پێویستیدابووم و (مضطر) ی ڕاستەقینەبووم، خواش دێ بەهانای ئەوانەوە کە هەموو دەرگاکانیان لێداخراوەو داوای لێدەکەن ﴿ أَمَّن يُجِيبُ ٱلْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ ٱلسُّوٓءَ وَيَجْعَلُكُمْ خُلَفَآءَ ٱلْأَرْضِ ۗ أَءِلَـٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ ۚ قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ ﴿٦٢﴾ ﴾ النمل . پاش ماوەیەك ئەشیعەم گرتەوە سوپاس بۆ خوا وەرەمەکە نەمابوو. . دکتۆر عبدالمحسن دەڵێت: هەردوو ئەشیعەکەم لایە و لە پەڕاوێکدا بلاّوی دەکەمەوە.

## شێخ محمد الزغبی

باوك وبابیرم زانای ئاینی بوون، منالّ بووم کەسێك تووشی زەرەرێکی کردین، لەداخا وتم نوێژ ناکەم وناخوێنم، کەچی شەوێ لە خەوما حەزرەتم بینی (ﷺ) دەستی هێنا بەسەرم و بەپشتماو روقیەی بۆکردم، خەبەرم بۆوەو خەوتمەوە وهەمان خەوم بینیەوە کە دەستی پیرۆزی هێنا بەسەرم و بەپشتماو دوعای خێری بۆکردم.

سیانزە ساڵ بووم لە دێیەکەی خۆمان کەسەد هەزار کەس دەبوو، ئیمامی مزگەوتەکەمان چوو بۆ حەج، وتی: تۆ لە جێی من وتار بدە، تومەز لە ژێرەوە باوکم رایسپارد بوو، رۆژی هەینی چوومە سەر مینبەر و سەرەتا ئەلەرزیم، دوای تۆزێك ترسەکەم شکا و یەك سەعات بەردەوام قسەم کرد.

لە وتارەکەمدا باسی پەیڕەوی کرنی شەریعەتم کردو دابەزیمە سەر حکومەت، پاش وتارەکە هەندێ لە خاڵ و خزمانم هاتن و وتیان: لەسەر ئەو قسانە دێن دەتگرن و هەندێ کتێب و شتیان بۆ شاردمەوە.

باوکم وتی: کوڕم ئەوەی وتووتە بۆ خوا نەبووە؟ ؟ وتم: با لەبەرخوا وتوومە. وتی: مەترسە من بەرپرسیارم.

شەو لەخەوما حەزرەتم بینی (ﷺ) لەژوورەکەی خۆمدا لەسەر جێگاکەم دانیشتبوو، منیش لەسەر کورسی و مێزەکەم بووم.

فەرمووی: من کێم؟ وتم: جەنابت (محمد) پێغەمبەریت. ئنجا پرسیاری لێدەکردم لەبارەی وتارەکەوەو وەلاّمم ئەدایەوە. پاشان دەستی موبارەکی هێنا بە سەرو پشتماو فەرمووی:

﴿ ذُرِّيَّةً بَعْضُهَا مِنْ بَعْضٍ ... ﴿٣٤﴾ ﴾ آل عمران.. بەیانی خەوەکەم بۆ باوکم گێڕایەوە، ئەویش وتی: مژدە بێت تا قیامەت (ان شاء الله) پشتاو پشت باش دەبین.

ناوبراو زیاتر لە ٥٣ جار خەوی بەو زاتە پایەبەرزەوە بینیوەوئەمە بیجگە لەوەی خەوییان پێوە دیوە، ئافرەتێك خەو دەبینێ بە حەزرەتەوە (ﷺ) و حەزرەت رایدەسپێرێت هەواڵ بدات بە شێخ محمد کە لەبەرخواخۆشی دەوێت.



**شيخ محمد الزغبى**

## بانگخوازێكی بەندیخانە

دكتۆر محمد العریفی دەڵێت: لەبەندیخانە وتارم ئەدا، بەندكراوێكم بینی، حەوت زمانی دەزانی، لەكاراتیدا لەدوای پشتێنی رەشەوە بوو، تایكواندۆی دەزانی، لەگەڵ دوو یانەدا گرێ بەستی هەبوو هەر كە ئازاد كرا بچێ راهێنان بە راهێنەرەكانیان بكات. رۆژێك بەپۆلیسێكی بەندیخانەكە دەڵێ كەبەلای ژوورەكەیدا دەڕوات كەتۆزێ ئاوی بداتێ، ئەویش بەڕەقی وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ: ئەوە نیە ئاوت لایە، ئەمیش قسە ناكات، تادوای هەفتەیەك كە پۆلیسەكە دەڕوات بەلای ژوورەكەیدا بەبیانووی شتێكەوە بانگی دەكات و كە نزیك دەبێتەوە پەلاماری ئەدات لەمدیوەوە قوڕقوڕاگەی دەگرێت و بەهەزار حاڵ بەری دەدات. ئەم كەسە پەلاماری بانكی دابوو، حاكم تیا مابوو دەستی ببڕن یان لەسەری بدەن، چونكە هیوای چابوونی نەبوو. دوای حەوت ساڵ چوومەوە وتارم دا بۆیان، چی چاوم گێڕا ئەوكەسە دیار نەبوو، پرسیارم كرد وتیان: ئێستا سەد و هەشتا پلە گۆڕاوە و هەندێ برادەر كتێبی ئیسلامیان داوەتێ و بووەتە بانگخواز و هەر بیبانیەك بگیرێ ئەیبەنە لای ئەو قسەی بۆدەكات و زۆریان موسڵمان دەبن.
چووم بۆلای وتم : چۆن بوو لە وتارەكەمدا ئامادە نەبووی، وتی: والله حەزم دەكرد ئامادە بم بەڵام ئەمشەو فلیپینیەكیان هێنا بۆلام تاهەشتی بەیانی قسەم بۆكرد سوودی نەبوو، وتم: چەند كەس لەسەر دەستا موسڵمان بوون؟ وتی: خوا ئیخلاسمان بداتێ سی و یەك كەس.

## محمد ئەسەد

ئەم كەسایەتیە ناوی (لیوبۆڵد ڤایس) ە، جوولەكەیەكی نەمساوی بوو، رۆژنامەنووسێكی گەورەی فەیلەسوف بوو، خەوی بە حەزرەتەوە بینی (ﷺ) كە بەسواری حوشترەوە بوو جبەیەكی سووری لەبەردابوو،لە بیاباندا دەستی گرت و رێنمایی كردو رزگاری كرد ..بۆیە پەیوەندی كرد بە بنكەی ئیسلامیەوە لە بەرلین و لەوێ خۆی و ژنەكەی موسڵمان بوون. چوو بۆ وڵاتی سعودیەو پاشای سعودیەی بینی. لەبارەی موسڵمانبوونیەوە دەڵێ: هەستم كرد وەك لە ئاگر رزگارم بووبێت. ئنجا پەڕاوێكی نوسی بەناوی (الطریق الی مكة) و خزمەتێكی گەورەی بە ئیسلام كرد.

## هـاوڕێی حـەزرەت (ﷺ)

پیاوێك لە وڵاتی سعودیە سێ شەو لەسەریەك خەو دەبینێت بە حەزرەتەوە (ﷺ) کە پێی دەفەرموێ: بڕۆ بۆلای فلانی کوڕی فلاُن لە فلاُنە شوێن و مژدەی بدەرێ کە هاوەڵی منە لە بەهەشتا. ئەمیش دەچێ بە پرسیارکردن ماڵی ئەو کەسە ئەدۆزێتەوەو کابرا دەبینێ کە کەسێکی ئاساییە و زۆر لێی ورد دەبێتەوە و لە دڵی خۆیدا دەڵێ: تۆ بڵێ ی ئەمە ئەو کەسە خۆی بێت؟ بۆیە دووبارە لێی دەپرسێتەوە، بە راست تۆ فلاُنی کوڕی فلاُنی دەڵێت: بەڵێ من ئەوم بۆچی؟

دەڵێت: تۆ چیت کردووە وا سێ شەو لەسەریەك حەزرەت (ﷺ) هاتەخەوم و فەرمانی پێدام کە بێم بۆ لات و مژدەت بدەمێ کە هاوەڵی ئەویت لە بەهەشتا. کابراش لە خۆشی مژدەکە گریا و وتی: ماڵێکی دراوسێمان پیاوەکەیان مردووە و چەند منالێکی لەپاش بەجێماوەو خوا نەبێت کەسیان نیە لایان لێبکاتەوە، بۆیە من بڕیارم دا مانگانە چیم دەست بکەوێت نیوەی بدەم بەوان.

وتی: دیارە ئەوە گەیاندووتی بەو پلەیە. لە فەرمووده هاتووە: ئەوەی کەفالەتی منالێکی بێباوك بکات هاوەڵی رەسول اللەیە لە بەهەشتا جا وەرە ئەم نیوەی دەستکەوتی مانگانەی ئەدا بەو منالاُنە.

## مـەحمـود خلیـل الـحصـری

مامۆستای ئەحکامی خوێندنەوەی قورئان و تەرتیلی قورئانە، لەهەر (١٠) قیرائەتەکەی قورئاندا شارەزابووە، لە دە ساڵی دا قورئانی لەبەر کردووە، لە دێی شبرا النمل لە میسر، هەرکاتێك بهاتایەتەوە بۆ دێیەکەی لەپێش ئەوەی بگاتە درەختێکی دیاری کراو دائەبەزی لە سەیارەو بەپێ ماوەیەك دەڕۆی و سوار دەبۆوە، پرسیاریان لێ کرد بۆ وا دەکەی وتی: شەرم دەکەم بە سواری بڕۆم بەلای ئەو درەختەی کە لە ژێریا لەبەر کردنی قورئانم تەواو کرد، دوایی هەرچۆنێ بوو ئەو شوێنەی لە خاوەنەکەی کڕیەوەو کردی بە پەیمانگای ئەزهەری دوناوەندی و ئامادەیی بۆ فێربوونی ئیسلام و قورئان و مزگەوتێکیشی تیا دروست کرد. لە

ساڵی ١٩٦١ حکومەت داوای لە قورئان خوێنەکانی میسر کرد کە هەریەکە وداوایەك پێشکەش بکات تا بزانن بەچەند خەتمێکی قورئان تۆماردەکات؟ ئەوەی جێی سەرسوڕمانی لیژنەکە بوو، تەنها حصری داوای هیچی نەکردبوو، وە لەڕێی خوادا دەیویست ئەو کارە بکات. ئەوەبوو حصری خەتمی قورئانی بەچەند ریوایەتێك تۆمار کردو هەروەها خەتمێکیشی بەناوی (القران المعلم) ەوە تۆمارکرد بۆ فێربوون.

کە ولاتی سعودیە ویستی جیهازی دەنگەکانی حەرەم رێکبخات، بەفڕۆکەیەکی تایبەت حصریان هێناولەسەر دەنگی ئەو ئامێرەکانی دەنگیان تایم دا. پاش وەفاتیشی بەیەك لەسەرسێی میراتەکەی کۆمەڵەی خێرخوازی حصری دامەزرا.



شیخ محمود الحصری

## تــالاوی مــردن

مردن ئەوشتە ترسناکەیە کە دڵ و دەروون دەهەژێنێ و، خوای گەورە بەحیکمەتی خوایەتی خۆی مردنی داناوە و هەرکەس هاتە دنیاوە ئەبێت بەمردن لێی دەرچێت (الذي خلق الموت و الحياة ليبلوكم أيكم أحسن عملا وهو العزيز الغفور) الملك اية ٢

نەك مرۆڤ گیانلەبەرانیش حەز لەمردن ناکەن و چەند بۆیان بکرێت بەرگری دەکەن، فیل کەنەخۆش دەکەوێ لەکۆمەڵەکەی دوور دەکەوێتەوە، هەتا یا چاك دەبێتەوە یان بەتەنهایی

سەردەنێتەوە، کاتێکیش گیانلەبەرێك دەکەوێتە داوی گیانلەبەرێکی تری دڕندەوە ترس و ئەبڵەق بوون لەڕووخساریا دەخوێنرێتەوە.

هەمووان لە مردن ڕادەکەن و سوودیشی نیة (قل إن الموت الذي تفرون منه فأنه ملاقيكم ثم تردون إلى عالم الغيب، والشهادة فينبئكم بما كنتم تعملون) مردن موصیبەتێکی گەورەیە **(فأصابتكم مصيبة الموت)** هەمووش مردنێك قەرزارین و ڕۆژێ دێت ئەبێت تاڵاوی مردن بچێژین (كل نفس ذائقة الموت) بەڵام کەس نازانێ کەی و لەکوێ و بەچی دەمرێت.

- پیاوێکی بەتەمەن کۆچی دوایی دەکات کەدەیانەوێ بینێژن یەکێك لەئامادەبووان دەڵێت: ڕەحمەتی بەخۆیە لەو قەبرەی تردا بینێژن فراوانترە، بەقسەیان کرد و لەوی تردا ناشتیان. کە پرسەکە تەواو بوو، ئەوەی ئەو قسەیەی کرد، لەکاتی گەڕانەوەیدا ئۆتومبێلەکەی لێ دەخوڕی لە نێوان ریاز و عیماریەدا بەڕووداوی هاتووچۆ گیانی لەدەست دا و کەهێنایان بۆ سەرقەبران ئەو گۆڕە بوو بە نسیبی کە تەگبیری بۆکردن برادەرەکەی تیانەنێژن، هەروەك دڵی خەبەری دابێ، کەئەمە گۆڕی منە و چاوەڕێ بکەن سبەینێ دێمە ناوی.

## مردنــی خــۆی ئــەبینی

رامی شیمالی تەمەن ٢٢ ساڵ لاوێکی لوبنانی بوو، بەشداری کرد لەسوپەر ئەکادیمی داو کەسێکی چالاك و بەهرەمەند بوو، رۆژێك بەداخ و خەمەوە بەڕاهێنەرەکەی وت: من بەردەوام خەوێك دەبینم، تەنانەت لێرەش بینیومە، لەخەوما لەئوتومبێلێکدام و کەسێك لێی ئەخوڕێت، بەپردێکدا سەرئەکەوین و کەدادەبەزین لەگەڵ ئوتومبێلێکی تردا پێکدادان دەبێت و پارچەکانی شوشەی جامەکەم بەردەکەوێ و بەرەو دەرگایەکی ڕەشم دەبەن و خەبەرم دەبێتەوە.

راهێنەرەکەی وتی: هیچ نیە ئەوە رەنگدانەوەی شتی نەفسیەو لەخەوتا ئەیبینیتەوە.

پاش سێ مانگ چوو بۆلای برادەرێکی لەقاهیرە، لەئوتومبێلی برادەرەکەیدا دەبێت بە پردێکدا سەردەکەون و لەهاتنە خوارەوەدا ئەدات بەئوتومبێلێکی تردا وهەروەك لەخەوەکەیدا بینویەتی پارچەکانی شوشەی سەیارەکەی بەردەکەوێت و دەمرێت. بە ڕاستی خوای گەورە زانایە بەنهێنی و ئاشکرا، ئێستا و رابردوو داهاتوو بەلایەوە وەك یەکە، بۆیە جار و بار بەحیکمەتی خۆی

هەندێ ڕووداوی داهاتوو پیشانی کەسانێك ئەدات تا وریا ببنەوە، بەڵام بەداخەوە کە ڕامی ئەوە بەسەرهاتی مردنی خۆی بوو ئەیبینی بەڵام سوودی لێوەرنەگرت.




رامی شیمالی

## یادەوەریـەکـانی مـردوو شـۆرێـك

عەباس بەتاوی کەتەمەنی لە حەفتاکاندایە و خەڵکی وڵاتی سعودیەیە لە یادەوەریەکانیدا دەڵێت: من سی و شەش ساڵ فەرمانبەر بووم لە فڕۆکەخانە و کاری ئیداریم دەکرد، بەهۆی روداوێکەوە ٢٣ ساڵ لەمەوبەر لەساڵی ١٩٨٩ دا کە لە نێوان من و خوا خۆیدایە بڕیارم دا واز لەکارەکەم بهێنم و مردوو بشۆم لەبەرخوا.

لەم ماوە دوور و درێژەدا کە بەرپرسی حەوت سەرقەبران بووم لەشاری جەددە، بەهەزاران مردووم شۆردووە، بەنەوەد و شەش حاڵەت زۆر متأپر بووم، لەشەش حاڵەتیاندا تووشی ئینهیاری عصبی بووم و لە نەخۆشخانە چەند رۆژ چارەسەریان بۆکردم، چونکە حاڵەتەکان ئەوەندە ناخۆش و کاریگەر بوون چەند شەو خەوم لێنەدەکەوت و دەهاتنەوە بەرچاوم. زۆر لەوانەی کاریان لەگەڵ کردووم لەشەش حەوت ساڵ زیاتر نەیانتوانی لەم کارەدا بەردەوام بن

و وازیان هێناوە، هەندێ لەوحاڵەتانەش کەبینیومن باسیان دەکەم بۆ ئەوەی پەندی لێوەرگیرێت.

**یەکەم** / پیاوێکی خەڵکی کەنداو تەمەنی پەنجا ساڵێك دەبوو، دایکی تووشی شەلەلی نصفی بووبوو، بردی بۆ عومرە و بەکۆڵ تەوافی پێ کرد و ساڵی ٢٠١١ بردی بۆ حەج، نۆ ساڵی ڕەبەق زۆر خزمەتی کرد، هەرچەند خوشکی هەبوو بەڵام دایکی ئەیویست هەر ئەم خزمەتی بکات. کەلەحەج تەواوبوون، مەوعیدی تەیارەکەیان دواکەوت، دایکی و کوڕەکەی و دوو خوشکەکەی لەفڕۆکەخانە مانەوە و ئەم چوو عومرە بۆ پووری بکات، شەوی پێنج شەممە پارشێوی کرد تابەڕۆژووبێت لەسەر سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) .

پێنج شەممە ڕۆژی تەواوبوو مرد، عەسرەکەی شتمان و لەحەرەم نوێژمان لەسەرکرد و ناشتمان، کەخستمە قەبرەکەیەوە و لەسەر لای ڕاست دامنا بۆنێك هات بۆنی وا خۆش لەدنیادا نەبووە، سێ جار ئەم حاڵەتەم بینیوە، ئەمە یەکێکیان بوو، سەیری کوڕەکەیم کرد ئەویش بۆنی کردبوو وتم: قسەمەکە.

حاڵەتی دووەمیش ئەم بۆنەم لەبەخاك سپاردنی ئیمامی حەرەم علی عبدالله جابر دا هەست پێ کرد، حاڵەتی سێیەمیش: کەسێ بوو کە دواتر دێمە سەری و باسی دەکەم.

زۆر جار کە مردوویەك دەشۆم و دێمە دەرەوە یا دەگریم یا پێدەکەنم بەهۆی ئەوحاڵەتانەی دەیبینم لە چاك و لە خراپ، بەڵام لەبەر خوا هیچ نادرکێنم، هەرچەندە هەموو حاڵەتەکان لای خۆم تۆماردەکەم و زۆر حاڵەتیش پێویست بکات ڕەسمی دەگرم، وەك ئەوەی کەسێك پەنجەی شەهاداتی بەرز کردبێتەوە یان دەیان ساڵ لەگۆڕدا کفنەکەی و لاشەی تێك نەچووبێ و. . . هتد. ئێمە هەرچیش ببینین حوکم بەسەر چاك و خراپی کەسدا نایەین لەبەرئەوەی ئەو بۆلای خوا دەگەڕێتەوە و خۆی هەرچی بوێت ئەوەی لەگەڵ دەکات. بەهەرحاڵ سەترکردنی بڕوادار بەتایبەتیش لەکاتی شتنیدا خێرێکی گەورەیە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (من غسل مسلما فكتم علية غفرالله لة أربعين مرة) تەبەرانی گێڕاویەتیەوە.

بەڵام کەدەچم بۆ سەرەخۆشی لەکەس و کاری ئەحواڵی مردووەکە دەپرسم تابزانم ئەوەی بینیومە هۆکەی چی بووە، ئایا لەگەڵ دایك و باوکی باش بووە یان نا، نوێژی کردووە یان نا، غەیبەتی کردووە یان نا. . هتد.

**دووەم**/ بانگیان کردم بۆ ماڵێك بۆ شتنی کەسێك، تاجەنازەکەیان هێنایەوە ژێر قادرمەکەیانم ئامادەکرد و پەردەیەکم پیاگێڕا بۆئەوەی لەوێدا بیشۆم. کاتێك هێنایانەوە و جلەکانیمان داکەند بیشۆین بینیم ڕەنگ و ڕووی درەوشاوەیە و کەویستم لای راستی بشۆم بینیم پەنجەی شایەتمانی بەرز کردۆتەوە و پەنجەکانی تری نوقاندووە، چەند ویستم پەنجەکانی ڕاست کەمەوەو بیانکەمەوە بۆم نەکرا، چونکە کەدەستی راستی دەخەینە سەر دەستی چەپی بەو حاڵەوە بێت لەکفنەکەیدا بەرزدەبێتەوە.

که شتنەکەیم تەواو کرد بۆنێکی زۆر خۆشی لێهات، کەخستمە قەبرەکەشیەوە بەهەمان شێوە بۆنێکی ئەوەندە خۆشی لێهات کەتا سێ رۆژ لە لوتما بوو.

دەمەو ئێوارە چووم سەرەخۆشیم لێکردن و کە چووم بۆ مزگەوت دوای نوێژ ئیمامەکە بەئامادەبووانی وت: ئەمڕۆ نورێکمان لە مزگەوتەکەدا لەدەستدا، لەوەتەی ئەم مزگەوتە کراوەتەوە ١٥ساڵە ڕۆژێك نەبوو لەپێش منەوە لەمزگەوت نەبێت، خوالێخۆش بوو یەکەم کەس دەهات بۆ مزگەوت و ئاخر کەسیش لەمزگەوت دەردەچوو تەنانەت گڵۆپەکانی مزگەوتی دەکوژاندەوە.

ئەم پیاوە سێ رۆژی ناوەڕاستی مانگ و دووشەمان و پێنج شەممانیش بەڕۆژوودەبوو. دیارە ئەمانە هەمووی بۆئەوەی ببێ بەدەرس بۆمان خوای گەورە ویستی ئاوا چەند کەرامەتێکیمان پیشان بدات، تەنانەت کەخستمانە ناو گۆڕەکەیەوە و ویستم بەدەست گڵ بخەمە پشتیەوە تالەسەر تەنیشت بمێنێتەوە سبحان الله ئەوەندە گڵەکە سارد بوو دەستم تەزی ناچار بە عەگاڵەکەم دەستم پێچاو گڵم کردە پشتی.

**سێیەم**/تەرمی لاوێکیان هێنا باوکی و براکانی لەگەڵی بوون، یەکێ لەئامادەبووان کەهەر سی ساڵێك تەمەنی دەبوو هەموانی کردە دەرەوە و زۆر حاڵی پەرێشان بوو بۆی،

وامزانی برایەتی، لێم پرسی ئاخۆ ڕەحمەتی براتە؟ وتی: نەخێر لەبرام زیاترە و هاوەڵمە، سەرەتایی و دواناوەندی و زانکۆمان پێکەوە تەواو کردو بەیەکەوە دامەزراین و بەیەکەوە ژنمان هێنا و یەکی کچێکمان هەیە و لەدوو شوققەی بەرامبەر یەکیشدا دەژین. هەر ڕۆژەی بەسەیارەی یەکێکمان دەچووین بۆ دایەرە. . . منیش وتم: برام گریانی ناویٚ دوعای خێری بۆبکە.

نوێژمان لەسەرکردو پاش نیوەڕۆ ناشتمان، ئێمە لەقەبرسان ڕیزی قەبرەکانمان سی دانەیە ئەگەر لە (١٧) یەم قەبر یەکیٚ بنێژین تا سبەینیٚ تا (٣٠) یەکە پڕدەبێتەوە، جا کە ئەمان ناشت بۆ سبەینیٚ عەسر برادەرەکەیشی مردو هێنایان بیشۆین کەسەیرم کرد وتم: ئەمەغەریب نیە دیومە، باوکی وتی: ئەمە دوێنیٚ برادەرەکەی مرد وا ئەمڕۆش خۆی مرد، سبحان الله قەبری تەنیشت برادەرەکەشی بوو بەنسیب، لەدنیادا لەهەموو شتێکدا بەیەکەوەبوون و وا لەقەبرەکەشیاندا لای یەکەوەن.

پرسیارم کرد بەچی مردووە، وتیان: نیوەڕۆ نوستووە لەبەر هیلاکی ژنەکەی ویستوویەتی هەڵی سێنیٚ بۆ نان خواردن، وتویەتی وازم لێبێنە تاعەسربائیسراحەت بکەم و دەچمەوە بۆ پرسەکە، کە عەسر هەڵی دەسێنیٚ دەبینیٚ گیانی سپاردووە. بەڕاستی زۆر گریام کەدوێنیٚ لەگەڵما برادەرەکەیان دەشت و ئەمڕۆش خۆی دنیای فانی بەجێهێشت و من دەیشۆم. (شایانی باسە شێخ محمدی خاڵ و شێخ ئەحمەدی برای زۆر یەکتریان خۆش دەویست دوعایان کردبوو بەیەکەوە بمرن، سبحان الله کە شێخ محمدی خاڵ کۆچی دوایی کرد بۆ سبەینیٚ شێخ ئەحمەدیش وەفاتی کردو تەعزیەکەیان بوو بەیەك تەعزیە) .

لە قەبرسان کرێکارم لەبەردەستدایە هەموو بەیانیەك دە قەبر پاك دەکەنەوە کەجەنازەکان تیا بوونەتە ئێسقان تا خەڵکی تریان تیا بنێژن، سیٚ حاڵەت هەبوون پاش چەند ساڵێکیش جەنازەکان وەك خۆیان بوون بۆیە دامانپۆشینەوە و دەستکاریمان نەکردن و وینەشم گرتوون.

**چوارەم:** کەسی واهەیە ملیاردێرە کەدەیهێنن دەیشۆم و لەبەردەستمایە پێی دەڵێم: کواملیاراتەکانت؟ کوا کوڕ و کچ و کەس و کارت؟ تەنانەت کفنەکەشت خێری خەڵکە کەمن کفنت ئەکەم پێی.

کابرایەکی ملیاردێریان هێنا، زاواکەی برادەرمە، وتم: کوا کوڕەکانی وتی: هیچیان نایەن بەلایدا.

وتم: بۆ؟ وتی: پارە و چڵکی دنیا وای لێکردوون ئامادەی شتنی باوکیان نەبن.

وتم: مەسەلە چیە؟ وتی: ئەم کابرایە بازرگانێکی گەورەیە و ئیشی لە جەددەش هەبوو، لەوێ ژنێکی تری هێناوە، لەبەر ئەوەی تۆزێ میراتی بەردەکەوێ، کوڕەکانی ئاوا دەکەن.

وتم: بزانە خێر لەخۆیان نابینن، هەرواش دەرچوو کاتێك زاواکەی دەبینم ئەحواڵیان دەپرسم دەڵێ: کێشەی زۆریان هەیە و لەخۆیان نەحەساونەتەوە. بەڕاستی کەئەمانە ئەبینم نەفسم گێراوە لەدنیا و هەرچی تێدایە، هەر لەژیانی خۆمدا وەك دیاری هەرچیم هەیە دابەشم کردووە بەسەر منداڵەکانما و هەروا ژیانێکی سادە دەژیم، ئەڵێم: توخوا کەمردم با ئامادەی کفن و دفنەکەم بن و شەڕی میرات نەکەن.

**پێنجەم:** پیاوێکی میسری هەموو ساڵێك لە ڕەمەزاندا خۆی و ژن و منداڵی دەهاتن بۆ عومرە کردن و عیبادەت، ساڵانەش خزمێکی لەسەر حیسابی خۆی دەهێنا تا پاداشتی زیاتری دەست بکەوێت، ماڵی کچێکیشی لە مەککە بوو بۆیە ڕەمەزانەکە هەمووی دەمانەوە.

ڕەمەزانی پێشوو کە کوڕەکەی و ژنەکەی لەگەڵی بوون، لەجەژندا ویستی بگەڕێتەوە، خوشکێکیشی کە لە مەککە بوو دەیویست لەگەڵیان بگەڕێتەوە، هاتە لای من تاکارەکەی بۆبکەم چونکە لەجەژندا بلیتی تەیارە و جێگە حیجز کردن زۆر زەحمەتە.

هەرچۆنێ بێت بە هەوڵی زۆر جێم بۆکردەوە، تامن ئیشەکانم بۆ کرد ئەو قورئانی دەخوێند، دواتر سوپاسی کردم و ویستی سەرم ماچ بکات، نەمهێشت و وتم: من بەواجبی

خۆم هەستاوم. سەعات حەوتی ئێوارە زۆر ماندوو بووم و گەڕامەوە بۆ ماڵەوە و ئەوانیش سواری فڕۆکەکە بوون، هەر لەفڕۆکەکەدا کەقورئانی بەدەستەوە بوو گیانی سپارد. تەلەفونیان بۆکردم کە حاڵەتێکی واهەیە بەڵکو بگەڕێیتەوە، چی پێویستە بۆی بکەیت، وامزانی سوعبەت دەکەن و ئیش زۆرە و دەیانەوێ بەو بیانووە بمگێڕنەوە. بەهەرحاڵ گەڕامەوە کەجەنازەکەم بینی ناسیمەوە کەئەو پیاوە بوو کارەکەم بۆ ئەنجام دابوو، بەژنەکەیم وت: بابچم کفنێکی بۆبهێنم.

وتی: سەیری عەلاگەکەی دەستی بکە، هەمیشە کفنی لەگەڵ خۆی هێناوە بەهیوای ئەوەی لێرە بمرێت، واخوا کردی بەنسیبی. ئای لەو مردنە خۆشە هەمووساڵێك پاش عیبادەت و ئیعتیکافی رەمەزان کفنی پێبووە بەو هیوایەی بەو پاکێتیە خوا بیباتەوە بۆ لای خۆی، سبحان الله ئەو خوایەی کە ئاگای لەدڵەکان ونیەتە ئاواتەکەی هێنایە دی.

**شەشەم:** ڕۆژێك پێیان وتم کەجەنازەیەك لەدەرەوەی سعودیەوە دێتەوە و سەعات ١١ ئامادە دەبێت لەجەددە و دەیشۆین و لەمەککە نوێژی لەسەر دەکەین و دەینێژین.

وتم: ئاخر کاتی حەجە ناهێڵن لەبەر قەرەباڵغی مردوو ببرێت بۆ مەککە. جەنازەکە گەیشت و هەرچەند لەناو تابوتێکدابوو، بەڵام سووك ئەهات بەدەستەوە، لەماڵی براکەی شتمان و بەیەك دەست ئەم دیو و ئەو دیوم ئەکرد و ئاسان بوو، هی واهەیە کە ساڵحە دەڵێم: خوا جەزات بداتەوە ئەتخەمە سەر لای ڕاست بۆئەوەی بتشۆم، تەواو سووك دەبێت بەدەستمەوە کەچی هی واهەیە سبحان الله قورسە و نایەت بەدەستەوە و بەچەند کەس ئەم دیو و ئەودیوی پێناکرێت.

دەم و چاوی مردووەکە ئەدرەوشایەوە، سەیر ئەمەنیە، سەیر لەوەدایە کەچاوی ڕاستی فرمێسکی لێدەهات، هەرگیز شتی وام نەدیوە، هەر ئەتووت زیندووە و دەگری، براکەشی ئەمەی بینی، بەکفنەکەی وشکم دەکردەوە کەچی هەر فرمێسك دەهات، چوو بەباوکی وت: پاش شتنی، لەسەیارەکەدا باوکیشی هات بینی، باوکی کەوت بەسەر سەیارەکەدا و چاوی هەر فرمێسکی لێدەهات، لەگەڵ ئەو هەموو قەرەباڵغیەی کاتی حەجدا کەچی خوا

ئاسانی کرد هەر بەسەر شانی حاجیان بردیانە ناو حەرەمەوە و نزیکەی دوو ملیۆن کەس دوای نوێژی بەیانی نوێژیان لەسەرکرد. کەپرسیارم کرد دوایی بۆم دەرکەوت کەزۆر ساڵح و لەخواترس بووە و دایك و باوکی لێی ڕازی بوون. (ئالێرەدا ئەڵێم ئەی ئەوانەی دایك و باوکتان ماوە بیکەن بۆ خاتری خوا دڵی دایك و باوکتان ڕاگرن و چاك بن لەگەڵیان، رازی بوونی خوا لەڕازی بوونی دایك و باوکەوەیە و بەهەشت وا لەژێر پێی دایکاندا) .

**حەوتەم:** ژنێکیان هێنا کە ئافرەتان شتبویان، نوێژمان لەسەر کرد و بردمان بینێژین، دەمانویست دایگرین قورس بوو هەرچیمان کرد لە دارەمەیتەکە بۆمان دانەئەگیرا تابیخەینە قەبرەکەوە، سێ کوڕەکەشی لەگەڵمان بوون، گەورەکەیان کەلەناو قەبرەکەدا بوو ئەلەرزی و کەوت و قاچەکانی هەڵیان نەدەگرت، وتم: سەتری دایکت بکە و غیرەتت بێت، تەلەفونم بۆ زانایەك کرد کە چی بکەین، وتی: قورئانی بەسەرا بخوێنە، وتم: ئاخر قورئان چی پێ دەکات؟ وتی: بیخوێنە و هەقت نەبێت، ناچار کەوتمە خوێندنی ئەو ئایەتانەی کە لەبەرم بوون، سەرەنجام توانیمان بەهەزار حاڵ بیخەینە قەبرەکەوە. کوڕێکیان کە دەموچاوی دایکی کردەوە لەقەبرەکەدا هاتە دەرەوە و ڕای کرد، وتم: وەرە چی بووە؟ بەگریانەوە وتی: ئەوە دایکم نیە و هیچی تری نەوت. بەهەرحاڵ زانیم حاڵەتەکە ئاسایی نیە، چووم بۆسەرەخۆشی و چی پرسیاری حاڵی ژنەکەم کرد هیچم دەست نەکەوت.

پاش چەند مانگێك پوورزایەکیان مرد و کفن و دفنمان کرد، کاتێ لەمزگەوت نوێژمان دەکرد گەنجێکی ریشدار لەلامەوە بوو، کەتەواوبووین وتی: یاشێخ نامناسی؟ ، وتم: نەخێر.

وتی: من کوڕی ئەو ژنەم کەجارەکە ناشتمان و رامکرد، وتم: بۆ ئەوسا وات کرد؟ وتی: یاشێخ دایکم دەموچاوی رەش بوو، ترسام و لەوساوە مزگەوتێکم بۆ دایکم دروست کردووە و لەچەندەها مزگەوت سەلاجەی ئاو خواردنەوەم بۆ کردووە بەخێر، بەڵکو خوا رەحمی پێ بکات!

وتم: بۆ دایکت چی بوو؟ وتی: نوێژی نەدەکرد !

وتم: کوڕم قسەت بکردایە نوێژمان لەسەر نەدەکرد و لەقەبرسانی موسڵمانانیشدا نەماندەناشت، چونکە بەڕاستی ئەوەی نوێژ نەکات ئەهلی قیبلە نیە !

**هەشتەم:** جەنازەیەکیان بۆهێنام بیشۆم، حاڵەتەکەی زۆر سەیربوو، لەناوکی بەرەو خوار سوتابوو، ئیعدامیش کرابوو زمانی بستێك دەرهاتبوو، دیمەنێکی زۆر ترسناك بوو، بەهەر حاڵ تەمەنی چل ساڵێك دەبوو، ١٢ سەعاتێك بوو مردبوو کرم دابوویە لەشی، کەبردمان بینێژین کوڕەکەشی ٢٨ ساڵێك دەبوو لەگەڵیا بوو، هەر دەیووت: یا شێخ لەبەر خوا باوکم سەتر بکە.

چی هەوڵماندا بیخەینە قەبرەکەیەوە نەئەچوو (کە قەبری ئێمە سەرەکەی گەورەیە و سەرەکەی دەگرین و فەتحەیەك دەهێڵینەوە وەك دەکتی موبەریدە هەرئەوەندەی مردووەکەی پیا بەرینە ژوورەوە) ، دەستیم چاك دەکرد قاچی دەجولا، بەهەرحاڵ تەلەفونم کرد بۆزانایەك، وتی: بزانن قەبری سەر دانەپۆشراو، هەرچاڵێ بێ فرێی بدەنە ناوی و داپپۆشن، پرسیارمان کرد باش بوو قەبرێکی سەر دانەپۆشراومان دەست کەوت هەر بردمان وەك لەدەست بیڕفێنن کەوتە ناو قەبرەکەوە.

دواتر چووم لەگەڕەکەکەیان دوکانێکی ساردەمەنی هەبوو لە بارەیەوە پرسیارم کرد. وتی: لەعنەتی خوای لێ بێت دەست درێژی کردۆتە سەر ژنی دراوسێکەی کە مێردەکەی سەربازە و لە واجب بووە، دوایی ژنەکەش بەمێردەکەی وتووە: پیاوەکە و کەس و کارەکەشی گرتوویانە و بەو دەردەیان بردووە ! ئەم حاڵەتە ئەوەندە کاری تێکردم و دەهاتەوە بەرچاوم ودوو سێ شەو خەوم لێنەدەکەوت و ناچار لەخەستەخانە بۆی کەوتم تا چارەسەریان کردم بەدەرزی خەو و مهدئات.

**نۆیەم:** برادەرێکی خۆشەویستم هەموو جارێ ئەیوت: وەسیەتم کردووە تۆ بمشۆی منیش دەمووت: کێ دەڵێ من پێش تۆ نامرم، هەموو ساڵێك لە ڕەمەزاندا ئەیبردمە بازاڕ ئەیوت: چیت پێویستە لەکفن و شتی تر بیکڕە من پارەکەی ئەدەم. دووساڵێك نەمبینی، دواتر هەواڵم زانی کەتووشی شێرپەنجەبووە لەئەمریکایە بۆ چارەسەر منیش

تەلەفونم بۆ کرد و ئەحواڵم پرسی، لەڕەمەزاندا پەیوەندی پێوەکردم وتی: کفنەکەم بۆ حازر بکە دڵم خەبەری داوە ئەمرم، ئنجا وتی: ڕۆژانە خواردن بدە بە سێ سەد ڕۆژووەوان.

بیست ڕۆژ دوای جەژنی ڕەمەزان هێنایانەوە بۆ نەخۆشخانەی جەددە، منیش هەموو بەیانیەك دەچووم بۆلای و بەیەکەوە نوێژی بەیانیمان بەجەماعەت دەکرد و نانمان دەخوارد، تا ڕۆژی ٥ شەممە تۆزێ دواکەوتم، تاچوومە لای چارەکە سەعاتێك بوو گیانی سپاردبوو، شتمان و کفنمان کرد لەگەڵ دووکوڕەکەیدا کەلەئەمریکا هاتبونەوە و نوێژمان لەمەککە لەسەری کردوو ناشتمان.

**دەیەم:** زۆر کەس غەیبەت کردنی بەئاسان وەرگرتووە، خۆی لێ ناپارێزێت، کە ئەمەش نابێت، خوای گەورە لەتاوانەکان خۆش دەبێت، بەڵام لەغەیبەتدا مافی کەسێك پێشێل کراوە، مەگەر گەردنت ئازاد بکات ئەگینا سزاکەی قورسە. کچێك باسی دایکی دەکات کە کاتێك دەمرێ و دەیشۆن، هەر لەقەبرەکەوە ڕووی ڕەش بوو، وەك خوا بیەوێ بیکا بەعیبرەت بۆ زیندووەکان، ئەمەش بەهۆی ئەوەی زمانی بەد بوو تەنانەت نێوانی کچەکانی خۆشی تێك ئەدا.

**یانزەیەم:** حەڤدە ساڵێك لەمەوبەر بانگیان کردم بۆ ماڵێك بۆشتنی کابرایەکی زۆر دەوڵەمەندی حەفتا ساڵ، کەچووم بینیم لەسەر جێگاکەیەتی و سەعاتێکە مردووە و کاشی خانووەکەشیان ئەتووت ئاوێنەیە و سێ خزمەتکار خزمەتی دەکرد، کوڕەزاکەشیم لەگەڵ بوو، ئەوەی سەیر بوو، بینیم مێروولە لەدەمیەوە دێتە دەرێ و دەچێتە گوێیەوە، زۆرم پێ سەیر بوو، تەلەفونم کرد بۆ زانایەك کەچی بکەم، چونکە هەرگیز شتی وام نەدیبوو، وتی: خۆت چی بەچاك دەزانی وابکە. بەهەرحاڵ لەگەڵ کوڕەزاکەیدا بەچەرچەفەکەی ژێریەوە هەڵمانگرت و چەندجار لەئاوی ناو بانوێیەکمان هەڵکێشا تامێرولەکان سەرئاوبکەون، دواتر هەرچۆنێ بوو شتمان و کفنمان کرد و نوێژمان لەسەر کرد و ناشتمان.



وێنەی شیخ عباس بتاوي

بەکوڕەزاکەیم وت: تۆش ئەوەت بینی کەمن بینیم، پێم بڵێ بزانم باپیرت چۆن بووە، وتی: لەدایکم بیستووە کە کاتی خۆی زۆر عەزیەتی دایکی داوە و تەنانەت زۆر بەخراپی لێی داوە، تەنانەت براکانی جارێك دایکیان دەبەن شکاتی لێ بکات، دایکیان لەلای پۆلیس دەڵێت: خۆم کەوتووم و کوڕەکەم وای لێنەکردووم. ئەم ڕووداوە ئەوەندە کاری تێکردم سێ چوار شەو خەوم لێنەکەوت، ئەی چەند ئەجری دایك و باوك گەورەیە، واوەیلا بەحاڵی ئەوەی خراپە لەگەڵ دایك و باوکیا دەکات و خۆی تووشی ئەو گوناهە گەورەیە دەکات.

## محمد وەلید

لە وڵاتی سعودیە بنەماڵەی ئەحمەد جەفالی بەناوبانگن لە دەوڵەمەنیدا، کە ئیمبراتۆریەتێکی بازرگانیان هەیە، لە کۆمپانیاو وەکالەتی ئوتۆمبیل وەك مارسیدیس و چەندەها موڵك و ماڵ و عەقارات.

ئەحمەد جەفالی کوڕێکی هەبوو بەناوی تاریق ویستی هەیفای گۆرانیبێژ بهێنێت، بنەماڵەکەی ڕێگری بوون و نەیانهێشت وئەویش لەداخا لە بەریتانیا بەخواردنی دەرمانی زۆر وەفاتی کرد. وەلید جەفالیش کوڕێکی تری ئەو بنەماڵەیەو لە ژنێکی کچێکی هەیە

بەناوی دیناو لەژنێکی تری کوڕێکی هەیە بەناوی محمد، لەم ساڵانەی دواییدا بێژەرێکی لوبنانی هێنا کە تێچووی ئاهەنگەکەی و ئەڵماسەکانی دە ملیۆن دۆلار بوو.

دکتۆر عەمر خالید دەڵێت: دایکی (محمد ولید جەفالی) داوای لێکردم کەهەوڵێ بدەم لەگەڵ کوڕەکەیدا سا بەڵکو خوا هیدایەتی بدات، منیش چی قسەم لەگەڵ کرد لە بەریتانیا سوودی نەبوو، پێیەکی لە جەددەو پێیەکی لە سویسرا بوو، هاوەڵی خراپ سەریان لێتێکدابوو، پاش ماوەیەك تەلەفۆنی بۆکردم وتی: دێم بۆلات، وتم: باشە وەرە بۆ قاهیرە، بەڵام بزانە ژیانی قاهیرە وەکو سویسرا نیە و دەبێت ئارام بگریت و کاربکەیت لەگەڵما، وتی: باشە. ئەو کاتەی گەیشتە قاهیرە، من وتارم هەبوو لەمزگەوتێك لەقاهیرە بۆیە نەمتوانی بچم بەپیریەوە و ئەو هات بۆلام بۆ مزگەوتەکە، هەر ئەو ڕۆژە وتارەکەم کاری تێکردبوو.

دواتر پێکەوە کارمان کردو خەریکی ئامادەکردنی بەرنامەی ڕەمەزانی ٢٠١٢ بووم، بۆکارەکە سەردانی مەککە و مەدینە و ئەردەنمان کرد، لە مەککە عومرەمان کرد و لە مەدینەش ڕۆژانە دەچوو بۆمزگەوتی (قباو) بۆ نوێژ کردن کەخێری چوون بۆی بە هێندەی خێری یەك عومرەیە. یارمەتی دەدام وکەلوپەلی بۆدەگواستمەوە و بەرنامەی (بسمه أمل) ی بۆ دەکردم بە زمانی ئینگلیزی، هەولی فراوانکردنی مەوقیعەکەمی ئەدا، ناوبراو وای لێهات دایك و باوکی لەخۆی ڕازی کرد، بەم شێوەیە لەماوەی سێ مانگدا سەد و هەشتا پلە ژیانی گۆڕدرا.

ئەم لاوە خواناسە ئەجەلی هات و پێش ڕەمەزان پەیوەندیان پێوە کردم کەدڵی وەستاوە و وەفاتی کردووە، بردمان لە مەککە نوێژمان لەسەر کرد، هێشتا نەماننناشتبوو برادەرێکی بەناوی (محمد زوهدی) عومرەیەکی بۆ کرد، پاش ئەوەی ناشتمان و دوعای خێری زۆرمان بۆکرد دڵی دایکیم دایەوە کە سوپاس بۆ خوا بەساڵحی خوا بردیەوە و پارچەیەکە لەتۆ پێش تۆ چووە بۆ بەهەشت **إن شاء الله**، بەرنامەی ڕەمەزانی ئەمساڵیشم پێشکەش بەگیانی ئەو کرد.



## عـاقيبـەت خێـری

د. عبدالمحسن الاحمد دەڵێت: ڕۆژی ٢١ ی ڕەجەب چووم بۆ مزگەوتی (عتیقە) لە (ریاض) سەیرم کرد قەرەباڵغیەکی زۆر لە بەردەرگایە و سەیارەی پۆلیس و هاتوچۆ لەوێیە، کە چوومە ژوورەوە وەمزانی سەرەخۆشی دەکەن لە خاوەن مردوویەك، پاش نوێژی عەسر نوێژێکی جەنازەشمان کرد، دوای نوێژەکە برادەرێك وتی:ئەزانی کێ مردووە؟

وتم:نەخێر! وتی: ئەو پیاوەی داپۆشراوە و نوێژمان لەسەر کرد نیوەڕۆ نوێژی لەگەڵ کردین، ئێمە ڕۆیشتینەوە و ئەو مایەوە لە مزگەوتا بۆ نوێژی عەسر و قورئانی دەخوێند کە هاتینەوە پێش نوێژی عەسر خەریکی قورئان خوێندن بوو پاڵی دابۆوە بە پایەیەکەوە، عارەقی کردەوەو بێتاقەت بوو، چوون ئاویان بۆ هێنا بیخواتەوە، نەیخواردەوە وتی بەڕۆژووم (پێنج شەممە) بوو، ئنجا پاش کەمێکی تر چاوی هەڵبڕی سەیری ئاسمانی کرد و وتی: لا اله الا الله، لا اله الا الله، ملی لار بۆوە و گیانی سپارد، دیارە پشت بە خوا ئاخر خێرە.

سەیری ئەم کۆتاییە جوانە بکەن، لە مزگەوتا ماوەتەوە نوێژی نیوەڕۆ بۆ عەسر کە ئەوە دەرەجاتی پێ بەرز دەبێتەوە (انتظار الصلاة الی الصلاة. ماهو یا رسول الله؟ قال:فذلکم الرباط ذالکم الرباط) (الا ادلکم بما یرفع الله به الدرجات و یحط به الخطایا انتظار

الصلاة الى الصلاة) ئنجا ڕۆژەکە پێنج شەممەیە و بەڕۆژووە کە بەهەر ڕۆژێکی ڕۆژووی سوننەت حەفتا ساڵ لە عەزاب دوور دەکەوێتەوە، قورئانی خوێندووە کە بە هەر پیتێکی دە حەسەناتی دەست کەوتووە، ئنجا لە مزگەوتا مردووە و بە بە ڕۆژویی کارەکانی کۆتایی پێ هاتووە و هەر بە بەڕۆژوییش حەشر دەکرێت.

بازرگانێکی تریش لە جەددە، کە زۆر خزمەتی مزگەوتی دەکرد و دووشەممان و پێنج شەممان بەڕۆژوو دەبوو هانی خەڵکیشی ئەدا بۆ ڕۆژوو، وە لەسەر حسابی خۆی ئێوارەی دووشەممە و پێنج شەممە شتی دەهێنا بۆ مزگەوت بۆ ڕۆژوو شکاندن، ڕۆژێ کە پێی نایە مزگەوتەوە دوعاکەی خوێند (بسم الله و الصلاه والسلام على رسول الله اللهم اغفر لى ذنوبى وافتح لى ابواب رحمتك) گیانی لەناو مزگەوتا دەرچوو. ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَظْلِمُ مِثْقَالَ ذَرَّةٍۖ وَإِن تَكُ حَسَنَةً يُضَٰعِفْهَا وَيُؤْتِ مِن لَّدُنْهُ أَجْرًا عَظِيمًا ﴿٤٠﴾ ﴾ النساء. پاداشتەکە هەر کە چەند قاتە بەسە، لەلایەن ئەوەوەیە بەسە، ئنجا پاداشتە، زۆر گەورەشە، چ ڕەحمەت و بەرەکەتێکە ﴿ ...ٱعْمَلُوا۟ مَا شِئْتُمْۖ إِنَّهُۥ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿٤٠﴾ ﴾ فصلت، هەرکارێکتان دەوێت بیکەن خوا ئاگادارە بەوەی دەیکەن.

حەزرەتیش (ﷺ) دەفەرموێت : وا ڕەمەزان هاتووە کاری چاکەی زۆر بکەن تا پاداشتی گەورەتان دەست بکەوێت (أتاكم رمضانُ شهرُ بركةٍ يغشاكم اللهُ فيه فيُنزِلُ الرَّحمةَ ويحُطُّ الخطايا ويستجيبُ فيه الدُّعاءَ ينظرُ اللهُ تعالَى إلى تنافُسِكم فيه ويُباهي بكم ملائكتَه فأروا اللهَ من أنفسِكم خيرًا فإنَّ الشَّقِيَّ من حُرِم فيه رحمةَ اللهِ عزَّ وجلَّ) الراوي: عبادة بن الصامت المحدث: المنذري -الترغيب والترهيب. با پشت بە خوا ببەستین، داوا لە خۆی بکەین کە تەوفیقمان بدات بۆ گەیشتن بە خۆی ﴿ وَٱصْبِرْ وَمَا صَبْرُكَ إِلَّا بِٱللَّهِۚ ...﴿١٢٧﴾ ﴾ النحل (واتە: ئارام بگرەو ئارامگرتنیشت بەتەوفیقی خوایە) ئەمەش ئەوەیە کە شێخ العز بن عبدالسلام دەڵێت: (والله لن يصلوا الى شيء بغير الله، فكيف يوصل الى الله بغير الله؟ ) .

# تووتــيەك

دكتۆر عبدالمحسن الاحمد دەڵێت: وەك پزیشكێك كە لە خەستەخانەكاندا كارم كردووە تائێستا بیست و چوار جار تەنها من و ئیزرائیل بەسەر نەخۆشەوە بووین، كە ئەو دیار بوو گیانی دەكێشاو منیش لەلا سەریەوە بووم و دەمویست بڵێ: لاإله إلا الله. بەڵام بەداخەوە لەو بیست و چوار حاڵەتە تەنها یەكێكیان ئەوەی وت.

حەزرەت (ﷺ) فەرمویەتی: من كان آخر كلامه من الدنيا لاإله إلاالله دخل الجنه. (دوا وشەی دنیا گرنگە) .

- زانایەك حەزی لەباڵندە دەبێت، قوتابیەكانی تووتیەكی بەدیاری بۆدێنن، دوای چەند مانگێك زاناكە فێری وتنی (لاإله إلاالله) ی دەكات. ڕۆژێك قوتابیەكان زاناكە دەبینن دەگری، لێی دەپرسن بۆچی دەگریت؟ دەڵێ: تووتیەكە پشیلە خواردی ! ئەڵێن: قەیدی چیە دانەیەكی ترت بۆ دێنین.

دەڵێ: من بۆ تووتیەكە ناگریم، بۆ ئەوە دەگریم كە تووتیەكە پشیلەكە پەلاماری دا، لاإله إلاالله ی بیرچۆوە و بەس دەیزریكاند! دەترسم ئێمەش تووتی ئاسا لاإله إلاالله مان وتبێ و لەسەرەمەرگدا بكەوینە هاوارهاوار و بیرمان بچێتەوە و نەتوانین بیڵێین.

﴿كَلَّآ إِذَا بَلَغَتِ ٱلتَّرَاقِيَ ﴿٢٦﴾ وَقِيلَ مَنۡۜ رَاقٖ ﴿٢٧﴾ وَظَنَّ أَنَّهُ ٱلۡفِرَاقُ ﴿٢٨﴾ وَٱلۡتَفَّتِ ٱلسَّاقُ بِٱلسَّاقِ ﴿٢٩﴾ إِلَىٰ رَبِّكَ يَوۡمَئِذٍ ٱلۡمَسَاقُ ﴿٣٠﴾﴾ القيامة ، ﴿وَنَحۡنُ أَقۡرَبُ إِلَيۡهِ مِنكُمۡ وَلَٰكِن لَّا تُبۡصِرُونَ ﴿٨٥﴾ فَلَوۡلَآ إِن كُنتُمۡ غَيۡرَ مَدِينِينَ ﴿٨٦﴾ تَرۡجِعُونَهَآ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ﴿٨٧﴾﴾ الواقعة .



وێنەی د.عبد المحسن الاحمد

# دوا وتــه

خوای گەورە دەسەلاتی بێپایانە، بۆیە دەبێت هانا و هاوارمان تەنها بۆ لای ئەو بێت، تەنها پشت بەو ببەستین، هیچ شتێك بۆ خوا زەحمەت نیە، زەکەریا کە مەریەمی بینی خواردنێك دەخوا لەو ناوچەیەدا نیەو خوا بەفەزڵی خوا بۆی ناردووە، ئەمیش هات بەخەیاڵیدا کە با زۆر پیر بێت و ژنەکەشی نەزۆك بێت لە خوا بپاڕێتەوە کە کوڕێکی بداتێ ﴿هُنَالِكَ دَعَا زَكَرِيَّا رَبَّهُۥ قَالَ رَبِّ هَبۡ لِي مِن لَّدُنكَ ذُرِّيَّةٗ طَيِّبَةًۖ إِنَّكَ سَمِيعُ ٱلدُّعَآءِ ٣٨﴾ آل عمران، خواش کوڕێکی دایەو بۆشی ناونا یەحیاو کردیشی بە پێغەمبەر.

با هەمیشە لە بیرمان بێت کە ئێمە هی خواین، ئەزانن یانی چی هی خواین؟ ؟ واتە خاوەنی راستەقینەمان خوایە، نەك هەرئەوەندە بەڵکو بۆلای ئەویش دەگەڕێینەوە ﴿ٱلَّذِينَ إِذَآ أَصَٰبَتۡهُم مُّصِيبَةٞ قَالُوٓاْ إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّآ إِلَيۡهِ رَٰجِعُونَ ١٥٦﴾ البقرة، تێگەیشتن لەم راستیە ژیانمان دەگۆڕێت، بۆیە دانراوە بۆکاتی بەڵاو موسیبەت کە ئەگەرکەسێك تووشی بەڵاو موسیبەتێك بوو ئەوەی وت: خوای گەورە رەحمەت و بەرەکەت دەبارێنێت بەسەریا وخواسەبووری دەدات.

- رابیعەی عەدەوی لەمە تێگەیشتبوو بۆیە وتی:

فليتك تحلو والحياة مريرة ‌ وليتك ترضى والأنام غضاب
وليت الذي بيني وبينك عامر وبيني وبين العالمين خراب
إذا صح منك الود فالكل هين ‌ وكل الذي فوق التراب تراب
فيا ليت شربي من ورادك صافيا ‌ وشربي من ماء الفرات سراب
متى لم يكن بيني وبينك ريبة فكل نعيم صد عنك عذاب
فكيف توانى الخلق عنك وقدبدا جماله قد هامت الألباب
أقول لعذالى مدى الدهر اقصروا ‌ فكل الذي يهوى سواه يعاب

# بەرگی دەیەم

# دەستی گەل

# پێشـەکی

سوپاس و ستایش بۆ خوای پـەروەردگارو درودو سـەلامیش لەسـەر گیـانی سـەرداری پێغەمبەران و یارو یاوەران و شوێنکەوتوان.

* هەڵۆ لەژیانیدا هەمیشە ڕەمزە بۆ پاڵەوانان و ئازادی خوازان. .

* لە ئاسمانا لەبەرزایی زۆردا لەگەڵ هەڵۆی تردا دەفڕێت. .

* تێکەڵی قەلەڕەش و باڵندەکانی تر ناکات.

* چاوی تیژەو لەبەرزی پێنج کیلۆمەترەوە نیشانە لەنێچیرەکەی دەگرێتەوەو هێرشی بۆ دەکـاو لەو دووری یەوە نایەڵێ لەچاوی ون بێت.

* هەڵۆ مردارەوە بوو، پاشماوەی باڵندەکانی تر ناخوات، بەڵکو خۆی بـۆ خـۆی ڕاو دەکـات و گۆشتی تەڕو تازە دەخوات.

* هەڵۆ لە گەردەلول و هەورو زریان ناترسێ، بەڵکو زیاتر هانی ئەدات لەسەر فڕین و بۆ خۆی سوودی لێ دەبینێ و پشوو بەباڵەکانی دەدات و تەنها بەفشاری ڕەشەباکە بەرزو نزم دەبێتەوە.

* مێیەی هەڵۆ (تەوار) بە هەموو هاوسەرێك قایل نابێت تا تاقی نەکاتەوە، تەوار لقە دارێـك لەبەرزاییەکی زۆرەوە فڕێ ئەداتە خوارەوە تا هەڵۆکە بیگرێتەوە و بۆی بهێنێتەوە، ئەمەش دوو سێ جار دووبارە دەکاتەوە تا توانای هاوسەرەکەی بۆ دەرکەوێ !

* کاتێ هەڵۆ دەگاتە چل ساڵی و پیری ڕووی تێدەکات، نینۆکەکانی درێـژ و پـەڕەکانی زۆر و باڵەکانی قورس دەبن و توانای فڕینی زۆری نامێنێ. .

ئا لێرەدا دوو ڕێگای لەبەردەمایە  یان مردن یان خۆ تازەکردنـەوە، بۆیـە بـۆ مـاوەی پێـنج مانگ دەچێتە لانەکەیەوە لەسەر چیایەکی بەرزو دەنوك ئەدا لە بەردو چنگ ئەکا بە بـەردا تـا دەنوك و نینۆکی تازەی دەڕوێنەوە، ئەمە بێجگە لەوەی پەڕەکانی لەخۆی دادەمـاڵێ تـا پـەڕی تازە دەربکاتەوە. .

بەمەش هێزو توانای بۆ دەگەڕێتەوەو بە گوڕو تینێکی زۆرەوە سـی سـاڵی تـر ژیـان بەسـەر دەبات.

بەڕاستی گیانلەبەران سەرمەشقن لەهەندێ ئاکاریاندا بۆ مرۆڤ، خـوای گـەورە قەلەڕەشـێکی نارد بۆ کوڕەکەی ئادەم تا لێوەی فێری ناشتنی براکـەی ببێـت. گـەلانی موسـڵمانیش هـەڵۆن، هەرچەند بەپیلانی دوژمنان زۆر کاریان لەسەر کـردن کـە تێیـان بگەیـەنن هـەڵۆ نـین، بـەڵکو مریشکێکن ئەگەر ئەمانیش خۆڵ نەکەن بەسەریا خۆی خۆڵ بکات بەسەر خۆیدا.

دێوانـدنی دەسـەڵات، گەوجانـدن و غافڵانـدنی هاوڵاتیـان بـەدرۆ و دراو ئەمانـە پیشـەی ستەمکارانە لێرەو لەوێ هەر لە دێر زەمانەوە تا ئەمڕۆ و هەرواش دەبێت تا قیامەت. . بـەڵام بەری درۆ کورتە، هەموو شت لە باریکیدا ئەپچڕێ و، ستەم و زۆرداری لەئەستوری دا ئەپچڕێ.

من بۆ خۆم (٥٤) ساڵ تەمەنمە، ساڵێ پێش ئەوەی لەدایك ببم لـە سـاڵی ١٩٥٨دا نیزامـی پاشایەتی ڕووخاو نیزامی کۆماری هاتە کایەوە، خەڵکی هەموو لەبەر دەرکـی سـەرا چـەپڵەیان لێئەدا و ئاهەنگیان دەگێڕا گوایە لە نیزامی بۆگەنی پاشایەتی ڕزگاریان بـووە، تـەنها پیاوێـك نەبێ دەگریا، وتیان: ئەرێ نەگبەت بۆ دەگریت؟ وتی: ئێوە نازانن بەخوا خراپتر دەبێت.
ڕاستی کرد خراپتر بوو! عبدالکریم قاسم هات و خەڵکانێکی زۆر لە ناوچوون و دواتر خۆشی لـە ناوچوو لەوە لەولاترچێ!
عبدالسلام هات و بەتەما بوو کورد و کوردستان بسووتێنێ، خوا لە سوڵتان مەحمود گـەورەترە لە فڕۆکەدا لە ئاسماندا سووتا. ژنێك لەوکاتەدا لەخەستەخانە کچێکی بوو لەخۆشیا ناویـان نـا ڕزگار! وەیان زانی ڕزگاریان بوو!!

عبدالرحمان عارف هات و ئەویش بەجێی هێشت، ئەحمەد حەسەن بەکر هـات و پاشـان بـە پیلانێك سەدام چووە جێی، سەدام سی ساڵێك حوکمی کردو دوو جەنگی گەورەیان پێ بەرپاکردو عێراق و ئێران و کوەیتی تیا ماڵوێران بوو، سەدام لە سێدارە درا، ئێستاش دەسەڵات بە دەسـت کەسانێکەوەیە کە کوشتن و دزی و گەندەڵی هەر بەردەوامە!

نازانم کەی وڵاتم ئەبێ بە وڵات؟ . . نازانم تۆ بڵێ ی ئەو خەوەمان بێتـە دی کـە خـەڵکی لەژێر چەتری دادپەروەری و یەکسانی دا هەناسەیەك بدات؟ !

بەهەرحاڵ کە سەیری بەسەر هات و یادەوەری و شایەتی شایەتحاڵانی شۆڕشەکان دەکـەم زۆر جار دەگریم، حەزم کرد لەم نامیلکەیەی ئەمجارەدا ئێوەش لەگەشتێکدا لەگەڵمابن.

سا بەڵکو بەچەند فرمێسکێ

بۆ حاڵی ئوممەت لێرەو لەوێ

خوای گەورە لێمان خۆش بێ

مەگەر ئەو چاوەی لەبەر خوا فرمێسکێ برێژێ

لە ئاگری دۆزەخ رزگاری نابێ؟ !!

حەزرەت ﷺ دەفەرموێت: (عينان لا تمسهما النار: عين بكت من خشية الله، وعين باتت تحرس في سبيل الله.)[135]

## ستەم لە ئەستووریدا دەپچڕێت

مرۆڤ زۆر جار پێنەزانە، قەدری نیعمەتەکان نازانێت، ستەم دەکات لە نەفسی خۆی بەبێ باوەڕی و، ستەم لە دەوروبەری دەکات چەند بۆی بکرێت ﴿وَءَاتَىٰكُم مِّن كُلِّ مَا سَأَلْتُمُوهُ ۚ وَإِن تَعُدُّوا نِعْمَتَ ٱللَّهِ لَا تُحْصُوهَآ ۗ إِنَّ ٱلْإِنسَـٰنَ لَظَلُومٌ كَفَّارٌ ﴿٣٤﴾﴾ إبراهيم:. مرۆڤ هەر ئەوەندەی شتێکی بە خۆی شك برد فوو دەکرێت بە لووتیاو لە سنوور دەرئەچێت و ستەم دەکات ﴿كَلَّآ إِنَّ ٱلْإِنسَـٰنَ لَيَطْغَىٰٓ ﴿٦﴾ أَن رَّءَاهُ ٱسْتَغْنَىٰٓ ﴿٧﴾﴾ العلق .

خوای گەورەی باڵادەست ستەمی لەخۆی حەرام کردووەو بەهەمان شێوەش لە بەندەکانی حەرام کردووە، هەروەك لە فەرموودەی قودسیدا هاتووە: (يا عبادي! إني حرمت الظلم على نفسي وجعلته بينكم محرما فلا تظالموا) .[136]

هەروەها قورئان دەفەرموێت: ﴿ وَلَا تَحْسَبَنَّ ٱللَّهَ غَـٰفِلًا عَمَّا يَعْمَلُ ٱلظَّـٰلِمُونَ ۚ إِنَّمَا يُؤَخِّرُهُمْ لِيَوْمٍ تَشْخَصُ فِيهِ ٱلْأَبْصَـٰرُ ﴿٤٢﴾ مُهْطِعِينَ مُقْنِعِى رُءُوسِهِمْ لَا يَرْتَدُّ إِلَيْهِمْ طَرْفُهُمْ ۖ وَأَفْـِٔدَتُهُمْ هَوَآءٌ ﴿٤٣﴾﴾ إبراهيم، واتە: پێت وانەبێ کە خوا لە کردەی زاڵمان بێ ئاگایە، بەڕاستی خوا سزایان

---

[135] –الراوي:عبدالله بن عباسالمحدث:الترمذي – المصدر:سنن الترمذي – حسن

[136] –الراوي:أبو ذر الغفاريالمحدث:مسلم – المصدر:صحيح مسلم – صحيح

دواده‌خات بۆ ڕۆژێك كه‌ چاوه‌كان تیایدا ئه‌بڵه‌ق ده‌بن. (جاری واش هه‌یه‌ هه‌ر لـه‌دنیادا سـزایان ده‌دات) به‌ په‌له‌و شپرزییه‌وه‌ دێن، سه‌ریان به‌رزكردۆته‌وه‌ و مل و گه‌ردنیان ڕه‌ق بووه‌و، له‌ترس و تۆقیندا چاویان ناتروكێنن و دڵیان حه‌تاڵ و به‌تاڵه‌.

﴿ وَأَنذِرِ ٱلنَّاسَ يَوۡمَ يَأۡتِيهِمُ ٱلۡعَذَابُ فَيَقُولُ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ رَبَّنَآ أَخِّرۡنَآ إِلَىٰٓ أَجَلٖ قَرِيبٖ نُّجِبۡ دَعۡوَتَكَ وَنَتَّبِعِ ٱلرُّسُلَۗ أَوَلَمۡ تَكُونُوٓاْ أَقۡسَمۡتُم مِّن قَبۡلُ مَا لَكُم مِّن زَوَالٖ ﴿٤٤﴾ ﴾ إبـراهیم . ئــه‌ی محمدﷺ ئه‌و خه‌ڵكه‌ ئاگادار بكه‌ره‌وه‌ له‌و ڕۆژه‌ی سزایان بۆ دێت، جـا ئه‌وانـه‌ی سـته‌میان كـردووه‌ ده‌ڵـێن: ئه‌ی په‌روه‌رنده‌مان! تۆ هه‌ر كه‌مێك مۆڵه‌تمان بده‌ هه‌تا بـه‌ ده‌نگتـه‌وه‌ بـێین و شـوێن پێغه‌مبـه‌ران بكـه‌وین، ئاخر هه‌ر بۆ خۆتان نه‌بوون كاتی خۆی سوێندتان ده‌خوارد كه‌ هه‌رگیز له‌به‌ین ناچن!

﴿ وَسَكَنتُمۡ فِي مَسَٰكِنِ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ وَتَبَيَّنَ لَكُمۡ كَيۡفَ فَعَلۡنَا بِهِمۡ وَضَرَبۡنَا لَكُمُ ٱلۡأَمۡثَالَ ﴿٤٥﴾ ﴾ إبراهیم . ئێوه‌ كاتی خۆی نیشته‌جێ بوون له‌ ماڵ و حاڵ و شوێنی ئه‌وانه‌دا كه‌ سته‌میان له‌ خۆیان و خه‌ڵكی كرد و بێ بڕوابوون، بۆتان ده‌ركـه‌وت چـیمان به‌سـه‌ر هێنان و نموونه‌و باسی زۆرمان بۆ هێنانه‌وه‌ ده‌رباره‌ی سه‌ره‌نجامیان.

﴿ وَقَدۡ مَكَرُواْ مَكۡرَهُمۡ وَعِندَ ٱللَّهِ مَكۡرُهُمۡ وَإِن كَانَ مَكۡرُهُمۡ لِتَزُولَ مِنۡهُ ٱلۡجِبَالُ ﴿٤٦﴾ ﴾ إبراهیم . بێگومان سته‌مكاران پیلانی خۆیان گێڕا، هه‌رچه‌ند هه‌رچی پیلانیـان هه‌یـه‌ ئاشـكرایه‌ لای خوا، پیلان و فێڵه‌كانیان كێو له‌ بن دێنێ.

﴿ فَلَا تَحۡسَبَنَّ ٱللَّهَ مُخۡلِفَ وَعۡدِهِۦ رُسُلَهُۥٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٞ ذُو ٱنتِقَامٖ ﴿٤٧﴾ ﴾ إبـراهیم . پێت وانه‌بێت خوا له‌و به‌ڵێنانه‌ی كه‌ به‌ پێغه‌مبه‌رانی خۆی داوه‌، هیچ كاتێك پاشگه‌زبێته‌وه‌، خودا خاوه‌ن ده‌سه‌ڵاتی تۆڵه‌سێنه‌.

هه‌روه‌ها حه‌زره‌تﷺ ده‌فه‌رموێت: هه‌ركه‌س ببینێ كه‌سـێك ئـه‌كوژرێ یـان به‌ناهـه‌ق لێـی ئه‌درێت و به‌رگری لێ نه‌كات به‌ر له‌عنه‌تی خوا ده‌كه‌وێت:(لا يقفن أحدكم موقفًا يقتل فيه رجل ظلما، فإن اللعنة تنزل على من حضر حين لم يدفعوا عنه ولا يقفن أحدكم موقفًا يضرب فيه رجل ظلما، فإن اللعنة تنزل على من حضره حين لم يدفعوا عنه) . [١٣٧]

---

[١٣٧]– الراوي:ابن عباسالمحدث:الرباعي – المصدر:فتح الغفار – إسناده حسن

هەروەها ترساندنی موسڵمان ستەمێکی گەورەیە (لا تروعوا المسلم، فإن روعة المسلم ظلم عظيم) [138]. هەروەها ستەم تاریکییە لە قیامەتدا ( اتقوا الظلم، فإن الظلمظلمات يوم القيامة ) [139]

## شۆڕشگێڕێکی نابینا

لەسەدەی هەژدەدا مەمالیکەکان حوکمی میسریان دەکرد و ستەم و ناڕەواییەکی یەکجار زۆریان دەکرد لە گەلی میسر، لەو زەمانەدا میسر ویلایەتێك بوو سەر بە دەوڵەتی عوسمانی و حاکم و قازی بە فەرمانی عوسمانیەکان دادەنران. لەو سەردەمەدا منالێکی بلیمەت لەدایك بوو بەناوی سولەیمان لە دێیەکی میسر بەناوی (جەوسەق) ، ئەم منالە هەرچەند کوێر بوو، نەجابەت و زرنگییەکەی سەرنجی دەوروبەری ڕاکێشابوو. لەپاش ئەوەی خوێندنی حوجرەی تەواو کردو هەندێ قورئانی لەبەرکرد، باوکی ناردی بۆ ئەزهەر، تا ببێتە ئیمام و خەتیبی مزگەوتێك و بژێوی خۆی پەیدا بکات. زۆرجار لەناو هاوەڵەکانیاو لەگەڵ مامۆستاکانیا لە ئەزهەر باسی زوڵم و ستەمی مەمالیکەکانی دەکرد، بەڵام کەس زاتی ئەوەی نەدەکرد دەم هەڵبێنێتەوە لە ترسی گرتن و کوشتن و تووشبوونی ناڕەحەتی. سولەیمانی نابینای هیمەت بەرز، کەوتە هەوڵ و کۆششی بەردەوام و لە کوێرو نابیناکانەوە دەستی پێکرد، تا بووە جێی متمانەی نابیناکان و خەمی بژێوی دەخواردن و پارەوماڵیانی بۆ دەخستنە کارەوە و ئاش و نانەواخانەو دوکان و بازاڕ و شتی تری بۆ دەکڕین تا لە داهاتەکەی ژیانی خۆیان دابین بکەن. سولەیمان دەمڕاست وسەرکردەی نابیناکان بوو لە هەموو لایەکەوە ڕاوێژیان پێدەکرد و بە فەرمانی ئەو دەجوولانەوە. .

سیخوڕ و پیاوانی حکومەت هەستیان بە مەترسی ئەم پیاوە کردبوو، هەندێکیش لە حەسودیدا مەمالیکەکانی هان دەدا دژی شێخ سولەیمان، بەمەش زۆرجار خۆی و شوێنکەوتوانی دووچاری ئازار و ناڕەحەتی و گرتن و کوشتن دەبوونەوە. شێخ سولەیمان بەرنامەی دائەنا تا

[138]– الراوي:عامر بن ربيعة بن كعبالمحدث:السيوطي – المصدر:الجامع الصغير – صحيح
[139]– الراوي:جابر بن عبداللهالمحدث:مسلم – المصدر:صحيح مسلم – صحيح

ڕۆژێك بێت خەڵكی هۆشیار ببنەوەو شۆڕش بکەن بەسەر مەمالیکەکانداو تەفروتونایان بکەن. هاوسەرەکەشی (دایکی داود) ژنێکی زۆر ژیرو ورە بەرز بوو، هەمیشە هانی ئەدا لەسەر پشت بەستن بە خواو جیهاد کردن دژی ستەمکاران. لەو سەردەمەدا ناپلیۆن میسری داگیرکرد و مەمالیکەکانی تێکشکاند، زۆر کەس داوای لە شێخ سولەیمان کرد کە لەگەڵ مەمالیکەکاندا ڕووبەڕووی فەرەنسیەکان ببنەوە، بەڵام شێخ کە دەیویست لە مەمالیکەکان ڕزگاریان بێت پێی باش نەبوو جارێ کەس لە لایەنگرانی بدات بە کوشت و بچنە کێشمەکێشەوە. مەمالیکەکان تێکشکان، فەرەنسیەکانیش بە عەقڵیەتی ئیستیعماری خۆیان هەرچی خراپ بوو کردیان بەرامبەر میسریەکان، ڕۆژانە سەری زیاتر لە پێنج کەسیان دەپەڕاند و بەناو کوچەو کۆڵانەکاندا دەیانگێڕان تا خەڵکی چاوترسێن بکەن.

شێخ سولەیمان لە نزیکەوە تاووتوێی بار و وەزعەکەی دەکرد و لەماڵەکەی خۆیدا لەگەڵ کەسانی ناودار و خاوەن دەسەڵاتدا کۆدەبووەوە تا کارێك بکەن، ناوبەناو فەرمانیشی دەردەکرد کە بەهەرچییەك بۆتان دەکرێت خۆتان ئامادە بکەن و چەك پەیدابکەن بۆ ڕۆژی شۆڕش و ڕووبەڕووبوونەوە. بە شوێنکەوتوانی دەوت (چەقۆو تەورو گوێزانەکانتان تیژ بکەنەوەو ئامادەبن بۆ ڕۆژی ڕووبەڕووبوونەوەو جەنگان دژی دوژمنانی ئایین و نیشتیمان) . هەوڵەکەی سولەیمان هاتە بەرو قاهیرە شۆڕشی کرد دژی فەرەنسیەکان، بەڵام چونکە سەرتاسەری نەبوو شارەکانی تر دواکەوتن لە شۆڕش، فەرەنسیەکان توانیان خەڵکی قاهیرە تێك بشکێنن و زیانێکی زۆریان پێ بگەیەنن.

شێخ سولەیمان کۆڵی نەدا، بەردەوام سەرۆك هۆزو کەسایەتیەکانی میسری لە شار و شارۆچکەکان هان دەدا بۆ خۆئامادەکردن، بۆ دەرکردنی داگیرکەر. هەر لەم سەروبەندەشدا، کوێرەکانی شوێنکەوتەی لە شەوی درەنگدا فرسەتیان لە ئەفسەرە فەرەنسیەکان دەهێنا کە بە سەرخۆشی لە یانەکان دەهاتنە دەرەوە دەیانکوشتن.

ناپلیۆن هەندێ لە سەرکردەکانی شۆڕشی دەسگیرکرد کە لەناویانا شێخ سولەیمان بوو، ویستی بە تەماع لە خشتەی بەرێت، پەیمانی دایە کە بیکات بە حاکمی میسر و چی بوێ بۆی بکات، پاش گفتوگۆیەکی زۆر شێخ سولەیمان دەستی ڕاستی هێنا بە زەردەخەنەوە بۆ تەوقەکردن

و، ناپلیۆن وەیزانی ڕازی بووە، کاتێ ناپلیۆن دەستی خستە ناو دەستیەوە، شێخ سولەیمان بەهەموو هێزی بە دەستی چەپی شەقازللەیەکی دا لە ناپلیۆن و پێی وت: (ببورە بۆناپارت ئەمە دەستی من نییە، دەستی گەلە) . ناپلیۆن شێتگیر بوو، فەرمانی دا کەخۆی و ئەوانەی لەگەڵیان بیانکوژن و لاشەیان فڕێ بدەنە ئاوی نیلەوە تا ببنە خۆراکی ماسی. بەڵێ . شێخ سولەیمان شەهید بوو، دیارە هەرچی لەپێناوی بەرگری لە ئایین و ماڵ و ناموسی دا بکوژرێ شەهیدە

(من قُتِل دون دینه فهو شهید ومن قُتِل دون دمِه فهو شهید ومن قتِل دون ماله فهو شهید ومن قتِل دون أهله فهو شهید) [١٤٠] ،(سید الشهداء حمزة بن عبد المطلب ورجل قام إلى إمام فأمره ونهاه فقتله) [١٤١]. شێخ سولەیمان جەوسەقی شەهید بوو، دوای ئەو سولەیمان حەڵەبی هات کە توانی سەرکردەی فەرەنسیەکان (کلیبر) بکوژێت و هەقی شەهیدەکان بسێنێت. [١٤٢]

## ستەم تاریکییە.

ئەگەر کاتژمێرێکی حاکمێکی عادل بە هێندەی شەست ساڵی عیبادەتی عابدێك خێری هەبێ، ئەی دەبێ کاتژمێرێکی ستەمی بەهێندەی چەند گوناه بێت؟ ئەی باشە سی ساڵ ستەمی حاکمی ستەمکار ئەبێ چەند گوناه بێت؟ کە بە ملیارەها دۆلاری قوتی میللەتی داماو ئەدزرێ و بەهەدەر ئەدرێ، کە خوێنی هەزاران کەسی بێ گوناه حەڵاڵ دەکرێ، کە بەهەزاران و سەدان هەزار منداڵ بێ باوك وبێ ناز دەکرێن، کە بەهەزاران و دەیان هەزار ئافرەتی ڕووسوور بێ مێرد دەکرێن و ئەبێ هەموو تەمەنیان بێوەژن کۆشی بکەن تا مناڵە بێ باوکە بێ نازەکانیان بژێنن.

لە زەمانی بەعسی بەدناودا، لە کاتی شەڕی عێراق ئێراندا، لاوە عێراقیەکان لەبەرەکانی جەنگ بە کوشت ئەدران و خۆراکی جەنگی بێ مانا بوون، میسریەکانیان دەهێنا لێرە کار

---

[١٤٠]–الراوي:سعيد بن زيدالمحدث:ابن حجر العسقلاني –المصدر:تخريج مشكاة المصابيح:(حسن كما قال في المقدمة).

[١٤١]–الراوي:جابر المحدث:المنذري – المصدر:الترغيب والترهيب –:(إسناده صحيح).

[١٤٢]- وتارێکی عبدالله طنطاوی لە پێگەی التأريخ بەناوی / المجاهد الشهيد سليمان الجوسقى.

بکەن، هەیانبوو بڕوانامەی زانکۆی قاهیرەی هەبوو دەبوو بـەجابی پاسـەکان یـان کـارێکی زۆر سادەی دەکرد کە کەس پێی ڕازی نەدەبوو. .

زۆر جار ئەکەوتنە بەر تێهەڵدانی عێراقیەکان لەبەر هەر هۆیـەك بـوو بێـت، تەنانـەت زۆر جاریش بەبێ هـۆ، ئەمـەش بـەهۆی سـتەمی دەسـەڵاتەکەیانەوەبوو، ئـەوەی خـەڵك دەیزانـێ بەرامبەر حاکمە ستەمکارەکان یەك لەسەر ملیۆنێك نییە، وردە وردە پـاش ڕووخانیـان لەسـەر بنەمای (گا کەوت چەقۆ زۆر دەبێ) ئنجا هەندێ لە نهێنیەکان ئاشکرا دەبن.

قەشەی ئەفریقی (جۆن یانق) کە موسڵمان بوو ئەو نهێنیەی درکاند کە سـاڵانە دوو ملیـار دۆلار دراوە بە حوسنی ناموبارەك تا بەکاری بهێنـێ بـۆ دوورخسـتنەوە و لاوازکردنـی برایـانی موسڵمان لە میسردا تا لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگ نەهێنن. ڕۆژنامـەی (الفجـر) لـەم دواییـەدا بەڵگەنامەیەکی بڵاوکردەوە دوای ڕووخانی ناموبارەك گوایە شێخ زایـدی ئیمـارات سەدوبیسـت ملیۆن دۆلاری وەك وەجبەی یەکەم خستۆتە سەر حسابی تایبەتی ناموبارەك تـا سـوپای میسـر پشتی عێراق نەگرێ لەجەنگی کەنداودا.

دەڵێن دەسەڵاتی میسری زانی خەڵکی نارەزان، بۆ سەرقاڵکردنیان بە پیلانی وەزیری نـاوخۆ شەوی سەری ساڵی ٢٠١١ کەنیسەی مەسیحیەکانیان تەقانـدەوە و هێنایـان بەسـەر تونـدڕەوە موسڵمانەکاندا، ئەمانە دەستیان بەخوێنی گەل و خەڵکی بێ تاوان سوورە، لە هیچ تاوانێ سـڵ ناکەنەوە، مەگەر لە دۆزەخ دا پاداشتەکانیان وەرگرنەوە.

پاش ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی وڵاتە ئیسلامیەکان لە لایەن وڵاتە بیانیەکانەوە چەند ساڵ داگیر کران، جەزائیریەکان یەك ملیۆن شـەهیدیان دا، وڵاتـەکانی تـریش بەسـەدان هـەزار شـە هیدیان دا، ئیستیعماریان ناچار کرد کە وڵاتە ئیسلامیەکان بە جێ بهێڵن، بـەڵام لـە سـوریادا عەلەویەکان و بنەماڵەی (أسد) یان دانا کە هەر لە کۆنەوە پیاوی خۆیـان بـوون کـە دەسـەڵات بگرنە دەست بە مەرجێك کەمایەتی بوون، لە وڵاتەکانی تریش بە هەمان شێوە بەمـەرجێك بـە جێیان هێشتن کە کەسانی سەر بەخۆیان شۆرشەکان بدزن و سواری شـەپۆلەکە بـبن و بەرنامـەی داگیرکەران تەواو بکەن.

دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتانە بۆ نەگبەتی میللەت، پەیڕەیی دەسەڵات تەنها بەهی سەرکەوتن دەزانن، هەرگیز بەتەما نین پیا بێنە خوارەوە، تا ئەوەتا لە سەرتاسەری جیهانی ئیسلامیدا جموجوڵێکی بێ وێنە هەیە بۆ ژێرەوژوورکردنی دەسەڵاتی ستەمکاران.

## شۆڕشی تونس

بورقێبە لە تونس هاتە سەر حوکم و گەڕی ئاڵانە دین، دەیووت: ڕۆژوو زیان لە ئابوری دەدات بۆیە بەڕۆژوو مەبن، موفتی وڵات ئازایانە چووە سەر تەلەفزیۆن و وتی: بسم الله الرحمن الرحیم ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ١٨٣ ﴾ البقرة . (صدق الله العظیم وكذب بورقیبة) . بورقیبەی ستەمکار پیر بوو پەکی کەوت، دەستی ئەلەرزی و دەستی لە دەسەڵات هەڵنەئەگرت، زەین العابدین دەسەڵاتی گرتە دەست و کۆتایی بە بورقێبە هێنا، ئەمیش ستەمکار و دیکتاتۆر بوو، ئەوانەی دەچوون بۆ مزگەوت ناسنامەی تایبەتیان بۆ کردبوون تا لەژێر چاودێری ئاسایش دابن، کۆمەڵەی (نهضە) یان هەڵوەشاند و بە هەزاران کەسیان لێ کوشتن و لێیان زیندانیی کردن.

لەچك یاساغ بوو، وڵاتیان کاول کرد، بەدرەوشتیان نایەوە، ژنی سەرۆك (لەیلای کوافێر) کە کوافێر و ساڵۆنی هەبوو، بەهۆی مۆسادەوە لە (زین العابدین) نزیك بووەو ژنەکەی پێ تەڵاق داو بووە ژنی سەرۆك و ناوی بوو بە (لەیلای تەڕابلوسی؟ !) . .

ژیان وەستا !کۆمەڵێك بەرژەوەندیان هەبوو، سەر بە دەسەڵات بوون ڕۆژ بە ڕۆژ دەوڵەمەنتر دەبوون لەسەر حسابی گەل و میللەت، لەم لاشەوە هەژاران هەژارترو داماوتر دەبوون. . (محمد) لاوێکی دەرچووی زانکۆ بوو لەبەردەم ئەو زانکۆیەی کە لێ ی دەرچووبوو لەسەر عەرەبانەیەك سەوزەی دەفرۆشت، ئافرەتێکی پۆلیسی سەر بە دەسەڵات عەرەبانەکەی قلپ کردەوە و سووکایەتی پێکرد، (محمد) گڕی بەردایە خۆی و بەوەش دەسەڵاتی ستەمکاران ئاگرێکی تێبەربوو کە نەك هەر تونس بەڵکو ئەوەندە ئاگرەکە بەهێزبوو گڕ و بڵێسەی گەیشتە وڵاتانی دەوروبەر و میسرو یەمەن و سوریا و لیبیاشی گرتەوە.

# شۆڕشی سوریا

لە سوریا چەند منالێکی قوتابخانە بەکاریگەری گۆڕانکاری ناوچەکە ئەم شیعارەیان نووسی بوو دژ بە دەسەلات لە شاری درعا (سەرەی تۆش دێت دکتۆر) ، ئەو منالانە گیران، کاتێك پیاو ماقولانی شار چوون بۆلای بەرپرسی بەشی ئاسایشی ڕامیاری کە ناوی (**عاطف نجیب**) بوو لە درعاو، داوایان لێکرد کە ئەو قوتابیانە بداتەوە دەست کەسوکاریان. ناوبراو زۆر بە ڕەقی و بێ شەرمانە وەلامی دانەوەو وتی: منالەکانتان لە بەندیخانەکانی موخابەراتی جەوین (**المخابرات الجویة**) و پاداشتی خۆیان وەردەگرن لەسەر ئەوەی کە زیادەڕەویان کردووە بەرامبەر سەرۆك.

پیاوماقولان بە نەرمی تکایان لێکرد کە بەریان بدات، ناوبراو زۆر بە ناشرینی پێی وتن (ئەو منالانە لەبیر بکەن، داوا لە ژنەکانتان بکەن کە منالی تریان ببێت، ئەگەر ناشتوانن منالتان ببێت، ئەوا ژنەکانتان بۆ ئێمە بنێرن) .

پیاو ماقولانی درعا ئەبلەق بوون، ناچار بوون بگەڕێنەوە دواوە، نەیاندەزانی چی بلێن بەرامبەر ئەو هەموو بێ ئەدەبیە، کە خەریك بوو بڕۆن یەك دوو قسەی تری پێ وتن (وریابن کێشەم ناوێ، بەخوا هەموو درعا دەسوتێنم بە فڕۆکە، سەیرە منالیان لێم دەوێ!!. .) بەڕاستی ئەم ستەمکارانە پارە و دەسەلات کوێری کردون، دەمدرێژی بۆسەر شەرەف و ناموس هەروا ئاسان نیە، ڕووسورەکانی درعا و سوریا خۆ ئافرەتە داماوە هەژارەکانی ڕووسیانین کە بۆ کاری بەد ڕەوشتی کاربەدەستانی مافیای سوریا بەکاریان دەهێنان.

شێخی درعا وتاری دا، ئالای شۆڕش هەلکرا، لەسەر ئەو دوانگەیەی کە هەردەم هەقی تیا ڕاگەیاندراوە و مینبەری رسول الله یەﷺ باسی ستەمی دەسەلاتی بەشار ئەسەد و دارودەستەکەی کرد، یەکێ لە نوێژخوێنان وتی: الله أکبر، یەکێکی تریش وتیەوە، بەم شێوەیە بە هوتافی (الله أکبر) شۆڕش دەستی پێکرد و هەموو درعاو زۆر لە شارەکانی تری سوریای گرتەوە.

(**عاطف نجیب**) ئەو جەماوەرەی بە مریشك دەزانی، سەگەکانی دەسەلاتی تێبەردان، فڕۆکەکان خەلکیان گوللە باران کرد، لەسەر مەبدەئی (غوبلز) ی بەناوبانگ (ئەگەر مارێکی گەورە هێرش بۆ چۆلەکەیەکی بچکۆلە بەرێت، چۆلەکەکە پەل و پۆی دەشکێ و تەسلیم دەبێ و

ناتوانێ بفڕێت) وەی زانی جەماوەری سوریا ئەو چۆلەکەیەن، نەیزانی کە خەڵکی لەسەر هەقی خۆیان ئەو هەڵۆیەن کە مار و ئەژدەها ونجڕ ونجڕ دەکەن.

خەڵك چاوەڕێی سەرۆك بوون هەقیان بسێنێ، کەچی سەرۆکی مل درێژی حوشتر ئاسا وتاری دا، کەوتە هەڕەشەو هەروەك دیکتاتۆرەکانی هاوشێوەی خۆپیشاندانەکانی بە ئاژاوە و خەڵکەکەی بە ئاژاوەچی و تێکدەر ناوزەد کرد، هەمووشی گێڕایەوە بۆ پیلانی دەرەکی، گوایە ئیسرائیل و ئەمەریکا و ناحەزان دەیانەوێ یەکپارچەیی خاکی سوریا نەهێڵن، کە لەڕاستیدا یەکەم خزمەتکاری ئیسرائیل و ڕۆژئاوا جەنابیانە. ئنجا لە وتەکانیا وتی: (ئەگەر جەنگمان بەسەرا بسەپێنن ئێمە ئامادەین) .

دیکتاتۆرەکان هەروا بوون، سوود لە فیتنەو ئاژاوە دەبینن، لە سوریا کۆمەڵێکی بەڵتەجی هەیە سەر بە دەسەڵات، لە حەفتاکانەوە لەکەسانی خراپی خوێنڕێژی تاوانبار دروست کراوە پێیان دەڵێن (شەبیحە) کەنزیکەی دەهەزار کەس دەبن، ئەمانەی کرد بە گژ عەلەویەکاندا بۆئەوەی فیتنەی تائیفی هەڵگیرسێنێ و زیاتر بیانکات بە خزمەتکاری دەسەڵات. زوڵم و ستەمی حافز ئەسەدی نەعلەتی، ئەگەر هەر شاری (حەما) بێت کە لە هەشتاکاندا دەهەزار کەسی لێ کوشتن بەسە کە پەڵەیەکی ڕەش بێت بە تەوێڵی مێژووە پڕ تاوانەکەیانەوە.

خۆ دوای خۆشی نگریسەکەی کوڕی هەرچی باوکی نەیکردبوو ئەم تەواوی کرد، هەندێك قوتابی سوری کورد لە زانکۆی سلێمانی دەخوێنن باسی ئەو ستەمەیان بۆ کردم کە بەرامبەر بە کورد دەکرێ لە سوریا، تەنانەت ڕەگەزنامەیان نادەنێ، بۆئەوەی پەساپۆرتیان نەبێو نەتوانن سەفەربکەن، ئەمە بێجگە لەوەی زەویە کشتوکاڵیەکانی سوریا لە کوردستاندایە، نیوەی داهاتی لە کوردەکان دەسێنن. .

ئەوا چەند مانگێکە شۆڕشی سوریاش هەڵگیرساوە، ئێران هاوکاری دەکات لەبەرئەوەی بەدرێژکراوەی خۆی دەزانێت وەکو مەزهەب، ئێران هیواداربوو هیلالی شیعی دروست بکات لە ئێرانەوە بۆ عێراق و بۆ لوبنان و سوریا، هەروەك شا عبداللە ی ئەردەن وتی، وا بە هەزاران کەس شەهید بوون، خەڵکی کۆڵ نادەن، پشت بە خوا کۆتایی بە ستەمکاران دێت. [١٤٣]

---

[١٤٣]-لە پێگەی گۆڤاری والعصر وەرگیراوە. بەناوی (**عندما سقط القناع عن الرئیس.**)

(بەداخەوە وا ئێستا لە سەرەتای ٢٠١٣ داین کە بەم بابەتەدا دەچمەوە، زیاتر لەشەست هەزارکەس شەهیدبوون وئەمریکاو ئەوروپا لەبەرچاوی کاڵی ئیسرائیل نایانەوێت ئەو ستەمکارە بڕوخێت ودیارنیە سەرەنجامی شۆڕشەکەچۆن دەبێت.)

# شۆڕشی میسر

لە بەرنامەی (**شاهد علی الثورة**) ئەحمەد مەنصور چاوپێکەوتنی لەگەڵ دکتۆر (صفوت حجازی) دا کرد و ناوبراو بەدرێژایی دە ئەڵقە یادەوەرییەکانی خۆی باسکرد.

(دکتۆر صفوت) لە ساڵی ١٩٦٢ لە (کەفر الشیخ) لە میسر لە دایك بووە، لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی ئەسکەندەریە لە ساڵی ١٩٨٤دا بەشی جوگرافیای تەواوکردوە. لە ساڵی ١٩٨٧ دا ماجستێری لە (**تخطيط العمراني**) دا هێناوە، لە ساڵی ١٩٩٥ دا لیسانسی لە زانستی فەرموودەدا لە زانکۆی ئیسلامی لە مەدینە هێناوەو پاشان لە ساڵی ٢٠٠١دا ماجستێرو، لەساڵی٢٠٠٥ دکتۆرای هێناوە لە زانسی فەرموودەدا لەزانکۆی (دیبۆن) لە فەرەنسا.

سەرۆکی مەجلیسی ئیدارەی کۆمپانیای عەرەبیە بۆ کەناڵە فەزاییەکان و سەرۆکی مەجلیسی ئیدارەی کۆمپانیای (**فسطاط**) ە بۆ کاری ئەندازیاری، مامۆستای فەرموودەو زانستەکەیەتی لە (**دار الحدیث**) لە مەدینە، ئەمینداری گشتی رابیتەی زانایانی ئەهلی سوننەیە.



د.صفوت الحجازی

## ناوبراو لـە بارەی شـۆڕشـەکەی میسـرەوە وتی:

### * پەیوەندیم بە شۆڕشەکەوە:

سەرەتای پەیوەندیم بە شۆڕشـەوە دەگەڕێتـەوە بـۆ زۆر پێشـتر چـونکە مـن بـە یـەکێ لـە بەرهەڵستکارانی حکومەت دادەنرام، بەڵام لە (٢) ی ینایر (کانوون دووەم) ی ٢٠١١ ەوە بەبێ ویستی من دەستی پێکرد. لەو ڕۆژەدا لە پێگەکەمدا زۆر پرسیارم بۆ دەهات، ئەمە بێجگە لـە تەلەفۆن کە پرسیاریان لێدەکردم لەبارەی حوکمی شەرعی خۆپیشاندان و ڕووبەڕووبوونەوەی وەلی ئەمرو مەسەلەی شەهیدی و وتنـی هـەق بـەڕووی کاربەدەسـتی سـتەمکاردا، گـەنجێکیش لـە فەیسبوك دا لاپەڕەیەکی کردەوە بەناوی (المحروسە) . ئەم ناوەش من هەڵمبژارد بۆ لاپەڕەکە کـە مەبەستم میسرە کە خوا دەیپارێزێ.

### ڕای زانایان:

ئەوانەیان کە سەر بە دەسەڵات بوون دیارە دژی خۆپیشاندان و شۆڕش بـوون، ئەوانـەش کـە ئۆپۆزسیۆن بوون خۆپیشاندان و شۆڕشیان بە ڕەوا دەزانی، تەنانەت سەلەفیەکانیش بوون بە سـێ بەشەوە، بەشێکیان هەر لە سەرەتاوە لەگەڵشۆڕشەکەدا بوون، بەشێکیان ئەو کارەیـان بەحـەرام دەزانی، بەشی سێیەمیشیان دارەکەیان لە ناوەڕاستدا گرتبوو چاوەڕێی وەزعەکە بوون تا خۆیان یەکلایی بکەنەوە. زانایانی برایانی موسـوڵمانیش هـەر لـە سـەرەتاوە لەگـەڵ خۆپیشـاندان و شۆڕش دا بوون و، زانایانی ئەزهەریش ڕۆڵی باشیان بینی. دکتـۆر مظهـر شـاهین کـە ئیمـامی مزگەوتی عومەر موکەڕەم بوو، مزگەوتەکەی دایە دەستمان کە هۆڵی بۆنـەکانی بـەکاربهێنین و ئافرەتان لەوێدا دەمانەوە، پاشان ناوبراو زۆر ئازایانە بەوپەڕی حەماسەتەوە یەکەم وتاری دا لە ساحەی تـەحریردا. سـەرەتا خۆپیشـاندانەکان دژی ئـەوەبوون کـە جـەمال موبـارەك ببێتـە میراتگری باوکی و بێتە سەرحوکم، لە (٢٠) ی ینـاریـدا لـە پێگەکەمـدا ڕامگەیانـد کـە مـن دەرئەچم بۆ خۆپیشاندان. نیوەڕۆی (٢٥) ی یەنایەر، کۆمەڵێ لاوم بینی لای زانکۆی قاهرە کـە نزیکەی (٥٠٠) کەسێك دەبوون هوتافیان دەکێشاو دەیانوت (یا حریـە کفینـی کفینـی، أمـن الدولە بیننا وبینك، یاجمال مش عاوزینك) . لەلای تریشەوە خۆپیشاندەران کە دەهاتن خەڵکی

زۆر دەچوونە پاڵیان و لە ماوەیەکی کەمدا چەند قات ژمارەیان زیادی دەکرد. هەرچەندە ئاسایشیش هەبوون بەڵام هیچیان نەدەکرد بەرامبەر خۆپیشاندەران و، هەڵبژاردنی ساحەی تەحریر هەروا لە خۆیەوەبوو، لەبەرنامەی کەسدا نەبوو.

## خۆپیشاندانی سوەیس:

لە شاری (سوەیس) یش وەك قاهیرە خۆپیشاندان کرابوو هەواڵم بیست سێ چوار کەس شەهید بوون، لە (٢٦) ی ینایردا پەیوەندیم کرد بە مامۆستاکەمەوە (**شێخ حافظ سلامە**) و ناوبراو وتی: نەیەیت بۆ سوەیس، وتم باشە، خۆم بۆ نەگیرا عەسر چووم بۆ سوەیس، ڕێی کەسیان نەئەدا بچێتە ناوەوە، پەیوەندیم کرد بە شێخ (**حافظە**) **وە**، وتی: بگەڕێرەوە. ناچار گەڕامەوە و بەرەبەیانی ٥ شەممە (٢٧) ی ینایر هاتمەوە بۆ سوەیس، لە لا ڕێیەکەوە خۆم کرد بە ناوشارداو چووم بۆ مزگەوتەکەی (**شێخ حافظ**) ، ئەو ڕۆژە فەرتەنە بوو، خەڵکی دەیانویست لە (پزیشکی دادوەریەوەیەوە) شەهیدەکان وەرگرنەوە و بیان بەن بۆ سەرقەبران. کاتژمێر (دە) ی بەیانی لەگەڵ شێخ **حافظ** دا چووین بۆلای جەنازەکان لە (پزیشکی دادوەریەوە) ، یەکێکیان نانەوایەك بوو شەش فیشەك نرابوو بە پشتیەوە.

کە ئەوەم بینی (١٨٠) پلە گۆڕام و یەقینم بۆ دروست بوو کە (موبارەك) شایانی سەرۆکایەتی نیە چونکە (پیاو کوژو تاوانبارە) . هەرچەندە ئەوە یەکەم تاوانی موبارەك نەبوو، بەڵام یەکەم جار بوو فیشەك ببینم  بە پشتی جەنازەیەکەوە کە پیاوانی موبارەك شەهیدیان کردبوو. نانەواکە تەمەنی نزیکەی (٤٢) ساڵێك دەبوو، چوار منالّی هەبوو، ژنەکەی ودایکی و خوشکەکانی لە دەرەوە چاوەڕێی جەنازەکەیان دەکرد.

خەڵکی هوتافیان دەکێشا دژی دەسەڵات و داوای ڕوخانی موبارەکیان دەکرد. لەو کاتەدا کە ئێمە لە مفاوەزاتدا بووین  کە چۆن لاشەی شەهیدەکانمان بدەنەوە و بیانبەین بیان نێژین، ڕازی بوون کە من و شێخ **حافظ** و چەند کەسێکی کەم لەگەڵ سەیارەیەکی ئیسعاف دا جەنازەکان بەرین و بیان نێژین و خەڵکیش پاصیان بۆ بهێنن و بێن، ئێمە ڕۆشتین، کەچی ئاسایش بڵاویان کردبوەوە گوایە شێخ **حافظ** کوژراوە، بەمەش خەڵکەکە کە زۆر شێخیان خۆش دەویست و لە

تەمەنیش دا بوو هەموو ئاگریان گرت، بوو بە بیانوو بە دەست حکومەتــەوە کـە بڵاوەیـان پـێ بکات، ژمارەی شەهیدەکان گەیشتە پانزە کەس، ئێمەش لەسەر قەبرانین و ئاگامان لە هیچ نیە. تومەز سوەیس ئاگری گرتووەو خەڵکەکە لەداخا بینـای پارێزگـاو پـۆلیس و حیزبـی وەتـەنیان سوتاندبوو. کە گەڕاینەوە شـێخ فـەرمووی لـە سـوەیس دەربچـۆ چـونکە ڕێگاکـان دەگیرێـن، هەرچۆنێ بێت کاتژمێر ١١ ی شەو گەیشتمەوە ماڵەوە.

## هەینی تووڕەیی:

بۆ بەیانی بڕیارماندا ڕۆژی هەینیەکە ناوبنێین هەینی تووڕەیی، پاش جومعـە کـردن لە مزگەوتدا بە هەزاران کەس کەوتنە خۆپیشاندان و هوتافیان دەکێشا دژی دەسەڵات و منیـان دەخستە سەر شان و دایان دەنامەوە، ئەوەی سەیر بوو جاران لە کاتی خۆپیشاندانددا خـەڵکێکی زۆر لەسەر بیناکانەوە و لە باڵەکۆنەکانەوە سەیریان دەکردین، کەچی ئەمجارە هەمووی دەهاتنـە خوارەوە و بەشدارییان دەکرد.

لە ڕێماندا وێنەی گەورەی موبارەك هەبوو لاوان بەردیان تێـدەگرت و، ئاسـایش و پیـاوانی حکومەت ڕێیان لێگرتین و بۆمبی گازییان تێدەگرتین، ئێمـەش جـل و قوماشـمان دەبەسـت بـە دەستمانەوە و بۆمان هەڵئەدانەوە، من غاز لێی دام کاتێك هۆشم هاتەوە لە شوققەیەك بـووم و دوایی گەڕامەوە ناو خۆپیشاندانەکە.

## بەڵتەجیەکان ( شەللاتیەکان ) :

پاش ماوەیەك کەسانێك کە جلی مەدەنیان لە بـەردابوو کەوتنـە گیانمـان، زۆر گـەنج و لاو بریندداربوون، یەکێ لەوانە ڕووبەڕووم بووەوە ناسیمەوە، لاوێك بوو دبلۆمی دەخوێنـد، جگـەرەی بانجۆی کێشابوو، گرتبویان وتاوانباریان کردبوو بە تلیاك و مەسەلەکەیان لەسەر گـەورەکردبوو، تا بیکەن بە پیاوی خۆیان، ناچـار بـوو بـوو بـە پیاویـان و مانگانـەش مووچـەیان ئەدایـە. . ئەفسەرەکانی (**مباحث**) بۆئەوەی بێ ئیش نەبن و پلـەو پایـەو ڕوتبـەیان بەرزبێتـەوە سـوودیان لەمانە وەردەگرت بۆئەوەی سیخوڕییان بۆ بکەن و (**قضایا**) یان بۆ بهێنن.

جا کاتی خۆی ئەم لاوە هات بۆلام بۆ مزگەوت و بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕامەوەو تەوبەی کرد، ئەم لاوە زۆر سوودمان لێ بینی لەناو گۆڕەپانی تەحریردا. بەڕاستی مردن مردبوو لە دڵی میسریەکاندا، کەس نەدەترسا، خۆپیشاندەران ئاسایش و پۆلیسیان ڕاودەنا و ئەوانیش خۆپیشاندەرانیان ڕاودەنا، بگرە و بەردەیەك بوو ئەوسەری دیار نەبێ، بەردە فڕکانێ بوو چەندەهای تیا کوڵەوار بوو. لەم کاتەدا بوو ئوتومبێلێکی ئەمنی مەرکەزی سوتێنرا، سەرباز و ئاسایش و پۆلیسم ئەدی بریندار بووبوون. پاش ئێوارە چەند ئوتومبێلی تری ئەمنم بینی سوتابوون.

ئەو ڕۆژە ئافرەتێکی زۆرم بینی هاتبوون بۆ خۆپیشاندانەکەو منداڵەکانیشیان لەگەل خۆیان هێنابوو. ئەو شەوە بارەگای حیزبی وەتەنیشیان سوتاند، بەڕاستی کەناڵی جەزیرەش ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە گواستنەوەی ڕاستەوخۆی ڕووداوەکاندا.

## دزینی مۆزەخانە:

کۆمەڵێ بەڵتەجی و هەرچی و پەرچی هێرشیان برد بۆ تالانکردنی مۆزەخانە، کە جێی شانازی هەموو میسریەکانە، بۆیە من و نزیکەی (٢٠٠) کەس چووین بەرە و مۆزەخانە و ڕووبەڕوویان بووینەوەو توانیمان وەزعەکە کۆنترۆڵ بکەین.

ئەوەی باسمان کرد شەوی (٢٨) ی ینایر بوو کە دەکاتە جومعە شەوەکەی، ئەو کاتە لە مەیدانی تەحریر بووم کە بە پەلە چووین بە دەم مۆزەخانەوە بۆئەوەی تالان نەکرێت. ئێمە بەڵتەجیەکانمان ڕاودەنا گوێمان لە دەنگی فیشەك بوو لە مەیدانی تەحریرەوە، نزیکەی سەعات دوانزەی شەو کە گەڕامەوە بینیم خەڵکێکی زۆر برینداربوون.

یەکێ لە بریندارەکان ناوی عبدالرحیم بوو چاوی دەرپەڕیبوو خوێنی لێ دەڕۆیشت دام بە شانماو تا (قصر العین) بردم، دیارە لەوکاتەدا گوڕوتینێکت بۆ دێت کە هەرگیز نەت بووە، لە ناوچەی (قصر العین) کۆمەڵێ لاو لێیان وەرگرتم و بردیان بۆ فریاکەوتن و چارەسەرکردن. بریندار و لاشەی زۆر کەوتبوو من بە تەنها شەش کەسم گواستەوە لەوانەی کە ئوتومبیلی حکومی شێلابوونی هەروەك لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیشەوە پیشاندرا. نزیکەی دووسەد لاشە لەو ناوە

کەوتبوو بەهۆی تەقینەوەی بۆمبەوەکە هەرکەس پارچەیەك بەر سەری بکەوتایە تەختی دەکرد، ئەمە بێجگە لە (قەناسە) کە لە زانکۆی ئەمەریکییەوە خۆپیشاندەرانی دەکرد بەنیشانە.

خۆپیشاندەران دەیانویست هێرش بەرنە سەر وەزارەتی ناوخۆ، خەڵکی دەچوون بە پیر مەرگەوەو لە هیچ نەدەترسان، لە چەند لایەکەوە تەقە کرا بە سەرمانا، قەناسەش حەشری پێ دەکردین، لەم ڕاکە ڕاك و بگرەو بەردەیەدا جەنازەیەکم هەڵگرتەوە کە بوو بوو بە ژێر پێوە، کە لاشەی منالێکی ١٣ ساڵ بوو بەناوی مەحمود، فیشەکێ دابووی لە ملی و کەوتبوو پاشان بوو بوو بە ژێر پێوە، ئەم منالە لەگەڵ برا گەورەکەیدا هاتبوون بۆ خۆپیشاندان چونکە باوکیان پێنج شەش ساڵ بوو گیرابوو لەسەر ئیسلامەتی، کە باوکیان دوای سەرکەوتنی شۆڕشەکە بەربوو، من بینیم ناوی (ئیبراهیم عبدالمحسن) بوو، وتم تۆ قوربانیەکی گەورەت دا بۆ ئازاد بوونت، وتی: نا ئەوە قوربانی نەبوو بۆ ئازاد بوونی من، بەڵکو قوربانی بوو بۆ ئازادبوونی میسر!

بەڕاستی ئێمە هەمیشە دەمانووت ئازادی بە خوێن نەبێ ناسەندرێت، ئەوەش وای کردبوو کە گەل خوێنی خۆی بدات تا لە ستەمکاران و فیرعەونەکان ڕزگاری بێت. بەڕاستی من کە جەنازەی ئەو منالەم بینی پان بووبۆوە لە ژێر پێدا، بڕیارم دا کە ناگەڕێینەوە ماڵێ و، بەردەوام دەبین لە شۆڕش داو، لەناو مەیدانی تەحریردا مان دەگرین. کە من ئەو مەشهەدەم بینی دەتووت شەست کەس حەسیرمەیانیان کردووم، لە پەنایەکدا هێزم لێبڕاو کەوتم، خۆشم نازانم چۆن خەوم لێکەوت، نزیك بانگی بەیانی خەبەرم بۆوە. لیژنەمان دروست کرد بۆ هێنانی خواردن و لەفەو ئاو بۆ ناومەیدان لە شەقامەکانی دەوروبەرەوە، ڕۆژی (٢٩) ی ینایر بەیانیەکەی لیژنەی (ئیعاشە) مان دروست کرد کە (بیلال) بەرپرسی بوو. لاوەکان کەوتنە دروستکردنی بەربەست (متاریس) بۆئەوەی ئوتومبیل و بەڵتەجییەکان نەیەنە ناو مەیدانی تەحریرەوە، بەو شێوەیە مەیدانەکەیان داخست و بڕیاری مانگرتن و مانەوامان دا. ڕۆژی جومعە هوتاف بریتی بوو لە (الشعب یرید اسقاط النظام) ڕۆژی شەممە هوتافیان دەکێشاو دەیان وت (ثورة ثورة حتی النصر، ثورة في كل شوارع مصر) .

## بەسەرهاتی ژنێك:

ڕۆژی ٢٩ی ینایر بەیانیەکەی ژنێکم بینی بەناو مەیدانی تەحریردا ئەخولایەوە و لەسەر کارتۆنێك بە دەست نووسیبووی (ئێرە جێناهێڵم تا هەقی خۆم لە حوسنی موبارەك نەکەمەوە) لێم پرسی خوشکم هەقی چی لە حوسنی موبارەك دەکەیتەوە؟

وتی: دبلۆمم تەواو کرد لە بازرگانیداو، بیست ساڵ بووم شووم کردو وەکو هەموو ئافرەتێك خەونم ئەدی بەوەوە کە کوڕێکم ببێ ناوی بنێم ئەحمەدو کچێکم ببێ ناوی بنێم هند، قەدەری خوا وابوو پانزە ساڵ منالّمان نەبوو، پزیشکەکان وتیان منالّتان نابێت. پاش پێنج ساڵی تر، واتە پاش بیست ساڵ لە شووکردنم بە ویستی خوا حامیلە بووم، بڕوام نەدەکرد، سەعات بە سەعاتم ئەژمارد تا بگەمە ئەو ساتەوەختەی ئەبم بە دایك و زاق و زروقی منالّ ئەکەوێتە لانەمانەوە. ئەو ڕۆژەی ژانم هەبوو پاش نۆ مانگ چاوەڕوانی، مێردەکەم بردمی بۆ خەستەخانە لە ڕێگا نەیانهێشت بڕۆین، ڕێ گیرا بوو لەبەرئەوەی حوسنی موبارەك لەو کاتەدا لە تەلەفزیۆن وتاری ئەدا!! مێردەکەم چی لە ئەفسەرەکە پاڕایەوە ڕێمان بدا ڕێی نەداین، بوو بە دەمەقالێیان، شەقازلەیەکی دا لە مێردەکەم، چەند سەعات لە ئوتومبێلەکەدا مامەوە بە دەم ژانەوە کاتێك مێردەکەم هاتەوە سەیری کرد منالّەکە بووەو بە وێلاشەکەوە گیانی دەرچووەو منیش لە هۆش خۆم چوو بووم، پاش سێ مانگ مێردەکەم لە داخ و خەفەتا مرد!

جا نازانم داخی لە دەست دانی ئەحمەد بوو، یان ئەو زیللەتەی کە ئەو ڕۆژە بینی لەبەردەم ئەو ئەفسەرەدا!!

جا من وا دە ساڵە چاوەڕێ ی ئەم ڕۆژەم تۆڵە لە حوسنی موبارەك بسێنم و هەقی خۆم و مێردو منالّەکەمی لێ بکەمەوە! جا یا ئەمرم یان ئێرە بەجێ ناهێڵم. بەڕاستی ئەم ئافرەتە و بەسەرهاتەکەی هاندەرێکی باش بوو بۆ مانگرتوانی مەیدانی تەحریر کە بمێننەوە. هەموو ڕۆژێ (أم ئەحمەد) مان ئەبینی تا (١١) ی فبرایر (شوبات) کە سەرۆك لاچوو، بینیم هەمان کارتۆنی بەرزکردۆتەوەو هەلهەلە لێئەدات لە خۆشیا، پێموت (ئوم ئەحمەد تۆڵەمان سەندی، وتی: سوپاس بۆ خوا، وتم: کەواتە ئەو کارتۆنە لابە، وتی: باشە، هەڵیگێڕایەوە لەسەری نووسرابوو **(یا شرفاء مصر موعدنا القادم بيت المقدس)** .

من لەو کاتەدا هەستم بە چێژی سەرکەوتن کرد، زانیم کە شتێکمان کردووە، بەڕاستی ئەو شۆڕشە شۆڕشی هەموو میسریەکان بوو، خوا کردی، خوا یارمەتی دەرمان بوو.

## بەڕێوەبردنی مەیدانی تەحریر:

٢٩ی ینایر ڕۆژی شەممە، هوتافەکان بریتی بوون لە (اعتصام إعتصام حتى يسقط النظام، الجدع جدع والجبان جبان، وإحنا يا جدع قاعدين فى الميدان) . . لیژنەی ئاسایشمان دروست کرد، هەرچی بهاتایەتە ناو مەیدانەوە تەفتیش دەکراو ڕێیان بە کەسی گومان لێکراو نەئەدا بێتە ناومان، دکتۆر ئوسامە نەسیم کە ئیستشاری نەخۆشی منالآن بوو بەرپرسی ئەمنی مەیدان بوو کە یەکێکە لە برایانی میسر.

لە هەمان ڕۆژدا خەستەخانەشمان دامەزراند لە ناو مەیداندا، دکتۆر خالید حەنەفی ئیستشاری نەخۆشیەکانی چاو بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە بوو، نزیکەی سی چل دکتۆری پیاو و ئافرەت کاریان دەکرد. هەر لە ڕۆژی (٢٩) دا بە دەیان کەسی ترمان شەهید بوون بەهۆی تەقەی سەر بینای وەزارەتی ناوخۆوە. لەو ڕۆژەدا خەڵك بەردەوام دەهاتن و نزیکەی دوو سەد هەزار کەس دەبوون بەتایبەت لە پاش نیوەڕۆدا. بەڵێ شەممە (٢٩) ی ینایر شەوەکەی بەڵتەجیەکان هێرشیان دەهێناو ئێمەش ڕێگاکانمان داخست و لیژنەکانمان پێك هێنا بۆ ئیعاشەو ئەمن و کاروباری کۆماری مەیدانی تەحریرمان ڕێکخست. ئەو ڕۆژە عەسرەکەی موبارەك بڕیاری دا عومەر سلێمان بکات بە جێگری خۆی و ئەحمەد شەفیقی ڕاسپارد کە حکومەتێکی تازە پێك بهێنێ.

بەم هەنگاوەی حکومەت ڕا جیاییەك دروست بوو، ئایا ڕازی بین بەمە یان ڕازی نەبین، تا دۆستێکم لە دەرەوەی میسرەوە تەلەفۆنێکی بۆ کردم کە عومەر سلێمانی باش دەناسی و وتی: عومەر سلێمان پیاوی یەکەمی ئەمریکایە و حوسنی موبارەك پیاوی دووەمە و ناوبراو خزمەتی باشی بە جوولەکە کردووە. هەر ئەو ڕۆژە هوتافەکان بوون بە (مش عايزين تغيير أسامي يمشى حرامى ويجى حرامى) .

هەرچەندە چەند کەسێك لە حکومەتەوە دەنێردران بۆ گفتوگۆو مفاوەزات بەڵام هیچی ئەنجامی نەبوو. لە هەمان ڕۆژدا فەراغێکی ئەمنی گەورە دروست بوو خەڵکی بۆ خۆیان لیژنەی شەعبییان ڕێکخست بۆ پارێزگاری کردن لە سەروماڵی خەڵکی. ئێمە بەڵتەجیەکانمان دەگرت و دەماندایە دەست حکومەت و سوپا ئەوانیش بەرەڵایان دەکردن زیاد لە (١٨٠٠) کەسمان گرت، تا یەکێ لە ئەفسەرەکان وتی، کە دەیانگرن بیانهێڵنەوە بە دەست بەسەری تا کاتی قەدەغەکردنی هاتوچۆ دێت ئەوسا ڕادەستی ئێمەیان بکەن بۆئەوەی بەریان نەدەین. ئێمەش ئەمانگرتن و ئەمانبەستنەوە بە گوریس و دواتریش لەکاتی قەدەغەکردنی هاتوچۆدا ڕادەستی سوپامان دەکردن.

## دەرمان خواردکردن:

ئێمەی لیژنەی تەنفیزی مەیدان، هەوڵدرا دەرمان خواردمان بکەن بەوەی کارتۆنێ ئاویان بۆ هێنایین، هەستمان کرد کە هەرچەند کارتۆنەکە لۆکە کەچی سەری بوتڵەکان دیاربوو کرابوونەوە و ژەهریان تێکردبوو بەجۆرێك کە دوای دە ڕۆژێك یان (١٥) ڕۆژێك کاریگەریەکەی دەربکەوێت.

ژەهرەکە کاری کرد، شەوێك برایەك کە لە مەیدان نووستبوو بەیانی هەرچیمان کرد ڕاست نەبۆوە، بردمان بۆ خەستەخانە پشکنینی بۆ کرا دەرکەوت دەرمانخوارد کراوەو ژەهر کاری تێکردووە، دواتر هەموو پشکنینمان کرد زۆربەمان ڕێژەیەك لەو ژەهرە لە لەشماندا بوو، منیش لە هەموویان ڕێژەکە زیاتر بوو، لەبەرئەوەی هەموو ئاوەکەم خواردبۆوە، خوا بۆ خۆی نەیکوشتم. چەند کەسێکمان گرت کەوێنەی من وسێ سەرکردەی تری خۆپیشاندانەکەیان پێ بوو کە تیرۆرمان بکەن وپاش لێکۆڵینەوە دانیان نا بە تاوانەکەیاندا.

ڕۆژی یەکشەممە (٣٠) ی ینایر (٤٠) قازی هاتنە ناو خۆپیشاندانەکانی مەیدانەوە و ئەمەش گوڕو تینێکی باش بوو بۆ هەمووان. هەر لەو ڕۆژەدا نزیکەی (٣٠) هەزار کەس لە بەندیخانەکان ڕایان کردبوو، دەترساین کە پەلاماری مەیدان بدەن بۆیە سوپاش هاوکاری کردین لە پشکنینی ئەوانەی دەهاتنە ناو مەیدانەوە. هەمان ڕۆژ نزیکەی نیو ملیۆن کەس بەشدارییان کرد لە خۆپیشاندانەکانی مەیدانی تەحریرداو کەسایەتیە ناودارو سیاسیەکانیش دەهاتن.

## لاوێکی خواناسی شەهید:

لاوێك تەمەنی ١٩ ساڵێك دەبوو ناوی مستەفا **الصاوي** بوو، پێش ماوەیەك هات بۆلام بۆ مزگەوت داوای لێکردم کە ئیجازەی زانستی فەرموودەی بدەمێ، ناوبراو قوتابی بوو لە زانکۆی قاهیرە، حافزی قورئانیش بوو.

منیش بەلامەوە هێشتا تەمەنی ئەوە نەبوو کە ئیجازەی بدەمێ لە زانستی فەرموودەدا، وتم: پشت بە خوا ساڵێکی تر، ئەویش وتی: باشە دکتۆر ئەگەر مردم شایەتیم بۆ ئەدەی لای خوا کە من هاتووم ئیجازەت لێ وەرگرم؟

ڕۆژی یەك شەممە (٣٠) ینایر زانیم مستەفا شەهید بووە، هەروەك دڵی خەبەری دابێ، ئەوەی من بە تازە پێگەیشتووم دەزانی و قایل نەبووم کە ئیجازەی بدەمێ، خوای گەورە هەڵی بژارد بۆ شەهیدی و گەورەترین جائیزەی دایە. ئەو ڕۆژە هەستم بە گوناهباری کرد و زۆر ترسام لەو ڕۆژەی لە بەردەم خوای گەورەدا شکاتم لێ بکات کە ئیجازەم نەداوەتێ، ئەمویست ڕاکەمە پەنایەکەوەو تێر بگریم، ئەوەندەی نەبرد چوومە سەرەتای مەدخەلی تونێلێکەوەو دانیشتم دووسێ سەعات شیوەنم کرد بۆ خۆم.

ئەوەش کە هەواڵی شەهیدبوونی مستەفای دامێ لاوێکی ئیخوان بوو ڕۆژی شەممە نەمدی، کە بینیم لێم پرسی: دیار نەبووی لەکوێ بووی؟ وتی: خەریکی ناشتنی مستەفا **بووین.**

ئەو ڕۆژە دڵنیابووم شۆڕشەکەمان سەردەکەوێ کە لاوی خواناسی حافزی قورئانی وەك مستەفاگیانی خۆی فیدا دەکات. ڕۆژی یەك شەممە فڕۆکەی ئێف شانزە بەسەر مەیداندا سوڕایەوە و دەنگی کردبۆوەوترسی خستە ناو دڵی خەڵکەوەو دواتریش فڕۆکەی هێلیکۆپتەر دەسوڕایەوە، پڕوپاگەندەی زۆریش هەبوو کە سەگی پۆلیسیمان تێ بەرئەدەن.

## وتارەکەی سەرۆك:

ڕۆژی سێ شەممە یەکی فبرایر، نزیکەی یەك ملیۆن کەس بەشداری خۆپیشاندانی مەیدانی تەحریری کرد، ئێمە گومانمان وابوو حوسنی موبارەك دەسەلات بەجێ دێلێ، کەچی حوسنی موبارەك وتارێکی سۆزداری داو ڕایگەیاند کە خۆی هەڵنابژێرێتەوە بۆ سەرۆکایەتی (ناوبراو وتی

که دەیەوێ لە میسردا کە تیا ژیاوەو هەوڵی بۆ داوەو بۆی جەنگاوە هەر لێرەش سەر بنێتەوە) .

ئەم وتارە کاریگەریەکی زۆر خراپی هەبوو، لاوەکان کەسوکاریان دەهاتن بەدوایاناو دەیان وت: وەفاتان هەبێ، چیتان لێی دەوێ؟ وا خۆی هەڵنابژێرێتەوە، با ماوەی سەرۆکایەتیەکەی تەواو بێت.

لەم لاشەوە کەسانی سەربەدەسەڵات بەناوخەڵکدا دەگەڕان وخەڵکیان سارد دەکردەوە. ناچار ئێمەش لیژنەمان دروست کرد بۆ بەرپەرچدانەوەیان و گەرم کردنەوەی مانگرتوان.

شەوی سێ شەممە زۆر دەترسام کە بەیانی مەیدانەکە چۆڵ ببێ، هەندێ شیعارمان ڕێك خست وەك (مش حنمشي هو يمشي) ، (ما بيفهمش عربى كلموه بالعبري إرحل يعنى إمشي، اللى ما يفهمش عربي) .

هەر ئەو شەوە باران باری، ڕاستە زستان بوو بەڵام کەس بەتەمای باران نەبوو، باران سەرقاڵی کردین بە هەڵدانی خێمەوە و بیری خەڵکەکەمان نەما کە دەڕۆیشتن، هەتا بڵێ ی وەزعمان خراپ بوو، ئا لەو کاتەدا کابرایەك هات کە ناوی نازانین، دواتر ناومان نا (خاوەن دوو ڕکاتەکە) .

ئەم پیاوە پیرە هەموو شەوی یەك شەممانێك دەهات بۆلای لیژنەی تەنفیزیەکە کاتێ کە بیروڕامان ئاڵوگۆڕ دەکرد، پێی دەوتم (يا حجازى سيب الأمر لصاحب الأمر) واتە: (ئەی صفوت حیجازی واز لە کارەکە بێنە بۆ خاوەن کار، واتە: بۆ خوا) ، هەستن دوو ڕکات نوێژ بکەین بۆ خوا ئەمەی دەوت و نوێژەکەی پێدەکردین ودەڕۆی بەجێی دەهێشتین.

ئەو شەوەی بارانەکەش (شەوی سێ شەممە) زۆر شپرز و نارەحەت بووین، ئەو پیاوە پیرە هات بۆلام و وتی: ئێوە لە باران دەترسن؟ وتم: بەڵێ، وتی: زۆرچاکە هەستن تەیەموم بکەن و لەگەڵما دوو ڕکات نوێژ بکەن! من و دوو لاو کە لەگەڵما بوون، تەیەمومان کرد و لە تەنیشتیەوە وەستاین، الله أكبر ی کردو، ڕکاتی یەکەم (قل هو الله أحد) و ڕکاتی دووەم (**قل أعوذ برب الفلق**) ی خوێند و پاشان سەلامی دایەوە، ئنجا پێی وتم (**دع الأمر لصاحب الأمر**) ئیتر بەجێی هێشتین، هەرئەوەندەی دیار نەما قەترەیەك باران نەباری!

## ڕۆژی وشترەکان (موقعه الجمل) :

وتمان سێ شەممە شەوەکەی حاڵمان زۆر خراپ بوو بەهۆی وتارەکەی سەرۆکەوە، میسریەکان بووبوون بە دوو بەشەوە، بەشێکیان دەیوت با وازی لێ بهێنین تا ماوەی حوکمەکەی تەواو دەکات و، بەشێکی تریشیان دەیوت: ئەبێ بڕوات چونکە تاوانبارو خوێن ڕێژە. بەیانی چوار شەممە (٢) ی فبرایری ٢٠١١ سەعات ٧ ی بەیانی ژمارەمان زۆر کەم بوو، کەمترین کەسی لێ بوو لەچاو ڕۆژانی تردا، سەرەتا بیست هەزارێك دەبوو تا نیوەڕۆ بوون بە پەنجا شەست هەزارێك، لەکاتێکدا ڕۆژی سێ شەممە یەك ملیۆن کەس لە مەیدانی تەحریردا بوو.

دیارە بۆ ئەو ژمارە زۆرەش کێشەی ئاودەست دەبێت، بۆیە من ڕۆژی یەك جار ئاوم دەخواردەوەو نانیشم زۆر کەم دەخوارد، بەڵام ژمارەکە یەکجار زۆرە بۆیە ناچار ئاودەستی سەفەری زۆرمان دروست کرد بە تەختە لەلایەن خۆبەخشەکانی ناو مەیدانەکەوە لە دارتاش و ئەو وەستایانەی کە ئیشی ئاوو ئاوەڕۆ دەکەن، ئاودەستی مزگەوتەکانیش سوودمان لێ دەبینین بەڵام زۆر کەم بوو، لە هەندێ شوێنی تریش ئاودەستی گشتی هەبوو کەس نەیدەوێرا بچێت لەبەر بەڵتەجیەکان.

هەر ئەو ڕۆژە ڕۆژنامەی ئەهرام هەواڵێکی بڵاو کردبووەوە گوایە ملیۆنێك کەس لە لایەنگرانی حوسنی موبارەك پەلاماری مەیدانی تەحریر ئەدەن، ئەمەش ترسێکی تری لامان دروست کرد، هەر هەمان ڕۆژ ئەفسەرێکی گەورەی ناسیاوم (لیوا جمال حماد) کە کاتی خۆی یەکەم بەیاننامەی شۆڕشی یۆلیۆی نووسیبووەوە، زۆر متمانەم پێی بوو ناردی بە دوامدا، کە چووم پێی وتم: وریابە شۆڕشەکە لەبار دەبرێ و هێرش دەکەنە سەرتان بە ئەسپ و حوشتر و هێزێکی زۆرەوە. هەمان ڕۆژ نزیکەی سەعات یەکی نیوەڕۆ پیاوێکی (بزنس مان) تەلەفۆنێکی بۆ کردم و وتی: دکتۆر مەیدان بەجێ بهێڵە چونکە هێرشێکی گەورەی ملیۆن کەسیتان دەکەنە سەرو ئەوەی بیگرن دەیکوژن، ناچار وەکو هەنگ لەگەڵ چەند لاوێکدا بە مەیدانا سوڕاینەوە تا بزانین لە کوێوە ئیحتیمال هەیە بێنە سەرمان.

سەعات یەکی دوای نیوەڕۆ هەمان کەس تەلەفۆنی بۆ کردمەوەو وتی: دکتۆر لەلای (**عبد المنعم ریاض**) و (کوبری ٦ ئۆکتۆبەر) ەوە دێن. من و هاوەڵانم چووینە ئەو لایەوە کە

دەيانووت ڕەنگە لەوێوە بێن و هانی خەڵکەکەمان دەدا لەسەر خۆڕاگری و گەرمان دەکردنەوەو نەمان ئەوێرا پێیان بڵێین بە حوشترو وڵاخەوە دێنە سەرمان، بۆ ئەوەی درزمان تێکەوێت و بەدوایا هێرش بکەنە سەر مەیدان.

کاتێکمان زانی بە حوشترو ئەسپ و گوێدرێژەوە هێرشیان هێنا، ئەوەی کە کامێراکان بۆ خەڵکیان گواستۆتەوە حەقی نەداوەتێ و نەیتوانیوە هەموو لایەنەکانی هێرشەکە بەتەواوەتی دەربخا.

من و خالید کە لاوێکی خوێن گەرم بوو، کێشی هەر ٥٠ کیلۆیەك دەبوو لەسەر تەنکیەکی ئاو وەستابووین، ئەوەندەم زانی خۆی هەڵدایە سەر حوشترێك و سەری حوشترەکەی گرت و ملی حوشترەکەی خوار کردەوەو حوشتر کەوت و خالیدیش کەوتە خوارەوە، لاوەکانی تریش بە هەمان شێوە بە وتنی (الله أكبر)ەوە حوشترەکانیان دەگرتەوە.

کە ئەسپەکان خۆیان پیا کرد لاوەکان ڕێیان گرت لە بەڵتەجیەکان کە بەدوایانا بێنە ژوورەوە، منیش هەر لە تەنکی ئاوەکەوە خۆم هەڵدایە سەر ئەسپێك و ئەوەی بە سەریەوە بوو خستمە خوارەوە، خۆشم نازانم چۆن؟ چونکە من بە حەیاتم سواری ئەسپ نەبووم.

بە سواری ئەسپەکەوە بەناو مەیداندا دەهاتم و دەچووم و بەوپەڕی حەماسەتەوە هوتافم دەکێشا، خەڵکی خۆپیشاندەر هەمووی وەك شێر ڕووبەڕووی هێرشبەران بوونەوە، نیو سەعات زیاتری نەخایاند وەزعەکەمان کۆنترۆڵ کرد.

پاشان لە ئێوارەی چوار شەممەوە تا نیوە شەو تەقەیان لێ کردین و بەردبارانیان کردین، بەڵام نەك بەردی عادی بەڵکو پارچەی شکاوی مەڕمەڕیان ئەهێنا کە گۆشەکانی تیژ بوون بەر هەرکەس بکەوتایە تەواو زیانی پێ دەگەیاند.

لەم کاتەشدا سوپا هەر بێ لایەن بوو، بەلام ئەفسەرێکی گاور کە ناوی ماجید بوو ئێمەش ناومان نابوو (ماجیدی شێر) لە ناوەڕاستی شەقامی (**طلعت حرب**) ەوە لەناو بەربەستەکانەوە تەقەی کرد بە هەوادا بەوەش بەڵتەجیەکان ترسان و لەوێوە نەهاتن کە ئەمەش دوای نوێژی عیشا بوو. ئێمەبەردو خشتمان لانەبوو، ژن و پیاوە پیرەکان خشتی قەراغی جادەکەیان هەڵدەکەندو دەیانشکاندو ئێمەش دەمانگرتە هێرشبەران.

ئەو ڕۆژە تەلەفزیۆنی میسری حەیای چوو، وێنەی کۆنی ئەو شەقامانەی پیشان دەدا گوایە هیچ نیەو خەڵك پیاسە دەکەن، جەزیرەش ڕاستەوخۆ واقیعەکەی پەخش دەکرد.

ئیتر ناچار هی وا هەبوو خوزەی دەکردە سەری و هی وا هەبوو کارتۆن و هی واش هەبوو سەتڵی نایلۆن ومەنجەڵ، هەرچی دەست بکەوتایە دەیانکردە سەریان لە ترسی بەردو پارچە خشت لەگەڵ ئەوەشدا ئەو شەوە دوو هەزار کەسمان بریندار بوون. خەڵکەکە تەواو ماندو و شەکەت بوون، بۆیە بە پلانێك من و دکتۆر بەڵتاجی کە ئەویش لە برایان بوو ڕۆڵێکی باشی هەبوو خۆمان ون کرد بە حساب چووین خەڵك بێنین، لەو سەرەوە بە سەرشانی کۆمەڵێك لاوەوە بە هوتافەوە هاتین تەنها بۆئەوەی ورەیان بەرز بکەینەوە. (دکتۆر بەڵتاجی ئەندام پەرلەمانی برایان بوو لە مەجلیسی شەعب) .

بەڕاستی ئەو شەوەو شەوەکانی تریش خوای گەورە بەهۆی لاوانی ئیخوانەوە شۆڕشەکەو ئەوانەی لە مەیدانەکەدا بوو پاراستنی، کە ئەمەش هەموو لایەنەکان دانی پیادەنێن.

## شەهیدبوونی مەحمود:

ئەو شەوە کاتژمێر (١٠) بوو ژنێکم بینی تەمەنی لە شەست ساڵ زیاتر بوو لای دوانگەی شۆڕشەکەوە خشتی دەردەهێنا و دەیشکاند و لەبەر خۆیەوە دەیووت: خوایە ئەم بەردە بکەوێ بەسەری ئەوەدا کە کوڕەکەمی کوشت، لایەوە وەستام و پرسیارم لێ کرد: کێ کوڕەکەتی کوشتووە؟ ، سەری هەڵبڕی و سەیری کردم و وتی: تۆ صفوت حیجازی نیت کە لە تەلەفزیۆن دەردەکەویت؟ وتم: بەڵێ، وتی: خوێنی کوڕەکەم لە گەردنی تۆیە، زۆر ترسام، وتم کوڕەکەت کێیەو بۆ خوێنەکەی لە گەردنی منە؟ !

وتی: یەك کوڕم هەبوو ناوی مەحمود بوو، لە ڕۆژی هەینیەوە دەیویست بێت بەشداری بکات لە مەیدان، من نەمدەهێشت، کە تۆمان دی لە کەناڵی جەزیرە، خۆشمان دەویی، بیانوم نەما کە ڕێی نەدەم، وتی: ئەوەتا شێخ صفوت لە خۆپیشاندانەکەدایە، سێ شەممە لە خۆپیشاندانە ملیۆنیەکەدا بەشداری کردو چوار شەممە بە بەرد مێشکیان پژاندو شەهیدیان کرد! ئێستاش کوڕەکەم لە (پزیشکی دادوەرییە) یە نایینێژم تا حەقی خۆم نەسێنم! ئەوکاتە سەعات دەو نیو

بوو کوڕەکەی ئێوارەی چوار شەممە شەهید بوو. ئا لەویا هەستم کرد دنیا بە کوڵمەوەیە، حەزم دەکرد بمرم، خوشکێك بە ناوی (نوارە نجم) پێی وتم: یا شێخ تۆم ئەدی لە هەموو ئەو شوێنانەی کە مردنی لێ بوو کەچی بەداخەوە نەتزانی بۆخۆت بمری، دیارە من شایەنی ئەوە نەبووم پلەی شەهیدیم دەست بکەوێت، بەڕاستی ئەو شەوە لە ژیان بێزاربووم و سووربووم کە لە لای بەربەستی یەکەمدا بمێنمەوەو دیفاع بکەم.

ئەو ڕۆژە سێ کەس بە بەردو چواردە پانزە کەسیش بە فیشەك شەهید بوون.

## شەهیدبوونی عبدالکریم:

من لە پشت بەربەستی یەکەمەوە بووم و لەگەڵ لاوێك کە ناوی عبدالکریم بوو بەردمان دەگرتە هێرشکەران، دەست و مەچەکمان شل بوون لە هیلاکیدا، دانیشتین پشوویەك بدەین، کۆمەڵێکی تر لە جیاتی ئێمە بەردیان دەهاویشت.

عبدالکریم دەرچووی ئەزهەر بوو بە دەم بەرد هاویشتنەوە قورئانی دەخوێند، نوێژی بەیانی کرا، دیارە هەر کۆمەڵە بە جیاو لەدوای یەك بۆئەوەی شوێنەکانمان چۆڵ نەبێت.

چوار گەنج هاتن و وتیان: دکتۆر نوێژت کردووە؟ وتم: نەخێر هێشتا نوێژم نەکردووە، وتیان: هەستە نوێژەکەت بکەو ئێمە پاسەوانیت دەکەین. وتم: ئەی ئێوە نوێژتان کردووە؟ وتیان: ئێمە نوێژ ناکەین.

وتم: باشە بەجدی چۆن نوێژ ناکەن؟ وتیان: ئێمە گاورین!! بەڕاستی ئەم مەوقیفە زۆر کاری تێکردم، هەستاین من و عبدالکریم نوێژمان کرد. پاش نوێژ عبدالکریم پێی وتم: ئێمە لەسەر هەقین؟ ؟ وتم: (**إن شاء الله**) ئێمە لەسەر هەقین و ئەوەی بکوژرێ شەهیدە. وتی: بەڵگەت چیە؟ وتم: تۆ بۆچی هاتوی؟ وتی: هاتووم بە ستەمکار بڵێم تۆ ستەمکاری. وتم: لە فەرمودەکەدا کە حاکم ریوایەتی کردووە هاتووە (سيد الشهداء حمزة ورجل قام إلى حاكم ظالم فنصحه فقتله) .

دەستی هێناو دەستمان خستە ناو دەستی یەکەوەو وتی: ئەمانەت بێت دکتۆر ئەگەر تۆ شەهید بووی پێش من سەلامم بگەیەنە بە حەزرەتی حەمزە. منیش وتم: ئەمانەت بێ ئەگەر

تۆش پێش من شەهید بووی باوەشم بۆ بکە بە حەزرەتی حەمزەدا. تۆزێك بێدەنگ بوو هەستا، وتم: بۆ کوێ دەچی، وتی: ئەچم سەلامت ئەگەیەنم بە حەزرەتی حەمزە، قسەکەی تەواوکرد بەپێوە فیشەکی قەناصە دای لە سەری و کەوتە باوەشمەوە، هەموو دەموچاوی بوو بە خوێن، چاویم داخست، دەستم خوێناوی بوو هێنام بە جلەکانما، خوێنەکەی بۆنی میسکی لێدەهات.

لەو ساتەدا (الله أكبر) م وت، یەکێ لە لاوە مەسیحیەکان نوشتایەوە بەسەر عبدالکریم داو بۆنی میسکی کرد و نازانم وتی (الله أکبر) یان وتی (أشهد أن لا إله إلا الله) . . لاوەکان عبدالکریمیان برد، من لەجێی خۆم ئەژنۆم هەڵی نەئەگرتم، زۆر خەفەتم خوارد، نە بۆئەوەی کە عبدالکریم شەهید بوو، بەڵکو لەبەرئەوەی کە بۆ من هەڵنەستام تا ئەو شەهیدیە بە نسیبی من بووایە. ئا لەوێدا زیاتر دڵنیا بووم کە خوای گەورە حافز قورئانێکی بە شەهیدی بردەوە لای خۆی، وتم: دیارە ئەم شۆڕشە سەردەکەوێ و بەردەوامیش قسەکەی عبدالکریم لەگوێما دەزرنگێتەوە.

## دایکێك و سێ کوڕەکەی:

شەو سەعات (٢) بوو ئەگەڕام بەناو خەڵکەکەدا، ژنێکم بینی دوو کوڕ لەم لاو ئەولایەوە بوون، بە زەردەخەنەیەکەوە سەیرم کردن، وەك بڵێم کەی وەختی دانیشتنە، کوڕێکیان وتی: دکتۆر بەخوا دەست و مەچەکمان نەماوە، دانیشتووین پشوویەك بدەین، ژنەکەش وتی، ئەوانە کوڕمن بە نۆرە ئەچن بەرد ئەهاون، ئەم دوانە پشوئەدەن و سێیەمیشیان چووە بۆ بەرد هاویشتن.

سەعات (٩) ی شەو کوڕێکیشم بینی وتم: تەمەنت چەندە؟ وتی: دوانزەساڵ، لە چاکەتەکەیدا بەردی هەڵگرتبوو، باوك و برا گەورەکەی لە پێشەوە بەردیان دەهاویشت، ئەمیش بەردی بۆ دەبردن، وتم: ناشێ دایکیشتان هاتبێ؟ وتی: بەڵێ دایکم بەرد و خشتمان بۆ دەشکێنێ.

خەڵکی وای لێهاتبوو بە سەر و ماڵ و منداڵەوە بەشدار بوون لە شۆڕشەکەدا. ڕۆژی پێنج شەممە نزیکەی نیو ملیۆن کەس هاتن بۆ مەیدان، خوا هێرشی وشتر و وڵاخەکانی کرد بە خێر تا

خەڵكی بگەڕێنەوە مەیدان، خەڵكی كە ڕووداوەكانی چوارشەممەیان بینی بــوو لــە تەلەفزیۆنــەوە هەستیان بە گوناهباری دەكرد كە ئەو ڕۆژە بەشدارنەبوون، دەیانویســت هــەق بكەنــەوە. پێــنج شەممە شەوەكەی نزیكەی دووسەد هەزار كەس لەناو مەیدان دا مانەوە. ڕۆژی هــەینی (ئەحمــەد شەفیق) ڕایگەیاند كە نابێ تەقە بكرێت، ئەو ڕۆژەش عومەر سولەیمان دەركەوت، وتی: سەرۆك و كوڕەكەی خۆیان هەڵنابژێرن بۆ سەرۆكایەتی. ئەو جومعەیــە هــەموو شــارەكانی میســر یــەك دەنگ بوون كە ناوی بنێن (**جمعة الرحيل**) كە دەبێت حوسنی موبارەك بڕوات.

## دایكی مەحمود:

هەینی پێش عەسر دایكی مەحمودم بینی، كە مەحمودی لــە (پزیشــكی دادوەری) دانرابــوو نەیدەناشت، دایكێك جەرگی سووتاو بوو، دایكێك تاقە كوڕەكەی كە بە تەما بوو ژنی بۆ بێنــێ لــە ڕۆژی هــەینی (١١ی فبرایــر) دا شــەهید بــوو، وتم: وا حوســنی موبــارەك دەڕوا بــۆ ناچــی كوڕەكەت بنێژی، وتی: مادام دەڕوات نایبنێژم جارێ، شــەوی هــەینی حوســنی موبــارەك ملــی شكاند، بەیانی شەممە دایكی مەحمودم بینی هەلهەلەی لێ ئــەدا و باوەشــی پیــاكردم، پــێم وت: پیرۆزت بێت، هەزار جار پیرۆزت بێت، دایكی مەحمود فەرەح و خۆشی مەحمودت دی، وتی: نــا كوڕی من ئەمە فەرەح و خۆشی هەموو میسرییەكانە. بەیانی شەممە (١٢) ی فبرایــر پێــی وتم: دەمەوێت هاوكارییەكم بكەیت، وتم: فەرموو لە خزمەتدام، وتی: دەمەوێت بێی لەگەڵما مەحمود بنێژین، چووم لەگەڵیا و بەبێ شتن ناشتمان چونكە شەهید ناشۆرێت، ئنجا دایكــی مــەحمودمان بردەوە ماڵەوە، پێی وتم: یەك ئاواتم هەبوو بەتەمابووم مەحمود پاش ئەوەی ژنی هێنا بۆم بكات نازانم تۆ بۆم دەكەیت؟ وتم: بەڵێ بۆت دەكەم، فەرموو.

وتی: حەزم دەكرد بچم بۆ عومرە و زیارەتی رسول الله بكەم. . .

وتم: زۆرباشە من بۆت دەكەم.

وتی: كەی؟

وتم: ژمارەی تەلەفۆنتم بدەرێ، ژمارەی تەلەفۆنی ماڵیانی دامێ.

من له مەیدان مامەوە، هەموو ڕۆژێ تەلەفونم بۆ دەکرد، ڕۆژی یەك شەممە (٢٠) ی فبرایر تەلەفۆنم کرد بۆ ماڵی دایکی مەحمود کە پاسپۆرتەکەی بەرم لەگەڵ خۆمدا و فیزەی سعودیەی لێ بدەم، تا بیبەم لەگەڵ خۆم بۆ عومرە کەچی ئافرەتێك وەڵامی دامەوە و وتی: دایکی مەحمود کۆچی دوایی کرد. بەڕاستی هەستم بە ستەم دیدەیی ئەو ئافرەتە کرد، کە جەرگی سوتاو بە خەم و مەینەتەوە گیانی سپارد، بۆیە سوور بووم کە بچم بۆ عومرە هەرچەندە بەتەمای خۆپیشاندانی ملیۆن کەسی بووین، چووم بۆ عومرە و عومرەیەکیشم کرد بۆ دایکی مەحمود.

## تەوبەکردنی یەکێ لە بەڵتەجیەکان:

یەکێ لە بەڵتەجیەکان کە ئێمەی بینی، هەستی بزواو دڵی پێمان سوتا کە ئێمە مەزلۆمین، ڕۆژی (٣٠) ینایر بوو هاتە لام وتی: من ئەتوانم چیتان بۆ بکەم، من ئەمەوێ لەگەڵتان بم و هاوکاریتان بکەم، دانیشت وەك منالێ بە کوڵ گریا، پاشان وتی: ئەگەر دەتانەوێ لەو بەڵتەجیانە بهێنم بۆ هاوکاریتان، وتم: تۆ ئەتوانی لە سەرجادەی (طلعت حرب) هەرچی هات لە بەڵتەجیەکان بیترسێنی تا نەیەن لەوێوە بۆمان. ئەوەی بۆ کردین و سوودی زۆرمان لێ بینی، هەروەها کاتێك کەسێکمان دەگرت کە دەمانویست بزانین بەڵتەجیە یان نا، ئەو دەیناسین کە چاوی پێیان دەکەوت ئیشارەتێکی دەکردین، ئیتر بەوەدا دڵنیادەبووین کە بەڵتەجیە و دەسبەسەرمان دەکرد و قۆڵبەستمان دەکرد و دوای قەدەغەکردنی هاتوچۆ دەماندایە دەست سوپا. بەڵتەجیەکان کە دەمانگرتن بۆنی عارەق و موخەدەراتیان لێ دەهات، تەنانەت هەستیان بە ئازار نەدەکرد، بۆیە هەندێ لاومان هەبوو دەرزییان پیا دەکردن ئەگەر بیزانیایە هەستی پێ ناکەن دڵنیا دەبوون کە ئەوە لە بەڵتەجیەکانە.

هەروەها ئەو تەوبەکارە زۆر خزمەتی کردین کە خواردنی دەهێنایە مەیدانەوە. شایەنی باسە زۆربەی وڵاتانی بەناو ئیسلام کە دیکتاتۆرین بەڵتەجیان دروست کردووە بۆ ڕایی کردنی کاری خۆیان، لە یەمەن پێیان دەڵێن بەڵتەجی و لە سوریاش ناویان ناون (شەبیحە) . لەڕاپۆرتێکی وەزارەتی دەرەوەی میسریدا هاتووە کە نزیکەی سەدهەزار بەڵتەجی هەیە لە میسردا کە ئەمەش ژمارەیەکی زۆرە.

## سەر ماچکردن:

ڕۆژی پێنج شەممە (٣) فبرایر نەزرم کرد لەسەر خۆم کە هەرچی سەری بەستووە و بریندار بووە سەری ماچ بکەم، گەڕام بە سەریانا یەك یەك سەریانم ماچ دەکرد، بەڕاستی ئەوانە فیداکار و نەبەرد بوون کە ڕۆژی چوار شەممەو شەوەکەی ڕووبەڕووی بەڵتەجی و پیاوانی دەسەلات وەستانەوە. یەکێ لە لاوە چەپەکان کە سەری بەستبوو، سەریم ماچ کرد.

وتی: بۆچی سەرم ماچ دەکەیت؟

وتم: لەبەرئەوەی تۆ شایەنی لەوەش زیاتری و خۆزگە من بریندار بوومایەو تۆ بریندار نەبوویتایە.

وتی: ئنجا خۆ من چەپم.

وتم: جا قەیدی چییە ئەوە جارێکی تریش ماچی دەکەم، ئەمجارەش سەریم ماچ کردەوە، ئەو لاوە زۆر هەستی بزواو باوەشی پیا کردم و زۆر گریاو وتی: دکتۆر لە دنیادا کەس نەبوو بە هێندەی تۆ ڕقم لێی بێت، هەرچەند هەرچی وەك تۆشە ڕقم لێیەتی، بەمەی کە تۆ لەگەڵت کردم ئەڵێی سەرلەنوێ موسوڵمان بوومەتەوە.

وتم: کوڕم تۆ هەر موسوڵمان بوویت.

وتی: ڕاستە بەڵام هەستم پێ نەدەکرد.

بەڕاستی ئەو خەڵکە هی وای تیا بوو دوو هەفتە بوو جلەکانی نەگۆڕیبوو، جلەکانیان ڕەنگی زەویەکەی گرتبوو، بە یەکێکیانم وت: وەرە بۆ ماڵمان خۆت بشۆو جلەکانت بگۆڕە.

وتی: ئەترسم بڕۆم و نەگەڕێمەوە، یان بگیرێم، من ناڕۆم تا حوسنی موبارەك دەڕوات.

## سوکایەتی و زیللەت:

گەنجێك هاتبوو لە پەنایەکدا دانیشتبوو ناوی ئیبراهیم بوو لە نوسینگەکەم چای بۆ دەهێنام، گومانم لێ کرد کە سەر بە دەسەلات بێت.

پێم وت: ئێمە گومانمان لێتە.

وتی: دکتۆر من سایەقی (میکرۆ پاصم) و تەنها سەرچاوەی بژێوی دایك و باوك و خێزانەکەمم و ئەوەی دەستم دەکەوێ لە سایەقی ئەبێ سەرانە بدەم بە (ئـەمینی **شـرطه**) ، جـا ئـەو ڕۆژەی مانمان گرت و کارمان نەکرد، (ئەمینی **شرطة**) کەسوکایەتی زۆری پێکـردم تەنانـەت ڕووت و قوتی کردمەوە، منیش ئەمڕۆ لە داخی ئەو سوکایەتی و زیللەتەی کە بەسەر منی هێنا هاتووم لێرە بەشدار بم لەگەڵتانا.

وتم: ئەی باشە بۆ نایەیتە پێشەوە و بەشداری بکەیت؟

وتی: دەترسم تووشی شتێك ببم، کەس نییە دوای من چاوی لە دایك و باوك و منداڵەکانم بێت، هەموویان لە برسا دەمرن.

بەڕاستی لەسیستمە دیکتاتۆریەکاندا سەر تاخوار سـتەم دەکـات، میللـەتیش زۆربـەی تـاڵاوی زیللەت دەچێژێ. خەڵکی ئەوەندە داخ لە دڵن لە ستەمکاران تەنانەت هی وا هەبوو لە وڵاتـی سعودیە و کوێت، تەنانەت لە ئەوروپاوە هاتبوون بۆ بەشداری کردن لە مەیدانی تەحریردا، یەکێ لەوانە مامۆستایەکی زانکۆ بوو لە ئـەوروپاوە هـاتبوو بـۆ بەشـداری کـردن لـە شۆڕشـەکەدا. بەڕاستی لاوی وامان هەبوو ئەوەندە ئازاو چاو نەترس بوو، بە برادەرەکانی دەوت: من دکتۆرام هەیە لە عینادیدا. شایەنی باسە ڕووداوەکانی مەیدانی تەحریر بە دەنگ و ڕەنگـەوە بـەردەوام دەگوێزرانەوە بۆ حوسنی موبارەك وبەردەوام موتابەعەی دەکرد، ئـەوەی جـەرگی بڕیبـوو یـەك دەستی و یەك دڵی و یەك دەنگی هەموو لایەنەکان بوو. لەڕۆژی (جومعـەی رحیـل) دا (٤) ی فبرایر نزیکەی ملیۆن و نیوێك کەس لە مەیداندا خۆپیشاندانیان کرد.

## حوکمی جاسوسی:

لە دوای (٤) ی فبرایرەوە ئەوانەی کە یەکلایی نەبووبوونەوەو هەست و سۆزێکیان هەبوو بـۆ سەرۆك خۆیان یەکلایی کردەوە، ئیتر لە هەموو چین و توێژەکان دەهاتن و تەنانەت هی وا هەبوو (خواردن) و کێك و شتی تریان بۆ دەهێنایین وەك بەشدارییەك لە شۆڕشـەکەدا. (٩) ی فبرایـر، داوای دانوستانیان کرد لەگەڵ نوێنەری خۆپیشاندەران و لایەنەکاندا، بـەڵام ئێمـە وەك مەیـدان بەرپەرچی ئەوەمان دایەوە لەگەڵ نیزامدا دابنیشین. بیرم نەچێ لـە (٢) ی فبرایـر نزیکـەی دوو سەد لاوی شاری (منیا) هاتبوون بۆ بەشداریی لە مەیدانی تەحریردا و کفنـی سـپییان پۆشـی

بوو، هاتبوون دەستەویەخەی مەرگ بن، بەڕاستی دیمەنێکی سەیر بوو، ئافرەتێکم بینی سەلامی لێکردم بەگریانەوە.

وتم: بۆ دەگریت؟

وتی: یەکەم جارە دیمەنی ئاوەها ببینم کە لاوەکان کفنیان پۆشیوەو بەرەو مەرگ بە ویست و ئارەزووی خۆیان دەچن بەڕاستی دیمەنێکی سامناکە. لە دیمەنێکی تریشدا مارەی کوڕ و کچێکمان بڕی و وتم: ئەگەر ئەمانە لێرە لە مەیدان شوویان بە یەکتر کردووە، منالیشیان ببێ ئێرە بەجێ ناهێڵین تا موبارەك نەڕوات.

## خاڵی وەرچەرخان:

لە دوای (٨) ی فبرایرەوە کە سێ شەممە بوو، یەك ملیۆن کەس ئامادەی مەیدان بوون و ژمارەیەکی زۆر بەتانی و خواردنمان بۆ هات، زۆر کەسی هەژار دەهاتن و دەیانووت ئێمە هەرچەند لێرە ناخەوین بەڵام بەتانیمان بدەنێ چونکە لەماڵەوە بەتانیمان نیە، ئێمەش دەماندانێ.

دەرمانێکی زۆرمان بۆ دەهات، دکتۆرەکان بە پیاو و ژنیانەوە ڕۆڵێکی مەزنیان بینی، (ڕەندە) ش کە پەرستیار بوو لەگەڵ ئەوەدا کە ناساغ بوو خوای گەورە هێز و توانایەکی سەیری دابوویە، مەگەر لەسەر کورسیەکەی خەوی لێ بکەوتایە لە هیلاکیدا، ئەگینا نەدەنووست، ئەگەر کەسێك بریندار بوایە و بهاتایە یەکسەر هەڵدەستاو دەچوو بە دەمیەوە، بەڕاستی مەزنی و هیممەتێکی گەورەبوو، کە ئەم ئافرەتە بە شەوو ڕۆژ خزمەتی دەکرد. دکتۆرە ئەمیرەش تازە لە کۆلێژی پزیشکی دەرچووبوو، مەیدانی بەجێ نەدەهێشت.

پێم وت: کچم کەس و کارت قسە ناکەن تۆ هەر لێرەیت.

وتی: دکتۆر کەس و کارم منیان لە ڕێی خوادا بەخشیوە!.

ڕۆژی سێ شەممە دەنگ و باس هەبوو کە لەسەر تاسەری میسردا نزیکەی هەژدە ملیۆن کەس ڕژاونەتە سەر شەقامەکان بۆ خۆپیشاندان دژی سەرۆك و دارو دەستەکەی، بەڕاستی ئەمە ڕۆژێکی یەکلایی کەرەوە بوو. ئەو ڕۆژە کەناڵی جەزیرەش دەنگوباسی زۆربەی ڕووداوەکانی شارەکانی میسری بڵاو دەکردەوە.

## مەجلیسی شەعب:

ڕۆژی سێ شەممە سەعات (١) ی نیوەڕۆ زۆر ماندوو شەکەت بووم، چوومە لای سیاجی زانکۆی ئەمەریکی و دانیشتم لەژێر کەپرێکی لاوەکاندا کە بە بەتانی دروستیان کردبوو تا دووربم لە ژاوە ژاوو کەمێك پشوو بدەم.

لەو کاتەدا لاوێك هات بۆلام وابزانم ناوی (محمد) بوو، من ناوم ناوە (صاحب النقب) مەبەستم ئەو کەسەیە کە خۆی نەناساند و لە کونێکەوە چووە ناو قەڵای دوژمنانەوە و بووە هۆی سەرکەوتنی سوپای ئیسلامی و فەتحی قەڵاکە لەسەر دەستی (قوتەیبەی کوڕی موسلیم) دا.

ئەم لاوە ڕیشدار بوو هات و وتی: دکتۆر سەدان کەس لە جادەی فەلەکی دان و سوپا نایەڵێ بێنە ژوورەوە بۆ ناو مەیدان، کە ئەو جادەیە لای ڕاستی وەزارەتی ناوخۆیە و لەوێشەوە نزیکە لە مەجلیسی شەعب.

وتم: برام من زۆر ماندووم.

وتی: دکتۆر ئێوە پێشەواو سەرکردەن چۆن دەخەویت؟ ئەمە زۆر کاری تێکردم هەستام بڕۆم لەگەڵیا هەرچەندە قاچم بریندار بوو هیچی واشم لە پێدا نەبوو. چووم لەگەڵ ئەفسەرێکدا قسەم کرد زۆر ناشرین بەرپەرچی دامەوە و ڕێی نەدا بە خەڵکەکە کە بێنە ناوەوە. زۆر نارەحەت بووم و گەڕامەوە و لاوەکە وتی: بۆ ئەو خەڵکە نەبەین بەرە و مەجلیسی شەعب و لەوێ مانبگرین.

وتم: ڕاوەستە با (ئیستخارە) یەك بکەم، هەروا بەپێوە دوعای ئیستخارەم خوێند، ئنجا هاتم بە برایەکم وت ئەتوانی هەڵم بگریت، وتی: بەڵێ.

وتم: هەر گەیشتینە ناو خەڵکەکە لە مەیدان هەڵم بگرە، جا هەر گەیشتینە ناو خەڵکەکە منی کردە قەڵادۆشکان و کەوتمە هوتاف کێشان (بۆ پەرلەمان، بۆ پەرلەمان) پێنج هەزار کەسێك دوام کەوتن، سوپا وایانزانی لە مەیدان دەردەچین ڕێیان کردین، هاتینە سەر شەقامی مەجلیسی شەعب، ئنجا ئەوانەش کە لە شەقامی فەلەکی گیریان خواردبوو کە منیان بینی لە مەیدانەوە هاتووم ئەوانیش لێمان کۆبوونەوە. . ئەو ڕۆژە دەنگ و باسێك بڵاوبۆوە کە حوسنی موبارەك حەفتا ملیار دۆلارێکی هەیە، بۆیە یەکێ لە هوتافەکانمان بوو بە **(حسنی مبارك یا طیار جبت**

**منين سبعين مليار)** هەروەها لە هوتافەکانماندا داوای دادگایی کردنی بەرپرسان و سەرۆکمان دەکرد. کە ئێمە ئەو شەقامەمان گرت ڕێی مەجلیسی وەزیرانیش گیرا، چونکە لە بەردەم مەجلیسی شەعبدا بوو، ئەحمەد شەفیق و وەزیرێکی تر هاتن ڕێیان نەدان بچنە ژوورەوە، ئەمەش بوو بە دەنگ و باسی یەکەمی هەموو کەناڵە جیهانیەکان. ئەمەش زۆر گرنگ بوو بۆ شۆڕشەکەمان، بۆیە لاوەکان بڕیاریاندا کە دەوری بینای ئیزاعە و تەلەفزیۆن و کۆشکی کۆماریش بگرن بۆئەوەی زیاتر فشار بخەنە سەر دەسەڵات.

## بەتانیەك:

خەڵکی بە هەژارو دەوڵەمەندیەوە هاوکارمان بوون، هەندێ کەس بەتانیان دەهێنا ناونیشانی خۆیانیان لەسەر نووسی بوو لەگەڵ ئەوەدا هەژار بوون و حەزیشیان دەکرد بەشداری بکەن بە سەرو ماڵ، بەڵام لەبەرئەوەی نەدار بوون دەیانویست دوای شۆڕشەکە بەو ناونیشانە بەتانیەکانیان بۆ بگێڕینەوە!یەکێ لەو کەسانەم بینی کە بەتانیەکەی ناونیشانی خۆی لەسەر نووسیبوو، وتم: ئەوەت بۆ نووسیوە؟

وتی: من پیاوێکی کەم دەست و نەدارم هیچی وام لە دارای دنیا نیە، تا دوایی بەتانییەکەم بدەنەوە، بەڕاستی زۆر هەست و سۆزم بۆ مەوقیفەکەی بزوا، هەستام سەری پیاوەکە و دەستیم ماچ کرد.

لاوەکان خۆشنووسیان تیابوو خێرا لافیتە و کارتۆن و شتیان هەڵواسی بە دەرگای مەجلیسی شەعبدا کە مەجلیسی شەعب داخراوە تا ئەوکاتەی دەسەڵات دەڕوخێ. شەو هەرچەند سیحرێکی تایبەتی هەبوو، ترسناك بوو، بۆنی خوێنی لێدەهات، لەگەڵ ئەوەشدا لەم لاو ئەولاوە لاوەکان گۆرانی نیشتیمانیان دەوت، هونەرمەندان شانۆگەریان پێشکەش دەکرد، هۆنراوە دەخوێنرایەوە. . هەندێکیش بە دار و تەختە ئاگریان دەکردەوە و خۆیان گەرم دەکردەوە و چایان لێدەنا، لەلایەکی تریشەوە ئیسلامیەکان کە بە نۆرە لە پشت بەربەستەکانەوە پاسەوانیان دەکرد سروودی ئیسلامییان دەوتەوە. یەکێ ڕیشدار و، یەکێ بێ ڕیش، یەکێ لەچك بەسەر، یەکێ پانتۆڵ لەپێ و بێ لەچك، مەسیحی، موسوڵمان، هەمووان یەکتریان قوبوڵ بوو، هەموو دەهاتن و دەمانەوە و بەشدارییان دەکرد.

پێنج شەممە ڕێکەوتی (١٠) فبرایر: هەموو چاوەڕێی ئەوە بووین کە حوسنی موبارەك دەست لە کار بکێشێتەوە بۆیە ئەو ڕۆژە هوتافەکان بریتی بوون لە (صح النوم، صح النوم الليلة دي آخر يوم) يان (اللهم صل على النبي، الشعب خلاص أسقط النظام) . حوسنی موبارەك کە پێنج شەممە وتاری دا، ئەو ڕۆژە نزیکەی ٨٠٠ هەزار کەس لە مەیداندا بوون، هەموو بێدەنگ بوون، دەرزیت هەڵدایە گوێت لە دەنگی دەبوو، چاوەڕێی وتارەکە بوون، کە شاشەی کەناڵەکان دەیانگواستەوە، لەپڕ خەڵکەکە هوروژان و بوو بە هەراو هەموو پیلاوەکانیان داکەند و بەرزیان کردەوە تەنانەت من دانیشتبووم قاچم درێژ کردبوو، یەکێ پێلاوەکانی منیشی داکەند و بەرزی کردەوە، وەك نارەزاییەك بۆ وتارەکەی سەرۆك؟ !

خەڵکی تووشی بێ ئومێدی بوون، هی وابوو ئەگریا، ژنان شیوەن و باوکەڕۆیان پێکەوت، هی وابوو بەیەکجاری ورەی ڕووخا، خێرا پێلاوەکانم لەپێ کردەوە و چوومە سەر دوانگەکە، کەوتمە هوتاف کێشان (گەل دەیەوێ بچێ بۆ قصر العروبە) ، ئیتر خەڵکی کەوتنە ڕێ بەرەو کۆشکی عروبە، لەبەرئەوەی لە سێ شەممەوە (١) ی فبرایر چاوەڕێ بوون ئەوا (١٠) ی فبرایرەو، وتاری ئاوا دەدات جەنابی سەرۆك. (کۆشکی کۆماری) نزیکەی (٢٠) کیلۆمەتر دووربوو بەرەو ئەوێ کەوتینە ڕێ، کە ئەمەش ناموبارەکی ناچار کرد دەست لەکار بکێشێتەوە لە ڕۆژی هەینی دا.

## الله أكبرى جەژن

ڕۆژی ٥شەممە (١٠) ی فبرایر هەزاران کەس چوار دەوری بینای تەلەفزیۆن و رادیۆیان گرتبوو هەروەها هەزارانی تریش لە دەوری قەصری عروبە بوون. ئەوانەی لە مەیدان بوون زۆریان وەسیەتیان دەنووسی و بۆیان دەخوێندمەوەو دەیانووت لەلایەنی شەرعیەوە وەسیەتەکەم باشە، منیش زۆربەیانم پەسەند دەکرد یان شتێ بوایە بۆم ڕاست دەکردنەوە، کەس نەیدەزانی چی دەقەومێ، کەس بەتەمای خۆی نەبوو.

ڕۆژی هەینی (١١) ی فبرایر خەڵکی بڕیاریان دابوو تا حوسنی موبارەك نەڕوات نارۆن ئەگەر شەش مانگیش بخایەنێت. بۆیە هوتافێك هاتە کایەوە دەوترا (مووچەی شەش مانگەکەی بدەنێ و با بڕوا لەکۆڵمان بێتەوە) . بەیانی هەینی کە لای مەیدان لە خەو هەستام گوریسێکم بینی،

لام سەیربوو بە سیاجی کۆرنیشەوە بەسترابوو، دواتر سەیرم کرد لاوێك کە لە مەیدان مابۆوە و ماوەیەکی زۆر بوو خۆی نەشتبوو بۆئەوەی مەیدان بەجێ نەهێڵێ و خۆی بشوا، مەلەشی نەدەزانی ئەو گوریسەی بەستبوو بە سیاجی کۆرنیشەوە و چوو بووە ناو ئاوی نیلەوە تا مەلە بکات و تۆزێ پاك بێتەوە و دوایش پێی بێتە دەرەوە و نەخنکێ.

ئەوەی پێمان گەیشت گوایە بیست و چوار ملیۆن میسری لە سەرتاسەری وڵات دا ئەو عەسرەی هەینی هاتبوونە سەر شەقام و خۆپیشاندانیان کردبوو. لای کۆشکی عروبە یەکسەر خۆپیشاندەران خەستەخانەیەکی مەیدانیان دروست کرد، نزیکەی (١٣٠) هەزار کەسێك دەبووین، نوێژی ئێوارە و عیشامان بە (جمع التقديم) کرد، تۆزێ هوتافمان کێشا، ئەفسەرێك مایکرۆفۆنەکەی وەرگرت و وتی: بەیانێك لە مەجلیسی ئەعلاوە دەردەچێت.

خەڵکی لە باڵەکۆنەکانەوە تەلەفزیۆنیان دانا تا جەماوەر ببینێ چونکە سەتەلایتمان لانەبوو، هەرئەوەندەی عومەر سلێمان بەیانی دەست لەکارکێشانەوەی موبارەکی خوێندەوە خەڵکەکە توشی حاڵەتێکی هیستیری بوون کە شتی وام نەدیوە، لە خۆشیا باوەشیان دەکرد بە یەکداو پیرۆزباییان لەیەکتر دەکرد.

کەوتینە وتنی ألله أكبر ی جەژن: ألله أكبر ألله أكبر لا إله إلا الله

و ألله أكبر ألله أكبر ولله الحمد

من بەسەرشانەوە بووم هوتافم دەکێشا و دەموت: (گەل دەسەڵاتی ڕووخاند) گەنجێك هەستم کرد قاچم ڕادەکێشێ، سەیرم کرد، پێی وتم: دکتۆر بڵێ خوا بە تەنها خۆی دەسەڵاتی رووخاند. ئیتر منیش ئەو هوتافەم دەکێشا **(الله وحده أسقط النظام)** . ئەو گەنجەی کە ئەوەی پێ وتم دوایی بۆم دەرکەوت مەسیحیی بوو، ناوی هانی حیلمی جرجیس بوو، بەڕاستی هوتافەکەی یەکتاپەرستی تەواو بوو.

لەبەردەم قصری عروبەوە هێنایانم بەسەر شان بەرە و مەیدان، لەرێ پیاو و ژنێك و کوڕەکەیانم بینی لە شەقامێکی لاڕێدا، چونکە دەمانویست بە جادە سەرەکیەکاندا نەڕۆین تا زووتر بگەینە مەیدان و ئاهەنگەکەمان بگێڕین.

پیاوەکە سەلامی لیّ کردم و باوەشی پیاکردم، کوڕەکەشیان کە لەوە دەچوو لە پـۆلی شەشـەمی سەرەتایی بێت پێی وتم: خالّە پرسیارێکم هەیە.

وتم: فەرموو.

وتی: خالّە ڕزگارمان بوو سەرۆك کۆمار نەما؟

وتم: بەلّیّ سەرۆك کۆمارمان نەما.

وتی: جەمال موبارەکیش نابێت بە سەرۆك.

وتم: نەخێر، جەمال موبارەکیش نابێت بە سەرۆك.

وتی: سوپاس بۆ خوا!

وتم: بۆ وا دەلّێی؟

وتی: من زۆر دەمێکە نوێژ دەکەم و دەپاڕێمەوە ببمە سەرۆك کۆمار، إن شاء الله ئەبمە سـەرۆك کۆمار. . خەریك بوو قاچی ماچ بکەم لە خۆشی قسەکەی، بەڕاستی کابوس و مۆتەکـەی سـێ سالّ لەکۆلّی میسرییەکان بووەوە، ڕەنجەکەمان بە زایـە نەچـوو، کارەکـەمان بەرهـەمی هـەبوو. ئەمەش وام لیّدەکات زۆر گەشبین بم بە داهاتوو.

خەلّکی هەموو خۆشیان دەردەبڕی لە بالّەکۆنەکان و سـەر شـەقامەکانەوە، خۆشـییەك بـوو هەرگیز شتی وا لە میسر ڕووی نەداوە، نەك هەر میسر ولاّتە عـەرەبی و ئیسـلامیەکانیش لـە خۆشی ڕزگاربوونی گەلی موسولّمانی میسر ڕژابوونە سـەر شـەقامەکان و ئاهـەنگیان دەگێـڕا. سوپاس بۆ خوا کە ئێمەومانانی بەکارهێنا بۆ ئەو شۆڕشە مەزنـە. بـۆ هـەینی داهـاتووش لـە شەممەوە کەوتینە خۆ ئامادەکردن کە شێخ یوسف قەرزاوی وتـاری هـەینی بـدا کـە ناومـان نـا هەینی سەرکەوتن. هەینی سەرکەوتنیش نامەیەك بوو بۆ دەسەلاّت تا بزانێت شۆڕش بەردەوامە تا هەموو داواکاریەکان جیّبەجیّ دەکرێن.

لە هەینی لاچووندا کە (١١) ی فبرایری (٢٠١١) ە بوو خۆپیشاندەران هەندێکی بەلایانەوە وابوو کە ئیتر مادەم موبارەك لاچوو پێویستە هەرکەس بڕواتەوە ناو مالّ و حالّی خۆی و مەیدان چۆلّ بکەن، هەندێکی تریش بەلایانەوە مانەوە باش بوو. ئێمە خۆمان ئامادە کـرد بـۆ (١٨) ی فبرایر کە هەینی سەرکەوتن بوو، دکتۆر یوسف قەرزاوی وتاری تیادا و نزیکەی سیّ ملیۆن کەس

تیایدا بەشدار بوون. هەرچەندە برایان ڕۆڵێکی زۆر گـەورەیان هـەبوو لـە شۆڕشـەکەدا، بـەڵام حەزیان دەکرد کە لە پشت ڕووداوەکانـەوە بـن و زۆر دەرنەکـەون، بۆیـە ڕازی نـەبوون کـە لـە هەینیەکانی پێشتردا دکتۆر قەرزاوی وتار بدات. پێش وتارەکەش وەك هەموو هەینیـەکانی تـر سەعات (١١) ی نیوەڕۆ مەسیحییەکانیش (قُداس) ی خۆیان دەکرد، کە دیارە بوونی ئـەوانیش لە مەیدانەکەدا ڕۆڵی چاکی هەبوو. .

ڕۆژی (٢٤) ی فبرایر حکومەتی ئەحمەد شەفیقیش دەستی لە کار کێشایەوە، لەسـەر داوای (مەجلیسی ئومەنای شۆڕش) و لیژنەی تەنسیقی و یەکگرتووی لاوان (عصـام شـرف) کـرا بـە یەکەم سەرۆك وەزیران. . ئەمەش یەکەم جـار بـوو لەسـەر داوای گـەل لەسـاڵی (١٩٥٢) ە وە سەرۆك وەزیران دابنرێت و دیاری بکرێت.

هەرچـەندە شۆڕشـەکەمان دوژمنـی نـاوەکی و دەرەکـی زۆری هەیـە بـەڵام گەشـبینم کـە هەرچۆنێك بێت درەنگ یان زوو دەبێت هەڵبژاردنی پاك بکرێـت و گـەل قسـەی خـۆی بکـات. (ئێستا کە پیادەچمەوە وا سەرەتای ٢٠١٣ یـەو هەڵبـژاردن کـراو ئیسـلامیەکان سـەرکەوتن و حکومەتیان بەدەستەوەیەو دوژمنـانی دەرەوەو نـاوەوە هـەموو توانـای مـاددی و مەعنـەویان خستۆتە گەڕ بۆ ئیفلیج کردنی حکومەت، خوا رەحم بکات و عاقیبەتی خێربێت- نووسەر) .

## سەیروسەمەرە

١- حوسنی ناموبارەکی تەمەن هەشـتا سـاڵ مـەغروور بـوونی گەیشـتە رادەیـەك قوماشـی قاتێکیان لە وڵاتێکی بیانی بە سێ مانگ بـۆ چـنی کـە میلـی قوماشـەکە دوو ملليمـەترە و پیتەکانی ناوەکەی بە ئینگلیزی دووبارە بۆتەوە.

- سۆزان موبـارەك بەفـەرمانێکی سـەرۆکایەتی کۆشـکی کۆمـاری لەسـەرخۆی تـاپۆ کـرد، بەتەمابوو هەتا هەتایە خۆی و کوڕەکانی بیخۆن.

- دەڵێن سەروەتی بنەماڵەی ناموبارەك زیاتر بووە لە حەفتا ملیار دۆلار.

- کۆمەڵی برایـانی موسـڵمان لـە میسـر دەڵـێن: چـل و پێـنج هـەزار کـەسمان لەسـەردەمی ناموبارەکدا لە ساڵی ١٩٩٥ ەوە زیندانی کراون و کۆی ماوەی زیندانیەکانیان زیاترە لـە پـانزە هەزار ساڵ.

- بازرگانی شیش و کۆمپانیاکانی ئیتصالات و زۆر شتی تر لەلایەن دەسەڵاتەوە قۆرخ کرابوون و لەسەدا چل وسێی میسریەکانیش هەژارن.
- دەسەڵات هەڵەیەکی گەورەی کرد لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٠دا بەوەی کە ئەوەندەیان تەزویر کرد ڕێژەی دەنگەکانی حیزبی حاکم گەیشتە لەسەدا نەوەدو پێنج، کەئەمەش چاڵێك بوو دەسەڵاتەکەی ناموبارەکی تیا لە گۆڕ نرا، چونکە میللەت زیاتر چاوی کرایەوە و بوو بەو پووشەی کە پشتی حوشترەکەی شکاند.

وا ئێستاش کە هەڵبژاردن دەکرێت و خەڵکەکە لەژێر چەپۆکی ستەمکار رزگاری بووە و ئازادانە دەنگی خۆی ئەدات، ئامارە سەرەتاییەکان دەڵێن تەنها برایان ٤٠٪ یان هێناوە و سەلەفیەکانیش ٢٠٪ یان هێناوە بەمەش ڕێژەی ئەو تەزویرە تێدەگەین کە دەسەڵات کاتی خۆی دەیکرد و درۆو دراوی دەبەخشیەوە.

٢- هاوڵاتیەکی میسری کە ناوی علی موختارە و لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٧ە، پاش ئەوەی بەپلەی نەقیب خانەنشین دەکرێت دەچێتە سعودیە و سیانزە ساڵ موقیم دەبێت، لە شەوی ٢٧ ی رەمەزانی ١٩٩٣ دا لە مزگەوتی پێغەمبەر ﷺ ئیعتیکاف دەکات، کە پێش نوێژی بەیانی دێتە دەرەوە دەستنوێژ تازەبکاتەوە تا دەگەڕێتەوە پاسەوان ئەوناوە دەگرن، لەبەرئەوەی پاسەوانە سعودیەکە دەیناسێت دەیکاتە ژوورەوە و نوێژی بەیانی دەکات و دوای نوێژ حوسنی ناموبارەك دەبینێ لەبەردەمیا کە دیاربوو عومرەی کردبوو وە هاتبوو بۆ زیارەتی مزگەوتی مەدینە، عەلی بەفرسەتی دەزانێت و پێی دەڵێت: جەنابی سەرۆك لەخوا بترسەو حوکم بە شەرعی خوابکە، سەرۆك سڵەمیەوە و پاسەوانەکانی دەوریان گرت و بە پەلە دەریان کرد.
پاسەوانێکی سعودی کە لەویا بوو بە عەلی وت: بەراستی ئیحراجت کردین.
عەلی وتی: بۆ ئیحراج دەبن مەگەر خوای گەورە بە هەمووان نافەرموێت: (اتقوا الله) . دوایی دەستگیر کرا و بەفڕۆکەی تایبەتی بە قۆڵبەستراوی بردیانەوە بۆ میسر و دادگایی کرا کە بۆچی ئەو قسەیەی بەسەرۆك وتووە. ئەویش وتی: جا ئەوە فەرمانی خوایە و ئێوەش هەموو دەبێت ئەوەی پێ بڵێن.
وتیان: کێ هاوکارتە و کێ لە پشت ئەمەوەیە؟

دیاره کەس، بەڵام ستەمکار و دارودەستەکەی هەق نابیستن، پانزە ساڵ بەناهەق بەند کرا لەسەر ئەو قسەیە، چی هەوڵیان لەگەڵ دا کە نامەیەکی پاڕانەوە بنووسێ بۆ سەرۆك تا لێی ببورێ رازی نەبوو، هەمیشە دەیووت من پەشیمان نیم لەوەی کەوتوومە، ناچار لە ٢٠٠٧ دا ئازادیان کرد. ئایا ناموبارەك و هاوشێوەکانی ئەم ئایەتە نایانگرێتەوە کە دەفەرموێت: ﴿ وَإِذَا قِيلَ لَهُ اتَّقِ اللَّهَ أَخَذَتْهُ الْعِزَّةُ بِالْإِثْمِ فَحَسْبُهُ جَهَنَّمُ وَلَبِئْسَ الْمِهَادُ ﴿٢٠٦﴾ ﴾ البقرة .

٣- دەڵێن قەزافی باوکی ئیتاڵیە و دایکی جوولەکەیەو، پاش شەست و نۆ ساڵ تەمەن بەدەستی شۆڕش گێڕان لە عەسری ٢٠-١٠-٢٠١١ کوژرا و، بەمەش حوکمی دیکتاتۆری ٤٢ ساڵ تەواو بوو لاشەی گلاوی خۆی و موعتەسەمی کوڕی و بەرپرسێکی تریش بە نهێنی تەنها حەوت کەس نوێژیان لەسەرکردن و لە بیاباندا لە جێیەکی نەزانراودا ناشتیانن.

- دەڵێن قەزافی هەموو زانایانی وڵات کۆدەکاتەوەو دەڵێت: ئەمریکیەکان چوونەتە سەرمانگ ئەبێ ئێمە بچینە سەر خۆر، وتیان: قوربان ئاخر پلەی گەرمی خۆر زۆر بەرزە، وتی: بەشەو دەچین !!

- پاسەوانەکانی بە پێچەوانەی هەموو سەرۆکەکانی دنیاوە ئافرەت بوون، بەناوی کچەکەیەوە ناوی نابوون عائیشەی ژمارە یەك و ژمارە دوو. . . هتد، لێیان پرسی لەوبارەیەوە، لە وەڵاما وتی: لە دوای هەموو پیاوێکی مەزنەوە ژن هەیە.

٤- بەپێی رۆژنامەی لۆس ئەنجلۆس تایمز لە٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١١ سامانەکەی قەزافی کە لەگەڵی بەش مەینەتی لیبیای دزیوە زیاترە لە دووسەد ملیار دۆلار، ئەمە بێجگە لەو هەمووپارەیەی کە بەهەدەری ئەدا لە نانەوەی ئاژاوەدا لە وڵاتانی دەوروبەریدا (سیرالیۆن و ئۆغەنداو لیبیریاو سۆدان و. . هتد.) .

٥- سیف الاسلامی قەزافی لە کاتی راکردنیدا بەرەو دەرەوەی وڵات، شۆڕگێڕان گرتیان، دوو ملیار دۆلاری بەرتیل دا بەو سریەیەی کە گرتبووی تا بەرەڵای بکەن، ئەوانیش بەرەڵایان نەکرد و سێ پەنجەیان قرتاند کە هەڕەشەی پێئەکرد لە شۆڕشگێڕان و ڕادەستی حکومەت کرا بۆ دادگایی کردن.

٦- هەندێ خەڵکی داخ لەدڵ قەبری دایکی قەزافی و چەند کەسێکی تریان هەڵدایەوە و ئێسقانەکانیان سووتاندن، دیارە ئەمەش شەرع رێی پێنەداوە، بەڵام ئەوپەڕی داخ لە دڵیە.

٧- لە ساڵانی هەشتاکاندا قەزافی دەیووت: لە قورئاندا ئەبێ وشەی (قل) ەکان لابرێت، هەروەها داوای لە میسر کرد کە پێنج سەد ملیۆن دۆلاریان ئەداتێ لەبەرامبەر ئەوەی کە قەبری جمال عبدالناصری بدەنێ، گوایە لە گۆڕەپانێکی بەنغازیدا دایدەنێ تاوەك مەزارگایەك موسڵمانان چۆن زیارەتی رەسول الله دەکەن ئاوا زیارەتی ئەویش بکەن!

- قەزافی سەرەتای ساڵی کۆچی گۆڕی بۆ رۆژی وەفاتی پێغەمبەرﷺ وەك ئەوەی کە پێی خۆش بێت وەفاتی کردووە، ئنجا ناوی مانگەکانیشی گۆڕی و مانگێکی ناونا مانگی (طیر) گوایە باڵندە تیایا زاووزێ دەکات.

- هەروەها شەکری شکاند و وتی: حەزرەتی عومەر دادپەروەر نەبووە، دیارە بەو قسانە و زۆر شتی تریش کە دەیکردو دەیووت فڕی بەسەر ئیسلامەوە نەمابوو، ئاخر هاوەڵانی رەسولی نازدار کە خوای باڵادەست بە باشترین و دادپەروەرترین ئوممەت ناویان دەبات، ئاخۆ دەریای ئەوان بەدەمی سەگێکی وەك قەزافی پیس دەبێت؟

- زوبەیر دەیگێڕیتەوەو دەڵێت: لە غەزای ئوحودا کە حەمزە شەهیدکرابوو سکی هەڵدڕابوو وە زۆر بەخراپی لاشەکەی شێوێندرابوو، ژنێك لەدوورەوە بە شپرزەیی هات حەزرەتﷺ فەرمانی دا کە مەیەڵن ئەو ژنە لاشەی شەهیدەکان ببینێ، کە چووم بەرەو لای رێگری لێبکەم بینیم صەفیەی دایکمە، کێشای بەسنگماو وتی: بیستوومە حەمزەی برام شەهیدبووە دووپارچە قوماشم هێناوە بۆ کفنەکەی، لێمان وەرگرت و شەرمان کرد هەردووکی بکەینە کفنی حەمزە چونکە لەلایەوە ئەنسارییەك وەك حەمزە شەهیدکرابوو کفنی نەبوو، جا تیر و پشکمان بۆ کردن کە کام قوماشیان بکەینە کفن بۆ هەریەکەیان چونکە قوماشێکیان درێژ تر بوو.

ئاخر لەو کاتە ناهەموارە جەرگ بڕەدا کە حەمزەی مام و برای شیری حەزرەتﷺ شەهیدکراوە و موسڵمانان زۆریان لێ شەهیدکراوە و لە جەنگەکەدا تێشکاون، ئاخر کێ گلەیی لەوە ئەکات کە جیاوازی بکەن لە نێوان مامی حەزرەت و ئەنصاریەکدا، بەمەرجێ کفنەکە ئافرەتێ هێناویەتی بۆ براکەی، ئاخر ئەم دیمەنە لە کوێی دنیادا هەیە؟ ئەمانە ئەو ئوممەتەن

که خـوا لێیـان رازی بـووه ﴿لَّقَدْ رَضِيَ ٱللَّهُ عَنِ ٱلْمُؤْمِنِينَ إِذْ يُبَايِعُونَكَ تَحْتَ ٱلشَّجَرَةِ فَعَلِمَ مَا فِي قُلُوبِهِمْ فَأَنزَلَ ٱلسَّكِينَةَ عَلَيْهِمْ وَأَثَٰبَهُمْ فَتْحًا قَرِيبًا ﴿١٨﴾﴾ الفتح .

٨- (مستەفا عبدالجليل) کە یاساناسە و چەند ساڵ لە دادگادا کاری کردووە و پۆستـی بـەرزی هەبووە، سەرکردایەتی شۆڕشەکەی کرد، ئەم کەسایەتیە خواناسە و کە چوو بوو بۆ تورکیا و لـە میوانخانەی تایبەتی حکومەتەوە بەیانی زوو چـووبوو بـۆ نوێـژی بـەیانی، هـەروەها سـەرۆکی فەرەنسی سارکۆزی دەڵێت: کەسم نەدیوە وەك (مستەفا عبدالجليل) کە لە کاتی چـاوپێکەوتنندا هەستاو چوو نوێژەکەی کرد . ناوبراو لە کاتی راگەیاندنی سەرکەوتنی شۆڕشەکەدا هـەر لەسـەر دوانگەکە سوجدەی بۆ خوا برد.

- لیبیاکەی عومەر موختار ئەم جارەش شەست هەزار جگەرگۆشەی کرد بە قوربانی تا جارێکی تر ئازادی خۆی سەندەوە، پشت بەخوا ئەمە دواجارە کە گەلانی موسڵمان ژێر چەپۆك بکرێن.

٩- دکتۆر سامال مجید فرج کە دکتۆرای هەبوو لە کشتوکاڵدا و وەزیری پلاندانان بوو لە عێراق، لە کۆبوونەوەیەکی (ئەنجومەنی وەزیران) **دا**، باسـی کـەمی و خراپـی کشـتوکاڵ کـرا و دکتـۆر سامالێش قسەی کرد، حسین کامیلی جـاهیلی زاوای صـدام بـە گاڵتـە پێکردنـەوە هـەمووی کردەختای دکتۆر سامال، ئەویش وەڵامـی دایـەوەو وتـی: مـن سـەبەبکارم یـان تـۆ کـە لـە مەزرەعەکەتدا پارە چاپ دەکەیت، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە پاش چـەند رۆژێـك وەزارەتـی پلان دانان ئیلغا کراو وڵات بۆ چەند ساڵ بێ وەزارەتی پلاندانان مایەوە، ئەمـەش یەکێکـە لـە بێسەر و بەریەکانی ئەم وڵاتانە، حاڵ گەیشـتۆتە ئـەوەی کـە دوژمـن بـەعێراق خـۆش بـوون و عێراقیان بەو دەردەبرد کە زەحمەتە جارێکی تر عێراق بەئاسانی هەسـتێتەوە مەگـەر خـوارەحم بکات.

## ڕۆژەکـانی خـوا

خوای گەورە ڕۆژی  رزگاربوونی بەنی ئیسرائیل لە دەست فیرعەون بە یەکێ لەرۆژەکانی خوا دائەنێت و داوا لە بەنی ئیسرائیل دەکات کەیادی بکەنەوە، ﴿ وَلَقَدۡ أَرۡسَلۡنَا مُوسَىٰ بِـَٔايَٰتِنَآ أَنۡ أَخۡرِجۡ قَوۡمَكَ مِنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ وَذَكِّرۡهُم بِأَيَّىٰمِ ٱللَّهِۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّكُلِّ صَبَّارٖ شَكُورٖ ﴿٥﴾ ﴾ إبراهيم .

پێغەمبەریش ﷺ ئـەو رۆژەی بـەگرنگ گـرت و وەك سوپاسـێك بـۆ خـوا بـەرۆژوو بووکـە رێکەوتی نۆی موحەڕەمە. ئەم رۆژانەش کە ئێستا دەیبینین و فیرعـەونەکانی سـەردەم دەڕوخـێن بەهەمان شێوە رۆژی خوان و هەقە سوپاسی خوای لەسەر بکرێت. ئیسلام هەر لەسـەرەتاوە کـە هـاتووە ئامـانجی ئـازادکردنی مرۆڤەکانـە لـە کـۆت و پێوەنـدەکان و، رزگارکردنیانـە لـە تاریکییەکانەوە بـەرەو رووناکی ﴿ هُوَ ٱلَّذِي يُنَزِّلُ عَلَىٰ عَبۡدِهِۦٓ ءَايَٰتِۭ بَيِّنَٰتٖ لِّيُخۡرِجَكُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ بِكُمۡ لَرَءُوفٞ رَّحِيمٞ ﴿٩﴾ ﴾ الحديد

عومەری کوڕی خەتابیش فەرموویەتی (متى استعبدتم الناس وقد ولدتهم أمهاتهم أحـرارا) (لەکەیەوە خەڵك دەکەنە کۆیلە لەکاتێکدا کەبە ئازادی لـەدایك بـوون) . موسـڵمانیش نابێـت هەرگیز خۆی زەلیل بکا و بەزیللەت قایل ببێت: (**لا ينبغي لمؤمن أن يُذل نفسـه.**) [١٤٤]هەروەها ئەگەر موسڵمانان ترسان بەستەمکارێك بڵێن تۆ ستەمکاری ئەوا دەستیان لێ بشۆ (إذا رأيت أمتي تهاب الظالم أن تقول له: إنك ظالم، فقد تـودع مـنهم) [١٤٥]وڵاتـە ئیسـلامیەکان کـەلانکی ئیسلامەتین نەیانتوانی رۆڵی خۆیان ببینن و وێنەیەکی  جوانی ئیسـلامەتی پێشـکەش بکـەن، لەبەرئەوەی کۆت و پێوەند لە دەست و قاچیاندا بـوو، لەبەرئـەوەی دەسـەڵاتداران بـەپیلانێکی دەرەکی و ناوەکی لە ئیسلامیان دووردەخستنەوەو برسی و هەژاریان دەکردن، دیارە برسـیەتی و

---

[١٤٤]– الراوي:حذيفة بن اليمانالمحدث:الألباني – المصدر:صحيح الجامع – صحيح

[١٤٥]–الراوي:عبدالله بن عمرو بـن العـاص وجـابر بـن عبـدالله المحدث:السـيوطي – المصـدر:الجامع الصغير –:صحيح

هەژاریش برای کوفرن و مرۆڤ ئیفلیج دەکەن. حاڵی خراپی موسڵمان کاریگەری خراپی هەبوو لەسەر رۆژئاوا، بۆیە کەسێك کە بەدیراسەی ئیسلام موسڵمان دەبوو پاشان حاڵی خراپی موسڵمانانی دەبینی دەیووت: سوپاس بۆ خوا کە ئیسلامم ناسی پێش ئەوەی موسڵمانان بناسم.

دیارە ئیسلام پەیامی ئاسمانە و خوای گەورەی لە پشتە بۆیە بەو حاڵەشەوە بەملیۆنەها کەس موسڵمانبوون، جا ئەمڕۆ کەبەهاری وڵاتە ئیسلامیەکانە بێگومان بەهاری ئیسلامیشە، کە بەوەش باشترو چاکتر لە جاران خەڵکی دێن بەرەو ئیسلام، بێگومان بەڵێنی خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ دێتەدی کە پاشەڕۆژ بۆ ئیسلامەو ئیسلام بەسەرتاسەری دنیادا بڵاودەبێتەوە. دکتۆر محمد موسی الشریف دەڵێت: دوای شۆڕشەکە چووم بۆ شاری ئەسکەندەریە لەمیسرو لەمزگەوتی القائد ئیبراهیم نوێژی هەینیم کرد، ئیمامەکەی شێخ ئەحمەد المحلاوی کە تەمەنی لەهەشتا ساڵ زیاترە وتاری دا، ئەم وتاربێژە ساڵی ١٩٨٠ سادات بەندی کردو لە وتارێکیدا لەبارەی شێخ ئەحمەدەوە وتی: وەکو سەگ لە بەندیخانەدایە، پاش چەند مانگێك لەم وتارە سادات کوژرا. ئەوەی کە چەند جار گریانمی ئەوەبوو کە وەك جاران لەهوتافکێشاندا موسڵمانان دەیانووت: (خیبر خیبر یا یهود) .

## دادوەری بەریتانی مارلین مۆرینگتن

حەمزە یوسف بانگخوازی بەناوبانگی ئەمەریکی لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ناوبراودا وتی: ئێستا ئێمە لە بەریتانیاین و چاومان دەکەوێت بە دادوەر مارلین مۆرینگتن، سەرەتا بەخێرهاتنت دەکەین، بەڕێزتان کە پاش و هەوڵ و ماندوبوون و ئەزمونی زۆر گەیشتوونەتە ئەم پلە بەرزە کە دادوەری (**مقاطعه**) یەکن و چەند قازی تریش لەژێر دەستدا کار دەکەن، پێمان خۆشە باسی بەسەرهاتی موسوڵمان بوونی خۆتمان بۆ بکەیت.

مارلین: من نزیکەی لە دە ساڵ لەمەوبەرەوە کاردەکەم بۆ بەرگریکردن لە توندوتیژی وتاوان بەرامبەر ئافرەتان، بەحوکمی کارەکەم وەك دادوەرێك، لە زۆر کار و پرۆژەدا بۆ ئەو مەبەستە بەشداریم کردووە، بەتایبەت لەناو جالیەی ئیسلامی ئێرە. بۆئەوەی لە پاشخانی رۆشنبیری و فیکرییان تێبگەم کەوتمە دیراسەی قورئان و تێکەڵاویم بۆ دروست بوو لەگەڵ موسوڵماناندا،

نەمتوانی دوورەپەرێزبم، خوای گەورە چاودێری و هاریکاری کردم، هەر لە سەرەتاوە کەسانێکم بینی ڕێنماییان کردم بۆ ڕێگەیەك کە ناتوانم لێی بگەڕێمەوە. چەند زیاتر شارەزا بم لە ئیسلام و لە پێغەمبەرەکەی ﷺ بۆم دەردەکەوێت و زیاتر دڵنیا دەبم کە ئەم ئیسلامە جێی منەو هەقە من سەر بەمە بم و ئەم پەیامە ئارامیم ئەداتێ. کاتێك چیرۆکی ژنەکانی پێغەمبەرﷺ و هاوەڵانی دەبیستم، بەتایبەت وتارو پەڕاوو کاسێتەکانی تۆ هەست دەکەم ئەمە بۆ من دەگونجێ.

لە بواری کارەکەمدا بۆم دەرکەوت کە موسوڵمانان هەندێ جار شوێن عادەت و تەقالید دەکەون نەك پەیامی خوا، بۆیە شووکردنی ناچاری و زۆرە ملێ هەیە لەناو جالیەی ئیسلامیدا، کە بەزۆری خێزان دەبێت ئافرەتێك شووبکات بە خاڵۆزا و ئامۆزای، زۆرجار بۆئەوەی ڕایانکێشن بۆ بەریتانیا و ئیقامە و ڕەگەزنامەیان دەستبکەوێ، ئەمەش کێشەو گرفتی ئابوری و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی دەنێتەوە.

حەمزەیوسف: کە چوویت بۆ پاکسان و سعودیە ئەزموونی ئەو وڵاتانەچۆنە بەلاتەوە؟

مارلین: پاکستان هەژارە و خەڵکەکەی کە دێنە ئێرە کێشەی خۆیان هەیە بەهۆی عادات و تەقالیدیانەوە کە تێکەڵ بە دینیان کردووە، لەم دواییەدا لە تورکیا بووم بۆ کاری فەرمی، دیارە ئەزموونەکان جیاوازن لە یەکتری.

پێش چەند هەفتەیەك لە وڵاتی سعودیە هاتمەوە، ئافرەتان ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لە کۆمەڵگاداو، ئافرەتانیان لە بواری پەروەردەو فێرکردن و تەندروستیدا کار دەکەن و هەندێ ئافرەتیشیان لە بواری بازرگانیدا سەرکەوتوون و، هەندێکی تریان لە بواری خێرخوازیدا ئیشی باشیان کردوە. ئێستا لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا لە هەوڵدایین تاوەکو شاندێکی ئافرەتانی سعودیە بێنە ئێرەو بەیەکەوە بەرنامە دابنێین بۆ بنەبڕکردنی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان.

سەردانی دادگای شەرعیم کرد و دادوەرەکانیانم بینی، کۆمەڵێك پزیشکیشم بینی هەموو لە هەوڵی ئەوەدان بە یاسا ڕووبەڕووی توندوتیژی بەرامبەر منداڵ و ئافرەتان ببنەوە.

حەمزە یوسف: موسوڵمان بوونت بەلای دەوروبەرتەوە چۆن بوو؟

مارلین: ئەمەم بە قورس نەگرتووەو زۆر گوێی پێنادەم، یەکێك لە قازییەکانی دادگای بالاّ هەرگیز باسی ئاینەکەی نەکردووە، خەڵکی بە ڕەوشت و خوی دا دەزانن کە کەسێکی مەسیحی چاکە، منیش دەمەوێ لە ڕێی هەڵس و کەتمەوە بناسرێم وەك موسوڵمانێکی باش.

حەمزە یوسف: تۆ بەرپرسی مقاطعەیەکی، چۆن دەڕوانی بۆ توندوتیژی لای موسوڵمانان؟

مارلین: هەرچەند ئامارمان لا نییە، بەڵام لە ئەنجامی کارکردنەوە بۆم دەرکەوتووە کە توندوتیژی لای موسوڵمانان زۆرتر نییە لە باقی کۆمەڵگە، هەرچەند موسوڵمان دووچاری ڕەگەزپەرستی دەبن و دژایەتی دەکرێن و کێشەی زمانیان هەیەو ئاسانکارییان بۆ ناکرێت. لەم ماوەیەدا قسەم کرد لەگەڵ ئافرەتێکی موسوڵمانی چالاکدا کە ناوی (شاهێن تاج) ە، هاوڕابووین لە بارەی پێویستی دامەزراندنی کۆمەڵەیەك لەسەر ئاستی وڵات بۆ ئافرەتان، کە ببێتە پەناگەو پاڵپشت بۆ ئافرەتان لە کاتێکدا کە تووشی توندوتیژی دەبنەوە.

من کە لە سعودیە هاتمەوە بە جلوبەرگی بالاّپۆشییەوە بەداخەوە پیاوێك بەخراپی ڕووبەڕووم بووەوەلە فڕۆکەخانەی بەریتانیا، وتی: خۆت لایە دوورکەوەرەوە.

زۆر سەیرە خەڵکی بە گشتی بە نەرمی و ناسکی مامەڵە دەکەن لەگەڵ ڕاهیبات دا کە ئەوانیش وەك ئێمە داپۆشراون، کەچی بەرامبەر ئافرەتی موسوڵمانی داپۆشراو هەڵسوکەوتیان وەك پێویست نییە. ئەمەش دیارە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو وێنەیەی کە لە بیروهۆشیاندا دروست بووە لەبارەی موسوڵمانانەوە و ئیسلام بە هەڕەشە و مەترسی دەزانن بۆ سەریان.

حەمزە یوسف: کە تۆ دیراسەی شەریعە دەکەیت پێچەوانە نایەتەوە لەگەڵ کارەکەتدا وەك دادوەرێك؟

مارلین: نەخێر چونکە لێکچوون هەیە لە نێوان یاساکانی ئیسلام و یاساکانی ئێمەدا.

حەمزە یوسف: هەرچەند ئێمە هەموو بە ئیسلام بەهێز دەبین، بەڵام هاتنی عومەر بەهێزی بوو بۆ ئیسلام و موسوڵمانان، هیوادارم کە هاتنی قازی (مارلین مۆرینگتن) بەرەو ئیسلام ببێتە هۆی زیاتر بلاّوبوونەوەی ئیسلام و بەهێزیی ئیسلام و موسوڵمانان لە بەریتانیا و جیهاندا.

مارلین: منیش هیوادارم وەك قوتابییەكت بتوانم پاداشتی لە سەدا یـەكی چـاكەكانت بدەمـەوەو بتوانم خزمەت بە ئیسلام بكەم.



دادوەری بەریتانی مارلین

## موسوڵمانبوونی عبدالحلیم لی

لە ساڵانی سییەكاندا بار و زروفێكی ناخۆش بوو لە ئەمەریكا و وڵاتانی تری دنیادا، من لە ساڵی ١٩٣٢ لەدایك بووم، بنەچەمان ئەفریقییە، ئەوكاتە جیاوازی دەكرا لەنێوان ڕەش پێست و سپی پێستەكاندا، تەنگژەی دارایی هەبوو، سەردەمی داگیركردنـی وڵاتـان بـوو، ئـەڵمانیا وەك هێزێكی گەورە هاتە مەیدانەوە، ڕەش پێستەكان ئیشی سادەیان دەست دەكـەوت وەك سـایەقی پاص و پۆلیسی ئاگركوژانەوەو. . . هتـد. لـە ١٩٣٠-١٩٥٠ جـەنگی جیهـانی كارەسـاتێكی گەورە بوو تیایدا. دوو برام هەبوو لەخۆم گەورەتر بوون، من برای بچووك بووم، دایكـم چیرۆكی بۆ دەگێڕامەوە و لەسەر مەسیحییەت و چوون بۆ كەنیسە پـەروەردەی دەكـردم و توانـای تیـا دەبینیم.

ڕۆژانی یەك شەممەم لە كەنیسە بەسەر دەبرد، تەمەنم پانزە سـاڵان بـوو دایكـم نـاردمی بـۆ كارۆلینای باكور كـە قوتابخانەیـەكی مەسـیحیی لێ بـوو. هەنـدێ زانكـۆی تایبـەت بـە ڕەش پێستەكان هەبوو، لـە هاوینـدا چـوومە زانكۆیـەكی كارۆلینـای بـاكوور و كۆرسـێكم خوێنـد، ناچاربووم بگەڕێمەوە هاوكاری باوكم بكەم لە ئیشی كەنیسـەدا. بڕیـارم دا لـە (١٧) سـاڵێدا

پەیوەندی بکەم بە هێزی ئاسمانی ئەمەریکاوە، ئەو سەردەمە سەرۆك کرۆمەر دەیویست هێزێکی ئاسمانی بەهێز پێکبهێنێت و جیای بکاتەوە. ژنم هێنا و دووساڵ لە خیلافدا بووین، هەرچەند کچێکیشمان هەبوو لێکجیابووینەوە بەهۆی موسوڵمانبوونمەوە، پاشان لە دەرەوەی ئەمەریکا ژنم هێنایەوە.

لە بواری کۆمەڵایەتیدا خوێندم و کارم کرد بۆ یارمەتیدانی خەڵکی وچارەسەرکردنی کێشەکانیان، ئەوانەی هەژاربوون چۆن کاریان بۆ بدۆزینەوە، بەڕاستی دادپەروەری نەبوو، لە بەندیخانەدا ئیشم کرد، خۆم بۆ نەگیراو تەحەمولم نەکرد. کە موسڵمان بووم تێگەیشتم ئەو جێگایەی بەسەربەستی نەتوانی پەرستشی تیابکەیت، دەبێ کۆچ بکەی بۆ جێیەك کە ئازاد بی و موسوڵمانانی لێ بێت، خانەنشین بووم و چووم بۆ حەج و وڵاتە ئیسلامییەکان.

بەداخەوە هەندێ لە موسوڵمانان پابەندنین بە ئاینەکەیانەوە و ڕەفتار و کرداریان بە ئیسلام ناخوات، بەڵام من پێشتر لەمە ئاگادار کرابوومەوە و بەلامەوە ئاسایی بوو، کاریگەری سلبی نەبوو لەسەرم. ئێمە دەبێت بەجوانترین شێوە ئیسلام پیشان بدەین و لە کارو کردەوەماندا ڕەنگ بداتەوە. ئەم کتێبەش کە دامناوەو بەتەمام چاپی بکەم بەناوی (**قلب متأثر**، یومیات مسلم) کۆمەڵێ وتار و بابەتە لە دیدی منەوەو کۆمەڵێ ڕاز (**خواطر**) ە، بۆیە ئاواش ناوم ناوە، چونکە دڵ کانگای هەستە، ڕاستە بە عەقڵ بیردەکەینەوە و شتەکان لێك دەدەینەوە، بەڵام دڵ پاڵنەرە.

ئەم پەڕاوەی من یارمەتی دەرە بۆ کەسێ کە بەدوای ڕاستیدا بگەڕێ، باسی ڕێژەی خۆکوشتن و تاوانم کردووە، کە هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ دووری لە ئایین، هەروەها باسی ئەو کێشانەم کردووە کە ڕۆژانە دێنە ڕێی موسڵمانان، پەیامی من کە دەمەوێ بیگەیەنم ئەوەیە کە نابێ بێ هیوا ببین لەبەرئەوەی خوا (رحمان و رحیم) ە و هەمیشە دەرگای لەسەر پشتە بۆ بەندەکانی کە بگەڕێنەوە و داوای پێداویستیەکانیان بکەن.

من سەردانی (قەتەر و مالیزیا و یەمەن) و زۆری وڵاتانی ترم کردووە، ئێستاش لە ناوەندێکی بانگخوازیی بیانییەکان لە کوەیت کاردەکەم. بەڕاستی من هەست بە فەزڵی خوا دەکەم، کە هاوکاری کردم و ڕێی ڕاستی پیشان دام، من مەسیحیی بووم، پاشان بوومە مولحید و پاشان بوومە بوزی و ئنجا ڕێی ڕاستم دۆزییەوەو لەلای ئیسلام گیرسامەوە.

ئیسلام گەورەترین سەروەت و سامانە کە خوا دەیبەخشێ بە بەندەکانی، من کە زۆر زوو پێش خەڵکی دەچم بۆ مزگەوت لەبەرئەوەیە کە نوێژ بە کلیلی خەزنەکانی سەروەتێکی مەزن دەزانم و لە هەوڵدام دەستم کەوێت. بەڕاستی ئەوانەش کە بەناو موسوڵمانن و نوێژ ناکەن بەلای منەوە بچڕاون لە سەرچاوەی وزە و مردوون و بێ گیانن، هەروەك ئامێرێکی کارەبایی کە کارەبای لێ ببڕێت.

## ( مصعب ) ی بەریتانی

ناوبراو باسی موسوڵمانبوونی دەکات و دەڵێت :

ناوم (لوك) ەو هاوەڵانم پێم دەڵێن (مصعب) ، لە شانزە ساڵیمەوە هەندێ هاوڕێ ی موسوڵمانم هەبوو، هەرچەند من بڕوام بە هیچ نەبوو، بەڵام وەك هاوسۆزیيەك بۆ هاوەڵانم منیش وەك ئەوان بەرۆژوو دەبووم و شتم نەدەخوارد، دەمزانی ڕەمەزان لای ئەوان گرنگ و پیرۆزەو منیش ڕێزم لێدەگرتن.

شەوێکی ڕەمەزان بڕیارمدا هەستم پارشێو بکەم بەدزی ماڵی باوکمەوە شەش جەڕەسم دانابوو لە ژوورەکەمدا، سەعات دەی بەیانی هەستام شتم خوارد و باقی ڕۆژەکە هیچم نەخوارد، دە ڕۆژ وابووم، دواتر بڕیارمدا بەیانیان لەکاتی خۆیدا هەستم، بۆیە بیست ڕۆژەکەی تر لە کاتی خۆیدا هەستام و شتم خوارد و نوستمەوە و تا ئێوارەش هیچم نەخوارد، حاڵەتێکی ڕۆحیم بۆ دروست بوو. بەڕاستی ڕۆژوو تەنها دەمگرتنەوە نیە لە خواردن و خواردنەوە، بەڵکو شتێکی لەوە گەورەترە، کاتێ ناخۆی کۆنترۆڵی باقی ئەندامەکانی تریشت دەکەیت و فیراسەت و بەسیرەتت بەهێز دەبێت.

هەرچەندە تەمەنی لاوێتی و هەرزەکاریم وەك لاوانی تر بوو، بەڵام دوای موسوڵمانبوونم نامەوێ نە یادم بکەوێتەوە و نە باسیشی بکەم، ئەوەی هەستی ناوەوەی نەبێت بە ڕۆژووگرتن هەست دەکات چاوی دڵی دەکرێتەوە. دوای ڕەمەزان دەستم کرد بە خوێندنەوە چونکە ڕۆژووەکە وای لێکردم هەست بە هەقیقەت بکەم، تامی ڕاستیم چەشت، کە پێشتر ئەوەم نەبوو. پاش خوێندنەوە زۆر پرسیارم لا دروست بوو، مزگەوتمان لێ نزیك نەبوو، بۆیە هاوەڵەکانم بەپێی توانا وەڵامیان دەدامەوە.

ساڵێك بەم وەزعەوە مامەوە، ئنجا کەوتمە نوێژ کردن و ئەو نوێژانەم لە چاکترین نوێـژەکانم بوون، بڕوام بە خواو پێغەمبەرو ﷺ ڕۆژی دوایی زیـادی کـرد، زۆر کـەس لـە بـارەی خـواوە پرسیار دەکەن، لە کاتێکدا هەر بە فیترەت هەست بە بوونی خوای باڵادەست دەکەیت. پەڕاوێکم لە پاکستانیەکان وەرگرت باسی سوننەتەکانی دەکرد کە حەڤدە ڕکاتە، منیش حەزم دەکرد جـێ بەجێ ی بکەم و شارەزاش نەبووم، بۆیە هەر حەڤدە ڕکاتەکـەم بەیەکـەوە کـردو یـەك سـەلامم دایەوە. ڕۆژێك نامەیەکم نووسی بۆ دایك و باوکم و خستمە ژێر دەرگای نوستنەکەیانەوە، تیایا نوسیبووم: دەتوانن لە ماڵەوە دەرم بکەن، کێشە نییە، من حاڵەتێکی ئیمانیم بۆ دروست بـووەو دەمەوێ موسڵمان ببم.

ئەو ڕۆژە لە قاتی سەرەوە لە ژوورەکەی خۆم لـەناو جێگـە نەهاتمـە دەرەوە، زۆر دەترسـام و دەلەرزیم، پاشان باوکم بانگی کردمە خوارەوە، باوکم پیاوێکی عـەقڵانی خاوەن مەبـدەء بـوو، سوپاس بۆ خوا کە وابوو، لە خوارەوە پیی وتم: ئێمە زۆر لە بـارەی ئیسـلامەوە نـازانین، بـەڵام دەست بەرداریشت نابین و ناتکەینە دەرەوە، کـە ئەمـەش فـەزڵی خـوا بـوو، تـا ئێسـتا مـن شەرمەزارم لە ئاستیاندا، ئەمە شتێکی تازە بوو بۆ من کە ئاوا لەگـەڵ خێزانەکەمـدا گفتوگـۆ بکەم.

پاش ماوەیەك بە فەرمی موسوڵمان بووم و شتی حەڵاڵم دەخوارد، بەڕاستی شایەتمان هێنـان زۆر مەسەلەیەکی گرنگە، کە بەداخەوە ڕەنگە زۆر کەس هەسـت بـە گرنگـی و بـەهای بـەرزی نەکات، لە فەرموودەی قودسیدا هاتووە کە ئەگەر ئاسمانەکان و زەوی لەتای تەرازویەکدا بێت و لا إله إلا الله لە تاکەی تریدابێت، ئەوا لا إله إلا الله قورسترە.

یەکـەمجار کەسـێك پێـی وتم کـە مردیـت ئـیتر کۆتاییـە؟ ! ڕاچڵەکیم! مـرۆڤ هەسـت بـە خۆشەویستی و شەرمکردن وشتی مەعنەوی دەکات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە مـرۆڤ تـەنها خوێن و گۆشت نیە، مەسەلەکە زۆر لەوە گەورەترە. لە سەرەتاوە موسڵمانان ئامۆژگارییان کردم کە بە زۆر کەس نەڵێم موسڵمان بووم تاوەکو لەڕێی ڕەفتارو مامەڵەی جوانەوە بۆیان دەربکەوێت کە موسڵمانم.

بە دایك و باوكم ڕاگەیاند كە موسڵمان بووم، سوپاس بۆ خوا ئێستا ئەوانیش موسڵمانن، نازانم چۆن هەستی خۆم دەربڕم، ئێستا و پێشتر حاڵەتەكەم وەك ئەوەیە كەسێك لە ڕۆژێكی گەرمادا ئاوێكی گەرمی ناخۆشی بدەنێ، پاشتر ئاوێكی خۆشی سارد بخواتەوە و فێنكی بێت بە دڵ و گیانیا.

نزیكەی چوار ساڵ و نیو لەمەوبەر من سەهۆڵبەندان و شەختەكەم شكاند، كە زانیان بەڕاستی موسڵمانم، باوكم پەڕاوی ئیسلامی بۆ من و بۆ خۆشی كڕی و وتی: مادەم كوڕەكەم موسڵمان بێت، هەقە لەبارەی ئیسلامەوە شارەزا بم.

جارێك نامەیەكی ئەلەكترۆنیم بۆ باوكم نارد كە بانگێكی بەناوبانگی مەككەیە، كە گوێی لێگرت كاری تێكرد، كە گەڕامەوە ماڵەوە لەسەر قادرمەكە گوێم لێ بوو باوكم گوێی لە بانگەكە دەگرت، دانیشتم لەسەر قادرمەكەو زۆر دوعام بۆ كرد كە خوا هیدایەتی بدات. بەڕاستی وشەكانی بانگ وشەی ئەبەدین، وشەی بەهەشتن و هی سەر زەوی نین، لەبەرئەوە هەمیشە لەگەل ڕۆحدا ئەدوێن.

وردە وردە باوكم پرسیاری دەربارەی ئیسلام دەكرد، تا كاتێك چووین بۆ لەندەن بۆ دۆزینەوەی زانكۆیەك بۆ من، چووینە مزگەوتێكەوە، دانیشت و زۆر لە مزگەوتەكە وردبۆوە. شەوێكیان لای هاوەڵەكانم بووم، درەنگ هاتمەوە، وەزعی ماڵمان زۆر شپرزە بوو، باوكم زۆر لە براكەم توڕە بووبوو كردبوویە دەرەوە، لە دواتردا هەستی بە پەشیمانی كردبو یەك بوتڵ عارەقی خوارد بوەوە و چووبووە ژوورێكی تر نوستبوو. ئەو ئیسلامی زۆر لا جوان بوو، بەتایبەت مەسەلەی هەڵنەچوون و تووڕەنەبوون، ئێمە بەردەوام باسی ئیسلامان دەكرد، چاوەڕێی ئەو تووڕەبوون و خواردنەوەیەم لێنەدەكرد. . چوومە ژوورەكەی خۆم و زۆر پاڕامەوەو وتم: پەروەردگارا من بڕوام هەیە كە زۆر میهرەبانی و (أرحم الراحمین) ی، داوات لێدەكەم هیدایەتی بدەیت.

بۆبەیانی باوكم هاتە سەرەوەو وتی: ئەمەوێت موسڵمان ببم و ئەمەوێت بەدایكیشت بڵێم، وتم: دوایی پێی بڵێ.

وتی: نا هەر ئێستا پێی دەڵێم، پێی وت و چووین بۆ مزگەوت.

له مزگەوت بە قەدەری خوا یەکێ لە بەرپرسانی مزگەوتەکە وەفاتی کردبوو، خەڵکێکی زۆر دەهاتن سەرەخۆشییان لە ژن و منالەکەی دەکرد، کەش و هەوایەکی سەیری هەبوو باوکم لەبەرچاوی هەمووان شایەتمانی هێناو موسڵمان بوو.

دایکم بەڕێوەبەرێکی ژمێریاری ئیقلیمی بوو باسی ئیسلامم بۆ دەکرد، پاش ماوەیەك خەوم بینی لە مزگەوتی شین لە ئەستەمبوڵ داوایان لێکردم بانگ بدەم، منیش بانگم داو وتم: أللّه أکبر، أللّه أکبر، تا گەیشتمە ئەوەی بڵێم (حی علی الفلاح) سەیرم کرد یەکێ لەبەردەمما دانیشتووە سەیرم دەکاو زەردەخەنەی لەسەر لێوە، خەبەرم بووەوەو یەکسەر چوومە خوارەوە لەسەر قادرمەکانەوە گوێم لێبوو دایکم باسی موسڵمانبوونی دەکرد، سبحان اللّه ئەو ڕۆژە دایکیشم دوای سێ مانگ لە موسڵمانبوونی من لە ڕۆژی جەژنا موسڵمان بوو، کە بۆمان بوو بە جەژنی دوو جەژن.

من هەرگیز دەمەدەمێم لەگەڵ نەدەکردن، چونکە لە دەمەدەمێدا هەقیش بڵێیت بەرامبەرەکەت وەری ناگرێت.

ئەگەر سەیری ژیاننامەی حەزرەت ﷺ بکەین دەبینین لەگەڵ ئەوەی خراپەی زۆریشیان بەرامبەر دەکرد کەچی دوعای هیدایەتی بۆ دەکردن. پەیامم بۆ موسوڵمانانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەیە، کە هەق و ڕاستی ڕوون و ئاشکرایەو لە فەلسەفات و بیرو بڕوای مادییەت دووربکەونەوە. ئیسلام ئایینێکە داوای ئیحسانمان لێ دەکات، بۆیە دەبێت (موحسن) بین، هەرچی ئێمە دەیکەین لە بەردەم کەمالی خوادا کەمە و نوقسانە، ئەگەر ئێمە لە مانای نوێژ تێبگەین و بە یەقینەوە نوێژ بکەین سەرتاپا ژیانمان دەگۆڕێت و هەڵس و کەوتمان جیاواز دەبێت لە خەڵکی تر کە نوێژ ناکەن، یان دەیکەن و لە ماناکەی تێناگەن.

ئنجا ئەبێت ئەوەش تێبگەین کە ئیسلام پێویستی بە کەس نیە، ئێمە پێویستمان بە ئیسلامە، خوا پێویستی بە نوێژو ڕۆژووی ئێمە نیە، ئەوە ئێمەین کە پێویستمان بە نوێژ و ڕۆژووە. ئامانجم ئەوەیە دڵێکی پاك و چاکم ببێت، ئەگەر لە کارەکەشم دەپرسن، ئەوە بەلای منەوە واتە کارکردن شتێکی لاوەکیە، چونکە خوا لە قیامەتدا لە وەزیفەو کارەکەت ناپرسێت، بەڵکو خوای گەورە سەیری دڵەکانمان دەکات، (یوم لا ینفع مال ولا بنون إلا من أتی اللّه بقلب

سليم) . هەروەها بۆ دەسکەوتنی دڵێکی چاك و پاکیش دەبێت هاوەڵی چاکان بکەین (**يأيها الذين آمنوا اتقوا الله وكونوا مع الصادقين**) .



مصعبی بەریتانی

## بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە ئەفریقیا

دکتۆر (**عبدالرحمان السميط**) یانزە ملیۆن کەس لە ئەفریقیا لەسەر دەستیا موسڵمان بوون و یەکەم کەسە لەمێژوودا ئەو ژمارە زۆرەی موسڵمان کردبێت و، لە بارەی کارەکانیەوە دەڵێت:تەمەنم پێنج ساڵان بوو پێنج فەرزە لە مزگەوت نوێژم دەکرد، لە نۆساڵیدا ئاواتم بوو ببمە پزیشك تا خزمەتی ئیسلام بکەم، لە کەشافەدا بووم کە دەردەچوینە دەشت و دەرو خێمەمان هەڵدەدا گروپەکەی ئێمە خێمەیەکمان دەکرد بە مزگەوت و مامۆستاکان و ئەو لاوانەش کە نوێژیان دەکرد دەهاتنە لامان بە کۆمەڵ نوێژمان دەکرد. لە ناوەندی لەگەڵ یانزە هاوەڵمدا یەکی دە دینارمان دانا و بە سەدوبیست دینار ئۆتومبیلێکمان کڕی و یەکێکمان کەتەمەنی هەژدەساڵ بوو ئیجازەی هەبوو شۆفێری بوو، پاشان پارەمان کۆدەکردەوە بۆ بەنزینەکەی و ڕۆژانە کرێکارمان دەگەیاندە شوێنی کارکردنیان لەبەر خوا.

من ئەوەندەم دڵ ئەسوتا بەو کرێکار و هەژارانە کە لەبەر هەتاو دەوەستان و پلەی گەرمای کوەیتیش زۆر بەرزە حەزم دەکرد ببم بەچەتر و سێبەر بۆیان. لە کۆلێژی پزیشکی بووم لە بەغدا ڕۆژی یەك ژەم نانم دەخوارد و ڕۆژانە دە کیلۆمەتر بەپێ دەڕۆیشتم تا چەند فلسێکم بۆ

بگەڕێتەوە و خزمەتێکی پێبکەم. هاوەڵانم هاندا لە زانکۆ کە یەکی یەك دۆلارم بدەنێ مانگانە تا پەڕاوی پێچاپ بکەین و بینێرین بۆ ئەو وڵاتانەی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا.

کە زانکۆم تەواو کرد لەساڵی ١٩٨٢دا پاش ساڵ و نیویێك ژنم هێنا و پاشان پێنج ساڵێك لە بەریتانیا و ڕۆژهەڵاتی کەنەدا دکتۆرام خوێند و بوومە پسپۆڕ لە نەخۆشیەکانی کۆئەندامی هەرس ولە کەنیسەکاندا وتارم ئەداو سەردانی بەندیخانەکانیشم دەکرد و وتارم بۆ ئەدان و زۆر شت فێربووم لە کاری خێرخوازیدا.

ویستمان بگەڕێینەوە بۆ کوەیت، هاوسەرەکەم وتی :ئەوەی من تێگەیشتووم لە تۆ ئەوەیە دوای پارە نەکەوتویت، پێت چۆنە بچین بۆ مالیزیا بۆ کاری ئیسلامی، بەتایبەت کە هاوسەرەکەم بەرپرسی ئافرەتانی مالیزی و کەنەدی بوو زۆریانی دەناسی. لە کوەیت ماوەیەك دکتۆر بووم و بەدڵ و بەگیان خزمەتی نەخۆشەکانم دەکرد و تەنانەت لە ڕۆژانی پشووشدا کارم دەکرد، بەمەش لەسایەی خواوە دوانزە کەسی ئالوودەبوو بەمەی و مادەی هۆشبەرەوە ساڵح بوون و بوونە کۆتری مزگەوت.

هەستم بەتەنگەنەفەسی دەکرد لەخەستەخانە و حەزم بەکاری زیاتر بوو، لەزۆر دەرگام دا، سێ جار چوومە لای وەزیری ئەوقاف سوودی نەبوو، سەرەداوێکم دەویست تا بەهۆیەوە بڕۆم لەدەرەوەی وڵات کاری خێر بکەم. دیارە خوا ئاگای لە نیەتی بەندەکانێتی، خوا دەرگای لێکردمەوە، ژنێك بەناوی (دایکی عەلی) بڕێ پارەی پێدام کە مزگەوتێکی بۆ دروست بکەم، منیش پێشنیارم بۆکرد کە لە وڵاتێکی ئەفریقیا بۆی دروست بکەم، ئەویش قایل بوو، ڕۆیشتم لەوڵاتی مالی مزگەوتەکەم بۆ دروست کرد.

لەو وڵاتە تووشی شۆك بووم، خەڵکەکە یا بتپەرستن یا مەسیحین یا بەناو موسڵمانن، بڕوابکەن بەناو ئیمامی مزگەوت بوو فاتیحەی نەدەزانی، نەیدەزانی زینا حەرامە؟ ؟ لەدێییەك پرسیارم کرد کە نوێژی بەیانی چەند ڕکاتە کەس نەیزانی!خۆ من ئەمتوانی بەجێی بێڵم و بڵێم ئەمەکاری من نیە و کاری حکوماتە، بەڵام لەترسی بەرپرسیارێتی قیامەت مامەوە و لیژنەی موسڵمانانی ئەفریقیامان دامەزراند و پاشان بوو بە ڕێکخراوی یارمەتی ڕاستەوخۆ (العون المباشر) .

لەزیاتر لە سی ساڵدا خەڵکێکی زۆرمان بەفەزڵی خوا لەمردن رزگارکرد، بۆ نموونە منالێك کە لە برسا وشك بووبووەوە و ئومێدم پێی نەمابوو بژی، لەبەر خوا و پاڕانەوەی دایکی خواردنمان دایەو زۆر چاودێریمان کرد، بەفەزڵی خوا ژیاو ئێستا گەورەبووەو دە جزم زیاتر قورئانیشی لەبەرە.

ئەمەبێجگە لەوەی بەیارمەتی خواو پاشان یارمەتی خێرخوازان توانیومانە :

١- چوار ئیستگە دابمەزرێنین وبەردەوام بەزمانی ئەفریقی ئیسلام بڵاوبکەینەوە.

٢- پێنج زانکۆمان دامەزراندووە و لەپێشتردا کەلەمەلاوی لەساڵی ١٩٨٠دا یەك دەرچووی زانکۆ نەبوو، لەسەرەتاوە ٦٦٪یان موسڵمان بوو دواتر بوونە١٧٪ بەهۆی کۆچکردن وبەگاورکردنەوە، توانیمان لەیەك ساڵدا: (سی پزیشك ودوانزە ئەندازیارو شەش دکتۆرا لە بواری جیاجیاداو شەش ژمێریار) تەخەروج پێبکەین.

٣- توانیمان ٦٥٠٠ مزگەوت و١١٥٠٠ بیری ئیرتیوازی و٨٦٠ قوتابخانەو ٢٤٠ بنکە ئیسلامی پێشکەش بەخەڵکی بکەین کە هەربنکەیەك یەك ملیۆن دۆلاری تێچووە.

٤- پانزە هەزار منالی بێباوکمان کەفالەت کرد.

دانیشتوانی ئەفریقیا ٨٠٠ ملیۆن کەسن و ساڵانە یەك ملیۆن منال دەمرن کە لەسەدا هەشتایان موسڵمانن، هەروەها ساڵانە بەهۆی کەمی ڤیتامین ئەیەوە سەد هەزار منال کوێردەبن کەهەریەکەیان بەدۆلارێك بۆ شەش ساڵ لەکوێری رزگاریان دەبێت. ئەمە بێجگە لەوەی کە ڕێژەی هەژاری بەرزەو وشکە ساڵیش زیانی زۆریان لێئەدات.






وێنەی د.عبدالرحمن لەگەڵ منداڵێکی ئەفریقی          د.عبدالرحمن

## کۆسپ و ناڕەحەتیەکان:

ساڵی یانزەمانگ لە ئەفریقیا دەبووم و ساڵی یەك مانگ دەگەڕامەوە، بەمەش نامۆ بووبووم لای منداڵەکانم و نەیاندەناسیمەوە بەتایبەتی عبدالله کە بچوکترینیان بوو، ناچار هاوینان لەگەڵ خۆم دەمبردن، تووشی زەحمەت و ناڕەحەتی زۆر دەبوون، بە مانگ چاویان بە گۆشت نەدەکەوت، جارێکیان بۆ پێنج رۆژ تەنها مۆز هەبوو بیخۆن هەموو ناو سکی خۆیان دانا، دواتر چەند هێلکەیەکم بۆ پەیداکردن کەچی بەداخەوە پیسبووبوون.

سێ جار ماری گەورەی کۆبرا هێرشی بۆ هێناوم ولەشوێنی وادا ماومەتەوەبەشەو لەدارستانەکاندا کەشێرو پڵنگ و دڕندەی زۆر لەوناوە بوون، مینم پیاتەقیوەتەوەو، چەند جار تەقەم لێکراوە. هەموو جارێك بەناوچەیەکدا دەڕۆیشتم زۆر خۆش و ئارام بوو بەشۆفێرەکەم دەوت لێرەدا بوەستە، دەوەستاو منیش دەستنوێژێکم دەشت و دووركات نوێژم دەکرد. . جارێك لای ئەو ئاوو سەوزاییەوە ویستم قاچم دابنێم، وەمزانی بەردە، چاوم باش نەیدەبینی بەهۆی شەکرەکەمەوە، کاتێکم بەخۆم زانی تیمساحە و دەمی کردەوە بۆم، بەپەلە ڕامکرد و ناچار بە (تیمم) نوێژێکم کرد، تومەز من ئاگام لێ نیە پێش من لەو ناوچەیەدا تیمساح چەند جار خەڵکی لەناو بردووە! (شایانی باسیشە زۆربەی کارمەندەکانمان بۆ چەند جار تووشی مەلاریا وچەندەها نەخۆشی تربوون) .

لە کینیا و شوێنەکانی تر موخابەرات چاودێری وردیان دەکردم جاری واش هەبوو بە هێلیکۆپتەر موراقەبەی چالاکیەکانمیان دەکرد، جارێك چووم بۆلای بەڕێوەبەری موخابەراتی کینیا و پێموت: من عەشایەرم و ئێوەش عەشایەرن و هاتوومەتە ناوچەکەتان و دەعوەتتان بۆ نەکردم، ناچار خۆمم دەعوەت کرد و هاتم بۆلاتان، خوا هەڵناگرێ زۆر تەریق بۆوەو، ئنجا وتم من ئەزانم ئەم و ئەو قسەتان بۆ دێنن، بەڵام بۆ ئەوەی زەحمەت نەکێشن حەزدەکەن هەموو رۆژێك خۆم راپۆرتتان ئەدەمێ لەسەر کار و چالاکیەکانم.

لە مەدەغەشقەر دەریان کردم کە ملیۆن ونیوێك دەبن و توانیمان دووسەد هەزاریان موسڵمان بکەین، پاشان کە دەسەڵات گۆڕدرا چووینەوە بۆی و پارچە زەویەکم کڕیوە بۆ قەبرسان و دوو قەبریشم هەڵکەندووە بۆ خۆم و هاوسەرەکەم کە مردین لەوێدا بمانێژن. وەزیری ناوخۆی

فەڕەنسا شارل باسکوای سەردانێکی ئەفریقیای کرد و فەرمانی بەچەند دەوڵەتێك دا کە کارو چالاکیمان رابگرن، وڵاتی مالی و نەیجەر بەقسەیان نەکرد و لە مۆریتانیاش پێیان وتین ئێمەدەزانین ئێوەچۆنن بەڵام بێدەنگ کاربکەن و تابلۆکەتان داگرن، ئێمەش وتمان قەیناکە ئیحراجتان ناکەین هەر نووسینگەکەمان دادەخەین.

لە وڵاتی سەنگالیش رێگریان لێکردین و خەڵکی خۆپیشاندانیان کرد و چل و پێنج کەسایەتیشیان نامەیەکیان ئاڕاستەی حکومەت کرد و وتیان ئەگەر ئەوانە تیرۆریست بن ئێمەش لەگەڵ ئەواندا بەتیرۆریستمان دابنێن، هەروەها وتیان کەنیسە یارمەتی جیاخوازەکانی هەرێمی باشوور دەدەن بە ئاشکرا و کەچی یەك کەنیسەشتان دانەخستوون. دوای گۆڕینی ئەو دەسەڵاتانەش دەستمان بە چالاکی کردەوە لەو وڵاتانە.

سی ساڵ لەمەوبەر کە دەستمان کرد بەکارکردن لە ئەفریقیا، لەو بڕوایەدا نەبووین کە ئەو هەموو زەحمەت و نارەحەتیەمان بێتە رێ، هەرچەند کە بیر لە پاداشتەکەی دەکەینەوە لای خوا لەززەتی لێوەردەگرین. بڕوام نەدەکرد لەگەڵ کۆمەڵێك مانگادا لە پشتی لۆرییەکدا سوارم کە هەموو گیانی ژانی دەکرد و سی ساڵ بوو لۆری بوو، ڕۆژ و دوو ڕۆژ نا بەڵکو دە ڕۆژی ڕەبەق لە ڕێگایەکی خۆڵی پڕ چاڵ و چۆڵیدا. من دڵخۆش بووم بەهاوەڵەکانی سەفەرم (مانگاکان) کە ناوبەناو هەر تەوقە سەرم خۆڵاوی ببوایە سەریان بۆ دەلستمەوە؟

جارێك گرتیانم و لە بنکەیەکی پۆلیسدا چەند سەعات بە پێوە ڕایان گرتم چونکە ئەفسەری بنکەی پۆلیسەکە گاورێکی توندڕەو بوو. بەڕاستی من نامەوێ بچمە سەر ئەو باسە بە دوورودرێژی کە لە زەلکاوەکان و نووستنی ناو کوخەکان و ڕۆیشتنی زۆر بەپێ و تینوێتی و برسێتی تووشمان بووە و چەندەها جاریش تەقەمان لێکراوە لەو ناوچانەدا کە شەڕی ناوخۆیان تیابووە.

ئەگەر لۆری قسەی بکردایە ئەو لۆرییە شایەتی بۆ ئەداین کە لایەنێك دای پێمان و لە حەڤدە ساڵ کارکردندا دووجار سووتانیان و چاکمان کردەوە و ئێستەش ئیشی پێدەکەین. جارێك لۆریەکیان سووتانین کە چیمەنتۆی بارکردبوو بۆ بیناکردن و ئاوەدان کردنەوەو، شۆفێرو بانگخوازەکەمان بەهەزار حاڵ ڕزگاریان بوو، هەشتا کیلۆمەتر بەپێ ڕۆیشتن تاگەیشتنە شارێك،

چیمان هەبوو سووتا لە لۆرییەکەدا لە پەساپۆرت و شتی تر، ئەوەی زیاتر نیگەرانی کـردم ئـەو فەردە شەکرەبوو کە دەمانویست بیبەین بۆ خەڵکی ناوچەکە کە ڕەمەزان بـوو بـە ڕۆژووبـوون و هەشت ساڵ بوو تامی شەکریان نەکردبوو. نامەوێ باسی ئـەو بانگخوازانـەشمان بکـەم کـە لـە خوارووی سۆدان و لیبیریا و سیرالیۆن و مۆزەنبیق و صۆماڵ و شوێنەکانی تـردا گیـانی خۆیـان بەخت کرد بۆ خوا کە منیش شوێن پێی ئەوانم هەڵگرتووە. من پەشیمان نیم لـە کـارکردن لـەم بوارەدا، چونکە بە قەناعەتەوە هەڵم بژاردووە و ڕازیم بە قـەزاو قـەدەری خـوا، بـەڵام بـەزەییم بەوانەدا دێتەوە کە خەریکی دنیان و نازانن لەززەتی کارکردن و خۆ ڕەنجانـدن بـۆ خـوا چـۆنە و چەند پیرۆز و پڕ خێرە.[١٤٦]

## بـە گاورکـردن:

ڕێکخراوەکانی مژدەدان ساڵانە ملیارەها دۆلاریان بـۆ کۆدەکرێتـەوە و لـە سـاڵی ٢٠٠٩دا نزیکەی ٤٥٠ ملیار دۆلاریان بۆ کۆکردنەوە، واتە ڕۆژی یەك ملیار دۆلار زیـاتر کۆکراوەتـەوە، حەوت ملیۆن و نیو قەشە لە ئەفریقیادا خەریکی کاری مژدەدانن و بە باشترین ئۆتومبیل و بـە هەلیکۆپتـەر هاتوچـۆ دەکـەن و هـەر چـوار خولـەك و هەلیکۆپتـەرێکیان بـۆ هەڵدەسـتێت و لەخزمەتیانایەو بەنیازبوون تا ساڵی ٢٠٠٠ هەموو ئەفریقیا بکەن بەگاور.

## ماڵ و منالم و خێرخوازی:

هاوسەرەکەم مودەڕیسە و هەردەم هاوکارم بووە، پارەیەکی زۆری میراتی لە مـاڵی بـاوکی وەرگرت و هەمووی بەخشی بەکاری خێرخوازی. لـەم دواییـەدا چـووین بـۆ نـایرۆبی و چـواردە کاتژمێر لە ئۆتومبیلدا بووین و دواتریش بە بیست سـەعات گەیشـتینە دێیـەك تـا بانگیـان بکەین بۆ ئیسلام، هاوسەرەکەم ئینزیلاقی بوو پزیشکەکان ئامۆژگاریان کردبوو کە تەخت بۆی بکەوێ و زۆر نەجوڵێ بۆ ئەوەی خراپتر نەبێت، زۆر بەناڕەحەتی لە ئۆتومبیلەکە دابەزی و پیاوان

---

[١٤٦]-(سایتی صەیید.نیت).

لەویٚ نەبوون و ئافرەتان ئامادە بووبوون، وتم: فەرموو قسەیان بۆ بکە، پاش ئەوەی قسەی بۆ کردن بەبەرەکەتی بانگەوازی خوا ئازاری نەماو بەیەکجاری چاك بوو.

لەگەڵ هاوسەرەکەمدا لە ئەفریقیا شەو دەهاتینە حەوشە سەیری ئاسمانمان دەکرد چونکە قوتابییەکانمان دوای نوێژی خەوتنان دەنووستن وئێمەش خەومان نەدەهات، شەوێك پێموت: حەزدەکەی بگەڕێینەوە بۆ کوەیت کە ژیان ئیسراحەت و خۆشترە؟ ؟

وتی: نەخێر، ئەگەر خوا لێمان رازی بێت هیچم ناوێت !

دووکچیشم کە لە کوەیت مووچەیەکی باشیان هەبوو، وازیان لێهێنا و ئێستا هەر لەویٚ خەریکی کاری خێرخوازین.

عبداللەی کوڕیشم کە ڤێرتنەری تەواوکردووە کاتێك ژنی هێنا بۆ شهر العسل ژنەکەی هێنا بۆ ئەفریقیا بۆ بانگەوازکردن، پێیان وت: فلاٌن سەرۆك هۆز نزیکە لە ئیسلامەوەو چی دەکەین موسڵمان نابێت، ئەویش چوو بۆلای و قسەی بۆکرد کە موسڵمان بێت، ئەویش وتی من لەسەرەتاییەوە و لە ناوەندیداو ئێستەش کەنیسە هاوکاریم دەکەن، پێم شەرمە وازیان لێبێنم، هەرچەند من موسڵمانیش نیم لە ڕەمەزاندا بەڕۆژوو دەبم و گۆشتی حەلاڵ دەخۆم ولە هەینیدا خۆم دەگۆڕم و ئەچم گویٚ لە وتاری هەینی دەگرم و هەرچەند تێشناگەم بەلاٌم زۆر کارم تێدەکات.

عبداللەش پێی وت: ئەگەر مردی ئەوانە هیچی فریات ناکەون، وتی ٢٤ کاتژمێر مۆڵەتم بدەن بیر بکەمەوە.

عبداللەش کە بە نیازبوو بگەڕێتەوە، گەڕانەوەکەی دواخست و بۆ بەیانی کە چووەوە بۆ لایان لەگەڵ (١١) سەرۆك هۆزی تردا پێشوازیان لێکرد و هەرلەڕێوە شایەتمانی هێنا لەگەڵ ئەوانی تردا، عبداللەش لەخۆشیدا باوەشی پیاکرد و بە هاوسەرەکەی وت: دیاریەکت پێنیە بیدەمیٚ؟ وتی :نەخێر، عبدالله دزداشەکەی خۆی داکەند و دایە بەدیاری وخۆی بە فانیلە و جلی ژێرەوە چووەوە ئوتومبیلەکە و گەڕایەوە و سەرۆك هۆزەکەش ناوی خۆی نا عبدالله وئێستا بانگخوازێکی چالاکە بۆ ئیسلام.

پاش ماوەیەك ویستم سەردانی عبدالله بکەم بردیانم بۆ لای کەسێکی تر کە سەرۆکی عبدالله بوو، لەڕیگا کەسێکمان بینی هەڵمان گرت و وتم: وەرە پێشەوە من دەچمە دوای پیکابەکەوە، رازی نەبوو چووە لای سیٚ نەفەرەکەی پشتەوە.

که گەیشتین پێشوازیەکی جوانیان لێکردین و پاشان سەرۆك هۆزەکەیان بەدەنگی بەرز کەوتە قسەکردن بەزمانی خۆیان، زۆر ترسام هیچ تێنەگەیشتم، وتم تووشی بەڵایەکمان دەکەن و کەسیش فریامان ناکەوێ، وەرگێڕەکەم بانگکرد و لێم پرسی ئەوە دەڵێ چی؟ ؟

وتی: دەڵێ: ئەوە ٥٠ ساڵە مەسیحیم ودەستم بەردەستی سپی پێستێکیان نەکەوتووە، کەچی لەوەتەی ئەمانە هاتوون چەند جار دەستم بەردەستیان کەوت، ئنجا داوای لێکردم هەستم، هەستام و دەستی بەرز کردمەوەو وتی: ئەمڕۆ وا من موسڵمان دەبم و سبەینێش کێ دەیەوێت با موسڵمان بێت، ناوی خۆشی کرد بە عبدالرزاق و بەتەماین لەگەڵ عبداللەدا بیاننێرین بۆ حەج. ئەوانەی کە موسڵمان دەبن هەر شەش مانگ جارێك خولیان بۆ دەکەینەوەو فێری بنەماکانی ئیسلامەتیان دەکەین، لە یەکێك لە خولەکاند کۆمەڵێك ٨٠ کیلۆمەتر بەپێ هاتن بۆ بەشداری کردن دوای رۆژێك گەیشتبوون، پاشان موسڵمان بوون و وتمان وەرن با لەگەڵ خۆمان بتانبەینەوە بۆ ناوچەکانی خۆتان، وتیان کە موسڵمان نەبووین ٨٠ کیلۆمەترمان بەپێ بڕیوە ئێستاش کە موسڵمانبووین حەزدەکەین بەپێ بگەڕێینەوەتا باسی ئیسلام بکەین بۆ ئەو دێیانەی کە لە ڕێماندان.

## مامەڵەی جوان

رۆژێکی گەرما لە ناوچەیەکدا ئۆتومبیلەکەمان پەکی کەوت و ئاو وخواردنیشمان زۆر پێنەبوو لەبەرئەوەی دیاری زۆرمان لەگەڵ خۆمان بردبوو، شۆفێرەکەم زۆر خەریك بوو بۆی چاك نەکرا، ئۆتومبیلێکی کەنیسە لە دوورەوە دەرکەوت، کە گەیشتە لامان داوامان لێکرد هاوکاریمان بکەن، قەشەیەکەی ئیتاڵی تیابوو لەگەڵ چەند کەسێکی تردا، قەشەکە وتی: ئێوە دوژمنی ئێمەن و منیش یەکێکم لەسەربازەکانی مەسیح و هەرگیز هاوکاریتان ناکەین، با محمد بێت بەهاناتانەوە، پاشان رۆیشتن و بەجێیان هێشتین، کە بێ هیوا بووین لێیان و دوورکەوتنەوە شۆفێرەکەم خەریکی بۆوە و بەفەزڵی خوا ئۆتومبیلەکە چاك بوو، کەوتینە ڕێ و زۆر لەسەرخۆ دەڕۆیشتین چونکە ڕێگاکە بەردەڵانی بوو، بەهەرحاڵ پاش ٥ کیلۆمەتر گەیشتینەوە بە ئۆتومبیلەکەی کەنیسە پەکی کەوتبوو، بۆیان وەستاین و یارمەتیمان دان تا ئۆتومبیلەکەیانمان بۆ چاکردن و وتمان لە پێشمانەوە بڕۆن بۆ ئەوەی ئەگەر پەکتان کەوتەوە ڕاتان بکێشین، بەهەرحاڵ

گەیشتینە جێ و دوایی زانیم کە ئەوانەی لەگەڵ قەشەکەدا بوون بەو مامەڵەیەی ئێمە موسڵمان بوون.

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە هەموو قەشەکان خراپن بە پێچەوانەوە هەندێکیان زۆر هاوکارمان بوون، دیارە لە هەموو کۆمەڵێکدا چاك و خراپ هەیە. لە کۆتاییدا دەڵێم هەمووتان لەمنی گوناهباری کەمتەرخەم باشترن و ئەتوانن زیاتر بکەن، بەمەرجێ ئیمانمان بەخوا پتەو بێت و بە خۆماندا بچینەوە، ئێمە کە نوێژ دەکەین دەڵێین (اللـه أكـبر) کەچی دوای نوێژەکە پارەوسامان لەهەموو شت لامان لەپێشترە!!دنیا هەرچی بێت تەواو دەبێت وبەهەشتیش بەئاسانی دەست ناکەوێت، من ئۆتومبیلەکەم مۆدێلی ١٧ ساڵ لەمەوبەرە ودەشتوانم گرانترین مۆدێل بکڕم، هاوسەرەکەشم لە بەریتانیا و کەنەدا پێنج ساڵ دوو دەست جلی هەبوو کە خۆی درووبووی و یەکێکی لەبەردەکرد و یەکێکی دەشت. (لەچاوپێکەوتنەکانی دکتۆرەوە وەرگیراوە لەکەناڵەکانی راگەیاندندا، وەك المجد، **الوطن**،. . **هتد**) .

## هاوکاری هەندێ قەشەو موسڵمان بوونیان

لەناوچەیەکدا قەشەیەك ملیۆنەها دۆلاری خەرج کردبوو بۆ بنیاتنانی قوتابخانەو ئاوەدانکردنەوەی دێیەکی گەورە، بەهیوای بەگاورکردنی ئەو موسڵمانانەی لەو ناوچەیەدا بوون، کاتێك ئێمەش چووینە ئەو ناوچەیە هاتەلامان وتی: پەنجاو یەك ساڵە من خەریکم نەمتوانیوە خەڵکی بکەم بەگاور، وامن پیربووم وەرن بادێیەکە بکەم بەناوتانەوە، نەوەك دوای من کەنیسە داوای ئەم ناوچەیە بکات و دەست بگرێ بەسەر موسڵمانان دا، ئێمەش قایل نەبووین بیکا بەناوی ئێمەوە، بۆیە تەگبیرمان بۆ کرد کە ئەو زەوییانەی هەیەتی و ئەو پڕۆژەو بینایانەی کردونی دابەشی بکات بەسەر موسڵماناندا.لەڕوانداش شێخی بانگخوازەکانمان شێخ ئیسحاق قەشە بوو موسڵمان بوو. لەناوچەیەکی تریش قەشەیەك زۆر دژایەتی دەکردین، دوایی موسڵمان بوو، ئێستا بانگبێژی مزگەوتەو وازی لەماڵ و سامان و ئۆتومبیل ومووچەی کەنیسە هێنا لەبەرخوا.

## منالە بێ باوکەکان و بڕوانامە

ئەو منالە بێباوکانەی کە ئێمە کەفالەتمان کردون، ژمارەیەکی باشیان خوێندنیان تەواو کردووە و بڕوانامەی چاکیان بەدەست هێناوە، هەیانە بوون بە پزیشك و یەکێ لەو منالانەش پاش سالانێکی زۆر خزمەت ئێستا بووە بە (خبیر البنك الدولی) . . لە (ملاوی) لەسالی ١٩٨٠ دا یەك دەرچووی زانکۆ نەبوو موسلمان بێت، ئێستا سێکەس لەمنالە بێ باوکەکان کەلای ئێمە بوون بڕوانامەی بالایان بەدەستهێناوە و شەشیان دکتۆرایان هەیەو تەنانەت هەیانە ئێستا بوون بەوەزیر و هەندێکیان بوون بەسەفیری ولاتەکەیان. .

## موسلمان بوونی سولتانێك لە چاد

ناوچەیەکی چاد (حرکەی تمردی) تیابوو، هەرچی عەرەبێك بەویا بچوایە کوژرابوو، ئێمەش حەز بەئاژاوە و پشێوی هیچ کوێیەك ناکەین، ڕەمەزان چووین لەو ناوچەیە سفرەو خوانی ڕەمەزانیمان دروستکرد، لایان سەیر بوو! دوای دوومانگ سولتانیناوچەکە هەشت هەزار مەتری داینێ وتی بیکەن بەمزگەوت وچەندخانووی ڕووخان بۆمان.

هەندێ لاوی نەفامی کەنیسە هاتن و (مضخات) ی سەربیرەکانیان بردو بەوەش خەلکی وەزعیان خراپ بوو، ئەویش بەو هەلوێستە زۆر بێتاقەت بوو، بڕیاریدا موسلمان بێت، بەلام لەسەر دەستی ئەو ژنەدا کە پارەی مزگەوتەکەی دابوو. . دیارە ئەمەش ئاسان نەبوو، پیاوێکی چوارشانەی ڕەش پێستی ئەفریقی ببەین بۆلای پیرێژنێکی کوەیتی، تا لەسەردەستیداموسلمان ببێت. . هەرچۆنێك بوو گەشتەکەمان بۆ ڕێکخست وداوامان لەبەرپرسانی کوەیت کرد کە پێشوازی لەم میوانە بکەن و ئەوانیش مالیان ئاوابێت پێشوازیان کردو ڕێزی زۆریان لێگرت، پاشان لەسەردەستی ئەوژنەدا موسلمان بوو. . ئەو شەوە نەنوست هەتا فێری (فاتحە) بوو! وەناوی خۆی گۆڕی بۆ (عبدالعزیز) .

پاشان ناردمان بۆ حەج و لەوێش پێشوزای باشی لێکراو حەج زۆرکاری تێکرد، کەگەڕاشەوە، پەنجاودوو سەیارەمان بەکرێ گرت بۆ پێشوازی و ڕێزلێنانی و لەگەلیابوونتاناردمانەوە ناوچەکەی خۆی. . لەڕێگاکەشیا بەدرێژایی چەند کیلۆمەترێك خەلکی ناوچەکە هاتن بەپیریەوەو کەئەو

ڕیزو حورمەتەیان بینی، هەشت سوڵتانی تری ناوچەکە موسڵمان بوون، ئەمە بێجگە لە شەست هەزار کەسی تر کەهەمویان لەسەردەستیا موسڵمان بوون. .

## بەموسڵمانی پێم خۆشە بمرم لەبرسا

هاروون عەبدول (ڕەحمەتی خوای لێبێت) موسڵمانێکی ئەفریقییەو ناوچەکەی تووشی برسێتی و قات وقڕی بوو، بیست هەزار کەسیان لەبارێکی زۆرخراپدا بوون. لە دوورەوە تۆزو خۆڵی چەند لۆریەك پەیدابوو، کاتێك نزیك بوونەوە هاورن قسەی لەگەڵ کردن، قەشەیەکەیان لەگەڵ بوو پێی وت: بە مەرجێ ئەو یارمەتیەتان دەدەین کەببن بەگاور، ئەویش ڕازی نەبوو بۆیە لۆریەکان گەڕانەوە بەو هەمووئازوقەیەوە کە هەڵیان گرتبوو، هارون عەبدولیش قسەیەکی کرد کە نیشانەی باوەڕ دامەزراویەو وتی: پێم خۆشە لە برسا بەموسڵمانی بمرم و نەبمە گاور !!شایانی باسە هارون عەبدول پاش ماوەیەك بە ڕووداوی ئوتومبێل گیانیسپارد. .

## بەرنامەی پانزە ساڵی لە بانگەوازدا

ئێمە پاش دیراسەکردنی هەر ناوچەیەك، بەپێیخۆی بەرنامەی دە تاپانزە ساڵی بۆ دائەنێین لەڕێی قوتابخانەو خولی ئیشی دەستو ئێستگەو زۆر هۆکاری ترەوە کە هیچ نەبێ نیوەیان موسڵمان بکەین وبەجێیان بهێڵین تائەو نیوەیەش نیوەکەی تر بەچەند ساڵێك موسڵمان بکەن. ئیستگەمان هەیە دەیەها کیلۆمەتر دەڕواتو بەزمانی خۆیان بەرنامە بڵاو دەکاتەوە. . بەمەش زۆر ناوچەی دوورەدەست دەنگی بەرنامەکەی خوای پێدەگات. . لە یەکێ لەنیوە دوورگەکانەوە ڕاوچیەك هاتبوو بۆ شارو پێیوتم ئێمە ساڵی دووجار دێین بۆ شار، ئەوا بۆ یەکەمجار ئەمساڵ بوو بەسێ جار، لەبەر ئەوەی ناچاربووین بێین (پیل) بکڕین بۆ رادیۆکانمان تا گوێ لە بەرنامەکانتان بگرین منیش زۆر سوپاسیخوام کرد لەسەر نیعمەتەکانی. دێیەکیش لەنەیجیریا موسڵمان بوونو پیتاکیان کرد تا ڕادیۆیەك بکڕنو گوێ بگرن لەوبەرنامانەی دەگاتە ناوچەکەیان.

## منالێك لەمردن گەڕایەوە

لەناوچەیەکدا کە برسێتی بڵاوبووبۆوە، خەڵکێکی زۆر سەرەی گرتبوو، کە ناویان بنوسینو هاوکاریان بکەینوبۆ ماوەیەك ئازوقەیان بدەینێ. . لەو منالانەدا کە دەمکێشان منالێکی بێ باوك بوو کە دایکەکەی هێنابووی، کە کێشام تەواو وشکبووبۆوە و لەگیانەلادا بوو، منیش وەك پزیشکێك هیوام بەژیانی نەبوو بۆیە دامەوە دەست دایکیو ناوم نەنووسی، دواتر کە بینیم دایکەکەی زۆر گریا، لەسەر پارەیخۆم کەفالەتم کردو پاش دوو هەفتە خزمەتو خواردنی باش هۆشی هاتەوەو بوژایەوە.

دوای پانزەساڵ هاوەڵانم لە مەکتەبەکەمان لەو ناوچەیە وێنەی ئەو منالەیان بۆ ناردم کە ناوی (صدیق کنین) ەو وتیان ئەمە ئەوەیە کەبڕوات نەدەکردبژی، وا لە سایەی خواوە ماوەو لەقوتابخانە یەکەمەو دە جزم قورئانیشی لەبەرە.

لەکینیا کیژۆلەیەکی بێباوك زۆر هەژار بوو، پێلاوی نەبوو، جلوبەرگی دڕابوو، کە هاوینان منالەکانی خۆم دەهاتن بۆ ئەفریقیاو سەریان لێ دەدام دیاریو شتومەکیان ئەدا بەومنالە کە نزیك نووسینگەکەمان بوو، ئەو کچە بچکۆلەیە پێگەیشتو خۆیو خوشکێکیتریشی هەردوکیان ئێستا لە کۆلیژی پزیشکین. . شایانی باسە لەکینیا لە دایەنگاوە تا زانکۆمان هەیەو کۆلێژی شەریعەتیشمان کردۆتەوەو زۆر خزمەتمان بە خەڵکی ناوچەکە کردووە. .

## موسڵمانبوونی هۆزی گریامە

حاجی ڕەشید شای مەکتوب یەکێکە لە هۆزی گریامەو لەخێزانێکی گاوردا لەدایك بووەوبە گاوری گوێی ئاودراوە، کە گەورەبوو بووە قەشەوبەرپرسی کەنیسەی ناوچەکەیان لەساڵی (١٩٣٨) ەوە تاساڵی (١٩٩٣) واتە پەنجاو چوارساڵێك. . بەهۆی لیژنەی موسڵمانانی ئەفریقیاوە موسڵمان بوو، هەموو ئەوانەی هاتوچۆی کەنیسەشیان دەکرد کە سێسەد کەس بوون ئەوانیش موسڵمان بوون. . لە بارەی موسڵمان بوونیەوە دەڵێت:

سەدان ساڵ لەمەوبەر بەهۆی بازرگانی موسڵمانەوە ئیسلامەتی گەیشتۆتە ناوچەکەمانو باووباپیرانمان موسڵمان بوونو ئێمە ناومان موسڵمانانەیەو گۆشتی مردارەوەبوو ناخۆینو

مردوومان کفنو دفن دەکەینمنالّمان خەتەنە دەکـەین. . بـەهۆی داگیرکەرانـەوە کـە بـەناوی ئازادکردنی مرۆڤی ئەفریقی هـاتبوون ئێمـەیان کـردە گـاورو سـەد سـالێك لەمەوبـەر زۆریـان لێکردین بە کۆیلەو لێیـان بـردین بـۆ وڵاتـانی ئـەورووپاو وەکـو ئـاژەڵ مامەڵـەیان کـردین. . بۆیەزۆرێك لە ئەندامانی هۆزەکەی من لە ترسا لە دارستانە چڕەکاندا خۆیان دەشاردەوە. . مـن وەك قەشەیەك بۆم دەرکەوت کەئینجیل پاش سەدساڵ زیاتر لـە دوای حـەزرەتی عیساسـەلامی خوای لێبێت نوسراوەتەوە لەلایەن (پۆلص) ەوەو بۆم دەرکەوت کە عیسا خوا نیەو کوڕی خـواش نیە، بەڵکو پێغەمبەری خوایە وەك سەرجەم پێغەمبـەرانی تـر. کەڕاسـتیەکانم بـۆ دەرکـەوت موسڵمان بوومو هەر چـەند زۆر هەوڵیانـدا لەگەڵمـدا بـەپارەو سـامان تەنانـەت بـە هەڕەشـەو چاوسوورکردنەوەش لەسەر ڕای خۆم سوور بوومو موسڵمان بووم. .

بەڵێ وازم لە ماڵو سامانو ئۆتومبێل و پلەوپایەی دنیایی هێنا تاخوا لە خۆم ڕازیبکـەمو ئایینیهەق هەڵبژێرم. پاش ئەوەش کە چووم بۆ حەج زیاتر سووربووم لەسـەر ئیسـلامیەتیەکەمو پێشتر ئەگەر وەك برینپێچێك بووبم بەو حەجە بووم بە پزیشکێکی شارەزاو باشتر خەڵکی بـانگ دەکەم بۆ ئیسلام. .

بەڕاستی من هیچم نەدەزانی لە بارەی حەجەوە، تەنها ئەوە نەبێت دەمزانـی کـە حـەزرەتی ئیبراهیمو کوڕەکەی هەبوونو پێغەمبەر بوون، خەڵکی لای ئێمە باوەڕیـان وا بـوو کـە هەرچـی بچێت بۆ مەککە ناگەڕێتەوە، بۆیە کەسوکارم حەزیان نـەدەکرد بچـم، تەنانـەت موسـڵمانێکی تـریش کـە بڕیار بوو بێت بۆ حەج نەیوێرا بێت. بەڕاستی لە حەج تێگەیشتم کـە مانـای (الحمـد لله رب العـالمين) یـانی چی، کاتێ ئەو هەموو موسڵمانەم بینی لە هەموولایەکی دنیاوە هاتبوون. . [147]

## هۆزی ئۆراما موسڵمانبوون

(دندوب ماندو هیسا) سەرۆکی هـۆزی ئۆرامـا کـەلقێکن لـەهۆزی (البورنـا) کەنزیکـەی ملیۆنێك دەبێت، موسڵمان بوو، پاش پانزە ڕۆژ لەموسڵمان بوونی چـوو بـۆ عـومرەو زیـارەتی

---

[147] - گۆڤاریالایمان ژ (١٦)

مەدینەی پیرۆز لەسێپتەمبەری (٢٠٠٢) زدا. گۆڤـاری (المستقبل الاسلامی) چـاوپێکەوتنی لەگەڵ سازداو ناوبراو وتی:

کۆمەڵێ لەبانگخوازانی لیژنەی موسڵمانانی ئەفریقیا سەردانیان کردم و باسـی ئیسـلامیان بـۆ کردم و قەناعەتم لا دروست بوو کەموسڵمان ببم. کاتێ موسڵمان بووم خـاووخێزانم کـۆکردەوە و داوام لێکردن ئەوانیش موسڵمان بن، جاکەگەڕامەوە لەپێنج شەممەدا دەچمەوە ناوچەکەی خۆمان کەڕۆژی کۆبوونەوەیانە و لەناویاندا موسڵمانێتیم ڕادەگەیەنم و پشـت بـەخوا هـەموو موسـڵمان دەبن چونکە لای ئێمە هەموو هۆزێك دوای سەرۆکەکەی دەکەوێت.

لای ئێمە ئافرەتێکی ئەوروپی تەمەن (٧٥)ساڵ پانزە ساڵە کاردەکات بـۆ مەسـیحیەتنەیتوانی بەهێندەی موسڵمانەکان خـەڵك بگـۆڕێ کەتـەنها سـێ ڕۆژ مانـەوە. ئیسـلامەتی لای ئێمـە دەگەڕێتەوە بۆ (٥٠٠) ساڵ لەمەوبـەر و بـاو باپیرانـان لەچـوار دێـر هـۆنراوەدا هەرلەکۆنـەوە ئامۆژگاریان کردوین دوای ئیسلام بکەوین و گوێ نەدەین بەمەسیحیەت.

گاورە (بروتستانت) ەکـان لاوو هـەرزەکارەکانیان کـۆدەکردەوە لەکەنیسـەکەیانداو بـەگۆرانی و سەماکردن کورِوکچیان تێکەڵ دەکردو (مەی) یان دەرخوارد دەدان و ئیتر هەرچی فاحیشەش بوو ڕووی دەدا. . ئێمەش ڕقمان لێیان بوو، چونکە ئـەوە پێچـەوانەی داب و نـەریتی هۆزەکـەمان بوو، ئەوان دەیان ویست سەرۆك هۆزەکان بەدیاری زۆر بکڕن و ڕایان کێشن بەلای خۆیاندا دیارە ئەمەشیان بۆنەچووە سەر. .

## موسڵمانبوونی سوڵتانی هۆزەکانی قولای چاد

سوڵتانی هۆزەکانی قولای لەشاری دونامنگەی چادی موسڵمانبونی خۆی ڕاگەیاند لەمانگی ڕەمەزانی (٢٠٠٣) دا، کەحەفتا هەزار شـوێن کـەوتووی هەیـە یەکـەم کەسـە کەلـەو هـۆزەدا موسڵمان دەبێ و ناوی خـۆی لـە (موسـنقار) ەوەکـرد بـە (محمـد) ، هـەروەها هاوکارەکەشـی موسڵمان بوو ناوی خۆی گۆڕی بۆ (موسا) .

## موسڵمانانی خوارووی ئەفریقیا

لەم ساڵانەی دواییدا ژمارەیەکی زۆر خەڵکی لەخوارووی ئەفریقیا لەپیاوان و لەژنان ڕوویان کردۆتە ئیسلام، یەکێ لەوانە (عمر خامبول) ە کە دەڵێ: ئەوەی هێنامی بەرەو ئیسلام ئەوەیە کە ئیسلام یەك خوا دەپەرستێ و، مایەی ڕزگارییە لەجەردەوتلیاك خۆرەکان، بەڕاستی ئیسلام موسڵمانان فێری ڕەفتاری جوان دەکات، بۆیە منیش سەرفرازبووم لەڕێی چەوت و ڕەفتاری بەدو، دوورکەوتمەوە لەچەتەکانی تلیاك و ئێستا لەگەڵ موسڵماناندا ئامادەی نوێژی جەماعەت دەبم لە مزگەوت.

ئافرەتێکی تریش کەناوی (لیلی) یە دەڵێ (خەڵکی وا هەیە پێمان دەڵێن: هیندی، چونکە ئیسلام بەئاینی هیندیەکان دەزانن، کەئەمەش بەڕاستی قورس بوو لەسەرمان) . (ئەمڕۆش نزیکەی دووهەزار ئافرەتی موسڵمانی باڵاپۆش ڕوودەکەنە مزگەوت و خەڵکی زیاتر لەجاران لایان ئاسایی بووەو بەچاوێکی تر سەیر دەکەن) .

## عەلی کریسا

بانگخوازی ئەفریقی کە سەدو پەنجا هەزارکەس لەسەر دەستیا موسڵمان بوون باسی سەرگوزەشتەی خۆی دەکات و دەڵێت : من لە هۆزی گریامام ولەبەر نەبوونی و هەژاری باوکم پێی وتم برۆ ئیشێ بکە، چووم لەماڵی ژنێکی یەمەنی کە لە ناوچەیەکی تر دەژیا و نانەوایی دەکرد ئیشم کرد، نانم ئەبرد بۆ دێکانی دەوروبەر و ئەم فرۆشت، دوای ئێوارەیەك بەلای ئاهەنگێکی موسڵماناندا رۆیشتم سروودی خۆشیان دەووت بەزمانی سەواحلی کە مەدحی پێغەمبەر بوو ﷺ بەوەش خۆشەویستی حەزرەت چووە دڵمەوەو، بەکورێکم وت: حەزدەکەم ئەو سروودەم فێربکەیت، وتی: تا موسڵمان نەبیت فێرت ناکەم، یەکسەر وەسیەتەکەی باوکمم بیرکەوتەوە کەپێی وتبووم موسڵمان نەبم.

موسڵمانێکی ئۆغەندی کە ناوی (عبدالله حسین) بوو وتی: ئەگەر موسڵمان بیت، دزداشەیەك و کڵاوێك و پانتۆڵێکت بەدیاری ئەدەمێ، لە دڵی خۆمدا وتم: من مانگانە شەست

فلسێك وەردەگرم و ئەوەش کە ئەمـدەنێ بـەدیاری بـایی پارەیـەکی زۆرە، بۆیـە بڕیـارم دا بـە ڕووکەش موسڵمان بم.

عەسرێك چووم بۆ ماڵی عبدالله و شایەتمانم هێناو ناوی نام عەلی، دیاریـەکانم وەرگـرت و شاردمەوە تا ئەو ژنەی کارم دەکرد لای نەیبینێت. ئێوارە عبـدالله هـات بـۆ ماڵەکـەو وتـی : هاتووم بۆ لای عەلی، ژنەی خاوەن ماڵیش وتی : عەلی ناو لێرە نیە و تەنها لاوێك لێـرە هەیـە ناوی کانگا یە.

دوایی ژنەکە کەزانی موسڵمانبووم زۆر خۆشحاڵ بوو وتی: ئیتر لەمەودوا تۆ وەکو کوڕمی و کارەکانیشی لەسەر سووك کردم. بۆ نوێژی ئێوارە و عیشا و بەیانیان ئەچووم بـۆ مزگـەوت تـا کەس نەمبینێت، دواتر هانیان دام کە نیوەڕۆو عەسریش بچم بۆ مزگەوت، کـە چـووم بینـرام و دەنگ و باسەکە گەیشتەوە باوکم و هات بەلێدان بردمیەوە و چەند شەوو چەند رۆژ لە دارستاندا بەستمیەوە و دارکاریان دەکردم و شەو بەدزیەوە دایکم دەهات نان و ئاوی ئەدامێ.

پاشان موسڵمانێك هات و فڕاندمی بە جلی ژنانەوە بە ئۆتومبیل بۆ دێیەکی دوور و دواتر ئاشکرا بووم و مامم هات بردمیەوە و سزاو ئازار دەسـتی پێکـردەوە، ئـەمجارەش موسـڵمانێك یارمەتی دام و رامکردەوە و بردیانم بـۆ شـارێك و وردە وردە فێـری ئیسـلامەتی بـووم، پـاش ماوەیەك وتیان رەنگە وەزعەکە گۆڕدرابێت، گەڕامەوە هەر هەمان فلیم بـوو، سـزاو ئـازارێکی زۆریان دام، ژنە یەمەنیەکە فریام کەوتەوەو بردمی بۆ لای قازیەك لە شار و حاڵەکەمی بۆ بـاس کردو جەستەمی پیشان دا کە هـەمووی بـرین بـوو، قازییەکـە گریـا بـۆم و وتـی: تـۆ لەسـەر ئیسلامەتی وایان لێکردویت؟ وتم :بەڵێ! نامەیەکی بۆ ئاغای دێکەمان نووسی کە ئەگەر باوکی عەلی جارێکی تر ئازاری بدات خۆم دەعـوای لەسـەر قەیـد دەکـەم و لـە دادگـادا بەرامبـەری دەوەستم.

نامەکەم برد بۆ ئاغاکەمان وکردیەوە و خوێندیەوە و زللەیەکی لێدام و وتی: تۆ تاوانباریـت چوویت شکاتت لە باوکت کردووە، بڕۆ باوکتم بۆ بانگ بکە، چووم بانگم کـرد و مەسـەلەکەی بە باوکم وت، ئەویش توڕەبوو وتی: من منالّم نەبووە شەیتانم بووە. ئـیتر لـە ئـازاردان رزگـارم بوو، پاشان چوومە قوتابخانە و تا ناوەندیم خوێند.

پاشان چووم بۆ ئۆغەندە وانەی ئاینم دەووتــەوە، ئنجـا بــەهۆی جـەنگی نێـوان ئۆغەنـدە و تەنزانیاوە، ناچار چووم بۆ زائیر لەوێش ژیانم زۆر زەحمەت بوو، بۆیە داوام لـە سـۆدانیەك کـرد کەناوی فەزڵ الله بوو کە خەڵووزی دەگواستەوە بۆ سۆدان بمبات بۆ سۆدان، ئەویش وتـی دوایـی گلەیم لێمەکـە تـۆ هیچـت پێنیـە بتگـرن ئـەتکوژن، وتم :قەیناکـە لەسـەر خـوا، ئـیتر لـەناو فەردەخەڵوزەکاندا شاردمیەوە و هەشت شـەو ئـاوا مامـەوە و جاروبـار لـە شـوێنێکی چـۆڵدا پارچەنانێك و قومە ئـاوێکی ئـەدامیٚ تانـەمرم، سـەرەنجام پـاش زەحمـەتێکی زۆر گەیشـتمە سنووری سۆدان و لە دێی کایا لە ماڵی شێخ ئادەم حەسەن مامەوە و منداڵەکانیم فێری قورئـان دەکرد.

لە دارستانەکان دارم ئەبڕی و بینایەکم بە قوڕ دروسـت کـرد بـۆ فێربـوونی قورئـان، پـاش ماوەیەك وەفدێك لە خەرتومەوە سەردانیان کردین و بردیانم بۆ بنکەی ئیسـلامی ئـەفریقی کـە ئێستا بووە بەزانکۆ خوێندنم تەواوکرد، پاشان چووم بۆ کینیاو تا ساڵی ١٩٩٠ لەویٚ مامەوە و بانگەوازم کرد. ئێوارەیەك دوای نوێژ کە لە مزگەوت قورئانم دەخوێند، یەکیٚ هەواڵی دامیٚ کـە وەفدێك هاتوون و عەرەبێکیان لەگەڵدایە و ئەحواڵی ئیمامی مزگەوتەکە دەپرسـن بـەڵکو بچـم بەدەمیانەوە، منیش پێم خۆش نەبوو بچم، وامدەزانی بازرگـانن و بـۆکرینی حوشـتر هـاتوون، بەهەرحاڵ بەنابەدڵی چـووم، تومـەز عەرەبەکـە دکتـۆر (**عبدالرحمان السميط**) بـوو کـە زۆر بەگەرمی باسی بانگەوازی کرد و هانی دام کەبچمەوە ناوچەکەی خۆم بانگـەواز بکـەم، چـونکە ئەگەر ئەوان بە کافری بمرن گوناهیان لە ئەستۆی مندایە، بەڕاسـتی بـە قسـەکانی بیروبۆچـوونم گۆڕدرا و هەرچەند خەڵکی ناوچەکە حەزیان نەدەکرد برۆم زۆر تکام لێکردن تا ڕێیان دام.

پاش سی ساڵ گەڕامەوە ناوچەکەی خۆم و لە دێی (تراسا) کـە بنکـەی منداڵـانی بێبـاوکی ڕێکخراوی (العون المباشر) ی لێبـوو کەوتمـە کـارکردن، بـاوکم کـەزانی گەڕاومەتـەوە شـەوێك سەردانی کردم و منیش باسی ئیسلامم بۆ کرد ئەویش وتی کوڕم ئیتر تۆ باوك بەو چی ئەڵێیت لە قسەت دەرناچم، سەعات دەی شەو موسڵمان بوو، ئەتووت جەژنە، ئەتووت دنیا هـی منـە، چەند ساڵ بوو من چاوەڕێی ئەم ساتەوەختەبووم.

باوکم خۆی شت و بەیانی بردم بۆ مزگەوت، مناڵەکان دەیانناسی، وتیان: کریسا موسڵمان نیە چۆن هاتۆتە مزگەوتەوە؟ منیش وتم باپیرتان تازە موسڵمان بووە، ئیتر لە خۆشیا بەدەنگی بەرز (الله أکبر) یان کرد و چوون هەریەکە و دیارییەکیان بۆ هێنا، دواتر باوکمم بردەوە بۆ دێیەکەی خۆمان ولەسایەی خواوە دایکیشم موسڵمان بوو، ئنجا برا بچوکەکەم و خوشکەکەشم موسڵمان بوون. ئنجا داوام لە دکتۆر عبدالرحمان کرد کە دەمەوێ لە کۆلێژی دیراسات ئیسلامی لەمەمباسا بخوێنم، ئەویش هاوکاری کردم و ئەو کۆلێژەشم خوێندو ئێستا گەڕاومەتەوەناوچەکەی خۆم بانگەواز دەکەم. ئامۆزایەکیشم لەم دواییەدا هاتوو موسڵمان بوو، کە بانگبێژی بینی حەزی کرد بانگ بدات، بە یەك ڕۆژ ئنجا فێری بانگمان کرد. موسڵمانان ئەگەر بەجەستەش لەلامان نەبن، با دڵتان لامان بێت و دوعای خێرمان بۆ بکەن. (لەوتارێکی دەنگ و ڕەنگی خۆیەوە وەرگیراوە) .

## مزگەوتی بابری

ئەم مزگەوتە دەکەوێتە شاری ئیۆدهیا لە باکوری هیندستان، لە سەدەی شانزەدا (بابر) یەکەم ئیمپراتۆری مەغۆلی دروستی کرد کە لەو سەردەمەدا حوکمی هیندستانی دەکرد.

لە شەوی ٢٢ی دیسەمبەری ساڵی ١٩٤٩ کۆمەڵێك هیندۆسی کە پەنجا شەست کەسێك دەبوون هێرشیان کردە سەر مزگەوتەکە و کۆمەڵێ بتیان تیا دانا کە هی (راما) یە کە دەیپەرستن و، وتیان گوایا راما خۆی لە شوێنی لەدایك بوونی دەرکەوتۆتەوە! لەو کاتەوە مزگەوتەکە کەوتە ژێر چاودێری پۆلیسەوە، لەبەرئەوەی کێشەی لەسەربوو.

لە ٣ی نۆڤەمبەری ١٩٨٤ سەرۆك وەزیرانی هیندی پێشوو (راجیف غاندی) ڕێی دا بە هندۆسەکان کە بەردی بناغەی پەرستگاکەیان لەناو حەوشەی مزگەوتەکەدا دابنێن، پاشان لەساڵی ١٩٨٦ قازی بڕیاری دا کە ڕێ بدرێ بە هیندۆسەکان پەرستنی خۆیان لەناو مزگەوتەکەدا ئەنجام بدەن.

لە ساڵی ١٩٨٥ مەحکەمە ئەو داوایەی پووچەڵ کردەوە کە داوای گەڕانەوەی مزگەوتەکەی دەکرد بۆ هندۆسەکان، لەبەر نەبوونی بەڵگەی پێویست، گوایە مزگەوتەکە کاتی خۆی پێش

چوار سەدە زیاتر لەسەر پەرستگای (راما) دروستکراوە. لە ٦ی دیسەمبەری ١٩٩٢دا هەزاران هیندۆسی هێرشیان کردەسەر مزگەوتەکە و ڕووخاندیان، لەم ئاژاوەیەدا نزیکەی دوو هەزار موسوڵمان شەهید بوون و هەزار هیندۆسیش کوژران.

لە ٢٠٠١/٥/٢٠ دا سەرۆك وەزیرانی هیندی (أتال فاجابایی) ڕایگەیاند کە لە ماوەیەکی نزیکدا پەرستگای هیندۆسەکان لەو شوێنەدا دروست دەکەن هەرچەند وەزیری ناوخۆ ڕایگەیاند کە ئێمە ڕێنادەین بە دروست کردنی ئەو پەرستگایە. ڕۆژنامەی ئەنصاری ئیکسپرێسی هیندی هەفتانە دەڵێت: دوای ڕووخانی مزگەوتەکە نزیکەی چل هیندۆسی بەشدار لەو تاوانە گەورەیەدا کوێر بوون، کە سی و یەك کەسیان خەڵکی یەك گەڕەکن لە شاری مهادینۆر کە پێشتریش هەوڵیان دابوو مزگەوتەکە بڕوخێنن و بۆیان نەکرابوو. بێجگە لەو کۆمەڵە نۆ کەسی تریش لە ڕێکخراوی غازی بور کە بەشداربوون لەو تاوانەدا کوێر بوون.[١٤٨]

ڕۆژنامەی ڕاشتریە سوهارا، ژمارە ٢٧٧٠ دەڵێت: دوو کەس لە بەشداربوانی ئەو تاوانە گەورەیە لەسەر دەستی شێخ کەلیم سدیقی سەرپەرشتیاری کۆمەڵەی (ولی الله) دا موسوڵمان بوون و یەکێکیانی ناونا (عمر) و ئەوی تریان (عامر) .

شایەنی باسە (عمر) کە پێشتر ناوی (دهرمیندر) بوو تووشی حاڵەتێکی هیستریی و شێتیی بوو، کە چاك نەدەبوو، تا یەکێ بە باوکی وت ئەگەر تەوبە بکاو موسوڵمان ببێ چاك دەبێ، کە ئەمەش وا دەرچوو.

(راجۆ) ش پاڵەوانی تایکواندۆ بوو لە هیندستان، دوژمنی سەرسەختی ئیسلام بوو، یەکێ بوو لە پێشەواکانی هێرشکردنە سەر مزگەوتەکە، پاش ئەوەی مزگەوتەکەیان ڕووخاند، ڕای کرد بۆ کوەیت بۆ کارکردن، تا دووربێت لە چاوی پۆلیسی هیندی. کەوتە کارکردن لای کەسێك کە مەڕوماڵاتی هەبوو لە بیابانی جەهرادا، (راجۆ) سەرگوزشتەی خۆی دەگێڕێتەوەو دەڵێت: ئەو کەسەی کارم دەکرد لەلای وتی: دەبێ شوانیم بۆ بکەی، منیش وتم: شوانی ناکەم، گۆچانێکی بەدەستەوە بوو کەوتە لێدانم، مەچەکم بریندارببوو، هەردوو دەستیم گرت و پێم وت: من پاڵەوانی تایکواندۆ بووم لە هیندستان، کە دەڕۆیشتم بۆ جێگایەك سێ سەیارە لە پێشمەوە و سێ سەیارە لە دوامەوە بوون، من لەبەر بارو زروفێك هاتومەتە ئێرە کاردەکەم، شوانی ناکەم، ئەگەر دەتەوێت سایەقیت بۆ دەکەم، ڕازی بوو کە ببمە سایەق.

١٤٨- ڕۆژنامەی ریاض/ ژ: ٩٠٦٧ی ساڵی ١٤١٣ی کۆچی.



مزگەوتی بابری پێش ڕوخاندنی

شەوێکیان لە دەرگای ژوورەکەم دراو دەنگێك وتی: هەستە نوێژ بکە، هاتمە دەرەوە کەس نەبوو، وتم ڕەنگە خەوم دیبێ، سبەی شەو بەهەمان شێوە، لە دەرگا دراو دەنگێك وتی: هەستە نوێژ بکە، هاتمە دەرەوە و سەیرم کرد کەس نەبوو، شەوی سێیەم بڕیارم دا نەنووم، لە هەمان کاتدا لە دەرگا درایەوە و چوومە دەرەوە کەس نەبوو، ئیتر گەڕام بەدوای ئیسلامدا و موسوڵمان بووم. ئەوا بیست ساڵە بە یارمەتی خودای گەورە هەزارو هەشت سەد کەس لەسەر دەستیا هیدایەتیان وەرگرتووە. شایانی باسە ئێستا ناوبراو نەخۆشەو لە جێگادا کەوتووە، پێویستی بە دوعای خێرە.[١٤٩]



مزگەوتی بابری کە دوای ڕوخاندنی نوێژی تیا دەکرێ

١٤٩- شێخ نبیل العوضی گێڕایەوە

## هیدایەتێکی سەیر

دوو لاوی دوور لە خوای خەڵکی مەدینەی منەوەرە دەچن بۆ تورکیاو لە ئەستەنبوڵ مەشروبات دەکڕن و بە تەکسی دەچنە دێیەکی سیاحی، کە فەرمانبەری پرسگەکە پەساپۆرتەکەیان لێوەردەگرێ و ناویان تۆمار دەکات و دەزانێت خەڵکی سعودیەن، لێیان دەپرسێت خەڵکی کوێن لە وڵاتی سعودیە، یەکێکیان دەڵێ: خەڵکی مەدینەی منەوەرەین. ئەویش لەبەر خۆشەویستی بۆ ئەو شارە موبارەکە کە ئەم دووانە لەوێوە هاتوون، لەجیاتی ژوور، جەناحێکی گەورەیان دەداتێ.

ئەم دوو لاوە تا نیوە شەو خەریکی خواردنەوە دەبن و یەکێکیان فول سەرخۆشە و ئەوی تریان کەمتر، بەرەبەیان سەعات چوار و نیو لە دەرگا دەدرێت، دەڵێن: کێیە؟ تومەز فەرمانبەری پرسگەکەیە، دەڵێت: ئیمامی مزگەوتەکەمان نوێژخوێنانی ڕاگرتووە کە زانیوێتی ئێوە ئەهلی مەدینەن و لێرەن حەزئەکات ئێوە ئیمامەت بکەن، جا تا ڕۆژ نەبۆتەوە، وەرن یەکێکتان ئیمامەتیەکەمان بۆ بکەن، ئەمەش بەڕاستی ئیحراجیەکی گەورە بوو بۆیان، بە پەلە خۆیان شت و ناچار دابەزین و چوون بۆ مزگەوتەکەو، پێشوازییەکی گەرمیان لێ کردن و یەکێکیان چووە پێشەوەو لە نوێژەکەدا فاتیحەو (قل هو الله أحد) ی خوێندکە هەر ئەوەندەی لەبەربوو. پاش ئەم ڕووداوو شەرمەزارییە تەوبەیان کرد و ئێستا یەکێکیان بۆتە بانگخوازێکی دیار بۆ ئیسلام. [١٥٠]

## ئیسلام پەیامی هەموو پێغەمبەرانە

ئیسلام بە واتا ئەو بەرنامەیەی کە خوا ناردویەتی بۆ پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت، کە بۆ هەموویان لایەنی بیروڕاو عەقیدەیان یەکتاپەرستییەو وەك یەکەو لە لایەنی شەریعەتیشەوە بەپێی بارو زروف و زەمانی هەریەکەیان جیاوازی هەیەو، تەواوترینیان بەو مانایەی کە هەموو لایەنەکانی ژیانی گرتۆتەوەو دەوڵەتداری و جەنگ و ئاشتی و جیهانیبوونی

---

[١٥٠] -شێخ جاسم المطوع گێڕاویەتیەوە.

تیایەو بۆ گشت ئادەمییە لە کاتی هاتنیەوە تا قیامەت، پەیامی دوا پێغەمبەرە ﷺ کە قورئان خۆی باسی لێ دەکات و دەفەرموێت: ﴿...ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗاۚ ...﴿٣﴾﴾ المائدة.

ئیسلام بوون واتە تەسلیم بوون و ملکەچی بۆ فەرمانەکانی خوا کە لە پەیامەکەیدا بۆ پێغەمبەرانی ناردووە، قورئان دەفەرموێت: ...

أ- نوح سەلامی خوای لێبێت بە گەلەکەی فەرموو ﴿فَإِن تَوَلَّيۡتُمۡ فَمَا سَأَلۡتُكُم مِّنۡ أَجۡرٍۖ إِنۡ أَجۡرِيَ إِلَّا عَلَى ٱللَّهِۖ وَأُمِرۡتُ أَنۡ أَكُونَ مِنَ ٱلۡمُسۡلِمِينَ ﴿٧٢﴾﴾ یونس . واتە: ئەگەر پشتتان لە ئایین هەڵکردو سەرپێچیتان کرد، ئەوە کەیفی خۆتانە، خۆ من داوای هیچ پاداشتێکم لە ئێوە نەکردووە، پاداشتی من لەسەر خوایە، من فەرمانم پێ دراوە کە لە موسڵمانان بم.

ب- ئیبراهیم و ئیسماعیل سەلامی خوایان لێبێت دوعایان کردووەو فەرموویانە:

﴿رَبَّنَا وَٱجۡعَلۡنَا مُسۡلِمَيۡنِ لَكَ وَمِن ذُرِّيَّتِنَآ أُمَّةٗ مُّسۡلِمَةٗ لَّكَ وَأَرِنَا مَنَاسِكَنَا وَتُبۡ عَلَيۡنَآۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٢٨﴾﴾ البقرة . واتە: خودایە وامان لێبکە گەردن کەچی تۆ بین و موسڵمان بین، لەبەرەو نەوەیشمان کۆمەڵێ دروست بکە گەردن کەچی تۆ بن و باوەڕیان پێت هەبێت، ڕێ و شوێنی چۆنیەتی بەندەیی و خواپەرستیشمان پیشان بدەو لێمان خۆش ببە، هەر تۆی زۆر تەوبە لە بەندەکانی خۆت قبوڵ ئەکەیت و هەر تۆی میهرەبانی.

ج- وەسیەتی ئیبراهیم و یەعقوب بۆ کوڕەکانیان: ﴿وَوَصَّىٰ بِهَآ إِبۡرَٰهِـۧمُ بَنِيهِ وَيَعۡقُوبُ يَٰبَنِيَّ إِنَّ ٱللَّهَ ٱصۡطَفَىٰ لَكُمُ ٱلدِّينَ فَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ﴿١٣٢﴾﴾ البقرة . واتە: ئیبراهیم و یەعقوبی کوڕەزاشی هەر بەمە وەسیەتیان کرد بۆ کوڕەکانیان: کوڕەکانم خودا ئەم ئایینەی بۆ ئێوە هەڵبژاردووە، ئاگاتان لێی بێ و لەکیسی مەدەن و لە سەر غەیری ئایینی ئیسلام مەمرن.

د- موسا سەلامی خوای لێبێت فەرمووی: پشت بەخوا ببەستن ئەگەر ئێوە موسڵمانن ﴿... فَعَلَيۡهِ تَوَكَّلُوٓاْ إِن كُنتُم مُّسۡلِمِينَ ﴿٨٤﴾﴾ یونس .

ر- جادوگەرانی سەردەمی موسا (سەلامی خوای لێبێت) بڕوایان هێناو وتیان: خودایە ئارامی بەسەر دڵماندا بڕێژەو بە موسڵمانی بمان مرێنە. ﴿...رَبَّنَآ أَفۡرِغۡ عَلَيۡنَا صَبۡرٗا وَتَوَفَّنَا مُسۡلِمِينَ ١٢٦﴾ الأعراف .

ز- حەوارییەکانی عیسا (سەلامی خوای لێبێت) وتیان: ﴿قَالَ ٱلۡحَوَارِيُّونَ نَحۡنُ أَنصَارُ ٱللَّهِ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَٱشۡهَدۡ بِأَنَّا مُسۡلِمُونَ ...٥٢﴾ آل عمران. ئێمە یارمەتیدەرین بۆ ڕێگەی خودا، بڕوامان هەیە بە خواو تۆش شایەتیمان بۆ بدە کە ئێمە موسڵمانین.

س- شاژنی وڵاتی سەبەء کە هات بۆ لای سولەیمان (سەلامی خوای لێبێت) پاش ئەوەی نامەکەی بۆ چوو ﴿...بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ٣٠ أَلَّا تَعۡلُواْ عَلَيَّ وَأۡتُونِي مُسۡلِمِينَ ٣١﴾ النمل ، ئەویش هات و وتی: ﴿وَأَسۡلَمۡتُ مَعَ سُلَيۡمَٰنَ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٤٤﴾ النمل. واتە: لەگەڵ حەزرەتی سولەیماندا فەرمانبەری پەیامی خوای جیهانیانم و موسڵمان بووم.

ش- لەبارەی تەوراتەوە دەفەرموێت: کە کاتی خۆی ئەو پێغەمبەرانەی کە موسڵمان بوون حوکمیان پێ کردووە ﴿...يَحۡكُمُ بِهَا ٱلنَّبِيُّونَ ٱلَّذِينَ أَسۡلَمُواْ ...٤٤﴾ المائدة .

و- یوسف (سەلامی خوای لێبێت) دوعای کرد کە خوا بە موسڵمانێتی لە دنیای دەربکات ﴿تَوَفَّنِي مُسۡلِمٗا وَأَلۡحِقۡنِي بِٱلصَّٰلِحِينَ ١٠١﴾ یوسف . جولەکە و گاورەکان دەیانوت: باوکی پێغەمبەران ئیبراهیم یەهودی یان نەسرانی بووە، قورئان بەرپەرچی ئەمە ئەداتەوەو دەفەرموێت:

﴿مَا كَانَ إِبۡرَٰهِيمُ يَهُودِيّٗا وَلَا نَصۡرَانِيّٗا وَلَٰكِن كَانَ حَنِيفٗا مُّسۡلِمٗا وَمَا كَانَ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ٦٧﴾ آل عمران .

ه- تەنها ئایین لای خوا ئیسلامە کە ئەو پەیامەیە بۆ هەموو پێغەمبەران هاتووە: ﴿إِنَّ ٱلدِّينَ عِندَ ٱللَّهِ ٱلۡإِسۡلَٰمُۗ ...١٩﴾ آل عمران . وە ئێستاش کە هەموو پەیامەکان لە دینی ئیسلامی دوا پەیامی خوا بۆ مرۆڤایەتی دا کۆبۆتەوە، هەرکەس شوێنی نەکەوێت خەسارەتمەندی دنیاو قیامەتە: ﴿وَمَن يَبۡتَغِ غَيۡرَ ٱلۡإِسۡلَٰمِ دِينٗا فَلَن يُقۡبَلَ مِنۡهُ وَهُوَ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ٨٥﴾ آل عمران .

له هەموو قورئاندا وشەی یەهودیەت ومەسیحیەت نەهاتووە و زاراوەی (یەهودیەت) بەپێی ڕای مێژوونووسان و زانایانی جولەکە پاش نزیکەی چوار سەدە لە زەمانی موسا (سەلامی خوای لێبێت) لە سەدەی نۆی پێش زاییندا دەرکەوت.[١٥١] جولەکە ئیدیعای ئەوەیان دەکرد کە ئیبراهیم و پێغەمبەرانی وەك ئیسحاق و یەعقوب و. . هتد یەهودی بوون، خوای گەورەش کە زانایە بە نهێنی و ئاشکرا ئەم بۆچوونەیان بۆ ڕاست دەکاتەوەو دەفەرمویێت: ئیبراهیم نە جولەکەو نە گاور نەبووە، چونکە تەورات و ئینجیل دوای ئەو دابەزیوە.﴿ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ لِمَ تُحَآجُّونَ فِيٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَمَآ أُنزِلَتِ ٱلتَّوۡرَىٰةُ وَٱلۡإِنجِيلُ إِلَّا مِنۢ بَعۡدِهِۦٓۚ أَفَلَا تَعۡقِلُونَ ﴿٦٥﴾ هَٰٓأَنتُمۡ هَٰٓؤُلَآءِ حَٰجَجۡتُمۡ فِيمَا لَكُم بِهِۦ عِلۡمٞ فَلِمَ تُحَآجُّونَ فِيمَا لَيۡسَ لَكُم بِهِۦ عِلۡمٞۚ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ وَأَنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ ﴿٦٦﴾ مَا كَانَ إِبۡرَٰهِيمُ يَهُودِيّٗا وَلَا نَصۡرَانِيّٗا وَلَٰكِن كَانَ حَنِيفٗا مُّسۡلِمٗا وَمَا كَانَ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ﴿٦٧﴾ ﴾ آل عمران .

زانایانی جولەکەو گاور تانەیان لە قورئان دەدا کە چۆن هەموو پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێبێت) بە موسڵمان ناو دەبات، لە کاتێکدا گوایە حەزرەتی موسا یەهودیەتی هێناوە و حەزرەتی عیساش مەسیحیەت.

مارك سلجاندر ئەندامی پێشوی کۆنگرێسی ئەمەریکی لە بەرنامەی **(من واشنطن)** لە کەناڵی جەزیرەوە لە ٢٠٠٩/٩/٢١ دا وتی:

لە ساڵی ١٩٩٨ دا کاتێك لە زەمانی بیل کلینتۆن دا خوانێکی ڕۆژوو شکاندنیان لە کۆشکی سپی ساز کرد و سەرەتا قورئانی تیا خوێنرا، من نامەیەکی توندم ئاڕاستەی حکومەت کرد و زۆر دژی ئەو کارە بووم و پێم خۆش نەبوو لە کۆشکی سپیدا قورئان خوێندراوە. بەڵام کاتێك خولی پەرلەمانی تەواو بوو، کەوتمە دیراسەی قورئان وئینجیل بە تایبەت ئەو ئینجیلانەی کە بە زمانی ئارامی نووسرابوون، سەرەنجام گەیشتمە ئەو ڕاستییەی کە لەو ئینجیلانەدا بە ئاشکرا باسی پێغەمبەران دەکات کە موسڵمان بوون بەڵام کە وەرگێڕدراون بۆ زمانی ئەوروپی زۆر دەستکاری کراون. پاشان پەڕاوێکم نووسی بەناوی **(سوء فهم قاتل)** کە تیایا وەڵامی پرسیارێك ئەدەمەوە: ئایا عیسا موسوڵمانە یان مەسیحییە؟

---

[١٥١]– ل١٦٣، حدث القرآن العظيم /عبدالوهاب الرا وي.

بەڕاستی هەڵوێستی ڕۆژئاوا بەرامبەر ئیسلام هەڵوێستێکی نادروستە هۆکەی ئەوەیە کە ڕۆژئاواییەکان لە قورئان حاڵی نەبوون. لە ساڵی ٢٠٠٠ دا دووسەدو پەنجا قەشەم کۆکردەوە لە کەنیسەیەکدا لە شاری فیرجینیا و پێم وتن: ئێستا دەقێکی پەڕاوی پیرۆزتان بۆ دەخوێنم، هەموو لە حاڵەتێکی ڕۆحی و تەسبیحاتا بوون، تەرجەمەی ئایەتەکانی سورەتی ئال عیمرانم بۆ

خوێندن  کە دەفەرموێت : ﴿ إِذۡ قَالَتِ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ يَٰمَرۡيَمُ إِنَّ ٱللَّهَ يُبَشِّرُكِ بِكَلِمَةٖ مِّنۡهُ ٱسۡمُهُ ٱلۡمَسِيحُ عِيسَى
ٱبۡنُ مَرۡيَمَ وَجِيهٗا فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِ وَمِنَ ٱلۡمُقَرَّبِينَ (٤٥) وَيُكَلِّمُ ٱلنَّاسَ فِي ٱلۡمَهۡدِ وَكَهۡلٗا وَمِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ
(٤٦) قَالَتۡ رَبِّ أَنَّىٰ يَكُونُ لِي وَلَدٞ وَلَمۡ يَمۡسَسۡنِي بَشَرٞۖ قَالَ كَذَٰلِكِ ٱللَّهُ يَخۡلُقُ مَا يَشَآءُۚ إِذَا قَضَىٰٓ أَمۡرٗا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُۥ
كُن فَيَكُونُ (٤٧) وَيُعَلِّمُهُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ وَٱلتَّوۡرَىٰةَ وَٱلۡإِنجِيلَ (٤٨) وَرَسُولًا إِلَىٰ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ أَنِّي قَدۡ
جِئۡتُكُم بِـَٔايَةٖ مِّن رَّبِّكُمۡ أَنِّيٓ أَخۡلُقُ لَكُم مِّنَ ٱلطِّينِ كَهَيۡـَٔةِ ٱلطَّيۡرِ فَأَنفُخُ فِيهِ فَيَكُونُ طَيۡرَۢا بِإِذۡنِ ٱللَّهِۖ
وَأُبۡرِئُ ٱلۡأَكۡمَهَ وَٱلۡأَبۡرَصَ وَأُحۡيِ ٱلۡمَوۡتَىٰ بِإِذۡنِ ٱللَّهِۖ وَأُنَبِّئُكُم بِمَا تَأۡكُلُونَ وَمَا تَدَّخِرُونَ فِي بُيُوتِكُمۡۚ إِنَّ
فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗ لَّكُمۡ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ (٤٩) وَمُصَدِّقٗا لِّمَا بَيۡنَ يَدَيَّ مِنَ ٱلتَّوۡرَىٰةِ وَلِأُحِلَّ لَكُم بَعۡضَ
ٱلَّذِي حُرِّمَ عَلَيۡكُمۡۚ وَجِئۡتُكُم بِـَٔايَةٖ مِّن رَّبِّكُمۡ فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ (٥٠) ﴾ آل عمران.

پاشان کە زانییان ئەوە لە قورئاندا هاتووە بێدەنگییەکی زۆر باڵی کێشا بەسەر هۆڵەکەدا و سەرسامییەکی زۆر دای گرتن. ڕۆژێك چووم بۆ قوتابخانەیەکی لاهوت وتم: چەند کەس لێرە موسڵمانە؟ لایان سەیربوو وتیان: ئێرە قوتابخانەی فێربوونی لاهوتە و موسڵمان چی ئەکات لێرە؟ وتم: ئاخر ئەبێ ئێمە هەموو موسڵمان بین.

من بەنیازم نامەیەك بنووسم و بیست و پێنج هەزار نوسخەی بلاوبکەمەوە بەسەر قەشە و زانا مەسیحییەکاندا، تا جارێکی تر دیراسەی ئیسلام بکەنەوە و پردی لێك گەیشتن بنیات بنێن لەگەڵ موسڵماناندا، کە بەڕاستی ئیسلام (مژدە) یەو هەقە گفتوگۆو لێك تێگەیشتن لە نێوانماندا هەبێت. قورئان دژایەتی مەسیح ناکات (سەلامی خوای لێبێت) بەڵکو بەڕێزەوە باسی خۆی و دایکی دەکات.

## بەخوا شەهید دەبم!

(بـراء کوڕی مالك لەسەر پشت پاڵکەوتبوو، هەندێ سروودی حەماسی وت، ئەنـەس پێـی وت: تۆ هاوەڵی حەزرەت بوویت ﷺو سرود دەڵێیت، (براء) وتی: بێدەنگ بە بەو خوایـەی کـە هەر خۆی خوایە، لە سەد جێدا لەگەڵ کافراندا جەنگاوم، بەو خوایەی کە هەر خـۆی خوایـە بـە شەهیدی دەمرم!بەڵێ. . سوێندی خوای دا کە شەهید بێ، شەهید بوو!
کە ئەمەش لە فەرموودەدا هاتووە کە کەسی وا هەیە (**لو أقسم على الله لأبره**)

## بانگخوازێکی ژیر

موسـڵمانێکی بەهیممـەت بـە ویلایەتـەکانی ئەمـەریکادا دەگـەڕا، ئەگـەر بیزانیایـە لـە ناوچەیەکدا موسڵمانان کۆنابنەوە بۆ نوێژ، شـوقەیەکی بـەکرێ دەگـرت و موسـڵمانانی بـانگ دەکرد بۆ جەماعەت و نوێژی هەینی و وتاری بۆ ئەدان و ئەیوت: وا من هەفتەیەکە لێرەم و ئەم شوێنەم بۆ بەکرێ گرتوون و ویستم کۆتان بکەمەوە، پارەشم نییـە بـەردەوام کرێتـان بـۆ بـدەم، فەرموون خۆتان پارە کۆبکەنەوەو کرێکە بدەن و کۆ ببنەوە بۆ نوێژو خواپەرستی.
شێخ **جاسم مطوع** دەڵێت: لەو کەسەم پرسی چـەند مزگـەوتی وات کردۆتـەوە، پێکـەنی و وتی: نەم ژماردووە، بەڵام لەسێ سەد مزگەوت زیاترە. بەڕاستی داهێنانێکی مەزنی ئەنجام داوە کە سەدەقەیەکی جاری گەورەیە.

## ئالاَی خێر

لاوێك دێتە لای زانایەك گلەیی لە خراپەی خراپەکاران و بلاَوبوونەوەی بەدڕەوشتی دەکـات، ئەویش پێی دەڵێت: کوڕی خۆم ئەهلی شەڕ ئالاَیان هەڵکردووە و خەڵکی لە دەوریان کۆبۆتـەوە، تۆش ئالاَیەك بۆ خێر هەڵبکە بـا خـەڵك لـە دەورت کۆببنـەوە. لێـرەوە تێدەگـەین کـە کـاری بەکۆمەڵی ئیسلامی زۆر پێویستە، (ما لایتم الواجب الا به فهو واجب) ، هەر شتێك واجبێکی پێ تەواوبێت واجیبە، دەستنوێژ کە نوێژ تەواو دەکات وەك نوێژەکە واجیبە، بەهەمان شـێوەش ئەمڕۆ دنیای تیم و کاری بە کۆمەڵەو باوی کاری تاکەکەسی نەماوە، پێشەوا عەلی چاك لەمـە

تێگەیشتبوو بۆیە دەفەرموێت (كدر الجماعة خير من صفو الفرد) ئەگەر كاربكەیت لەگەڵ كۆمەڵێ موسڵماندا كەموكوڕیشیان هەبێ چاكترە لەوەی كە بەتەنها كاربكەیت. دنیای ئەمڕۆش دنیای موئەسەسات و ڕكخراوو ئەحزابە، هەر كۆمەڵەو شتێك كۆی كردونەتەوە، هەق بێت یان ناهەق، جا ئیسلامێك كەداوای كردبێت ئەگەر سێ موسڵمان بەیەكەوە بوون یەكێكیان بكەن بە ئەمیرو، چەندجار لە قورئاندا باسی حیزب وتاقمی خواو حیزب و تاقمی شەیتانی كردبێ، ئیتر چۆن بتوانین خۆمان ببوێرین لە كاری بەكۆمەڵ.

لە دوای زەمانی حەزرەتی نوحیشەوە كوفر بەكۆمەڵ ڕووبەڕووی پێغەمبەران بوونەتەوە، ئەوان لەو ساوە عەقڵیان بەوە بشكێ ئێمە تازە لەسەدەی بیست ویەكدا گومانمان هەبێ لەكاریبە كۆمەڵ؟ ؟ قورئان دەفەرموێت: ﴿كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ قَوْمُ نُوحٍ وَالْأَحْزَابُ مِن بَعْدِهِمْ ۖ وَهَمَّتْ كُلُّ أُمَّةٍ بِرَسُولِهِمْ لِيَأْخُذُوهُ ۖ وَجَادَلُوا بِالْبَاطِلِ لِيُدْحِضُوا بِهِ الْحَقَّ فَأَخَذْتُهُمْ ۖ فَكَيْفَ كَانَ عِقَابِ ﴿٥﴾﴾ غافر ، خۆشەویستانم وریابن ناحەزانی ئیسلام نایانەوێ ئێمە بە كۆمەڵ كاربكەینوهەندێ موسوڵمانی ناحاڵیش قسەی دوژمنان دەكەنەوەو هەرچی كاری بەكۆمەڵ بكات لەرێی جەمعیات یان حیزبە ئیسلامیەكانەوە بەبیدعەچیان دادەنێن، دیارە ئەمەش وانیەو حیزبە ئیسلامیەكان ئەگەر كەم و كوڕیشیان هەبێت زۆر باشترە لەوەی كە بەتەنها كاربكرێت و خێری زیاترە.

# دوا وته

قورئانی پیرۆز دەفەرموێت ﴿وَٱلۡعَصۡرِ ۝١ إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لَفِي خُسۡرٍ ۝٢ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلۡحَقِّ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلصَّبۡرِ ۝٣﴾ هەروەك دیارە سەرفرازی لە ئیمان و کردەوەی چاك وفەرماندان بەچاکەو فەرماندان بە ئارامگرتندایە. پێشەوا شافیعی دەڵێت: ئەگەر تەنها ئەم سوورەتە دابەزیایە بەس بوو، چونکە رێگای سەرفرازی ئادەمیزادی دیاری کردووە. هەروەها دەڵێت :ئەگەر خەڵکی لەم سوورەتە وردببنەوە بەسیانە. خۆشەویست (د.خ)دەفەرموێت: **من رأى منكرا فليغيره بيده، فإن لم يستطع فبلسانه، فإن لم يستطع فبقلبه، وذلك أضعف الإيمان.** [١٥٢]. وتنی هەق وهەوڵدان بۆ گۆڕینی خراپە ئەرکی سەرشانی موسڵمانە هەرچۆنێك بۆی بکرێت، ئەوەش کە ئەم ئەرکە بەجێ نەهێنێ مردووی زیندووەکانە هەروەك حوزەیفەی کوڕی یەمان دەڵێت.

بەهۆی ئەم رێنماییانەوە بوو ئیسلام بڵاوبۆوە، لە ساڵی **٩٣** ی کۆچیدا قوتەیبەی کوڕی موسلیم پاش ئەوەی فەتحی بوخاراو دەوروبەری کرد خەمی سەمەرقەندی بوو وتی : (هەتا کەی سەمەرقەند شەیتان تیاتا هێلانە بکات؟ ) ، ئنجا بەهاوکاری و فیداکاری موسڵمانان بەرێکەوتن و بەبێ جەنگ فەتحی کرد، مزگەوتی تیا دروستکردو پاشان هەموو بتەکانی ناوچەکەی کۆکردەوەوفەرمانی دا بیان سووتێنن، خەڵکی ناوچەکە کەوتنە شین و واوەیلا، یەکێ لە سەرکردەی کافرەکان هاتە لای و تکای لێکرد کە بتی کۆنی تیایە نەیسوتێنێ، قوتەیبەش بەدەستی خۆی سوتاندنی، تا بەیەکجاری بت پەرستی لەدڵ ودەروونیاندا دەربێنێ. [١٥٣]. دنیا پێنج ودوو رۆژێکە و هەقە لە کاری خێر و چاکەدا بەخت بکرێت، هەروەك نالی شاعیری خواناس لە چەند دێڕ هۆنراوەیەکدا دەڵێت:

---

[١٥٢]- **الراوي:أبو سعيد الخدريالمحدث:الألباني – المصدر:صحيح النسائي – الصفحة أو الرقم: ٥٠٢٣خلاصة حكم المحدث:صحيح**

[١٥٣]- (پەڕاوی **هجرة الدعاة أم الرعاة-د.سلاح سلطان)**

نەفـــــەس بگـــــرە لــــە هاتوچــــوویی خـــۆڕایی هــــەتا مـــاوی

کـــە ئـــــەم بایـــــە هــــەتا ئێســـــتاکە هــــەرعومری بــــەباداوی

مەگـــــەر مەیخانەیـــــە دنیـــا کـــــەوا کاســــی لەبـــەر کەئسـی

بەنەغمـــــەی عــــوودی ســــووتاوی، بەنەشــــئەی (**طاســــی**) تاســاوی

ئەمێســــتەیش، گەرچـــی عـــەیش و عوشـــرەتت هــــەر تــــاڵ وتـــاڵاوە

بەمــــەرگی تـــۆ، لــــە پاشــــانیش دەخـــۆی تــــاڵاوی تــــاڵاوی

هــــەوای ســــەیری بـــــەڕو بـــــەحر ئـــاگری بەرداوەتـــــە عــــومرت

کــــە تــــۆزێ مونعەقیـــد خــــاکی، دڵـــۆپێ مونجەمیـــد ئـــاوی

کـــە خـــاکی، خـــاکی دامـــەن بـــە، وەگـــەر نـــە، تــۆزی بـــەربادی

کـــە ئـــاوی، ئـــاوی گەوهـــەر بـــە، وەگەرنـــە، بڵقـــی ســـەرئاوی

بـــــە میعراجـــــی ســــــولووکی ســـــالیکاندا تـــــا نەچـــــی ڕۆژێ

لــــەناو جــــەهلی مورەککەبــــدا دەمێنـــــی هـــــەروەکو مـــــاوی

واتە: تاماوی هەناسەکانت کەتەمەنتە بەفیڕۆی مەدە، کە ئەو هەناسە بەفیڕۆدانەیە عومری بەباداوی، ئەم دنیایە وەك مەیخانەیەو، تۆش بەکاسەی شـەرابی کـاس بـووی و ئـاوازی سـازو سەمتوری سوتاندووتی، نەشئەو کەیفی پیاڵەی شەرابی لە گـەرووت گـیراوە، ئێسـتاش ئـەوەی کەتۆ بە خۆشی و رابواردنی دائەنێی، وانیە تاڵاوە، بەمەرگت قەسەم لەقیامەتـدا تـاڵاوی تـاڵاو دەچێژی. کە تۆ لەقوڕ و ئاوێکی مەیو پەیدا بوویت، ئارەزووی گەڕان بە بەڕو بـەحرا تەمـەنتی بەفیڕۆ داوە، مادام تۆ لە تۆزێ خۆڵ و دڵۆپێ ئاو دروستکراوی، خۆت بەزل مەزانە و ئەو خاکـە بە کە ئەنوسێ بەداوێنەوە و، ئاوێکی بەنرخ بە وەك ئەو ئاوەی کە ئەچێتەناوسـکی سـەدەفەوەو ئەبێ بەدووڕو مرواری، وەگەرنا بڵقی سەرئاوی. تا ڕۆژێ رێت نەکەوێتە ڕێـی چـاکان، ئـەوا لـە نەفامیدا دەمێنیتەوە.[١٥٤]

[١٥٤]- (دیوانی نالی لاپەڕە ٦٨٣)

لە عومەر شەریفیان پرسی کە ئەکتەرێکی جیهانی یە، ژیان بەلای تۆوە چۆنە؟ وتی: ژیان بەلای منەوە وەك ئەوە وایە کەسێك کۆشکێکی زۆر نایاب درووست بکات و کەویستی بچێتە ناویەوە بمرێت وفریا نەکەوێت قاچی تیا ڕابکێشێت.

نووسەری بەناوبانگ دکتۆر مستەفا مەحمود پاش زیاتر لەهەشتا ساڵ تەمەن و نووسینی زیاتر لە هەشتا پەڕاو و ئەزمونێکی زۆر دەڵێت: ژیان وەك ئەوەیە کە زۆر زۆرت برسی بێت و بێیتە سەر سفرەیەکی ڕازاوەو ناچاریش بیت بیخۆیت و بشزانیت ئەو خواردنانە شتێکی تیایە دوای ماوەیەك ئەتکوژێت!

بەو هیوایەی کە تەمەن بەفیڕۆ نەدەین وڕێی چاکان بگرینە بەرو هەوڵبدەین بۆ گەیاندنی پەیامی خوایی بە هیوای دوعای خێرتان بەخواتان دەسپێرم.

## پەڕاوەکانی نووسەر:

١-بەرەو پەروەردەی ئیسلامی

٢-بەرچاو روونی

٣-فەرهەنگی بانگخوازان

٤-لەخزمەت قورئاندا

٥-بەهاری دڵان

٦-ژیانەوە

٧-بەرەو ئیسلام

٨-رامان لە قورئان

٩-زەوق و سەلیقەی برادار

١٠-کاك ئەحمەدی شێخ لەروانگەی مەکتوباتەکانیەوە

١١ -رازی قورئانی

١٢-وەڵامی پرسیارە زانستیەکان

١٣-هەزارو یەك

١٤-هەزارو دوو

١٥-نەسرەوتن سێ بەرگ

١٦-گەشتی ژیان چواربەرگ

# ناوەرۆك

ناوەرۆكی بەرگەكان.................................................. ٤
........................................................ ٥
پێشـەكی:........................................................ ٧
سـوێنـد بە نـەفسـی ئادەمـی ........................................ ٨
بۆ لای خـوا دەگـەڕێـنەوە : ........................................ ١٠
ئافـرەتێـكی بانـگخـواز :............................................ ١٣
مـردنی شێـخ سـەعید زەیـانی ....................................... ١٧
تابـلۆكـانی مـەرگ................................................... ٢٠
مـەرگی منالێـك..................................................... ٢٠
مـەرگی مـام سلێـمان ............................................... ٢١
شـەهیـد بوونی ڕەنتـیسـی ............................................ ٢٢
كۆچـی محـمد فایـەق.................................................. ٢٣
مـەرگـی ژن و پیـاوێـك .............................................. ٢٤
پـاش موسلـمانـبوون یەكسـەر مرد .................................... ٢٥
مـەرگی كاكـە مـوراد: ............................................... ٢٦
تـاقیـكـردنـەوە....................................................... ٢٧
لـەخـوا ترسـان....................................................... ٣٠
ئـەو زەمـانە بـەسـەرچـوو ........................................... ٣١
وەسـیەتەكـەی ئەتـاتورك.............................................. ٣٣
ئەمـڕۆی توركـیا ..................................................... ٣٥
هاتـن بـەرەو ئیسـلام................................................. ٣٨
موسـوڵمان بـوونی كـچی قەشـەیەك .................................... ٣٩
گـراهام فـولـەر هـەقی وت............................................ ٣٩
موسـوڵمـان بـووم بۆ ئـەوەی بخـەوم.................................... ٤١
خەوبـینـین بـە مـەككـەوە ........................................... ٤٣
موسولـمانبـوونی ئەمـریكـیـەك ........................................ ٤٣
چیـرۆكـی سـەركـەوتن................................................ ٤٤
لاوێـكی كـۆڵنـەدەر .................................................. ٤٦

گـەورەتـریـن دەزگـای بـڵاوكـردنـەوە ........................................................ ٤٧
موسـوڵـمانـانی كـالـیفـۆرنـیا ........................................................ ٤٨
ناسـاندنی ئیسـلام لـە نیـویـۆرك دا ........................................................ ٤٩
موسـوڵـمان بـوونی (جیفرسـون بنـدر) ........................................................ ٥٠
موسـوڵمـانبـونی زانـایەكـی فـەڕەنسـی ........................................................ ٥١
موسـوڵمـان بـوونی چوارده قەشـەی ئـەسیوبی........................................................ ٥٢
موسـوڵمـان بـوونی جـارمنت ........................................................ ٥٣
موسـوڵمـان بـوونی ڕۆژهـەڵاتـناسـێكی بولـغاری........................................................ ٥٤
ئافـرەتـە لاتیـنیـەكان و ئیسـلام ........................................................ ٥٦
موسـوڵمـان بـوونی لـۆن........................................................ ٥٧
موسـوڵمـان بـوونی مـارك شـیفر........................................................ ٥٩
موسـوڵمـان بوونـی عەقیـدێكی بـەریتـانی ........................................................ ٦٠
بەڵـگـە و نیشـانەكـان........................................................ ٦١
سـەرنجـدان لـە مـرۆڤ........................................................ ٦٢
پیـری چـارەسـەری نیـە ........................................................ ٦٤
ببـنە بـەردو ئاسـنیـش زیـندوتـان دەكـەینـەوە ........................................................ ٦٤
ئـیعـجازی مێـژوویـی ........................................................ ٦٥
قورئـان و باسـی (ئیسـحاق) پێـغەمبـەر ........................................................ ٦٦
ئـافـرەته شـەهیدەكـە ........................................................ ٦٧
رۆژ هـەڵاتـن و رۆژ ئـاوابـوون........................................................ ٦٩
مێروولـەش ئـوممەتـە ........................................................ ٧٠
گـەشـتێك بۆ مـاڵی خـوا ........................................................ ٧١
یـەك بـە هـەزار........................................................ ٧٤
خوشكان و برایانی محمد ﷺ ........................................................ ٧٦
گـەرم و گـوڕی زیـاتر پێویسـتە ........................................................ ٧٧
پـاڕانـەوە ........................................................ ٧٨
پـێـشـەكـی:........................................................ ٨١
دڵ و سـینـە ........................................................ ٨١
تـوانـا و لێـهاتنـە جیاوازەكـان........................................................ ٨٢
لـە موعـجیزەكـانی قـورئـان و سـوننـەت ........................................................ ٨٥
یەكـەم: گەنجـینـەكـانی میسـرییـە كـۆنەكـان........................................................ ٨٥

دووەم: کەمبوونەوە و نەمانی ئاوی فورات ........ ٨٦
سێیەم: بارانێك زەوی سەوز ناکات ........ ٨٨
چوارەم: ورد بوونەوە لە حوشتر ........ ٩٠
پێنجەم : گرنگی حیجامە ........ ٩١
شەشەم: توورە مەبە ........ ٩١
حەوتەم: ترسی جولەکە ........ ٩٢
مامۆستا و سەرمەشق ........ ٩٥
خزمەتێکی گەورە بە قورئان ........ ٩٥
خاتوو نور سەعادە ........ ٩٦
موسلمانبوونی سەربازە ئەمریکیەکان ........ ١٠٠
موسوڵمان بوونی تینا دارعیاد ........ ١٠٣
موسوڵمان بوونی پرۆفیسۆر **ارثر** أليسون ........ ١٠٤
پرۆفیسۆر لۆرانس براون ........ ١٠٦
پیرێژنێکی فەرەنسی ........ ١٠٨
موسوڵمانبونی قەشە جەمال ئەرمینیوس ........ ١٠٩
ڕۆژی موسوڵمان بوونم ........ ١١١
توشبوونی ناخۆشی و نارەحەتی ........ ١١٢
چی وای لێکردم بێم بەرە و ئیسلام ؟؟؟ ........ ١١٣
موسوڵمانبوونی دایکم: ........ ١١٤
خۆشترین ساتەوەختم: ........ ١١٥
موسوڵمان بوونی ئیمام زەید شاکر ........ ١١٨
موسوڵمان بوونی ئافرەتێکی ئەفسەری مۆساد ........ ١١٩
حەمزە یوسف ........ ١٢٢
شێخ حمزە یوسف ........ ١٢٤
سیلما ئیهرام ........ ١٢٥
ئیمامی مزگەوتی (التقوی) لە نیویورك ........ ١٢٦
موسوڵمان بوونی ئینجیلا کۆلێنز و صفیەالقصبی ........ ١٢٦
دکتۆرە ئینگرێد ماتسۆن ........ ١٢٨
سیاسەتمەداری سویسری دانیێل ستریتش ........ ١٢٩
میلیسا کوکینیس ........ ١٣٠
بەکارهێنانی مژدەدان بۆ مەبەستی سیاسی ........ ١٣٢

دکتۆر عەبدە ئیبراهیم ........ ١٣٣
نوسەر و ڕۆژنامەنووسێکی هیندی ........ ١٣٧
پاریزەری گەورە ك. ل. جاوبا ........ ١٣٧
نوسەر و شاعیری ئینگلیزی ئیفلین کۆبلد ........ ١٣٨
موسوڵمان بوونی (لەیلا ریفی) ........ ١٤٠
کریستۆفەر شامۆنت ........ ١٤١
یادەوەریەکانی ناپلیۆن ........ ١٤٢
پاشایەکی ئینگلیز- موسوڵمان دەبێت ........ ١٤٢
ئەندام پەرلەمانێکی یابانی ........ ١٤٣
موسوڵمانبوونی کوڕی غاندی ........ ١٤٤
موسوڵمان بوونی ساندراموتی ........ ١٤٦
موسوڵمان بوونی قەشە دکتۆر جۆهانز لیهمان ........ ١٤٧
موسوڵمان بوونی دیبلۆماتی فەڕەنسی ئەلیکس ........ ١٤٧
تەوبەکردنی ئافرەتێك ........ ١٤٧
موسوڵمان بوونی تۆماس ئەبیر کرومبی ........ ١٤٨
سارە یوسفی بەریتانی ........ ١٤٩
بانگخوازی ئەڵمانی پێی فۆگڵ ........ ١٥٠
چۆن موسڵمان بووم: ........ ١٥٢
ئافرەتی ئەمریکی سەنا بان ........ ١٥٥
موسوڵمان بوونی هۆڵد برۆکس ........ ١٦٠
دکتۆر یاسین بانیز ........ ١٦١
موسوڵمان بوونی جولەکەکان ........ ١٦٢
موسوڵمان بوونی ئیڤۆن ریدلی ........ ١٦٢
نیکۆل دەبێتە مەلیکە ........ ١٦٤
سوڵتانە عوسمانیەکان و خۆشەویستی پێغەمبەر (ﷺ) ........ ١٦٧
ئاخر خێری ........ ١٧٠
یەکێ لە دۆستانی خوا ........ ١٧١
سینان پاشا و سوڵتان محمد الفاتح ........ ١٧٢
پێشەکی ........ ١٧٧
ئەزموون و سەرگوزەشتەی بانگخوازان ........ ١٧٨
دکتۆر خالید جوبەیر ........ ١٧٩

دکتۆر خالید لە بەلجیکا ........................................ ١٨٠
دکتۆر خالید و ئیستیغفار ........................................ ١٨٠
شێخ سەعید زەیانی (بەڕەحمەت بێت) ........................................ ١٨٢
ئەوەی بۆ خوا وازی لێدێنی ........................................ ١٨٣
دکتۆر محمد العریفی ........................................ ١٨٣
میهرەبانی بەرامبەر گیانلەبەران ........................................ ١٨٥
هەر کەس بەزمانی خۆی قسەی لەگەڵ بکە ........................................ ١٨٥
لەخۆتەوە حوکم مەدە ........................................ ١٨٦
ناوهێنان ........................................ ١٨٧
موسوڵمان بوونی خالید ........................................ ١٨٨
دکتۆر محمد راتب النابلسی ........................................ ١٨٩
جوتیارێکی سکوتلەندی هەژار ........................................ ١٩٠
خەوی باوکێك ........................................ ١٩١
بانگخواز (مشاری الخراز) ........................................ ١٩١
شێخ **عائض** القرنی ........................................ ١٩٢
شێخ أحمد محمد شاکر ........................................ ١٩٣
شێخ متولی شەعراوی ........................................ ١٩٤
لە دایکبوونی شەعراوی ........................................ ١٩٥
فڕوفێڵی منداڵی ........................................ ١٩٦
شەعراوی و شێخی ئەزهەر ........................................ ١٩٧
تەفسیرەکەی شێخ شەعراوی ........................................ ١٩٧
شێخ شەعراوی و مەلیك حسین ........................................ ١٩٧
نوێژی بارانبارین ........................................ ١٩٨
شۆڕشگێڕی راستەقینە! ........................................ ١٩٩
ئەحمەد شەوقی شاعیر ........................................ ٢٠٠
شەعراوی و شکاندنی نەفس ........................................ ٢٠١
بەخشندەیی شێخ شەعراوی ........................................ ٢٠١
ئامۆژگاری شێخ شەعراوی بۆ گەنجان ........................................ ٢٠٢
بیناکردنی کۆمەڵگایەکی ئاینی زانستی تەندروستی ........................................ ٢٠٢
تەفسیری قورئان ........................................ ٢٠٢
شێخ سالم فلاحات ........................................ ٢٠٣

دکتۆر جاسم موتەوەع ........ ٢٠٥
خەوات کوڕی جوبەیری ئەنساری ........ ٢٠٥
پاشماوەی جاهیلیەت ........ ٢٠٧
شێخ محمد حسین یعقوب بانگخوازێکی میسرییە ........ ٢٠٨
گەیشتن بە لەززەتی عیبادەت ........ ٢١٠
موسڵمانبوونی وەزیرێکی ئیتالی ........ ٢١١
لە مەرجەکانی دوعا قبوڵ بوون ........ ٢١٨
دوعاکانی عەمر خالید ........ ٢١٩
دکتۆر محمد راتب نابلسی ........ ٢٢٠
دکتۆر محمد العریفی ........ ٢٢٠
ئەنەس سیلوود ........ ٢٢١
شێخ مەحمودی میسری ........ ٢٢٢
دکتۆر ئبیان ویبەر ........ ٢٢٣
شێخ محمد حسان ........ ٢٢٣
ڕۆژنامەی وەتەنی سعودی ........ ٢٢٤
شێخ صالح مەغامسی ........ ٢٢٤
موسولمان بوونی ئافرەتێکی کەنەدی بەناوی (تانیا) ........ ٢٢٦
بانگخوازی بەریتانی (عبدالرحیم گرین) ........ ٢٢٨
دکتۆر محمد راتب النابلسی ........ ٢٣٠
دکتۆر جمیل قودسی دوەیك ........ ٢٣٠
هاتنی ئافرەتان بەرەو ئیسلام ........ ٢٣٢
کەناڵی سپێدە ........ ٢٣٣
عەقڵ بەکاربهێنە ........ ٢٣٤
ئەحمەد شقێری ........ ٢٣٧
هیممەت بەرزی ........ ٢٣٨
شارستانیەتی ڕۆژئاوا ........ ٢٤٢
هەوڵدان لە هەر تەمەنێکدا بێت ........ ٢٤٣
بانگخوازی لە هەرکوێ بێت ........ ٢٤٤
پێشەکی ........ ٢٥١
پرسیارەکانی هرقل ........ ٢٥٢
وردبوونەوەی بیانیەکان ........ ٢٥٣

فـەرمایشـتـێـكی خاتـوو عـائیشـە ........................................................ ٢٥٥
زەیـد و زەینـەب............................................................................ ٢٥٥
بەرگـری لـەمافـی جـولەكـەیەك................................................................ ٢٥٨
مانـەوە لـەگەڵ هـەژاراندا ......................................................................... ٢٦١
هـاوەڵان و ئـەم رێـنماییانـە..................................................................... ٢٦٤
دیلـەكانی جەنـگی بـەدر ........................................................................ ٢٦٥
ئیبن ئوم مـەكتوم ................................................................................... ٢٦٧
ئەم ئایەتە لـەژیانی موسـوڵمانـاندا رەنـگی دایەوە: ................................................ ٢٧٠
لـە خۆتی حـەرام مـەكە ........................................................................... ٢٧١
هەڵبـژاردن ........................................................................................... ٢٧٤
خوا لیـّت خـۆش بێت ................................................................................ ٢٧٧
ئەوانـەی كە نەچـوون بـۆ جەنـگی تەبـوك ............................................................ ٢٧٧
مزگەوتی **ضـرار** ......................................................................................... ٢٨١
ڕاسـتگـۆیـی............................................................................................ ٢٨٣
نویـژیان لـە سـەر مەكە............................................................................. ٢٨٥
ئاسـمانەكـان و زەوی.................................................................................. ٢٨٧
ئەگـەر خـوا ویسـتی.................................................................................. ٢٨٨
دامــەزراوی........................................................................................... ٢٩٠
پاك وبێگـەردی خـاتوو عائیشـە .................................................................... ٢٩٥
پـێیـان بـڵێ ........................................................................................... ٢٩٨
وەڵامـیان بدەرەوە..................................................................................... ٢٩٩
ئـەوەی خوا فێـرم نەكـات نایـزانم!................................................................... ٣٠٢
ئەوەی ئێـوە پەلـەتانە لای من نیـە .................................................................. ٣٠٣
تۆ و گـەلـەكـەت نـەتـاندەزانـی.......................................................................... ٣٠٥
قورئـان و باسـی رۆح .................................................................................. ٣٠٨
قورئـان و مێـژووی جـوولـەكە.......................................................................... ٣٠٩
تەحـریف كردنـی بەردەوام ............................................................................. ٣١٢
یاسـای ئاسـمانـی ..................................................................................... ٣١٤
پەیـمانی خـوایـی ....................................................................................... ٣١٥
هەق و ڕاسـتی............................................................................................ ٣١٦
هاتن بەرەو ئیسلام ..................................................................................... ٣١٧

ئیسلام ئەبێتە یەکەم ئایین ........................ ٣٢٠

دوا وتە ........................ ٣٢٢

پێشەکی ........................ ٣٢٥

خوا پەیمان ناشکێنێت ........................ ٣٢٦

کێ لە خودا ڕاستگۆترە؟! ........................ ٣٢٨

بەڵێنی هەق و بەڵێنی ناهەق ........................ ٣٣٠

بەڵێنی ناهەقی شەیتان ........................ ٣٣١

شەیتان واز لە شوێنکەوتووانی دێنێت لەدونیادا ........................ ٣٣٢

شەیتان دەستبەرداری شوێنکەوتووانی دەبێت لە ئاخیرەتدا ........................ ٣٣٣

لە نێوان بەڵێنی خوا و بەڵێنی شەیتاندا ........................ ٣٣٣

هاتنە دی بەڵێنی خودا ........................ ٣٣٤

بەڵێنی خوا لە لای بڕوادارو دووڕووەکان ........................ ٣٣٤

متمانەی ڕەها بە قورئان ........................ ٣٣٥

١ - نەسووتانی حەزرەتی ئیبراهیم ........................ ٣٣٦

٢ - جەنگی خوا لەگەڵ سووخۆراندا: ........................ ٣٣٦

٣ - جیهاد بازرگانییەکی بە قازانجی ڕزگارکەرە: ........................ ٣٣٧

٤ - تیاچوونی جوولەکە: ........................ ٣٣٧

٥ - سەرکەوتنی موسڵمانان : ........................ ٣٣٨

هەواڵەکانی قورئان دێنە دی ........................ ٣٣٩

لە قورئاندا باسی سێ غەیب کراوە ........................ ٣٤٠

گرنگی پێشبینیەکەی قورئان : ........................ ٣٤٠

بارو زرووفی ئەو ڕۆژگارە : ........................ ٣٤٢

هۆی هێرشی فارسەکان بۆسەر ڕۆمەکان : ........................ ٣٤٣

شۆڕشی هرقل : ........................ ٣٤٣

هرقل وگۆڕانێکی سەیر : ........................ ٣٤٤

موعجیزەکانی ئەو پێشبینیە : ........................ ٣٤٥

٢ - مردنی ئەبو لەهەب بە کافری: ........................ ٣٤٦

٣ - دەستەوسانی کافران بەرامبەر قورئان: ........................ ٣٤٦

دووکەڵ کافرانی مەککە دادەپۆشێت ........................ ٣٤٧

ڕوو بەڕوو بوونەوەی بەردەوام ........................ ٣٤٨

بڕواداران لەسەر هەقن ........................ ٣٥٠

كافران خێری موسڵمانانیان ناوێت ........................................ ٣٥٠
وەرگەڕان لە دین ........................................ ٣٥١
جەنگانی بـەردەوام ........................................ ٣٥٢
مژدەكانی قورئان ........................................ ٣٥٣
خۆڕاگران مژدەی پاداشـتی گەورەی خوایان بۆ هەیە: ........................................ ٣٥٤
قورئان مژدەی خێر و بێری گەورە دەدات بە تێكۆشـەران: ........................................ ٣٥٤
بەڵێنە قورئانیەكان لـە مەككە: ........................................ ٣٥٦
بەڵێنەكانی سورەتی ئەنعام: ........................................ ٣٥٦
بەڵێنەكانی سـورەتی ئەعراف: ........................................ ٣٥٨
بەڵێنەكانی سـورەتی یونس: ........................................ ٣٦١
بەڵێنەكانی سـورەتی هود: ........................................ ٣٦٤
بەڵێنەكانی سـورەتی یوسف: ........................................ ٣٦٨
بەڵێنەكانی سـورەتی ئیبراهیم: ........................................ ٣٧٢
بەڵێنەكانی سـورەتی ئیسرا: ........................................ ٣٧٥
بەڵێنەكانی سـورەتی ئەنبیا: ........................................ ٣٧٨
پەیمانەكانی سـورەتی ڕۆم: ........................................ ٣٨١
بەڵێنەكانی سـورەتی القمر: ........................................ ٣٨٣
بەڵێنەكانی قورئان لە سورەتەكانی مەدینەدا ........................................ ٣٨٤
بەڵێنەكانی قورئان لە سورەتی بەقەرەدا: ........................................ ٣٨٤
بەڵێنەكانی سورەتی ال عیمران: ........................................ ٣٨٦
بەڵێنەكانی سـورەتی مائیدە: ........................................ ٣٨٩
بەڵێنەكانی سورەتی ئەنفال: ........................................ ٣٩١
بەڵێنەكانی سـورەتی تەوبە: ........................................ ٣٩٣
بەڵێنەكانی سـورەتی حەج: ........................................ ٣٩٥
بەڵێنەكانی سورەتی نور: ........................................ ٣٩٦
بەڵێنی خوایی لە سـورەتی (محمد) دا: ........................................ ٣٩٧
بەڵێنەكانی سـورەتی فەتح: ........................................ ٣٩٩
بەڵێنەكانی سـورەتی المجادلە: ........................................ ٤٠١
بەڵێنەكانی سـورەتی حەشر: ........................................ ٤٠٢
بەڵێنی سـورەتی الصف: ........................................ ٤٠٤
پێشـەكـی: ........................................ ٤٠٧

(ئایا قورئان معصوم) ە:........................................... ٤٠٨
(هل القرأن معصوم) هی کێیە؟ ؟ ........................................... ٤١٠
زمانی زبر: ........................................... ٤١٢
دژایەتی ئیسلام: ........................................... ٤١٧
قورئان دژبەیەکی تیایە؟ ؟ ........................................... ٤١٩
پێکهاتەی ئایەتەکانی قورئان:........................................... ٤٤٥
شیعری جاهیلی لە قورئاندا: ........................................... ٤٥٣
بیرە بنەڕەتیەکانی قورئان لە شیعری جاهیلیدا ........................................... ٤٦١
هەڵەی زانستی لە قورئاندا........................................... ٤٦٣
وەلاّمی هەڵەی زانستی: ........................................... ٤٦٧
ئایا قورئان دەستکاری نەکراوە؟........................................... ٤٧٣
دژایەتی ئیسلام لە کۆنەوە: ........................................... ٤٧٣
دکتۆر سەعید خانی تەزویرچی:........................................... ٤٧٤
پێشەکی:........................................... ٤٨١
پێشبڕکێ لە خێردا ........................................... ٤٨٢
حەزو ئارەزووی مرۆڤ: ........................................... ٤٨٣
ئەوانەی کە حسابیان لەگەڵ ناکرێت........................................... ٤٨٤
حسابێکی ئاسان ........................................... ٤٨٥
کات گرنگە لەم پێشبڕکێیەدا:........................................... ٤٨٦
خەمی کاتەکانت بێت:........................................... ٤٨٨
لە دەستچوونی خێر:........................................... ٤٨٩
پێشبڕکێی دڵ : ........................................... ٤٩٠
فەرموودەیەك بۆ لەبەرکردن: ........................................... ٤٩١
بگەڕێ بەدوای دڵتدا:........................................... ٤٩٢
دەرگاکانی خێر:........................................... ٤٩٣
ژماردنی گوناه : ........................................... ٤٩٤
وریایی بەردەوام:........................................... ٤٩٦
لەچاوی قیامەتەوە:........................................... ٤٩٦
تەرازووی قیامەت:........................................... ٤٩٨
بیرکردنەوە:........................................... ٤٩٩
کارکردن : ........................................... ٥٠١

پەروەردەكردنی نەفس ........ ٥٠٢
دڵی خێرا: ........ ٥٠٢
ترسان لە خوا: ........ ٥٠٥
ئاخر خێری: ........ ٥٠٦
ترسان لە وەرنەگیرانی كار و كردەوە: ........ ٥٠٨
ترسان لە (استدراج) : ........ ٥٠٨
هاوەڵی باش: ........ ٥٠٩
پێ بە پێی خۆشەویست: ........ ٥١٠
قورئان خوێندن: ........ ٥١١
بانگخوازی: ........ ٥١٢
دڵی پارێزكار: ........ ٥١٤
كۆسپەكانی ڕێ: ........ ٥١٥
كات بەسەر نەچووە: ........ ٥١٧
پێشبڕكێی هاوەڵان: ........ ٥١٩
ئەزموونەكان: ........ ٥١٩
ئافرەتێكی بانگخواز ........ ٥١٩
شێخ علی تەنتاوی: ........ ٥٢٣
لە چلساڵیدا: ........ ٥٢٦
ئەزموونی محمد الغزالی: ........ ٥٢٨
كۆت و پێوەندەكان: ........ ٥٣٠
خۆ قوتاركردن: ........ ٥٣١
ئەزموونی زیاتر: ........ ٥٣١
سەری شكاوە قاچی تیمار دەكات: ........ ٥٣٢
كاتی پێویست: ........ ٥٣٢
خراپە لە خوێنیایەتی: ........ ٥٣٣
هەناسەیەك: ........ ٥٣٣
نازانێ بۆ خۆی بژی: ........ ٥٣٣
دوا ڕۆژت لەبیر بێت: ........ ٥٣٤
هەركەس بەجۆرێك سەیری ژیان دەكات: ........ ٥٣٤
قاڵبوون لە ژیاندا: ........ ٥٣٤
تواناكانی خۆت بناسە: ........ ٥٣٥

چیت لە توانادایە بیکە: ........ ٥٣٥
خۆ چاککردن: ........ ٥٣٦
چوار ڕەچەتە: ........ ٥٣٦
ڕەنگەکانیش گرنگن: ........ ٥٣٨
هەندێ لە وەهم دا دەژی: ........ ٥٣٩
متمانەت بەخۆت هەبێت: ........ ٥٣٩
مردن سەردانی هەموو ماڵێك دەكات: ........ ٥٤٠
ئارامی دڵ: ........ ٥٤٠
لەخۆتەوە دەست پێ بکە: ........ ٥٤١
مەلەکردن: ........ ٥٤١
پالما تۆسۆن: ........ ٥٤٢
قسە لە شێت یا لە منالّ: ........ ٥٤٣
کامیان ژیرترە: ........ ٥٤٣
لێزانی لە ژیاندا: ........ ٥٤٣
قسەی چاك سەدەقەیە: ........ ٥٤٤
هەستێکی بەرز: ........ ٥٤٥
بیرکردنەوەی بەردەوام: ........ ٥٤٥
کلیلی مەسەلەکە: ........ ٥٤٦
سوود وەرگرتن لەکەسانی تر: ........ ٥٤٧
تۆمارکردنی ئەزمونەکان: ........ ٥٤٧
عەباس محمود عقاد: ........ ٥٤٨
ترس لە مردن: ........ ٥٤٨
باشترین دەرمان: ........ ٥٥٠
گەورەترین وانە: ........ ٥٥١
دوا وتە بەبۆنەی رووداوەکانی ئەم دواییەوە: ........ ٥٥٢
پۆست و پارە: ........ ٥٥٧
هەموو کەس خێری تیایە: ........ ٥٥٩
ڕەفتاری جوان: ........ ٥٦٢
نەرم و نیانی لە بانگەوازدا: ........ ٥٦٢
شێخ نیعمەتوڵلا: ........ ٥٦٣

یادەوەری دکـتۆر سالّـح سـامەڕائی: ............ ٥٦٣
دەسـتپـێشـخەریی لـە بانـگەوازدا: ............ ٥٦٤
شـێخ نیعـمەتولّـلاّ لـە کۆریا: ............ ٥٦٥
ڕەوزەی جـل سـپی: ............ ٥٦٨
شـێخ نیـعمەتولّـلاّ لـە ئەڵمـانیا: ............ ٥٦٩
شـــێخ نیعـــمەتولّلاّ لـە مەدیـنە: ............ ٥٧١
عەدنـان کەیـوان: ............ ٥٧٣
کوردێـکی تێـکۆشـەر: ............ ٥٧٤
گـەڕان بـەدوای ڕاسـتیدا: ............ ٥٧٦
هێـزی کێشـکردنی پەیـامی خـوا: ............ ٥٨٠
پرۆفیسـۆر دیفـید روی وولکی: ............ ٥٨٠
عبدالرحمانی ئیتالّی ............ ٥٨٠
صـوهەیبـی ئەمـریکی: ............ ٥٨١
**کیث** ئەلـیسـۆن: ............ ٥٨٥
بانگـخواز عبـدالله بانـعمە: ............ ٥٨٧
خەوەکـەی مامـۆسـتا ڕەبـیعی: ............ ٥٩٣
پەیوەنـدی موسـوڵمان و غەیرە موسوڵمان: ............ ٥٩٥
گەشـــتی عومـرە: ............ ٥٩٥
خـوا هـاوەڵی نیـیە: ............ ٥٩٧
پـاڕانـەوە لـەخـودا: ............ ٥٩٨
پـاڕانـەوە بـۆ منالّـبوون: ............ ٦٠١
خوابکە بەوەکیلی خۆت ............ ٦٠١
هەرچیم دابێتە دەست خوا ............ ٦٠٣
خـوا تۆلـەسێنە: ............ ٦٠٤
تامـی ئیـمان: ............ ٦٠٥
کوێـرە و لـە نیشـانەی دا: ............ ٦٠٦
گەشـتی دلاّن: ............ ٦١٢
ئافرەتێکی ئەمریکی : ............ ٦١٣
پیـاوێکـی چـوارشـانە: ............ ٦١٥
ژن وپیـاوێکـی پاکسـتانی: ............ ٦١٧
داهـێنـەران: ............ ٦١٨

یەکەم :بوخاری.......................................................... ٦٢٠
دووەم:میکۆ مۆتۆ:...................................................... ٦٢١
ئوممەتێکی خاوەن یەقین ................................................ ٦٢٢
موعجیزاتی پێغەمبەر (ﷺ) :............................................ ٦٢٣
خوا ئەم ئایینە سەردەخات:............................................. ٦٣٣
پەروەردە و فێرکردن کۆمەڵگا دەگۆڕێت:.............................. ٦٣٤
ژیان فێری کردم:......................................................... ٦٣٨
ڕەزامەندی خوا:.......................................................... ٦٣٩
پێشەکی:................................................................. ٦٤٣
ئیلحاد چۆن درووست بوو؟............................................. ٦٤٤
ئەنتۆنی فلۆ بڕوای هێنا:................................................. ٦٤٥
پیلانی ناحەزان .......................................................... ٦٤٩
چوار شت گومانی تیانیە:................................................. ٦٤٩
مردن لە سوجدەدا:....................................................... ٦٥١
بیرکردنەوە............................................................... ٦٥٢
هەستانەوەی موسڵمانان ................................................. ٦٥٦
بالآنسەکەت چەندە؟ ؟.................................................. ٦٥٨
کارێك بکە بۆ خوا ...................................................... ٦٦١
هیدایەت.................................................................. ٦٦٤
خێرخوازانی شارەکەم ................................................... ٦٦٧
شیخ مەحمود غەریب .................................................... ٦٦٩
ئەزمونێك لە ئوتێل دا.................................................... ٦٧٠
موسوڵمان بوونی پێنج زانا و دوو ئافرەت............................ ٦٧٠
مەحمود غەریب و خوێندنەوە:........................................... ٦٧٢
دەسەلآتی بێپایانی خوا .................................................. ٦٧٢
کەشتی تایتانیك.......................................................... ٦٧٣
لوتکەی بڕواداری......................................................... ٦٧٥
نموونەیەکی لەخۆبوردن:................................................. ٦٧٦
بەروبوومی ئیمان ......................................................... ٦٧٦
خاکێتی و تەوازوع ....................................................... ٦٧٨
پاراستنی مافی خەڵکی ................................................... ٦٧٩

دادپەروەری .......... ٦٧٩
سنگ فراوانی .......... ٦٨١
دووجار لەدایك بوون .......... ٦٨١
پەیوەندی زەوی و ئاسمان .......... ٦٨٣
وەرنەوە بۆ لای خوا .......... ٦٨٤
یاسای ئاڵوگۆڕ .......... ٦٨٥
ڕێی خۆشەویستی خوا .......... ٦٨٥
تاوانی شیوعیەکان لە ئەلبانیا .......... ٦٨٨
کەفالەتی نازداران .......... ٦٩١
هاوەڵانی ئەشکەوت .......... ٦٩٣
خێرکردن .......... ٦٩٥
دۆزینەوەی سەیارە .......... ٦٩٥
سێ ئەزموون .......... ٦٩٦
لەگەڵ شێخ محمد حەساندا .......... ٧٠٠
شیفا لای خوایە .......... ٧٠٤
شێخ محمد الزغبی .......... ٧٠٤
بانگخوازێکی بەندیخانە .......... ٧٠٦
محمد ئەسەد .......... ٧٠٦
هاوڕێی حەزرەت (ﷺ) .......... ٧٠٧
مەحمود خلیل الحصری .......... ٧٠٧
تالاَوی مردن .......... ٧٠٨
مردنی خۆی ئەبینی .......... ٧٠٩
یادەوەریەکانی مردوو شۆڕێك .......... ٧١٠
محمد وەلید .......... ٧١٩
عاقیبەت خێری .......... ٧٢١
تووتیەك .......... ٧٢٣
دوا وتە .......... ٧٢٤
ستەم لە ئەستووریدا دەپچڕێت .......... ٧٢٩
شۆڕشگێڕێکی نابینا .......... ٧٣١
.ستەم تاریکیە .......... ٧٣٣
شۆڕشی تونس .......... ٧٣٥

شۆڕشی سوریا ........ ٧٣٦
شۆڕشی میسر ........ ٧٣٨
ڕای زانایان: ........ ٧٣٩
خۆپیشاندانی سوەیس: ........ ٧٤٠
هەینی توڕەیی: ........ ٧٤١
بەڵتەجیەکان (شەللاتیەکان) : ........ ٧٤١
دزینی مۆزەخانە: ........ ٧٤٢
بەسەرهاتی ژنێك: ........ ٧٤٤
بەڕێوەبردنی مەیدانی تەحریر: ........ ٧٤٥
دەرمان خواردکردن: ........ ٧٤٦
لاوێکی خواناسی شەهید: ........ ٧٤٧
وتارەکەی سەرۆك: ........ ٧٤٧
ڕۆژی وشترەکان (موقعه الجمل) : ........ ٧٤٩
شەهیدبوونی مەحمود: ........ ٧٥١
شەهیدبوونی عبدالکریم: ........ ٧٥٢
دایکێك و سێ کوڕەکەی: ........ ٧٥٣
دایکی مەحمود: ........ ٧٥٤
تەوبەکردنی یەکێ لە بەڵتەجیەکان: ........ ٧٥٥
سەر ماچکردن: ........ ٧٥٦
سوکایەتی و زیللەت: ........ ٧٥٦
حوکمی جاسوسی: ........ ٧٥٧
خالّی وەرچەرخان: ........ ٧٥٨
مەجلیسی شەعب: ........ ٧٥٩
بەتانیەك: ........ ٧٦٠
الله أکبری جەژن. ........ ٧٦١
سەیروسەمەرە ........ ٧٦٤
ڕۆژەکانی خوا ........ ٧٦٩
دادوەری بەریتانی مارلین مۆرینگتن ........ ٧٧٠
موسوڵمانبوونی عبدالحلیم لی ........ ٧٧٣
(مصعب) ی بەریتانی ........ ٧٧٥
بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە ئەفریقیا ........ ٧٧٩

کۆسپ و ناڕەحەتیەکان: ........ ٧٨٢
بــە گاورکــردن: ........ ٧٨٤
ماڵ و منداڵ و خێرخوازی: ........ ٧٨٤
مامــەڵەی جــوان ........ ٧٨٦
هاوکاری هەندێ قەشەو موسڵمان بوونیان ........ ٧٨٧
مناڵە بێ باوکەکان و بڕوانامە ........ ٧٨٨
موسڵمان بوونی سوڵتانێك لە چاد ........ ٧٨٨
بەموسڵمانی پێم خۆشە بمرم لەبرسا ........ ٧٨٩
بەرنامەی پانزە ساڵی لە بانگەوازدا ........ ٧٨٩
مناڵێك لەمردن گەڕایەوە ........ ٧٩٠
موسڵمانبوونی هۆزی گریامە ........ ٧٩٠
هۆزی ئۆراما موسڵمانبوون ........ ٧٩١
موسڵمانبوونی سوڵتانی هۆزەکانی قولای چاد ........ ٧٩٢
موسڵمانانی خوارووی ئەفریقیا ........ ٧٩٣
عەلی کریسا ........ ٧٩٣
مزگەوتی بابری ........ ٧٩٦
هیدایەتێکی سەیر ........ ٧٩٩
ئیسلام پەیامی هەموو پێغەمبەرانە ........ ٧٩٩
بەخوا شەهید دەبم! ........ ٨٠٤
بانگخوازێکی ژیر ........ ٨٠٤
ئاڵای خێر ........ ٨٠٤
دوا وتە ........ ٨٠٦
پەڕاوەکانی نووسەر: ........ ٨٠٩